ئەو مەترسیانەی کاتێك دەرك دەکرێن، شۆرش خێی دەبێتە دەسەڵات. بەنموونە: یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی تۆتالیتاریزم، هەنانە پێشەوەی هەرچی و پەرچیەکانە بە سەر شانی دەسەڵات. وەك (هانا ئارێنت) دەڵێت: " هەرچی و پەرچیەکان هاوپەیمانی کاتی لەگەڵ شۆشگێڕان دەبەستن." کتومت لەم کەمێگەی ئەمێش هەمان دیمەن دووبارەکرایەوە. ئەوانەی کەوتبوونە پەراوێزێ و بەردەوام ئازاری کەمێگێ و بنەما فەرهەنگیەکان و کلتووریان دەدا، لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی شۆشگێڕان هاوپەیمانێتییان بەست و لە بنەوانەوە سیستەمەکەیان بە وێرانی داشت. تیرۆر و پۆپاگەندە کە دینەمای تۆتالیتاریزمێ، لەناو حیزب و شۆشەکانی ئەمەدا پانتاییەکی گەورەیان داگیرکردووە. لە تەنیشت ئەوەدا بەگەڵخستی جەماوەر وەك (مەگەڵ) و فریودانی و کردنی بەکرێستەی شۆش و حیزب، هەمان ئەو بنەما مەترسیدارانەن حیزبی کوردیی و شۆشگێڕەکانی خۆنە ترسناکەکانی خۆیانیان لەسەر بونیاد ناوە.
لە دونیای نوێی ئەمەدا خۆا نییە بەردەوام دەستبژێری بیرکەرەوە

و ڕەخنەگری ڕاستەقینە، دەبنە دوژمنی سیستەم و شۆشگێڕ، چونکە ئەو دەستەبژێرە ڕەخنەگرە، نەک ستایشکەر و شەیداکان. نایانەوێت لەو سیستەمەدا بەیارە دروست ببێت هاوپەیمانێکە لە چوار چێوەی هەرچی و پەرچی و شۆشگێڕدا بێت، چونکە هەردووکیان پایەی سەرکی ترس گەورەکەن.

تەنیا مانەوە و دورکەوتنەوەی دەستەبژێرە ڕەخنەگرەکە لە دونیای شۆش و دونیای دەسکەاتی شۆشگێڕ، تەنیا مانەوەی هوشیاریێکە دیو تاریکەکە دەبینێت. خۆونی تۆتالیتاریزم تەنها گەیشتن نییە بە دەسکەات، بەڵکو چاندنی ئایدیالێژیایێە لەناو جەماوەردا. ئایدیالێژیایێك کە دونیا بە هەناوگەریش وێنا بکات بەی گرنگ نەبێت. حیزبی کوردیی بە درێژایی مێژووی خەی ئەم کارەیکردووە.
کاتێك (نازیێکان) هاتنە سەر دەسکەات وتیان: " ئەو کەسەی خەی بە کەسکی تایبەت دەزانێت، کەسکی خەوتوە!" بەو واتایە دەبێت تایبەت بوونی نەبێت و هەمووان لەناو گشتدا (جەماوەر) دا وونبن. کەسی تایبەت لەم جۆرە سیستەمدانەدا بووونی نییە. ئەوەی هەیە گشتە پکەوە. حیزبی کوردیش بەردەوام کاری بە ئەوە کردووە، کەسی تایبەت بوونی نەبێت. حیزبی کوردیی نێویستوە کەسی تایبەت بە خەوتوو بزانێت، لەبری ئەوە داهێنانی کردوە و کەسی تایبەتی بە خائین، دوژمن، مەترسیدار، داناوە و هەوەی تیرەرکردنی کەسایەتی یاخود جەستەی کەسی تایبەتی داوە.

ئالێرەدا جارکی تر دەچینەوە بەردەم دەستەبژێرەکە و رستەکەی (برگەخت) : " لەپیشەدا نان، پاشان ئەخلاق" دەهێنینەوە بەر یادەوەریان. ئەمە ئەو رستەیە دەستەبژێری مشەخۆری کوردیی ناچارکردوە بیر لەو شتانە نەکاتەوە کە دەبا بیریان لێبکاتەوە. حیزبی کوردیش لەسەر هەمان میتۆد کاریکردوە و دەستەبژێرەکەی خستوەتە ناو هەرچی و پەرچیەکانەوە. ئەوەی جێگای نیگەرانییە دەستەبژێرەکەش لەسەر میتۆدەکە خەی راهێناوە و بوەتە خزمەتکاری هەرچی و پەرچیەکە، بەبێ گومانەوە بە بنەوانی چەمکەکان لەوانەیە نەتوانین بەباشی نیگارەکە ببینین. دەستەبژێری مشەخۆر، نایەوێت هەرچی و پەرچیەکان شێن بکات و ناشیەوێت بگۆڕێتەوە بە بنەوان، چونکە ویستی ئەوان ناساندنی نیگارەکە نییە، شەواندنی نیگارەکەیە.

ویستی ئەوان لەوە بچوکتر کراوەتەوە ئیدی بتوانن ئەرکە ڕاستەقینەکەی خەیان نما بکەن. بە فریودانی (ئەویتر) لەبری گومانەوە بە بونیادی کەشکان، جەماوەر سەرقاڵدەکەن بەو ڕوکەش گومایەوە کە دونیا بە شەوێکی دیکە پیشاندەدات. باشترین شوێنیش

بە ئەم روکەش گەیاندنە ئەو میدیایەی خۆی دەکاتە مەکینەیەک وزەکەی لە کاپیتالیزم وەردەگرێت و، گوتارەکەشی خزمەتە بە روکەش و بە سیستەمی لەم جۆرە دەکات و لەهەناوی گوتارەکەشیدا روکەش گرایەک بەرهەم دەهێنێت، ئەم روکەش گرایەیە چ لەرووی زمانەوە چ لەروی دونیابینیەوە تۆندوتیژی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەو تۆندوتیژیە خزمەتەکی گەورە بە خودی دەسەڵاتەکە دەکات.
چ شۆڕشگێڕانی ئەمە، چ ئەم سیستەمی دەسەڵاتی هەمانە، بەدەر نییە لە قسەکەی (بیردایڤ) بەدەریش نییە لەو (جەماوەر)ەی، لەنێوان شەڕشگێڕە و هەرچی و پەرچی و دەستە بژێری مشەخۆردا، هاوپەیمانێتیەک هەیە و لەسەر بنەمای (ئینتیما بە حیزب، تاکی دەسەڵاتدار، ئایدەلۆژیا…) ژیان و دونیا وێنا دەکەن. ترس لەم هاوپەیمانیە تەنها ترس نییە لە هەڕەکانەوەی فەزیلەت و دیموکراسی و ئازادیی، ترسە لە هەڕەکانەوەی دیو ونەکەی فەرهەنگ و کلتوور، بە دیوەکی شێواوی پێ لە تۆندوتیژی. ترسە لەو چاوگانەی پاش خۆیان دونیایی هەقی بەشوێن خۆیاندا دەهێنن. گەر لەناو فەزایەکی لەم جۆرەدا دەستە بژێر نیەت خوێندنەوە بە دەخەکان وەک خۆی بکات، بگومان خۆی دەبێتە خزمەتکاری سیستەمێک کە جگای جیاوازی تێدا نابێتەوە. بەئاگا هێنانەوەی ئەو دەستە بژێرە تا دەست لە مشەخۆری هەڵبگرن و چیتر لەگەڵ هەرچی و پەرچیەکانی ناو حیزب دەست تێکەڵ نەکەن، بە ئاگا هێنانەوەیەک بە ڕەگریکردن لە تاریکیەکی گەورەترلەو تاریکییەی لەسەرەتادا شەرشگێڕ لەگەڵ خۆی لە شاخەوە هێنای.

-3-

لە رووەکەکی دیکەوە، لە کەمەگەیەکی سوننەتی و پەیوەست بە بنەما کۆنەکان، نان دوو دیویی هەیە. نانێک کە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی کارەکتەرێکی گوێنەدێری هەرچی و پەرچی، لەهەمان کاتدا نانێک کە دەتوانێت بکەرێکی خانەدانی خاوەن ئەدەب تێک بشکێنێت. ئەم نانەی لە شانەکەدا باسدەکرێت، خودی ژیانە. ئەو ژیانەیە کە لە پەندە کۆنەکانی کورددا دەڵێت: (تەنانی شەوانمی.) واتە تە ژیانمی. کاتێک سیستەم لەڕەگەی هەرچی و پەرچی و دەستە بژێرە مشەخۆرەکەیەوە دەست بەسەر ئەم نانەدا دەگرن، پێش ڕوخاندنی ئەخلاق، ڕووبەرە کلتووریەکە تێکدەدات.
ئێستای ئەمە ئێستای ئەو دەخەیە کە نان بووتە کارەستەی دەستی سیستەم. هەبێتە کەمەگەیەک لە سەرتاوە لەسەر هەژاری ژیابێت بینینی بە ژیان جیاوازە، لە کەمەگەیەک لە کاتێکی خۆشگوزراندا

کتوپڕ بارو سەرو لەژدەبتەوە بە هەژاری. ئەگەر بریاربێت رووبارەکەی ئەمە رووبارێکی هەژاربێت، تاکەکانی ناو کۆمەڵگە تووشی فشارنابن لەو کەمکردنەوەی نانە، لە کاتێك رووبارەکە شوێنکی گرنگە بۆ بەخێوکردنی گروپێك و دەستەیەك لە هەرچی و پەرچی و دەستبژێری مشخۆر، ئیدی کەمبوونەوەی ئەو نانە لەگەڵ خۆیدا لەناو فەزا گشتییەکەدا کەمبوونەوەی ئەخلاقەکەش لەتەك خۆی دەهێنێت. نیگەرانییەکە نیگەرانییەکی ئەخلاقییە، نیگەرانییەکە دەبێت لەنەوان بڕشی خەم و بڕشی ئەوەدا درزێکی گەورە دروست بکات. ئێشت سیستەمە فرە سیماکە باکی بەم درزانە نەبێت، لە ئەو درزە لەبنەوانەوە خەمی گەورەی دەستبژێرە. ئەوە دەستە بژێرە ناهێت ئەو رەحە لاوازە ببێتە بادەست و، رەحە زیندووکە بەرهەم دەهێنێتەوە و جارێکی کە ئەو درزە پڕدەکاتەوە سیستەم دروستیدەکات.

ئەوە تەنها ئەرکی ئەوانە نییە هاوارکێن بۆ بونیاتنانەوەی ئەخلاقێکی نوێ، کە خەمی گەورەیان هەبێ بۆ کۆمەڵگەکە. تەنها ئەرکی ئەوانەش نییە داوای نانە راستەقینەکەی خەیان بکەن، کە ئەمە لەلایەن ئەو دەستە هەرچی و پەرچی و بخۆرەوە لێیان زەوتکراوە، بەڵکو ئەرکی ئەو دەستە بژێرەیە لە چرکەساتێکدا دەست لەو روکەشگرایییە و دەست لەو مشخۆرییەی خۆی هەڵبگرێت و، بەخەمێکی گەورەوە لە ترسەکە بروانێت. بەخەمکی گەورەوە ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات. کاتێك ئەو دەستە بژێرە (ونبوو) ئیتر سیستەم شوێنی هەموو ونبووەکان پڕدەکاتەوە. بەجێرکیش پێدەکاتەوە ئەوە دێنێتە بەردەمان کە ئەمە دەرگیری بووین.
لە کۆمەڵگەیەکدا کە دونیاکەی پڕە لە پیرزی ئایدۆلۆژی، نان دەتوانێت ئەخلاق بپارێزێت، نانی زەریش دەتوانێت ئەخلاق دامێنێت. بەهەمان شێوە نان بریتیش بۆخۆی دروستکردنی فەزاییەکە ئەخلاق تێیدا ئامادەیی نییە.(لێرەدا ئەخلاق بەواتا باوەکەی باسدەکەم.) بۆئەوەی ئەم نانە نەبێتە دینەمییەك بۆ دروستکردنی ئەو فەزاییە کە کاریگەرییکی تەواو وەرانکاری بۆ بنەما کۆمەڵایەتییەکان هەیە، باشترە دەست لە دروستکردنی رق لەنەوان چینەکان هەڵبگیرێت و، خەمێك بۆ ئەو پشهاتانە بخورێت لەبەردەم ئەم فەزایەدا خێیان ئامادەکردووە بۆ نواندن. خەمێك کە پێش خەمی خاوەن نانەکان، خەمی دەستبژێرەکەیە. ئەو دەستە بژێرەی لەبەرەم پرسیارەکاندا پرسیاری جۆهەری تر دروستدەکات و لەبەردەم وەڵامەکاندا گومان لە یەقینبوون دەکات و بەردەوام مەعریفەی نوێ و خوێندنەوەی نوێ بەرهەم دەهێنێت.

دەربارەی دیاردەی ژنسالاریی چی دەڵێن؟ ... رووپاك نوری

رەنگە زۆرك لە خوینەران ئەم ناونیشانەی سەرەوەیان پێ سەیر بێت چونکە کەمتر پێشچاوکەوتووە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت بەکاریبهێنم وەك تیشک خستنە سەر بابەتکی خانمی لێهاتوو سوهەیلا مەیهەمی کە لە وتارکی وبلاگی دەنگەکان بابەتکی وای و دژین دەخاتە بەر باس و لێدوان، لە ژێر ناونیشانی (چاودێریکردنی خود، لێلای ژنانی نوسەر)، کە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەش زۆربەی میدیکانی دەسەڵاتی حیزبە کوردیەکانی بەشی باشوور بێ هەمەتی هەبژاردن بەکاریدەهێنن، ئەویش سەرکەنەکردنی دەسەڵاتی باوکسالاری کۆمەڵگای کوردییە، بەڵام ئایا لە راستیدا ئەم بابەتە وایە؟ هەر بێ نموونە خانمی نووسەر رای خۆی وا دەنووسێت: ((هەموو کات لەژێر کیفی پیاوسالاردا بووین، یاسای پیاوانێ و دامودەزگای بەهاداری پیاوانەمان بووێ. لەوەڵامتدا ئەمێ بڕۆ پێش دڕین و خونێدن و ئیش و چالاکی کۆمەڵایەتی و مافی دەنگ و ...تاد، بەڵام هەمووی ئەوانێ لە ژێر سێیتڕۆی پیاودا ڕەدەگەڵ و بڕدەوام بڕهەمهێنانەوێ دەکات)).

لە راستیدا ئێستا کاروبار لەسەر زەمینەی واقیع و جیهانی نوێی بەرژەوەندی و سەرمایەداری وتەکنەلۆژیای خڕادا بە جۆرکی تڕە، باوی هێزی ماسولکەکان نەماوەو زیاتر لاکردنەوەو ڕێ بێ هێزی هزرە، جا ئەگەر پیاو هێزی مەچەکی هەبێت ئەوا ئافرەتیش هێزو تاکتیك و تاکنیکی تری زۆر هەن کە بەهێیەوە کۆنترۆڵی سێ لە چواری کۆمەڵگای گرتووەتە دەست، بەڵام هەبژاردنی خودی ئافرەت بێ شێوازی ژیانی خۆی چ ستەمکی پیاوانی تێدایە کە خانمی مەیهەمی دەینووسێت: ((خانمان خۆیان لە ڕازاندنەوێ و میکاپ و خشێ و ئەوانەدا دەمێنێتەوێ)).

من نامەوێت بکەومە ئەو هەڵە باوەی زۆربەی نووسەران تێیکەوتوون؛ کە جیاکردنەوەی پیاو و ئافرەتە لە یەکتری و وێناکردنیانە وەك دوو

نەیاری یەکتری، ئەمە زۆر لێکدانەوەیەکی سادەو هەڵەیە، لە بارە دروستەکەیدا (ڕۆشنفکر بن) تەواوکەری یەکترن و پێگەو ڕۆڵی هیچیان کەمتر نییە لەوی تر، هەرچەندێکیش کەمێک لە باری فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە لەیەکتری جیاوازیش بن بەڵام لە کۆتاییدا هەردووکیان دووبنەمای دامەزرێنەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتین، هەروەها لێرەدا من باسی زۆر کەمینەی پیاوان ناکەم کە ئێستاش شانازی بە سەڵتانەوەو دەکەن و بە حوکمی هێزی بازوو دەیانەوێت خێیان بسەلمێنن و هەر خۆشیان لە کۆتاییدا دەبێت باجەکەی بدەن، کە ڕەنگە هێرشی فشارەی جۆراوجۆرەکانی دەرەکی وەکو ئابووری و سیاسی وهەروەها کێشەکانی دەروونیی بێت.

نامەوێت بچمە ناو قووڵایی هێکاریی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەی تاکی کورد پیوەی دەناڵێنێت، بەڵام هەرچەندێك مەعریفەی مرۆڤ زیاد بێت هێندە لە نەفامی ڕزگاری دەبێت و بەرەنجامیش بیارەکانی دروست دەبن، دەبا بپرسین ئایا ڕۆژەی چەند لە هاوسەرگیریەکان بە ڕەزامەندی تەواویی هەردووڵا بووەو لانی کەم کێلکەی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، دەسەلاتی سیاسیش نایەوێت میللەت بە ئاگاو وشیار بێت بۆیە هیچ خەم و هەوێکی جیددی نادات لەم پێناوەدا..

لاتان سەیر نەبێت ئەو ڕاپرسی و داتا تازانەی ئەم دواییانە پێچەوانەی ئەو قسانە دەسەلمێنن کە دیاردەی باوکسالاریی ڕوو لە زیادبوون و تەشەنەکردن بێت، بگرە ساڵانە چەندان پیاو توشی توندو تیژی دەبنەوەو دەشگاتە حاڵەتی کوشتن لە لایەن ژنەکانیانەوە، یان بە نەخشەی ژنەکانیان، سەدان پیاو لە لایەن ژنەکانیانەوە دەردەکرێن و لە ئوتیلەکان دەژین، ڕۆژانە (کۆمەڵەی بەرگری لە مافی پیاوان) سکاڵای جۆراوجۆر تۆمار دەکات سەبارەت ئەو پێشێلکاریە فراوانانەی لەلایەن ڕەگەزی (مێ) وە ڕووبەرووی پیاوان دەبێتەوە.

ئەگەر ژن وای دابنێت ماف و ئازادی بەس لە نووسینی بابەتی ئیرۆتیکدایە ئەوا زۆر مانای ئازادی بەرتەسك دەکاتەوەو تەنانەت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش وەك هەمای تێنەگەشتنی بنەڕەتی لە ئازادی لێکدەدرێتەوە، هەرچەندە لەمێدا نووسەرە خانمەکان لەم بابەتەدا پێشی پیاوەکانیان داوەتەوە، بەڵام واقیعی کۆمەڵگاکان دەریدەخات کە چۆن ئافرەتان جۆرەوی ژیانیان گرتووەتە دەست و پیاوان دەچەوسێننەوە، چەکی ئافرەت بێ بە دەستهێنانی ئەم دەسەاتە زۆرو جۆراوجۆرن، خۆشیان دەزانن چۆن پیاوان هەموو ساتێك مەجبووریانن و ئەوانیش هەموو فشارەکانیان بەکاردێنن بۆ جۆبەجێکردنی نەخشەو ویست و ئاواتەکانیان، بەڵام نەنگیی لەوەدایە کەموکوڕیی و هەڵەو

نەزانین بگەینەوە بۆ ئەوەی وەك رەگەزی مێ دەچەوسێنەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ شکستەکان، لە کاتێکدا لە زەمینەی واقیعدا چەندان خانمی لێهاتووش هەن گەورەترین سەرکەوتنی بواره جیاجیاکانی ژیان بەدەست دێنن و تەنانەت تیاشیاندا هەیە دەبێتە سەرۆک کۆماری وڵاتێك، من خۆم بەش بە حاڵی خۆم وەك خانمێك وای دەبینم کەسی ڕۆشنفکرو ئازاد زۆر لە مێژە کێشەکانی جەندەریان جێهێشتووەو خۆ سەرقاڵی ئەو ململانێ ئەفسانەییە ناکەن و چیدی وەکو بابەتێك ڕووبەڕوکی گچکەش لە بیرکردنەوەیان داگیر ناکات، چونکە لە کۆتاییدا دوای ئەو هەموو ناکۆکی و شەڕەجوێنەی بۆ نموونە لە نێوان ژن وپیاوێکدا ڕوو دەدات دەبینین لە کۆتاییدا هەردووك لا وەکو منداڵ مەجبوری یەکدی دەبنەوەو بۆ یەکدیش ناتوانن بژین.

(پێنگ) زایەڵەی دەنگی ئێوەندی کورد لە قەناغی سەختەکاندا … ئیسماعیل تەنیا

ساغکردنەوەو بەسەرکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو باوکراوەکان، کارێکی گرنگ و یارمەتیدەریشە بۆ تێگەیشتن لە بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو قەناغەدا… وەرای ئەوەش بۆ خوێنەرو نەوەی نوێیان ئاشنا دەکات و ڕۆگاکانیان ڕێشنتەرو کورتتر دەکاتەوە… ئەگەر ئەو بەسەرکردنانەوەش، ئەو گۆڤارو باوکراوانە بگرێتەوە کە لە سەردەمانێکدا لە دەرەوەی وڵاتدا دەرچووبن و ئایەڵەی پێوەندیەکانیش ئەوەندە ئاسان نەبووبن، گرنگی کارەکە دوو هێندەو سێ هێندەی تر دەبێت. ئەمانیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کوردێکی زۆری لە گیرساونەتەوەو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، تاوەکو ئێستا، بە دەیان گۆڤارو باوکراوەی کوردییان لە باوکراونەتەوە.

یەکێک لەو گۆڤارانەی ئەم لێردا دەمانەوێت هەروەستەی لەسەر بکەین، گۆڤاری (پێنگ). پێش پێنگیش چەندین گۆڤاری تر لەو هەوارەدا دەرچووینە، نموونەی: (پێشنگ، دەنگی خوێندکاران، دەم، کوردستان ڕاپۆرت، مزگین، دەک، ڕۆژی کوردستان، دەنگی خوێندکارانی

کوردستان، پێشەنگ، ژیان،.... تاد).
(پێشەنگ) لە لایەن کۆمەڵێک کوردی ئاوارەی زێتر سەر بە باشووری کوردستان لە شاری (دارمشتاد)ی ئەڵمانیا، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ناوەڕاست) دەرچووە. بابەتەکان بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) بووە، جگە لە یەک بابەت کە وتارێکە لەلایەن (هەقاڵ مراد) لە ژمارە (٥)دا، بە دیالێکتی (کرمانجی ژوورووناوەڕاست)، نووسراوەو بەاوکراوەتەوە. بە گوێرەی دوا هەواڵ و گۆڤار و سوانی من، تا ئێستاکە (٦) شەش ژمارەی لە دەرچووە، کە خۆشبەختانە من توانیومە (٥) ژمارەیان دەست بخەم و لە ئەرشیفەکەی خەمدا ریزبەندیان بکەم.
چاوەڕوان بووم تا ئەو تاکە ژمارەیەش کە ژمارە (٣) یە دەست بخەم، ئەوجا بابەتێکی لەسەر بنووسم. بەڵام زەر لەمەڕە هەوە دەدەم و سەرم بە زەر شۆندا گرتووە کە گومانی دەستکەوتنم لە کردووە، مخابن سەراغ کردنەکەم بە ئەنجام بووەو ئەو ژمارەیەم دەست نەکەوتووە.

پێناسین

لە هەر پێنج ژمارەکەدا، بە شێوەی جیا جیا ناوی (پێشەنگ) لە دەستپێکاستی سەرووی بەرگی گۆڤارەکە نووسراوە... لە ژێر ئەو ئارەشدا بە ناونووسی لاتینی (پێشەنگ) نووسراوە. لە ژمارە (١) و (٢)دا، (نەجمەدین کەریم لە (سۆفیا)وە، بە نامەیەک لە ژێر ناوونیشانی (پێشەنگ و چەند وشەیەک) کەمەکێک ئازو سەرنج و بۆچوونی خۆی دەربارەی ژمارە (١) خستبێتە ڕوو، لە پێشنیازەکیشدا دەڵێ: (پێشنیازی ئەوە دەکەم بگوترێت: گۆڤاری پێشەنگ گۆڤارەکی ئەخباری و کولتوریە).
پەدەچێت ئەو پێشنیازە جێی خۆی گرتبێت بەیە لە ژمارە (٤)داو لە لاپەڕەی یەکەمدا، کەمەکێک شت کراوە کە جاران نەبووینە...نموونەی:
(١)- لە لاکێشەیەکدا لەسەرەوە ناوی (پێشەنگ) نووسراوە... لە لاکێشەیەکی تردا لە ژێر پێشەنگ وا پێناسەی گۆڤارەکە کراوە: (گۆڤارەکی ئەشنبیریی گشتییە، بە یەکگرتن و پێشخستنی فەرهەنگی کوردی هاوچەرخ).
(٢)- لە سێیەم لاکێشەدا، ناوونیشانی گۆڤارەکە بەاوکراوەتەوە کە دوو ناوونیشان هەبووە، یەکەمیان:

pereng
TH-Darmstadt-PF-7262
G 700 Darmstadt w- Germany

دووەمیان:
Pereng
F-M-PF 2825
Gottingen 3400

لێژنەر ناوونیشانەکەشدا، نرخی گۆڤارەکە کە (٦) مارکی ئەڵمانییە، نووسراوە. نرخی ژمارەکانی تریش هەر بەم شێوەیە بووە. پێشتر لە ژمارە (١) و (٢)دا، نرخەکەی دیار نەبووە.
(٣)- لێژنەر نرخەکەش ووونکردنەوەیەک هەیە کە لە ژمارەکانی داهاتووشدا دەبینرێت… لە ووونکردنەوەکەدا هاتووە: (گۆڤاری پەنگ تەنها بەرامبەر ئەو نووسینانە بەرپرسیارە کە لێژنەر ناوی دەستەی ئامادەکارانی گۆڤاری پەنگدا بۆ دەکرێتەوە. بەردەوام بوون و گۆشکردنی پەنگ بەندە بە پشتگیریی و یارمەتی ئەوەوە… تکایە لە نووسین و وەخنەو پێشنیاز دریغی مەکەن).

لێژنەر ئەو ووونکردنەوەیەشدا، ژمارەی بانک هەیە کە بە یارمەتی و پارە ناردنە، کە بەم شێوەیەیە:

Sparkasse Darmstadt
Az, Na
Kto-Nr-100060680
BLZ-50850150

(٤)- لە دەستە چەپی هەمان لاپەڕەداو لە سەرەوە، لە لاکۆشەیەکدا، کە وێنەی قەڵەمکەی گەورەی سەر بەرەو ژێر لە تەنیشت لاکۆشەکە دەبینرێت، وتەیەکی (وەزا لەکسمبەرگ)یش لەناو لاکۆشەکە لەو ژمارەو ژمارەکانی تریش وەک کۆشە دەبینرێت کە نووسراوە: (سەربەستی، ئازادی بیروڕا هەمیشە بە ئەوانەیە کە ڕوانگەو بۆچوونیان لەگەڵ ئەمدا جیاوازە).
(٥)- لە خوار ئەو لاکۆشەیش، لەناو چوارچێوەیەک (پەست)ی بابەتەکانی پەنگ دەبینرێت کە جاران ئەو (پەست)ە بە ناوی (ناوەڕۆک) لە دوا لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بۆ دەکرایەوە.
(٦)- لە ژێری ژمارەوەش تابۆ و وێنەی بەرگ دەستنیشان کراوە.

ئامانج لە دەرکردنی (پەنگ)

زەر لەو گۆڤارو وەڕنامەو بۆکراوانەی کە کوردەکانی دەرەوە دەریان کردووە، جەڕە لایەنگیریی و سەزداریەک بە پارت و وەکخراوە

سیاسییەکانی کوردستان (بە هەر چوار پارچەکییەوە) بەدی دەکرێت... وەلە لە (پێشەنگ)دا، با نووسەرەکانیش لایەنگیرو هەواداری یەکێک لەو پارتانە بن، یان بە پێچەوانە، دژیان بن... نووسین و بڕوونی وای تێدا بەئاوکراوەتەوە، کە خوێنەر هەست بەم لایەنگیری و ئاراستانە بکات... ئەوەی لە ناوەرۆکی بابەتەکاندا بەدی دەکرێت:
– لایەنگیرو هەوادار و دژی هیچ پارتێک نین.

– کوردایەتی و هەستی کورد بوون، تاکە ئاراستەی هەموو نووسینەکانە. بە بڕوونی من، کارساتی هەڵەبجەو ئەنفال، هەکارەکی سەرەکی بووە بە یەکبوونی ئاراستەکان و نەمانی بەربەستی حزبایەتی تێدا.
– بەختەوەر (بە هەردوو دیوەکییەوە، بنیاتنەرو ڕوخێنەر)، لە حزبەکان نەگیراوە... هەموو هەوڵەکان بۆ یەک ئاراستە کاریان کردووە کە ئەویش بەئاوکردنەوەو شرۆڤە کردنی ڕووداوەکان و بۆ دنیا ناساندنیان و ڕیسوا کردنی ڕژێمی سەدام بووە.

چرپەیەک

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئاراستەو ئامانجەکانی (پێشەنگ)، حەز دەکەین ئەو کورتە نووسینە کە بە ناوی (چرپەیەک) لە بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە)ی ژمارە (١)دا بەئاوکراوەتەوە، دووبارە بەناوی بکەینەوە تاوەکو لە زاری خوێنەرەوە ئامانج و ئاراستەکانی ئەم گۆڤارە بزانین:
(دیسان گۆڤارێکی نوێ لە ئەوروپادا.. بەگومان گەلێک گۆڤار هەن لە ئەوروپاداو هەر یەکەیان بە گوێرەی بڕوون و بیرکردنەوەی، دەرفەتی بۆ ئەو جۆرە لێکدانەوەیە ڕەخساندووە شوێنی خەی لای خوێنەران و لایەنگرانی کردەتەوەو پەسەند دەکرێت، بەڵام ئەمە بە پێویستی نازانین گۆڤارێک تەنها خەی بە بەئاوکردنەوەی نووسراوی تیۆرییەوە ببەستێتەوە، ئەمە زیاتر ئەرکی ئەرگانی گروپە سیاسییەکانە.

زمانی کوردی بەهەی باری سەختی کوردستان و تەسکبینی داگیرکەرانییەوە لە گۆڤارێک بەبەشە کە بتوانێت باوەش بە هەموو جۆرە نووسینێک بکاتەوەو ڕێگە لە بڕوونە جیاوازەکان نەگرێت و بە شێوەیەکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازانە لە ڕاستی سەرجەمی ژیان بڕوانێت و ببێتە چۆقی پیاهەڵچوونی بیروڕای جیاواز، تا لەو ڕێگەیەوە دەرفەت بە خوێنەری کورد بڕەخسێت، خەی لە ئەنجامی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و هەڵزاندنیدا بەیار بدات، نێک بە هەی سانسەرەوە، پێش دەمیان بە بکرێت. هەروەها بایەخدان بە

ووداوکانی کوردستان و ناوچەکانی تری جیهان کارەکی زۆر زۆر پەویستە، چونکە ئەمە لەو جۆرگەیدا دژێین و خە لە دوور خستنەوەی، زەوی ژێر پێ ونکردن و چوونە دنیای خیاڵەوەیە. واتە ئەمە دەماناوێت پەنگ گەڤارەکی هەشنبیری بێت و هەگا بە هەموو قەهرەمەکی ئازاد، بە سانسۆری نووسینەکەی، بە مۆرجێک لەسەر بنچینەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی داهژرابێت، بدات.

گەڤاری پەنگ بە هیچ شێوەیەک نایەوێت هاڤکەی هیچ گەڤارو لایەن و گروپی دیموکرات بکات و ئامادەی هاوکاریشە بە مۆرجێک لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت. جا داوا دەکەین، پەنگ بە گەڤاری خێت بزانیت بە گوێرەی توانا بە بەهاوکردنەوەی و بە ناردنی نووسین و دەنگوباس و وێنە، پشتگیری لە بکەیت و هەخنەو پێشنیازو ئامۆژگارییەکانت بە دەنیایی کاریگەریی دەبێت).

پەنگ: کاتی دەرچوون و قەبارەی ژمارەکانی

– ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٨٨، بە (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (٢١ جاران ٢٩)سم، دەرچوو… مانگ و هەژی دەرچوونی گەڤارەکە دیار نییە، بەڵام بە گوێرەی ئەو نامەیەی کە لە لایەن (نەجمەدین کەریم)ەوە، بە گەڤارەکە ناردراوەو لە ژمارە (٢)دا بەهاوکراوەتەوە، ناوبراو دەنووسێت: (لە هەژی ٢٦ی ئەپرێلی ١٩٨٨دا، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٨٨ی گەڤارە خنجیلانەکەتانم بە سوپاسەوە وەدەست گەیشت…). جگە لەمەش، لە ژمارە یەکدا وێنەو هەواڵی کارساتی هەڵەبجەی بەهاوکردەتەوە… کەواتە دەبێت ژمارە یەک، لە کۆتایی ئادار یان سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٨، دەرچووبێت.
– ژمارە (٢)ی لە ساڵی ١٩٨٨دا، بە (٦٠) لاپەڕەی هەمان قەبارەی ژمارە (١)، دەرچووە. بە گوێرەی بابەتێک کە لە ناپەڕە (٥٦)ی ئەو ژمارەیەدا بەهاوکراوەتەوەو باسی کەمپەینێک چالاکی.کولتوری لە شارەکانی وەک: (دارمشتاد، کۆلن، هایدەبەرگ، دەرتمەند) دەکات کە لە ١٢/١١/١٩٨٨دا، ئەنجام دراون. کەواتە دەبێت ئەو ژمارەیە لە کۆتایی تشرینی دووەم، یان مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دا دەرچووبێت.

– ژمارە (٤)ی ساڵی (٣) بە (٦٨) لاپەڕەی قەبارەی هەمان ژمارەکانی پێشوو دەرچووە.(ساڵەکەی لەسەر نەنووسراوە). ساڵی سێیەمی گەڤارەکە دەکەوێتە نێوانی مانگی ئاداری ١٩٩٠- مانگی ئاداری ١٩٩١. ژمارە (٥)یشی لە مانگی یەکی ١٩٩١دا، دەرچووە. کەواتە: دەبێت ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٠دا دەرچوو بێت.

– ژمارە (٦) لە ساڵی ١٩٩١بە (٦٠) لاپەڕەی قەبارەی هەمان ژمارەکانی پێشوو دەرچوون. هەر چەندە ساڵی ١٩٩١ی دراوەتە، بەڵام لە ئاستیدا لە بەهاری ١٩٩٢دا، ئامادە کراوو بڵاوبەتەوە، جونکە لە بابەتی : (ئەرە بابە دیموکراتییەت بە ناخۆشە...!) کە لە لاپەڕە (٥٥-٥٦)دا بڵاوکراوەتەوە، لە کۆتایی بابەتەکە تێبینییەک هەیە کە تێیدا هاتووە: (بڕوانە: ڕۆژنامەی صوت آلکویت)، ژمارە ٤٧٧، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢/٢/١٩٩٢، هەردوو وێنەکێش (مەبەست لە وێنەکانی بابەتی ئەرە دیموکراتییەت بە ناخۆشە) وەرگیراوە.
– ژمارەی لاپەڕەکانی هەر پێنج ژمارەکە بەسەر یەکەوە (٣٠٠) لاپەڕەیە.

نووسەرەکانی پەڕەنگ

هەر چەندە گۆڤارەکە لە دەرەوە دەرچووو لە ژێر دەسەاتی ڕژەمدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرەکان نەیانتوانیوە ناوی تەواوی خۆیان بنووسن، چونکە ئەو کاتە ڕژەم بالیۆزخانەکانی کردبووە مەکۆی کاری سیخوڕی کردن بەسەر ئەو خەڵکە ناڕازی و بەرهەڵستکارانەی کە لە دەرەوە بووون. جگە لەوەش خەڵکانێک لەبەر گرتن و ئازاردانی کەسوکاریان لەلایەن ڕژەمەوە، نەیانتوانیوە ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن... هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان بە ناوی خواستراو(تەنها پیتێک یان یەک وشە)، بڵاوکراوەتەوە.
وا لێرەدا ناوی هەموو ئەو نووسەرانە (بە ناوی تەواو یان نازناو)، بڵاو دەکەینەوە، کە بابەتیان لەو پێنج ژمارەی (پەڕەنگ)دا، بلاوکردەتەوە.

– ئەو نووسەرانەی بە نازناو تەنها یەک بابەتیان لەم گۆڤارەدا بڵاوکردەتەوە، ئەمانەن: (پەواز، سەفین، هەزان، نەبەز، دیدار، دڵشاد، سەربەست، هەڵە، مەبەست، زاگرۆس، د.شوان، ڕۆشید، ئاوارە، مینە، ئاواز، ش.ن.ە، سەران، سیامەند، زەردەشت، زەردە، ڕۆڤین، باوکی ئامانج، سوارە، باوکی ئاڵا، ئومێد، ب.لاوین، تاژدین، بابە حاجی، خانە، شازە، هیوا.م).
– (کەمال میراودەلی، جەلال میرزا کەریم، حوسێن بەفرین، نەجمەدین کەریم، سامان فوئاد، شەرکە بکەس، کەمال ڕۆشید، هەڤاڵ مراد، زریان کاکەیی، گەران هەڵەبجەیی)، یەکەو یەک بابەتیان تێدا بڵاوکردەتەوە.
– هەروەها بە ناوکانی: (پەڕەنگ- ١٣، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد- ٦، ئەحمەدی مەلا- ٤، ژیلەمۆ-٤، کاوە- ٣، د. فەرهاد پیربال- ٣، ئاسۆ سەڵتە- ٣، د.سەیدا- ٣) بابەت بڵاوبەتەوە.

– (مستەفا گەرمیانی، هەورامان، دانا، گارا ئەسوە، جەزا چنگیانی، د. ئیبراهیم، سیروان.ب) یەکەو دوو بابەتیان تەدا بەاو کردەتەوە.

ناوەڕۆکی بابەتەکان

گۆڤارەکە، گۆڤارەکی گشتی بووە، ناچەتە خانەی هیچ جۆرە پسپۆڕیەی و تایبەتمەندیەکەوە… لە (شیعرو چیرۆک بگرە تا دۆگاتە کورتە هەواڵ و بابەتی زانستی)، بەاوکردەتەوە… بەیە زۆر ئاستەم تایبەتمەندیەکی بە دیاری بکەین. (پەنگ)، زەتر لە (١٠٦) ناوونیشانی لەخە گرتووە، کە بەم شێوەیە پێلینمان کردوون:
– (٦٣) وتار… وتارەکانی بریتی بووینە لە (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لێکدانەوەی هەواڵ، بابەتی سیاسی، کاروباری سەربازی و جەنگ، مێژووی، ئاخنەی ئەدەبی، مێژووی سینەما، وتاری شانەیی، نامەو هەڵسەنگاندن ….).
– (١٦) پارچە شیعر.
– (١٤) چیرۆک، کە بەشی زۆریان چیرۆکی وەرگێڕدراو بووینە.
– (٣) بیرەوەری، کە ئەحمەدی مەلا بە سێ بەش لە سێ ژمارەدا، بەاوی کردونەتەوە.
– (٣) بابەتی زانستی.
– (٣) چاوپێکەوتن کە لەگەڵ (گارا ئەسوە، مەکەنزی، ئیسماعیل بەشکچی)دا، ئەنجام دراون.
– (٣) نمایشکردنی کتێب. هەر سێ کتێبی (کورتە مێژووی فەلسەفە، بەیانی باش ئەی غەریبی، فەرهەنگۆکی ئێمانی- کوردی)، لە ژمارە (٢)دا، نمایش کراون.
(وێنە)و (مۆنتیف)و (کاریکاتێر) لە (پەنگ)دا
وێنە هەکارەکی گرنگ و زیندووە، بە زەتر ەوونکردنەوەو ئاسانکاریکیشە بە خوێنەران تاوەکو باشتر لەگەڵ بابەتەکاندا پەیوەست بن و ئەو زانیاریانەی کە وەریشی دەگرن، بە ئاسانی لە هزرو بیریان کاە نابەتەوە. لەم ەووەو، (پەنگ)، بە یەکەک لەو گۆڤارە کوردیەە دەوێمەندانە دادنرێت کە لە ئێمانیادا دەرچووینە. ژمارە هەیە (٥٨) وێنەی تێدایە. وێنەکانیش دەکەینە سێ بەش :

– وێنە: (٨٤) وێنەی جۆر بە جۆری لە ؛ (ەوداو، کەسایەتی، دیمەن، شار، ….)، بەاوکردەتەوە، کە بەشەکی زۆریان وێنەی ئەو ەوداوە تراژیدیانەیە کە بەسەر کورددا هاتوون، نموونەی: (هەڵەبجە، ئەنفال، کەەو، کەمپەکانی کەەو لە تورکیاو ئێران، …). هەندەک

لەم وێنانە بە کامیرای ڕۆژنامەنووسێ بگانەکان گیراون و لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دەرەوەدا، بڵاوکراونەتەوە... پێوەنگ بە دەوەمەند کردنی بابەتکانی، دووبارە ئەم وێنانەی بڵاوکردوونەتەوە.

– مانتیق: (٦٤) مانتیقی بڵاوکردەتەوە، کە لە ژمارە (١)و (٢)دا، ئاماژە بە ناوی خاوەنکانیان نەکراوە، بەڵام لە ژمارەکانی (٤)و (٥)و (٦)دا، هەندێک لە مانتیقەکان، ناو و ئیمزای هونەرمەند (دانا)ی لەسەرە.

– کاریکاتێر: کاریکاتێر لایەنێکی زیندووی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکانە. کاریگەرییەکەی لە هەوا و شرۆڤەو بابەتکانی تر کەمتر نییە. لەناو ئەم پێنج ژمارەیەدا، سی (٣٠) کاریکاتێر بڵاوکراونەتەوە کە بەشی زۆریان تایبەتن بە زوڵمو زۆری سەدام و ڕژێمەکەی دەرهەق بە گەلی کوردو سەرجەم گەلانی عێراق. چەند دانەیەکیان دەستکردی هونەرمەندانی کوردن، ئەوانی تر، لە گۆڤارو ڕۆژنامە جیهانییەکانەوە، خواستراون و دووبارە بڵاوکراونەتەوە.

لایەنی هونەری و نەخشەسازی

لە ڕووی هونەرییەوە، ژمارە سەرەتاییەکان، بە تایبەتیش ژمارە (١)و (٢)، زۆر سادە بوونەو جۆرە نەشارەزاییەک بە نەخشەسازەکانەوە دیارە. بە زۆتر ڕوونکردنەوە، هەستەنگاندنەکەمان بەم شێوەیە پێلین دەکەین:

– فۆنت: بابەتکانی ژمارە (١)، بە فۆنتێکی بچووکی ئامێری تایپی (برازێر)، چاپکراوە. ناوونیشانەکانیش، بەشێکیان بە تایپ و بە فۆنتێکی گەورە نووسراون و بەشەکەی تریشیان بە دەست نووسراون... پیتەکانی (ە)و (ە)یش سەرو بەریان نییەو بەدەست بڵیان داندراوە. لە ژمارە (٢)دا، ئەو فۆنتەی پێی نووسراوە گەورەترەو ناوونیشانەکانیش وەک ژمارە (١) بە تایپ و دەست نووسراونەتەوە... ژمارەکانی تریش بە هەمان شێوەن.

– ستوونەکان: لاپەڕەکان بەسەر (٣) ستووندا دابەش کراون، کە دوو ستوونیان پانییەکەیان (٥،٥) سانتیمەترو ستوونی سێیەمیش (٦) سانتیمەتر... جار جارەش ناڕێکییەک لەم دابەشکردنەدا دەبینرێت.

– لە دابەشکردن و پێلینکردنی بابەتکاندا ناهاوسەنگی و ناڕێکییەکی زۆر بەدی دەکرێت... نەهاتوون بابەتکان بە پێی چمک یەک لەدوای یەک بڵاوبکەنەوە... بە نموونە: یەکەم جار وتارە سیاسییەکان، ئینجا چیرۆک، شیعر، بابەتی زانستی، چاوپێکەوتن... تاد. جاری وا هەبووە لە ژمارەیەکدا، بابەتێکی سیاسی بڵاوبکاتەوە، بە دوای ئەو

شیعرەک هاتووە.. ئینجا (بابەتی سیاسی، چیرۆک، بابەتی کۆمەڵایەتی، شیعر، ... تاد).

- قەبارەی ژمارەکان: بە شێوەیەکی گشتی قەبارەی هەموو ژمارەکان (٢١ جاران ٢٩) سانتیمەترە. بەڵام جاروبار لە کاتی بڵێندا، نیو بە سانتیمەترێک کەم و زیادییەک لە قەبارەی ژمارەکاندا بەدی دەکرێت و بە شێوەیەکی ستاندارت نابەدراون.
- لە ژمارەکانی (٤)و (٥)و (٦)دا، شێوەی چاپکردنی بابەتەکان ئەکترو پاکتر بووەو ئەو تایپەی کە پێی چاپکراوە نوێتر دیارەو جۆرە جیاوازییەک لە شێوەی فۆنتەکان لەگەڵ ژمارەکانی پێشووتر، بەدی دەکرێن. بە کورتی لە ژمارەکانی (٥)و (٦)دا، سەرپەرشتکارانی (پەڕەنگ)، بوونەتە خاوەن ئەزموونێک و لە ڕووی دیزاین و نەخشەسازی و چاپەوە، توانیویانە ژمارە لە دوای ژمارە، گەڵانکاری ئەرێنی بکەن و گۆڤارەکە جوانترو هونەری تر بە چاپ بگەیەنن.

بەرگ

وێنەی بەرگی یەکەم و دووەمی هەر پێنج ژمارەکە، ئەنگاو ئەنگن، کە هەندێکیان فۆتۆگرافین و ئەوانی تریش تابلۆ و پەرتەتن... وا لە خوارەوە باسی بەرگی هەر پێنج ژمارەکە دەکەین:

* ژمارە (١):

- بەرگی یەکەم (دەرەوە): وێنەیەکی فۆتۆگرافی منداڵێکی کوردە کە بە گازی کیمیایی جەستەی سووتاوەو لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری پزیشک دایە.
- بەرگی یەکەم (ناوەوە): تەواوی لاپەڕەکە ئەنگی سوورەو بە ئەنگی سپیش نووسینێک بە ناوونیشانی (چرپەیەک)، بەاوکراوەتەوە.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابڵۆی لاپەڕەکە ئەنگی سوورەو بە ئەنگی سپیش نووسینێک بە ناوونیشانی (شۆخ وشانان) بەاوکراوەتەوە کە باسی جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوان و کیمیا بارانکردنی ئەم گوندە دەکات.

* ژمارە (٢):

- بەرگی یەکەم (دەرەوە): سێ وێنەی ئەنگاوەنگی فۆتۆگرافی ئاوارەکانی کوردە لە کەمپەکانی تورکیاو ئێران کە لە کۆتایی ١٩٩١دا، ڕوویان لەم وڵاتانە کردووە.
- بەرگی یەکەم (ناوەوە): وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەش و سپی، کە

کەمێک تەرمی ژن و منداڵی خنکاو بە گازی کیمیایی لە ناو پیکابێکی ژمارە (٥٨١٤)، سلێمانی- عێراق، دەبینرێن. لەسەر وێنەکەش پاسەوانێکی شیعەرەکەی (ڕزا حەمە فەرەج)، بە تەنگەوە سووڕ بەناوکراوەتەوە.

- بەرگی دووەم (دەرەوە): تابلۆی (تا کەی چاوەڕوانی) هونەرمەند (شوان).
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): کورتە نووسینێک هەر بە ناوی تابلۆی (تا کەی چاوەڕوانی)، بەناوکراوەتەوە.

* ژمارە (٤):

- بەرگی یەکەم (دەرەوە): کوردێکی موکریانییە، نیگارکێشکەی نەناسراوە. (مینەرسکی) ساڵی ١٩١٣، لە تەورێز کۆیوێتی. (تەمەنی تابلۆکە لە کاتی کۆینی کۆنترە).
- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە): وێنەی ئاوارەکانی گازی کیمیایین لە تورکیا.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی هونەرمەند (فایق ڕەسوڵ).
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): وێنەیەکی (کاولەکان)ی سەر بە شاری ڕواندز لە ساڵانی چلەکاندا، (کەکراوەکانی مەکەنزی).

* ژمارە (٥):

- بەرگی یەکەم (دیوی دەرەوە): کاریکاتێرێکی سەدامەو لە ژمارە (٣٥)ی ٢٣/٨/١٩٩٠ی گۆڤاری بونتەی ئەڵمانی وەرگیراوە.
- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە): منداڵێک لە یەکێک لە کەمپەکانی ئاوارەکانی گازی کیمیایی لە تورکیا.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی هونەرمەند (مەنسوور).
- بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): وێنەی منداڵێک لە لایەن (هەڵاشلەمبەرگ)ەوە گیراوە.

* ژمارە (٦):

- بەرگی یەکەم (دیوی دەرەوە): وێنەی کەنتەنەیەک لەبەردەم دەزگای ئەمنی سلێمانیدا، کە ساڵەهای ساڵ شوێنی دەست درێژی کردنە سەر ژنانی کورد بووە. وێنەگر: لالە گۆشە.
- بەرگی یەکەم (دیوی ناوەوە): وێنەیەکی فۆتۆگرافییە کە شەش منداڵ بە وردە دارو بەرد خانوچکە دروست دەکەن.
- بەرگی دووەم (دیوی دەرەوە): تابلۆی (ڕەبوارێکی ماندوو)ی

هونەرمەند (عەتا قەزاز).
– بەرگی دووەم (دیوی ناوەوە): وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆتاو.

ئیندێکسی پێنج ژمارەی (پێنج ڕەنگ)
* ژمارە (١)، ١٩٨٨.

– پاش هەڵبجە، خورماڵ سڵەمانی یان … ؟، وتار، پواز، ل١.
– بوونم، شیعر، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٥.
– شەڕی عێراق و ئێران، وتار، سەفین، ل٦.
– ناشنایێک لەسەر ئەستای ڕەشنبیریی کوردی، وتار، گارا ڕەسوڵ، ل١١.
– وانەکانی ئاپۆینەکەی هامبەرگ، وتار، ئەرنست نیلمان، ل١٥.
– عێراق لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسێکی سویسرییەوە، وتار، هەزان، ل٢٠.
– منداڵانی بێ منداڵان، وتار، دیدار، ل٢١.
– فەلەستین، وتار، سەربەست،ل٢٢.
– پەنابەرێتی، وتار، مەبەست، ٢٣.
– کورتە باس، هەڵەڕەنگ، ل٢٥.
– زایەڵەی ویژدان، وتار، زاگرۆس،ل٢٨.
– بەراوردێک، کورتە باس، ل٢٩.
– دوا بەیاری هەرەوەزان، شیعر، ب- بریشت، ل٣٠.
– منداڵانی ئاخر زەمان، چیرۆک، عەزیز نەسین، وەرگێڕانی: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٣١.
– عێراق یان ئێران، وتار، ل٣٢.
– بەشایی، چیرۆک، کاوە، ل٣٣.
– پاشماوەی لاپەڕەکانی (١٩، ١٤، ٣٦، ٣٩)ی تەدایە، ل٣٥.
– ئەیدز، وتار، د. شوان، ل٣٦.
– گەردوون، وتار، ژیلەمە، ل٣٧.
– خاکی سوتاو، وتار، ل٣٧.
– ناوەڕۆک، ل٤٠.
* ژمارە (٢)، ١٩٨٨.
– دوا چارەسەری سەدام بە کێشەی کورد، وتار، ڕەشید، ل١.
– کۆوەن، وتار، ل٤.
– بەرگە، وتار،ل٥.
– پێشبڕکێی خۆ پێ چەک کردن لە کەنداو، وەاتە سەرمایەدارەکان ئەبوژنەتەوە، وتار، ئاوارە، ل٦.
– پێشخستنی بەرهەمهێنانی چەک لە پشت پەردەی ئاشتیخوازی و

پەیماننامەی چەک، وتار، سەران، ل١٠.
– کورتە باس، ل١١.
– کەی هەوا دەسوتێ، وتار، و: گارا، ل١٣.
– عەزیز نەسین و مەسەلەی کورد، وتار، سیامەند، ل١٤.
– سوریالیزم، وتار، زەردەشت، ل١٦.
– بانگەوازی ئەحمەد بن بەلا، دەست هەڵبگرن لە قەتل و عامی میللەتی کورد، وتار، و: دانا، ل١٧.
– ئۆروپاو بازرگانی منداڵ، وتار، ل١٨.
– زانیاری مەسیقا، وتار، ئاسۆ سەتە، ل١٩.
– موحیبەت، وتار، مستەفا گەرمیانی، ل٢٧.
– شاعیرو مەم و زلل ، چیەک، کاوە، ل٣١.
– بۆ کوێ بەینەوە، شیعر، ئەحمەدی مەلا، ل٣٣.
– ئاشنایەتی، شیعر، شەرکۆ بێکەس، ل٣٦.
– هەوەست، شیعر، ئاسۆ، ل٣٦.
– کامەران، چیەک، و: ئانوەر محەمەد ئەحمەد، ل٣٧.
– سینەما، هەستەنگاندنی دوو فیلم، وتار، کامال ڕەشید، ل٤٠.
– ئەردینی کیران چەواشەکاری تەقاندن لە سینەمای تورکیدا، وتار، ڕەفین، ل٤٢.
– نانۆ کاراریان کارەخان، وتاری ڕەخنەیی، هەورامان، ل٤٣.
– مەسیقای سلەمانی بەغدا دەخاتە لارو لەنجە، وتار، ل٤٦.
– پاشماوەکان، ل٤٨.
– پەڕەنگ و چەند وشەیەک، نامە و پێشنیار، نەجمەدین کەریم، ل٤٩.
– گەردوون، وتار، ژیلەمە، ل٥٠.
– مانگرتن لە خواردن، وتار، کەمیتەی بەرهەستی لەناو بردنی گەلی کورد لە فەرەنسا، وتار، ل٥٣.
– بانگەواز، بانگەواز، کەمیتەی هاوکاری کوردستان لە سویسرا، ل٥٤.
– لە نەوەندی ڕەشنبیری (مشت) میونخ بۆ گۆڤاری پەڕەنگ، نامە، ل٥٥.
– چالاکی کولتوری، ل٥٦.
– پاشماوەی وتارەکان، ل٥٧.
– نمایشکردنی وتارەکان، ل٥٧.
– نمایشکردنی سێ کتێب:
١ – کورتە مێژووی فەلسەفە، ئامادە کردن و وەرگێڕانی: مەحمودی مەلا عیزەت.
٢- بەیانی باش ئەی غەریبی، شانامە، فەرهاد پیربال.
٣- فەرهەنگەکی ئەڵمانی کوردی، نەوزاد محەمەد قەفتان، ل٥٨-٥٩.
– ناوەڕۆک، ل٦٠.
* ژمارە (٤)، ساڵی (٣)

- ئاوەدانەوەیەک لە گەڵ انکاریەکانی ئەوروپا، وتار، پەنگ، ل٢.
- دەسپێکی کورتە چیرۆک، وتار، د. سەیدا، ل٧.
- لە دڵی ماکوندۆ ئاشتی بەرکەمالە، چیرۆک، ل١١.
- پیاو و فلیمەکە، چیرۆک، و: تاژدین، ل١٨.
- ئاگەیاندنەکەی کارلەس لەپز، چیرۆک، و: سامان فوئاد، ل٢١.
- هەواڵێک، ل٢٣.
- کەشتی دیلەکان، چیرۆک، و: بابە حاجی، ل٢٤.
- پوپای ئوام چوو بۆ بانکێک، چیرۆک، و: خانە، ل٢٧.
- ژیانی بەختەوەرو کورتی کۆنات، چیرۆک، و: شازە، ل٣٢.
- ئافرەتی کوردو مافی مرۆڤ، وتار، مستەفا گەرمیانی، ل٣٥.
- چاوپێکەوتنێک، هیوا.م، ل٣٧.
- ئیساکێ، یادەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٤٠.
- چەند لایەنێکی زمانی کوردی، ڕێزمان، د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ل٤٤.
- هونەر چییە، وتار، ئاسۆ سەڵتە، ل٤٨.
- عەراق، وتار، ئامادەکردنی: زەردە، ل٥٧.
- ئەگەر نەهات، پەخشان، سیروان.ب، ل٥٩.
- ژیلەمۆی هەڵچوونی مەرگ، شیعر، مینە، ل٦٠.
- ئاپۆرەی سەر شەقامەکان، شیعر، فەرهاد پیربال، ل٦٣.
- بەرەو ژیان، شیعر، ئاواز، ل٦٥.
- سەرنجێک لە گەڕاری پەنگ، وتار، جەزا چنگیانی، ل٦٧.
* ژمارە (٥)، مانگی یەکی ١٩٩١.
- تراژیدیای جەنگ و ناوچەکە، وتار، پەنگ، ل٢.
- تکای منداڵان، شیعر، و: ئەنوەر، ل١١.
- خونەڕژی بەغدا، وتار، ژیلەمۆ، ل١٢.
- فاشیزمی نوێ لە ئەڵمانیا، وتار، و: ش.ن.ز، ل١٣.
- یەکی گوڵانە و پاڕان کورد، وتار، هەڤاڵ مراد، ل١٦.
- ڕژێمی کۆنەپەرستی عەراق بە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام دەگەڕێتەوە،وتار، باوکی ئامانج، ل١٨.
- چەند تێبینییەک لەسەر ئافرەتانی کوردو مافی مرۆڤ، وتار، سوارە ، ل٢٠.
- سەرخۆش، شیعر، فەرهاد پیربال، ٢٢.
- سینەمای کوردی و کورد لە سینەما، کوردەکان لە سینەمای سۆڤیەتی، وتار، و: سەیدا، ل٢٤.
- سیستەمی ستانیس لافسکی، وتار، هەورامان، ل٣١.
- ژوورەکەم ، شیعر، زریان کاکەیی، ل٣٥.
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەکەنزی، پەنگ، ل٣٦.

– لێیادی قانیع، وتار، هەورامان، ل٤١.
– چەند لایەنکی زمانی کوردی، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی ژیان، د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ل٤٧.
– چاوی عەشقەکی تر، شیعر، جەزا چنگیانی، ل٥٢.
– ڕەنگەکان لەناو منداڵ، وتار، دانا، ل٥٣.
– ئیساکێ، بەشی دووەم، بیرەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٥٥.
– جوانی، چیرۆک، وەرگێڕانی هەڵەبجەیی، ل٦٠.
– گوڵاڵە کۆیەکانی کۆتێ، چیرۆک، فەرهاد پیربال، ل٦٤.
– مار، چیرۆک، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٦٨.
– ڕازێکی نەدرکاو، شیعر، سیروان.ب، ل٧٠.
– بانگەوازێک، کۆمەڵەی پەنابەرانی عێراقی لە ئەنقەرە، ل٧٢.
* ژمارە (٦)، ساڵی ١٩٩١.
– سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی جیهان، وتار، پێنگ، ل٢.
– ئەنفالکان، وتار، باوکئ ئاڵا، ل٧.
– لە بیرم نییە دوا جار بە کێ گریام، شیعر، کەمال میراودەلی ، ل١٢.
– کەشتی کوردو تەنگ و چەمەی ڕابەرایەتی و بازنەی بەتاڵی (شێ) و (مفاوەزات)، بەشی یەکەم، وتار، د. فوئاد سەیدا، ل١٦.
– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئیسماعیل بەشکچی، چاوپێکەوتن، و: پێنگ، ل٢٧.
– ئیساکێ، بەشی سێیەم، بیرەوەری، ئەحمەدی مەلا، ل٣٠.
– سەرنجێک دەربارەی پاشگرێک لە زمانی کوردیدا، وتار، ئومێد، ل٣٤.
– سەرەتای حەیرانی تەنمان، شیعر، جەلال میرزا کەریم، ل٣٦.
– مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئەرانداو شۆڤینزم وەک سیاسەتی باوی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، وتار، ب.لاوین، ل٣٩.
– ئوم ماعارک، وتار، ژیلەمۆ، ل٤٦.
– خامۆشیەکی پیرۆز، چیرۆک، و: هەڵە، ل٤٧.
– تاڵە موو، چیرۆک، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ل٤٩.
– هونەرمەند جەمال عەبدێ، وتار، ل٥٢.
– ڕەگەز پەرستی لە ئەڵمانیا، وتار، نەبەز، ل٥٣.
– ئەرێ بابە دیموکراتییەت بە ناخۆشێ، وتار، دلشاد، ل٥٥.

ئیسماعیل تەنیا- هانۆڤەر

دەنگی منی ژن کپ ناکرێتەوە! … ن. ن. ئیبراهیم

ئەم نووسینەی کەلێردا دەیخوێنەوە لە دواین ژمارەی رۆژنامەی هاولاتی بلاوکراوەتەوە، گۆشەیەک لە ژیانی ئنیسانیکە کە لە تەمەنی 13 سالیدا دەدریت بە شوو، لە 15 سالیدا دەبێتە دایک…! ئەم ئینسانە تەنیا یەکیک لەو هەزاران ژنەیە کە لە کەلگای ئیمەدا ئازارو نارەحەتیەکان ژیانی تەنیبیتەوە بەیە لە شوینکدا رادەوستیت و رادەچلەکیت و بەدوای پرسیارەکانی خۆناسینەوەو خۆ دۆزینەوەدا دەگەریت!
هاوکات جیگەی خۆیەتی ئامازەیەک بەوەش بکەین کە ئەم نووسینە لەگەرمەی کەمپینەکدا بەرهەم هاتووە بۆناوی (نا بۆ رفاندنی) کەمانگی رابردو دەست بەکاربووە، بۆ چەند حالەتیک لە منداڵ رفاندن… هیوادارین بینەری گرتەو بابەتەکانی ئەم کەمپینەبن لەریگەی پەیجی (نا بۆ رفاندن)ەوە کە سەدان هەزار کەس بینەری بوون و هەزاران کەس لایک و کەمێندنتیان لەسەر نووسیوەو سەدان کەس بابەتەکانیان شیرکردوەو پشتیوانیەکی زۆربۆرفرانی بەدەستهینا . بەیە هیوادارین بۆ ئاشنابوونیکی زیاتر لەپاڵ خوێندنەوەی ئەم نووسینەدا هاوکات بۆ بەدەستهینانی زانیاری زایاتر پەیجی (نا بۆ رفاندن) بەسەر بکەنەوە. جیگەی خۆیەتی ئەوەش بلێین کە هەرکەس ولایەنیک خوازیاری هاوکاری کردنن بەم دایکە دەتوانن لە ریگەی ئیمەوە پەیوەندی بکەن بەم دایکەوە!

دەنگی منی ژن کپ ناکرێتەوە!

ن. ن. ئیبراهیم

لەبەهاری 12 ساڵیمەوە، هەر خزم و ناسیاوەکی «پیاوماقول» تەلەفونی دەکرد ئیتر بازاڕی کچەکەی بابە گەرم دەبوو… (من کچەکەم بۆ ئەوە داناوە، حەدی چیە لە کوڕی ئەوڕی باشتری دەستکەوێت، کچ کچی خۆتانە هەرچەند جارە 12 ساڵیەتی…). بەڵام بەلای ئەوەوە کەشە نیە ئەدی کچەکەی سنگی بەرزبووەتەوەو بەخەڕە مانگانە (عادە)دەبێت، کەواتە کاتی هاوسەرگیری هاتووە. بەخشینەوەی بەشەک لەم قسە شیرینانە لە زمانی باوکی خەمەوە تەنیا بەمەوە نەوەستا، بەڵکو کار گەشت بەوەی کە ئیتر تۆ پەویستت بە خوێندن نیەو ساڵکیتر دەبێت دەستهەڵگریت لە قوتابخانە … ئەم دەخە لەگەڵ نەڵزایەتی ئەو بڕایەم هووە

بووبوو کە تەنیا دوو ساڵک لەخۆم بەتەمەنتربوو، دایکیشم وەک زۆرێک لە دایکانیتر بەدەنگی هەڵبژاردبوو.

کە چاوم دەگەڕا بە نێو دەستەخوشکانی گەورەک و خوشکەکانم، زۆربەی زۆریانم دەبینی کە باوکیان دەردەکەوت پێیدا هەڵدەزنان … دواتر کە لەخۆمدا ڕادەچووم لەماڵەکدا هەموومان لە یەک ژوردا ژیان بەسەردەبین، بیرم لێوە دەکردەوە کە من بۆچی هەندێ لە باوکم دوورم، بە لێیدەترسم، بە وەک دایکم ناتوانم لەکاتی قسەکردندا چاو لەچاوانی بابم ببڕم،…ئەژیکیان لەتەمەنی 13 ساڵیدا دایکم هاتە تەنیشتم ووتی (کچم فلان کەس تەی بەدەو دەیەوێ تە بکاتە خەزانی خۆی، تە چی دەڵێیت… بە ماوەیەک لە بەدەنگیدا غەرق بووم، نەمدەزانی چی بڵێم… گەر لە تەمەنی ئێستەمدا دەبووم 23 ساڵ دەمزانی چۆن وەڵامی دەدەمەوە، بەجۆرێک کە هەرگیز هەرگیز ئەو وەڵامەی منی لەبیر نەچوبایە… بەڵێ کچێکی 13 ساڵ لەباتی هەموو سەرگەرمیەکانی تەمەنی منداڵی دەبێت زەواج بکات، تەبیعیت ئەم کلتورە چ کارساتێک بێت.

دەکرێت چاوەڕێی چی بکەن لە هەرزەکارێکی 13 ساڵە، دواتر کە بەنجەکە بڕیدام منیش ووتم (بڕاستی منی بەدەڵ)… دوو هەفتەی پێ نەچوو بەلیباسی سپی بوکنیەوە دایکم لە چێمەوەو مردەکەم و باوکیشم لای ڕاستەوە وەستابوون، ئیدی وێنەی بوکێنی چرکینراو تەواو. پاش ماوەیەکی کورت دەوروبەر مردەکەمیان فەردەکرد کەچۆن دەسەلاتی خۆی بسەپێنێت بەسەرمداو چۆن من بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە … ئەژیکیان لەبازار دامەنکی تەنورەی سێ چارەکی هەڵگرتوو سەیرکی کردم و ووتی ئەمەت پێ چۆنە بە نایکەیت؟ باوکم چاوی تەبەی و بردیە ئەولاترەوە قسەیکی لەگەڵ کرد… دوای ئەو ئەژە ئیتر جاریکتر باسی دامەنی کورت نەکرایەوە.
ئەژیکیان چووین بە مزگەوت و بە ناولینانی منداڵێک، منیش لەچکەکم لەسەرنابوو، ئەوارە کە گەڕاینەوە هەمووەمان چووینە بالکونەکەو دانیشتین، گەڵێ باسکە هاتە سەر من… ووتیان ئیتر تە مردت کردوە دەبە وەک ژن جلوبەرگ بپۆشیت، لەچکی تەواوت لەسەربێت و دەبێت وەک ژنەکی تەواو هەڵسوکەوت بکەیت. منیش هاتمە دەنگ و ووتم من حەزم لێنیەو ئەوکارە ناکەم، دایکم چاوەکی لە مردەکەم کرد ووتی ئەو پێت لەسەردەکات، من چەندی ووتم نا حەزم لێنیە، دواتر مردەکەم ووتی ئەمە عەشایەرین و لای ئێمە ژن ئەبە لەچک بکات.

بەڵێ لەتەمەنی 13 ساڵیدا مردم کرد، ئیتر بەخاتری ئەوەی کە گەورەتر وەدەرکەوم لەچکیان لەسەرکردم. پێیانوابوو بە لەچکەکەی من

عەیبەکەی خۆیان دادەپۆشن. پاش 15 ساڵ هەرجارێک کە دەمگوت باوکە، هەستم دەکرد کە لەدڵەوە نیەو هیچ هەستێکم بۆی نەبوو. هەرلەبەر ئەو هەیانەش بوو کە بەوام بەخۆشەویستیان نەبوو، پەموابوو کەباشترین کەس بۆ ئینسان هەر دایکە ... بەڵام لەمیشیاندا ئەزموون و خوێندنەوە فڕبوونەکانی دواتریش شتێکی تری پێووتم، هەستمکرد کە خۆ بەخۆ ناوی دایک بەرابەرنیە بۆ هەقیقەتی ئەو دایکەی کە دەبێت وەک دایک بێ خەی بنووێنێت ...
من دەزانم کە بەراستی باوکانێک هەن لەخەمی ژیان و بوونی کچەکانیاندان. ئاخر ئاسان نیە بۆئیستەشەوە من لەگڵ باوکم دانیشتن و شۆخیکەمان نەبوو، بەداخەوە زۆر جار لەو تەمەنەشدا باوکم گاڵتەی پێدەکردم و پێکەنینەکانیم گوێ لێ دەبوو کە چاوەکانیم دەبینی دەمزانی چەند بەسوکی سەیرم دەکات. ئیتر لە نیوەی یەکەمی تەمەنی 13 ساڵیمەوە هەستم بە تەنیایەکی زۆر دەکرد، بۆیە بەناچار پەنام بە مەردەکەم دەبرد کە 13 ساڵ لەخەم بەتەمەنتربوو بێکو ئەو بۆشاییەم بۆ پڕبکاتەوە.

پاش نیوەیەک ئەمە هەموومان پێکەوە دانیشتبووین لەسەر سفرەی نانخواردن قسەمان دەکرد باس هاتەوە سەر سوراو ئارایشتی من، لە تەنیشتی بابمەوە گسکێکی کارەبای لی بوو هێگرت و بە هاوسەرکەمی ووت کوەم کچەکەم بۆقسەی کردی باش، بۆقسەی نەکردیت (لەگڵ پەدانی دەستی گسکی کارەباکە ووتی (تەربیەتەکەی لەدەست تۆیە). ئیدی وەک گوشتی قوربانی درامە دەست کابرا...، تەنیا مانگێک لە تەمەنی 15 ساڵیم تێپەڕبوو یەکەمین منداڵی خەم کردە باوەش، سەرتا هەموو شتێک زۆر بەجوانی لەگڵ منداڵەکەم دەگوزەرا، دەتگوت لەم دنیا تەنیا من و ئەو هەین، لەوساتەوە کە خەزانی مەردەکەم دەستیان نابووە ژیانمان هەموو شتێک لە پڕا گۆڕا. پیاوێک مەڵەتی پەدرابوو کە بەتەواوی و بەوشەوەی کە دەیەویت کەنترڵی خەزانەکەی بکات. خەڵکانی دەوروبەر نەخشەی هەڵسوکەوتی دیاری بکات، ئیتر دەبی چ چاوەڕوانیەکت لە هەبەت وەک هاوسەرێکی ژیان. بۆیە ئیتر ڕووم لە دنیای خەم و منداڵەکەم کرد، هەموو کەسانی ترم لەنەوان خەماندا لابرد لەگڵ منداڵەکەم دونیایەکمان بۆ خەمان دروستکرد... دووهەمین منداڵم لەتەمەنی 17 سالی چاوی بەژیان هەڵهێنا، سێیەمین منداڵیش لەتەمەنی 19 سالی دابوو. کەواتە جارێکە نەبووم بە 20 سال بوومە دایکی سی منداڵ.

لەلایەک بکەوێ ژێر گوشاری حەزو ئارەزوی مەرد، بە منداڵ بوون و لەلایەکی تریشەوە تەحەمولی قسەوباسی خەڵکی بکە کە چەندیان پێ سەیر

بەت لەو تەمەنەدا دایکێکی وەک من خاوەنی سێ منداڵ بەت. لەم جیهانە نامەیەدا گەڵامۆ بەخەمم ووت :(خۆیاڵی تۆ چی بوو بەمنداڵی، خۆیاڵەکانت بوون بەچی بەکەی چون) بەڵێ خۆیاڵم لای نووسین بوو کە ببمە نووسەرو لەم ڕێگەیەوە ڕاستیەکان بهێنمە پێشچاوی خەڵکی، خۆیاڵم لای ئەوە بوو کە ببمە وێنەکێش بەجۆرێک کە چاوم نووقاند بتوانم بشۆڕیەکی زەر کاریگەر هەستەکانی خەم نیشان بدەم، خۆیاڵم گەلێک زەربوون، بەڵێ دەموویست لە ڕێگەی خۆیاڵەکانمەوە شانازی بەخەمۆڵە بکەم و بەخەم بژیم، ئازایەتی و لێبڕاوای خەت بەم ڕێژگاڕەی گەیاندی… بەڵام لە تەمەنی 13 ساڵیدا ئەڵقەی بووکێنیم لە پەنجە کرا… تەمەنی 20 ساڵی ئیتر کاتی ئەوە هات کە ڕاچەنم و هەستمە سەرپێی خەم. بۆیە دەستم کرد بەخوێندن و خوێندنەوە… پەیوستم بەخۆ تەکاندنێک بوو، دەبوو بە وردی بیرکەمەوە لەوەی کە چەن گۆڕکراین، چەن فەرکراین، دواتر چەن دەبەت من منداڵەکانی خەم پەروەردە بکەم، بەکام پرسێی گۆڕبووندا بڕەن بەکورتی ئامانجەکم لەبەرپێی خەم دانابوو دەبوو بکەومە ڕێ …. هەربۆیە دەستم بەخوێندن کرد، هەوڵمدا هەنگاوی بەڕەوپێش بنەم، بۆیە دروست لەهەمان ئەو بوارەدا دەستم کرد بەخوێندن کە پەیوەندیان بە منداڵ و خیزاندارێ و ئەو ماف و خزمەتگوزاریانەی منداڵەوە هەیە. بۆیە ئەم هەنگاوەو بڕگەنامەیەک کە لە ڕێگەی خوێندنەوە بەدەستهێنا زەر یارمەتی دەربوو بە خەدزینەوەو ڕاوەستان لەسەر ئەو پرسیارەی کە من کێم و دەمەوێ چی بکەم لەداهاتوودا.

بۆیە ئیدی ئاراستەکانی ژیانم گەڕانی زەریان بەسەرداهات، کارکردن، خەدروستکردن و خوێندن و خوێندنەوە، کار لەگەڵ منداڵ و منداڵ پەروەردە کردن، کاروباری دائیرەو دەرەوە… لەهەمووشی زیاتر ئەوەی کە دەبەت من هەم دایک و هەم باوک بم، بە کورتی بە گشتان بەدوای وەلامی پرسیارەکانمدا، هەزو لێبرانێکی جدیم لە خەم نیشانداو بریارمدا کە ئەستا ئیتر کاتیەتی و دەبەت بە خەدروستکردن و ژیانێکی باش بە منداڵەکان، جیا ببمەوە. یەکەم جار کە گەشتمە چرکەساتی دەربڕین و بیاردانی جیابوونەوە لە مەردەکەم، لە تەمەنی 21 ساڵیدا بوو، کە هەرچی هەنام وبردم سەرکەوتووبووم. بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە باوکیک بەهەر دەلیلێک بەت کەمترین بەرپرسیارەتی لەخۆ نیشان نەدات، بەردەوام لەسەفەرو سەفای خۆیدا بەت… کەی دەتە ماڵەوە، کەی دەڕوات… بۆبە ئەوەی کەمترین ڕەلەکی هەبەت لە ئیدارەی ئەم خیزانەو پەروەردەی منداڵەکانیدا، بۆیە دووهەم جار کاتێک کە زەر بەوردی و دلنیایەکی زەر زیاترەوە بیرم

لە ئایندەی ژیانی خۆم و منداڵەکان کردەوە، بەوە گەشتم کە تەنیا ڕێگەی بەردەمم جیابوونەوەیە، بەیە لە تەمەنی 22 ساڵیدا دوابیاری خەمدا.

هەر ئەو شەوە کە لەگەڵ منداڵەکانمدا لە خەوکی قوڵدا بووین و ئەویش لە ژوری نوستنی خۆیدا بوو، کاتژمێر 3،30 دەقەی شەو من خشبەختانە توانیم لە هەوڵی مەردەکەم بە کوشتنم ڕزگاتم بیت.
سەرەڕای ئەو کارەساتەی کە بەسەرم هات و جیا بوومەوە، خەزانەکەم دیسانیش کەوتنەوە دژایەتم و کارگەشت بەوەی کە گوشاریان دەهێنا بە ئەو دەستانەی کە لە دەوروبەرم بوون» لە کچەکیان دورکەونەوە» کە گوایە بەتەنیایی بیرێک زیاتر لەخەی بکاتەوە ناچاربێت بەوەی کە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی... بەڵێ بەبە ئەوەی کە من ئاگادارم دەوروبەرەکەم پێکرابوون زەریکیان پێیان سپاربوو دیانپرسی ئەوە پاش تەمەنێک پێکەوە ژیان چۆنە ئەستە بەوە گەشتوویت و توانیت بیاری جیابوونەوە بدەیت... وەلامی منیش بە ئەوان ئەوە بوو کە (ئیتر من کچە منداڵە تەمەن 13 ساڵەکە نیم و گەورەبووم، ئەستە من تەمەنم 23 ساڵەو دایکی سێ منداڵم و ئیتر کاتی بیرکردنەوەو بیاردانێکی جدیە بە ژیانی خۆم و منداڵەکانم. بەیە دەبێت بەبروا بەخە بوون و جسارەت لە خەنیشاندان، دەست بکەموە بە دروستکردنەوەی سەرلەنوی ژیان و کەسایەتی خۆم. بەیە لەو ڕۆژگارەوە کە چاوم کراوەتەوە بەردەوام ئەو قسەیە بەخۆم دەڵێم و دەمەوە کە (تا من لەشساغ بم و بتوانم لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم دەبێت بەهەزو سەربەرزانە ئەو بریارەی کە دەیدەم پاش لەوردبوونەوە و تیارامانێکی زەر پێویست دەکات کاربکەم بە جێبەجێکردنی. مەرجێکی سەرکەوتنی خۆم لەوەدا دەبینمەوە کە کار لەسەر بیروڕاکانی خۆم بکەم و باوەڕی تەواوم پێیان هەبێت چونکە دەزانم دەبنە هۆیی باشکردنی ژیانی خۆم و منداڵەکان هەربەیە پاش ئەو بیارە هۆیم دەدا خۆم باش نەفەس هەلکیشم بە ئەوەی منداڵەکانم بتوانن بە باشی هەناسەی پێ بدەن.
تیبینی / بە زانیاری زیاتر سپارت بە هەقیقەتی داستانی منی دایک دەتوانن جەند خولەکێک سیرکی کەمپینی (نا بە رفاندن) بکەن.

پێکهێنانی حکومەت ... سەلام عومەر

(هەر پارتێو بە گۆزی خۆی حکومەتی ئایندە دەپێوە)

پرسی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان, بۆتە باسو خواسی ئەم رۆژانەو هەر میدیایەو بۆجۆرێك سیناریۆی بۆ دروستدەکاتو هەرپارتێو بۆپێی بۆرژەوەندییەکانی خۆی بیر لەحکومەتی ئایندەی کوردستان دەکاتەوە, هەموو ئەو ئۆگرانەش کەلەدوای هەڵبژاردنەکاندا تیشکی خرایە سەر, بۆتایبەت ئۆگری دووبارەبوونەوەی حکومەتەکەی یەکێتیو پارتی کە بۆفیفتی فیفتی ناسرابوو شکستی هێناو دواتر گەڕاو بیر لە حکومەتی بنکە فراوان کرایەوە، بۆ بوونی ئۆپۆزیسۆن و چەند پارتێکی نارازی کە تا ئێستاش نەبووتە ئەو کەسپەی حزبۆ براوەکان گڕێ گیر بکات، لەهەموو ئەو ئۆگرانەدا هاوڕاتی بیر لە دەنگەکانی خۆی دەکاتەوەو چاوەڕێیە لەنەو قومارێکی هاوشێوەی ئەوانی رابردوو بیانخەنە سەر مێزی دانووستانەکان و وەك کارتێکی سووتاو چوارساڵی رۆبەڕی پەبەڵەکەن، ئێستا نزیکترین ئۆگەر حکومەتی بنکە فروانە, واتە سەرجەم ئەو پارتانەی کورسی پەرلەمانیان هەیە, بۆقەد قورسایی خۆیان بۆشداربن, ئەوەی بۆشداریش نابێت شۆقامیان پیشان دەدەن و لە بنەوشەڵا هەڵشەی گوشینیان لەدەکرێ، خۆئگەر پەژۆیەکی نیشتمانی لەم نەوەندەدا بۆئامانجی یەکخستنەوەی باڵە لەکترازاوەکانو پارتە دژەکان بۆتە نەو کایەکانی دروستکردنی حکومەتێك تا هەموان لەسەر یەك سفرە کەکاتەوە بنیاتنانی پایەکانی دیموکراسی، ئەوە دیسانەوە پێویستیمان بۆتەواوی پارتەکان دەبێتو لەم کاتانەشدا هەر بنکە فراوانیەکە باڵ بەسەر ئایندەی هەرەمەکەمان دادەپۆشێ بەڵام هەر بۆتامی حکومەتەکانی رابردوو، واتە قەیرانی دارایی و کێشمەکێشی حزبی و پەراوێز خستنی ئەوانی دی، لەم کاتانەشدا ئۆپۆزسیۆن قسەی خۆی دەبێ بەڵام لەبیریشمان نەچێ ئۆپۆزسیۆنەکانی رابردوو لەسەر شۆقام بوون و نەیانتوانی بیگەڕێنن لە کاتەکدا لە ئەوجی هەزدا بوون، بۆئەم جارەیان دەبێت بە بەرنامەیەکی تەکمیتروەو بچن و لەناو حکومەتی بنکە فراوانداو گەڕانکاری ریشەیی بکەن، تا هەرهیچ نەبێت متمانەی شۆقام و ئەو هێندە دەنگدەرە وەدەست بهێننەوە کە لە گەڕیان ماون، بۆیە ئۆگەر هەرتاکو لایەنێك بگیانێکی نیشتمانیانەو هەستکردن بە بەرپرسیاریتیەوە سەرنجێك یان بیاسێك بۆنەو ئەم ئۆگرانەدا بکات، ئەوە حکومەتی بنکە فراوان، بەبێ گیانی گەڕانکاری خۆ نوێکردنەوە لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو نابێت،

کە گـوێ لـێ هـەمـوان رانـگـرێ، ئـەگـەر تـەواوی پـرۆژە چاکسازیـەکـان نـەخاتـە بـەرنامـەیـەوە، پارتـە نـارازیـەکانیش رازی نـەکات،, ئـەوجا دەکـرێ حکـومـەتی بنکـە فـراوان ئـەو بـەچـوونـە هـەڵـبـژاردنـە کەدەگوترا (مادام لـەحکومـەتدای، نـابـێت رەخنـە بگری), دەکرێ وەک چـۆن لـەنـێـو پـەرلـەمانـدا بـەچـوونی جیـا هـەبـوو لـەنـێـو ئـەنجـوومـەنی وەزیرانیشدا کـەبوونـەوەکـان بـەئاراستـەیـەکدا بـبردرێ, پـرۆژەکـان بـەشـێوەیـەک گـۆڕانـکـاری بکرێن, لـەخزمـەتی زەرینـە دابـەو کارێک بکرێ, چیدی حزب حکومـەت بـەڕێوە نـەبـاتـەو حکومـەت بـەجـۆرێک تـەندروست بکرێ, تـەواوی وەزارەتـەکان بخرێنـە خزمـەتی هاوڵـاتیانـەو چیدی حکومـەت بـەبـێ ئـەوانـەی پـرۆژەی دەوڵـەمـەندیان هـەیـە, تاک لایـەنـە ڕەفتار نـەکاتـەو هـەر هـەموو پـێکهاتـەکان بـەئامانجی خزمـەتگوزاری زیاتر ئـەپـۆزسیـۆن بن، واتـە کـەسی شیاو بـە شـوێنی شیاو نـەک بـەحزبی کردنی تـەواوی بـەرەوبـەرەکانی ناو وەزارەت و خـوێندنگاکان خـۆگـەر زەرینـەی وەزیـرەکانیش هـەمـەرەنگبن ئـەوە ئامانجـەکانی ئـەپـۆزسیـۆن و شـوقام لـە حکومـەت نزیکتر دەکاتـەوە.

دەکرێو ئیدی کاتیـەتی پارتـەکان بـەرژەوەندی نیشتمان و متمانـەی دەنگدەرو خـەونـەکانی ئایندە بکـەنـە پـەڕژیـەکی نیشتمانیەو لاربـوونی باری دارایی هاوڵـاتی راست بکـەنـەوەو روی خـێیانەو هاوڵـاتیان بـەرەوونی پیشانی میـدیا جیهـانیەو ناوخـێیـەکـان بـدەن، تـا چیـدی لـەکـاتی هـەڵـبژاردنـەکاندا نـەپاڵـێنـەوە.

خوێندنەوە و ڕاڵی لـە پـەروەردەی تاک دا … کرمانج فـەتاح

لـەبیرمان بـێ کـە لـە هـەر کـۆمـەڵگایـەک دا پـەروەردەی چاکی تاک بناغـە و بنـەمـا شارسـتانیـەت و مـدەنیـەتـە هـەروەهـا هـەکـارەکی سـەرکـێ لـە دەنیایی و دروستی ئایندەی کـۆمـەڵگا.
پـەروەردەی نـوێ و تاکی کـۆمـەڵگا ئـەرکی هـەریـەک لـە ئـێمـێ لـە شوێن و مکـانی خـۆمـان بـە ئاسـت و ڕەڕەی توانـا و زانسـت و ڕەشنبیریمـان بـەشـێوەیـەکـە گشتـی, وە بـەشـێوەیـەکی تـایبـەتیش ئـەو ئـەرکـە گـەورەیـە لـەسـەر دایـەک و بـاوکـە کـە خـاوەن و بـەرپرسـن لـە پـەروەردەکـردن و گـەورەکردنی چاک و دروستی منداڵـەکانیان ئـەمـەش دەکرێ بـەزەر شـەواز و

ڕەگای جیاواز بکرێتە راستەقینە.

ڕۆشنبیربوون سەرەتا و دەسپێکی پەروەردەیەکی باشە کە ناوەرۆکی پەروەردەش بریتی یە لە مامەڵەی ڕەك و جوان لە هەموو ڕوو و لایەنەکانی ژیان بەرامبەر خود و کەسی بەرامبەر و خاك بگشتی, هەر بۆیە دەخوازێ لە ئەمە لە کتێب و خوێندنەوە دەست پێ بکەین چونکە لە دونیای کتێب و خوێندنەوە چێندان ئەزموون هەیە بۆ باش و خاپیەوە و زانست و معریفەت بەدەست دەهێنرێ کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر کەسی خوێنەر و گەڕپانەکە بگشتی هەروەها بوون بە خوێنەر لە تەمەنێکی زووەوە کاریگەرتر دەبێ و کەس و تاکی کەم وێنە پێ دگەیەنرێ, خۆی لە خۆیدا کتێب مامۆستایەکە بۆ پەروەردەکردنی کەسی خوێنەر کە خاك دەتوانن لە هەر شوێن و ئاستێکدا پشتی پێ ببەستن,کەواتە بە دنیابوون لە دروستبوون و هەبوونی تاکی چاك و چالاک, ئەوە لە بیرنەکەین کە پەیوستە کتێب و خوێندنەوە ببێتە کلتوور وە کلتورێکی ناوازە و بەبەها, کە هەر لە دوورەوە هەست بە بۆن و بەروبومەکەی بکرێ کە کەسی خوێنەر تاکێکی جیاوازە دەزانێ بە ڕابردوو و هۆشیارە بە ئێستاو بە پلانە بۆ داهاتوو.

بۆ ئەمەش پەیوست بە چەند هەنگاوێك دەکا کە دەوڵەت و دەزگا و ڕێخراوە مەدەنیەکان هەنگاوی بۆ هەڵگرن و کاری جدی لەسەر بکەن:
١_ خوێندنەوە بخرێتە ناو پرۆسەی خوێندن و پەروەردە تا قوتابیەکان هەر لەسەرەتاوە فێربکرێن و ڕابهێنرێن کە جیا لە هەر بابەتێکی تر ئەوە کلیلەکە بۆ بەدەست هێنانی معریفەت و ڕۆشنبیری و زانست.
٢_ زەرکردنی کتیبخانە لە شار و بوونی کتبخانەی گەرەك بۆ گوند و لادێکان تا پێش ئەوەی خەڵکەکە بیانەوێ ئەوا بخرێتە بەر دەست و دیدیان.
٣_ کردن و دروستکردنی زەرترین سیمینار و خول و وەرک شۆپ و دیدار لەسەر ڕالی کتێب و خوێندنەوە لە گەرانکاری و کایگەیکانی بەسەر تاك و کەمەگادا.

کرمانج فەتاح

) نموونە لە شیعری ئیرۆتیکی چینی(یەوە … و: نەژاد عزیز سورمە

(1)
ئارەزوو

ئەگەر حەزت لە منە
جلەکانت داکەنە و
هووباری (زەهین) بگرە بەر
بە مەلە وەرە لام ..
ئەگەر حەزت لە من نییە ،
لەم دەوروبەردا لاو زەرن
گەنجی کەوی !
ئەوەندە کەوی مەبە !

ئەگەر ئارەزووی من دەکەی
جل و بەرگت داکەنە و
هووباری (وی) بگرە بەر ،
بە مەلە وەرە لام ..
ئەگەر حەزیشت لە من نییە
لەم دەوروبەردا تەلاز زەرن
لاوی کەوی !
ئەوەندە کەوی مەبە !

(2)
دەرکەوتنی مانگەکی سپی

مانگی سپی دەرکەوتوو
جوانیی درەوشاوەی تەیە ..
بە نەفرەتان دیلم دەکەن
دەم هەلا هەلا ..

ماهی سووکەکە
وەك خانمی من
شەوق ئەداتەوە ..

بۆ کێتی ڕۆناهی پێوەندم دەکا
تا دەم لێت و پێت دەبێ ..
ماهێکی گەگرتوو بێ شکێکی سپی
تەی تەنیا تەی قەشەنگ
بۆ تەنیا تەی بریناندم داوێ
تا دەم هەلا هەلا دەبێ ..

(3)
گیای هەچووی کێگان

لە کێگاندا گیای هێچوو
بۆ شەونم دەدرەوشێتەوە ..
ئەوەتا کیژێکی سەرنجڕاکێش هات
چاوی ،
وێنەی کانی ڕوونن ..

بەرەو ڕووی دەبەوە
دێێی ێێکەوتە
تەواو وەک ئەوەی
نەخشەم بۆ کێشابوو ..

لە کێگاندا ،
گیای بەند هەیە
بۆ شەونم هێێدایسە
ئەوەتا کیژی جوانکیلە
ڕوو بۆ ڕووی دەبەوە
وەک بێێی ێێکەوتە ..

(4)
وەرە خەمان بشارینەوە
تا کەس نەمانبینێ

بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێ
زەنگزی لێت دەپاێێمەوە!
لێت دەپاێێمەوە زەنگزی !
مەیە گەەکی ئەمە
چی شەنگی مەشکێنە
من خەمی شەنگبیانم نییە

لە کەسوکارم دەترسم

حەزم لێتە
بەڵام لە لەمەی
کەسوکارم دەترسم
لێت دەپاڕێمەوە زەنگزی !
بە دیواری ماڵماندا هەڵمەگێڕە !
لقی دارتووکە مەشکێنە
من خەمی دارتووم نییە
لە براکانم دەترسم ..

حەزم لێتە ..
بەڵام ترسم لە قسەی براکانمە
لێت دەپاڕێمەوە زەنگزی !
مەیە ناو ڕەزمان
لق و پۆپی
دارسێندڕەکە مەشکێنە
من خەمی دارسێندڕەم نییە
لە قسە و قسەڵۆکان دەترسم

حەزم لێتە ..
بەڵام
لە دووزمانی خەڵك دەترسم ..

_____

سەرچاوە
بڕِوانة :

http://www.jehat.com/ar/KheyanatThahabeya/poet/Pages/10-6-09-1.aspx

ئاوێنە ... سەلام عومەر

ئاوێنەیەک
سەرنجم دەخاتە سەر
چیمەنێ سپیەکانی خەنافیزم و
ناچاری بژارکردن و
بەینی پەرژینی
سمێڵ ماش و برنجیەکەم دەکا،
دەراوەکانی سیمام پیشان دەداو
ئاڵز بوونی چێکانی برەم پەدەبێ،
تا
سەبارەکی گرانتر نەخاتە سەر
دیدێ لاواز بووەکانم و
خەم پەنەخوەندرەتەوە،
داوێک
بە کێڵ گیاکانی کوەمەم دەنەماوەو
ئەو موو زیادانێ پەوە دەبن
کە سپیاتی کوەمەی داپەشیوم،
هەندێ جاریش
بروسکەیەك بە دەمارەکانمدا دێنێ و
فرمێسکم پەدەژێ
ناچاری گریانەکی پیاوانەم دەکا،
ئاوێنەیەك
ئەو ساڵانەم بیر دەخاتەوە
کەکەوتونە
نەو تێی راوچیەکان و
نامدانەوە،
ئەو ساڵانەی بەئاشکرا
خەریکی چرچولێچکردنی سیمامن،
دووواجار...
ئەو کولوێ بەفرانێ دەتەکێنم
کە بەسەر کەشمدا باریون،
ئەو کولوانەی
بەگەرماو سەرما دەن و
نایانبینمەوە.

زارم … ھەستم خامۆش

زارم ژیرو هۆشیارم
زارم جوانێ ئاکارم

قسەم خۆش و بەخشندەم
هاوڕێ و دۆستی باشندەم

هەرگیز ئازاریان نادەم
لەگەڵیاندا ئاسوودەم

ئەوان جوانن بە ژینگە
هەبوونیان زەر گرینگە

ئەودەمی ، کە هەڵدەفڕن
نەغمەو گۆرانی دەچڕن

شادیی بە دەمان دێنن
چونکە ئاواز دەخوێنن

ھەستم خامۆش

نیگای هەتاو … ستار ئەحمەد

گومان لە دەنگی زەنگە
وێنەی هونەرمەندان دەکێشن
لەگەڵ خەونا سەما دەکەین
بە دەنکە باران دەمانکێشن
دەمانەوێ بگەینە مانگ
خۆر لەسەر خوانمان دابنێین
بەرەو ئاسۆی نادیار دەڕۆین

دونێ بووەتە پاشە ڕۆژو
ئەمڕۆ بۆ بەیانی رەنجەڕۆیین
باوەڕ لە نەوانمانا گەردونێکی داگیرساوە
زەوییەك دەکڕێین هەنگوینە باراندو
باروتی گوللەی قووتداوە
هێناوە.. جەستەیەکی ڕاشکاوە
نیگای ماتی خۆرەتاوە
کە ویستیان ئاسمان دابەشکەن
چاوەکانی ئەستێرەو مانگ
لە دەروونی شاعیرانا
نەبوونە چەك
ئازووقەو تانك
بەڕام بە ڕووناکیمان
پرشنگمان خستە زامی پەیکەری ئاڤێستاوە
زەردەشت لە نوێ گەڕایەوە
گوڕی ئەویندارێ لە مێشکمان چاندو
پەڕەی مێژووی هەڵدایەوە
ناومانی لەسەر دەسرازەی ساواکان نووسی
هێناوە بووە بەرگو نان
دەدرانە دەست گەداو برسی
نەبوونی کۆتایی هاتو
پەلکە زێڕینە بووە تووڵە ڕەگای لانەوازان
ئەم خاکە وەکوو خەنە
درا لە پەرچەمی چیاو
چەپکە نەرگز
تارای شادی خۆرە تاوبوو
بۆ کەژاوەی بووکی ئاسمان

ستار ئەحمەد

عەلمانیەت ... سامان غەفور باقی

هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە .....
http://dengekan.com/doc/2010/7/samanGhafur14.htm

بەرلەوەی بچینە ناوەڕۆکی ئەم چەمکەوە وەك ئایدۆلۆژیایەك و تیۆرێکی سیاسی بەباشی دەزانم لەووی زمانەوانی و فەرهەنگیەوە سەرەتای سەرهەڵدانی ووشەکەوە. زاراوەی عەلمانیەت یەکێکە لە چەمکە گرنگەکان و زۆرجار لەبیرمەندان و فەیلەسوفان بەڵای جیاوازەوە قسەیان لەسەر کردووە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە ئەم چەمکە گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەم چەمکە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و فەلسەفیەکاندا بایەخێکی تایبەتی هەیە وە لە فەرهەنگی وەبەردا عەلمانیەت بەوە پێناسە دەکات کە چەمکێکی سیاسیە و دەخوازێت کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای سیاسی جیابکاتەوە بە جۆرێك کە دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی نەبێت کۆساش خاوەنی هیچ دەسەلاتێکی سیاسی نەبێت.(1).

بالە ووی زمانەوانیەوە ئەم زاراوەیە ووون بکەینەوە بزانین لەسەر دەستی چ کەسێك بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە بەکار هات و لەسەر دەستی چ کەسێك فراوانی بەخۆیەوە بینی. زاراوەی عەلمانیەت لەووی زمانەوانیەوە لە وشەی سکۆلاریزمی ئینگلیزی و پێکهاتەی سیکۆلی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بەمانی جیهان یان سەردەم دێت، وە بۆ یەکەم جار ستفالیا ساڵی 1648ز لە تۆمارکردنی ئاگربڕیچکدا بەکار یەهێنا، وە فراوانبوونی عەلمانیەت لەسەر دەستی جۆن هولیۆك ساڵی 1817ز ـــــ 1906ز) وە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت قەسە لەسەر عەلمانیەت دەکات دەیبەستێتەوە بە مەسەلەی باوەڕەوە و لەم بارەیەشەوە دەڵێت: (باوەڕ بەهەموو تواناکانیەوە چاکسازی دەکات لە حاڵی مرۆڤدا، لەیچگای ماددەوە دوور لە قەزیەی باوەڕ کە قبوڵا بکرێت یان نەکرێت).(2)
کەم نین ئەو توێژەرانەی کە هەوڵیان داوە عەلمانیەت بەشێوازێك لە شێوەکان ووبکەنەوە و بەپێی دنیا بینی خۆیان و لەوانگەی مۆژوویەکەیەوە و سەرەتای دروست بوونیەوە و پەل هاویشتنیەوە قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا وادەکات کە جارێکی دی و بەشێوازێکی زۆر تایبەتتر قسە لەسەر چەمکی عەلمانیەت بکرێتەوە، ئەوەیە کە کورد نەیتوانیوە بچێتە ناو قووڵایی بیرکەکانی عەلمانیەت و تێگەیشتنێکی تایبەتی لەسەر هەبێت، ئەمەش کۆمەیچك فاکتەری لەپشتەوەیە کە لەو هەڵە تێگەیشتنەی کە کورد هەیەتی

سەبارەت بەو چەمکە، وە زۆرێك لەبیرمەندان هەوڵیانداوە کە عەلمانیەت وەکو چەمکێك و سیستەمکی شیاو بێ بەیەوەکەوە ژیانی مرۆڤ بناسێنن و بەتاکە ئەتەرناتیڤێك و تاکە ڕێگەیەك بێ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەو گرفتەکانی هاوڵاتیان بەهەموو چین و توێژەکانەوە.

بۆیە هەستان بەم کارە یان بەم پرۆژەیە توشی کەمەڵك گرێ و بەرزی ون زمی دەبینەوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە چونکە پێوەرە ئەقڵیەکانی تاکی کوردی بەدەوری بازنەیەکی دۆگما و نەگۆڕدایە کە ناتوانێت قایل بێت بە کەمەڵك ڕێبازی دی کە سەرچاوەکەیان لەئەوروپاوە هەڵقوڵاوە وە نەبێت ئەوروپاش بێ بەش بێت لەم کێشە و گرفتانە. گەر بڕێین عەلمانیەت پرسەی بەدونیایکردنی دیاردەکان بێت چ لەووی پەیوەندیە کەمەڵایەتیەکانە یان هەر شتێکی دیەوە بێت، دەبێت بتوانرێت وەڵام و گومانەکان لەجێی خۆیاندا زامن بکات بێ ئەوەی تاك ئاسودە بێت لەناو پرسەی بەدونیایکردنی دیاردەکاندا.

وەك دەزانرێت عەلمانیەت زادەی سەردەمیچکە و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بوو لەو سەردەمەدا هەوڵیانداوە کە مرۆڤ ئازاد بکرێت لە کەمەڵیچك کێت و بەند کە سەرجەم مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، واتە هەوڵدانێك هەیە لەپشت ئەم کارەی بیرمەندەکانەوە کە ڕەنگە توشی دەردەسەری زۆر هاتبن تا ئەم ئایدۆلۆژیایەیان گەیاندە ئەمڕۆ، واتە هەوڵێك لەپشت دامەزراندنی ئەم سیستەمەوە هەیە گەر بێت و بگەڕێینەوە سەدەکانی ناوەڕاست و کەمیچك ڕامێنین لەو سەردەمەو بزانین پەیوەندیە ئەقڵیەکانی مرۆڤ و ئایین و نوێنەرایەتی یەزدان لەسەر زەوی چ هەڵچونکی دروست کردووە تا مرۆڤایەتی گەیشت بە ئێستا. وەك دەزانریچت تیۆلۆژیای ئایینی باوەڕیان بەوە هەیە یان ئەوە دەسەلمێنن لەگەڵا بەسەر چونی سەردەمی پێغەمبەراندا وەك نویچنەری یەزدان لەسەر زەوی نابێت هیچ نوێنەریچکی یەزدانی لەسەر زەوی هەبێت بەڵام لای پاپا مەسیحیەکان لەو سەردەمەدا وایکرد یان بیکردنەوەکانیان بەدوای بژێوی و کەمەڵیچك بەرژەوەندی تایبەتی مەسەلە دینیەکانیان فەرامۆش کرد یان دینیان کردە وەسیلەیەك بێ بێ خۆشبەختی خۆیان چەوساندنەوەی ئەوی دی.

وەکدەزانین مارتین لۆتەر هەموو هەولچەکانی بێ ئەوەبوو کە قودسیەت و دەسەڵات لەاپاکان بسەنێتەوە چونکە چۆن پاپاکان مافی ئەوەیان هەبوو کە ئینجیل بخوێننەوە ئەو مافە بێ هاوڵاتیان نەبوو بەڵام کارکردنی لۆتەر بێ ئەوە بوو کە ئەو مافەش بدرێتەوە بە هاوڵاتیان تاوەکو وەدەریان نا. یەکیچکی دە لە کارەکانی لۆتەر ئەوەبوو کە کە دەیوت : ئازادکردنی مرۆڤ و ئازادکردنی ئایین لەخراپ بەکارهێنانی

(3). دەتوانین ئەمە بەسەرەتای کارێکی پیرۆزی لەقەڵەم بدەبن بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لەو کۆت و بەندەی کە پاپاکان و دەسەڵاتی سیاسی لەو سەردەمەدا بەکاریان دەهێنا لەدچی هاوڵاتیان چونکە وەك دەزانریچت لەوانگەی مێژووەوە دەسەڵات و پاپاکان بەیەك ئاستە کاریان دەکرد بۆ چەوساندنەوە.(4)
عەلمانیەت مانیەك نەبوو دژ بەئایین لەسەرەتادا عەلمانیەت دژی هەر دەسەڵاتێکی ڕۆحی بووە لەبەرامبەر ئەوەشدا دەسەڵاتیچکی ئەقڵی و مەدەنی داناوە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، فراوانبوونی عەلمانیەت یان فاکتەری گەشەکردنی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەگەیچتەوە بۆ بایەخدانی بیرمەندان بەمێژوو و زمان و شیعر و فەلسەفە، لەپێناوی نزیك بوونەوەی پەیوەندیەکی ڕۆحی بیچت یان بەرژەوەندیخوازانە بیچت زۆرك لەبیمەندانی ئەو سەردمە باەخێکی تایبەتیان بەئەقڵا دەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوایە شارستانی مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام بیچت ئەگەر بۆخێی مرۆڤ خاوەنی ئازادیەکی سیاسی نەبێت.

لێرەدا دەمەوێت ڕای کەمەیچك بیرمەند بخەمە ڕوو لەمەڕ عەلمانیەت و کاریگەریەکانیان لەسەر ژەوشی کەمەگە، بزانین تا چ ڕادەیەك لەگەڵا مومارەسەکردنی عەلمانیەتدان و یان ژەتیدەکەنەوە و ئەلچتەرناتیڤێکی دی بۆ دادەنیچن چونکە لەگەڵا رشەتکردنەوەی هەر شتیچکدا دەبێت شتیچکی دی هەبێت لەجێی دابنرێت بۆ ڕۆکخستنەوەی ئەو پشێوی نائارامیەی کە لەو کاتەدا دلاروست دەبیچت بە لەناو چونی ئەو شتە. لێرەدا وتەیەکی دکتۆ وحید عبوالمجید دەهێنمەوە بۆ پشت بەست بەقسەکانم: (عەلمانیەت لە ڕۆژئاوادا ئایدۆلۆژیا نیە بەڵکو مەنهەجیچکی عەمەلیە وە بەشیچکی کەمی پەیوەست بە مەجالاتی غەیر دیینیەوە)(5). چونکە عەلمانیەت دەیەوێت لەکرداڕەکانی مرۆڤەوە کە پسپۆرن لەبوارە سیاسیەکاندا خزمەت بەدەوڵەت بکرێت وە کەسە دینیەکانیش خزمەت بەدین بکەن، بۆ ئەوەی جیاکاریەك هەبیچت لەکارەکاندا واتە نابێت تێکچۆژانێك هەبێت هەموو تاکەکانی ناو کەمەگە دەبێت بەشێوازێکی جوان و پیرۆز کارەکانی خێیان دەزانن و کار ناکەنە سەر بیرکردنەوەکانی یەکدی. وە هەروەها دکتۆر وحید جارێکی دی خەخت دەکاتەوە لەسەر عەلمانیەت و بەم شێوەیە جارێکی دی لەسەری قسەدەکاتەوە و دەڵێت: (عەلمانیەت دین ڕەت دەکاتەوە بۆ بەرژەوەندیە ئەقڵیەکانی مرۆڤ)(6).

ناتوانین لەم وتەیەوە ئەوە ڕەت بکەینەوە کە گوایە دین ناتوانێت قسە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەقڵی مرۆڤ بکات و بەس تەنها بیرکە

زەمینیەکان دەتوانن قسە لەسەر ئەقڵا بکەن و وەڵامی هەموو ئەو شتانە بدەنەوە کە مرۆڤ بەشێوەیەك لەشێوەکان پێویتی پێیەتی، واتە ناتوانرێت ئەقڵی مرۆڤ لەچوارچێوەیەکی دینیدا دەربکرێت لە حەقیقەت چونکە ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر ئەو ڕایەن بەشێك لە حەقیقەتیان لایە و ناتوانرێت نکۆی لێبکرێت. وە هەروەها عبدوالکریم سروش دەڵێ: کەر دین لەبنەرشەتدا بۆ ئەوە هاتبێ کە بە مرۆڤ بڵێ ئەی مرۆڤ بۆت نییە ئیدیعای خوایەتی بکەی، ئەی مرۆڤ تۆ جگە لەوەی بۆت نییە ئیدیعای خوایەتی بکەی بۆشت نییە ئیدیعای نوێنەرایەتی خوا بکەی لەسەر زەوی). واتە مرۆڤی زانا جگە لەوەی کە دەتوانێت کێمەلێك شت ڕوون بکاتەوە ناتوانێت ئیدیعای نوێنەرایەتی خوا بکات لەسەر زەوی چونکە تەنها و تەنها پێغەمبەرەکان دەتوانن ئەو کارە بکەن لەسەر زەوی، واتە ئەو مافە تەنها بە پێغەمبەران دراوە.

وە زیاتر لەم بیرمەندانە قسەیان لەبارەی عەلمانیەتەوە کردووە چونکە ئێمەی کورد بەشێوازێکی جوان لەچەمکی عەلمانیەت نە گەیشتوین وە ناشمانەوێت لێی تێبگەین یان بەلامانەوە گرنگ نییە کە بەم زوانە لەو چەمکە تێبگەین و لە پیادەکردنی ئەم هەرێمەدا سود لە پەرەنسیپەکانی وەربگرین، واتە ساسیەکانمان بەعەلمانی و ئیسلامیەکانەوە نەگەیشتونەتە ئەوەی کە چی لە هەناویاندا هەیە دەریببڕن بەوشێوەیە هەسوکەوت لەگەڵا مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەدا بکەن واتە بەپێی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان کە بەرژەوەندی هەبێت بۆ مانەوەیان ئەوا بایدەدەنەوە بەو لایەدا کە ئارەزوویانە و خۆیان گەل دەکەن لە ڕابردوو کە چۆن بوون و بە چ شێوەیەك هەسوکەتیان کردووە؟ ئەوەی گرنگ نەبێت بەلای ئێمەوە ڕابردووە چونکە ڕابردوو بەرهەمی خۆیانە و دیکرێت لێی ڕابکەن و نەیانەوێت گر بۆ ساتەکیش بێت بگەڕێنەوە سەری، واتە لەو کاتەدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو کە بزانن هەلی لەناوچونیان لەئارادایە و ناتوانن لێی دەربازبن بۆیە میللەت دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی شڕش و کێمەڵك تێزی سواو دەهێننەوە و بەنام کێمەڵك گەمژە پێی هەڵدەخەڵتێن وە دەبێت ئەوەش بزانین کە زۆرینەی تاکەکانی وڵاتی ئێمە گەمژەن و ناتوانن بەرەنگاری ئەو دەسەڵاتە ببنەوە کە خۆیان بەرهەمیان هێناوە واتە دەسەڵاتی ئێمە دەسەڵاتێکی لێهاتووە و دەتوانێت زۆرینەی خەڵك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و یاتر کورسی بۆی پێبەدەست بهێنێت کە ئەمەش کێشەیەکە و دەبێت زۆر قسەی لەبارەوە بکرێت چونکە دەسەڵات هەموو کات لەنێوەندایە بۆ گەمارۆدانی خەڵك و فریودانیان بۆیە ناتوانێت خۆی یەك لای بکاتەوە کە دەسەڵاتێکی عەلمانیە یان دەسەڵاتێکت هەیە ئیسلامی وە مەهزەلەیەك لەمەهزەلەکان ئەوەیە دەسەڵاتێکت هەیە

ئیدیعای کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی و لیبراڵیزم و چەندین شتی تر دەکات لەکاتی هەڵبژاردندا مەلایەك دەهێنێت بۆئەوەی بانگەشەی ئەوەبکات کە ئێمە دژی دین نین و نامانەوێت دەسەڵاتێکی عەلمانی جیابیچتەوە هەتاوەکو ئامانجەکانی خۆی دەست دەکەوێت و خەڵکیش با لشۆڕنەکانی خۆیان بمێننەوە. هەروەك محەمەد عەبدە لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: (نە لەسیاسەتدا ئایین هەیە و نە لەئلیینیشدا سیاسەت هەیە) (7).

بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا ئەم هەڕەمەی ئێمە هیچ کات پراکتیزەی ئەم وتەیە ناکات واتە بەناو عەلمانیەکانت پراکتیزەی ئایین دەکەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەدژی ئەوانەی کە بوونیان هەیە وە ئیسلامیەکانیش بەهەمان شێوە وە ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوە کە تاکەکانی ئێمە بیرکردنەوەیان ئەوەیە کە نازانن چی هەدەبژێرن نەگەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە دەڵێ: (گرنگ ئەوەنیە کە حوکم دەکات گرنگ ئەوەیە کە خزمەت بکات) هەر کاتێك کە مرۆڤەکانی ئێمە گەیشتنە ئەو ڕایە ئەوا دەتوانرێت وڵات یان هەرێم بکرێتە دەسەڵاتێکی عەلمانی یان ئیسلامی چونکە ئەمەش پەیوەندی بە وشیاری تاکەکانی وڵاتەوە هەیە. وە سەعد زەغلولیش لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:ئایین بۆ یەزدان و نیشتیمانیش بۆ هەمووان.(8)ل11.

_____

پەراوێز و سەرچاوەکان

1ـــ عەلمانیەت و ئسوڵیەت/ ن/ عەفیف ئەخزەر/ وە/ شوان ئەحمەد

2ـــ العلمانیە ن/ دکتۆر عبدوالوهاب میسری

3ـــ هزری سیاسی لە ڕۆژاوادا وەرگێڕانی شوان ئەحمد

4ـــمۆژووی هزری سیاسی لەڕۆژاوادا نوسینی کمال پێڕای

5ـــ العلمانیە ن دکتۆر عبدوالوهاب میسری

6ـــ هەمان سەرچاوەی پێشو

7ـــــ عەلمانیەت و ئوسوڵیەت/ ن/ عەفیف ئەخزەر/ وە/شوان ئەحمەد

چاودێریکردنی خود، لێڵای ژنانی نوسەر ... سوهێیلا_مەهدی

خود سانسۆرکردن تایبەتمەندی و میراتگری مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی دەستپێڕوردەیی دەسەڵاتکە کەسانێکە ساڵ بەساڵ لە بازنەی دیکتاتۆریەتدا هەڵسووڕاوە، کە خۆ سانسەرکردن لەم کۆمەڵگایەدا بەشێکە لە باسی ئەدەبیاتدا بڕبڕاوی بەم باسە گرینگە دەدەین ژن لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا هەموو کات پەرۆرکانی بەباڵای پیاو دەپۆڤ بردەوام لەژێر ڕکیفی پیاواندا خۆی سانسەر کردووە بەدڵنیاییەوە ئەم سەرڕێیە لەناخیدا جێگیردەبێ و خود سانسەری دەستپێدەکات سینەوەی خۆی و سینەوەی کەسانێکی دیکە دەست پێدەکات. ژن لە وڵنای چەکێک ئەم سانسەرە بەکار دەهێنێ بۆ خود بەهێزی پێیشان بدات لەچاوی پیاودا و هەر ئەو بۆ نموونە ئارامییە دەروونییە دەبێتە هۆی بەپێراوێز دانانی و لەڤین بڕەو خوێنکانی بەجێدەمێنێتەوە لەپێراوێزدا و لەبازنەی پیاودا دەمێنێتەوە و ئەدەبیاتی ئەم ژنانە زایەڵەی ئەم بیرکێیەیە.

لەکولتوور و نەریتی کۆمەڵگای ئەمەدا خەریکبوون بەجێستە و لێش بەچاوی سووک سەیری دەکەن و باو نییە و هەموکات ڕەح و جێستەیان لەبەرانبەری یەکدا داناوە کە لەجەبەجەکردنی باسی ڕەحی ئاسان بووە و بواری لێش کارەکی ئاستەم هاتووتە بەرچاو ئێستا تا ڕادەیەک باس لەعەشق ئاسان بووە لە نێو ئەدەبیاتدا بەڵام پێشتر دەربەینی عەشقی ژنێک بە ڕەگەزی بەرانبەری کارەکی شەیتانی و تاوان بووە بەیە کۆمەڵگای پیاوسالار کارەک دەکات کچان و ژنان لە پێسیوەکان و ژوورەکانی ماڵدا پاوان دەکات و لەپەروەردەکردن بەبەش دەبن و ژن بەس لە بازنەی جنسییەت و سیکس و خۆ ڕازاندنەوە و میکاپ و خشڵ و ئەواندا دەمێنێتەوە، کەوکوو کەرستەیەک بۆ ڕابووواردنی پیاودا دەرکەوت و ژنێک کەبەدوای ئارەزووەکان و خوێنکانییدا بکەوت وەکوو کەسێکی ناباو و جیاواز دەروانن بودا لەدەڤ کێنکاندا ئەمە دەبینیین لە ژن وەکوو کەسێک کە پاکیزەیە و نابەت هیچ هەڵەیەک بکات و نابەت گوڕ بە ئارەزووەکانی بدات چۆن فریوی شەیتان دەخوات دراوە.

سمبولی سەبووری و پاکی و لەبوواردەیی پیشاندراون و ژنبوونیان لەپاکی و بەدەنگ بوونیاندا پێناسە دەکرێ و ژنبوونیان ئەوەیە کەکۆمەڵگا قبووڵی دەکات و پێناسەی بۆ کردووە. ئەمانە ژنانەکن بۆ

دەستەکانی کچارنووسی خۆیان قبووڵ کردووە. ئەم لاشەمان چاوپێشیمان کردووە و بەشێوەیەکی سووک فێربووین باسی نەکەین، ژن لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمدا لە وەڵامدا ئەزمونی عەقڵانییەت و مەدینیتە دەکات، بەڵام ئەو بەهای ئەوانەی باسمان کرد هێشتا بە ئاسانی نەیتوانیوە لە پێستی خود سانسەری بکات و خۆی پێناسە بکات. لەوەڵامدا ژنی مودێرن شەرم ناکات خۆی بنوێنێ بەڵام ژنی نووسەر لە بازنەی ئەدەبیاتدا هێشتا ئەو بوێرییەی نییە و خۆی لە پشت کۆمەڵێ وشەی کۆنپارێز حەشار داوە ئەو نەیتوانیوە لە ژنبوونی لەسەرکوتکردنی غەرایزی لەژیانی هاوبەشییدا بنووسێ و بدوێ هێشتا خەریکە خۆی سانسەر دەکات. زۆر بەرچاوە ئەم ژنە هێشتا لەژێر سێبەرەی پیاودا هەناسە هەڵدەمێنێ.

وا دەبینین ژن لەدەقەکانییدا خۆی نییە و خۆی دەستەوێتەوە. زۆر نەزانانەیە لەوە کە باسی جەستەی ژن دەکرێ بەس بیر لەچەژ بردنی کەشەی سێکس بکەینەوە. زۆربەی جیابوونەوە و تێکچوونی ژیانی هاوبەشی ژن و پیاو دەگێڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە لەش و جەستەی بەرانبەرکەیاندا. بۆ زۆربەی پیاوانی ئەم دەقی ئیروتیک لەلایەن ژنانەدا کە دەنووسرێتەوە وایدەبینن کە ئەو ژنە بۆ ڕووشتیە ڕووناکبیرانەیە تێنانت لە شانەکانی شکسپییر لە وشەی " سرشت" بۆ دایکی مرۆڤی بەکار هێناوە و لەوشەی " عەقڵ" بو پێناسەی باوکی مرۆڤ. تاکادێک هەموو قارەمانە ژنەکانی نەو ئەدەبیات بۆ سرشت وەناکراون ئەم ڕەگەزە پێشتر ناپاک بووە و دوایی دەتوانن بۆ دوای شتێکی سەرتر بکەون. لەکتێبە ئایینییەکاندا زۆرێخا ژنەکە ناتوانێت ڕەگەزی لەخود بکات و ژنەکی مەکربازە!.

مێژووی ئەم مێژوویەکی پیاوانەیە ئەم هەموو کات لەژێر کیفی پیاوسالاردا بووین، یاسای پیاوانە و دامودەزگای بەهاداری پیاوانەمان بووە. لەوەڵامدا ئەم بەرەو پێش دەڕین و خوێندن و ئیش و چالاکی کۆمەڵایەتی و مافی دەنگ و ...تاد، بەڵام هەمووی ئەوانە لە ژێر سێبەرەی پیاودا ڕەهەندگرێ و بەردەوام بەرهەمهێنانەوە دەکات. (ژولیا کریستوا) فەیلەسووف و ڕەخنەگری ئەدەبی دەڵێت: "خواستی ژنان بۆ خۆ تاریفکردن لەهەگرایەتی خۆقکردنی هونەر و بۆ تایبەت خوقاندنی ئەدەبیاتدایە". ئەم بۆ واتایە نییە، ئەدەبیات لەبەرنگاربوونەوەی نەریتەکانی کۆمەڵگا هەندجار هوشیارانە پەردە لەسەر نهێنییەکان لادەبات و نەوتراوەکان و بەدەنگییەکان لەڵگای ئەدەبیاتەوە دەوترێ ؟ پرسەی ئەدەبیات دەتوانێ هەموو ئەو خاڵە گرینگانە کەسەرپشیان بەسەرەو داناوە

بوترێتەوە.

خاڵکی گرینگ لەجیهانی ئەدەبیاتدا ئەوەیە ژنی رەخنەگرمان لەئەدەبیاتدا بەدەگمەن دەستدەکەوێت و ئەمە هەکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو باسانە کەکردمان و ئەگەر چی لەم سەردمدا خاڵاتی ئەدەبی دەکرێ و وتنەوەی کێشەکانی ژنان بەرچاوە، بەڵام ئەمیش هەر لەبازنەی بەرتەسکەکدا ماوەتەوە گەڕپانی ئەدەبیات، تریبوونی وتنەوەیە ئەو شونەیە کەژن دەتوانێ لەلووتکەکانی فەین باسبکات و دەنگ هەبێت، بەڵام بەخەستی تووشی ئاستی نزمی کولتووری و ئابووری پەروەردەیی دەبێتەوە، چون سیستەم و کەمەگای ئەمە پیاوسالارێ و تواناکانی ژنی بەرتەسک و سنووردار کردووە. بەهەرحاڵ ژنی سەردەم هەوڵی ئەوە دەدا جیهانێکی ژنانە بخەقنێ کەپێناسەی خۆی بکات زمان و هونەری ژنانە هەر وەها کە (ویرجینیا وولف) دەڵێت " ماڵێک بێ خۆی بەرهەم بهێنە"، بەڵام بەربەست و کێشەکانی ئایین و کولتوور و کەمەگا بەردەوام لەدیوارێکی زەر بەرز بووە تا ئێگری لەیاخی بوونی ئەدەبیاتی ژنان بکات. دەقی ژنانە بەرهەم دێت بەڵام بێ کار ناهێنرێت. ئێستە ئەدەبیاتی سەردەم لەسەر ڕەوتی حاشالێکرن بونیات نراوە کە بە پێستەمدەن و یا ئەدەبیاتی زمان و ئەدەبیاتی جیاواز و دەتوانیین بیبینین.

هەوانگەیێکی دیکە لەبەری چواردا ئەوەیە شتێک بەناوی ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانەمان نییە لەم هەوانگەیەدا ژن و پیاو وەکوو دوو چاودێر سەیری یەکدی دەکەن. بەهەر حاڵ گۆشەی ئەدەبیاتی ژنان لەڕۆژهەڵاتی ناویندا و بە تایبەت کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆشەدایە و هاوتەریبی جیهانی مەدینیتە لە دەکات و ئەدەبیات چێشنکی زاو زەیە و خەقنەڕ و تانانەت شەخوازترین دیکتاتەرکان لەژنێک لەدایک دەبن ، ژنانی نووسەر لەم سەردەمدا هەوڵی خۆیان داوە ژنکی هزرمەند و بیرمەند بەتایبەتمەندییکانی خۆیان پێناسە بکەن لەبەرانبەری دەسەاتکی بەهێزی پیاوانەدا بەردەوام لەخەباتن.

سنه
سوێلا_مەهەمی
•

چەند کەسکارانە دەژیم!! ... شیعری : عەبدولا سەرمان (مەشخەڵ)

(١)
هەر ئێستاکە بەیارمدا
شیعرێکی نوێت بۆ بنووسم
تۆ لە ناویا زایەڵەی بی
مەشخەڵی عیشق و جوانیی بی و پڕکرابی
نەک لای دڵ گووفڕکانی پیاوانی ئەم دەژهەڵاتە(*)
پڕاو ئاسا لەپڕکرابی

(٢)
لە چوار دەژدا سەد دەژ و نیو
هەش و بیرم لای ئەو ژنەیە
لەسەر کاریش درکاندبووی ڕقم زەر لەو دووژمنەیە
بە (من)ی بوو
ئەو من بە دووژمن دەزانێ
من ئەو بە کەسگەیەک لە غەدر و قوربانی
من چەند دەم لەلایەتی وەختێ لەسەر مافی خەڵی و
هاوەڵکانی هەڵئەدات و
ئەو ساتانە ئەم دەم لە دەوری باڵای ئەو دەگەڕێ و
دەبێت بە فیدا و قوربانی.

(٣)
کڕکار دەزەخی بەرژوازی
تاقی کردەتەوە و تیایدا بۆتە دەژوو و قەڵبرووت(**)
بەشی ئەم هەر کەشانی تووتنی تاکە
ئەویش چرووت.

(٤)
هاوسەرێ کڕکارەکەم
دەژێ لەکار ئەهاتەوە
ماندوو و شکەت
قژی شانێ نەکردبوو

ئەو ژنە لەکەوت وا پەشهات
شانەی بە کار نەبردبوو
بە لاستیکەک لە دواوە قژی بەستابوو
هێندە بەجوانی لەی دەهات
نەمزانی داهێنانە یان
بە سەلیقە ئەو قژە وا جوان وەستا بوو

(٥)

ئەستاش لەم تەک دەچە تەمەنم چەند سالە
بە هاوڵەت گەنج و جوان
بەناخیش لە سەرووی سەدیەکم لەسەر ئەرز
هەر بەیەشە کاتە ناوی کرێکار دە
لەجەی خەم دوور لە ویستی خەم
دەڵێم(بەڵێ) بەدەنگی بەرز.

(٦)
ئەمشەو خەوم زۆا بوو لەنەو جێیا
کچە دراوسێکەمانم هاتەوە یاد
کە سی وپێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ
ببووم بە خاڵی پشکنین لەسەر ڕێیا
وامدەزانی کاتە بە پەلە ڕۆ دەکا
دەیەوێ لەدەستم ڕاکا
نەمدەزانی دەخی تاڵی ئەو کچە وەک کرێکارێک
پەلەیەتی دوا نەکەوێ
لە دەستدا کار و بژێوی بە بەیارێک

(٧)
دوو هاوکارم لە کەمپانیا سووکە دەمەقاڵێیان بوو
سەرنجمدا کارفەرما لەوکانی نەخشا بە بزە
هەر ئەو ساتە تێگەیشتم
تەبا و یەکگرتویی ئەمە
لەناگاڵێ ئەو دەخشە بە و ببە بەو خوێنمژ و دزە.

ئایاری ٢٠١٨
ڤانکووڤەر / کەنەدا

(*) گووفێک : زبڵدان
(**) ڕژوو : خڕووز

ئەدەبی منداڵان – ساڵی تازە … فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

سەری ساڵی تازەیە
لەومان پڕ لەخەندەیە
بۆیە شادو بەختیارین
سەرگەرمی بەزم ویارین.

تەماشاکەن ئەم ناوە
بەگوێی جوان ئازاوە
میزەڵانی ڕەنگاو ڕەنگ
فوی تەکراوە بە ئاهەنگ.

لەهەموو لا خۆشییە
سرودو گۆرانییە
دنیایەکی ئازاوە
بۆئەمە سازکراوە.

ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕین
پیرۆزبایی دەنێرین
بەسەاوکی بەنخۆش
دەروونتان دەنینە جۆش.

پیرۆزبێ ساڵی تازە
پڕخەندوخۆشی و ئازە
ئاواتی هەموومانە
کوردستان ئاوەدانە.

ئەوارێیەک ... ێیاز حاجی

ئەوارێیەک پێت دەڵەم: ژیانم لێ دەستداوە
شەو و ڕۆژکانم تژین لێ تەنیایی.
پێت دەڵەم:
ئیتر تاقەتی پیاسەی سەر شەقامکانی دونیام نەماوە،
ەەحی خەم دەکوژنمەوە
لەرێ بەدواوە هەموو شەابەک بەهەستی ژەهر ئەخەمەوە.
نازانم! "بە دەی خەم فریونەدا و ئەم شارەم جێنەهێشت"
ئەوارێیەک پێت دەڵەم: ئیتر تاقەتی هەولدانم نەماوە،
بە هەمیشە جێتدەهێم و هیچ ئومێدەکم بەم دنیایە نەماوە .

ێیاز حاجی

سێ سەدە ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا ... عەلیشـــاد لـــــوربەچە ... وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیڤی دەنگەکانەوە .....
http://dengekan.com/doc/2014/12/jabarSabir30.htm

فەلسەفەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا سەرەتای ئاوەزگەرایی بوو. بزاوتی ئەدەبی- کەمەایەتی ڕۆشنگەری خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆی بوو. ڕۆشنگەری نەك تەنها فەلسەفەی کردار، بەکو فەلسەفەیەکی سادەو عامیانە بوو. زاراوەی ڕۆشنگەری لە میانەی سەدەی هەژدە لە خۆرئاوا برەوی پەیداکرد. لە ڕوانگەی کاروانی مێژووی ئەندێشەوە، فەلسەفەی ڕۆشنگەری پشت بە ستوو بە هەومانیزم، ڕێنیسانس، ئاوەزگەرایی و ریفەرمخوازی سەدەی حەڤدە ز دژە فیودالیزم و دەگماکانی ئایینی مسیحی بوو. ئەم بزاوتە بووە زەمینەی فکری شۆشەکانی سەدەی حەڤدە

و هەژدە لە ئەورووپا.
رۆشنگەری لە سەدەی حەڤدە لە بەریتانیا دەستی پێکرد و لە رۆگەی فەیەنسا و ئەمانیاوە بە هەموو شوێنەکانی ئەورووپادا بڵاوبۆوە. لە ساڵی (1697) لە بەریتانیا بەم جۆرە خەباتگێڕە جڤاکییانە خۆیان ناونا ئازاد ئەندێش. لە مێژووی کاروانی ئەندێشەدا هەمیشە فەیلەسووفانێك دەستکەوتن دژی فەلسەفەی فەرمی فەرمانڕەوا ناڕەزایی دەربڕن، بە نموونە سۆفستاییەکان لە سەدە دڕینەکاندا، نۆمینالیستەکان (ئستقراییەکان) لە سەدەکانی ناڤیندا، پێزیتیڤستەکان لە سەدەی نۆزدە و ڕاڤەخوازان لە ئێستادا. ئەگەرچی دەستەیەك چاخی ڕۆشنگەری بە نامۆژوویی ناودەبەن. بەڵام ئەوان ئەوانیش وەك ڕەواقییەکان خەونی مرۆڤی ئایدالی جیهانییان هەبوو، مرۆڤێك کە بە یارمەتی ئاوەز و سروشت ببێتە بوونەوەرێکی باڵا. مافی مرۆڤ، مرۆڤگەرایی، ئازادیخوازی، زانست دۆستی، ئاوەزگەرایی و سورشتگەرایی، چەمکی نوێ و دروشتمئاسای ئەوان، وەڵامێکی نەرێنی کە بۆ دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوای وەك پاشا و خان و ڕۆحانییە مەسیحییەکانی بوو. سیستمە سیاسییەکان لە خۆرئاوا، لە مەشروتەی پادشایی ئینگلیزییەوە بیگرە تتا سۆسیالیزمی ستالینیستی روسی، هەوڵیاندا تا هەندێك لە ئایدیاڵەکانی ئەم بزاوتە بخەنە بواری کردارییەوە.

لە ڕۆگەی بزاوتی ڕۆشنگەرییەوە هەر دوو شێوەکەی ئینگلیز لە سەدەی حەڤدەدا بووە هۆی فەرمانڕەوایی سیستمی مەشروتەی پادشایی و لابردنی حکومەتی ڕەها. بزاوتی ڕۆشنگەری ئینگلیز بە ئاشکرا سیاسی، ڕەوشتی و دژی ئایین بوو. لە ریزی ڕۆشنفکرەکانی ئەو بزاوتە: باکۆن، هۆبزن لاکن تۆلاند و ماندوڤل بوون. ئەوان دەیانویست بە یارمەتی بۆرژوازی کۆمەڵگە لە زۆرەملێیەکانی وەك حکومەتی ڕەها، دژگمی سیاسی کەنیسەیی و پاشکەوتوویی فیوداڵیزم ئازاد ببن. ئەوان دەیانوت بە ئاگاداربوون لە سروشت، مرۆڤ ئازادە و هیچ دەسەڵاتێك لە سەر زەوی مافی سەندنەوەی مافی مرۆیی نییە لەو. ئەم بزاوتە لە فەیەنسا نەك تەنخا دژە کەنیسەیی و دژە فیوداڵیزم بوو، بەکو ئامادەسازی بزاوت و بیرۆکەکانی سۆسیالیزمی خەیاڵیشیی فەراهەم کرد. لە دەستەی ڕۆشنفکرانی ئەو بزاوتە: ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، هۆڵباخ و مارات بوون. لە ئەمانیا ئەم بزاوتە ئەگەرچی سیاسی، بەڵام زۆر هەمەجۆر و تیۆری بوو، کە بەفەلسەفەی کلاسیکی ئەمانیا کۆتایی هات. لە دەستەی تیۆردارۆژانی ئەو بزاوتە: لایبینتز، لیسینگ، کانت، ویلاند و هیتر بوون. لە ئەمریکا نوێنەرانی ئەم بزاوتە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ئەمریکا لە دەسەڵاتی ئینگلیز، دەستیان کرد بە تێکۆشان، لەوانە:

فرانکلین، پاین و جفرسۆن. ئەو بزاوتە ڕۆشنگەرییەی کە لە سەدەی هەژدەدا لە ڕوسیا دەستی پێکردووە، لە سەدەی نۆزدە بووە هۆی شۆشکی دیموکراتی. ڕۆشنفکرەکانیان: لەمۆنۆسف، رادیشف، هرتسن، بلینسکی، چرنیشڤسکی، پیزارێف و دۆبرلۆیف بوون.

مۆژوونووسانی کۆمۆنیزم سوورن لە سەر ئەوەی ئیمپریالیزم و بۆرژوازی ئۆستا، ناپاکییان لە ئایدیاکانی ڕۆشنگەری کردووە. بیریارانی چەپ، لە کاتێکدا کە باسی ناپاکی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری دەکەن، خۆیان بە تاقە میراتگری ئایدیاکانی چاخی ڕۆشنگەری دەزانن. ئەوان خوازیارن کە میراتی سوونەتەی پێشکەوتنخوازانەی ڕۆشنگەری لە مارکسیزمدا خەختبکرێتەوەو ئایدیاکانی ڕۆشنگەری لە داهاتوویەکی زۆر درووێش نا، لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا بخرێتە بواری پراکتیکییەوە.

دەبێت ئاماژە بکرێت کە نووسەرانی ئینسایکلۆپێدیایش لە شۆشی فەرەنسادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو، ئەوان لەو ئیسنایکلۆپێدیایەدا نووسییان دەروانی ئایین و فەلسەفە کۆتایی هاتووە و چاخی زانست و ئاوەز گەیشتووە. دەتوانین شۆشی فەرەنسا لە ساڵی (1789) بە ئەنجامی کاریگەری ئینسایکلۆپێدا لە سەر ڕۆشنفکران بزانین.

ڕۆشنگەری فەرەنسا لە ڕۆشنگەری ئینگلیز رایکاڵتر بوو. دەتوانی شۆشگێبوونی ئەوان بە قەرزاری ئاتەئیزم و ماتەریالیزم بوونی بزانی. ئەوان دەیانوت نابێت ئایین ریفۆرم بکەیت، بەڵکو دەبێت بیخەیتە لاوە و لە سیاسەتدا مەبەست گۆڕان نییە، بەڵکو دەبێت هەوڵ بۆ شۆڕش بدەیت. ئەوان لە وەڵامی میتافیزیکە ئایینییەکاندا دەیانوت ئاوەز و ئایین پێکەوە سازشیان نییە. لە کاتێکدا کە "دیدرۆ" ددانی بە ئاتەئیزمێکی ئاشکرادا نا، دالامبێر دەیوت ئاتەئیزم و فرەیی دەیخەنە پێکەنین. دوو ئایدیای گرنگی ڕۆشنگەری ئینگلیزی، واتا لیبرالیزم و دئیزم بوون. دئیزمەکان خودایان بە دروستکەری ماشێنی جیهانی دەزان کە پێویستییەکی بە پەیامبەر و پیرۆزەکان نییە.

لیبرالیزمی تاکگەرایانەی ڕۆشنگەری ئینگلیز خوازیاری دابەشکردنی هێزبوو بە فەرمانڕەواییدا. دواجار خواستەکانی ڕۆشنگەری ئەوروپا گەیشتنە ئەمریکایش: جێگەیەك کە دەیان ساڵ لیبرالیزمی لام بانگەشەی ڕەهای ئازادی تاکی هەیە. بیریارانی ڕۆشنگەری هەروەك سەردەمی ڕێنیسانس دەیانوت : (مرۆڤ لە جیهان و کائینات گرنگترە و دەروونناسی لە زانستی میتافیزیك گرنترە.) خەسڵەتی هاوبەشی

ڕۆشنگەری فەرەنسا پێکهاتەیەك لە: ئاوەزگەرایی، ئەزموونگەرایی و هەوڵ و تەقەلا بوو بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

ئەمەش کە دەتوانی وەڵنای بکەیت هەموو دروشمەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ گەیشتن بە ئاوەزگەرایی، ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازین بۆ سنوور بوون. ئاتەئیزمی رادیکاڵی زاڵ بە سەر ئەواندا پشت بەستوو بە دەسەڵاتی ئاوەز و بیرکردنەوەی زانستی بوو. ڤۆڵتێر و هۆباخ لە فەرەنسا کەوتنە ڕەخنەی توند لە فکری ئێتڕیتەی وەك ئایین و کەنیسە. دوو حەقیقەتی گرنگی تر لە جیهانی نۆوان ئەواندا باوەڕی گەشبینانە بە پێشڕەوچوونی کۆمەڵایەتی ناسنووردار و شایەن بە پەروەردەکردنی مرۆڤن. ئەوان، بەپشت بە ستن بە یاسای سروشتی، خوازیاری بەرامبەر نۆوان مرۆڤەکان بوون. لە ڕوانگەی سروشتییەوە ئەوان خودان باوەڕێکی بە لۆژیکی بوون، ئاوەزگەرایی و چاکەسفەتی و دڵپاکی بوونی مرۆڤ بوون. ئەوان جگە لە ئازادی و بەرامبەری مرۆڤەکان لە هەمبەر یاسادا، خوازیاری بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ئەو و بەرگەگرتن و نەرمونیانی لەگەڵ بیرجیاوازان بوون.

ڕۆشنگەری دژی خورافیاتی ئایینی و لایەنگری ئاتەئیزم، تاکگەرایی و جانمەفتەنی بوون. هەندێ: لە خواستەکانیی تریان: مافی ناڕەزایی، مافی خاوەندارێتی و مافی لە ئاساییشدا بوون. ماتەریالیزمەکانی چاخی ڕۆشنگەری لایەگیری بەرامبەری مافەکانی ژنی و پیاو بوون. ڕووی فکری، تیژی ڕەخنەی و گەشەی ئەزموونی لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەوان بوو.

ئەدیبان و ئەدەبیاتیش لە بزاوتی فکری ڕۆشنگەریدا ڕۆێکی گرنگی هەبوو. هەندێك لەوان لە وانە ناسراوترین نووسەرانی ئەوروپا لە سەدەی ڕابردوودا بوون. لسینگی ئەڵمانی بە شانۆنامەی "ناتانی زانا" خوازیاری دۆستایەتی و نەرمونیانی مەزهەبی بوو لە نۆو ئایینەکاندا. ڕەخنەگران لە سەرەتای ئەم دەورانەدا کەوتنە ڕەخنە گرتن لە دۆزینەوەی کارەکانی شکسپیر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ڕەخنەییەوە. ڕۆسۆ جگە لە ئاوەزگەرایی ئاماژە بە پێویستی هەست و ئاتاجە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکات. بایەخدان بە ڕۆڵی هەستەکان بووە هۆی ئەوەی هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆشنگەری مەیل بەرەو هونەری "ڕۆکۆکۆ" پەیدا بکات. کارە فێرکارییەکان، ڕاپەرتی و سەفەرنامەی نووسەرانی وەك: سۆیفت، دیفۆ و ڕۆسۆ خوێنەرانێکی زۆری دۆزییەوەو هەوڵدرا تا بۆ یاسای گشتی ئەدەبی و کەوشەنی ژانرە جۆراوجۆرەکانی، بۆوانامەیەك ئامادە بکرێت.

هەندێك لە گرنگترین نوێنەرانی فکری بزاوتی ڕۆشنگەری ئەو سەردەمە، لە وڵاتەمانی خۆیان هەڵاتن و چوونە هەرندەران: دیدرۆ ماوەیەك میوانی کاسرینی گەورەی شاژنی روسیا بوو و ڤۆڵتێر چەند ساڵێك لە کن پادشای پروسیا لە ئەڵمانیا بوو. هاوەڵمی لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە بووە هەی ئەوەی پادشایەیك ڕەهای وەك فریدریك ددانی پێدا بنێ کە دەبێت فەرمانەوا یەکەمین خزمەتکاری خەڵکەکەی خۆی بێت. ڤۆڵتێر لە پەیوەندی بە مەسیحییەتەوە دەیوت کە (خورافیاتی پێوپووچ لە نێو خەڵکیدا ریشەکێش بکەن!) دالامبێر دەینووسی کە مەسیحییەت لە ئەنجامی خەڵەتاندنێکی گەورەوە دروست بووە. لەبەرئەوەی پاش ڕفاندنی لاشەکەی عیسا قاویان خستەوە کە ئەو پەیوست بووە بە مەلەکوتی ئاسمانەوە. ئەویدی دەیوت ئایینی حەیقیقی، ئایینی ئاوەزگەرایە، لەبەرئەوەی باوەڕەکانی دی تەنها خورافیاتن.

لە پەیوەند بە ڕۆشنگەرییەوە، کانت دەیوت بە جەرگی سوود وەرگرتن لە ئاوەزی خۆتت هەبێت، "ڕۆشنگەری واتا ئازاود بوونی مرۆڤ لە بارودۆخی خۆیستی سووکایەتی و بێیار و جورئەت بێ بەکاربردنی تێگەیشتن یخۆت بێ یارمەتی ئەوانیدی". ئەوان دەیانویست هەوێ و تەقەلا تاکییە بەختەوەری ئامۆزەکان ببێتە پایەی یەکگرتن لە نێو خەڵکەکەیش دا.

کتێبی پرسیارکردن لە تاریکی ... نووسینی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

پرسیارکردن لە تاریکی
" لە هیچ دنیایەکەوە ڕەوانە نەکراوم"

هەولێر 2018

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نما زنجیرە ( )

ناوی کتێب: پرسیارکردن لە تاریکی " لە هیچ دنیایەك رەوانە نەکراوم"
بابەت: ناسنامەی ئەدەبی
نوسینی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا
تایپ: نوسەر
چاپی یەکەم: 2018
تابلۆی بەرگ: ئەنتەنیە تاپیش
دیزاینی بەرگ: سەرکەوت وەلی
تیراژ: 500 دانە
چاپخانەی: شەهاب
نرخ: 4000 دینار
_____

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن
https://dengekan.info/wp-content/uploads/2018/12/barg_mutali……b_sm.jpg

---

شانۆی ئاوات مەزنکانی دیکنز … هەزار ئەحمەد

بۆژار فەرموون لەگەڵ کورتەی هەواڵەکان:-
– تەقینەوەیەک لە پارێزگای کەرکوک ڕوویدا سێ کەس شەهید بوون و پێنج کەسیش بریندار بوون .."دیمەنی یەکەم"
– تەقینەوەیەکی تر لە پارێزگای دیالە ڕوویدا، شەش کەس کوژران و دەکەسی تر بریندر بوون.."دیمەنی دووەم"
-زیاتر لە سی هەزار گەنجی بێکار هەن، کە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن.."دیمەنی سێیەم"
-شەوی ڕابردوو شاجوانی ساڵ هەبژێردرا…"دیمەنی چوارەم"
-بە قەرەبووی زیانلێکەوتوانی بازاڕی لەنگەی هەولێر، کە سێ ڕۆژ بەر لە ئیستا بەهۆی شەرتی کارەباوە گەی گرت، وتەبژێی حوکومەت ڕایگەیاند:- پەیستە زیانمەندان بۆ گرەبەست قەرەبووو بکرێنەوە…"دیمەنی پێنجەم"

– هەر ئەمە وتەبژی حوکمەت ڕایگەیاند، حوکمەتی هەرێم بە جدی بیر لە کارەبای ٢٤ سەعاتی دەک... "دیمەنی شەشەم"
کارەبا دەبڕێت.
لاوەکە: نەفرەت!
ڕادیۆکەی دادگیرسێنەت:-
ئیزگەی یەکەم:- بڕۆن بڕۆن ئەوە دڕۆان... بڕۆ بنو لەسەر سینگی برادەر..."گەرانی"
لاوەکە:- کامە برادەر!
ئیزگەی دووەم:-
بگەڕێوە بە کوە دڕێیت، لەکوە هەوارت هەدەدەیت.."گەرانی"
لاوەکە: لە ژووری بازرگانی!
ئیزگەی سێیەم:-
ئەی جەماوەری بەشڕەف، هەونیشتیمانیان لەپێناو ئاسایش و هەمنی، دەنگ بدەن بە لیستی ٧٣٠.."یکلام"
ڕۆژنەی دەنگیلەک، هاوسەدای قڕەق، هەتڕشی لە برد، لە هەر زوو مەدهەشی نەما و لەبەر خۆیەوە گووتی:- لە بیرم کرد ئەڕە نیشتیمانی منە...!
ئیزگەی چوارەم:- ئەو کاتەتان باش، من کاندیدی ژمارە یەکم، لەسەر لیستی عەدالەت، ناوم یاسایە، بەوانامەی بەکالەریۆسم هەیە لە یاسا و ماستەر لە مافکانی مرۆڤ و دکتەرا لەهەمان بەش، چەندین وەرکشۆپم ئەنجامداون، چەندین وەات گەاوم بە لەکەینەوە، لە سروشتی دادگاکانیان و مافی مرۆڤ لە وەاتکانیان، بە ئەم مەبەستە زیاتر لە پازدە کتەبم هەن، بە ئەوەی ببن خاوەن مافی خۆتان، متمانەم پێ ببەخشن، ئەگەر دەتانەوە دادگا ببێتە دادگای خەک، دەنگ لە ئەوە و خزمەت لە ئەمە، دەنگ بدەن بە لیستی ٧٣٠، دەنگەکانتان پارەزراوە ئەی جەماوەری بەشڕەف...
دەنگی ئەم جارە لە دڕگاوە هات، گەنجەکە دڕە من دڕگا دەکەموە، کیلەنی دڕگاکە ڕادەکشە، ئوتومبەڵەک لە خەزانی فڕت، لەبەر دڕگا وەستاوە، یەک لە پۆلیسەکان:-
دەکرە تا ئەڕە بێیت.
چووێە پێش، کەلەپچەیان کرد و خستیانە نەو ئوتومبەڵەکە.
پۆلیسی یەکەم:- هاهاها بەخوا چاک فێمان لە قانون کرد.
پۆلیسی دووەم:- ئەی چۆن ئەگەر نەهاتبایە دڕەوە نەماندتوانی لە نەو ماڵەکەی قەبەستی بکەین هاهاها
پۆلیسی سێیەم:- من دەنیام ئەو خەاتەی بەڵوبڕی پۆلیس سە وڕقە دەلارە دەنیام..
لاوەکە:- تکایە لەڕە چ باسە یەکەکتان پێم بڵێن بە دەستگیرتان

کردووم، من چیم کردووە!!
پۆلیسەکان بەیەکەوە:- هاهاها
پۆلیسی یەکەم:- سەیری بکە هەشتا دەڵە چیم کردووە، دەزانی تا ئیستا چەند کەس بریندار بووە؟ چەند کەس کەوتووتە نێو مەزرا؟ بەدەنگ بە، لە بنکە بەرگری لە خۆت بکە…
پۆلیسی یەکەم:- گەورەم ئەوە هەمان ئەو کەسەیە، کە سەرمەزراکانی هەولێری دزیبوو.
زابتی پۆلیس:- دەتوانی بڵێیت، ئەتەش دانیشە.
– ناوت چیە؟
-ئومەد.
– دەخوێنیت؟
-خوێندنم تەواو کردووە.
– چی بەشێک؟
– بەشی یاسا.
– ئە باشە دزەکەمان شارەزایی یاسایە. ئەی باوکت چ کارێیە؟
– پێشمەرگەیە.
– پێشمەرگەی کێیە؟
– پێشمەرگەی سنوورە.
-ەنگ دەڵەم هەی کارە..
– گەورەم دەترسم..
-لەچی دەترسی؟
-لە قسەی هەڵە..
– شەرم ناکەی باوکت پارەزگاری لە تە و نیشتیمان دەکا، ئەتەش خەریکی دزی لە نیشتیمان دەکەیت؟! سەرمەزراکانت بە چی بوون؟
– وەکوو ئاسن دەمفرێشتنەوە.
– بە کیلە؟
– بەڵە.
– کیلەی بەچەندە؟
– ١٠٠ دینار.
– بە مردوون لە برسان؟
– گەورەم برسیمانە..
– قسەی قەڵە ئەمڕۆ کەس لە برسان نەمردووە،
-ئەی بە کاری پارەزەری ناکەیت؟
-نازانم تاوانبار کێیە و تاوان چیە؟!
-فەلسەفەی حیز.. دیار دزیت پێ باشترە لە ناساندنی تاوانبار؟!
-ئاخر لە دزی دەنیام…
– چیتر قسەی قەڵە مەکە.. بەهەرحاڵ ئەمە دەبە ئەو فایلە بنێرینە

دادگا، لەبەر ئەوەی بەیاری دەستگیرکردنی سەرەمزرا دزەکە، لەسەرووی دەساتی ئەمەوەیە.
دووای شەش مانگ.
ئومەد نیگا و هزری، مژویەی سەر شاشەی موبایلەکەیتی، ئەکاونتی فەیسبوکەکەی کردوەتەوە.
یەکەم بەاوکراوە:- ژنە کورژراوە، دوایی ئەوەی نەیویست لە دادگای بەرایی هەولێر ئامادەبە، تاوەکو ڕازامەندی بدا، کە ژنی دووەم بێتە ماڵەکەی.
دووەم بەاوکراوە:- دوو بنەماڵە لە دامێنی یەک لە چیاکانی کوردستان، لەسەر پارچەیەک زەوی، بوو بە شەڕیان، شەش کەس لە هەردوولایەن کوژراون، ئەم هەفتەی ڕابردوو بوو، تاوەکوو ئیستا پۆلیس هیچ کام لە پازدە کەسی داوالێکراوی دەستگیر نەکردووە.
سێیەم بەاو کراوە:- مەهزەلەی سیاسەت لەریە، ١٦٠ ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردن تێپەڕیوە، تا ئیستا حوکمەت پێکنەهاتووە.
موبایلەکە دوای تەواوانکی کورت، دەخاتە سەر بەاوکراوەی شەوی ڕابردووی وێنەیەکی لە پاکی شار چرکاندووە.
کەمێنتەکان: خەشبەخت بی، تەمەن درێژ بی، زەر جوانە، هەر سەرکەوتووبی، پێ تەمەن بی...
زەنگی تەلەفۆن لێدەدا:-
تەلەفۆن: لە بەر دەرگام دەچینەوە شوێنی مەبەست.
ئومەد:- هەر ئیستا.
شەقامی ئیسکان تەراتێن دەکەن، دوو چا لەگەڵ چارەگەک گوڵەبەڕۆژە شەویان بە دەکاتەوە، ئەوان هیچ نالێن تەنیا دەبەت چەند ڕەمزەک بەکار بێنن، لە حیوارەکانیان، وەک کابرا، بەداخەوە فلان کەس، کلاوت بگرە، کە گوو بە کلاومان دەپەوی، باشترە حیز بین تا سەلامەت بین دوایی لە تەی سەی دەچین...
دوای بەکردنەوەی شەوکەیان، ئومەد جوزدانەکەی دەردێنێت هەزار دینارەکەی نەوی دەدات بە چایچی، بەحەسرەتە دەڵێ:- ئەمەش تەواو بوو!
کاتژمێر یەکی شەوە، مەفرەزەی ئاسایشی شار لەسەر ڕێگان.
ئەفسەر:- کوا ناسنامەکانتان؟
ئومەد:- هەویەم ساڕێکە لەماڵەی دامەزراندنە.
ئەفسەر :- لە کاکە ئیرە کۆیە بە هەویە دەسوڕێتەوە لەو کاتشدا!
ئومەد:- ئەی منیش هاوشاری نیم!
ئەفسەر:- زەری مەسە، کە دەزانێت چیتان لە هەگبەیە بەم شەوە زەنگە!
دەیکوتن و دەیشکێن.

ئومێد:- بۆ لێمدەدەن؟ تکایە!
ئەفسەرەکە:- لەبەر ئاسایشی شار.
هاوڕێکەی : ئەمشەو باشتر دەنوی؟
ئومێد: بەڵێ زۆر ماندووم.
کاتژمێر دووی شەوە، لەتاو ئازار جنێو بەکات و خۆو و خێی و پیرۆزیکان دەدا، دوای کەمێک دەخەوێت.
کاتژمێر دەی بەیانی لەگەڵ زەنگی تەلەفۆن لە خۆو هادەبێت..
ئومێد:- بەڵێ؟
تەلەفۆن:- بەڵێزم ئەو سیڤیڵی پێت کردەتوە، چوارەم زمانت کە تورکیە لاوازیت، وە بەوانامەکەشت قانونە، بەڵێوە بەرەکەمان نایەوە ووشەی قانون ببیستە لەبەر باج.
دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، دەچێتە پاکی وەفایی. ئاواتە مۆزنەکانی چارلس دیکنز، دوا دەڵێکان دەخوێنێتەوە :-
" پیپ: چم لەدەست دەهات، جگە لەوەی بەدوایدا بڕۆم پێی نیشانبدەم کە سەرشەر و شەرمەزار گەڕاومەتەوە، بە لای ئەو، بەڵێ دەبووە بەڵای بیدیش بگەڕێمەوە، پێی بڵێم ئەو هەستە گەرموو گوڕەی ڕۆژگارە بە ئاواتەکانم هەمبوون، ئەمڕۆ هەمووی بەباچوون!!"
بە تاوێک دامە، نەیدەزانی بیر لەچی بکاتەوە، سەیری گەڵا چنارەکانی نەو پاکی وەفایی دەکرد، کە لەگەڵ سیرکە و هاشوهوشی بایەکە، خەیان دەکەشا بەیکتر، پاکی جەهشت.
لەشقامەکەی بەردەم پاکەکە وەستا، لەگەڵ زرینگەی مەسنجەری موبایلەکەی هات، خوێندیەوە:-
" من چیم ئەویست لە نیشتیمان
جگە لەنانێک و کونجێکی دنیایی و گیرفانێکی بەحورمەت.
مشتە هەتاوی ئارام و بارانێکی خۆشویستی،
پەنجەرەیەکی کراوەی سەر ئازادی و عەشقم باتە!
من چیم ئەویست و لەوە زیاتر نەیدامە..
بەیە ئیتر نیوەڕۆیەک دەروازەیەکم شکاند و چوومە دەرە..
بە ئەجگاری چوومە دەرە…!*
سەیری ئاسمانی کرد، هیچی نەبینی جگە قوماییەک بەڕەنگی زەریاکان، بە ئەوەی لە هاست و چەپی بنواڕێ، پێیەوە، چەند مەترە دوور لە شەستەکە سەیارەیەک دەیپلیشێنێتەوە، ئاواتە مۆزنەکان، دوور لە جەستەی کەوتە ژێر ڕەفیسکەکە، خوێن لە هەموو گیانی فیشقە دەکات، ئوتومبێلە جامەشەکە تێیدەقوچێنێت، بە ماوەی چارەگە سەعاتێک کەوتن، لەشقامەکە دەیان وێنە چرکێنەرا، هەر ئەو دەمەی بەاودەکرانەوە، گوایە گەنجێک لەناوەڕاستی شار سەیارە پێیدا کەشاوە، کەس نایەتە فریایی، ئاخری شوفێری تاکسیێک هایدەگرێ و

دەیبات بە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوا، ژووری بەرکەوتنەکان.
شوفێرەکە، لە دەی خۆیدا دەیگوت:- خودا بەڵکو دەروازەیەکی خێرم لە بکەیتەوە.
پۆلیس: بیگرن.
ئومێد هەشتا گیانی دەدا، کە سایەق تەکسیان قەبەست کرد، پێش ئەوەی ئیحالەی ژووری بەرکەوتنەکانی بکەن، ئومێد گیانی سپارد.
شوفێری تەکسیەکە بەهەی نەبوونی شاهێد دوای دووماڵنگ دادگایی کردن، بە حوکمی حەپس زیاتر لەسێ سال گیرا.
تەرمەکە هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە، بەهەی نەبوونی بڵگە لەسەر ئەوەی ئومێد چیە و کێیە!
ئاواتە مەزنەکان، چەند هەفتەیەک دوواتر زبە ڕۆژکی پیر و ماندوو، پەنەکانی هەڵدایەوە، چەند جارێک هەڵگەڕا و وەرگێڕی کرد، پێدەچوو بە دوای وێنەدا بگەڕێ، دواتر خستیە نێو عەرەبانەکەی، دەستەسڕەکی لە گیرفانی دەرهێنا و تەوڵی پێ سڕیەوە، عەرەبانەکی پاڵدا و بەردەوام بوو لە گەڕان.

* بەشێک لە قەسیدەی" ئیستا کچێک نیشتیمانمە" نوسینی شەرکە بکەس، لەگەڵ گۆڕینی ووشەی نیوشەو بە نیوەڕۆ.

هەڵبژاردن … کێنعان مەدحەت

دەنگتان نادەمێ
لە قوڕ و چەپاوی هەڵەی بە فیڕۆ دراوی
کەی پەرچەمە خوساوەکانتان خەم دەگرم و
تانەی سەر گلینەی مژووتان
بە بەرخودانیم دەسەماوە
تا ساماڵی
ئاسۆی دوور و نزیکی
ڕوو لە تاریکەشەو کراوم
وەک بن بە دوی تروسکەی دیدی
خاکی دێمی و
بارانماویم
بەوانن لە کونجی ئەم کەلاوە دەرینە

چەندین چەکی سەروخوار
بە دیار فیشەگی لەبارچوو
دەستو ئەژنۆ و
دەش داماو
تانە لە پەنجە و
پەلەپیتکەی سواو دەگرن
ئاواتەکی قورس ،
لە تەرمی بە ئازارتری دایکم
شانی داگرتووم
بەباکییەکانتان..
کەیلی بەردەبازی لینج
پێش بە پێینەوەی پێشبینیم دەگرن
چەندیترم پێجەوانەی ئەژنۆ تاو دەنێن؟
لە سەر تەپکی گەنجینە بژمارەکانتانەوە
سەروخوار هەیشمبێن
کەشانی ئەم خاکە
هەر باوەشە گەکی شایستە
بە ەای دەبینە
بە قوربانی هەنگاوی لە هەز نەکەوتووی پەم
دەپارەمەوە لەو دەپە بارانانەی
کە لە یەکدا کەدەبن و
لافاو بە ە دەخێن
تا چیتر ،
باخچە و هەرزی گەشی ژەر کەمەر
نەخرێنە ژەر پەلەقەی
گورگی بەلا و
بزن و
گەسکی بە هەمەر

هاوینی ۲۰۱۸
کفری

کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا...؟ ... هەندرێن شێخ راغب

گۆشەی یەکەم:

یەکێك لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی کۆتایی شەشی ئەیلول(1974)، دروستکردنی دەخێکی دەرونی بوو لای تاکی کورد، کە هەرکاتێك دەوڵەتێکی بەهێزی جیهانی، یان ئیقلیمی، وازی لە کۆمەك و پشتیوانی کورد هێنا، ئەوا لەروی مەعنەویەوە یەکسەر وا دەزانین دنیا کۆتایی پێدێت و شەوی تاریك دەست پێدەکات. بەداخەوە ئەم دەخە دەرونییە هەتا ئێستاش بە تەخی لە لای ئەمەی کورد ماوە. وەك بڵێی شەشمان پێ نەکرێت، ئەگەر دەوڵەتێك یان هێزێکی جیهانی لە پشتمان نەبێت، هەرچەندە ئەم رەهەندی جیەپەلەتیك و جوگرافی خۆی هەیە، چونکە کوردستان شوێنێکی پڕ لە نەخشە و پلان و زەوی پڕ ململانێیە لەم بارەیەوە، بەڵام ئەمە بابەتی ئێستای ئەمە نیە لەم وتارەدا.
گەلی کورد بەهەموو شێوەیەك دەبێت ئەم دەخە دەرونیە تێك بشکێنێت.

گۆشەی دووەم:

دوو ئەزمونی کشانەوەی ئەمریکا: یەکەم: ساڵی (1991) ئەمریکا کۆتی لە چنگی بەعس دەرهێنا، بەڵام نەهاتە ناو بەغداو پاشکشەی کرد، ئەمەش صەدام حوسێنی مەست کردو هەوای پەلاماردانی کوردو شیعەی گرت، ئەوبوو، کەوەو کرا، ئەمریکا گەڕایەوە لەناو ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی دروستکردنی هەڵەبجەی سیو شەشی کرد بە کورد لە عێراق، بەم فەرمە گەڕایەوە؟؟.

دووەم: زۆری بەسەر نەچووە، لەم رۆژانە بوو کە باراك ئۆباما گوتی ئەگەر دەربچم بەسەرکی ئەمریکا، تەواوی هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنینەوە، ئەوکات دەنگێکی زۆر گەورە دروست بوو کە بەعسیکان دەگەڕێنەوە، ئێران بەتەواوی دەست بەسەر عێراقدا دەگرێت، تورکیا دێت، کورد دەخورێت...ئیدی دنیایەك سیناریۆی دیکە، ئەوبوو ئۆباما هاتو تەواوی سەربازەکانیشی لە عێراق کشاندەوە، بەڵام چی رووبدا؟ داعش هات، عێراق کەوت، بەئێرانیشەوە؟؟ هاواریان کرد بە گەڕانەوەی ئەمریکا، هاتەوە.
بۆیە دەشە بڵێم کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لەسوریا، مانای

گەلانەوەیەکی بەهێزیەتی بۆ سوریا.

گۆشەی سێیەم:

تورکیا پێلاماری عەفرینی دا بۆ بیانوی تیرۆرو مەترسی ئاسایشی خۆی، تورکیا ئێستا هێرشە دژکات بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی فورات و ڕۆژئاوای کوردستان، هەر بۆبیانوی ناسەقامگیری سنورەکانیو داعشو تیرۆر؟؟. بەڵام کاتێك ئەمریکا بۆفڕمی لەسوریا دژکشتەوە، شتێکی گرنگ ڕوو دەدات، ئۆپۆزسیۆنی ناونیشانی شۆڕشگێڕ، لە ناوی شۆڕشی داعش، ئیدی ناونیشانی هەرێ زیندوو(دەستپێکردنی شۆڕشی کوردو تورکیا) یە، بۆیە ئێستا کە ئەمریکا دژکشتەوە مانای وایە داعش مەترسی گەورەی نەماوە، کە تورکیا هێرش بکات، مانای وایە پێلاماری کورد دەدات، پرسیار ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا ڕۆژئاوای کوردستان داگیردەکاتو نقمی لێوە نایەو وەك ئێستای عەفرین دەبێت،؟ بۆچونم وایە نەخێر. بۆیەکو یەکێك لە پێشهاتەکان ئۆپۆزیسیۆنی ئەمریکاو چەندین دەوڵەتی دیکە، تورکیا وەك صەدام مەست دەکەن، پێلاماری پێ دەدەن، دوایش هەر خۆیان لەناو ئەنجومەنی ئاسایش بۆیارێك بۆناوی ناوچەی ئارامو پاراستنی کەمایەتیەکانو یان باکوروو ڕۆژهەڵاتی فورات دەردەکەنو سوریاو تورکیاو ڕوسیایش دژخۆنە ناو تەڵەیەکی گەورەوە، وەك ئۆپۆی دوای کشانەوەی ئەمریکا بۆهەی هەڵی سیو شەش بۆ عێراقیان کرد؟. دژشت هەر خۆیان مەیدانەکە بۆ تورکیا چۆڵ بکەن، بۆیەن فڕمووو کورد بکوژێ، کوردستان داگیربکە، وەڕە ناو سوریا..بۆیەم دوایی توند قوڵگی بگرن. مادام ئەزمونی لەمجارە هەیە دژشت قەناعەتێك بەم گۆشەیە بکەین. ئەمە لەبەر خاتری چاوی جوانی کورد نیە، بۆیەکو ئەردۆغانو ستافەکەی قاچیان زۆر لەبۆیەکی خۆیان ڕاکێشاوە.

گۆشەی چوارەم:

ڕوسیا زۆر بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە ئەمریکا ماندوو بووە، چاوپۆشی زۆری لە کردەوەکانی تورکیا کرد، هەموو هەوڵێك دەدات تورکیا ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژی بۆ ڕوسیا، هەر بۆ نمونە سیستەمی موشەکی ئێس 300 دژفرۆشتە تورکیا، کە ئەمریکای زۆر هەراسان کردووە. لەهەموو بابەتو سیناریۆو سیاسەتەکانی ناو سوریا، ڕوسەکان دەستی تورکیایان ڕاکێشاوەو کورسی گرنگیان داتەوە تورکەکان، بۆیە کاتێك تورکیا موشەکی پاتریۆت لەئەمریکا دەکڕێت، کاتێك لە ئەمریکا نزیك دەبێتەوە، ڕوسیا ئۆگەر هیچ نەکات، خۆ دەبێت ئۆپۆی چەندین ساڵە لە سوریا بۆی تەنازوول کردووە، لەی وەربگرێتەوە. بۆیە نزیك بوونەوەی ئەمریکاو تورکیا، دژفێت دروست دەکات، ئەمجارە کوردو

روسیا لەیەکتر نزیك ببنەوە، تورکیا ناتوانێت هاوسەنگی ئەمریکاو روسیا بەمجۆرەی ئێستا رابگرێت، روسیا لە تورکیا قبوڵ ناکات تەواوی ڕژهەڵاتی فورات و باکوری سوریا داگیربکاتو هەیمەنەی گۆرەی خۆی دروست بکات، ئەوەی لە عەفرین بۆی کرد، بە خاتری ئەوەبوو لە ئەمریکا دوورکەوتنەوە، بەڵام کاتێك دەچێت موشەکی پاتریۆتی ئەمریکی دەکەوێت، مانای پێچەوانە بونەوەی هاوکێشەکانە، ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەداتە کورد لەسوریا بەهێزی روسەکان زیاتر لە تورکیا بوەشێنێتو بارگرێی بکات، بە کەمکەی روسەکان. ئەمەش بارژەوەندی روس دروستی دەکات، نەوەکو چاوی جوانی کورد؟؟.

گۆشەی پێنجەم:

سەرچاوەکانی ناو کۆشکی سپی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەواوی ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی، جەن بەرتەن ڕاوێژکاری ئاسایشی ئەمریکا، زارك لە ژەنەڕاڵو ئەفسەرەکان، زارك لە گەنکرەسمانەکان، زۆر دژی ئەم بڕیارەی سارك ترەمپن، ناکۆکی زۆر لەم بارەیەوە هەیە، ئەمەش دەخەکی هەستیار دروست دەکات، کە کورد لەسوریا هەوە بدات، ئەم دەخە هەستیارەی ئەمریکا باش ماموستا بکات، لانی کەم مانەوەی ئەو هێزانەی کە بڕیاربوو ناوچەیەکی ئارام لێنوان تورکو کورد دروست بکەن لەڕۆژئاوای کوردستان. واتە نابێت بڕیاری کۆتایی بدەین، لەسەر خیانەتی ئەمریکا لە بەجێهێشتنی کورد بەتەنیا لەناو گەلەگورگی ناوچەکە، واقیعیە ئاگەر بەوامان بوە بێت، هێزە نودەوڵەتیەکان ڕێگا نادەن قەسابخانەی کورد دروست بێت، چونکە ئاسایشو بارژەوەندی خۆیان وا دەخوازێت، هەر زوو بڕیتانیا ڕەخنەی لەم بڕیارە گرت، ئیسرائیل دژ بوو، ئەوروپیەکان مەترسیان هەیە. یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی گوتی: کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا لەدانە لە هاوپەیمانێتی عەرەبی-ئەمریکی، عەرەبەکان نایانەوێت ئێرانو تورکیا کۆنگای ناو سوریا بن، چونکە پانتایی جیۆسیاسی خۆی هەیە کە هێشێی ڕاستەوخۆن بە ئەمنی عەرەب. ئەمەش گۆشەیەکی دیکەیە، کە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

گۆشەی شەشەم:

کورد کارەکتەرەکی نا دەوڵەتیە، گروپە، دەوڵەت نیە، کیانی فەرمی نیە، وەك نوێنەری ئەمریکا بە کاروباری سوریا وا وەسفی کردین، کە گوتی. مامۆستای ئەمە لەگەڵ ئەم گروپە نا دەوڵەتیانە، تاکتیکیە، هەر کاتێك ئیشمان پێ نەمان، وازیان لێ دەهێنیو دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو تورکیا بەمانە ناگەیەنەوە. ئەمە ڕاستە..بەڵام جێگای باوەڕ

نیە بە کورد، لەبەرچی؟ بە نمونە ئەستا جەنگەکانی ناوچەکەو جیهان، یان بەهەم سیاسەت گروپە نا دەوڵەتیەکان دەیکەنو ئەنجامی دەدەن، حوسیەکان لەیەمەن، حزب اللە لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عەراق، بەرەی نوصرەو شام لە سوریا، پەیدەو سوریای دیموکرات لە سوریا، لەهەموشی گرنگتر داعش، داعش گروپەکی نادەوڵەتی بوو کە ئەمریکاو جیهانی هەنایە سەرخەت، بۆیە گروپە نا دەوڵەتیەکان زەر گرنگنو ئەمریکا راست ناکات، گەلی کورد لەسوریا بەمجەرە سیاسەتانە نابەت مەوقیعی گرنگی خەی لە بیر بچەت. بەمجەرە بەت کە ئەمریکا سوریا جبهەەت، تورکیا بەتە ناو خاکی رۆژئاوای کوردستان، هەمان مانای هەیە، چەن؟ چەن سەربازەکانی ئەمریکا بە دەوڵەتی سوریا بیانین، سەربازی تورکیش بیانین، هەر دەبەت لەناو سوریا بەنە دەرەوە.

گەشەی حەوتەم:

راست ناکەین ئەگەر بەین کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا، کاریگەری مەعنەویو دەرونی لەسەر کورد نابەت، وەك لە گەشەی یەکەم رونم کردەوە، بەام شتەك هەیە هەز دەبەخشتە من، ئەویش لەدوانی بەرپرسانی رۆژئاوای کوردستانە، کە سانی رابردووش هەمیشە گوتویانە تەنها پشت بە گەلی خەمان دەبەستینو دەزانین روسیاو ئەمریکا تاسەر دەستی ئەمە نین، تەنها گەل سەرچاوەی پشتیوانیە، بەس کەشکە ئەویە ئایا ئەمەی کورد بەرگەی ئەم هەموو چەكو چەو فەکەو سوپاو دەوڵەتە دەگرین، لەلایەك هەشکانی تورکیا، لەلایەك گورگەکەی دیمەشق کە بەردەوام نکەی لە بونی جوگرافیاو کیانی کوردی دەکات لەناو سوریا؟؟ ئیرادەی کورد نابەت تەك بشکەت، دوای کەوی گەورەی کورد، کیانی کوردی لەدایك بوو کە کەس چاوەی نەدەکرد. کەواتە وەك چەن رابردوو نەتواینەو، داهاتوش بەردەوام دەبین.
من دەنیام گەشەی دیکەش لە داهاتوو لەسەر پرسی کورد، لەسوریاو عەراقو تورکیاو ئەران، زەر دەنە ناو باسو خواسەو، جارە ئەمە با سەرەتایەك بەت.

ناسنامەی ئەدەبی ... عەبدولموتەلیب عەبدوللا

ناتوانین هەرگیز لە زمانێك زیاتر بە كار بهێنین.
"دریدا"
ناتوانین هەر تەنها زمانێك بە كار بهێنین.
"عەبد ئەلكەبیر ئەلخەتیبی"

لە ژێر تایتڵی پرسیارکردن لە تاریکی و سەبتایتڵی " لە هیچ دنیایەکەوە ڕەوانە نەکراوم" کتێبی ناسنامەی ئەدەبی (عەبدولموتەلیب عەبدوللا) لە بڵاوکراوەکانی گەڵاری "نما" هەولێر 2018 کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ناوەڕۆکی ئەو کتێبە پێکهاتووە لەو بڵاوانە: نیگای هونەر، چاوی شێش، نەخشی منداڵی، خەیاڵی کتێب، شێشی نوێ، ئەدەبی بەرگری، پرسیارکردن لە ڕەمان و ڕەمانی کوردی، نیگای من و هەشتاکانی ئەدەبی کوردی، لە خوێندنەوەوە بە خوێندنەوە، من و یەکێتی نوسەران، من و ئازاد سوبحی وەك شاعیر، گەڵاری سەراب سەراب...
لە پێشکییەکی کورتدا پێناسەی ئەو کتێبە بەو جۆرە کراوە:
خوێنەری خشوێست ئەو دەقەی بەردەستتان یادەوەری نییە، چونکە گێڕانەوەی ژیانی کەسی نییە، وەك چەمکی یادەوەری داوای دەکات. ژیاننامە نییە، وەك ئەوەی لەسەر ڕاستبێژی وەستا بێت، بەڵکو زمانێکی دیکەیە بەرانبەر زمان و لۆگۆ زماندا! نەك بەو مانایەی کە کاری چارەسەرکردنی یەکێتی زمان بکات، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان دەیەوێت.
بە هەر زمانێك کە (من) دەخێنە نێو ڕستەوە، یان یادی (من) دەکەینەوە، یان زمانی (من) ئاشکرا دەکەین.. ڕاستەوخۆ "من بیر دەکەمەوە"ی دیکارت ئامادەیی هەیە و (من) دەبێتەوە سەنتەری بیرکردنەوە. ئەو دەقە بە نیازە (من)ی دیکارتی و (من)ی گرامەرو (من)ی ئەدەبی بخاتە سەر خودی خۆی، یان سەر ئەمە.. بیرکردنەوەیەك هەیە پەیوایە کەی ئەو (من)انە لە ڕووە (سەسیە- ڕەشنبیری)یەکەی با جیاوازیش بن، هەر هاوشێوەن، چونکە کەی ئەو (من)انە بە هەمان واقیع و دەروون و دیاردەوە بەندن، ئۆگەرچی ڕۆگای زمانیان هەمان ڕۆگاش نەبێت.. بە دیوەکەی دیکەش دریدا لە (ل 44) کتێبی (احادیە الاخر اللغویە) دەڵێت: هەر چەند بە گومان بە دوای چیەتیمان لە نێو زماندا، وەك مەسەلەی گومانەوەی بکەتایی سەیر دەکرێت.

بە کـورتی دەمـەوێ بڵـێم (مـن) لـەو دۆقـدا بـابەت نـیـیە، بـەڵکـو دەکـەوێتـە نـاو ئـازمـوونی زمان و ئـازمـوونی (سـیسـیـف- رۆشنبیری)یـەوە، لـەوێـوە پـێیـوانـدی بـە جـۆرەکـانی (مـن) لـە لـۆگـۆ زمـان و زمـانی ئـەدەبـیـیـەوە دەبـەستـێت.

(1)

یـەکـێك گوتبووی ئـەوەی زەربـەی وەرزەکان پانتـاڵـەکی کاوبـۆی شین و کراسـەکی سـپی و کـاشـکی سـپی لـە پـێ دەکـا، هـەمیشـە کتـوبـڕکـی بـە دەسـتـەوەیـە و خـەیاڵی لـەڕ نـیـیە، ئـەوە موتـەیـبـە؟! دەزانم سـەرم لـە نـاو کتـێبان دەجولـێتـەوە، بـڵـێم وەك (ئـەرستـۆ)ی گـۆرە خـوێـنـدەری دنیا نا، خـەیـاڵـم بـەدوای گرتنی گـەردەلـوولـەوەیـە، بـڵـێم (ریلکـە) نیم! ئـەوە فیگـەری ژیانی رووتی منـە بـە کـەمـەکـێك دەستکاریـیـەوە، مـرۆڤـێك کـە نـەیـتوانی خـۆی بکوژێ، نـەیـتوانی وشـات جـبـهـێـنـێت، مـرۆڤـێك لـە ناخـەوە دژی دامـەزراوەی سیاسی و پـیـرەزی ئـیمانی داخراوو لـەگـەڵ شتـە پـیـرۆزەکانـدا دەتـەوێ...

(2)

نـابـە بـیـر لـە تـەکدانی دنیاو شـەڕش و یاخـیـبـوون بکـەیـنـەوە، بـڵـێم ئـەوەی ئـەمـڕۆ بـە شـەڕشمـان دەگـەیـنـێتـەوە، شتـە بچوکـەکـانـە نـەك حیکـایـەتـە گـەورەکـان، جـیـاوازیـیـە نـەك پـێیـوەسـتبوون...مـرۆڤبوونـە، مـرۆڤبوون زۆتـر بـە شـەڕشمان دەبـەستـێتـەوە، زۆتـر لـە پـرسی چـۆنیـەتـی ئـازادی...مـرۆڤی شـەڕشگـێـر بـەرگری لـە دادپـەروەری دەکات، شـەڕش پـێویستی بـە بـەرگـری نـیـیە؟! نـادادپـەروەری دیـارە، بـڵـێم دادپـەروەری تـەمـومژاویـیـە، وەك چـۆن تـاریکی ئـەو کـاتـە ئـامـادەیـە، کـە رۆنـاکی نـائـامادەیـە! دادپـەروەریش جگـە لـە ونبـوونی نـادادپـەروەری شتـێکی دیکـە نـیـیە! شـەڕش دیـارە وەك ئـەوەی هـەیـە، شـەڕشیش ئـەو کـاتـە بـوونی هـەیـە کـە مـرۆڤبـوون و دواتـر ئـازادی و خـودی دادپـەروەری.. لـە لـەوی مـەرگ نزیکترن، نـەك لـە دەمی ژیان...

(3)

شتـەکـان وەك چـۆن هـەن، ئـەوە نـیـن، یـان مـەرج نـیـیە وابـن.. ژمـارەی دانیشتوانی ئـەمریکا لـە شـەش پـێینت سـەی دنیا تـێپـەڕ ناکات، بـڵـێم ئـەو بانگـەشـەیـەی کـە بـە مافی مـرۆڤ دەیکات هـەموو دنیای لـەخـۆگرتووە، بـیر لـەوە ناکاتـەوە کـە لـە سـەدە پـێنجای سامانی هـەموو دنیا لـە ئـەمریکایـە، بـیر لـەو جیاوازیـیـە گـەورەیـە ناکاتـەوە لـە نـێوان ژمارەی دانیشتوانی دنیا و خـۆی... ئـەو قسـەیـەم لـەوەوە دێت، کـە ناکـۆکی سیاسی هـەموو شتـێکی بـەخـۆوە گـرێ داوەو هـەموو شتـێکی بـە رەمزکردوە. دەزانم هـەموو ناکـۆکیـیـەك بـەرئـەنجامی ناهاوسـەنگی هـەڵـە، ئـەی خـۆگونجانی خـەڵکی مانای چـیـیە؟ خـۆگونجانی خـەڵکی پـێیـوەستبوونـێکی درۆزنانـەیـە! ئـەو قسـەیـەم گشتگـیر و هـەندە ڕەق، بـڵـێم خـەڵکی بـە بـە ئـاگایی بـوون

باوەڕ بە ئایدیالۆژیا دەهێنن، بەر لەوەی بیر لە راستییەکان بکەنەوە.. خۆکەی هەمیشە بە کارەکە هەڵدەستن کە حەزی لێناکەن، چونکە دیانەوێت لە واقیع دوور بکەونەوە، ئەوە ئایدیالۆژیایە! ئایدیالۆژیا مانا بە هەموو شتەک دەبەخشێت بە تیرەر و کۆنەپەرستیش.. ئەوەی خۆکی بە ئاگا ڕەست دەکاتەوە ئایدیالۆژیایە، ئەوەی ماندوویان دەکات ئایدیالۆژیایە، ئەگەرچی ئایدیالۆژیا وەک ئەوەی هەیە، درزنانێش بێت.

(4)

کتێب ئازادی تاک دەچەسپێنێ و دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە. یەکەمیان هەر تەنها پەیوەندی بەوەوە نییە کتێب تێنیامان دەکات، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەرگاو پەنجەرەکانی مێشکمان بەسەر ئەویدیکەدا دەکاتەوە. دووەمیان مەبەست دەسەڵاتی ڕەهایە، بەتام لەگەڵ ئەوەشدا کتێب بەشێوە کراوەکەی وزەیکمان پێدەبەخشێت کە بە مەعریفەی جیاوازەوە بنەدەن، هەمیشە لە نێوان وزەی مەعریفی و تێنیاییدا دیکتاتۆرییەت هەرەس دێنێ! لە پانتایی مەعریفەدا ژیان بە ڕەنگە جیاوازەکانی دەجوڵێتەوە، لە تێنیاییدا دەسەڵات بە کەس دەمێنێتەوە…دنیای کتێب و خەیاڵی خوێندنەوە، دنیای ڕامان و هەڵوەست و بیرکردنەوەیە. هەمیشە ژیان بابەتێکە مرۆڤ بەر لەوەی مامۆستای یەکەم ئەرستۆ دەڵێت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، بە تێنیا ناژین، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە یەکمان دەبەستێتەوە نەک بازاڕ، بەڵام گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی لەرەوە دەستپێدەکات لە بەیەک بەستنەوەی بازاڕی ئایدیالۆژیا.. گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی ئەوەیە دەیەوێت وەک ئەوان بیر بکەیتەوە وەک ئەوان خەیاڵ بکەین و وەک ئەوان هەبژرین.. ئایدیالۆژیستەکان دەیانەوێ کتومت ئەوان بیت، سارتەر لە ئاماژەیکی بێناوبانگی فەلسەفیدا بە ئەویدیکە دەڵێت "ئەو منەی کە من نییە" بەڵکو ئەویدیکەیەک کە هەموو خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خودی هەیە، لە بیرکردنەوە ئازادی و ویست…

(6)

(پەشمەرگە 1961)ی (ڕەحیمی قازی) یەکەمین ڕەمانی کوردییە، یان

(مەسەلەی ویژدان 1970)ی ئەحمەد موختار جاف، یان (لە خەوما 1975)ی جەمیل سائیب؟!.. رەمان وەك كردەیەكی هونەری پڕخشانەمز لەسەر بنەمای گۆڕانەوەو رووداوو كاراكتەر، لە نەوان خەیاڵ و حەقیقەتدا خەی دەبینەتەوە و بە شێوەیەكی تا ئەندازەیەك ئاڵۆز دەچنرێت.. ڕەنگە ئەو بە ناو پێناسەیە (ئاڵۆزی ڕەمان) و (ئازادیی ڕەمان) لەوەدا هەڵگرتەوە، كە تاكو ئێستا نەتوانراوە سنورەكانی ڕەمان وەك پێویست دیاری بكرێت!! كەواتە پێشمەرگەی (ڕەحیمی قازی) ئاڵۆزترین ڕەمانی چنراوی كوردییە، یان (لە خەوما)ی جەمیل سائیب چەمكی ئازادی لە ڕەمانی كوردی دەخاتە ڕوو؟! لەسەرەتادا هەموو ئەوانەش زەر گرنگ نیین، گرنگ ئەوەیە لە كوە وەستاوین، من دەڵێم هەتا ئێوەی دەگوترا كورد ڕەمانی نییە، با ڕەمان بنوسین.. لە نوكتەیەك وەستابووین، دەڵێت: كەسەك لە كافێیەكدا داوای قاوەیەكی بە سەرتوو دەكات، دوای نیو سەعات لە چاوەڕوانی، گارسۆنەكە دێتەوە دەڵێت: سەرتووەمان نییە، بەس شیریشمان نییە، بە قاوەیەكی بە شیرت بە دروست نەكەم.

(7)

بزاڤی ڕوانگە بەشەكی زەری ئەدەبی حەفتاكانی كوردی (باشوری كوردستان)ی داگیر كردبوو و بانگەشەی بە كەمەڵە دروشم دەكرد لەوانەش: وتەی نوێ، بیری نوێ، كرداری نوێ، لە ڕووی بیركردنەوە هەنگاوەكی نوێ بوو بەرەو یاخیبوون لە دابونەریت، لە زمانی سروشتامێزی گۆران و هاوەكانی.. ڕوانگە هەرگیز شكۆی نەبوو، ڕوانگە یاخیبوون لە ڕووی ڕەمزگەرایی و زمانی ئەدەبی و هونەرییەوە، بانگەشەی تیۆری هونەر بە هونەرییان دەكرد، هەموو ئەوانەش ڕوویەكی نوێی بە ئەدەبی كوردی بەخشی..

بە بۆای من هەشتاكانی ئەدەبی كوردی ئەوەندە تاریك نەبوو، ئەدەبی هەشتاكان جگە لە پەرەپێدانی چەژی هونەری و زمان و جوانكاری، مەعریفەی ئەدەبی قوڵتر كردەوەو دنیابینییەكی بوونگەرانەی بەرهەم هێنا! دەشێ جوانكاری و زمانی مەعریفی و خودگەرایی وەك سیمایەكی جیاوازی شیعرییەتی هەشتاكان هەڵگرینەوە، دەمەوێ بڵێم بە شێوەیەكی گشتی ئاكامی شیعرییەتی هەشتاكان، دەكەوێتە نێوان چەژو خودگەراییەوە.

(8)

خوێندنەوە فەزایەكی دیكەی جیاواز بە خەمان دروست بكەین.. لە تیۆری (وەرگرتن) لە یەك نەچوونی دەق و خوێنەر وەك یەكەك لە مەرجە بنەڕەتیەكانی (ئاوێتەبوون) قسەی لەدەكرێت! بە ئەو مەسەلەیەش ڕەخنەگری ئەدەبی (وولفگانگ ئایزەر) سوودی لە توێژینەوە كەمەڵایەتی و دەروونییەكانەوە وەرگرتووە بە

و، دراوسێی و کاسەلێس و دەستوپەیوندەکانیان و،
لە کوردستان ژمارەیەك لە پیشمەرگە زەوی وەرگرتووە و، ژمارەکەی تر چاوەروانە بەڕام سەرك جاش و جەیش شەعبی و موختاری راپەرت نووس و خاوەن فایلەکان کە سیخوریان بۆ حزبی بەعس و رژێمەکەی بەغدا ئەکرد زەویان وەردەگرتووەو،
کار بەوەش نەوەستاوە هەندێك لەو سەرك جاش و موختار راپەرت نووسانە بوونەتە دەمراستی بەرپرسە گەورەکان و، سەرەرای ئەوەی کە لە بنچینەوە زەویان هەیە، زەوی تریشیان وەرگرتووە، دیارە کوردستان تاپۆی ئەو جارە کەسانەیەو، تا سەرك جاش و خاوەن فایەل ماوە پێشمەرگەی دڕین بۆ بەشە..
هێزو پارتە کوردستانییەکان و حزبی شیوعی پێشمەرگەیان هەبوو، هەریەك لەمانە لە سەنگەری گەلدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان خەباتیان ئەکردو، هیچ کات بەرامبەر بە دوژمنی دیکتاتوری فاشی سارد نەبووەو، پێشمەرگەکانی زۆر کارامەو گورجوگۆ بوون لە پەلاماردانداندان دژ بە دوژمنیان و، ئەگەر لە پێشمەرگەی لایەنەکانی تریان زۆرتر نەکردبێت، قەت کەمتریان نەکردووە.

خێنی پێشمەرگە شیوعییەکان لە گەڵ خێنی پیشمەرگەی لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپانی تەکۆشان لە چەندان شەرو داستاندا ئاوێتەو تێکلاوی یەکتر بوو ، بۆ نموونە لە داستانی سەلەمیشدا خێنی پێشمەرگەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان تێکلاوی خێنی پێشمەرگە نەمرەکانی حزبی شیوعی بوو، هەروا لەگەڵ پێشمەرگە دلێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ و، پێشمەرگە ئازاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە داگیرکی کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەی تازە شارو وئاوایی شێخ حەمیدو بناری گلدا دژ بە پرۆسەی چەپەڵی ئەنفال و، لە دەیان شەرو داستانی تردا.

لە سلیمانی بە هەوڵ و کۆششی هاوڕیانی حزبی شیوعی و برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دڕینەکان دامەزراو دیارە ئەو کارەش، کارێکی باش و پێزەتیڤانەیە بۆ داگیرکی کردن لە مافی رەوای پێشمەرگە دڕینەکان و، هەوڵیان داوە پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆیاندا کۆ بکەنەوەو، بەڵام خواستیان تا ئێستا نەهاتووەتە دی و، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دووڕەپەڕزن و، نایانەوێ خۆیان بەو کۆمەڵەیە گرێ بدەن.
من وەك سەدان وهەزاران پێشمەرگە لە ولاتەکەم مافم خوراوەو، بستێك (زەوی) یەم پێنەدراوەو، زۆربەی ناسیاوەکانم باوەڕ ناکەن و، هەندێکیان سوێند بەخواو بە پێغەمبەرو بە (موقەدەسات) و تەلاق

ئەخ‌ن كە زەویم وەرگرتووەو ، ب‌یە ب‌دەنگم..

من تا ئ‌ستا (یەك بست زەوی) یم وەرنەگرتووەو، هیچ كات ب‌دەنگ نەب‌ووم و، لە زەر ب‌واردا باسم ل‌یكردووەو، هەمیشە وتوومە ناسیاوەكانم (هەقیان) ە باوەرم پ‌ ناكەن و، روو بە روو پ‌م ئەو‌ن : ئەگەر زەوی بە (ت‌) ی خاوەن ت‌كشانكی زەر نەدراب‌ت، ئەی بە ك‌ دراوەو، بە كی ئەدەن؟؟

ولامدانەوەی ئەو بەرزانە ئاسان نییەو، بگرە زەر سەختەو، ئەبی ب‌م : راستە زەوی ب‌ە بەشك پ‌شمەرگە دراوەو، ئەوەش مافی خ‌یانەو، جی دخشی ئ‌مەی پ‌شمەرگەو ئەو كەسانەیە كە دسزی گەل و نیشتمانن و، من لەرەدا ناچارم بە (راشكاوی) ئاماژە بەو كەسانە بدەم كە لە ریزی بەعسی دیكتات‌ری كاریان كردووە وەك سیخور، راپ‌رت نووس، جاش و موستەشارو كارمەندی پایە بەرزی دامودەزگاكانی رژ‌می گ‌ر بە گ‌رو، ئەمرش هەر ئەوان لە ریزی پ‌شەوەن و، بوونەتە خاوەن ماف لە ئەرز وەرگرتن، مووچەی باش وپلەوپایەی بەرزو نایاب و ئەندامی پارلەمان و موستەشاری سەروكەكان و هتـــــــد..
من داوا لە وەزارەتی پ‌شمەرگە و، وەزارەتی دارایی ئەكەم مافی هەموو لایەك وەك یەك بپارزن و، جیاوازی لەنوان پ‌شمەرگەكانی حزبی شیوعی وپارتی و یەكیتی و سسیالیست و زەحمەتكیشان نەكرت و، بە یەك چاو سەیری هەمووان بكرت و، هەوبدرت یارمەتی تەنها ب‌ حزبەكانی دەسەات نەبت و، بچن بە هانای پ‌شمەرگە دیرینەكان كە سانە ژمارەیەكیان كچ ئەكەن.

20/12/2018

پەنابەرەكی كورد پاوراوە ب‌ وەرگرتنی خەاتكی ئەدەبی … ئامادكردنی: هژار


ماپەری وژنامەی زەئەیجی ئوسترالیی ناوی ئەو نوسەر و شنبیرانەی باوكردەوە لە ئوسترالیا كە پاوراون ب‌ وەرگرتنی

خەڵاتەکانی سەرۆك وەزیرانی ویلایەتی ڤیکتۆریای ئەو ووڵاتە کە لەناویاندا ناوی پەنابەرێکی کورد هەیە.
بەهرۆز بوچانی، ئەو پەنابەرە کوردەیە کە بە کتێبێك کە تێکەڵەیەکە لە چەندین ژانری ئەدەبی بەشداری کردووە و پاڵوراوە بۆ ئەو یەکێك لەو خەڵاتانە.
بەرهەمەکەی بوچانی کە بە ناونیشانی " هیچ هاوڕێیەکمان نیە جگە لە چیاکان" باس لە یادەوەرییەکانی خۆی دەکات لە سەرەتای ژیانییەوە هەتا ژیانی پڕ لە کارەساتی لە کەمپەکانی دوورگەی مانوس کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە لەو دوورگەیە لەگەڵ سەدان پەنابەری تر دەستبەسەرن.
بەهرۆز بوچانی ، لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و یەکێکە لەو پەنابەرانەی کە پێشتر ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن، بەڵام دەستگیر کراون و ڕەوانەی کەمپەکانی دوورگەی ناورۆ و مانوسی پاپانیوگینیا کراون و بەپێی یاسا تونەدەکانی ئوسترالیا دژی کۆچبەرانی دەریایی نایاسایی ، هەرگیز مافی پەنابەرێتی لە ئوستراليا وەرناگرن.


سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژنامەی زەئەیج

چەند هاوڕێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە ... ئامادکردنی: ئیبراهیم


دوهەمین پیشانگای ڕەسم و ئا میری میژوویی کەوش دروس کردن لە کوردستان،24سەرماوەز هە تا30سەرماوەز



هـوـیـن کـنگرـی نـتـوـیـیی زمـانی دایکی
مـهـاباد ۲ی ـشـمـی ۱۳۹۷
ئـنستیتـ فـرهـنگی و فـرکاریی سـما



لە کۆی ئەزموونان لە " دادە مەعسووم" هاوژینی مامۆستا هێژار، تۆژینگەی کوردستان ناسی میوانداری کۆمەڵەک مامۆستا و میوانی ئازیز.



*لەو کاتدا هەریەک لە بەڕێزان:
پرۆفیسەر ڕەحمەت سادقی(سنە)
مامۆستا ماجد مەردۆخ ڕۆحانی(سنە)
مامۆستا عەتا نەهایی (سنە)
مامۆستا عەباس غەزاڵی(هەولێر)
مامۆستا زیرەک کەماڵ(هەولێر)
مامۆستا عەدنان بەرزنجی(سنە)
مامۆستا سەلاحەدین ئاشتی (مەهاباد)
مامۆستا سدیق سالح (سلەمانی)
شێخ یەحیا بەرزنجی (سلەمانی)
لە وتاربێژانی ئەو کاتیادەن.
هەروەها بەشکانی دیکەی کاتکە بریتین لە:

*کورتە فیلمکی بەگنامەیی لە سەر ژیانی دادە مەعسووم
*پەردەلادان لە سەر بەگەی " پشکشی نامەی ئاسوارەکانی ماموستا هەژار بە زانستگای کوردستان"
*پەردەلادان لە سەر " خاتی سانەی هەژار بە لکینەوەی کوردی"
پێنج شەممە 22ی سەرماوەزی 1397ی هەتاوی
کات : 15 تا 18 هەی مەولەوی
*تۆژینگەی کوردستان ناسیی زانستگای کوردستان
-————————

پیکە ری ماموستا قالە مە رە لە یە کیک لە پارکە کانی تاران



ئاکام ... ڕستەم خامۆش

هێندە ئاڵام خۆش دەوێ
لە یادمە ڕۆژو شەوێ

جارێک خەیاڵم فڕی
ڕێگەی دووری بڕی

گوتم : کام شاخ بڵند
لێم نیشتمانی کورد

ئاکامی لە هەڵکەم
بە چاوانم سەیریکەم

بەم ئاخەی وا بەیداخ
دیارە لە سەر لوتکەی شاخ

شاخکی بەرزو سەرکەش
لەسەریەتی ئاڵای گەش

ڕستەم خامۆش

چ تێگەیشتنێکمان لە مژووی کۆمۆنیزم هەیە؟ ... ئاسۆ کەمال

بەشی دووەم لە زنجیرە وتاری حزب و دەوڵەت- سەبارەت بە کۆشکانی کۆمۆنیزمی سەردەم و هاوکێشەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئینسانی

پێش ئەوەی بچینە ناو مژووی لەکدانەوەکان و تیۆریکان لەسەر حزب و دەوڵەت، پێویستە تێگەیشتنێکی ماتریالیستیانمان هەبێ بۆ خودی مژووی کۆمۆنیزم و لێرەوە دەتوانین ئەو تیۆر و هەوانە لە بواری حیزب و دەوڵەتدا بناسین کە لەم مژووەدا دەرکەوتون. بەڵام سەرەتا مژووی ئەم کۆمۆنیزمە خۆی لە تێگەیشتنکی میتافیزکیەوە

پچراوتەوە و ئەم مژووە کراوتە مژووی گروپ و دەستە کۆمۆنیستەکان و هێزە سیاسی و ڕیکخراوەیی جیاجیاکان و مژووی خەباتی چینایەتی کرێکاران کە بنەمای کۆمۆنیزمە لەبیربراوتەوە و هەر گروپە مژوی خۆی بە مژووی کۆمۆنیزم لەقەڵەم دەدا.هەربۆیە هەر بینەرێک ناهەقی نیە توشی سەرلێشوان ببێ و بڕۆ لە بەر ئەم دارستانە دار نابینێ.

چینی کرێکار لە سەرمایەداریدا ،بەهەمان شێوەی چینی بورژوازی لە دژبەگایەتیدا ،خەباتێکی چینایەتی دژکا دژ بەو کێلایەتیەی کە کاری بکرێ بەسەریدا سەپاندوە. ئەم چینە لەم هەوڵە بردوامیدا بە لابردنی ئەو هێگریانەی لەبەردەمیدایە بە گێشتن بە دەسەڵات و کەتایی هێنان بە سیستەمی سەرمایەداری تیەر و تاکتیک و شێوشی جەراوجەر و لەوانەش کۆمۆنیزمی تاقی کردەتەوە. بەڵام ئەوە کۆمۆنیزم و سیاسەتی کۆمۆنیستی نیە کە ئەم مژووە و شۆڕشگەران دروست دەکا، بەڵکو ئەوە قۆناغی گۆڕەی سەرمایەداری و گۆڕەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە کە هەوڵە کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیەکان دەخاتە قاڵبێکی مژوویی،وە، کە ئەم هەوڵانە " ئاگەر لەو چوارچێوە مژوویی گۆڕەی چینی کرێکاردا نەبێت ئەوا دەبینین چەند بە دەسەڵات لەگێشتن بە ئامانجی کەتایی، بە پچەوانەشەوە چەن لە شکان نەهاتوە، ئاگەر لەو چوارچێوە مژوویی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا بێت". *3

ئەم تێگێشتنە ماتریالیستیە دوو شتمان بە ڕون دەکاتەوە؛

یەکەم: هەوڵە سیاسیە جەراوجەرەکان ناوی چینێک وەرناگرێ بەڵکو ناوی سەردەم و کۆمەڵگایەتیەکان و حزبەکان و هێزە سیاسیەکان وەردەگرن، بەڵام ئەمانە لەڕاستیدا خەیان ئەنجام و پاشکۆی گۆڕەی مژوویی چینی کرێکارن . هەربۆیە لە پشت ناو و مژووی مارکس و لینین و مانیفیست و کۆمۆنە و ئۆکتۆبەر و حزبە جەراوجەرە کۆمۆنیستیەکانەوە دەبە ئەو گۆڕە مژوویە ببینی کە چینی کرێکار لەو قۆناغە جیاوازانەی گۆڕەی سەرمایەداریدا پگێشتوە و هەوڵە سۆشیالیستەکان بەپێی پیداویستیەکانی خەباتی چینایەتی لەو قۆناغەدا شکڵیان گرتوە. ئەمە بە لکدانەوەی چوارچێوەی ئەو قۆناغە توانای تێگێشتمان لەو هەوڵانە هەیە . ناتوانین ئەم هەوڵە کۆمۆنیستیانە بە هەموو قۆناغەکان بکەینە قاڵبێک وپێوەر و دەگمەکی چەقبەستوو و نەگۆڕ، وە بزوتنەوەی کرێکاری بەپێی ئەو قاڵبە مژوویانە بەش بەش بکەین بەناوی مارکسیەکان ، بەلشەفیەکان ، کۆمۆنارەکان و تڕتسکیەکان و کۆمۆنیتسە کرێکاریەکان و سۆشیال

دیموکراتەکان و هتد..

ئەم جۆرە تێگەیشتنە نامارکسییە کە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەخاتە جێگای خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەوان دەکاتە نوێنەری مارکس و چینەکە، تێگەیشتنێکی باوە کە خۆی بەرئەنجامی پرۆسەی دابەزان و دورکەوتنەوەی بیرکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سیاسیەکانی چینی کرێکارە لە خودی چینەکە و خەباتی چینایەتی و بونی بە گروپی تەبلیغاتی یان حزبی نوێنەرانی چینەکانی تر.

ئەم لێکدانەوە ماتریالیستیە تەواو پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە میتافیزیکییە کە مارکسی کۆمۆنیزم وەک مارکسی گروپێ جێگیرکان و وەداوەکانیان دەبینێ، وە تەواو جیاوازە لەو داتاشینی جیاوازیانەی ئیستای ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە قسەبە مارکسیەکانی وەک مارکسیزم و بلشەفیزم و سۆندیکالیزم و ئانارشیزمیان کردۆتە قسەبی جێگیر و پیرۆز و بەپێی ئەوانە دنیای ئیستا و خەباتی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار لێک دەدەنەوە. ئەمە وەک کاری ڕێگرەکانی سەدەی ناوەڕاست وایە کە بەپێی ئەندازەی تەختەی ئایدیالێژی تایبەت بەخۆیان جیستەی ئەم بزوتنەوەیە ڕێک دەبڕنەوە و ڕێکخراو و حزبی جەماوەری لە دروست دەکەن. لە کاتێکدا مانیفیست هاواردەکا: "کۆمۆنیستەکان، حزبێکی جیاواز بەرانبەر باقی حزبەکانی چینی کرێکار پێك ناهێنن. ئەوان، هیچ بیرۆکەیەکی تایبەتی و جیاواز لە بیرۆکەندی کارگەرانیان نییە. ئەوان لە خۆوە هیچ چێشنە شێوازێکی گرووپی ناهێننە کایەوە کە بزووتنەوەی کارگەری پێ بخنکێنە قسەبەوە."*4

دووەم: هەرکام لەم هەوڵە کۆمۆنیستیانە بشکێن لە پرسیەکی مارکسیی، کە هیچ کات نابنە خاڵی دەستپێکردن و جیاکردنەوە و کۆتایی مارکسی خەباتی چینایەتی، بەڵکو هەرکامیان دەورەکاریگەری خۆی لە پرسیەکی مارکسیدا دەنوێنن ،کە بەردەوام لە گۆڕان و شکت و هەستانەوەدایە. مارکس ئەمە بە خەسڵەتی دیالێکتیکی خەباتی چینایەتی کرێکاران دادەنێ کە پێچەوانەی چینەکانی پیش خۆیەتی. ئەو دەڵێ؛ چینی کرێکار "ناتوانێ دروشمەکانی لەنابردوو وەرگرێ بەڵکو تەنیا لە داهاتوو وەریدەگرێ. ئەو ناتوانێ ئەرکەکەی ئەنجام بدا ئەگەر هەموو ڕەزگرتنیکی ئەفسانەوی نابردوو کۆتایی پێ نەهێنێ. شۆڕشگێڕانی پێشوو(بورژوایەکان) پێویستیان بە گەڕانەوەی یادەوەریەکانی وەداوە مارکسیەکانی جیهان بوو تاکو خۆیان هەڵخەڵتێنن سەبارەت بە ناوەرۆکی ئاستەقینەی شۆڕشەکەیان. بەڵام شۆڕشی سەدەی نۆزدە(کرێکاریەکان)لەسەریەتی بۆئەوەی بەخۆی ناوەرۆکی

تایبەتی شۆڕشکێ ڕەشن بکاتەوە دەبێ لەگەڵ مردوەکان مردوەکانیان بنێژن.. ئەم شۆڕشە پرۆلیتاریانە وەک لە سەدەی نۆزدەدا ڕوودەدا، ئەوانە ، بە پێچەوانەوە بەردەوام ڕەخنە لە خەیان دەگرن، وە لەکاتی بەرەوپێشەوەچوندا بەشێوەیەکی بەردەوام خەیان دەوەستێنن لە ڕەشتن، وەجارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەستیان کرد بەوەی شتێک بدەست بهێنن تاکو سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە، وە بەشێوەیەکی بەبێ ڕەحمانە گاڵتە بکەن بە کەموکوڕیە سەرەتاییەکانیان و وە خاڵە لاوازەکانی وە هەموو پوچیەکانی." *5 ئەم خەسڵەتی دیالەکتیکی خەباتی چینایەتی کرێکارانە.هەربۆیە ئەنگلس دەڵێ" بزاڤی کرێکاری ئەڵمانی وارسی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیە."*6

بۆ پێچەوانەی ئەم میتۆدە دیالەکتیکیەوە ،کە پێویستە هەموو مێژووی سەدەی ١٩ و ٢٠ بداتە بەر ڕەخنەی بێ ڕەحمانە تاکو کەموکوڕیەکان و لاوازیەکانی کەمانە و ئەکتەبەر و هەیکانی شکستی ئەم شۆڕشانە بکاتە دەرس بۆ شۆڕشکانی ئەم سەردەمە ، هەشتا دیدی میتافیزیکی و نامێژوویی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی کەمانیستیدا ،نەک هەر چینی کرێکار بەپێی قابیە فکریەکان پەرت پەرت دەکا، بەڵکو کەمانیزم خۆشی دەکاتە شتەکی جیاواز لە چینی کرێکار و ئەو خەباتەی ئەمرۆ لە مەیدانەکانی ئازادی لە ئارادایە. بەم شێوەیە هیچ کاتێ ئەو ناکۆکیەی لە فکری خەیدا بۆ جیاکردنەوەی سنوری کەمانیستی و ناکەمانیستی دروستی کردوە، ناتوانێ چارەسەری کێشەی جیایی کەمانیزمی لە کرێکار پێ بکا. پێی وایە پیویست بە کەمانیزمێکی فکری خالس و پوختە تا بتوانێ ئەم دوانە پێکەوە گرێ بداتەوە، وەک چۆن پێیوانی ئاینەکان بە دەقەکان و ڕەفتاری پێغەمبەرەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕزگارکردنی دنیای ئەستا.

ئەمە بە تێگەیشتنمان لە مێژووی چینی کرێکار و ئەو گەڕانکاری و جیاوازیانەی لە خەباتی فکری و سیاسی ئەم چینەدا دروست دەبێ پێویستە سەیری مێژووی بورژوازی وەک چینێکی شۆڕشگێڕ دژ بە سیستەمی دەرەبەگایەتی بکەین. دەبینین بەپێی گەڕانکاری وگۆڕی جێگە و ڕێگەی ئابوری بورژوازی لە سەردەمی ڕینیسانسەوە هەوڵی فکری و سیاسی بەردەوامی چەند سەدەی خایاند تاکو پێکهاتەکانی سیستەمی سیاسی خۆی کامڵ کرد. لە لەتەریزمەوە دەست بە شۆڕشگێڕ کۆنیسەی کاسولیک دەکا،وەک پێکهاتەیەکی سیستەمی دەرەبەگایەتی، هەروەها لە میکاڤیللیەوە شۆڕش بەسەر فکری سیاسی دەرەبەگایەتی و کڵێسادا دەکا و زانستی سیاسەت لە دنیای واقعیدا دەهێنێتە ئارا و دواتر لەسەر

دەستی هەر کام لە جان بەدان، ئانتاسیس،تەماس هوبس، جان لۆک،مۆنتیسکۆ،ڕۆسۆ، بنتام و ستیوارت میل و دیان فیلسوف و یاساناس و سیاسی و بزوتنەوە سیاسیکانیەوە ،کاری فکری و تیوری سەبارەت بە چەمکەکانی سەروەری، دەسەلاتی یاسا، فەرمی حوکمەانی، جیاکردنەوەی دەسەلاتی دینی لە دەسەلاتی سیاسی، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و بەڕیوەبردن و دادوەری ودەوڵەت و دەستور و مافەکان فەرمانڕەوکران و جەکەوتن. ئەم پرسیەی شکڵگرتنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئەنجامی چەند سەدە لە ململانێی فکری و سیاسی و سەربازی لە نێو چینی بورژوازیدا و دژ بە فکر و بیرورای زالی دە رە بە گایە تی ڕویداوە.

لەگەڵ پەداویستیەکانی سەپاندن وەاگرتن و گەشپەدانی دەسەلاتی ئابوری ئەم چینەدا و کاریگەری خەباتی چینایەتی بەسەریانەوە ،قاڵبی حزب و حکومەت و دەوڵەتی بورژوازی گەانی بەسەرداهاتوە و شکڵی ئەستای پەرلەمانی و حکومەتی جێبەجێکردن و دەزگای دادوەری و سوپا و دەزگای ئاسایش و دەزگا نهێنیکانی وەرگرتوە و لە ئاستی جیهانی UNوبانکی جیهانی ودەزگای جەراوجەری دروستکردوە.

حزب و دەوڵەت بە چینی کرێکاریش ڕەوتکی ململانێی فکری و تیەری و پراتیکی دوو سەدەیی تێپەاندوە. لەهەر دورەیەکدا چینی کرێکار کەمەک هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و لە خەبات و شەشی بەردەوامیدا ڕاستی و دروستی تیەریکان و سیاستەکانی تاقیکردەتەوە و سەلماندونی، یاخود لە شکستەکانیدا ناشنی و هەکانی خەی بە دەرکەوتوە. ڕەوتکی مۆزوویی ئەم چینە کە لە دوو سەدەدا لە شەوازی ئینترناسیونال و سەندیکا و شورا و یەکێتیە کرێکاریکان حزب و شەش و مانگرتن و دەوڵەتدا خەی نمایش کردوە. ئەمانە هەمویان هەوەی جەراوجەری چینکن کە لە پێناو کەتایی هەنان بە کۆیلایەتی بە سەرمایەداری دەستی بەبردوە و لە پرسەیکی مۆزوویدایە بە خە ئامادەکردن وەک بەدیلی ئەم سیستەمە چەوسێنەر. پە بەپێی ئەوەی «چینی کرێکار بەردەوام ژمارەی زیاد دەکات و بە دیسپلین دەبەت، یەکگرتوو دەبەت، ڕێکخراو دەبەت، لە ڕەگای میکانیزمە زەرەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خەیەوە"7* ، لە خەباتی چینایەتیدا مەسەلەی نوێ وەک حزب ، ئینترناسیونال، دەوڵەت، شورا و سەندیکا و کەلتور و هتد دێتە پێشەوە.

کۆمۆنیزم لەگەڵ شەشە بورژوازیکاندا دژی دەرەبگایەتی وەک بزوتنەوەیەکی ناڕازی کرێکارانی تازە پەگەیشتوو هاتەمەیدان و زەر بەسادەیی خەی لەبەرگی بەدیلی سەرمایەداریدا نیشاندا. هەرچەن

بورژوازی چەند سەدەی لە خەباتی فکری و سیاسی و ئابووری ویست تاکو لە کۆتوبەندەکانی فیودالی ڕزگاری بوو ، بە هەمان چەشن کرێکارانیش لە هەوڵێکی مێژووییی بەردەوامدان تا خەیان وەک بەدیلی سەرمایەداری بسەلمێنن. ئەم چینە بە چەندین شێوەش لە سەدەی نۆزدە و بیستدا مەری خۆی داوە لە مێژووی تا ئێستای دنیای سەرمایەداری.

ئەم کەمێنیزمە بەم تەجروبانەی نیشانداوە لە بواری فکری و سیاسی و کەمڵایەتیدا و بوونە یەکێک لەو بزوتنەوانەی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ئاڵۆز و قەیراناوی سیستەمی سەرمایەداریداهەیە. هەر قەناغێکی ئەم هەوڵە فکری و سیاسیانە دەبە وەک ڕەنگدانەوەی دەخی سیاسی و ئابووری ئەو سەردەمە و پێداویستیەکانی خەباتی ئەو دەروەیە سەیربکرێن نەک وەک قاڵبێک و دەگمەکی کە مێژووی تیاقەتیس بکرێ و لە ئێستادا دەبە کەمێنیزم وەڵامی ئەو کێشە و مەسەلانە بداتەوە کە چینی کرێکار لە خەبات و ڕێکخراوبوون و شێوەی لەگەڵ بزوتنەوە بورژوازیە نیولیبراڵ و پۆپۆلیست و ناسیونالیستەکانداوبەدەوە، نەک شێوەک کە مارکس لەگەڵ باکونین هەیبوە ، یان لینین لەگەڵ کاوتسکی ، یاخود تڕتسکی لەگەڵ ستالین. هەرچەن بورژوازی نالی بەچونەکانی هەبزیان لەسەر قسەی ئاخری دەوڵەت و دەستور و پەیمانی کەمڵایەتیە. بەگومان چینە کەمڵایەتیەکان لە شێوەی سیاسی دنیای واقعیدا بەناچاری یان بەپێی بەرژەوەندیەکانی چینەکەیان ئەم یاسا و دەزگایانە دەگەڕن. هەربەیە چینی کرێکاریش پێویستی بە بەردەوام گۆشەپەدانی گەینی تیەوانین و ئامازەکانی خەباتی هەیە.

تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژووی چینی کرێکار پەمان دەڵی کە ئەم چینە لەگەڵ دروستبون و گۆشەی چینی بورژوازی وشێشی پیشەسازیدا دروست بوە و هەردوو ئەم چینە سیستەمی سەرمایەداریان پێکهێناوە. ناکۆکی چینایەتی نێوان ئەم دوو چینە لەناو جەرگەی شێوەی کۆتایی هێنان بە پاشماوەکانی سیستەمی دەربەگایەتیدا بەربەرە زۆق بوونەوە و گەیشتنە شێوەی نێوان ئەم دوو چینە و لەهەر شێوەکدا بە دیموکراسی و ئازادی زیاتر کە بورژوازی کردویەتی دژی سیستەمی پاشایەتی و فیودالی چینی کرێکار بەشداریکردوە وهەوێداوە ئەو دەستکەوتانە هەر تایبەت نەبن بە بورژوازی بەڵکو ئەویش وەک لەی بەهرەمەندبێت.

چینی کرێکاریش هاوشێوەی بورژوازی سەدەکانی ڕینیسانس و ڕۆشنگەری، ئەویش لە سەدەی ١٩و٢٠دا کەمێک شێشی کردوە و پرسێکی دانبەداوی لە خەبات و فشار دژ بە سەرمایەداری هەبوە. ئەم چینەش بەپێی جگەوێگای ئابووری و ئاستی گۆشەی سەرمایەداری و ئاستی

وشیاری و یەکخراوبونی کرێکاران تیایدا ئایدیاکانی دنیای کۆمۆنیستی و یەکسان و ئازادی سەریهەڵداوە و توژی ڕۆشنبیر و فیلەسوف و بیریاران و هەڵسوڕاوانی سەر بەم چینەش تێعبیریان لەم خواست و ئامانجانە کردوە. کۆمۆنیزمیش وەک بزۆک لەم هەوڵە ڕۆشنبیری وسیاسیە، پێ بەپێی تێجروبەی سیاسی و پراتیکی شۆڕشگێڕانەکانی کرێکاران گۆڕی دەرکرد و لە کۆمۆنیزمەکی خیاڵیەوە گۆڕا بۆ ئاستێکی تیۆریکی سیاسی و ئابوری و فەلسەفی و دواتریش بۆشوێیکی زانستی لیکدانەوەکانی لەسەرسیستەمی سەرمایەداری و ناکۆکی و قەیرانەکانی و ئامانجەکانی گەلانی بە سیستەمکی کۆمۆنیستی خستەڕوو.
چەمکی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە مێژووی ئەم ململانێ سیاسی و چینایەتیەدا سەریهەڵدا. سەرەتا گروپێ کۆمۆنیستیی نهێنیەکان و یەکخراوە جەماوەریی ئاشکراکان پەکدەهاتن و دواتر گرنگی یەکخستنی یەکپارچە و سەراسەری و جیهانی ئەم چینە هاتە ئارا وئینتەرناسیونالی یەکەم و حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا بەچون و ڕێبازی سیاسی جیاجیا دەبینین و سەرهەڵای ململانێی سیاسی و فکری نەوانیان بەناو وەک حزبکی کۆمەڵایەتی وهێزکی سیاسی ئەم مەیلانە پکەوە کاردەکەن. مانیفیستی کۆمۆنیستی ماركس و ئێنگلس تێعبیر لەم قۆناغە دەکا کە دەڵێ " کۆمۆنیستەکان حزبکی جیا لە حزبەکانی چینی کرێکار نین و ئامانجیان کەکردنەوەی هەموو چینەکە و خستنەڕووی ئامانجی کۆتایی چینەکەیە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتیدا" ئەو پێناسەیەیە بە حزب کە بنەمای تێگەیشتن لە چەمکی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی نیشان دەدا.

دووەمیان ؛ ئەم حزب و ڕێکخراوانە لەگەڵ شۆڕشی چینی کرێکار لەسەر دەستپێکات گرتنی کرێکاران و شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەر سەرمایەداریدا تێکۆشاون. وەک تێکۆشاوی ئینترناسیونالی یەکەم لەگەڵ کۆمۆنەی پاریس و پەیوەندی بەردەوام بە خەباتی سیاسی و ئابوری کرێکارانی ئەورووپاوە، یان حزبە سۆشیال دیموکراتەکان و خەباتی پەرلەمانی و مانگرتن و خۆپیشاندانە کرێکارەکان و بونی سەدان هەزار ئەندامی کرێکاری لەم حزبانەدا و بەشداری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و

ەاپەینەکانی ئەمانیا و مەجەر و مانگرتنە سەراسەریەکانی ئیتالیا وبەریتانیا و نەرویج و وەتانی تر.

لەم ئاستە لە گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری و کەمۆنیستی وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی وجەماوەری وبەتایبەت لە کۆمۆنەی پاریسەوە چەمکی دەوڵەتیش دەبێتە بەشێکی سەرەکی لەم خەباتە. دواتر لە شەپۆلی جیهانی یەکەمدا ئەم بزوتنەوەیە دەکەوێتە بەردەم قۆناغێکی تەواو جیاوازەوە و لەبەردەم ئەرکێکی مێژووییدا قەرار دەگرێت. ئەم شەپۆلە جیهانیە بە جیهانی مەدێرن بەمانای ڕوخانی تەواوی پایەکانی دنیای لیبرالیزم و مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی بورژوازیە،کە لەبەرامبەریدا شەپۆلێکی ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانەی سەریهەڵدا و بزوتنەوەی کرێکاری وکەمۆنیستی خستە بەردەم ڕووبەڕووبونەوەیەکی مێژووییی لەگەڵ ئەم شەپۆلە جیهانی وبەربەرێیەتی سەرمایەداری و نیشاندانی بەدیل و ڕیگاچارەی کەمۆنیستی بۆ کەمۆگەی
مرۆقایەتی. هەربۆیە جارێکی تر مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری دژ بە دەسەڵاتی بورژوازی وگرتنە دەستی دەسەڵات و دامەزراندنی کەمۆگەیەکی کەمۆنیستی دەبێتە پڕۆیستیەکی ڕۆژ.

"دەوڵەت و شۆڕش" ی لینین تەعبیر لەم قۆناغە گەشکردوەی کەمۆنیزم و چینی کرێکار دەکا کە دەڵێ" ئامۆزگاری دەوڵەتی بورژوازی دەبێ لەناوببرێ و دەوڵەتێک دروست ببێ کە پشتی بە چەکدارکردنی گشتی و نوێنەرانی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جوتیاران ببەستێ".
لەم قۆناغەدا ئەمە لەگەڵ دوو مەسەلە دەرگیر دەبین یەکەم؛ جیابونەوەیەک لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا لەسەر بنەمای تاکتیک لە بەرامبەر شۆڕشی جیهانی و دەوڵەتی بورژوازیدا.

ڕووتکی ناسیونالیستی لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا پشتیوانی لە لایەکی شۆڕ دەکەن بەرامبەرلاکەی تر و هاوکاتیش پشتیوانی لە ریفەرمیزم دەکەن لە بەرامبەر گەینی دەسەڵات بەشەوەی شۆڕشگێڕانە.

دووەم ؛لە ڕوسیادا کە زەمینەکانی شۆڕشی کەمۆنیستی تیایدا لە سەرتای سەدەی بیستەوە لەبار دەبێت و ٣ شۆڕشی یەک لە دوای یەک ڕودەدەن و بزوتنەوەی کرێکاری و کەمۆنیستی نمونەیەک لە شۆڕشی سۆشیالیستی و دەوڵەتی کرێکاری نیشان دەدا.

ئەم دۆرێە دۆرێیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەیە. هەردوو چەمکی حزب و دەوڵەت لەم دۆرێیەدا دەکەونە قۆناغی پراتیکێکی کەمۆنیستی و گەیانکی سەرتاپاگیری سیاسی و ئابوری کەمۆگەی ڕوسی دەگرێتەوە و

کاریگەری خۆی بەسەر جیهاندا دادنێ. سەدەی ٢٠ و تا ئێستاش مەدیلی حزبی بەلشەفی و دەوڵەتی سۆڤیەتی وەک دوو مەدیلی نەگۆڕ و پیرۆز سەیردەکرێن و هیچ ڕەخنەیەکی بنچینەیی لەم مەدیلانە و نیشاندانی بەدیلی بەرامبەریان لە ئارادا نیە.
ئەم دیدە میتافیزیکی و نامێژوویییە لە حزب و دەوڵەت مەسەلەی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. لەڕوە تەواینی ماتریالیستی بە دەور و مێژووی چینی کرێکار گرنگی حیاتی و بنەڕەتی پێیدا دەکا، بویە دەبێ لێکدانەوەی دروست و زانستی بۆ ئەم مێژووە و واقعی ئێستا بکا و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بونەتە گرێ کوێرە لە بەردەم چینی کرێکار و ئایندەی خەباتکەیدا. تەواینین بە حزب و دەوڵەت ئەو دوو ئیقەیەیە کە ئەمە لەم لێکدانەوانەدا بەدەستیەوە دەگرین تاکو دەرگا بکاتەوە بەووی ڕەشنکردنەوەی گرفت و کێشەکاندا. لەڕوە دەبێ ئەو ئاوگۆڕانەی بەسەر دوو چەمکی حزب و دەوڵەتدا هات بە شیوەیەکی وردتر لێک بدەینەوە تا بزانین چ جیاوازیەکی لەگەڵ بنەما سەرەکی و سادەکانی پێش ئەم دەورەیە و دنیای سەردەمداهەیە؟

http://www.asokamal.com/index/?p=1616* 3
*4https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf
5* الثامن عشر من برومير لويس بونابرت ل ١٤٣،ماركس انجلس ،مخارات، الدار التقدم
6https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1888_feur* bax.pdf لودفیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ل ٨١، وەرگێڕانی سالار ڕەشید
*http://www.asokamal.com/index/?p=1616 7

ئەگەستێ بوال و شانۆی شەقام ... ئاراز عەبدولڕەحمان

ئەبەتە قسە کردن لەسەر ئەگەستێ بوال ئەکرێت قسە لەسەر شانۆی چەوساوەکان بکەین کە ئەزمونکی نوێی شانۆییە و دەرهێنەری بەرازیلی ئەگەستێ بوال دامەزرێنەری ئەم جۆرە ئەزمونەیە کە

بەشێوەیەکی تایبەتمەند کێشە کۆمەڵایەتیەکان تەرح دەکات و لەگەڵ بینەر کە هەگەزێکی سەرەکیە لە کارە شانۆییەکە گفتوگۆی تەواوی لەسەر دەکرێت، پاڵپشت بە نمایشی کورت و گفتوگۆ سەبارەت بەو کێشانە کە بینەر بەشداریپێکی کاریگەری دەبێت لەم گفتوگۆیانەدا کە بوال پێیوایە ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دروستکەری هۆشیاریپێیە لە هزری بینەردا، هەروەها بوال هاوشانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان چالاکوانێکی سیاسی بوە کە ئەمەش لە شانۆییەکانیدا هەنگدانەوەیەکی تەواوی هەبووە کە هەوڵی داوە شانۆ وەک شوێنێک بەکاربهێنێت بەتایبەت کاتێک پێش هەڵهاتنی لە بەڵازیل و لە ژێر حوکمی دکتاتۆری لەو وڵاتەدا لەبەرئەوەی خۆی بیری چەپی هەبووە بۆیە زۆرینەی ئەزمونەکانی کاریگەربوە بە تیۆریەکانی مارکس بۆ دنیای سەرمایەداری و چینی کرێکاران و چەوساوەکان بۆیە ئەگەستۆ بوال ئەڵێت " ئەگەر شانۆییەکانم بەمانایەکی تەواو شێوش نەبێت بەلای کەمەوە بینەر هاندەدات بۆ شێوش" وە هەموو ئەم کارە شانۆییانەی بوال لەنێو چینی چەوساوەکاندا و لە بازاڕو کوچەو کۆڵانەکان و لە گەڕەکە هەژار نشینەکاندا نمایش کراون ئەویش زیاتر بۆ دروست کردنی ڕای گشتی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان..

کاتێک دەستوەردانەکانی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کۆتایی شەستەکاندا لە ئەمریکای لاتین و پاڵپشتی سیستمە دیکتاتۆریەکان لەو وڵاتانەدا بۆ پەرەدان بەسیستمی سەرمایەداری کاریگەریەکی زۆر لە هزری بوال دا دائەنێت کاتێک سیناتۆری ئەمریکی باری گۆدوتەر ئەڵێت "دنیایی سەرمایەداری پێویستیەکی زۆری بە هەژارانە چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی کارئاسانی سەبارەت بە پێدانی موچەکانیان و شۆنی کارکردنیان لەبەرئەوەی هەمیشە لەوە ئەترسن کارەکانیان لەدەست بدەن بۆیە سازشی زۆر بۆ خاوەن کارەکانیان دەکەن" ئەمە یەکێکە لەو بیرو بۆچون و هۆکارانەی کە بوال ئەیەوێت هەڵوەستەیەک بکات لەسەری و دژ بەم سیستمە کاربکات و هەنگدانەوەی تەواوی هەبێت لە کارەکانیدا بۆیە شانۆ دەکات بە بۆندگۆیەک بۆ تەرح کردنی گیروگرفتی چینی کرێکاران و چەوساوەکان وە دروست کردنی ڕای گشتی سیاسی لە نۆیاندا وە پاش ناچارکردنی بەهەڵهاتن لە وڵات و ڕوو لە ئەوروپا دەکات و زیاتر پەرە بە ئەزمونەکەی دەدات وە دوای گەڕانەوەشی لە ساڵ 1986 بۆ بەڵازیل 19 ناوەندی شانۆیی دادەمزرێنێت و بەشداریپێکی کارای دەبێت لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا کاریگەری شانۆیەکانی بەجۆرێک دەبێت کە ئەم گەورە دەرهێنەرە بەرەو ئەندامێتی پارلەمانی وڵاتەکەی لەنێو شەش ئەندامی هەڵبژێردراوی پارتی کرێکاراندا ئاڕاستە دەکات ساڵی 1993 ئەبێت بە ئەندامی پارلەمان کە ئەمەش بەهۆی کاریگەری

شانۆیەکانیەوە دەبێت کە لەنێو شەقامەکان و گەڕەکە هەژار نشینەکانی ژیانی جانێر نمایشی کردوون.

بۆ ئەوەی شانۆ کاریگەری زیاتر و خێراتر لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دابنێت ئەگەستێ بوال تەکنیکی نوێی لە شانۆدا بەکارهێنا کە شانۆی لە شێوە تەقلیدیەکەی هێنایە دەرەوە و لە نێو چینە جیاجیاکان و لە شوێنە گشتیەکاندا بە تەکنیکێکی نوێ نمایش کرد وە چیتر لێنەگەڕا بینەر دەورێکی نەگەتیڤی هەبێت تەنها بینەربێت و هیچی تر، ئەوانی کرد بە ژەگەزێکی سەرەکی لە کارە شانۆیەکانیدا و دەوری کاریگەر و سەرەکی پێبەخشین وە داینەمیکێتی بەشانۆیەکانی بەخشی کە بەردەوام لە جوڵەی نوێ و هزری نوێ و کاریگەردا بێت کە ئەویش ئەزمونی فۆریوم تیاتەر بوو واتە شانۆی کردبوو بە سەکۆیەك بۆ گفتوگۆکردنی بەردەوام لەسەر تەواوی پرسەکان بۆیە هەمیشە بینەر بە بیر و هزری نوێ ئامادەگیەکی بەردەوامیان لە کارەکاندا هەبوو، بوال پێیوایە بەپێی تیۆری ئەرەستێ بینەر بەتەواوی تەسلیمی کارەکتەری درامی دەبێت ئەو کارەکتەرە درامییە لەبری ئەوان بیردەکاتەوە و لەبری ئەوان بڕیار دەدات و چارەسەری کێشەکان دەکات، وە بەپێی تیۆری برێخت بەهەمان شێوە بینەر لە شانۆیەکاندا تەسلیمی کارەکتەری درامی دەبێت بەڵام تاڕادەیەك ژگە دەدرێت بینەر بیر لەو کێشانە بکاتەوە کە تەرح دەکرێن وە هەندێك جار بیرکردنەوەی بینەر هاوتەریب نابێت بە بیرکردنەوەی کارەکتەری درامی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، وە ئەمە لە شانۆی چەوساوەکان دا بەتەواوی پێچەوانەیە بینەر لەم جۆرە شانۆیانەدا بەهیچ شێوەیەك خۆی نادات بەدەستەوە بۆ کارەکتەری درامی بەکو ۆبەۆوی دەبێتەوە و خۆی هەڵدەسێت بە گۆڕانی ژگەی سەرەکی وە زۆربەی کات مەجرای شانۆکە دەگۆڕێت و بە بۆچونی خۆی کێشە درامییەکان چارەسەر دەکات، بۆیە ئەبینین ئامانجی بوال لەم جۆرە تەکنیکە بۆ ئەوەیە بینەر بەشێوەیەکی زۆر ئازادانە بەبێ هیچ بەربەستێك تەعبیر لە بیرو بۆچونی خۆیان بکەن کە دواجار ئەمە دەبێت بەهۆکارێك بۆ دروست کردنی ژای گشتی لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، وە هەروەها یەکێکی تر لە ژەهندەکانی شانۆی بوال شانۆی دەرمانییە کە دواجار لیقی مۆرینۆ کە کاریگەرە بە ئەفکاری فرۆید ناوی لێدەنێت سایکۆدراما کە شانۆ وەك چارەسەرێك بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە تەوشی شۆکی دەرونی هاتون یاخود ئەو منااڵنەی کە ۆبەۆوی توندوتیژی بونەتەوە وەیان ئەوکەسانەی کە ئالودەن بە مادەی هۆشبەر و چەندین جۆری ترێ نەخۆشی دەرونی کە ئەمەش تەکنیك و شێوازی خۆی هەیە.

دەکرێت ئەم ئەزمونانەی بوال ببەستینەوە بەو ئەزمونانەی کە ئێستا لە کوردستان دا بەشێوەیەکی تاڕادەیەك کەم لە شانۆی شەقام دا بەرجەستە دەکرێت بە ئومێدی ئەوەی زیاتر گرنگی بەم بوارە بدرێت چونکە کوردستان هەڵگری چەندین دەردی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە..وە لەبەر ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستان گرنگیەکی تایبەت بە شانۆی شەقام یاخود نمایش کردنی شانۆ لە پانتایی کراوەدا دەدرێت ناکرێت شانۆکاران ئەگەستێ بوال و تەکنیکی شانۆکانی لەبەرچاو نەگرن کە بڵگومان هەنگدانەوەیەکی تەواوی دەبێت لەسەرخستنی کارەکانیان بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری زیاتر لەسەر بینەر چونکە کارەکانی بوال لە شەقامەکان و لە نێو چین و توێژە جیاجیاکان بەتایبەت چینی چەوساوەکاندا نمایش کراون.

_____

سەرچاوە:

• العاب للممپلين وغير الممپلين.. أغوستو بوال.. ترجمه وليد ابوبكر
• عقيده الصدمه.. نعومى كلاين.. ترجمه نادين خورى
• المسرح والتغير الاجتماعى فى جنوب السودان (دراسه فى تقنيات مسرح المقهورين).. مايكل نصر عميره.. مجله العلوم الانسانيه.. مجلد 17 (3) 2016
• ويكوبيديا

واز لێ نادییێ موورات بهێنن ، بۆ هەڵشکردنێ سەری ... زاهیر باهیر

17/12/2018

هەر وەکو چۆن کاتی هەڵبژاردنی بۆ خەڵاتی ئاشتی بۆ نوسین وەسف و سەنایەکی یەکجار زۆری بۆ کرا، لێ ئێستاشا بۆهەی جموجووڵییەوە و بینینی زۆرێك لێ کەسان و سەرکردەو سەرکەوتە هەڵشکی یەکجار زۆری دەکرێتە سەر. هەڵشبژەکان لێ پڕگەی جیاوازاوە هەڵشی دەکەنە سەر :

• نادیە جلی کوردی لەبەر ناکات.
• نادیە بە کوردی قسە ناکات .
• نادیە سوپاسگوزاریی یەپگۆ و یەپژۆ ناکات کە مایەی سەلامەتی زەرینەیەك لە ئەزیدییەکان بوون .
• نادیە خەی بە عەرەب دەزانێت.
• نادیە بە بینیینی ئەم و ئەو خزمەتی دووژمنانی کورد دەکات نەك کورد و ئەزیدییەکان .
• نادیە لەگەڵ جەلادەکانیا کە دەبەتەوە.
• نادیە تەنانەت پشتیشی لە ئەزیدییەکان کردووە .
• نادیە ... نادیە ... تا ئەو ڕادەیەی کە هیچ جەرە شەخسیەتێکیان بە ئەم ئافرەتە نەهێناوەتەوە بەوەی کە خیان ویستویانە تاونباریان کردووە.
گرفتی کوردی ئەمە ئەوەیە کە دەیانەوێت هەموو کەس وەکو چەن خیان حەز دەکەن دەبەت وابەت، خەی چەن ئارەزوو دەکەن دەبەت کەسانی بەرانبەریشی ئەوە بکەن ، ئەوە لەبەر بکەن ، ئاوا قسە بکەن ، ئاوا هەڵسوکەوت بکەن ، ئاو جل لەبەر بکەن ، تەنانەت ئاوا نان و ئاویش بخەن .
بەداخەوە کە ئەم جەرە لەکدانانەوە کە وردیاندەکەیتەوە دەبنیت چۆە چەڵ دیکتارەریەتی لەدەچۆێت. لە هەمووشی ناخەشتر ئەوەیە کە کە ئەم قسانە لە لایەن هەندەك کەسەوە دەکرێت کە خەشیان بە ئازایخواز دەزانن، بەڵام ئامادەنین کە ئازادی بە ئافرەتەك بدەن پاش چەشتنی ئەو هەمو نەهامەتی و قوربەسەیە چی دەوێت و چی بە باشدەزانێت بە ئەزیدییەکان بیکات .
نەگبەتیەکە ئەوەیە کە ئەم کەسانە ئەوە تێناگەن کە نادیە ئافرەتێکی سادە و ساکارە ، هێنگە هەر خوێندەواریشی نەبێت ، لە سیاسەت و دیبلۆماسییەت و بازرگانی سیاسەت نازانێت، نادیە ئەندام و پاڵەوراوی هیچ حیزبێکی سیاسی نییە تاکو بە زمانی ئەوان قسە بکات و لە قاڵب و سنوری ئەوان نەیەتە دەرەوە . ئاخر نادیە دەیەوێت ئەوەی کە خەی پە باشە بە ئەزیدییەکان ئەوە بکات .
نادیە کە خەی بارزانی دیتووە ، یا بەرهەم ئەحمە یاخود چاوشلە . نەهاتووە سازشکی گەورەتر لەو حیزبانە لەو بەرانە کەلەگەل ئێران و تورکیا و عەراق و ئەمەریکا و ڕوسیا کردویانە ئەم زیاتر بکات ، ئەم نەهاتووە بە شان وباڵی هیچ کام لەواندا، بێت ، تەنها و تەنها داوای یارمەتی و هاریکاری لەکردون بە شەنگاڵ و ئەزیدییەکان .
چی لەوە باشتر هەیە کە ئەو یەك ملیەن دەلاڕکەی کە وەری گروتووە دەیکاتە خەستاخانەیەك بە لەقەوماوان و قوربانیانی دەستی داعش ؟

خۆ دەیتوانی بیبەخشێتەوە بەسەر کەس و کاریا یا بیداتە پێشگۆ و یێژ؟ چی لەوە باشتر هەیە کە بە چاوشلێ و ئۆغرە و مۆغرە بێت ئەوە هەیە کە ئەوە هۆش دەکەنە سەر مەخموور و شەنگاڵ ؟ تا ئێستاش نە پارتی و نە یەکێتی و نە گۆران و نە بەرهەم صاڵح و نە عێراق و نە ئیسلامی نە هیچ وێات و سەرکردەیەکی ئەم دونیایە ئەو هەنگاوە بچوکەی نادیەیان نەناوە .
یێشگۆ و یێژ و پەکەکە و من تە کە وەکو کارێکی مرۆیانە و ئەرکێکی باوەبوون بە مافی مرۆف لەسەر قەتە و عامی ئێزیدیەکان هەماندواتە و بەرگرییمان لێکردون ، بۆچی دەبێت چاوەوانی پاداشت و مەدح سەنا بکەین ؟ من تەناگەم کەسێك کە ئەرکی خۆی بەجێدەهێنێت بۆچی دەبێت چاوەانی پاداشت بکات؟!!
تکایە ئازادیی لەو ئافرەتە مەسنەوە و ئەو خۆی قوربانی دەستی سیاسەت و فاشیەتی ناوچەیی و جیهانییە ، لە هەموو کەس زیاتر پەویستی بە دەسگرییکردن و یارمەتیدان هەیە.

هیچ نا، بەڵام مەرگ … دەق: پابلۆ نیرۆدا … لە ئینگلیزیەوە: سەران محەمەد

گۆستانە تەنیاکان لەوێدان،
گۆەکان پڕن لە ئێسکی بێ دەنگ،
دڵەکە بە تونێلەکەدا دەڕوا،
لە تاریکی خۆیدا، تاریکیی، تاریکیی،
وەك پاپۆڕی تێکشکاو دەمرین و دەچینەوە ناو ناخی خۆمان،
وەك ئەوەی لە دڵماندا نغرۆ بین،
وەك ئەوەی ژیابین و لە ژێر پێستەوە بکەوینە ناو گیانەوە.
*
لەوێدا لاشە هەن،
پێکان لە قۆی ساردو لینج دروستبوون،
مردن وا لەناو ئێسکەکاندا،
وەك وەینێك و سەگیش دیار نەبێ،

لە شۆنکەوە لە زەنگەکانەوە دەنگ دێ، لە گڕەکاندا لە هەندێ شۆنەوە،
باڵا دەکا لە هەوای شۆدارەوە وەك فرمێسکەکانی باران.
*
هەندێکجار کفن دەبینم تەنیا
لە ژێر چارێکە،
سەردەکەون بە مردنێکی زەردەوەبوو، لەگەڵ ئەو ژنانەی قژێکی
مردوویان هەیە،
لەگەڵ ئەو نانەوایانەی رەنگیان سپییە وەك فریشتە،
و کچە گەنجە راماوەڵ شووکردوەکان بە دادنووس،
سندوقەکانیش سەرەوژوور بە رووباری ستوونی مەرگدا دەڕۆن،
رووبارە مارە تاخەکە،
دەجووڵن بەرەو ژوور لەگەڵ چارێکەکان کە پڕ بووە لە سەدای مەرگ،
پڕ بووە لە دەنگی مەرگ کە بڵدەنگییە.
*
مەرگ دەگات لە نێو هەموو ئەو دەنگانە
وەك پڕاوێکی بێ پڕ، وەك چاکەتێك هیچ پیاوێکی تیا نەبێت،
دێت و لەدەرگا دەدا، بە مستیلەیەکی ناو بڕش، و لە هیچ
پەنجەیەکیشدا نییە،
دێت و هاوار دەکات بێ دەم، بێ زمان، بێ گەروو.
لەگەڵ ئەمانەشدا هەنگاوەکانی دەبیسترێن
و پێشاکەکەی دەنگێکی کپی لێوەدێ وەك هی درەختەکان.
*
دڵنیا نیم، هەر کەمێ تێدەگەم، بەزەحمەت دەبینم،
لاموابێ گڕانیی رەنگی وەنەوشەیەکی شۆدارە،
لەو وەنەوشەیەی لە ماڵەوەدایە لەسەر زەوی،
چونکە رەنگی دەموچاوی مەرگ سەوزە،
و روخساری مەرگیش کە ئەیبەخشێ هەر سەوزە،
لەگەڵ فراوانبوونی شەی گەڵای وەنەوشە
و رەنگی خەمینی زستانێکی تاڵ.
*
وەڵێ مەرگیش تێدەپەڕێت بە جیهانداو پێشیویەتی وەکو گسك،
زەمین دەپێچێتەوە، لە لاشەی مردووان دەگەڕێ،
مەرگ لە ناو گسکدایە،
گسك زمانی مەرگە لە دوای لاشەکان دەگەڕێ،
ئەوە دەرزی مەرگە بە دوای دەزوودا دەگەڕێ.
*

مەرگ لە سەر جۆنووستنەوە نوشتێنراوەکاندایە:
ژینی دەگوزەرێنێ بە خەوتن لە سەر دۆشەکی سست،
لە بەتانییە رەشەکاندا، لە ناکاو هەناسەکان دەردەکا:
دەنگێکی خەمباری لێوەدێ و بەرگە دۆشەکەکان دەئاوسێنێ،
و قەرەوێلەکان رووەو بەندەر شەپێل دەبڕن
لەوێ مەرگ چاوەڕوانە، پێشاکی فەرماندەی دەریاوانی وا لەبەرە.

……

بایۆگرافی شاعیر:

شاعیری چیللی پابلۆ نیرۆدا ١٢/٧/١٩٠٤ – ٢٣/٩/١٩٧٣ لەمەردمناڵیەوە بە شیعر ئاشنابووە ، دائەنرێت بە یەکێك لە شاعیرە دیارە جیهانیەکانی سەدەی بیستەم ، کاریگەریی بەسەر زۆر لە خوێنەرانەوە بووە، لە ژیانیدا زۆر چەرمەسەری بینیوەو زۆر جێ گڕاوە، بەشداری لە شۆشی ئیسپانیا کردووە، زۆر کاری جۆراوجۆریشی کردووە لەوانە: کاری دبلۆماتیکی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ هێرشەهات بۆ ئۆرجۆنتین، لەساڵی ١٩٧١ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب وەرگرت. لە کۆتایی ژیانیدا تووشی شێرپەنجە بوو، بەڵام بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە لەمدواییانەدا دەنگوباسی ئەوە گەرم بوو کە لە لایەن رژێمی دیکتاتۆری ئەوسای چیللیەوە ژەهرخوارد کرابێت.
گابریل گارسیا مارکیز، نۆڤێ نووسی کۆلۆمبی سەبارەت نیرۆدا وتوویەتی " گەورەترین شاعیری سەدەی بیستێ لە ناو هەموو زمانەکاندا" .

سەرچاوەکان:
poets.org/poetsorg/poem/nothing-death
en.wikipedia.org/wiki/Pablo_Neruda

……..

کۆتایی
****
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دەقە، لێرەدا دەقەکەمان بە زمانی ئینگلیزی بۆ بەیزتان داناوە، گەر پێویستتان بوو.

Nothing But Death
Pablo Neruda, 1904 – 1973
There are cemeteries that are lonely,
graves full of bones that do not make a sound,

the heart moving through a tunnel,
in it darkness, darkness, darkness,
like a shipwreck we die going into ourselves,
as though we were drowning inside our hearts,
.as though we lived falling out of the skin into the soul

And there are corpses,
feet made of cold and sticky clay,
death is inside the bones,
like a barking where there are no dogs,
coming out from bells somewhere, from graves somewhere,
.growing in the damp air like tears of rain

Sometimes I see alone
coffins under sail,
embarking with the pale dead, with women that have dead hair,
with bakers who are as white as angels,
and pensive young girls married to notary publics,
caskets sailing up the vertical river of the dead,
the river of dark purple,
moving upstream with sails filled out by the sound of death,
.filled by the sound of death which is silence

Death arrives among all that sound
like a shoe with no foot in it, like a suit with no man in it,
comes and knocks, using a ring with no stone in it, with no finger in it,
comes and shouts with no mouth, with no tongue, with no throat.
Nevertheless its steps can be heard
.and its clothing makes a hushed sound, like a tree

I’m not sure, I understand only a little, I can hardly see,
but it seems to me that its singing has the color of damp violets,
of violets that are at home in the earth,
because the face of death is green,
and the look death gives is green,

with the penetrating dampness of a violet leaf
.and the somber color of embittered winter

But death also goes through the world dressed as a broom,
lapping the floor, looking for dead bodies,
death is inside the broom,
the broom is the tongue of death looking for corpses,
.it is the needle of death looking for thread

Death is inside the folding cots:
it spends its life sleeping on the slow mattresses,
in the black blankets, and suddenly breathes out:
it blows out a mournful sound that swells the sheets,
and the beds go sailing toward a port
.where death is waiting, dressed like an admiral

……

کتێب: ڕاپۆرت لەبارەی خۆمەوە … دڵشاد عەبدوڵا

شیعر

بۆ خوێندنەوەی ئەم نامیلکە شیعرییەی شاعیر دڵشاد عەبدوڵا کلیکی



ئێرە بکەن ……

شیعرەکـــــانی)دەنگەکـــــان(م خوێندەوە ... لەتیف بێوار

زمانی شیعر بەوە لە زمانی ئاسایی جیادەکرێتەوە کە وشەکانی تێکمەیـی و دەگمەنـی و جـوانی و فرەمانـایی لـە خێ دەگرێـت، بێ دروستکردنی ێستەو کێپلەکان بەس مانا لە پێشچاو ناگیرێت، چونکە گەر بەس لەسەر واتا بووەستین ئەوا وتارو قسەی رۆژانەش مانادارن، بەکو ئەو شێوەو مەرج و بونیادە شاراوەیەیێ زنجیرەی ێستەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، لەگەێ خوێندنەوەکاندا هەست دەکەین بەر زمانێکی نائاسایی دەکەوین، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە هونەرە جیاواز و فرەکانی رەوانبێژی و کەرەسەی زێر جیاوازی شیعریی دێتە دی. ئەمەش کارێکی سەرپێیی نییەێ، گەر بمانەویت شیعرێکی باش و کاریگەر بنووسین و پێشکەش بکەین.
ماێپەێی (دەنگەکان) کە وابزانم چالاکترین ماێپەێی ئەدەبی و هونەری و فیکری کوردییە، بەێێزو ئەمانەتەوە بە ئەرکی خێی هەێدەستێت لە بێاوکردنەوەی بەرهەمەکان، بەێام هەر خاوەنی بەرهەمەکان بەرپرسن لە کەموکورتی ناو بەرهەمەکانیان، بێیە وا باشترە ئاسان تەماشای نووسینی شیعر نەکەین و هەر خەیاێێك هات بە مێشکماندا یەکسەر ناوی شیعری لێ نەنێین و رەوانەی ماێپەێی دەنگەکانی بکەین، رەنگە کە من لێرەدا ئەم سەرنجانە دەنووسم و شیعرەکان وردە دەخوێنمەوە، نموونەی خوێندنەوەو خوێنەری وا زێر کەم بێت و بەکو زێر لە خوێنەرەکان نەك شیعرەکان وردە ناخوێننەوە، بەکو رەنگە هەر نەیخوێننەوەو تاقەتی خوێندنەوەیان نەبێت، بەس کاری (لایك)بزانن، ئەمەش ماێی شاعیر وێران دەکات و دەبێتە هێی هاندانی لەسەر نووسینی شیعری خراپ، ئەم بێچوونانەش لێرەدا دەیاننووسم رەنگە وا نەبن، بەێام سەلیقەی شیعریی من ئاوها دەێت، ئەم رایانەش تەنیا لەسەر شیعرەکانن و هیچ پەیوەندی بە خودی شاعیرەکانەوە نییە.

1// شەکەت تر لەجادە ... سوهەیلا مێهەمی:

سەبارەت ئەم شیعرە دەتوانین بەێین چەندان بابەت تێکەکراوە، زمانێکی زبری(زبر بە مانای توند نا بەکو رەکیك و شلێق) تیا بەکارهاتووە، هەێەی زمانەوانی زێری تێدایە، هەروەها بازدان هەیە

لە سەبجێکتێکەوە بۆ سەبجێکتێکی تر وەك ئەوەی سەرەتا بە خود دەستپێدەکات دوایی دێتە سەر واقیع و خەمەکانی خۆی و پاشتر ئاوها جێکێکۆ بە زاراوەو مانا دەکات:

أ- بەخەیاڵکدا نووستوم (خەیاڵ)

ب- چەندەم بۆ تۆ درۆژ (خود)

ج- رووناك کچێك بوو (کچێك)

د- ڕۆگا درۆژ دەبێتەوە (ڕۆگا)

چاوم پێ ناکات لە شەقەی باڵی سپێدە

دارستان وەهمێکە

*

ببینن پاشتر دێتە سەر ڕۆگا و پاشان خۆی و دواتر دارستانەکە؟ کام دارستان؟ کە پاشگری (کە)ی پێوەلکێندراوە مانای دەزانرێت کامەیە بەس خوێنەر هیچ بیرکەی نییە سەبارەتی، ئەمەیە بازدانەکە.

هـ- ژنێك بە عادەتی عەسرەکانی.. پاشان ... کچانی شین (ژن- کچ)

و- ئەنجا دێتەوە سەر خۆی و ژنان: عادەتەکانمان ئاسایی ئەچێ (خۆی- ژنان)

ز- دوو نیوەدێی ناتەبا:

زستانەکانی هێلانە

ژمارەی پڕاوەکانی ئەم ناوە.....(زستان- پڕاو)

ی – پاشان دێتە سەر :

پەرستیار/و خوێن /و هەرەمی دووکەڵ /و کڕبەرو... هتد (4 ئێبجێکتی تێکەڵ)

هەروەها لەم شیعرەدا چەندان هەڵەی زمانەوانی هەیە وەك:

1- بەخەیاڵکدا نووستوم .....راستییەکەی: بە خەیاڵێك نووستوم

2- هەر بۆ شۆخی..راستییەکەی؛ هەر بۆ شۆخیی، چونکە بە یەك (ی) دەبێتە شۆخ.

3- یادەوەری بەرد باراندی...راستییەکەی: یادەوەریی بەردی بارانـد

4- لە بروسکەی قاقای تەوەر.....راستییەکەی: لە بروسکەی قاقای تەور

5- عادەتەکانمان ئاسایی ئەچێ

لاواز بەشکە

لە ژیان

راستییەکەی: عادەتەکانمان ئاسایی ئەچن

لاوازیی بەشکە

لە ژیان

6- دەبمە مرۆچە کۆ دەکەمەوە

راستییەکەی: مرۆچە کۆ دەکەمەوە.

7- مەمکی بێدەنگی لە دەم

دەنێ خۆم و
زام هەڵدەمژێ
راستییەکەی: مەمکی بڕدەنگی لە دەم
دەنێم و
زام هەڵدەمژم
یان: مەمکی بڕدەنگی لە دەم
دەنێ و
زام هەڵدەمژێ
8- ئێقرەیەکانی لێ ون کردووم ...ئێقرەیی (کۆ –جمع)ناکرێتەوە کەواتە:
ئێقرەیی لێ ون کردووم
تەماشای ئەم بازدانە ناشرینانە بکەن لە 3 دێڕدا:
دێکی ئازار چاو لە قاچ
دادەگرێ.....(وێنەیەکی مەحاڵ و ناگونجاو: چاو داگرتن و ئازار)
پەنجەرە لێەکانی ئەم ناوە
رکابەری بێ بەرامبەری تراژیدیاکانن
ئەو شەبەقدانەوەی دووری جادەکان..... وێنەیەکی تری ناکامڵی شیعریی(پەنجەرە، رکابەری تراژیدیا، شەبەقدانەوە) دەشبووە شەوقدانەوەی بنووسیایە. چونکە شەبەق : شەفەقە واتە سپێدە. ڕەنگە چاوی لە گڕانییەکەی حەسەن زیرەك کردبێت کە ئەویش هێنراوەی مامۆستا پیرەمێردی شاعیرەو پاشتر لێی تێکەڵ بووبێت کە دەڵێت: (شەبەقدانەوە) چونکە خۆی (شەبەق شەوقەداتەوە)یەێ.
9-چەندەم بێ تۆ درێژ... ڕاستییەکەی: چەندە بێ تاییم درێژ ... یان ..... بێ تاییم چەندە درێژە...
* میتافۆڕکی ناگونجاو: بڕبڕەی زەردی کۆبەڕی... (ڕەنگی زەرد تەعبیرکی هەڵەو لەقە بێ بڕبڕە) وێرای ئەوەی کە بوو بە سیفەت ئەوا دەبێتە (کۆبەڕی)
تێبینی: گەر خوێنەرێك بڵێت هەموو ئەم هەڵانە خەتای ژمی دیکتاتۆری ئەو پارچەیەی کوردستانە کە نەیهێشتووە زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت، ئەوا ئێمەش دەڵین شاعیر دەبوو نەکەوێتە ژێر ئەو فشارانەوەو بگرە بە پێچەوانەی ئەو خواستە تۆتالیتارەوە زۆر پتەو و سەنگین بینووسیایە.
پاشان ئەم وێرانکردنەی زمانی کوردی بەبەکارهێنانی زمانکی لەق و شکاو؛ دانانرێت بە داهێنانی شکاندنی زمانی شیعر لەێ پیناوی نوێگەریدا، بەڵکو هەر ئەمەندەیە توانای شاعیرەکەی و بەمەش زۆر لە ئاستی شیعر دێتەخوار.

2// مۆدێل ... چرێ زەند

ئەم شیعرە کورتە؛ هەر گۆرانەوەیەکی ڕۆژانەی ئاسایی شاعیرە وەکو یادەوەرییەك یان تەنزێکی کۆمەڵایەتی، گەر لەجیاتی شێوەی ستوونی کۆپلەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بینووسینەوە ئەوا دەبێتە چیرۆك نەك شیعر، چونکە لە شیعرییەتی زمان خاڵییە، ئەو باسی دۆانی سەر ئەژنۆکانی کاوبۆکەی دەکات بە مندااڵی بەهۆی هاروهاجی خۆیەوە، بەڵام ئێستا خەڵك بە ئەنقەست سەرئەژنۆی کاوبۆکانیان دەدڕێنن، چونکە بووەتە مۆدێل، ئەمە چ ئاستەمییەکی تێدایە بۆ تێگەشتن و نووسین؟ چەندێك شاعیرەکەی خۆی ماندوو کردووە شتێکی تازەو جوان و جیاوازمان پێشکەش بکات؟ من کە ئەم تێبینی و سەرنجانە دەنووسم بەس خەمی شیعرمە ئەگینا هیچ کام لەم شاعیرە بەڕێزانە ناناسم و وابزانم خوێنەرانی ئەمڕۆش هێندە هوشیاربوونەتەوە لە ناو و نازناو بگەڕێن هەتا بابەتێك بخوێننەوەو بابەتیانە لێی تێبگەن، (نووسەر وەکو کەس چ پەیوەندی بە ناوەڕۆکی بابەتێکەوەیە وەکو نووسین) لە حاڵێکیشدا ئەگەر ئەم نووسینە بۆای پێ هێنان و قەناعەتەکانی گۆڕین ئەوا با هاوڕای بن، ئەگەر نا با پشتگوێی بخەن و هەر لەسەر قاڵبە کلاسیکی و عادەتیەکانی خۆیان بەردەوام بن و شیعر بخوێننەوە.
نموونەی ئەو راستییەی سەرەوەش تەنیا رەنگە لەم کۆپلەیەی شاعیردا پێشچاو بکەوێت و درکی پێبکرێت:
دۆانی سەرئەژنۆکانی پاتەکەم،
چیتر نیگەرانی دایکم نەدەبوو
مۆدێل نوێی ئەمڕۆ دەبوو.

3// ئوتێل سندباد ... دڵشاد عەبدوڵا

زمانی شیعر ئەگەر تەکەڵە نەبێت لە فەنتازیاو ئیستاتیك و سیحری وشە دەگمەنەکان کە پەلکێشی خوێنەر دەکەن بۆ قوڵایی ماناکان و ساکان و رامانی لا دروست دەکەن دەبێت چی بێت؟
دە لەم شیعرەدا دەبینین زمانی گۆرانەوە زاڵ بووە بەسەر کێی بارستایی شیعرەکەداو زۆرجاران هەر زمانی ڕۆژانەیە و راستەوخۆ دەربڕینەکانی پێ داڕێژراون. بۆ نموونە تەماشا بکەن چۆن زمانی گۆرانەوەو تاکلایەن قەڵەمی شاعیر قاڵبەستەکات و هەر لەسەر ئەو سادەییەش دەیهێنێتەوە تا کۆتایی:
ئوتێلێک لە سەر شەقامێکی لاچێپی شارێکی بچووک،

وەک سیمرخ نیشتبوو.
چاوم دەچووە سەر پەنجەرەی ژوورەکانی
ئاسنی ژەنگاوی کەتیبە و پەردەی کەنی خەت خەتی سووری پان
*
نە هەژەک کەسەکم بینی لە ئوتەمبیل دابەزێ و بچێتە ژوورەوە
نە خزمەتچییەکم بینی جانتا بە کەسەک هەڵگرێ
ئاوەی لاوە دەژیا، هەندەکیان نەفەری دائمی بوون
*
ئەنجا با بڵێنە سەر تەکەکردنە دژیەکەکانی وەسفی ئوتێلەکە:
جارێك دەیشوبهێنێت بە کەشتی تەکشکاوی ناوەڕاستی دەریا، جارێکیش بە دوورگەی بچووك، جارێکی تر بە شار، دواتریش هەر بە ئوتێل، کە ناتەبایی و ناکۆکی دروست دەبێت لە نێوان ئەو شوبهاندنانە، بە تایبەتی کە زنجیرەیەکی ئاشکرا یان نهێنی نەبێت بەیەکیانەوە گرێ بداتەوە.

لێرەدا تەماشای هەر چوار حاڵەتەکە بکەن:

-1
سەرنشینی کەشتیەکی تەکشکاوی ناوەڕاستی دەریا چ پێویست بە ناسینێ؟
*
-2
دوورگەیەک بوو ئەو سندبادە لە ئاوی بێ پایانی خەونم.
*
-3
مژووی شارەکان ئەو کەسانە دروستی دەکەن،
*
-4
ئوتێلێک لە سەر شەقامێکی لاچەپی شارێکی بچووک،
*

من هەکاری ئەم سادەبوونەوەو هەڵانە لە بەهێند وەرنەگرتنی بایەخ و دنیای شاعیردا دەبینمەوە کەوا هەر سەرپێیی دەست دەکات بە نووسینەوەی شیعرو بەس بە بیردا هاتنی بیرکەیەك نووسینێك دادەهێژێت و رەنگە پێداچوونەوەشی بێ نەکرێت و ناوی شیعری لێدەنرێت، دەبێت ئەمە چ سوودێك بە شیعرو شاعیرو خوێنەران بگەیەنێت، جگە لە نزمبوونەوەی ئاستی شیعرو شاعیر؟ کەواتە قەیرانەکان تەنیا لە نەبوونی شوانێکی دەسزدا نییە، بەکو هەموو لایەنەکانی تری ژیانمان هەر لە ئابووری و بەهێوەبردن و رامیاری و

کەمەایەتی و وێژەیی و هونەریی و زانستی و کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و نەخشەداڕێژی و...تاد کاول بووەو هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، ئەمە لە زەر باردا وەك ئەو کەسە مامەڵە دەکەین و دەبینین کە بەس خۆی و ئەو ژینگە بچوکەی دەوروبەری دەبینێت و دەکاتە پێوەر، کە ئەم حاڵەتانەش تەنیا لەو 3 شارەی ئەمەدا هەن، باوەڕ ناکەم لە هیچ شوێنکی تری سەر زەوی ئاوها ئاستی ئەدەب و شیعرو هونەر داتەپیبێت. شاعیری فەرەنسی بەناوبانگ ڕامبۆ زەر لەو شیعرانەی بەدڵی نەبوون دەیدڕاندن و دەیسوتاندن، تا لە ئاستی شاعیرێتی و شیعرەکانی کەم نەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو زەر لە شیعردۆستان ڕاشیان لەو شیعرانەی بوو کە دەیسوتاندن.

_____

4// بۆسەرچووین ... هاوکار موسا

لەم شیعرەدا خوێنەر توشی بێزاریی دەبێت، بەوەی بابەتەکەی هی شیعر نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی کۆنی ئەنتەلەژییەو سەدان و هەزاران جار بە شێوەی جیاوازترو سەرکەوتووتر لەم شاعیرە دەربڕینی لێکراوە، بێنموونە ئەو چەندان جارو بە چەندان جۆری جیاواز تەعبیر لە یەك مانا دەکات کە ئەویش بێ ئیختیاریی مرۆڤە لە ژیندا بێ نموونە ئەو ئاوها دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێت:

-1

بەبێ ئارەزو فڕێ داوەتە سەرزەوی.

-2

هیچ کەسێک بەیەکسانی لێ دایک نابێ

-3

هەڵێ هاتم

-4

پێویستە مرۆڤ بێ خواستی خۆی لێ دایک بێ

-5

کێ کەتا ساتی مرۆڤ دەنێو سکی دایکەوە نووسرابێ

*

ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر هەیەکی تری زەق کە ئەم شاعیرە تێی کەوتووە، بەرپەچ دانەوەی خۆیەتی و دروستبوونی نەگونجاوییە لە ناو شیعرەکەیدا لە ڕووی ماناوە، ئەو لە لایەك خۆی بە (هیچ) ناودەبات و لە لایەکی ترەوە خۆی بە (بیرکەرەوەو ژیانکەر)ناو دەبات، با دیقەت لەم دوو کێپلە جیاوازە بدەین:

-1

پرسی ژیانیان بەمن نەکرد
لە تابووتێک بەولاوە هیچی دی نیم.
بەبێ پرس و ڕاوێژ منیان فرێدایە نێو ئێم مەنفایەڵ!
*
-2
ئەرکم نییە لەسەر زەوی و بە کێکی ئێم ژیانە نەزۆکە نایەم
من لە بەینی ئێم دووڕیانەدا بوێرانە بیر دەکەمەوە
بیرکەرەوە هەمیشە ڕەنگە بژی.

جێی خۆیەتی لێرەدا جارێکی تر بپرسمەوە ئایا دەبێت نووسینی شیعر ئەوەندە سادەو ئاسان بێت و هەر کەسێک هەبستێت شتێك بنووسێت و ناوی شیعری بەسەردا ببڕێت؟ خۆ کە شیعر لە قاڵبە کلاسیکییەکەی ئازاد کرا مانای ئەوە نەبوو پەیڕەوی هیچ ڕێساو مەرجێکی زمان و شیعری تێدا نەکرێت!
لە زۆر باردا هەق وابوو خاوەنانی ئەم جۆرە نووسینانە چاو لە لەتیف هەمەت و جەلال بەرزنجی بکەن کە زانییان دنیای شیعر وەران بووەو خۆنەریشی نەماوەو ئەوەی پێیان بوو لە داهێنان لە لوتکەی بەخشیندا پێشکەشیان کرد و پاشتر ژانرێکی نوێ تاقیدەکەنەوە کە پێ خۆنەرترینە و ڕوویان کردە ڕەمان، وەك (ڕەمانی: گێشتێک بێ ڕەگەی خۆون … نووسینی جەلال بەرزنجی) (ژنە جنۆکەکانی شەمەحموو) و زۆر شاعیری تر….
……

یەمەن کارەساتی مرۆیی گەورە! نوری بەشیر:

لە یەمەن چ دەگوزەرێ؟

هەواڵ و وێنەکانی منداڵان و ژنادی بەرزی مردن کە مانشێت و تایتڵی لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤار و میدیاکانی خودی بەرژوازی ناچارن رای بگەیەنن، وە هوشداری دانی سەرانی نێتۆ یەکگرتووەکان و

ڕەکخراوەکانی منداڵان و مافی مرۆڤ لە پەیوەند بە یەمەن، نیشانی دەدات چ کارەساتێکی مرۆیی دەگوزەرێ. بیستن و بینینی ئەو هەواڵانە هیچ مرۆڤێک جگە لەسەرانی حکومەت و حزبەکانی بەرژوازی و سەرمایەدارن نەبێت ناتوانێت تەزوو بە گیانیدا نەیێت و ئازار نەبینێت. ئەگەر ئەو هەلومەرجە وا بووات لەئایندەیەکی نزیکدا کارەساتێکی مرۆیی وا چاوەڕوان دەکرێت کە بووتەی زەرەک لە میدیاکان و هەتا سەرانی زەر لە ڕەکخراوە نەودەوڵەتیەکان گەورەترین کارەسات دەبێت لە سەد سالی رابردودا.
ئەمەی لە یەمەن ڕووەدات و پشتگوێ خراوە هیچ بوارێک بە گاڵتەجاڕی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بەرژوازی و سەرمایەداران و حکومەتانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان ناهێڵێتەوە. وڵاتێک لەژێر سایەی بەرژەوەندیخوازی و چاوچنۆکی سەرمایەداران و دەوڵەتە کۆنەپەرستە سەرمایەداریە جیهانی و ناوچەییەکاندا کە هەژانە تەپڵی مافی مرۆڤ لەدەدەن، بەڵو داروخانێکی بەوننە دەووات.

سە لەسەر چواری دانیشتوانی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونەدان، وڵاتێک کە هاتوهاواری ڕۆژانەی دایک و باوکی منانێانک کە پەراسوەکانیان یەک بەیەک دەژمەرێن و مەشو و مەگەز تەی داون، لەبەر بە ئاوی و بە خەراکی و کولەراو دەیان نەخشی ترو ڕۆژانە ئەگەر بەخت یاوەریان بێت بەبرسێتی نەمرن ئەوا لەبەردەم ڕەحمەتی هەرشی فڕۆکەی جەنگی و تەپکانی لایەنی شەکەرانی وڵاتانی ناوچەکەدا دەبنە قوربانی، کە لەیەمەندا جەنگێکی خوێناوی و برسێتیان هەگیرساندووە کە دوورو نزیک هیچ پەیوەندیەکی بە خەکی ئەو وڵاتەوە نییە، کەچی ڕۆژانە دەبە چاوەڕێی مەرگی دەیان و سەدانی منداڵکانیان بن، کە لاشەی پەرچە پارچەی منا و تەکەڵ بە خانوو و جلوبەرگ و گەشتی ئاژەڵ بووە، ئەم تراژیدیە ئینسانیە جیا لە ترامپ و میرکل و تریزا و ئەردوگان و مالکی و شێخ سەلمان و مەسعود و خامنەئیەکان کە دەتوانێ لە دیمەن و هەواڵکانی دیگران و پەست نەبێت و لەئایندەی خۆی و منا کانی لەدنیای ئەمەدا نەترسێت.

ئەوە تەنیا هەواڵکانی ڕەکخراوە ئینسانیەکانی وەک ڕەکخراوی مافی مرۆڤ و یونیسەف و ڕەکخراوەکانی منداڵان و چەندان ڕەکخراوی تر نییە کە خەباری ٢٢ ملیۆن ئینسان لەیەمەندا لەکەی ٢٨ ملیۆن کەس کە لەبەردەم ترسی مردندان بەهەی بەدخەراکی و نەبوونی دەرمانەوە پشت ڕاستەکانەوە کە لەژێر هەڕەشەی هەژاری و برسێتیەوە و نەخشیدا دەژین، ئەوە تەنیا ئەو ڕەکخراوە ئینسانیەکان نین ئەمە پشت

راستەکەنەوە، بەکو خودی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرێک لەسەرانی وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداری کە یەمەنیان پشتگوێ خستووە و تەسلیمی وڵاتانی هاوپەیمانی عەرەبیان کردووە لە ناوچەکەدا بەسەرپەرشتی سعودیە، زۆربەی کوشتارەکانی یەمەن و لەبرسا مردنەکان و ئاوارەبوونەکان لەژێر سایەتی هێرشەکانی ئەو هاوپەیمانیەدا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە حوسیەکانی هاوپەیمان و کۆمەکەکانی جمهوری ئیسلامی ئێرانەدا ئەنجامدەدرێت، ئەوە کارنامەکانیانە و بەتام هەریەکە لە سعودیە و ئێرانیش بەرگی ئەوە دەکەن بەبەریدا کە یارمەتی خەڵکی یەمەن دەدەن، ئەمە هەرووک هەمان ئیدعانامەو کارنامەکانی ئەمریکاو وڵاتانی غەرب بوو لەپێیوەند بە سوریا و عێراق و ئەفغانستانەوە کە چەندە پوچ و بێناوەڕک دەرچوون.

بەپێی راپۆرتە جیهانیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی منداڵان ڕزگار بکەن " ٨٥٠٠٠ هەشتاو پێنج هەزار منداڵ کە لە پێنج ساڵ بەرەوخوار بوون بوونەتە قوربانی سیاسەتی برسیکردنی شەڕی سعودیەو ئێران لە یەمەندا لە سێ ساڵی ڕابردوودا. هەواڵەکان ئاوارەیی سێ ملیۆن خەڵکی ئەو وڵاتە و کوشتاری دەیان هەزار کەس و بریندارى بەئەژمار و دیل باس دەکەن، کە لە ڕێکەوتنی سویدی ئەم هەفتەیەدا بەیاری ١٥٠٠٠ پانزە هەزار دیل ڕادەستی یەکتری بکەنەوە. هەواڵی تراژیدی لەبرسا مردنی زیاتر لە دە ملیۆن ئینسان تا کۆتایی دیسەمبەری ئەمساڵ بەگوێی دنیادا دەدرێت. دەیفید بیسلی لەپرسراوی بەرنامەی خواردنی جیهانی لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: یەمەن لەڕگای کارەساتێکی ئینسانی گەورەدایە بەهەی برستی دانیشتوانەکەی و ئەگەر بەپەلە جەنگی ئەو وڵاتە نەوەستێت، ئەوە شەرمەزاری دەبێت بە بەشەریەت.

ئەمانە دیوێکی کارەساتەکانە، دیوێکی تری ئەو ناوچانەی کەلەژێر سایەی حکومەتی بەناو شەرعی یەمەندایە بەسەرکایەتی عەبد ڕبە مەنسور هادی کە سەربە سعودیە و هاوپەیمانەکانە و ئەو ناوچانەی تریش کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی " ئەنسار ئەڵادایە" واتە حوسیەکان، هەریەکەیان بەجۆرێک هەرکەس سەر بەوان و چەکداری ئەوان و لایەنگری ئەوان نەبێت ئەوا دەکوژرێت یان زیندانی دەکرێت یان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەردەکرێت. هەواڵەکان ڕادەگەیەنن کە حوسیەکان لە سێپتەمبەری ئەمساڵدا زیاتر لە ٣٥٠٠٠ سی پێنج هەزار کارمەندیان دەرکردوەو شوێنەکانیان بە لایەنگر و ئێندامانی خۆیان پەکردونەتەوە.

بەدوای دەستبەراگرتنی سەنعای پایتەختی یەمەن و لەم دواییەدا شارو

بەندەری حودەیدەی سەر کەناری دەریای رەژئاوای ئەو وەتە کە جێگایەکی ستراتیژیە، تەنیا لە شەی ئەم چەند مانگەی ئەخیردا لە شاری حودەیدە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس ئاوارە بووە و هەزارەها کەس کوژراون، لەلایەک حوسیەکان ناردنی یارمەتی خواردن و دەرمان کە شارێگایەکی سەرکیە کە لە سەدا حەفتا و پێنجی پێداویستیەکان لەوێوە دێت راگرتووە، یان سعودیە ڕێگا نادات ئەو یارمەتیە مرۆییەکانی دەرمان و خۆراک بۆات بە ناوچەکانی کە لەژێر دەستی حوسیەکاندایە، ئەمانە کارەساتی مردن و نەخۆشی جەراوجەری زیاتر کردووە.

لایەنەکانی جەنگ لە یەمەندا!

جەنگێکی ماە وەرانکەر کە لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە واتە لە ٢٠١٤ وە لەنەوان دەوڵەتی یەمەن بە سەرۆکایەتی عەبد ڕەبە مەنسور هادی لەلایەک و حوسیەکان لەلایەکی تریشەوە دەستی پێکردو بەدوای گرتنی سەنعای پایتەختدا لەلایەن حوسیەکان و ڕاکردنی عەبد ڕەبە بە سعودیە لە ٢٠١٥ دا ئەوا گەڵانی تەوازنی هێز لەبەرژەوەندی حوسیەکان و ئێران ڕوویدا، جەنگ لەو وەتەدا پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بەهێی پەراوێزی یەمەنەوە ئەمریکاو غەرب سەرپەرشتی جەنگیان بە سعودیە سپارو هاوپەیمانی عەرەبیان لەدەور سازدا، وە جەنگەکە بوو بەجەنگی ڕاستەوخۆی هاوپەیمانی عەرەبی بەسەرپەرشتی سعودیە و لەولاوە کەمەکە زەرەکانی ئێرانیش بە حوسیەکان جێگاو ڕێگای حوسیەکانی دەبردە سەرەوە تا ئەوێی حوسیەکان دوای سەنعا بتوانن چەند شاری تر بگرن لەوانە بەندەری حودەیدە، ئەمانە وایانکرد هێرشە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانی عەرەبی زیاتر بکات بە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەاتی حوسیەکان، کە هێندەی خەڵکی مەدەنی دەکوشت هێندە حوسیەکان بەر نەدەکەوتن، وە ئەمانە گەمارۆی سەر خەڵکی مەدەنی زیاتر دەکرد و دەبووە هۆی بەاوبوونەوەی نەخۆشی جەراوجەر و برسێتی و مردنێکی زەر، کە یەمەن بە ترسناکترین شوێنی دنیا بە برسێتی و مردن وەسف دەکرێت، وە زەرترین کوشتاری منداڵان بەپێی ڕاپەرتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ئینسانیەکان لە سێ ساڵی ڕابردووەدا ڕوویداوە.

بەهێی ئەوێی جێگاو ڕێگای یەمەن تاسیری لەسەر سیاسەتی وەاتە زلهێزەکانی وەک ڕوسیاو ئەمریکا نیە، جەهەڕاوە بە کەشکانی نەوان سعودیەو هاوپەیمانەکان لەلایەک و لەولاوە ئێران و حوسیەکان، وە یەمەن بە ئەمریکا وەرەقەیەکە کە هەم لەبەرامبەر سعودیە بەکاری دەهێنێت و هەم لەبەرامبەر ئێراندا، ئەوەتا سات و سەداکانی

ئەمریکا لەگەڵ سعودیەدا ڕۆشنەو لەولاشەوە "براین هوك" نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت:"ئەگەر بزانین ئێران هەڕەشە دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانمان لەو ناوچەیەدا ئەوا هەوەستی بەکردەوەمان دەبێت لەبەرامبەریدا"، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت واتە ئەگەر ئێران دەست نەبات بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، ئەوا کێشەیان نییەو ناوبەناو تاوانباری دەکەن کەیارمەتی حوسیەکان دەدات، کە بەدڵنیاییەوە بەیارمەتی ئێرانە حوسیەکان ئێستا باڵا دەستن. ئەگەر هاوپەیمانی وەاتانی عەرەبی بەسەرپەرشتی سعودیە نەبێت، حکومەتی بەناو شەرعی عەبد ڕەبە دەمەک بوو بەدوای گرتنی شاری سەنعاو ڕاکردنی بۆ سعودیە دەکەوتە دەست حوسیەکان و گەمەکانی قاسم سلەمانی وەک لە سوریا و عەراق و کوردستان بۆ ئاشکرا نیشان دەدرا.

کەبوونەوەی سوید بۆ ڕەکەوتنی یەمەن!

بەدوای چەندین هەوڵ بۆ ئاوەی ئاگربەست ڕووبدات لەنێوان دەسەڵاتی عەبد ڕەبەو حوسیەکان و ڕازی نەبوونی حوسیەکان بۆەی کە دەسەڵاتی عەبد ڕەبە بەڕەسمی ناناسن و دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سعودیەدا کە سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات بۆ ئەنجام نەگەیشت، توندبوونەوەی جەنگی یەمەن و بەرزبوونەوەی ڕەژەی مردنی مندااڵان و ترسی مردنی ملیۆنی خەڵکی ئاو وەاتە و هەموو ئەمانە جیا لەچوونە سەرەوەی خەرجیەکان لەیەمەن بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانانی، وە هەروەها هەریەکە لە سعودیەو ئێران لەبەردەم ئەزمەی ناوخۆیی خۆیاندان، بۆیە دەخالەتی ئەمریکا لەڕگای نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە هەشت مانگی ڕابردوودا بۆ ئاوەی ڕگایەک بۆ خەرجیەکانیان دابنێن و یاریەکیان لە یەمەن بگەڕێت بەشاوەیەک دەستی ئێران کەمبکەنەوە، گەیشت بەوەی کە ئەمریکا کەمەک داواکاری حوسیەکان جێبەجێ بکات بۆ دانیشتنی ڕاستەوخۆ بەسەرپەرشتی مارتین گریفیس نەردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەمەن.
بۆ ئەمەش لە ٦ی دیسەمبەردا بەسەرپەرشتی نەتەوە یەگرتووەکان لە سوید دانیشتن بۆ ماوەی یەک هەفتە کە ١٣ دیسەمبەر ئاخرین ڕۆژ بوو ئەنجام درا. پێشترو وە لەم دانیشتنەدا وەڵام بۆ کەمەک داواکاری حوسیەکان درایەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بەشداری بکات و ئاوە بوو بۆ هەنانی نوێنەری حوسیەکان بۆ دانیشتنی سوید، خودی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەیەمەن مارتن گریفیس خۆی ڕەشتەتە سەنعاو وەفدی مفاوزی حوسیەکانی هەناوە بۆ سوید و هەروەها ژمارەیکی زۆری بریندارەکانیان بۆ چارەسەر ناردووە بۆ عەممان.
کە بۆ ئەمریکا ئەستا لەگەڵ گەمارۆی دووەمی سەر ئێراندا،

دیانەوەت بەم رێکەوتنە حوسیەکان لە ئێران دوربخەنەوەو دەخالەتی ئێران لە یەمەن ببڕن، بەڵام جگاو رەگای حوسیەکان دەچێتە سەروە. سەبارەت بە کۆتایی جەلسەکەش، ئاگەرچی حوسیەکان بە راوەستانی شەڕ ئازین، بەڵام ئێنتەنیە گوتیرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێی لە ڕێکەوتنی یەمەن لە سوید لایەنەکانی یەمەن گەشتوون بە چەند خاڵێک و بە خەشبینیەوە سەیری دەکات بە لێتگەشتنی لایەنەکان و نزیکبوونەوەی بەواکانیان بە وەستانی جەنگ لە ئایندەدا. نەتەوە یەکگرتووەکان خەی سەرپەرشتی هەندە شوێنی وەک بەندەری حودەیدە دەکات وهاتوچۆی ئاسمانی ناوخە لەسەنعا دەست پێدەکات.

کام ڕەگا چارەی خەراو ئینسانی بە هەلومەرجی ئێستای یەمەن!

لەهەلومەرجێکی ئاڵۆزو پێکهێنەی ناوچەکەو جیهانیدا، باڵادەستبوونی دەوڵەتانی سەرمایەداری کۆنەپەرست و دژی ئینسانی بەهەموو ئەزمەو کەشێکی ناوخەیانەوە کەهەیانە، هەریەکەیان دەیەوێت خەی رابەری ناوچەکە بەدەستەوە بگرێت، بەهەر ڕەگایەک جەنگێک کە لەیەمەندا بەرخەراوە بەدژی خەڵکی مەدەنی ئەو وەاتەو هیچ نزیکایەتی بە چارەنوسێکی باشەوە بە خەڵک نییە.
وەستانی شەڕ لەو وەاتەدا لەبەرژەوەندی خەڵکدایە، کە بتوانرێت شەڕ و بەڵای تێپباران بە سەریانەوە بوەستێت، کوشتن و لەبرسا مردنی ملیۆنی مندالان بوەستێ، لەبەرئەوەی ئەم شەڕە شەڕی خەڵک نییە، وە خەڵک هیچ هەزو ئیرادەی نێک نییە بە بەیاردان لەسەر چارەنوسی خەی، بەڵکو لەبەردەم لەناوچوونی بەکۆمەڵی ملیۆنیدایە، وە ئەم کارەساتە بە شکاندنی شکەی ئینسانی نێک تەنیا لە یەماندا، بەڵکو لەناوچەکەدا مەترسیدارترین شت دەبێت، بەیە وەستانی ئەم جەنگە و نەمانی بەڵای کوشتارو ئاوارەیی و برسێتی ملیۆنی زیاتر کە بەڵوێیە دەوەستێنێت، ئاگەرچی ڕێکەوتنی ئێستای مەیەن کە لەسوید ئێنجامیانداوەو درێژەی دانیشتنەکە بە مانگی جەنیوەری ٢٠١٩ دانراوەو هەندەی خاە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، وەک نیشاندانی سەرەتایی کۆتایی جەلسەکە پاشکشەیەکی زەری هاوپەیمانی عەرەبی و هەتا ئەمریکاو غەربە لەبەرامبەر حوسیەکانداو جگاو ڕەگای حوسیەکان دەباتە سەرەوە، بەڵام ویستی خەڵکی یەمەن لە ئێستادا ڕاستەوخە وەستانی بەڵای جەنگە بەسەر سەریانەوە، کە ئەمەش داواکاری هەموو بەرەو ئینسانی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستە لەدنیادا.

ئاگەر کەمەگەی بەشەری بیەوێت بەڵای یەکجاری شەڕو کوشتار بەسەریانەوە نەمێنێت، وە کارەساتەکانی سوریا، ئەفغانستان، عەراق،

کوردستان و یەمەن بە یەکجاری کۆتایی بێت ئەو بە رێکخراوبوونی کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەت و رابەرایەتی کۆمۆنیستی لە شارشی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، دەبێت.

١٤/١٢/٢٠١٨

دەستخۆشی و چەند وردە سرنجێك … سەلام ناوخۆش

هەردوو کتێبی ئاژەڵناسی و کۆمۆنیالیزم و پاست کۆمۆنیالیزم

دەروازە

ئەو دوو کتێبە زۆر گرینگن بۆیە لە جیهانی ئاژاوا زۆر قسەیان لە سەرکراوە ، بە نموونە
بیرت ماکروم 2016 کە ئاماژە بە سەد کاریگەرترین کتێب دەکات ، کتێبەکەی ئیدوارد ژمارە هەشت وەردەگرێت.
پیتەر هالیوم 2005 دەڵێت : کتێبی کۆمۆنیالیزم و پاست کۆمۆنیالیزم ئەو کتێبەیە کە مامۆستاکان دەیانەوێ قوتابیەکانیان بخوێننەوە.”
هەردوو کتێب زۆر گرینگترن بە کورد ، بەڵام ئەفسووس کتێبەکەی ئیدوارد پاش چل ساڵ 1978-2018 لە زمانێکی تر تەرجومەی کوردی کرا ! هەرچی کتێبەکەی لومبایە لەوەی ئیدوارد کەمتر نیە ، ئەویش لە 1998 چاپکراوە ، واتە پاش بیست ساڵ، ئەویش لە زمانێکی تر تەرجومە کراوە .
ئەوەی ئیدوارد دکتۆر موحسین ئەحمەد لە فەرەنسیەوە وەریگێڕاوە ، ماڵی وەفایی بۆی بەاوکردۆتەوە ، هەرچی کتێبەکەی لومبایە ، عومەر عەلی لە عەرەبیەوە وەریگێڕاوە و دەزگای ئاشنبیری جەمال عیرفان بەاویکردۆتەوە.

سۆرنجەکانم
لە سەر کتێبی ” ئاژەڵناسی “

لە ئەو چل ساڵە زۆر شت گۆڕاون هەتا خودی ئاژەڵناسی و

کۆنیالیزم فۆرم و مانای تریان وەرگرتووە . کورد لە لێژەنەتناسیدا زۆر پاسیف و لاواز دەردەکەوێ ، زۆربەی منەوەرەکانی هەر بە شان و باڵی لێژەنەتناس و کوردناسان هەڵدەدەن . لەمەشدا بەشێکی زۆر منەوەری کورد خۆی فاکتەرێکە لە مانەوەی کۆنیالیزم و لێژەنەتناسی بە فۆرمی تر .
کتێبی لێژەنەتناسی بە فەرەنسی و عەرەبی …هتد تەرجومە کراوە ، بەڵام هەتا لەو دوو زمانەش چەند چاپێك و وەرگێڕانێك هەن . دکتۆر موحسین نە لە بەرگ نە لە پێشەکییەکەی ئاماژە بە وەرگێڕی فەرەنسی ناکات ، تەنیا لە ل12ی ئاماژە بە " وەشانی فرانسی گالیمار " دەکات نەك وەرگێڕەکە .

کەماسی تر ، دەبوو دکتۆر موحسین پوختەیەك دەربارەی ئیدوارد سەعید و جیهانبینی ئەو هەروەها کتێبەکانی بخاتەروو ، چونکە ئیدوارد لە کۆنتێکستێکی لێژاوایی زۆر ئەکادیمیانە نەقدی لێژەنەتناسی و کۆنیالیزم دەرکەوتەکانی کردووە ، کاریگەری ئەو زۆر زیاتر بووە لە سیاسەتمەدارەکانی لێژەنات . گرینگی ئەو زیاتر لەوەدایە کە توێژینەوەکانی بە زمانی لێژەنەتناسەکانە ، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری توێژەری لێژاوایش دەربارەی کارەکەی ئەو ئاگادارە . دکتۆر موحسین لە ل8 دەنووسێت : " لە پاریس ئیدواردی بینیوە …هەروەها لە ل9 لە ئیدوارد دەگوازێتەوە : " من لە هەموو ژیانم کوردم کەم بینیووە ، لە ژمارەی دەست تێناپەڕن .." ئەو دیتنەی ئیدوارد ساڵی 1993 بووە ، ئیدواردیش لە ساڵی 2005 مردووە ، لەو ماوەیە دا زۆر شت گۆڕاوە ، کوردێکی زۆر لەبەر صەدام و دەسەڵاتی کوردی لە ئەوروپا و ئەمریکا گیرساونەتەوە ، هەرچ نەبێ تاڵەبانی و بارزانی لە ئەمریکا بە هۆی مادلین ئۆلبرایت ئاشت بوونەوە هەروەها بۆیاری نەوت بە خۆراك لە هەموو دنیا دەنگی دایەوە ، ئایا لێژیکە ئیدوارد لەو دوازدە ساڵە زۆر کوردی تری نەبینیبێت؟؟ شادی لویس 2017 لە وتارێکدا بە ناوی
ما قول "الاستشراق" في الأكراد؟ تەواو ئەوە دەردەخات کە ئیدوارد ئاگاداری دۆزی کورد بووە ، وەك دەنووسێت : "

ففي محاضرة مشتركة مع نعوم تشومسكي، العام 1999، متعلقة بحرب الناتو على صربيا، ومع إقراره بالجرائم التي ارتكبها النظام الصربي في كوسوفو، يشير سعيد إلى الرياء الأميركي، الذي لا يصعب تبينه في تغاضي الولايات المتحدة عن مذابح الحرب الشرسة والطويلة التي تشنها تركيا ضد الأكراد.

لە لایەکی تر ، ئیدوارد زۆر ئاستگرێ نەبووە لەگەڵ هزری خۆی ، ئەو

کۆنیالەی ئەمریکا و جولەکەی بۆ عەرەب پێ قەبووڵ نەبوو ، بەڵام داوای کوردی لە عێراق بەرامبەر صەدام نەك هەر پێ قەبووڵە و ئەوەی کوردی بۆ شکاندنی ناسنامە عەرەبە :

Said pointed out in the London Review of Books that the “claim that Iraq gassed its own citizens has often been repeated. At best, this is uncertain.”
Amazingly, Said’s conclusion converged with American interests in regard to muting international opinion vis-à-vis the atrocities committed against the Kurds and Shiites in Iraq. The universality of Said’s position turned to be particularistic as he unwittingly, or intentionally, sided with Saddam Hussein’s autocratic regime that championed a virulent Arab identity.

دکتۆر موحسین دوور و نزیك هیچ ئاماژەیەك بۆ ئیدواردی دوای 1993 ناکات ، بەڵام لە ل13 دەنووسێت : ” ڕۆژهەڵاتناسی وەك دیسیپلینێکی زانستی ، لە ئاستی ڕۆشنگەری و میللی و هی دی ….دەبێ تاڕادەیەك هەڵکەوتی پێست ڕۆژهەڵاتی و…پێست کوردناسی وەربگرن.” بۆگومان لە پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ، 1978 هەتا ڕیفراندۆمی 2017 چاوەڕێی گۆڕانکاریەکی نەوعی لە پەیوەندیەکانی ڕۆژئاوا و کورد ڕوبدابا ، بەڵام تاکو ئێستاش هەر فۆرمەکانی کۆلۆنیالیزم و ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لە زاکیرەی تاکی کورد مێوانە.

لە لایەکی تر لە چاپی نوێی ئۆرینتالیزم ، پێشەکی نوێی ئیدوارد هەیە ، کە تا ڕادەیەك جیایە لەوەی یەکەم ، بۆ نموونە لە چاپی 2004 کە 432 لاپەڕەیە کەچی ئەوەی 1978سێسەد و حەفتا و هەشت لاپەڕەیە ، ئەوەی دکتۆر 658 لاپەڕە دەرچووە. جا نازانین چاپی نوێش تەرجومەی فەرەنسی کراوە ؟
زمانی دکتۆر موحسین لە وەرگێرانەکەدا بۆ گرێیە ، خۆم هەر کوردیەکەم خوێندۆتەوە لەگەڵ ئینگلیزیەکە بەراوردم نەکردووە.

کتێبی دووەم : کۆنیالیزم و پێست کۆنیالیزم



ئەم کتێبەی ئانیا لومبا تەواوکەری کتێبەکەی ئیدوارد سەعیدە ، عومەر عەلی غەفور لە عەرەبییەوە تەرجومەی کردووە ، غەفور لە پێشەکییەکە پێمان ناڵێت کام وەرگێڕانی عەرەبی وەرگرتووە ، چونکە ئەوەی من بینیومە هەر یەك لە موحەمەد عبدالغنی و باسل المسالمة ئەو کتێبەی ئانیایان وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی بە ناونیشانی جیا ، ئەوەی یەکەم بە ناوی " الأستعمار و ما بعد الاستعمار الادبیە" ، ئەوی دووەمیش بەناوی "الکولونیا و بعدها" غەفوور ناوی هەردوو وەرگێڕی لاداوە و لە دوای ناوی ئانیا لومبا یەکسەر ناوی خۆی نووسیوە.
کۆماسیەکی دی غەفوور ئەوەیە هیچی دەربارەی ئانیا لومبا هیچی نەوتوە ، بە واتەی پێناسەی نەکردووە . لومبا تۆژەرێکی هیندیە بەکالۆریوس و ماستەر و ئۆم فیل لە زانکۆی دلهی وەرگرتووە هەروەها دکتۆرای لە زانکۆی سوسێکس لە بەریتانیا وەرگرتووە .

غەفوور ئینگلیزی زانە و کتێبی لە ئینگلیزی وەرگێڕاوە ، بەڵام نازانم بۆ ئەم کتێبەی ئانیا لە ئینگلیزی وەرنەگێڕاوە یان هەرچ نەبا تەرجومە عەرەبیەکەی لەگەڵ ئینگلیزیەکە بەراورد بکردبا ،

چونکە بە ڕاستی لە هەندێ شوێن کوردیەکە بەرانبەر ئینگلیزیەکە تەواو ورد نییە .
چاپی یەکەمی کتێبەکە لە 1998 بووە هەرچی چاپی دووەمە لە 2005 . وەرگێڕی کوردی چاپی یەکەمی وەرگرتووە ، چونکە قسەی هیچ کەسێکی تێدا نیە لە بارەی کتێبەکەوە ، بەڵام لە چاپی دووەم ئەم قسانە لە بارەی کتێبەکەی ئانیا کراون :

Colonialism/Postcolonialism is both a crystal-clear and authoritative
introduction to the field and a cogently-argued defence of the field’s
radical potential. It’s exactly the sort of book teachers want their students
to read.
Peter Hulme, Department of Literature, Film and Theatre Studies,
University of Essex
Loomba is a keen and canny critic of ever-shifting geopolitical realities,
and Colonialism/Postcolonialism remains a primer for the academic
and common reader alike.
Antoinette Burton, Department of History, University of Illinois
It is rare to come across a book that can engage both student and
specialist. Loomba simultaneously maps a field and contributes provocatively to key debates within it. Situated comparatively across
disciplines and cultural contexts, this book is essential reading for
anyone with an interest in postcolonial studies.
Priyamvada Gopal, Faculty of English, Cambridge University
Colonialism/Postcolonialism moves adroitly between the general and
the particular, the conceptual and the contextual, the local and the

global, and between texts and material processes. Distrustful of established and self-perpetuating assumptions, foci and canonical texts which threaten to fossilize postcolonial studies as a discipline, Loomba’s magisterial study raises many crucial issues pertaining to social structure and identity; engaging with different modes of theory and social explanation in the process. There is no doubt that this book remains the best general introduction to the field.

Kelwyn Sole, English Department, University of Cape Town

Lucid and incisive this is a wonderful introduction to the contentious yet vibrant field of post-colonial studies. With consummate ease Loomba maps the field, unravels the many strands of the debate and provides a considered critique. She shows how post colonial theory forces us to reconsider some of our founding ideas, reorient our frames of enquiry, and rethink the very notion of colonialism. A must-read for everyone.

Neeladri Bhattacharya, Jawaharlal Nehru University, India

خۆزیا غەفور چاپی دووەمی ئەم کتێبەی لە ئینگلیزی وەردەگێڕا ، نەك لە عەرەبیەکە …هەر چۆنێك بێ دەستخۆشی لە ئەو دوو وەرگێڕە دەکەم ، چونکە ئەو دوو کتێبە بێ توێژەری کورد لە بواری کۆلۆنیالیزم گرینگن .

ئەمن وەك هەست بە بەرپرسیاری بەرانبەر نەتەوەکە و دینەکەم لەمێژە بە تەمای نووسینێك بووم لە سەر ژنئاواناسی ، بەڵام هەستم دەکرد کە پێویستم بە کەرەستە و مەتریال هەیە . پاش ئەوەی سەرەتای 2009 چوومە بەریتانیا هەستم کرد سورتر بم لە سەر نووسینەکەم ، بۆیە

هەر پاش هاتنەوەم لە ساڵی 2014 کتێبی " دەروازەیەك بۆ ژیاوانەوە" لە توێی 150 لاپەڕە نووسی .
ئەو دوو کتێبە هانم دەدەن لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپی دووەمی ئەم کتێبە لە قەبارەیەکی زۆر گەورەتردا بخەمە بەردەم خوێنەری کورد. لە کۆتاییدا ناسینی زیاتری ژیاوا زۆر گرینگە بۆ ژگاربوون و ئایندەیەکی باشتر .

گیان لێم دەخێدا چی لێ پارتی دەوێت...؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

دوای چەند مانگ لێ سیناریۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرکەوتنی چاوەڕێ نەکراوی پارتی لێ لایەن نزیارکانی یەوە، هەوڵێ پیلانگێرانەکانیان بۆ پکهێنانی حکومەت بەسەرکایەتی مەسرور بارزانی ،و جێگرکە لێ پستەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی ،یەکسەرهەمو لایەنەکان ،بۆ تایبەتی گیان ،کەوتنە خشحاڵی دەربین و هەڵپەی دیدارو گفتوگۆ لگەڵ سەرانی پارتی و بنەماڵەی بارزانیدا.

جا بۆ زویر نەبونی سەرانی پارتی و بارزانی بۆناوی ڕکخڕی گشتیانەوە نامەیەکیان ئاراستەی ێزەکانی ڕکخستنیان و میدیاکانیان کرد کۆ کەس لەدوان دژی پارتی و بنەماڵەی بارزانی نەدات لێم قۆناغێ هەستیاردا.

ئگەرچی هەندێک لێ گیانخوازەکان گومانیان خستە سەر ڕاستی ئەم نامەیە بەڵام کۆبونەوەی شاندی سەرکردایەتی گیان و پارتی و ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆبونەوەکەو ڕکەوتنیان لێم قۆناغێ لەسەر ٣ خاڵ نێک هەر ئەو گومانەی ڕواندەوە بەڵکو مشتەکیەکیشیاندا لەدەمی ئەو گیانخوازانەی کۆ گومانیان خستبوە سەر نامەکە.

هەمو ئێم ڕوداوانەش لێ چەند ڕۆژی ڕابردوودا ببونە هۆاڵی گەرمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جێگای پرس و ڕای گشتی و، لێ گۆشێ نیگای جیاوازەو سەرنج و ڕایان لێبارەوە دەدا.

بەرامبەر پرسیاری سەرکی لە نێو هەمو ئەم ڕووداو و پرسانەدا ئێوەیە ئاخۆ گەلان لەم دۆخەدا چی لە پارتی دەوێت...؟!

بە وەڵامی کورتو ڕەشنی ئەم پرسیارە پێویست دەکات ئاوەڕێک لە ڕابردوی پڕگرێی گەلان و هەراوهوریاو قیەقیەی دیگەین دیگەین کە بە یەکجار لەسەر زاری ڕابەری ڕوحیانێوە کردیانە دوروشم بە تەفرەدانو بەلادابردنی خواست و ناڕەزایەتی یە بەرهەڤکانی جەماوەری ناڕازی لە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و خزمکی و قومی سەرکوتگەرو دزو گەندەڵی کوردایەتی بەسەرکردەیی پارتی و بارزانی.

دیارە هیچ گومان لەوەدانی یە کە بزوتنەوەی گەلان ،وەک ئاماژەمان پێدا ، بەهەی ناڕەزایەتی قوڵی جەماوەر لە دەسەڵات کە لە شوباتی ٢٠١١ تا ئادەی دروشمی کەتایی پێهێنانی دەسەڵاتی میلیشایی ڕەیشت، بونە هەزمکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەر . ئەوەش بەهەی خۆجوتکردنیان لەگەڵ ناڕەزایەتی یەکانو هاوکات بە بەدیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی جەماوەرو بەرەی ئازادیخوازو یەکسانیخوازەوە .وە لە ژێر دروشم و خواستی دژی گەندەڵی و یەکخستنی هەزی میلیشایی ودەزگاکانی ئاساییش و ئیدارەو حکومەت و بە دامەزراوەیی کردنیان بونە بەرامبەر دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی قوت بونەوە.

بەم شێوازە لە سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی بەناو پەرلەمانی سێهەم و چوارەم توانیان ببنە خاوەنی ٢٤-٢٥ کورسی .یەکجار خۆیان وەک ئۆپۆزیسیون نیشان داو پاشان چونە ناو حکومەتی بنکە فراوانەکەی پارتی یەوەو کۆمەڵک پەستی پەرلەمانی حکومیان وەرگرت و هاوکات کەوتنە بەرنامە داشتن بە بەکردەوە دەرهێنانی نەخشەکانیان وەک لە بەرنامەی چاکسازییاندا هاتبو.

بەڵام سەرەرای هەراو ئاژاوەو قیەقیرو هاویشتنی بوتڵە ئاو لەنێو پەرلەمان تا گەیشتە دەرپەڕاندنی سەرکی پەرلەمانکیان وهەمو ئەندامانو وەزیرەکانو ،تەنانەت بەڕیوەبەری یەکانیشیان لە هۆڵەر ،بەڵام پارتی ملی نەدا بە بەرنامە چاکسازی یەکیان. وە ئەی ڕاوژکارانیان لەسەرگرتنەوە . بەم شێوەیە هەمو دورشم و پلانەکانیان بوە بەقی سەرئاوو .

جا بە جیا لەوەی کە گەران خۆیان چەن لە نەخشەو پلان و دوروشم و خواستەکانیان دەڕوانن کە گوایە لە قازانجی جەماوەری ناڕازیدا بوە. بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا لە ڕوانگەی ئاسۆو ئامانجە چینایەتی یەکانی جەماوەری ناڕازی و ئازادیخوازو یەکسانیخواز

گ□ان جگ□ ل□ □□□ی □اوئ□کاری ب□ پارتی وبارزانی هیچی تر ن□بو. □استی ی□ک□ی ه□ر ئ□و کات ل□ مانگی دوانزه□ی ۲۰۱۲ ل□ نوسین□کدا ب□ناوی گ□□ان □□□ی □اوئ□کاری بارزانی د□بین□ت ل□س□ر ئ□و □□□ و پ□گ□ سیاسی ی□یان □اوب□چونی خ□ماندا.

ئ□ستاش دوای ه□مو ئ□و ئ□وگ□□ان□ی ل□س□ر ئاستی سیاسی کوردستان و ن□اوچ□ک□و جیهان ،وقوب□ون□وه□ی ق□یران□کان و ،لاواز ب□ونی پ□گ□ی ناسیونالیزمی کورد □ویانداو□ هاوکات □□□و پ□گ□ی سیاسی گ□□انیش ز□ر لاواز بو□و□، ت□نان□ت گ□یشتون□ت□ بنب□ستی سیاسی.ئ□م □استی ی□ش ب□ نیس□ب□ت گ□□ان□و□ ل□ ه□ردو ه□□بژاردن□کانی پ□رل□مانی کوردستان و عیراقدا د□رک□وت.

جا ب□ی□ گ□□ان ل□م د□خ□ی ئیستادا ئ□و□ی ل□ پارتی و بارزانی د□و□ت ئ□و□ی□ ک□ ئامادی□ ل□ □□□ی □اوئ□کاری د□س□□ات ،ب□ س□رکردای□تی پارتی وبارزانی ،ب□ت□ خوار□و□ ب□ و□رگرتنی □□□ی پاس□وان□کی د□س□زو ب□ ئ□م□ک.

ه□رو□ها ئ□م □اوب□چون□ش ل□س□ر ئ□م پ□گ□و □□□ی گ□□ان ب□ □ونی ل□و ۳ خ□□دا دیار□ ک□ ل□س□ری □□ککوتون و داوای ی□ک گوتاری کورداي□تی ب□رامب□ر د□س□□اتی فیدرالی و ،ئاسایی کردن□وه□ی د□خی ک□رکوک ،و ی□کخستن□وه□ی ناو ماڵی کورداي□تی د□ک□ن.دیار□ ه□ر ب□ ت□رش و خ□□ کردنی ئ□م ۳ خ□□ ئاماژ□ی□کیشیان ب□ باش کردنی گوز□رانی خ□□کی دا□.

ب□ی□ ئ□گ□ر ئ□مان□ ب□راورد بک□ین ل□گ□□ ه□مو ئ□و ه□راو هوریاو ق□□ ق□ی□ی د□یگ□□ین د□یگ□□ین و ،پ□شنیار کردنی چ□ندین ن□خش□و پلان ،و□ک ل□ ب□رنام□و دروشم□کانی ه□□بژاردنیان، دا ها□ت□ ،ئ□و□ د□س□□لم□نت□ ک□ ئ□ت□ر گ□□ان ئ□و ه□ز□ نی ی□ □□□ی □اوئ□کاری د□س□□اتی کورداي□تی ببین□ت□و□ ، ب□□کو جگ□ ل□ پاس□وان□کی چالاک زیاتر هیچی تری ل□بارا ن□ماو□.

ب□گوم□ان پارتی و بارزانیش ب□ خ□شحال□ی ی□و□ ئ□م داوای□ی گ□□ان ق□ب□و□ د□ک□ن ب□ م□رج□ک ب□ ب□ ه□راو هوریاو ق□□ ق□ی□ ئ□گ□ر ئ□م □□□□ بگ□□ن .

۲۰۱۸-۱۲-۱۵

ت□بینی:
ئ□م باب□ت□ ل□م ب□اوکراو□ی ژمار□٤۲ب□ پ□ش□و□ ب□او ب□ت□و□.

سیاسەت لە سوریا وەك سەما لەسەر پشتی دووپشك! .. عەبدوڵا ساڵح

لەگەڵ یەكێك لە هاوڕیانم مشتومڕی ئەوەمان بوو هێزەسیاسیەكانی ناوخۆی سوریا بخەینە چ خانەیەكەوە و چۆن وێنایان بكەین ، ئەو تەعبیرێكی وەك ناونیشانی ئەم بابەتەی بەكار هێنا !
هەڕەشەكانی ئەردۆگان لە یەپەگە ، جارێكی كە مەسەلەی پەیوەندی ئەوان وەك پێكهێنەری سەرەكی هێزەكانی سوریای دیموكرات (هسد) و ئەمریكای خستەوە نێو بابەتە گەرمەكانی سیاستی ناوچەكە لە ئەمڕۆدا .
ئەردۆگان پێویستی بە هیچ بیانویەك نیە بۆ هەڕەشەو پەلاماردانی نەیارەكانی، بەتایبەت خەڵكی كوردزمانی تورکیا ، تەنانەت ئەوەندە بەسە كە تۆرکزمان و ئیسلامی سوننەی باگراوندی عوسمانی نەبی بۆ ئەوەی بچیە خانەی نەیارانیەوە ، وەك ئەوەی ئەمڕۆ بازاڕە سیاسیەكەی خۆی پێ گەرم كردوە . هەڕەشەكانی ئەم دواییانەی ، جیا لە ئامانجە ستراتیجیەكە كە پوچەڵ كردنی خەونی پێكهێنانی دەوڵەتێكی قەومیە لە كوردستانی سوریا ، چەند ئامانجێكی دیكەشی بەدواوەیە ، لەوانەش یەكلایی كردنەوەی كەیسی ئیدلیب كە چەكدارە ئیسلامیەكانی پاشماوەی داعش زوربەیان لەوێ نیشتەجێكراون ولەوێ گیریانخواردوە و هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی پەلاماری ڕوسیا دان بۆ لەناوبردن ، ئەمیش دەیەوێ بەكاریان بێنێ وەك سەرمای ئەو پەلاماڕە ، بەوەش دوو چۆلەكە بە یەك بەرد بپێكێ ، لەلایەك ناوچەیەكی فراوان بخاتە ژێر دەستیان بۆ ژیان ومانەوە وەك لەعەفرین ئەنجامی دا و لەلایەكی تر پەیوەندی خۆی و ڕوسیا لەسەر ئیدلب تێكنەچێ ، وا دیارە ڕوسیاش بۆ ئەو كارە چرای سەوزی بۆ هەڵكردوە !.

ئامانجێكی تر پوچەڵ كردنەوەی هەوڵەكانی سعودیە و ئیماراتە كە بەم دواییانە دەنگی ئەوە هەبوو تیمی سەربازیان ناردبۆ بۆ حەسەكە تاكو لەوێی خۆیە عەرەبزمانە سوننەكانی ئەو ناوچەیە بگەنە (هسد)و جێ پێیەك بۆخۆیان بدۆزنەوە دوای ئەوەی لە پاشتی داعش و هێزە ئیسلامیە تووندڕەوەكان لە سوریا شكستیانخواردو نا ئومێد بوون و

کشانەوە، بەتایبەت دوای کۆشەی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ قەتەر .
لەلایەکی ترەوە ئەردۆگان ئەم پەلاماڕە وەك کارتێکی سیاسی بۆ ناوخۆی تورکیا بەکاردێنێ ومەبەستیەتی هێزە نەتەوەپەرستەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشی، دوا ئامانجیش پتەو کردنی پێگەی خۆیەتی لە سوریادا بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی چاوەڕوانکراو و یا نەکراو لەو وڵاتەدا . ئەمانە هەموو لە کاتێکدایە کە ترامپ بەناچاری هەندێکی پەتەکە بۆ ئەردۆگان شل کردوە لە مەسەلەی کوشتنی وەحشیانەی قاشوقچی لەلایەن دەستە نازدارەکەی ترامپ (محەمەدی کوڕی سەلمان) لە کونسخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ، ترامپیش مەبەستیەتی ئەو دەستەی لەو زەلکاوە دەربکا بەتایبەت کە ئەردۆگان کارتی ئەو گەمەیەی لایە !
ڕاستە ئەمڕۆ هێزە محەلیەکانی ناو سوریا ناتوانن بەردەوام بن لە چالاکی سیاسی و سەربازیدا بێئەوەی پاڵپشتی نەدەن بە یەکێك لە زلهێزە کاراکان لەسوریادا، ئەوەتا حکومەتی سوریا بەبێ ڕاوسیا نەیدەتوانی و ناتوانێ بەردەوام بێت جا چ جای هێزەکانی تری نێو گۆڕەپانەکە لەوانەش (هسد) کە پاڵیداوە بە ئەمریکاوە ،
ئەگەر هێزە سیاسیە نێوخۆیەکانی سوریا ئەوە حاڵیان بێ ،ئەوا ئەو زلهێزانەش کە قاچیان کەوتۆتە نێو ئەم زەلکاوە لەوان باشتر نین ، لەسەرو هەموشیانەوە ڕاوسیا، ئەمجا تورکیا، بەدوای ئەویشەوە ئەمریکا، هەریەکەیان پەلەقاژەی دژینەوەی ڕێگاچارەیەکە کە، یەکەم بەرژەوەندیەکانی خۆی تێدا دەستەبەر بکا و دووەم بەرژەوەندیەکەش بە بارتەقای ئەو هەموو تێچوە مالی وگیانیەبێ کە داویەتی .
حکومەتی بەشار ئەسەد ڕەنگە لەو هاوکێشەیەدا براوەی یەکەم بێت، چونکە ئەگەر پەلاماڕەکەی تورکیا ئەنجام بدرێ و سەرکەوێ وەك ئەوەی عەفرین، ئەوا هێزێکی گەورەی وەك (هسد) زەربەیەکی توند دەخوا و لە دانوستاندەکانی دواتر بەکارتێکی لاوازتر دێتە سەر مێزی گفتوگۆ بەرامبەر حکومەتی سوریا ، جیا لەوەش تورکیا هەر بەشێك لە سوریا داگیر بکات لە دوائەنجامدا وەك وڵاتێکی داگیرکەر، دەبێ سوریا جبهەیەکی ، بەپێچەوانەی (هسد) کە مانەوەی و کۆنترۆڵ کردنی ناوچەیەکی فراوانی ژێر دەسەڵاتی خۆی وەك ئەوەی ئێستا، دەوڵەتی سوریا ناچاردەکا بە ڕازیبوون بەو دیفاکتۆیەو لەسەر ئەو بنەمایە بەناچاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکا. گفتوگۆی ئەم دوو لایەنە لە ڕابردودا بە نهێنی و بە ئاشکرا بەردەوام بوو.
ڕاستە (هسد) لە ئێستادا نمونەیەکی جیایان لە دەسەڵات لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیاندا پیادە کردوە لەوانە دانانی دەستورێکی عیلمانی کە تیایدا دین و دەوڵەت لێك جیان ، ڕێزی ژنان و یەکاسانیان بە پیاو لەزۆرێك لە مەیدانەکانی ژیاندا بوونی سیستمی هاوسەرێکی پشت بەستو بەهەبژاردن و ... بەڵام بەوئەندازەیەی پشت

بەستن بە هێزکی وەك ئەمریکا جەمسەرکی هاوکێشەکەبێ و هەموو هێلکەکان بخرێنە ئەو سەبەتەیەوە ، ئەوا جەمسەرەکەی تری بەهەمان ئەندازە دوورکەوتنەوەیە لە ویست و خواستی جەماوەری هەژارو دەستەنگی ناوچەکە کە باجێکی زۆریانداوەو سوتەمەنی سەرەکی ئەم بارودۆخە بوون .
ئەگەر پاساوەکەی (هسد)سەماش بێت لەسەر پشتی دوپشك، ئەوا لەدوا شیکردنەوەدا دواژی ئەم هێزە لەوانەی کە لەهەوی مێژووی نەچەندان دووردا هەمان سیاسەتیان پیادەکرد، بە نزیکبونەوەیان لە ئەمریکا، باشتر نابێ، تەنانەت ئەگەر جۆرێك لەدەسەڵات و حاکمیەتیشیان بکەوێتە دەست، ئەم نمونانە لە مێژوودا کەم نین، بارو دۆخی حوکمڕانی لە کوردستانی عێراق وەك نزیکترینیان .

2018 / 12 / 15

گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز وایزەر سکرتێری پێکخراوی سۆشیالیست ئاکشن لە کۆنەدا

گۆشەیەك لە کارو خەباتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە کەنەدا

گفتوگۆو ئامادەکردنی: گۆران عەبدوڵا بەڕێوەبەری پێژنامەی ئەلیکترۆنی دەنگەکان

_____

1- بەڕێز وایزەر کێیە؟

بەڕێز وایزەر:

من، نووسەر، سەرنووسەر، مامۆستا، سەندیکالیست، خوێندکاری مێژوو، ئاژیتاتۆری دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە دامەزرێنەری پارتی شۆشگێڕانەی سۆشیالیستیم.
لە تەرنتۆ لە دایك بووم لە ساڵی 1953، کوڕی ژگار بوویەکی هەڵکەوتی جولەکەکانم، نەوەی ئاوارەکانی دەستی شۆڕشکوتم. دژی

کۆمۆنیالیزم و داگیرکاریم لە فڕۆستینەوە تا کوردستان و هەموو شوێنکی تر لەم دونیایە.
حزم لە مۆسیقای میللیە، لە ئارت – کلاسیک و نوێ، چێشت لێنان لە ماڵەوە، باخەوانی، گەشت و گوزار، وەرزش و ئارەزوویەکی زۆریش بە خوێندنەوە. لەگەڵ کەمپیوتەریش سەرو کارێکم پەیداکردووە، بەڵام خەم لە ئەلکترۆنیات بە دوور دەگرم، کاری ناو ماڵ، لە بیرکاریش سنووردارم. لەگەڵ هاوسەرە شیرینەکەشمدا سی ساڵمان پێکەوە گوزەراندووە.
نزیکەی پێنجا ساڵم لە تەمەنم لە ناوبزوتنەوەی سۆشیالیستیدا بەشکردووە بە گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگا. سەرەتای کارکردنم لە قەناغی ئامادەییەوە دەستی پێکرد ئەوەش لە هەمەتەکەوە بوو لە پێناوی دیموکراتی و مافی خوێندکاران. لەرەوە دەرگایەکی گەورەتر لەدونیابینی خەباتکردن ئاوااڵ بوو، شەڕی ڤێتنام، کۆمۆنیالیزمی نوێ و عەسکەرتاریەت، چەوسانەوەی کرێکاران و جودا خوازی لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز، بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتەکان، تا دەگاتە هەڕەشکانی بەمبی ئەتۆمی.
کە ئاوە دەدەمەوە لە ئابردووم دەخەشم بە کارە ڕەکخراوەکانم: هەر لە جوانەوەکانی خوێندکارانەوە تا وەستانەوە دژ بە کۆمۆنیالیزم و هاوپشتیکردن لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک لە ئەمریکای ناوەاست، یەکێتی مامۆستایان (پاش بیست ساڵ لە لایەن بیروکراتیەتی سەرکوتگەرەوە بەڵادا برا)، گەورەترین و کاریگەرترین بەرەی چەپ لەناو پارتی نیشتمانی دیموکراتی(NDP) لەسەرووی هەموو ئەوانەوە هەوڵی بەردەوامم دژ بە زوڵم و ناعەدالەتی و هەڕەشا بنیاتنانی ڕەکخراوەیکی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی لەم وڵاتە کە پێوەندی هەبێت بە هاوڕەکانی ترمانەوە لە سەرانسەری جیهاندا.

2- کەی و چۆن پێوەندیت پەیداکرد لەگەڵ مارکسیزمدا؟

بەری وایزەر:

پێوەندکانی سەردەمی لاوەتیم لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاران بە بەدیموکراتیزەکردنی سیستمی خوێندن، بوو بە مایەی ئەوەی بەشداری بکەم لە خۆپیشاندانەکانی دژی شەڕی ڤێتنام، لەڕەشەوە پێوەندیم پەیدا کرد لەگەڵ گەنجانی دیموکراتی نوێ و لاوانی سۆشیالیست. لە زانکۆی تۆرەنتۆ ئەندامانی لاوانی دیموکراتی نوێ NDY باسی ئیمپریالیزمیان بۆ کردم، هەرچەندە تێوانینەکانیان قەتیس ببوونە لە سنوری ناسیونالیزمی کۆندیدا.
لە پشانگەیەکی کتێبدا کە لەلایەن (کۆمەڵەی کاری سۆشیالیستی –

LSA)ەوە ڕکخرابوو، بە یەکەمین جار کەپیەکی (مانیفستی کۆمۆنیست)م کەی کە پشکەکەی لایەن ترتسکیەوە نووسرابوو. LSA زۆر بیرکردنەوەی لا دروستکردم لەسەرتادا وام هەستکرد پارتکە زۆر ڕاقە و لە تاکتیکدا کۆنسەرڤاتیفە، پێوەندیم کرد بە گروپێکی ڕادیکالی قوتابیانەوە ناویان لە خۆیان نابوو (Old Mole)، پاشان ئەندامی کۆمەڵەی مارکسیە شۆڕشگێڕکان، دووا تریش کۆمەڵەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ (Revolutionary Workers League). لە کۆتاییدا LSA (League for Socialist Action) لە کۆنەدادا زیاتر ڕۆشن بوو لە هەموو لایەنە چەپەکانیتر .

3- لەو کاتەوەی خۆت بە مارکسی زانیوە تا ئەم کاتە، چۆن دەوانیتە مارکسیزم و بزوتنەوەی سۆشیالیستی لە کۆنەدا، وە بۆچ ئاراستەیەکدا دەڕوا؟

بۆری وایزەر:

بزووتنەوەی مارکسیزم لە کۆنەدا بە شێوەیەکی گشتی باوەشی بە خەباتی ئینتەرناسیۆنالیستیدا کردووەو خۆی دەربازکردووە لە ناسیۆنالیزمی کۆنەدی , وەک داکۆکیکەرێکی ئازادی نەتەوەکان خەباتی کردووە و پشتیوانی کردووە لە خەڵکی ئیندجنس و کیوبەک و فەڕەنسیین، هەروەها لایەنگیری خۆشی بۆ چینی کرێکار پیشان داوە. مارکسیکان لە هەووی ژمارەوە لە ئێستادا کەمترن لە ساڵەکانی هەفتا و هەشتاکان، بەڵام دووبارە هەوو لە گەشەکردنە.
کەشێکی سەرکی لەمەڕدا هەبووی شۆڕشگێڕکان دەبەتەوە ئەوێە کەچۆن بکرێت ئەم باوەڕە پراکتیکی ببرێتە ناو جەرگەی چینی کرێکارو لەوێدا پارتێکی شۆڕشگێڕانە دروستبکرێت.
چارەسەری ئەم کێشێە بۆ شێوێکی گشتی پێویستە بە یەکگرتنەوە، وە تەجسید کردنی ئەم ڕۆحە لە ناو یەکێتیە کرێکارییەکان و ئەو بنەما کرێکارییەی ناو "پارتی دیموکراتی نوێ". بە کورتی خەباتی چینایەتی بۆری چەپ لە هەموو شوێنێک لە پشتەوی دایە دژ بە بیروکراتیەت و چوارچێوەی رابەرایەتکەی، ئەمەش لە خۆیدا کلیلی چونە پێشەوێیە. پێویستە بزوتنەوەی مارکسی بەم ئاراستەیەدا بڕوات، یان هەر لەو دوورە پارەزییەدا دەمێنێتەوە، لەوێش خراپتر لە چوارچێوەی ئەکادمییەتدا خۆی قەتیس دەکاتەوە.
من دڵخۆشم بەو سەرهەڵدانە نوێیەی نەو گەنجان دژ بە سەرمایەداری، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو یاخیبوونەی کرێکاران لەبەرانبەر خاوەنکارەکانیان و بیرۆکراتیەتدا. ئەمە لە خۆیدا دڵگایەکە بە هەووی دامەزراندنی پارتێکی شۆڕشگێڕدا لە داهاتوویەکی نزیکدا. دژە

کاپیتالزمی بۆتەنها بەس نییە، دەبێت هەر ئەمڕۆ خەڵکەکەراو بکەیت.

4- لە بەشێک لە وەڵامەکەتدا ئاماژەت بە کەمبوونی ژمارەی سۆشیالیستەکان کرد لە ئێستادا لە چاو پێشووتر. ئەو پێشووە کەیە، وە هۆکاری ئەم کەمبوونە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بڕوا وایزەر:

ئەگەر ئەمە بەراوردێك لە نێوان ئەمڕۆ و سااڵنی شەستەکان و هەفتاکانی پاش شەڕی جیهانی دووەم بکەین، جیاوازییەکان بە ڕوونی دەبینرێت. بوژانەوەی ئابووری پشکووتوو لە وااڵتانی ڕۆژئاوای سەرمایەداری، هاوتا بوو لەگەڵ فشاری دەوڵەت و بە حاشیەبوونی چەپی ڕادیکاڵ. سیاسەتە توندو سەرکوتگەرەکانی ستالینیش بوو بە هۆکاری دابەزینی بەشێکی تر لە کرێکاران لە بزوتنەوەکەی. بەڵام شەڕی ڤێتنام و کەلتوری بەهەدەردان و زیادەخەری، لە ئاستی جیهاندا بزوتنەوەیەکی گەنجانەی هێنایە دەرەوە، نەک تەنها دژ بە شەڕ، بەڵکوو دژ بە ڕەیسیزم، سێکسیزم، نادادپەروەری و وەرانکردنی سروشت. خەپیشاندانەکانی ماڵنگی مەی ١٩٦٨ی فەرەنسا ئەوەیان نیشاندایین، کە خوێندکاران ناتوانن شەڕشی سۆشیالیستی ئەنجام بدەن بەبێ بوونی پارتێکی جەماوەری مارکسی شەڕشگێڕ، لەڕەوی چینی کرێکار لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دوور دەخرێتەوە لەاڵیەن سەرکردە ستالینی و دیموکراتخوازەکانەوە.

لە ناوەڕاستی حەفتاکان و هەشتاکاندا، سەردەمی زێڕینی وەاتە سەرمایەدارەکان کۆتایی هات و دەرگای قەیرانکان کرانەوە. لەڕەوە هەرشەکان دەستپێدەکاتەوە بە سەر دەسکەوتە کەمڵایەنەکان و ئەو دەسکەوتانەی چینی کرێکار لە ڕابردوودا بەدەستیان هێنابوو. بە شێوەیەکی بەرچاو هەست بە نەبوونی بزووتنەوەیەکی توانا لە ڕابەرانی سەندیکاکان و پارتە سیاسییەکان دەکرێت بە وەستانەوە بەرانبەر بەو هەرشانەی کە دەکرایە سەر بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لە الیەن کەمپانییەکانەوە. خوێندکارانی ڕادیکاڵ بەدەنگبوون لە بەرانبەر کشە ئابورەکاندا. کرێکارانی ڕادیکاڵیش ڕووبەڕووی کۆسپێک لە بەرگری بوونەوە، تەنانەت فشار خستنە سەریان لەاڵیەن بیروکراسییەتی کارەوە. بەیە ژمارەی سۆشیالیستەکان "کەمبوونەوە" بە بەراورد بە گۆشەی دانیشتوان و خواستی بەرگری کرێکاران.

ئەمڕۆ بزووتنەوەی کرێکاری لە حاڵەتی بەرگریدا ماوەتەوە. گەڕینی

ابەرانی گەندەکار لە بزووتنەوەکەماندا ناکرێت جیابکرێتەوە لە هەوبەدەوبونەوەمان لەگەڵ چوونسەرەوەی قیرانەکانی دەسەڵات، کە خەیان دەردەخن لە کۆشکانی ژینگە، چوونسەری هەژموشەی شەڕی ئێتەمی، پلانی دەستگرتنەوەی نەزەکانە، پاوانخوازی دەسەڵات، ئەمانە دەبنە مایەی هاتنە دەرەوەی فاشیزمی نێتەویی و هەگز پەرستی و هەق بوونەوە لە پەناهەندە. قەیشەکی گەورە کەوتۆتە نەوان دونیابینی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان لەگەڵ زەرینەی کەمەگە لە کرێکاران، ژنان و لاوان کە دژایەتکانیان بە سیستمی سەرمایەداری هەوە لە زیاد بوونە. کاری سۆشیالیستەکان ئەوەیە ئاسەو ئامانجەکی هەشن و شەشگەەانە بخاتە پێش نەوەی نوە لەکرێکارانی شەشگەە. ئامانجمان پەیوەستکردنیان بە هەیزی کرێکارانی شەشگەەی جیهانییەوە.

5- ئەوە هەکخراوەیەکی سیاسیتان هەیە بە ناوی کاری سۆشیالیستی، وەکوو گروپێک لە ناو پارتی دیموکراتی نوە کار دەکەن. کەی ئەم هەکخراوەیەتان دامەزراندووە؟ ئەی بۆچی لە ناو هەکخراوەیەکی سیاسین و سەربەخیانە کاری خۆتان ناکەن؟

بەی وایزەر:

پارتی دیموکراتی نوە- ی کەنەدی (NDP)، پارتێکی سۆشیال دیموکراتی لاوازە. لە پاش درووستبوونی پارتی کرێکارانی بەریتانیا دروستبوو لە 1961 بە دەستپێشخەری کەنگرەی کاری کەنەدی و CCF پارتێکی چەپی دیموکراتی کەمەایەتی بوو لە 1933 درووستببوو. زوو زوو هەوەدەرێتNDP لە ئاستی هەرەمەکان دەسەڵات بگرێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە لە ئاستی فیدراڵدا براوەبێت. چونکە ابەرکانی لاینگیری لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن کرێکارانی پشتەوە لایەنگیری دەکرێت، ئەوانەی نائومێد بوون لە پارتە گەورە کاپیتالیستەکانی کەنەدا، لیبراڵ و کەنزەرڤەتیف. هیچ پارتێکی تر نییە لەNDP چەپ تربێت. ئەوەی هەیە پارتی کەمەنیستی و چەند گروپێکی بچوک لە ترۆتسکەکان و ماوەکان، جیا لەمانە شتێکی تر نییە.
هەگریکردن لە چوونە ناو NDP وە بە مانای هەگریکردنە لە گفتووگەکردن لەگەڵ بەشێکی زەر لە کرێکارانی هەشیار لە هەووی چینایەتی و سیاسییەوە لەم وەاتەدا، ئەوە لە خەیدا بەیاری تەریکبونەوەو پچرانی پەیوەندییە.
سۆشیالیست ئاکشن SA هەوەی بردنە پشتەوەو هەکخراوکردنی ناەزایەتییە کرێکارییەکان دەکات لە ناو هەکخراوە جەماوەرەکاندا لە ئاستی کرێکارانی کەنەدا. هەروەها دەبێت دژایەتی بیروکراتیزم

بکەین لە ناو چینەکەماندا و تووڕەبدرنە دژیەو، وە ئەمکارە دەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییکانیشدا ئەنجام بدرێت. ئەو باوەڕو سیاسەتمانە لە ناو سەندیکاکان و NDP دا.

پەیوەندی کاری ئەمە بە NDP یەوە، وەك بەشداریکردنمانە لە سەندیکا کرێکارییکان، لە بنەڕەتدا ستراتیجیەتی ئەمە گەشتنە بە چینی کرێکار و ڕێکخراوە کرێکارییکان. هیچ پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆجیمان نییە لەگەڵ سۆشیاڵ دیموکراتدا، ئەوە هەر وازبێنە لە کۆشە لاوازەکەی کە بەرجەستە دەبێتەوە لە NDP دا.
ناتوانرێت NDP بگۆڕدرێت، پێە لەو خاڵە دژانەی سۆشیاڵ دیموکراسی. ئەمە لەوێ کاردەکەین بۆ ئەوەی بەرنامەی گۆڕانێك بەرینە پێشەوە بەهاوبەشی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوکرێکارانەی لە قاعیدەی ئەو حزبە کاردەکەن، کە بەشێوەیەکی خێرا بەرژەوەندییە جیاوازەکانی قیادەو قاعیدەی ئەم حیزبە لێك دەترازێن و دووردەکەونەوە لەیەکتر. لە هەمان کاتدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا کارەکانی SA لەدەرەوەی NDP دایە.
لە ئێستادا SA نوێنەرێکی خۆی بە بەرنامەیەکی سۆشیالیستی ڕۆشنەوە بەشداری پێکردووە لە هەڵبژاردنی شارەوانێکاندا. هەروەها تەقریبەن ڕۆژانە خەریکە پێشاندانمان هەیە بۆنمونە دژ بە دەستپێوەگرتنە سەرمایەدارێکانی دێگ فەردی پارتی پارێزگاران لە ئینتاریۆ.

ئەمە بەشدارین لەو نێتوەرکە هاوپشتییەی بۆ کوبا و ڤنزوێلا، هەروەها هاوپەیمانی چەپی کیوبەکین بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتی کەنەدا بۆ کشانەوەی وەبەرهێنان و گەمارۆ خستنە سەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل. بەشدارین لە بەرهەستکاریکردنی ڕاکێشانی بڕیە نەوتێکان بە قازانجی دانیشتوانە سەرەتایەکانی ئەم وڵاتە وەك مافێکی هەوای خۆیان. سەرباری ئەوکارانەشمان هەڵدەستین بە پیشاندانی فیلم، بەستنی کۆنفرانس، گۆرانی کۆو سیمنار، خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیك لەگەڵ بە چاپگەیاندنی نامیلکەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سۆشیالیست ئاکشن کە ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە لە ئاستێکی فراواندا.
تێکەڵاو بوونمان بە ND یاریدەدەرێکی باشە لە ڕووی میدیاییەوە بۆ بڵاوبوونەوەی کارو چالاکێکانمان لەگەڵ جەماوەر و بەرەی چەپدا لە ناو ئەم پارتە، ئیتر ئەمە بەشێکە لەو کارانەمان کە بەدرێژایی ساڵ ئەنجامی دەدەین.

6- بانگەوازی سۆشیالیست ئاکشن-SA وێنەی هەردوو کۆسایەتی" لینن تڕۆتسکی و ڕۆزا لوکسمبۆرگ" کە بەردەوام لە بە نوکانتاندا

ئامادەییان هەیە. دەپرسم بۆچی ئەم دوو کۆمەڵایەتییە بوونەتە ئایکۆنی ڕۆکخراوەکەتان؟

- بۆری وایزەر:

ئەمە هیچ ئایکۆنکمان نییە، ئۆگەر ئایکۆن بە مانای سیمبولی ئاینیی بێت، یان ئامانج لێی پەرستن بێت. سەرسام بوونی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە لینن تڕۆتسکی و ڕۆزا لوکسەمبرگ، دۆگمایەتەوە بە بیر و ڕۆسا و کارە سیاسیەکانیان کە بەرجەستەیان کردووە.
ئەمە بەوامان بە سۆشیالیستی زانستی هەیە، بۆچی ڕۆژ لە کۆسانەک نۆگرین کە توانیویانە نەخشە ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵایەتی چینی کرێکاری جیهانی دابنێن؟
هەروەها هاوشانی لینین، تڕۆتسکی گەورەترین مارکسیستی سەدەی بیست بوو. ئەو فۆرمەی ستراتیجیەتی شۆڕشی بەردەوامی داهێنا. کە نیشانی دەدا، سەرمایەداری و باڵی لیبڕاڵ بەرژوازی هیچ ڕێگا چارەیەکیان پێ نییە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی سەرمایەداری.

تڕۆتسکی پەیوەندی کرد بە پارتی بەلشەفیکەوە، وەبەشداری کرد لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917، سوپای سوری دامەزراندو سەرکەوتووانە ڕێگری کرد لەهاتنە ژوورەوەو دەستوەردانی سوپای دەرەکی و جەنەراڵە سپیەکان. ئابووری ناوەندی کۆنگرەی نۆونتەوەیی کۆمۆنیستەکان بوو لە ساڕۆکانی یەکەمدا. شێوەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیروکراتیەتی ستالینی کرد لەگەڵ تێواینە کۆنەپەرستەکانی لە دامەزراندنی "سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا"، زەر بەڕێشنی و ئاشکاوانە دەستنیشانی سەرهەڵدانی فاشیزمی کردو چۆنیەتی وەستانەوە لە بەرانبەریدا. بەیە باڵی چەپی ئۆپزسیۆنی درووست کرد لەگەڵ کۆنگرەی چوارەمی ئینتەرناسیۆنال بە دەرژە دان بە هێڵی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کە تا ئەمڕۆش دەژەی هەیە.

ڕۆزا لوکسەمبرگ شۆڕشگێڕکی ئینتەرناسیۆنالیستی ناسراوە. بەڕێشنی ڕیشەی مادی ئسڵاحخوازەکانی ڕەشنکردەوە، شوناسی ئۆوانی ناساند کە خیانەتیان لە چینی کرێکار کرد بە وەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی و خێیان دایە دەست شێوەی کۆمۆکوژکانەوە. پەداگری دەکرد لەسەر خەباتی جەماوەری بە گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بە سۆشیالیزم کە تیایدا چینی کرێکار ئاستوخۆ جێوی دەسەڵات دەگرێتە دەست. ڕۆزا دامەزرێنەری پەیوەندی سپارتاکۆسکان و پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا بوو، وە سەرسەختانە بەرگری لە شۆڕشی ڕوسیا دەکرد لەدژی ئسڵاح خوازەکان و چەپی پەگیر.

سۆشیالیست ئاکشن بۆای وایە، لینن تڕۆتسکی و ھەزا لەکسەمبۆرگ دوو کەسایەتی زۆر ئازا و ھێشن بوون، وە خاوەنی درکی تایبەت بوون بە بارودۆخی سەردەمی خۆیان. بۆیە بە ئەمە گرنگە لێیانەوە فێربین، لەوێش گرنگتر ئەمە دەتوانین لەو ئایدیاو میتۆدە فکریانەی ئەوان کە زادەی سۆشیالیزمی زانستین و لە ھەژگاری خۆیاندا پێشکەشیان بە چینی کرێکار کرد سودەمەندبین، چونکە دونیای ئەمڕۆمان درێژ کراوەی ھەمان دونیای دوێنێیە و خراپتریش. بۆیە ئەمە پێویستیمان بەوزانستە سیاسییە ھەیە بە وەستانەوە بۆرانبەر بەو کارەساتانەی ھووبەووی بەشەریەت دەبێتەوە خراپتر لە ھەموو سەردەمەکانی تر.

7- لە کەنەدا چەندین گروپ و ھێکخراوەی چەپ ھەیە، کە چی حزبێك نییە ھەموویان کۆبکاتەوە. بۆچی چەپ یەکگرتوونین؟

بۆری وایزەر:

پێگەی چەپ لەکەنەدا، بەبەراورد بەھاوڕێبازەکانی لە ئەمریکا زۆر باشترە، لاوازە لەگەڵ ئەوەشدا لە کەنارداید. ئەمەش لە ھەنگاوی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ھۆشیاری چینایەتی و خەباتی چینایەتی. ئەم لاوازییە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمەڵك ھۆکار کە پەیوەندە بە دامودەزگاکانی ئەم وڵاتەوە.
چینی دەسەڵاتداری کەنەدی سوودمەندن لە دەستبەسەراگرتنی سەروەتی نیوەی کیشوەری باکور، ئەو ئاسانکارییەشیان بۆ دەستەبەر بوو لە ڕێی جێنۆسایدکردنی دانیشتوانە سەرەتاییەکانی ئەو ناوچانەوە لە ڕێی بە کۆیلەکردن و سەرکوتکردنیان، ئەوەش بوو بە بنەمایەك بۆ خوڕقاندنی ئیستعماری کەنەدی. توانرا ھاتنی شەپۆلە یەك لەدوای یەکەکانی پەنابەران بە حەقدەستێکی کەمەوە، پەیوەست بکرێن بەم سیستمەوە لەڕێگای دەستڕاگەشتنیان بەم سامانە نوێیەی کەنەدا، بەیارمەتی بانکە ئیمپریالێکانی کەنەداو و کارگەکانی دەرھێنانی کانزایەکان و دەزگا وەبەرھێنانەکانی تر.

ھەرچەندکبێت سەرباری ئەم ھێزە ماددییە، کرێکار بە ڕێژەی ٣٢% ھێکخراوە، لە ئەمریکا بە ڕێژەی ١٢%. تەنھا پشتیوانیکەری لە کیشوەری ئەمریکای باکوردا پارتێکی کرێکاری جەماوەرییە (ھەرچەندە پەرلەمانی و ڕیفۆرمیستیشە). بەشێوەیەکی گشتی ئەحزابە بچوکە چەپەکان، تاکتیکە سیاسی ومیتۆدە جیاوازەکانیان لەشێوەی جیاوازی لە بەرانبەر یەکتردا زەقدەکەنەوە، ئەمەش تایبەتمەندی چەپە لە ھەموو شوێنەکان.
مێژووی ئینشقاقات لە نێوان مارکسیزمی شۆشگێڕیان تڕۆتسکییزم لە

بەرانبەر سۆشیال دیموکراسی، ستالینیزم، ئەنارکیزم و هەموو ئەم بەشانە لە چەپی کەنەدیدا بوونیان هەیە.
چەپ یەکگرتوو نییە، چونکە جیاوازی لە نێوان خەباتی سیاسی چینایەتی و هەروەها سیاسەتی هاوکاریکردنی چینایەتی هەیە، وەوەش ناکرێت وەلابنرێت.
ئەوەی کاری سۆشیالیست ئاکشن (SA) جیادەکاتەوە لەوانی تر ئەوەیە کەوا درێژە پێدەری مێژوویی مارکسیزمە لە کەنەدا، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا وەکووئێستا، پابەندبوونی SA بە کاری سەربەخێی سیاسیانەی چینی کرێکار لە ئەحزابە بۆرژوازییەکان و دەوڵەت، هەروەها پێداگرتن لەسەر کاری بەکۆمەڵ، بەرەی یەکگرتوو، شۆڕشی بەردەوام و دیموکراتیەتی کرێکاری بووە.

تەنانەت لە ناوەندی یاخیبونی شۆڕشگێرانەشدا، ئەوکاتەی چەپەکان لەیەك بەرەی خەباتدان، ئەگەر بۆچین جیاوازیکان نەماون ئەوە کارێکی نەکردەیە. یەکگرتنی هەڵەمەکیانەی چەپ، لە چوار چێوەی یەك حزبدا، جیاوازی سیاسی لەگەڵ خۆیدا دەنێتە پێشەوە. ئەمەش وادەکات لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین جیاوازی ببێتە مایەی لەبەر یەك هەڵوەشانەوە، ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە هۆکاری وەڵەزی ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکە.
باشترین ڕێگا بۆ داشتنی یەکگرتنێکی ئسوڵی، لە ڕێگای دروستکردنی دیالۆگێکی کراوەڵ و هاوکاری سیاسی لە چوارچێوەی ئەوکارانەی کە لەووی پراکتیکەوە هاوڕان لەسەر بە ئەنجامگەیاندنی، جگە لەوەش پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی دیموکراتیەتی ناوخۆیی.

8- سۆشیالیزم لەیەك وڵاتدا، لە بەرانبەردا شۆڕشی بەردەوام. ئایا ئەمە دوو ستراتیجیەتی جیاوازە و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازە، یان تەنها تاکتیکی جیاوازە بۆ گەشتن بە هەمان ئامانج؟

بۆری وایزەر:

سۆشیالیزم لەیەك وڵاتدا نەك تەنها مەحاڵە، بەکو پاساو هێنانەوەیە بۆ بە بیروکراتیکردنی سیستەمەکە، بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە خەباتی چینی کرێکار قەتیس بکاتەوە بۆ بۆکارهێنانیان لەپێوەندییە دپلۆماسییەکاندا لەگەڵ سەرانی سەرمایەداری لە هەموو وڵاتانی تر، لەژێر ناوی نێوونی و هاوبەشی مەوزوعیانە بۆ گەیشتن بۆ سۆشیالیزم. لایەنگرانی قەناغ بە قەناغ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بە شێوەیەکی ناپاکانە دەخەنە خزمەت هاوپەیمانێکانیانەوە لەگەڵ بۆرژوا لیبراڵەکان و نەتەوەچێکان، کەلەخۆیدا خەریکی

خۆڕکخستنن بۆ پاشەکشەپێکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان.
ستراتیجیەتی شۆڕشی بەردەوام ڕەتیدەکاتەوە چینی کرێکار بچێتە هاوپەیمانی سیاسییەوە لەگەڵ لایەنە مالیی و دەزگا دەوڵەتکانەوە. ئەم بەمانای ئاوڕ نایەت، ئەم نزیکبوونەوە بۆ ڕیفۆرم و داواکارییە دیموکراتییەکان، یان تێناکۆشین بۆ گۆڕان بەدوای هاوپەیمانیدا سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو. لە ئەنجامی ئەم کارە، ترێتسکیکان دژەکە و داخوازیکان لێك گرێدەدەن لە پێناوی شۆڕشی سۆشیالیستیدا، خەباتکردن لە پێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوەو ڕێکخستنی خەڵکی زەحمەتکێش لە ژێر ڕابەرایەتی پارتێکی شۆڕشگێڕدا کەدەتوانێت هێزەکان یەکبخات و ڕابەرایەتییان بکات بۆ سەرکەوتن بەسەر کەمینەی سەرمایەداریدا.

9- بەشێوەیەکی گشتی، چەپی ڕێژاوا موخالەفەتی بەئیسلامی سیاسی نییە. لەژێر کەیسدا چەپ لە ژێر ناوی دژە ئیمپریالیستی و دژە هێیسیزم کاری هاوبەش دەکات لەگەڵ ئەو گروپانە کە هەڵگری فیکری ئیسلامی سیاسین. بەڵای ئێوە هەڵکاری ئەمە چییە؟

- بۆری وایزەر:

وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد سۆشیالستەکان تێدەکۆشن بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو مەیلو ڕەوتێك، تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی بزوتنەوەی کرێکاریدان لە پێناوی وەدەستهێنانی داخوازییەکی تایبەتدا، ئەمەش بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی بزوتنەوەی کرێکاری دێت لە هەموو شوێنێك لە پێناوی گەشتن بەدەسەڵات.
کەواتە بەرپرسیارێتی بنەڕەتی ئێمە لە ئاستی ناوخۆدا دژایەتی کردنی دەسەڵاتی دژ بە چینی کرێکار، لە ئاستی جیهانیشدا پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری دژ بە ئیمپریالیزم بە کاری خۆمان دەزانین بەتایبەت ئیمپریالیزمی کەنەدی.
باشترین ڕێگە بۆ تێکشکاندنی وەهمی دینی و شوێن کەوتنی دەسەڵاتی ئاینی دەستنانە گەردنی ئیمپریالیزمە.
ئیسلامی سیاسی بیانوی دەستی ئیمپریالیزمە بۆ دەخاڵەتکردن. خنکاندنی ئیمپریالیزم لە خۆیدا ڕێگرتنە لە گەشەی ئایینی، دژە ژنی، دژە هاوڕەگەزبوون و زۆرکی تر لە کاری نەشیاو کە ئیستعمار و سەرمایداری پروپاگەندەی بۆ دەکەن.

ئەو بەشەی چەپ کە خۆی سەرقاڵی دژایەتیکردنی ئیسلامی سیاسی دەکات لە ڕێژاوا، ئەبێتە دەستکەلای دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری لە ڕێژاوا، وە پشتەکاتە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کرێکارانی

پشەو لە وەتگەلێکی وەك کەنەدا.
ئەمە بە دەسەڵاتدارانی ئێتاوا دەڵێین نا بۆ بایکۆتکردنی ئێران، کە ئاستەوخۆ پەیوەستە بە پشتیوانیکردنی زایۆنیزم و دەوڵەتی ڕەگەز پەرستی ئیسرائیلەوە، بە جەستن ترودۆ دەڵێن دەستوەردانتان ئاگرن لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاست وئەفریقا.
چینی کرێکار هەرگیز دژی بەدەسەڵاتداری کۆنەپەرست لەڕژهەڵات لە ڕێگای دەستکۆتاکردنی هەژمونی ڕۆژئاوا لەسەر ئابوری و دامەزراوە جەماوەرێکانی ڕۆژهەڵات.

10- بایەخدان بە کارێ مارکس لەمێدا لە لایەن خەڵکەوە نیشانەی زیندویی فکری مارکسیەتە، لەو کاتەی شەرعیەتی سەرمایەداری کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئایا هاوڕان لەمەدا؟

بۆری وایزەر:

بڕۆ هاوڕام. سەرمایەداری ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان زۆحمەتێ بتوانێت ئەو چاکسازی و دانی مافانەی لە ئابردوودا کردوونی و لەو ڕێیەوە شەرعیەتی وەرگرتبوو دووبارە بیانکاتەوە. ئەم سیستمە لەمێدا لە ژێر باری قەرزێکی زۆر دایە.
سەرمایەداری لەمێدا لەسەر کەمەڵك قەیران ژیان دەکات، لە هەر کاتێکدا قابیل بە تەقینەوەیە بە هەمان شێوەی ساڵی ٢٠٠٧. کێشە ئێنقایەرمەنت بە شێوەیەکی ترسناك لە ئارادایە کە لە ڕێیی گۆڕینی ئاوهەواوە دەکرێت کێشەی گەورە ڕووبدات، کێچی ملیۆنی خەڵك و شەڕ لەسەر سەرچاوە مادێکان بە هۆکاری ئەمسیستمە جیهانییە فاشیلەوە.
دەبێ چی بکرێت؟
ئێوەی گرنگێ بکرێت بیری مارکسی ببرێتەوە ناو شۆڕشگێڕکیێکانی چینی کرێکاران و لەوێش جەنگ لەپێناوی بەدەستەوە گرتنی ئابڕایەتی بکرێت بەوپەڕی توانایەوە سود لە تاکتیکەکان و پێکهێنانی بزۆی یەگگرتوو وەربگیرێت، لەو ڕێیەشەوە پارتێکی سۆشیالیستی شۆشگێڕانە دروست بکرێت.

11- مارکس مەبەستی لە ناکۆکیێکانی سەرمایەداری چییە؟

بۆری وایزەر:

ناکۆکی بنچینەیی ئێوێ کەلەنوان سروشتی کۆمەڵاتیێ بەرهەمهێنان ومۆکیێتی تایبەت بە ئامرازکانی بەرهەمهێنان، ئەنجامکێشی دروستکردنی پاشماوەی زۆر، وەرانکردنی سروشت، پەنابردنە بەر سەرکوت بۆ دژەدان بەم سیستمە نا عاقڵانی و زەهراوییە.

تاکۆگۆ بۆچارەسەری ناکۆکیەکان لە ناوەڕۆکی سەرمایەداریدا، بۆگشتی کردنەوەی ئامانجکانی بەرهەمهێنان و بە کۆمەڵایەتی کردنەوەیەتی. بنیاتنانی ئابوورییەکی دیموکراتیانە لە سەر بنەمای: بەرهەم لە پێناوی پێویستییەکانماندا و گونجانی لەگەڵ سروشتدا.
وەکوو ئەوەی کارڵ مارکس ئاماژەی بۆ قسەی بەناوبانگی کرد "تاکو ئێستا فەیلەسوفەکان دونیایان شیکردۆتەوە، بەڵام قسە لەسەر گۆڕینیەتی" هەروەها لێنن تڕۆتسکی لە وتەیەکی بەناوبانگی خۆیدا دەڵێت: " بارودخی سیاسی جیهان بە شێوەیەکی گشتی و تایبەت لە ڕۆی قەیرانە مژوویەکانیەوە دەناسرێتەوە کە لەلایەن پرۆلیتاریاوە ڕابەرایەتی دەکرێت."

12- کەنەدا وەاتێکی فرە کەلتورو نەتەوەیە، زۆر لە گروپ و حزبی سۆشیالیستی وەاتەکانی تر دەبینین لێرە، ئایا هیچ بەشداریەکی چالاکانەیان هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی ئەم وەاتە چ وەك حزب و گروپ بێت یان تاك؟

بەڕێز وایزەر:

دەشێت چینی کرێکار لەکەنەدا زۆرترین تێکەڵە بێت لە ڕووی نەتەوەیی و کەلتوورییەوە لە هەموو جیهاندا. خاوەنکارەکان حەزیان بەم تێکەڵەیە هەیە کە دەتوانن لە ڕێیەوە ئیستغلالی کرێکارانی پەنابەر بکەن بەدانی کرێی کەمتر لە لایەنی کەمی کرێ، تەنانەت جاری وا هەیە هەر نایاندەنێ، هەروەها بە ڕوحیەتێکی توندڕەوانەی جودا خوازییەوە ساردیان دەکەنەوە لە ڕێکخراوبون بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان. لەهەمان کاتدا چەپ دەتوانێت سوودمەند بێت لە ئەزموونی خەباتی چینایەتی کە بەشێك لە کرێکارەکان لە شوێنی پێشوتریان هەیان بووە. بەشداریکردن لە خەباتی چینایەتی و سۆشیالیستی لە کەنەدا وەکوو ئەرکێك دەکەوێتە سەر شانی هەسوڵاوانی پەنابەرانی سۆشیالیستی، بەهەمان شێوەش ئەرکی ئەمەیە پێشوازی لە سۆشیالیستەکان بکەین و بۆنە ڕیزمانەوە.
بەتەنها لە ڕێگەی بەشداریەکی چالاکانە لە سەندیکاکاندا، لەگەڵ هەمەتی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی پارتێکی شۆشگێڕانە کە ڕەگی لە ناو خەباتی چینایەتیدابێت لەو وەاتەی کە ئێستا تێیدا دەژین، کرێکارانی سۆشیالیست دەتوانن بەهرەمەندبن لە بەدەستهێنانی هەلی گۆڕانکاری پێزەتیڤانە لێرەو هەر ئێستا. دەرگامان ئاوەڵەیە. پێوەمان پەیوەستبن!

13- وەك کەسایەتی و ڕۆشنبیرێکی چەپ، بەڕای ئێوە جگە لەسەرچاوە

کلاسیکەکانی مارکس چ نووسەر و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکت پێباشە دەستی بە ببرێت بۆ خوێندنەوە؟

بۆی وایزەر:

دەتوانم پێشنیاری زۆر کتێب بکەم. لە کتێبەکانی ڤلادیمێر لینینەوە بە تایبەت سەبارەت بە ئیمپریالیزم، کێشەی نەتەوایەتی، دەوڵەت، دامەزراندنی پارتی شۆشگێڕانە. لێن تڕۆتسکی ستراتیجیەتی شۆشی بەردەوام، مۆژوی (شۆشی ڕوسیا، ڕابونی ستالین)، هونەر و شۆش، خەبات دژی فاشیزم لە ئەڵمانیا و بەرنامەی گواستنەوە.
سەربارەی ئەم کتێبانەش پێشنیار دەکەم: جەیمس پ. کانون١، ئیرنست ماندێ٢، کلارا زتکین (دژایەتیکردنی فاشیزم)، ڤزا لێکسمبورگ (خۆپیشاندانی جەماوەری، ڕەخنەکانی لە ئیفرانسەم، هەروەها نامیلکەکانی ٣)، ڤیکتۆر سێرج٤، فیدێ کاسترۆ و چ گیڤارا.
ژمارەیەك نووسەری کەنەدی هەن هانتان دەدەم بۆ خوێندنەوەیان، لە کلاسیکەکان: بنیاتنانی کەنەدا، یەکتییەکی نابەرابەر نووسەر ستانێی ڕایەرسن٥، لەسەردەمی دوواتریش کارەکانی ئیرنست تیت٦ (چالاکی شۆشگێڕانە لە پەنجاکان و شەستەکان)، ڤس دێسن٧ "هێزو کێشەی سەندیکاکان"، کتێبەکانی جۆن ئیدێ ٨ " هەر نێ بەشەکەی لە بابەتی کۆمۆنیستی نوێونەتەوەیی"، لە نووسەرە نوێیەکانیش: فرانسوا مۆر٩، بریت سمایڵی١٠، جودی ئیبیك١١، ریتشارد فیدلر١٢ و جێ فلیکسر١٣.
هەروەها پێشنیاری خوێندنەوەی ئەو بەرنامەو لێکۆڵینەوانە دەکەم کە سەبارەت بە سۆشیالیزم ئەنجام دراون لەوەو پێش، بابەتەکانی کاری سۆشیالیستی ١٤، پەیوەندی کرێکارانی شۆشگێڕ١٥. نێ کتێبەکەی ئیڤ ئەنجەر١٦ کە لە ئێستادا بابەتگەلێکی گەرمن کە بەدرێژی ڕەخنە لە ئیمپریالیزمی کەنەدا دەگرێت، هەروەها کارەکانی ئیان ئەنگس١٧ " بەلاشیفە کەنەدکان، ڕوبەڕوی ئەنثروپوسیب١٨- Anthropocene، سەوزکی مەیلەو سوور١٩.

14- ئایا شتێکی تر هەیە کە پێویست دەکات بووترێت لێرەدا؟

بۆی وایزەر:

ڤگام پێبدەن بە کورتی باسکی هەمەتەکانی کاری سۆشیالیستی بکەم. دونیا لەسەر ئاگرە، لە کالیفۆرنیاوە تا برتش کۆلۆمبیا. لە دەشتایەکانەوە تا باکوری ئۆنتاریۆ، تا سوید، یۆنان و تا دەگاتە ئەریقا و لەوێشەوە ئاسیا، بکەریش کەمپانیا سەرمایەدارەکانە. بۆ وەڵامدانەوە بەم بارودۆخە، ئەوە تەنها سۆشیالیزمە کە دەتوانت

سروشت و کەمەگە لەم بارو دۆخە ڕزگار بکات.
بارودۆخی سیاسیش بە هەمان شێوە لە بارودۆخێکی پڕکێشمەکێشدایە، کرێکاران بە ڕێگای جیاواز لە هەوڵی وەڵامدانەوەن بەم سیستمە جیهانییە پڕ لە قەیرانە ناجێگیرە.
قوتوبەندییە سیاسێکان بە ئاشکرا دەبینرێن. هەڵبژاردنی هەرێمیەکانی برتش کۆلۆمبیا وئێنتاریۆ و کیبەکو نیو برانزویك ئەمە پشتڕاستدەکەنەوە. پارتی لیبراڵ لە ئێنتاریۆ توشی شکستێکی گەورە هات و پارتی کۆنسەرڤەتیڤی ڕاستی تووندڕەو بە ڕابەرایەتی دۆگ فۆرد لە ٦٠% کورسێکانی بەدەستهێنا ……
بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی NDP نوێنەرایەتی بەرەی ئۆپزسیۆن دەکات لە ئێنتاریۆ کە بەدەنەی ئەو حیزبە زیاتر لە کرێکاران و چەپ پێکدێت.

لە کیوبەك پارتی پارێزگارانی دژ بە ئیسلام و پەنابەرانی عەرەب و هاوکاری داهاتوی کیوبەك (CAQ) زۆرینەی کورسێکانی پەرلەمانیان لەو هەرێمە بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنەکانی ئێکتۆبەری ئەمساڵدا. بەڵام هاوپشتی کیوبەك کە پارتێکی پۆپۆلیستییە و دژ بە تەقەشوف و لایەنگری دەسەڵاتە بۆ جاری سێیەمە دەنگەکانی دەکەوێتە دواوەی دەنگەکانی لیبراڵ، کە پێشتر چەندین جار لە هاوشانی پارتی بلۆك کیوبەکوای بۆرژوازی کورسێکانی دەسەڵاتی بەشدەکرد کە لە دەیەی ڕابردودا چەندین جار گەشتنە دەسەڵات.
لە بەری چەپی هەرێمی برتش کۆلۆمبیا (NDP)، (BC) توانیتی شکست بە پارتی لیبراڵ بهێنێت لە ٢٠١٧ و بە هاوکاری سێ لە پارتە سەوزەکان توانرا حکومەت پێکبهێنرێت.
لە چوار چێوەیەکی بچوکیشدا چەپیش لە گەشەدایە. کاری سۆشیالیستی لە چوار ساڵی ڕابردوودا دوو بەرابەر بووە. ئەمە (SA) لە ١٢ شاری ٦ ناوچەی کات جیاوازدا ئامادەییمان هەیە.
توانیمان گەشەبکەین لە ٣٥ بەشداریمان لە بزوتنەوەکانی کرێکاریدا، لە پێگە کرێکارکانی (NDP) دا. لە دژی دەستێوەردانەکای ئیمپریالیزم لە ڤنزوێلا، فەڵەستین، سوریا و ئاسیا و تادەگاتە ئەفریقا.
ئەوەی ترێتسکی پێش هەشتا ساڵ وتی بۆ هیچ کورت بینییەك هەمووی تەواوە. سەرەکیترین قەیران لە دونیای هاوچەرخدا، قەیرانی ڕابەرایەتی پرۆلیتاریایە. ئەرك و کاری هەڵسوڕاوانی کرێکاری و لایەنگرانیان، دەبێت هەموو هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە ڕێگەی کۆشش و خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکار لەو کێتو بەندە بیورکراتیانەی کە بۆتە ڕێگر لە پێش

هاوکاری و یەک ێیزی چینەکەدا.

ئەمە هەر ئێستا توانیمان زیاتر لە پەنجا کرێکار، لە باڵی چەپی حەوت سەندیکای کرێکاریی جیاواز لە کۆنفرانسێکدا کۆبکەینەوە لە سپتامبەری ٢٩ دا، بە مەبەستی کارکردن بۆ بەستانی کۆنگرەیەکی دەستبەجێی کرێکارانی ئۆنتاریۆ و یەکێیز بوون بۆ داڕشتنی مانگرتنی گشتی، بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەجندا دژە کرێکارێکانی داگ فۆردی پارتی پارێزگاران. ئەنجومەنی کرێکارانی تۆرۆنتۆ چووە پشتی داواکەمان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی بەپەلە لەو بارەوە.
لە مێژوی ٢٥ ساڵەی کاری سۆشیالیست ئاکشندا یەکەمین جارە بەشداری دەکەین لە هەێبژاردنەکانی شارەوانی تۆرۆنتۆدا لە هەێبژاردنەکانی ٢٢ی ئۆکتۆبەردا. ئەمە ێکاباری NDP مان کرد لەوەی نەیان توانی بە ناوی پارتەکەیانەوە نوێنەریان هەبێت لە هەێبژاردنەکەدا و لەو بارەوە شکستیان هێنا، بۆیە ئەمە هەوڵی خۆمان ێاستەوخۆ خستەگۆ بۆ ئەوەی بەرنامەی کرێکاری بەرینە ناو هێڵی شارەوانی.
چۆن سۆشیالیستەکان ێوبەێووی بیروکراتیەتی کۆنسەرڤەتیف دەبێتەوە لەناو سەندیکاکان، بە هەمان شێوەش لە بەرانبەر باڵی ێاستی NDP دەوەستێتەوە لە ێگەی دروستکردنی کوتلەی سۆشیالیستی لەناو ئەو پارتە.

SA دیارترین باڵی ئۆپزسیۆنی چەپە لە کەنەدا. هیچ ناوەندێکی شۆشگێ ناتوانێت دەورو نەخشی ئەم ێکخراوە نەبینێت لە پەیوەند بە کرێکارانەوە.
ئەمە ئەو هاوپەیمانییەمان لەگەڵ سۆشیالیست ئاکشنی ئەمریکا (SA-USA)، هەروەها لەگەڵ هەموو ئەولایەنە نێونەتەوەییە شۆشگێانە کە لایەنگیریان هەیە بۆ کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی چوار. ئەمە پێکەڵکێشی دەکەین بەوەی لە تووانامانداببێت دژ بە ێاوێوتی دەسەڵاتدرێتی ئیمپریالیزم.
ئەمە شەڵی بەرەکانی نەوت و غاز دەکەین و بەرگری لە مافی دانیشتوانی ێەسەن و کرێکارانی پەناهەندە دەکەین. بزووتنەوەی ژینگە پارێزی لەم دواییانەدا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا لەوەی لەێی دادگای فیدراڵیەوە توانرا ێگا لە کەمپانی ترانس ماونتن پایپلاین (Trans Mountain pipeline) بگیرێ کە بڕیارە نەوتێکان هاوتەریبی ئەو بەڵێینانە دەبات کە ٦٤ ساڵ پێش ئێستا لە لایەن کەمپانیای کیندەر مۆرگن (Kinder Morgan) ەوە ێاکشراون و لە ئەلبێرتاوە بۆ کەنارەکانی بریتش کۆڵمبیا دەروات، ئێستا لییك دەکات.

سەرك وەزیرانی کەنەدا جەستن ترودۆ بەردەوامە لە پاپشتیکردنی ئەو پرۆژەیە و لە لایەکی تریشەوە وا پیشان دەدات کە لایەنگری لە دانیشتوانە سەرەتاییەکانی کەنەدا دەکات. بۆ ئاگاداریشتان ترودۆ گەورەترین تەندەری ناردنە دەرەوەی گازی شلی ئیمزاکرد کە لە ڕۆگەی بەندەرەکانی ڕۆژئاواوە بەرەوە بازاڕەکانی ئاسیا بەڕێدەکرێت.
بۆ ڕۆگەگرتن لە بڵاوبونەوەی وزە کاربۆنکان و گۆڕینی بە وزەی سەوز، پڕۆیستە چینی کرێکار لەو زووترین کاتدا بڕیتەمەیدان.
سۆشیالیست ئاکشن هانی کرێکاران دەدات بۆ بەگشتی کردنەوەو دەست بەسەرداگرتنی کەمپانیا گەورەکانی نەوت و گازدا کە دەتوانێت لەو ڕێیەوە هیچ کرێکارێك بۆ کار نەمێنێتەوە. هەروەها ئەمە دژی یەکێتی ئەوروپا و هەموو سیستمە کاپیتالیستکانی ترین کە سەرچاوەی شەڕو نەهامەتین بۆ چینی کرێکار خەڵکی زەحمەتکێش.

لەو بڕیارەی کە لە ئاکامی فەشەلی ڕیفڕەندۆمخوازەکانەوە هاتەکایەوە شاهێدی گەشەی سەرکوت و تەنانەت دەرکەوتنی بزوتنەوە فاشستکانین لە چەشنی ئاسۆی ئاڵتونی (Golden Dawn) ی یۆنانیین. ترۆتسکیکان سەلماندیان لەڕیزەکانی پڕۆسەی ڕووبەڕووبونەوەی باڵی ڕاستدان لەگەڵ بەرگریکردن لە مافە دیمۆکراتیکان لە ئاستی جیهاندا.
ئەمە دەتوانیین بنیاتنەربین بە پشتبەستنمان بە بیری سۆشیالیزم، بەو مەرجەی یەك خاڵ بە ڕۆشنی لەبەر چاوبگرین: چارەسەر لە ڕۆگای هەڵبژاردنەکانەوی نییە، چارەسەر لە ڕۆی بازاڕی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە نییە. شۆشی کۆمەڵایەتی تاکە چارەسەر بۆ وەڵام دانەوە بەم بارە ناهەمواوە، ئەوەش لە ڕۆگای دەستگرتن بەسەر سەرچاوە سەرکیکانی بەرهەمهێناندا، وەکئەوەی کارڵکان کردیان پڕش ٥٧ ساڵ، وە داشتنی پلانێکی دیموکراتیانە کە بگونجێت لەگەڵ سروشتدا. ئەمە تاکە ڕۆگایە کە مرۆقایەتی بتوانێت لێیەوە درۆژە بە ژیان بدات.
ئەمە ئەو کارەیە کە سۆشیالیست ئاکشن بۆی دروست بووە لە کەنەدا. ئەمە بەهەموو تواناماندوە کاردەکەین لە چەندین بواردا. بەردەوام لە هەوڵی پەیوەندی و دروستکردنی گفتوگۆداین لە ئاستی ناوخۆو هێزە شۆشگێڕەکانی جیهانکاندا. ئەمە دەزانین و ئارەزوویەکی بەهێزمان هەیە لەو بارەوەو دنیایین سەردەمی ئەمە بەڕوەیە.
بژی چینی کرێکاری جیهانی، نەمان بۆ بازاڕی ئازاد و نەهامەتکانی.
بژی خەباتی فیمینیزم و خەبات لە پناوی ئابوریەکی سۆشیالیستیدا.
کرێکاران بۆ پشەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

تۆرنتۆ – کەنەدا

-_____

بۆ زیاتر ئاشنابوون بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیست ئاکشن و کۆمەڵایەتی بۆری وایزۆر کلیکی ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن:

https://www.facebook.com/SocialistActionCanada/

https://socialistaction.ca/

" هاڤیبوون " ناوەندێکی چالاک و بەخشندە بوو ... ئیسماعیل تەنیا

بە گوێرەی بوون و ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی بزووتنەوەندی کورد لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکانی دنیادا، بە دەیان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ناوەندو گۆڤارو بڵاوکراوەی دامەزراون و درێژەیان بە کارو چالاکییەکانیان داوە... کرێک و ئامانجی هەمووشیان، خزمەت کردن بووە بە مرۆڤ و کولتوری کوردی و، کۆشە سیاسییە جیاوازەکانی. هەر یەکەو لە تواناینی خۆیەوە هەوڵی داوە شتێک بە شتێک بکات. هەندێک لەم دامودەزگاو سەنتەرانە، بە حوکمی نەبوونی توانای ماددی و فکری و مرۆییەوە، نەیانتوانیوە بەردەوام بن و درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن، زوو بزووە، لە چاوان ون بووینەوە... هەندێکیش لەماوە بەهۆی لێهاتوویی و ئارام گرتن و سوور بوون لەسەر درێژە پێدان، توانیویانە بەردەوام بن و خزمانکە بە بەرکەت تر بکەن.

یەکێک لەم ناوەندە چالاک و پڕ لە بەخشانە، کە بزووتنەوەکی ئێکتیڤی لە ناساندن و بەرچاو ڕوونکردنی کوردەکان لە دەرەوەی وڵاتدا هەبوو، " ناوەندی هاڤیبوون بە لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی کوردی- بەرلین" بوو.
بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستی ئەمدان و بە بەسەرکردنەوەی ئەم ناوەندە توانیومانە سوودی لەوەربگرین، ئەوەیە کە لەسەرەتادا بە هەوڵ و کۆششی چەند خوێندکارێکی کورد لە (زانکۆی ئازاد)ی بەرلین، لە هاوینی ساڵی ۱۹۹۰دا، توانیویانە گروپێکی کوردی لەو خوێندکارە کوردانە پێک بهێنن کە لەم زانکۆیەدا

دەیانخوێندن… دوای چەند دانیشتن و یەکتر بینین و کەبوونەوەیەک، توانیویانە (گروپی کاری کوردستانی-کوردستان ئاگە) ڕابگەیەنن.

ئەم گروپە لەساڵی ١٩٩٢دا، هەوڵیانداوە کارو چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن و (ئینستیتویەکی کوردۆژی) لە زانکۆی ناوبراو دابمەزرێنن، بەڵام لەبەر فشاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەلایەک و، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی زانکۆ لە لایەکی تریەوە، هەوبەووی ڕەفزکردن بوونەتەوە… بەتایبەتیش دەوڵەتی تورکیا زۆر هەوڵیداوە بەرپرسانی زانکۆ ئازی بکات کە ڕێزامەند نەبێت لە پێدانی مۆڵەت بەم گروپە.ئەم نیارانە، لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو بوونە. لەگەڵ وەرگرتنی ئەم ڕەفزەش، هەندێک لە بەرپرسانی زانکۆ ڕەگەیان بەو خوێندکارانە نیشانداوەو پێیانگوتوون: (ئەگەر لەسەرتادا ئەوە بتوانن چەند سیمینارێک ڕێکبخەن و تیایدا سەرکەوتووبن، ئەوە دەبێتە ڕەخنەگرێک بە هاتنەدی خواستەکانتان).

شایانی گوتنە؛ لەم کاتەدا، ژمارەی سەرجەم خوێندکارەکانی ئەم زانکۆیە خەی لە شەستو پێنج (٦٥٠٠٠) هەزارێک دەدا. بە بەختیاری ئەم گروپە، یەکێک لە ئەندامەکانی سەرکەی (دەزگای خوێندکارانی زانکۆ) بووەو ڕێکەی چاکی بینیوەو، پشتگیری لە بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەکە، کردووە.
هەر لەم کاتەدا، گروپێکی کاری کوردۆلۆژی لە زانکۆی (هامبۆرگ) هەبووەو، لە ئەنجامی پەیوەندی و ڕاگەیەنەوەدا، توانیویانە یارمەتی گروپێکەی بەرلین بدەن. بە هاوکاری ئەوان، ڕێزە سیمینارێکیان لەسەر دەزو کولتوری کوردی لە هاوینی ١٩٩٣دا، لە زانکۆی بەرلین سازکردووە. بابەتەکانی ئەم سیمینارانە، لە کتێبی جیاوازیەکی بەشی هەبووە. لەم بەدواوە، بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی ئەم گروپە، سەرکایەتی زانکۆ لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٥دا، ڕازامەندی لەسەر داواکانیان داوە. لە وەرزی خوێندنی (هاوینی ١٩٩٥و زستانی ١٩٩٥و ١٩٩٦)دا، بە هاوکاری لەگەڵ (بەشی ئەتنۆلۆگی) زانکۆ، چەند سیمینارێکی کوردۆلۆژییان ڕێکخستووەو زانکۆش هەموو مەسروفەکانی گرتەتە ئەستۆی خۆی. بە ئەم سیمینارانەش دەیان پسپۆڕو شارەزاو کوردناسیان، لە وەاتە جەربەزەکاندا، بانگهێشت کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا، سەرکایەتی زانکۆ، خەاتی (مارگەریتا برینتانۆ)ی داوەتە گروپی ناوبراو. خەاتەکە بەهای بیست هەزار مارکی ئەوکاتی

ئەمانی بووە. لە ڕۆژانی (٢٩-٣١/گوڵانی ١٩٩٨)دا، بە هاوکاری و پاڕی سەرکایەتی زانکۆ، توانیویانە گەورەترین کۆنگرەی کوردۆلۆژی لە ئەوروپا ڕێکبخەن و، هەژدە پسپۆڕی کوردۆلۆژی لە وڵاتگانی جیهاندا، بانگهێشت بکەن.

دوای ئەم کۆنگرەیەو دانوستاندنی بەردەوام، سەرکایەتی زانکۆ بەیاریدا دوو کەس لەم گروپە، بە ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆ دابمەزرێنن تاوەکو هەوبەدەن (ئینستیتوتکی کوردۆلۆژی) دابمەزرێنن. دەزگاکە دامەزرا، شوێنکەی بریتی بوو لە دوو ژوور. دوای پێنج مانگ توانییان کتێبخانەیەک بە ناوەندەکە بکەنەوە. لە ڕۆژانی (٢٣-٢٥/٩/٢٠٠٠)دا، لێشاری (کاتسف)، کۆنگرەی (لێکۆڵینەوە لەسەر ژنانی کورد)یان سازکردو، دواتر بابەتە پێشکەش کراوەکان بە زمانی ئینگلیزی لە دوو کتێبدا، وەک زنجیرەی بڵاوکراوەکانی (کوردۆلۆژی)، بڵاوکرانەوە. هەر لە سەرەتادا، چەندین ناوەندو مامۆستای زانکۆ، دژایەتی ئەم ناوەندیان دەکرد. بەیەک ناوەندەکە ناچار بوو لەگەڵ (ئینستیتوتا ئۆرانستیک) پێکەوە کار بکەن. ئەم ئینستیتوتە هەوڵی دەدا تەواوی گروپە کوردییەکە کۆنترۆڵ بکات و چالاکییەکانیان سنوردار بکات، بە بڕژەوەندی ئۆران بکاریان بهێنێت... تا ئەو ئاستەی کە ئامادە نەبوون ناوی پڕۆژەکەش بە (لێکۆڵینەوەی کوردی)، بمێنێتەوە. بەیەک ئەم دوو کەسە کۆتاییان بە چالاکییەکانیان لەگەڵ ناوەندی ناوبراو هێناو لەی دوور کەوتنەوە. بەهەی ئەم دژایەتی کردنو گەڵانکاری لە سەرکایەتی زانکۆی بەرلین، لەم کاتەدا، زیانێکی گەورە بەر چالاکییەکانی پڕۆژەی کوردۆلۆژی کەوت.

لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠١)دا، بە فەرمی (ناوەندی هاڤیبوون بە لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی کوردی) لەلایەن (عەبدولڕەحمان مزوری و موحسین ئەسمان و سالمە جاسم) و بە هاوکاری (د. فەرهاد ئیبراهیم)، دامەزرا. ئەم ناوەندە توانیویانە چەندان سیمینارو کۆنگرەی گرنگ لەسەر پرسکانی (کولتور، ژن، شانۆ، زمان، مۆزوو) سازبکەن و تا سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨)یش، توانیویانە چل و هەشت (٤٨) کتێبی هەمەچەشن بە زمانکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بڵاوبکەنەوە. لەپاڵ ئەم چالاکیانەشیاندا، تا هاوینی (٢٠٠٨)، توانیویانە بیستو یەک ژمارە لە گۆڤاری (هاڤیبوون) و دوو ژمارە لە گۆڤاری (کوردناسی)، کە گۆڤارێکی تایبەت بوو بە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەکانی بابەتی کوردۆلۆژی بە سەر زمانی کوردی و، دوو ژمارە لە گۆڤاری (پەڕە)، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد- ڕۆژئاوای

کوردستان لە دەرەوەی وڵات، چاپ و باڵاوبکرێنەوە.

گۆڤاری (هاڤیبوون)

ئەم گۆڤارە هەروەک لە پێناسەکەیدا دیارە، گۆڤارێکی تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی وشەنگی بەرچاوی هەیە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. جگە لە دەستەی بەڕێوەبەرو ستاڤ هەمیشەییەکەی، چەندان پسپۆڕو خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی پشتگیریییان لێکردووەو بابەتکانیان لەوێدا باڵاوکردۆتەوە. یەکەم ژمارەی لە هاوینی ١٩٩٧دا، بە (١٣٢) لاپەڕەی قەبارە (١٤ جاران ٢٠)سم، بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو و ژوروو- ڕێنووسی ئارامی) دەرچووە. لە پێناسەکەیدا هاتووە: (گۆڤارێکا ڕەوشەنبیری گشتییە ژ پەڕژی کوردەلگیە سەر ب کوردستان ئاگ، ئاستا فو ل زانکۆی ئازادا بەرلین دەردکەڤیت).

سەرنڤیسەر: سالمە جاسم.

دەستەکا نڤیسەرا: کەریمە بیانی، موحسین ئەسمان، نەجیب باڵایی.

دەرهەنانی هونەری: گوهدار سەلاحەدین.

مانای (هاڤیبوون)

خوالێخۆشبوو (هەژار موکریانی) لە لاپەڕە (٩٤٠)ی فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)، چاپی یەکەم،تاران، ١٣٦٩دا دەنووسێت: (هاڤی: نامە، غەوارە، بگانە، غەریبە). کەواتە: هاڤیبوون بە مانای نامۆبوون،ئاوارەبوون دێت.

قەبارەو کاتی دەرچوونی

هەموو ژمارەکانی لە کاتی دیاریکراودا دەرنەچووینەو، ژمارەی لاپەڕەو قەبارەکانیشیان چەسپاو نەگۆڕ نەبووە. لەبەرگۆڕێک هەکار نەتوانراوە مانگانە یان وەرزانە، ژمارەکانی باڵاوبکاتەوە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کاتی ژمارە باڵاوکراوەکان دەبینرێت. بە نموونە؛ لە ساڵی ١٩٩٧دا تەنها یەک ژمارە دەرچووە. لەساڵی ١٩٩٩دا، تەنها دوو ژمارە دەرچووە. لە ساڵانی (٢٠٠٠)، دوو ژمارە لەیەک بەرگ و (٢٠٠١) یەک ژمارە دەرچووە. ساڵی (٢٠٠٦)یش هیچ ژمارەیەکی لێدەرنەچووە. دەتوانین کاتی دەرچوونی (هاڤیبوون) بە شێوەیەکی ناڕێک وەسف بکەین.

بە کارئاسانی و بەرچاوڕوونی ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم گۆڤارە بکەن. وامان بەباش زانی زانیارییەکان و ژمارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش بکەین:

– ژمارە (١)، ١٣٢ لاپەڕە، قەبارە (١٤ جاران ٢٠)سم، هاوینی ١٩٩٧.
– ژمارە (٢و٣)، جمکانە ژمارە، ٢٨٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی ژمارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٨.
– ژمارە (٤)، ٢٠٨لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٨.
– ژمارە (٥)، ٢٢٤لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو. ساڵی ١٩٩٩.
– ژمارە (٦)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ١٩٩٩.
– ژمارە (٧و٨)، جمکانە ژمارە، ٢٨٨لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٠.
– ژمارە (٩)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠١.
– ژمارە (١٠)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٢.
– ژمارە (١١)، ٢٧٢لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی٢٠٠٢.
– ژمارە (١٢و١٣)، جمکانە ژمارە، ٣٣٦لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، کۆتایی ساڵی٢٠٠٢و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣.
– ژمارە (١٤)، ٢٤٨لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٣.
– ژمارە (١٥)، ٢٤٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی٢٠٠٤.
– ژمارە (١٦و١٧)، جمکانە ژمارە، ٣٦٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٥.
– ژمارە (١٨)، ١٨٦لاپەڕە، قەبارە (١٦ جاران ٢٤)سم، ساڵی ٢٠٠٧.
– ژمارە (١٩و٢٠)، جمکانە ژمارە، ٣٢٠لاپەڕە، هەمان قەبارەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٨.
– ژمارە (٢١)، ٢٢٤لاپەڕە، قەبارە (١٧ جاران٢٤)سم، ساڵی ٢٠٠٨.

دەستەی بەڕێوەبەر

لەوەی کار دابەشکردن و سەرپەرشتکارانی (هاڤیبوون)ەوە، لە هەموو ژمارەیەکدا، یەک کلیشە نابینرێت. لەژمارە یەکدا (سالمە جاسم) سەرنووسەرو (کەریمە بیانی و موحسین ئەسمان و نەجیب باڵایی) دەستەی نووسەرانن و، (گوهدار سەلاحەدین)، دەرهێنەری هونەری بووینە. لەژمارە (٢و٣)دا، سەرنووسەر وەک خەی ماوەتەوە و بەڕێوەبەری نووسینی بە زیاد کراوە (کەریمە بیانی) بەتەبەڕێوەبەری نووسین. (عەبدولڕەحمان مزوری و سیامەند حاجی)ش بە دەستەی نووسەران زیاد کراون. لەژمارە (٤)دا، سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین، وەک خەیان ماونەتەوە.
دەستەی نووسەران نەماوە. بەڕێوەبەر زیادکراوە بە (موحسین ئەسمان)، سپێردراوە. لە ژمارەکانی (٥)و (٦)و (٧و٨)دا، هەمان کاردابەشکردنەکەی ژمارە (٤)، دووبارە بەتەوە. لەژمارە (٩)دا، پەڕەی گۆڤارەکە بەتە پەڕەی هاوبەش (پەڕەی کوردەڵەی زانکەی

بەرلین و ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر). دەربارەی ئامانجی ئەم پەڕژە هاوبەشە لە سەروتاری ژمارە (٩)دا، هاتووە: (کەڤارا مە ژی هاڤیبوون، کو هەتا نها ل بەرلینێ چاپ دبوو ژ دەرڤەی وەلاتی بەلاڤ دبو، دخوازیت ژ ڤێ ژمارێ -٩- پێڤە ل کوردستانێ ژی چاپ ببیت و ب بەرفرەهی ل هەمی جهاں بێتە بەلاڤکرن، چونکی بەری نهو یەک ژ ئارەشێن مە گەهاندنا کەڤارێ بوو بۆ کوردستانێ و هەنگێ دابینەک د ناڤبەرا مەو خواندەڤانێن د ناڤ وەلاتدا هەبوو، لێ ب چاپبونا - هاڤیبوون- ل کوردستانێ دێ ئێڤ ئارەشێ چارسەر بیت و دێ گەهیتە بەردەستێ هەمی خواندەڤانان. هاڤیبوون دێ بزاڤێ کێت پرسکێ د ناڤبەرا نقیسەرو خواندەڤاندا چێکەت، ل کوردستانێ ب هەردو پارچێن خۆڤە دگەل دەرڤەی وەلاتی ژی پەیدا بکەن. ژمارێ ٩، لاپەڕێ ٤-٥).

ئەم پەڕژیە تا ژمارێ (١٢و١٣)، بێ هاوبەشی ماوەتەوە. لە ژمارێ هاوبەشکاندا؛ (د.فەرهاد پیربال) بێتێ خاوەن ئیمتیازو، (سالمێ جاسم) بێتێ سەرنووسەرو، (موحسین ئەسمان)یش بێتێ بەڕێوەبەری گەڤارێکێ. لە ژمارێ (١٤)دا، پەڕژێ هاوبەشکێ نەماوەو (سالمێ جاسم) بێ سەرنووسەری و (موحسین ئەسمان)یش بێ (بەڕێوەبەری نووسین)، ماونەتەوە. (عەدنان شینێ)ش بەڕێوەبەری هونەری بووە. لە ژمارێکانی (١٥)و (١٦و١٧)دا، هەمان دەستەی ژمارێ (١٤)، دووبارە بوونەتەوە. لە ژمارێ (١٨)دا، قەبارەی گەڤارێکێ گەڕاوەو خاوەنی ئیمتیاز بێتێ (عەبدولڕەحمان نەقشبەندی). لە ژمارێ (١٩و٢٠)دا، سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسین وەک خۆیان ماونەتەوەو بەشی (سەرپەرشتی گشتی) بێ زیاد کراوەو بێ (عەبدولڕەحمان مزوری) سپێردراوە. هەروەها (د.فەرهاد ئیبراهیم و د.سەلاح هەریری و د. فەرستێ مەرعی) ، وەک بەشی سەرپەرشتکاری ئێکادیمی، بێ زیاد کراوە. هەمان کار دابەشکردن، لەژمارێ (٢١)یشدا، دووبارە بوونەتەوە.

بابێتێ بەاوکراوەکان بێ زمانی ژمارێ

لەگەڵ ئەوەی گەڤاری هاڤیبوون کێ بێ گەڤارێکی ئێکادیمیش ناسراوە، لە ژمارێ سەرەتاییکانیدا، دەقی چەند شیعرو چیرۆکیشی بەاوکردەتەوە. ئەم حاڵەتێ تا ژمارێ شەش دبینرێت. لەمێ بەدواوە، هیچ دەقێکی شیعرو چیرۆکی بەاونکردەتەوەو، قورسایی خەی خستەتەسەر بەاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی، کێ هەندێک لەم لێکۆڵینەوانێ بابەتی کتێب بووینەو بێ دوو سێ بەش بەاوکراونەتەوە. بێ زانیاری زێترە، تەواوی بابەتێ بەاوکراوەکان پێلین دکەین:

- (١٦٧) لێکۆڵینەوەی زانستی (بە نووسین و وەرگێڕانەوە).
- (٧٣) وتار.
- (١٧) بابەتی تایبەت بە خستنەڕوو و کتێب خوێندنەوە.
- (١٥) دیدارو دیمانە لەگەڵ کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ئەدەبییەکان.
- (١٠) هەواڵی جۆر بەجۆر.
- (٨) شیعر.
- (٨) چیرۆک.
- (٧) ریکلام و ئاگادارینامە.
- (٦) وتاری بیرەوەری ئامێز.
- (٤) ڕۆپۆرتاژ.
- (٣) ڕۆخنەی ئەدەبی.
- (١) نامە (نامەی د. ئەمیری حەسەن پوور بە گۆڤاری هاڤیبوون).

هەمووی بەسەریەکەوە، (٣١٩) بابەت و ناوونیشانی بەناوکردەتەوە، کە لێکۆڵینەوە بەشی شەری بەرکەوتووەو ڕۆژی لەسەدا پێنجاو دوو و نیوی ناوونیشانە بەناوکراوەکانی داگیر کردووە. جگە لەم بابەت و چمکانە، لە ژمارە (١٠) بە دواوە وەک پاشکۆیەک، (٦١) بەڵگەنامەی بەناوکردەتەوە، کە (د. نەجاتی عەبدوڵلا)، لە پاریسەوە ئامادەی کردون.

نووسەرەکانی هاڤیبوون

لە (٢١) ژمارەی هاڤیبووندا، بەدەیان نووسەرو پسپۆڕی شارەزای کوردو بێگانە لە زانستی وەاتانی جیهانەوە، بابەت و لێکۆڵینەوەیان لەم گۆڤارەدا بەناوکردەتەوە. ڕۆژێکی کەم بەناوی خوازراوەیە، هەکاری سەرکیش ئەوە بووە، کە وا ڕێککەوتووە نووسەرێک دوو بابەتی لە یەک ژمارەدا هەبێت. بەیە ناچار بووینە پەنا بە ناوی خوازراو ببەن. زۆرترین بابەت بە ناوو ئیمزای (هاڤیبوون)ەوەیە، کە (٢٢) بابەتە. دیارە زۆربەی ئەم بابەتانەش لە (سەروتار) خەیان بینیوەتەوە، ئەو کەسانە نووسیویانە کە لە گۆڤارەکەدا کاریان کردووە.

نووسەرانی بابەتەکانی (هاڤیبوون) و ژمارەی نووسینەکانیان، لەچەند گروپێکدا پێلین دەکەین:

* گروپی یەک بابەتی: ئەم نووسەرانەن کە تەنها یەک بابەتیان لەم (٢١) ژمارەیەدا بەناوکردەتەوە کە ئەمانەن: (سیامەند حاجێ، ش. لیبیرسینەژەسکی، موحسین قەچان، شکری شەهباز، نزار محەمەد سەعید،

نجیب بابایی، مجید حسن، جوتیار بامانی، د. سیابگ میران، د. نالیدا فوگار، د. گونتر برند، موحسین ئحمد عومر، شرکو بکس، هزرقان، جانکورد، د. عباس والی، نوشروان مستفا، د.مارف خزندار، سرفراز نقشبندی، م. ملا ئحمد، د. محمد موکری، محمد فریق حسن، عبدولا جوندی، ه.ها، ئحمد بربر، د. برهان یاسین، میرهم یگت، عومر شخ موس، د. یوسف زنگنه، سبیحا، د. فرهاد پیرباز، سیوان، سلاح قادر، ژان حازم، د. ئیسماعیل شوکر، زانا خلیل، فتحولا حوسن، گوشاد حمه سعید، قادر شید " ئبو شوان "، د. ئفراسیاو هورامی، عبدولموئمین دشتی، بدرخان عالی، پشاوی سید برایم، عمر تقی، خلیل دهکی، د. جبار قادر، ئومد تها، فوئاد سدیق، د. هژار معروف، کرقان ئامدی، عبدال نوری، جلال مستفا، موحسین عبدولحمان، بورهان هژار، د. فازیل عومر، غیاسدین نقشبندی، د.کریستفر ئونگر، ژز، غفوری میرزا کریم، عبدولغنی کاکه، محمد عالی یونس، د. ئحمدی ملا، شیرالی ئحمد، ئدیب چلکی، سلاح سلیم سیدک، عبدولا ساج، نوزاد هراری، محمد ژری، سدیق ساح، د. ئازاد شخانی، ساح محمد ئمین، عالی محمود محمد، عبدولا دارتاش، حمه جزا ساح، جوتیار تفیق هورامی، سدقی هروری، فیسل داغلی، د. ئازاد ئمین باخوان، د. لیلا جلیل عباس، فیسل مستفا، سلیم بچووک، مستفا شید، سدیق سنداقی، سعید ئسمان، مسعود خالید گولی).

* گروپی دوو بابتی: بریتین لی : (حوسن کارتا، سیروان حجی برکه، یاسین بانیخانی، هژار عزیز سورمه، حمه سعید حسن، کچا کورد، تمور خلیل، حمه نوری عومر کاکی، حجی جعفر، نوزاد جمال، غازی حسن، جزا چنگیانی، ئامد تگریس، وهات ئالاکوم، د. عزدین مستفا سو، زاگرس ئاگرخوین، عبدولا ئوزون، د. کمال فوئاد، محمد ساح ئامدی، زین عابدین خان، هشنگ بروکا).
* گروپی سی بابتی: بریتین لی : (عالی جعفر، حیدر ئومر، خسرو پیرباز، پروز جیهانی، شاخوان شش، عبدولحمان نقشبندی، د. زردشت حاج، فرست ژبیانی، کریم بیانی، محمد ئمین پنجوینی، فهمی بابایی، شرزاد هینی، تلعت تاهیر).
* گروپی چوار بابتی : بریتین لی: (کونه ش، فاتیح سو، د. نوری تابانی، د. فرهاد ئیبراهیم).
* گروپی پنج بابتی : بریتین لی : (کاکشار ئورمار، د. ئمیری

حەسەن پوور، حازم جاسم).
* گروپی شەش بابەتی: بریتین لە ؛ (د. سەروەر عەبدوڵا، جەمال خەزنەدار).
* گروپی حەوت بابەتی: بریتین لە ؛ (د. جەلیلە جەلیل، سەعید دەرەشی).
* گروپی هەشت بابەتی: تەنها (سالم جاسم)ە.
* گروپی یازدە بابەتی: بریتین لە : (عەبدولڕەحمان مزوری، د. زەرابە بودی).
* گروپی دوازدە بابەتی: تەنها (موحسین ئەسمان)ە.
* گروپی شازدە بابەتی: تەنها (د. نەجاتی عەبدوڵا)یە.

ئاوێژکارەکان

بابەت و لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە (هاڤیبوون)دا بەاوکراونەتەوە، پەیوستیان بە سەرنج و بۆچوونی خۆکی پسپۆڕ هەبووە، هەر بۆیەش گۆڤارەکە لە دەرەوەی ستافی کارەوە چەند ئاوێژکارێکی بە خۆی دەستنیشان کردووە. ئەم ئاوێژکارانە پشتگیرییان لێکردووەو بە سەرنجەکانیان گۆڤارەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە. لە ژمارە چوارەوە کەمەک ناو وەک گروپی پشتگیری کردنی گۆڤارەکە دەبینرێن. لە ژمارە چواردە بەدواوە، ئەم دەستە ئاوێژکارییە نەماوە. ئەو کەسانەی کە لە ژمارەکانی (٤) تاوەکو (١٣)، ناویان هاتووەو لەسەر گۆڤارەکەدا نووسراون بریتین لە؛ (د. ئەمیری حەسەن پوور، د. ئەردیخانی جەلیل، د. برهان یاسین، د. جەلیلی جەلیل، د. سیابەگ مگارەیان، م. عەبدولڕەحمان مزوری، عومەر شێخ موس، د. فەرهاد ئیبراهیم، د. مەمە عوسمان، د. نەزەند بەگی خانی، د. نوری تاڵەبانی، د. یوسف زەنگەنە، دلشاد سەعید، د. محەمەد موکری، د. زەرابە بودی، شارەزاد موجاب، د. سەروەر عەبدوڵا، د. ئەحمەدی مەلا، جەمال خەزنەدار، د. دلێر شاویس، نەجدەت ئاکرەیی، د. عارف حیتە، د. عەبدوڵا ئاگرین، عزەت فەندی، د. مارف عومەر گوە، د. موەفەق دەرگەڵەیی).
ئەم ناوانەی سەرەوە لە هەموو ژمارەکاندا دووبارە نابنەوەو جاروبار ناوێک نەماوەو ناوێکی تر هاتۆتە جێگای، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەسە ناو هاتوانە، ناویان وەک پشتگیری و ئاوێژکار، لە چەند ژمارەیەکدا هاتووە.

هەندێک وردە زانیاری تر

(١)- ژمارەکانی (٩، ١٠، ١١، ١٢و١٣)، بە هاوبەشی لەگەڵ مالی

شەرفخانی بەتلیسی لە هەولێر دەرچووە.
(٢)- لە ژمارە (١-١٧) بە قەبارەی (١٤ جاران ٢٠)سم دەرچووە. ژمارەکانی (١٨، ١٩و٢٠) بە قەبارەی (١٦ جاران ٢٤)سم و ژمارە (٢١)یش بە قەبارەی (١٧ جاران ٢٤)سم دەرچووە.
(٣)- ژمارە یەک بە کەمترین لاپەڕە دەرچووە کە (١٣٢) لاپەڕەیە و، ژمارە (١٦و١٧)ش بە زۆرترین لاپەڕە کە (٣٦٠) لاپەڕەیە.
(٤)- بەرگی هەموو ژمارەکان بە تابلۆیەکی جوانی ڕەنگاوڕەنگ، ڕازاندراوەتەوە.
(٥)- هەڵەی چاپی کەم.
(٦)- کەی لاپەڕەکانی سەرجەم ژمارەکانی بە هەردوو قەبارەیەوە، (٤٠٣٨) لاپەڕەیە.
(٧)- (١٣٦) نووسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.
(٨)- زیاتر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
(٩)- سالمە جاسم و موحسین ئیسمان، بە دایناموی سەرکی گۆڤارەکە دژەمەردەن.
(١٠)- لە ژمارە (٤)دا، نرخی گۆڤارەکە دیاری کراوە کە (١٠) مارکی ئەڵمانی بووە. هەروەها ئابونەی ساڵانەش (بە کەسکان پێنجا مارک و دەزگاکان حەفتاو پێنج مارک) بووە. لە ژمارە (١٠)شدا، ئابونەکە بە کەسکان بۆتە (٢٥) ئێرۆ و، بە دەزگاکانیش (٣٥) ئێرۆ.
(١١)- زۆرترین بابەت لە دوای ئیمزای (هاڤیبوون)ەوە، (د. نەجاتی عەبدوڵلا)، بڵاویکردۆتەوە.

بە هاڤیبوون ؟!

لەبەر ئەوەی گۆڤارەکی ئەکادیمییەو لەلایەن دەزگایەکی کوردەلۆژی لە دەرەوەی وڵات دەرچووەو کەمتر بابەتی گرنگی بە قەڵەمی ڕۆشنبیران و شارەزایانی کوردەلۆژی، بڵاوکردۆتەوە، لە دوا ژیشدا دەبێتە ژمارەکی باش بە نەوەی داهاتوو، لەوانیە هەموو کەسکیش بەم گۆڤارە نەزانن… بۆیە بە پێویستمان زانی کەمتک زانیاری چڕ دەربارەی (نووسەرەکان، کاتی دەرچوون، ژمارەکان، قەبارە، لاپەڕەکان، جۆری بابەتەکان، …..) بلاو بکەینەوە. ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە؛ دەست نیشانکردنی پێگەی (هاڤیبوون)ە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئاسانکردن و بەرچاو ڕوونیکیشە بە ئەو کەسانەی کە لەبارەی ڕۆژنامەگەریی و کاری بیبلۆگرافیاوە، هەوڵدانیان، چڕ کردۆتەوە.

سەرچاوەکان

جگە لە ژمارەکانی (هاڤیبووون)، بە تایبەتیش هەرسە ژمارەی (٧و٨)ی جمکانەو ژمارە (٩)، سوودیش لەو دیمانەی (سالمە جاسم)ی سەرنووسەر وەرگیراوە کە تێژنامەنووس (نازم دەبەند) لەگەیدا سازیکردووە، لە لاپەڕە (١١)ی ژمارە (٤٥٠٠)، ڕۆژی ١٩-٢-٢٠٠٨ی (کوردستانی نوێ)دا، بڵاوکراوەتەوە.

ئیسماعیل تەنیا- هانەڤەر

گوێچکەکانم قسە دەکەن ..منیش دەیانخوێنمەوە ... حەیدەرعەبدوڵڵەحمان

ئەگەر بتەوێ بخزێیتە ناو نمایشەکەی (کارێخ ئیبراهیم ــ گوێچکەکانم قسە دەکەن) کە دوێنێ ئێوارە لەچوارچیوەی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆ لە هەولێر ـ لە دەرەوەی پێشبڕکێ ی فیستیڤاڵەکە نمایش کرا، ئەوە دەبێت لە دوو جەمسەرەوە بیخوێنیتەوە، یەکێکیان ڕوونکردنەوەو شیتەڵ کردنی فەلسەفەی نمایشەکە و کاراکتەرو باگ ڕاوندەکانی، کە نیوەی پانتایی نمایشەکەیان گرتبوو ، نیوەکەی تریشیان ئامرازە هونەرییەکانی دەرهێنەر، لە ڕووی ستایلی دەرهێنان و ئەکتەرو سینۆگرافیا بە موزیك و دیکۆرو دەنگ و ئامرازەکانی دیکەیەوە ، پرسیاری ئەوەش بکەین ئاخۆ دەرهێنەر چەند سەرکەوتوو بووە لە هاوسەنگ ڕاگرتنی هەر دوو تەوەرو ئاوێتە بوونیان وەك دوو جەمسەری هارمۆنی بێ ڕاگرتنی بالانسی تمایشەکە،.

کارێخ ئیبراهیم یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی هەمیشە پشت بە خۆی دەبەستێت بێ نووسینی تێکستەکانی ، بێ ئەوەی ئەوەی ئامانجیەتی لە بەرجەستە کردنی ئەو وێنانەی لە خەیاڵی دایە، تێکست نەبێتە بەربەست لە دروست کردن و گەیاندنی ئەو وێنانە، بەڵام ئاخۆ کارێخ ئەوەندەی لە ڕووی هونەری دەرهێنانەوە دەست ڕێشتووە، ئەوەندەش لە بواری نووسینی دەق دا سەرکەوتوو دەبێت ؟ ئەمە هەرگیز مەرج نیە، چونکە زۆرینەی شانۆکارانی دنیا لە بواری نووسین دا پشت بە دەقی نووسەرە شانۆکارەکان دەنووسن، تەنوانینی خۆیان وەك نووسەری

دووەم، لە سەر ئەو دەقانە بونیات دەنێن هەر یەکەو بە قەد پسپۆری خۆی لە بوارەکەدا
ئەوەتا زۆر جاران نمایشی جوان هەبووە لە رووی دەرهێنانەوە، بەڵام لە بەر دەست کورتی دەرهێنەر لە نووسینی تێکست دا، بوونەتە هۆکار بۆ روخاندنی نمایش بە تێکڕایی ، من بە قەد ئەو بەدواداچوونەی لە گەڵ کارێخ و شانۆگەریەکانی هەم بووە، هەستم بە بڕشایيەك کردووە لەو بوارەداو هەمیشە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە کە کارێخ خۆی تێکستەکانی خۆی نەنووسێ و بە دوای ئەو تێکستانەدا بگەڕێت، کە بۆی هەیە نمایش تێر بکەن لە پێکهاتەکانی خۆیاندا.

ئەو لەو بەرهەمەشدا، کێشەی تێکستی هەیە و لە دەوری ئامانج و فەلسەفەیەکدا خول دەخواتەوە ،تێیدا ڕوو بە ڕووی حاڵەتێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ دەبێتەوە ، کە نەتوانێ ئامانجەکانی خۆی وەك پێویست بپێکێنێ ، کەمەڵێ بابەتی گەورەی تێکەڵ یەکتر کردووە ، بۆ ئەوەی دەقەکەی پڕ پڕ کات ، کەچی چەند ئەوەندەی هەوڵی پڕ کردنی دەقەکەی داوە، ئەوەندە لە بەهای سەرەکی ئامانج و فەلسەفەی دەقەکەی کەمتر کردۆتەوە .

ئەو هەوڵی ئەوە دەدات لە(گۆچکەکانم قسە دەکەن) فەلسەفەی نمایشەکەی پەیوەست کات بە ڕابوواردووە تاڵەکانی نەتەوەکەی، بە هەموو ئەو ڕوداوو کارەساتانەی بە سەریدا تێپەڕیون، تا دەگاتە ڕوداوە نوێ کانی سەردەم، لە تراژیدیا پڕ لە مەرگەساتەکانی داعشەوە ، تا دەگاتە ڕۆژە ڕەشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بەڵام هەموو ئەو پەرتەوازەییە لە بابەتدا لە سەر حیسابی سەرلێ شێوانی بینەر و ماندوو کردنی بووە لە تێگەیشتنی فەلسەفەی نمایشەکەی .

دەرهێنەر سەرچاوەی هەموو ئەو ڕووداوانە دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵر زەمانێکی دووری باوکو باپیرانی و نەفرەت لەو کولتوورە دەکات ، کە ئەوان و نەوەکانی دوای ئەوانیش فرچکییان پێوە گرتووەو پشتاو پشت وەك کولتوورێك بۆ نەوەکانی دوای خۆیانیان بە جێ هێشتووە، بۆیە هەر سەندوقێك لەو مۆژووە بەجێ ماوە دەکەیتەوە، کتێبێك ، بەردێك ، ژەهرێکی تێدایە ، پێیەتی لە نهێنی و هەر یەك لەوان دەلالاتی تایبەتی خۆیان بە خۆیانەوە هەڵدەگرن، لەوانەش ئەو دوانزە کتێبەی ی باوکی کە هەر یەك لەو کتێبانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێك و باس لە مەرگە ساتێك لە مەرگە ساتەکانی مۆژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

تەماشای دیکۆرو تەختە ڕەشەکەی شانۆ بکە، کەسەراپای ڕەنگێکی ڕەش قەترانیەو گوزارشت لە زەمەنێکی پڕ لە ڕەشبینی و نیگەرانی و

ماتەمینی دەکەن ، کە سەراپای شانۆی تەنیووە، ئەوە ئەو زەمەنە رەشەیە کە کاراکتەرەکانی تێیدا دەژین، ئەو تابلۆ گەورە پۆ لە سەندوقانە ببینە، کە هەر سەندوقەو ببینە، کە بە دەیان لەمبەرو ئەو بەر بە دوو گۆ ی لای راست و لای چەپی شانۆدا نەخشێندراوە، ئەوانی تر سکێچی سەرچاوەکانی دەنگن کە سەرچاوەی ژاوە ژاوو هاوارو دەنگە خنکێندراوەکانن.
کە شانۆ دەکرێتەوە راستەوخۆ دوو کاراکتەری سەرەکی لە سەر شانۆدا دەبینرێن ، ژنێك و مێردێك (سێبەر ئیبراهیم ـ گۆران ساڵح) پیاوەکە کەسێکی گەنج لە رواڵەتدا، بەڵام ئایین پەروەرو، خوێندەوار لە ناوەرۆکدا، پابەند بە عەقلیەت و بیرو باوەڕی کۆنی باوکو باپیرانی، هەمیشە بۆ گەڕانەوە بۆ کێشەکانی پشت بەو کتێب و سەرچاوەو کەرەستانە دەبەستێت کە بە نهێنی لای پارێزراوە و بە بەردەوامی لە گەیاندا دەژیت ..
هەر یەك لەو دوو کاراکتەرە چەندین کاراکتەریان لە ناو دایە، ژنەکە: لە یەکەمیاندا کەنیزایەکی داعشەکانە و وەك هەر کەرەستەیەکی بازاڕی سەودای پێکراوە، لەو پیاو بۆ ئەو پیاو، لە هەر یەکێکیان چەندین لەو منداڵانەی ناوەتەوە، کە لە سەندوقەکەدا گەڵە کراون و ناوە ناوە بە پانتایی شانۆکە هەڵیان دەڕژێ .

کاراکتەری دووهەمییان گولیشانە کە ژنی (سعودە) ئەو هەما نەتەوەییەیە کە لە گۆڕەپانی شەڕدا بە تەنیا دەکوژرێ ،هەمایەکە بۆ قوربانی دان لە پێناو بیرو باوەڕ.
سێەمییان (کەڤۆ) ئەو ژنەی ئێستایە لە گەڵ سەیواندا کە هەمیشە دەستییان لە هەوکی یەکتر ناوەو لە ململانێیەکی بەردەوامدا دەژین، ئەو لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەی لە نێو داعشدا بە سەری هاتوون ، دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی (شیزۆفرینیا) بووەو دووچاری لە بیرچوونەوە بووە ، بە هۆی حەبەکەوە خۆی لەو کێشەی لە بیر چوونەوە دەپارێزێ وەك دەرمانێکی هێور کەرەوەی کاتی ، هەر کاتێ ئەو حەبە نەخوات تووشی هەمان کێشەی لە بیرچوونەوە دەبیت، بۆیە هەمیشە مێردەکەی ئاگاداری دەکاتەوە حەبەکە بخوات و بە ئاگا بێت لەوەی رووەدات .

لە ناو گۆڕاوی ئەو وەهمەدا، کاتێ دەست بە سەر منداڵە بۆ باوکە نادیارەکاندا دێنی، گلەیی ئەوە لە مێردەکەی دەکات بۆچی نازی ئەو منداڵانە ناکۆشێ و بایەخییان پێ نادا، لای منداڵەکانیش گلەیی لە بۆ بەزەیی باوکییان دەکات .
ئەو هەمیشە لە گومانی نهێنیە شاراوەکانی مێردەکە دا دەژیت ، بۆیە

گلەیی ئەوە لە مرۆڤەکەی دەکا بۆچی نهێنییەکانی لێ شاردۆتەوە، لەو دەلاقانەدا چی حەشار داوە؟ تا رۆژێکییان خۆی بۆ خۆ رزگار کردن لە تەلیسمی ئەو سەندوقانە، هەموو سەندو قەکان هەڵدەڕژێ، تەنانەت ئەو ژەهرەش کە هەمای دەیان دەردی کۆمەڵایەتیە لە ناو ئەو سەندوقانەی باوکو باپیری مرۆڤەکەی دەردێنێ و لە شێوەی هەمەکی چڕ پەخشی سەر شانۆوە سەر بینەرانی دەکاو تەنانەت سەر روخساری مرۆڤەکەشی ، تا بەو ژەهرە دەیکوژێ و تۆڵە لە هەموو پیاوە داعش ئاساکان دەکاتەوە، کە دەیانەوێ ئافرەت بکەن بە کۆیلەو هەتکی بکەن، بەشێکیش پەخشی سەر ئەو بینەرانە دەکا کەنموونەی کۆمەگایەکن بەشێك لە گوناهەکانیان بەردەکەوێت .

پیاوەکەش(سەیوان) بە هەمان شێوە دابەش کراوە بۆ چەند کاراکتەرێك،هەر کاراکتەرێك رووبەکی جیاواز لە یەکتری پیاوە، هەر کاراکتەرێك لەو پیاوانە چیرۆکێکی هەیە، لەوانە: ئەوەتا کاتێ یەکێ لە چەفیە رەشەکانی ژنەکەی لە سەر دەنێ ، دەبێتە پیاوێکی داعش و باوکی کۆمەڵ لەو منالانەی باوکییان ناناسرێتەوە بە هۆی زۆری ژمارەی ئەو پیاوانەی سەودایان بە ژنەکان کردووە.
کاراکتەری دووەم : سەیوانی مرۆڤی کەڤ یە، ئەو پیاوەی کە هەمیشە داوا لە ژنەکەی دە کات ، خۆی بناسێتەوە ، ئەو هەمیشە بە ئاگای دێنتەوە کە دەبیچت خۆی بناسێتەوە ئاگای لەوە بێت کە ئەو کەڤ نیە، بەکو کەسکی ترە، بۆیە دەڵێت : دەبێت تۆ من هەموومان خۆمان بناسینەوە، چونکە هەموومان ون بووین ، کەسمان ئەوی تر وەك خۆی ناناسێتەوە.

لە ناو تێکەڵ کردنی هەموو ئەو رووداوانە، فەلسەفەی نمایشەکە کەوتۆتە ئەتمۆسفیرێکی پڕ لە تەم و مژ، بە شێوەیەك بینەر نەتوانێت خوێندنەوەیەکی روون بۆ فەلسەفەی نمایشەکە بکات، دەرهێنەریش هەموو شتێکی بۆ بینەر بە جێ هێشتووە، کە ئازاد بێت لە هەرخوێندنەوەیەك هەستی پێ دەکات، پێی وایە ئەو فەلسەفەیە راستە کە بینەر هەستی پێ دەکات، بۆ ئەوەی دەرهێنەر سوور بێت لە سەر هەڵبژاردنی ئەوەی خۆی دەیەوێت .

دەرهێنان : ستایلی کارێخ ئیبراهیم تا رادەیەك لای بینەر ئاشکرایە، چەند ئەوەندەی کاری دەرهێنانی لە شانۆگەریەك بۆ ئەوی تریان بگێڕێت ، هەمیشەو لە زەربەی بەرهەمەکانیدا پشت بە سینۆگرافیا دەبەستێت ، سینۆگرافیا لە رووی ئەکتەرو تەکنیك و دیکۆرو موزیك و جوانکارییەکانی دیکەی شانۆ..
یان هەموو ئامرازە تەکنیکیەکان بەکار دێنێ بۆ گەشکردنەوەی چاو بۆ

ئەوەی بینەر بکەوێتە ژێر کاریگەری بینینی ستاتیکای شانۆ ، بە تایبەت بە جەستەی ئەکتەرو رەنگ و دیکۆرو تەکنیك و جلو بەرگ و هەموو ئامرازەکانی دیکەی پەیوەست بە بینین ، بۆ ئەوەی چاو تێرکات لە جوانی، چاوێك کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیحساس و چێژ وەرگرتن .

دووهەمیان موزیك : دەرهێنەر پشت بەستنێکی سەرەکی بە موزیکەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوە داوە پشت بە کەسانی پرۆفیشنال لە بارەی موزیکی شانۆیی ببەستێت ، وەك لەو نمایشەی دوایی دا هەستی پێ دەکرێت ، نزیکترین سەرچاوەی دەروونی بۆ کارتێکردنی راستەوخۆ بۆ سەر هەستی بینەرو زاخاو دانەوەو راچەکینی موزیکە کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە سەر هەمان ریتمی بزووتنەوەی ئەکتەر لە سەر شانۆدا دەڤات و دەتوانێت ئەو بزووتنەوانە لە چوارچیوەی ریتمێکی بەهێز بەرجەستە بکات و جوانیەك بە نمایش ببەخشێت ، لە هەمان کاتیشدا کارلێکێکی دەروونی بۆ بینەریش دروست دەکات بۆ وەرگرتنی نمایش وەك پێویست ، بۆیە دەکرێت بڵێین کرێکی سینۆگرافیای ئەمجارەی کارێخ لەو نمایشەدا موزیك بوو.

رووناکی : لە هەموو نمایشەکاندا دەرهێنەر شوێنی تایبەتی بۆ رووناکی تەرخان دەکات لە ستایلی کارکردنیدا، چونکە بەلای ئەوەوە رووناکی فاکتەری هەرە سەرەکی جوانکارییەکانی شانۆو بەرجەستە کردنی حاڵەتە دەروونییەکانی ئەکتەرە لە ناوەوە، بۆیە رووناکی هەرگیز نەبۆتە هونەرێکی تەقلیدی لای کارێخ ئەوەندەی بۆتە سەرچاوە بۆ بە زیندووراگرتنی شانۆو بەرجەستە کردنی ناواخنەکان .
بەڕام لەو نمایشەدا ئەگەرچی توانستێکی زۆری رووناکی بەکار هێندراوە، بەڕام هاوسەنگی رووناکی تێك چووەو زێدە ڕۆیەکی زۆر لە رووناکیدا کراوە، کە وای کردووە لە نرخ و بەهای رووناکی کەم بۆتەوە ، خۆ رووناکیش وەك هەر کەرەستەیەکی شانۆیی وەك پێویست بەرجەستە نەکرا، ئەوە روخساری نمایش دەشێوێنێ و دەبۆتە پەڵەیك بە رووی ستاتیکای شانۆیدا.

تەکنیك :

لە بەر ئەوەی فۆرم هەمیشە لە شانۆگەرییەکانی کارێخ جێگەی بایەخ پێدانە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە تەکنیك بکاتە کرێکی فرۆم، بە تایبەت لە تەکنیکی دیکۆردا، کە پێی وایە دیکۆر نابێت ببێتە پێکهاتەیەکی چەسپاوو مردوو، بەڵکو دەبێت ببێتە پارچەیەکی زیندوو لە جەستەی شانۆدا

دیکەر لەو بەرهەمەدا پێکهاتەیەکە بە بەردەوامی لە گۆڕان دایەو بە هەر دیمەنێك بە شێوەیەکی تەماتیکی دیکەر دەگۆڕێت، بەو شێوەیەی وەك باگ راوند ببێتە تەواو کەری وێنە، وەك دیکەری منارەو مزگەوتەکە لە کاتی نوێژ کردن و دیکەری سك پڕ بوونی ژنە داعشەکان لە کاتی گۆڕانەوەی بە سەرهاتەکانی ژنەکە لە ژێر دەستی داعشەکاندا، دیکەری ئاوارەکان و چەند وێنەیەکی تری ئەو دیکەرانە، کە لەگەڵ روداوەکاندا دروست بێت و ون بێت.

بەڵام کە مادام دەرهێنەر بە تەکنیك دەسەڵاتی تەماتیکی گۆڕینی دیکەری هەیە، نەدەبوا قەوارەی سەندوقەکان فەرمکی تەقلیدی وەربگرێت و بەو زەخامەتیە دەرکەوێت کە سەرتاسەری شانکە داگیر بکات، وەڵای ئەوەی مادام سەندوقەکان دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشووی کاراکتەرەکان، ئەگەر سیمایەکی کلاسیکی هەبوایە گونجاو تر دەردەکەوت .
جگە لە دیکەری بگۆڕێ، دەرهێنەر تەکنیکەکی جوانی بۆ دروست کردنی هەڵم دروست کردووە کە لە کۆتایی نمایشەکەدا بە دەستی کاراکتەرە ژنەکە پەخش دەکرێت و تێکەڵ بە موزیك و ریتمێکی تراژیدی دەبێت و لە سەر شانۆ لە ناو هەڵەکەدا بۆ دەبێتەوە
سەما : سەما دەکەوێتە چوارچیوەی سینۆگرافیای شانۆیی و ئاوێزانی موزیك و ریتمێکی بۆ ًنتر لە ریتمی گشتی شانۆ دەبێت ، بزووتنەوەی ئەکتەرو رەنگ وروناکی و موزیك هارمۆنیایەك لە ستاتیکای شانۆیی دروست دەکەن کە تێیدا دەرهێنەر کۆمەڵێ ئامانجی گرنگ بە دەست بێنێت لەوانە :

1.دەرهێنەر ئەتمۆسفیرێکی سیحراوی لە سەر شانۆدا دروست دەکات کە هەم جوانییەك بە تەکنیکی نمایش ببەخشێت، هەم پشوویەك بە بینەر بدا، بۆ زاخاو دانەوەی مێشك .
2. ریتمی شانۆ بە شێوەیەك بەرز دەکاتەوە، کە بینەر تێیدا هەست بە زیندوو بوونەوەی بەردەوامی نمایش بکات.

3. سەما ــ بەهێترین کەرەستەیەکی درامیە بۆ بەرجەستە کردنی روداوەکان، بۆیە دەبێتە پارچەیەکی هەرە زیندوو لە نواندن بەڵام بەریتمێکی جیاواز.
کارێخ ئیبراهیم ـ لە زێرینەی ئەو سەمایانەی لەشانۆگەریەکانی خۆیدا بەرجەستەیان دەکات، دەف و روونا کی و ئەدای ئەکتەر تێکەڵ بە یەکتر دەکات، بۆ ئەوەی بەو سێ توخمە بتوانێت وروژاندن لای بینەر دروست بکات، بەڵام ئاستی سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی دەکەوێتە سەر جۆری راهێنانی دەرهێنەرو توانستی ئەکتەر بۆ سەما

لە چوارچیوەی ئەو بایەخ پێدانەی دەرهێنەر بۆ سەما، ئەگەر بتەوێت جیاوازی لە نێوان سەمای شانۆگەری (کچی شەرەفەدین) لەگەڵ سەمای نمایشی (گوڵچەکانم قسە دەکەن) بکەیت، ئەوە هەست دەکەیت، کاریگەرییەکانی سەمای (ئیلاف ئیبراهیم) لە کچی شەرەفەدین تا ئێستاش لە مێشکی بینەردا کاڵ نەبۆتەوە، لە گەڵ سەماکەی (سۆبەر) بەراوردییان پێ ناکرێت ، بەڵام دیسان هەر لە کۆتاییدا هەمیشە سەما لای کارێخ فاکتەرێکی گرنگی چێژە وەك لە دوا نمایشدا دەرکەوت .

نواندن :

دەرهێنەر بۆ شانۆگەری ئەمجارەی تەنیا دوو ئەکتەری خستۆتە سەر شانۆ (سۆبەر ئیبراهیم و گۆران ساڵح) کە هەروکییان دوو ئەکتەری تازە پێگەیشتوون لە شانۆدا، سۆبەر ـ دەرچووی ئەکادیمیایەکی شانۆیی نیە و شانۆی نەخوێندووە، بەڵام گۆران ـ ئەگەرچی لە بواری گۆرانی گوتن دا ناسراوە، بەڵام دەرچووی شانۆیە .
بۆگومان دەرهێنەر لەگەڵ دوو ئەکتەری تازە پێگەیشتووی نا ئەکادیمی، ماندوو تر دەبێت لە ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون و ئەکادیمی، بەڵام ئەوەشییان دەمێنێتەوە سەر دەسەڵاتی دەرهێنەر لە دروست کردنی ئەکتەرو راهێنانی، هەروەها بۆی توانستی جەستەیی ئەکتەرەکە لە رووی ئەداو ئیلقاو و دەنگ .
ئەگەر هەموو ئەو باگ راوندانە لە بەرچاو نەگرین و تەنیا قسە لەسەر ئەو نواندنە بکەین کە هەردوو ئەکتەر لە سەر شانۆدا نیشانیان داین ، ئەوە بە رووی ئەو راستیە دەردەکەوێت کە سۆبەر ـ وەك پاڵەوانی یەکەمی شانۆگەریەکە دەردەکەوت ئینجا گۆران، بۆیە زۆر جار بینەر هەستی بەوە دەکرد کە سۆبەر بە سەر گۆراندا زاڵە لە نواندندا .

هەمیشە لە کاتی نمایشەکەدا پرسیاری ئەوەم لا دروست دەبوو، کە هۆکار چیە دەرهێنەر لە نێو دەیان ئەکتەری پسپۆرو خاوەن ئەزموون ، پەنا بۆ ئەکتەرێکی بێ ئەزموون ببا، ئایا ئەوە مەترسی نیە بۆ ئەوەی ئەکتەرێکی سەرەکی لە شانۆگەریەکدا ئەگەر لە ئەزموونەکە سەر نەکەوت، ببێتە هۆکار بۆ روخانی شانۆگەریەك و فەشەل پێ هێنانی دەرهێنەرێك لە دوا ئەزموونی دا ؟
من و زۆرێك لە بینەران لە گەڵ خۆیاندا لە نیگەرانی دابووین، لە سەرکەوتن یا روخانی نمایشەکە بە هۆی ئەکتەرەوە.
خۆ ناهەق نین چونکە چەند ئەوەندەی تۆ پشت بە سینۆ گرافیاو کەرەستەکانی دیکەی فۆرم بکەیت بۆ جوانکردنی شانۆ، ئەوە نابێتە

ئەلتەرناتیف بۆ ئەکتەر کە ڕۆحی راستەقینەی نمایشە لەسەر شانۆدا .

بەڵام ئاخۆ دەرهێنەر توانی هاوسەنگی (ئەکتەر) لە گەڵ (سینۆگرافیا) ڕابگرێت ؟

ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە لە نێوان هەر یەکێك لە ئێمە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوی ترماندا، بەڵام من پێم وایە ئەوەندەی کارێخ بە سینۆگرافیاوە سەر قاڵ بووە (ئەگەرچی کێمەڵێ برادەری دەست ڕەنگین کاری سینۆگرافیایان هەڵسوڕاندبوو) دەرهێنەر بە قەد سینۆگرافیا ئەو بایەخەی بە ئەکتەر نەداوە، خۆ ئەگەرچی ئامرازەکانی سینۆگرافیا هەمیشە ئامرازی هەڵخەڵەتێنەرن بۆ چاوی بینەر، بەڵام جوانترین سینۆگرافیا لە شانۆدا سینۆگرافیای جەستەی ئەکتەرو ئەدای ئەکتەرە، کەپەیوەستی ڕاستەقینەی بە ڕۆحی بینەرەوە هەیە نەك چاوی، ئەکتەر دەتوانێت بۆ سینۆگرافیاش ئەو بڕشاییەت بۆ پێ کاتەوە و بەرهەمێك پێشکەش بە بینەر بکات بەپەرۆشەوە لە ئامێزی بگرێت، چونکە سینۆگرافیا بە گشتی ئامرازێکە بۆ خزمەتی ئەکتەرو نمایش ، هەرگیز ناکرێت ئەکتەر بکەیتە ئامراز بۆ تێر کردنی سینۆگرافیا .

بەڵام باشترین حاڵەتی بژاردە لەو نێوانەدا ئەوەیە کە دەرهێنەر هاوسەنگییە هونەرییەکان وەك یەك ڕابگرێت و بایەخی سەرەکی بەتوخمە بنەڕەتیەکانی وەك ئەکتەرو تێکست بێت (وەك پەیکەری بونیاتی شانۆیی) ئینجا توخمە لاوەکییەکانی دیکەی جوان کردن و کارتێکردن و وروژاندن و چڕ وەرگرتن ..
لەو پێو دانگەشەوە ئەگەر بگەیینەوە بۆ دواوە و شانۆگەری (کچی شەرەفەدین) بەبیر خۆمان بێنینەوە، ئەوە هەست بە جیاوازی ئەوە دەکەیت کە ئەکتەر لەو داینەمۆی نمایش بوو، ئینجا سینۆگرافیا ، بەڵام لەو نمایشەی (گوڕچکەکانم قسە دەکەن) بە پێچەوانەی هاوکێشەکەی تۆرە، بۆیە بینەر هەست بەوە دەکات کە کارێخ نەیتوانیووە لە کچی شەرەفەدین تێپەڕێنێ، یا شتێ پێشکەش بکات لە ئاستی ئەو دابێت لە هەموو ڕووەکانەوە، هەکارەکەشی دەگەیتەوە بۆ ئەو خاڵانەی لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا .

ئەگەر وەك ئەکتەرێکی تازە پێگەیشتووی کەم ئەزموون تەماشای (سێبەر ئیبراهیم) بکەیت، ئەوە ناتوانین نکۆڵی لەوەدا بکەین کە لە ئاست ئەو تەمەنە کورتەی لە شانۆدا هەیەتی ، توانی بەرگەی ئەو ئەرکە قورسە بگرێت و بە بوێرییەوە ڕۆڵەکەی خۆی ڕاپەڕێنێ، بەڵام هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین لە ڕووی بەرجەستە کردنی ئەو چەند کاراکتەرانەی کە ئەو دەبوا بۆ هەر یەك لەوان جیاوازییەك لە فۆرمی

نواندن دروست کات لەگەڵ ئەوی تریاندا، بەڵکو هەر سێ کاراکتەر لە یەك دەچوون …
گۆران ساڵح : خۆی لە ئەزموونێکی سەخت داوە، ڕەنگە ئەو ئەزموونە نە بۆ خۆی نە بۆ بەرهەمەکەی کارۆخ ئیبراهیم جێگەی متمانە نەبووەو جۆرێك لە سەرکێشی تێدا بووە، چونکە ئەوە هەقیقەتێکە کە گۆران ناتوانێت ببێت بە ئەکتەر.

خاڵ لە هۆی یاداشتدا لەگەڵ د. مارف خەزنەدارداو … سەباح هێنجدەر

تێبینی:
• وێك مەبەست بۆ زمانێکی ساکار ئەم یاداشتانەم تۆمارکردووە.
• لە هیچ نووسینێکدا بۆنز و کاك و مامۆستا و هۆڕا …. تاد، بەکارناهێنم، تەنیا ناوی خۆیان لە هەموو ئاوەناوێك گەورەتر و شایاندارتر دەزانم.
———————————-

خۆم لە پێشەکی پاراستووە، چونکە ئیمە: (ئامانی سەرەکی) نووسین دەکوژێ و هەزامەندی خوێنەری نموونەیی وەرناگرێت، ناشبێتە هۆوداو لە نووسیندا.
حوزەیرانی 1988 نامیلکەی (زەوان)م چاپ کرد، دانیەکم پێشکێش بە: (ئیسماعیل بەرزنجی) کرد، گوتی: دوو دانەی تریشم بدەرێ، یەك بۆ کتێبخانەی: (محەمەد مەولوود مەم) و ئەوی تر بۆ: (دکتۆر مارف خەزنەدار).
پێشتر: (محەمەد مەولوود مەم)م بۆهەی: (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف)ەوە دەناسی و پیاسەی دوور و درێژمان لە شەقامەکانی هەولێر کردبوو، لە چایخانەی: (شەوانی هەولێر)یش چەند جارێك بە سێ قۆڵی دانیشتبووین و چەند جارێکیش لەماڵەوە نان و نمەکمان کردبوو، (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف) لە ژمارە (183)ی ساڵی 2004 لە گۆڤاری (کاروان)، بابەتێکی نووسیوە بەسەر ناوی: (چۆن مەمم ناسی) باسی

ئەو دانیشتنانە دەکات و بەچوونی مامیشی لە بارەی منەوە هەناوەتەوە و دەڵێت: (هەر لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەك دەربارەی چیرۆکی (دەزینەوە) لە نێوان کاك (سەباح نەجدەر) و (مام) دروست بوو، کاك سەباح بە وردی پرسیاری لەسەر چیرۆکەکە لە (مام) کرد و باسی لە لایەنی بەهێز و کاریگەری چیرۆکەکەی
(مام)ی کرد. (مام)یش لە کاك (سەباح)ی پرسی: (تەمەنت چەندە). ئەویش گوتی: (نزدە ساڵە). (مام) پێی گوت: (تەمەنی خۆشبەختیت پێش تەمەنت کەوتووە و ئومێدی زۆرم بە لاوی وەکو ئەوە هەیە بۆ ئەدەبیمان بۆرەو داهێنان ببەن).

لەو چل و ئەوەندە ساڵەی تەکیە بە ناوەندی خۆشبەختی کوردی بوویمە، پیاوی ئاوا لەخەبووردووی وەك: (محەمەد مەولوود مام) و (عەبدوڵا سەواج)م نەناسیوە، بەو شەوە پاك و لە دڵ و گیانەوە پاڵپشتی بەهرە و لێهاتوویی لاوان بکەن و دڵ و گیانیان بە داهێنانیان خۆش بێت، دوای چەند ڕۆژێك لێگەڕێ: (ئیسماعیل بەرزنجی) ڕەکەوتی یەکمان کرد و گوتی: (دکتۆر مارف خەزنەدار) دایەوە بتبینێت، ناونیشانی ماڵەکەی دامێ، ئەوسا هەوڵەر شارەکی وەك ئێستا قژ ئاڵتوون نەبوو، بە ئاسانی شوێنە دەستنیشانکراوەکان دەدۆزرانەوە.
عەسرانێك زۆر بە شەرمەوە بۆرەو ماڵیان بەرەو کەوتم، دەرگای حەوشەیان کرابووەوە. بۆرانبەر دەرگا لەبەر هەیوانەکەی لەسەر ئاسکەمبیلەکی تەختە دانیشتبوو، لبادەکی سپی نەخشی قاوەیی لەسەر نەخشا بوو، لەسەری ئاخرا بوو، کەمەرێك گوڵدان لە دەوروبەری دانەدرابوون، دیاربوو تازە ئاودرابوون، لەگەڵ شربەیەك، کە تافتەیەکی سپی بەسەر دەمی شربەکەدا دادرابوو، ژەرەوشی لەناو بارستەك قومی تێدا دابوو، پیاوەکی پرچ و سەر و سمێڵ ڕەش زیاتر لە سپی شکەدار فەرمووی لێ کردم. کتێبەکی بەدەستەوە بوو، بە قەڵەمی سوور هێڵی بە ژێر چەند بۆگەیەکی دادەهێنا. کتێبەکە هی: (حوسێن مەردان) بوو. بەناونیشانی: (الأزهار تورق داخل الصاعقة). دوای بەخێرهاتن و یەکترناسین. گوتی: (چاو و دڵم بە بەهرە و لێهاتوویی لاوان ڕوون و گەرمە). پێشتریش شاعیرانی لاوی هەوڵەر بەردەوام سەردانیان کردووم. وەك: (جەمیل ڕەنجبەر و عەبدوڵا پێشەو) و زۆری تریش.

دیار بوو (زەوان)ی خوێندبووەوە، چەند پارچە کاغەزێکی باریکیشی بێبوو لە نێوان لاپەڕەکانی دانابوو گوتی: لەدایکبوونی شاعیرێکی داهێنەری تێدا بەدی دەکەم، هەرچی ڕێنماییەکی لەو دانیشتنەدا کردم. دواتر بۆپێی هەڵکشانی ئەزموون هەمووی لە کات و شوێن و جێی

خەیدا ەاست دەرچوون.
من لەسەر بەرگی زەوان نووسیبووم (چامە). ئەوەی زەر جێگای سەرنج بوو بە من. گوتی: زەوان چامە نییە. (ەەمانە شیعر)ـە، هەرچی شتێك لە هەقیقەتەوە بیەەیی زەرەرت پێناگەیەنە. لە کەم ئەزموونی و ەەشنبیری ساکارم، یەکەم جار بوو دەستەواژەی ەەمانە شیعرم گوێ لێ بێت و ببیستم. ئەو کات من چەند ەەمانەکی کوردی و چەند ەەمانەکی وەرگەەدراوم بە کوردی خوێندبووەوە. دیارترینیان (شار)ی حوسێن عارف و (براکوژی) نیکەس کازانتزاکی بوو، کە عەبدولکەریم شێخانی کردبووی بە کوردی.
ساڵی 2012 دکتەر عەبدوەا ەەحمان کتێبێکی بەناونیشانی: (ەەمانە شیعر: مەژوو و سەرهەەدان) چاپ کرد. لەم کتێبەدا (زەوان) بە یەکەم ەەمانە شیعری کوردی دەستنیشان کراوە.

کە لەلای هەستام و بەەم تا دەرگای حەوشە لێگەەم هات و خانەدانانە بەەەی کردم و گوتی: (دیار بێ و قەتیش لێ دەرگا مەدە). دوای ماوەیەکی کورت ئەو ماەە بووە ماەە باوك و تا کەچی دوایی بەردەوام هاتوچووم کردووە. زووش گوتی: تێ دووەم ئەدیبی دەبیتە کوڕی ماڵ. یەکەم کوڕی ماڵ: (دەشاد مەریوانی)یە. ئەو کات شەهید نەکرابوو. گوتیشی: هەر کتێبکت پێویست لێ کتێبخانەکەمدا، پرسم پێ مەکە. بەس دوای گەەانەوەی لێ شوێنی خێی دایبنێوە و جێگەەکەی پێ مەکە. بە ماوەیەکی دوور و درێژ لەو ماەەدا هەموو چوارشەممان کەەی ئەدەبی دەبەسترا. چا و قاوە و جۆرەها شیرنەمەنیش ئامادە و پێشکەش دەکرا.

دوای خوێندنەوەی بابەتەکە ئامادەبووان گفتوگۆیان لەبارەی بابەتی پێشکەش کراو دەکرد. یەك لەو چوارشەممواندە بەخت یارم بوو، بە ئاوەی بچووننی من وەربگرێت، دوای کەەکە گوتی: چوارشەممەی داهاتوو سەباح دەقەك دەخوێنتەوە. بە هەموو کەەکانی داهاتوو، لەدوای کەەکان دەیپرسی چوارشەممەی داهاتوو نەرەی کێیە و کە ئامادەیە، ئامادەیی ئەدیبەکەی وەردەگرت، بەەام ئامادەیی منی وەرنەگرت و یەکسەر ەایگەیاند چوارشەممەی داهاتوو فەانە.

لە بەرگی حەفتەمی: (ەەژگاری من) لە لاپەەەی (212) ئاماژەی بەم کەەەی من داوە، لەدوای خوێندنەوەکە: (محەمەد موکری و سەباح شوان و فیکرەت عزەت) گفتوگۆیان لەبارەی شیعرەکەمەوە کرد، بەچوونەکانی سەباح شوان لەبارەی شیعری درێژەوە قووە و فرە زانیاری بوون. نەك بە من، بەەکو بە تەواوی ئامادەبووان.
هەر لەو ماەەدا چەند ئەدیبەکەم ناسی. وەکو باوکەکیش هەمیشە ەەنمایی ئەدەبی و ژیانی کردووم و سوودمەند بووینە لە

نمایەکانی. بەشێك لە ئەدەبی کلاسیکیم بە چاووونی ئەو و لە گای کتێبخانەی ئاوەڕ ناسی. لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، کە گەمارۆیەکی بکوژ لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو، خواردنی باش لە هەموو ماڵێك دەست نەدەکەوت. زۆرێك مەواندارى: (پیربال مەحموود) و منی کرد. خوانکی شاهانە خەمابوو. من کە خواردنکەم بینی پێم نەخورا و هاوسەر و منداڵکانم هاتنە پێش چاوم. وەك ئاوەی هەستی شەشەمی کاری کردبێت و پێی گوتبێت مەوانکەت لەم حاڵ و بارە لاسنگە دایە. لەسەر خوانکە هەستا و دوای ماوەیکی کورت هاتەوە گوتی: سەباح بە بنیادی بە ماڵەوەم نارد. ئاوەی لەسەر خوانکە بوو، بە زیادەوە بە منداڵکانمی ناردبوو.

دوای نان و چا و قاوە. دیوانی: (محەمەد سالح دیلان)ی هێنا و گوتی: هەر یەکەمان شیعرێکی ئاو شاعیرە بلیمەتە بخوێنینەوە. پێش ئاوەی ئەمە بچین، دیاربوو شیعرکانی دەستنیشان کردبوو. بۆە زانیم لە نوان هەر شیعرێکدا پارچە کاغەزێکی سپی دانابوو، خێی شیعری: (سلێمانی)، پیربال مەحموود شیعری: (بەختودی شاعیر). منیش شیعری (شێخ مەحموودی زیندوو).

بە پیربالی گوت: تە ئیلقات نەرم و بەهێز، بەڵام ئاو شیعرەت لەنگ خوێندەوە. ئای لە خوێندنەوەکەی منیش نەبوو، هەستم کرد ڕکخستنی ئەم دانیشتنەی بە ئاوە بوو توانایی دیلان بە من ئاشنا بکات. هەر لەم دانیشتنەدا بە باشی لەبارەی ئەزموونی: (ئەحمەد تاقانە و ئانوەر قادر محەمەد و فەرهاد شاکەلی) دوا، وەك شاعیر و وەك لەکەڵەر.
بە نووسینی: (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی داوای هەر دوو بەرگی چیرۆکەکانی: (محەمەد مەولوود مەم)ی لە کردم. گوتیشی خەم هەمە، بەڵام قوتابییەك بە کاری زانستی بردوونی و نیگەڵاندووەتەوە. ئەکەوتنەکە دەکەوتە 15/1/2001. ئەم ئەکەوتە منداڵکمان خودا بەخشی. بۆ هەیوە لە بەڕێنەکەم دوا کەوتم. 18/1/2001 کتێبەکانم بە برد. پێش ئاوەی بەخەرهاتنم بکات و کتێبەکانم لە وەرگرت. گوتی: تە بیرکردنەوە و هەڵکەوتی ئاوروپیانت هەیە و زەر باپەندی بە قسە و بەیاری خت، بە دوا کەوتی. منیش واقیعەکەم پێگوت و گوتم لەدوای سێ کێژان، کوەکمان لە دایك بوو، ئەمەیە هەی دواکەوتنەکەم. بزەیەکی شادمانی لە دەموچاوی گەڵا و پیرزبایی و سوپاسی خودای کرد. هەمان کات دایە (سەعدیە)سێ پاکەت شیرینی لە سوپەر مارکێتەکەی نزیك ماڵیان کەی و گوتی: لە جیاتی من لە کەڵانی خەتان، خت بەسەر منداڵانی دابەش بکە. ئەمە کوەزای منە.

خزنەداریش گوتی: باجی دواکەوتنەکەت ئەوەیە، من ناوی لە دەنێم، لەگەڵ ئەوەش بەچوونی خۆی زاڵ نەکرد، هەزامەندی من و هاوسەرەکەمی وەرگرت، ئینجا ناوی نا (یاد).

* * *

لە ژمارە (43)ی 18/9/1997 لە (برایەتی پاشکۆی ئەدەبی) برادەرێك نووسینێکی نووسی بەناونیشانی: (زۆقبوونەوەی خود لەناو وەهمەکدا). زیاتر لە پازدە نووسینی بەکوردی و عەرەبی بەدوا داهات و هەکەوتنەك لە نەوانیان پەیدا ببوو، لەم نووسینانەدا سەد و حەفتا و دوو قسەی ناقۆلا و ناشایستەیان پێگوتم. یەك لەو برادەرانە خەساڵەتی مرۆڤیشی لە ستاندبووموە وەك: (ئازا) دەستنیشانی کردبووم. منیش لە ژیانی ئەدەبیم هەکەوتی لەوە دەخشترم هەوبەوونبووتەوە. ئاستی لەم جارە و نزیك لەم جارە، بەرهەمی منیان بەدە نەبەت. ئەستاش ئاگادار لە شۆقام هەکەوتی ئەو برادەرە بکەم بە ویستی خۆم، لە هەزی ئەدەبی بگەردەوە خانەدێکی هەزامەندی دەمگرێت و دەخشی دەبم، ئەم ئاستانە بەرهەمی منیان بەدە نەبەت، خۆ ئەگەر بەرهەمی منیان بە دە بەت، دەبێ گومان لە توانایی ئەدەبی خۆم بکەم.

ئەم ئامانجەم تەنیا بە ئەوەدا، دوای ئەوەی قەولیتەی ئەم گەلەکەمەکییە نیشتەوە، 11/11/1997 خزنەدار تەلەفانی بە کردم نیوەڕۆ وەرە لای من نانك بخۆ. کە چووم دوو قوتابی قۆناخی دکتۆرای لا بوون، ناویان: (محەمەد) و (شنۆ) بوو. هەموو ئەو هەژنامانەی لەسەر یەك کەسەکە کردبوون، کە نووسینەکانی تەدا بەاوکرابوونەوە. وەك بە زمانەك، زمانی فەرمان گوتی: پەیاوەکانت لە پێ مەکەرەوە و بەڕە سەریان و بەرز هاوستە، منیش زەردخانەیەکی شەرمنم بە کرد و گوتم، ببوورە، گوتی: ئاخر هەمووی گەرەشۆنی ئەدەبی و جۆنن بە تە و ئەدەبی تە. گوتم: لەپاڵ جۆنەکانی ئەوان، بابەتی نووسرانی تری تەدا بەاوکراوەتەوە بە شکڵوە باسی ئەدەبی کوردی دەکەن. یەکپێ لە شۆنی خۆی هەستایەوە و دەستی لەسەر شانم دانا.

گوتی ئاوا بە گۆرەیی لە ئەدەب گەیشتووی بۆیە ئەو ..... ئاوا تووشی هیستریا بوونە. لەناو کتێبخانەکەیدا لەگەڵ کتێب، کاڵوپەڵی بەنرخ و دەگمەنی دانابوون. کووپەکی چای پێشکەش کردم، کە لە هووسیا لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە و وێنەی پووشکینی لە قەدی نەخش کرابوو، زیاتر لە چل ساڵ بوو پاراستبووی، گوتی: ئەمەش یەکێکە لە ئازاردراوەکانی سەر زەوی و تەش بەهەزبێ تا دەکوژرێی و ئازادانە

به دوای خەونەکانتدا بڕۆ.
پاشماوەیەك کەشیعری: (ووکەکانی خواوەند)م چاپ کرد. دانیەکم پشکەش کرد. تامانشایەکی ورد و هەڵگرتن و وەرگێڕانی کرد و گوتی: شیعرکان حەزی مرۆڤیان تەدایە و کاریگەرن. چەتری شەوازی ئەفسوونکاری بەسەر خوێنەرانیان هەدەدەن و بەرەو قووڵاییان دەبەن. تۆ شەرم لە جیهانی شیعری خێت دەکەی، بەڵام چاپکەی زۆر سادە و سەرەتاییە و خوێنەر هانادات بۆ خوێندنەوەی.

دوای ماوەیەك نووسینەکی نووسی بۆناونیشانی: (خەونی خودایی لە کەشیعری ووکەکانی خواوەند) دا، لە ژمارە (45)ی 5/3/2000ی گەڵاری (ئامان) بڵاوی کردەوە. لەگەڵ شیعری نوێ کەك نەبوو، لە گەڵاری (ئامان)، ژمارە (148)ی 5/9/2009 بابەتەکی نووسیوە بۆناونیشانی: (هەندێ بیرەوەری ڕۆژنامەگەری و من و ئامان) دان بەوە دادەنێ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نەکردووە لەبارەی شیعری نوێوە بنووسێت، چونکە تایبەتمەندێ لە شیعری کلاسیکی. لە وتارەکەیدا نووسیویەتی: (بەمجۆرە ئەو پارچە شیعرەی (سەباح ڕەنجدەر) کەوتە ناو ئەو چەند شیعرەی لاوانی سەردەم نووسیویانە و شیعرەکەم بەدە بوو).
* * *

سێزدە ساڵ و هەشت مانگ و یازدە ڕۆژ لە گەڵاری (ئامان)دا کارم کردووە. لە ژمارە (3) تا (153)، ئەو کاتەی کارکردنەم چ وەك تەمەن و چ وەك توانایی ئەدەبی دەبەتە قۆناخی گەشەی تەمەن و ئەدەب. یاداشتی ئەم ماوەیەم بە پەی نووسیوە و لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا چاپی دەکەم. (ئازاد عەبدولواحید) سەرنووسەری گەڵارەکە بوو، بەیانی: 10/10/2008 هاتە ژوورەکەم و گوتی: وەرە قاوەیەکم لەگەڵدا بخەرەوە. من ئەو پیاوەم قەت ئاوا بریندار نەبینیبوو. دەموچاوی تەواو نائاسایی بوو، لەناخەوە هەژا بوو، هەستی بە پیلان و غەدرەك لە من کردبوو. نموونەی داهێنرانی بە دەهێنامەوە چ تەو داوەکیان بە دانەدراوەتەوە، نموونەی: (بەدر شاکر سەیاب)ی دەهێنایەوە و دەیشی نەدەهێنا بابەتەکەم بە باس بکات.
بەردەوامیش دووبارەی دەکردەوە تە شاعیرەکی: (وتو وریای). گوتم چی بووە پەم بەڕە خە پلانی کوشتن نییە. بەڵەك ڕوون بووە و زانی لەسەرخەم و بەسەرخەم زاەم و لە هەزی چاوەکانمدا خاوەنی بەوام. گوتی: ئەویان کوشتنی ڕەحە. کەمێك کاغەزیشی لەسەر مێزەکەی دانا بوو، بە من دەدوا و تەماشایەکی کاغەزەکانی دەکرد و دەستی ناڕەزایی لەسەر دادەنان. بە چاوەك سەیری منی دەکرد، وەك ببینێ

پەرداخێك ژەهرم بۆ ئامادەكرا بێت و ئەو هەگبری بكات نەهێ
بیخەمەوە، یان دەرخواردم بدرێ. گوتی: مرۆڤێك، لەوانەیە برادەریشت
بوو بێت، زۆر كارامەیە لە كەمپیوتەر و ئیمەل دروستكردن.

بۆ هەشت ناوی جیا جیای نووسەران ئیمەڵی دروست كردووە و جوێن بە
خێت و ماڵ و منداڵت دەدا و بۆ ئیمەڵی گۆڤاری ئامانی ناردووە، وای
كردووە من بیبینم. گوتم: بمدەرێ با بیانخوێنمەوە. گوتی: دەم نایە
نێك خودا نەخواستێ جێتەی دە لێت بدا. گوتیشی هەموو كاغەزەكانم
لەبەریەكدا ئاگرتووە، وێك هەنووس و شەواز و وشە و فەرهەنگ و
زاراوە یێك كەس نووسیویەتی. خودایە دەبێ من چی بم و چیم كردبێت.
مرۆڤێك، هەنگە هەژگارێك برادەر و هاوكاریشم بوو بێت، هێ بۆ خۆی
بدا بۆ هەشت ئیمەڵی جیا جیا جوێنم پێ بدا و بوختانم بۆ هەبەستێ.
لە كاتێكدا لە ژیانی خەم نێك خراپەم لەگەڵ مرۆڤێك نەكردووە،
بەڵكو كشەم لە مشكیش نەكردووە، بەبێ دووەڵی هەمیشەش هەزی
نووسینی باشم گرتووە و ستایشم كردووە.

دەبێ ئاقی ئەو مرۆڤە لە چ پلەیەكدا كوڵا بێت، خودایە یارمەتی بدێ
تا ئازاری كەسێكی تر نەدات. ئەنجام دوای چەند ساڵێك پەم زانی
برادەرێكەم بە چاووونی برادەرێكی (شاعیر)م، كە من لە ژمارە
(32)ی گۆڤاری (ئامان)ی 5/2/1999 لە مەزگردێكدا بە ناونیشانی:
(كێشەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە ئەدەب و هونەردا). بە شاعیری
خاوەن هۆیا ناوم بردووە. نامەیەكی كراوەم بۆ ئەو برادەرە
شاعیرەم نووسیوە و لە نامەكەدا بەدار و بارتر بۆچوونی خەم
دەربیوە. پێش ئەوەی بۆاویشی بكەموە دەیدەم بە خۆی.
لە پەرەگرافێكی نامەكەدا نووسیومە: (ئەدەبی بێگەرد بە سروشتی خۆی
دوژمنی دیكتاتۆرانە و هۆنگ و هۆخسار و كرێكی واقیع دەستكاری
دەكات، بەڵام لە توانایدا نییە بیگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڵك و
كینەی ئازیزان وەرگۆڕێت بۆ خۆشەویستی).
دەمزانی خەزنەدار كاریگەری بەسەر ئازاد عەبدولواحیدەوە هەیە و
هەزی داوای یەكتری دەگرن. چووم لای و بابەتەكەم تێگەیاند، بەڵكو
كاغەزەكانم بۆ وەربگرێت. گوتی: بۆناوی خواستراوەوە جوێنیان پێ
داوی، گوتم بۆ؟. گوتی: هەر یێك ناوی خواستراو بۆ كاری ناڕوا
بەكاربهێنێت (نامەردە). نامەردیش خاوەن هەئی نییە، بۆیە داواكێت
جێبەجێ ناكەم. گوتیشی داهێنەر هەیە، هەڕەش تەماشای هێگا
درێژكان دەكات و هێبواران دەپارێزە. هەیانی هێگای درێژی
ئەدەبی كوردیش تێ دەپارێزن.

* * *

(دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن) شیعری: (سروودی باران)ی بەدر شاکر سەیابی وەرگێڕا بوو، لە ژمارە (93)ی گۆڤاری کاروان، ئاداری 1992 بڵاوی کردبووەوە. زۆر سەرسام بووم بە شیعرەکە و وەرگێڕانە بە گرە و گڵۆکەی. باسی ئەم وەرگێڕانەم بە کرد. ئەویش بە دووردرێژی تەکەڵاوبوون و تێژگاری خەی لەگەڵ سەیاب زۆر بەتاسە و لەدڵەوە گێڕایەوە. گوتم: ئەو زانیاریانە بە خوێنەری کورد زۆر گرینگ و پێویستە، پێشنیاز دەکەم بیاننووسیت. گوتی: لە سەردانی داهاتووت شتێك دەبینیت. کردی بە بیرکردنەوەی خەی و بە شێوازێکی پە زانیاری، درێژە بە بنەماکانی براەرایەتی دەدا و بابەتێکی نووسی بەناونیشانی: (من و گۆران و سەیاب). لە ژمارە (53)ی 5/11/2000ی گۆڤاری ئامان بڵاوکرایەوە.

* * *

22/11/2001 لە گفتوگۆیەکدا باسی: (محەمەد ساڵح دیلان)ی کرد، کە خاوەن تیاری شیعرییە، هەم داوام لە کرد ئەم هەست بە تیارە و بیرکردنەوە وەك نووسینەك تەمار بکات و ئەندازەی تیارەکە بە پێودانگی ئەندازیاریی بگەیەنێت. تێگەیشتنی خەی بە تیارەکە کرد بە بابەتێك بەناونیشانی: (شیعر). لە ژمارە (79)ی 5/1/2002ی گۆڤاری ئامان بڵاوکرایەوە.

* * *

17/8/1999(حوسێن عارف و خانم)ی خەزانی مەوانی بوون، لە گفتوگۆیەکان دیار بوو، بە چەند ڕۆژێك دەمانەوە. باسی چیرۆك، بابەتی دانیشتنەکە بوو. منیش لەم پرسی خە تێ لە قەناخی خەت چیرۆکنووسێکی باشی، بە لە لکۆینەوەی چیرۆکی کوردی وەك پێویست باست ناکرێ. گوتی: لایەنی لکۆینەوەم غەدری لە چیرۆکنووسیم کردووە. ئەگەر ئەوەندە بایەخم بە نووسینی لکۆینەوەی زانستی نەدابوایە. ئەوە وەك چیرۆکنووس، هەنگە چیرۆکنووسێکی باشیش باس دەکرام. گوتم: بە ئەم غەدر لەخۆکردنت وەك بابەتێك نانووسی بە خوێنەرانی ووون بکەیتەوە، بابەتێکی نووسی بەناونیشانی: (من و چیرۆکی کوردی). لە ژمارە (41)ی 5/11/1999ی گۆڤاری ئامان بڵاوکرایەوە.

* * *

6/8/2006 لە ماڵی خەزنەدار (دکتۆر دڵشاد عەلی) سەرنجی لەبارەی شیعرەکانی منەوە هەبوو، کە خاڵبەندی بەکارناهێنم و بە بشایەك

لە ئەزموونی منی دەزانی و منیش گوتم زانینم بۆ ئەم کارەم هەیە و لە ژمارە (50)ی 5/8/2000ی گۆڤاری ئامان قسەی خۆم لەم بارەیەوە کردووە.
(کەمێک حیکمەت و گیانی پەتی و بیر و مەودای ئەستێتیکم لە کۆلپوور و هۆشنبیری کوردی بۆ ماوەتەوە. نموونە: لە حەیراندا خاڵبەندی پەیوەندکراوە، سەربەند و ناوبەند و کرانەوەی دوا بەند هەیە. بە گۆگرتن و هۆشیاریەکی ئاستەقینەی ترپە و ئاواز، هەستی خاڵبەندی لای حەیراناس دروست دەبێت. هەروەها لە شیعری میللی کوردی و شیعری کلاسیکی خاڵبەندی پەیوەندکراوە. پەیوەندکردنی خاڵبەندی لای من نەزانین نییە. بگرە وەک مەبەست و هونەر گرانەوەیە بە هەستی سەرتایی کوردی و هەستایەتیی کۆلپوور.
لە سپێتی کاغەز و دابەشکردنی وێنەدا، هەست و نیشانەکانی خاڵبەندی لە ئاستەکانی دەربڕین لە خەیاڵ و زەینی خوێنەری خود وریا دەستنیشان دەکەم.
نموونە: هەستی بە کوڵ دەچێت. ئەم هەستە، ئەگەر نیشانەی پرسیار، یان سەرسوڕمانم بۆ دانا. ئەوە بگومان هەستەکە دەستنیشان دەکەم. پرسیار، یان سەرسوڕمان. ئەگەریش هیچ نیشانەیەکم بۆ دانەنا و بۆ کراوەیی هەشتمەوە لەم بار و بوارەدا هەستەکە دەبێتە هەستێکی ئاستدار و دەخگۆ و زەینی).
خەزنەدار پارێزگاری لە بۆچوونەکەی من کرد، منیش گوتم: با بۆچوونەکانت ببنە بەگژ و لەبەر دەستی خوێنەراندا بن: بە دوو ئەقڵ بۆچوونەکانی لە بارەی خاڵبەندییەوە تۆمار کرد.
1ـ خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە ژمارە (115)ی گۆڤاری (ئامان) 5/12/2006 بڵاوکراوەتەوە.
2ـ خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا، لە ژمارە (119)ی گۆڤاری (ئامان) 5/4/2007 بڵاوکراوەتەوە.

* * *

17/5/2009 ڕۆژێکی تەواو گەرم بوو، سەردانیم کرد. بینیم پەیکانی لەناو تەشتێکی نمیچە پڕ قوم دانا بوو، گوتم: ئەوە بۆ پەیکانت جووت کردووە و لەناو ئەو قومە گەرمە دەیانجوونێنیت. گوتی ناوە ناوە مەروولە دەکەن. ئەمە چارەی ئەم مەروولەیەیە.
فایلێکی پەمبەی لە تەنیشت خۆی دانا بوو، دایە دەستم، چیرۆکی: (سڤتلانە)ی تێدا بوو. گوتی: ئەم چیرۆکەم دوای چل و دوو ساڵ ئەمە لەناو دەستنووسەکانم دۆزیوەتەوە، ئەگەر بەدەست بوو لەگەڵ خۆتی ببە. خوێندمەوە و گوتم: جوانترین چیرۆکتە. بۆچوونەکەمی پێ لە جێی

خۆیدا نەبوو، گوتی تۆ، یان لە چیرۆك نازانی، یان چیرۆکی: (ئەمان کوردی و بووکشووشە و دە و نۆت) نەخوێندووەتەوە. هەستم بە ناڕەزایيەك کرد. لە ماڵی خۆی قەت دڵی مەوانی نەدەشکاند. هەستا و منی بەجێهێشت و چووە ناو کتێبخانەکەی. زانیم نیشانەی ناڕازیبوونەیە. لە فایلەکەدا شیعرێکی: (دکتۆر ئیحسان فوئاد)یشی تێدابوو، شیعرەکەم لەسەر ئەسکەمبیلەکەدا دانا و چیرۆکێکم هەڵگرت و هێشتم، دەم دەیگوت بووەتە تووڕەگەی بزمار. بەیانی چیرۆکێکم بردە گۆڤاری (ئامان). لە ژمارە (145)ی 5/6/2009 دا بڵاوکرایەوە. هەمان ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: دایکت خواردنی تایبەتی ئامادەکردووە. وەرە ئێرە نانێك بخۆ. نانەکەم خوارد و نە ئێو دەنگ و نە مەن دەنگ، کە چیرۆکەکە بڵاوکرایەوە لەناو خوێنەران دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، بۆ زۆردەخنەیەکەوە گوتی: پێدەچی بۆچوونەکەت ڕاست بوو بۆ.

* * *

لە 5/6/1999 کتێبی: (ئەلەکساندەر پووشکین: گۆشتێك بۆ ئۆرزەم)ی پێشکەش کردم. کتێبەکە هێشتان لە نێوان دەستی ئێو و مندا بوو، وەرم نەگرتبووە. بە زمانێکی نیمچە دەهاوکە ئامێز لێی پرسیم: شیعر چییە. منیش گوتم: (ئۆگەر دەمزانی چییە، نەمدەنووسی). کتێبەکەی دایە دەستم و گوتی: (جوانترین پێناسەیە لە هەموو زمانانی دنیا).

کانوونی یەکەمی 2018 هەولێر

ڕەمانی (بازنەی بارکۆتووان) … عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

ناکرێ هەموو نووسینێك لەبارەی چۆسانەوە و برستی و زۆرلێکردنی سێکسی و سێکس و تاوانی گەندەڵی و باوکایەتی . بە ئادەب دابنێین، واقیعیەت هەرگیز ئاوە نییە، کە بە وردی وێنەی واقیع بگریت، بەڵکو شێوازی تەعبیرکردنێکی ئادەبییانەیە لە ناشیرینی ژیان و ناشیرینی مەرجە کۆمەڵایەتییەکان. بە مانایەکی دیکە ئادەب تەعبیرکردنێکی ناشیرینانەیە لە خودی ناشیرینی، بەرانبەر ئاوەش ڕووکارئامێزی و

راستەوخۆی لە دەربەندا یەکێکە لە خەستەکانی ئەدەبی ناشیرین!

(1)

قسە لە بارەی دەسپێکی پڕ لە ئیشکالی ڕەمانی (بازنەی بار کەوتووان)ی (محەمەد کەریم نانەوا) ناکەم، بەڵکو قسە لە گێڕانەوە و بنەمای گێڕانەوە و ڕووداو و زەمەن دەکەم. گێڕانەوە گرنگی بە خستنەڕووی ڕووداوەکان دەدات و کار لە سەر بەرەوپێشچوونی (زەمەنی ڕووداو) و (زەمەنی گێڕانەوە) و (زەمەنی خوێندنەوە) دەکات، بە دیوەکەی دیکە گێڕانەوە زەمەنێك ڕەدەنەست، کە ئێستای دڕ ئەو زەمەنەیە. هەتا ئێرە ئەو نەخشەیە و هەڵی نیازخوازی نوسەر زەر بە جوانی لە ڕەمانی ناوبراودا دەبینرێت!

لەو ڕەمانەدا دەشە گێڕانەوە و گرنگی گێڕانەوە تەرجەمەی دەستەواژەی کوردانەی لە (پێکا بووە کوێك) و وەك لە دڕقەکەشدا بەو شێوەیە هاتووە (بەوخە ئیستعمار. لە هەرا کەشاندا بام لە هەمووان بەی بوو، بازام گەرم و بە هەمەن بوو، لە نەعرەتەم دەدا، دەمنێاند، لە دەی خەمدا دەمگووت: وێڵاهی ئەو ئیستعمارە ملحیزە لە هەر کوێیك بە گوێی لە نەعرەتەی بەندە بە، بەگومان بە خەیدا دەمیزە. ل11-12) و بەرەوپێشچوونی زەمەنی گێڕانەوەش لە (هەتا من گەنج بووم)، وەك لە دڕقەکەشدا هاتووە (ئیدی ئەوەی لە شەوانی شەوکاریی بە زەبری تەك پێدام کردبوو لە تاترخانەدا. ل89-90) هەڵبگرینەوە! بەڵام زەمەنی خوێندنەوە، زەمەنی ئەو زمانە ساتیرئامێزەیە، کە لە دەستەواژەی (پیری و هەزار عەیبە)دا خوێنەران بە خەی ڕادەکێشە.

بە شێوەیەکی دیکە ئەوەی لەو چەند وشەیەدا مەبەستمە، هەر تەنها دیاری کردنی چەمکی سەکسیانەی (هەسان/ گەیشتن/ کپ بوون) نیە. بەڵکو تەماشاکردنەکی ڕەشبینانە و وێبیرهێنانەوەی مەژووی شکستە گەورەکانی دەساتی کوردیە، کە نوسەر لە ڕووی هونەرییەوە لە ڕەگای گێڕانەوەی چەمکی (ڕابردوو) بە ڕاناوی بزر هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدات، واتە تەرجەمەکردنی ڕەشبردنەوەی مەژووی کوردی، ڕەشچوونەوەی واقیعی بینراویش دەگێڕنەت، بەو مانایەش تەعبیر لە خودی ناشیرینی دەکات!! بەڵام تەواوی ئەو زەمەنە کەشف نەکراوە و خیاڵە کەشف نەکراوەش فەرامەش دەکات و دەیخاتە دواوە، کە خەکانەکی جیاواز خوێنی پێوە دەبینین، دەشە لە ڕووی هونەرییەوە لە ڕەگای ڕاناوی قسەکەر و دید و خیاڵی جیاواز و گەشبینەوە بەرجەستەی بکەین. کەواتە نوسەر هەوڵی داوە کەی بینراو

و پانتایی ئەو رەمانە لە سەر وەبیرهێنانەوەی مەژووییی شکستکانی کوردی بخولێنەتەوە.

بە کورتی ئامانجی نوسەر وەبیرهێنانەوە و هێنانی شکستە گەورەکانی کوردیە؟! وەك دەزانین بە درێژایی مەژووی دەسەاتی سیاسی کوردی، زەمەنی شکستە گەورەکان پانتاییەکی گەورەی لە خەیاڵدانی تاکی کوردی داگیر کردووە و وەك چۆن پانتاییەکی گەورەی لەو رەمانەدا بە خەی بردووە، بەو مانایەش (زەمەنی شکستە گەورەکانی نەو رەمانی ناوبراو) هەر تەنها دەلالەت لە زەمەنی دەسەاتی بینراوی سیاسی کوردی ناکات، بەکو تەکەە بە مەژووی شکستە گەورەکانی دەسەاتی سیاسی کوردی دەبەتەوە! ئەوەش وەك بنەمای خوێندنەوەی ئەو رەمانە لە رێنگدانەوەی فیکرەی (قەرداری رابردوو) و (چەمکی هەنووکەیی) دەنەخشێنین و وەك هونەری نواندن دەتوانین لە سەر ئاوێتەبوونی (مەژوو) و (ساتی نوسین) هەیگرینەوە. بەام ئەگەر فیکرەی (ئەمە قەرداری رابردووین) بکەوێتە بەر رەخنەی سەردەمەوە، بەوەی کە خەك سەزی بە گەانەوە گەورەکان نەماوە، وەك لای (لیوتار) دەبینرێت، ئەوە فیکرەی هەنووکەیی کە لای (هایدگەر) لە سەر تەگەیشتنی خود و خودە جیاوازەکان دامەزراوە و بەرەو گشتگیری دەبەتەوە!!

لەو خوێندنەوەیەدا دەشە رێنگدانەوەی گوتاری فیکرەی قەرداری رابردوو وەك بنەمای گەانەوە بنەخشێنین و زەمەنی رووداوەکانی گەانەوەش لە چەمکی هەنووکەییدا بەرجەستە بکەین! دەمەوە بەم نوسەر مەژووی نێتەوەیەك بیر دەخاتەوە و ئاوێتەی زەمەنی بە دوایەکداهاتووی (هەسان/ گەیشتن/ کپ بوون)ی رووداوە واقیعییەکانی نەو رەمانکەی دەکات، لەلایەکی دیکەش لە رووی هونەرییەوە بنەمای گەانەوە بە راناوی بزر تەکەە بە واقیعی بینراو دەبەتەوە. بەوەش ئاوێتەبوونی بنەمای گوتاری گەانەوە و زەمەنی رووداوە واقیعییەکانی گەانەوە وەك بەرەی پشتی رەمانکە خەیان دەنوێنێ. بەگومان هیچ رەمانەك بە کاراکتەر نییە، کاراکتەری سەرەکی محەمەد کەریم نانەوا لە پەکا دەبەتە کوەك، دەچێتە نەو خەپشاندانەکی دژ بە ئیستعمار هەدەسە و وەك پاەوانەکی لەخە بردوو دووچاری بەندینخانە دەبەت، ئەو هەسان و رووداوە ئەگەرچی لە رووییەك لە رووکان ئەکتەری بە توانا (شارلی شاپلن)مان بیر دەخاتەوە ئەو کاتەی لە هەاتنەکدا دەکەوێتە پەش خەپشاندان و دەبەتە پەشەوای ئەو خەپشاندانە، لەلایەکی دیکی دەمانباتەوە بە کاراکتەری سەرەکی رەمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد)…

بە قسەی بەشکی زۆر لە رەخنەگرانی ئەدەبی (زەمەن) لە رەماندا ناوەندە و بەبێ زەمەن رەمان رەنانرێ! واتە رەمان ناتوانێ خۆی لە بەشایی و چواچێوەی زەمانی دەرباز بکات، چونکە زەمەن ئەو پێکهاتەیە کە رەمانی لە سەر دادەمەزرێ، لە رەمانی بازنەی بار کەوتووانداوو جۆر لە زەمەن دەبینرێت: زەمەنێك کە لە زنجیرە رووداوەکانی (هەڵسان/ گێشتن/ کپ بوون) بەرجەستە دەبێت! ئەو زەمەنە هەمیشە پرسیاری ئەوەمان لا دروست دەکات، کە دواتر چی رووددات؟ کاراکتەرەکان بە هەڵگری رووداوەکانی ئەو زەمەنە دەنێ ژماردن! بەرانبەر ئەوەش زەمەنێك هەیە، کە تەواو پێگەیوو و کەتاییدارە، زەمەنێك کە ئەمە قەرداری ئەوین! نوسەر ئاماژەکردنی زەمانی دووەم بە مەژووی شکستەکانی کوردیەوە پێوەست دەکات، چونکە پێیوایە زەمانی شکستەکان رەگای دروستی نوسین بە نوسەر و گێشتن بە پلەی (ناشیرینی)ی نیشانی خوێنەر دەدات، بۆیە لە داشتنی هەموو رەگەزەکانی گێڕانەوەدا هەمیشە خۆی بە قەرداری ئەو رابردووە دەزانێت و بە شێوەیەکی دیار (وەك گوتار) هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدات.

بە گشتی لە زەمانی رەماندا پێویستە رەگەزە گرنگەکانی گێڕانەوە بەرجەستە بکرێت، دەمەوە بەم دەبە زەمانی (گێڕانەوە) و زەمانی (گوتار) لە یەك جیا بکرێتەوە، واتە پێویستە زەمانی رووداوەکانی گێڕانەوە بە رەگای کردەیی و بە پێی سیستمی سروشتی دەرکی دابژرێت. لە بیریشمان نەچێ زەمانی گوتار، زەمانی خودی رووداوەکان دەگەیەنێت. زەمانی گوتار زەمانێکی خەتییە، گوتار رەکخستنی بەندە بە رەکخستنەکی بە دوایەکدا هاتوو، کە یەکەك لە پاش ئەویدیکەوە دێت! بەڵام زەمانی گێڕانەوە زەمانێکی فرە رەهەندە.

نوسەر لە رەمانی بازنەی بار کەوتووانداوە فیکرەی قەرداری رابردوو و چەمکی هەنووکەیی ئاوێتەی یەکتر دەکات، واتە زەمانی گێڕانەوە و زەمانی گوتار تەکەڵ بە یەك دەبێت و ناشیرینی رابردوو و ناشیرینی هەنووکە بە یەك دەگەنەوە!
دواجار زەمانی گێڕانەوە بە بە رەگەزی شوێن بوونی نییە و رەنگدانەوەی نابینرێت، کەچی هەمیشە زەمانی گوتار دەکەوێتە دەرەوەی زەمانەوە! کەواتە زەمانی گێڕانەوە، زەمانی رووداوەکانی گێڕانەوەیە و لە پێوەندی بە کەسێتیەکانەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەو مانایەش مادەی گێڕانەوە لە شوێدا پێش گوتار دەکەوێت، بەڵام زەمانی گوتار زەمانی گێڕانەوەیە، کە دەکەوێتە پاش گێڕانەوەی

دانەر و لێگەڕ بەچوونی گوتاری جیاواز و لە ڕێگای موفارەقەی زەمانییەوە بە پەی پاش و پێش خستنی زنجیرەی ڕووداوەکان ڕەخنەت، واتە زەمانی گوتار زەمانی گێڕانەوەیە، دوای ئەوەی لە دووتوێی گوتاردا مەرونە دەکرێت، یان دەچەسپێنرێ. دواجاریش زەمان و شوێن بە هەردووکیان فەزای ڕەمان پێکدەهێنن.

(3)

هەبەتە نوسین بە پلەی یەکەم زمانییە، دەقی ڕەمان خەی لە نەوان گێڕانەوە و وەسف و دیالۆگدا دەبینێتەوە، لێگەڕ ئەوەشدا ناشێ تەنها بەو شێوە سادەیە سەیری زمان بکەین، کە هەر فیکرێیە و لە ڕێگای وشەوە بە ئەویدیکە دەگات، چونکە دەشێ بەبێ وشەش بەوا بە هەندێ شت بهێنین بە نموونە برسێتی یان هەستکردن...
لەڕەدا وەڵامی پرسیاری زمان چێن بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، ئەوە نییە کە لە ڕێگای نواندنەوە بە ئەنجام دەگات، بەڵکو ئەوەیە کە زمان بە هەی داهێنانەوە بە واقیعەوە دەلکێ، ئەو پەیوەستبوونەش عەقڵی داهێنەرانە بەسەر دەنگ و ئاماژەدا دەیسەپێنێ! هەر لە سەر ئەو بنەمایەش کەدی تێگەیشتنی مانای داهێنەرانە، ئەوەیە کە فیکری داهێنەرانەی گەڵەوە بە وشە و ئاماژە و ڕەمزی داهێنەرانەدا بگەێت.

لە ڕەمانی بازنەی بار کەوتووان سەرەتای هەی زمانەوانی و دەستەواژەی دووبارە و مانای دووبارەکراوە و هەی ڕێنووس و خاڵبەندی. کاراکتەری سەرەکی نیازی خەی لە زمانەکی (سوار)دا دەسەپێنێ، لەپاڵ ئەوەشدا ئەو نیازە تەقلیدییەش دەخاتە ڕوو، کە لە وشەکان و ڕستەکانی نەو زمانی بەجەماو " ڕابردوو"دا هەیە. بەمجۆرەش کردەیەکی نیازئامێز لە ڕێگای وشەی دووبارەکراو و دەستەواژەی نەریتگەرا و پەراوێزئامێزدا بە ریتمەکی سوار دادەڕژێ و کەی ئەو تێگەیشتنە سوارەش بە پەبووونی مەژوو بەند دەکات، سەرەتای هەموو ئەوانەش ئەوەی خوێنەر بەو ڕەمانەوە دەبەستێتەوە، تەنها ریتمی سوار نییە، بەڵکو لەیەك جەرەکە لە زمانی تەنزئامێز، کە سەرکەوتووانە کاری پێکراوە، لەیەکی دیکەش تەعبیرکردنەکی ناشیرینانەیە لە خودی ناشیرینی.

دواجار ئەو ڕەمانە مەرجی تێربوونی (قەردی ڕابردوو) وەك گوتارەکی نیازخوازانە بە واقیعی هەنووکەیی دەفرۆشتەوە! لەڕەدا دەکەوینە نەوان دوو مەرجی تێربوونی زمان. یەکەم مەرجی تێربوونی قەردی ڕابردوو، دووەم مەرجی تێربوونی چەمکی هەنووکەیی. بەڵام دەقی داهێنەرانە ئەوەیە کە مەرجی تێربوونی داهێنان بەسەر مەرجەکانی

تەربووندا بسەپێنێت.

ئوتێل سندباد ... دڵشاد عەبدوڵا

هەموو ئێوارەیەک بەبەردەمی تەدەپڕیم
هەتا ملم توانای سووڕانەوەی هەبوو ئاوڕم لێ دەداوە.
ئوتێلێک لە سەر شەقامێکی لاچەپی شارێکی بچووک،
وەک سیمرخ نیشتبوو.

چاوم دەچووە سەر پەنجەرەی ژوورەکانی
ئاسنی ژەنگاوی کەتیبە و پەردەی کەنی خەت خەتی سووری پان،
ئاماژەن بە گوێندان بە زەوق و کەشخەیی.

گوڵم هەڵدەخست بە بەدەنگی نیشتەنیەکانی
هەندەکیانم دەدی بە بەجامەی خەت خەتەوە، نازانم بە هەمیشە
دەنگیان شین بوو!
دەنگی هەڵبژاردەی غەریبەکان شینە، وا تەدەگەیشتم.

نە هەژەک کەسەکم بینی لە ئوتێمبیل دابەزێ و بچێتە ژوورەوە
نە خزمەتچییەکم بینی جانتا بە کەسەک هەڵگرێ
ئەوەی لەوە دەژیا، هەندەکیان نەفەری دائمی بوون
هەندەکی تر بە هەژەک، یان دووان دەمانەوە.

ئەوانەی لەوێن دەیانناسم! لانیکەم مەزەندەم وابوو
سەرنشینی کەشتیەکی تەکشکاوی ناوەڕاستی دەریا چ پەیوەست بە ناسینەوە؟
یەکیان بەسەر تەختەیەکی بچووکەوە بەرەو کەنار دەچێ
یەکیان بە هەڵداوان دەست هادەشەقانێنێ
ئەوانی تر لە شەپۆلدا نغرۆ دەبن.

دوورگەیەک بوو ئەو سندبادە لە ئاوی بە پایانی خەونم.
شەپۆلی ساڵەکان هەتا هات دووری خستبووە
نە کەشتی گەیشت نە ئەوانەی سەفەریان کرد هاتنەوە.

مەژووی شارەکان ئەو کەسانە دروستی دەکەن،
کە جانتایان لەسەر کەنتەرەکان بە شەوەی کاتیی داناوە!

ژیان خۆنکە لە ئوتتەلەکدا دەبینی.

منیش حەزم دەکرد، زەریشم حەز دەکرد … زاهیر باهیر

لەو پەستانەی کە لە فەیسبوك دایاندەبەزینم سەبارەت بە کرێکاران و بزوتنەوەکەیان و هەندێك بۆگە و ئاگەیاندنی مارکس ، زۆرێك لە هاوڕێ و برادەرکانم لەبری ئەوەی وەڵامەکی کەتوارانم بە بۆگەوە، نێك لە بۆگەی کتێبەکەناوە بەدەنەوە ، دەن بەوەی کە خەیان دەیانەوێت تاوانبارم دەکەن.
ئەوان ئەوە تێناگەن کە منیش وەکو ئەوان دەسەزی کرێکاران و چەوساوەکان و بزوتنەوەکەیانم ، بەڵام دوی واقیع کەوتوم و دەکەوم لە بینینی شتەکانا، نێك عەودالی حەز و خەیاڵی خەم و بۆگەی ناو کتێبەکان . بە ئەمەش لەڕدا دەڕم:
• منیش حەزم دەکرد چینی کریکاران و بزوتنەوەکەیان وەکو ئەوە وابوایە کە مارکس باسی کردون ، بەڵام بە داخەوم کە لە واقیعدا ئەوە نابینم.
• منیش حەزم دەکرد کە ئەوە ڕاستبوایە کە کرێکاران چینێکی یەکگرتوون و ئامادەگی شەشیان تیادایە. چینی کرێکاران گەڕانکاریەکی گەورەی لە سەردەمی مارکس- وە بەسەردا هاتوە . لە سەردەمی ئەواندا کرێکاران چینێك، توژاڵێکی چیانیەتی بوون ، هەل و مەرجی کارکردنیان وەك یەك بوو ، تا ڕادەیەك مووچەیان، مافەکانیشیان لە کارگەیەکد وەك یەك بوو . بەڵام ئیستا کرێکاران هەر لە خودی کەمپانیایەکدا دابەشکراون لانی کەم بەسەر ئەم بەشانەدا: کرێکاران بەرهەمهێن، ئای تی ، پارێزگاری تەکنیکەی ماشینەکان، بەشی هەڵگرتن و گەیاندن بەدووی بازاڕا، بەشی ساخکردنەوەی کاڵا،حەرەس و پاکەرەوەی بینا و ناو کەمپانیاکە، بەشی مامەڵەکردن لە تەك خەڵك تەنها لە ڕێگای تەلەفونەوە، بەشی پەست و گەیاندنی بەرهەمەکان بە شوێنی خەیان، بەشی ئەدمین …. هەر یەك لەمانە هەلومەرجی کارکردنیان جیاوازە هەر بۆ شۆیەش موچە و مافەکانی دیکەیان جیاوازە … لانی کەمیش دابەشبوون بەسەر 3 تا 4 نقابەدا…. ئەمانە هەمووی وایان کردووە کە کرێکارانی تەنها کەمپانیایەکیش،

شارەوانییەك [کەلە شارەوانییەکانا کرێکاران دابەش بوون بەسەر زیاتر لە 10 بەشدا] زۆر زەحمەتە بتوانن بە یەکەوە مانگرتنەك ئەنجام بدەن من خۆم بە درێژایی 23 ساڵ جەند جارێك ئەمم بینیوە… ئیدی لەوە گەڕێ کە کرێکارانی شارێك یا چەند کەمپانیایەك بەیەکەوە چالاکییەك ئەنجبخەن.

• منیش حەزم دەکرد کە هەموو خەڵك کرێکاران بوونایە ، بەڵام بە داخەوە کە وا نییە چونکە لە نەوانی کرێکاران و بەڕێوەبەرەکان و دەستبژێر و پیاوانی دەوڵەتا چەندەها تۆژاڵی دیکە هەن، وەکو: بە کاران ، خانەنشینکراون ، قوتابی ، کەمئەندام و خاوەنپەداویستی تایبەتی ، ئەوانەی لەسەر سەشیالن، پەڵەماناڕەکان ، دکتەر و هاوڕێکاری تەندروستی و پارەزەرە گەورەکان، کاسبکاران ، میدە مەنیجەر [بەڕێوبەرە ناوەنجییەکان] ، ئەوانەی کە لە بەرسەکانا کار دەکەن ، یاخود لە بانقەکانا بەڕێوە بەرایەکی باش زۆری تر کە ئەمانە ژمارەیان زۆر زیاترە لە ژمارەی کرێکاران . بە ئاگاداریت ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی لە بریتانیادا بە گوێرەی هاپەرتەکەی نقابەی مەرکەزی ئەمە، 12/12/18 تەنها 2.6 ملیەن کرێکاران ، کە دەیەك لەمەوبەر دووقات بوون . ئەوانەی کە دەڵێن کە کرێکاران بەشی هەرە زۆرینەی کەمەڵی وڵاتان پێکدەهێنن بە بەڵگە و لە خەشویستیانەوە بە کرێکاران قسە دەکەن . منیکیش کە بە بەڵگەو ئامارەوە قسە دەکەم هەقم لە کرێکارە و دووژمنی کرێکارانم و دژایەتی مارکس دەکەم…

• منیش حەزم دەکرد کە بزوتنەوەی کرێکاران لە ئان و دەقەی بنیاتنانی کەمەڵی سەشیالیستی دا بوایە بەڵام بە داخەوە کە دەڵێم بزوتنەوەی کرێکاران لەو پەڵی پاشکەش و تەشکاندایە . لە سەرەتای 80 کانەوە تا ئێستا لە پاشکەشدایە و نێك هەر نەیتوانیوە لە هیچ شوێنکی ئەم دونیایەدا شتێکی نوێ بەدەستبهێنێت بەڵکو زەربەی ئەوانەشی کە بەدەستهاتبوو لەیان سەنرایەوە. بە واتایەکی دیکە جەنگی کرێکاران چەند دەیەکە، تەنها جەنگی بەرگرییە نێك هەڵشبردن.

• منیش حەزم دەکرد وەکو مارکس وتویەتی کە کرێکارن لە حیزبی خەیانا خەیان هەڵبخستایە ، بەڵام لە هاستیدا هەڵکخراوی سروشتی کرێکاران حیزب و هەڵکخراوی سیاسی نییە بەڵکو نقابەیە ، واقیع پەمان دەڵێت کە خەباتی کرێکاران خەباتی ئابووریانەیە نە سیاسیانەو نە دەسەڵات . ئەوەی کە کەمەڵی سەشیالیسی دەخوازێت و دەیەوێت بزوتنەوەی کرێکاران فەزای ئابووریی تێپەڕنن و ببنە

چینەکی سیاسی و دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دروست بکەن، ئەنە توخمە چەپ و کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانە لەناو کرێکارانا ، نەك خودی چینی کرێکاران.
• منیش حەزم دەکرد کە ئەزمەکەی ئێستاو پێشتریش ئەزمەی سەرمایداریی بوایە ، بەڵام بە داخەوە ئەزمەی ئەمەیە ، خەڵکە ، جەماوەر . من ئەمەم بە وتار و بە پێست بە ئامارەوە ەونکردەتەوە.

زاهیر باهیر – لەندەن
13/12/2018

سارتە چوە ناو مژووی نەبەڵەوکاتەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی ەتکردەوە ... وەرگێر و ئامەدەکار/حەمە هیوا

ژان پۆڵ سارتەر بوە بەنۆوبانگترین ئەوکەسانەی کە خەڵاتی نۆبێیان پێ بەخشرا، بەڵام ەتی کردەوە وەری بگرێت.
لە ڕۆکەوتی 22/10/1964 کاتێك سارتەر لە نیوەڕۆدا نانی لە چێشتخانەیەکی نزیك ماڵی خێیدا دەخوارد،ڕۆژنامەنووس(فرانسواز دە کۆزیە) کە لە ئاژانسی فرانسپرێس،وەك ڕۆژنامەنوسێك کاری دەکرد.بە ژان پۆڵ سارتەری ڕاگەیاند کە خەڵاتی نۆبێی پێ بەخشراوە.
سارتەر بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە:من ئەو خەڵاتە ەت دەکەمەوە،لەبەر چەندین هۆکار کە بە ڕۆژنامەکانی سویدی ڕادەگەیەنم.
وادیاربوو کە ئەم هەواڵە لە لایەن لێژنەی ئامەدەکاری خەڵاتی نۆبێ لە ستۆکهۆڵم،لە سوید،هیچ نائاسایی نەبوو بە لای سارتەرەوە،وە هیچ هەست و سۆزی نەجوڵاند،بەڵام لە نۆو شەقامی فەرەنسادا گەورەترین دەنگدانەوەی هەبوو،لەبەرەوەی یەکەمین کەس بوو لە مژوودا وەرگرتنی ئەم خەڵاتە جیهانییە ەت بکاتەوە.

(ئەندرێ گیفێ) کە شارەزایە لە فەلسەفەی سارتەر بە ئاژانسی فرانس

پرسی فەنسی ڕاگەیاند: دوو هێکار بوون کە وای کردوە سارتەر ئەو خەاتە ەت بکاتەوە.
یەکەم:سارتەر لەوە دەترسا کە وەرگرتنی ئەم خەاتە وەك ئەوە وایە بە زیندوویی بخرێتە ژێر خەەوەو لەو پەگرام و ەبازەی خێ لابدات و ئەم خەاتە وەك ماچێکی مەرگ وابێت
دوهەم:وەرنەگرتنی خەاتەکە لە لایەن سارتەرەوە بێ ئەوە دەگەەتەوە،کە سارتەر هەمیشە دژی ئەو دامەزراوانە بوە،کە ئەم خەاتەیان بەخشیوە.
ژان پە سارتەر دامەزراوەکانی وەك هێکاری مردن لە قەەم دەدا،تاوەوکو ئستا وەرنەگرتنی ئەو خەاتە لە لایەن ژان پە سارتەر بوە بە مشتومەکی گەورە،چونکە زێر کەس پێیان وایە وەرنەگرتنی ئەم خەاتە دەگەەتەوە بێ ئەوەی کە سارتەر لە ەباز و باوەی خێ لاینەداوە.
هەندکیتر پێیان وایە سارتەر لەبەر شانازی کردن بە خێیەوە ئەم خەاتەی وەرنەگرتووە،لە کاتکدا گەورە بیرمەند و ئەدیب(ئالبێرت کامێ)ئەو خەاتەی وەرگرتوە و لە ەبازی خێیشی لاینەداوە.

جووجەکانی نێنکم ... محەمەد بێرزی

ئەو ساەی لانێ و خزانکەی گێشتنێ ئەمریکا ، لانێ تەمانی حەوت ساەان بوو . لەگە ئەوەشدا کاتکەی دوای نیوەی ساێ بوو ، بەەام لە پەلی دووی بنەەتی وەرگیرا و لە ێیزی پێشی پشەوەش دانیشت . خوەندکارەکان دێیانزانی لانێ زمانی ئینگلیزی نازانێت ، هەر بۆیە زێر بە دەوروخولیا دەهاتن و زێریش یارمەتییان دەدا و یارییان لە گەەدا دەکرد و بە دێیش خێشیاندەویست . لانێش ئەوانی خێشدەویست و هەر زوو بە زوو لەگە چەند خوەندکاریکدا بوو بە هاوە و لە ناو هەموو شیاندا (لیندا) ی زێر خێشدەویست و بوون بە دوو هاوێ گیانی بە گیانی ، جا چونکە ماەکانیشیان لە یەکەوە نزیکبوو ، زوو زوو سەردانی یەکتریاندەکرد . دایکی لیندا لانێی خێشدەویست و ژنکی زێر میهرەبانبوو ، سگکی پچکۆلەی تووکنی زەرد و پشیلێکی ەشوسپی و چوار جووجەی وردی زێر جوان و نەرمە و

پاکی هەبوو ، کە دەتوت تەپی لەکە و ئاوریشمن . ئەژکیان لانە هاتەوە بە ماڵەوە و زۆر لەسەرخۆ بە باوکی وت : (باشە بابە گیان ئەوە بەچی جووجەکانی ماڵی لێندا لەگەڵ سەگ و پشیلەکەیاندا یاری دەکەن ، جار جارەکیش بە جووکەوە دەنوک لە دەموچاو و کلکی سەگ و پشیلەکە دەگرن و لە سەر ورگیان هەڵدەپەڕن و دەچنە ناو باخەڵیانەوە ، کەچی نە سەگەکە بێزار دەبێ و نە پشیلەکەش تووڕە دەبێت و نە ئازاری جووجەکانیش دەدەن ؟ .

ئەی باشە ئەوە بەچی لە سلەمانی و لە خانووەکەی ماڵی نەنکمدا پشیلەکان لە دوو ئەژدا هەر شەش جووجەکانی نەنکمیان خوارد و من و نەنکم و هەموومانیان غەمبارکرد ؟) . لە وەڵامدا باوکی وتی : (ئەی لە بیرتە تە و نەنکت چەن بەردتان دەگرتە پشیلەکان و بە دارەوە هاوتان دەنان ؟ . ئەی لە بیرتە چەند بەرامبەریان دەڕەق بووین و کەسمان پشیلەکانمان خۆش نەدەویست و تەنها جارەکیش پارچە نانە ئەقڵەک و چەند ئاوکەمان نەخستە بەردەمیان . لە سەرما و گەرماش نەماندەپاراستن ؟ . ئەمە وەک لێندا و دایکی ئەوانمان خۆش نەدەویست ، ئەوانیش ئەمەیان خۆشنەدەویست ، هەر بۆیە لە برساندا جووجەکانی نەنکتیان دەخوارد) . پاشان لانە زۆر لەسەرخۆ وتی : (ئەی باشە خۆ تۆش ئەژکیان لە بەرچاوی من بەردەکی گەورەت گرتە پشیلە سپیيە چاو جوانەکە و بەر تەوقی سەری کەوت و لە تاو ئازار لە حەوشەکەی ماڵی نەنکمدا بە دەوری خۆیدا دەتلایەوە و ئەوەندەی نەمابوو بمرێت ؟!) .

لانە ڕاستیدەکرد ، بۆیە باوکی بەم قسەیە بە تەواوی پشکا و لە تەریقیدا دەنگی لەوە نەهات و نەیدەزانی چەن چەنی وەڵامی لانە بداتەوە . پاش تەزەک باوکی بە شەرمەوە ڕوویکردە لانە و وتە : (لانە گیان تە ڕاستدەکەیت و لەو ڕەفتارەم پشیمانم ، ئەمە لە سلەمانی هەموومان هەر بووین ، جا ئەگەر ئەمەش وەک لێندا و دایکی دەنەرم و خەرخواز و خاوەن بۆچوونێکی بین و گیانلەبەرکانمان خۆشبوێت و نەهەڵەین برسی و تینو بن و لە گەرما و سەرما بیانپارێزین و بە چاکی خزمەتیان بکەین ، ئەوا ئەوانیش ئەمەیان خۆشدەوێت و خزمەتمان دەکەن و جووجەڵەکانیشمان ناخۆن) .
لەو ئەژەوە لانە بە دە بۆیاریدا وەک لێندا و دایکی دەنەرم و بە بۆچوونێکی بەت و درەختی لە هیچ گیاندارێک نەکات و دەی مەرووڵەیەک لە خۆی نەئەنجێنێ ، هەر بۆیە ئەستا لانە هەموو گیاندارێکی خۆشدەوێت و بە نەرمونیانی لە گەڵیاندا یاریی دەکات و زۆر زۆریش حەزدەکات یارمەتیان بدات .

٤ / ١٠ / ٢٠١٧

مەدەل ... چرۆ زەند

کە منداڵ بووم،
سەرئەژنۆکانی پانتۆڵەکاوبۆکەم بەردەوام دەابوو
یان لە پاسکیل دەکەوتمە خوار
یان لە چلی دارکی بەردار گیر دەبوو
سەرئەژنۆ دەاوەکانی پانتۆڵەکەم
نیکەرانی دایکم بوو
ئەگەر سەردەمی ئەمڕۆ بایە،
دەانی سەرئەژنۆکانی پانتۆڵەکەم،
چیتر نیگەرانی دایکم نەدەبوو
مەدەل نۆی ئەمۆ دەبوو.

نۆڤەمبەر ٥\ ٢٠١٨

"مەسەلەی وێژدان"ی ئەحمەد موختار جاف ... کاوە جەلال

1

"مەسەلەی وێژدان" چیرۆکی ژیانناماەیی زۆراب ناوۆکە، کە بەدپێوەندییەکانی ژینگۆکەی ناهەژن ڕەگەی ژیانێکی بێوێژدان بگرێتە بەر، بەکو دەیکەن بە دەستاتخوازێکی کوێر، کە ئیدی بێو هیچ لە خەی و مرۆڤ و جیهان نامە دەبێت.
زۆرابی "مەسەلەی ویژدان" لە قۆزایەک دەتە جیهانەوە. ئەو هەشتا منداە دەبێت، کاتێک باوکی لە "شەی گەورە"دا دەکوژرێت. ئەم

کارساتە دایکە بەوژنەکەی ناچار دەکات خەی بخاتە ژێر باری کار، تاکو کۆتە هەتیوەکەی پەبگەیەنێت، لە هەندێ ناخایەنێت کە دایکیشی دەمرێت و بەتەواوی هەتیو دەکەوێت. دوای ئەم ڕووداوە چەند خزمێکی دیگرنە خەیان و "لە ئینسانیەتی خەیانەوە نان و پیازێکی" پێ ڕەوا دەبینن، لە نایانوێت تا سەر بەخۆی بکەن، بۆیە کاتێک تەمەنی زەراب کەمێک پتر پەدگات، ئیدی جارجار بگوێدا دەدەن، کە گۆیا بووە بە "پیاو" و کاتی ئەوەی هاتووە بەوات گوزەرانی خەی دابین بکات. زەراب بە ناچاری خزمەکانی جێدەهێڵێت: "بە دایک و باوک، بە خزم و کەس فڕە دراوە ئەم جیهانە سەختەوە بە شوێن ئەرکی نان پەیداکردندا" (لا 14).

لە زەراب سەرەڕای ئەوە تەنیا ناکەوێت. ئاشنایەکی دەرینی باوکی کە ژیانی نالەباری ئەو دەبینێت و هەروەها بیستوویەتی کە ئەم کوڕە کەمێک خوێندەواریی هەیە، لای لە دەکاتەوە و دەیبات بە لای بازرگانێک، تاکو وەک شاگرد لە کاروباری دوکاندا یارمەتیی بدات. بەم شێوەیە ئێستا شاگردێتی بە زەراب دەبێت بە دەرفەتێک تاکو جیهانی دەوری لە نزیکەوە بناسێت و ببینێت کە چە بەدادی و بەویژدانییەک لەو ژینگەیەدا تێنیونەتەوە.
وەستای زەراب لە فرۆشیاریدا پیاوەکی فێڵبازە، لە بەتایبەتی فڕە لەو کشتیارە نەخوێندەوار و دواکەوتووانە دەکات کە دێن بە قەزا تاکو شمەکی لا بکڕن. ئەم وەستایە هەندە گرنگی بە حەڵال و شەریعەت نادات، بە بەوای ئەو هەر شتێک گوزەران ئاسان بکات، "جائیز"ە، ئەوە بگومان بە مەرجێک کە کوشتن و ناموسبردنی تێدا نەبێت. ئەی مەسەلەی ویژدان؟ ئەمە مەسەلە نییە.

لە نەسازیی قووتر لە نێوان وەستا و شاگرددا هەیە. شاگردی خوێندەوار بە وەستای دەبژێت، کە دەتوانێت حساباتی لە دەفتەرێکدا بە ڕەکبخات، تاکو بزانێت لەتێک چە کەسانێکدا پەیوەندیی بازرگانیی هەیە، لە وەستا لە وەڵامی پەشنیارەکەی ئەودا "دەفتەر"ی خەی دەردەهێنێت: گەڵایەک بەنی پارچە پارچە کراو، کە هەر پارچەیەکی ڕەنگێکی هەیە و بە گرێی ورد و ناونجی و درشت بوونیادی داوە، ئەوجا دەبژێت:
"ئەم دەفتەرە هەر یەک ڕەنگی، عەلامەتی ناوی یەک شەخسی قەرزارە، وە هەر یەک گرێی عەلامەتی میقداری قەرزەکەیە (…). کە چاوم کەوت بە قەرزارە یاخو شەخسە کە حسابم لەگەڵیا بێت، دەم خورپەی تێ ئەکەوێت" (16).

ئەم شێوازی وەستایە لە بازرگانیدا، باوک و باپیریشی هەر ئەوها

کاریان کردووە. لە ئەم "جارە ئەقڵیەتە" زەراب تووشی خەفەت دەکات: "... لە دەی خەمدا زەر موتەئەسیر بووم لەم تەقلیداتە کە ئەوەندە لە مەشکماندا جگیر بووە کە (...) نەخوەندەواری ی بەسەر خوەندەواریدا" لا باشترە. لە وە نەبەت ئەم کەشێی "تەقالید" تەنیا نەخوەندەوارەکان بگرەتەوە، نەخێر: کەسانەکی فرە بەوە "مەشهورن" کە گەیا خوەندەوارن، کەچی هاوشەوەی نەخوەندەوارەکان ەفتار دەنوەنن. (لا 16)

وەستاژنیش وەک مەردەکەی تەمبەڵ و پنتییە، هاوکات بەردەوام خەریکی لاسایی ژنانی دیکەیە: هەر پەشاکەکی نوە لەبەر ژنەکی دیکەدا ببینەت، ئارامی لە هەدەگیرەت و یەکسەر مەردەکەی ناچار دەکات کە بڕی بە دووڕین بدات. لە وەستاژن هەندە چەسە کە نابینەت پەویستە ئەو پەشاکە پە بە بڕی خڕی بەت: "کە وەختە ئەیکردە بڕی، ئەوەندە درەژ بوو لە پاش و پەشەوە نیو گەزی بەناو قوەاودا ئەخشا وە لە مودەتەکی کەمدا خراپ ئەبوو" (لا 17). جگە لەوە وەستاژن پیسوپەخەڵ و پرسی تەندروستی بە درە و پرەپاگەندەی "مەکتەبلیەکان" دادەنەت؛ بە دیدی ئەو گەر کەسەک تووشی نەخشی ببەت، ئەوا تەنیا "دوعایەک" یان سەردانی "شەخسەک"ی گەرەکە.

زەراب حەوسەەی مانەوەی لەم پەیوەندیەدا نامەنەت و دەەوات دەبەت بە شاگردی بازرگانەکی دی. ئەمیان بە رواەەت پیاوەکی باشە و هەرگیز نوەژ و ەەژوو نافەوتەنەت، لە لە کرەکدا پیاوەکی دەستبە و ساختەچیە:

"ئەو گەزە کە کوتاەی پە ئەفرەشت لە گەزی خەەکی کورت تر بوو، وە هەر وەقتە معامەلەی توتن یان شتەکی تری لەگەە فەقیرەک بکردایە، تە ئەفکریم خەریکە بەتەواوی مەحوی بکاتەوە" (لا 19).

ئەحمەد موختار لەتەک ئەم وەستایەشدا زەراب دەخاتە ناکەکیەوە، بە تایبەتی لە ەووی خوەندەواریەوە. زەراب هانی وەستای دەدات کە کوەکانی بنەرەت بە خوەندن، لە ئەو وەەامی دەداتەوە:

"هەتیو دیارە تەیش بە واسیتەی ئەو کوەرە خەتەوە ئەحمەق بووییت. کوەی من خوەندنی بە چیە؟ ئەمە کاسبین (...). بەچی کافری بکەم وەکو گاورەکان لە هاوینا قاچ و سەریان ەووت بکەن؟ ئەمە هەر چلەن بووین ئەبە وەها بین" (لا 19).

لە لەم کەمەەی زەرابەدا تەنیا بازرگانەکان یان بەگشتی دەوەمەندەکان بەداد و بەویژدان و دواکەوتوو نین، بەکو هەژارانیش. بە نموونەی ئەو کشتیارانە کە لە گوند لەسەر موکی وەستای زەراب یان موکی کەسانی دی کار دەکەن، سەیەکی ئەو تەوە کە بە چاندن لە موکداری وەردەگرن، بە خەیان وەلاوەی دەنەن و دەیفرەشن، واتا دەیدزن. کاتەک زەرابی ساویلکە پەیان دەبەژەت، کە

ئەو هەڤتارێ ئەوان دەینەوێنن بەرێزدانێ، ئەوان لێ وەڵامدا دبێژن: "بەحسی ئینسانیەت و ویژدان (…) لێرێ پارێ ناکات" (لا 21). لێ کەتاییشدا بەچوونی ئەوان ڕاست دەردەچێت، چونکە زەراب خێ بەم ساویلکەییەی تەوە دگەلەت و بێ دزی خەرمان دادنرێت.
زەراب لەم ئەزموونەوە کەمەک "بەدار" دبێتەوە و دگات بە مەئریفەیەکی تا: "سەداقەت خیانەتێ و خیانەت سەعادەتە" (لا 22).

بگومان لەم پێوەندییانەدا بازرگانکانیش پارێان لەدەکشرێتەوە. بە نموونە وەستای زەراب توتنکەی بە "تەدبیرچی" لە شار دەنرێت، لە تەدبیرچی بە ئارەزووی خێ پارێ بە وەستا دەنرێتەوە. زەراب لەم لایەنشدا لە پێش ئەوانەوێ و بە وەستای دبێژێت، کە ئەو خێ دەتوانێت کەمپانیایەک پکەوە بنێت و بەو هەیەوە توتنکەی بە فرێشتن بدات، ئەوجا مکینە "ئیستیراد بکات" تاکو بە بەشکی توتنکەی جگەرێ بەرهەمبهێنێت و بەمەش خێ سوود لە قازانجکەی وەربگرێت. لە وەستا وەڵامی دەداتەوە:
" – عەزیزم دیارێ تێیش وەکو مکتەبلیێ شتەکان وایتێ. ئەمێ باوک و باپیرمان هەر وەهایان کردووە، خەشمان ئەبێ وا بکەین!
– قوربان عەقڵی باوک و باپیرمان بە زەمانی خێیان باش بوو، بە کاری ئێستا نایەت. عەجەبێن تفەنگی قەپاغلی باشێ یان موعەددەل ماووزەو مەترالیەز (..)؟ سواری کەر باشترێ یاخود ئوتومبیل؟

– هەزار قسەی وەها بکەیت عەقڵی کەن لە عەقڵی تازە باشترێ!" (لا 26 بەدووا).
زەراب لە سەرەنجامدا ئەم بازرگانێش جەدەهەەت و دگوازتەوە بە قازایکی دیکەی هەمان لیوا. ئەم قازایێ سروشتکی دگیری هەیێ، لە زەر پیسێ، چونکە تێیدا زبێ بە هەموو لایەکدا ڕاوە. زەراب لەرێ بەیار دەدات کە سەرمایەی "کوەرێ خەتکەی" بخاتێ گەڵ تاکو گوزەرانی خێ دابین بکات، لە قایمقام بیانووی پدەگرێت، کە گەیا خەتکەی ناخشێ و بەیێ گەر "واز لە دەستبەین نهەنێ"، ئەوا بە "قانونی عەشایەر" حوکمی دەدات (لا 29). زەراب لە وەڵامی قایمقامدا دبێژێت، کە قانونی عەشایەر تایبەتێ بە شەی نەوان دوو عەشیرەت یان کەشێیک کە بە "قانونی مەدەنی" چارسەر نەکرێت، بەیێ ئەو یاسایێ هیچ پێوەندییەکی بە ئەوی کاسبەوە نییە. ئەم وەڵامە قایمقام تووڕە دکات، بەیێ چەند کەسکی بە بانگ دکات تاکو تەمەی بکەن. لە کەتاییدا بە زەراب ڕووندبێتەوە، کە خەتکەی خێ لەوەی قایمقام خەشترێ.

زەراب دەستکی دبێت، کە بە کەفالەت لە پلیسخانێ بەری دەدات.

ئەستا ژیانی زەراب بەدووی ئەم ئەزموونە و "لەتەک ئەم دەستە"دا گەانەکی بنەتیی بەسەردا دەت. ئەم پیاوە کە شارەزای پەیوەندییەکانی کەمەک و دەزانەت چەن کاروباری نەو دەوەتەکیان بەسوودەچن، بە زەراب دەبەژەت، کە خەفەت و دەشدامان هیچ سوودەکیان نیە، بەکو دەبەت بە "بەرتیل" و "تەشبوس" جەی خەی بکاتەوە. لە استیدا زەراب پاشان دەبینەت کە چەن بەریتل و تەشبوس ەزی بە دابین دەکەن و لە قایمقام نزیکی دەخەنەوە. هەمان قایمقام کە پەشتر زەرابی فەدایە گرتووخانەوە، فەرمان دەردەکات کە جگە لە "زەراب ئەفەندی" هیچ کەس مافی ئەرزوحاەنووسینی نیە. دوای ئەم فەرمانە دوو ئەرزوحاەچی بەکار دەکەون و ئەمەش زەراب "موتەئسیر" دەکات، لە هاوکات مەئریفەیەکی نوەی تاە لەنەو هەشیدا دەپشکوەت:

"هەموو شەخس سەعادەتی خەی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خەیدا ئەبینە، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و ووتم: بە جەهەننەم ئەمرن لەبرسا!"؛ ئاخر بە ئەوەی مەرەق "مەسعود" بەت، دەبەت "تابعی موحیط" بەت (32)

زەراب بە وازهەنانی لە پرسیاری ویژدان دەبینەت، کە بەردەوام دەوەمەندتر دەبەت، لەرەشەوە بە تەواوی بە دەسەاتی پتر دەوروژەت. لە ئەو هەشتا نەشارەزایە و پەویستی بە اوەژی دەستکەیەتی، بەیە تووشبوونی خەی بە دەردی دەسەات بە ئەو ەوون دەکاتەوە، دەستکەشی دوو وەامی گونجاوی وەک چارەسەری ئەو دەردە هەیە: پارە، ئەوجا درەزنی و خیانەت و پاشقول. ئەوەی یەکەمیان تا ادەیەک بە زەراب ئاسانە، چونکە بەک پارەی کەکردەتەوە، لە ئەوەی دووەم کەمەک بە زەراب نامەیە. سەرەای ئەمە زەراب تازە بەیاری خەی داوە، بەیە دەست دەداتە درەزنی و خیانەت و بەجەگەیاندنی ئەو پلانە کە دەستکەی بەی دادەنەت. لە لەبریی ئەوەی زەراب بەم بەدەوشتییە بەدناو ببەت، بە پەچەوانەوە پتر ەز پەیدا دەکات و ئەهالی پتر بەوای پەدەکەن!

گەرچی زەراب دەبەت بە پیاوەکی درەزن و دەست دەداتە خیانەت لە هاومەرەفەکانی، هەروەها گەرچی ئەو بە استی چەژ لەو ەزە، واتا لەو دەسەاتە دەبینەت کە بە رواەتی فەبازانە بە خەی چەیکردووە، لە هەشتا هەر پرسیارە پرنسیپیەکانی نەو هەشی سەرهەدەدەنەوە و دەیبزونن بە دانوستاندن و گفتوگۆ لەتەک کەسانی دیکەدا، بە نموونە لەتەک مەلایەکی مزگەوتدا لەبارەی "زمان"، هەروەها لەبارەی ئەو پرسیارە کە داخە چەن کەسانی سادە لە ئایین تەبگەن. زەراب بەم هەیەوە تووشی گرفتەکی کوشندە دەبەت: کاتەک مەلای مزگەوت ئایەت و

حەدیس دەخوێنێتەوە، ئەوا زەراب هەڕەداتە و بە مەلا دەبژێت، کە ئەو ئەرەبی نازانێت، بەیە باشترە مەلا ئەو ئایەتەی قورئانی بە کوردی بە ڕوون بکاتەوە. زەراب لە ئەنجامی ئەم داواکارییەدا بە "کافر" دادەنرێت و کوشتنی وەک "غەزا" دەبینرێت. لە ئەم جارەش دەستکەی بە هانایەوە دێت، دەیبات بە لای مەلاکە و چەند مەلایەکی دی، تاکو شایەتمانی پێبهێنن و پاشان لێی خۆش ببن.

زەراب بەردەوام لەنێو "خەیاڵی گەورەیی و مەئموریەت"دا نقووم بووە، بە ئەم مەبەستەش – لەسەر ئاوەژی دەستکەی – پەرە بەو گەمەیە دەدات کە خستوویەتیە گەڕ، واتا پەیوەندییەکانی لەتەک کاربەدەستاندا فراوانتر دەکات. زەراب بەم شێوەیە پلەیەک بەرز دەکرێتەوە بە ئاستی "وەزیفەی تەحسیلداری" (باجکەکردنەوە)، بەدووی ئەوەشدا دەکەوێتە ڕووتاندنەوەی خەڵکی نەخوێندەواری گوندنشین و لە ماوەیەکی کەمدا بەڵکی گونجاو پارە پەکەوەدەنێت. لە هەندە ناخایەنێت کە زەراب تەدەکەوێت: کاربەدەستەکی بەرز لە سەنتەری لیواوە سەردانی ئەو قەزایە دەکات تاکو پرسە بەڕەوبەرایەتییەکان بپشکنێت، لە میانەی ئەم لێپرسینەوەیشدا زەراب و چەند مووچەورگرێکی دی تەدەکەون و لە کار دەردەکرێن، هاوکات بەیار دەدرێت بەهەی خراپیانەوە لەتەک خەڵکدا بە دادگا بدرێن، لە کاربەدەستانی قەزاکە هەڕەشە لە دانیشتوان دەکەن کە نەچن بە دادگە و لە دژی هەڤاڵانیان شایەتی بدەن. بەم شێوەیە تاوانکانیان بەسەردا ساغناکرێنەوە.

گەرچی زەراب لە وەزیفەی باجگری دەردەکرێت، سەرەڕای ئەوە نایەوێت پلەیەک دابەزێتە خوارەوە و دەستبکاتەوە بە نووسینی ئەرزوحاڵ. ئەستا لەنێو ئەم دەخەدا کە ئەو تێی کەوتووە، هەشی فێڵبازانەی "پتر" بەدار دەبەتەوە: زەراب بەیار دەدات خەی وەک نیشتمانپەروەر دەربخات، بە ئەو مەبەستەش دەستێک پشاکی مەدەرن دەپشێت و باستانێک (گەچانێک) بەدەستەوە دەگرێت، هەروەها جانتایەک پە دەکات لە کاغەزی سپی و کتێب بەبە ئەوەی بتوانێت زەرینەی ئەو کتێبانە بخوێنێتەوە، ئەوجا دەکەوێتە گەڕان بەنێو بازاڕ و ماڵان و قاوەخانەدا، بە کورتی بە هەر کوێ بڕوات، لەوە تەنیا باسی نیشتمان و ئازگاری، یان چەژی سەربەستی و ئازادی دەکات. زەراب بەم ڕێیەوە ناوبانگ پەیدا دەکات و چە حکومەت و چە خەڵک وەک پیاوێکی نائاسایی دەبینن، لە:
"بە خەبەر بوون کە پرۆگرامی من هەر ئەوە بوو کە تەعین بکرێم بە مەئمور و تیکرار دەست بکەمەوە بە خواردنی خوێنی میللەت، وە پارە

گلەر بکەموە بە خەم" (لا 41).
ئەم فەیلەسوفی زەراب سەردەگرێت. حکومەت بە "رەئیسی قەزا" دایدەمەزرێنێت، ئەویش ئاستەوخۆ بەدووی ئەوەدا ەوخساری ئاستەقینەی دەردەخات، بەگومان شەتگیرتر لە پێشوو. ئەستا زەراب بە ئادیەک بەدجۆر دەبێت، کە ئیدی تەنانەت کیین لە فەرخوازی و فەرخوازانی فەرگەکان هەدەگرێت، چونکە وەک هاقرکەکەری ئایندەیی دەیان بینێت. زەراب لەنەو جیهانە گچکەکەی قەزادا لوتکەی دەسەڵات دەگرێت، لە لەبەر ئەوەی ئەم قەزایە سەر بە دەوڵەتکە بە پەستی فەرمیی بەرزترەوە، ئەوا زەراب لەسەر پەیژەی پەستە فەرمییەکان ئارامی بە پەستی بەرزتر لەدەبێت، بەڵام تەنانەت دەیەوێت بگات بە پەستی ئەندامی پەرلەمان یان پەستەک لە وەزارەتکەدا وەربگرێت. جگە لەوە زەراب هەدی هەدی لەو جیهانە گچکەیەی قەزادا توشی وەسی دەبێت، بەیە بە تەنیا دەڵێوات بە پیاسە و لە سروشتی گەشاوەی بەهاردا لە ژیانی خەڵک و ئابواردنیان دەڕوانێت. ئەوارێک لە کەناری ئاوەکدا دەروەشەک دەبینێت کە سەرنجی ئادەکەشێت، بەیە دەڵێوات بە لای و لەتەکیدا دەکەوێتە گفتوگۆ. فەلسەفەی دەروەش ئەوەیە، کە تەنیا جیهان وەک خە ماوەیە و "پیر نابێت"، بە پێچەوانەوە مرۆڤ پیر دەبێت و لەکاردەکەوێت.

جگە لەوە گەرچی مرۆڤ لەنەو سەرجەم زیندەوەرەکاندا کە سروشت پەروەردەی کردوون، هەستی زەرتر و هاوکات ئاوەزدارە، لە هەشتا بەکی زەر لە مرۆڤ وەک وەحشی ماوەتەوە، ئەو کەسانەش کە باوەڕیان گەیا "تەکامولیان کردووە"، وەها نین، چونکە هەوە نادەن کەسانی نەزان بەدار بکەنەوە و بەرەو ئەزگاریان بەرن. سروشت بە دەروەش شوێنکی کراوەی ژیانە، کە بە ویستی کردگارەکی سەرجیهانی ئافرێنراوە، هەروەها ەوانین لە گەردوونی بەدوایەکی زەر جوانترە لە ەوانینی ژوورەکی داخراو کە دەشت زەر شتی تەدا بن و مرۆڤ زەردارانە پەیدای کردبن.
زەراب ئەفەندی بە دەربەینەکانی دەروەش "مات و مەلوول" دەبێت، سەرەڕای ئەوە کاریگەرییەکی ئەوتە لە ناخیدا جێناهێڵن، بە پێچەوانەوە پلانی داهاتووی ئەوە دەبێت، کە چۆن بە فێڵەکی نەخشەمەند سە پارچە موکی پیاوەک داگیربکات.

ناوبانگی زەراب ئەفەندی لەو جیهانە گچکەیەی قەزادا تەنانەت بە منداڵان دەگات. بە نموونە دوو منداڵ کە تازە چوونەتە فەرگە، دەکەونە گفتوگۆ لەبارەی زەراب و یەکەکیان بە خودای دادەنێت، چونکە کەس لاریی لە ئەو و شێوەی دەسەڵاتنواندنی نییە، بەڵی

تانانت هموو "بێ حیددت و لوتفی" ئەو ئازین، بۆیە کەس لێدڕی ئاناپەت و مافی خۆکەی لێ بسێنێت. لێ منداڵکەی دی لەو بۆوایەدایە کە:
– "... ئەم زەراب ئەفەندیە مەئمورەکە لە تەرەف حکومەتی خۆیەوە تەعین کراوە، قانوونکی دراوەتە دەست معامەلەی پێ بکات. ئەمما چونکە لە موحیطی ئەمە قانونکە بە زوبانی خۆیان نیە، وە لە مەعنای نازانن وە یاخود خۆن لە وجوودیاندا نیە، وە لە تەبی هەقی خۆیان عاجزن (بێتوانان)، هەزار زوڵم و زەر بکات کەس دەنگ ناکات، لەبەر ئەوەتە ئەوانەی کە بە عەقڵن بە خودای ئەزانن. ئەگەر ئەو کابرایە کە تێ بە خودای ئەزانی لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدیندا بێ، حەتا حەماڵیشی دەست ناکەوێت.
(...)

– بۆچی لە زەراب ئەفەندی عالمتر لەم موحیطە دا نیە؟

– بەڵێ هەیە، لاکین ئیحتمال ئەوەی کە وا ئەو قبووڵی ئەکا، خوەندەوارکان تەحەمولی ناکەن! ئەمما هیچ عاجزیش مەبێ رەژەک ئەبێت حەقیقەت جگەی خۆی بدزێتەوە و ئەم میللەتە فەقیرە بەدار بێتەوە و ئەم نەوعە میقرەبانە دەفع بکەن، چونکە ئەم زوڵمە کە ئەمانە کردوویانە بە پیشە، ئاخری ئەهالی مەجبوور ئەبن بە فیکرکردنەوە بە پەیداکردنی ڕێگەیەکی نەجات، چونکە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بکەن زیاتر تفیکر ئەکاتەوە بە ڕێگەی وەسیلەی فیرار" (لا 53 بەدواوە).
زەراب ئەفەندی بە ئاستی گفتی پەستەکی بەرزتری لە دەوەتدا پێ بدرێت. لە دوا ئێپیزەدی "مەسەلەی ویژدان" سکاڵای دوو کیژە لە دەست کەسانیان، کە ناچاریان دەکەن بە هەی شەی عەشایریەوە شوو بە دوو کوڕی عەشیرەتی دوژمنیان بکەن، تاکو ئەم عەشیرەتەش دوو کیژ لە خۆیان بە دوو کوڕی کوژراوەکانی عەشیرەتەکەیان بدات. لە زەراب ئەفەندی کە گوێی لە سکاڵای ئەو دوو کیژەیە، خەی دێتە گۆ:
"بە خەبەر بوون کە خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبووڵ کردووە و ئەیکات، وە ویژدانیش تەنیا ئیسمی هەیە و کەس بە چاو نەی دیوە! کوڕکانی عەشیرەتی ئەو لاگۆ کچکان بیستبوویان من لەو ڕەژانەدا وام لێوە، بە هەر نەوعێک بیان مومکین بوو بوو، خۆیان نەجات دابوو و فیراریان کرد بە هاتنە لای من. ئەوانەن کچکیان کە زەر جوان و مەحبووبە بوو پێی ووتم: "جەنابی ڕەئیس ئەمە زەر بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە بە ئەم ناوە، چونکە ئومەدمان وایە و بە تەحقیق ئەزانین کە هەقی مەزڵووم

لە زاڵم ئەسنی". (58 بەدواوە)
لێرەدا "مەسەلەی ویژدان" تەواو دەبێت!

2

"ئەمە هەر چلەن بووین ئەبە وەها بین" – ئەمە شێوازێکی سوننەگەرای ژیان و هزرینە و بەوە ڕەوایەتی بە خێی دەدات کە گەیا پابەندی بنەما ئەزەلیەکانی خودایەتییە. "ئەمە هەر چلەن بووین ئەبە وەها بین" – ئەمە شێوازێکی سوننەگەرای ژیان و هزرینە کە ڕێتمی باوی پێوەندییە کەمەڵایەتیەکان لەسەر ڕەسای "ڕاهاتن" درێژە پەدەدات. لە ئەم شێوازەی ژیان و هزرین لە کرێکدا بەگەنی کردووە و نوێنەرانی تەنیا بە ڕواڵەت جەختی لە دەکەن، تاکو بە پیاوی یان ژنی چاک دابنرێن. بەیە ئەم شێوازەی ژیان و هزرین مەترسییەکی گەورەیە بە هەر نەوێکی نوێ کە لەو ژینگەیەدا پەدەگات: زەر دەشێت ویژدانی کول و ئەخلاقی بەد ببێت. ئاخر نێک تەنیا دەوڵەمەندەکان، بەکو هەژارانیش بەداد و بەویژدان و ساختەچین، بەڵێ خەزانەکان بەگشتی پنتی و نامەدەنی و دواکەوتوون، بەیە لەو وڵاتەدا گوند و قەزا و شار داوشاون. خەزانەکان کە تەوخمی دەوڵەتن، لە چییەتی خەیانەوە دامەزراوەی دەوڵەتییان بنیاتناوە کە ئاشکرایە کایە بەپێی باڵیان: چەن خەیان دواکەوتوو و ساختەچی و پاشقولگرن، بە هەمان شێوە دەوڵەتیش تەنیا بە بەرتیل و تەشبوس، بە مەرایی و جووتکردنی پێاو بە خاوەن پێستەکان بەڵێوە دەچێت. لە ئەم دەوڵەتە لە ڕووی نەتەوەییەوە ناتەبایە (هەتەرەگەنە) و تەیدا گەلێک و کولتوورەکی بەسەر گەلەکی دیکەدا سەروەر کراون. ئاشکراترین نیشانەی ئەم سەروەرییە لەوەدایە کە زمانی یاساکان، لە پێش ئەمانیشەوە زمانی ئایین، بەسەر گەلی ژێردەستدا سەپێنراوە و لەی تەناگات. گەلی ژێردەست هەر نازانێت ئەو ئایینە چییە.

ئەحمەد موختار جاف لە "مەسەلەی ویژدان"دا سەرجەم ئەو پرسە دیارەهێنراوانەی سەرەوە بە "پێهێنراوەیی" لە دیالەکتیکی مرۆڤ و کەمەوە هەڵدەداتەوە. لە "مەسەلەی ویژدان" لە جیهانبینییەکی ئایینییەوە داڕژراوە کە جیاوازە لە ئیسلامی سوننی. ئەحمەد موختار ئەم جیهانبینییەی خێی لە زاری دەروشەوە ڕادەگەیەنێت: تەنیا گەردوونی بەدوایەکی (ناموتەناهی) سەرجەمەکە کە تایبەت نییە بە لەناوچوون، بە پێچەوانەوە تاکانی ڕەگەزەکانی نەوی، وەک تاکی مرۆڤ، تاکی ئاژەڵ و تاکی ڕووەک، تایبەتن بە لەناوچوون. مرۆڤ دەتە جیهانەوە و گەشە دەکات، پیر دەبێت و دەمرێت، لە ڕەگەزی مرۆڤ وەک سەرجەم هەر دەمەنتەوە. کەواتە بەردەوامیی گەردوون کاتەکیانە وەک

نیشانەی ویستی خودا بۆ کۆتاییهێنان بە ژیان دیاری نەکراوە، بەڵکو گەردوون ئەبەدییە. ئەوجا گەرچی مرۆڤ لەنێو سەرجەم زیندەوەرەکاندا کە سروشت پێیگەیاندووون، هەستی زەرتر و هاوکات ئاوەزدارە، لە کەمێگەی مرۆڤی هەشتا هەر پێ لە بەرژەوەندیخوازانی بەویژدان (هاوشێوەی زەراب ئۆفەندی) کە تووشی دەردی دەسەڵات بوون، بەڵێ ئۆپێی نابەختیارن و و کۆرانە هەڵپە بە هەر شێوەیەکی دەسەڵاتی بەرز و دیار دەکەن. ئاخر ئێو جارە کەسانە پەستی باڵا و دەرکەوتن وەک مایەی بەختیاری دەبینن. یان لەنێو مرۆقاندا کەسانی ئێوتە هەن، کە وای پێشان دەدەن گەیا "تەکامولیان کردووە"، لە ئێوان سەهوون، چونکە گەر کەسێک "تەکامولی کردبێت"، ئێوا بەهەڵەدەست نامێنێتەوە، بەڵکو هەوە دەدات کەسانی نەزان بەداربکاتەوە.

کەواتە ئەحمەد موختار جاف وای دەبینێت کە لە کەمێی سەردەمەکەیدا بەدادی و بەویژدانی سەروەریان بەسەر ماف و داد و ویژداندا سەندووە، بەڵێ تەنانەت لە زەر نەوەنددا لەکاریانخستوون، یان تەنانەت بوون بە مایەی ساتاربوون و سەرکەوتنی کەسانی نەو سیاسەت و بازاڕ. "مەسەلەی ویژدان" پێشانی دەدات کە چۆن دەسەڵاتخوازیی کەس لەنێو ئێو جارە کەمێدا یان دەوڵەتکەی بەو چێشنەدا بە سەرکەوتن دەگات. کەواتە لە لایەک نەشیاوە گومان لە پرسێک بکرێت، واتا: کە بیەوێت لەو کەمێدا پلە بە پلە بەرزبێتەوە، دەبێت "گورگ" بێت، یان ئێوتا وەک "مێ" دەمێنێتەوە و دەخورێت. لە لایەکی دی، سەرباری ئەم دوو دژبەرییە، توخمی ساختەچێتی و جەبانەتی کارایە، واتا توخمی "ێوی" کە لە هەردووکیان پەمەترسیترە (دەستەنوەندیارەکەی زەراب). ئاخر سەرکەوتن بەسەر پلەکانی دەسەڵاتدا ێووەو پەستی سیاسی و بەدەستهێنانی سامان و ناوبانگ، پێویستی بە دەسوەژە ئامرازیکانی فێ و ساختەچێتی و خەنەواندنە، ئێوجا بەدووی ئەمدا دەبێت لایەنە گورگییەکەی دەسەڵاتخواز قەپ بگرێت. کەواتە ئێوە جەبانەتییەکە چە لە کایەی سیاسەت و چە لە کایەی ئابووریدا تەنیوەتەوە و جێوی گورگی مرۆقی گرتووە! لە گرنگ لەردا ئێوەیە کە ئەحمەد موختار جاف سەرجەم ئەو بەدپێوەندییە ناوبراوانە وەک دژبەری "تەمەدون" دەبینێت، هاوکات "منەوەرکان" وەک پێشەو و مایەی ەزگارکردنی گەل دادەنێت.

لە ئەحمەد موختار جافی هەزانقان منەوەرێک وەک کردارنەوەنی (پرەتاگۆنیستی) سەرکیی چیرۆکەکەی نائافرێنێت، واتا سیاسەتکارێک وەک پێشەوی هەژاران کە لەنێو خەباتدا قاڵ بووە، نەخێر، ئەو لە گۆشەنیگای ژیانی خاوەنی منداڵییەوە ەوو لەو کەمێێ دۆکات،

لەرشدا زراب ی "هەتیو" وەک فیگوری چیرۆکە هونەرییەکەی دۆستایفسکی و فۆکنەر دەدات نەو کەموکوڕیەوە. لەردا ئەو هیچ بڕیکەوت نییە کە نووسەری "مەسەلەی ویژدان" منداڵەکی هەتیو وەک کردارنوێنی سەرەکیی چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت. مرۆڤی هەتیو ئازادانە لەنەو کەمەندایەتی و پتر شیاوی ئەوەیە بکەوێتە بەردەم کەسپەکانی داکەوتی کەمەڵایەتی. منداڵی هەتیو بە زەروورەت بزەوە و زەر جار دەشێت ببێت بە مایەی ناڕەحەتی بە دەوروبەری. سەرەتا ئەم هەتیوە ژیر و بەویژدانەیە کە لەدژی بەدپەیوەندی و ڕەفتارە بگەنکردووەکانی کەمەڵە هەڵوەست وەردەگرێت، ئەوجا هەر خودی ئەم کوڕە هەتیوەیە کە لە پرسەی کاردا هەدی هەدی لە کرۆکەوە دەشوێت و دەبێت بە دەسەڵاتخوازێکی کوێر. ئەحمەد موختار جاف بەدووی ئەمەدا تەوەری منەوەرکان زەر لاوەکییانە دەهێنێتە نەو چیرۆکەکەیەوە. لە لەبەر ئەوەی ئەم تەوەرەی منەوەرکان هاوکات هیوای سەرەکیی ئەون بە ڕزگارکردنی گەل لە چەوسانەوەی هەزی غەریبی دەرەکی و دامەزراندنی کەمەگەیەکی مەدەنی، ئەوا لە خودی ئەم پنتەوە پرسیار لەبارەی داشتنی سەرجەمیانەی چیرۆکەکە سەرهەڵدەدات – کە لە خوارەوە ووی تەدەکەینەوە. جارە گەرەکە خەمان بە زرابی منداڵەوە خەریک بکەین.

ئەم منداڵە لە ووی ژیری و بوونیەوە بە پرسیاری بنەمایی لە ژینگە کەمەڵایەتییەکەی جیادەبێتەوە. لەم پەیوەندییەدا پەویستە ئاماژە بە مەرکی منداڵ بدەین: منداڵ لەتەک خۆیدا یەکە و خۆیەتییەکەی بەسەر "من" و جیهانێکی دەرەکیدا بەش نەبووە. جگە لەوە ئاشکرایە کە نوێنەرانی پێگەیاندنی منداڵ (دایک و باوک، خزم و کەس و کار، فەرگە و هتد) بەرپرسن لە شکۆفەی یان تێکچوونی منداڵی سروشتی. گەر منداڵ دەرفەتی شکۆفە و خۆپێگەیاندنی بە ئاوەڵا بکرێت، ئەوا پێدەگات، گەر کامەکان ببن بە ئاستەنگ لە بەردەم ئەودا کە منداڵ پرسیارە خاوە منداڵییەکانی قووتر بکاتەوە، ئەوا زەحمەتە بتوانێت ژیانێکی خوازراو وەک کەسێکی ڕاستگە، بەهێزەوەست و بەویژدان دابمەزرێنێت، بە پێچەوانەوە دەشێت بەدجۆری لەدەربچێت یان تەنانەت جەبانی و سەرکزی لە کارەکتەری ئەودا بتەنێنەوە. ئەحمەد موختار جاف ئەگەری دووەم بە ئاوەڵاکردنی چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت، لەرشدا بەڵێی پەیوەندییەکانی بازاڕەوە کرۆکی نەسازییەکەی نەوان زرابی منداڵ و ژینگەکەی دەردەخات.

زراب زوو لە چاوی یان کەشی داددەری دایک و باوک بەبەش دەبێت، بەمەش منداڵییەکەی تەواو لەق دەبێت، چونکە وەک هەتیوێک بە سەرکزی

دەچێتە لای خزمەکانی، ئەوانیش "لە ئینسانیەتی خۆیانەوە" لای لە دەکەنەوە، بەگومان نەک تا سەر، بەکو زۆراب هەشتا تەمەنی مندالیی نەبێیوە، کەچی خزمەکانی بە گوێیدا دەدەن، کە "بووە بە پیاو" و گۆرەکە بەوات گوزەرانی خۆی دابین بکات. زۆرابی هەتیو بەو وشانە فێ دەدرێتە نێو جیهانی سەختەوە. لە ئاوی هەتیو لانێو پێوەندییەکانی بازاڕدا هەردەم بە ئاشکرا هەوڵستی خۆی دەردەخات، بەبێ ئاوڕی بیر لەوە بکاتەوە کە بە هەتیو باشترە دەمی خۆی بگرێت و ئاوڕ لەو بەدگەریانە نەداتەوە کە ئاو هەموو رۆژێک دەیان بینێت. نەخێر، ئاو وەک کەسێکی بزێو تێروانینی خۆی بەرانبەریان دەردەبڕێت و لانێو ئەزموونەکانی بازاڕدا پتر گیان بە شێوەی هزرینی خۆی دەدەدات. زۆراب تەنانەت دەگات بە ئاگاییەک لەبارەی ئاوە، کە خستنەگەڕی مەکینەی لە بەرهەمهێنانداڕۆژی قازانج بەرز دەکاتەوە.

گۆرچی زۆراب بە تەنیا فێ دەدرێتە نێو پێوەندییەکانی بازاڕەوە، سەرەڕای ئاوە تەواو تەنیا ناکەوێت، بەکو دوو جار کەسانی دی لانێو تەگەرەکانی جیهاندا بەهانایەوە دێن: جارێک پیاوێکی چاکەخواز، کە لای بازرگانێک کارێکی بە دەدەزێتەوە، جارێکی دی کەسێکی نەگەتیفی چالاک کە لانێو بەرژەوەندییەکانی ڕۆژگاردا جەگەی خۆی خۆشکردووە. زۆراب نزیکەی لێم دەستەی دەبیستێت: برام بەسە! ئەڕە تۆ بە ئاوها دەکەیت؟ کاکە، وازبێنە لە چەنەبازی لەبارەی ڕاستی و داد و وێژدان! ئێم قسانە چین؟ بۆ خێت بە زمانلووسیی لە دەسەڵاتداران نزیکبخەرەوە! بۆ تەشەبوس بکە! گفتت دەدەمێ کە من وەک دەستت پشتت بەرنادەم و هەموو کارێکت بۆ میسەر دەکەم! دەزانیت چی؟ دیاری دەبەین بۆ ڕەئیس! برام، گەر دەتەوێت بەختیار بیت، ئاوا دەبێت خێت بۆ ژینگەت بگونجێنیت! – "بۆیە هەژام ڕاست دەبەژیت! مرۆڤ بۆ ئاوەی ،،مەسعود،، بێت، دەبێت ،،تابعی موحیط بێ!،،"

ئاو کەسێ کە بە هانای زۆرابەوە دێت، لە ڕاستیدا بیچمێکی جیانە کە فێبازانە بەبێ هیچ شوناسێکی کەسی لانێو ژینگەدا دەبزوێت و هەردەم بە خەماساوی چاوەڕوانی هەل یان پاشقولێ. بەگومان کۆشەی ئەحمەد موختار ئاوە نیە کە گۆیا ئێم بیچمە ناخی زۆراب تێکدەدات و لە پرسیاری داد و ویژدان دووری دەخاتەوە. نەخێر، زۆراب پێشتر لە هەوتی ئەزموونکردنی پێوەندییەکانی بازاڕدا "تا ڕادەیەک بەدار بەتەوە"، واتا ئاگایی ئاو تا ڕادەیەک پشکووتووە. جگە لەوە زۆراب هاوکات لانێو کەمەکی ئاوتەدا دەژی کە تێیدا هیچ شتێک بەبێ دەستگرتن، هەروەها بەبێ تەشەبوس و بەرتیل بەدەناوات. ئاو خۆی ئەزموونی ئێم دیاردانە دەکات. ئێم لایەنەی چیرۆکەکە زۆر گرنگ،

بەیە شرۆڤەی وردتری گرەکە.

کۆشکانی زەراب تا یەکەم کاری سەربەخۆ، واتا ئەرزوحاڵچێتی، هەندە پەکەسپ نیین، جگە لەوە هەر جارە بازرگانێک وەستایەتی و بەوەش پاڵپشتێتی. لە زەراب لەتێک یەکەم کاری "سەربەخۆ"دا تێحەدا دەکرێت و بەوەش هادڕچەکێنرێت. ئاخر کاتێک زەراب تا خستنەگەیی سەرمایەی خاتەکەی تەنیا پرسیاری ویژدان و دادپەروەری و پشکۆتنی دەکرد، یان لە دواکەوتوویی خەڵک دەهەزری، ئەوا لەتێک یەکەم هەوڵی کارکردنی سەربەخۆدا و دوای هاچەکاندنی دەبینێت، کە خاتەکەی هەندە ئاسان گوزەرانی ئەو دابین ناکات. بۆیە، خاتەکەی لە بنەڕەتدا گوزەرانی ئەو دابین دەکات، لە ئەمەڵانەو ئەو کەمەڵەدا پەکەشەیە، چونکە دەوڵەت مزوورە و لە نەویدا ئەو کەسانە دەکەونە هاڤرکێی دەسەڵات، کە خاوەنی "کوڕەخت"ن، بەیە لە ترسدا دەست دەکەن بە بەرتیلدان و مەراییکردنی سەروەران و جووتکردنی پشاو بەیان، تاکو بەو شێوەیە پشت و پەنا بە خەیان بهێنن ئاراوە. کەواتە گەر زەراب بەهاستی بیەوێت سەرمایەی خاتەکەی لەو نەوندەدا بخاتە گەڕ، ئەوا "ناچار دەکرێت" کە "تابعی موحیط" بێت، واتا ئەویش بەرتیل بدات، ساختەچی بێت، یان بگشتی "ماچ و پاشقول" بکات بە دەسوەژی تەشەنەدان بە دەسەاتەکەی. پەینەوەی زەراب هووەو ئەم جارە بەدئاکارە بەسەر پردەکی پسیکەلۆژیانەدایە: "ئەو مەسلەکانەم زەر لا ناخۆش بوو" (لا 33). کۆشکە لەردا لەخشتبردنی زەراب نییە کە ئیدی لای ئەو تەوانینی خۆیستانەی دووەم جە بە هەوەستە بنەمایەکانی ویژدان و دادپەروەری و تەقەدوم لەژ بکات و ئەوجا جێیان بگرێتەوە، بەکو ئەو هەوەستە بنەمایانە لە بەریەککەوتنی بەردەوامی ئەو و پێوەندییە کەمەایەتی و ئابووریەکانەوە هەدی هەدی لەکاردەکەون، لەرشەوە ئیدی مەتیقی دەساتخوازیی زەراب هەمیشە پتر پەرە دەسەنێت و لە ەوتشدا هەمیشە پتر لە خەی و مرۆڤ و جیهان نامە دەبێت. ئاخر ئەوە کە زەراب لە هەر پلەیەکی دەساتدا دەیبینێت، بریتیە لە پلەیەکی بەرزتر.

چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان" لەچاو پرسەی ئەستێتیکیی سەردەمکەیدا زەر نوێیە. ئەمە بەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەحمەد موختار جاف زەرابەک دەئافرێنێت و فەزای دەداتە نەو جیهانەوە، ئەوجا لە پێوەندیی نەوان ئەو و ژینگەوە گەانی پسیکەلۆژیانە و ژیانی دەرکیی ئەو فیگورە دادەژێت، بەم ەیشەوە دیاردە و بەدپێوەندییە کەمەایەتیکان دەخاتە ژەر رەخنەوە. لە گرنگ لەم

پرسدا ئەوەیە کە ئەو بە هیچ شێوەیەک لە فەرماندنی چیرکەکەیدا ترس نایگرێت و بەو هەیشەوە ڕەچاوی ئەقیەتی تراديسیەنی بکات، ئەمە بە نموونە لەو واتایدا کە نووسەرێت زۆر دست لە مرۆڤێتیی زۆراب بدات، یان پاساو بە بدادی و بدپیوندیە کۆمەڵایەتیەکان بهێنێتەوە، "تاکو بگانە بەو گۆڵە بشرۆفە قارمانی خۆی خۆش نەکات". بە پچەوانەوە، ئەحمەد موختار جاف ئاسایەک بە ڕەخنە ڕیشەیەکەیەوە دڵکێنێت کە بریتیە لە ئاسای کۆمەڵگەیەکی مدەنی.

سەرهەدانی "مەسەلەی ویژدان" دگەڕێتەوە بە ساڵانی 1927-1928. نووسەر لە ساتەکی تایبەتیی ژیانیدا دکەوێتە هزرینی ئێستێتیکی لە فیگوری چیرکەک کە وەک کۆمکی ناسک و سۆغەتکەر لە ترسپرسیاری ویژدانەوە ڕوو لە ژینگەکەی دکات و بەو ڕیەوە ژینگەکەی دناسێت، ئەوجا هەمان ئەم مرۆڤە لە کرکەوە تکدچێت و هەستی ناڕەوای دسەڵاتخوازیی ناخی دتەنێت.

نووسەری "مەسەلەی ویژدان" لە پرنسیپی "خاوێنی"یەوە دڕوانێت و پێوەندیە کۆمەڵایەتی-سیاسیەکان دنرخێنێت، هاوکات وەک بنەمای داشتنی چیرکەکەی دایدەنێت (ئەمە هەمان تراديسیەنی خانیە). ئەحمەد موختار جاف دبەێت لە پێش و لەو کاتەدا کە "مەسەلەی ویژدان"ی نووسیوە، لە زۆرانکی سختدا بووبێت لەدژی ژینگەی خۆی، دبێت موئانات وەک پاڵهەزی سەرجەم ئەدەب و هونەر) ئەم کشانە ئەوی بزواندبێت تاکو فیگوری زۆرابەک بئافرێنێت و بەڕیەوە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە ئەتک بکات، کە ئەو خۆی بە شێوەیکی ڕیال دژی وەستاوەتەوە. لەڕەدا لایەنکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەحمەد موختار لەم زۆرانبازیەدا مووچەورگرکی گچکەی خوارەوەی دەڕێت نیە، بەکو وەک بگزادەیکی منەوەر و پایگاداری بەرزی دەڕێت دەست دەداتە داشتنی چیرکەکی هونەری، لە چیرکەک کە ئەو بەڕیەوە تەنیا بدپیوندی و بدەفتاری سەردەمکەی هەڵناماڵێت، بەکو هاوکات مبەستەک بە چیرکەکەوە دڵکێنێت کە ڕەشنایەدانە بە وەرگر (خوێنەر).

بزووتنەوەی ڕەشنایی (تەنویر) بە دووەم جار (یەکەم جار لە گریکی ئەنتیکە لە لایەن سۆفیستەکان) لە ئەوروپای سەدەی هەژدەیەمدا وەک پڕۆگرامی پشخستنی مرۆڤ و کۆمەڵ سەریهەدا و هەدی هەدی بە خەرهەڵات گەیشت، لە خەرهەڵاتیش بزۆری لە شێوەی سیاسی و لاسایدا وەرگیرا، بەبێ ئەوەی وەرگرانی خۆ بە منەوەر دانەر بیر لە ناوەڕۆک و شیمانکانی ئەنجامدانی بکەنەوە یان تێنانێت لەی تێبگەن. ئاخر لە ڕەشنایەدا وەک پڕۆگرامی بەدارکردنەوەی ڕەخنەییانەی مرۆڤ

وەرچەرخانکمان هەیە: ڕۆشنایبیران لەو پەیوەندییانەوە کە بەهای ئازادییان پەدراوە و بەوەش ئەبژێکتیفییانە بەسەر مرۆڤانەوە زیت کراونەتەوە، وەردەچەرخێن ڕووەو خودی مرۆڤ و گرتنی مرۆڤێتییەکەی، لەڕشدا چیدی مرۆڤ وەک کەرتی سەرجەمکی ئایینی و کۆمەڵایەتی دانانێن، بەڵکو وەک خودی مرۆڤ لەو سەرجەمە دەریدەکشن. بە زمانێکی سادە و لە شێوەی پرسیاردا ببێژین: "بەڵێزم تۆ خێت بەمە دادەنێیت، لە سەرەتا پەم بۆژە کە تۆ خێت کێیت و چۆن گەیشتیت بەم هەڵوەستەت کە لە هەموو لایەک بانگشەی بۆ دەکەیت؟". ئەم پرسیارە زەر پەمەترسییە کە ڕۆشنایبیران دەیکەن، چونکە ئاماستەی کرێکی کەس دەکرێت و پەی دەبژرێت ڕاستیی خۆی دەربخات.

پرسیارەکە لە بنەڕەتدا هەڵوەستەکە کە تا ئەمڕۆ کۆمینەیەکی زەر پچووکی نووسەران دەوەرن توخنی بکەون. ئەحمەد موختاری جافی "مەسەلەی ویژدان" یەکەکە لەو دۆگمانە نووسەرانە، واتا هەشی ڕۆشنایبیر بەچاکی لە چیرۆکەکەیدا دەردەکەوێت: منداڵێک کە بە تەنیا دەچێتە نێو ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە و پەیوەندییە داکۆتییەکانی ئەو کۆمەڵە کەستییەکەی تێکدەدەن؛ پاشان ژیانی ناخەکیی ئەو مرۆڤە دەبینین؛ هەروەها پەیوەندیە نەومرۆڤیەکان دەردەخرێن و مرۆڤەکان وەک "بەرپرسیار" لە جۆری هزرین و ئاکاریان دادەنرێن؛ ئەوجا کردنی زمان بە کەشە تاکو بەو ڕادەیەوە ڕێنوما سەپێنراوە ئایینییەکان بخرێنە ژەر پرسیارەوە. گرنگ لەڕادا ئەوەیە کە ئەو پرسانە سەراپا لە پرنسیپی ویژدان و دادی ئازادییەوە ئاوەڵا دەکرێن، هەروەها لە خودی ئەو پرنسیپانەوە ئیدی پشکەوتن و مەدەنییەت بە نموونەی پەیوەندیەکی نەوان تاک و کۆمەڵ دادەڕژرێت.

لە پرسیار لەڕادا ئەوەیە، کە داخە ئەحمەد موختار جاف مەبەستە ئەدەبییەکی پە بەدیهاتبێت، ئەوجا گەر پەی بەدینهاتبێت، ئەوا هەی چیە؟
ئەنجامدانی هونەریی "مەسەلەی ویژدان" فەرمی ژیاننامە (بیۆگرافی)ی هەیە، کە لە زایینی زەرابەوە سەرەتا دۆگرێت و لە ئاستێکی ئاڵۆزی ژیانیدا دەپچڕێت، ئەم فەرمە بیۆگرافییەش لە شێوەی "ئیعتیراف"ی فیگورەکەدا داڕژراوە. لە لەبەر ئەوەی "ئیعتیراف" هەمیشە دوای گوناهێوە لە بەدگاری، دوای کارەساتێکی سامناک کە بەسەر کەسدا هاتووە، یان بەزەر بە نموونە لەژێر ئەشکەنجەدا و هتد دێتە ئاراوە، ئەوا نەبوونی ئەم بەرە ژمارەیەک پرسیار لەتەک خۆیدا دەهێنێت. جگە لەوە ئەمە پرسی تەواونەبوونی "مەسەلەی ویژدان" وەک

دربینەکی زەر سادە، واتا بۆ بناغەشتن، لای قەدیمیەکان دەبینین، کە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی بۆبناغەیە، ئەوان ناتوانێت زەمینەیەکمان بۆ لاسەر وەستان پێبدات. ئەمە لەم هۆنگیەوە ناچارین کە تەنیا خودی بابەتە ئەدەبییەکە وەربگرین و شرۆڤەی بکەین.

سەرەتا لایەنێک ئاشکرایە، کە نووسەر زەرابە و هاوکات زەراب نیە. ئەحمەد موختار زەرابە، چونکە لەنێو هەشی خۆیدا وێنەیانە ئافراندوویەتی، لە ئەحمەد موختار هاوکات زەراب نیین، چونکە ئەم فیگورە کردارنوێنەکی (پەرتاگۆنیستەکی) ئەدەبییە. کاتێک نووسەر دەست دەداتە پێنووس (بۆتایبەتی لەم فۆرمە هونەرییەی "مەسەلەی ویژدان"دا کە "من"- فۆرمە)، ئەوا لەتەک یەکەم ڕستەی داهێزراوی چیرۆکە ئیعتیرافییەکەیدا لە خەی جیادبێتەوە: "ویلادەتم لە قەزای ها بوو"، ئەوجا بەدوویدا ئەو زەرابە لە پێوەندی و دیالۆگکانیدا دادەهێزێت، کە لەنێو هەشی خۆیدا پێویستە بە پێوەندییە کەمەایەتییەکانەوە "پێشبینیی کردووە". لە ئەحمەد موختار تا سەرەتاکانی بەدبووونی زەراب دەتوانێت بە گونجاوی لە خەی جیابێتەوە، ئەوش بەگومان "تا رادەیەک". چیرۆکەکەی لەو سەرەتایانە بەدواوە دەشوێت. ئەمە بە نموونە لە گفتوگۆی ئەو دوو مندالەدا دەردەکەوێت کە تازە چوونەتە قۆرگ، لە ئەوان وەک منداڵ نائاخڤتن، بەڵکو وەک دوو گەنجی پەگەیشتوو، لەڕشدا نووسەر یەکەکیان وەک هۆشنبیر و خەباتگێڕ دیاری دەکەنەوە. ئەمە گرەکە وردتر ببینین و کەشیە بکەین.

نووسەری "مەسەلەی ویژدان" لە چیرۆکەکەیدا پرنسیپی خۆیستیی مرۆڤ تیژ دەکاتەوە و دەیخاتە پێوەندییەکی دیالێکتیکیەوە لەتەک ژینگەی دوژمنی مەدەنیتیدا، واتا ژینگەیەکی کەمەایەتیی ئەوتە، کە هەر تاکە کەسێکی نەوی چە بە خەی و چە بە کەسانی دیکەی دەوری نامەیە: فۆڕ و ساختەچێتی لە هەموو نەوەندەکاندا دیاردەدەن، بۆیە تەنانەت کشتیارانی فەلەکەراو فۆڕ لە ئاغای زەردار دەکەنەوە. هەیکەی بەویژدانیی خۆک بە ئەوە دەگەهێتەوە کە ئەوان نەخوێندەوارن، کەواتە هەشیان ئاوەها نەبووە؛ جگە لەوە ئەوان لە زمانی ئایین و یاساکانی دەوڵەت تێناگەن، چونکە زمانی ئەوان نیە؛ هاوکات ئەوان هاڤکاری سەراستیان نیە، چونکە منەورەکان دەستەاتیان نەسندووە و تەنانەت ژیانی خۆیان لە مەترسیدایە، بە پێچەوانەوە هاڤکارانی ئەوان بە تایبەتی پیاوانی ئایینن کە بە هەوەسی خۆیان هاڤەی ئایینیان بە دەکەن، یان بە خاتری مسۆگەرکردنی دەسەات و

نانی زگیان بۆ ئۆپیۆمی خورافیات بۆنگ و کاسیان دەکەن، کە ئیدی لە خودای قەهار و مونتەقیم دەترسا نەک لە خۆشویستیەوە نوژی بۆ دەکەن. لە پاڵ ئەواندا بۆناو ڕۆشنبیرەکانی وەک زەراب ئەفەندی هەن کە بۆ خاتری مەرامەکانیان بەسەر لاشەی هاوڵاتیانیاندا دەڕۆن.

ئەمانە تەنانەت بوون بە دەماستی خەڵک. ئاشکرایە دانانی ئاسۆم پێوەندییەکی نەومرۆڤییەی نامۆبوون و بەدادییەوە بە زەروورەی پرسیاری "بەداربوونەوەی خەڵک" لەتەک خۆیدا دەهێنێت. بە دیدی ئەحمەد موختار، لە لایەک ڕیالیتییەکەی خەڵک خۆیان پاڵەوانی بەداربوونەوەیە، کە بە هێزی چەوسێنەرانەی وایان لەدەکات لە ڕۆگەی ڕزگاریی بهزرێن، لە پاڵەوانەکە لە لایەکی دی ئەو منوورانەیە کە تەنیا خوێندەوار نین و وەک زەراب ئەفەندی هەموو ڕۆگەیەکی خوێندن و بەرتیل و تەشبوس بۆ خاتری دەسکەوتی بگرنە بەر، بەکو بۆ پێچەوانەوە ئەم منوورانە وەک ڕۆشنایدەر یارمەتی ئاپەڕەی فەیلەسوفی فەیلەکراو دەدەن بەداربەتەوە و خەباتی ڕزگاریخوازییەکەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییەوە بلکێنێت. کەواتە لەبەر ئەوەی ئاسۆی ئەحمەد موختار جاف ڕووە دەکاتە "ڕزگاری و پێشکەوتن لەسەر بناغەی ویژدان"، هەروەها لەبەر ئەوەی زەراب کەوتەتە "ئیعتیراف"ی بەگەنکردنی خۆی لە لایەن ژینگەوە، ئەوا دەبێت پرۆژەی "مەسەلەی ویژدان" بەرەو کۆتایی ببرێت.

پرسیارێک ئەوەیە، کە ئایا هۆی چییە ئەحمەد موختار لەو چەند وشە ئیرەنیەی کۆتاییدا دەوەستێت؟ واتا: "ویژدان تەنیا هەر ئیسمی هەیە و کەس بە چاو نەی دیوە!" ئایا ئەحمەد موختار بە پێکەوەلکاندنی ڕۆخنەی ڕیشەیی لە کۆمەڵی سەردەم و ئاسۆی پێشکەوتن و مەدەنییەت، کە دژبەرن و چارەسەری هونەری زەروور دەکەن، نەکەوتەتە تەڵەیەکەوە کە ڕۆی پێنەدات چیرۆکە هونەرییەکەی بدیبهێنێت؟ ئەمە دەبێت ئەم پرسیارە بکەین، چونکە کۆشە هونەرییەکانی "مەسەلەی ویژدان" بۆتایبەتی لە کاتی بەدجۆربوونی زەراب بەدواوە لە ئارادان و چارەسەر نەکراون. لە لایەک ئیرەنیەکەی زەراب، واتا "خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبووڵ کردووە و ئەیکات، وە ویژدانیش تەنیا هەر ئیسمی هەیە" (زەراب لەڕادەبەدەر ئەزموونییەکەی یەکدەخات) بە ڕەوتی داشتنەکە دەگونجێت، لە لە لایەکی دی لەتەک ئەو مۆرکەیدا پرسیار لەبارەی هەی سەرهەڵدانی خودی مۆرکەکە، هەروەها لەبارەی ئەو "یەکانابوونەوە"یە دەتە ئاراوە کە ئەو بەدووبدا دەکەوێتە "ئیعتیراف"ەکەی". ئەمە لە کۆتاییەوە نزیکین،

تەنانەت دەتوانین ئەم وەک "سەرەتای کۆتایی یەکەم داشتنی چیرۆکەکە پێش پێداچوونەوە و چاککردن" ببینین، لە پرسیاری بێشکی گومبووی ئەو چیرۆکە بەهودەیە.

کرۆکیترین کێشەی هونەریی "مەسەلەی ویژدان" ئەوەیە کە داشتنی چیرۆکەکە دوای تەنیاکەوتنی زەراب لە ڕووی فەرمانڕەوا شەواوە: ڕەوتەکەی خراببووە. بەگومان تێشانەی ئەزموونکانی زەراب سەرەنجامی تەنیاکەوتن و لەرێشەوە سەرەنجامی بزووتنەوەیەکی فەرمی خەیان وەرگرتبێت، بەڵکو شەواویەکی هونەری لە ڕووی "کات"ەوە هاتۆتە ئاراوە: بازدانکان یان پێنەوکان نزیکەی شەوی ڕێزکردنیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئەم کێشە هونەرییە لەم بڕگەی دووەمی ژیانی زەرابدا هەیە، ئەوا گرێکە لە پرسیاری دی بهزرێین، بە نموونە پرسیاری "نەبوونی دەرفەتی کارتێداکردن و پێداچوونەوە"، یان پرسیاری "ئێکسپێریمێنتی (تێجروبەی) ئێدەبی"، ئەم پرسیارەش بەگومان پێویست بە لایەنکی دیکەی کرۆکییەوە کە بریتییە لە تەنگژەی کەسیی ئەحمەد موختار جاف.

پرسیاری ئێکسپێریمێنتی ئێدەبی وەڵامکەی لەنەو خەیدایە و دەشێت پرسیاری "نەبوونی دەرفەتی کارتێداکردن و پێداچوونەوە"ی بدەینە پاڵ. لە پرسیاری تەنگژەی کەسیی ئەحمەد موختار دەمان بات بە پرسیاری دی: پرسیار لەبارەی ناکۆکیەکانی ئەو لەتەک ژینگەی دوژمنی مەدەنییەتدا، ئەوجا پرسیاری گیرانی ئەو لە لایەن شێخ محمود، پاشان پرسیاری "هەڵەی کوژرانی ئەو و پرسیاری کەسی (؟) یان دەستەی (؟) بکوژی ئەو. تروسکەی چەند وەڵامکی ئەم پرسیارانە دەئەنگوتێت، گەر مرۆڤ پەیوەند بە کوژرانی ئەحمەد موختار جافەوە وەک قەدیمییەکان نەکەوێتە "پاکانەی دەستی ناپاک"، بەڵکو دەستبداتە توێژینەوە لە ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتخوازانی ئەو سەردەم: لەنەو هەزی جاف و لە دەرەوەیدا.

سەرچاوە

ئەحمەد موختار جاف. مەسەلەی ویژدان. پێشکی و لێکۆڵینەوە: دکتۆر ئیسحان فەاد. بەغدا، ساڵی 1970.
هەمان نووسەر. دیوان. ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: پرۆفیسەر عیزەدین مستەفا ڕەسوول. بەغدا، ساڵی 1986.

تێبینی

– ئەم نووسینە یەکێکە لە بابەتەکانی نووسەر لە کتێبی "لەتەک

فەنەمەنە ئەدەبییەکانەدا"، بیەر و هوشیەاری، سەلەمانی 2006.
نووسینەکە لەم شەوییەی بەردەستدا کاری تەداکراوەتەوە و دەرچە بنەمایەکەی تەواو گەراوە.
– وەک ئەمانەتی ئەدەبی سیتاتەکان (ئیقتیباسەکان) وەک خەیان دراونەتەوە.

ک.ج.

ئایا یەلەگ زەردەکان ئومەدی شەشکەیی نەوەن..! ... سەروەرکەریم

گوە لەریە لەر سەمابکە ... کارە مارکس

لەناوەڕاستی سەدەی نەزدە ئەوروپا بەدەست پاپاو قەشەو لویس و قەیسەرو مەلیکەکانەوە نوقمی زەلکاوی گەندەڵی نەبوونی هەژاری وبرسێتی لەڕادەبەدەر بووەوە،سەرباری ئەوەی چەندین یاخی بوون و ناڕازایەتی و شەڕش ەووی دابوو ،لەوێنەی شەڕشی گەورەی فەڕەنسا، بەڵام هەموو ئەوانەی ەابووردوو نەیانتوانی بوو کەتایی بەزوەم و زەری دەسەڵات داران بهێنن ،بەڵکو زیندانەکان و ەاوەدوونان زیاتر و زیاتری دەکرد.

ژیان و گوزەرانی خەڵکیش خراپترو خراپ تردەبوو،کەشک وقەڵای دەسەڵات دارانیش قایمترەو پاسەوانیانی دەسەڵاتیش دەتروهارتردەبوو بەرامبەر خەڵک و مافەکانیان.

خواستی دەسەڵات داران بۆ کەمکەکردنی سامان و دەسەڵاتی زیاتر لەسەرژیان و گوزەرانی هاوەاتیان هەژداوی هەژار زیاتروزیاتر دەبوو .شتێک بوونی نەمابوو بۆناوی مافی ئینسان ،بەمانایەکی تر بەنرختترین شت لای دەسەڵات داران ئینسان و ماف و کەرامەتیان بوو . ئەودەخە خراپە لەڕادەبەدەرە هانی زیاتری هاوەاتیانی دەدابە یاخی بوون کەتایی هێنان بەوچەوساندنەوە بۆ ئەندازەیی لەسەریانەو

ژیانەکی کولەمەرگی دژیان .

ئەودەخەباتەناهەموارە بووەکاری هەلگریسانی شۆڕشی ١٨٤٨ لەفەرەنسا،هەرچەند ئامانجەکانی ئەوشۆڕشە کەمتر لەووخانی دەسەڵاتی لویسەکان بوو درووشمەکانیان داوای ئازادی و یەکسانی وبرایەتی دەکرد،لەکاتێک دا هەرگیزبرایەتی لەنێوان پڕۆلیتاریا وسەرمایەداری دابووننی یە.

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٨٤٨چەندین هەنگاو بەزووتنەوەی کرێکاری بردەپێشەوە و ئەوروپای لەووڕووی تارمای کۆمۆنیزم کردەوە. بزووتنەوەناسۆزایەتیەکان فراوانتربوو چین و توێژەکان،جگەلەکرێکاران پێویست بوون بیروباوەڕی سوسیالستی و خەباتکردن بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی سوسیالستی ،سەرئەنجام بەهەوە و تێکۆشانی ئابڕانی بووتنەوەی مارکسیستی ،کەخودی مارکس و ئەنگلس ئابڕایەتی ئەوبزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی چینی کرێکاریان دەکردبەکۆتایی هێنان بەنیزامی چەوسێنەرانی سەرمایەداری ،لەڕێگەی نووسین و لەوونکردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕشی سوسیالستی بووە مامانی لەدایک بوونی کۆمۆنەی پاریس.ئەوشۆڕشەی سەرلەبەری یاساکێنەکانی هەڵوەشاندنەوە یەکسانی و ئازادی و مافەکانی ژنان و سەرجەم چینەکانی سەپان و کردیە دەستوری کۆمۆنە.

ئەو٧٢ڕۆژەی کۆمۆنارەکان دەسەڵاتیان هەبوو هەموو مەرکەکانی چەوسانەوەیان لەسەرئینسان کۆتایی پێهێناو هەموو دەستوریاساکانی کۆنیان فەرمانیناو زبەدانی مێژووو یاسای ئینسانیان بەبە جیاوازی سەپاندو کردیانە دەستوری ژیانی کۆمەڵگا. کۆمۆنە تەواوی دنیای سەرمایەدرای هێنایەلەرزەو هەرچی پادشاوقەیسەرولویسەکانی دنیابوو یەکیانگرت بۆ کۆتایی هێنان بەکۆمۆنەو ،توانیان شکست بێنەکۆمین دەسەڵاتی کرێکاری بهێنن ،بەڵام نەیانتوانی خواست و ئامانجەکانی کێکاران و هەژاران شکست پێبهێنن،بەڵکو بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالستی خستبوە سەرشاڵگای خەباتی چینایەتی و فراوان بوون پێلهاویشتنی بۆتەواوی دنیاو دروست کردنی ڕێکخراوحیزبۆ سوسیالستیەکان و خەئامادەکردنیان بۆشۆڕشی چینایەتی و کۆتایی هێنان بۆ تەواوی نابەرابەری و چەوساندنەوەکانی نیزامی سەرمایەداری .

دەسەڵاتی سەرمایەداری هەرگیزنێیتوانی ،وەک پێش کۆمۆنە کرێکاران فریوبدات و سەرکوتیان بکات بێیفەرمی نیوناچێ،هاتنەمەیدانی کرێکاران ڕۆژداوی ڕۆژ بەروپێش دەچوو،لەبەشیک لەووڵاتانی ئەوروپا

دەستکرا بە بەخشینی کۆمەک داخوازی بۆکرێکاران و ژنان و هەژاران ، ئەوکۆمەیفەرمەش نەیتوانی کرێکاران لەشۆڕش خوبکاتەوە بەدوای نزیک بەپێنجاساڵ شەشی ئۆکتۆبەر لەوسیاسەری هەڵداو جارێکی تروڵەگۆشەیەکی تری ئەوروپا دژی سەرمایەداری و قەیسەرەکان شەقاڵشەقاڵکراو هووخڵنرا.

شەشی ئۆکتۆبەرکاریگەری لەسەرتەواوی دنیای سەرمایەداری داناو،لەبەرپەشگرتن بە هوودانی شەش لەووڵاتانی تری ئەوروپا دەستیان دایە هیفەرم دابین کردنی لایەنی کۆمی داخوازیکانی کرێکاران و ژنان و هەژاران .

گەرچی شەشی ئۆکتۆبەر بەهەی هەرشی بەردەوامی نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپاوە نەی توانی تەواوی ئامانجەکانی بپێکێت و کۆمەڵگای سوسیالستی بنیادبنێت ،کەتایی تەواوەتی بەنیزامی کاری بکرێ بهێنێت ،لەگەڵ ئەوەی هەموویاساکەنەکانی هەڵوەشاندەوە، بەڵام نەیتوانی سوسیالیزم بنیاد بنێت ،بەناچاری لەبەشیک لەخواستەکان پاسکشەی کردوو سەرمایەداری دەوڵەتی ژیرناوی سوسیالیزمی دامەزراند.
دیارنامەوێت مێژووی شۆڕشەکان و کەمووکوڕی و سەرکەوتن و شکستەکانی بگەڕمەوە لەم نووسینەدا، بەقەدرئەوەی بیرهێنانەوەیەکی کورتی کاریگەری مارکیسزم لەسەرکەی هاپەین و شۆڕشەکانی ئەوروپا بەتایبەت دوای بەاوبوونەوەی مانیفێست ،لەلایەن مارکس و ئەنگلس ساڵی ١٨٤٧ ،هەتادگات بەشەشی خوێندکارانی ١٩٦٨ لەفەڕەنساو بەاوبوونەوەی ئۆشەشبەتەواوی دنیا،کەئەویش هەرلەژێرکاریگەری بیری سوسیالستی دابوو .

گاریگەری فکری مارکسی ،لەسەرکەی شەش و هاپەینەکانی ئەوروپا ئەواستیەی سەلماندووە ،کەهیچ شەشێک بەبێ بوون و بژداری کردنی کرێکاران ئەنجامێکی نابێت ،ئەوەی فەڕەنسای بزیندووی هەشتەتەوە لەتەواوی ووڵاتانی ئەورپای جیاکردەتەوە بزیندووی هەشتویەتەوە بوونی بززتنەوەی کرێکاری بهێزو بەردەوام لەهەوڵدایەبکەتایی هێنان بەنیزامی چەوسێنەرانی سەرمایەداری .
بەدرێژایی زیاتر لەسەدەیەکە فەڕەنسا بە شەش و هاپەین نەبوو ،هەرماوەی چەندساڵێک بزووتنەوەی کریکاری و هەژارکان دەنگەوە ناوشەقامکان و دێیانەوێت کۆتایی بە نەهامەتی و نادادپەروەریکانیان بهێنن .

نوێترین هاتنەوە شەقامی فەڕەنسیەکان یەڵگ زەردکانن

،کۆئستاهەنگری دروشم گەلەکی جەراوجەرن ،لەپەناو باشکردنی ژیان و کۆتایی هێنان بەسیاسەتی سەرمایەداری و لیبرالیزمە ،بەناوی سیاسەتی سک هەڵگوشین ،لەسەر حسابی گیان و ژیانی کرێکاران و هەژاران .داخوازی کەمکردنەوەی باجی سەرسوتەمەنی و بەرزکردنەوەی مووچەو دابەزاندنی ساڵی خانەنیشینی و پارێزگاری کردن لەمافی پەنابەران ودابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بەهەمووان و دابین کردنی سوشیال بەهەمووان ،بەشێکن لەداخوازیەکانی یەڵەگ زەردەکان .

ئەم هاتنەمەیدانی کرێکاران و پێویست بوونی خوێنکاران و جوتیاران زەنگێکی نوێیە بۆ گەلانەوە و بووژاندنەوەی کەمەنە ،یان ئەمیش بەدەردی کەمەندەچێت و بەمایەکی تریش شەقام بەدەنگ دەبێت .ووداوەکانی هەژانی داهاتوو بەیار دەدەن شۆشی یەڵەگ زەردەکان بەرەو رێکخستنی هێزانە دەبات ئامانجەکانیان دەگەڵن بەکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی سەرمایەدرای فەڕەنسی یان ،بەماوەیەکی کاتی پاشکشەدەکەن .

هێندا

هەمانی: گەشتێک بۆ هەگبەی خوون … نووسینی جەلال بەرزنجی

هەمانی گەشتێک بۆ هەگبەی خوون، لەلایەن مالی وەفایی‌یەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
لە بەهەوبڕایەتی پەرتووکخانە گشتەکان ژمارەی ٣٢٤ی ساڵی ٢٠١٨ دراوەتێ
ئەم هەمانە ٣١٨ لاپەڕەیە.
ئەم هەمانە زیاتر لەسەر نەستاژیا کاردەکات، لە قوڵایی‌کانی غوربەتەوە دەگەڕێتەوە کەآنەکانی نیشتمان، لە هەی پاڕەوانەوە ئەستاو ئابردوو دەبەستێت بەیەکەوە.

ئەم کتێبە ئەستا لە مالی وەفایی و کتێبخانەی سیروان لە هەولێر دەست دەکەوێت.

بەسەرچووین … هاوکار موسا

دەبمە سەرنشینی کەشتییەکی گەورە
بەدیار سەوزە ماندووکانەوە ناجەر دادەنیشم
سەرنشینە دەنگبەرزەکان بێزار دەکەم
تا ئەقڕیان نامێنە و تومەدەنە دەریا
دەکەومە کەکی دەریاوە، ماسییەکان بێزار دەکەم
نەهەنگێک بەساخی دەمخوا، یاری بە گەدەی دەکەم
غەمگینی خەم دەنێو هەناویدا دەشنمێوە
لەگەڵ پژمنکدا دەمە دەرە چەندین جاری گەدە دەبینم
لە کەتاییدا دەریاش هیشک دەکەم
ئای چەندە شووم و نەگبەتم.
هەکاری ئەم شوومییەی من ئەوێیە:
بەبە ئارەزو فڕە داوەتە سەرزەوی.
لەخەم هەڵدەم ،لە هەموو شتێک
لە ژیان و شوێنی سەپێندراو هەڵدەم
هەموو سنوورەکان تێک دەشکێنم.
ژیان ناڕەوایە و هیچ کەسێک بۆیکسانی لە دایک نابە
هیچ کەسێک وەک یەک نییە و کەس لە کەسێکی دی ناچێ
هەر کەسەو بە شێوازێک ژینگە پیس دەکا
مەبەسمە بڵێم: مرۆڤەکان ژینگە پیستر دەکەن
چونکە خەی لە بنەڕەتیشەوە پیس بووە
بۆچی لێرەم ؟ دەتانوە چی بکەم؟
من هیچ ئەرکێک جێبەجێ ناکەم
ئەرکم نییە لەسەر زەوی و بە کەکی ئەم ژیانە نازەکە نایەم.
نە دەژیم و نە دەمرم،
دەنەوان دووبانکی ترسناکدام نە دانیشتوم نە بە پەوەم.
سەبەر کە نەوازشکی باشە بە بوون لە ڕاستیدا ئەویشم نییە.
چونکە هەڵە هاتم
هاتم پەنجەیێک بخەمە شوێنی پەنجەیەکی دیکە
بە چاوکی جیاوازتر بڕوانم
هاتم خوێنک سڕبەم
هاتم کونک دەنەو دەی ژیان بکەموە.

هاتم برین بەرەوە
هەندێک خوێن خۆکەمەوە
هاتم تنێ
هاتم
هەر هاتم تاکو هەکاری هاتنیشم بیرچێوە
بەڵام هەموو شتەکان دووبارانن
ژیان و مردن
من لە بەینی ئەم دووبارانەدا بوەرانە بیر دەکەمەوە
بیرکەرەوە هەمیشە دەنگە بژی.
پەیستە مرۆڤ بە خواستی خۆی لە دایک بێ
بە خواستی خوی بێتە ئەم جیهانە قبوڵ ناکەم
ئەگینا زەر شت ڕوددەدن
بە نموونە خۆکوشتن
بە لەناوبردنی خۆ مەرج نییە بچیتە دۆزەخەوە
کە کەتا ساتی مرۆڤ دەناو سکی دایکەوە نووسرابێ
کەوابێ خۆکوشتنیش دیاری کراوە.
پرسی ژیانیان بەمن نەکرد
بۆیە بەبێ پرس دەژیم و هەر بەبێ پرسیش دەمرم!
من هی ئەم ژیانە نیم
هی ئەم ژیانە نەبووم
هی ئەم ژیانەش نابم.
لە شوێنی من دەبوایە کەسێکی دی بژیایە
کەسێک کە جێگەی منی ویستبا
ئاخۆ ئیستا چەند کەس لە دنیادا
هەمان سەودای منیان هەبێ.
چی دەبوو گەر لە شوێنی من
ئەو هەڵەتان بدابایەتە گەمژەیەکی تر
باسی جەستەیش هەر ناکەم
لە تابووتێک بەولاوە هیچی دی نیم.
ئای هەڵەکم داگیر کردووە
هەڵەک کە چەندین ژن و پیاوی نەزەک
خوێنی پەوە دەبینن و هەمیشە بەی دەپاڕێنەوە.
دیسان دەیەمەوە
هەڵەکم داگیر کردووە هەڵەکی زیادە
بەبێ پرس و ڕاوێژ منیان فرەدایە نەو ئەم مەنفایە!
ئیدی جارێکی دی قاچەکانم پیاسە نابینن
لەسەر کاشیێ شەتەنجەکان سەریان ناسوڕێ

وەران بووم من ژیان بەستی لەبەیم
هەنگاوەکانم بیرنەماوە.
جارێکی دی چاوەکانم باخچەی ماڵەوە نابینن
کوڕ بووم من
مرۆڤایەتی و گاز و ژەهر و خەردەل کوڕی کردم.
جارێکی دی دەستەکانم دەستی تەش ناگرنەوە
چونکی تۆ بووی دەستەکانت بەیم.
جارێکی دی بەم شێوەیە ناژیم
لەو بەوایەشدا نیم ژیانێکی دیکە دەست پێبکەمەوە
ئیدی ژیان کۆتایی هات
من هی ئەو ژیانە نەبووم کە ژیام.
من بەسەرچووم و
هەنگە ئەوش بەسەرچووبن

هونەری کڵاژ … نژاد عزیز سورمە

مژوو .. تەکنیك .. ئەزموون ..
(ئاماژەیەك بە کەگەیەکی ورشەدار)

((هونەر دەزرایەوە ، چونکە واقیع بەش ناکا..))
گیوم میسە
لە هەمانی (کیژەك لە کاغەز) دا

-_____

هونەر لە خەیدا بە ئەنگیزەی ئەو ویست و ئارەزووانە هاتووە ئادەمزاد هوانین و وردبوونەوە و پرسیارە سادە و ئاسۆزەکانی پە کردووە و خەی پە ازی کردووە ..
ئەمە هەر لە دەری دەرەوە خوولیای مرۆڤ بووە ، لە سەردەمی چاخە بەردینەکانەوە کە هەنگە تەنانەت بە ئاستی لاسایی کردنەوەیش لە ئیستاتیکا.و هەندەکانی نگەیشتبن ، بەکو پەویستی ئەوان

سەردەمان ڕەنگڕێزیی بەها ئیستاتیکییەکانی کردووە کە پاشان دوای دەیان و سەدان و هەزاران ساڵ لەی کەڕاوتەوە و هەوڵی دەزینەوەی مەودای جوانی و پاڵنەرە ئەفسانەیی و خەسڵەکانی دراوە ، نموونەیش بە هەردوو بەر ، داهێنەر و بینەر لەو ساوە ون نەبووە ، لە هونەری سەر دیواری ئەشکەوتانەوە تا دەگاتە شارستانەتە ئەریگناکانی وێنەی شارستانەتی
(سەمەر) و (دەڵەی نیل) و (دەڵەی سند) .

ئەوانەی دیش کە سەردەمێکی زەر دوای ئەوان هاتن ، بەڵام بە ڕوانینێکی ڕەخنەیی و لێکدانەوەیێکی ئیستاتیکاناسیی (لە چاوخەی) هاوچەرخەوە هاتوون و نەوە دوای نەوە ، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە ناسینی سرووشت و دەوروبەر و گەڵانکاری لە ڕوانین و دونیابینییەکانی بەرامبەر ژیان و گیروگرفتە زاتی و بابەتییەکانیدا ..
سەرەتایش ئادەمزادی پێشین خەی و کاردانەوەکانی لە بەرامبەر دەوروبەر بە وێنە دەربڕیوە ، کە بە پێی گەلێك لێتەژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی ، هەروەها دەزراوە ئارکیۆلۆژییەکان سەلماندوویانە زمان و خەتی نووسین و گەشەسەندنی ، لە چەند هەزار ساڵێك تێناپەڕێ ، ئەمەش لە چاو هونەری نیگارکێشان ماوەیەکی زەر نییە ، تەنانەت پاش جێگیر بوون و دەزینەوەی کشتوکاڵ لە چاخی بەردینی نوێدا (نیۆلیسیك) و پاشان سەرهەڵدانی شارستانەتی سەمەریەکان و هەموو ئەو لایەنانەی لە دەوڵەتەکانی شاردا دەرکەوتن لە ڕووی زمان و خەتی پێنووسین (خەتی بزماری) کە تا دەورو زمانێکی یەکجار زەر بەردەوام بوو ، سەرەڕای گەشانی سیستەمی سیاسی ، ئەوەی دەچێتەوە ناو هونەری شەوکاری تا ڕادەیێك بە هەموو چەشنەکانی لە بەرەو نەوەستا(1).. نێك هەر ئەوەندە ، بەڵکو بوو بە بەشێك لە سرووت و ڕاز و نیازی ڕوانینە فەلسەفییەکانی ئەوسا .. دەزراوە ئارکیۆلۆژییەکان بەڵگەن کە ئەستا لە زەر لە مەزەخانەکانی دونیادا پارێزراون .

بەم جۆرە هونەری شەوکاری لە نیگارکێشانەوە تا دەگاتە دیواربەندی و هەیکەلتراشیی (بە هەموو جۆرەکانییەوە) بوون بە سیمایێکی دیار لە سیماکانی ئەو شارستانەتانە . لەو ساوەش هونەری شەوکاریی لە گەشە و پێشکەوتن نەوەستاوە ، بەوەی جگە لەوەی بنیاتێکی ئیستاتیکایی ئادەمزادە لە دەربڕینی خەی و دەوروبەری ، لە هەمان کاتدا پەیوەستییەکی مرۆیشە لە جوانکردنی ژیان و جێی ژیان کە دیارە (هونەری تەلار

یان خانووسازی) لەم بوارەدا هیچی نکۆیلەنەکراوی دیوە و دەبینە . تەنانەت وام دەتە بەرچاو هونەری خانووسازی هێنگە ئاستوخەتریش پێوەندی بە ژیان و بە مرۆڤەوە بە ، بەوەی لە ژیانی ئاسایی و شوێنی جێبەجێکردنی ئەو سروەتانەی بە درێژایی قۆناخەکانی مێژوو ئادەمزاد بەوای پێیان بووە ، کە لە دواییدا هەر بە پێی ئەو قۆناخ و باوەڕەوە بە ناوەك ناسراونەتەوە و ئامادەییان هەبووە .
جگە لەوێش هونەری خانووسازی هەستی (شوێن)یشی لای مرۆڤ بەرجەستە کردووە ، هەندە جار تا ئاستی یا نزیك لە (هەللانە) ی باڵداران کە باشلار بە لووتکەی تەلارسازی دەبینە و پێیوایە هەرگیز ئادەمزاد نێتوانیووە و ناتوانە لاسایی داشتنی ئەتەمی هونەری چەکردنی بکاتەوە(2).

خودی تەلارسازیش دوور نەبووە لەو گەڕانکارییانەی بەپێی سەردەم بەسەر قوتابخانەکانی هونەردا هاتوون ، لە هونەری دەرینەوە بگرە تا کلاسیك و هونەری سەردەمی بووژانەوە (ڕێنیسانس) و ئەوەی پێی دەگوترێ کلاسیکییاێتی نوێ و ئینجا ڕەمانتیکی و کۆپیزم و ئەبستراکت و دەربڕینخوازیی و دادایی و سوریالیزم و هونەری مەدرەن و پۆست مەدرەن و ئێستاش دوای پۆست مەدرەنیزم و...تاد. کە هەر یەك لەو قوتابخانە و ڕەوتە هونەریانە زادە و ڕوانین و هەڵوێست نواندن و تاڕادەیەك فەلسەفەی قۆناخکانیانن ، بە هونەری تەلاسازیشەوە ، دیارە لە ڕووی تەکنیکی کارکردنیشەوە هونەرمەندانی سەر بەو قوتابخانانە بە بەرجەستەکردنی ئەو چەمکانەی لە لایەنی ئیستاتیکا و گەڕانکارییەکانی و پێوەستیی بە هونەرکانی دیکەوە بەو جۆرە بووە ، هەر ئەوێش تەکنیك و ستایلی (هونەری کڵاژ)ی گەیاندە ئەو ئاستەی چەمکی هاوچەرخ وەربگرێ ، سەرتای سەدەی بیستەم .

ستایلێکی ناسك و ڕوانینپێك و بە بوار لە ئازادی کارکردن و هەمەلایەن و هەمە بابەت لە بکارهێنانی کەرەستەی هەمەچەشن ، کە بە بەریەوەیەتی هەندە جار هەموو قوتابخانەکانی تەدا کە بکرێتەوە.
کڵاژ، ئەگەرچی لە قۆناخێك لە قۆناخەکاندا لەوانەیە لەگەڵ هونەری ڕۆژنامەنووسیشدا پێکەوز کرا بێ ، بەڵام من وای دەبینم سەرەڕای نزیکیشی لە هونەری ڕۆژنامەنووسیی ، (کڵاژ) هونەرێکی سەربەخۆیە لەگەڵ هەمان ئەو جۆبارانەی هونەری شێوەکاری دەچێتەوە سەر ، تێك بکاتەوە .
جیاواز لەوێش دەرکەوتنی ئەم هونەرە وەك مێژووی ڕاستینەی خۆی ، دوور لەو لەڕوانینەی لەگەڵ هونەری نوێ سەیر بکرێ کۆنترە لە

هونەری وێژنامەنووسیی بەو چەمك و ڕوانینەی ئەمڕۆ لە گۆڕیە .
وێنگە نەتوانین بە پشتی ڕیزبەندی و پێدابوونی قوتابخانە هونەرییەکان ، کۆلاژ وەك قوتابخانەیەك هەژمار بکەین ، لە بەرئەوەی دی تەکنیکەکی تایبەت بە خۆی لە کارلێکردندا هەیە..

کۆلاژ ..
مێژووی پێدابوونی

وشەی (کۆلاژ – Collage) لە بنەڕەتدا لە Coller ی فەڕەنسییەوە هاتووە بە واتای چەسپاندن یا لکاندن ، لەبەرئەوە کۆلاژ بەو مانایە دەکەوێتەوە کە لە چەسپاندن و پێکەوە لکانی شتگەلێك ئینجا وێنە بن یاخود هەر ماددەیەکی دی وەك کاغەزی وێژنامە ، قوماش ، وێنەی فۆتۆگرافی ، تابلۆیەکی دیاریکراو یا بەشێکی ، هەر کانزایەك ، دار ، بەرد، ئاسن ، تەنەکە ، زێ ، زیو ، هەر شتێك لە ڕووپۆشکی دیاریکراودا بە پێکهێنانی شێوەیەك یا چەمکێکی نوێ لە دەربێندا(3).
وێنگە پێویستیی چەندان بواری جیا وێگە خۆشکەر بوو بێت بە سەرهەڵدان و بڕەو سەندنی ئەم تەکنیکە لەوانە بە نموونە ئاوەی پێوەستە بە سروتە پیرەزەکان یان ئازاندنەوەی پەرستگایان لە کەندا و ڕوانینی هونەرمەندانی نوێ لە پێناوکردنی تەکنیکێکیتر ، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، بەتایبەتیتریش دوای سەرهەڵدانی بزاڤی کۆپیزم و هەوڵکانی پیکاسۆ و براك و سیزان ، کە لە پاشانیش دەبینین پاڵ بە زەر بواری دیکە داوە و لە خۆیدا وەك تەکنیکێکی تازە ستایلی جەراوجۆری لە دەبەتەوە..

(کۆلاژ)یش کە دەچێتەوە پاڵ هونەری بینین ، دوور نییە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شارستانەتەکانی هەرە دێرینیشدا هەبووبێ ، بەڵام وەك مێژوو بەکارهێنانی ئاو تەکنیکە لە هونەردا مێژوونووسان بە (داهێنانی کاغەز لای چینییەکان) ی دەبەستنەوە (دەورووبەری 200 پ.ز) لەگەڵ ئاوەشدا کارلێکردنی لەو کاتەدا سنووردار بووە تاکو سەدەی (10) دەی زایینی ، کاتێ خەشنووسە ژاپۆنییەکان تیلمە کاغەزیان بەکارهێنا و کۆپلەی شیعریان لەسەر دەنووسی و لە پاش یەکیان دادەنان ، لە ئەوروپایشدا ، سەدەکانی ناوەڕاست (سەدەی 13ی زایینی) تەکنیکی کۆلاژ لە کڵیسە گەورەکاندا لەو تابلۆیانە بەکارهێنرا کە گەڵای زەکفت و بەردی پیرەز و هێندە کانزای گرانبەهای تەدا بەکارهێنرا لەو تابلۆیانەی بە مەبەستی ئایینەوە دەنخشێنران .

سەدەی 19ی زایینیش ، تەکنیکی کەلاژ لەناو ئەوانەدا بەاوبووەوە کاری دەستیان دەکرد ، وەك هەندە کاری یادگاری و ڕازاندنەوەی ئەلبوومی وێنە و کتێبان(4).
بەناو دیارە (کەلاژ) تاادەیەکی زۆر وەك هونەرێکی سەربەخۆ و بە ستایل و تەکنیکی نوێوە لەو کاتەدا هاتە ناو مەژووی هونەری شۆڕشگاری کە هەردوو هونەرمەند(پابلۆ پیکاسۆ) و (جۆرج براك) سەرەتای سەدەی بیستەم (ساڵی 1912) کاریان تێدا کرد ، دوای ئەوانیش سریالییەکان بە فراوانتری دەستیان دایێ .
بەم جۆرە کەلاژ بڕوای سەند و تەکنیکی کارلێکردنی قەناخ بە قەناخ گەشەی.و وەك ستایلێك بە زۆربەی وەاتانی جیهاندا بەاوبووەوە ، بە وەاتانی جیاوازەوە ناوینیشەوە ، بەناو کەمتر ، ئاگرچی دەسپێکی لە جیاوازەتیشەوە بوو بێ !!
بە نموونە لە تورکیای عوسمانیدا ، ئەم هونەرە زیاتر لە هەندەووی تێلارە بەناوبانگەکانیاندا دەرکەوتووە ، بەتایبەتی لەو مزگەوت و کەشکانەی سوڵتانەکانییان بنیاتیان ناون . لە ناو عارەبانیشدا ، لەپێش هەمووان باس لە هونەرمەندێکی میسری دەکرێ بەناوی (مونیر کەنعان) کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە دایك بووە و بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان بە یەکەمین کەس دادەنرێ لەم بوارەدا(5).
لە ئێرانیشدا ئەم هونەرە زیاتر لە بواری خشنووسیدا بووە ، لەم بارەیەوە باس لە شۆڕشگێڕەکانی(مەحموود خانی مەلیك ئەلشوعەرا) دەکرێ کە لە سەردەمی قاجاریەکاندا ژیاوە هەورەها لە هەندە لایەنی پەیوەست بە کارکردن لە هونەری (میناتۆر)(6).
هەرچەندە لە ئێراندا کارێکی ناوازە لە شاری (سەرجان) دا هەیە ، بە بەوای من دەچێتەوە خانەی کەلاژ ، بەناو ئاگر بگونجێ دەکرێ بە کەلاژی مەودادار یا بەرجەستە ناوزەدی بکەین .

ئەم کەلاژە لە لایەن کەولاکەوە لەسەر ڕووبەری نزیکەی 15 پازدە هەزار مەتری دووجا دروستکراوە. چیرۆکی ئەم کەلاژە کە بە (باخی بەردین) بەناوبانگە لە لایەن کەسێکی کەولاڵی خەڵکی (ئەفشار)ی سەر بە شاری سەرجان (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران) بەناوی (هیدایەتی ئەسفەندیار پوور) کە بە دەروێشخان ناوی ڕۆیشتووە دروستکراوە .
لەتەژی فارس د. مورتەزا فەرهادی لەم بارەیەوە دەڵێ: ((دەروێشخان لە دوا دواکانی سیلسیلەی قاجاریەکانەوە ژیاوە ، هەردوو شێی جیهانی دیوە ، ئاوەشی دیوە چ بەسەر وەاتکەیدا هاتووە))(7).

دکتەر فەرهادی دەڵێ ، دەروێشخان قارەمانێکی جوامێر و پیاوێکی ئازا و زیرەك بووە ، هەرچەندە کۆو لانیش بووە ، بەڵام خەیاڵێکی بەهێز و بەهرەیەکی هونەری و دونیابینییەکی بەرزی هەبووە و بایەخی زۆری بە جوانی داوە ئەمەش لە کارەکانیدا دەردەکەوێ(8).
وا دیارە دەروێشخان بەشێکی زۆری موڵکەکانی لە ناوچەی سەرجان لە دەست دەدا ، لە دواییشدا خاکە بە پیت و بەروبوومەکەی بەهەی بە ئاوییەوە وشك دەبێ .
بەم جۆرە نیگەرانی دەروێشخان بە زۆییەکانی دەگاتە ئاستەك ، خۆتەك لە بیابانێکی نزیك لە یەکەك لە باخە وشکەوبووەکانی هەڵبدا و باخێکی بە بەرد لە بندەاری وشك هەڵاتوو ، هونەرمەندانە لەباتی بەروبوومی کشتوکاڵ ، بەردی هەمەجۆر و هەمەڕەنگیان پێدا شۆڕ دەکاتەوە لە ڕووبەرێکی بەرفراوان . (بەوانە وێنەکان) .
لە هەمووی سەیرتر ، وەك سەرچاوە جیاجیاکانیش باسی دەکەن لەوکاتەدا لە هەل و مەرجی ئەوان ڕۆژان ئامێری پێویست بەردەست نەبووە بە دووبەدەرکردنی بەردە هەمەجۆرەکان بەتایبەتی بەردە قایمەکان ، لەمەشدا وا پێدەچێ دەروێشخان ماندووبوونەکی زۆری دیبێ لە دووبەدەر کردنیان ، تەنانەت هەندەك لەو بەردانە زۆر قورسن و هەڵواسینیان بەهەی تەل و کانزای بەردەستی دیکە ئاسان نەبووە .
ئەم کارەی دەروێشخان کە ئێستاش قیبلەنمای گشتوڕانە یەکەکە لە کارە ناوازەکانی مەژووی داهێنانی هونەر و) هونەری کەلاژ(بەتایبەتی وەك لە پێشدا وتم دەشێ بە کەلاژی بەرجەستە ناوزەد بکرێ .

من بەخەم ئەم کارەی دەروێشخان (ئینجا بەهەر هەڵە و ئەنگیزەیەك بوو بێ) بە شێوەیەك لە شێوەکان بە دەقاوەزیی زۆر لەو تەکستانە چاو لە دەکەم کە لە کاتی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەم یاخود دوای شەڕ نووسراون و ئاماژییە هەمەلایەنەکانی دەروونیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤیان بەرجەستە کردووە .

تەکنیکی کارکردن

لە ڕووی بەکارهێنانی ماددە و شتگەلی هەمەچەشنەوە کارکردن لە کەلاژدا کەموێنەیە ..
هەموو شتەك ئاسایی بەکاربهێنرێت لەکاغەزی هەمەجۆرەوە تا قوماش و پلاستیك و وێنەی فۆتۆگرافی و پارچەی دیاریکراو لە نیگاری کەشراو و پەڕەی باڵندە و کانزای لە جۆری ئاسن و مس و هەروەها بەردی ڕەنگاوڕەنگ..تاد.

کلاژکار ، ئازادیەکی هەڵە و پەکهاتەیەکی ئاهەنگداری هاوبەشی لەو تیشکانە ، ئەگەر هەر کەرەستەیەك بە تیشکێك ببینین ، هەناهیەکی بەهێزو سەرنجڕاکێش پەیدا بکا ، کە هەندێ جار مەبەستی بە لە هاوبەشیای فیگەرەکانەوە یاخود لەگەڵ یەکهاتنەوەی کەرەستەکاندا دەبێ .
زەرجاریش لە فیگەرە دژبەیەکەکاندا هەوڵدا گوزارشت لە هاوئیاکانی بکا جگە لە دەستپێداهێنانەوەی دوایی کە لە دوا قۆناخی هەر تابلۆیەکدا بە دەسکاری خودی کلاژیست بەهای هەندێ قەبارەموشاندنەوە جێبەجێ دەکرێ ، هەموو ئەو خەت و لاین و قەبارەموشێنانەش دەگرێتەوە کە تەواوکاری بە تابلۆکە دەدەن ، یا لە هەندێ تابلۆی کۆنتراستدا دژایەتی پتر دەردەبڕن کە ئەویش هەر لە بەرژەوەندی کارەکەدا دەبێ ، بەخودی ئیمزای هونەرمەند خۆیشیەوە کە بە ئای من دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە تابلۆکە و وەك فیگەرێك خۆی دەنوێنێ .
من بە خەم تەکنیکی کارکردن لە کلاژدا وانابینم لە مەودای دەربڕین جیابێتەوە ، دیارە دەربڕین و شەوکاریی و زمانی هەرکارێك لە ئەنگیزەی کەمەڵك هەڵهێندەوە سەرچاوە دەگرن و بە پێی پاشخانی فەرهەنگی و پەیوەستی دەروونی بەسەر هونەرمەندیدا دەشکێنێتەوە .
ئەمە لە هونەرەکانی دیشدا هەر وایە ، بەتایبەتی لە شیعر و مۆسیقادا ، کە دووەمیان دەچێتەوە ناو ئەبستراکت و لە گەڵك هاوەوە لەگەڵ ئەو ڕیتمە ڕەنگین و پارچانەی کلاژدا تێکدەکاتەوە ، باوەکو هەر یەکیان سەر بە دونیای خۆیشیان بن .

ڕەنگە ئەمەش لەوەدا هابێ هونەری کلاژ بە شێوەیەك لە شەوکان دەچێتەوە سەر قوتابخانەی کۆپیزم ، کە لە لایەنی شەوخوازییەوە بە ڕادیکاڵترین قوتابخانە دادەنرێ لە سەردەمی خۆیدا بە تایبەتی بە هونەری شەوکاری ، بەوەی ئەو قوتابخانەیە وازی لە چەمکە ڕیالیزمییەکانی بینین هێنا و لە هونەری هاوچەرخدا بەوە دەرکەوتەوە ئازەزی مرۆڤی هاوچەرخی لە ڕەهەند و مەوداییکی دیکەدا دەرخستەوە ..
پەرەسەندنی هونەری کلاژیش (تاڵادێك) بە لای دەرهاوێشتەکانی کۆپیزم و دادایەتی و لە پاشانیشدا سوریالی کەوتەوە لە پەیڕەوکردنی ئەبستراکتایەتی لە کارکردندا ، بەڵام بە ستایل و تەکنیکەکی جیاواز :

سەودا کردنی هاوبەشەمز لە بەرابەر هووپەو و بەشای و مەوادان بەو هوئیا و گەمە شەوکارییانە بە ڕەکخستنەوەی ئاهەنگەکانی ناوەوەی کلاژکار خۆی ، زەر جاریش دەقاوەزی لەگەڵ ژانرەکانی دی

هونەر ، بە نموونە شیعر لە باشترین تەجەللایدا ، کە جار هەیە بە لای هەووی پاکیزەی ئیرەتیکا و هەندە جاریش بەرەو هەڵەوی عیرفانیدا دەشکێتەوە و لە شیمانەیەکی وەختیدا ، دەوەستێنەد بە پاشخانی مەژووییەکە (لە زەمانی ئەستای دووبارە بووەوەدا) و ئەزموونی کار لە کردنی وەك هەر کارێکی هونەری دیگاتە ترپەك و تەقەڵان .. لەوەدا لەژیکەکی جیا لە نالەژیکدا ، کە بەشکە لە ویستی عارفان و ویستی شەوخوازی ، هەروەها بەشك لە هەڵەهایی هوئیا و دونیابینی خەی دەردەبڕێ ..

لە بارەی ئەزموونی خەمەوە

وێنەکێشان بە من یەکەك بووە لە خوولیاکانی منداڵیم .. سەرەتای چوونە بەر خوێندن ئەو بوارەم بە نەخسا ، هەڵومەرجی ئەوسا (دەسپێکی خوێندن) کە زەرجار بەسەریدا دەسەپاندین لە ئەشکەوتان بخوێنین چ جای وێنەکێشان .
من تا نەهاتمە شار وانەی ئەوەی پێی دەگوترا (ڕەسم) وکە لە دوایدا زانیم ، نەبیستبوو..
(قەڵەمەڕەنگ) م هەر بە دوایی نەدیبوو ، بە خەوز جار جار ئەگەر بمانویستبوایە وێنەمان لەسەر دیوار و زەوی کێنکریتکراو دەکێشا ، ئەو دەمە تەنیا بینا حکوومەتییەکان کێنکریت بوون .
هەشتا لە ناوەڕاستی قۆناخی سەرەتاییدا بووم هاتمە شار (پێلی چوارەم یا پێنجەمی سەرەتایی) لە خشتەی وانەکاندا ، وانەی (الرسم)م دی ، بەڵام تا قۆناخی سەرەتایشم تەواوکرد وانەی (وێنەکێشان- الرسم) هەر لە خشتەی وانەکاندا مایەوە ، حەفتانە چەند وانەمان هەبوو ، یا دەکرا بە وانەی تر ، یاخود مامۆستا ئیزنی دەداین و بە ئیستیلاحی ئەوەدەمی دەبووە (شاغر) .



لە قەناخی ناوەندیدا (پەلی دووەم) بارودۆخ گۆڕا ، من گۆڕاوە (گۆڕاو) شوێنی لە دایك بوونم کە ماڵیشمان هەر لەوێ بوو .
ئۆگرچی گۆڕاو دەمێك بوو ناحیەی بوو (هەر لە سەردەمی پاشایەتیدا) هەروەها بنکەی شۆڕشی کوردستان .. لە هەمانکاتدا ئاوان ژاژان پێگەیەکی گرینگی بازرگانی هەموو کوردستانیش بوو ، بازاڕێکی هەبوو دووجار بە قەد هۆوپەوی خانووکانی ، لێگەڵ هەموو ئەمانەشدا شوێنکی تایبەت بە هونەر بە تایبەتی لە هۆوی بایەخدان و بە هەندگرتنی تەدا نەبوو ، ئەوەی هەبوو لە دوو سێ هونەرمەندی خەسك کە ئاواخوایی خەیان خەیان پێگەیاند بوو تێنەدەپەی .
ئەوسا ئەمە کەمێك قوتابی قەناخی ناوەندی بووین هەستمان بەوە کرد بەتایبەتیش کە هەموومان لە ڕۆکخراوی (یەکیەتی قوتابیانی کوردستان) دا
کارمان دەکرد ، ئەوبوو لیژنەیەکمان بە ناوی (لیژنەی زمان و

ئەدەبی کوردی قوتابخانەی ناوەندی گۆڤاڕ) دامەزراند .
بە داخەوە بە هۆی کەمتەرخەمی ئەگەر سەرۆکایەتی بایەخدان بە لایەنەکانی دی وەک ڕۆژنامەنووسیی و مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ ، لە بواری هونەری شۆڕکاریدا ڕێک نەکەوت کارەکی وامان پێ بکرێ شایانی گۆڤانەوە بێ .

زۆری پێنەچوو بیرمان لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک کردەوە ، ئەوەبوو گۆڤاری(بەرەو ڕووناکی) مان دەرچووواند ، بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کارەکانی گۆڤارەکە ، بەتایبەتی سەرپەرشتی چاپ لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر بە من سپێردرا بوو ، پێشتریش لەگەڵ دەسپێکی قۆناخی ناوەندیدا ئەوەی پێی دەگوترێ(ڕۆژنامەی دیوار) کە زیاتر دەچێتەوە ناو (ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە) چەند بڵاوکراوەیەکم بە کۆششی خۆم دەرچواند بوو ، کە باسی ئەمڕۆش دەکەم مەبەستمە بڵێم تەکنیکی کارکردن لە ڕووی دانان و دابەشکردنی بابەت و وێنە و قەبارە و شێوەی دانان و بڵاوپێکردنی بەشایی لێم جێر بڵاوکراوانەدا نزیکە لە کارکردن لە کۆلاژ .
لێرەدا دەتوانم بڵێم من لەکاری ڕۆژنامەنووسییەوە سەروکارم لەگەڵ کۆلاژدا پەیدا کرد و تاڕادەیەک قەرەبووی ئەوەم پێکردەوە لە قوتابخانەدا بواری فێربوونیان بە نەخسانەدین .
لەوساوە زۆرجار بە بابەتە نووسراوەکانی خۆم یا هی برادەران یاخود لە دەرهێنانی کتێبەکانمدا پێنام بە بردووە ، ئەگەرچی وەکو پیشانگای تایبەتی تا دوادواکانی سەدەی ڕابردوو (1995) کە یەکەمین پیشانگام تێداکردەوە
(1/10/1995) هیچ پیشانگایەکم نەکردبێتەوە(9).



لە ڕووی تەکنیکی کارکردنیشەوە ، هەوڵم داوە ستایلکی تایبەت بخەمە هەبە ، هەورەها هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووم (وەای پشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەردەست بوونی) بە دەست کار بکەم ، من لە کارکردن بەدەست خەم ئازادتر و کارەکانم سرووشتیتر دەبینم .
پشموایە کارکردن بە دەست ، باوکو بە کەمپیوتەر و فۆتۆشۆپ بکرێت و زەر جار بواری مەودا پێدانیشی هەبە ، بەڵام هەمیشە وام دیوە کاری دەستی لە گیان پێدان و دروشانەوەیدا لە پێشتر بە ، لە هەمانکاتدا کارکردن بەدەست :
یەکەم: ڕاستەوخۆترە و پتر ئیحساسات و جێپەنجەی کەلاژیستی پێوە دیار دەبە ، ئەگەرچی ماندووبوونی زیاترە .
دووەم: ئەو ڕەهەند و مەودایانەی دەتوانرێ بەدەست بە کارەکە بدرێ ، هەندە جار بە کەمپیوتەر نزیکە لە مەحاڵ ، بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی هەندە کەرەستەی وەك دارو ئاسن و کانزای دی ..
سێیەم: زەرجار ڕەك دەکەوە (هەرچەندە من وەکو خەم ئەم ئەزموونەم

لە پیشانگاکانمدا تاقی نەکردووەتەوە) کەلاژەکی زیندوو لە خودی هەڵی نمایشکردندا پشان بدرێ ، ئەمش بە کەمپیوتەر ناکرێ .
چوارەم: لە ڕووی ڕاپەاندنی کاردا ، ڕەنگ زیاتر ماندووت بکا ، بەڵام لە زەر لایەنەوە پویستی بە هەندێ شت نابێ ، لە وێنەی تەزووی کارەبا بە کەمپیوتەر بە نموونە ، لەو حاڵەتانەدا کەلاژیست دەتوانێ لە کۆردەیەکیشدا کارەکانی بەدەست ڕایی بکا .
ئەزموونی من لە یەکەمین پیشانگامەوە تا شەشەمین پیشانگا هەمووی بەدەست بووە ، لە هیچ کارەکمدا وەك وتم تەکنیکە بەردەستەکانی کەمپیوتەرم بەکار نەهێناوە ، من پیشانگای یەکەمم لە(1/10/1995) لە هەڵی سەدیر لە هاوینەهەواری سەلاحەددین) نمایش کرد، بەناوی (پاییزی چاوەکان) ئەو پیشانگایە زیاتر لە 70 حەفتا تابلۆ بوو ، لە هەلومەرجەکدا بوو شەڵی ماوەرانکەری ناوخۆ لە گۆڕێ بوو ، ئەو پیشانگایە و ئەو تابلۆیانەی تێیدا نمایش کران مانەفەستی ناڕازایی من بوو شێوە بوو لەگەڵ شەڵی بزوتنەوەدکارانەی خەکوزی ، دەقەکی ڕاشکاوانەتر بوو لە دەقی (باوەشکەکانی مەژوو) کە شانازی پێوە دەکەم بەوەی
(یەکەمین قەسیدەی بەاوکراوە بوو ، مایسی 1994 دژی شەڵی ناوخۆ پێش پیشانگاکە لە دەسپێکی شەڕدا بەاوم کردبووەوە) لە پاشانیشدا لە ڤیستیڤاڵی خانی لە شاری دهۆك خوێندمەوە(10).
لە حەقیقەتیشدا کەلاژ بە من ، وەك زایەڵەی زەنگەکی لەهات لە تاراوگەی شیعردا ، هەر لەرشەوە کرەکی کەشکە دەستی پێکرد:
کەتەسازە ، مووشێنی مەیدان ، ئاگردز .. هەموو ئەوانە تارایەکیان پێ نەهەنرایەوە! ناڕەم وشە دەستەوستان بوو ، بەڵام ڕەنگە نەمویستبێ لە ڕەحی زیندووی بدەم ، ئەمش هەستەکی بە سازە کە مرۆڤ دەبینی خوولانەوەی لە مەودای ئیستاتیکاوە پێ لە پشتر بە لەوەی هیوا ستراتیژیەکانی ژیان بەرجەستە دەکەن و بە شکەیەکی وەختی نەدا .
هەندێ جار بە ئەوە دەچم وەك چۆن مەسیقا و ستران بە هەی هەست کردنی مرۆڤ بە غەریبی و نائومێدی لەو دیماهیێ تراژیدیێی ژیان کەتایی پێ دێ داهێناوە ..
هونەری نیگارکێشانیش ، ئەگەر مرۆڤی سەردەمێ دێرینەکانیش مەودا ئیستاتیکیێکانی پێ لەك نەدرابێتەوە ، لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیێت تێگەیشتووە لەو وەهم و خەونی نەمریێوە سەرچاوەی گرتووە ، کە لەگەڵ کارساتێ یەك بە دوای یەکەکانی ژیانزوتکاران ، کونجەك ، بەرهەڵەکی تێدایێ لە نزمترین پلەی نەداریدا چەك ونەاهیت بداتێ ..
ئەوە هونەرێ دونیات هەبێ ، بە کەششی خۆت نەبێ ناتوانی تێی بگەی و

چۆشەی لە وەربگری ..
هەر لەرەوە کەلاژ بە من دیوەکەی تری شیعر بوو لە زمانەکی ئیفلیجدا ، با لەگەڵ هاوتی هونەری نوێش بە پێوەندی نەبوو بە ، بەڵام هەوڵێك بوو لە ئەوارەی مۆژوو و هێژپەڕەی جوگرافیا بە ناسینەوەی بەهارە سووتاوەکان و هێژگارە لە دەستچووەکان .. کاوەژنەیەك بوو لە شەختەدا ، تەکنیکی ژیان بوو بەر لەوەی تەکنیکی شەوکاریایەتی پەتی بشێك لەو ژیانە بێت ناومان ناوە شەوکاری یاخود هونەری شەوکاری .
ئەم هونەرە هەنگۆ لە کوردستاندا بە یەکەمجار شەرەفی کارتێداکردنی بە من بۆا بە ، دیارە لە هونەری دونیادا نوێ نییە..
نایشارمەوە من لە کەلاژدا هەست بە ئازادییەکی هەهاتر دەکەم ، هەست بەو شێتایەتی و وەهمانە دەکەم کە پەموایە کەم و زۆر لە هەموماندا هەیە.. لە کارکردنیشمدا هەرگیز لایەنی ئیستاتیکی و تەکنیکی کاکردن و هوانین و هوئیای شەوخوازی لە مەودایەکی هەهاترم بە قوربانی ناوەرۆکەکی دروشمئارا و بارکەوتوو نەکردووە .
لە پیشانگاکانمدا هەوەمداوە یتمی ونکراو لەناو ژاوەژاوی سەردەمدا بدزمەوە لە کاتکدا هاوسەنگیمان هوو لە ئاوابوون بوو ..

10/2017/ 22
نەژاد عزیز سورمە

_____

ئاماژە و پەراوێز:

(1) هونەری سەمەری گێشتە ئاستەك تەنانەت لە سەردەمە هاوچەرخەکانیشدا هونەرمەندان لە کارەکانیاندا بە شەویەك لە شەوکان بێ گەڕاونەوەتەوە.
ئەگەر نموونە ت ویست سەیری تاقەکەی هونەرمەند (جەواد سەلیم) بکە لە بەغدا کە بووە بە ئایکۆنی شارەکە و هێژانە لە TVیەکان دەبینی ، دەسکردی هونەرمەندەکی هاوچەرخی سەدەی ڕابردووە(1921-1961) .
سەلیم لەم کارە ناوازەیدا بە ئاشکرا سوودی لە (مەری لوولەیی) سەمەریەکان وەرگرتووە ، ئەوەی ئەو کردوویەتی لە هووی تەکنیکەوە چاپی هەکەندراوی مەری لوولەیی بەڕام بە هوانینەکی سەردەمیانە.
(2) گاستۆن باشلار- جمالیات المکان – چاپی بەغدا 1980، بەاوکراوەکانی گەڤاری (اقلام).

(3) سکینە المشیخ- الکولاج یستعید قیمة الاشیاء فنیا .

بەوانە:

http://akherelakhbar.net/%D9%81%D9%86-%D9%88%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D9%87/%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%AC-%D9%81%D9%86-%D9%88%D8%A5%D8%B9%D8%A7%D8%AF%D8%A9-/%D8%AA%D8%AF%D9%88%D9%8A%D8%B1

(4) نوار طه – فن الکولاج – گەڤاری (زەیزفون) ی ئەلکترۆنی .
(5) جمال القصاص- ستە عقود من الکولاج ، ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارەی ڕۆژی 4 /2000/2.
(6) د. سیاوش قندی – تاریخچە کولاژ، ڕۆژنامەی – هنرو اندیشە – ژمارە 214- دووشەممە 12ی ئابان 1376ی هەتاوی.
(7) یادداشت د. مورتەزای فرهادی دربارە بزرگترین کولاژ جیهان در سیرجان ،

بەوانە :

http://mortezafarhadi.ir/archive/557/%D8%A8%D8%A7%D8%BA-%D8%B3%D9%86%DA%AF%DB%8C-%D8%B3%D9%8A%D8%B1%D8%AC%D8%A7%D9%86%D8%9B-%D8%A8%D8%B2%D8%B1%DA%AF%D8%AA%D8%B1%D9%8A%D9%86-%D9%BE%D9%8A%DA%A9%D8%B1%D9%87-%DA%A9%D9%84%D8%A7%DA%98-%D8%A7

8)) هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
(9) لەوساوە ، واتە لە 1/10/1995وە تا ئێستا 6 شش پیشانگای تایبەتیم کردووەتەوە و لە زۆربەی شارکانی کوردستان نمایش کراوان ، وەکو هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، سەران ، ئاکرێ ، صلاح الدین..تاد.
بەجگە لەوش پیشانگای شەشمم لە ئەنقەریش لە توركیا نمایش کرد کە بە ئامادەبوونی چەندان نووسەر و هونەرمەند و پەرلەمانتار بەناوبانگ چوو و لە لایەن نووسەری ناوداری تورك دستی کورد مامۆستا (ئیسماعیل پەشکچی)یەوە کرایەوە هەورها پێنج لەو پیشانگایانە لە دوو توێی 3 کتێبدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.
(10) ئەو ڤیستیڤالە لەکاتکدا بوو زۆر نەبوو من و خانوادەکەم ، مالی دایکم ، هەژاری برام ، مالی خوشکم لە قوربانییانی ئەو شەڕە بووین کە ئەوان بۆ شاوی تاڵان و فەرهود و پەراگەندەیی کوتن و منیش کتێبخانەکەم کە خۆی لە نزیك 8 هەشت هەزار کتێب و دیکەمێنتی

ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدا وەڵامی چەندین سیایی ئامادەکراو بۆ چاپ لە پێش هەمووشیانەوە (داستانی گڵگامش) کە سێ ساڵ بە وەرگێڕان و پێراوێز بۆ نووسینەوە
پێی خەریك بووم تیا چوون .

چیرۆک بۆ منداڵان.. ئاخۆی نیشتمان … رزا شوان

شایەکی بیابان نشین، هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە دەنگی باڵندە بوو.. لە باخچە فراوانەکەی کشکە قشنگەکەیدا، لە نێو تڵبەند و قەفەزی نایابدا، چەندین جۆرە مەڵ و باڵندەی پەنگین و جوان و دەنگخۆشی هەبوون.. خۆشەویسترین و جوانترین و دەنگخۆشترین باڵندە بەڵای شاوە، جوانی و دەنگی قاسپە قاسپی کەوکەی بوو.. کە لە نێو تڵەبەندکدا، دیکۆرکی زۆر جوانی بۆ رازاندبۆوە.. کە بریتی بوو لە شاخ و لە تاقگە و لە گوڵزارکی ڕەنگین و لە بەردی جوان.. شا هەندە هەگری دەنگی باڵندەکانی ببوو.. هەندە گوێی لێیان گرتبوو.. تا ڕادەیەک لە زمانی باڵندەکانی دەزانی.

شا بەیانیان بە دەنگی قاسپە قاسپی کەوکەی لە خۆو هەڵدەسا.. دەچووە دیاری و گوێی لەدەگرت.. بەڵام شا سەری لەوە سووڕمابوو، کە کەوکەی هەموو جارێک لە کۆتایی خوێندنەکەیدا، دەیوت: خۆزگەم بە نیشتمان ! شا لەبەرخۆیەوە وتی: جا کەوکە لە چیت کەم؟! خۆشترین دان و میوە و سەوزەم لە بەردەمتدا داناوە.. جوانترین دیکۆرم بۆ رازاندووەتەوە.. قاپکانی ئاو و دانەکەشت لە زێو دروستکراون.. شوێن خەوکی نەرم و گەرمم بۆ رازاندووەتەوە.. پەم نایەیت بە هەموو جارێک خۆزگە بە نیشتمانەکەت دەخوازی؟! تۆ بڵێی دیمەنەکانی نیشتمانەکەت لەم دیکۆر و دیمەنەی ئێرەت جوانتر و قشنگتر بن.. لەم ناز و بەخشینەی ئێرەت خۆشتربن؟!
شا شەوکیان خەونی بینی.. لە خەونەکەیدا بەیانی بوو، گوێی لە دەنگی قاسپە قاسپی کەوکەی گرتبوو.. وەکو ڕۆژانی تر گوێی

لەبوو کە کۆکەی وتی: خۆزگەم بە نیشتمان.

شا چوو دەرگای تەلەبەندی کۆکەی کردەوە.. بەرەبای کرد و پێی وت: دە هەبەفە و بەوە بە نیشتمانەکەت.. کۆکە بەرەو باکوور هەفەی.. شا لە خوا پاڕایەوە، کە بیکات بە باڵندەیەک، بە ئاوەی دوای کۆکەی بکەوێت.. داواکەی شا هاتەدی و بوو بە باڵندەیەک.. هەفەی و قەناغ بە قەناغ دوای کۆکەی کەوت.. تا بزانێت کوێیە ئاو نیشتمانەی خۆزگەی بە دەخوازێت. لە دوای فڕینی ماوەیەکی زۆر، گەیشتنە دەشتکی ڕەنگین و فراوانی کوێستانی کوردستان، کە کەوتبووە نێوان دوو زنجیرە شاخی بەفرین و بەرزەوە.. چیاکان بە دارستانی سەوز و چڕ پڕشرابوون.. دەشتکە پڕبوو لە دار و دەوەنی سەوز و لە تاقگەی جوان، لە کانیاوی ڕوون و خۆ، لە گوڵزاری سروشتیی گوڵ هەمەڕەنگەی جوان و بۆن و بەرامە خۆش.. شا لە هەموو لایەکەوە گوڵی لە چریکە و لە خوێندنی جۆرەها مەلی دەنگخۆش بوو، کە لە ژیانیدا شونێی وەها خۆش و ئاڤسووناوی و دیمەنی قەشەنگ و دڵڤڕێنی لەو شوێنە نەبینیبوو.. واقی وڕما، لەبەر خۆیەوە وتی: هەبێ ونەبێت ئەڕە بەهەشتە، کۆکەم ناهەقی نییە کە خۆزگە بەم نیشتمانە جوانەی دەخوازێت.. بە ڕاستی زۆر جوانە.

کۆکە لە لای کانییەکی ئاو ڕوون و سارد نیشتەوە.. هەشت نە قوم ئاوی خواردەوە.. پشوویەکی دا.. ئینجا چووە سەر تاشەبەردێکی قوت.. بە دەنگەگی بەرز و بەسۆز و زوڵاڵ دەستی بە قاسپە قاسپ کرد.. لە کتایدا سێ جار لەسەر یەکتری وتی: ئاخەی نیشتمانە شیرینەکەم، نەمەردم و پێت شادبووموە.. ڕوێک کەو هاتن و لە دەوری کۆکەدا نیشتنەوە.. دووبارە کۆکە دەستی بە قاسپە قاسپ کرد.. لە کتایدا وتی: ئاخەی کە بە کەس و کارم و بە هاوڕێکانم شادبووم.. لە دواییدا لەگڵ ئاو کەمێک کەوەدا، دای لە شاقەی باڵ و بەرەو چیایەکی لووتکەبەرز هەڵفین.

شا لە پڕکدا، لە دەنگی قاسپە قاسپی کۆکەی خەبەری بوو و وتی: ئاخەی کە ئەم خەون بوو بینیم.. شا لە پشا چوو دەرگای تەلەبەندی کۆکەی کردەوە و ئازادی کرد.. کۆکە بەرەو باکوور هەفەی و لە چاو ونبوو.. شا هەموو باڵندەکانی تریشی ئازادکردن و وتی: هەر هەموتان ئازادن و بفڕن و بچنەوە بە نیشتمانەکانی خۆتان. چی قەفەز و دیکەر و تەلەبەندیشی هەبوون، هەر هەمووی شکاندن.
شا هەر ئاو ڕۆژە بەیارەکی دەرکرد، کە ڕاوی هەموو جۆرە باڵندە و ئاژەڵەکی کەویی لە وەاتەکەیدا قەدەغەکرد.. ڕاشیگەیاند، کە

هەر هاوڵاتیەک سەرپێچی ئەم بڕیارەی بکات، بە تووندی سزا دەدرێت.

ڕزا شوان
کۆرکوک: ١٩٧٥

بزووتنەوەی "هەڵگ زردەکان" و چەند وانەیەک ... پشتیوان محەمەد

دەروازە

تارمایی کارەساتی کێش و هەوا باڵی بەسەر سەرجەمی مرۆڤایەتیدا کێشاوە. دوایین پێشنیاری دۆناڵد ترەمپ بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی هەڵگ زردەکان، کۆتاییهێنان بوو بە کۆکەوتننامەی کێش و هەوا و ژینگە لە پاریس. حکومەتە سەرمایەدارییەکانیش هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەرمەوە، ویستوویانە هەم درێژە بە بەرهەمهێنانی زیاتری دوان ئۆکسیدی کاربۆن بدەن و هەمیش بە ماوەیەک سەرنجی جەماوەر و میدیاکان لەسەر پرسەکە دووربخەنەوە. تا کار گەیشتە ئاوەی زۆرێک لە حکومەتە سەرمایەدارییەکان تانانەت مەسەلەی گۆڕانی کێش و هەوا بە تێوری پیلانگێڕییی مارکسیستیی دەزانن، کە دەیەوێت ڕێگریی لە گەشەی ئازادانەی ئابووریی بازاڕی سەرمایەداریی بکات و لەم ڕێگایەوە پەیوپاگەندە بە ئابووری ووڵەهێکشاوی چین بکات.

دوایین هاوڕێیەرمیستانە (بەڕام لەجەوهەردا ساختەکارانە)ی ئەمانوێڵ ماکرۆن بوو بە دانانی باج لەسەر سووتەمەنیی؛ دیارە پاساوەکەی ماکرۆن، هیچ نەبێت کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دوان ئۆکسیدی کاربۆنە لەسەر بەرگەهەوای ئۆزۆن، وەک سەرتایەک بە ڕێگریکردن لە زیاتر پیسبوونی ژینگە. بەڕام ڕوون و ئاشکرایە باجەکەی هاووڵاتی دەیدات و لەلاکەی دیکەشەوە، دەبێتە گەورەترین خزمەتکردن بەهێکشانی قازانجی زیاتری کەمپانیا فرۆنتەوەکان. ئەم بڕیارە بەخراپی بەسەر ماکرۆندا شکایەوە و لەهەنگاوی یەکەمدا، خێڕاکانەکی کرێکاری هەنایە سەر شەقام، کە زۆرەمەندی ئەم بڕیارە بوون، واتا بەکاربەرانی سووتەمەنیی، بەڕام داواکارییەکان

هەڵکشان، لەپاریسدا نمایەوە، لە خواستی ڤیفەرمی ئابووریيەوە بەرزبووەوە بە خواستی سیاسیی کۆتاییهێنان بە حکومەتەکەی ماکرۆن. بزووتنەوەکە سەرتاپای شارەکانی پاریسی گرتەوە، تەنانەت بەوەتانی دیکەشدا بڵاوبووەوە، وەك بەلجیکا و هەندا و ئومەد دەکرێت، وەتانی پێشکەوتووتری دیکەی سەرمایەداریش بگرێتەوە.

بۆ ڤەمینیسا؟

هیچ جێگای سەرسامیی نییە و تەنانەت هیچ سەیریش نییە کە ناڕازایەتیی بزووتنەوەی جەماوەریی ڤەمینیسا بگرێتەوە. مێژوو پیشانی داوە ئەو شۆشانەی توانیویانە وەستانی مێژوویی و وەرچەرخان دروستبکەن، لە ڤەمینیساوە سەریانهەڵداوە: شۆشی 1789، کە کۆتایی بە ژەمی کۆنی ئەریستۆکراسیی و فیودالیزم هێنا و ئینسانی لە گۆڕەپانەوە کردە هاووەتیی. شۆشکانی 1848، شۆش لە پێناوی خواستە دیموکراسییەکان و شۆشە دیموکراسییەکانی کردە هەوێنی سەرهەڵدانکانی دیکە، کۆمۆنی پاریس 1871، کە بە یەکەمجار، کرێکارانی دیموکراسیخواز و دادپەروەریخواز، دەستەتیان بەدەستەوە گرت و ئەنجووماننە خەبات و بەرەکرێکارییەکانیان دامەزراند، شۆشی 1936 و پاشان 1968، کە چوار بکەری شۆشگێڕ بوونە هەوێنی گەڕانکاریی سەرتاپای پاشماوە کۆنەپارێزییەکانی دونیا: یەك، کرێکاران، دوو، خوێندکاران، سێ، ژنان و چوار، خەڵکانی دژەکۆلۆنیالیست. شایانی باسە یەکەم مێژووی باریکادەکانی سەر شەقامەکانیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ڤەمینسا.

تەنها ماوەیەکی کەم (کە بیست بۆ سی ساڵ) ڤەمینسا لە جەرگەی چالاکیی ناچالاکدا دەژیا، ئەویش ئەو کاتە بوو کە لەووی ئابووریيەوە، سەردەمی بووژانەوەی درێژەودا و دەوڵەتی خۆشگوزەران دەستیپێکردبوو، لەلایەکی دیکەوە بیری ئادیکاڵ پاشکۆی کردبوو و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەمانیی باڵی بەسەر ئەکادیمیاکاندا کێشابوو و سەردەمێك بەناوی گومانکردن لەهەموو شتێك، لەژێر ناوی پۆستمەدێرنیزمدا سەریهەڵدا، کە گومانیان لە شۆش، خەبات، بەرەنگاریی، حزب، هەڵکۆستن، بزووتنەوەی کرێکاریی، بە بزووتنەوەی خەسکیشەوە کردبوو. ئەم سەردەمە لەسەردەمی جەنگی ساردیشدا زەرترین پشتیوانیی لەکرا، هەیوود و ئەکادیمیاکان لەخزمەتیان بوون، بە سەرکەی وەتانی ئەوروپا و خەرئاوای پیشەسازیی و بازاڕی سەرمایەداریيەوە. لەگەڵ کۆتنی سۆڤیەت، ئەم هەوتەش بەرەو خانەنشین بوون هەیشت. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەمانییش (وەك فەلسەفەیەکی کۆنەپارێز) پاشکۆی کرد و دەکرێت بڵێین ئادیکاڵیزم بە شەقامی

فەرهنسیی گەلایەوە.

بەرنامی بزووتنەوەی "هەڵگری زەردەکان" لە لوتکەی سەردەمی ئیفسانەی پارێزەری ئەورووپا: ئەمانوێل ماکرۆندا سەریهەڵدا، تەنها چەند هەڤڕكێك دوای گوتارێکی: دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی ئەورووپا دژی ڕووسیا، ئەمریکا و چین. ئەم وایکرد بەرژوەندیی گشتیی ئەورووپا ئیفسانەی پارێزەری یەکێتیی ئەورووپا و دانیشتووانی ئەورووپا بە ماکرۆن دروستبکەن. ئەم ئیفسانەیە، بەپێچەوانەی ئیفسانە پاڵەوانپەرستییەکانی دیکەی ناسیۆنالیستە ئەورووپییەکان، زۆر درێژەی نەکێشا و تەنها یەك حەفتە عومری هەبوو. وشەی "نیۆلیبراڵیزم" بووەتە وشەیەکی قێزەون و پیس لەسەر زاری خەڵك بەکاردەهێنرێت، تەنانەت هونەرمەندە پۆپ ستارەکانیش، وایانلەهاتوو بەسوکایەتییەوە ناوی نیۆلیبراڵیزم بهێنن. تەنانەت پۆپ ستارێکی وەك "پامەلا ئەندرسن" بەئاشکاوی دەڵێت: "من تووندوتیژیی ناتدەکەمەوە، بەڵام کاتێك دەبینم هەڵگرێکان زەردەکان پۆلاماری بانکەکان، شوێنە لوکسرییەکان و سەیارە گرانبەهاکان دەدەن، ئەوە دەبینم کە چەن دژی تووندوتیژیی ڕەکخراوی دەوڵەتیی و نوخبەی دەوڵەمەند و سەرمایەدار دەجوڵێنەوە، ئەو نوخبەیەی خەڵکی بەرەو برسیبوون بردووە". خەسڵەتی ئەم بزووتنەوەیە، کەمەك ئامێزە، بەڵام زەر ڕادیکاڵە. کورتناکرێتەوە، بە حزب، تراید یونیۆن و یەکێتیی کرێکاریی زەردی فەرمانپەکراو.

هەڵگرێ زەردەکان کێن؟

گفتوگۆیەکی زەر لەسەر ئەوە دەکرێت، ئەوانە کێن وا لەسەرشەقامن. ئایا ئەوانە خەڵکن، کرێکارانن، جەماوەرن، یاخود تۆڕە کەمایەتییەکانی دیکەن. لەلایەکی دیکەوە، گفتوگۆی ئەوەش دەکرێت کە بەشێکی زەری خەڵکی ڕاستەو لەناو بزووتنەوەکەدان. ئەمەش وایکردووە کرێکارانی سۆسیالیستی زەرەك لە وڵاتان، خەیان لە پشتیوانیکردن بەدوور بگرن. بەڵام بە نیگایەکی خەرا دەردەکەوێت کە ئەمانە کرێکارانی بەشمێنەتی کەمەگان. بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەشتا زووە خەسڵەتی سەرجەمی بزووتنەوەکە دیاری بکرێت.
ڕاستە کرێکاران زەرینەن، بەڵام هەموو کرێکارانیش سۆسیالیست یان شۆشگێڕ نین، تا باسی شۆشی سۆسیالیستیی بکەین، چونکە لەلایەکی دیکەوە ئاگەرکانی سەرهەڵدانی شۆشی سۆسیالیستیی، بە قەیرانی شۆشگێڕی و سەردەمی شۆشگێڕیدا تێپەڕدەبێت، کە ئێستا بە نیگایەکی خەرا لە هەلومەرجی ئێستای ئەورووپا، تەدەگەین، کە ئەمە لە قۆناغ و قەیرانێی شۆشگێڕیدا ناژین. لەبەر ئەوە زەرەك لە چاودێرێ

سۆسیالیست و چەپەکانیش، خۆیان بەدوور دەگرن لە بەکارهێنانی وشەی شۆشی سۆسیالیستیی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، چۆن بتوانین خەسڵەتی بزووتنەوەکە دیاری بکەین. بەبێ تێگەیشتن لە خەسڵەتی بزووتنەوەکە و تێگەیشتن لە هەلومەرجەکە، ناتوانین لە تاکتیك و ستراتیژەکانی خەباتیش تێبگەین.

ئەو خەڵکانەی لەژێر ناو و بەجلوبەرگی "هەڵگ زەردەکان" (gilets jaunes) خۆیان دەکخستووە، خەڵکانێکن کە دەکرێت بە دوو دەرەجە، یان خەڵکی خوارووی کۆمەڵگای فەڕەنسیی لەقەڵەمیان بدەین: خەڵکانی شارچکەکان، سەنتەرە هەژارنشینەکانی شارەکان، وەرشە و فرۆشیارە بچووکەکان، کرێکارانی کەرتە پیشەسازییە کەمدەرامەتەکان و هتد. بزووتنەوەی هەڵگ زەردەکان بەیەکەوە (وەك باسمکرد) دژی هەڵکشانی باجی سەر سووتەمەنیی هاتنە سەر شەقام. ئەوان هەکاری گونجاویان هەبوو، دیزە لە23% باجی خرابووە سەر، بەنزینیش 14% و حکومەت ئایگەیاندبوو کە نرخەکانیان زیاتریش بەرز دەبێتەوە. ئەم ئاگەیاندنە بووە هۆی ناڕازایەتیی چینی کرێکار و بەشکی چینی ناوەڕاستیش لەهەمانکاتدا، بەتایبەت ئەوانەی زەرەندی تێچوونەکانی گواستنەوەی گشتیی دەبوون. بە ئەوانەی هەژانە چەندان کیلەمەتر بە سەیارەکانیان دەچنە سەر کارەکانیان، ئەم بەرزکردنەوەی نرخ و باجە، دەبووە هۆی کەمبوونەوەیەکی ئەجگار گەورە لە داهاتی گشتیان.

لەسەرەتادا خواستەکانی "هەڵگ زەردەکان" خواستێکی هوون و ئاشکاو بوو: پاشەکشەکردن بەم یاسایە. بەڵام لە حەفتەی ئابردووەوە، خواستەکان گەڕاون، ئەو دەنگەی دەبیستریت، هەستێکی هوون و ئاشکرای تووندە، مانایەکی تەواوی لەپشتەوەیە کە ئایدۆلۆژیەت، ئەم بووینەتە ئەقڵگۆ و قوربانیی چینێکی سیاسیی کە بەگشتیی، کاتی هاتووە، سەرجەمیان هەتبکەینەوە.

ئێستا زەرینەیان بەیەك دەنگ هاوار دەکەن: ماکرۆن دەبێت بڕوات. لەگەڵ ئاپرسیی هەژی جومعەی ئابردووداە، ئەمانوێڵ ماکرۆن، هەژدەی دەنگەکانی دابەزیوە بە 20.1% و هاتووەتە خوارەوە بە پلەی چوارەم، لەکاتێکدا ژان لوك میلانشۆ، سەرکەی پارتی چەپ، کە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکاندا هاتبووە پلەی سێیەم، ئێستا بووە بە یەکەم و بەهەژدەی 28% دەنگەکانی بەرز بووەتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی هەڵگ زەردەکان، لە خواستێکی ئابووریەوە هەڵکشاون بە خواستێکی سیاسیی هوون و ئاشکاو، کەتایبەتمەندە بە هەساکانی ئابووریی نیلیبراڵی، دەبەنتە هاوکات کەتایی بە سیاسەت و دامەزراوە سیاسییەکانی نیلیبراڵیزمیش بهێنێت. ئێستا هەمووان

بەیەك دەنگ هاوار دەكەن: "ماركس؛ سەركی دەوڵەمەندانە".

دەربارەی تۆندوتیژی

لەوانەیە دەرفەتی ئەوە نەبێت، لەسەر تیەر و چەمكی تۆندوتیژی هەڵوەستە بكەین. بەڵام وەك واتەر بنیامین لە وتارێكیدا (1921) بەناوی "ڕەخنەی تۆندوتیژی" زۆر بە ڕاشكاوی ئاماژەی پێدەكات، تۆندوتیژیی، كاتێك چین و گروپێ چەوساوەكانی خوارووی كەمەگا بەكاریدەهێنن، بۆ كۆتاییهێنان بە تۆندوتیژیی ڕێكخراوی دەوڵەت، ئەو تۆندوتیژییەی بۆ ئاگر و ئاسن بەسەر خەڵكی خوارووی كەمەگادا دەسپێنرێت. بەمانایەكی دیكە: دیالێكتیكی لەناوبردنی تۆندوتیژی دەوڵەت. كەواتە ئەو بزووتنەوەی بتوانێت بەپێچەوانەی ڕووتی مژوو مۆڵ بكات، دژی تۆندوتیژی ڕێكخراوی دەوڵەت، تۆندوتیژی مانەپاڵكراو و سەركوتكەر، مافی بەكارهێنانی تۆندوتیژی هەیە، دیارترین نموونەی تۆندوتیژیش لە مێژوودا، كە خەڵك دژی دیكتاتۆرییەتی ئۆریستۆكراسیی و لەردەكان و فیودالەكان و پاشا ستەمكارەكان بەكاریهێناوە، تۆندوتیژیی بووە لە شۆشی فەڕەنسیی، مارا، دانتۆن و ڕۆبسپێر، ڕۆوایەتیی بەكارهێنانی تۆندوتیژییان لە جەماوەرەوە وەرگرتبوو، بە ڕێگریكردن لە گیانەوەی دیكتاتۆریەت. بەیە بەهێ نییە، بزووتنەوەی هەڵگ زەردەكان، ئامرازی ملپێاندنی سەردەمی شۆشی فەڕەنسیی، كە بە "گیۆتین" ناسراوە، دەهێنەوە هەمان مەیدان و پیشانی ماكرۆنی دەدەن، چۆن شۆشگێان و جەماوەر ئۆوكات، پیشانی لویسی شانزە و ماری ئانتوانێتیان دا.

بەڵام سەرەای ئەمانە، ئەوەی ئێستا هەیە ئایا تۆندوتیژییە؟ نەخێر، بەڵام لەچاوی چینی باڵادەستەوە، هەموو خەپیشاندان و ناڕەزایەتییەكی جەماوەریی، تۆندوتیژییە، لەكاتێكدا كوشتن لەلایەن پۆلیس، سوپا و هێزە ئەمنییەكانەوە وەك شتێكی موقەدەس سەیر دەكرێت. یاخود تۆندوتیژیی سەرمایە، كە ملیەنان ئینسانی فەداوەتە پڕاوێزەكان، كەلاوەنشینەكان و هەژاری خستوون و ملیەنان ئینسانی بە ماڵی خستۆتە سەر شەقامەكان و نووستن لەسەر كارتۆنەكان بە شەوانی زستان، بووەتە ئاساییترین دیاردەی وڵاتانی پێشكەوتووی سەرمایەداریی، وەك تۆندوتیژیی نابینرێت، بەكو وەك كردەوەیەكی ئاسایی، بەڵام ناڕەزایەتیی تۆندوتیژییە. بۆیە دەكرێت بڵێین تۆندوتیژییە، چۆنكە هێشتا لەسەر دیكتاتۆریەتی دەوڵەت و حاكمییەتی سەرمایە.

سەرەای ئەمە، چەندین جار من چاودێری دەكەم، بەردەوام ویستوومە

وتارێك بنووسم، چەند جاریش داوام لێكراوە، لێكاتێكدا چەن دەتوانم بەو هاوونیەی دەربارەی ئەمریكای لاتین، ئەمریكا، بەیتانیا و ئەڵمانیا یاخود تورکیا بنووسم، بەڵام ناتوانم تەعبیر لەم بزووتنەوە تازەیە بكەم. هەكارێكی هاوونە: ئەم بزووتنەوەیە بە ئاسانی پێناسە ناكرێت. سەرەڕای ئەوە، زەرجار تەنها دەستمكردووە بە بەچوونی خەڵكانی دیكە، چ نووسەران، سیاسیی، ئەكادیمیی و تەنانەت پێستە كورتەكانی فەیسبووكیش. هەركەسێك لەهوانگەی خەیاڵی دەیەوێت پێناسەی بكات. بەڕای لیبراڵ ناو لە بزووتنەوەكە دەنێن: تونددوتیژ، ئاژاوەگێڕ، چەتە و یاخیگەر و هتد. ئەمانە بە هەشنبیرانی بەڕای لیبراڵ لەكوردستانیشدا لەپشتی ئەم بەچوونانەوە وەستاون. لەلایەكی دیكەوە، زەر كەس بەهەڵە ناوی دەنێن شۆشی سۆسیالیستیی، ئەمەش هەڵەیە.

ئەوەی لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا دەبینرێت: بەهاوونی لەهاووخساریانەوە خەڵكانێكی شكڵت، لاشەی ماندوو، دەمی شكاو، بەدەرەتان و بە هیواكانە. لەسەردەمی بەهواییدا، هیوا لەدایكبووە. جۆش و خرۆشی خەڵك، وایكردووە وزەیەكی گەورە بە جۆستەی هەر یەكەكماندا بگەڕێت. وەك باسمكرد، تونددوتیژیی تا ئەو شوێنە هەواڵتیی هەیە كە كەتایی بەسەرجەمی تونددوتیژیی بهێنێت. گومانی تێدا نییە هەر یەكەكمان خۆن بە جیهانێكی ئاشتیی و خۆشەوە دەبینین. هەموومان فیلم كارتۆنی "كەنان كوەكەی داهاتوو" (كە بەكوردیی بووەتە عەدنان و لینا)مان بینیوە. جیهان بەسەر دووبارەدا دابەشبووە و دوای جەنگی ماوەرانكەری جیهانیش، كەچی هەشتا بەرەیەك هەر خەریكی سەپاندنی تونددوتیژیی سەرمایەیە بەسەر جیهان و تەكدانی ژینگەدا، ئەم فیلمە كە لە دەیەی 1980 بەرهەم هاتووە، لەوەدا دەبینین، دوورگەی هیوا وەنەی جیهانێكی ناتوندوتیژە. بەڵام دواجار لەوەش تونددوتیژیی كەتایی نەهاتووە، چونكە هەشتا حاكمیەتی سەرمایە ئامادەیە. منیش كاتێك سەیری جۆستەی شكڵت و ماندوو، جیهانێكی نایەكسان دەكەم، هەموو ئەو خەڵكە ماندوو و زیاندیدەیە دەبینم، ناتوانم بڵێم بە كەتاییهێنان بەم تونددوتیژییە، پیادەكردنی تونددوتژیی هێوا نییە. بەڵام وەك باسمكرد تونددوتیژیی جەماوەر زەر جیاوازە لە تونددوتیژیی هێكخراوی دەوڵەت. ئەوان بە تانك و تۆپ و تەیارە و كەاوەی ئەتەمیەوە هەرشدەكەن، كەچی چەكی دەستی ئەمە ناهەزایەتیی و كەتاییهێنان بە حاكمیەتی سەرمایە.

ئەگەر بەوردیی سەیر بكەن، تونددوتیژیی بەرژوازیی لەگەڵ تونددوتیژیی

جەماوەری ناڕازیی جیاوازییەکیان ئەرز و ئاسمانە. بە سەیرکردنی سەرجەمی وێنە و ڤیدیۆکان دەردەکەوێت، جەماوەر جگە لە یەکگرتوویی و بڕیارەکگرتوویی هاتنە سەرشەقام و بەرزکردنەوەی داواکرییەکانیان، هیچ ئامرازێکی سەرکوتکەریان پێ نییە. بەڵام بەپێچەوانەوە، تووندوتیژیی بەرژوازییەکان بەووونی دەبینرێت، چەك، گازی فرمێسك، باتۆم، دەمانچە، پیشاندانی تانك و تۆپ، هەڕەشەدانی تیارە و هەلیکۆپتەر بۆئاسمانداء، بەاوەڕپێکردنی سەدان هەزار پۆلیسی پێچەك، بە یونیفۆرمەوە.

بەڵام تووندوتیژییەکانی جەماوەر، کۆتایهێنانە بە حاکمییەتی سەرمایە، بە خستنی هەسا و نەزمی نیۆلیبراڵیزم، تووندوتیژیی جەماوەر، داواکردنی یەکسانیی و عەدالەتە. دامەزراندنی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە.
دواجار ئەمە دەبێت بیبینەوە. چیتر ناتوانین لە شکستی چەپ خۆش ببین، ئیتر چەپ مافی سازشکردنی نەماوە، مافی ئەوەی نییە قەیرانانە بەدەستەوە بێگانەتەوە بە کورسیی پەرلەمانیی. بزووتنەوەی هەڵگ زردەکان گەلەك وانەی بەکەڵکی بە چەپ تەدایە: ئەو گەڕانکارییەی لە دوو حەفتەی ڕابردووەوە دروستبووە، بارتەقای پەنجا ساڵ هەڵبژاردنی ئاشتیخوازانەی پەرلەمانی بەرژوازیی بووە کە چەپیش بەشداریی لەو پەرلەمانەدا کردووە. چەپ چیتر ناتوانێت بەرگەی شکست بگرێت، دەبێت ئەمجارە بیباتەوە.
لێرەدا بەم سەرنجانە کۆتایی پێدەهێنم، هیوادارم هەوداوەکان بەئاراستەیەکدا بڕۆن، دەرفەتی خوێندنەوەی هەوونترمان پێبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەوەدەم چ بە سەرنجی کورت، یان بە وەرگەڕانی ئەو وتارانەی بە وردبینییەکی تەواوەوە تەبینیی هەوداوەکان دەکەن، بکەم بەکوردیی.

فەرهاد عەبدولحەمید- پاڵەوان- ، ئەو تەکنۆکراتەی بە نامریی

ژیان ... هەڵە بەرزنجەیی

١٩٤٦ـ ٢٠١٨ بە چاڵەی فەرهاد عەبدولحەمید ـ پاڵەوان هەڵە بەرزنجەیی ٥/١٢/٢٠١٨

ئەگەر ژیان شانۆیەکی سادە و هووتیش بێت، پڕدەی مردن تێیدا، ناخۆشترین و تاریکترین
بوون و مانایەتی .

ئاخر ئەوە مەرگە، وەک دەوزمەیەکی ببەبزەیی دە و لەناکاو ئاوقای خۆشی و جوانی و هووناکی ژیانی ئازیزەکمان دەبڕێت و لەناوی دەبات. ئەوە مەرگە، وەک چنگەکی هەش پەلامار دەدا و کارەساتەکی دڵتەزێن ساز دەدات. ئەوە مەرگە، هەموو ساتەک هەڵگری پەیامی کوژانەوەی ژیان و ناوی مرۆڤکانە.
گەر بێت و لەم یاسا و چارەنووسە حەتمییەی، نەوان هاتنبوون و ماڵئاوایی لەکردن دەرچین، وا مردن لە ژیانی مرۆڤ دا، بەسوتترین ژان و گەورەترین زیان و قورسترین زوڵم و ناهەمواترین قەدەرە. دیارە مردنی ناوەختیش چیرۆکەکی تراوە، بەکروزی ئازارەکەی بەسوە تر.

من هەشتا بە چاوی خواووەوە لە هاوکێشەی «ژیان و مەرگ» دەڕوانم. جارە هەر چاوەکانم هەڵدەگەڕفم و تا هەنووکە مانا و خۆشی چەمکی یەکەم و بەمانایی و دڵتەزێنی دووەمیانم بە ناچێتەوە سەریەک !. بەواتایەکی تر، جارە هەشتا ماومە، وەک مرۆی ئاسایی، دروست خەم بدەزمەوە و دەستی ئازیبوون بە قەدەر و چارەنووسە ئامادەکراوەکە، بەرز بکەمەوە. ئاخر لەئەندێشەی خەم دا، سەرقاڵی ئەوەم پەنجەی ڤیتە لەو شوێنەدا بێند بکەمەوە، کە مەرگ زیاتر لە قەبارەی خۆی، ئازار بە ژیان دەگەیەنێ و لە ناسکترین ساتەوەخت دا، بەچەپەکی نەگریسی، زیەمان لەهەڵدەسێنێ و دڵی کەسکی میهرەبان و شیرینمان لەکارکردن دەخات. بەگومانم و خانەگومانیم، لە بەتە دیدەکی داپشراو بە تارماییەکی هەشتاەە و چەپەڵ، کە دەزانم جگە لە تاکردنی ژیان، مەرگ هەڵگری هیچ مانا و بەهایەکی تر نییە.
لەم سیناریۆ و فلیم و بەسەرهات و چارەنووسە بە نووسراوە، تێناگەم و حاڵیش نابم!.

چ دەبوو گەر مرۆ لەم گەردوونەدا ژیانەکی بە بەانەوە و جاویدانی

پ ببای و بدابین بوایە؟. ئایا کێشە کەم شوێنی و نەمانی جێگا و رێگایە بە کەسانی دیکە؟ یاخود چەرخوفەلەکی هاتن و چوون و دەستپێک و کۆتایی زاڵ بەسەر بزاوتە ترسناک و ئازاربەخشەکەدا. پرسیاری من لێرەدا ووە لەسەرچاوە و هۆز و ئافریدەیە، ئایا ئەمە خوێقاوین بە نمایشتکردنی فلیمی مەرگەسات و مردن؟!. یاخود دەبێت بینەر بوون و دواتر هەردەبێت، نابەدڵانە و بێناچاری ماڵئاوایی لێ بوون بکەین ؟. ژیانێکی لەم چەشنە وا مەرگەسات، هەر لە نمایشتی فلیمێکی درامایی دەچێ و هەرجارێک بە مەڵێت و ڕازامەندی دێت و پاشان خەی لە سەرە دەگرێ و تاکێکمان لە دەپێکی. مەرگ خەی دەخاتە بەسەوە و کەوکوژی نیشانە لە ئازیزێکی ترمان دەگرێ و ئەستێرەی ژیانی دادەچڵەنێ و ژمارەیەکمان لە کەم دەکاتەوە. ئەمە چۆن سەرەتا و کۆتاییەکی تراژیدیاییە؟! بە دەستپێکێکی خۆشی پڕوقەدەم بەختەر و بە گریانی خێت و ئاوازی شادمانی دەووروبەرت دەست پێدەکات و دواتر دەشادی ماڵئاوایی خێت و ریتمی گریانی دەوروبەرت کۆتایی دێت؟!.

ئاخر ئەی مەرگ! زەربەی کات میوانێکی ناوەختی ڕزا گرانی، تارماییەکی شووەمی. زرنگانەوەی ناوەکێت ناخۆش، کردارەکێت نابەجێیە و ئازارەکێت بە سوێیە. تە گەر ڕاست دەکەیت وەرە و زاڵمێک ڕاماڵە، بکوژێک بسڵەوە، کاولکارێک سزا بدە.. نەک بێیت و ئەوانە لووڵ بدەیت، کە خەبات بە بەهای ژیانی پێپوولێش دەکەن و بە بیری چاک و و قسەی چاک و ڕەفتاری چاک هەڵسوکەوت دەکەن. لە سەرباری ئەو خەسڵەت و سیفەتە نەرێنییانەی لە هەگبەتدا هەڵێت گرتووە، سەد هێندەی تریش ڕەفتارەکێت ناڕەوا و ناقۆڵا بێت و خێت بە خاوەن دەسڵات و زێبروزەنگ بزانی، هەشتا ناتوانی ململانێکە بەریتەوە و ژیان ببەزێنی و جیهان تاریک و خەمبار بکەیت.

ئەوە دونیە بوو،چل ڕۆژ بەر لە ئێستا، فەرهاد پاڵەوان، کە هەشتا ژیان لە چاوکانی دا دەبریسکایەوە و لە دێیدا قوڕپی دەدا و هیوای بە کار و ئایندەی تەکۆشانی هەبوو، هەشتا لە تەمەنێک دا بوو، گوە و تین و وزە و زانینی زۆری پەمابوو پشکۆشمان بکات، مەرگ پچایەوە و لەبەرچاومان جێستەی بزر کرد.
نا نا ئەی مەرگ! چاک بزانە!، باهەزت چەند بەهێز بێت، هەر ناتوانی ڕامانمالی و چەند بەبەزەیی بیت، نەکاری قەمان بکەیت و هەرچەند هەوڵەت توند بێت، لەبەردەمتدا ناچەمینەوە و خۆاگری دەکەین. هاوبیر فەرهاد، دوای خوێندنەوە و شڵەبوونەوەیەکی زۆری بە واقیعی نەتەوەکەی دا، باش لەوە گەیشتبوو، کە کولتوور فاکت و کۆکە و

بنەما هەر سەرکیەکی بوونی نەتەوەیە. قسە کردن لەسەر نەتەوە، بە کولتووری هاوسانی زادەی ژیانی کۆمەڵایەتی خودی، وەک ئەوەیە خەیاڵی هەڵچنینی کشک لەسەر لم بکەیت. ئیدی ساتەوەختە هاوبیر فەرهاد لەم داستیرە بە چەندوچوونە حاڵی بوو، تێگەیشت کە کولتوور پێکهاتەیەکی هەر سەرکی ناسنامەی نەتەوەیە، ژیانی خۆی بە ئەم بوارە بە بەنیازیی و دەسزانە و پەرشوبڵاوە تەرخان کرد.

دوای قووبوونەوەیەکی زۆر بۆی دەرکەوت، هەر بەتەنها هوودا مێژوویەکان و جوگرافیا و چیرۆکەکانی دوانزەسواری مەریوان و بەرپابوون و خامشبوونی زنجیرە شەڕشکانمان و کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانەکان و لەسێدارەدان و قڕکردن، بەس نین بۆ گەیانەوەی مێژوویەکی ڕاست و دروست و تەکمە و نیشاندانی ئازار و ژانەکانی نەتەوەیەک لە جیهان دا، بەڵکو بنەما و خەسڵەتی کولتور دەتوانێ پەیامی نەتەوەیەک لە ئاسانترین شێوەدا بەرجەستە و نمایش بکات. ئەم هەموو ڕاستی و فاکتانە پاڵیان نا بە کاک فەرهادەوە زەرینەی ژیانی خۆی بە خوێندنەوە و ناساندنی کولتووری نەتەوەکەی تەرخان بکات. لەمەشدا هەر زوو گەیشتە ئەو باوەڕەی،کە بیر و هزر و جیهانبینی زەردەشتی فەیلەسووف و بیریار و ئایینزای، ئەو تاقە زەمینە و کەرەسە و مەیدانەیە، تاکی کورد خۆی تێدا بدۆزێتەوە و خۆی پێ چەکدار بکات و ناسنامە و پێناسەی خۆی پێ بازنێتەوە. تا دەگاتە ئەوەی لەوە گەشەپێدانی زەردەشتیتی تێدا زیندوو بکاتەوە. ئاخر ئەو باش لەوە حاڵی ببوو کولتووریی داگیرکەران، تاسەر ئێسک و تا ناو بەشکەی منداڵکانمان و تا ئەو دیو سنووری کەلی گەڵکانمان و تا قووترین پرسەکانی مێژوومان و تا بنەدایەتی ئاسمانی نیشتمانمان مەخی ترسناکی خۆی داکوتاوە.

ئامانجی بیرمەند فەرهاد پاڵەوان، لەم کارە داتاشینی پەیکەری مردوویەک نەبوو، لە وتە و پێداهەڵگوتنی سەرزارەکی، بەڵکو گەیانەوەیە بە قۆناغێکی مێژوویی دوورماند بە دوور و گەوهەر و یاقووت. ئەو کارە گەورە و شاکارانەی ئەویش لە ڕێی بەرهەمکانییەوە لەدواجاردا ئەنجامی دا، بە ڕەنج و زەحمەتکی زۆر و شەونخووونی و لەبیانکی بە پسانەوە، بوونە تەکمەترین خشتی بینای هەڵچنینەوەی کشک و تەلاری فەرهەنگی نەتەوایەتیمان و دەروازەیەک بە چوونە دنیا جوانکەی زەردەشت و بیروباوەڕ گەش و مرۆڤدۆستکانیەوە. مامۆستا فەرهاد بە کۆمەڵێ کتێب و وێرگەڵان و نووسینی جەراوجۆر و چالاکی،توانی تەوکی باش لەسەر زەمینەی کوردەواری بچنێ. بەوشێوە گەیشتە وەستگەی هەڵکردنی چرایەکی

ووناککەرەوە لەسەرە ڕەی تاریکستانی نیشتمانی کوردەواری دا.
چەند وەستگەیەکی یەکتر ناسیمان :
هاوینی سالی ١٩٨٤، بەیارم دا ڕووە لەتاراوگە بکەم. ڕەوانشادی هەمیشە زیندوو کاک عومەر شەمایی،کە بە من برایەکی گەورە و مامۆستایەکی هێژا بوو، بە خواحافیزی هاتە ماڵمان و وتی: نامەت لەبەر سەلامەتی بە نانووسم، لە لە شاری سنە بچە بە لای فلان کەس ـ مەبەستی ف. پاڕەوان بوو ـ بەڵکە بەناونیشانی ئەوەی پیش ماوەیەک (٥) کتێبم بەناردی لەوانە، ناوی کتێبی « مەژوو» ی د. کەمال مەزهەر و "داغستانی من"ی عەزیز گەردی و "میر"یی حسین عارفی هێنا. ئەو چی پە بکرە یارمەتیت دەدات.

وەختە چوومە شاری سنەی هیوابەخش و لای کاک فەرهاد، (٢) هاوبیری تریشم لەگەڵ بوون. ئەوپەری ڕێزی لە گرتین و هێندەی وت، کەوا یەک تاکە کەس دەناسە و ئامادەیە نامەیەکمان بداتە بە ئەوەی هاوکاریمان بکات. دوای میواندارییەکی شاهانە، نامەیەکی بە دکتەر شۆکەت بامەرانی بەرپرسی لقی ٨ پارتی لە کەرەج نووسی بۆمان. هەرچەند کارمان بە نامەکە نەکرد، چونکە پێویستی نەکرد، لە کاتە نامەکەمان گەیاندە دەستی د. شۆکەت، ناوبراو وتی مادام لای کاک فەرهادەوە هاتوون، بەسەر سەر و چاوان چیم پە بکرە دڕەخی ناکەم .

ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین هاوینەکە گەڕامەوە بە کوردستان و بەشداریی کۆنگرەی پاسەک، چوومە شاری سنە بە دیداریی کاک فەرهاد،ئەو کاتە جێگری پارێزگاری سنە بوو، بەداخەوە لەوە نەبوو. جارێکی تریش لە تیڤی سەحەر میوانداریمان لە کردبوو، قسەی دەکرد، منیش فاکسێکم نارد بە تیڤی ناوبراو و دەستخۆشی بەرنامە و سەاوم بە کاک فەرهاد نارد. بۆڕی بەرنامە تلفونی بەکردم، وتی دوای تەواو بوونی بەرنامە دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەیت. دروست وابوو، کەمێک چاکوچۆنی و قسەی بەناوەڕۆک و هەمامان کرد و هەواڵمان لەمەڕ هاوبیرانەوە ئاوگەڵ کرد. زۆری پە خۆش بوو.

دوای ڕووخانی سەددام لە ٢٠٠٣ دا،دەرفەتی گەیانەوەی بە باشوور بە ساز بوو، سەرەتا لە شاری هەولێری پایتەخت و دواتر لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە. ئێدی هەرجارە چوونبەتمەوە کوردستان، بەدیداریی شاد بووم و لە نزیکەوە بە بیرو بۆچوونەکانی بەهرەمەند بووم. گەلە جار لەماڵی خۆیان و هێندە جارانیش لە دوکانە خنجیلانەکەی هاوبیر، پشکە پێک دەگەیشتین. جارێکیش ساڵی ٢٠٠٩ لەتەک هاوبیران بەختیار شەمایی و ئاراس وەلی دا، چووین بە دەوروبەری دوکان و لەسەر داخوازی ئەو بە ئۆشکەوتی قزقاپان،زۆر شاد بوو، بە

قوڵی سەرنجی ئەو شوونەوارە مێژووییەی زەردەشتییەکانی دەدا و ورد و بە سەلیقەوە بە ئەمەی شی دەکردەوە. کەمێک وەنەی جوانی لەسەر گرت. لەسەر پێشنیازی هاوبیر بەختیار شەمیی و حەزەکی لەبن نەهاتووی خۆشم، بە ئەوەی دیدارێکی لەتەک دا ئەنجام بدەم و بۆشکی بچووک لەو زانین و زانیارییەی لە خەزێنەی ئەقڵ و سنگی دا هەیگرتوو و پاراستبووی بخەمە بەردەم خوێنەران، کەمێک پرسیارم ئاراستە کرد، بەداخەوە لەبەر کەم کاتی مانەوەی من لە کوردستان و دووریەکەم و نەخۆشی و پەدا ڕانەگیشتنی ئەو، کارەکەمان بەتەواوی سەری نەگرت. ئەمەش ئەفسووسێکی گەورەیە بە بەندە، لەدوای کەچی دوایی لەناکاوی کاک فەرهاد بەم بەجەماوە،ئاخر ئەو هەشتا پێ بوو لە زانیاری و ئەزموون و لێهاتوویی و ئەمەش گەلێ تینووی کەمێک زانیاریی بووین،کە بۆشکی تەنها لای ئەو چنگ دەکەوتن. ئەو لە هەموو قەناغەکان دا ئاگاداریی بەیار و گەڕانکاریەیە هەستیار و گرنگەکان بوو،ئەو ئەزموونکی دووری درێژی لەسەرێ هەی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی دا هەبوو، ئەو کەشکەڵکی هەمەڕەنگ و خەزێنە و سندووقکی پارەزراوی نهێن پارێزی دەستپاکی ڕاستقینەی گەلێ شت بوو. ئەو جێی متمانەی سەرکردایەتی حیزب و هاوبیر و کادرە ناونجیی و سەرتاکان بوو. ئەو هاوبیری هەزلەگیراوی هەموو لایەک بوو، ئەو شکۆ و قەدرەی متمانەی بەرز و قایم بوو، ئەو پاڵەوان بوو!.

سەروەختێ کەمیتەی چالاکردنەوەی پاسک، دەستی بە چالاکی کردەوە، کاک فەرهاد زەر لەبەراوانێ کەوتە خەیی و هانی کاروچالاکی هاوبیرانی دەدا. لەگەڵ هەڵبژاردنکانی ٢٠٠٩ دا و دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان دا، کاک فەرهاد هاوکار و بزوێنەرکی بەرچاوی کارکان بوو. لە کەبوونەوکان دا ئامادە دەبوو، پێشنیاز و سەرنجی سوودبەخشی دەخستە بەردەم هاوبیران،کەموزەر هەڵەی ڕابەر و برایەکی گەورەی دەگرتا.

دواتر کە پەداویستی دامەزراندنی کەمێک یان هەکخراوکی سەربەخۆ، بە هاوبیرێ نەتەوەییکان هاتە کایەوە، دوای خوێندنەوە و گفتوگۆیکی تەروتەسەل، بەیاری دامەزراندنی کەمێکیک لە ماڵی خۆیان دا درا. کاک فەرهاد لەگەڵمان دا بووە یەکێک لە دامەزرێنەرانی " کەمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی". کاک فەرهاد هەمیشە ئامادەی کارکردن بوو، باوەڕ و ئیمانی نەڵقیو بوو، بەردەوام لە بیرکردنەوەی و هەوڵی کەکردنەوەی هاوبیران دا بوو، یەکبینە ئامەژگاری دەسەزانی دەکردین، لە پەساوە بە بیروبۆچوونێ

وردەکانی ژیانی تێکۆشانی بە هەموار دەکردین. هەمیشە وەرز بەرز و هیوا گەشت و باوەڕ و هزر گەش بوو. مامۆستا فەرهاد زۆر بەسەلیقە بوو، خوێنەوارێکی زیت و وریا بوو، ئەزموونی سیاسی لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتر کاژیک و ئەوجا شۆڕشی ئەیلوول دا هەبوو. لەهەزی خەبات، یەکە بوو لە باوەڕ پێکراوە هەرە نزیک و خۆشەویستەکانی گیانبەختکردوو، کاک فەتاح ئاغای بەرپرسی هەز. لە پاسەکیش هەژماری ئەندامێکی دامەزرێنەری بە دەکرا. ساڵانێکی زۆر ژیان و ماڵی لە شاری سنە تێکۆشان و بارەگای پاسەک بوو.



دواتریش لەتەک زەردەشتیانی دیکەی کوردستان دا، ڕێکخراوێکی زەردەشتی ـ یەسنا ـ یان دامەزراند و بووە سەرکی شانازیی ئەو ڕێکخراوە.

ئەم چەند لاپەڕەکی خەڵای ژیانی ئەو مامۆستا و هاوبیرە تێکۆشەرمانە، دەیشت و لەدوای خۆی خەرمانە خزمەتی بە بەجەهێشتین. کاک فەرهاد زۆر دەسەزانە هەوڵی لە چوارچێوەخستنی چەمکی "کوردبوون" دەدا، لەسەر بنەمایەکی پتەوی تێکەڵ، لە هەموو هەندەکانەوە. کاک فەرهاد بە خۆی کەسێک بوو لە باوەڕ و وەرز و وزەی کارکردن و چالاکی. هۆشبیرێکی پڕبەرزی ئاسۆی بیرفراوان بوو، نووسەر و وەرگێڕێکی بە سەلیقەی بەدیقەتی بوو. ورد بیری دەکردەوە

و نەخشەی بۆ کارەکانی دادەنێت و دەست بەکار دەبوو. شارەزایەکی باشی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی کورد بوو، سەراسەیی لەگەڵ ئەدەبی کوردی و جیهانی هەبوو، یەکێ لە بەرهەمهێنانی سەمەدی بەهرەنگی (ماسیيە ڕەشە بچکۆلەکە) ی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی و چەند بەرهەمێکیشی لەسەر زەردەشت کردە کوردیی و بۆ شاکارە گەورە و نایابەکەشی "زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی" گەورەترین خزمەتی پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد.
٧٢ ساڵ تەمەنێکی کورت، لە تژی لە بیرکردنەوەی باش و قسەی دروست و کرداریی چاک و بەرز و بەرهەم و تێکۆشانی گرنگ، وای کرد لە دواجاردا کاک فەرهاد بە شایستە و بە شانازییەوە بچێتە مێژووی نەمرییەوە.

لە ژوانی ئەم مەرگە ناوادیەدا، جارێکی تریش بووپەی ڕاستگۆییەوە، هاوبیران هەموو بەڕێن نوێ دەکەنەوە، نیەێن ئەو ئاڵایەی ئەو بڵندی کردەوە، نەوی بکرێت. ئەو ڕێبازەی ئەو خەی بە تەرخان کرد کۆتر بێتەوە و ئەو بیروباوەڕەی ئەو ژیانی پە بەخشی،گەردی لە بنیشە.
بنوو، هاوبیر و برا و مامۆستا هێژاکەم، با لەدەست ئازاری نەخۆشی و تاڵاوی مەرگ سەرفراز بیت. ئەی هاوبیرە نەمرەکە، ئەمە لەبیرت ناکەین.

کە مێژویی ململانێی چینایەتی لە فەرەنسا دەنوسێتەوە؟! … موزەفەر عەبدوڵا

ئەو نزیک بە ٣ هەفتەیە کە ململانێی چینایەتی لەنێوان چینی بەرژوای دەسەڵاتداری ستەمکار بەسەرکایەتی ماکرۆن و دەوڵەتو حکومەتەکەی و هەروەها چینی کرێکارو تواژە بەبەشوستەملێکراوەکان و ڕکخراوەو ڕەوتە کرێکاری و چەپەکان بۆتە گەرمترین هەواڵ و جێگای پرسەوای گشتی لەئاستی ناوخۆی فەرەنساو جیهاندا .
هەر دەمێ مێژوو گەراوەتەوە بۆ نیوەی دوومی سەدەی نۆزدەی

ئۆکاتانێی کە مارکس مژوویململانی چینایەتی و جەنگی ناوخۆیی فەرەنسای تیادا نوسی .

پاشان هەمو تیزەکانی لە بەرنامەی حزبیکمانیستدا نوسی کە سەرەنجام رووتی ململانیی چینایەتی ئەو دو دیاردەیە بە شەرشی کۆمانی پاریسگەیشت و، کۆمانارەکان دەسەلاتی باپیرە گەورەی ماکرۆنەکانیان روخان و دەسەلاتی کریکاری وجاموەری خۆیان دامەزراند.

بەڵام بە داخەوە بەهەی نەبونی یەک حزبی کۆمانیستی خاوەن ستراتیژو تاکتیکی سیاسی و سەربازی سەرتاپاگیری فەرەنساو ، بە هەڵچاو کردنی ڕووندی ململانیی چینایەتیلە ئاست گشت فەرەنساو ئەوروپا ،کە لە جەنگدا بو لەگەڵ بروسیادا، دەسەلاتی کۆمانارەکان تەنها دووماڵگیکی خایاند و دژە شەرشەکان هەمو کۆمانارەکانیان لە خوێن هەڵکێشا و بونە قوربانی ناڕەشنیو نائامادەییەکانیان سەرەرای ڕاخنەو هەشداریەکانی مارکس و ئەنگلز .

ئەم ٣ هەفتەیەش کە تیایدا شارەکانی فەرەنسا هاوکاتی زەر وولاتی تر کە بەتە مەیدانی ململانێچینایەتی سیاسی هەمەلایەنەی نێوان دەسەلاتیک کە ئیتر لەوە زیاتر ناتوانێت کۆمەڵگا بەڕێوە ببات لەگەڵ چینێک کە هەشتا لە ڕوویی زاتی یەوە تەواو ئامادە نی یە بە بەرەسەنجاگیاندنی ڕاپەرین وشۆڕش و دەسەلات گرتن بەیە پرسیارەکە ئەویە کە ئاخە کە جارێکی تر مژووی ململانی وخەباتی چینایەتی لە فەرەنساو بەرنامەیەکی سیاسی بە حزبیکی کۆمانیستی شەرشگیری خاوەنستراتیژ و تاکیکی قەناغ بەقەناغ و ئاسە ڕەشنی دەنوسەتەوە ؟ پرسیارەکەو وەڵامە سیاسی و پراتیکی یەکەی لە بەتەی ئیستاو داهاتوی نزیکی ئەم خەباتو ململانی وجەنگە چینایەتیدایە تا جارێکی تر پاریس و فەرەنسا ببەتەوە بە سەرمەشقی هاپەینی جاموەری وشۆڕشی کرێکاریەکی تر بە پێ کردنەوەی هەمو کۆموکۆی و لاوازیەکانی پێشو دەرس وەرگرتن لەوتاقیکردنەوانە.

٢٠١٨_١٢_٩

خەتا … سەلام عومەر

خەتای پایز نییە کاتێ
دەبینن من لە وەرینم
هەر لە بەهارەوە وشکو
قەدەکی پێ لێ بڕینم
* * *
کەس لەقەکانم دەباو
ئەویدی باڵەم دەشکێنێ
دوژمن دەراوم قوت دەداو
براکەم تەور دەوەشێنێ
* * *
خەتای پایز نییە وشکم
خەم پایزم بێ خەم هەنا
هەر لە زەمانی کچێریەوە
خەم لە ژێر دەستی راهەنا.

نەماندزییەوە … هیوا سەعید

ئای دنیا..
لەم شەقامە چۆڵ و تەنگانەت
بوین بە چ شاعیرێکی دەشکاو،
چ ئاوازێکی غەریبمان لێ دەرچو!
کەس نەیپرسی ئەم وێنە سەیرانە بۆچی دەکێشین،
کەس نەیزانی ئەم گرانییە غەمگینانە بۆ کێ دەبین..
لەناو هەر چیرۆکێک قارەمان بەدوای گەڕاین
نەماندزییەوە.

ئێستا کاتی ئاشکرابونی گەورەترین دڕێ
نە هیچ مرۆڤێکمان بێ دە خۆشویست و
نە هیچ کەسیشمان بێ هاوڕێ دانا!
لەناو دڵی هەر خۆشەویستێک و

سەری هەر هاوڵێیەک بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

لە هەر وڵاتێک شار شار
لە هەر شارێک گۆڕەک گۆڕەک
لە هەر گۆڕەکێک ماڵ ماڵ بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

لە چایخانەکان لەسەر کورسییەکەی تەنیشتمان بەدوای گۆاین،
لە چێشتخانەکان لەوبەری مێزەکەی بەردەممان بەدوای گۆاین،
لە ئوتێلەکان لە قاوڵەکەی تری ژوورەکە بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

بوین بە چڕترین بازرگانی قاچاغ
لە هەر دەریایەک بە کەشتی گوناهمان فڕشت
لە هەر ئاسمانێک بە فڕۆکە خراپەمان کەی
گیرفان گیرفان
قاسە قاسە
لەناو پارەی تلیاک و لەشفرۆشخانەکان بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

بوین بە درەزنترین ئاییندار
لە هەر ناوچەیەک چەندین ماڵمان بەناوی خوا کردەوە
مزگەوت مزگەوت
کۆسا کۆسا
لەناو باوەشداری ساویلکەکان بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

وەک دەندەترین پیاوی سیاسی
بە کوشتن تا ئاوپێی دەسێات چوین،
سنور سنورمان بە باروت و قوان گەدا،
خوێنی هەزاران کوژراومان کوتە ئەستە
چ لەناو زیندوەکان
چ لەناو مردوەکان بەدوای گۆاین
نەماندەزیێوە.

هەشتا بە کۆڕەک تاوانەوە
ئاژەکان بە گەشبینی ئەم ئومێدە بۆێ دەکەین
شەوکان لە دۆڵاوکێی ئەم چاوەڕوانییە بەسەر دەبەین

هەندێک جار لە ئاودا دەبینین و ناگیرێ
هەندێک جاریش لە ئاوەندا خەی دەردەخا و نایەتەدەر
ئەمە بە دەزینەوەی ئەم هاوشێوەیەی خەمان چیمان نەکرد!
هەتا لەواری مردنیش بەدوای گەڵاین
نەماندەزیینەوە.

دوو کورتە شیعر … سەردار جاف

پەلە

هێند بە تاسە و حەسرەتت بووم
کە بەمە لات
تا کێنوش بێ پاکی و جوانی ئیشقت بەرم
لە ئامێزی خەمت بگرم
گەر نەم نەدەی
شەیدامە لە گەانەوەم
لاشە سارد و هەناسەبڕ بم و بمرم

ئەسڵێ
زەر بە پەلە
وەک شەبا
بووم بە میگ میگ گەیشمە لات
لوتفی سەزم لێت نەبینی
ئامێزی ساردم گەرم کەی
بمرێ حەز و ویست و ئاوات

ئەسڵێ
2018 / 12 / 7

مشک و پشیلە ... محەمەد بەرزی

مشکە دایکمی ترسان
لە تاوانا دەیقیژان

باوکم دوو تەلەی هەنا
لەگەڵ پەنیر بۆی دانا

نیوەشەو تەلەکە تەقی
هامانکرد هیچمان نەدی

دایکم زۆر بە ترسەوە
پشتی کردە ژوورەوە

لە پەی مشکە دەرپەڕی
خۆرا پشتی هاپەڕی

تەلەکە تەقی زوو بە زوو
کلکی پشتی گرتبوو

*****
٣ / ١٢ / ٢٠١٨

ئایا سیستەمی حوکمانیی کوردایەتیی، سوڵتانییە یان شێخنشیینیی؟ ... هەگر بیتوێنی

كاك كامیار سابیر له وتارێكدا بەناوی (ئیمارەتە شێخنشیینییەكەی بارزانیی)، له بەرامبەر چەمكی (حوكمانیی سوڵتانیی) دا، كه ماوەیەكی درێژه لەلایەن كاك مەریوان وریا قانع و كاك ئاراس

فەتاحەوە تەبەنیی دەکرێت، چەمکی (شێخنشیینیی) بەکارهێناوە. ئەوەندەی من کاك کامیار بناسم، لە بەکارهێنانی چەمك و وشەدا، زۆر وردە و تا ئێستا لێیم نەبینیوە چەمکێك لە کۆنتێکستێکی هەڵەدا بەکاربهێنێت. لەم وتارەیدا، بەکارهێنانی چەمکی (شێخنشیینیی) بۆ ئیماژەتەکەی کوردایەتیی، ووردترین، عەقڵانییترین و گونجاوترین پێناسەیە بۆ ئەو حوکمڕانییەی کوردستانی عێراق کە بنەماڵەی بارزانیی خشت بەخشت لەسەریەکی دادەنێن؛ بەڵام کاك کامیار هیچ ڕونکردنەوەیەکی لەسەر جیاوازیی چەمکی شێخنشیینیی لەگەڵ چەمکی حوکمڕانیی سوڵطانیی(سوڵطانیزم) نەداوە، بەڵکو تەنیا وەکو سینۆنیمێك (موڕادیف) بەکاری دەهێنێت.

من هەوڵدەدەم لەم نوسینەدا، هەڵە بەکارهێنانی چەمکی حوکمڕانیی سوڵطانیی و ئیڕایزی ئەو حوکمڕانییە لەو چوارچێوەیەدا، بخەمە ڕوو و بەکارهێنانیشی ڕەخنەبکەم. لەناو دونیای ئەکادیمیدا، کە کاك مەیوان و ئاراس خەیان لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی ئەورووپا پلەی ئەکادیمیان وەرگرتووە، ناکرێ بەبێ ڕونکردنەوەی تێگەیشتن و تێوانینی نوسەر بۆ چەمکێك و پێناسەکردنی، هەر بە مەزەندەی عەقڵ بەکاربهێنرێت. من لە هیچ شوێنێك نەمبینیوە ئەو دووتوسەرە پێناسەیەکی سوڵطانیزمیانکردبێت و ئینجا هاتبن ئەو چەمکە بەسەر سیستەمی حوکمڕانی کوردایەتییدا تەطبیق(Implementation)بکەن.
بەتەنیا لەیەکچون لەهێندێك لایەنی شکلییەوە، وەکو حوکمی ویراسی، مانای ئەوە نیە کە حوکمڕانیەکانی مەلەکی، سوڵطانی، ئیمپراطۆری و ئیمارەتی شێخنشینیی لەیەکتری جیانەکەینەوە، چونکە هەریەك لەو حوکمڕانیانە جیاوازن.

لەم وتارەدا لەسەر سوڵطانی و شێخنشینی ڕادەوەستم، چونکە مەبەست لە خودی وتارەکە ڕەخنەکردنە لە بەکارهێنانی
چەمکی سوڵطانی بۆ حوکمڕانی کوردایەتیی و من پێموایە کە بەکارهێنانی شێخنشینیی وردتر، عەقڵانیتر و زانستیانەترە. ئەگەر بەووردی سەیری سیستەمی سیاسی، ئابووری و حوکمڕانی و فەرمی دەوڵەتەکانیانبکەین، دەتوانین جیاوازیەکانی نێوان شێوازی حوکمڕانی سوڵطانی و ئیماژەتی شێخنشینیی ببینین و لەیەکتریان هەڵاوێرین.

سەرەتا دەمەوێت، حوکمڕانیی (سوڵطانیی) و (شێخنشیینیی) ڕوونبکەمەوە و جیاوازییەکانیان بخەمەڕوو، کە ئەوەمان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا، دەتوانین بگەینە حوکمێکی ڕاست لە پێناسەکردنی حوکمڕانیی کوردایەتیی بنەماڵەی بارزانیی، بە یەکێك

لەو دوو چەمکە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، بۆ تایبەتییش ئیتیمۆلۆژیای زمانیی، وشەی سوڵتان، لە سوڵتەی عەرەبییەوە هاتووە. لە کوردییدا بەمانای دەستەڵات یان فەرمانڕەوایی دێت کە بەئینگلیزیش نزیکترین وشە (Authority)یە. چەمکی سوڵتان، بۆیەکەمجار لەلایەن مەحمود غەزنەوی یان مەحمود زابلی(٩٧١-١٠٣٠) سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی غەزنەوی(کە بەنزیکەیی ئەفغانستانی ئێستا دەکات) بەکارهێناوە. دواتر، عوسمانییەکانیش هەر نازناوی سوڵتانیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا و سیستەمەکەشیان هەر سوڵتانیی یان سەڵتەنەت بوو. تەنیا لە یەک قۆناغدا، لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، چەمکی خەلیفە و خەلافەتی ئیسلامیی جێکەوت کراوە.

سیستەمی سەڵتەنەت کە جۆرێکە لە مۆنارکی ئیسلامی، جیاوازیەکەی لە خەلافەت ئەوەیە کە خودی سوڵتان مەرجەعی دینیی نییە، بەڵکو والیی کاروباری دەسەڵات و دینە، بەڵام جیاوازییەکەی لە مەلەکییەت یان پاشایەتیی ئەوەیە، کە سیستەمی پاشایی دەکرێت دینیی بێت یان سێکیولار(عەلمانیی)ش بێت. هەرچی سەڵتەنەتە، سیستەمێکی دینییە و لەو ڕووەوە لە سیستەمی مۆنارکیی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستەوە نزیکە کە کریستیانی دینی هەسمیی دەوڵەتبوو، وەکو مۆنارکی لویسەکان لە فەرەنسا، چارلی لە ئیسپانیا و …هتد.

لە سیستەمی سەڵتەنەتدا، سوڵتان مەرجەعی سەرەکی دەستەڵات. کاروباری دەوڵەت و حوکمداری لەلایەن وەزیی ئەعزەم یان بەڵێن سەرکی حوکومەتەوە بەڕێوە دەچێت، و هەرچی کاروباری دینیشە، لەژێرچاودێری خۆیدا، لەلایەن موفتیی و پیاوانی دینییەوە بەڕێوەدەچێت. سوڵتان نوێنەری دەوڵەت دەکات و خۆی بە خاوەنی تەواوی ئەو جوگرافیایە دەزانێت کە قەڵەمڕەوی بەسەرداهەیە.

بۆیە دەبینین لەو نامە و بۆیارانەی کە سوڵتانەکانی عوسمانیی نوسیویانن، هەمیشە بە (سوڵتان فڵان، سوڵتانی فاڵان و فڵان وفڵان شوێن)، دەستیان پێکردووە. سەرەڕای هەبوونی دەستەڵاتی ڕەها، سوڵتان، دەوڵەت بە قانون بەڕێوەدەبات و جگە لە سوڵتان کە خۆی مەرجەعی قانونە، ئەوا قانون لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، بە ئەندامانی خێزانی سوڵتانیشەوە. مۆژووی عوسمانییەکان پڕە لە نموونەی بەسزا گەیاندنی کەسانی سەر بە خێزانی سوڵتانەکان. دیارترین و بەناوبانگترین نمونەی ئەمە، چیرۆکی سوڵتان سلێمانی قانونیی و موستەفای کوڕیەتی (وەلی عەهدیش بوو)، کە سوڵتان لە

کۆی خۆیشی خۆشنا بێت.

واتا لە سیستەمی سوڵتانییدا، سوڵتان وەکو کەس و بەو هێزەی کە لە کاروباری دیین و دەوڵەتەوە وەریدەگرێت حوکم دەکات نوێکو هەر خێزانەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەستەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێتەوە، بەڵام خێزان، دیین، دەوڵەت و حوکمداریی، زۆر تێکەڵی یەکتر ناکرێن. خێزان تا ئەو کاتە گرینگە کە لەخزمەت دەوڵەت و دەسەڵات و دیین و حوکمانیدا بێت، ئەگەر لەنێوان خێزان و پێهنسیپەکانی حوکمداریدا، سوڵتان ناچاری هەبژاردن بێت ، ئەوا بە بێ دوودڵیی پێهنسیپەکانی حوکمداریی و دەسەڵات هەڵدەبژێرێت.

ئەو جۆرە حوکمداریی‌ەی کە دەمانەوێت لێرەدا لەگەڵ سیستەمی سەڵتنەت بەراودی بکەین، سیستەمی شێخنشیینییە کە لە وڵاتانی خەلیج پەیڕەو دەکرێت و ئیمارەت و مەملەکەتیشیان پێدەگوترێت. لێرەدا وشەی شێخ بەمانا سڕسیڕ سیاسیی‌ەکی بەکاردەهێنرێت نەوەکو دینییەکەی، واتا شێخ وەکو سەرۆکی عەشیرەت و دەسەڵات بەکاردێت نەك وەکو پیاوی دینیی و دەسەڵاتی دیینیی. لە کۆنتێکستە دینییەکەدا، لە عەرەبییدا، شێخ مانای (مەلا) و پیاوی دیینیی کوردی دەبەخشێت. لە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتیەکەشدا، شیخ یان شیخ العشیرة واتای سەرۆك عەشیرەت یاخود سەرۆك خێڵ دەبەخشەت. ئەمە لەکوردیدا شێخ بۆ ئابەری طەریقەتەکان بەکاردەهێنین، کە دیارە شێخانی طەریقەتێ دیینییەکانی کورد زۆر جار سەرۆك عەشیرەتن و لەهەمانکاتدا ئابەری سیاسیی کوردایەتییشن.

لە سیستەمی حوکمانی شێخنشیینییدا Chiefdoms لە رووی ثیوریی و کولتووریی‌ەوە، پڕاسەندنکی کولتووریی‌ە، نەستاژیای بۆ دەسەڵات و حوکمانیی هەی‌ە، لەڕووی ئۆرگانیی‌ەوە لە هێز و تیرێ Tribe ، هێرۆها لە جڤاکی باند (Band Society) باڵاترە، بەڵام لە خوار فۆرمی دەوڵەتی‌ەوە. شێخ بە عەشیرەتەکەیەوە دەتوانێت حوکم بکات، و عەشیرەت لەپێش دەوڵەتەوە دێت. هەر لە بنەمادا، دەوڵەت بۆ عەشیرەت کاردەکات نەوەکو بە پێچەوانەوە. لە سەڵطەنەتدا شتێك بەناوی عەشیرەتەوە نییە، بەڵکو خێزانی سوڵتان هەیە کە ئەویش بازنەی‌ەکی زۆر تەنگە و زۆریش دوور بێوات، هەر خزمی پلە یەك و دوو دەگرێتەوە، کە ئەوانەش هیچ دەستەڵاتکی سیاسیان نییە، جگە لەو کوانەی کە وەکو ئەمیر بەسەر ناوچەیەکدا حوکمدارن یانیش وەلی عەهد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دیدی سوڵتانەوە، ئەوانە وەکو بەشێك لە دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەوەکو ئەندامی خێزان. هەرچی سیستەمی شێخنشیینییە، تەواوی عەشیرەت حوکمدەکات و ئەندامانی

خزانی سەرك لەسەروی هەموو قانون و ئاسایەكەوەن. تا ئستا نەمان بیستووە كە لە یەكك لە شخنشینیەكانی خەلیج، یەكك لە ئەندامانی عەشیرەتی حوكمدار لپچینەوەی لەگەدا بكرت، ئەگەر هەیەكی لەبەرامبەر سەرك عەشیرەت نەكردبت.

بیە لەو سیستەمدا، دەوەتی عەشیرەتك یان چەند عەشیرەتكە كە كەوتوونەتە ناو هاوپەیمانتییەوە و لەپناو عەشیرەتكاندایە. ئەو هاواتیانەی كە سەربەعەشیرەت نەبن، دبە لە خزمتی دەوەتی شخكاندا بن و بە هەموو بیاركانی شخنشینیەكە رازیی بن و سر بلقنن و بنماای شخ، وكو حاكمی موطق بسر سیاست و ئابووریەوە، پسند بكن. سەروەت و سامانی وا ت موكی عەشیرەتە و هەریەكە و بەگورەی نزیكی لە سەرك عەشیرەت، پشكی تیایدا هەیە. هەموو جومگەكانی دەستەات لەلایەن پیاوانی سەربەعەشیرەتەوە قرغ دەكرن. بە ئەوەی یەكك لەناو دەستەاتی دەوەتدا جگە بگرت، پویستی بە پسپری، شارەزایی و لهاتوویی نییە بەكو دەبە سەر بە عەشیرەت بت، یان وەلائی موطقی بە شخی گورە و بنماای شخ هەبت. هەر لە بنەمادا دەوەت وەكو عەشیرەت بەوەدەبرت و ئەو داموەزگا مدرنە باوانەی كە هەن، تەنیا فرمن و بە نیشاندانی فماییی دەوەتە، ئەگەرنا لە پاكتیكدا هیچ نرخكی ئەوتیان نییە. بەام لە سیستەمی سوطانیدا، كەسانی پسپر و لهاتوو دەستەاتی باایان پدەدرت، بە نمونە ئیباهیم پاشا، كە وەزیری ئەعزەمی سوطان سلمان بوو، لە بنەچەدا یونانی بوو. كاتكیش سوطان بریاری ئیعدامكردنی دا، حسابی بە ئەوە نەكرد كە زاوایەتی.

لەبەر شنایی ئەوەی سەرەوە، ئەگەر سەیركی ئەو مدلە حوكمانیە بكەین، كە لە كوردستانی عراقدا لەلایەن بنەماەی بارزانیەوە تەبننی دەكرت و هەوڵی جكەوتكردنی دەدرت، ئەوا جیاوایەكانی لەگە حوكمانی سوطانی دا ئاسمان و سمانە. لەو حوكمانیەی بنەماەی بارزانیدا، بارزانیی بوون بەسە بە ئەوەی لە سكتەری ئابوری، عەسكەری و سیاسییدا پلەی هەرەباا وەربگری. بارزانی لە كنگرەی حیزبەكەیدا، باسی هەزاران پیاوی عەشیرەتەكەی دەكرد. واتا ئەوانە بە گرینگترین هزی خی دەبینت، نەوەكو قانون و دەزگاكانی دەوەتداری. هەربیە، ئەوە چەندین سااە حكومەتی هەرم نەبتە خاوەن دەستور.

ئایا تا ئستا، بارزانیك یان كەسك لە عەشیرەتەكانی ناو ئەو حوكمانیە وّبەووی لپچینەوەیەكی قانونی بوون؟ ئەو قسەیەی

سیروان بارزانی برازای مەسعود، کە زۆر بۆشەرمانە و ڕوهەماڵراوانە، هەڵاتن لە بەرەکانی جەنگی بە ئاسایی دەدیت، لە کاتێکدا پلەی جەنەڕاڵی عەسکەری هەیە، هەرگیز لە سیستەمی سوڵطانییدا قەبوڵناکرێت. ئەگەر برازای سوڵطانێکی عوسمانی بوایە ، لەسەر ئەو هەڵاتنەی، دەبوایە سەری دابنێ نەوەکو لە پاڵ پلە عەسکەریە فشەکەی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای تەلەکۆمۆنیکەیشنیش بێت و باج وسوماتەکەشی لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە لە بودجەی حکومەتی هەرێم ببڕدرێت. لەبەرئەوە و لەکاتێکدا چەمکی سوڵطانیزم(سوڵطانیی)، لە باری مێژوویی، سیاسیی، فیکریی، کولتووریی و مەعریفییشەوە، کۆنترادیکتی لەگەڵ دەسەڵات و هێزموونی سیاسیی و ئابووریی بنەماڵەی بارزانییدا هەیە، باشترە فۆرمی شێخنشیینیی بەکار بهێنرێت. ئیمارەتی شێخنشیینیی، لە باری ئیدیری، فیکریی و زمانییەوە، لە باری ئابووری و سیاسییشەوە، باشتر ئەنجامیزی ئەو هێزموونەی ماڵی بارزانیی و طەماحەکانیان دەکات.

ستۆکهۆڵم ٨-١٢-٢٠١٨

سیبوورییەك بۆ گیانی پەژموورەی حەمە زیاد … سۆران محەمەد


ریچارد گاری براتیگان کاتێك جامخانەی بنکەیەکی پۆلیسی شکاند وای دەزانی لە ئاکامی ئەم کارەیدا بەندی دەکەن و بەو هۆیەشەوە لە زیندان پارووپەکی نانی پێدەدرێت و بەمجۆرە لە برسێتی رزگاری دەبێت، بەڵام سەرەنجام رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی کرا- بە گومانی دەستنیشانکردنی بە توشبوونی حاڵەتی شیزۆفرینیاو پارانۆی و لەو چارەسەری لێدانی تەزووی کارەبا لە سەری دەدرا .



ئەو دەیگۆتەوە: کاتێك منداڵ بووین دایکمان کێکی بۆ من و خوشکەکەم دروست دەکرد، بەڵام دایکمان لەبەر نەبوونیی لە جیاتی میوەی وشك؛ پاشەڕۆی مشکی تێکەڵ دەکرد تا دڵی من و خوشکەکەم خۆش بکات و وابزانین میوەی وشکەوەبووە.
لە بیرمە لە نەوەدەکاندا ویستم شتێك لەسەر هەستی ئەدەبی حەمە زیاد بنووسم وەك ئاوەدانەوەیەك لە ژیانی شاعیرانەو دیدی عەبەسی و نەهامەتەکانی ئەو مرۆڤە، بۆ ئەم مەبەستەش چووم بۆ لای شاعیری بەڕێز (کەریم دەشتی) تا چەند پرسیارێکی لەو بارەوە لێبکەم، بەڵام مەخابن کە نووسینەکەم تەواو کردو رەوانەی ڕۆژنامەیەکم کرد، هەرچەندە ویستیان بڵاویبکەنەوەو تایپیشیان کرد، بەڵام پاشتر بڵاویان نەکردەوە! رەنگە ئێستاش کاک (کەریم دەشتی) لەو وتوژەی خۆی بپرسێت.

حەمە زیاد کەسایەتییەکی جیا لە هەموومان، لێوانلێو لە حەزی ئەدەب و هەنراوە، عەشقی شکاوی زۆر لە مرۆڤەکان ناکام دەبێت و نامۆ سەردەنێتەوە، ئەو شیعرێك دەنووسێت تا گیانی (گەشبینی)مان تیا بچێنێت، لە زەمەنی تێکشکاندنی هیواکاندا، ئەمە یادی ئەو وێنەیەی خاڵە حەمرینی سەر پایەیەکی چایخانەی مەچکۆی هێنامەوە(هەرچەندە ئەویش لەگەڵ نۆژەنکردنەوەکاندا لابرا- وەك کاک هاشم سەراجی شاعیر پێی ڕاگەیاندم)، کە چۆن لەو وێنەیەدا خاڵە حەمرین لەگەڵ دواییەکانی ژیانی خۆی و لێوارەکانی نەخۆشیدا بوو، لەسەر کورسییەك دانیشتووەو

بزەیەك لە قۆنایی دەوە بۆ کامێراکە دەکات تاکو گیانی هیواو بەختەوەریمان تێدا بوونێت.. دووبارە ئەوەش ڕیچارد برایگان بوو چوو بووە بەردەم گوڵك و وێنەیەکی لەگەڵدا گرتبوو، بەڵام لێی نەکردبووەوە چونکە لە خەمی ژیانی گوڵکیشدا بوو.



بەڵێ ئەوە کاک شەرزادی هەستناسك و مرۆڤدۆست بوو لە زمانی ئەو دەقە تێگەیشت و بۆاوی کردەوە، لە کاتێکدا لەو بۆوایەدا نیم هیچ لە ڕۆژنامەو بۆاوکراوەکان ئاوڵکیشی لێبدەنەوە، ئەمەیە ناوازەیی کاری ڕۆژنامەگەریی لە کەشف کردنی جوانی مرۆڤە خامۆشەکان و موعاناتە فەرامۆشکراوەکاندا..
گەر بڕین لەکڵینەوەو شیکاریەکی سەرپێیی بۆ ئەو هۆنراوەیە بکەین، دوای چەند جارێك لە خوێندنەوە بەر ئەو شۆوازە سوریالییە سەرەتاییە دەکەوین کە ئەندرێ بریتۆن لە مانیفێستی یەکەمی سوریالییەکاندا لە ساڵی 1924 ڕایگەیاند، ئەویش نووسینی ساتەکی و ئۆتۆماتیکی بوو بەو مانایەی ڕێنەچوون و بیرنەکردنەوە لە ڕێکخستنی دەستەواژەو ماناکان و ڕێزمان، ئەمەش بە ئاشکرا تەعبیر لە عەقڵی ناوەوە دەکات، لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێك ئەو هۆنراوانەش لە دنیای قوڵی ناخەوە نەدەنووسران.
حەمە زیاد ئەو مرۆڤەی کە کاک کەریم دەشتی شاعیر سەبارەتی دەیگوت: یەکێك بوو لە قوتابییە زیرەکەکانی ناو هاوڕێکانی و سەروکاری لەگەڵ زمانی ئینگلیزیشدا هەبوو، ئاوها هۆنراوەکەیمان پێشکەش دەکات:

- گەشبینی-

لای هەندێکا
شیعر خەمەو
تەونی خەفەت هەڵئەچنێ
لای هەندێکیش
شیعر خەندەو پێکەنینە
سەوزە خەونان
پێدەبینێ
خەندەی نەزاکەت
بێ دەم رازی
دیداری دڵان
شادی بەخشی تێ
لە نێو دیدگایی
حاڵی پەشێوان
دەلال هەی دەلال
خەندەی ساوایيت
هاورازی دەمی
وەسڵ غوربەت بوو
دەلال هەی دەلال
لەگەڵ بزەی دا
هەڵدەکا شەماڵ
ج دیمەنێکە
قەشەنگ و جوان
بزەی روخساری گەش و شۆخانەی

***

ئەگەر هەر یەك لە ئێمە شتانێك لە ناو ئەم هێنراوەیەدا جیاوازتر دابێژینەوە وەك ئەوەی (لە بری: لای هەندێکا، بڵێین: لای هەندێك)، (لەبری: سەوزە خەونان پێ دەبینێ، بڵێین: سەوزە خەونی پێدەبینێ)، یان لە بری: (خەندەی نەزاکەت
بێ دەم رازی
دیداری دڵان
شادی بەخشی تێ
لە نێو دیدگایی
حاڵی پەشێوان)
بڵێین: (خەندەی رازاوەت

شادی بەخشە بۆ
دیداری دڵان
لە نێو هەتوانی
حاڵی پەشێوان)
یان لە بری (هاوڕازی دەمی وەسڵ غوربەت بوو، بڵێین: هاوڕازی دەمی وەسڵی غوربەت بوو).. ئەوا هیچ کام لەم وردە دەسکاریانەی لە تاسوقە و تامەزرۆیی خوێنەران بۆ جوانی و سەرنجڕاکێشی زاراوەی (دەلال هەی دەلال) کەم ناکات و هەموویان لە بەردەم جوانی و پاکی ئەم وشەیەدا بە چۆکدا دێن و ڕۆحی پەژموردەو ناوازەی ئەم شاعیرە دێبرێنداڕەی تێدا دەخوێننەوە.



حەمەزیاد جارانێك وەك سیمبوڵێکی نزیك لە دنیای ڕۆشنبیرانی شار و تەمارگەی گۆڤانکاریەکانی ناوی ناو دەهێنرێت، بەڵام ئەو هەر وەکو کۆڵکی سەخت ماوەتەوەو بزەی سەر زاریشی ئاوا نابێت بۆ کڵێان و شەقام و مزگەوت و چایخانە و بێنەواکانی شار، ئەو زۆر دڵست و بڕادەری نووسەری هەیە، هیچیشیان دوو دڵ نین لە سادەیی و شیعردۆستی و ناوازەیی کەسایەتی کاک حەمە زیاد.
ئەمەشە وا لە من دەکات لە کۆتاییدا ئەم چەند دێڕەی بۆ بنووسم:

ئەی عاشقە ناکامەکە!
کاتێك هۆر
بەسەر کاشییەی بێدەنگەکان
هەنگاوت نا
ڕووەو تەعجیل،

کاسکێتەکەت
لە یاد نەکەی
بەسەر کێلی
سەلاح سەیدێك.
لەوێ بێ:
ئەگەر چی خامە نەیتوانی
شیعرێک
شایستە بە یادت
لە ناخما بهێنێتەوە،
با وەك ئاڵا
کاسکێتەکەم
لە سەر کێلت
بشنێتەوە
***

بۆش پاڵەوان و حاجییە یان تاوانباری جەنگە؟ ... ئەحمەد رەجەب

رۆژی شەممەی رابردوو جۆرج هێربێت واکەر بوش(جۆرج بوشی باوك) مردو چەند هاوڵاتی و نووسەرو رۆژنامەوان ناوی حاجی و پاڵەوان و رزگارکەریان پێ بەخشیوەو ئەوەش کارێکی ئاساو بۆچوونیی ئازادانەی خۆیانەو بەڵام باسکردنی هەندێ دەستەواژە بە توانج وپەلارو بە بێتێگەیشتتن جێ سەرنجە.

راستە لە ساڵی 1991 ئەمریکا لە بەر بەرژەوندی خۆ و، پاراستنی دەستانی لە کەنداو، هێزی زیاتری هیناو گەیشتە ناوچەکە بۆ قاودانی سەدام حسەین لە کوێت و، ئەوەش بووە هۆ هەرەسهێنانی سوپای عێراق و، هاوڵاتیان لە باشورو ناوەراستی وڵات هەلیان بۆ رەخساو، دەستیان گرت بەسەرشارەکان و، راوانانی پۆلیس و ئە من و بەعسییەکان، بەڵام ئەمرێکا کە زانی سەرکەوتنی گەل لە

بەرژەوەندیان نییە، شەریان راگرت و بە سەدامیان وت وەرن با ڕکبکەوین و، سەدامیش لاوازو نابووت بوو نوێنەرەکانی ناردو، لە ژێر خیوەتی سەفوان لە عێراق بە هەموو داخوازییەکانی ئەمریکا رازی بوو، لە پاش ئەو ڕکەوتنە پر شەرمەزاریە، هێزەکانی سەدامی دیکتاتۆر کەوتنە گرتن و کوشتنی خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق و، ئەگەرنەوەئەوەندە کوژراو هەبوو سەگ و پشیلە لاشەکانیان ئەخوارد.

لە کوردستان و هەر لە هەمەمان ساڵدا {1991} گەلی قارەمانی کوردستان هەڵسان بە ڕاپەرینە مەزنەکەی ئادار، ڕاپەرینێکی سەراپاو گشتگیر بوو، ڕۆژانە ڕێەکەکانی گەل بە پاێشتی هێزە شۆرگێرەکان و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکان رائەپەڕین وشارو شوێنی تازەیان ئازاد ئەکردو، ڕاپەرین درێژەپێدەری تێکۆشان و بەرخودانی گەێی کوردستان بوو بێ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ستەم و چەوسانەوەیەك و گەیشتن بە ئازادی و بەدیهێنانی مافەرەواکانی.
بەێ، ئەمریکا، وڵاتێکی ئیمپریالیزمەو، هەموو کات ئەیەوێت دەسەلاتی پەرەبسەنێت و، لە ڕێ هێزەوە بە تایبەت هێزی سوپا دەستبگرێت بە سەر خاکی

وڵاتانی تردەوەو، سیاسەتی ئیمپریالیزم، سیاسەتێکی بێ ئەخلاقانەیە چونکە وڵاتانی بەهێز هەوێ ئەدەن وڵاتانی لاوازی بێ هێز بتاسێنن و، هەرچی سامانیان
هەیە ببەن و، لەم بارەیەوە { فلادمیر ئیلتچ لێنین} ئەێت : ئیمپریالیزم بێندترین قوناغەکانی سەرمایەداریە.

بوش پاێەوان نەبوو بەکو تاوانباری جەنگ بوو، با بە چەند دڕك (مشتێك لە خەروارێك) ئەم پاێەوانە بە هەوادارانی بناسێنین :
بوش لە ساڵی 1944 بێ مولازم لە سوپای ئەمریکاو، بە فڕکەی جەنگی لە جۆری (گرومان تی. بی. ئێف ئەفنجێر) هێرشیکردە سەر داموەزگاکانی جاپۆن و، هەزاران کەس بوونە قوربانی و، بوش سەرەڕای ئەوەی فڕکەکەی تووشی لێدان بوو بەربووەوەو، بە پەرەشووت خوێ ڕزگارکردو، هەروا لەو جۆرە کارانەو خەڵك کوشتن بەردەوام بوو.
هێرشکردنە سەر وڵاتی پەنەما کە ژمارەی دانیشتوانی دوو ملیۆنە و، فڕکە جەنگییەکانی ئەمریکا دوو بۆمبیان خستەخوارەوەو، قورسی هەر بۆمبێك (1000) ڕەتێ بوو، گەرەکیی کڕکارانی هەژاری گرتەوەو، بووە هوێ کوشتنی (4000) هەزار هاوڵاتی و، نزیکەی 50000 بەبێ خانوو مانەوەو، سەربازەکانی ئەمریکا بەنزیینیان کردەسەر 30 تەرمی کوژراوەکان و، ئاگریان تێبەرداو سووتێنران و، پاشان بوونە خۆراکی سەگەیل.

ئەرلاندە بوش (هاوپاتییەکی کوبی) بوو، لە کاتی شەرشی کوبا لە ساڵی 1959 هەڵهات و، چووە ئەمریکاو، لە ساڵی 1968 وە دەستگیر کراو بە 10 ساڵ سزادراو، پاشان لە ساڵی 1972 ئازاد کراو چووە فەنزویلاو، دیسانەوە بە هۆی تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی کوبی بە { 73} سەرنشین و، لە ناویاندا تیمێکی وەرزشی کوبا Fencing گیراو سزادراو، لە دوای چەند ساڵێك بە هۆی مافەکانی مرۆڤەوە بەرەپا کراو، گەرایەوە بۆ ئەمریکاو.جاریکی تر گیراو، بە پێی فەرمانێکی ""پاڵەوان"" بوش ئازاد کرا.
سەرۆك بوش داوایکرد یارمەتی سەدام حوسەین و عێراق بدرێت بە پارەو چەك و، بۆ ئەو مەبەستە فەرمانی دەرکردو، ئەوە بوو وەزارەتی دەرەوە 73 ڕۆکەوتنامەی چەکی لە گەڵ عێراق بەست، زوربەی چەکەکان مەترسیدار بوون (چەکی بیولوجی و کیمیاوی) و، هەر لەو ڕووەوە بەناو قەرزو، لە ڕێ(ئەتەلانتا بانك) چەندین ملیۆن دۆلاریان پێشکەش بە ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر کردو، ئاگری شەری عێراق – ئێرانیان زیاتر خۆش کردو، سەدام هەمان یارمەتییەکەی جورج بوش لە ئەنفالی گەلی کوردستان بەکار هێناو، پێویستە هەموو کەس بزانێت ئەمریکا بە دوای بەرژەوەندی خۆی ئەگەرێت.

تاوانەکانی جورج بوش زۆرن و، بۆ لە کوشتن و یارمەتیدانی ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان، تاوانی تر هەیە وەك: گیچەڵی سیکسی، بازرگانی بە ماراجوناو مادە هوشبەرەکان و،زۆر شتی بۆ ئەخلاقانە.

7/12/2018

وا ڕۆژهەڵات … دەستێم خامۆش

چەند جوانە وا ڕۆژهەڵات
دەشێن بووە خاکی وڵات

نەما کاتی پشووی شەو
منیش هەساوم لە خەو

دێم و چاوم جوان دەشێم
نانی بەیانی دەخێم

جلی خاون دپشم
زیرکم خاون هشم

دەم بە قوتابخانە
کە بە ژین چراخانە

بە هیوای گش وونم
بە دە شیدای فربوونم

ژنامەگاریی چەپی کوردی (١٩٧٥- ١٩٩٣) … ئیسماعیل تەنیا-

ژنامەگاریی چەپی کوردی
(١٩٧٥- ١٩٩٣)
ئیسماعیل تەنیا- هانەڤر

*** باشوری کوردستان:**

دامەزراندنی حزبی شیوعی عیراق، لە سالی١٩٣٤ دا، وەرچەرخانکی مەژوویی گرنگ بوو لەنەو کۆمەڵگای عیراقی بە گشتی و کوردستاندا بەتایبەتی. پێش بوونی ئەم حزبە، هەست کردن بە جیاوازی چینایەتی، جگە لەلای دەستەبژێرێک لە ڕۆشنبیرو خوێندەواران بەولاوە، بوونی نەبوو. بەهەی خەباتی کادیرانی ئەم حزبە لەنەو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاو، دواتر کردنەوەی بارگا یاخود (هەرەمی کوردستان)ی ئەم حزبە لەشارە گەورەکانی کوردستانداو، ئیدی خەڵک هوشیار بوەو هەستی بەوە کرد کە لەپاڵ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت، لەلایەن ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن مولکە گەورەکانیش، ڕوبەڕوی جۆرە چەوساندنەوەیەکی تر دەبنەوە کە ئەویش، چەوساندنەوەی چینایەتییە. ئەوان، فیکری تازەو چمکی مەدەرنی وەک: (یەکسانی ژن و پیاو، خەباتی کرێکاران،

چۆساندنەوەی چینایەتی، مافی مرۆڤ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ... تاد)یان، لە کوردستاندا، بەاوکردەوە.

هەر لەم سەرو بەندەو، هەشت نە ساڵەک دوای ڕاگەیاندنی ئەم حزبە، کۆمەڵەک ئەندامی چالاک و ڕۆشنبیری (حزبی هیوا)، کە خاوەن دیدو بۆچوونی فیکری چەپ بوون، لە (هیوا) جیابوونەوە، لەساڵی ١٩٤٣ دا، ڕێکخراوەکیان بەناوی (کۆمەڵەی میللەت)، دامەزراند، کە دەتوانین بە یەکەم ڕێکخراوی سەربەخۆی چەپی کوردی، ناوزەدی بکەین. ئەم ڕێکخراوە، هەرلەم ساڵەدا، بەاوکراوەیەکیان بەناوی (دەنگی کورد)، بەاوکردەوە، کە بە دەستنووس، بەاودکرایەوە. هەر لەهەمان ساڵدا، عەبدولسەمەد محەمەد ناسراو بە (سەمەد مەنجەڵ)، ئەندامی ئەم ڕێکخراوە لە شاری کۆیە، بەاوکراوەیەکی یەک لاپەڕەیی بە دەستنووس، بەناوی (بڕوسکە)، بەاو دەکردەوە. بەداخەوە، تا ئێستاکە دانەیەک لە هەردوو بەاوکراوەکە: (دەنگی کورد) و (بڕوسکە)، نەدۆزراونەتەوە لە بەر دەستدا نین. ئەو زانیارییانەی هەشن هەر وردە زانیاری نەو یاداشت و پڕاوێزی ڕووداوەکانە... هەتا ئەمەی دواییان (بڕوسکە)، هەندێک دەڵێن هەر بوونی نەبووە، (بە ئەم مەبەستە بڕوانە: بورهان حاتەم گەمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ژیانی سیاسی و ڕووناکبیریی، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٢ ، لاپەڕە ١٧٠).

ڕێکخراوی (یەکەتی تەکۆشین)ی عەرەبی، لەسەر ڕێکخراوو گروپی مارکسی لەساڵی ١٩٤٣ دا، دادەمەزرێت. لە هاوینی هەمان ساڵدا، بە مەبەستی یەکگرتن، پەیوەندی بە ڕێکخراوی (کۆمەڵەی میللەت)ەوە، دەکەن. پاش گفتوگۆو دانوستاندن، هەردوولا، یەکدەگرن. مەرجی کوردەکان ئەوە بوو: کە لقێکی کوردی (وحدة آلنضال)، لە کوردستاندا بکەنەوەو ڕۆژنامەیەکیش بەزمانی کوردی بەناوی (یەکەتی تەکۆشین)، دەربکەن. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە، لەهاوینی ساڵی ١٩٤٤ دا، بەاوکرایەوە کە (نافع یونس و سالح حەیدەری و عەلی عەبدوڵلا)، سەرپەرشتکارو لێپرسراوی بوون. بەشە کوردییەکەی ئەم ڕێکخراوە (یەکەتی تەکۆشین)، خەیان هەڵوەشاندەوەو ناوی خەیان کردە (حزبی کۆمەنیست لە کوردستانی عێراق). لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ دا، ئەم حزبەش، خەی هەڵوەشاندەوە. دەبە ئەوەش بگوترێت کە ڕۆژنامەی (یەکەتی تەکۆشین)، یەکەمین ڕۆژنامەی چەپی کوردییە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. لەم بەدواوە، کادیرو سیاسەتمەدارە کوردەکانی ناو ئەم حزبەو دەرویدا، لەبواری ڕۆژنامەگەریی چەپی کوردی، دەرژیان بەخەبات کردندا.

گرنگترین ئەم گۆڤارو ڕۆژنامەو بەاوکراوە کوردییانەی کە لەنێوان

ساڵانی (١٩٤٥-١٩٧٥)دا، دەرچووینەو دەچنە خانەی مامۆستایانەوە، دەکرێت وا پێناسەیان بکەین:
- ڕۆژنامەی (ئازادی): ساڵی (١٩٤٥) بنەڕەتی دەرچوون. لەساڵی (١٩٥٩)دا مۆڵەتی وەرگرتەو، بە ڕەسمی و ئاشکرا، بڵاوکراوەتەوە.
- ئاڵای کارگەران: حزبی شیوعی عێراق (هەرەمی کوردستان- لقی سلێمانی)، بنەڕەتی، دەریکردوە.

پاش لێکترازانی مامۆستایەکەی ساڵی (١٩٦٤)، باڵی جیابوەو (پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی)، کە دواتر بە (جەلالی)، ناسران، ئەندام و هەوادارانی بەشێک لەم باڵە، خەریکی زەمینەسازی بوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازە. لەم پێناوەدا، لەساڵی (١٩٦٩)، ڕۆژنامەی ڕووناکی (آلنور)، بە عەرەبی و، گۆڤاری (ڕزگاری)یان بڵاوکردەوە. بڵاوکردنەوەی وتارو ڕوخنەو گفتوگۆکانی نێو ئەم دوو ڕۆژنامەو گۆڤارە، بوونە زەمینەسازیەک بۆ دروستبوونی (کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان)، لەساڵی ١٩٧٠ دا. دوای (آلنور)و (ڕزگاری)ش، (ئاڵای سوور- تەموزی ١٩٧٣، ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان) و، (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی عێراق- هەرەمی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٢ دا، بڵاوکرانەوە.

لەدوای کارەساتی ئازاری (١٩٧٥)و، کەتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول، هەر دوای ساڵێک، دووبارە خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوەو، ئەمجارەیان لەجیاتی خەباتی تاک حزبی، زەمینەی ئەوە ڕەخسا کە کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراوی جیا جیا دروست ببن و، درێژە بە کاروانەکە، بدەن. لەگەڵ بوونی هەرەمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و، (کۆمەڵەی مارکسی-لینینینی کوردستان)، کە دواتر ناوەکەی بە (کۆمەڵەی ئینجدەرانی کوردستان)، گۆڕدراو، باڵی قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق، ڕێکخراوێکی تری چەپ بەناوی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (١٩٧٦)دا، دامەزرا. ئیدی لەمە بەدواوە، ڕێکخراوو گروپی بچووک بچووکیتر دروستبوون و تا ساڵی (١٩٨٥)، توانییان کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەربکەن، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- ئاڵای یەکگرتن: ڕۆژنامەیەک بوو حزبی شیوعی عێراق (باڵی قیادەی مەرکەزی)، بەزمانی کوردی، لەساڵی ١٩٧٦، لە سوید، دەریکردوە.
- ئینجەر: بڵاوکراوەیەکی نهێنی بوو، ڕێکخراوی ئینجەرانی کوردستان، لە ساڵی (١٩٧٦)دا، دەریکردوە. ئەم ڕێکخراوە، هەر لەم ساڵەدا دامەزراوە.
- ئاڵای شۆڕش: کۆمەڵەی مارکسی- لینینینی کوردستان، لەساڵی

(۱۹۷۷)دا، دەریکردوە.
– کۆمەڵەی هێنجەرانی کوردستان)، لەساڵی (۱۹۷۸)دا، دەریکردوە.
– تێکۆشان: یەکخراوی (تێکۆشانی هێنجەرانی کوردستان)، کە شەهید (ڕەئوف ئاکرەیی) لەپرسراوی بوو، بە نهێنی لەشاری سلەمانی، لەساڵی (۱۹۷۸)دا، دەریکردوە.
– ئاپۆین: کۆمەڵەی مارکسی- لینینینی کوردستان- لقی ئەوروپا، لەساڵی (۱۹۷۸)دا، دەریکردوە.
– هێگای کوردستان: حزبی شیوعی عێراق- هەرەمی کوردستان، دوای دەرچوونیان بە شاخ، لەساڵی (۱۹۸۰)دا، دەریانکردوە.
– سۆسیالیست: گۆڤارێکی تیۆری بوو، (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، لەساڵی (۱۹۸۱)دا، دەریانکردوە.
– هێگای ئازادی: ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە، لەساڵی (۱۹۸۱)دا، دەرچووە.
– کار: بڵاوکراوەیەک بووە لەنێوان ساڵانی (۱۹۸۱-۱۹۸۲)دا، نزیکەی سێزدە ژمارەی لێدەرچووە.
– گۆڤاری (هێبازی زەحمەتکێشان)، لەنێوان ساڵانی (۱۹۸۳-۱۹۸۵)دا، یازدە ژمارەی لێدەرچووە.

لەساڵی (۱۹۸۵)، لەهەناوی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) و (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)دا، دوو هێکخراوی چەپ دروستبوون کە خەیان لە دایکە چەپەکانیان بە چەپتر دەزانی، ئامانە بریتیبوون لە:
– ئاڵای شۆڕش: ساڵی (۱۹٨٤) هەوێیانداو لەساڵی (۱۹۸۵)دا، بە هێسمی دروستبوونی خەیان ڕاگەیاند. (مەلا بەختیار) هێبەرایەتی دەکردن.
– حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، لەساڵی (۱۹۸۵)، بە هێبەرایەتی (قادر عەزیز و عەبدولخالق زەنگەنە)، دروستبوو. ئیدی ئامانجش بە بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و گۆڤارەکانیان، مژووی هێژنامەگەریی چەپی کوردیان، دەوڵەمەندتر کرد. لەساڵی (۱۹۸۵)ەوە تاوەکو ڕاپەڕین، کۆمەڵێک گۆڤارو بڵاوکراوەی تر، چ لەلایەن هێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی چەکداری، یان لەلایەن هێکخراو و دەستەو گروپی تازە دروستبوو لەنێو شارەکانی کوردستانداء بڵاوکرانەوە، بریتیبوون لە:

– بیری نوێ: گۆڤارێک بوو، حزبی شیوعی عێراق- هەرەمی کوردستان، لەساڵی (۱۹۸۵)دا، دەریکردوە.
– سۆسیالیزم یان بەربەری: بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بووە، لە مانگی ئابی (۱۹۸۵)، لە سوید دەرچووە.

– پێشکەوتن: گۆڤارێکی تیوری بوو، حزبی سۆسیالیستی کوردستان-ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، کە دواتر بوونە (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، لە ساڵی (١٩٨٦)دا،دەریانکردوە. تەنها پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.
– دەنگی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، ئاڵای شۆڕش لە ساڵی (١٩٨٦)دا، دەریکردوە.
– ڕۆژگای ئاشتی و سۆسیالیزم: گۆڤارێک بوو لە بنچینەدا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو. چاپە کوردییەکەی لایەن حزبی شیوعی عێراق-هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (١٩٨٦)، لە سوریاوە، بڵاودەکرایەوە.
– ئاڵای ئازادی: ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان-ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بوو و لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە، بڵاو دەکرایەوە.
– ئاوێر: گۆڤارێک بوو، (ئۆڕگانی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، بڕوانەنی لە شاری هەولێر، بە دەستنووس (بە کاربڕن لێی زیاد دەکرا) و بڵاو دەکرایەوە. لە ساڵی (١٩٨٧)، دەرچووە. ئۆڕگانی ناوبراو، لە ساڵی (١٩٨٧)، لایەن (عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، جەمال کەشش)، دامەزراوە.
– ئاسۆی سۆسیالیزم: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕۆکخراوی (کۆمۆنیستی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست- کۆتک)، لە ساڵی (١٩٨٧)، دەریانەکرد. ڕۆکخراوی ناوبراو، لە ساڵی (١٩٨٧)، لایەن (سالار ڕەشید، ڕەحمان داود، ڕەبوار ئەحمەد)، دامەزراوە. – پەیامی کرێکاران: ئاڵای شۆڕش- کۆنفرانس،(گروپی عیماد ئەحمەد و ئەبوبەکر خۆشناو)، لە ساڵی (١٩٨٨)دا، دەریانکردوە. ڕۆکخراوی ناوبراو، لە ئاڵای شۆڕش، جیا ببوونەوەو خۆیان بە (ئاڵای شۆڕش- کۆنفرانس)، دەناساند.

– ئاڵا: ئاڵای شۆڕش- کۆنفرانس، لە ساڵی (١٩٨٨)دا، دەریدەکرد.
– خەباتی کرێکار: (کۆمۆنیستی کرێکارانی یەکێتی ئایار)، لە ساڵی (١٩٨٩)دا، دەریانکردوە.
– ئاسۆی کرێکار: کۆمیتەی ڕۆکخستنی هەولێری (ئاڵای شۆڕش)، بڕوانەنی، لە ناو شاری هەولێر، لە ساڵی (١٩٨٩)دا، دەریانکردوە.
– ئاڵای شۆڕش: ڕۆژنامەیەکی قەبارە گەورە (ئۆی سێ) بوو، (ئاڵای شۆڕش)، لە ساڵی (١٩٩٠)دا، دەریاندەکرد.
– نۆژەن: گۆڤارێکی تیوری بوو، (ئاڵای شۆڕش)، لە زستانی (١٩٩١)، یەک مانگ پێش ڕاپەڕین، دەریکردوە.
لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، بەهۆی بڕقەرار بوونی ئازادی و نەمانی دەسەڵاتی ڕژێم لە کوردستاندا، چەندین گروپ و ڕۆکخراوی چەپی مەدەرن دروستبوون کە ئێندام و دامەزرێنەرانی زۆربەیان بە

سیاسەتمەداری چەپی فارس (مەنسووری حیکمەت ۱۹۵۱-۲۰۰۲)، سەرسام بوون. لەژێر ڕۆشنایی نووسین و وتارەکانی ئەودا، خەباتیان دەکرد. گرنگترین گۆڤارو بڵاوکراوەی ئەم ڕێکخراوانە، لەم قۆناغەدا، ئەمانە بوون:
- هەواڵنامەی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، (هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست)، لە ساڵی (۱۹۹۱)دا، دەریاندەکرد. ڕێکخراوی ناوبراو، لە کۆتایی نیسانی (۱۹۹۱)دا، دامەزراوە.
- بە پێشەوە: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕێکخراوی (ڕۆوتی کۆمۆنیست)، لەساڵی (۱۹۹۱)دا، دەریدەکرد. ڕۆوتی کۆمۆنیست، لەساڵی ۱۹۸٤دا، دامەزراوە.
- پەیامی کرێکار: هێسوەاوی بواری خەباتی چەپ لە کوردستان، تاهیر حەسەن، لە ساڵی ۱۹۹۱ دا، دەریدەکرد.
- سەرنجی کرێکار: بڵاوکراوەیەک بوو، کۆو کۆمەڵ و ئێقەی کرێکاریەکان لەساڵی ۱۹۹۱ دا، دەریاندەکرد.
- ئەدەبی کرێکاری: گۆڤارێکی ئەدەبی، خاوەن ئایدیای چەپ بوو، عەباس شوان، لەساڵی ۱۹۹۱ ، لە شاری سلێمانی دەریدەکرد. (۳۳) ژمارەی لێدەرچووە.
- پڕۆلیتاری: بڵاوکراوەیەک بوو، ڕۆوتی کۆمۆنیست، لەساڵی ۱۹۹۱ دا، بڵاویدەکردەوە.
- ڕۆبازی کارکەر: بڵاوکراوەیەک بوو، (کۆمەڵەی خەباتی سور)، بە کوردی (کرمانجی خواروو)، لەساڵی ۱۹۹۱دا، دەریاندەکرد.
- بڵەسە: بڵاوکراوەیەک بوو، (ئێقەی کۆمۆنیستی بڵەسە)، لەساڵی ۱۹۹۲ دا، دەریاندەکرد. ئێقەی ناوبراو لەساڵی (۱۹۸۵)دا، دروست بووە.
- دەنگی بێکاران: ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران، لەساڵی ۱۹۹۲دا، لە هەولێر دەریانکردوە. ڕێکخراوی ناوبراو، لە (۲/٦/۱۹۹۲)دا، لەلایەن (عەبدوللا سلێمان مەشخەڵ)ەوە، دامەزراوە.
- شۆشی کرێکاری: بڵاوکراوەیەک بوو، (یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست)، لەساڵی ۱۹۹۲دا، دەریانکردوە.
- نینا: گۆڤارێکی ئەدەبی پڕۆلیتاری بوو، لەساڵی (۱۹۹۲)، لە هەولێر دەرچووە.
- هاوپشتی کرێکاری: بڵاوکراوەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی کرێکاری بوو، لەساڵی ۱۹۹۲دا، دەرچووە.
- دەنگی کرێکار: دەنگی ناڕازایەتی کرێکارانی چیمەنتەی شاری سلێمانی بوو، بڵاخۆە نازاندرێ کەی دەرچووە. بڵندە (نووسەری ئەم بابەتە)، ژمارە حەوتی بینیوە، بەڵام مژووی دەرچوونی لەبیر نیە.
- کرێکارانی کۆمۆنیست: بڵاوکراوەیەک بوو، نازاندرێ کەی دەرچووە.

دەبن سێ ژمارەی لەدەرچوون.
– زەنگ: بڵاوکراوەیەک بوو، یەک دوو ژمارەی لەدەرچوون. مەژووی دەرچوونی دیار نیە.

*** هێزەهێڵاتی کوردستان:**

لە هێزەهێڵاتی کوردستاندا، چەمکی چەپ و کۆمۆنیستی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بە (حزبی تودەی ئێران، دەگەڵتێوە. کۆمەڵێک لە هاوناکبیرو تێکۆشەرانی کورد، کە دواتر هاتونەتە پێزی (حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران)، سەرەتای خەباتی سیاسییان لە (حزبی تودە)وە، دەست پێکردوە. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و غەنی بلوریان، دوو سیاسەتمەداری دیاری کوردن و، سەرەتای کاری سیاسییان لە (حزبی تودە)وە، بووە. واتە، ئەوانە باکراوندێکی چەپ و کۆمۆنیستیان هەبووە. لە سەردەمی حوکمی (شا)دا، کۆمەڵێک گروپ و دەستەی هەڵگری ئایدیای چەپ لەساڵی (١٩٦٩)، (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کۆمەڵە)، بە هۆسەمی هاوگێڕانن و درێژە بە خەباتی سیاسی، دەدەن.
پاش ئەوەی کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٧٩دا، بە هێبەرایەتی (خومەینی)، دەسەڵات دەگرێتە دەست، نکۆڵی لە مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەکات، لەپاڵ (حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران)، کە هەڵگری بیری ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو، کۆمەڵێک خەڵکی تری کورد، (حزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)، لەساڵی ١٩٨٣دا، دادەمەزرێنن و لەسەر هێبازی مارکسیزم- لینینیزم، لەپێناو بنبڕکردنی چەوساندنەوەی چینایەتی و بڕقەرار کردنی کۆمەڵگایەکی ئازادو بنیاتنانی سۆسیالیزم، درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.

دوای ئەم (حزب و کۆمەڵە)یە، (مەنسوری حیکمەت)، لەساڵی ١٩٩٠دا، (هێوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری)، دادەمەزرێنێت، کە دواتر کاریگەری کردە سەر کۆمەڵێک گەنجی هێزەهێڵات و باشوری کوردستان. لەژێر هێشنایی نووسینەکانی ئەودا، کۆمەڵێک دەستەو گروپ و هێکخراوی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هاتنە دامەزراندن. لەلایەن ئەم کۆمەڵە و حزبە چەپانەدا، کۆمەڵێک بڵاوکراوەو گۆڤار بڵاوکراونەوە، نموونەی:
– (مردم)، یان (نامەی مردم): بڵاوکراوەیەک بوو (حزبی تودەی ئێران)، لە ساڵی ١٩٧٩، لە (تاران)دا، بە زمانی کوردی، بڵاویدەکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە، چاپی فارسیشی هەبوو.
– شۆڕش: بڵاوکراوەیەک بوو، (سازمانی ئینقلابی زەحمەتکێشانی کوردستان- کۆمەڵە)، لە ساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی کوردی،

بڕاوید کردوە.
– خبرنامە: بڵاوکراوەیەک بوو، (سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)، لەساڵی ١٩٧٩دا، بە زمانی فارسی، بڵاوید کردوە.
– پێشڕەو: گۆڤارێکی بوو، هەمان سازمانی ناوبراو، لەساڵی ١٩٨٣دا، بە زمانی کوردی، بڵاوید کردوە.
– پێشڕەنگ: گۆڤارێکی ئەدەبی کرێکاری بوو، لە پایزی ١٩٨٥دا، بە زمانی کوردی، لەلایەن (کۆمەڵە)وە، بڵاودکرایەوە.

*** ڕێژئاوای کوردستان:**

لە ڕێژئاوای کوردستان (سوریا)دا، هەر لەگەڵ لێکترازانی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا)، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، باڵێک لەم پارتە جیابۆوە، خەیان بە هەڵگری بیری چەپ و سۆسیالیزم، ناساند. دوای ئەوان، کۆمەڵێک گروپ و ڕێکخراوی چەپ، چ ئەوانەی لەناو وڵات، یان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات، خەباتیان دەکرد، دروستبوونی خەیان ڕاگەیاند، لە نموونەی:
– گرێدانا مارکسیستێن کورد: ئەم گروپە لە ڕێژئاوای کوردستان، لە شاری (عەفرین)، گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی،یان بە ناوی (پێشەنگ)، بە زمانی کوردی، لەساڵی ١٩٧٦دا، بڵاودکردوە.
– هەمان ڕێکخراو، لەساڵی ١٩٧٧، لە ئەڵمانیادا، ڕێژنامەیەکی سیاسییان بە ناوی (ڕێیا ڕاست)، بە زمانی کوردی، بڵاو دەکردوە، کە تا ساڵی (١٩٨٠)، توانراوە دوازدە ژمارەی لێدەربکەن.
– ڕێک (آلطریق): گۆڤارێکی سیاسی و کولتوری ساڵانە بوو، (پارتیا سۆسیالیستا کورد ل سوریێ)، بە زمانی کوردی و عەرەبی، لەساڵی ١٩٧٧دا، دەریاندەکرد.
– الاشتراکی: ڕێژنامەیەک بوو، ئۆرگانی (پارتیا سۆسیالیستا کورد ل سوریێ) بوو. لە ساڵی ١٩٧٨دا، بە زمانی عەرەبی لە سوریا، بڵاودکرایەوە. دواتر، شوێنی دەرچوونی بە ئەڵمانیا گواستراوەتەوە، لەوێ بەردەوام بووە. ژمارە (١٤٥)ی لە ئەیلولی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
– (طریق الیسار) و (فکر الجدید)یش، بە زمانی عەرەبی لە ڕێژئاوای کوردستانەوە، دەرچووینە.

*** باکوری کوردستان:**

لەم بەشە ستراتیژییەی کوردستاندا، لە ژێر کاریگەری پارتە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی تورکیادا، یەکەمین ڕێژنامەی هەڵگری ئایدیای چەپ و سۆسیالیستی کوردی، لەساڵی ١٩٦٦دا، بە ناوی (ڕیبازی

نـــەوەی یەنـــی ئـــاکیش)، لـەلایەن (محـەمـد عـەلـــی ئەســـتان)ەوە بـەناوکراوەتـەوە. دوای ئـەوە، وردە وردە ئـەو کـوردە چـەپـانەی کە لـە ڕیزەکانی (پارتی سـۆسیالیستی تورکیا)دا، خـەباتیان دەکرد، لـەگـەڵ هـەنـدێک چـەپـی تـورک، لـەسـاڵی ١٩٦٩دا، لـە ئـەنقـەرەو ئیسـتانبول، (یانـەکـانی کولـتـوری شـۆڕشگـێڕی ڕۆژهـەڵـات- دەڤـو دەڤرمچـی کولـتـور ئـەجاغی)، کـە کورتکراوەکەی (د.د.ک.)، بوویان دامـەزراند. زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەندامـەکانی کورد بوون. هـەر زوو لـە شارەکانی باکوری کوردستانەوە، لـقیان کردەوەو لـەناو خـەڵکدا، دەستیان بـە خـەبات کرد. پاش (د.د.ک.)، هـەندێک چالاکڤانی سیاسی تر، لـەنـێوان سـاڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥)دا، دامـەزرانـدنی (کـۆمـەڵـەی کولـتـوری دیمـوکراتی شـۆڕشگـێڕ- دەڤرمچی دەمـکراتیک کولـتورو دەرنـگـاری)یان، دامـەزراند. ئـیدی لـەمـە بـەدواوە، سـاڵ لـەدوای سـاڵ، گروپ و ڕێکخراوی کـۆمـۆنیستی و چـەپ، لـەلایـەن کوردەکانـەوە، دادەمـەزران، نموونـەی:
– پارتیـا سـۆسیالیسـتا کوردسـتان- تورکیـا: لـە دەسـەمبـەری ١٩٧٤، لـەلایـەن (کـۆمال بورکای)و چـەند هـەڤاڕێکی تـرەوە، دامـەزرا.
– ڕێکخراوی خـۆزگاری کوردستان: لـەسـاڵی ١٩٧٦دا، زیاتر دەرکـەوتن و ناسـران. ئـەنـدامـەکانی، پـێشتـر لـەچـەنـد گروپـێکـی جیـا جیـادا، جیابـوونـەوە وەک: (پارتی کرێکارانی تورکیا)، (یانـەی کولـتوری شـۆڕشگـێڕی ڕۆژهـەڵـات).
– ڕێکخراوی کاوە: لـە سـاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٧)دا، دامـەزراوە.
– کـۆمـەڵـەی تـێکـۆشین: لـەسـاڵی ١٩٧٨دا، دروست بـووە.
– پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، کـە دواتـر نـاوەکـەی بـە: (پـارتی پـێشـەنگی کارگـەری کوردستان) گـۆڕدرا، لـەسـاڵی ١٩٧٨دا، دامـەزرا.
– پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان- پ.ک.ک: بـە ڕێبـەرایـەتـی (عـەبـدوڵلا ئـۆجـەلان- ئاپۆ)، لـەسـاڵی ١٩٧٨دا، دامـەزرا.
– تـەڤگـەری سـۆسیالیستی کوردستان: جولانـەوەیـەکی مارکسی- لـینـینی بوو، باوەڕیان بـە سـەربـەخـۆیی کوردستان هـەبوو. ماوەیـەک لـەگـەڵ (پ.ک.ک)، نـەوانیان خـۆش بوو. هـەندێک هـێزی چـەکداریـیان هـەبوو کـە لـەژێر ناوی (لـەشکری خـۆزگاری کوردستان)، خـەباتیان دەکرد. ڕۆژنامـەیـەکیان بـەناوی (دەنگی وڵات)، دەردەکرد.
هـەموو ئـەم ڕێکخراوانـە، تا کودەتای سـەربازی ١٢/٩/١٩٨٠، بـە نـهـێنی و ناوەناوەش بـە نیمچـە ئاشکرا، ئـەم گـەڤارو ڕۆژنامانـەیان دەردەکرد:
– ڕێیا ئازادی (ئـۆزگورلوک ڕێـلو): پارتیا سـۆسیالیستا کوردستان- تورکیا، لـەسـاڵی ١٩٧٥دا، بـە زمانی تورکی و کوردی، بـڵاوکـردەوە.
– بروسک: ڕێکخراوی (مارکسیستـەن- لـینـینیا کوردستان/باکور)، لـەسـاڵی ١٩٧٧دا، بـە زمانی کوردی و تورکی، بـڵاویانـدەکـردەوە.
– پـێشـەنگ بـە شـۆڕش: پارتیا پـێشـەنگا کارگـەریا کوردستان- تورکیا،

لەساڵی ١٩٧٧دا، بڕیاویان دەکردووە.
- ئەم چی بکەین: (بزووتنەوەکخراوا مارکسیستەن شۆڕشگێرا کوردستان)، لەساڵی ١٩٧٨دا، بە زمانی کوردی و تورکی لە ئەڵمانیا، بڵاویاندەکردووە.
- جڕا وڵات: پارتیا سۆسیالیستا کوردستان- تورکیا، لەساڵی ١٩٧٧دا لە تورکیا بڵاویدەکردووە. پاش قەدەغەکردنی، لەساڵی ١٩٧٩، لە ئەڵمانیا درێژەی بە بڵاوکردنەوەدا.
- کاڤا (کاوە): ڕێکخراوی کاوە، بە یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٨ لە تورکیا، بڵاویدەکردووە. دواتر گواستراوە سویدو بزمانی کوردی و تورکی، بڵاودەکرایەوە.
- ئازا ڕزگاری: بزووتنەوەکخراوی ڕزگاریا کوردستان، لەساڵی ١٩٧٩دا، بزمانی تورکی بڵاویدەکردووە. هەر زوو لەهەمان ساڵ بە بڕیارەکی عەسکەری، قەدەغە کرا.
- سەرخۆبوون: پارتی کرێکارانی کوردستان، بە زمانی تورکی لەساڵی ١٩٧٩، دەریدەکرد.
دوای ئاوەی کودەتاچییەکان، بە ڕابەرایەتی جەنەراڵ (کەنعان ئەفرین)، لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠دا، کودەتای سەربازییان ئەنجامداو، دەسەڵاتیان گرتە دەست، پێش هەموو شتێک کۆتنە گیانی حزب و ڕێکخراوە چەپەکان، بە تایبەتیش کوردەکان. لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٣)دا، زیاتر لە حەقدە هەزار کوردیان، زیندانی کرد. بەدیان سیاسەتمەداریان لە سێدارەدا. لە ساڵی ١٩٨٢یشدا، دەستورەکی تازەیان نووسیەوە. لە ماددە سێی ئەم دەستورەدا هاتووە: (جگە لە زمانی تورکی، هەموو جۆرە زمانەکی تر بە قسە کردن و نووسین، قەدەغەیە. دەوڵەتی تورکیا خاک و میلەتەکەی یەک قەوارەیەو دابەش نابێت و زمانەکەشی تورکییە). هەروەها لە ماددەی (٤٢)یشدا هاتووە: (هیچ بڵاوکراوەیەک ڕەگەی پێنادرێ ئەگەر بە زمانەک بێت کە بە قانون قەدەغە کرابێت).

لەسایەی ئەم دەستورو حوکمە عەسکەرتاریەدا، ئەم دەنگە کزانەی کە جاروبار لەملاو لەولا، دەبیستران و ناوە ناوە، ڕۆژنامە، یان گۆڤارێکیان بڵاودەکردووە، ئەمەش نەما. بەشی زۆری چالاکڤانە چەپەکان، ئەوانەی زیندانی نەکرابوون، توانیان تورکیا جێبهێڵن و هەوو لە ئەوروپا بکەن. ئەوانە، لە هەندەران، درێژەیان بە خەباتی سیاسی و کولتوری شۆڕشگێڕەی خۆیاندا. چەند ڕێکخراوەکی تازەی وەک: (یەکێتیا کەمۆنستەن کوردستان) و (پارتیا کەمۆنستەن کوردستان- ک.ک.پ)یان، لە دەرەوەی وڵات، دامەزراند.
ئەم ڕێکخراوانەی پێش و دوای کودەتای ئەیلول، دروستبوون، چ لە

ناوەوەی وڵات، چ لە هەندەران، بە گۆڕەی دەرفەت و زەمینەسازی، ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەیان، بەاوکردەتەوە:

– دەنگی کوردستان: پارتیا کۆمۆنستەن کوردستان (ک.ک.پ)، لەساڵی ١٩٨١دا، بەزمانی تورکی لە ئەڵمانیادا، بەاویان کردەتەوە.
– سەرخۆبوون: پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٢، لە ئەڵمانیا، بە کوردی و تورکی، دەریکردوە.
– بەرخودان: پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٣، لە سوید، بە کوردی و تورکی، دەریکردوە.
– راستیا کوردستان: یەکێتیا کۆمۆنستەن کوردستان، لەساڵی ١٩٨٧دا، بەزمانی تورکی لە ئەڵمانیادا، بەاویانکردەتەوە.
– ئاڵا یەکێتی: ڕێکخراوی کاوە، لەساڵی ١٩٨٨دا، لە ئەڵمانیا بەزمانی کوردی، بەاویکردەتەوە.
– تێکۆشینا سۆسیالیست: کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی (تێکۆشینا سۆسیالیست)، بەزمانی کوردی، لە وڵاتی سوید، بەاویانکردەتەوە.
– کوردستانلی مارکسیست: ئۆرگانی (بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان) بووە. لەساڵی ١٩٩٠، بەزمانی تورکی لە بەریتانیادا، بەاوبەتەوە.
– (کۆندال نەزان)یش، وەک خوێندکارێکی چەپی سەربەخۆ، لەساڵی ١٩٧٦دا، گۆڤاری (ئازادی)، بەزمانی کوردی، لە فەڕەنسا (پاریس)دا، بەاوکردەتەوە.

ئەنجام

(١) هێنان و بەاوکردنەوەی فیکری چەپ لە کوردستاندا، لەلایەن (حزبی شیوعی عێراق)ەوە،هاتە کوردستان.
(٢) یەکەم ڕێکخراوی چەپ لەسەرانسەری کوردستاندا، ڕێکخراوی (کۆمەڵەی میللەت)، بووە، کە لەساڵی ١٩٤٣دا، دروستبووە. ئەندامەکانی، پێشتر لە ڕیزی (حزبی هیوا)دا، خەباتیان کردوە.
(٣) لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٣)دا، (٦٧) ناوونیشانی: (گۆڤار، ڕۆژنامە، بەاوکراوە)ی هەڵگری فکری چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان و دەرەوەیدا، دەرچووینە، کە زۆرترینیان لە باشوری کوردستاندا بووەو ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٠) ناوونیشان و، هەموشیان بە زمانی کوردی بووینە. ئەوانی تریش: (لە باکور: ١٦، لە ڕۆژئاوا: ٦، ڕۆژهەڵات: ٥).
(٤) لەوی ئەو زمانانەی کە بەاوکراوەکانیان پێ بەاوکراوەتەوە: ئەوانەی باشور، هەمووی کوردی بووینە. ئەوانەی تر: – باکور: شەش بە کوردی و تورکی، سێ بە کوردی، پێنج بە تورکی.
– ڕۆژئاوا: سێ بە عەرەبی، دوو بە کوردی، یەک کوردی و عەرەبی

بوون.
– هۆڕهگات: دوو بە زمانی فارسی، دوو بە کوردی، یەک بە فارسی و کوردی بوون.
(٥) قەبارەی زەربەی ناوونیشانەکان، قەبارەی فۆلسکاپ، بوون.
(٦) هەندەک لە بەاوکراوەکان بەدەست نووسراونەتەوەو تیراژیان سنوردار بوون.
(٧) سێ تا چوار هەوڵی تاکە کەسیە، ئەوانەی تر لایەن هێکخراوی سیاسییەوە، بەاوکراونەتەوە.
(٨) ڕۆژنامە، یان گۆڤاری (یەکێتی تەکنیشین)، بەیەکەم هێژنامەی چاپی کوردی لە سەرتاسەری کوردستان، دادەنرێت.

ڕەهەندەکانی ڕەخنەی بونیاتگەریی لە گەشەسەندنەوە بەرەو لاوازبوون ... سەران محەمەد

تیۆری ڕەخنەیی:

ڕەهەندەکانی ڕەخنەی بونیاتگەریی
Structuralism
لە گەشەسەندنەوە بەرەو لاوازبوون..
سەران محەمەد

بونیاتگەریی ئەو بزووتنەوە فەلسەفی و زانستی و ئەدەبییە ڕەخنەییە بوو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە فەرەنسا دروست بوو، ئەم بزووتنەوەیە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو زانستی مرۆڤ (ئەنتڕۆپۆلۆژی)و ڕەخنەی ئەدەبی و شیکاریی دەروونی و بیردۆزە مەعریفی و تیۆری مارکسیی و بونیاتە زمانەوانییەکان …
لە پێشەوانی ئەم بزوتنەوەیە: ڕۆلان بارت، جیرار جینیت، جۆن کۆهین، تۆدۆرۆف…

رەوتی رەخنەی ئەدەبی بونیاتگەریی تەماشای هەر کارێکی وێژەیی دەکات وەك کۆمەڵك رەگەز و یەکە، و دەستنیشانی بەهاکەی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە دەبێت کە هەر ئاستێك لەکارەکە بە ئاستەکانی ترەوە دەبەستێتەوە.

بونیاتگەریی تەماشای دەقە ئەدەبییەکان دەکات وەکو یەکەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ، بە جۆرێك هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی دەقەکان لە ڕێی زاراوەو رستەو پێکهاتەو خوازەو وێنە شیعریەکانەوە، لەم ڕەخنەیەدا لایەنە مۆرووییو و کۆمەڵگاو ئایدۆلۆژیاو دانەرو... بە هێند ناگیرێت، لە لایەکی ترەوە هەڵناستێت بە بڕیاردان بەسەر کاری ئەدەبیدا بە باشەو بە خراپە، بەڵکو شیکاری بونیاتی دەق دەکات لە ڕێی خستنەرووی ڕەگەزەکان کە دەق پێکدێنن، بەو مانایەی تەماشاکردنی زمانەکەی و چۆنییەتی بونیاتنانی رستەو ڕێکخستن و بیرکەکان، بڕیە ئەم ڕەخنەیە گرنگی بە کرێکی کاری داهێنەرانەی ئەدەبی دەدات.
واتا تەماشکردن و بگرە ڕچوون بە نەخشەی ناوەکی کارە ئەدەبییەکاندا، واتا بەدواداچوونی ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی هەر دەقێك لە خۆی دەگرێت، وەکو سیمبۆڵ و ئاماژەکان، بە جۆرێك هەر ڕەگەزێك شوین ڕەگەزێکی تر دەکەوێت.

ڕۆلان بارت کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕەوتە سەبارەت مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەڵێت (ئەوە زمانە کە دەئاخفێت نەك نووسەر) بڕیە گرنگییەکی زیاد دەدەن بە زمان بەوەی بناغەی کاری ئەدەبییە. ئاوهاش بونیاتگەریی لەسەر دوو کۆمەکەی سەرەکی بونیاتنرا. کە ئەوانیش یەکەم: ئەدەب دەقێکی مادی پاڵفتەیەو بەسەر خۆیدا داخراوە، دووەم: زمان دەئاخفێت نەك نووسەر.
قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووسەکان (1915-1930) کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو بەسەر دامەزراندن و پەرەدان بە ڕەخنەی بونیاتگەریی، فۆرمالیستەکان هەوڵی گرنگی خوێندنەوەی دەقەکانیان دەدا لە ناوەوە، چونکە وێژە لای ئەوان دادەنرێت بە سیستەمی زمان، کە ئاماژەکان(سیمۆلۆژیا) لە خۆ دەگرێت بۆ {ڕەنگردنی واقیع، نەك وەك ڕەنگدانەوەی واقیع بێت}، بڕیە پەیوەندی ئەدەبیان پچڕی بە ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەو کۆمەڵگاو مۆرووەوە.
جاکوبسن کە یەکێکە لە کۆمەکانی فۆرمالیستەکان پێی وایە کە : شیعر دەبێت ڕزگار بکرێت لە هەموو ئاراستە دەرەکییەکانی وەك فەلسەفی و هزریی وئاکاریی و... تەنانەت وای دەبینێت کاری ئەدەبی : ناخی دانەرەکەشی جێدەهێڵێت و سەربەخۆیی تەواو لە خودی خۆیدا

وەدەستدێنیت.
ڕەخنەی بونیاتگەریی لەوەدا کارێکی وەسفییە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان؛ پشت بە دوو هەنگاوی گرنگ دەبەستێت، یەکەم: هەڵوەشاندن و دووەمیش بونیاتنانەوە، وەك چۆن راستەوخۆ بایەخ بە ناوەڕۆك نادەن ، بەڵکو گرنگی و بایەخیان بۆ شێوەی ناوەڕۆکەکانەو هەروەها بونیات و ڕەگەزەکانییەتی کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی شێوازی دەق، بە لەخۆگرتنی ڕووەکانی جیاوازی و وێکجوونەکانییەوە.

بەمجۆرە بونیاتگەریی ئامانجی ئەوەیە سیستەمی دەق کەشف بکات، بەو مانایەی بونیاتی سەرەکی دەق ، بۆیە ڕەفزی ئەوە دەکەن ئەرکەکەیان لەوەدا چۆ بکەنەوە کە ئەرکی کۆمەڵایەتی دەق باس بکەن و لەو خولگەیەدا بسوڕێنەوە. ئەمەش وایان لێدەکات بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کرۆکی کاری وێژەیی شیکارییە نەك ڕاستکردنەوەو گوتنی باشەو خراپە و بۆیاردان بەسەریدا، بەڵکو زیاتر کاریان لەو خاڵەدا چۆ دەبێتەوە کە لە چۆنیەتی پێکهاتەی کاری ئەدەبی بدوێن.

ئەو ئاستانەش کە ڕەخنەی بونیاتگەریی بە مەیدانی کاری خۆی دەزانێت لە هەر دەقێکدا ئا لەم خاڵانە پێکدێت:

1-ئاستەکانی دەنگ: لێکۆڵینەوەی پیت و وشەکان و ڕەمزو پێکهاتە مۆسیقیەکانە، لە ڕووی سەرواو دەنگ و ئاوازەوە.

2-ئاستەکانی سینتاکس و گۆڕینی یەکە زمانییەکان و کاریان لە ڕووی پێکهاتەی زمانی و ئەدەبییەوە (زانستی صرف)

3-ئاستەکانی فەرهەنگی: لێکۆڵینەوە لەسەر وشەکان دەکات بۆ زانینی تایبەتمەندییە هەستەکی و داماڵراو (ئەبستراکت) و زیندەگیی و ئاستی شێوەکانیان، بەو مانایەی لێکۆڵینەوە لە دەلالەتی وشەکانی ناو زمان.


4-ئاستی ڕێزمان (نەحو): دیراسەی دانان و ڕێکسخستنی ڕستەکان و چۆنیەتی پێکهاتنیان دەکات و هەروا تایبەتمەندییە دەلالی و ئیستاتیکییەکان، بەو مانایەی کار لەسەر بەدواداچوونی دروستکردنی ڕستەکان دەکات، وەك ئەوەی ئایا ڕستەی ناوە، یان ڕستەی فەرمانی ، یان کۆلکە ڕستە…هتد

5-ئاستەکانی گوتار: شیکاریی پێکهاتە درێژەکانی ڕستە؛ بۆ زانینی تایبەتمەندییە سەرەکی و لاوەکییەکان.

6-ئاستەکانی ئاماژەکان: سەرقاڵی شیکاریی مانا راستەوخۆ و ناراستەوخۆکان و وێنەشیعرییەکان، کە پەیوەندن بە ڕەساکانی دەرەوەی سنووری زمان، وەك ئەوانەی پەیوەندن بە زانستەکانی دەروون و کۆمەڵایەتی و کاریگەرییان لەسەر ئاستەکانی ئەدەب و شیعر.

7-ئاستەکانی هێما(سیمبۆ): لەم ئاستەدا هەموو ئاستەکانی پێشوو کاری داڵکی نوێ دەبینن و کە دەبێتە هێی بەرهەمهێنانی مەدلوڵکی ئەدەبی نوێ، ئەمەش سەردەکشێت بۆ مانایەکی نوێ یان مانای دووەم، ئەمەشە ناونراوە بە (زمان لە ماو زماندا).

هایدگەر دەڵێت: (وشەکان هیچ نین جگە لە ڕەمز، نوێنەرایەتی دۆخی دەرەکی دەکەن، بۆیە نابێت لە شیکاریی زمانی شیعردا بە دوای هەڵبژاردنی وشەو وێنەو و ئیقاعەکاندا بگەڕێین، بەڵکو دەبێت لە چۆنیەتییان بکۆڵینەوە بەوەی چۆن ڕۆڵ دەبینن و شتەکان دەخەنە ڕوو). لێرەوەیە ئەو تێگەشتنەمان بۆ دروست دەبێت کە شیکاریی بونیاتی دەق دوو ڕووی هەیە؛ (شێوەی دەنگ و شێوەی ئاماژەکان)، شێوەی ئاماژەکان بریتین لە شێوەی ماناکان و دەلالەتەکان، کە ئەوانیش بونیاتی خۆیان هەیە. هەندێکیش ئەو ڕایەیان هەیە کە بونیاتی مانای شیعر لە ناو کرۆکی وێنەکانەوە لە دایك دەبن.
هەروەها دوالیزمەکان چەقێکی بنەڕەتی شیکاریی ڕەخنەی بونیاتگەرین بۆ دەقەکان، بە مەبەستی گەشتنە بونیاتێکی پتەوی دەق، چونکە ناتوانین بگەینە حەقیقەتی ناسینی شتەکان لە ڕێی ناسینی تایبەتمەندی سەرەکی شتەکانەوە، بەڵکو ئەمە لە ناسینەوەی دژەکاندا دێتە دی، بەوەی وشە تەنیا لە خودی خۆیدا هەڵگری مانا نییە، بەڵکو ماناکەی لە بوونی دژەکەیدا تەواو دێتە دی.




ئەمەش بوو وای لە سەر کرد تەمشای زمان بکات وەك ئەوەی سیستەمی جیاوازیەکانە، هەر لەم تێوانینەوەش بونیاتگەریی دەستبەکار بوو، ئاوهاش تەماشای گێتی دەکەن وەك (کۆمەڵك دوالیزم و تێهەڵکێش و بەرابەر، کە تێی پەیوەندییەکان کەشف دەکات، و پاشتریش پاڵنیان دەکات بۆ دوالیزمەکان).

لیڤی شتراوس لەم رونگەیەوە بوو تەماشای ئەفسانەکانی دەکرد وەك دووانەی دژ و تەواوکار لە هەمان کاتدا، لەم دیدەوەیە بونیاتگەراکان شیکاری بونیاتی کاری ئەدەبی دەکەن بە دابەش کردنی بۆ یەکەی دوالیزمەکان، پاشتر بۆ دووانە هاودژ و هاویەکەکان جیادەکرێنەوە لە پێناوی هێنانەدی خوێندنەوەیەکی تازەدا.

بۆ رووبەڕووکردنەوەی زیاتر دەتوانین نموونەی دوالیزمەکان بهێنینەوە وەك : داخراو و کراوە، وەستاو و جوڵەدار، خودو بابەت، ئەرێن و نەرێ، ژیان و مردن، واقیع و خەیاڵ.....هتد

ئەگەر باس لە کز بوونی رەوتی بونیاتگەریی بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کە بونیاتگەریی لە سەرەتای خۆپیشاندانە رادیکالەکانی قوتابیانی فەرنساوە سالی 1968 وردە وردە بەرەو داکشان چوو، بە هۆی ئەو رەخنانەی رووبەرووی دەبووەوە، وەك ئەوەی ناتوانین تەواو دەق دابڕێین لە هەموو فاکتەرە دەرەکییەکان و خودی نووسەریش.



و لێرەوەش بونیاتگەراکان دەستیان کرد بە پێداجوونەوەی بۆچوونەکانیان و لەم ئاکامەشدا چەند رەوتێکی تر بەرپابوون وەك: شێوەیی، سیمائی، هەڵوەشانگەرایی، زمانییەکان کە ئەمەی داوایی دادەنرێت بە کۆمەکەی سەرەکی هەر یەك لەم جوڵانەوە رەخنەییە ئەدەبیانەی دوایی.

لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بونیتگەریی بەرەو داڕمان چوو، ئیتر رەوتی (دوای بونیاتگەریی) لە فەرەنسا جێی گرتوە، کە هەر رۆلان بارت و ژاك دریدا لە پێشەوانی ئەم بزووتنەوەیەش بوون، ئیتر بارتیش لە بۆچوونی وتوێژکردن لە گرنگی دانەر لە دانانی دەقەوە بازیهەدا بێ گرنگی خوێنەر لە هێنانەدی مانای نوێ و بێ کۆتا، بارت لە کتێبی (چێژی دەق) 1975 وای دادەنێت لە غیابی نووسەری دەقدا هەڵەشەییەکی بێ کۆتا دێتە ئاراوە بەڵام چێژ بەخش، ئەم چێژەش لە تواناداریتی دەقەوە سەرچاوە دەگرێت بێ یاریکردن بە ماناکان و هێنانە دی مانای جیاوازتر، بەڵام ئەمەش لێکدانەوەیەکی بێ سەرەوبەرەی بێ کۆت و سنوور ناگەیەنێت، بەکو هەڵوەشاندن و روخاندنە بەمەبەستی دامەزراندنەوەیەکی نوێ و خوێندنەوەیەکی تر، لێرەوەش خوێنەر هەڵدەستێت بە رۆڵی نووسینەوەی دەق، دەبێتە بەرهەمهێن نەك بەکاربەری دەق، ئەمەشە بنەڕەتی یاریبازی هەڵوەشانگەرایی، کە دریدا پەرەی پێدا.

بەمجۆرە لە بیرۆای : مردنی دانەرو سیحری دال و دابڕانی دەق لە

کارلێکەکان پاشگەزبوونەوەو جارێکی تر ڕوویان پێدایەوەو بەکو لێکدانەوەو شیکاریە دەروونییەکانیشیان بۆ ئەدەب زیاد کرد، لەگەڵ پێشچاوگرتنی بیردۆزەکانی وەرگر و خوێندنەوەو لێکدانەوەکاندا (هێرمێنتیکا).
ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕاستیدا بونیاتگەریی یەکەم ڕەخنەیی ئەدەبی نەبوو کە لەسەر بنەمای بونیاتی زمان دامەزرابێت، لەکاتێکدا قوتابخانەی (هونەر بۆ هونەر) بە پێشەوایەتی ئۆسکار وایلدو کرێتشە زۆر زووتر ئەمەیان ڕاگەیاند بە چەکردنەوەی بۆچوونەکانیان لە گرنگیدان بە ڕەهەندەکانی هونەر لە پێناوی هونەرێکی شایستەو بێنددا.

---

2 شیعرلەڵ (فازڵ عەززاوی)یەوە و : نەژاد عزیز سورمێ

(1)

قەسیدەی ئەگەر

خودایێ
ئەگەر ئادەمزادت
بە دەستەك و سێ قاچ دروست کردبا
مەیموون چییان دەگوت ؟
ئەگەر کلکی درێژت بەدواوەمان خستبا
چۆنمان لێ ئاهەنگان سەما دەکرد ؟
گەر باڵت پەمان بدابووایە پێی بفڕین
پاسپۆرتەکانمان چی لێ دەکرد ؟
ئەگەر بە نەدیتراویت دروست کردباین
خەفیێ و جاسووس
ڕاپۆرتەکانییان دژی کێ نووسیبا ؟
گەر نێ پەنجەت پێدابواین
چەنمان تا (دێ) بژماردایێ ؟
ئەگەر جەستەمانت لێ پێکا دروست کردبووا
چۆن شێوەمان دەکرد ؟

گەر لووتمانت بکردبووایە دەنووك
کچانمان چۆن ماچ دەکردن ؟
ئەگەر خۆت کردبووایە حاکم بەسەرمان
بەرپرسەکانمان چی لێ کردبا ؟
گەر ئەم قەسیدەیەم پێ بدابووای
چیت بۆ زیاد دەکرد ؟
ئەگەر ..
ئەگەر ..
ئەگەر خودایە!..

(2)

سەزی (مەیسون)ی
ژنی خەلیفە معاویە بۆ بیابان

کراسێکی خوری و
دێکی بۆ خەمم بدۆ ،
تۆ بۆ هەموو پێشاکێ ئاوێیشمیەکانم بۆڕۆ ..

خیوەتێکم لەناو لم بدۆ ، بای لێ بدا
لێباتی من
بچڕێ کەشکی بەرز . .
حوشترێکم بۆ بەنێ
لە سارایان سواری بم
تەیش بۆ کوێت بوێ
سواری کەژاوێ زێینەکەم بۆ!

لێگێ سەگی میللەتەکەم
بۆ موسافیری بێگانە بوێ
ئەو پشیلێ تەمێ بەنازێ
بۆ ماڵی خۆت ..
پارچەنانێکی وشکم
لە گۆشەی کەخێك پێ بدۆ !
تەیش گۆرەم بۆ تەنێ
کێکی میر بخۆ ..

لة (فاضل العزاوي ـ الاعمال الشعرية ـ بەشی دووەم ـ بلآوکردنەوەی دار الجمل ـ 2007) کراون بة کوردی .

.

بیرەوەریيەکانی قوتابییەک ... نووسینی :عەلی حەمەشید بەرزنجي

سەما یەکێک بوو لەو قوتابییە زیرەک و لێهاتووانەی کە سەرنجی سەرجەم مامۆستاکانی بە لای خۆی ڕاکێشا بوو.لە هەموو وانەکاندا نمونە بوو، بەڵام لە وانەی بیرکاری دا باشترو جیاوازتربوو ، چونکە لەگەڵ ئەوەی حەزی بە وانەکە دەکرد مامۆستای بیرکاریشی زۆر خۆشدەویست،لەگەڵ ئەوەی کە وانەی بیرکاری پێدەوتن چیرۆک و هەنراوەی خۆشی بۆ دەگێڕاِنەوە و لە بەنەکانیشدا ئەو سەرپەرشتی ئاهەنگ و کاری شانۆیی قوتابخانەکەی دەکرد چونکە خۆیشی نوسەر بوو.بیرمە زۆر جار سەما لەی دەپرسی :مامۆستا تۆ چۆن مامۆستا کوردی نیت؟ تۆ هەنراوە و چیرۆک دەنووسیت و ڕۆژانە گۆڤار و کتێبمان بۆ دەهێنیت و نیشانمان دەدەیت.دیاریيەکانیشت بۆ ئێمە هەر گۆڤار و کتێبە.مامۆستاش بەپێکەنینەوە پێی دەوتین ئەی ئەوە نییە بەهەی ئەوەو بیرکاریم لا خۆشویست کردوون و زۆر جار هەنراوەشتان بۆ دەخوێنمەوە کە بە بیرکاریم نوسیوە.ڕۆژانە بە بیرکاری هەنراوەی بۆ دەخوێندینەوە .ئێستاش لە بیرمە جارێکیان ئێم هەنراوەیەی پێ وتین هەموومان لەبەرمان کردبوو لەسەرەتای وانەکەدا تا ئەو ڕۆژ و وانە و بابەتی دەنووسی بۆ خۆتە جوانەکەی پێکەوە دەمان وت:

وا (بیرکاری) مان هەیە....لام خۆشترین وانەیە
زۆر حەز دەکەم ڕۆژانە....بخوێنم یەک دوو وانە
کە مامۆستا هاتە پێل....وریاو ئازاو گورج و گۆڵ
دادەنیشم بە چاکی....تیا دەنوێنم چالاکی
من سەرنج دەدەم هەواش....هەتاکو تۆ بگەم باش
لە هەرچیەکیش نەگەشتم....لە مامۆستا دەپرسم
وەڵامم دەداتەوە....بەیشم ووون دەکاتەوە
ئەوساکە باش تۆ دەگەم....منیش سوپاسی دەکەم

زۆر جار لە ناوەڕاستی وانەکەشدا کاتێک کە ئێمە خەریکی نووسین بووین ئەو هەنراوەیەکی بە دەوتین:

چەندە خۆش بیرکاری

مامستا وانەکەی کرد بەیاری
هەر هەموومان دەست و برد
بەشداریمان تیایدا کرد
ئەم هەنراوەیەی کاتێک دەوت کە لەگەڵ تەواو بوونیدا ئەمەش دەستمان لە نووسین هەڵدەگرت و چاوەڕوانی ئەومان دەکرد.ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا بوو پرسیارەکانی(سەما) بوو، زۆر بە جوانی لە بیرمە مامستا هەوڵی دەدا کە ئەمە زیاتر بجوڵێنێت تا چالاکی بین و زانیاری زیاتر بدەست بهێنین و پشت بەخەمان ببەستبن و گیانی هاوکاری و یارمەتیدان لە ناوماندا بەهێز و پتەو بکات،
جارێکیان داوای لێکردین کە بە گروپ بەاوکراوەی سەر دیوار بە بیرکاری دروست بکەین.پاڵەکەی ئەمە ٣٦ قوتابی بوو کردینی بە ٩ گروپەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو کە لە دروستکردنی گروپەکاندا سەلیقەیەکی جوانی بەکار هێنابوو،چونکە نەچووبوو هەموو قوتابییە باشەکان لە گروپێکدا دابنێت بەڵکو هاتبوو بەپێی ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی داینابووین.

من لەو گروپە دا دانربووم کە سەمای تیابوو،ئای کە دەخۆشبووم.سەما هەمیشە پرسیارە جوان و بەجێکانی ئامادە بوون بۆیە لە مامستای پرسی: باشە مامستا چۆن و چی بکەین بە بابەتەکان ؟ مامستاش وتی:دەتوانن هەریەکەتان چەند بابەتێک دەربارەی بیرکاری پەیدا بکات و بەجوانی بینووسێتەوە ئەوسا هەموو بابەتەکان کۆبکەنەوە و نیشان منی بدەن منیش بۆتان دیاری دەکەم کە کامیان باش و گونجاوە ئەوسا لە کارتەنکەدا بەدەستی خۆتان بینووسن و هەموشتان بەشداربن.سەما بەو پرسیارەوە نەوەستا چەندە خۆشبوو پرسیارەکەی دەی منی کرد کە دەنیام پرسیاری زۆربەی قوتابییەکانی تریش بوون.

وتی ئەی ئەگەر قوتابییەک نەیتوانی و بابەتی دەست نەکەوت؟ مامستا بە پێکەنینەوە وتی: ئەوە هەر زۆر ئاسانە با بابەتەکانی ناو کتێبەکانی خۆتان بێت.ئەمە لە پاڵی شش بووین و کتێبەکانیشمان پڕ بابەتی هەمە جۆر بوون.قوتابییەکی تر کە ئەوە یەکەمجار بوو پرسیار بکات لە مامستای پرسی ئەی نابێت لە بازاڕ دروستی بکەین کە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش دەبێت و بە خۆتکی جوانیش بەمان دەنووسن و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانیشمان لەگەڵدا بە دروست دەکەن؟خۆ پرسیارەکەی ئەویش بەجێ بوو چونکە من شتی وام بینیبوو کە بە وانەکانی تر دروستیان کردبوو.مامستا بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی گوڵەکەم من دەمەوێت بڕی ڕەنج و هەوڵەکانی ئەوەی گوێ ببینم.ئەوەی کە خۆتان بەدەستی خۆتان دروستی دەکەن سەدان جار لەوە جوانترە کە

کەسکی تر بۆتان دروست بکات.

هەروەها هەرگیز لە بیریشتان ناچێتەوە چونکە لەگەڵیدا ماندوو بوون. بەڵام ئەوەی کە تۆ دەیبینیت ماندوو بوونی تیانییە،کەمێک پارە دەدەیت و بۆت دروست دەکەن ،راستە جوانە بەڵام لای من وەک گوڵی نایلۆن وایە و ئەوەی خۆتان دروستی دەکەن وەکو گوڵی سروشتی وایە.ئای کە خۆشبوو وەڵامە بۆجکانی مامۆستا بەڕاستی زۆر جێزی دەکرد کە بەشێوەیەک پەروەردەمان بکات کە هەمیشە پشت بەخۆمان ببەستین و لە هەوەدا بین.من یەکەمجارم بوو کە باوکراوەی بیرکاری بۆ شێوەیەی کە مامۆستا داوای دەکرد ببینم و پێشتریش ئەو باوکراوانەی کەبەسەر دیوارەکانەوە دەمان بینی بۆ وانەکانی تر بوون بۆتایبەتی وەرزش و زانست و کوردی.گومان لە دەنگی دەگای پاڵەکەبوو مامۆستا بەهەمنی کردیەوە یەکێک بوو لە مامۆستایانی قوتابخانەکەمان..خشتەی تاقیکردنەوەی مانگانەی پێبوو کە بەمان بنووسێت.کە تەماشای سەر تەختەکەی کرد ناوی گروپ و باسی باوکراوەی بیرکاری تیابوو ،لای ئێوە بوو بۆ پرسیار و لە مامۆستای پرسی ئێوە داوای باوکراوەی بیرکاریت لە کردوون.مامۆستاش وتی بەڵێ دوای تاقیکردنەوەکان بۆم دەهێنن.ئێوەش سەرەکی بادا وتی یاخوا وابێت،چونکە وادیار بوو بۆلایەوە کارەکی قورس بێت.دوای تاقیکردنەوەکان هەر گروپە لەناو خۆیاندا کەوتنە وتوێژ و ئاوێژ کردن بۆیەکتر و پرسیار کردن لە مامۆستا.

مامۆستا رێژەکی دیاری کرد تابابەتەکانی بۆ بەهێنین و ئێوەش پێش ئەوەی ئەمە بینووسین لەسەر کارتێنەکە بیبینێت و چی بۆلاوە پەسەندە دیاری بکات..ئەوەبوو بۆ ئەو رێژە لە نە فایلدا بابەتەکانمان دا بۆ مامۆستا..بەڵام سەما و چەند قوتابیەکی تر سەرو فایلی جیایان دا بۆ مامۆستا و وتیان ئەمە جگە لەوەی کە لە گروپەکەدا بەشداری هاوڕێکانمان دەکەین حەزیش دەکەین بۆجیا باوکراوەی تایبەت بۆ خۆمان بکەین.مامۆستا زۆر زۆری پێخۆشبوو ،بۆیە وتی هەر زۆر باشە و لە ئێستاوە دەستخۆشیتان لێدەکەم.ئەم قسانە وای لە منیش کرد وەکو سەما بکەم و باوکراوەیەکی جوان و بەسوود ئامادە بکەم
.بۆیە هەرچوومە ماڵەوە لەگەڵ سازگەی خوشکم کە لە من گەورە تربوو کەوتینە کەکردنەوەی بابەت و رێژەک بردم بۆ مامۆستا هەر بۆ بینینی تەماشایەکی کردم و وتی ئەی ئافەرین زۆر باشە.

منیش بۆ خۆشیەوە لەماوەیەکی کەمدا تەواوم کرد و نایلۆنم تێگرت و لای کەس قسەم نەکرد.بەڵام لەگەڵ گروپەکەم خەریکی نوسین و ئامادەکردنی باوکراوەکەی گروپەکە بووین..ئەمە ناومان نا (یاری

بیرکاری) .کە تەواومان کرد نایلەنمان تێگرت و دامانا تا هەر کاتێک مامۆستا داوای لێکردین بیدینێ.ئەوە بوو رۆژکیان مامۆستا وتی بە رۆژی شەممە هەمووتان بەاوکراوەکانتان بهێنن.چەندە خۆشبوو رۆژی شەممە بەرەو قوتابخانە بڕۆیشتم و ئەوی خۆیشم نابووە بن دەستم کە گەیشتمە قوتابخانە هەموو قوتابییەک پێیەتی .کە چوونە پاڵەوە مامۆستا هات و یەکە یەکە بەاوکراوەکانمان دایە دەستی .بەجگە لە گروپەکان زەربەمان بەتەنیاش دروستمان کردبوو .مامۆستا یەک یەک تەماشای دەکردن و دەیخستە لاوە. بڕیار لە دانیەکیاندا زەر سەرنجی دا و وەستا و بە جیا داینا.

کە لە هەموویان تەواو بوو یەکە یەکە بانگی کردین و بەاوکراوەکانی داینەوە و وتی بەیانی هەموویان هێدەواسین.ئەوەی کە لای مابووەوە بەاوکراوەکەی من بوو ،بەرزی کردەوە و وتی بڕۆاستی ئەمیان زەر جیاوازە ،چونکە باسی یەک جەر لە شەوە ئەندازییەکان دەکات و زەر بە هەک و پەکی دروستکراوە.من هەرچەندە دەست و خەتیشم زەر جوان نەبوو بڕیار بابەتەکەم بەلای مامۆستاوە گرنگ بوو.مامۆستا بەرزی کردەوە تا هەمووان بیبینن.بە ئەوەی مامۆستا قسە بکات قوتابییەکان بە چەپڵەزانک پیرۆزباییان لێکردم ،ئای کە خۆشبوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.ئەوە بوو بە رۆژی دواتر بە هاوکاری مامۆستا هەموو بەاوکراوەکانمان لە وانەکەی ئەودا بە دیوارەکان دا هەڵواسی.

ئای کە دیمەنی جوان بوو،کە زەنگ لێدرا و قوتابییان لە پاڵکانیان هاتنە دەرەوە بەبینینی ئەو دیمەنانە زەر دەخۆشبوون و کەوتنە تەماشا کردن و سەرنج دان و خوێندنەوەی.بەاوکراوەکەی من بەجیا دانرابوو تەماشام کرد قوتابیانی پاڵی چوار و پێنج و شەشیش تەماشای دەکەن چونکە بە هەموویان بەسود بوو.ناوی سەگەشە بوو کە لە ناو سەگەشەیکدا نووسیبووم.ئەوسا پێناسەکەی و چۆن و روبەرەکەیم نووسیبوو یاساکانیان و چۆنیەتی دەزینەوەیان و نمونەم بە شیکار کردبوون هەریەکەی بەڕەنگێک.دوای ئەوە کردبووم بە دوو بەشەوە بە جەرکانی سەگەشە بە پەی لاکانی و بە پەی گەشکانی و بە هەریەکەیان وێنە و پێناسەکەیم لێناودا نووسیبوو.ئەو کارەی کە پاڵکەمان بە هاوکاری مامۆستای بیرکاری ئەنجای دا بوو بە مایەی دەخۆشی بە ئەمە و سەرنج راکێشانی قوتابیان و تێنانت مامۆستاکانیش..

کارەکی تر کە حەز دەکەم باسی بکەم ئەوەبوو هەمیشە لە پاڵدا چەند قوتابییەکی دیاری دەکرد بە ئەوەی کاتێک ئەو نەهات لە جێگەی ئەو وەک مامۆستا وانە بڵێنەوە و ئەمەش ڕێزی تەواوی ئەو قوتابییەمان

دەگرت ،چونکە ئەو دیاری کردبوو ،زۆر بە بەدەنگی و باش وانەکە دەچوو بووە..مامۆستا بۆیە ئەمڕۆی دەکرد کە ئەمە زیاتر باوەڕمان بخەمان ببێت و کە مامۆستاشمان لانەبێت وا نەکە بەوات بووە.ئەو یەکەمجار خۆی ماوەیەک دوا دەخست تا ئەمە ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ بکەین و دوایی دەهات،چەندە خۆشبوو کە بەهەمنی لەدەرگای دەدا و دەهاتە ژوورەوە زۆر جاریش دەچووە جێگەی ئەو قوتابییەی کە خۆریکی وانە وتنەوە بوو دادەنیشت بە ئەوەی گوێی لێبگرێت و ئەویش زیاتر باوەڕی بەخۆی ببێت.بیرمە جارێک مامۆستای چاودێر هاتە ژوورەوە کاتێک یەکێک لە قوتابییەکان لە جێی مامۆستا ئاهەنگانی بە شیکاردکردین و یەک یەک پرسیاری لە قوتابییەکان دەکرد،کە زانی وابەدەنگین وای دەزانی مامۆستای لێیە،بۆیە چووە وە دەرەوە و پاشان دوای کەمێک هاتەوە چونکە ئەو رۆژە مامۆستا نەهاتبوو بە قوتابخانە و بۆیەوبەر ئاگادارنەبوو.بۆیە دووجار هات مامۆستای چاودێر بەلایەوە سەیر بوو کە مامۆستایشی لێ نییە و وا بەدەنگ خۆریکی کاری خەمانین.ئەوە خۆی فێری کردبووین .بیرمە هەموو جارێک پێی دەوتین من هەمیشە قوتابی ئازاو نەترسم خۆشدەوێت ،دەیوت ئەوە ئازایەتی نییە کە من هاتم بەدەنگ بن ،ئازایەتی ئەوەیە کە زانیتان وانەی منتان هەیە و نەهاتووم بەبەدەنگی دابنیشن و چاوەڕوان بکەن و یەکەکتان لەجیاتی من سەرپەرشتی وانەکە بکات.مامۆستا دەیویست لەگەڵ زانیاری زۆردا پەروەردەیەکی جوانیشمان بکات و هەمیشە بە باوەڕ بەخۆبوونەوە بڕۆ ڕووی کەشکانمان ببینێوە.

زۆر جار لە تاقیکردنەوەی ڕۆژانەدا بە هەر ئیزمان چەند پرسیارێکی دەنووسی ..کە پرسیارەکانی من لە پرسیاری هاوکێم نەدەچوو کە لەلاموە دانیشتبوو چونکە پلەکەمان قوتابی زۆری تیابوو بەئاسانی و بەسلیقەی خۆی ئەو کەشەیەی چارسەرکردبوو،دەهات لەسەر تەختەکە دوو جۆر پرسیاری دەنووسی لە جۆرەکیان دەینووسی (A)و لە جۆرەکەی تر دەینووسی (B) و هەر ئیزەی جۆرەکی پێدەوتین..پاش ماوەیەک کە سەرنجم دا هەمان پرسیارن بەڵام هاتووە لە یەکەمیاندا لە(١تا٥)ی نوسیوە و لە دووەمدا هەمان پرسیارە بەس لە (٥تا١) نووسیوە لەجیاتی ئەوەی ٥ پرسیار بنوسێت و هەموومان وەڵام بدەینەوە ئەو بۆ شۆڕەیی لەکردبوو.کە بە خۆی ئاسانکاری بوو بۆتەواوی ئاستی قوتابییەکانی بە دەردەکەوت و نەماندەتوانی تەماشای یەکیش بکەین ،هەرچەندە ئەو وای لەکردبووین کە چی دەزانین ئەوە بنووسین و وەڵام بدەینەوە وا ئەمە تەماشای هاوێیکمان کرد ئەی کە کەسی لە نەبوو چی بکەین..مامۆستا فێری زەنگی وریاکردنەوەیشی کردبووین،لەوانەیە بپرسن زەنگی وریاکردنەوە لە پێلدا دەبێت چی

بەت؟زەر چاک لە بیرمە دەیوت ئاگادارین لەکاتی نوسیندا و گواستنەوەی بە سەر دەفتەرەکانتان هەندێک جار بە ئەقڵست هەڵەیەک دەکەم بزانم کە زەر وریایە و دەیدزێتەوە.سەرەتا ژمارەیەک یان وشەیەکی بە تەخی دەنووسی و زوو دەستمان بەرز دەکردەوە و پێمان دەوت.ئیتر لە هەژانی تریشدا دووبارەی دەکردەوە جارجارە ،جاری وابوو ژمارەیەکی بەتەختر دەنووسی بەڵام راست بوو هەڵەکە لە شوێنەکی تردا بوو،ئیتر بە ئاسایی دەینووسی و ئێمەش لەکاتی گواستنەوەی بە سەر دەفتەرەکانمان زەر بەوردی بە هەڵە دەگەڕاین بەڵام نووسینەکەمان زەر بەباشی دەخوێندەوە .

ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە باش بیخوێنینەوە و لەی تێبگەین نەگ بەس بیگوازینەوە وەک ئەوەی بەس وێنەی بگرین..ئیتر بەمان دەرکەوت کە ئەو زەنگەی ئەو باسی دەکات بەڕاستی زەنگی وریا کردنەوەیە هەمیشە هەوڵم دەدا کە بەسەرنجەوە لە کارەکانی مامۆستاکانمان بڕوانم،چونکە ئەوان خەمخەر و دڵسۆزی ئێمە بوون و زەر خەیان لەگەڵماندا ماندوو دەکرد.زەر رەژ وانەی بیرکاری بە گروپ پێدەوتین ،کە خشیەکی زەرتری دەدا بە وانەکە و باشتریش لە وانەکە دەگەیشتین.بەڵام لە هەر وانەیەکدا لەگەڵ ئەوەی کە ناوی گروپەکەی دەگەڵی گروپی تازەیشی دروست دەکرد،وانەبوو هەر لە گروپەکدا بمێنێنەوە.زیاتریش ئەو قوتابییانەی هەڵدەسان لە گروپەکەدا کە پەشتر کەم بەشداریان دەکرد لە وانەکەدا،تا وای لێهات هەمووان وەک یەک حەزمان بە وانەکە دەکرد و بەشدایمان دەکرد.بیرمە رەژەکیان مامۆستا پێی وتین بەیانی وانەکەمان جیاوازتر دەبێت و میوانمان دەبێت.زەر جار مامۆستایانی تری قوتابخانەکە یان مامۆستایانی ئاهەنەر دەهاتن بە بینینی وانەکەی چونکە مامۆستا سانەکی زەربوو بیرکاری دەوتەوە و وانەکەی هەمیشە نوکتەی تێدابوو کە هەموومان حەزمان لێی دەکرد.

بە رەژی دواتر هەندەم زانی مامۆستا خێی کرد بە پێلدا و وتی ئێم وانەیە لە هەڵەکەدا دەخوێنین و کەمێک میوانیشمان هەیە بەیە دەبێت ئاگادارین و وێنەیەکی جوان بنوێنن..ئیتر کتێب و دەفتەری بیرکاریمان گرت بە دەستەوە و بە ێیز و بەهەمنی چووین بە هەڵەکە.تەماشامان کرد لە دواوە زیاتر لە ٤٠ مامۆستا دانیشتبوون.مامۆستا ئێمەی دانا و کەوتە قسە.بەخەرهاتنی میوانەکانی کرد و وتی ئێستا وانەیەکتان پێشکەش دەکەم.هەر لەگەڵ نوسینی وانە و رەژ و بابەت ئێمەش ئەو هەنراوەیەمان وت کە خێی پەشتر فێری کردبووین.لەگەڵ ئەو تەواو بوو ئێمەش تەواو بووین.وتی

پشووبەن، ئەمەش بەهەمان شێوە ئەو دەرە هونراوەمان وت کە هەموو جارێک لەکاتێکدا دەیوت پشووبدەن دەمان وت:مامۆستا گیان ئامادەین..کە وتی وریا بن،زتمان چاوەڕوانی تۆ دەکەین..بەدەنگ تەماشای مامۆستامان دەکرد.یەک دوو پرسیاری لە بارەی بابتی پێشووەو لێکردین و بەجوانی وەڵاممان دایەوە..ئیتر وتی وانەی ئەمڕۆ بۆ شێوەی گروپ دەخوێنین.لەماوەیەکی کەمدا جیای کردینەوە و کورسیەکانمان نزیک خست ،دەبوایە مێزیشی لێبووایە بەڵام نەبوو ،ڕاحەتکانمان وا نەبکخست وەک مێز دەرچوون.

وتی هەر گروپێ و بۆ ماوەز ناوێک لە گروپەکەی خۆی بنێت..دەگەڵا بۆسەرماندەو،لە ناوی گروپەکانی دەپرسی،سەو،پرتەفاڵ،مێز،شوتی و دوو گروپیش هەناریان نووسی بوو،چەندە خۆشبوو مامۆستا وتی هەر زۆر باش بە یەکێکتان هەناری شیرین بێت و ئەوی ترتان هەناری مەخۆش،ئەوەم هەرگیز بیرناچێتەوە.ئیتر کەوتە وتنەوەی وانەکە کە باسی بازنە بوو.ئەم شتانەشی وەک هەی ئونکردنەوە بە هەنا بووین(نان،پەنیری سگەشێیی کە لە پاکەتێکی خۆدا بوو دواتریش ژمارە پەنیرەکان مقەبای سگەشێیی تێدابوو کە بە دەرزی دەیدا لەو پارچە تەپەدەرەی کە هەیواسیبوو ،پلایسەک و پارچەیک تەلی باریک،چەند وێنەیەکی بازنە بە ڕەنگاو ڕەنگی و مقەستەک)بیرمە وانەکە وەک یاری و سەیران وابوو.بەشێوەیەک باسی چۆن و ئۆبەری بازنەی بەکردین و ڕەژەی نەگەیی بە دەزنەوە تا ئێستاش بیرم ناچێتەوە..هەموو شتەکان کە هەنابووی بەکاری هەنا ئەو وەک ئاراستەکار و ڕەنمایی کار بوو ئەمە چەقی وانەکەبووین.کە وانەکە تەواو بوو نان و پەنیرەکەی داینە و چووین بە بەدەنگی لە باخچەی قوتابخانەکەدا خواردمان و ئەوانیش کەوتنە گفتوگۆ دەربارەی وانەکە.

مامۆستا وەکو هاوڕێ وابوو لەگەڵمان دا و زۆرمان خۆشدەویست،چونکە دەیزانی چۆن هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکات .هەرچەندە ئەمە لە ناو کەمەڵێک خەزانی جیاوازەو هاتبووین و هەریەکەشمان خاوەنی تایبەتمەندی تایبەتی خۆمان بووین،بەڵام ئەو زۆر بەباشی دەیناسین و بۆ شێوەیە دەیدواندین.قوتابیەکامان لابوو لە بیرکاریدا باشبوو بەڵام لە وانەکانی تردا باش نەبوو ، بۆیە مامۆستاکانی تر گلەییان لێی هەبوو.کە پێیان دەوت با باوکت یان دایکت بێت،هەرجارەو شتێکی ڕەکدەخست .جارێکیان وتی دایکم نەخۆشە و لە نەخۆشخانە کەوتووە،جارێکیتر وتی باوکم لە دەرەوەی وڵات،جارێکیتر وتی پرسەمان هەیە و بۆ شەویە. بۆیە ڕەژەک لێیان پرسی ماڵتان لەکوێیە؟ئەو بۆ هەڵە وەڵامی دابووە ،کارگوزارێکیان ناردبوو بۆ

ماڵەوەیان و نوسراوەکیان دابوویە.وای گەڵان و ماندوو بوونەکی زۆر بەی نەدەزرابووەوە.ئیتر ناچاربوون کە بە مامۆستا بڵێن کە چۆن ماڵەوەیان ئاگادار بکات.ئەویش رۆژێک َمنی بانگ کرد بۆ ئەوەی کەس لە هاوڕێکانم ئاگاداربن وتی تۆ ماڵیان دەزانی و نزیک ماڵی ئەوەیە ،ئەمڕۆ هەوە بدە پێش ئەو بگەیتە ماڵیان و ئەم نوسراوە بدە بە باوکی یان دایکی و بڵێ با کوڕەکەتان نەزانێت بۆیانی سەر لە قوتابخانە بدەن.منیش وتم زۆر باشە مامۆستا گیان.ئیتر بە خێرای دواتر باوکی هات بۆ قوتابخانە و یەکەمجار ئاگام لێبوو کە مامۆستا پێشوازی لێکرد و بە وردی باسی منداڵەکەی بۆ کرد و بە هەمنی ڕێگە چارەیشی پێوت،ئەوسا لێگەڕیدا ڕێیشت بۆ لای مامۆستاکانی تر.

کارەکی تری مامۆستا کە زۆر بەلامەوە سەرنج ڕاکێش بوو بەکاری دەهێنا بۆ خۆش کردنی وانەکە و بۆ ئەوەی زووتر لە بابەتەکە بگەین و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە،دروستکردنی سیناریۆ بوو کە دواتر وەک شانۆگەرییەک ئەنجاممان دەدا .ئەوە گیانی هاوکاری و خۆشویستی بۆ یەکتر و بۆ مامۆستا و بۆ وانەکە و بۆ قوتابخانەی زیاتر لا دروست دەکردین .ئەو وای فێر کردبووین کە بۆ پیچوونەوەی هەموو بابەتێک ئەو شانۆگەرییە بچوکە ئەنجام بدەین.کە بۆ سێ ئەکتەر دەکرا ، یەکێک لە قوتابییەکان خۆی وا نیشان دەدا کە ڕۆژی پێشوو نەهاتبێت و دوو قوتابییەکەی تر لە پێلدا بوون و ئاگاداری وانەکە بوون و ئەم دۆخەیت بۆی دووبارە بکەنەوە تا ئەویش باش تێبگات.بۆیە شانۆگەرییە بچوکەکە یان نواندنەکە بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد.قوتابییە نەهاتووەکە لە دەرگای دەدا و دەهاتە ژوورەوە و بۆیانی باشی لە دوو قوتابییەکەی تر دەکرد کە لە بەردەم تەختەکەدا پێکەوە دەدوان.بەم شێوەیە:
یەکەم: بۆیانیتان باش هاوڕێیان
دووەم: بۆیانیت باش هاوڕێ.
سێیەم: بۆیانی تێیش باش .ئەوە دوێنێ بۆ نەهاتبووی؟
یەکەم: کەمێک ناساغ بووم.
دووەم: ئەی مژدەتیان بۆ وەرگرتیت؟
یەکەم: بەڵێ زوو باوکم هات و مژدەتی بۆ وەرگرتم.
سێیەم:زۆر باشە کەواتە ئەگەر ڕۆژێک نەهاتین بۆ هەی نەخۆشی یان کارەکی ترەوە دەبێت کەسێک لەخەمان گەورەتر بێت و مژدەتمان بۆ وەربگرێت.
یەکەم: زۆر ڕاستە هاوڕێیان.ئەوە دوێنێ مامۆستای بیرکاری باسی چی بۆ کردن.
دووەم:باسی کەکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە دەیەکان.

یەکەم : دەی زەر باشە بۆچی یەکی نمونەیەکەم بۆ شیکار ناکەن؟
دووەم: بەسەرچاوە(نمونەیەکی لەسەر تەختەکە بۆ دانووسەت و بۆ دەنگەوە بۆی شیکار دەکات)
سێیەم: (یەئەویش بەهەمان شێوە).
یەکەم: دەستتان خۆش بێت،دەی ئەوەش سەرو نمونە بۆ من بنووسن با شیکاری بکەم.
دووەم: نمونەیەکی بۆ دانووسەت.ئەویش وەکو ئەوان شیکاری دەکات.
سێیەم: نمونەیەکی بۆ دانووسەت.ئەویش وەکو ئەوان شیکاری دەکات.
یەکەم: زەر سوپاسان دەکەم بەڕاستی ئێستا زەر بەباشی تێگەیشتم.
ئەمە وای کردبوو کە خەمان بۆ هەموو وانەیەکی نوێ بۆ ئاسانی دەمانتوانی ئەو سیناریۆیە دروست بکەین .مەرجیش نەبوو بۆ هەموو وانەیەک ئەو کارە بکەین.چونکە ئەو شێوازی وانە وتنەوەی بۆ هەر وانەیەک و بۆ هەر بابەتێک تایبەتمەندی خۆی هەبوو.بۆیە هەرگیز بەزار نادەبووین.مامۆستا دەیزانی بیرکاری بابەتێکی زانستی تا ڕادەیەک قورسە و هەکاری بکارهێنانی ئەو شێوازە جیاوازانەیش بۆ ئاسانکردن بوو.

کارێکی جیاوازی تری مامۆستا کە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر خۆشمان بوێت چیرۆکە ئامۆژگاری ئامێزەکانی بوو .بیرمە جارێکیان چیرۆکێکی بۆ گێڕاینەوە و دواییش وتی هەریەکەتان لەماڵەوە چۆن تێگەیشتووە بۆو شێوەیە بۆم بنووسێتەوە.کە ئەمە بەڕاستی کارێکی مەزن بوو . بەجگە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە کەمێک سودی تریشمان لێی وەردەگرت .وەک خێت جوانی و بەهێزکردنی بیرکردنەوە و حەزکردن بە چیرۆک و داشتن و نووسین.حەزدەکەم یەکێک لەو چیرۆکە ئامۆژگاری ئامێزانە باس بکەم کە بیرم ناچێتەوە.بۆی گێڕاینەوە و وتی:(دوو قوتابی هەبوون لە پەلەکداپکەوە دادەنیشتن ز یەکتریان زەر خۆشدەویست.یەکێکیان باوکی زەر دەوڵەمەند بوو کە هەمیشە بەجل و بەرگی جوان و گرانبەهاوە دەمانبینی .بەڵام گوێی بە خوێندن نەدا .

کە پێیان دەوت بۆچی کەشش ناکەیت ؟بەپێکەنینەوە دەیوت:باوکم زەر دەوڵەمەندە و چیم بوێت بۆم دەکات.بەڵام هاوڕێکەی لەگەڵ ئەوەی کە کوێی پیاوێکی هەژار بوو هەمیشە خەریکی کەشکردن بوو یەکێک بوو لە قوتابیە زیرەکەکانی پەلەکە. ساڵ هات و چوو کوڕە دەوڵەمەندەکە بەهۆی لەخۆ بایی بوون و دەوڵەمەندی باوکییەوە نەیتوانی خوێندن تەواو بکات،بەڵام کوڕە هەژارەکە بەسەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کرد.کوڕە دەوڵەمەند پارێی زەر وخانوی باش و ئۆتۆمبێلی جوانیان

هەبوو . بەڵام ئەمانە تاسەر نابن.پاش ماوەیەک باوکی نەخۆش کەوت و پارەیەکی زۆریان دا بە پزیشک و چارەسەر بۆی سودی نەبوو لەماوە لەسەر جێگە کەوت.

ئەرکێکی زۆر کەوتە سەر کوڕەکە، بەڵام نایدەتوانی وەکو پێویست بە ئەنجامیان بگەیەنێت.بۆیە هەر خەریکی پارە بەفیڕۆ دان و بڕزم و خۆشی بوو زیاتر.تەماشای کرد پارە و سامان بەرەو کەم بوونەوە دەڕوات.ناچار ئەتەمبەڵی فرێشت..پارەی ئەویش تەواو بوو..تا زۆربەی کەلوپەلی ماڵیشیان فرێشت .چونکە فەری کار و هەوەدان نەبوو بوو نایدەتوانی هیچ بکات.

زۆر بێزار بوو بوو.ڕۆژێکیان لەڕۆژنامەیەکدا ئاگاداریەکی بینی بە دامەزراندن لە فەرمانگەیەکدا.بۆیە بەخێشیەوە هەوێدا کە بچێت .ڕۆژانە بە عارەبانەیەکەوە خەریکی کار بوو زۆر ماندوو دەبوو.دەبووایە بژێوی بە خێزانەکەی پێدا بکات.ئەوەبوو داخوازی نووسی و چووە بەردەم پرسگەی فەرمانگەکە.کە پرسیاری کرد فەرمانبەرەکە وتی ماوەکە تەواو بووە.ئەویش زۆر هەوەی دا بۆیە کردیە ژوورەوە.کە چووە ژوورەوە بەڵێوبەرەکە تەماشای ڕۆژنامەیەکی دەکرد دەموچاوی لای ئەمەوە دیار نەبوو.ئەمیش داخوازیەکەی خستە بەردەمی و لەسەر مێزەکەی بۆی دانا.کە سەری بەرزکردەوە ئەم تێزوویوکی سارد بە گیانیدا هات.بەڵێوبەریش لەشوێنی خۆی هاتە دەرەوە و باوەشی پێدا کرد و ئەملاولای ماچ کرد و داوای چای بۆ کرد.ئەمیش بەشەرمەزاریەکی زۆرەوە لە تێنیشتیەوە دانیشت و نایدەزانی چی بڵێت.

چونکە ئەو قوتابیەی کە لە پێلدا لایەوە دادەنیشت و کوڕە هەژارێک بوو،زۆر جار ئەم گاتەی پێدەکرد.ئیتر کەوتە قسە لەگەڵیدا و هەوەی باوکی لە پرسی.ئەویش بە دەنگێکی نزمەوە وەڵامی دایەوە و ئەویش وتی فەرموو بزانم کارەکەت چیە با بێت جێبەجێ بکەم..کە تەماشای داخوازیەکەی کرد.وتی بەداخەوە هاوڕێ گیان ماوەکەی بەسەرچووە بەڵام تەنها یەک کارمان هەیە و ئەویش دەم نایەت پێت بڵێم .ئەویش وتی بەقوربانت بم هەرچیەک ببێت ئامادەم بیکەم.بەڵێوبەریش وتی کارگوزاری ژوورەکەم خانەنشین بووە دەتوانیت ئەو کارە بکەیت؟ئەویش تەماشایەکی کرد و وتی ئامادەم .ئەویش وتی باشە قسەکانی مامۆستات بیر نایەتەوە کە دەیوت ئەوەی بەرز بفڕێت نزم دەنیشتەوە.بۆیە بوو بە کارگوزار لای هاوڕێکەی).

دەیەم هۆزی پەنگۆکان … چیرۆکی : زکریا تامر –وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

یەکەم هۆز

پەنگۆ دیل کراوەکە زۆر لە دارستانەکان دوور خرابوو، بەڵام نەیئەتوانی لە بیریان بکا، بە تووڕییەوە سەیری لە کەمەڵک پیاو ئەکرد کەبە بە ترس چواردەوری قەفەسەکەیان گرتبوو و چاوویشیان پە بوو لە گەڵان بە دوای زانیاری زیاتر و یەکەکیان بە دەنگێکی لەسەرخۆی فەرماندار ئاسا قسەی ئەکرد:
…گەر بە راستی ئەتانەوێ ئیشکەی من فێر بن کە "ماڵی کردنە" نابە هەرگیز ئەوەتان لەبیر بچێ کە یەکەم ئامانجتان"مەعیدە"ی کابەرەکانتانە،
بە ئەوەی بەتان دەرکەوە پیشەیەکی هەم قورس و هەم ئاسانە لە یەک کاتا،
سەیرکی ئەم پەنگۆ بکەن..پەنگۆکی دەندەی لووت بەرزی لەخۆبایی ،شانازییەکی زۆر بە ئازادی و هێز و ستەمکێوە ئەکات، بەڵام ئەگەڵەت و وەک منااڵکی بچووک ئەبە بە ڕح سووکێکی گوێ ایەڵ..سەیرکەن و فێربن لە نەوان ئەوەی خراکی هەیە و ئەوەی نیەتی چی ەوو ئەیات..
"پیاوەکان ووتیان هەموان قوتابیەکی دەسزی پیشەی(ماڵی کردن ئەبن).."
ڕاهێنەرەکە لە خشیا زەردەخەیەک گرتی ، ئەنجا ەووی کردە پەنگۆکە و ووتی : وەزعی میوانە ئازیزەکەمان لە چیایە..!؟ ..
– پەنگۆکە ووتی: کاتی نان خواردنمە، خواردن بنێ…
ڕاهێنەرەکە بەسەرسوڕمانێکی دروست کراوەوە ووتی : تە دیلی منی و ئەمرم بەسەرا ئەکەیت..! پەنگۆکی هەزاڵیت..ئەبە درک بەوە بکەیت کە تەنها
"من" لەرە ئەتوانم فەرمان دەرکەم ، ،
پەنگۆکە ووتی : کەس فەرمان بەسەر پەنگا ناکا..
ڕاهێنەر ووتی : لە دارستان ئا ، بەڵام تە ئەستا پەنگ نیت ،

کەکوتویتە قەفەس ئەستا تە تەنها کەیلەیەکی دوای فەرمانکان ئەکەوی و ئەو ئەکەیت کە من ئەمەوێ ،،
پەنگەکە بە تووڕەییەوە ووتی :نابم بە کەیلەی کەس
ئاهەنەرکە ووتی: لەبەر ئەوەی من خەراکم هەیە ، تە ناچار گوێ ایەیم بکە
پەنگەکە ووتی : خواردنی تەم ناوە!! ئاهەنەرکەش وەڵامی یایەوە : کەواتە با برسیت بێ، زەرت لە ناکەم بە شتەک کە نەتوانێ.. و ئووی کردە قوتابیەکانی و ووتی: ئەبینن چۆن ئەگەڕێت ، سەری بەرز مەعیدەیەکی برسی تەر ناکات..
" ..پەنگەکە برسی بوو ، بەخەفەتەوە ئەو ئاژانەی بیر کەوتەوە کە وەک(با)
بە هیچ ئاگریەک نیچیرکانی ئاو ئەنا... "
،،،،،،،،،،

دووەم ئاژ

ئاهەنەر و قوتابیاکانی چواردەوری قەفەسەکەیان گرت.... ئاهەنەر ووتی:
"برسیت نیە..؟ مسۆگەر لە برسا ئەش و ئازارت هەیە ، بۆ برسیمە تا ئەو گەشتەی ئەتەوە دەستت کەوێ...." پەنگ هیچ وەڵامەکی نەبوو..ئاهەنەر
ووتی : بە ئەقە مەبە و چیت پێ ئەڵێم بیکە، دان بنێ بەوەی برسیتە یەکسەر
تەرت ئەکەم،،پەنگەکە ووتی: برسیمە . ئاهەنەر بە پێکەنینەوە بە قووتابیەکانی ووت " ئەوەتا ، کەوتە داوکەوە لێی دەرباز نابێ" و فەرمانی کرد
گەشتەکی زەر بەن بە پەنگەکە..
،،،،،،،،،،

سێیەم ئاژ

ئاهەنەرکە بە پەنگەکەی ووت : گەر ئەتەوە خواردنی ئەمە ت دەست بکەوێ، چیت پێ ئەڵێم وا ئەکەیت ، پەنگەکە ووتی : گوێ ایەیت ناکەم،
ئاهەنەرکە لە وەڵاما ووتی : پێلەمەکە داواکەم زەر ئاسانە ، تە ئەستا لە قەفەسەکەتا ئاکشاوویت ، کە ووتم ئاوەستە ئەبە ئاوەستیت .....
" ..پەنگەکە لەبەر خێرەوە ووتی : داوایەکی هیچ و پوچ و ئەوە ناهەنە کە کەللەقبەم و خەم برسی بکەم.." ئاهەنەر بەسەر و

زمانکی تووڕە هاواری کرد : ئاوستە ، " پەنگۆکە کەمک لە شوێنی خۆیەوە ئاوستا " ، تا ئاهەنگر ووتی : ئافەرم ، کاتە پەنگ بە شپرزەییەوە کەوتە خواردن ، ئاهەنگرەکە بە قوتابیەکانی ووت : چەن ڕۆژکی تر ئەبە بە پەنگۆک لە قاقەز .....
"""""""""""

چوارەم ڕۆژ

پەنگ بە ئاهەنگرەکەی ووت : برسیمە ، داوام لە بکە ئاوستم. ئاهەنگرەکە بە قوتابیەکانی ووت: ئەوتا دەستی کردەوە بەحەز کردن لە فەرمانەکانم..و ئەنجا ئووی کردە پەنگۆکە و پێی ووت : گەر ئەمە لاسایی پشیلە نەکەیتەوە و نەمیاوێنی خواردن ناخۆی . تووڕەیەک لە پەنگۆکە نیشت و لەبەر خۆیەوە ووتی : کات بەسەر بردنە کە لاسایی پشیلە بکەمەوە و دەستی کرد بە میاوین...
ئاهەنگرەکە دەم و چاوی یا بە یەکا بەسەر ئاوشانەوە ووتی : لاسایی کردنەوەکەت خراپە تە قەقە بە میاوین ئەزانی!؟ پەنگۆکە جارێکی تر لاسایی میاوینی کردەوە ، بەڵام ئاهەنگرەکە بە دەم و چاوێکی غەزەباویی و شۆوزارێکی ئیهانە کردنەوە ووتی : " بە دەنگ بە..بە دەنگ بە ، لاسایی کردنەوەکەت بە کەکک ، ئەمە بەجێت ئەهێم کە ئاهەنان لەسەر میاوینی پشیلە بکەیت و بەیانی تاقیت ئەکەمەوە..دەرچویت خواردن هەیە دەرنەچویت خواردن نیە"
ئاهەنگرەکە بە هەنگاوی لەسەرخۆ لە قەفەسەکە دوورکەوتەوە و قوتابیەکانیش بە چرپەچرپ و پێکنینەوە دوای کەوتن ، پەنگۆکەش کەوتە شیە شیە کردن ووەو دارستانەکان ، بەڵام کەس گوێی لەو نەبوو.....
"""""""""""

پێنجەم ڕۆژ

ئاهەنگرەکە بە پەنگۆکەی ووت : دەی، گەر بە سەرکەووتویی لاسایی میاوینی پشیلەت کردەوە یەک پارچەی گەورەی تازەی گەشت وەرئەگریت.,,,,,,,,,,
پەنگۆکە دەستی کرد بە لاسایی کردنەوەی میاوینی پشیلە ، ئاهەنگر چەپڵەیەکی لە یا و بە دە خشیەکەوە ووتی : ئافەرم، تە گەورەیت ، هەر وەک پشیلەیەک لە (شوبات) ئەمیاوێنی، پارچەیەکی گەورەی گەشتی بە فەدا..
"""""""""""

شەشەم ڕۆژ

لەم ڕۆژیا ، هەر کە هاهێنەرەکە لە قەفەسەکە نزیک بووە، پێنگۆکە دەستی کرد بە لاسایی کردنەوەی میاوینی پشیلە ، بەڵام هاهێنەر بە بە قسە کردن دەم و چاوی یابو بۆیکا ، پێنگۆکە ووتی : ئەوتا لاسایی میاوینی پشیلەم کردەوە،، هاهێنەرەکە ووتی : لاسایی(زۆرین) ی کەر بکەرەوە ، پێنگ بە نارەزایییکەوە ووتی " من، پێنگ، کە هەرچی ئاژەڵی دارستانە لەم ئەترسێت
لاسایی کەر بکەمەوە !!! "بمـــرم و نەک داواکەت جێ بەجێ بکەم". بە ئەوەی هیچ بڵێ هاهێنەرەکە لە قەفەسەکە دوور کەوتەوە

,,,,,,,,,,,,,,,,

حەوتەم ڕۆژ

هاهێنەر بە هاوێکـی کـراوەی دەم بەزەردەخەنەوە بەرەو قەفەسـەکە هەشت
بە پێنگۆکەی ووت :خـواردنت نـاوە!؟ئەویش ووتـی : بـا ئەمەوە .
هاهێنەرەکە ووتـی " ئەو گەشتەی ئەیخەیـت بـاجی هەیە ، وەکـو کەر بزەێنە تا خواردنت
دەسـتکەوە.." …پێنـگ ویسـتی دارسـتانەکانی بەتەوە خەیـاڵ بەڵـام نەیتوانی، بە
چاوی داخراوەوە کەوتە زەمین، هاهێنەرەکە ووتی : زەینەکەت باش نیە ، ،
بەڵام لەبەر ئەوەی بەزەییم پیاتا یەتەوە پارچەیەک گەشتت ئەیەمە
……
,,,,,,,,,,,,

هەشتەم ڕۆژ

هاهێنەر بە پێنگۆکەی ووت:" سەرەتای خوتبەیەکم دەست پێ ئەکەم ، کە تەواو بـووم ، وەک نیشـانەیەکی بە دە بـوونت چپەەم بە لە یە" ، پێنگۆکە ووتی: چپەە لە ئەیەم . هاهێنەر دەستی کرد بە خوتبەکەی :" هاوەاتیان ،
پشتر و لە چەن بەنەیەکی ترا هەەوەستی خەمان لەەە هەموو مەسەلە چارەنووس سازەکانا هەوون کردەتەوە ، پیلانی لایەنە دوژمنەکان نە ئەم هەەوەستە نەگەەە ئاشکرایەمان و نە بەوابوونمان بە سەرکەوتن پێ ئەگەەەت"… پێنگۆکە ووتی : تە نەگەیشتم ، ووتت چی !؟ هاهێنەرەکە ووتی:(هەرچییەک ئەەەم ئەبێ سەرسام بی پێی و چپەە لە بێت..) پێنگۆکە
ووتی : "بمبورە ، لە دایکمەوە نەخوێنەوارم ، وەسەکانت جوان بوون

چنت ئەو وا چەپڵە لە ئەیەم " و دەستی کرد بە چەپڵە لە یان
..ماهێنەرەکە ووتی : دوو هەوینی و دووەووکانم خۆش ناوێ ، لەمە
بەدوا وەک سزایەک
خواردنت لێ ئەبڕدرێت..
""""""""""

نەیەم ڕۆژ

ماهێنەر بە بارەک گژ و گیاوە هات و بە پەنگەکەی فڕێ یا و ووتی :
بخۆ…
پەنگەکە ووتی : ئەمە چیە !؟ من گۆشت خۆرم ، ماهێنەرەکە ووتی : "
لەمەو
دوا هەر گژ و گیا ئەخۆیت" …کاتێک پەنگەکە برستی زۆری بە هێنا
ویستی گژ و گیاکە بخوات ، بەڵام بۆنی لە کردەوە و دوورکەوتەوە ،
بەڵام جارێکی تر گەڕایەوە و ووردە ووردە چۆڕی لە خواردنەکەی
وەرگرت ……
,"""""""""""

دەیەم ڕۆژ
ماهێنەر و قوتابیەکانی و پەنگ و قەفەسەکە وون بوون
پەنگ بوو بە هاووڕاتی
و
قەفەسەکەش بە شار

دیسەمبەر 2018

لە لەواری خۆشەویستی … نوسینی: جیهان بن ڕابحی … وەرگێڕانی: ئاری بابان

سە رم لە سە ر شانت دانا
خەر جەگایخەی گەری
کەبەکەی لەگەڵ هەوردا ئەکرد
تا هەڵانە یە کی بچوک دروست بکات

بۆنگی ئاو
ئه و کاته مردن
دەبێتە ژیان
هه موو گه ردوون
هی ئێمه بێت...
منیش له سه ر شێسسته ی وونبون
له گه ڵ تێدا
خۆم ئه دزمه وه ئه ی باران
له گۆرانی به رده وام به
مانگ به ته نیشتمه وه
وا چوارده یه
قه له مه که م بێتوانایه
به جوانی مانگ دا
هه ڵبدات
به رده وام به له گۆرانی
په پوله کان
نایانوێت بفڕن
شەمەندەفەرەکەش
جانتاکانی بەجێهێشت و ڕۆیشت
باهێندەکەش دەخەشێ
چونکە دیلە..
دەهێستە
کەمێک دوورکەوەرەوە
تا لاوازی خۆم ببینم
ئازیم کە خۆشویستی نیە
درۆی نیسانە
کەمێک دوورکەوەرەوە
تا گوڵم لەشەرمی هەناوی خۆم بێت
چۆن بتشارمەوە
شەستەکان هەنگاوەکانمان
دەچنن
بارانیش
نەتەکانی تێکردووەو
پیایی هێدەدات
دە پەمبێ
چۆن بتشارمەوە
لەوەکانت شەرابمەو

چاوەکانت هەستانە
چەن بتشارمەوە
وەک کەترک
لە ئامێزم گرتبێت
ئە تدەزنە وە
ئە ی باران …
بە ردە وام بە لە گەرانی
خەشە ویستیت فرێبدە
لە ئاسەدا خەشەویستی
گەشە ئەکات
بەن و بەرامەت واملە ئەکات
لە سە ر چیرەکە کانی هە ور و
دوعای حیکایە تە کانی
خە و بمباتە وە
چەن دەم دێت
من برەم و
ئە و لە سە ر پەخە فە کانی شە ونم
چاوە ەوان بێت
تا لە ژەر پاەتەکە ی دا
لە ئامێزم بگرێ
باران …باران
بە ردە وام بە لە گەرانی
خەشە ویستی فرێبدە …
هە رچەند بیبینم
جانتاکانم فرێ ئە دە م و
ئاوەنە کانم ئە شکەنم
کە ماچی بکەم
دەم بە پەلە لە ئێدات
هیچ دیاریە کی ترم ناوێت و
نامە وێت

پارچەکانم کەکەنەوە … ستار ئەحمەد

تەنکەی ڕەحم بگڕێ
گوللەیەکی تیا بچێنە
دەم لەگەڵ خوێقاوە
قەڵەمی تەدا سووز نابێت
ئیتر مەکێشە
بە شینبوونی
تەوی ئەوین و تەبایی
من لەگەڵ خەمدا لەشەم
لەگەڵ گیانی خەمدا ئاشت نابمەوە
چەن دەتەوێت ئاوەزانی جەرگمت بکەم
من نازانم خەم چەند پارچەم
ناتوانم خەم کەکەمەوە
لەکەرتەکما با دەبارێ
زریان دەسووتێ
هەوار بەلادا دێ و
شووشەی دەروون دەشکێ
لەکەرتەکی ترما
مەز دەڵازێننەوە
پارێ بەسەر مەدا دەکەن
کچ دەفرۆشن
خاك هەڵاج دەکرێ
نانی نەداران دەبڕن
شیر لەدەمی منان دەگرنەوە
زار لەڕگەوە هەڵدەکێشن
نووسەر بەسەر بەردا رادەکێشن
کەرتەکانی لەشم بە ناژەڕ
کەرکوك " کەبانێ
ستجار " دیاربەکر
بادینان " سەران
کویستانم یان گەرمیان
من دوو هەزار سەرو
ملیۆنەك جەستەم

بەهام یەك رەحم تەدا نییە
جەستەم بناستەوە
لەقامیشلووەوە هەتا زوممار
تەنی منەو لەدار ئەدرێ
لەخەلیفانەوە هەتا بەکان
مەنەی منەو ئەتك ئەکرێ
جامانییەکانتان داکەنن
ئیتر بەس
ئاهاکانتان ریسوا مەکەن
سەرتان بووە بەداعش و
دەتان بەئەتاتورك
دەستەکتان ژەر دەستەی خەرئاواو
ئەوی دیکەتان خەرهەات
خەراکەن کەمکەنەوە
مەمکەن بەچیایەك
پەم مەکەن لەباخانەو
سەماکەرو
خە کوژەکان
بمکەن بەدادگای ماف و
هەبجەیەك لەناخمدا پاراو بکەن
کەرکوکەکم لە دروست کەن
ببەتە باوانی ئەزدی
مەسیحی و قەەم و
شیعرو گوە
هەتا کەی
لەپارچەکانی مندا
گوللە ببارێ
رەز بسووتێ
هەناوم ببەتە هەلانەی داهاش و
رووەمەتم ردەنی خوەناوی دەربەنێ
ئەمە چ زەمەنەکە
رەژەکم سات کوژەو
کاتەکم رووخان
دەمەکم سەربەین
ئەمە چەن کارساتەکە
شەوانم پەشمەرگەو
رەگارم داعش و

سەرمانگم قوربانی
سەر ساەم کەچبارو هەڤین
وەرە ئیتر تەواو
لەمە زیاتر لەکم مەترازێنە
پارچەکانم وردو خاش بوون
من دەکم لەشووشە
بەبەفر پینە ناکرەم
جەرگەکم لەئاورەشم
بەئاگر زامەکانم ساەژ نابن
خەت لەقەرەی ناخم مەدە
کەسیشم نەبەت
دەروونم دەبەتە لاقاو
ناخم خاکەکی ئاگرین
دەتسووتێنم
بەرووی تەو
هەرشبەرا ئەتەقمەوە
دار گوەزەکم
هەموو ساتەك دەژەمەوە
دەبەم سەنگەری پەشمەرگەو
داەدەی کوردان
دەبم بەکەرکوکی گەو
رەح و هەناوی کوردستان

ستار ئەحمەد

(مەلەوانی نەزان لەدەریای قووڵدا!) _سەرنجێك لە بارەی ماڵەوانی سیسەمی خوێناوی... سەدیق

سەعید وەندزی

سانەکە وەك خوێنەرێك، بەتاسەوە ئامان دەخوێنمەوە. بەتایبەتیش ئەوانەی نووسەرەکانیان دەسپێکی نووسینیانە لەوبواوە. خوێندنەوەی ئامان وەك ژانرێکی ئەدەبی بۆ من لەدووەوانگەوەیە. یەکەمیان چێژو وەرگرتن و خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدەبییە، ئەوەی تریان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەم وئاشنابوونی زیاترە بەزمانی کوردی کەدەبێ ئامانووس شارەزایەکی ووردو زۆری لێ هەبێت. چونکە زانینی زمان و شێوەی داڕشتن و گوزارشتکرن، ئەلف و بێی نووسینی ئامانە. هەرکەسێك توانای بەسەرزماندا نەشکێت، باشتر وایە ئامان نەنووسێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لام، لەمیانەی ئەزموونی خۆم وەك خوێنەرێك لەبواری خوێندنەوەی ئاماندا، تا ئەندازەیەکی زۆر گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کەبەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بەنووسینی ئامانەوە سەرقاڵکردووە(نەك ئامانووسن) شارەزایەکی ئەوتۆیان لەزمانی کوردی نییە. نازانن چۆن چەمك ودەستەواژە و دەربڕین و گوزارشتە زمانەوانییەکان،لەبونیادی زماندا بەرجەستە بکەن.

بۆیە دەکەونە هەڵەی سەیرەوە کەجێگەی پێکەنینە. گەرچی ئەونووسەرانە هەوڵدەدەن لەئاگەی فەنتازیای نووسین و زمانێکی پەخشان ئامێز، جۆرێك لەئستاتیکا بەوشەکان بدەن تاکوسەرنجی خوێنەر ڕابکێشن. بەڵام کاتێ دەچینە قوڵایی وشە و ماناکان، ئیدی دەستەپاچەیی ئەوانمان بۆدەردەکەوێت. ئەم کارەم وەك ئەوە دێتە بەرچاو کەخانووێکی لەخشتی قوڕ(کە وەندزییەکان پێی دەڵێن لگبن)دروستکراو، بەچیمەنتۆ سواخ بدەیت.

ئایا ئەو ڕازانەوەیە جێگەی خۆی دەگرێت و شێوەیەکی جوان بەخانووەکە دەدات؟ بێگومان نەخێر. خاڵێکی دیکەیان ئەوەیە کەبەشێکی زۆرلەوانەی بەخەیاڵی خۆیان ئامان دەنووسن، وادەزانن ئەگەر کتێبێکی قەبارە گەورەو ئەستووری شەسەدلاپەڕەییان نووسی، ئیدی ئامانیان نووسیوە. بەمەش تووشی کاوێژکردنەوەی وشەو درێژدادێیی و دووبارەبوونەوەی وێنەکان دەبن. بابەتی بەشێکی زۆرلەوجۆرە ئامانانە، دەکرێ پوخت و چڕوکورت بکرێتەوەلەچەند ڕاپەڕەیەکی کەم. یاخود ئەوەی ئامانووس بەوهەموو نووسینەوەیەوە گوتوویەتیی،دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆچیڕۆکێکی زۆرکورت. نموونەی بەرجەستە لەم ڕووەوە زۆرن گەرخوێنەر مەبەستی بێت ئاماژەیان پێ بدات.لەو ڕوانگەیەوە یەکێك لەوئامانانەی کەلەو ئاژانەدا خوێندمەوە ولەزۆرلایەنی زمانییەوە هەیەو کەماسی هەبوو

ماني(سيسەمی خۆناوی بوو)*. وەك خۆنەرك نامانەوت لەو مانە بدوێين كەدنيايەك سەرنج و تێبينيم لەووی بابەت و نووسينەوە لەسەرهەيە.

تەنها ئاماژە بەدەربڕينی چەند وێنەيەكی هونەری و زمانەوانی دەكەين،كەئاستی زانياريی نووسەرەكەی لەبواری زماندا دەردەخات.ئەم مانە، باسی ووداوی خكوشتنی ژنك دەكات بەناوی شەونم. شەونم قوتابی بەشی اگەياندن دەبت لەپەيمانگادا. لەوەوەكەسك دەناست بەناوی سوركو. ئيدی دەبنە خشەويستی يەكتری. بەام شەونم لەژرفشاری ماەوەيان ناچاردەبت شوو بەكەسكی ديكە بكات كەناوی سەركەوتە. بەام لەگە ئەودا بەختەوەرنابت. تاژكييان لەماڵی شەونم لەژوان و بينينكدا، شەونم و سوركو بەيەگ دەگەن و لەوكاتەوەش سەركەوتی مردی دەگەتەوە.كە ئەوديمەنە دەبينت شك دەيگرت. بەيە سوركو دەكوژت و شەونميش پەنادەباتە بەربنكەيەكی پليس بماوەيەك. دوای ئازادكردنيشی دەچتە ماڵی دادە پەروين و لەگەل چەندين ژنی ترفری كاری لەشفشی دەبت. تادواجار هەرچنك بت، ب ئەوەی بنووسی مانەكە بماني باس بكات، شەونم دەگاتە وڵاتی سودو بەرلەوەرگرتنی مافی پەنابەرتی،خی دەكوژت. ئەمە پوختەی ناوەكی ئەومانە چوارسەد اپەەيەيە. وەل نووسەرب ئەوەی مانەكەی درژبكاتەوە، هاتووەچيكی(نارين و نەهر)و چير ِكی(ليان ومڵی)شی تكهەكشی ووداوەكان كردووە.

پرسی كوشتنی ژنان بەناوی شەف وديارەدەی ژنكوشتن لەكمەگەی كوردی، هندە وەك بابەتك لەنووسين دووبارە بتەوە، خەريكە لەماناو ناومك وبەهای خی دەكەوت.نەك هەر ئەمە زرجار ئەم بابەتە لەلايەن هەندك بنووسەوە ب خ دەرخستن، وەك هەومك ب نيشاندان و سوككردنی نەتەوەی كورد لەدنيای دەرەوەدا پيشان دەدرت.كەكورد چ گەلكی بەربەری وتنووی خونی ژنانە. تەنانەت لەوژانەدا هونەرمەندك پەيكەركی كردووەو شمشری كردتە فيگەری سەرەكی پەيكەرەكەی. وەك ئەوەی قانی بابەتی هونەری بت لەم هەرمەدا.

ئەوانە هندە ب ئاگان نازانن لەبەشك لەوڵاتانی كەنداو، تاچەندژك لەمەوبەريش ژنان مافی ئەوەيان نەبوو ئوتومبل لبخوورن. ئەمەبەومانايە نييە كەئَمە هەوايەتی بەوكارە بدەين. بەام من نازانم لەدوای(گرەوی بەختی هەالە)ی (عەتای نەهايی) چ شتك جوانتر دەنووسرت لەبارەی نەريتی ژنكوشتن لە وڵاتانی خرئاوادا. بەيەداهنان ئەوەنييە مانووسك تيمەيەك بكاتە

ووداوی ماناکەی، کەپشترچەندین جاری تروجوانتریش باسی لوەکراوە.لەماناسیسەمی خونەربەرچەندین هەیەی زەق لەووی زمان و دەربینەوە دەکەوێت کەلێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم:_
*ئایەتی-7 -نووسیویەتی:_(بۆچوونی ئەو شارە). ئەوەی بۆچوونی هەیە خەڵکی شارە نەك شار.
*ئایەتی 40_نووسیویەتی:(زۆرلەو ئۆوارانەی باوکم لەنوژی هەینی دەگەڕایەوە). سەیرم پێدێت کەسەك ماناسەت و خۆی پێ ماننووس بێت، بەڵام نەزانێت نوژی هەینی لەنیوەڕۆیانە نەك ئۆواران. هەموو ڕۆژکیش نییە، هەفتەی تەنها یەکجارە.
*ئایەتی46_نووسیویەتی:_(دەم و چاوی یەکتریان بەمشتەکەڵە هێنابوە خوارەوە).شکاندبوو، شیاوترە.
*ئایەتی65_نووسیویەتی:_(پرچەکانی هێندەدرێژبوون تاکەمەری هاتبوون) ئەڕ ئافرەتان تەنها پرچکییان هەیە یان چەند پرچەك؟ئەگەر مەبەستیشی کەزی و تاڵە موبێت، ئەوان جیاوزن.

*ئایەتی74-نووسیویەتی:_(چاوەکانی وەك دووهێلکە دەرپەقیبوون). هیچ ئستاتیکاو چڕێك لەودەربینە نامێیە هەیە؟
*ئایەتی 74-نووسیویەتی:_(نارین بەدەستە گشتنەکانی) کەچی سەیرلەوەدایە لەئایەتی(67) نووسیبووی(نارین بەدەستە باریکەکانی). سەدان جارکەوتەتە بەرچاوم نووسەربیری چەتەوە پشترچی نووسیوە. لەبەردرێژکردنەوەی نووسینەکەی کەهەرمەبەستی بووەشتەك بنووسێت!.
*ئایەتی 99_نووسیویەتی:_(هەردووکمان وەك چۆن سەگکی برسی ئسقانێك دەلەستیتەوە یەکتریمان دەلەستەوە)ئەگەردووکەس زۆر یەکتریان خشبووێت و تامەزرۆی یەکتری بن، ئایا وەك سەگ یەکتری دەلەسنەوە؟یان یەکتری ادەموسن؟.

*ئایەتی 131-نووسیویەتی:_(ترسی عشق دڵی خنکاندبووم).
*ئایەتی136-نووسیویەتی:_(قسەلەدەمم خلیسکا). خناودەمی مرۆڤ سەهۆبەندان نییە، تاقسەی لێ هەخلیسکێ.قسە لەدەم دەردەچێ.
*ئایەتی 140-نووسیویەتی:_(بەواستە شەقامەدا شۆبوومەوە). کەاستە شەقامە، نازانم شۆبوونەوەکە لەکوێدایە؟.
*ئایەرە 147_ نووسیویەتی:_(تایەی لاستیکییان دەسووتاند). تایە خی لاستیکە، جگەلەمەش ئەوەی دەسووتێندرێت هەرتایەی لاستیکە، خی تایەی ئاسن ناسووتێنرێت.
*ئایەتی 148-نووسیویەتی:_(کەف و کوی ناخی بەوێنەتەوە).نووسەر جیاوازی نەکردووە لە نێوان دامکاندنەوەو ەوانەوە.

*ڕاپەڕە 178-نووسیویەتی:_(مووچرکێك هەموو جەستەمی لەرزاند).نووسەر تەزاندن و لەرزاندنی لێ تێکەڵ بووە!.
*ڕاپەڕە 192-نووسیویەتی:_(دەم وچاوەکەی ئەوەندەی ترتاتربوو). دەم و چاو گرژ،مۆن، تۆە دەبێت نەك تاڵ.
*ڕاپەڕە 205-نووسیویەتی:_(کچە هەرزەکارەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەزانکۆی تەواو کردبوو). کەسێك زانکۆ تەواو بکات تەمەنی هۆشتا هەرلەهەرزەکاریدایە؟.
*ڕاپەڕە 218-نووسیویەتی:_(هەموو جەستەم نغرۆی ئارەقەی جەستەی خۆم ببوو).دیارەکارەکتەرەی ڕۆمانەکەی ئەو بەڕێزە دووجەستەی هەبووە!!.
ڕاپەڕە220-نووسیویەتی:_(بەنازلەژنی دووەمی باوکی سەرکەوت بوو).کەچی بیری چۆتەوە پێشترچی وتووە ئەمجارەیان لەڕاپەڕە228 نووسیویەتی:(بەنازوخوشکەکانی لەژنی یەکەمی بوون).

*ڕاپەڕە 229-نووسیویەتی:_(ئاگرلەجەستەم دەچێڵا).وەك ئەوەی ئاگر ئاو بێت چێڵاوەی هەبێت.
*ڕاپەڕە 244-نووسیویەتی:_(شەرە ئازاکە _ڕۆی دارستان_ گورگی تێنوو).شەرهەیە ترسنۆك بێت؟.
*ڕاپەڕە267-نووسیویەتی:_(مرۆڤەکان وەك ئەوەی تفیان لەزاری یەکتری نابێت وەك یەك بیردەکەنەوە). خوێنەری بەڕێزتفی ناودەم هیچ پەیوەندی بەبیرکردنەوەهەیە؟.
*ڕاپەڕە282-نووسیویەتی:_(بۆنی بوخورێکی گران بەها لووتەکانمی پێ کرد) سەرنج لەلووتەکانی بدەن کە بەکۆی نووسیوە.
*لاپەڕە287-نووسیویەتی-:(وەك ژیلەمۆیەك ئەدرەوشایەوە).نووسەر جیاوازی لە نێوان درەوشانەوەو گەشانەوە نەکردووە. وادەزانێت هەردووکییان هەریەکن!!.
*ڕاپەڕە303_نووسیویەتی:_(غەبەغەبێکی ناوازە!).
*ڕاپەڕە335-نووسیویەتی:_(لووتەکانی پێکردم). مرۆڤ تەنها لووتێکی هەیە.

*ڕاپەڕە 338-نووسیویەتی:_(دەم وچاوێکی پانی پڕوەبوو).تا ئێستا دەیان ڕۆمان و هەزاران ڕاپەڕەی ڕۆمانەکانم خوێندوونەتەوە، هەرگیز نەمبینیوە نووسەرێك هێندە کێلەوارو نەزان بێت لەزمان، بەم شێوەیە وەسفی دەم و چاوی مرۆڤ بکات. وەك ئەوەی دەم و چاوی مرۆڤ دەعامی ئوتومبێل بێت. کەی مەبەستی بوو بەیەکی جوانتری بگۆڕێت.چونکە دەم وچاوێکی پانی پڕوەبووە. مادام پڕوەبوونیشە، کەواتە دەتوانرێت هەرکات مەبەست بێت لێی بکرێتەوەو یەکێکی تر بخرێتە شوێنی!.
ئەمانە بەشَك بوو لەوسەرنجانەی کەوتنە بەرچاوم. دڵنیام

ئەگەرجارێکی تریش ڕۆمانەکە بخوێنمەوە، هەڵەی زۆرتریش دەبینم. ناکرێت هەرکەسێك بابەتێکی بیست، یاخود بیرکەیەك لەمێشکی دابوو، بیکاتە بەناوڕۆمان .

ئەم جۆرە دەقانە زمانی کوردی وێران دەکەن. هەرلەو ڕوانگەیەشەوەیە ئێستاو داهاتووش بەسەریان دەکەمەوە. نەك کەسانێك بۆن بەهۆی نەزانیانەوە بۆت لەڕۆمان، یاخود هاوڕێیەتییان لەگەڵ بنووسی ئەوجۆرە دەقانە، پەسنی بکەن و بەشان و باڵی دەقەکەو نووسەرەکەشی هەڵبدەن و ئەوانیش چەندین دەقی دیکەی لەو شێوەیە، چاپ و باڵاو بکەنەوە. ئەم جۆرە بنووسانە،لەڕاستیدا وەك مەلەوانێکی نەزان وان لەدەریایەکی قووڵدا. ئەگەرکەسێك مەلەوانی نەزانێت چی لێدێت؟ بێگومان دەخنکێ.زمانیش وایە، ئەگەرنووسەرشارەزای هەموسووچێکی نەبوو، دەسەڵاتی بەسەر گوزارشت ودەربڕیندا نەشکا و ڕۆمانیشی نووسی، ئەوا وەك مەلەوانە نەزانەکەی لێدێت.دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کەئەم ڕۆمانە گەرچی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕێنووس و هەڵەچنیشی بۆ کراوە،بەڵام لەچەندین شوێنی ڕۆمانەکە هەڵەی ڕێنووس وچاپ دەبینرێن.هەموو ئەمانەشم لای خۆم تۆمارکردوون. دواجار پێشنیارم بۆ ئەوجۆرە نووسەرانە ئەوەیە، تالەتوانایاندایە بخوێننەوە، تابزانن چۆن وشە دەخەنە ڕستەوەو لەچ شوێن و جێگەیەکی زماندا، وشەی شیاوو گونجاو بۆدەربڕین هەڵدەبژێرن. چونکە نووسینی ڕۆمان قسە ڕۆزکردن نییەو هونەری دەربڕینە.دەربڕینێك کەسەرنجی خوێنەرڕابکێشێت و چێژی لێوەرگرێت.زمانەکەی بەبرشتتر بکات. نەك ئەوەشی کەدەیزانێت بەهۆکاری خوێنەوەی ئەوبەناو ڕۆمانانە لەبیری بچێتەوە…

*پەراوێز/ سیسەمی خوێناوی/ڕۆمان –نووسینی جەبار عوسمان/باوکردنەوەی دەزگای جەمال عیرفان 2017.

* ئەم بابەتە لەچاپەی ئەدەبی ڕۆژنامەی(هەولێر) ژمارە(2924) ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2- 9-2018باوکراوەتەوە..

سەدیق سەعید ڕواندزی

ڕاپەڕینی سوخمە زەردەکان لە فەرەنسا و هەڵەند و چەند نیگایەک! … ئاسۆ حامدی

(بە زمانی فەرەنسی و
Gilets Jaunes
بە زمانی هەڵەندی
Gele Hesjes)

_____

دیسانەوە مژوو بە چەندین جار خۆی دووبارە کردەوە و کرێکارانی فەرەنسی نەوەی بلانکی و کۆمانارەکانی پاریس- نەوەی ئاڵا سوورەکان وسروودی ئژیین پۆتیە- وەک ڕابەری کرێکاران و بزوتنەوەی ناڕازایەتی کرێکاری دژی سیاسەتی ئابووری ماکرۆن و حکومەتەکەی هاتنە مەیدان و بە ناوی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکان لە دوا نیوەڕۆی شەممەدا بە هەزاران کرێکارانی ناڕازی هاتنە مەیدان لە گۆڕپانەکانی پاریس. پۆلیس و پارێزەرانی سەرمایە و دەوڵەتی ماکرۆن بە تونددترین شێوە هێرشی سەرکوت وکۆتایی هێنانی ناڕازایەتیەکانیان دا و پۆلامارێکی نا دیموکراسی و نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەنام لەم لاشەوە کرێکاران و خەڵکی ناڕازی وئامی دروستیان دایەوە و چەندین کەس لە هەردوو بەرە بریندار بوون و لە یەکشەممە کە دەکاتە 2دیسەمبەری 2018 یەکە لە بریندارانی کرێکارانی ناڕازی گیانی بەخشی. هەر لە شەممەدا کرێکارانی هەڵەند لە شارەکانی ماستریخت و دەنهاغ هاتنە سەر شەقام و پشتیوانی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکانیان کرد و بە هەمان شێوە هاتنە مەیدان و ڕەخنەی تونديان لە سیاسەتی ئابووری مارک ڕووتە گرت.

دوای گران بوونی نرخی سووتەمەنی و زیاد بوونی باج لەسەر خەڵک و زەربەی کرێکاران و خەڵکی هەژاری فەرەنسا توانای بەردەوامی ژیانیان نیە و ناتوانن بگەن بە سەری مانگ و داهاتی کۆسایەتی مرۆڤەکان ڕوو لە نزمی دەکات. لەلایەکی تر دەوڵەمەند و سەرمایەداران زیاتر دەوڵەمەند دەبن و سەرمایەکانیان دەچێتە سەر. یەکە لە کرێکارانی ناڕازی لە وئامی ڕۆژنامەنووسێ بەچی توند و تیژی بەکاردێنن، کرێکارێکە ووتی ئەو دەوڵەتە تونند و تیژی بەکاردێنی بەنام ئەمە ئۆگەر دەوڵەت گوێ لە ئەمە نۆگرێ و هیچ

شۆڕشگێڕی بە تووند و تیژی نابێ. بە واقع ئازادی و دیموکراسی سەرمایەداری هەروەکو مارکس وەسفی دەکرد کە شعاری شۆڕشی دیموکراسی بۆرژازی لە واقع وایە (پیادە، ئەسپ سواری و مەدفع) ە، ئەم هێرشە تووندی پۆلیسی ووڵاتە کە ئازادی و دیموکراسی سەرمایە بەیان دەکات زیندووترین نموونەیەتی واقعیەتیی ڕاستی تێزەکانی مارکس بە چەند بارە دەکاتەوە.

لە هەڵەندا کرێکارانی ناڕازی بە هەمان شێوە دەستیان بە هاوار و ناڕەزایەتی کردوو بە هەمان شێوەی سوخمە زەردەکان داواکاریەکانیان بەرزکردەوە.
کرێکارانی فەرەنسی لە مێژووی سیاسی و بزوتنەوەی کرێکاریان هەردەم تووشی توند و تیژی دەبنەوە و ئەوانیش دەست دەکەنەوە و هەروا بە ئاسانی سەرمایەداران و دام و دەزگاکانی پۆلیس لە دەستیان دەرناچن.

یەکێتیە کریکاریەکان و کۆمۆنیستەکان و سوسیالیستە فەرەنساویەکان مێژوویەکی پرشنگداریان هەیە و هەرگیز ئەدەبیات و میدیای سەرمایەداری بەم هەموو زەبلاحیەوە نیتوانیوە ئەم ڕووە پرشنگداریە لەکەدار بکات. ئەمەش کەم نیە و سەرکەوتنکی گەورەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەش هونەر بە هەموو شێوەکانیەوە لە پاڵ ئەم ناڕەزایەتیانە شان بە شانی کرێکاران بەشداریەکی جدی کردووە، چ بە گۆرانی و مۆسیقا و چ بە نووسین و شێوەکاری فەرەنساویەکان هەردەم لە پاڵ ناڕەزایەتیەکانی کرێکارانەوە وەستاونەتەوە.

کرێکارانی ئەوروپایی جا چ هەڵەندی و ئەڵمانی و ئیتالیای و ئیسپانیایی و سویدی بێ، هەموویان زۆر بە هەشیاری لە یەکێتی چینایەتی دەگەن و لە کاتی پێویست دا دێنە مەیدان و وجودی خۆیان دەسەلمێنن.
پشتیوان و هاتنە مەیدانی کرێکارانی هەڵەند بە هەمان ناو و شێوە سوخمە زەردەکان نموونەیەکی زیندووە لە هاوپشتی و یەکێتی چینایەتی و بە هەشیاریەوە لەم کاتەدا، مێژووی ناڕەزایەتیەکان هەردەم قوربانی ویستووەو دەبە بەنام دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و مانگرتنە کرێکاریەکان هەردەم زەمانەتی ئەم بیمە سوسیال و کۆمەڵایەتیە یە کە کرێکاران لە ئەوروپا هەروا هەواش هەواش لە ووڵاتە جیاجیاکاندا هێرشی دەکرێتە سەر. سەرمایە لە هێرشە و کرێکاران لە بەرگری دان. بەرگریەک کە جیایە لە سەردەمەکانی پێشووی مێژووی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان بەنام لە واقع یەک ئامانجیان هەیە. کرێکاران لەم نەوەد تەنهانین و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هەموو ئاستەکاندا

پشتیوانیانن بۆ هەموو جۆرە ناوەرۆکێکی نا ئینسانی و ناشارستانی و دژ بە مرۆڤ و ژینگە. هەر چەند ماکرۆن و ووتەبێژی بە هێز بوونی بەرامبەر شۆڤێنیزم و نەژادپەرستی پاریسیەکانی نیشانی کۆماندارەکان و کرێکارانی هەلانەدی نیشانی گۆنگرێی ئینتەرناسیونالی دووەم (کە لە دەنهاغ بوو) ناگرن. مژووش گواهی ئەوەی داوە و بەگۆ نەویستن. سەرکۆتنی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکان دەتوانێ سنوور ببڕێ و یەکێتی ئینتەرناسیونالی بە هێز بکات، ئەم سەروەریە مژوویەش بە هەموو چینی کرێکارێ بەرایەتی کرێکاران و خەلکی نازی فەرەنساوی.

ئاسۆ حامدی

کەنعان مەدحەت... لە شیعردا خەونەکانی دێتە دی .. ... لەتیف بێوار

وابزانم ئەمەش بە دەردی ئەو پەندە چووین کە دەڵێت(ئەوەی لەبەر چاوانە لە بەر دڵانە)، شاعیر کەنعان مەدحەتی دەڤەری گەرمیان بە هەی دوورکەوتنەوەو ژیانی غوربەتیەوە لە یادمان چوو، هەرچەندە ئەو جوانیش بنووسێت، کە ئەمە جێی داخ و ئەسەفە.
یەکەم دیوانی شیعری ئەم شاعیرە لە ساڵی 1988 لە چاپخانەی ئارارات لە وڵاتی سوید چاپکرا بە ناوی (گەڵان بە دوای بەهجەت حیکمەت)، پاش ئەویش دیوانێکی تری خێی لە چاپخانەی روسینکور لە شاری مالمێی سوید بە چاپگەیاند بە ناوی (چلەی شێش و زیندووکردنەوەی سەردەمی ئیمارەتەکان) کە 28 قەسیدە لە خۆ دەگرێت.
ئەم کورتە باسەی سەرەوە بەس دەرروازەیەکە بۆ چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکە، کە لێدوانە لە دوا شیعری کە لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) بڵاوی کردبووەوە و بەرواری نووسینی ساڵی 2015ی بەسەرەوەیە.
وەڵای ئەوەی لەو شیعرەدا چەند هەڵەیەکی ڕێزمانی تێدایە کە ئەویش رەنگە هەکەی دابڵانی شاعیر بێت لە مەیدانی ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵام ئەمە زۆر گرنگ نییە، چونکە ئەو دەقە گەر جوان بێت منی خۆنەر لە زیهنمدا وشەکان بە پێکهاتەی دروستی

ڕۆژمانییەوە دادەڕژمەوەو پاشان لێی رادەمێنم.
با سەرەتا شیعرەکە لێرەدا دابنێینەوە بە شێوەی نووسینی شاعیرەکەی
:

سەرهەڵگرتن ... هەناوی کەنعان مودحەت
..
ڕاپەڕی و
لە دەرگای دەروە خزایە نادیارییە دەکەدا
بە ئاوی – بە پەویستییەکانا بچێتەوە و –
بزانێ،
ئایە تەباخە داگیرساوەکەی کوژاند
یان بەڕی ئاوی گەرماوەکەی بەست
یان نا
نە گەڕایەوە
لایە لە دەرگا ڕاوەکەی بکا
بزانێ ئایە دایخست
یان هەر بە کراوەیی
ڕادەستی با و
خواستەکانی ڕۆژگاری کرد
بە تەنیشت سەگێ بە لانەوازەکەیدا
تێپەڕی
نە ماڵئاویی و
نە دەستکی بەزەیی
زەر مات
سەگێ، پێچەوانەی هەر جارێ
هەر وەڕی و
زەریش وەڕی
ئەو بە نادیاریا
هەدی هەدی و
قووڵ و قووڵتر شەدەبووە
تا پەناوە کۆنەکانی
ئەوانەی لە مژۆوە پێیان دەگوشی
بە هەنگاوەکانیا نەوەران
ڕایگرن
چەن تاوێرکی لە دوند بەربوو
گرمەڵەی دەهات و
هەر خوار دەبو و

هەر خوار
سەرهەڵگری تاریک
وای نەدەزانی زەر دوور دەکەوێتەوە
ساڵە
مانگە
هەنگە لە کاژمێری کەمتر
هەر زەر زوو و
زووتر دەگەڕێتەوە
سەگە بە لانەوازەکەی لە ئامێز دەگرێ و
ماڵە چۆڵەکەی... سەرلەنوێ
ئاوەدان دەکاتەوە

هەنراوەی کێنعان مودحەت
نۆڤەمبەری ۲۰۱۵
کفری
.....
لێرەدا دوای پێداچوونەوەی زمانەوانی دەقەکە دەنووسینەوە تا زیاتر
ڕەونەقەکەی بەدەستبێنێتەوەو سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت:

سەرهەڵگرتن ... هەنراوەی کێنعان مودحەت
.....

ڕاپەڕی و
لە دەرگای دەرەوە خزایە ناديارییە دەکە
بە ئەوەی – بە پەویستییەکانا بچێتەوە و –
بزانێ،
ئایە تەباخە داگیرساوەکەی کوژاندووەتەوە؟
یان بڕەی ئاوی گەرماوەکەی بەستووە؟
یان نا!
نە گەڕایەوە
سەیری دەرگا ڕزیوەکەی بکا
بزانێ ئایا دایخستووە؟
یان هەر بە کراوەیی
ڕادەستی با و
خواستەکانی ڕۆژگاری کردووە؟
بە تێنیشت سەگە لانەوازەکەیدا
تێپەڕی
نە ماڵئاوایی و

نێ دەستەکی بەزەیی...
*
زەر مات
سەگ، پێچەوانەی هەر جارێ
هەر وەی و
زەریش وەی
ئەو بێ نادیاریا
هەدی هەدی و
قووڵ و قووڵتر شەدەبووەوە
تەنانەت پەناو کێنەکانی
کە لێ مەژێ پێیان دەگوشی
بێ هەنگاوەکانی نەوەران
کە ئایبگرن
وەك تاوێرەکی لێ دوند بەربووی
گرمەی بوو
هەر خوار دەبوو
هەر خوار
*
سەرهەڵگری تەریک
وای نەدەزانی زەر دوور دەکەوێتەوە
ساڵێ
مانگێ
هەنگێ لێ کاژمێرێ کەمتر
هەر زەر زوو
زووتر بگەڕێتەوە
سەگێ لانەوازەکەی لێ ئامێز دەگرێ و
ماڵێ چۆڵکەی... سەرلێنوێ
ئاوەدان دەکاتەوە

هێنراوەی کێنعان مودحەت
نۆڤەمبەری ٢٠١٥
کفری
.....
ئەم شیعرە نەفەسێکی مرۆڤی جیهانیی دەدات، ئەو مرۆڤەی لە نێو بزربوونەکاندا خۆشی لێ ون دەبێت، ناسنامەکان تێکەڵاو دەکات و بەوای بە خۆشی نییە بگەڕێتەوە بێ رەسەنایەتی خودو سەرچاوەی ئیلهام و ژینگەی منداڵیی و یادەوەرییەکانی، تەنانەت بە جۆرێك

باری دەروونی تێکدەچێت تا ئەو رادەیەی دنیا نابێت کە دەواتە دەرەوە دەرگاکانی داخستبێت، بۆیە دەبێت بگەڕێتەوەو جارێکی تر تەماشایان بکات تا دنیا بێت، ئەمەیە لوتکەی نادنیایی و گومان، ئەمەیە رۆچوون بە ناخی خودداو توشبوونی دۆخی نائارامی دەروونیی و دابڕین لە واقیی دەرەوە، ئەو هەمیشە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خودی راستەقینەی خۆی، خەیاڵێك لە هزریدا ئامادەیە کە شوێنگەی لە دایکبوونیەتی، بەڵام ئیغراکردنەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مۆدێرن وابەستەی دەکەن بەو ژینگەیەی لاشەی تیایدا ئاسوودەیەو هیچ کەموکوڕییەکی مادی نییە، بەڵام بۆشاییە گیانییەکان زۆر بەربڵاون لەو ژینگەی تاوگەو ئێگزایەدا، بەڵام هەمیشە خەیاڵێك لە بوونیدا هەیە کە خەیاڵی گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییە بزرەکان و خودی یەکەمین.
زمانی ئەم قەسیدەیە زمانێکی جوان و باڵایەو ئەو دالانەش بەکاریهێناون هی خودی شاعیرن و کەم شاعیری تر بەکاریهێناون وەك (تەباخی داگیرساو، دەرگای ئێزیو، سەگی لانەواز…) پاشان ئەم هێنراوەیە هەر لەیەکەم دێڕیەوە دیارە هەڤواوی سروشتی ناخی شاعیرەو هیچ چاولێکەریی شاعیرانی تری پێوە دیار نییە.
بەم شێوازە زۆر کارامەیە تێکەڵاوی دوو دنیای جیاوازی کردووە، خەیاڵ و واقیع، وێنا و ئاوارەیی، ناموێیی و ئاشنایی… بەلام لە کۆتاییدا شاعیر لەگەڵ پرسیارەکانی خۆیدا جێماندێت و ناگەینە کەناری ئارامیی و وەڵامی پرسیارە بۆ وەڵامەکان، خوێنەر خۆی دەبێت کۆتاییەکان بنووسێتەوەو بە مەیلی خۆی بەرەنجامی بنووسێتەوە، ئەو جیهانە وێرانە لانەوازەی لە دەرەوە جوانەو لە ناوەوەوش خاپوور، پڕ لەسەدای دەروونێك لە تەنیاییەکاندا لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.
ئاوها قەشەنگ بە (راچەکین) دەست پێدەکات، بەو مانایەی لە خەیاڵ و خەوندا لە نیو خۆی و یادەوەرییەکاندا بووە.. بە (گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوە)ش کۆتایی پێ دێنێت، بەلام چ جۆرو لە کوێ؟ ئەمەیە پرسیارە ئاستەم و بێ وەڵامەکە.

لێ وەرگێڕاندا؛ چی ماوەو، چی

کراوە؟! .... سەنگەر حەسەن

هەبەتە وەکو ئاشکرایە دەتوانین شەوازی وەرگێڕان بکەین بە دوو بەشی سەرەکی، وەرگێڕانی لەزمانەکانی بیگانە بۆ کوردی، وە لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی بیگانە. سەرەتا ئەوەی یەکەم بەشە هەرە باوەکەیە، واتە زۆری وەرگێڕەکان، کە وەرگێڕان دەکەن، سەرەتا لەزمانەکانی بیگانەوە دەست پێدەکەن، بەم پێیە ئەمە ئاسانترین جۆری وەرگێڕانە.
وەرگێڕ بەئاسانی دەتوانێت جۆری هەستو شەوازی بیان کردن و دەمی کارەکان بناسێتەوە جارێکی تر لەسیاقی زمانی دایك دا سەرلەنوێ دایبنێژێتەوە، جگە لەمەش، هەنگە خوێنەری کوردی زمان نەتوانێت وەرگێڕانەکەت بەراورد بکات لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە، بەڵام خوێنەری زمانی بیگانە زۆر ئاسان دەپرژێتە سەر هەڵەکان.
چیمان وەرگێڕاوە؟ جاران گلەییمان دەکرد کەهەرتەنها شیعرمان هەیە، ئێستاش شتێکی وا لەهاوکێشەکە نەگێڕاوە، ئەوەتانە بەڵەشاو هەمان خراوەتە سەر زمانی کوردی و تا ئێستا بە شومار ئیشی لەسەر دەکرێت. ئەمە شتێکی خراپ نییە، گەر بێت و کەسانی پسپۆڕ لەم بوارە پێی هەڵسن، لەهەمان کاتدا کەسانی پسپۆڕ لەبوارەکانی تریش بە ئەرکی خۆیان هەڵسن. تاك و تەرا کتێبی زانستی دەبینین، هەژانەش ئەم هەموو دکتۆرا و ماستەرە لەم لا بوستە!

تا ئێستا شاکارە جیهانییەکان زۆری وەرگێڕاوە و بگرە هەیانە زیاتر لەچەند وەرگێڕانێکی بکراوە. بەهەمان شێوە بە تایبەتی نوێکان، کەهەژانە دەخرێتە نێو کتێبخانەی کوردی و ئەوانەش لەساتی ئەم نووسینەدا ئیشی لەسەر دەکرێت. ئەوەش تا ئێستا کتێبخانەی کوردی بەدەستییەوە دەنالێنێت، کەمی سەرچاوە زانستییەکانە. لەسەرووی هەموشیانەوە زانستەکانی وەکو کیمیا، فیزیا، زیندەزانی و بیرکاری.. ئاخۆ دەبێت هەکاری سەرەکی کەمی وەرگێڕان لەم بوارەدا چی بێت؟! تەبەڵێ خوێنەرمان نەبێت لەم بوارانەدا؟ بگومان نەخێر، بگرە لەئێستادا بێتە یەکێك لەپەداویستیە سەرەکییەکان، ئەمیش بەهۆی ئەو شاڕاوە تەکنەلەجی و زانستییەی ئێستا هەووی تەکردووین، سەرنج بدە، دەتوانی چەند کتێب بدەزیتەوە لەبوارەکانی دیزاین و بەرنامە نوسکانی کۆمپیوتەرەوە.. چەند کتێب لەبوارەکانی نەوت و ئەندازیاری و بەشەکانی تری زانست بدەزینەوە؟!.. لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو بەشە زانستیانەی لەم هەموو کەلێژە زۆرە لەم هەرەمە چکۆلەدا.. لەلایەکی تر ئێستا هەندێك کەس و

کەمێ و لایەن پەیدابوونو بانگەشەی ئەو دەکەن، کە گوایە کتێبخانەی کوردیش، لەبابەتە زانستییەکاندا بڕو پشچووو کار گەیشتۆتە ئەوەی بڵێن: لەئاستێکی باش دایە! یانی گەر چەند کتێبێك لەبارەی فیزیاوە خرایە سەر زمانی کوردی، مانای وایە ئیتر تەواو لەم بوارەدا کێشەمان نەماە! بە بڕچاو ڕوونیش، نزیکەی سەرجەمی کتێبە زانستییە وەرگێڕاوەکان، کتێبی گشتین، نەوەك تایبەت.

گشتی بەمانای ئەوەی کتێبێك باسی تەواوی زانستی کیمیا یان فیزیا دەکات.. بەڵام پێویستە بپرسین هەرێك لەم زانستانە چەندە لقی لێدەبێتەوە، ئەوا هیچ نەبێت بەلایەنی کەم پێویستە لەبارەی هەموویانەوە سەرچاوەمان هەبێت. بۆنموونە: لەبابەتێکی وەکو فیزیا، پێویستە سەرچاوەمان لەسەر هەرێك لەبابەتەکانی وەکو: کارەبا، موگناتیس، شەپۆلەکان، کێشکردن، تیری ڕۆژیی، بینایییزانی، ڕووناکی، کارەموگناتیسی، هێزی لێکخشاندن، بزوێنەرەکان، لەرینەوە، جووڵە، گەرمی، دەنگ، خەرایی...
بەڵام وەکو ئاماژەی پێدرا، ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستن، نزیکەی سەرجەمی باسی تەواوی بابەتەکە دەکەن، بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، دەکرێت سوودێکی زۆر لەزانکەکان ببینرێت و ببن بە کاراترین ناوەند لە بواردا، لەم ڕووەوەش دەکرێت چەندەها ڕێگای خەراو سەرکەوتوو بگرێتە بەر.

خۆ ئەگەر باسی وەرگێڕان بکەین لە زمانی کوردی بۆ زمانەکانی تری بڵێین، ئەوا تا ئێستا تەنانەت مشتەکیش لەخەرمانە نەکراوە! ئەوەش کراوە لەچەند کارێکی ئەدەبی تێپەڕناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یەکێکە لەهەکارە هەرە گرنگەکانی ناساندنی گەلەکەمان. دەکرێت ئەوانەش کەمێیان هەبووە لەم بوارە، بڕێین نووسەری کوردن، ئەوانەی بەزمانی بڵێنە دەنووسن. زیاد لەوە وەکو وتمان لەبواری وەرگێڕاندا لەزمانی کوردی بۆ زمانەکانی تری بڵێنە تا ئێستا لەچەند بابەتێکی ئەدەبی تێپەڕ ناکات. باشە ئەی گەر بڵێنە ویستی لەبارەی مێژوو، کلتوور، جوگرافیا...ی کوردان بزانێت، ئاخۆ هەر دەبێت پەنا ببەتە بەر بڵێنە، ئەوانەی تا ئێستا بەئاستەی مەشکی خەیان مێژووی ئەمەیان نووسیوەتەوە.

ئەگەر جاری جاران واپێویستی دەکرد بۆ وەرگێڕان لەزمانی کوردی بۆ زمانانی بڵێنە، سەرەتا مێژووی کورد وەربگێڕدرێت و باسی نەهامەتی و ناسەریەکانی کورد بکرێت.. ڕەنگە ئێستا ئەم تێگەیشتنە تەواو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و پێویست بکات دەست بکەین بە وەرگێڕانی شاکارەکانمان بۆ زمانانی بڵێنە و جیهان بەمجۆرەو لەم ڕێگەیەوە

تاەزی مژووی کورد بکەین.

سەنگەر حەسەن – خوەندکاری ماستەر (زانکۆی سەلاحەددین)

سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا: بۆ تۆبە یان تۆبە...؟ ... موزەفەر عەبدوللا

لە رۆژی ٢٢ مانگەوە کە مەسعود بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە کۆگەلی بنەماڵەو قەومو قیلە سەردانی بەغدایان کردوە هەتا ئیستاش ئەم سەردانە بۆتە هۆداو و هەواڵی گەرمی دۆزگاکانی ڕاگەیاندنو جیگای پرس ڕا گەرینەوە لە ئاستی کوردستان.بۆ تایبەتی لە لایەن دۆزگاکانی ڕاگەیاندن و نوسەرو ڕۆژنامەنوس و چاودیران و ڕەشنبیران ، هەتا دەگاتە گەورە ئەکادیمی یەکانیان.وە لە گۆشە نیگای جیاجیاوە ئەم سەردانە شرۆڤەدەکەنو ڕای لەبارەوە دەدەن.

سەردانەکە وا وەنە دەکەن کە یەکیکە لەسەردانە دیبلۆماسی و سیاسی یە سەرکەوتوە دانیسقەکان نێک هەر لە ئاستی کوردستان و ناوچەکە بە کو لە ئاستی جیهانیش.وە پێیان وایە نێک هەر لەم سەردەمە بەکو لە میژوشدا دەگمەن بوە سەرکردەیەکی حزبی وەک بارزانی بەم شیوازە نێک هەر بەرپرسانی حزبی بەکو بەرپرسانی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان ڕاخستنی فەرشی سورو ئیورەسمی فەرمی و پرۆتۆکۆلی و بۆپەی ئامادەباشی یەوە پیشوازی لە بکریت.
بەم شێوە موبالەغە ئامیزو گرینگیدانە بە ڕواڵەتە دەیانوەت وا نیشان بدەن وەک ئەوەی بارزانی لەم سەردانەی چوە بە سەرزەنشت کردن و ناڕازایەتی دەربرین، وتەنانەت تەلە سەندنەوە لەسەرانی دەسەڵاتی قەومی وتایەفی و خەڵکی بەغدا، کە ساڵێک لەمەوبەر دژی ریفراندەم بون. تەنانەت ڕیفراندەمیان کردە بەهانەیەک بە هەرشکردنە سەر کوردستانو داگیرکردنەوەی نیوەی زیاتری ئەو ناوچانەی لەژیر دەستی پارتی و هاودەستاتکانی بو لە دوای ڕوخانی بەعسەوە.

جا پرسیارەکە لەم پرسەدا ئەوەیە ئاخۆ بە ڕاستی ئەم سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا بۆ ناڕەزایەتی و تێکدانی سەندنەوەیە یا تێبە کردن لەسەر دەستی سەرانی قەومی و تایەفی وەک عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی؟!
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو ڕوشنکردنەوەی مەغزای سیاسی ئەم سەردانە وا پیویستە بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:
خاڵی یەکەم: خودی دەستەواژەو کۆنکرێتی- مفهوم و نزعة – تێۆریە کە یەکێکە لە تایبەتمەندی یەکانی ناوەڕۆکی دابو نەریتی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەردو بەرەی ئەمدەساتو دەستەو تاقمە بنەماڵەیی و خێڵەکی و قەومیەکان لە بەغداو کوردستان لەم کێشەو ململانی کۆنپەرستە دژی ئینسانی یەی نیوانیان.
ئەم دەستەو تاقمانە چونکە هیچیان بروایان بە سەرەتاترین ئازادی و یەکسانی سیاسی بە گشتی نی یە بۆیە سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ و شەڕو کوشتار پاشان تێکۆشان و تەبەش بە یەکتر دەبێتە نزعەو نەریتێکی جیکەوتەیان.دیارە نەک هەر لەنێوان ئەم دوو دەستەاتی بەغداو کوردستان بەڵکو لەنێوان خودی هەمو دەستەوتاقمەکانی خۆشیان.

بە نمونە تاڵەبانی لەکاتی کێشەو ململانێ و شەڕکانی نێوان پارتی و یەکێتی وهەردو بنەماڵە لە ساڵانی نەوەتەکانیتایبەتمەندی یەکی میژوویی و بەرچاو یان بوو.
ئەم نزعەو نەریتە بە درێژایی مێژوو لەسەر زاری سەرانی ئەم دەستەو تاقمانە ،جا قەومی و خێڵەکی بن یان ئیسلامی و تایەفی سوننی و شیعی ،بەدیکراوە کە دەڵێن تێکۆشان بۆ زەبرە ئەمما بە سەبرە .یاخود یەکێوتن بە شەرتی تەبە.بە فەرمی ئەم نزعەو نەریتە بۆتە جەگرەوەی نزعەو نەریتی بروابونو پابەند بون بە ئازادی سیاسی نێوان لایەنە سیاسی یەکانو یەکسانی نێوان مرۆڤەکان. بیگومان ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندنی یەکانی دەسەڵاتی فیودالیەکانی سەدەکانی ناوەراست کە هەتا ئەمڕۆش ئەم دەسەڵات و تاقمانە نوینەرایەتی دەکەن.

خاڵی دوەم ئەوەیە بەهەی ئەوەی بارزانی و پارتی لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە ریفراندەم زیاتر بۆ تێکۆشان سەندنەوە بووە لە دوژمنەکانیان لە بەغداو لە کوردستان.وە لە ئاکامی کێشەوململانی و قێرانەکان و بن بەست بون بو نێک بروا بونو پێکەوکردن لە مافیکی سەرەتایی خێڵکی کوردستان. هەر بۆیەش بارزانی و سەرانی تەواوی پارتی و یەکیتی و هەمودەستەو تاقمە قەومی وئیسلامی یەکان نە لە پرسی ریفراندەم یەکدەست بونو نە ویستو ئامادەی یان بوو بەرگری لە ئاکامەکەی بکەن تا بەدیهینانی کە سەربەخۆیی یە .هەر بۆیەهەمو

لایەکیان لەسەر بنەمای نەزعەو نەریتی تەقلیدو تەبە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکەن.

جا لەم قۆناغەدا کە بارزانی سەرۆکایەتی هەندێک سەرکەوتنی ناوخۆیی بەدەست گەیاندووە هاوکێشە سیاسی یەکان لە ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهان بە زیانی شکایەوە.
بەیە بە بەدەستهێنانەوەی هاوسەنگی پێشو ئامادەیە لەسەر دەستی سەرانی قەومی و خێڵەکی و ئیسلامی و تایەفی بغدا تەبە بکات.
بەگژش بە ئەم تەبایە قسەو لەدوانەکانتی لەبارەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە کراوە. بگومانیش بڵای سەرانی بغداوە گەورەترین هەڕەشەی تا دێگاتە تاوان ئەنجامدانی ریفراندەم بوو کە یەکپارچەیی خاکی عێراقی خستە ژێر پرسیارەوە.

دیارە کاتێک بارزانی باس لەهەڵە و ڕاستکردنەوەی دەکات لە هیچ کاتو شوینو دیدارو گفتوگۆیەک لەگەڵ تەواوی سەرانی دەسەڵاتی بغدا سەرنجو ڕاخنەو نارەزایەتی دەرنەبریوە بەرامبەر هەڵویستی دژایەتی ئەوانە لە پرسی ریفراندەمو هیچشی سەربازی بە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی زیاتر لە نیوە خاکی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان وکوشتن وبرینداربونی سەدان کەسو ئاوارە بونی هەزارانی تر.
بە پێچەوانەی ڕاو بوچونو شرۆڤەکان و ڕاویژکاران و نوسەران و پسپۆرانی سیاسی و ئەکادیمی یەکانی پارتی یەوە کە وای وینا دەکەن وەک ئەوەی بارزانی چوبیت بە تەڵە سەندنەوە بە ئاشکرا تەبای خۆی ڕاگەیاندوە.

خاڵی سەهەم کە پەیوستە ئاماژەی پێ بکەین لەبارەی ئەم سەردانەی بارزانی یەوە ئەویە بە پیچەوانەی ڕاوبۆچونەکانی ڕاویژکارانو نوسەرانو ئەکادیمی یەکانی پارتی یەوە کگوایە بە چارەسەری کێشە هەواسراوەکانی نیوان هەولیرو بغداو تەنانەت ناوچەکەو جیهانیش چوە ئەوانە هیچی فەی بەسەر ڕاستی یەوە نی یە.
ڕاستی یەکەی هەکاری سەردانی بارزانی لە پاڵ ئەوەی کە چوە تەبە بکات لەسەر دەستی سەرانی دەسەڵاتی بغدا هاوکات بارودۆخی ناوچەیی و نیو دەوڵەتی و دەخاڵەتی زلهێزەکان لە ئەمریکاو ڕوسیاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکانیان گێیشتە ئاستێک ئگەری زەری هەیە لە عێراقو کوردستانیش بتەقێتەوە.
وە لەم دۆخەدا ناسیونالیزمی کورد بە سەرکردایەتی پارتی کە لەوپەڕی پەرشو بڵاوی وبە ئاسەیی دان ئگەری زەری هەیە بە زیانیان بشکێتەوە.
هەر بەیە پارتی وبارزانی ئامادەیە بە مانەوەی هیزو دەسەڵاتی خۆی

لانی کەم لە ئاستی کوردستاندا بە تایبەتی بەرامبەر نەیارە هاوقەومی یەکانی خۆی نەک بچیتە بەغدا بەڵکو هەر جیگایەکی تر نەک تەبەیەک بەڵکو سەد تەبەو زیاتریش بکات.

مەگەر کامیان بە بارزانی سەختتر تر دەستەملل کردنەکەی ٣١ ئابی ٩٦ لەگەڵ سەدام یاخود دەستەملانیی عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی..!
جا لەم هەوەڵ ئەگەر ئەو راویژکارو شرۆڤەکارو نوسەرو ئەکادیمیانەی پارتی بە سەلماندنی سەرکەوتنی سەردانەکەی بارزانی بەڵگەی راخستنی فەرشی سورو ئامادەباشی ئیورەسمی گەورە و پاسەوان لە پێشوازی دەهێنەوە ئەمەش بە بەهێزی پیگەی پارتی و بارزانی لە ئاستی دەسەلاتداری هەریم و هەلبژاردن و تا دەگات وینا کردنی وەک تاکە ریبەری بە فەرمی ناسراوی جولانەوەی قەومی کوردو ..هتد ئەمانە هیچیان نابنە پاساویک بۆ ئەوەی تەبەکەی بارزانی بشارنەوە کە دەڵێت سەردانیان بۆ بەغداو دیدارەکان بۆ راست کردنەوەی هەڵەکانە لەم دەرفەتەی هاتۆتە پێشەوە.

دوو شتی تر هەیە لە کۆتایی دا پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش پیشوازی کردنی عامری بو بە بارزانی و ئامادەنەبونی سەرۆککۆماری عیراق بەرهەم ساڵح بو ،کە بۆ برای قەومی و نەیاری بارزانی یە ، مەغزا سیاسیەکەی هەر تەبەکەی بارزانی دەسەلمێنێت..
جا ئەم سەردانەی بارزانی تەکارانە یا تەبەکارانە بێت هیچی لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی زۆرایەتی جەماوەری ستەملێکراو ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستان نی یە بەڵکو تەنها لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرو گەندەڵ و کۆنەپەرستانەی بنەماڵەیی و خزمەکی و قەومی خیانەتە.
دیارە بەهەمان شێوەو ناوەڕۆکەوە ئەم هایە بە
دەسەلاتدارانی تایفی و قەومی بەغداش هەر وایە.

موزەفەر عەبدوڵا

تێبینی : ئەم نوسینە لە بەرواوکراوەی بە پێشەوە ژمارە ٤١ بڵاوبۆتەوە.

بـــا بـدم خـرئـــاوابوونـو ئاوابـبين ... نا حـسـن

لـم زمـانـ زنـدقچووـ زريـاناويـيـ
ژيان چيـكى مردنى خـى
بـ بـدنـگى
بـ قـمـكى سپى
لـژـر سـبـرى دارسنـوبـرـك
دـنووسـتـوـو ئاوا دـبـ

ژنـكان نائومـدانـ
بـنـووسـ خـمـشيـيـكانى خـفـت
خـونـ سـربـاوـكانى خـيان
لـنـو دـپـ بارانـكان
دـنووسنـوـو ئاوادـبن

هـور هـگبـى هيواكانى خـى
بـ پـلـكـزـينـ
دـسپـرـ و ئاوادـبـ

ـوونـاكى / ـازـ ـونـقاويـيـكانى خـى
لـنـو قووـايى ـووبارـكان
جـدـهـ و ئاوادـبـ

كاتژمـرـ خـواـووـكان
بـ دـورى
بازنـ خواروخـچـكانى خـيان
دـسووـنـوـ و ئاوادـبن

تريفـ و تـم / تاو تاو
دووردـكـونـوـ و ئاوادـبن

ـژـكان و سا ـكان و سـدـكان
وـكو گـا
بـنـو بادا پـرشوبـاو دـبـنـوـ
ورد ورد
وندـبن و ئاوادـبن

من و تەش
لەنەو
سەودا سەریيەکانی سەفەر و
نەغمە غەمگینەکانی غوربەتدا
غەرقبووین
نامرادانە نەمانتوانی
دوابەشی قەسیدەکانی عەشق
بنووسینەوە
ئیدی لەم سەردەمە
سەرابییە سەرمەستییەی
ونبوون و ئاوابوونەدا
کاتێک /
خاک و خولیاکان
ئایندە و ئارەزووەکان
شکۆ و شوناسەکان
دەبن /
بە پاییزێک لە تەز و غوبار
دەی /
دەبا من و تەش
بە بەدەنگی
هەمن هەمن
لە ئەواریەکی هەناری دا
ببین بە هەم و
بە دەم خەرئاوابوونەوە / ئاوابین …!

ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

جانتاکەی من چیی تێدایە؟ … چنوور نامیق

جانتای ژنێکی خەتابار
چی تێدایە

جگه له سەفتەخەمی پەمەیی
جگه له سەرقاپه بیره و
قەڵەمێکی چاوەشتنی به ئەزموون
و سوراوێکی تا بڕیی تۆخ له ڕەنگی خوێن
جانتای لەبیرچونەوەی ژنێك چی تێدایه
پارچه حەبی خاڵی نوستن نەبێ
سیمای ژنێکی خەتابار چی تێدایه
درێژەردەخەنه نەبێ
ئەی دڵی ئەو چی تێدایه
جگه له بۆن و بەرامەی ترسی عەشق
جانتای ژنێکی ماندوو چاو
هەموو پوچەکانی تیایه
عەشق نەبێ
ئەبێ چی تری تێدابێ؟
ڕەشنوسه دڵاوەکانی شیعر نەبێ
چەند جگەرەیەکی شکاو و
قەڵەمێکی دڕتەی لێو
له ڕەنگی خوێن
حەبه بێدارەکانی نوستن و
مۆبایلێکی
چەند جار شکاوی شەڕەکان نەبێ چی تێدایه؟
چی تێدایه جگه له شیعرەکانی دوای شەڕی
یەکەم و دووەم و سێیەمی جیهانی عەشق
چی تێدایه جانتای ژنێکی دڵشکاو ؟
جگه له حەبی بێداری و قەباغه بیرەی لەبیرچوو و
چەندین جگەرەی وردکراو
و تەسبیحێك؟
ئاخر ئەبێ چی تێدابی
جانتای دوای شەڕی جیهانی سێیەم؟

November/2018/23

شوان حەسەن ... نەقەمبەر

لەنجەولاری ئۆکتۆبەر، هەشتا خەیاڵی گۆماکانی جەنەهەشتووە
هەنگەکانی دەژنەن درزی سپەدەیەک
لەوە، خەم بە ملە باریکەکەی مانگ وەدەکەم
تا قاچە تەزیووەکانی نەقەمبەری پە گەرم بکەموە...
مەترسن هوناکی بە ئاگاناهێنم

چەلەکەیەکم بە دوای ئەو دەنکە گەنمەدا دەگۆڕم
کە شەختە چەندان وەنەی لەسەر گرتووە
سروشت، بۆ سروشت...
ئەو بەشەک لە کات و ساتی یارییەکان دیاری دەکات

ئەو دەڕپانەی لە چلورەی درەختەکانی سەر هەگادا دەبارین
هەدی هەدی لە بە نازیدا دەبوون بە شیعر و
چاوی گەیایە مردووەکانیان دەشوشت
لە لاپەیەکەی ئەولاتر
شەقام هەشتا قاوەی بەیانی نەخواردبوو
گەڵپی سەیارەکان بە وریاییەوە، تاریکیان بەدوای خەیاندا هادەکەشا
ئەو دراوسێیەی
هەموو بەیانیەک پشوویەک بە سەگەکەی دەدات
دەبە جگە لە من چاوەڕوانی چەند کەسیتر بێت
تا بەیانی باشیان لەبکات؟
دەزانی ئەو، ئەو هەژانەش هەر لەوێیە
کە نەقەمبەر کراسەکی هەشی تەڵ تەڵی پەشیوە
ئەستا دەبە ددان بەوە دابنێم
ئەو هەژە پەنجە تەزیوەکەی جوانیم تەراند
کە پەمگوت:
ببورە ، تە سەگەکە دەهەنیتە دەرەوە، یان ئەو تە دەهەنێتە دەرەوە؟

نەقەمبەر من جەستەیەکی هاهاتووم و
لە شەقار، شەقاری زەوی، هەگم دزیوە
لە ناخەشترین ساتدا
لەسەر جەستەی ماچ
مەمەک دا دەگیرسێنم و
سێیری فیلمەک دەکەم
دەزانی هاوەم، لەرە وەرزەکان چیتر لەماڵەوە بە ئاگامان ناهێنن و

لەوانەیە ئەوان دەستەمە ببن و حەز لەسەرتاتکە نەکەن؟
دونیە کە دواکەوتم لە کار
دەمژمەرکەم لە قەڵەی درەختەک کرد
تا لە ساتەکانت بگەم
بە خەیشم دەمزانی خەیاڵەکی منداڵانە بوو
ئە چی بکەم لەزمانت ناگەم؟
کە دەیتە ماڵەکەم
لە ترسی تاریکی و تەنیایی ناچیتە دەرەوە و
لەتەکم ڕادەکشێیت
کە دەچمە دەروەش، دەبیت بە سەبەرەکی شەرمن و
لەو ساتەی
هەشتا تاریکی بەیانی جەی نەهەشتووە
تاریکی ئەوارە بە خەت دا دەدەیت
لەیەک شت دونیا بە، نەقەمبەر
کە دەڵێیت غەم لە مانگەکی تەمەن ناخەم

Shwamhassan@hotmail.com

ئینتەرنێت ... مەولود ئیبراهیم حەسەن

خەشەویستیی..

-١-

ئینتەرنێت..

پەم دەڵێ :

هه موو خەڵک ڕقیان لەتە

تەنیا یەک کەس

تەی خەش دوە ؛

چ خۆش ..

ئەو کەسێ تە بیت .

***

هەوا..

-٢-

ئینتەرنێت ..

پێم دڵێ :

ژنێک پاش هەواڵکی خۆش

تە دەمرێ !

چ خۆش ..

ئەو هەواڵ

هاتنی تە بێت !

-***

دەرمان..

-٣-

ئینتەرنێت پێم دڵێ :

هەموو نەخۆشیەکانت

دەرمانیان هەیە ،

تەنیا یەک نەخۆشی نەبێت !

چ خۆش ..

ئەو نەخۆشیە

خۆشویستی تە بی .

***

وەبیرهێنانەوە..

-٤-

چ خۆش ..

ئینتەرنێت هەرزەکار

برادەرەکم وەبیر دێنێتەوە،

چ خۆشتر بوو..

هەموو بەیانیەکیش تۆ .

***

پێشبینیی..

-٥-

هەموو بەیانیەک ..

ئینتەرنێت پێم دەڵێ:

ڕووی باڵ کام لایە

بەفرچێند دەبارێ

پڵەی گەرماچێندێ

مەودای بینین چەند،

چ خۆش..

چاوی تێش پێم دەڵێ:

تامی ژیان لە چیدایە .

***

لێدایکبوون..

-٦-

هه موو ساڵێ جارێک

ئینتەرنێت

دەژی لە دایکبوونم

وەبیر دەنێتەوە ،

هه موو ترپەیەکی دڵیشم

دەژی خۆشەویستیی تۆ .

***

نوێ بوونەوە..

-٧-

لە گەڵ هه موو

ئادەکی نوێ

برادەرێک زیادەکەم،

لەگەڵ هه موو

یادەکی تۆش

ژیان نوێ دەبێتەوە .

***

ئاد

-٨-

لەوێتی هه م

ئاد دەنیرم..

بەردەوام

ڕیپۆرت دەکرێم ،

تا ئێستا

کەس وەری نەگرتووم !

تۆ یەکجار

قبوولم کە

ژیان لێرەوە دەست پێدەکات .

***

هەولێر – ١/١٢/٢٠١٨

مەلا بەختیارزادەکان، کێ تۆبە بکات؟ … کاروان عومەر کاکەسوور

هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە ……
http://dengekan.com/doc/2010/5/karwanOmarKakaSwr30.htm

_____

داواتان لە نووسەران کردووە تۆبە بکەن. باشە من ئەوە یەکەمین کەسم ئامادەم تۆبە بکەم، بەڵام ئەوە مەبەستتان لە تۆبە چییە؟ ئایا مەبەستتان لەوەیە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی گوناهەوە لە خوای خێی دوور کەوتووەتەوە و دەبێت بە هەی پەشیمانییەوە بێی بگەڕێتەوە؟ ئەوە چۆن و بە چ پێوەرێک گوناهەکانی ئێمە دەستنیشان دەکەن؟ بە پێی قورئان و حەدیس؟ ئەکەی، من ئازیم، بە مەرجێ ئەوە خۆتان لەو قورئان و حەدیسەتان لانەدابێت. با بڵێ سەرەتاییترین شت بگەڕێنەوە. بە پێی حەدیس فریشتە ناچنە ماڵەکەوە، ئەگەر وێنە و پەیکەری تێدابێت.

پێم ناڵێن لەناو ماڵ و مزگەوتەکانی ئێوەدا، کە پێە لەم

دەعبایانە، چۆن نوێژتان قەبووڵە، مادام یەک فریشتە ڕوویان تێ ناکات؟ ئەڕێ چۆن فریشتەتان بۆ هات و پێی وتن ئەو نووسەرانە لە خوا هەڵگەڕاونەتەوە، لە کاتێکدا ئێوە بەو بتانە هەموو ڕۆژگاکانتان لێ گرتوون؟ سێ ساڵ لەمەوبەر لەو گفتوگۆیەی لەبارەی (ئەنفال)ەوە لەگەڵمدا کراوە، وتوومە، کە لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب) لە کووفە هەشماڵەکانیان فڕێ دا و خانوویان دروست کرد، بەڵام (عومەری کوڕی خەتتاب) هەموویانی سووتاند. پاشان بەو مەرجە ڕۆژگای دروستکردنی خانووی دا، کە لە سنووری خۆیان دەرنەچن. واتە نەوی بن و ڕووبەریان کەم بێت.

وەرن مەلا بەختیارزەکان لەسەر دەستی ئێوە و هەموو مەلاکانی دیکەی دنیا من تێبە دەکەم، ئەگەر مەرجەکانی ئیسلام لە خانوو و جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و شتەکانی دیکەتاندا هەبوو. من کوڕی ئەو کەمەڵگایەی ئێوەم و بەشی خۆشم قورئان و حەدیس و مێژووی ئیسلامم خوێندووە. لە هەرزەکاریم قوتابیی سێ چوارێک لە مەلاکان بووم، کە ئەمڕۆ زۆر ناسراون. هەمووشیان دەزانن باوکم لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی خواپەرستە، بەڵام ڕۆژگای نەدەدام لە مزگەوت بخوێنم، بۆیە بە دزییەوە دەچووم. ئێستاش هاوڕێکانم بیریان ماوە، کە لەسەر ئەوە چ جنێوێکی سەیری پێ داوم و بە پێکەنینەوە دەیگێڕنەوە.

ئێوە ناتوانن بەو قسانەتان من فریو بدەن، چجای داوای تێبەم لێ بکەن. ئەگەر ئێوە بە پێوەری قورئان و حەدیس و کردەوەی ئەسحابان من بە کافر دەزانن، ئەدی خۆتان چین، لە کاتێکدا شتەکانتان هەر لە مۆبایل، تەلەڤزیۆن، سەتەلایت، کۆمپیوتەر و نازانم چی و چیتان کتومت لە هیچ من دەچن، تەنیا فیکرتان نەبێت؟ خۆزگە چارەکی (عومەری کوڕی خەتتاب) ڕاستگۆ بوونایە و بە بێ پێچوپەنا دینەکەتان پێ بگوتمایە، نەوەک دنیای کافرانتان قەبووڵ بێت و خۆتانی تێدا غەرق بکەن، بەڵام وای پێشان بدەن، کە دژی فیکری کافرانن. کێ فریو دەدەن مەلا بەختیارزەکان؟ من؟ تۆ بڕۆی هەموو مەعریفەکەم بەشی ئەوە نەکات لەوە تێبگەم، کە چ پێوەندییەک لەنێوان فیکر و شتەکاندا هەیە؟ ئێوە بەرهەمی فیکری کافرانتان قەبووڵ کردووە، ناتوانن پێم بڵێن سەرچاوەی ئەو بەرهەمانەتان داوەتە بەر نەفرەت، کە فیکرە.

ئێوە لەناو ئەو بتانەدا دەژیین، کە (عومەری کوڕی خەتتاب) خانووی سووتاندن. هەتا ئێوە خاوەنی ئەو بتانە بن، من تێبە ناکەم. ئێوە نە ڕۆژگای (عومەری کوڕی خەتتاب) دەگرن و نە ڕۆژگای هەندێک لە میرەکانی ئەندەلووسیش، کە لەپاڵ کردنەوەی مزگەوت و کەنیسەدا، بایەخیان بە فەلسەفە، هونەر، ئەدەب، ئەندازە، موزیک و بواری دیکە

دەدا. نە داخراویی (عومەری کوڕی خەتتاب)تان قەبووڵە و نە کرانەوەی هەندێک لەو میرانەی ئەندەلووسیش.

ئەوە کائینی سەردەمی تەکنەلۆجیای کافرانن. ئەوە لە بابەتی ئەو مەلایانەن، کە نەفرەت بێ جوو و کافران دەنێرن و لە کۆمپانیای (یاهوو) و (گمەیل) و (هۆتمەیل)ی ئەوانیشدا ئیمەیل دەکەنەوە. بە مانا ئێلکترۆنییەکەی ماڵ لەوێ دادەمەزرێنن.
ئەو مەلایانە هەر بە پێوەرەکەی خۆیان کرۆچیی جوو و کافرانن و ئەمە بەوە تاوانبار دەکەن، کە چاو لە ئۆژئاوا دەکەین. ئەوە لە بابەتی ئەو مەلایانەن، کە داوا لە موسڵمانان دەکەن لە ئۆگای ئیمەیلی جوو و کافرانەوە پێغەمبەر بپارێزن. ئەمە کفری مەلاکانە، کەچی ئەوان نووسەر و ڕۆشنبیران بە کافر دەزانن. ئەگەر بیارە تەبە بکرێت، ئەوا دەبێت ئەوە لەپێش هەر کەسێکی دیکەوە بیکەن.

ئەوە چۆن پێغەمبەر دەپارێزن؟ بیرتان چوو، کە لەوەتەی هەن پێمان دەڵێن هەر کەسێک قسە بە پیاوچاکێک بڵێت، خوا ڕووی ڕەش دەکات؟ (نازانم بۆچی هێندە دوژمنی پێستی ڕەشیشن، لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری ئەسحابەکان ڕەشپێست بوون). ئەگەر پیاوچاکێکی نزماڵ توانای ئەوەی هەبێت لەسەر شۆوازی فۆتۆشۆپ ڕووی خەڵک لە ڕەنگێکەوە بۆ ڕەنگێکی دیکە بگۆڕێت و دەست و قاچیان بە قنگیانەوە بنووسێنێت، چۆن ئەوە پێغەمبەری ئەو پیاوچاکانە دەپارێزن؟ نەخێر، ئەوەش پشتتان لە قورئان و حەدیس کردووە و وەکو ئەمە لەم دنیایەی کافراندا دەژیین. ئەوەندە هەیە ئەمە ئەم دنیایە بە هیی هەمووان دەزانین و ئەوە تەنیا بە هیی کەسانێکی دیاریکراو.

ئەگەر (عومەری کوڕی خەتتاب) جووی لە دوورگەی عەرەب دەردەکرد، ڕاستگۆییی خۆی نیشان دەدا، چونکە دەیویست ناوەڕۆکی دینەکەی پراکتیزە بکات. کاتێکیش هەندێک لە میرەکانی ئەندەلووس هەوڵیان دەدا مافی جوو و کریستانەکان بپارێزن، ئەوا ئەوانیش ڕاستگۆ بوون، چونکە دەیانویست ڕاستگۆیی خۆیان پشانی سەردەم بدەن و بەرانبەر بە دین و نەتەوەکانی دیکە لێبوردە بن.

مرۆڤ کاتێ لە بەرانبەر لایەنێکدا دەوەستێتەوە، کە ڕاستگۆیە، ئەوا هاوکات سەرەڕای بوونی جیاوازییەکان، لە بەردەم ئەخلاقیشدایە، بەڵام کاتێ لایەنی بەرانبەرت ڕاستگۆ نییە و دەبەملاڵەوە، ئەوا تۆ لەگەڵ ئەخلاقدا مامەڵە ناکەیت. ئەوە تا سەر ئێسقان دوژمنی کافرانن و لە خوتبە ئاگراوییەکانتاندا هەزارویەک جنێویان بۆ دەنێرن، بەڵام خۆتان لەپێش هەر کەسێکی دیکەوە بەرهەمەکانیان دەکڕن.

هەر بەو بەرهەمانەی ئەوانیش لە تیقی و سایتە ئەلکترۆنییەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەوانە غەیرەدینن، خوا غەزەبی لێ گرتوون، لە پەلوپۆی خستوون و هیچیان لە دەست نایەت... سەیرە! بۆ تاقە جارێکیش بیری خۆتان و ئەو خەڵکەی ناخەنەوە، کە بە هۆی بیرکردنەوەی تەسکتانەوە هەر لە
جلوبەرگەوە هەتا خانووبەرەی بەرزتان جوو و کافر بۆیان دابین کردوون. ئەگەر هەندێک لە میرەکانی ئەندەلووس، کە لەگەڵ کرانەوەدا بوون، نوێترین تەکنەلۆجیایان بە کار دەهێنا، ئەوا هاوکات دژی فیکر و فەلسەفەی بێگانەش نەبوون، بگرە ئەوان خۆیان پاڵپشتی ئەوانەیان دەکرد، بۆیە ئەوان لەگەڵ زەمەن ڕاستگۆ و لە بەرانبەر ئەوانی دیکەشدا بەهێز بوون.

ئەوە قاچاکتان لە سەردەمی کۆن و قاچاکتان لە سەردەمی مۆدێرنتی داناوە، جا چۆن هاوسەنگیی خۆتان پێ ڕادەگیرێت!! چۆن تووڕە نابن و هەرش ناهێنن!! ئەمە حاڵەتکی سایکۆلۆجییە، میکانیزمکی بەرگرییە، کاتێ مرۆڤ هەست بە گوناهەکانی خۆی دەکات و دەیخاتە سەر ئەوانی دیکە.

ئەگەر بە نیازن ئیمانی خۆتان لەناو کۆمپیوتەر و مۆبایلی کافراندا سەیق بکەن، واتە بیپارێزن، ئەوا دنیا بن، بە هەڵەدا دەچن و بەرگەی چەند ساڵکی دیکە ناگرن.
ئەو (مارکس)ەی ئێوە بە بێ ئەوەی یەک دێڕتان لە کتێبەکانی خوێندبێتەوە و بە دوژمنی خۆتانی دەزانن، سەد و شەست ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی تەکنەلۆجیا ئەخلاق دەگۆڕێت. ئێوە دەتانەوێت ئەو بتانەمان هەبێت و ئەخلاق و بیرکردنەوەشمان وەک خۆی بمێنێتەوە؟ ئەوەی یەک دێڕی لە کتێبکی فیکری خوێندبێتەوە، دەزانێت شتی وا مەحاڵە. بۆ نایەن لە ئاستی حوکومەتی هەرێمدا ناەزایی دەربڕن، کە چیتر ئەو بتانە هاوردە نەکات و لە خوتبەکانیشتاندا بە خەڵک بڵێن نەیانکڕن، چونکە کافر و جوو لە فڕۆشتنیان قازانج دەکەن.

ئایا دەتوانن؟ نەخێر. بۆچی ناتوانن؟ وەڵامەکەی دیارە. بزانن ئەو کۆمپیوتەر و مۆبایل و شتەکانی دیکەی ناو ماڵتان چەند ساڵکی دیکە چ کاریگەرییەکی لەوە گەورەتری لەسەر خۆتان و نەوەکانتاندا دەبێت، کە لە ئێستاشەوە هەیانە. ئەو شێوە دیندارییەی ئێوە بەم کۆمپیوتەر و مۆبایلە ناکرێت و من لەوە زیاترتان پێ ناڵێم.

ئێوە وەکو ئێمە وان، بەڵام ئێمە لەمێژدا دەژیین و ئێوە نازانن لە کوێدا. با ئەمەتان بە نموونە بێ ڕوون بکەمەوە مەلا بەڵێزەکان. لە

شەستەکان و حەفاتاکان، کە تازە ئامێری تلیڤیژن، یان با بڵێ خاتری ئەوە بیکەمە عەرەبی، تەلفاز هاتبوو، ئەوە دەتانوت هەر کەسێک ئەو بتەی لە مادابێت، نوێژ و عیبادەتی قەبووڵ نییە، بەڵام کاتێ خەڵک هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی بیکڕن، ئینجا ئەوەش کێیتان، یاخود با بڵێین بە دیاری لە سەرکی فەرماندەوە بۆتان هات (بڵگومان مەبەستم هەموتان نییە).
ئەستا نەک تەلفاز، بەڵکو سەتەلایت و کۆمپیوتەر و لەوانە خراپتریشتان هەیە. دینەکە هەمان دینی جارانە و ئەمانەش چیتر بە حەرام نازانن، بەڵکو لە ڕۆگای ئەو شتە حەرامانەوە هەڵەشە لە خەڵک دەکەن.

ئەمجارەیان شتی ترتان خستۆتە لیستی حەرامەکانەوە. سبەینێ خۆشتان هەمان شت دەکەن و ئینجا شتی تر بە حەرام دەزانن. نەکەن پێم بڵێن سەردەم گۆڕاوە و دەبێت خۆمان لەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا بگونجێنین، ئەگینا پێتان دەڵێم بۆچی ئەوە ئەو هەقەتان هەیە و من نیمە؟ تەکستی دینی بۆ زەمەنی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە. بۆچی دەبێت من چاوەڕێ بکەم ئەوە کفر بکەن و ئینجا من دواتان بکەوم؟ ئەوەی سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب) حەرام بووە، ئەستا و دواتریش هەر حەرامە، ئەوەیان ناڵێم ئەگەر بە پێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ڕێک بکەوین، کە لەم دنیایە کەسمان دەست نەخاتەڕ ناو ژیانی ئەویدیکەمانەوە. ئەوە خەڵکێکی دەبڵەقیشتان دروست کردووە.

ئەمڕۆ کەسانێک پەیدا بوون لە ڕۆژکدا دیندار و بێدینن. کردەوەکانیان، جلوبەرگ و ستایلی قژیان هیچی کافرانە، کەچی لەپڕ لێت دەبنە مەلا و وەعزت بۆ دەدەن. لە کتێبخانە کارمەند بووم. کێشەی گەورەمان لەگەڵ ئەو گەنجە موسڵمانانەدا بوو، کە کۆمپیوتەریان بۆ شتی سێکسی بە کار دەهێنا و بە پێی ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی گشتیی دانمارکیش ئەوە قەدەغەیە.

کاتێکیش لە دەرەوە قسەت لەگەڵ دەکردن، تۆمەتی کافربوونیان دەدایتە پاڵ. وێنەی (سەدام حسێن) و (بن لادن)یان هەڵدەواسی و لەسەر دیوارەکان دروشمی دژ بە ڕۆژئاوایان دەنووسی. ئەمڕۆ لە دنیای ئیسلامیدا کەسانی لەم شێوەیە دروست بوون، بۆیە هیچ کاتێک وەکو ئێستا ئیسلام لاواز نەبووە. ((بڵێ چی دەکەیت، بیکە، بە مەرجێ بیرت بێت تۆ موسڵمانیت)). ئەمەیە دروشمیان. کابرا پیتزامانە و لە پیتزا گۆشتی بەراز دەفرۆشێت، لەپڕ لەسەر هەڵسوکەوتێکت لێت تووڕە دەبێت و بە کافر لە قەڵەمت دەدات:

((_ بۆ بە قاچی ڕاست نایەیتە ژوورەوە؟ تۆ موسڵمان نیت؟
_ ئەی تۆ بۆ ئەمە بە دانمارکییەکان ناڵێیت؟
_ ئەوان خەنزیرن، بەڵام خۆ تۆ خەنزیر نیت. تۆ خەڵکی کوێیت؟
_ کوردستان!
_ کوردستانی چی؟ باشووری شیمالی عێراق. هەر سەدام حسێن بۆ ئێوە باش بوو)).

ئەمە بەسەرهاتی هاوڕێیەکمانە لەگەڵ پیتزامانکی ئیسلامدا و پیتزامانەکەش دەناسین. سەیرەکە لەوەدایە ئەو هاوڕێیەمان نەچووە پیتزای لێ بکڕێت، چونکە ئەو موسڵمانی ئاساییە و گێشتی بەراز ناخوات، بەڵکو لە پێستخانە کار دەکات و نامەی بۆ بردوون. ڕۆژانە مرۆڤ لەگەڵ ئەو شتانەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەر زوو زوو مەلاکان لە سایت و ڕۆژنامەکاندا دەڵێن دوو میلیارد موسڵمان لە جیهاندا هەیە و نابێت شعوریان بریندار بکرێت.

ناڵێن بەشکی زۆری ئەوانە خۆیان شعوری خۆیان دەخەنە بەر تیغ، ئەگینا کەس ناتوانێت لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێت. ناڵێن بەشکی هەرە زۆری ئەو دوو میلیاردە کردەوەی ڕۆژانەیان لەناو ئەم دنیا ئێلیکترۆنییەدا بە موو لە کردەوەی کافران جیا ناکرێتەوە و ئەوە هەستی قەومییە، نەوەک دینی دەیانجووڵێنێت.

ناڵێن بەشکی ئەو دوو میلیاردە سەدان سایتی سێکسییان بە زمانی عەرەبی و تورکی داناوە و ئەوانەی سەردانیان دەکەن، لە ژمارە نایەن. ناڵێن بەشی تایبەت لەو سایتانەدا بۆ ژنی لەچکبەسەر کراوەتەوە. ناڵێن بەشکی زۆر لەو دوو میلیاردە باوەی بە عیبادەتمان نییە، چونکە سوننەین و بەشەکەی دیکەیان بە کافرمان دەزانن، چونکە کوردین. هەر لە چواردەوری خۆماندا دەیان میلیۆن موسڵمان ئامادەن بە قورسترین چەکی کافران هەرشمان بکەنە سەر و بە ناوی ئەنفال و غەزا و جیهادەوە منداڵی ساوا و پیرەکانیشمان قڕ بکەن و کردووشیانە. من لێرەی بە هەر مەلایەک دەڵێم بڵێتی فڵەکە و هەتڵ و تەواوی مەسروفی لەسەر من، ئەگەر دەیەوێت بچێتە هەر یەکێک لەو دەوڵەتە ئیسلامییانە و لە خوتبەیەکیدا بە خراپە باسی (سەدام حسێن) و (عەلی کیماوی) بکات، یەک جار ناوی کورد بهێنێت. من تەنیا بلیتی چوونی بۆ دەبڕم، چونکە سوور دەزانم بە ساغی نایەتەوە.

لێرەدا هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە ئێمەش لەسەر هەمان ڕێتمی خۆیان دژایەتییان بکەین، بگرە باوەڕم وایە دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین، کە ئەوانە خۆیان قوربانیی دەستی جەهل و بیری تەسکی شۆڤینیزمن.

زۆرترین هێژەی نەخوێندەواری، هەژاری، نەخۆشی، بێکاری و بێشوێنی لەناو ئەو دوو میلیاردەدایە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەقڵییەتی هاوشێوەی ئەقڵییەتی ئێوە بەسەر سیستمەکانی ئیکۆنۆمی و سیاسی و کەلتووریدا.

ئەگەر وایە، لەمەودوا باسی ئەو دوو میلیارد موسڵمانە بۆ ئێمە مەکەن. ئەڕێ ئێوە بۆ لەجیاتی نووسەران، ئەوانە لغاو ناکەن، کە ئەو دوو میلیاردە دەکەنە سووتەمەنی و بە گژ ئێمە و ئەوانی دیکەیاندا دەبەن؟
پێمان دەڵێن دنیای ئیسلامی بۆیە دوژمنمانن، چونکە کورد سووکایەتیی بە ئیسلام دەکات. یان دەڵێن ئەوان دوژمنی کورد نیین، بەڵکو دوژمنی پارتی و یەکییەتیین، گوایە لەپاڵ ئەمریکادا شەڕی موجاهیدەکانی فەلووجەیان کردووە. ئەگەر وایە هەر ئەو سەرکردە ئیسلامییانە بڕچی نەک هەر دوژمنی نەتەوەی عەرەب و تورک نیین، کە هەموو ئەوانەی خەڵکی ئێمە و زیاتریان کردووە، بەڵکو پێیان وایە ئەو دوو نەتەوەیە فەزڵیان بە سەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا هەیە؟ دەوڵەتە عەرەبییەکان لەپێش حوکومەتی هەرێمەوە شان بە شانی ئەمریکا و ئیسرائیل شەڕی یەکتریان کردووە و کەسیش ناڵێت ئێمە دەبێت دوژمنی عەرەب بین.

پێوەندیی تورکیاش لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لە کەسمان شاراوە نییە. ئایا ئێوە تورکیاتان دیوە؟ ئایا لەو وڵاتە شتێک هەیە سیمای ئیسلامی پێوە بێت؟ بۆ بەراوردێکی ئەستانبوڵ و هەولێر ناکەن؟ لەو ئەستانبوڵەی پایتەختی ئیسلام هەندێک دیاردە هەن، هەندێک شوێنی ڕابواردن هەن، هێشتا لە ستێکهۆڵم، بەرلین، کۆپنهاگن و شارەکانی دیکەی ئەوروپا دەرنەکەوتوون.

باسی میسر و سوریا و لوبنانیش هەر ناکەم، بەڵام لەو هەوڵێرە بەشێکی یەکجار یەکجار کەمی خەڵکی لێ دەربچێت، ئەوی دیکەی وازی لە هونەر، موزیک، شانۆ، خوێندنەوە و هەموو شتێک هێناوە و خەریکی خواپەرستییە. لەو هەوڵێرە نەک وشەی سەهیۆنی، بەڵکو ناوی جوویش وەکو کفرێکی گەورە گوێی لێ دەگیرێت. بڕچی ئەو سەرکردە ئیسلامییانە لەسەر ئەم شتانە نابنەڵ دوژمنی عەرەب و تورک، بگرە شەڕیان بۆ دەکەن، بەڵام دوژمنی کوردن و ئێوەش پاساویان بۆ دەهێننەوە؟ داوایان لێ دەکەن بە خڕایی دەست بخەنە ناو کوردستانەوە، گوایە بووەتە کافرستان، لە کاتێکدا ئەوەندەی دین لە کوردستان هەیە، لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیی ئیسلامیدا نییە.

فرمسک بۆ فەلوجە مەژن مەلا بەڕزەکان، لە کاتکدا هەر ئەو موجاهیدانە کورد بە مرۆڤ نازانن و دەڵێن (سەلاحەدینی ئەیوبی) بۆیە وەکو کوردەکانی دیکە نەبووەتە دژندە، چونکە لە تکریت لە دایک بووە، خۆ ئەگەر لە شاخەکان لە دایک بووبوایە، ئەویش وەک ئەوان دەردەچوو.

هەڵەبجە زۆر لە فەلووجە زیاتر ئیسلامی بوو مەلا بەڕزەکان، بۆچی ئەو سەرکردە ئیسلامییانە نەک هەر بە قسە بەرگرییان لێ نەکرد، بەکو بە کردەوەش لەپاڵ بەعسدا وەستان و تاوانەکانیشیان شاردەوە، بگرە سوێندیان بە خوا و پێغەمبەر خوارد، کە (ئەبو عودەی) خوا بیپارێزێت، چەکی کیماویی بە کار نەهێناوە؟ بۆچی مەلا بەڕزەکان، بۆچی؟ ئێستا ئەو سەرکردە ئیسلامییانەی ئێوە داوایان لێ دەکەن بۆن لە فەساد بمانپارێزن، خۆیان لێ کردووینەتە زانای حەوتەڕەنگ و دەیانەوێت بە بەگەی زانستییەوە بیسەلمێنن، کە ئەوە (سەدام حسێن) و (عەلی کیماوی) نەبوون هەڵەبجەیان گازشێن کرد، بەکو ئێرانی سەفەوی بوو. من یەکێکم لەوانەی پێیان وایە ئەوەی بە خەکی فەلووجە کرا، تاوانە، بەڵام بۆ دەبێت شارکی کوردی و یەکێکی عەرەبی لە دیدگای ئەو سەرکردە ئیسلامییانە و هیی ئێوەشدا ئەو هەموو جیاوازییەیان لەنێواندا بکرێت؟ باسی دنیای ئیسلامیمان بۆ مەکەن، ئەگەر ئەمڕۆ یەکێک لە مەرجەکانی ئیسلامبوون ئەوەبێت، کە کورد بە دوژمن و (سەدام حسین) بە شەهید و ئەندامانی حزبی بەعس بەو موجاهیدانە بزانرێت، کە شەی ئەمریکای کافر و ئیسرائیلی زایۆنی دەکەن.

بەشکی زۆری خەکی ئێمە لەمڕۆ پێیان وایە ئەمریکا و ئیسرائیل دوو دەوڵەتن، کە لەسەر عەدالەت دانەمەزراون و من خۆم یەکێکم لەوانە، بەڵام بەعس بە چەکی ئەوانە ئەنفالی کرد و بەردەوامیش لای سەرکردەکانی عەرەبیی ئیسلامی کراوەتە دوژمنی ئەمریکا و پارێزەری ماڵی ئیسلام. کورد لە سەردەمی بەعس کاتێ کیمیاباران کرا نە قورئانی سووتاندبوو و نە ئیسرائیلی هێنابوو، بەکو ئەوە ژمی (سەدام حسێن) بوو قورئانی دەسووتاند و دەستی ئیسرائیل و ئەمریکا بوو.

لە هەشتاکان خەک دەگیران و بەسەروشوێن دەکران، ئەگەر هەخنەیان لە ئەمریکا بگرتایە، چونکە ئەوانەیان بە کەمانیست، یان بە دەستی ژمی ئیسلامیی ئێران تەمەتبار دەکرد. ئەدی بۆچی ئەوساش ئەو سەرکردە ئیسلامییە عەرەبییانە هەر (سەدام حسێن)یان بە ابەری خۆیان و ئێمەیان بە دوژمن و کافر دەزانیی؟ ئایا هەق نییە ئیتر

واز لەوە بڵنن ئەم قسانە بۆ خەڵکی ساویلکە بکەن و لەوە زیاتر فریویان بدەن؟ هەروەها واز لەوەش بڵنن، کە لە Paltalk بەو خەڵکە سادە و بێگوناهە بڵێن فکری ڕۆژئاوا هەمووی نەزەکە.

لانی کەم ئەوەندە لەگەڵ ئەو گوێگرانە ڕاستگۆ بن، کە پێیان بڵێن ئەوە ئەو کافرانەن تواناییویانە من بگەیەننە ئەوە، هەتا بتوانم بە ئارەزووی خۆم جنێویان پێ بدەم و بڵێم فاشیلن. لە خۆتانەوە باسی (هیگڵ)، (فرۆید)، (نیچە)، (مارکس) و زۆری دیکە مەکەن مەلا بەڵێزەکان، مادام دوور و نزیک نایانناسن. ئەوە شتی وایان لەبارەیەوە دەڵێن، کە مرۆڤی هۆشیار لە قاقای پێکەنین دەدات.
ئەگەر ڕاست دەکەن و ئەوە لەوانە تێگەیشتوون، فەرموون وەرن لە کتێب، یان لە سایتەکاندا بڵێمان بنووسن و با ئێمەش باوەڕتان پێ بکەین، کە بەرهەمی ئەوانەتان خوێندووەتەوە و تواناتان هەیە ڕەخنەیان لێ بگرن. با ئەو موسڵمانانەی دیکەش لەو ڕەخنانەی ئەوە سوودمەند ببن.

ئایا ڕاستە (لینین) لە خواروی ئەفریکا (تڕۆتسکی)ی تیرۆر کردووە؟ ئایا ڕاستە مرۆڤێک لە ساڵی 1924 بمرێت، دەتوانێت ساڵی 1940 کەسێک بکوژێت؟ یان ڕاستییەکەی ئەوەیە (ستالین) لە مەکسیک، نەوەک لە خواروی ئەفریکا، شانزدە ساڵ دوای مەرگی (لینین) ئەو پیاوەی تیرۆر کرد؟ ئەگەر ڕۆژئاوا هەمووی وەکو (ستالین) بووایە مەلا بەڵێزەکان، ئەوە نەتاندەتوانی ئێستا ئاوا ئازادانە تەعبیر لە خۆتان بکەن.

ئەگەر هەرچی بیروباوەڕی ڕۆژئاوا هەیە هەمووی نەزەکە، ئەدی چۆن ئەوە لەژێر سایەی ئەو خۆشگوزەرانییەی هەتا ئێستا لەو ڕۆژئاوایە بە دەست هاتووە، حەواونەتەوە؟ نەڵێن ئێمە لەگەڵ دەستی خۆماندا هێناومانە، چونکە ئێمە کاتێک لە چنگی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانە دەرباز دەبین، سەدان کیلۆمەتر بە پێ دەبڕین، لە برسان ناڵەمان لێوە دێت، زۆرجار بە ڕووتی دەگەین، چونکە جلوبەرگ و پێڵاوەکانمان دڕوان. ئەگەر هەر کۆڵ نادەین و دەمانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت بگەینە ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەیە، کە سوور دەزانین ڕۆژئاوا لە سایەی ئەو فەیلەسووف و ڕەخنەگرانەی ئەوەڵ بە هیچیان دەزانن، توانیویەتی بە هەندێک خۆشگوزەرانی بگات، کە لای خۆمان لە خەونیشدا نایبینین.

کەواتا دەبێت بزانن هەرچی ئەمڕۆ بە دەست هاتبێت، ئەوە هەمووی بەرهەمی ئەو فەیلەسووفانەیە، کە ئەوە بە بێ ئەوەی یەک دڵۆپ خوێنی کتێبەکانیان خوێندبێتەوە، بە جاهیلیان دەزانن. ئەوە بەم

بیرکردنەوە و خوتبە ئێلیکترۆنیانەتان تەنیا مرۆڤی دەبەستن بەرهەم دەهێنن مەلا بەندەکان. مرۆڤێک، هەموو سیماکانی هیی کافرانە و تا بینەقاقای لە کفردا نقووم بووە، کەچی لەناکاو دەبێتە موجاهید و هەرش بۆ سەر ئەوانی دیکە دەبات.

هەر یەکێکمان هەزاران نموونەی سەیری لەبارەی ئیسلامیی ئەمڕۆوە هەیە. ئیسلام بەوانە دەپارێزن مەلا بەندەکان؟ ئێمە لە هەوشت و ئادابمان لاداوە، یان ئەوانە؟ کاتێکیش نووسەرێکی وەکو (ئەحمەد ئەلبەغدادی) دێت و باس لەو دەبەڕاییە دەکات، بە زەندیق لە قەڵەم دەدرێت و دەیدەنە دادگا. ئەو پرینسیپە، کە ناسیونالیزمی عەرەبی و تورکیی لە پشتەوەیە، زۆر ترسناکە، چونکە ئەوە پراکتیزەکردنی عەقیدەی سیاسەتە، نەوەک عەقیدەی دین. سووکایەتییە بە عەقیدەی ئەوانەی بە ڕاستی خواپەرستن، نەوەک لەبەر خاتری لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو.

مەلا بەندەکان بەشێکی زۆرتان لە هەگای ئەو دینەوە پارە و سامان پەیدا دەکەن و خۆتانی پێ دەژییەنن، لە کاتێکدا پێغەمبەری ئیسلام ئەو کەسانەی بە پارە قورئان دەخوێنن، بەو بلبلانە دەچوێنێت، کە لەسەر زبڵدان دەخوێنن. (ئەمەم لە سەردەمی هەرزەکاری لە هاوڕێیەکمەوە بیستووە، کە ئەمڕۆ یەکێکە لە مەلا ناسراوەکان).

کەواتە داوای تۆبە لە کێ دەکەن مەلا بەندەکان؟ من وەکو نووسەرێکی ئەدەبی گرانەوە، کە مامەڵە لەگەڵ فانتازیادا دەکەم، لەجیاتی تۆبە، پێشنیارێکی دیکەم بۆتان هەیە. وەرن دەتانبڕمەوە بۆ ساڵی حەفتا و بەو خەڵکە بڵێن، کە ئێوە کۆمپیوتەرتان بە کار هێناوە.

چاتتان کردووە. لە ماسینجەر ڕووبەڕوو لەگەڵ دانیشتووی ئەوروپادا قسەتان کردووە. باسی ئەو ماڵ و کەلوپەلانەی خۆتانیان بۆ بکەن. ئایا بە هەگەڵاوەتان نازانن؟ داوای تۆبەتان لێ ناکەن؟ مادام دنیای فانتازیایە، ئەوا دەتوانن بچنەوە لای خۆتان و ئەو قسانە بۆ خۆتانی ئەوسا بکەن، بزانن چیتان پێ دەڵێن.

ناڵێن ئێوە لەسەر دینی ئێمە نەماون؟ ئەگەر لەوێ هاتنی ئامڕێکی تەلەڤزیۆن بۆ ماڵ، خەڵکی پێ کافر ببێت، ئەی بە ئێوە بڵێن چی، کە ئەمانەتان هەن؟ ئەوسا دەبێت (شڕکێ بکەس)، (حسێن عارف)، (ڕەفیق سابیر)، (محەمەد حەمە باقی) و (کاکەمەمی بۆتانی)، کەێ نووسەرانی ئەدەبی ڕوانگەن و لەولاشەوە (فوئاد مەجید میسری)، (فازیلی مەلا مەحموود)، (فوئاد قەرەداغی)، (محەمەدی مەلا کەریم) و (کەمال

غەمبار)یش لە هەخنەگرانی ئەدەبی هاوکێ وانگە واز لە مشتومڕی ئەدەبی بڕنن و بەرگری لە ئازادیی ئاوە بکەن.

دڵنیام زۆر بەو بەسەرهاتەش سەرسام دەبن، کە ئاوە لە ساڵی دووهەزارودەوە بۆ ساڵی حەفتا گەڕاونەتەوە، چونکە ئەمە بابەتی چیرۆک و ڕۆمانە.

مەلا بەڕزەکان ئەوە ئاوەن بەو کردەوانەتان خەڵکی سادە و نەفام بۆ دژایەتیی قورئان و سووتاندنی هان دەدەن، ئەگینا سووتاندنی کتێب، ئینجا هیی ئاسمان بێت یان هیی زەوی، تاوانە و هەر لە ئاوە دەوەشێتەوە.

(بۆگومان مەبەستم لە هەمووتان نییە). باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک، چەندیش بڕدین بێت، لە داخی ئەو مەلایانەی، کە دوور لە توندوتیژی خواپەرستیی خۆیان دەکەن، بڕوا بە قورئان و دین بکات. ئەوە ئاوەن بەرپرسیاری ئەو شتە ناشیرینانە. هاوڕێیەکی لوبنانیم هەیە، ڕاستییەکەی فەلەستینییە و لە لوبنان لە دایک بووە.

ئەو هاوڕێیەم ڕۆشنبیرێکی ئیسلامییە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەی مەعریفەش بە ئاگایە. زۆرجار پێم دەڵێت: ((مارکس و نیچە و فرۆید فڕی خواپەرستییان کردووم)).
هەنگە ئەو وتەیە سەرەتا سەیر بێتە بەرگوێ، کاتێک دەزانین هەر یەکێ لەو سێ بیرمەندە هەوڵستی زۆر تایبەتیان لە ئاستی دیندا هەیە، بەڵام ئەو خۆی وەڵامی پێیە و دەڵێت: ((ئەوانە ووبەری بیرکردنەوەی منیان گەورەتر کرد. هەتا ئەو ووبەرەی بیرکردنەوەشم گەورەتر بێت، من زیاتر هەست بە نزیکیی خودا و خۆم دەکەم)). باوەڕ ناکەم هیچ کەسێ لەبەر ئەو هاوڕێیەم دژایەتیی ئیسلامی کردبێت، چجای قورئان بسووتێنێت!! هەر کاتێ بێتە ماڵەکەم، من هەوڵ دەدەم پێش گەیشتنی، هەموو ئەو شتانە لاببەم، کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەودا ناگونجێن، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو لە لای خۆیەوە ویستوویەتی بە شێوەیەک سەردانم بکات، کە نەبێتە هۆی بزارکردنم. ناتوانم خۆشم نەوێت و ڕقز لە خۆی و بیروباوەڕی نەگرم، مادام ئەو لە لایەک ڕقز لە خۆی و لە بیروباوەڕی خۆی دەگرێت و لە لایەکی دیکە لە من و لە بیروباوەڕیشم.

نایشارمەوە لەو پێوەندییەوە زیاتر فڕی ئەوە بووم، کە بیروباوەڕی بەرانبەرم چەند لە هیی خۆم جیاواز بێت، هەر ڕقزی لێ بگرم و بەرگری لێ بکەم، بە بێ ئەوەی ترسم لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆشم

هەبێت. لەو گفتوگۆیەی لەبارەی (ئەنفال)ەوە لەگەڵمدا کراوە، وتەیەکی ئەو هاوڕێیەمم هێناوەتەوە، کە دەڵێت: ((ئیسلامییەکانی دەستەڵات و ئیسلامییەکانی دەرەوەی دەستەڵات نەک هەر لە دنیای عەرەبی، بەڵکو لە سەرتاپای دنیای ئیسلامیدا، لە زۆر مەسەلەی تاکتیکی و ستراتیژی ڕێکن، بەڵام لە هەموو شتێک زیاتر لەسەر ئەوە ڕێکن، کە سەددام حسێن موجاهیدێکی پیرۆز و ژۆمی بەهێزی بەعس گەورەترین دوژمنی کوفر و کافران بوو)).

مەلا بەڕێزەکان بۆ یەکێک لە خوتبەکانتان بۆ ئەو مەسەلەیە تایبەت ناکەن؟ دەزانم نایکەن، چونکە نە ئەوە و نە ئەوانەی وەکو ئەوەن دەیانەوێت بە لای باسی ئاوادا بچن. ئەمە گوتارێکی یەکگرتووی گشتیی دنیای ئیسلامیی ئەمڕۆیە و نابێت لێی لابدەن. چاک دەزانن دڵی ئەو هەموو سەرکردە ئیسلامییانەی فەڵەستین، عێراق، میسر، ئوردەن و باقیی دنیای ئیسلامیتان لێ دەڕەنجێت، کە هەتا ئێستا وازیان لەوە نەهێناوە سووکایەتی بە کورد بکەن.

ناوی کوردستان ناهێنم، چونکە لای ئەوان ئەمە قێزەونترین وشەیە. هەر ئەمەی دەرەوە دەزانین ئەو برا ئیسلامییانە چەند جار لەسەر ئەو وشەیە سووکایەتییان پێ کردووین. بە دەگمەن کەسێکی وەکو ئەو هاوڕێیەی من دەبینیت باوەڕی وابێت کوردیش نەتەوەیە و زۆمی لێ کراوە. ئەوە پشت
لەو هەموو شتە ناشیرینەی دەکەن و پەلاماری هونەرمەند و نووسەران دەدەن. زنجیرە دراما ئادەگرن. بۆچی؟ چونکە دژی ڕەوشتە.

مەلا بەڕێزەکان، ئەوە پێتان وایە ئەمە ئاگامان لە دنیا نییە؟ لە فیلمی میسری ژنە سەماکەرەکان دەڵێن: ((خوا پشتیوانمانە، بۆیە خاوەنی ئەو هونەرەین)). لەو فیلمانەدا ژنی نیمچەڕووت، ئەگەر نەڵێم ژنی ڕووتی تەواومان بەرچاو دەکەوێت. (مەلا بەڕێزەکان لێم مەگرن، کە ئەمانەم بینیوە، چونکە منیش وەکو ئەوە تەلەڤزیۆن و سەتەلایتم هەیە و ئەمانە و لەمانەش خراپتر دەبینم.

ئەگەر خانووەکەم بە پێی شەرع و ڕێنوێنییەکانی عومەری کوڕی خەتتاب دروست بکرایە، ئەوسا بڕگومان شوێنی ئەو بتانەی تێدا نەدەبووەوە و گوناهبار نەدەبووم. ئایا بەو تێبەیەی داواتان لێ کردووم بیکەم، ئەو گوناهانەشم پاک دەبنەوە؟ یان گوناهم لە ئەستێی ئەو حوکومەتەیە، کە ئەم بتانە هاوردە دەکات و کەس نییە فەتوایان لە دژ دەربکات؟ ئەوە بۆ کەس ناوڕێت نەک ئەوانە خۆیان، بەڵکو ئاژەڵەکانیشیان لغاو بکات؟ ساڵی حەفتاوناڵ مەلاو خەتیبی مزگەوتی

ئازادی دەیوت شتێک هەیە بە ناوی زینای چاو. واتە زینا هەر ئەوە نییە، کە تۆ لەگەڵ ژنێکدا جووت ببیت، بەڵکو سەیرکردنی قژی ژنێکیش زینایە.

ئەڕۆ ئەوانەی ئێمە لەو سەتەلایتانە دەیانبینین، چیین؟). لە زنجیرە دراماکانی سوریدا، بەتایبەتی لەوانەی باس لە مێژووی ئیسلام دەکەن، ژنان بە ڕووتی لەگەڵ پیاواندا سەرگەرمی سەمان. ئەوە ئەوانە بۆ حەرام نەکراون و لە کەناڵەکانی سعودیە و یەمەن و کوەیتدا پێشان دەدرێن؟ بۆ کەس هەڵەشە لە (حاتەم عەلی)، (باسل ئەلخەتیب)، (عارف ئەلتەویل) و ئەوانی دیکە ناکات؟ هیوادارم هەرگیز نەشیکەن، چونکە کێمەڵێک هونەرمەندی زۆر داهێنەرن.

ئەوە ئێوە بۆ لە یەکێک لە خوتبەکانتاندا ناڵێن دنیای عەرەبی بۆتە کافرستان و فیلم و زنجیرە دراماى بەدەوشتی دەردەهێنن؟ ئێوە لە شەستەکان و حەفتاکان، کە خەریکی قەدەغەکردنی ئامێری تەلفاز بوون، ئەوان لە بیستەکانەوە زۆرترین فیلمیان بەرهەم هێنابوو. لە بیستەکان سێ دەرهێنەری ژنیان هەبوو و ژمارەی ژنی ئەکتەر لە ژماردن نەدەهات، لە کاتێکدا ئێمە هەتا حەفتاکان و هەشتاکانیش پیاومان دەکردە ژن. ماڵی هونەرمەندانی وەک (عومەر چاوشین) و (ڕەسمی جەلال) و ئەوانی دیکەش ئاوا بۆت.

ئەوە زاناکانی ئەزهەری شەریف، کە ئێوە بە ڕابەری خۆتانیان دەزانن، بۆ قەدەغەیان نەدەکردن و نایانکەن؟ ئەدی ئەو سەکردە ئیسلامییانەی دنیای عەرەبی بۆ لە ئاستی ئەو کافرستانییە بدەنگن؟ وەک دەرکەوتووە لە دنیای عەرەبیی ئیسلامیدا ئەوەی بە پلەی یەکەم قەدەغە دەکرێت، ئەو فیکرەیە، کە دەیەوێت ئیسلام بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی هەیە، بخوێنێتەوە، ئەگینا تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگا دراوە لە فیلم و زنجیرە دراماکاندا ژن بە جلی تەنکی شەوەوە بە ڕووتی دەربکەوێت و لەسەر تەختی نووستندا لەپاڵ پیاودا بخەوێت.

لە بیرمە لە یەکێک لەو فیلمانەدا پیاوێک لە حەج دەگەڕایەوە، (عەباس فارس)ی ئەکتەر و (نەعیمە عاکف)ی سەماکەر بە موزیک و سەماوە پێشوازییان لێ کرد. کاتێ حاجییەکە ویستی پاداشتیان بداتێ، وتیان ئەستەغفیرەللا چۆن پارە لە کەسێک وەردەگرین، کە لە ماڵی خواوە گەڕابێتەوە. ئەویش زۆری دووعا بۆ کردن.

بەو منداڵییەی خۆم دەمتوانی جیاوازیی لەنێوان خۆمان و ئەواندا بکەم. بۆ دەبێت لای ئێمە هەموو شتێک حەرام بێت، کەچی لای ئەوان

هەموو شتێک، تەنانەت سەمای ژنی ووتیش دەچێتە ییزی خواپەرستییەوە؟ وەڵامەکەی ئەوەتا: مەلا بەڕێزەکان. بەڵێ، مەلا بەڕێزەکان و دەستەڵاتی پارتی و یەکێتی. ئەو دوو حزبە تەنیا ئاسایشی خۆیان مەبەستە، ئەگینا هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند هەڕەشەیان لێ دەکرێت و بە شەڕکەوە خەریک دەکرێن، کە دوور و نزیک پێوەندیی بە داهێنانەوە نییە.

مەلا بەڕێزەکان ئەوەی ئێوە دەیکەن، نیشانەی بەهێزییتان نییە، بەکو مانای ئەوەیە بڕەهێزن. وەک (ئیبن خەلدوون) دەڵێت کاتێک کێتەرەدارێکی سووتاو دوا گڕی خۆی نیشان دەدات، ئەوە مانای کوژانەوەیەتی. مەبەستم کوژانەوەی کەسانی وەکو ئێوەیە، نەوەک هیی ئیسلام، چونکە هەرگیز ئێوە نین بەم قسە و هەڵسوکەوتانەتان ئیسلام دەپارێزن و لەگەڵ کوژانەوەی هیچ بیروباوەڕێکیشدا نیم.

ئەو حیکمەتە چییە ئێوە پەیڕەوی دەکەن؟ لە مزگەوتەکان بە خەڵک دەڵێن ئیسلامەتی نەماوە و لەبەر خراپەکاریی موسڵمانان، ئیسلام زۆر بڕەهێز بووە، کەچی لە دەرەوە دەڵێن ئیسلام زۆر بەهێزە و لە سەدا نەوەد و قسووری خەڵکی ئێمە موسڵمانن؟
مەلا بەڕێزەکان ئێوە هەندێکتان خەریکی ئەم شتانەن، بۆیە بەردەوام قسەکانتان وەکو نوکتە دەخرێنە سەر یوتووب و دەبنە مایەی سەرگەرمیی خەڵک. هەتانە بەهەشتی بە شێوەیەک بۆ خەڵک وەسف کردووە، کە ئەگەر ئێمە لە چیرۆک و شیعردا بیکەین، بە هەشت و نۆ فەتوای کوشتنمان بۆ دەردەکەن. (بە کەیفی خۆتان عەللاگە لە ئێسقانمان پێ دەکەن).

ئەگەر هەزاران خەڵک بۆ ئەو قسە بێتامانە دەگرین، ئەوە لەبەر ئەوەیە ئێوە لەبارەی دین و مێژووی عەرەب و ئیسلامەوە هیچ شتێکتان پێ نەوتوون. هەموویتان بۆ دوو ڕستە کورت کردووەتەوە: ئەوەی خراپە بکات، خۆی لەگەڵ دۆزەخ دەبینێتەوە و ئەوەی چاکە بکات، دەچێتە بەهەشت. ئەو چاکە و خراپەیە چیین؟ ئەوا هەر خۆتان دەیزانن و پێوەرەکەتان بۆ داناوە. بەشێکی زۆری لەو سەدا نەوەد و قسوور و لەو دوو میلیاردەی بەردەوام دەیڵێنەوە هیچ لەبارەی دین و مێژووی خۆیانەوە نازانن، بۆیە قسەی ئێوە گوێی لێ دەگیرێت، ئەگینا ئەوەی ئەو مەلایە لەبارەی بەهەشتەوە وتوویەتی، لە کوێی قورئان و حەدیسدا نووسراوە؟

ڕێزم بۆ هەر کەسێک هەیە، کەڵ بە هۆمنی خەریکی خواپەرستییە. ئەوە ئێمەی ڕۆشنبیرین، کە بەرگری لە ئیمانی ئەوانە دەکەین و سێ ساڵ

لەمەوبەریش هەر لەو گفتوگۆیەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، پێم لەسەر ئەوە داگرتووە.
دەمەوێ وەک تێبینییەکیش ئەوە بڵێم، کە من لێرەدا بە ناوی ئازادیی نووسەرانەوە قسەم کردووە و بەرگری لەو ئازادییە دەکەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ هەندێک لەو نووسەرانەدا نیم، کە بە هەمان شێوازی ئێوە دەنووسن و لە تیقییەکانیش لەسەر ڕێتمی ئێوەڵ قسە دەکەن. ئێمە کە هەتا ئێستا بە زمانی ئاوا ڕوون و سادە، وەکو ئەوەی ئەم وتارەی منی پێ نووسراوە، قسەمان نەکردووە، ئەوا تەنیا لەبەر ئەوەیە بە ئاستی خۆمانمان نەزانیوە. هیوادارم ناچارمان نەکەن چیتر بەم زمانە وەڵامتان بدەینەوە.

-_____

تێبینی: ئەم بابەتە ئەگەرچی پێشتر لە سایتی (ئاوێنە)دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لەم ڤێرژنەدا هەندێک شتی دیکەی بۆ زیاد کراوە.

خوێندنەوەیەکی فەمینیستانە بۆ کۆچیرۆکی "دزگیرانی قوینەکەم"

سیران محەمەد سوورە

-_____

دەروازەیەك بۆ کۆچیرۆکەکە:

دزگیرانی قوینەکەم، کۆمەڵە چیرۆکی چیرۆکنووس "کازیوە ساڵح"ـە، ساڵی2012 لە چاپخانەی ئاراس، لەچاپ دراوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بیست و هەشت چیرۆکی لەخۆ گرتووە. هەژدە چیرۆك لەم کۆمەڵە چیرۆکە بۆ شێوەیەکی بەرچاو باس لە زوولم، شەرمە و کوشتنی ژنان دەکاتن. لاوازیی، نزمسێرکردن و لەشیش؛ وەك چەژ و سەرچاوەی دامرکاندنەوەی ئاگشی پیاوان، خراوەتە ڕوو.

نووسەر خەی ئامادەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە داواکردنی مافی

ژنان هەبووە، چ لە ناوەڕاستی کوردستان، چ دوای ڕووکردنە دەرەوە. کازیوە، جیاواز لە ژنگەلێکی نووسەر خوێندنەوەی بە کۆشش و پرسی ژنی کورد و ژنایەتیی (فەمینیزم)ی کوردیی جیاوازە. چونکە ناوبراو لەلایەك منداڵیی و گەنجیشیی هەر لەنێو نەریت، ژینگە و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆیدا بەسەر بردووە. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ڕووکردنە هەندەران و تێکەڵبوون بەو کۆشش ئازاد و یەکسانییەی، کە لەوێ لە ئارادایە؛ ئاگاداربوونی لە کارە ڕێکخراوەیی و بزووتنەوەکانی ژنانی ئەورووپیی و چەنیەتی هەوەستوەرگرتنیان بە ماف و ئازادیی ژن، تێگەیشتنێکی نوێی بە بواری چالاکی ژنان و بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستانداا، خستووەتە ڕوو.

بەشێوەیەك چیرۆکەکانی ڕێکخستووە، کە دەنگی کارەکتەری چیرۆکەکان، لە هەناوی لەبووردەیی، مرۆڤدۆستیی و یەکسانییی ڕێگەزییەوە ڕێبکاتن. کارەکتەرەکانیش ژنن و لەلایەن پیاوانەوە ناڕەوایی و زوومیان لێدەکرێت و دەچەوسێنرێنەوە، وەك کازیی و مەرام بەکارهێنراون و ڕێگەزەکەی تریش ئاڕاستەیی خیانیان لێبڕاوەتەوە. کارەکتەرەکان هەڵقوڵاوی ئەو کولتوور و سیستەمە دواکەوتووەن، کە هەمیشە ژن قوربانیدەر بووە و پیاویش وەها براوەیەك، کە بەشان و باڵیدا هەڵبگوترێت.

هەندەك لەو چیرۆکانە وەك (دەزگیرانە قوێنەکەم یان ژووری ژمارە 508، کە کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟ و مەیموونستان، ئەو سەوزەی دایکیشم بە خواردنی گوناهباری کردم، ژنەکانی جەنەرا و کچە ئازادەکە) جێگەی سەرنجن
چیرۆکنووس باس لە کۆشکانی ژن لە کوردستان دەکات. هەکردەکان و گرێکوێرەی دروستبوونی ئەم ئارەزانەش دەخاتە ڕوو، خودی بەربەستەکانیش کە هەمیشە نێر/ پیاو لە پشتیەتی، دەخاتە بەردەم نەشتەری هەڵخنە.

نووسەر لەم کەمەڵە چیرۆکە، خاوەنی بیرۆکەی یەکسانییخواز و داکۆکیکاری ژن دەردەکەوێت. لەو ڕوانگەی، کە ژنی کورد هەمیشە ڕووبەڕووی کەمسەیرکردن و هەڕەنەوەی ژن وەك زەعیفە، خزمەتکار و تەرکاری ئەو "ژنەڵا/ پیاو"ـە بووە، کە گوایە هەشکی ڕەهای هەیە و بەرزترە لە ژن و ژن زێتر سەزی هەیە. بەیە پیاو مافی بەسەر ژنەوە هەیە، خاوەندارێتی بەسەرەوە بکا، لەگەڵی ڕابوورێت و ئارەزووەکانی خۆی لە تەر بکات.
هەوڵی ئەم خوێندنەوەی ئەم کەچیرۆکەیە، لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازی بزووتنەوەی ژنان، کە ژنان خوازیارینی و کاری بە دەکەن و

لە ژیانی کارەکتەرە سەرەکیی و لاوەکییەکانی نێو کێبڕکێکەش "دەزگیرانە قوینەکەم"ـەوە هەنگ دەداتەوە.

گۆڕانی هاوسەرگیری ژن و مێردەکە، چەند ڕەژەکی ماوە، کە سێ ساڵ پەیوەندیی وسێ ساڵیشە هاوسەرن. بەیە پێکەوە لەماڵەوە وەدەر دەکەون، بە کەینی دیاریی بە یەکتر. بەڵام چەند کەسەکی، ڕیشن ئاسنی سەرووی چەترەکەیان دەکەنە نیشان و ئومێدی هاوسەری ژنە دەپێکرێت و ژنەش لەخە دەچێت. تەنیا هەوشاری سەگی هاوگەیان ئەم هەواڵە دەگەیەنێتە بەڕێوبەری خوێندنگەکە و ژیانی ژنەکە ڕزگار دەکات. سەگێك وەفاکەی هەر ئەوە نییە، کە بژێویی بە ماڵەوە پەیدا دەکات، بەڵکو شوێنی ئەو مرۆڤە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ دەکوژێت. بەیە

سێگ، لە مرۆڤکان مرۆڤانەتر و وەفادارتر دەجووڵێتەوە.

دوای ئەم ڕووداوە، سێگ کار دەکا و لەگەڵ ژنە ژیان دروست دەکەنەوە، ژنێك، کە شکەمەندیی و شەڕەف لە ژیان لەگەڵ سێگدا دەبینێت، نێك لەگەڵ باوکێکی پیاوسالار. نایەوێت ژیانێك بژێت، کە لەلایەن هاومرۆڤکانیەوە، تا ڕادەی پەمەترسیی بەبەها کراوە. دەستاتێك دامادراوە لە یاسای مرۆڤیی. شێ بە ئیدیلەژیا؛ کوشتنی مرۆڤ و زیادکردنی پێوکار و لایەنگرانە. نێك خزمەتکردنی مرۆڤ و شارستانییەت.

لە کۆتاییدا ئەوی گرنگە بگوترێ، ژیانی کارکتەر و کۆشی ئەم چیرۆکە، لە هەمان دەخی ژنانی کەبانە دەکا، کە ماڵ/ خاکیان ڕزگار کرد و ژیانیان دروست کردەوە. ژنانێك بەرگریی لە مانەوە و ئازادیی خۆیان کرد. ژنانێك نە چوونە ژێر دەستاتی خەسڵەتنەر و ڕیشنکانەوە نە چووشنە ژێر دەستاتی پیاوسالارییەوە.

ئەنجام

لەم نووسینەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

1- ئەم بابەتانەی چیرۆکنووس وروژاندوونی، کۆشەی زەق و بەرچاوی ڕەژانەی ژیانی ژنی کوردە. زیاتریش ئەم بیرە فەمەنیستییەی تێدا دەبینرێت، سەرەتاییە، یان بەپێی قۆناغی ڕەخنە و بەرهەڵستکاری فەمنیستییە. قۆناغێکە، کە دەتوانێت هەنگاوی زێتری تێدا بهاوێژێت، بەڵێ لە قۆناغی ئاوەڵەمە بوونی ژنایەتیی کوردیی جموجۆڵکی ژنانە نمایش دەکات. بیرۆکی ژنانە، دەنگۆکی ژن، گەڵێك لە کۆشکانی خەزان و کەمەگەی کوردیی دەوروژێنێت. کە کەم نووسەر توانیویانە بەم شێوە کۆچیرۆکییە، بە بیرۆکی فەمەنیستانە، کاری خۆی دەست پێبکات و تەشیدا سەرکەوتوو بێت.

2- زیاتر لە هەر شتێك ئەدەب دەتوانێت ڕەنگدانەوەی دەنگی ژن بێت و ژن بتوانێت وەنای خۆی و ناخی خۆی تێدا هەبەڕێت و ڕەو و کاریگەریی خۆیشی بخاتە ڕوو، لە ململانێی مەژووی ژیانی مرۆڤ، کە کۆچیرۆکی "دەزگیرانە قوینەکەم" دەنگ و وەناکاری دەنگی ژن، مەیل و خولیاکانی ژنە، بە ماف، ئازادیی و یەکسانیی.

3- چیرۆکنووس هەندە لە بیر و بۆچوونکانی لەمە ژنی کورد، ئەرەنی نیین، بەڵکو وەنەی ژن زیاد لەوەی، کە هەیە شێوەندراوە. واتە ژن،

یەجگار ئەو پەیوەندە نییە، کە چیرۆکنووس دەیەوێت ئازار و چەوساندنەوەی بەرچاو بخات. بەشێك لەمەش بۆ چالاکنەبوونی مێدیای کوردیی دەگەڕێتەوە. بۆیە دەبێت نووسەر ئاگایی بەرانبەر بەم هەبێت. چونکە پیاوی کورد یەجگار ئەو زاڵمە ژنکوژ، مافخۆری ژنەش نییە بە تێگەا، کە تێگەیشتنی چیرۆکنووس تێیدا دەور دەکاتەوە. وەجا ژنی کورد تەکەا داماڵدراو نییە لە ئازادیی و ماف. دەکرێ بەپێی لێگەڕانە سەرهەڵدانی ئیدیۆلۆژیای حزبی ئیسلامیی و بنەمابوونی ئەقڵی خۆی لە حزبە عەلمانییەکانی کوردییدا، دەنگی ژن ناوشیارانە کپ کراوە. بەڵام لەهەمانکاتدا وێنەی هەر بینراوە. ناشبێت ئەو تێگەیشتنە زەقبێتەوە، کە ژن لە کەمێی کوردەواریدا هیچ بەها و بڕزێکی بە دانەنراوە.

4- چیرۆکنووس جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەکارەکانی چەوساندنەوەی ژن یان وابەستە بوونی ژن بە گەڵەك لەو گرێکێرانەی لە کەمەگەدا هەن و بوونەتە خاڵی لاوازیی، هەر تەنیا لە دەسەاتی باوکسالارییدا هەنگ نادەنەوە، بەڵکو هەر ئەو دەسەاتە هەگەزییەی پیاو هەیەتی، لە ئایین، سیاسەت و تەواوی جومگەکانی ژیاندا دەبینرێت. بە شێوەیەکیش هەگی داکوتاوە، کە دەبێت بە وردیی و هۆشارییەوە کاری بۆ بکەین و کەمەگەی کوردیی لە وێناگا بهێنرێتەوە.

****

سەرنج: ئەم خوێندنەوەیە بە دوو بەش لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە 249 و 250 باوکراوەتەوە.

****

پەراوێز و سەرچاوەکان:

* بۆگەردیی: ئەم زاراوەیە، زمانی پیاوە، کە لە هەگەیەوە ناسنامەی بە ژن داوە، ژنی پێدەناسێنێت و پێی کوتوبەند دەکات، ئەمە لەرەدا بەکارمان هێناوە، وەك لایەنی کردەیی خوێندنەوە بۆ ئەم کۆچیرۆکە. ئەم زاراوانە نموونەیان یەجگار زۆرە: حەریی، فریشتە، شەرەژن، مەلیکە، پەریی، خانمیخانمان،… ئەمەش هەمووی داهێنراوی زمانی پیاوە بۆ مەیل، حەز و خولیاکانی خۆی. سەرباری ئەمەی وابەستەکردنەوەی خوێندنەوەکەمان بە فەرهەنگی کوردیی، بۆ زێتر کاریگەریی دانان خۆمان لە بەکارنەهێنانی زۆر وشە نەپاراستووە.

_____-

1- کازیۆ ساڵح، ئاسمان لە هەموو شوێنێك شینە- کەمەڵك دیمانە،

چاپخانەی ئاراس، چ1، هەولێر- 2013، ل 61- 62.
2- عەبدوڵا ئەج ئالان، قەیرانی شارستانی لێخۆڕھاتی ناوین و چارەسەری شارستانێتی دیموکراتی، ل 472.
3- ئەحلام مەنسوور، گرەوی چاوکانی ئەم- ئەزموون، چاپخانەی ئاراس، چ1،هەولێر- 2008، ل 38.
4- کازیو ساج، دەزگیرانێ قوینکەم، چاپخانەی ئاراس، چ 1، هەولێر- 2012.

شەکەت تر لەجادە … سوھەیلا مەھەمی

بەخەڵکدا نووستوم و
دەستم لە پرچی خەونە زیوانەکانتە
قاوەکان قامکم دەکرێژن
چاوی شەوم قەپووت دەچن
مەگەر زەردەپەڕ ناگاتە من؟
چەندەم بێ تێ درێژ
دەوا
ھەر بێ شێخی
بەم ھەموو تاریکییە
چاوم چڵن دەتروکێ و دڵم ناوەستێ
ئەلزایمەر
ھەدەمژێ رووناکی
رووناك کچك بوو
بەشی بریندەکانی
کورت بوو
ملپچە شینەکەی
بە فەرشی سووری رەگاکەیدا
لە زمانی رەشی دیوارەکاندا
یادەوەری بەرد باراندی
رەگا درێژ دەبێتەوە
چاوم پێ ناکات لە شەقەی باڵی سپێدە

دارستان وەهمەکە
لە بروسکەی قاقای تەوەر
ژنێك بە عادەتی عەسرەکانی
ئاواتێك دەدا لە گزنگی ئێوارە
لە ناوەندی وشە ماندووەکانیدا
لێچ دەخەنە تووڕی ئاو
کچانی شین
ئاوا دەبێ ئاواتەکانیان
لە بەبەی شیعرەکانمدا
خەونی ڕەبواران بێ ئاسمان دەبات
ئوتوبووسێکی بەرزەخی
لە کەش و هەوایەکی خوارتر لە
مردن
عادەتەکانمان ئاسایی ئەچێ
لاواز بەشکە
لە ژیان
وەکوو نیش/تمان
دەبمە مرچە کێ دەکەمەوە
زستانەکانی هێلانە
ژمارەی پڕاوەکانی ئەم ناوە
چەندەم تلیقاننەوە
مەمکی بێدەنگی لە دەم
دەنێ خەم و
زام هەڵدەمژێ
پێستم ئەستوورتر رادێ
پەرستارێك بەخییەکانی لە بیردەچێ
لەتێك سپیایی
ون دەبێ لە حەوشەی خوێنەکانمان
کە تفمان کردەوە
ئێمە جەغزی قاغەی فێنییین و
هەریمی دووکەڵ
بەبەی زەردی کەبەری،
لاپەڕەکانی سەردەمم
دەستەمێی خەونە زاوەکان
داکەوتین
زیەقانی جوغرافیای چاوەوانی
ئەقرەیەکانی لێ ون کردووم

دەکی ئازار چاو لە قاچ
دادەگرێ
پەنجەرە لەکانی ئەم ناوە
رکابەری بێ بەرامبەری تراژیدیاکانن
ئەو شەبەقدانەوەی دووری جادەکان
دەتەنگییەکە هەرمانی
شەکەتتر لە جادە.

سنە
سوهەیلا مەهەمی

ئەم شیعرەم لەژمارە (1056)ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ لە27/9/2018 بڵاو بۆتەوە

شانۆگەری (لە سێدارەدان) … جەلال قادر

ئەو سای گەنج بووم لە کۆتایی ساڵی هەشتاکان. بوون بە ئەکتەر و چوونە سەر تەختی شانۆ خەونی من و برادەرەکی شیرینم بوو.
دەرهێنەرەکم ناسی لەدۆڤری سلێمانی هەرچەندە زۆربەی کات سەرخۆش بوو، بەڵام کەسێکی ناوداربوو. چەندین جار داوام لێکرد هەرچەنێک بێت دەورەکم بداتێ و تاقیم بکاتەوە.
دەرهێنەرەکە بەمەرجێ رازیبوو دەورم بداتێ کە پارەی مەشروب خواردنەوە و گۆعدەی بێ سازکەم. پێمووت : برادەرکەم لە بنەماڵەیەکی زەنگینە… دەورەکش بدە بەو تا بتوانین داواکارییەکەت جێبەجێ بکەین.
دۆقی شانۆگەرییەکی نووسیبوو بەناونیشانی لێ (سێدارەدان).
من دەوری جەللادەکەم دەبینی، برادەرکەشم زیندانییەک بوو کە دەبوو لە کاتی لە سێدارەدان ڕازی دڵی خۆی بێیان کات. لە پاش چەندین پرۆڤە، ڕۆژی نمایش دیاریکرا. من و برادەرکەم لە دەورەکەی خەمان زۆر لە خۆبایی بووبووین و لە خۆشیا نەماندەزانی چیبکەین!.

کاتێ چووینە سەر تەختەی شانۆ…هەموو شت ئامادەکرابوو. جەماوەرێک

زۆر هاتبوون و بۆ تامەزرۆیی‌ەوە چاوەڕوانی نواندنمان بووین.
دەرهێنەرەکەشمان لە پشتی پەردەوە عارەقی دەخواردەوە هانیدەداین کە لە دەقەکە دەرنەچین و نمایشکی جوان بکەین.
لەسەر تەختەی شانۆ: پێتی سەدارەم بەست بە مەی برادەرەکەمەوە و پێموووت : دوا وەسیەتت چییە بۆ ژیان؟
_ من قسەیەکم نییە بۆ ژیان…
+ چۆن دەبێت قسەت نەبێت، جەماوەر چاوەڕێی تۆ دەکەن و دەیانەوێت بزانن دوا هەستی مرۆڤ چییە پێش مەرگ!.
_ دەمەوێت جگەرەیەک بکێشم. هەرکە دوا قومم لە جگەرەکەدا تۆ کورسییەکە لەژێر پێم لابەرە و کۆتایی بژیانم بهێنە.
جگەرەیەکم بۆ زیندانییەکە داگیرساند و دامە دەستی. لەپاش ئەوەی چەند قوومێکی لە جگەرەکەدا.
وتی : ژیان وەک جگەرەیە کەشان وایە هەر قوومێک و دوانی خۆشە پاشان دەبێت فڕێی بدەی.
کورسییەکەم لەژێرپێی لابرد. برادەرەکەم پێی کوتە لەرزین و چاوی سوورهەڵگەڕا و خنکا.
کاتێ دەستم بە سەر دەی برد، هەستمکرد بەڕاستی مردووە. خۆرا چوومە پشتی پەردە و هاوارمکردە سەر دەرهێنەرەکە و پێموووت ؛ ئەوە تۆ چیتکردووە ئەو ئەکتەرەمان بەڕاستی کوشت.

دەرهێنەرەکە دەستی گرتم و لەگەل خۆیدا هێنامیە سەر تەختەی شانۆ.
پێکەوە پێتکەمان لە مەی برادەرکەم کردەوە، تەرمەکەی کوتە خوارەوە.
دەرهێنەرەکە کە هێشتا بۆنی عارەق لە دەمی دەهات و مەستی بۆی نەدابوو، حەبلەکەی کردە مەمەوە و پێووتم : سەرکەوە سەر ئەو کورسییە و خۆت تاقی بکەرەوە.
هەرچەندە من دەمزانی کە ئەم دیمەنە لە دەقەکە نەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی برادەکەم مردبوو، سەرملێشوا بوو ئاگام لە هەڵتارم نەمابوو.
کە چوومە سەر کورسییەکە. دەرهێنەرەکە لێیپرسیم : لە دواساتەکانی ژیانت دەتەوێت چی بڵێت؟
کەمێک بیرمکردەوە و وتم : دەمەوێت بڵیم کە هەمیشە ڕاستیەکان شاراوەن!.

لەم کاتە جەماوەر کەوتنە چەپڵە لێدان. دەرهێنەرەکە کورسییەکەی ژێرپێمی ڕاکێشا. منیش بە پێتکەوە گیربوو دەموچاوەکەم و بەم کورە خنکام. دەنگم دەرناچوو بەڵام گوێم لەگەل چەپڵەی جەماوەر

دەزرینگایەوە.
لە دوا پەقاژەی ژیانم : تێگەشتم کە لەسەرتاوە نەدەبوو ئەو دەورە ببینم!.

هاودەم … شیعر : ایرج رزمجو … وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

شیعر : ایرج رزمجو
ئاواز : منوچهر چشم آذر
گۆرانی : داریوش اقبالی
وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

"""""""""

ئەی هاودەمی ڕۆژ و شەوم
….دەستی دەرینی من
ئەی نیشانەی عەشق و وەفا
….مایەی دڵنەوایی من
لە عەشق عاشقتر تۆیت
…. سەرچاوەی ئاسوودەیی من
شایستەی خۆشەویستی تۆیت
…. مایەی ئارامی من
بە تەنگەوە هاتووی عەشق تۆیت

نزیکترین کەسی
….لە ڕازەکانی من
ئەی ئاشنا بە ئازارەکانم
شیعری ئاوازی من
سازی منی
سازی منی

لە عەشق عاشقتر تۆیت
سەرچاوەی ئاسوودەیی من

لە باخانی ئەندەشەما
پەپولەی گەلاکی من
هەردەم مەبەستی منی
کەعبەی هیواکانی من
لەبیرما هەر تۆیت
گەورەتر لە خەیاڵی من
تەکیەگای هەستم تۆیت
دیارتر لە ووشەکانی من
ئەی بەهانەی هەر جوڵەیەکم

لە عەشق عاشقتر تۆیت
سەرچاوەی ئاسوودەیی من
شایستەی خەشویستی تۆیت
مایەی ئارامی من
هاودەم…
دەستی دەرینی من

شاعیری کەری کو ئۆن – شیعری بەجەهەشتراو … و: نەژاد عزیز سورمە

ئەگەر لە توانادا بووایە
ئەگەر بەڵاستی بلوایە
بەچی چەند چرکەیەك نەبوو ،
بتوانین لە نوێوە ،
لە ڕەحمی دایکانمان ،
ساتی لە دایك بوون
دەستمان پێ کردبووایەتەوە ؟
ژیان هەمیشە لەسەریەتی
تەنێ
گوێ لە دەنگی ،

شەپۆلە هاتووەکان بگرێ .
*
لەگەڵ ئەوەشدا
نابێ پشت لە خەباتی خوێنمان بکەین
سیپاهی ساڵان
کە پڕلم پڕ کوتان
وەک شەوشیتاڵی شەراو
لەرەو لەوە هەڵدەفڕن ..
*
کە هەژار بووم
تەنانەت فرمێسکیش نەدەهاتن ..
*

لە هەندێ ئەواردا
پشتی ساردم
بە پشکۆی دامرکاوەوە
گەرم کردەوە ..
ئێنجا بە ناچاری سۆزامەوە
سنگم گەرم بکەمەوە ..
لە شەوانی دیدا ،
قەسریم و
زەر بە سادەیی خەق بووم‌ەوە ..

چەندی خەژانی نەژمەردراوی سبەی
دەبنە ئەمڕۆ
من زەربەی جاران ،
تەنیا غەریبەک بووم
لە کورسیەکی پشتەوە ..
چیاکان لە زەردەپەڕدا ،
قووڕ قووڕ بوون ..
ئەو خەگایەی لە سەرم بوو بیبەم
وا دەردەکەوت
درەژتر بە لەوەی پێیدا هاتووم .
*
با هەیکرد ..
هەیکرد ..
*

ئەو □□ح بوو دەیلوراند ،
یان شیعر ؟
هیچ □□ژە خەم
کەین و فرەتنی لەسەر نەبووە
کەوایە خەمبار بە !
وەك چرایەك
بە درەنگەوە ، دوور دەوەستە ..
*
لەوانەیە ، لە هەستم بەدەر
هیچم بۆ نەهێشتبە
که شتەکم
لە دوای خەمدا جێهێشتووە
لە کاتەکدا
تەم پەرت دەبوو ..
لەو جێیەی لێی بووم
خەرا هەستام
□□نگە لە کەناری □□ژاوا بوو بە
نزیك
□ادیکاەترین تەقەلان
لە نیوەدوورگەی(تایان)دا .
بە□ی ئەو □□حەك بووبە
لە قەناخەك
لە قەناخەکانی ژیانمدا دەیلوراند
یان شیعر ؟

* کو ئۆن : شاعیری کەری کو ئون ئابی 1933 لەدایك بووە ،
یەکەکە لە پێبەرهەمترین شاعیرانی کەریای سەدەی □ابردووە .
بەهەی چالاکی سیاسی و داکەکیکردنی لە دیموکراسی لە وەاتەکەیدا
زیندانی کراوە ، بۆیە بە شاعیری بەرگریکار لە نیشتمان و
هاونیشتمانیانی ناسراوە .

بۆ دەقی شیعرەکە بڕِوانە :
http://www.poetryletters.com/mag/%d9%82%d8%b5%d8%a7%d8%a6%d8%af-%d9%85%d8%aa%d8%b1%d8%ac%d9%85%d8%a9/%d8%b4%d9%90%d8%b9%d8%b1%d9%8c-%d9%85%d8%aa%d8%b1%d9%88%d9%83/

سەلام عومەر جوانی بە خەی دەبات زیرەک کەمال ...

سەلام عومەر بەر لەوەی زمانی بە شیعرء وشە ئەدەبییەکان بپژێء لەنەو ئەو دنیا سەرامەدیء رەنگاڕەنگییەدا فەراژی بەت، وەکو لاوەکی خەباتگێڕء نیشتمانپەروەرء هەستکردن بەرامبەر مەسەلەی رەوای گەلەکەی پەیوەندی بە دەرینترین حزبی ئەم وڵاتەوە کردووە، لە نەو دنیای تاریکء مەترسیداری بەعسدا بەنهەنی بە ئازادی وڵاتء نیشتمانەکی ئازادیء گەلەکی بەختیار لە خەبردووانە گیانی خەی خستەتە سەر لەپی دەوزمەی مردن.

بەڵام دواتر تێگەیشتووە مرۆڤ بە تەنها بە رێگاو کارەستەکانی سیاسەت ناتوانێت خزمەتی وڵاتەکەی بکات، بەوای وابوو سیاسەت بە تەنها دەرفەتی خوەندنەوەی واقیعء ئاماژییەکانی ژیان نایەت، بەیە بە قادرمەی خیاڵەوەی دەستی بە قژی رەنگاو رەنگی پەلکە زێڕینەی شیعرەوە گرتء دواتریش رووەء دنیای هەزار رەنگی خیاڵەء سەرامەدی ئەدەبء زمان هەنگاوی نا. لەوەش چەندین بەرچنەی میوەی چل تامی دایە خوەنەرەکانی، سەلام عومەر تاکو ئێستا چەندین کتەبی شیعریء بابەتی ئەدەبیء رۆژنامەوانی بەاوکردەتەوە، دواکاری جوانیشی (رەمانی جن بە خەیم دەبا) بوو.
منداڵی بەخوەن ئاودراوە، خوەن نەک تانء پەی ژیانی منداڵی داپۆشیوە، بەڵکو لاوەتی شاعیرەکەشمانی بە خەی بردووە، منداڵیء لاوەتی دوو قۆناغی یەکجار گرنگن لە ژیانی هەر مرۆڤکدا، ئەگەر منداڵی بە هەموو پەوەرەکان، بریتی بەت لە پاکیزەییء یەک پارچە لە رەنگاڕەنگییء جوانی، ئەوا لاوەتی بەهاری تەمەنی مرۆڤء حەزء تاسەو وزەء چێژە رەحیيء دەروونییەکان هەڵپەی خەنمایش کردنیانە بە ناو کایەکانی ژیان، بەڵام لەرەداو بە گوزەرەکی شاعیرانە بەنەو رەمانی (جن بە حەیم دەبا) تەدەگەین سیاسەتی دیکتاتەرء سەختی ژیان، لەنەگەڵاون سەلام عومەر لەنەو دونیای رەنگاڕەنگییء سارای بەگوە چنراوی ئەو دوو وەستگەیەدا ئاوا بڕی کە خەی ویستوویەتی، بەڵکو ئەوە سیاسەتە ماهییەتی ژیانء شوەنگەء شەوازی ژیانی سەلام عومەری لە فەمء ناوەڕۆکی خوەناوی ترسناک داشتووەء ئێستاش شاعیر بە حەسرەتەوە بە زمانی ئەدەب قسەی لەسەر دەکات، لاشەی خوەناوی

ئامانجی دراوسێی تووشی شکی کردووە، هەبەت خۆیەتی منداڵ!!!

لە بارەی یادەوەری قسەیک هەیە دەڵێت رووداو چەندە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دانابێت، ئەوەندەش لە یادەوەری ئەو مرۆڤدا دەمێنێتەوە، بەیەش شاعیر دیمەنی دڵتەزێنی لاشەی خوێناوی ئامانجی خستەتە دوو تۆی ڕەمانکەی.

دواتر نووسەر بە خەیاڵەوە دەچێتە سەر هەسارەو، بەڵام ئامانجی برادەریشی لەگەڵدایە!! کە دەبێت مەبەستی نووسەر لەو سەفەرە خەیاڵییەیە چوون بە سەر هەسارە تەکنەکردنەوە نەبێت لە زەوی؟! زەویەک لاشەی برادەرەکەی لە خوێن وەردابێت، کە دەبێت مەبەستی ئەوە نەبێت لەو بەرازاییەوە بە زەوی بڵێت ئەها من چەندە لە تۆ باترم؟ یان کە دەبێت مەبەستی نووسەر لەو سەفەرە خەیاڵییە ڕەزو خۆشەویستی نەبێت بە میرزا مەنگوڵی ڕەشنبیر کە زیاتر لە پێنجا ساڵە پێش ئێستا بە خەیاڵە گەشتی مەریخی کرووە لە بەرامبەر ئەمشدا جەهلی کەمەگاو سەلەفیەتی فیکری لە ماڵەکەی خۆی بەردبارانیان کردن، هەبەت یەکێک لە خەسڵەتەی مەرکە هەرە جوانەکانی ڕەمانی (جن بە خەیم دەبا) ئەویە کە نووسەر خوێنەر لە پانتاییەی قەناغێکی دیاریکراوی مێژوویی ڕاناگرێت، بەکو دەستی دەگرێتە دەوانەی دەوەن گوندە بە گوندەی شار بە شار دەیگێڕێتە لەناگەڵت لە شوێنکی دیاریکراودا چەق ببەستێتەی گرمەبەت، لە وەستگەی منداڵی خەیەوە بەرەو دنیای خەیاڵی سەر هەسارە لەوەوە بەرەو دنیای سیاسەتەی پەشمەرگایەتیەی دواتر جەنجاڵی شارەبانی کارباەی ئازەی تەنگژە قووڵکانی ژیان، ئەو ژیانەی سیاسەت خەریکە لە گرێژنەی دباتەی لەبنەی پێتکەوە دەری دەهێنێت، نەفەسی شیعریەی چێژی زمانەی گەمەی فەنتازیا بەتانەی پێی ڕەمانکەوە دیارە، هەبەت نووسەر بەر لەوەی ڕەمان نووس بێت ئەو وەکو شاعیر هاتەتە ناوو دنیای ئەدبەی ڕەشنگەری، بەیەش هەر کەسک تێبگات، دەزانێت نووسەری (جن بە خەیم دەبا) شاعیرە، لەگەڵ ئەمشدا دەشکانەی خەمکی قووڵە بە نووسەری ئەو ڕەمانەی بگرە کەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی (سەلام عومەر)ەوە دیارە، جا چۆن وانابێت!! کەسک خەی شاعیربێتەی زەمەنی منداڵی لە درزابێتەی لاوێتی وەران کرابێتەی سیاسەت ئاوارەی کردبێتەی هاوفیکرەکانی بەپێی پەویست نەیان ناسیبێت چۆن غەریبەی دەشکاو نابێت.

گرنگی خوێندنەوە بۆ منداڵان... ڕەزا شوان

خوێندنەوە ئاسانووە نییە، بەڵکو یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە لە دوای هەڵمژینی هەوای پاک و خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و نووستن و یاری، ریزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە.. خوێندنەوە خۆراکی مێشک و ڕووحمانە، پێویستییەکی گرنگە بۆ گەشەکردن و زاخاودانی هۆش و هزر و بیر و زەینمان.. کلیل و دەروازەیەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری و زانستی و بابەتی هەمەڕەنگ.. دەلاقەیەکە کە لە میانیەوە دەتوانین زانستی و ڕۆشنبیری و داهێنان و زادەی ئێندێشە و بیری کەسانی تر ببینین.
خوێندنەوە فاکتەرێکی سەرەکییە لە شارستانێتی و پێشکەوتن و ناسنامەی ڕۆشنبیریی هەر نەتەوەیەک، نەتەوەی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، نەتەوەیەکی سەرکردە و پایەدارە.
خوێندنەوە بەشێکی گرنگە لە زمان، بەشێکی تەواکەریشە لە دروستکردنی ژیانی کەسایەتي.. تەنیا ڕێگەشە بە داهێنان و بە دروستکردنی داهێنەران و نووسەران و بیرمەندان و هونەرمەندان.. هەروەها خوێندنەوە بناغەی پەروەردە و فەرکردنیشە، لەکەینەوەیەک ئەوەی دەرخست، کە لە (لە سەدا حەفتا)ی ئەو زانیارییانەی کە مرۆڤ فێریان دەبن، لە ڕێی پەرتووکەوە وەریان دەگرن.
(ستیل) دەڵێ:" خوێندنەوە وەرزشی مێشکمانە"

خوێندنەوە بریتییە لە وەرگرتنی هەموو ئەو بابەتانەی کە نووسراون و لەبەر چاومانن.
لەم سەردەمەشدا، خوێندنەوە تەکنیکە بۆ ژیانمان بووە و بووە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمان.. پەرتووک و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان هێندە زۆر و هەمەچەشنن، هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت بیان خوێنێتەوە، چێژ و خۆشی و سوودیان لێوەربگرێت، گرنگی و چێژی ڕاستیی خوێندنەوەش، ئەو خوێنەرانە دەیزانن، کە ڕۆژانە خولیای خوێندنەوە بوونە و ناتوانن بە بێ خوێندنەوە هەبکەن.
دینە سەر کرێکی باسکەمان، کە گرنگی و سوودەکانی

خوێندنەوەیە بۆ منداڵان. خوێندنەوە کۆمەڵێکی گرنگە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان.. لێم پرسیار دەکرێت:
کە (خوێندەواری ئەمڕۆ.. سەرکردەی بیانییە)
پەیوستە بایەخ بەم بابەتە بدەین، هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانمان بیان کەین بە هاوڕێی پرتووک و گۆڤار و هەگری خوێندنەوەیان بکەین، تا بە هەمیشەیی خووی پێوە بگرن.
لە سەرەتادا پەیوستە ئەوە بزانین، کە چ پرتووک و گۆڤارێکیان بە هەندە بژێرین؟
گەر ویستمان پرتووک بە منداڵەکانمان هەبژێرین، پەیوستە قەناغەکانی تەمەن و
گۆشەکردنی دەروونی و پەروەردەیی منداڵەکانمان لەبەرچاو بگرین، چونکە هەر قەناغێک لە قەناغەکانی منداڵی، تایبەتمەندی و پێداویستی و ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی زمانی خۆی هەیە.. تا بچێی ئەو قەناغ و پێداویستییانەیان، پرتووک و گۆڤارەکانیان بە هەبژێرین.. گەر پرتووک یا گۆڤارێکی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگی جوان و ساکار، بخەینە بەردەستی منداڵێکی ساواوە.. سەرنجی ڕادەکێشێ و مەیلی سەیرکردنی وێنەکانی دەکات و پێکەنینی هەدیاتەوە.. پەیوستە پرتووک و گۆڤاری گونجاوی تری پێشان بدەین.. تا بارە بارە هەگری پرتووک و گۆڤار دەبێت.
لە وڵاتانی ئەورووپیدا، من لە پرتووکخانە گشتییەکانی نزیک و سوید تا ئێستا چەندین جار لە بەشی منداڵان لە پرتووکخانە گشتییەکانی شارەکانی ئێم دوو وڵاتەدا، بینیم و دەبینم دایکان، ساوای یەک ساڵان دێنن بۆ پرتووکخانەکان، کە بۆ دایان پرتووکی وێنەداری ڕەنگاورەنگی گونجاو و جوان و سەرنج ڕاکێشیان تێدان.. کە بۆ تایبەتی بۆ ئێم تەمەنە منداڵییە چاپکراون، دایکان پرتووکە ڕەنگاوڕەنگان پێشانی منداڵە ساواکانیان دەدەن، هەندە لە وێنەکان دەنگی موزیکیشیان لێگەڵ دایە، بۆ نموونە: لێگەڵ وێنەی چۆلەکەدا، پێنجە بۆ دووگمەیەکدا دەنێن کە لە لاپەڕەی چۆلەکەکەدایە، چۆلەکەکە دەجریوێنێت، منداڵە ساواکان چێژ لە وێنەکان و لە دەنگەکانیش دەبینن.
دوو هەفتە جارە، یا لایەنی کەمەوە، مانگی جارێک باخچەکانی منداڵان، منداڵەکانیان دەبەن بۆ بەشی منداڵان، لە پرتووکخانەکانی شارەکانیان کە بۆ سەدان پرتووک و گۆڤاری گونجاو و سیدی چیرۆکیان تێدان، بۆ قەناغی منداڵانی باخچەی ساویان و بۆ قەناغەکانی تری.. دەیانەوێت لە منداڵییەوە هەگری پرتووک و خوێندنەوەیان بکەن.

تۆژنەرەکانی بواری منداڵان، قۆناغەکانی منداڵییان، کردوون بە پێنج قۆناغەوە، تا بەپێی قۆناغەکان پڕتووک گۆڤاریان بۆ دابین بکەن.. کە ئەم قۆناغانەن:
١ـ قۆناغی ساوایی (قۆناغی بەرایی منداڵی) لە (لانکەوە ـ بۆ ـ چوار ساڵان)
٢ـ قۆناغی ئەندێشەی دیارکراو (چوار ـ بۆ ـ شەش ساڵان) ، (قوناغی باخچەی منداڵان)
٣ـ قۆناغی ئەندێشەی ئازاد (شەش ـ بۆ ـ دوانزە ساڵان)، (قۆناغی خوێندنی سەرەتایی)
٤ـ قۆناغی سەرکێشی و پاڕاوانێتی (هەشت ـ بۆ ـ دوانگزە) ، (سەرەتایی و ناوەندی)
٥ـ قۆناغی دواکەوتوویی منداڵی (دوانگزە ـ بۆ ـ هەژدە ساڵان)
قۆناغی هەرزەکاری و مەیل و خەرشی ڕگەزییە.. قۆناغی (ناوەندی و ئامادەیی) یە.
لەم نووسینەماندا، منداڵانی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییمان خستۆتە ڕوو بازنەی باسکەمانەوە، کە قۆناغی ئەندێشەی ئازادە، واتە تەمەنی (شەش بۆ دوانگزە ساڵان).
خوێندنەوە و گۆشکردنی حەزی خوێندنەوە لای منداڵان، پەویستییەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە، لەبەر ئەوەی لە جیهانی ئەمڕدا، لە سایەی تەکنالۆژیا و داهێنانی نوێدا، زانیاری و گۆڤان و پێشکەوتن بە خێرایی سەرهەڵدەدەن، فێرکردنی فەرمی بەس نییە بۆ مەستکردنی پێداویستییە هۆشی و دەروونییەکانیان.. بۆ ئەوی منداڵانی ئەمڕمان، نابڕەد و بۆ ئاگا نەبن و بتوانن لەگەڵ ڕەوتی داهێنان و پێشکەوتن و پەویستییەکانی ئەم ڕۆژگارە جێنجاڵ و خێرا گۆڤان و داهێنانەدا دەربەرن و لە شەمەندەفەری پێشکەوتن و شارستانی نوێدا جێ نەمێنن، پەویستیان بە خودخوێندنەوەی هەمەڕەنگ و خۆشنبیریکردن هەیە.. چونکە خوێندنەوە لە هەموو بوارکاندا، بە تایبەتیش لە بواری کەمەایەتی و سەزداری و هەستیاری و دەروونی و جەستەییدا، یارمەتیی منداڵان دەدات.. لە بواری کەمەایەتیدا، خوێندنەوە یارمەتیی منداڵان دەدات کە لە جەر و واتاکانی پەیوەندییە کەمەایەتییەکان تێبگەن کە تاکەکانی کەمەگا پێکەوە گرێدەدەن.
لە ڕووی جەستەییشەوە، خوێندنەوە دەرفەتکی باشە بۆ منداڵان، کە لە دوای ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەیان بە تایبەتیش لە دوای یاری و چالاکییە جوڵەییەکانیان، پشووبدەن و بخوێننەوە و ئارامی بە جەستەیان ببەخشن.. لە بارەی گۆشکردنی سەزداریشەوە، کاتێ کە منداڵان سەرسامی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکان دەبن، ئەو

دەرفەتیان بۆ دەرخستن کە گوزارشت لە هەست و سۆزداریەکانیان بکەن.
هەندێ لە لکێنەوەکان، ئاوێنان ڕوون کردەوە، کە زۆربەی منداڵان لە ڕێی خوێندنەوەی پۆرتووک و گۆڤاری منداڵانەوە، خەیان ڕۆشنبیر و شارەزا کردوون و خەیان بۆ وشکانی زمانی دەوڵەمەند کردوون، لە پێش قوتابخانەی سەرەتایی دا، ئامادەیەکی باشتریان هەیە بۆ فێربوون و خوێندنەوە و تێگەیشتن و نووسین، بەراورد بۆ ئەو منداڵانەی کە ناخوێنەوە.. پشکی شێری ئەم ئاکامە ئەرێنییەش بۆ ڕاهێنان و هەوڵدان و هاندان و پێشبینی و دووربینی دایکان و باوکانی ڕۆشنبیریان دەگەڕێتەوە، کە خۆشەویستی خوێندنەوەیان لە دڵی جگەرگۆشەکانیان ڕووواندوون.
گرنگە کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، تواناکانی منداڵەکانیان و قوتابیەکانیان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا بزانن، بۆ چ جۆرە پۆرتووک و گۆڤارێکی گونجاو ئاشنایان بکەن.. بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە منداڵیەوە ببن بە دۆستی پۆرتووک و هەگری هەمیشەیی خوێندنەوە ببن.. پێویستە دایکان و باوکان لایەنی کەمەوە ڕۆژی پانزە خولەک پۆرتووک و گۆڤاری ئاسان و چیرۆک و هەنراوە و پەخشان و بابەتی ئاسان و گونجاو بە منداڵە ساواکانیان بخوێننەوە، یا منداڵان خەیان بیان خوێننەوە.
لە ماڵیشەوە پۆرتووکخانەی قنجیان بە دابین بکەن و بە کەمەک پۆرتووک و گۆڤاری هەمەڕەنگی منداڵان بیان بەزێننەوە.. هەفتەی جارێکیش بیان بۆ بۆشی منداڵان لە پۆرتووکخانەی گشتی شارەکانتان.. گەر بتانەوێت دەکرێت شەوانە کاتێک بۆخوێندنەوە دیاری بکەن، بە ناوی (کاتی خوێندنەوەی خیزانی) لە لایەنی کەمەوە (بیست تا سی) خولەک پۆرتووک و گۆڤار بخوێننەوە.. خوێندنەوە بکەن بە خوویەکی ڕۆژانەتان و بە بۆشەک لە کۆسایەتی و لە ژیانتان.. پێویستیش دایکان و باوکان ببنە نموونە و پێشەنگ بە منداڵەکانیان، ئەگەر ئەوان پۆرتووک و گۆڤار بخوێننەوە، منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن و خوێندنەوەیان لا شیرین دەبێت.. هەبێت دایکان و باوکانی باوکانی ڕۆشنبیر، منداڵانی ڕۆشنبیریان لە هەدەکەوێت.
زۆربەی زانایانی پەروەردە هاوڕان، کە خوێندنەوە جۆرێکە لە خووە جوانەکان پێویستە لە دڕوونی منداڵانی بچووکدا بچێنرێت و ڕەگ بکات، تا خووی پێوە بگرن.
لە وەتانی ئەوروپیدا دیومانە و دەبینین، کە لە هاویناندا لە ڕۆخی دەریاکاندا، لەسەر لەم ڕادەکشێن و پۆرتووکەکش بە

دەستیانەوێ و دەیخوێنن‌ەوە.. یا لە وەستگەکانی چاوەڕێی هاتن و دەرچوونی شەمەندەفەر دەکەن، یا لە فرۆکەخانەکاندا کە چاوەڕێی کاتی فڕینی فرۆکەیان دەکەن، پەرتووکێک لە جانتاکەی سەرشانیان دەردەکەن و دەیخوێنەوە، تەنانەت لە ناو شەمەندەفەر و فرۆکەشدا، کات دەقەزنەوە و بە فیڕۆی نادەن و پەرتووک دەخوێنەوە.
ئەم نەریت و خووەشیان بە ئەوە دەگوتووە، کە لە منداڵییەوە خوویان بە خوێندنەوە گرتوون.. بە پێچەوانەی ئەوانەی لای خەمان، کە هەر خەریکی تەلەفۆنکانیان.
بە کورتی گرنگی و بەشەک لە سوودەکانی خوێندنەوە بە منداڵان، لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە. بەو هیوایەی دایکان و باوکان و مامۆستاکان سوودیان لێوەربگرن:
١ـ خوێندنەوە مەستیەک بە ژیانی منداڵان دەبەخشێت، ئەندێشەیان فراوانتر دەبێت و ئاسۆی بیرکردنەوە و لێکدانەیان بە رووی جیهاندا دەکاتەوە، سەرنجیان قووڵتردەکات.
٢ـ خوێندنەوە ڕێژەی زیرەکی و زرنگی ئاستی منداڵانی خوێنەر باڵاتر دەکات.
٣ـ خوێندنەوە تواناکانی زمانی و قسەکردنی منداڵان بەرزدەکاتەوە، فەرهەنگی وشە و رستەکانیشیان دەوڵەمەنتر دەکات، شێوازی گوزارشتکرن و دەربڕینیان بە زارەکی و نووسین باشتر دەکات.
٤ـ خوێندنەوە بەهای رووحی و ڕەوشتی بەرز و جوان لە هەش و دەروونی منداڵاندا دەوەنێت، ئۆگربەت و ئاراستەی پەرتووک و گۆڤارەکان، بەم ئاراستە ئەرێنییەدا بن.
٥ـ خوێندنەوەی هەمیشەیی یارمەتی منداڵان دەدات، کە لە داهاتوودا، لێکەینەوەی زانیاری و ئەدەبی ئەنجام بدەن، دوای سەرچاوەی زانیاری و مەڕوویی بکەون.
٦ـ ئەو منداڵانەی کە خوێندنەری هەمیشەیی پەرتووک و گۆڤارن، لە قوتابخانەدا ئاستی خوێندن و ڕەشنبیری و زانیاری گشتییان باشتر و باڵاترە لەو قوتابیانەی ناخوێنەوە.
٧ـ خوێندنەوە روانین و سەرنجدان و تێبینی منداڵانی خوێنەر ورتر و تیژتر دەکات.
٨ـ منداڵانی راهاتوو لەسەر خوێندنەوە، هەست بە ئازادی و سەربەستییەکی زیاتر دەکەن، باوەڕیان بە خۆیان هەیە و دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.
٩ـ زۆربەی کەسە زاناکان و داناکان و نووسەرەکان و داهێنەرەکان و بیرمەندە هەڵکەوتووکان، لە تافی منداڵییاندا خوێنەری هەمیشەیی پەرتووک بوونە.

١٠ـ خوێندنەوە، توانای سەرکەوتنی منداڵانی خوێنەر، لە تاقیکردنەوەکان و لە
بواری جیاوازەکانی تری قوتابخانە زیاتر دەکات.
١١ـ خوێندنەوە، ئەو توانایەش بە منداڵانی خوێنەر دەبەخشێت، کە ئەو ئامادەیی دەروونییەیان هەبێت کە رووبەڕووی گەڵاکانیەکانی ڕۆژگارەکەیان ببنەوە.
١٢ـ خوێندنەوە دەرفەتێکی باشە، بۆ ئەوەی منداڵان بە ماوەیەک لە تەلەفزیۆن و ئایپات و کۆمپیوتەر ویاریی ئەلیکترۆنییەکان دووربکەوێنەوە.
١٣ـ خوێندنەوە، شارەزایی لەژیکی بە منداڵان دەبەخشێت، لە ڕێی خوێندنەوەوە
لە واتای زاراوە تازەکان و چەمکە ڕووتەکان تێدەگەن، لە هەوڵستە جیاوازەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، سیناریۆکانی نەو پەرتووکەکانیش بە ڕووداوەکانی دەوروبەریانەوە دەبەستن، بە نموونە: کە چیرۆکی (کەوانە سوور و گورگ) دەخوێنەوە، کە کچەلە کەوانە سوورەکە لە ئەنجامی ئەوەی کە گوێی بە ئامۆژگاری دایکی نەدا، کە پێی وت نەکەی لە ڕێگادا لەگەڵ گورگدا بوەستیت و بەی بگەیتەوە کە بە کوە دەگەیت. ئەوەبوو کە کچەلە کەوانەسوور، گوێی بە ئامۆژگارییەکەی دایکی نەدا و لە ڕێگادا لەگەڵ گورگەکدا وەستا و بەی گەیاندەوە کە بە لای نانکی دەچێت کە ماڵەکەی لەوسەری دارستانەکە دایە، درکاندنی ئەم رازە بە گورگەکە ڕووبەڕووی هەوڵستەکی ترسناکی کردەوە (دەنیام کە بە منداڵی گوتتان لەم چیرۆکە بووە یا خوێندووتانەوە)
منداڵانی خوێنەری ئەم چیرۆکە، سوود و پەند لەم چیرۆکە وەردەگرن، کاتێک کە دایکانیان ئامۆژگاریان بکەن، نایانەوێت لە ئامۆژگارییەکانی دایکانیان دەربچن و باشتر بە قسەی دایکانیان دەکەن.
پێتان سەیر نەبێت، لەوانەیە هەندێکیشمان بەوا بووە نەکەین کە کچەلەیەکی ئەمریکی لە سکی دایکیەوە فڕی خوێندنەوە بووە.. تا تەمەنی چوار ساڵان زیاتر لە (١٠٠٠) پەرتووکی هەمەجۆڕی خوێندۆتەوە.. بە کورتی چیرۆکی ئەم کچەلە سەرسوڕهێنەرە:
(دالیا ماری ئارانا) کە بە (کرمی پەرتووک) ناوی دەبەن، لە شاری (گاینزفێل) لە ولایەتی (جۆرجیا) ی ئەمریکی لەدایک بووە.. دایکی ناوی (حەلیمە) یە، و باوکی
ناوی (میگل) ە، کە بەسەن مەکسیکییە.
دالیا بووە بە ئاشنای هەمیشەی پەرتووکخانە گشتییەکانی

شارکەی، پەرتووکخانە نەماوە کە سەری پیانکات، بە لایان دەموچاوکی ناسراوە.. ئەم کچەلایە ئەمریکییە رۆژانە سەردانی پەرتووکخانەکان دەکات و پەرتووک دەخوازێت و دەیخوێنێتەوە. (پسوولەی تایبەتی پەرتووکخانە) یان پێ بەخشیوە، بۆ خواستنی هەر پەرتووکێک.
دایکی دالیا دەڵێت:"دالیا پێش ئەوەی لە دایک بێت و چاوی و بە رووناکیدا هەڵبێنێت،
کە هێشتا لە سکم دا بووە، بە کرداری فەری خوێندنەوە بووە"
زانا پسپۆرەکان لە واشنتۆن، قسەکەی دایکی دالیا پشت راست دەکەنەوە و پێیان وایە، کە دالیا، ئەم کچەلە سەیرە، لە سکی دایکیدا فەری خوێندنەوە بووە، وادیارە کە بەماوەیە و لە خەزانەکەیان دایە.
حەلیمە کاتێک کە دالیا لە سکی دابوو، بە دەنگێکی بەرز چیرۆکی بە منداڵکانی تری دەخوێندەوە، کە لە دالیا گەورەترن.. کاتێکش کە دالیا کۆرپەیەکی شیرخۆر بووە، گوێی لە دەنگی خوشک و براکانی دەبوو، کە لە ماڵەوە بە دەنگێکی بەرز دەیان خوێندەوە. ئەم بەهرەیەی دالیا بە لای دایکیەوە کوتوپڕ و جێی سەرسوڕمان نەبوو، کە تەمەنی دالیا ساڵ و نیوێک بوو، فەری خوێندنەوە بوو، ئەو شتانەی دەزانی کە دایکی بۆی دەخوێندەوە، دایکی دەڵێ یەکسەر وشە و رستەکانی وەردەگرت .. بەڵام وادیارە تەنها خوێندنەوەکانی دایکی، تویندتی و پەرۆشی خوێندنەوەی دالیای نەشکاندووە.
دایکی دالیا لە دیمانەیەکیدا، لەگەڵ رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) ی ئەمریکیدا وتی:
"دالیا لە تەمەنی ساڵ و نیوێکدا، ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە خۆی بخوێنێتەوە.. تا وشەکانی زیاتریش دەبووە.. زیاتر شێدای خوێندنەوە دەبوو.. پێش ئەوەی کە تەمەنی ببێت بە سێ ساڵ، خۆی یەکەمین پەرتووکی خوێندەوە، کە چیرۆکێکە بە ناوی (کولەرە گەورەکەی ئانا) دوایی لە بەردەم خوێندکارانی زانکۆدا ئەو پەرتووکانەی خوێندەوە کە بە خوێندکارانی زانکۆ نووسراوە..
دالیا بووە جێی سەرسامی و سەرنج راکێشانی دکتۆرە (کارلا هایدن) ی بەڕێوەبەری (پەرتووکخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی) کە گەورەترین پەرتووکخانەی ئەمریکایە. بۆیە (هایدین) وەکو رێزلێنان لە دالیای بلیمەت بە ماوەی رۆژێک دالیای لە شوێنی خۆی دانا و کردی بە بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی.. بەمەش (دالیا) بوو بە بچووکترین بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی کۆنگرێسی

ئەمریکی.. لە چەند پەرتووکخانەیەکی گشتی تری شارەکانیشدا هەمان رێگەیان بە دالیا سپارد.
دالیا لە بوو بە چوار ساڵ و لە پایزی ئەمساڵدا چەتە باخچەی ساوایان، تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠٠) پەرتووکی هەمجۆری خوێندەتەوە، بەردەوامە لە خوێندنەوەدا، لە خوێندنەی (١٥٠٠) پەرتووک نزیک بۆتەوە، بەجگە لە زمانی ئینگلیزی، خەریکە لە باوکییەوە زمانی ئیسپانیش فێربێت و دەستی بە خوێندنەوەی ئیسپانیش کردووە. دالیا دەڵێت: "لە باخچەی ساوایانیشدا، یارمەتی مامۆستاکانمان دەدەم، تا ئەوە فێری منداڵان بکەن کە چۆن فێری خوێندنەوە ببن و چۆن هەگبەری پەرتووکخانەش ببن"
دالیا سەرسامی خوێندنەوەی پەرتووکەکانی نووسەری بە ناوبانگی بواری ئەدەبی منداڵانی ئەمریکی (مو ویلیامز) ە، کە بە ناوبانگە لە نووسین بۆ منداڵان.
دالیا لە ماڵیشەوە، بووە بە مامۆستای خوشک و برا کانی، کە لە خۆی گەورەترن، لە هەر وشەیەکدا گیربن و نەزانن، داوا لە دالیا دەکەن کە یارمەتیان بدات.
(دالیا ماری ئارانا) لە ئاهەنگی ساڕێژی یادی چالاکوانی مافە شارستانییەکانی مرۆڤ (مارتن لوسەر کینگ) دا، لەسەر داوای کچان، وتارێ بە ناوبانگە مارتن لوسەری لەبەر خوێندەوە کە بە ناونیشانی (خەونێکم هەیە) پێشکەش کرد، کە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی راکێشا و سەرسام بوون بە بلیمەتی و کراوەیی و لە توانەبەدەری دالیا.

رێزا شوان
نۆرویج: ٢٩ی/ نۆڤەمبەر/ ٢٠١٨
r.shwan@hotmail.com

بەخشین ... نوسینی: عەلی حەمەشید بەرزنجی

سەر شانۆ دیکۆری چەند ماڵێکە و باخچەیەکی لەلاوەیە، کەمێک منداڵ یاری دەکەن ..دوور دەکەونەوە..منداڵێک دەردەکەوێت کە پێتوکەکی

منداڵانی بۆ دەستوونێ.وردە وردە دڵۆپات و تەماشای دەکات.
ئارۆ: بڵێاستی چیرۆکانی ناوئەم پڵێتوکە زۆر خۆش بوون و سودی باشم لەوەرگرتن..پێویستە هاوڕێکانیشم هەر وەکو من سودی لەوەربگرن..دەیاندەمێ و زیاتر خۆشویست دەبم لایان وسودیشی لەوەردەگرن.
بۆ یاریکردن .....کاوتومەتێ
تا منداڵی تر.....بکەم بۆ هاوڕێ
خوێندنەوەیە.....کە بۆتە خولیام
بۆ خوێندنەوە.....دەگەم بۆ هیوام
بڵێام وا ئەمڕۆ.....دەم پڵێتوکەکەم
کە هات بۆ دیاری.....پێشکێشی دەکەم
لەم کاتەدا منداڵێکی کچ دەردەکەوێت ، بوکەشوشۆیەکی پێیە،گەرانی بۆ دڵێت:
هەی هەی لەو بووکی منە
چەندە جوان و خرپنە
تە سەیری قژی خاوە
بە شانە دام هەناوە
لە سەر شانی وەستاوە
تەسریحەم بە لەداوە
گەرانی خەش دەزانم
بۆی دڵێم تا دەتوانم
من لە گەڵ بووکە خانم
هیلاک بوونیش نازانم
ئارۆ:
سەیری ئەو کچە .....وا بە ئەرە دە
ئەستا دەیدەمێ و.....دەیکەم بۆ هاوڕێ
لە گەشەیکەوە چەند منداڵێک وەستاون و ئاگایان لە (ئارۆ)یە و تەماشای دەکەن:
ئای ئەو منداڵە.....بۆ ئاوا دەکات
پڵێتوکەکەی خۆی.....بۆ خڵێکی دەدات
مافی خۆیەتی و.....سودی زۆرە بۆی
پاراستنیشی.....بگرێتە ئەستۆی
کچەکە دەتە پێشەوەدڵێت:
سەاو هاوڕێ گیان.....بۆچی بە تەنهای
ئاوا سەرقاڵی.....بۆ کە دەگڵێای
ئارۆ :
چاوڕێی تە بووم.....بۆ پەرشووڵێ

دیـــاریت بدەم.....بۆ ڕووی خـۆش
کچـکە پـێتوکـکە وەردەگرێت ودەڵێت:
سوپاست دەکەم.....هاوڕێی وەفادار
هاوڕێی ئازیز و.....چالاک و وشیار
ئارەزوەیداتێ و دڵەوات....
کچـکەش دڵەوات و بە ڕێگـاوە تـماشـای پـێتـوکـکە دەکات(ئـای کە جوانە!) دڵێت:
ئەستا زۆر دڵخـۆشم ،بەڵام چی بکەم کە ناتوانم بیخـوێنمەوە،حەز دەکەم منیش بیدەم بە کەسـکی تر بەڵکو ئەویش وەکومن دڵخـۆش ببێت و بتوانێت بیخوێنێتەوە..لە کاتی قسـکانیدا کوڕێک دەردەکەوێت گـرانی دڵێت:
هاوڕێ وەرە تۆ لە کوێی.....ناکـــرێ تا ئەرێ بڵێی؟
منداڵەکان:
تـماشاکـن ئەمجـارە.....نەفـامـکی تر دیـارە
ئەویش وەک (ئارەزو) وایە.....لە دنیا بە ئاگـــایە
وا بەنیـازی بەخـشینەوە.....ئەو پـێتـوکـە ڕەنگینە
کوا:
وا هاتم هـــاوڕێی وریا.....تۆ چی دەکەی بۆ تەنیا
تەنهای هاوڕێت لانییە.....پـەم ناڵێی هەکەی چییە؟
کچـکە بە پـکەنینەوە دڵێت:
هاوڕێی دڵسـۆز و دڕین.....گورجوگۆڵە وخوێن شیرین
من دیـــاریم بۆ تۆ پـێیە.....بە ســـودە لە گشت جـێیە
ئەم پـێتوکـــم لەلایە.....چیرۆکی خـــۆشی تیایە
دیاری منە زۆر شـــەنگە.....پـە وێنەی ڕەنگاوڕەنگە
کوڕەکە:
سوپاس هاوڕێی شیرینم.....بۆ دڵخـــۆشی بتبینم
بۆ ئەو دیاریـە جـــوانە.....لای من نرخی گـــرانە
کچـکە دڵەوات و بەرزدەبێتەوە بۆ دڵخـۆشی یەوە ...کوڕەکەش دڵی باش ئەم پـێتوکە جوانە ،وێنە دارە چی لە بکەم ،چاویلکەکەم پـێ نییە و حەزدەکەم پـشکـنی کەسـکی بکەم کە بیخـوێنێتەوە...بەملاولادا دڵەوانە کـوڕەکی تـر دەبینە دڵێ:ئەوە (بـوا)ی هـاوڕێمە ئەوە چـی دەکـات لەوێدا؟.
کوڕەکە:
(بـوا) وەرە هەر ئەستێ.....لەودوورە ڕاموەستە
با پـێکـــەوە دانیشین.....گوێ لە یەکتری بگرین
منداڵەکان:
چی ڕوویداوە وا دەکـێن.....دیاری بە یەکتر دەدەن

ئەمانە زۆر نەفامن.....وا بە یەکتر سەرسامن
دەبە شتەکی تیا بە.....ئەم کارە بە هە نابە
دیاری بە یەکتر دەبەن.....سوپاسی یەکتر دەکەن
بە جوانی یەکدەونن.....خۆشویستی دەنوێنن
بەوا:
باشە ئاوسەتە وادەم.....ئەی خۆشویست و هاوڕەم
بزانم کارت چییە؟.....ئەمڕۆ کەست لانییە
دەتوە یاری بکەین.....کاتی خۆش بەسەر ببەین
کوڕەکە:
خەشی بە دەت دەدەم.....دیاریشت پێشکەش دەکەم
بەوا:
من سوپاسی تە دەکەم.....ئەی هاوڕێ ئازیزکەم
تە بە دیاریش هەر جوانی.....هاوڕێیەکی نیانی
کوڕەکە:
سوپاس بە تەی قسەخۆش.....دەنیا بە، کە وای تۆش
ئەم پەرتوکەم هەناوە.....بە تەی هاوڕەم داناوە
پڕ لە چیرۆکی خۆش.....پەویستە بە گۆشەی هۆش
(بەوا) پەرتوکەکەی لەوەردەگرێت.....بڕۆ استی تە هاوڕێیەکی دەسزیت
ئەم دیاریەشت زیاتر دەسزی و خۆشویستی تەی بە دەرخستم.
بەوا:
ئەم پڕتوکە هەم چیرۆکی خۆش و بەسودی تیایە و هەم وێنەی
ڕەنگاوڕەنگیش، بڕۆام بڕۆاستی زۆرە من ناتوانم هەمووی بخوێنمەوە...کە
بەیشم نەخوێندرێتەوە بچی لەلای خەم دایبنێم...بچی نەیبەخشم بە
یەکێک کە بتوانێت بیخوێنێتەوە و زیاتر سودی لەوەربگرێت... تەماشای
ئەملاولای دەکات و لاپڕەکانی هەڵدەداتەوە..
منداڵەکان:
١. دەوڵە شەق مەبە لەوە ناچێت ئەمیش هەڵی بگرێت بە خەی.
٢. ئەوە بە کە دەگەڵ؟لەوە دەچێت بە من بگەڵێت. بابچمە پشەوە
بڵەکو بیدات بە من ..زۆری حەز لەدەکەم..
٣. لاچە ناشیرین بە من دەگەڵێت.
١. دەیدات بە من لاچە.
٢. ئەوە چییە؟ لەبیرتان چوو دەیدات بە من.
٣. نەخێر دەیدات بە من ...وەی کە جوانە!
بەوا: لەل لەل لا لەل لەل لا لەل لەل لا لەل لەل لا لەل لەل لا
وەی بابەم بگەڵەم.....وا ئێستا (ئارە)ی هاوڕەم
دەبینم و دەیدەمێ.....دەخۆشی دەکەم کەمێ
یاریشی لەگەڵ دەکەم.....ئەوسا پێشکەشی دەکەم

لەم کاتەدا (ئارە) دەردەکەوێت...جوانی وەرزشی دەکات..
بەوا:
وەرە پێش هاوڕێ گیان.....هاوڕێی ئازا و یاریزان
یاریی دەکەین پێکەوە.....بە دڵکی خۆشەوە
ئاگر ئەمە بەسەز بین.....بە یەکتری دەسەز بین
هەوری ڕەشی ئاژاوە.....بەجێی دێڵ ئەم ناوە
نمە نمەی بارانی.....خۆشویستی بە جوانی
ئەم ناوە دەگەڕێتەوە.....ناخەشی دەبێتەوە
ئارە:
وا هاتم هاوڕێی نازدار.....هاوڕێی باش و وەفادار
یاری دەکەین بە پشوو.....دەی با دەست پێ بکەین زوو
بەوا:
هاوڕێی گیان لەپێش یاری.....ئەم چیرۆکە بە دیاری
لە من وەر بگرە بە خێت.....چونکە سودی زۆرە بێت
ئارە:
سوپاسکی بە پایان
بە تەی هاوڕێ (بەوا) گیان
بەڵام پێش یاری کردن
کەمێک گوێ بگرە بە من
ئەو پەیتوکەی بە دیاری
دەمدەیتە لەپێش یاری
هەر ئەوە بوو خەم بەخشیم
بووە مایەی دڵخۆشیم
کەچی بە خەم گەڕاوە
خۆشی خستە ئەم ناوە
لەم کاتەدا (ئارە) تەماشای پەیتوکەکە دەکات و منداڵەکانی تر پێیدا دەبن ودەڵێت:
کاتێ یەکتر دەدوێنین
خۆشویستی دەنوێنین
هاوکاری یەکتر دەکەین
دەستزیمان دەردەخەین
بە بەرهەمی هاوکاری
دەوێ گوێی بەختیاری
ئارە:
با یەکەک لە چیرۆکانتان بە بخوێنمەوە...منداڵەکان بە چوار دەوریدا دادەنیشن ... پێکەنین و قاقایان ئەو ناوە پێ دەکات.
منداڵەکان:

هەتا ئێستا هەرگیز بووین
بە هەرجۆگایەک دڵچووین
خەریکی ئاژاوە بووین
بەو کارە حەساوە بووین
وا ئێمەش بەیار دڵدەین
هەر وەکو ئەوە بکەین
بە یەکتر بڵێین دڵبین
هاوکار و دڵسۆز دڵبین
هەمان بدەن ئێمەش بڵین
هەموو گەرانی بڵین
بڵوا:
دەتانوە بڕشدار بن
لەگەڵ ئێمە هاوکار بن
واز لەو کارەتان بێنن
یەکتری مەبڕنجێنن
خۆشویستی هەمیشە
لاتان ببە بە پیشەوە
چونکە ڕاستی و بەخشینە
سەرچاوەی خۆشی ژینە
.....

کۆتایی
تێبینی: بە بیرکەی ئەم ئۆپەرێتە سودم لە چیرۆکێکی عەرەبی وەرگرتووە .

باخچەکەمان ... ڕستەم خامۆش

باخچەکەمان پڕە گوڵە
خۆشویستیی نێو دڵە
دیپارێزین وەکو چاو
تا گوڵی نەبڕێ ژاکاو

باخچەکەمان چەند جوانە

شـــــــادی دڕوون و گـیـانڵ
لـــڵ نـــاوی پـشـــوو ئـدڵـیـن
دڵمانی پڵ خـــەش ئـکـڵـیـن

باخچڵکڵمـــان خـش ئـوڵ
زڵر جـــوانـــڵ ەەژو شـڵوڵ
گـــوڵـــی لـــڵ نـاقـرتـڵـنـیـن
وڵک بـولـبـول دڵـیـلاوڵـنـیـن

ەەستڵم خامـش

وا شاعیڵـــك لـــه زەمەنـــه پاکەکانەوە هەنگاو هەڵدەگرڵت … لەتیف بڵوار

چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی راستگۆیانە ئاوڵتەی نووسینەکانیان دەبن، هەر ئەمەشە رۆح دەکات بە بەری ئەو دەقانەی کە دەینووسن، ئاوهاشە شیعرەکانی رامبۆ سەرنجمان ڕادەکێشن، ئەو شیعرانەی بەس هۆنینەوەی هونەریی نین، بەڵکو زمانێکی موعاناتەکانن و لە ناخی خوێنەریشدا ئیکۆ دەداتەوە، چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی عاشقن، چەند بە هیواوە هەموو ئان و ساتەکانیان بەڕێ دەکەن پێش لەدەستدانی کات؟ هەمیشە هیوایەك هەیە نائومێدیی و رەشبینییەکانیان دەڕەوێنێتەوەو رووە شیرینەکانی ژیانی پێ دەبینن. هەر ئەو عەشقەشە قوربانی دروست دەکات و ئادەمیزاد دەگەیەنێتە تڕپکی هەساناوەو بەرخۆدان و تێکۆشان، لە کاتێکدا زۆر لە مرۆڤەکان و تەنانەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لەسەر لێواری رووخان و وێرانەو ناشرینییەکان هەناسە دەدات.
سیخناخم لەبڵشایی و
مەودایەك
شك نابەم بێ تەقەڵی هەنگاوەکانم..
–
لە زەمەنی هەرەسەکاندا، زەمەنی قەیرانی مرۆڤبوون : شاعیرانێك

ماون هیوا به خوێنەران دەبەخشن و لە پێچ و نشێوەکانی ژیان و شکستەکانی سەر ڕێدا ، لە بیابانە چۆڵ و دوورو درێژەکاندا دەبنە دەستێکی میهرەبان و ڕێبوارانی نامۆ هەدەستێننەوەو ئومێدو متمانەی پێ دەبەخشنەوە. ئەوانەن عاشقە ڕاستەقینەکان، ئەوانەن مرۆڤە ڕاستگۆکان، ئەو شاعیرانەی بە بێ عیشق ناتوانن بژین، عیشقێکی پاك و ڕاستگۆیانە کە لە زەمەنی خۆرای تەکنەلۆژیادا عیشق لای زۆرینەش بووەتە مادەیەکی بازرگانی و یەکێك لە پێداویستیە خۆراکانی مرۆڤی بێ گیان و بێ هەست، ژیان چەند بێ ئەندێشەیە بە بێ بوونی عاشق و هاورازی ڕاستەقینەی سەر ڕێگا دوورو چۆڵەکانی ژیان! لە کاتیکدا مرۆڤەکان چەند گوناحن و چەند کورت دەژین و زوو کۆچ دەکەن و ئیتر کەس ناویان ناهێنێت، ئیتر هیچ چۆلەکەیەك لە هۆلانە پایزانییەکاندا نانیشتەوەو بەیانیان بۆیان ناجریوێنن.

ئەم ئەندێشەیەم چەند ڕووخاوە،

گەر پردی عیشق نەبێ لەم سەحرایە چۆن تێپەڕ بم؟؟

———

باگمەی کێترەکان نەشکێنم…

عیشق کەی شایەنی مەنتیقە؟

باماڵی جاڵجاڵۆکەکان شپرزە نەکەم..

عیشق کەی شایەنی ترسە ؟

با دەنگی سیسرکەکان قاڕ نەکەم..

ئەم سەحرایە چەند بچووکە بێ هزرم،

……..

وەرچەرخان لای شاعیری داهێنەر ئەوەیە کە مەودایەك شك ببات تا مانایەکی تر بدزێتەوە بێ زاراوەکان و ڕێگایەکی تر بێ دەربڕین، لە ناواخنی تاریکاییدا سەبەری شەو ببینێت و لە ژێر تیشکی ڕەحدا مرواریە ڕژاوەکانی ژیان کێبکاتەوە، ئەمەیە شێوازێکی تر بێ بینین و خوێندنەوەو نووسینەوە، ئەگەر باێ لای خەڵکانێك تەفسیری فەین بێت، ئەوا لای شاعیر زۆر هەکاری تر هەن لەم دنیا پێ جوغزو نهێنییەدا بێ فەین، بگرە فەینەکانیش جۆریان زۆرە، ئەوە کێیە لەو جیهانە قووڕ و پێ نهێنیانەدا ورد دەبێتەوەو حەقیقەتی تیا دەبینێت؟ کەرەسەگەلێکی نوێ دەدزێتەوە و بەکاریان دەهێنێت بێ وردبوونەوەو دزینەوەو ژیانکردنی شاعیرانە، چەند جوانن ئەو خامانەی هێشتا بەهومێدی تەواو باێی بەسەر چادرەکانیدا نەکێشاوەو ڕەشەباو گۆڕەوکەی موعاناتەکان لە بیابانی بووندا بزڕی نەکردوون..پێش ئەوەی وەکو نالی بێ هەتایە لە نەسیم و هەوای خاك و خۆ ببێت و بەرەو بزر بوون هەنگاوەکانی کێ بکاتەوە. ئائەمەیە وا لە شاعیر دەکات پێمان بڵێت:

چونکه هەر باڵ فەلسەفەی فڕین نییە!!

لەم شیعرەدا تەواو بەر ئەو زمانەی ویژدان دەکەوین، کە شاعیر چۆن هۆشیارانە دەربڕین لە ماناکان دەکات و تەنانەت لەم پێناوەشدا فەنتازیاو رازاندنەوە زمانییەکان واز لێدێنێت و ئەوانیش دەکاتە قوربانی ئەو عەشقەی سەرچاوەی ژیان و داهێنانە، کانییەکی هەمیشە هەڵقوڵاوە لە سەحرای ژیاندا و خواردنەوەی قومێ ئاوی سازگارە بە دەستی مەعشوق، ئەو مەعشوقەی لە زمانی موعاناتەکانی شاعیر تێدەگات، ئاوها شاعیر لەم شیعرەدا دەمانخاتە ناو کەشکی سیحراوی وشە راستگۆکانی گیان و درەوشاوەکانەوە، ئاوها رەسەنایەتی بوونی رەگەزی مێ دەهێنێتەوەو دەیکاتە سیمبۆڵی راستگۆیی و تەواوکاریی مانای بوون، کە لای زۆرێك ئەم هارمۆنییەتە تەواو لاسەنگ بووە و بەرەنجام پەیوەندییەکانیش تێکشکاون، دیارە بە دڵنیاییەوە ئەمەش بنەڕەتێکی هزریی و ئەزموونی هەیە لای ئەم جۆرە کەسانە. ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی شاعیر مرۆڤدۆستانە لە شیعرەکانی تریشدا هەوڵی گۆرانەوەی ئەو گیانە مردووە بێ مرۆڤ بدات و لە هەوڵی ئەوەدا بێت ژیان ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی ببینێتەوە.

ئەو نموونانەی نەدەبوو لەوێدا بوونایە … ئەحمەد دەربەندی



سەروەختێك تەماشای نووسینێك دەكەم و زۆر لە ئاستێكی كرچوكاڵدا دەیبینم و هەڵەی زەق لە خێ دەگرێت ئەو پرسیارە بە مێشكمدا دێت، بۆچی دەبوو وابووایە؟ ئەدی چۆن وەكو نووسین دانی پێدا نراوەو پەخش كراوەو خراوەتە بەر چاوی خوێنەران؟ وەكو تر ئەدی بۆچی هیچ كەس گوێی پێنادات و هەروا تێپەڕ دەبن؟ و پرسیاری زۆری تر بە مێشكدا راگوزەر دەبێت و وەكو پرسیارەكنی تر بێ وەڵام دەمێننەوە.
ئەگەر زۆر رۆژە بە باسەكە نەدەین و یەكسەر بچینە ناوكرێكی بابەتەوە ئەوا دەتوانین لێرەدا دوو نموونە بێ ئەم باسە بهێنینەوەو رووبكردنەوە بە خاڵی مەبەستی نووسینەكەمان بدەین.

ئەو كەسەی خۆی بە نووسەر بزانێت سەوداسەریی لەگەڵ وشەو زماندا هەیە، وەك چۆن دارتاش سەوداسەریی لەگەڵ تەختەو پینەدۆز سەداسەریی

لەگەڵ پێداودا هەیە.
بەلام گەر وەختێك نووسەرێك کەرەسەی سەرەکیمەیدانەکەی خۆی بە هەڵە بەکاربێنێت ئەوا گومان لە نووسەریی ئەو کەسە دروست دەبێت.. لەم هەفتەیەدا چەند نموونەیەکی نادروستی ئەو دیاردەیەم پێشچاو کەوت، لێرەدا دەیانخەینە بەر تیشکی لێدوانەوە:
1-کورد یان دەڵێت (سەبارەت بە) یان (لە بارەی) :
ئەی ئەگەر کەسێك رۆژنامەنووس بێت و ئەو راستییە سادەیەی سەرەوە نەزانێت و بەکارهێنانی تێك بدات، ئەوا چ بڕیارێکی بەسەردا دەدەن؟ وەك ئەوەی بڵێت: (لەسەبارەت)؟

من لە دڵی خۆمدا عوزرخواهیم بۆ نووسەرەکەی هێنایەوەو گوتم رەنگە لە ناونیشانەکەدا هەڵەی تایپ رووبدابێت، بەڵام تەماشام کرد لە ناوەڕۆکەکەشدا دووبارە بووەتەوە (تکایە سەیری کۆپی نووسینەکە بکەن خەتم بە ژێردا هێناون)، ئیتر ئەو حەسرەتەم هەڵکێشا کە دەبێت حاڵی ئەو خوێنەرانە چی بێت نووسەری ئاوها بخوێننەوەو چی لێوە فێر دەبن؟ ئەمە کارەساتە و دەریدەخات چۆن هەموو بوارەکانی ژیان لە کوردستان پووچ بووە.

2-کەل و پەلی ساختە دروستە بەس نووسەری ساختە هەڵەیە:

ئەم نووسەرەی لەسەرەوە نموونەکەی باسکراوە، زاراوەیەکی هەڵەی تر بەکاردەهێنێت کە بە هیچ جۆرێك لە شوێنی خۆیدا نییە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت ئەو جگەرەیە ساختەیە، واتە لەو جۆرە جگەرە دیاریکراوە هەیە کە ئەسڵەو ئەم جۆرە دیاریکراوەیان ساختەیەو کۆپی جگەرە ئەسڵەکەیە بەس خۆی ئەسڵ نییە، بەڵام ئەم وشەیە گەر بۆ نووسەر بەکاربێت بەس لە یەك حاڵدا راست دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە کەسێك بانگەوازی ئەوە بکات کە ئەو فڵانە نووسەری ناودارو ناسراوەو بەو مانایەی خۆی بکاتە کەسایەتی ئەو نووسەرە دیاریکراوە، لەم حاڵەدا دەڵێین ئەمیان ساختەیەو ئەویتریان ئەسڵەکەیە.
بەس کاتێك نووسەرێك بۆ نموونە چیرۆکێکی نووسی و هی خۆی بوو ئەوا لە ڕووی زمانداهەڵەیە پێی بگوترێت نووسەری ساختە، چونکە هیچ کەسایەتیەکی تری هەڵنەگرتووەو هەر خۆیەتی نەك بڵێت من ئەو نووسەرە ناودارەم و ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئێمەش پێی بڵێین ئەوە نووسەرە ساختەکەیەو ئەمەش نووسەرە ئەسڵیەکەیە.

• هەر بۆ نموونە وەك چۆن نابێت بە ئەم رۆژنامەنووسە بین رۆژنامەنووسی ساختە، چونکە بە شێوەیەکی فیزیکی لە رۆژنامە

دەنووسێت، بەس دەکرێیت پێی بڵێین ڕۆژنامەنووسی خراپ و بێئاست.

3- شاکاو حەبیبەو ڕێبان بارت:

ڕۆژنامەنووس دەنووسێت: (لەرەدا من سیوهەشت ساڵ پاش مەرگی جەستەیی بارت کۆپییەکی نوێ لەم تیرە دەخەمە ڕوو، کە هەر ناوی مەرگی نووسەرە، بەڵام لەرەدا نووسەر لە خاوەندارێتی دەقەکەیشی دوور دەخەمەوە، هەر خۆیشم یەکەم کەس جێبەجێی دەکەم).
ئایا ڕێبان بارت پەی بە شتێك نەبردووەو کاکی ڕۆژنامەنووس بۆی زیاد دەکات؟ با بزانین:
یەکێکی تر لە نموونەکانی چەواشەکاریی خوێنەران ئەم نووسینە گاڵتەئامیزەیە بە هەزری خوێنەران. ئەویش ئەوەیە کاتێك ڕۆژنامەنووسێك خۆی بخاتە ئاستی ڕێبان بارتەوەو بەکو لەمەش زیاتر: بڵێت من ئەویشم جەهێشتووە، داهێنانەکەشم ئەوەیە کە ڕێبان بارت باسی مردنی نووسەر دەکات، ئەوا من لام گرنگ نییە شیعرەکانم ببەن بە چ ناوەکەوە بڕاوی دەکەنەوە بڕاوی بکەنەوە،ێ چونکە گەورەیی شیعرەکانم لای هەمووان ڕوونەو لە کەس ناشاردرێتەوە، بێ زیاتر ڕاستکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە دەبێت ئەم خاڵانە باس بکرێت:

أ- ئەم گوتەیە ئەوە دەردەخات ئەم ڕۆژنامەنووسە ئاستاش لە ستراتیژی ڕەخنەی بونیاتگەریی و ڕاکانی ڕێبان بارت بە تەواویی تێنەگەشتووە، چونکە ئەو کاتێك باسی مردنی نووسەر دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکدا ئەوا مەبەستی نییە کە نابێت بەرهەمەکان بە ناوی نووسەر بڕاوبکرێنەوەو تەماشا بکرێن، یان دەبێت ناوی نووسەری تریان بخرێتە سەر تا بەهەڵەدا نەچین لە خوێندنەوەی تەواویاندا، بەکو مەبەستی ئەوەیە لە کاتی خوێندنەوەکاندا هیچ فاکتەرو شتێکی تر لە دەرەوەی دەقدا لە پێشچاو نەگیرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا (وەك ئەم خۆ خۆییەی ئەمڕۆ هەیە)، ئەگینا با بشزانرێت هی چ نووسەرێکەو چۆن ژیاوەو بیروڕای ئامیاریشی چی بووە... بەڵام هیچ کام لەم خاڵانە ڕێیان نابێت لە چۆنییەتی مامەڵەکردن و تێگەشتن لە دەقەکە.
کەواتە دەردەکەوێت بیردۆزەکەی کاکی ڕۆژنامەنووس بە ناوی (مەرگی نووسەر دوو) هەر لە گەڵ وشکبوونەوەی مرەکەبەکەیدا دەمرێت و تەنیاش بۆ پێکردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ئەم بابەتەی نووسیوە.

ب- راستە کەس بە دژی خۆی ناڵێت ترشە، بەس شیعری ئەو شاعیرە لەو ئاستەدا نییە ئاوها نموونەی پێ بهێنرێتەوە لە گەورەیی و

ناسراویدا، بەکو ئەستاش گومانکی زۆر هەیە کە ئایا بەو بابەتانەی دەینووسێت پێیان بگوترێت شیعر یان نا؟ چونکە زۆر لە ئاستی خراپدان، بەکو ئەو شیعرانە هەر خۆیان بۆ خۆیانی بلاونەکەنەوە بۆواناکەم لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا هەر ناوی شیعریان لێ بنرێت و بۆاوبکرێنەوە، ئاوها تێدەگەین کە چۆن کەسانێك خۆیان و خەکی بە هەڵەدا دەبەن و لە خەیاڵکی پەمەییدا خۆیان لێ بووەتە شازادەی نووسین و ئەدەبییات.

شیشۆق ... سەلام عومەر

شیشۆقێك
بۆ دەماری بیرۆریەکانمۆ چۆقیۆو
ئۆو خۆتخۆتێنانەی بیربردووموۆ
کۆ وێنەی منداڵیمی کۆشابوو
ئۆو شیشۆقۆ
بۆناو خۆونکاندا
بۆری ئۆو شاخوێنهێنرانەی گرتووم
کۆ لۆکۆردنەوەی ساڵکانی تۆ
رژابوونۆ بینینمۆو،
تادۆ
هێنێنەوەی ئۆو وشانم بیر دۆباتۆو
کۆ بۆیار بوو بۆر لۆپیری
هڵیاندمۆ نۆو سۆبۆتەی لاویتۆو،
ئاخر شیشۆقێکی دی
بۆپێنجکانی پاڵانەوەی تۆو نوساوۆو
لێناگڵێ
کاسۆ پۆ شیرنیکانی بوکێنیت
بگاتۆ ئۆو ماڵچکانەی
بۆ وردۆ بۆرد دروستمان دۆکردن
لێناگڵێ
شاباشکان هڵوڕێنۆ سۆر شایی گۆمانکان و
لۆژۆر پەماندا بشکێن
تا

خەیاڵی شۆشەیی و
خەونە کرستاڵییەکانمان
نەبنە شیشەق.

سەرهەڵگرتن ... هەناوی کەنعان مودحەت

ڕاپەڕی و
لە دەرگای دەروە خزایە نادیارییە دەکەدا
بە ئەوی – بە پەویستییەکانا بچێتەوە و –
بزانێ،
ئایە تەباخە داگیرساوەکەی کوژاند
یان بەڕی ئاوی گەرماوەکەی بەست
یان نا
نە گەڕایەوە
لایە لە دەرگا ڕاوەکەی بکا
بزانێ ئایە دایخست
یان هەر بە کراوەیی
ڕادەستی با و
خواستەکانی ڕۆژگاری کرد
بە تەنیشت سەگە بە لانەوازەکەیدا
تێپەڕی
نە ماڵئاویی و
نە دەستکی بەزەیی
زەر مات
سەگە، پێچەوانەی هەر جارە
هەر وەڵی و
زەریش وەڵی
ئەو بە نادیاریا
هەدی هەدی و
قووڵ و قووڵتر شەدەبووە
تا پەناوە کەنەکانی

ئەوانەی لە مژدەو پەیان دەگوشی
بە هەنگاوەکانیا نەوەران
ئایگرن
چەن تاوەرێکی لە دوند بەربوو
گرمەی دەهات و
هەر خوار دەبو و
هەر خوار
سەرهەڵگری تەریک
وای نەدەزانی زەر دوور دەکەوێتەوە
ساڵ
مانگ
هەنگ لە کاژمێری کەمتر
هەر زەر زو و
زووتر دەگەڕێتەوە
سەگ بە لانەوازەکەی لە ئامێز دەگرێ و
ماڵ چەقەکەی... سەرلەنوی
ئاوەدان دەکاتەوە

هەنراوەی کەنعان مودەت
نۆڤەمبەری ۲۰۱۵
کفری

لە باڵندایی خود … جەلال بەرزنجی

قامیشکی مەینە ئوا
زەمین بێ پیاو
ئاوەکراسی مەرگ جەما
بلوێری سەر بڵندایی خود
هەچوونت چەك نییە
گەڵای ژەنگاوی ژیان مەشرەوە
گیان زەرشت پشتگوێ دەخات

ئەگەر نا…
دەستکەوت چییە لە باسکردنی با
ھەھ□ەی باران
سەبەتەی هەنارانیان □ژاندە قوو□ایی لەشە فسف□□یەکان…
هونەرمەندی وروژان بووی
□امانت جیوەیی
گر□ی جەستە و گیانت دا
دیاردەکانیش □اسپاردەیەکی ک□ن بوون
□ەچە□ەکیان نابووت

.29/3/1992

ئاشتبوونەوە

نام□ی یەکەم:
لەشی گ□□ستانی گیان بوو
نام□ی دووەم:
ت□زی سەر تووت□کی کەناران
نام□ی س□یەم:
شەبەنگی قە□ای تر□پکان
لە سات□کی وەنەوشەیيدا
سەرینیان بردەوە لای یەك و نام□ییان کرد بە فەنەری ک□لارەیەك،
ناردیانە ئاسمان
لە خوارەوەش ،
لە گ□□ستانی گیاندا ، لە لەش دەگە□ان

.1992

شەو□کی تر نەچوومەوە گو□ چەمی منداھ□یم

منداھ□یم مانگ□کی ما□ی بوو،
شەوان زوو دەگە□ایەوە.
منداھ□یم ئاو□نەیەك بوو، عومرم ل□ی جھ□شت و نەمدەزییەوە.
منداھ□یم خانیچ□لەیەك بوو، پ□ نھ□نی
پ□لیس ت□کی دا
یارییەك بوو بیرچووەوە
ئای منداھ□یم شەو□کی تریش زوو نەخەوتی
ب□مەوە گو□ چەمت

لە منداڵیم گەردوون لە چیاکەی بەر ماڵمان تەواو دەبوو
ئەوارانیش لەو
مازووچن و ئەشقیا و ڕەبوار و شوان و داڕ و دارکەر و قاز و قورینگ
شەو دەگەڕانەوە
لە منداڵیم زوو زوو دەچوومە شاری پەریان
زوو تفەنگ و چەکم فڕێ دەدا
شەڕەکەم تەواو دەبوو.
ئای منداڵیم شەوێکی تریش زوو خەوتی
بەمەوە گوێ چەمت و تەواو بە بیرم بێتەوە.
1995.

وەرە تا زوو شوێنێك لە مردن بێ خەمان بکەینەوە

لە یەکەم تۆفان، کەشتییەکەم وەڕێ بوو
لە یەکەم کرانەوەی گوێی لەش، گوناهم کرد
لە یەکەم خەڕ هەڵاتن، سندووقێك تیشکم بێ گوندەکەمان بردەوە
بەیانی سندووق نەکرایەوە
لە یەکەم دیداری سەر زەوی، کەلوەکان ڕەشبوون
لە یەکەم دووڕیان، لەگەڵ بەهوودەیی ڕەیشتم
لە یەکەم ڕاو، مەلەکان باڵیان لە (با)م خواستەوە
لە یەکەم سەفەر، هاوڕێیەتیم ون کرد و ئاوێنەم دزییەوە
لە یەکەم سەما، ئاوازەکان چوونەوە لای پەنجەی ژِاوی
کەمانجەژەنی ڕەند
لە یەکەم دەربەند، بای نەهامەتی بردمی
لە یەکەم شەودا، ئاگرم پێ نەما
لە یەکەم کێش، شیر فریوی دام
لە یەکەم شەڕ، مەستی لێی تێکدام و بووم بە پەند
شەڕ بەم یەك دوو شیعرە تەواو نابێ
بارانیش بەم دووعایە ناگاتە ئێرە
ژیانیش بەم حیکمەتە ناچێتە سەر
وەرە تازووە
شوێنێك لە مردن بێ خەمان بکەینەوە.

کاك جەلال بەرزنجی سێاو: چاوت ماچ دەکەم، ئەم چوار شیعرە لە دیوانەکەتدا نییە. زۆر ماندووبووم تا توانیم بیاندۆزمەوە. دەکەونە قۆناغی نووسینی کۆشیعری: (بارانی ڕەحمەت).
سەباح ڕەنجدەر

19/3/2017 هەولێرئ
سوپاسی برای ِشاعیر کاك سەباح رەنجدەر دەکەم, بۆ ئەو کارە جوانەی، جێگەی سوپاس و پێزانینمە..
Chat Conversation End
…Type a message

قەدەری خەونی کورد: لە چەپڕەییەوە بۆ راستڕەیی- کۆنپارێزیی – هێندرێن

هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیڤی دەنگەکانەوە ……
http://dengekan.com/doc/2004/12/handren27.pdf

قەدەری خەونی کورد: لە چەپڕەییەوە بۆ راستڕەیی- کۆنپارێزیی

هەندرێن

دەروازەیەک

لە پنجایەکانی سەتەی بیستەوە بزاڤی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کوردی، بە ئایدیۆلۆژی چەپڕەیی، کە لە گیان بەختکردنێکی ئیدیالی وێنەدەکرا، لە پێناو "خەون"ەکەیدا بە خەباتی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوە سەرقاڵ بوو. بەڵام هەڵە نییە ئەگەر بڵێین، پاش هەرەسی بلۆکی سۆڤیەت و بە تایبەتیش لەگەڵ بە دمگۆ بوونی ڕووخاندنی رژێمی سەدام و پڕۆژەی (بە دیمۆکراتیکردنی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست) لەلایەن ئەمریکاو سەرۆکەکەی ج. بوش و سەرلەدوونانی تۆرۆریستان و چاوزەقکردنەوە لە رژێمی ئیران و سوریا، کە ئەمڕۆ کوردان لە هەموو کاتەکانی تر زێتر لە ئاستی هزر و دەروونییەوە لە بەردەم ئەم"خەونە"دا سەرگەردانترە. بۆیە ڕەنگە بشێ گەر ئەم نووسینە بەم پرسیارگەلە دەستپێبکات، ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێت: ئەوە چییە کە کیشەی ئەو "خەونە"ی وەها ئاڵۆز کردووە/دەکا؟ یان: خەونی کورد/گوتاری نەتەوایەتی چییە و چۆنە؛ چێ ئەو خەونە دەستنیشان

دەکەی؟ هەبەت رەنگە هەر یەک لە ئەمە لەگەڵ خۆیدا بتوانێت بە چەندان روانگە بەرسڤی ئەو پرسگەلە بداتەوە، لێ تا ئێستا نەمانتوانیووە پرسی "خەونی کورد" بە تەرزیکی تەواو بۆ خۆمان و ئەوانیتری بەرانبەر بەرجەستە بکەینەوە، یان وەڵامێکی راشکاومان نییە بۆ ئەوەی لەو سەرگەردانیی و عاسێ بوونە بەدەم ئەوخەونەوە بێدارمان بکاتەوە.

هەر بۆیە ئاخاوتنی کورد لەسەر خەونەکەیدا هەمیشە تێدامان و خەمینە، یان لە زمان-گوتارێکی نادیار و ئاوێزکاودا دووبارە و داخراودا وێ دەبێت، خۆی نمایشدەکا. بە واتەیەکی تر، ئاخاوەری کورد، لە تەواوی گفتوگۆییەکاندا، لەو زمانە و رەوانبێژییە داخوازیکراوەی لاوازە کە بتوانێت کۆی ئاوێزیی، هێکار، بەگە، رەگەز و سەرچاوەکانی ئەو "خەونە"ە لەو زمانە قەتیسماوەدا ئازاد و سەرفراز بکات. بە کورتی گەرەکمە بڵێم، لە زمانی کوردییدا، گوتاری سیاسی کورد گوتارێکە لە زمانێکی شپرزە و ڕاڕادا خۆی وێنە دەکا. لەم روانگەیەوە دەبینین گفتوگۆییەکانی ئەمە هەمیشە بە بنبەست دەگەن و گرژیی و گەڵاوژە دەبیتە ئاکامگیریی بۆ پرسی خەونی کورد. نەبوونی زمانێکی تێکمە و رەوانبێژییەکی بە دەمار لە جەم مرۆی کورددا، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە دەرکییەی کە هەمیشە، وەک قەدەرێک بۆیاردەر بووە لەسەر جەوکردنی ئاگایی کوردیدا. بۆیە من وەک گریمانەیەک لەم نووسینەدا، ئەو هیزە دەرکییە لە دوو هێزدا بەرجەستە دەکەمەوە: چەپێ -سۆسیالیزم) و (تێکەڵاوییەک لە لیبرالیزمی نوێ و ڕاستێ – کۆنپارێزی). ئەوەی یەکەمیان، دوای شەڕی جیهانی دووەم و دابەشکردنی نەخشەکان بەسەر دوو بلۆکی ئیمپریالزم و سۆسیالیزمدا سەریهەڵدا. ئەو ڕگەیە بە هۆی چەوسانەوە تووندی نەتەوەوایەتیی و تانگانەی کۆمەڵایەتی، ئابووری…هتد، لە جیهانی لای ئەمەدا بە هەمەن دەبێت.

لە ئاکامی ئەوەدا چەپێیی بووە هێزکی ڕەحی لە ماوەی نیو سەدەدا ئاوەز و ئاگایی مرۆی کوردی جەو کرد. ئەوەی دووەمیشیان، بە دیاریکردن، لە پاش ڕمانی بلۆکی سۆسیالیزم و قۆناغی دوای ڕاپەینی کوردستانی باشوور و دیلبوونی ئۆجەلان و سست بوونی شەی پیشمەرگەیی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا. بەڵام دوای بۆیاردانی ئەمریکا بە ڕماندنی ڕژێمی سەدام ئیتر خەونی کورد بە یەکجاری لە بەرەی ڕاستێ-کۆناپارێزیدا ماڕە دەکریت. لێرەدا دەبێ ئەوە جەختبکەمەوە کە "لیبرالیزم" و "کۆنپارێزی"، لە زۆر لایەنی ئایدیاڵۆژییەوە لێکتر جودان، بەڵام، لای توێژی سیاسی و ڕووناکبیری کوردیدا ئەو

دوو ئایدیۆلۆژییە، وەک یەک یان ناوون تەماشا دەکرێن. بە گشتیی بۆ ئەو توێژە، مانای ئەو ئایدیۆلۆژییانە لە ئازادی تاکە کەس و دیمۆکراتی و قسەگۆڵکی وادا دەناسرێنەوە. بۆیە لەم نووسینەدا بەکارهێنانی هەر یەک لەو ئایدیۆلۆژییانە مەبەست ئاماژە کردنە بەو تێگەیشتنەی ئەو توێژە سیاسی و رووناکبیرییە.
لەم روانگەیەوە بەندە هەوڵدەدات لە درێژەی ئەم نووسینەدا کاریگەریی و وردەکارییەکانی ئەو دوو هێزە دەرەکییە لەسەر "قەدەری خەونی کورد" راڤە بکات.

هەر لێرەدا دەبێ بڵێم بەڕاستی ئەمە پێویستمان بە ئەفراندنی زمانێکە کە بتوانێ بە دەستاوێژ و بەگەی فرەوان کێشەکانی ئەم خەونەمان بۆ بخوێنێتەوە. چونکە بۆ نموونە کێی کورد هێشتا ناتوانێ بە ئاگاییەکی تێکمەوە لە پەیوەندی کورد و ئەمریکا تێبگات. دواجار ئەمریکا بۆ کورد کراوەتە هێزێکی وەهمی، کە گوایە دەوڵەتی کوردیمان بۆ دروست دەکا، یان بە پێچەوانەوە، کە پێویستی بە کورد نەما خیانەت دەکا. هەبەت ئەم دوو جۆرە هەستە لێکدژە سەبارەت بە پەیوەندی کورد و ئەمریکا، ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنە جیاوازەکانی کوردییدا هەمیشە دووپاتە دەکرێنەوە. هەر یەک لەو دوو ڕوانگانە لە یەک زمانی بیر کردنەوە سەرچاوە هەڵدەگرن: یان بە پەڕەوانکردنی ئەمریکایە، کە کورد ڕزگار دەکا، یانیش دژایەتیکردنی ئەمریکایە، کە داگیرکار و سەرمایەدار و دژی ئیسلامە… گەر سەرنج بدەین، تەواوی دەمڕاستی حیزبە بەناو ناسیۆنالیستەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، هەمیشە بە زمانێکی لاواز و ساڤیلکانە لە بەرانبەر سەرکەکانی ئەمریکا دەئاخڤن. سوپاس و پیرۆزباییەکان بۆ ئەمریکا هەمیشە هەستێکی بەزەییانە و بێهێزانە بەرجەستە دەکەنەوە.

هەردەمێ کورد قەرزباری ئەمریکایە. نموونەی ئەو تەرزە ڕەوانبێژییە لاوازەش: هەر لە نامەکەی مام جەلال و کاک مەسعود بارزانییەوە بگرە تا بە حیزبەکانی کوردی ژێر دەستی سوریا تێدەپەڕێ و تا دەگاتە نامەی پیرۆزبایی سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کە کێی ئەمانەش ویستی سیاسەتمەداری کورد دەستنیشان دەکات. هاوکاتیش لە پاڵ چەند گروپ و حیزبی جیاوازی مەیلە و کەمۆنیستی تازە بابەت و گروپی ئیسلامی کوردی، میراتگرانی سلاحەدینی ئەیوبی، بەڵێ ڕووناکبیری بۆلایەن و ئاکادیمی کوردیمان هەن، لە ژێر چەتری ئاگایی و ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی بوش و ڕۆژئاوا، تا سەر ئێسقان دژایەتی سیاسەتی شەڕی ڕژێمی ئەمریکا بە دژی ئێراق و تێرۆریزم دەکا. یەکێک لەو ڕووناکبیرانە، کاک فاروق ڕەفیقە، کە

دژایەتی کردنی ئەمریکا هانیدەدا پەنا بباتە بەر (چۆمسکی).

(*) لێرەدا بە هەڵەی دەزانم، گەر ئەو بۆچوونەی من لەسەر فاروق رەفیق بخرێتە بۆتەی هەمان ئەو بۆچوونانەی کە پاش کتێبەکەی، "ماڵێکی وێران و ویژدانێکی زامدار..." خرانە پاڵ ئەو، هەروا مەبەستم ئەوە نییە کە فاروق مافی نییە دژایەتی ئەمریکا و ئەقڵی رژێمەکەی بوش بکات، بەڵکو مەبەستی من کۆشەی لێکچوونی روانگەکانە لە دژایەتی و دەستایەتیدا، کۆشەی داوێنگیری ئەو پەنابردنەی کوردە بۆ ئیدیۆلی دەرەکی. ئەمە دەزانین چۆمسکی لە بواری زانستی زمان و رەخنەکانی بە دژی رژێمی بوش و ئیسرائیل ناسراوە.

بەڵام ئەمڕۆ لە رژێناوادا تەنیا کەمێنیست و بەشێک لە چەپە تووندڕەوەکان، گرینگی بە نووسینەکانی چۆمسکی دەدەن، چونکە ئەوان ئەمریکا بە سەرمایەدار و دژە سۆسیالیزم دەناسن. بۆ نموونە، لە وڵاتی سوێددا لەو ساڵانەی دوایی چاپخانەیەکی چەپڕەوکان بەشێک لە کتێبە سیاسییەکانی چۆمسکیان وەرگێڕا و چاپکرد، بۆیە چۆمسکی لەو ناوەندە چەپەش دەخوێنرێتەوە. گەرەکمە بڵێم، فاروق رەفیق نووسەرێکە، لە کتێبەکەی خۆیدا پشتگیری هزر و کولتووری (کۆنسێرڤاتیڤ) دەکا، چونکە بەرهەمهێنەری هزر و فەلسەفەی رەسەنی رژێناوایە...کەچی لە دژایەتی کردنی ئەمریکادا، پەنا بۆ چۆمسکی دەبات... هتد. ئەوەی من دەمەوێ بڵێم، لاینگیری حیزبی کوردی بۆ ئەمریکا و روانگەی فاروق رەفیق و کەمێنیست و ئیسلامییەکانی کوردی، لە ئاکامدا بە یەک ئاراستەدا دەڕۆن.

ئەوەی کە لێکیان جیادەکاتەوە شێوازە نەک ناوەڕۆک و جیهانبینی. بە بۆای من ئەمڕۆ کورد پێویستی بەوە نییە کە رووناکبیر و سیاسەتمەدار پێی بڵێ ئەمریکا پاڵەوانە یان فاشیل و داگیرکار و ئەقڵی سەقەتە، بەڵکو کۆشەی کورد ئەوەیە چۆن زمانێکی تێگەیشتن فێر بێت و بەکار بێنێ لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەمریکادا. هەروا کۆشەی کورد ئەوەیە کە چۆن لەم وەهمە رزگار بێت، ئەمریکا ئەو فریادڕەسە نییە کە دوا بۆیار لەسەر خەونی کورد لای ئەو دەدرێت. دواجاریش کۆشەی کورد ئەوەیە چۆن لە جیاتی خۆ بە قەرزبار دانانی لە بەرانبەر ئەمریکا، ویستی خۆی و یادەوەریی خۆی بە یاد بهێنرێتەوە... هتد.

لەم روانگەیەوە ئەم دوو زمانە بە ئاواز جودا و بە ئاراستە وەکچووە بەرانبەر بە دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئەمریکاوە، تەنیا بار قورسکردنی زمانی کوردییە، کە هیچکیان ناتوانن وزە و هەنگاوێکی

چاوەکراو بە ئاراستەکانی هزرکردنی کورد ببەخشن. ئەنجامی ئەو دوو تەرزە هزرکردنە لای کێی کورد لە شەڕە قسە و رقهەڵشتن دەچەقێت. بە واتایەکی تر، ئەو تەرزە بیرکردنەوە قالبگرتووەی کورد، زمانی کوردیی تووشی ڕێگایەک کردووە ، تەنیا بۆ قسە کردنە.

بۆیە زمان لەگەڵ خۆیدا دەپەیڤێ نەک گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، کە ئەمجۆرە قسە کردنەش نە کۆتایی هەیە و نە سەرەتا. ئەمەش وای لە زمانی کوردیی کردووە لە گوتنەوەی ئەزموون و زانیار و روانگە وەستاوەکاندا شپرزە بێت. دواجار ئەو تەرزە زمانە، کە لە ڕەش و سپیدا دەدوێ، توانایەکی نییە بۆ بەرجەستە کردنەوەی ئەو روانگە و ئەلتەرناتیڤە هزریانەی کە بتوانێ ئاسۆیە تازەکانمان بۆ ئاوەڕا بکاتەوە: ئەفراندنی پاڵەوانی خورافی یان دژاوی نموونەییە. لێرەدا بونیاتی بیر کردنەوەی کوردی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە: پاڵەوانەکان پاڵەوانی بکردارن. سەرێک واتای بچووکردنەوەی ناسەرکە. دەست و دوژمن خاسەتەکانیان بەبنەمایە. ڕوونتر بڵێم: لە لایەک ئەمریکا دەستی کوردە و دەوڵەتی کوردیمان بۆ دادەمەزرێنێت، یان دوژمنی کوردە، سەرمایەدار و بەرژەوەندیخوازە… هتد.

لێرەوە لەبەردەم زمانی کوردییدا بواری دەربڕینکی تر نییە. دواجار زمانی کوردیی لە بەرجەستە کردنەوەی خەونی کوردیدا گیری خواردووە
بەهەمەحاڵ، دوای ڕونکردنەوەی بیرکەی ناوی ئەم بابەتە، هەوڵدەدەم چەمکە بیرلێکراوەکان بخەمە ڕوو. چەمکی "قەدەر" لای کورد بە ستراوەتەوە بە کێشەی بەدەستهێنانی ڕزگاری کورد لە دەست داگیرکاران. بۆیە قەدەر لە زمانی کوردییدا هەمیشە ئاماژە بە هێزێک دەکا کە لە دەرەوەی توانای کوردە. چەمکی "خەون" لە دەربڕینی کوردییدا هەر تەنیا واتەی ئەو چاڵاکییە نائاگایەی مرۆڤ نییە لە کاتی خەوتندا، بەڵکو بەرجەستە کردنەوەی پایە و پرسیاری هەزار ساڵەی کوردە. بە واتەیەکی تر، کێستێکە و کوردی سیخناخ کردووە. هاوکاتیش واتەی بە واقیعیکردنی بوونی کوردییە لە بۆیار و دیاریکردنی سەروەرییەکەیدا.

دەستەواژەی "چەپڕۆ و و ڕاستڕۆ" هێمای ئەو هێزەیە کە بۆیار لەسەر خەونی کورد دەدات. "پێشکەوتنخوازی"، "پاشکەوتنخوازی" و "کۆنەپەرستی" …هتد، چەمکزای ئەو چەپڕۆیەن و مالی کوردیان پێ کردێتەوە.
هەبەت، بە دەست پێوەگرتنەوە دەژم، ناکرێ ئەو نووسینە وەک

بانگەشەیەک بۆ پاڵەوانخوازی و لێزانی من لێکبدرێتەوە، یان ورتر بڵێم، هەڵەیە ئەگەر خۆنەر وا تێبگات کە من بە روانگەیەکی رەها بە دژی ئەو حزب و ئەم حزب؛ ئەو روانگە یان ئەویتر وەستاوم. هاوکات کە لە چەپ/راستەوە دەدوێم، وەک دوو هێزی وەهمی لە هەسووڵاندنی خەون و ویستی کوردیدا، مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمەیان لە ئەویتر بە باشتر بزانم. بەڵکو هەوڵی ئەم نووسینە هەوڵدەستە کردنە لەسەر ئەو جۆرە زمانەی کورد کە خۆی لە دوو زمانی دژی تەواوکاری یەکتر نمایشدەکا، دواجاریش هەوڵی ئەم نووسینە ئاماژە کردنە بەو پاشخان هۆکار و هاندەرانەی کە چ ڕێکیان بینیووە لەسەر ئەو "خەونە بە کۆمەڵییەی کورد".

بە واتایاکی سادەتر، ئەم نووسینە بەدوا گەڵانی سەرجەمی بیرکەکان و جۆرێک لە خوێندنەوەیانە، نەک لایەنگیری یان دژایەتی بیرکەیەکان.
هاوکاتیش دەمەوێ بڵێم، کە چۆن "چەپێی" وەک ئایدۆلۆژییەکی زاڵ لە مێژوویەکی دیاریکراودا، توانی ببێتە هێزێکی وەهمی دەرکی، روانگەیەکی سەرتاپایی و ئاوەزی کوردی جڵەو بکا، ئەمەش توانی خەسڵەت و نیشانەی خۆی لەسەر وێنەی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردییدا بەجێبهێڵێت، ئەویش: هەستی خۆ بە قوربانی دانان، خود سڕینەوە و خووگرتن بە راستییەکی رەهاگەرایی. بۆیە ڕەحی کوردی هەمیشە بە چاوی دەرەکی ناسنامە و وێنای خۆی بینیووە. لە ئاکامی ئەو چەپێییە کوردیەوە، بوونی کورد وێنەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت، کە زیاتر لە جیهانبینی ئایینی نزیک دەبێتەوە تا ئاوەوزگریی. لە کاتێکدا ئەوەمان لە یاد بێ، کە چەپێیی لە بنەڕەتدا بەرهەمی پرۆژەی مۆدەرنیتێ و ئاوزخوازیی ڕۆژئاواییە.

بەڕام دوای هەرەسی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و بە دواهاتنی شەپێی جیهانگیریی و هەوەشاندنەوەی روانگە ئایدۆلۆژییە باوەدەستەکانەوە، یان بە واتای هزرڤانی پستمدێرنیستی فەرەنسی، لوتار "کۆتایی هاتنی داستانە مەزنەکان" و لێدانی ئاوازە تازەکان و دواجاریش باوەدەستی ئەمریکا وەک تاکە دەسەڵاتێکی سیاسی و راستی…هتد، ئیتر ئاوازی نووسەر و سیاسی کوردی تووشی لەنگی دەبێ. لە بەردەوامی ئەو پرسەی گەانەدا، لێدانی رژێمی سەدام بەدەستی دەسەڵاتداری ئەمریکا و بە دوا داهاتنی روخانی سەدام، دۆخێکی تازە لە روانگەی مرۆی دەمڕاستی سیاسی و ڕووناکبیری کورد دێنێتە ئاراوە و خەونی کوردیش دەکەوێتە دەست قەدەرێکی تر کە ناوی راستەوەی/لیبرالیزمی نوێیە. ئیتر لە ماوەی ساڵێکدا، کە هەشتا

دەستەواژەی "سۆسیالیزم" وەک دوا ئامانج، لە پەیڕەو پڕۆگرامی حیزبە ناسیۆنالیست و مەیلە و چەپڕۆکاندا نەسڵاووەوە، کەچی جڕج بۆش و ئایدۆلۆژیە راستڕەوەکەی دەبێتە سەرچاوە و قەدەری خەونی کورد.

جڵگەی ئاماژەیە، گەر دوێنێ لە ژێر بەوی چەپڕۆییدا چینی کرێکار و ڕووتەڵە، پاێنەری بیرکردنەوەی سیاسی و ئەخلاقی کوردی بوو، کەچی ئەمڕۆ حیزبە کۆنپارێزەکەی بۆش دەبێتە ئەو پاێنەرە، کە بڕژوا و پارەدار لە پشتەوەی ئامادەنە. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کوردی، دوای ئەو وێرانکاریە هۆشتا خێی بێ ئەو تەرزە ئایدیۆلۆژییە ئامادە نەکردووە.
بەڵام بێ ئەوەی کەمێک بە وردی لە مەبەستی ئەم نووسینە تێبگەین، دەبێ بە کورتی بیرکەی تیۆری "چەپڕۆی-سۆسیالیزم" و "ڕاستڕۆی-کۆنپارێزی" نمایش بکرێن.

ڕوانگە بنەڕەتییەکانی چەپڕۆیی

واتەی چەپڕۆیی لەم نووسینەدا باسکردنی مۆژووی دیدە جودایەکانی نییە، بەڵکو مەبەست لەو ئایدیۆلۆژیەیە کە وەک بڕوایەکی مێتافیزیکی بێ ماوەی نیو سەدە بەسەر ئاوەزی کورد، زۆرینەی هێزی سیاسی و نووسەری کوردییەوە باێادەست بووە. داستانی ئەو دەستەواژەیە لە جەم ئەو هێزەی کورد گرینگیەکی نەبووە. بەڵام ئەو دەستەواژەیە لە سەروبەندی شۆشی فەرەنسییەوە سەریهەڵدا و دواجاریش لە کارل مارکسەوە تا لێنین ڕوانگەیەکی تری وەرگرت.
لە کاتی شۆشی فەڕەنسیدا بەو کەسانە دەگووترا کە لە پارلەمانتاری بوون. بەڵام لە ئاستی تێوریی و بەڵای چەپڕۆیی سەر بە مارکسیزم، سەرچاوە ئابووری دەبێ بچێتە گیرفانی دەوڵەت و دواجار دەوڵەت خێی ئەو سەرچاوە ئابووریە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشدەکا، کە ئەمەش بنەمای ئابووری –سیاسی مارکسیزمە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە دەبێ هەموو خەڵک یەکسان بن و لە مافەکاندا یەک پایە و نرخییان هەبێت. لەم ڕوانگە کۆلێکتیڤەوە تاکەکەس ئازاد و یەکسان دەبێت. مولکداری تاکەکەسی جڵگەی لە ڕژێمکی چەپڕۆیی نابێتەوە.

سۆشیال دێمۆکراتەکان یان سۆشیال لیبرالییەکان وەک نموونەیەک لە چەپڕۆیی توانیان دیدی ئابووری لیبرالییانە تێکەڵاوی تێزی ئابووری-سیاسی مارکسیزم بکەن. لەو ڕوانگەیەوە کە دەبێ هەموو کەمێ باجبدات بە دەوڵەت. بەڵام سۆشیال دێمۆکراتەکان ئەو سەرچاوە

ئابووریيه بەسەر ئۆرگان و فابریکه جیاوازەکانی دەرەوەی دەوڵەت دەبەشدەکەن. لەو سیستەمەدا ئەرکی دەوڵەت جێبەجێ کردنی پڕداویستییه بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیە ، بەڵام لە ئاست بوژانەوەی ئابووریيدا بیرکەی لیبرالیزم پیادە دەکەن. لەوێدا تاکەکەس دەتوانێ لە کێبەرکێ و کاری ئابووریيدا ئازاد بێت. واتا جیاوازی توانای تاکەکەسەکان نابێتە کۆشەی کۆلێکتیڤ. بەڵای سۆشیال دێمۆکراتەکانەوە تاکەکەس لە رووی گەشەی ئابووریيەوە دەتوانێ لە دەرەوەی کۆلێکتیڤدا گەشە بکا، کە ئەمەش زیاتر دیدێکی لیبرالییه تا مارکسیزم.

بەڵام چەپڕەوی کوردی بە دەربڕینێکی سادە، بە حیزب و تاکەکەسی رووناکبیرەوە، هەڵگری ستالینزمە. بۆیە بە گشتیی بە روانگەی حیزب و رووناکبیری کوردیی سەر بە چەپ گەر لاینگیری نەبیت، ئەوە دەبیە دوژمنی، ئەمەش دیدێکی سەرکوتکەرانەیە و نیو سەدە پانتایی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی گۆشکرد. بۆیە لە جیهانی سیاسی و رۆشنبیریی کوردییدا هەموو جیاوازییەک مانای دژ وەردەگرێت. وەڕای ئەمەش دوای هەرەسی بلۆکی سۆڤیەت چەپڕەوی کوردی، لە جیاتی چاکسازی خۆی، زیاتر بەرەو گروپێکی داخراوی فەندەمێنتال ڕۆیشت.

روانگە بنەڕەتییەکانی راستڕەوی-کۆنپارێزی

کۆنسێرڤاتیزم یان کۆنپارێزی واتای پاراستن یان هێشتنەوە دەگەیەنێت. ئەدمۆن بورکی ئینگلیز بوو کە ناسراوترین هەڵگری ئەو بیرکەیە. ئەو پیاوە دژی روانگەکانی شۆڕشی فەرەنسی بوو. لە ساڵی 1790 بۆرک پێی لەسەر دابونەریتی کۆنی فەرەنسی داگرت. بورک پێی وابوو خوا و پاشا بۆیاریان داواە کە مرۆڤەکان دەبێ ببنە خاوەنی دەوڵەت.

لە روانگەی کۆنپارێزەکانەوە ئەرکی سەرەکی مرۆڤ نواندنی دڵسۆزیە بەرانبەر بە دەوڵەت، دەبێ دەوڵەت بە هی خۆی بزانێت. بۆیە ئەوان دەوڵەت بە خودی جەستەی مرۆڤ دەچوونن. چونکە لەو دەوڵەتەدا هەر کەسە و ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە. لە رژێمێکی کۆنپارێزدا هەبوونی هەرارکیەکی کۆمەڵایەتی، گرینگی خۆی هەیە. لەوێدا توێژێک لە کۆمەڵ دەبێ باڵادەست بێت. هاوکاتیش کۆسە رۆڵکی گرینگ دەبینێ لە فۆرکردنی چاکەدا. بۆیە لە سیستەمی کۆنپارێزدا، هەروەک دەبینین کە کۆسە لە ئەمریکادا رۆڵی پشتیوانی دەوڵەت و حیزبی کۆماری دەگێڕێت.
بە شێوەیەکی گشتیی دیدی کۆنپارێزی نوێ، لە پرسەی حوکمدا: جەخت

لەسەر بەردەوامی، نەگۆڕی دابونەریت، سیستەمی دادوەری، مولکایەتی، تاکایەتی و گروپ لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دەکاتەوە.

بە ڕای ئەو کۆنپارێزە نوێیەوە کە حوکمڕانی سیاسی دەبێت بە باشی پابەند بێ بە دادوەری گشتییەوە، وەک ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەو دەکرێ. لەو سیستەمەدا دادگای باڵا دەتوانێت بڕیاری سیاسی هەڵوەشێنێتەوە، لەوێدا گەر دادگای باڵا بزانێت ئەو بڕیارە لەگەڵ دادوەری ناکۆکە دەتوانێت ڕەتیبکاتەوە. بۆیە لە ئەمریکادا دادگای باڵا بە جۆگرییەکی لەباری پاشایەتی دادەنرێت. زۆرێک پێیان وایە ئەو جۆرە دادگایە، وەک هەمایەک لە جێگەی پاشا ڕۆڵی یەکگرتنی نەتەوە دەگێڕێت. هاوکاتیش خەزان بەلای کۆنپارێزەکانەوە پێکهێنەری بنەمای کۆمەڵگایە. بازاری ئابووری لە سیستەمی کۆنپارێزیدا بەربەرەکانێی دەستەوەردانی دەوڵەت دەکات، کە ئەمەش بوژانەوەی دەوڵەت. دواجار لە ڕوانگەی کۆنپارێزەکانەوە لە کۆمەڵگادا هیچ هاوئاهەنگییەکی نموونەیی یان دادپەروەرانەی ڕەها لە گۆڕدا نییە. ئامانجی سیاسی کۆنپارێزەکان زەمینە خۆشکردنی ژیانی هاووڵاتیانە، نەک بگەڕد کردنی ژیان.

بۆیە ئەوان یەکاسانی و پاکی بە مەحاڵ دەبینن. بەڵام لای کۆنپارێز، نەتەوە کاکڵەی کۆمەڵە. لێرەوە بەرگری کردن لە نەتەوە دەکەوێتە پێش هەموو شتێک، هەروەک ئەو دیدە لە ئاخاوتنەکانی جۆرج بوش و حیزبەی بە ڕاشکاوی بەرجەستە دەکرێتەوە. بۆیە تەواوی کۆنپارێز-ڕاستڕەوەکان لەسەر ئەوە سوورن کە دەبێ بەرگرییەکی سەربازی تێکمە و گەورە هەبێت تا بتوانێت کۆمەڵگە یان دەوڵەتی نەتەوەیی بپارێزێت. ئەمەش لە دەسەڵاتی ئەمریکای ئەمڕۆدا بەرچاوە.

چەپڕەیی و قەدەری خەونی کورد

هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، یان زیاتر لە حەفتایەکانەوە، چەپڕەیی یان سۆسیالیزم دەبێتە ئاینێک کورد بە خۆیەوە سەرمەست دەکا. سۆسیالیزم وەک سەرچاوەی هەزێکی باڵادەست، کە گوایە ڕزگاریکاری گەلانی بندەستە و بە گشتییش کۆشەی چەوساندنەوەی چینی هەژار و کرێکار جەغتەکاتەوە، دەبێتە بزوێنەری ڕوحی کورد. دواجار ئەو ئایدۆلۆژییە وەک هەزێکی مێتافیزیکی سەکار، توانی ویستی ناوەکی کورد فەرامۆشبکا و خەونی خۆی بداتە دەست قەدەرێکی دەرەکی. ئەمەش هەر تەنیا کۆشەیەک نەبوو کە کورد دەرگیری بێت، بەکو زۆرینەی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی وڵاتانی ئەفریکا و لاتین ئەمریکا و دونیای ئیسلامی بوون بە وابەستەی بلۆکی سۆسیالیزم. بەڵام ڕەنگە

ئەو ئایدۆلۆژییە چەپڕۆیە لە هەر ناوچەیەک، بە گوێرەی پێکهاتی کولتووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکان، ڕەنگی خۆی وەرگرتبێت. بەڵام لە ڕۆژهەڵات بە گشتیی و لە کوردستاندا بە تایبەتی، جۆگەی بڕوا و ئایینی ئیسلامی گرتەوە، یان لەسەر ئەو ڕوانگەیەکی خورافی قاڵبدۆز بوو.

چونکە دۆخی هەژاری و ڕۆژەی زۆری نەخوێندەواری لە جیهانی ئیسلامی و کوردیدا بە تایبەتی، زەمینە خۆشکەری ئەو ئایدۆلۆژیە بوو. قسەگەلێکی وەک: یەکسانی، برایەتی و پەسندانی چینی هەژار، زیاتر لە ئاوازی خوتبەی ئایینی نزیکە تا واقیعیەتی ژیان و چارەسەرییە کۆنکرێتەکان. بە کورتی پێکهات و بونیاتی ئابووری و ئاگایی سیاسی کۆمەڵگەی کورد لە هەموو بەشەکانی جەستەی کوردستاندا، جۆگەی ئیسلامی گرتەوە، کە وەک هێزێکی قەدەرهەڵگر،خەونەکانی خۆی بە مەیسەر دەکا.

هەر بۆیە سەرچاوەی سۆسیالیزم بۆ تەواوی بزاڤی کورد بوو بە ئامانجی کۆتایی. ڕەنگە جۆگەی ئاماژە بۆ، کە لە ژێر کایەی ئەو ئایدۆلۆژییە ئۆتۆپیەدا، مرۆی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی دەبوو گیانفیداکار بێت. واتا خاسەتی خۆبەختکردن و فەرامۆشکردنی خود و بەرژەوەندییەکانی خۆی...هتد، بوو بە وێنای ئیدیالی مرۆی سیاسەتمەدار و ڕووناکبیریی بەڵاستی.
لە سەرمەستی ئەو ئایدیۆلۆژییەدا نەوەی حەفتا و نیوەی هەشتایەکانی کورد، بە پێچەوانەی نەوەی دوای هەرەسی بلۆکی چەپڕۆیی، هەموو خەونە تایبەتییەکانی کرد بە قوربانی خەباتی چەکداری و ونبوون لە چاوەڕوانییە خەیاڵییەکان. هاوکاتیش لە هەر چوار لەتی کوردستاندا، کوردی کۆمۆنیست لە عەرەب و فارس و تورک زۆدەتر سەرگەم بوو بە برایەتی و نۆنەتەوەیی و پاراستنی چوارچێوەی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەوە، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندەکانی ئەو بانگەشانە بە ئاگا بێت. هەر بۆیە بەشێکی فرەی کورد لەبەر ئەو سەرمەستییە، تا ئەمڕۆش بۆبەرییە لە زمان و مۆژوو و کولتووری کوردی، گوایە ئەوە پاشکەوتنخوازی و نەتەوەپەرستییە، کەچی نەتەوەی باوەست ئەو ڕوحە سافیلەکەیەی پێ کرد لە ڕوحی شۆڤینییەیەتی خۆیەوە.

بۆ نموونە تا ئەمڕۆش حیزبی شیوعی سوریا، کە لەوێدا لە هەموو مافێک بێبەشە، کەچی کورد چالاکترین توێژی هێزی ئەو حیزبەیە. بۆیە تا ئێستاش ئەو حیزبە بەرانبەر بە کورد یەکێکە لە شۆڤینترین حیزبە چەپڕەوەکانی ئەو ناوچەیە. هەوێستی ئەو حیزبە لە سەرهەڵدانی کوردی ئەو بەشە، تەنانەت لە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار شۆڤینتر بوو.

قەدەری باکووری کوردستان هەمان وێنەی لەتەکانی کوردستانی بە خۆیەوە بینییەوە.
وەک ئەمەش، لە ئێراندا، تەواوی چەپەکان، تا ئەمڕۆش، بە ئایدیۆلۆژی شۆڤینیستانەی ئێرانی جەوی کوردی گرتووە.

جگەی سەرنجە، لە روانگەی وێنای کۆمۆنیستی خەبەختکار، لە برادارێکی کۆمەڵەی ئێرانم بیست، کاتێ مانسوور حیکمەت لە دەرەوە چوو بوو بۆ کوردستان، پێتینە کرێکاری و شۆڕەی جل و بەرگەکەی، ئەندامانی کوردی حیزبی کۆمەڵەی شاگەشکە و بووراند بۆوە. بەڵای ئەوانەوە مەسنوور وەک فارسێک کە لە ئەوروپا ژیانوە، چۆن وا سادە و ساکارە! واتا مەنسوور وەک ئەکتەرێکی خەباتگێڕ و کۆمۆنیست دەبێتە باوکێکی روحی مرۆی کورد.

لێرەوە دەبینین، خەونی کورد لە قۆناغی چەپەییدا، قەدەرێکی دەرەکی، بەناوی نۆونتەوەیی و برایەتی و لە خۆ بووردوویی ئاوەز و گیانی سافیلکەی گۆشدەکا. ئەمەش بوو بە فەرامۆشکردنی ویستی کورد، دواجار ئەو تەرزە ئایدیۆلۆژییە بە گۆشەیەک لەو بەهەشتە میواندارێ کوردی نەکرد، تاوەکو لە چاوەوانی ئەو خەونە شەکەتەیدا سەرفرازی بکا. بۆیە وێنای ئەو بەهەشتە، پاش کابووسەوە و رمانی سۆڤیەت و هاتنی ئەمریکا، کە لای زۆرینەی هێزی سیاسی و رووناکبیری کورد، بە ئیمپریالیزم دادەنرا، بوو بە ئەو بەهەشتە بەڕاندراوەی، کە ئێستا سەرگەرمی کردووین.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بزاڤی سیاسی کورد هەمیشە دەقی بەوە گرتووە، هەروەک بەختی ئەوەی کردبێت، کە قەدەری خەونەکەی، نووشست و تێکشکانەکانی لە هێزە دەرەکییەکان مارە بکات. هەر بۆیە لە ئاخافتن، یان زمان-گوتاری کوردیدا تەواوی کێشەکان دەخرێتە سەر شانی هێکارە دەرەکییەکان. بە واتەیەکی تر، هەر لە پاش پەیمانی سیڤەر و لۆزانەوە، کە دوو پەیماننامەی دوای هەردوو شەڕی جیهانی بوو، بزاڤی کوردی بۆ دەستنیشانکردنی مافەکانی بۆبەری بووە لە ویستی بۆیاری ناوەکی خۆی. هۆی خۆیەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئەو بۆواداریەی کە کورد کە بە شۆوەیەکی خۆشباوەڕ، ئایدیۆلۆژی چەپەیی و ویستی دەرکی پیادە دەکات، بۆ ئەوەی بۆ هێزە ناوەکییاکانی خۆی وەفادار بێت. لە ئاکامی ئەمەدا، کە ئێستاش چەپەیی لە کن کوردە لیبرالیستە تازە بابەتەکانەوە وێنەی ئەزموونێکی دزێوی وەرگرتووە، لە جێگەی ئەوەدا، لیبرالیزم شۆنی ئەو پیرۆزییەی گرتەوە.
هەر بۆیە ئێستا بزاڤی کوردیی و دەمێاستە رووناکبیرەکەی لە هەموو

لەتەکانی کوردستاندا بە هەمان روانگەی چەپڕەییەکەی پێشوویەوە، قەدەری خەونی کوردیان دە قەبەر لیبرالیزم و راستڕەوی ئەمریکای بڕش کردووە.

خەونی کورد لە چاوەڕوانی راستڕەوییدا

ئەگەر لەسەر ئاوازی ئەو گوتەیەی نیتشە: "خودا مرد"، ئێمەش بڵێین، چەپڕەوی کوردی مرد. بەڵام راستڕەوی جۆگەی ئەو خوایە چەپڕەوەی کوردی گرتەوە کە خەونی کوردی بەدینەهێنا. لەم روانگەیەوە ئیتر هەر لە دوای مردنی خوای قەدەری کۆنینەی کورد: چەپڕەییەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، کۆی بزاڤی کوردی لە چاوەڕوانی ئەو خوایە بەناو کۆنپارێزی یان راستڕەوییە دایە، کە ئەمڕۆ بۆ یان سبەی ئەمریکا ئەو خەونە سیاسییەی کوردمان بۆ دابین دەکات. هەبەت لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە "راستڕەوی" و "چەپڕەوی" زۆر جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام لە کن تۆڕی سیاسی و رووناکبیری ئەمڕۆی کوردیدا، ئەوەندی من بزانم، یەک واتەی وەرگرتوو.

وەک گوتمان بۆ نیو سەدە سۆڤیەتی گۆرین بۆی مەیسەر نەکردین. کەواتە کورد تەنیا خودایەکانی گۆڕیەوە. ئەگەر لە دیدی نیتشە "خوا مراندن"، مەبەست لە گۆڕانەوەی مرۆڤ بۆ بۆ ویستی خۆی و پیادەکردنی هێز، کەچی بۆ کورد گۆڕانە بە دوای هێز یان ئایدیۆلۆژییەکی تر کە لە دەرەوەی ویستی خۆی و هێزی ناوەکی خۆیەتی. دواجار ئیشی کورد خۆ فێدانە لە باوەشی خوایەکی مردووەوە بۆ باوەشی خوایەکی تازە؛ بە پاڵەوانکردنی هێزی راستڕەوی ئەمریکا و فەرامۆشکردنی ئەزموونی تێکشکاوی چەپڕەییە.
کێشەی کورد لە هەبژاردنی هێزە دەرەکییەکاندا هەمیشە کەژو هەوایەکی جیهانی لە پشتەوە بووە. گەر لە سەردەمی چەپڕەییدا سۆسیالیزم و سۆڤیەت وەنای پشتیوانی گەلانی زۆرلێکراو و کۆلەواران بوو، ئێستا بە فرەبوونی بازاڕ و کاڵا و خودپەرستی و تاکگەرایی مرۆڤەکان وەنەی مرۆڤی سەرکەوتووە…هتد.

ئەمڕۆ ماددە و بە سێنتەر بوونی خۆیستی مرۆڤ و هەودا بوون بە دوای کەل و پەل، دوا ئامانجی ژیانی کۆمەڵگەیەکانە. ئەو ماشێنەی کە بە ناوی بە جیهانیببوون-گڵوبالیزم ژیان و روانگەکانی مرۆڤ دادەهێنێت، ئیتر نە بیرکەکان و نە خودی مرۆڤیش لە توانای نەماوە خاوەن بنەمایەکی دیاریکراو بن. ئاکامی ئەو دیاردەیەش شپرزە بوونی بونیاتی مرۆڤ و ژیانە، کە بە مەرجەکانی ئەو هەموو گۆڕانە راناگات. گەرچی رەنگە هێشتا ئەو ماشێنە بە ناو گڵوبالیزمە بە

تەنە لەکچۆاوەکانی ناخی کۆمەڵگەی کوردی داگیر نەکرد بێت، بەڵام لە باری دەروونی، ئاگایی و خواستی پەیوەندییەکان تواناییەتی مرۆی کوردیش بە مۆدەکانی و مەرجەکانی سەوداسەر بکات. لە ئاکامی ئەمەشدا تاوی بونیاتێکی خودویستانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا چاندووە، کە لە مەیلی کەرەسە و مۆدەو فۆرم پەرستی ...هتد، دەسکەوتی ئابووریدا زەقدەبێتەوە. ئەو پرۆسە تازەییەش نەک هەر بێیار لەسەر تاکی کوردی دەدات، بەڵکو بە کاریگەرییەکانی پێکهاتی کوردی کردووە بە خولیایەک بێ بوونە ئامراز لە پێناوی تێر کردنی خود.
هەبەت لە روانگەی تێوریییەوە لە نوان بەجیهانیببوون و جیهانگیریدا جیاوازییەک هەیە، کە دەبێ بیری لێبکەیەنەوە: لەم نووسینەدا بەجیهانیببوون، دیاردەی باڵادەستی بازاڕ و لێکدانەوە نۆگەتیڤەکان دەگرێتەوە. چونکە جیهانگیری-گڵوبالێت لە ئاستی تێوریدا روانگە هزری کۆمەڵایەتی کولتوریییەکان بە گشتیی دەگرێتەوە، لێرەوە گەر دوێنێ، لە ژێر کاریگەری چەپڕییدا کورد دوور لە ویستی خود و خولیای کەرەسە خۆی بە گیانێکی بە کۆمەڵی مرۆی ئیدیالی پەرەوەردە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە، خود و بەرژەوەندی، بگرە لە کاری سیاسیشدا، بێتە ئایدیال و پاڵەوانی مرۆی کورد. بە واتایەکی تر، گەر دوێنێ کورد سەرقاڵ بووبێ بە چاڵاکی سیاسی و ڕۆشنبیریی، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی...هتد، کەچی ئەمڕۆ توژی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی، لە پێناو بە سێنتەر کردنی خود و خواستە دەسەڵاتخوازەکەی، حەوداڵە بە دوای خۆ گونجاندن لەگەڵ دەسەڵاتی خاوەن ماددە و هێزی باودا.

دواجار خەمی ئەمڕۆی توژەکان، بە سیاسی، ڕووناکبیرەوە، بە دەراوێتەکردنی دەگمەنێک لەو توژانە ، بێ نموونە، بێ لاوی کوردی تازە بابەت، "پەڕەوان"ی لەوەدا دەبینێتەوە کە ببێتە گۆرانبێژێکی مەیلە و ئەوروپی و لە "کلیپ"ێکدا، وەک گۆرانیبێژە ڕۆژئاواییەکان، بە وێنەی ئێتێمبیل و کیژێکی قژکاڵەوە، یان بە ئاوازی لەنجە و لاری کچە گۆرانینێژە pop و Rock ەکان لە شاشەی تەلەڤیزیۆن پیشانبدرێ، تاکو کیژ و کوێی کورد لە ناوەوە و دەرەوەدا بە خۆیەوە سەر سام بکات. هاوکاتیش لە ئاستی کۆمەڵدا، ئێتێمبیل و تەلەفۆن مۆبایل و خانوو؛ دەسکەوتە فۆرمالیتێیەکان، ئاواتی سەرەکی مرۆی کوردی پێکدەهێنێت. بە کورتی، بە واتەی مرۆی کورد، گەر دوا مۆدێلی ماشێنت لە ژێر نەبێ کەس بە "پیاو"ت دانانێت.

ئەمڕۆ کەسێکی ڕووناکبیر و لێزان لە کن کورددا، پایەی تێگەیشتن نییە لە ئاستی زانین و ئاوەز؛ چاڵاک بوون لە بوارێکی سیاسی

کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیریی، وێنای کەسی سەرکەتوو نییە، بەکو دەوڵەمەندی و ئامانجی خود کردنە نۆوەند و موڵکداریی تایبەتی، یان خەمی ڕووناکبیری زار قەبارەی ئەمڕۆی کورد، دەرکەوتن و جگە خۆشکردنە لە کەناڵ و نۆوەندە گەورەکانی دەسەڵات...هتد. بە واتەیەکی تر، لە ڕوانگەی ئەو پشتینە جیهانگیریی و "بوش"گەراییەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، زاراوە سیلاک بووەکانی وەک ئازادی تاکەکەس، دێمۆکراتی، کۆمەڵگەی مەدەنی، فێمینیزم و قسەگەلێکی لەم تەرزانە بۆتە ڕێگەخۆشکەر بۆ هەموو مەیل و کردەیەکی ناەوا.

ئەمەش سەرەتای کولتوور و نەریتێکە کە بوودەیی و کولتووری جەبی، یان گەڵاوژەی خودویستی لە پشتەوەیە، نەک وەرچەرخان و گەشەی ئاوەز و مەعریفە. بەرهەمی ئەو مادە بە جیهانیببوونە و "لیبرالیزم"گرییە نوێباوەی کورد، بەهای فەرامۆشکردنی ویستی سەربەخۆیی و بە پەاوێزکردن، یان بە کەرەسە و فۆرمکردنی "خەونی کورد" ە، نەک گۆڕانکی بونیادی لە ئەزموونی تاڵی کوردیدا. ئەو دیاردە نوێباوەی کورد بە بیانۆی ئەوەی کە دونیا گۆڕاوە، یان گوایە "سەردەمی گلوبال، تاکگەرایی، نەمانی خەونی دەوڵەتی کوردی و... هتد، بۆیە دەبێ کوردیش واز لە داوای خەبات بۆ خەونی کورد بێنێت و خەریکی گووتنەوەی ئەو دەستەواژە و قسەگەلە بێت کە ماشێنی بەجیهانیبوون و بازاڕی سەرمایەداری و لیبرالیزمی نوێ بە ڕەواجی کردووە. بەهەمەحاڵ.

بەڵام ئەگەر ئەو ڕوانگەیە بەرهەمی لیبرالیزم و کۆنسێرڤەتیڤی نوێ بێت؛ پێستمۆدێرنیزم وەک بنەمایەکی هزر لە پشتەوەی بێت، کە بەرهەمی کۆنتێکستی ئەو قۆناغە هەمەجۆرانەی ڕۆژئاوان. کەچی ئەو ڕوانگە لەگەڵ ئامادە بوونی بەژن و باڵای سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، لە هیکڵا پەنگدەداتەوە و ڕوحی کورد لەگەڵ خۆیدا ڕادەپێچێت، بۆ ئەوەی بوونی کورد لۆژیکێکی بۆ ئەو ڕوانگە تازەیە هەبێت. لە کاتێکدا، ئەگەر ئەو ڕوانگە تازانەی ئاماژەیان پێکرا، لە ئەورووپا بە لۆژیکی لیبرالیزمی نوێدا بناسرێن، کەچی جۆرج بۆش لە سەرچاوەیەکی مەسیحگەراییەوە پیادەی ئەو ڕوانگە تازانە و سیاسەتی دەرەکیە دەکا. جگەی سەرنجە، ئەو ڕوانگە و مانایانە لای ئێمە دەبنە باو و مادەی دەقکی، بۆ ئەوەی پرسیار بکەین، ئێمە لە کوێن و بەچی و چۆن لەگەڵ ئەو دیاردانە مامەڵە بکەین!
وەڵای ئەمانەش، لە بیرمان نەچێت پاش هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ عێراق، هەموو بەهایە ئەخلاقی و ئایدۆلۆگی کۆنپارێزی بۆش، کە بۆرژوا و سەرمایەدارەکانی ئەمریکا بە خۆیەوە دەگرێتەوە، ئەمەش،

بۆ ئەوەی ئەمە ئاگامان لێ بێت، ئەخلاقی خۆیستی بەخشی بە توێژی سیاسی و رووناکبیری کورد.

کەچی چەپێیی پێشووی کورد، چونکە روانگەی دژە مولکداری تاکەکەسی ئایدیالی بوو، ئەمەش روحێکی قوربانی و خود فەرامۆشکردن و وەهمی مرۆی ئایدیالی گۆشکرد. بۆیە کاری بە کەمەی و گیانفیداکاریی و خۆبەختکردن لە پێناو کەمەڵ...هتد، جێگەی پایەداری و نموونەی مرۆی چاکە بوو بۆ کورد. ئەمەش بوو بە وێنەیەک بۆ مرۆی سیاسی و رووناکبیر، کە پێ بوو لە دووانەیی؛ بە رووکەش ئازادیخواز و خەباتگێڕ بوو، بە ناوەڕۆکیش هەڵپەرست و ساختە بوو. بەڵام دواجار ئەو رووکەشیە وێنای ئایدیالی بوو بۆ نموونەی مرۆی رووناکبیر و سیاسی. کەواتە خەونی کورد لە گیانی مەیلەو ئایدیالی و ئایینی بەرجەستە دەکرایەوە.

لێرەوە ئەرکی رووناکبیری جیاوازی کورد، گەانەوەیە بۆ مانی ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیرییە کوردی دەستەبەر بکا بۆ خوێندنەوەی روانگە ڕۆشنبیرییەکانی "ئەویتر". دەگمەنی ئەو زمانە جیاوازە لە پانتایی رووناکبیری کوردی ئەمێدا، یەکێکە لەو کێشە ڕۆشنبیرییە خەمهێنەرەی ژیانی کورد. هەبەت هیچ کەمەڵ و کولتوورێک بۆ بوونی گەانەوەیەک بۆ سەرچاوەکانی خۆی ناتوانێ خاوەن گوتار و روانگەیەکی ڕۆشنبیریی، تونێکی تایبەتمەندی کوردی، خۆی بێت. لە ئاکامی فەرامۆشکردنی ئەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەی ئەمێی کورد، پانتایی ڕۆشنبیریی کورد هەگری مێتود و روانگەیەکی نییە کە بتوانێ زمانی خوێندنەوە و هەوەشاندەوەیەک بۆ خودی خۆی بەرهەم بهێنێت. لە پانتای بۆاو کراوە پان و پەەکانی کوردیدا ،دەستەواژە و تیۆرییەکان لە شێوازێکی بۆ ئاراستە و بۆ پڕۆژە و بۆ ئاکامگیری، ئاپەە دەکرێن.

ئاکام و رامانێک بۆ گەان بەدوای سەرچاوەکانی کورددییەوە

هەبەت چەپێیی لە نیو سەدەدا، نەک هەر خەونی کوردی ڕۆشن نەکردەوە، بەکو هەستی خۆ بە قوربانیدان و تاوانبار کردنی هێزی دەرکی کرد بە روانگەیەک بۆ کورد، بۆ ئەوەی سەبووری دەانەکانی بداتەوە. ئاکامی ئەمەش بوو بە بنەمایەک کە ئەمێ هێزی دەمێاستی سیاسی و رووناکبیری کورد وێنای راستەەی و "بوش"گەرایی بکات بە ئەو هێزە رزگارکەرەی خەونی کورد. لێرەوە ئەو گەانە لە روانگەی کورد، گەانێکی بونیاتیانەی نییە، بەکو گەانێکە لە ئاستی فۆرم و ناوەکان؛ کێنپارێزی و "بوش"گەرایی، جێگەی چەپێەوەی و

سۆفیتگەرایی دەگرێتەوە؛ خودگەرایی و بەرژەوەندی تاکە دەسەڵاتدارەکان و ئامانجی ئابووری، لە جیاتی روانگەی بە کۆمەڵی و خۆ بە فیدا کردن و خود فەرامۆشکردن، دەبێتە ئایدیالی مرۆی کورد...هتد.

لە کاتێکدا گەر بیرکەی کۆنسێرڤەتیڤی، لە دوای کابووونەوەی چەپێیی کوردی هاتنی ئەمریکا، وەک روانگەی تازە دەبێتە مادەی کورد، کەچی ئەو کۆنسێرڤەتیڤە لە بیستەکانی سەتەی بیستەم، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە عێراقدا، وەک بیرکەیەکی خەماڵی لە ئاستی ڕووناکبیریی و سیاسیدا چاڵاک بوو. لێرەوە دەکرێ ئاماژە بە توێژک لە ڕووناکبیری کوردی بکەین، کە نەک هەر لە ئاستی چاڵاکی ڕۆشنبیریدا خەمخۆر، یان هەڵگری پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی سیاسی گشتانی بونیاتی کوردی بوون، بەڵکو لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵاتیش ئامادە بوون. بیرکەی ئەو پانتاییە ڕۆشنبیریی و سیاسییە لە ڕەوتی "کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان" بەرجەستە دەبێتەوە.

لەوێدا کۆمەڵێ ڕووناکبیری ڕەسەنی کوردی وەک: "حەمدی بەگ، جەمیل سائیب، موستەفا بەگی ساحێبقران، ڕەفیق حیلمی و چەندان ڕووناکبیری تر وێنای ئاگایی کورد بوون، یان دەکرێ بە میراتگری دەنگی خێسکی شاعیری ڕەح بەرزی حاجی قادری کویی بناسین. هاوکاتیش شێشی شێخ سەعید و شێخ مەحموود و شێخ نەهری و بگرە سەرکی کۆماری مەهاباد، قازی موحەمەدی نەمر، دواجاریش بزاڤی "ژکاف" لەم ڕوانگە ڕاستێیەدا بەرجەستەدەبنەوە.

ئامانجی ئەو ڕووناکبیر و بزاڤە کوردیانە، لە ڕوانگەی وشیار کردنەوە و دامەزراندنی ڕەحیەتی کوردی ڕەسەن بوو، نەک وابەستە بوون بە ڕوانگەیەکی دەرەکی و لاسیکردنەوە، کە ئێستا لە ئارادایە. بە بۆای من، بۆ ئەوەی یادەوەری کوردی خاوەن ئاگاییەکی خۆی بێت، ئەرکی زمانی تازەی ڕووناکبیری کوردی ئەمڕۆ، خوێندنەوە و بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامی ئەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییە و سیاسیەی کوردیە. ئەمەش مانای دەرگا لەسەر خود داخستنی کورد نییە، بەڵکو ئامادە کردنی زمانی کوردی، ئاگاییەکی کوردیە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا. بە واتایەکی تر، بەشدار بوونی کوردیە بە گفتوگۆکردنی خودی خۆی لەگەڵ "ئەویتر"دا.

لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەو دیاردەیە ئامادەیی هەیە. ئەمەش لە توێژک لە ڕووناکبیری شەستەکان و حەفتایەکاندا ڕاشکاوتر

بەرجەستە دەبێتەوە، کە دەکرێ وەک بەردەوامیەک راڤەی بکەین. لێرەدا بە یادهێنانەوەی، ئەمین زەکی بەگ، مەسعوود محەمەد،عەلائەدین سجادی، شاکر فەتاح، دوا بەرهەمەکانی کەمال مەزهەر و چەندان نموونەی تر، دەکرێ بە سەرچاوەی رەسەنیتری جیهانبینی روانگە ڕۆشنبیریی و هزرییەکانی کورد بخوێنرێنەوە.

لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییە هزرییەکانی ئەو رووناکبیرانەدا، مێژووی کورد و تایبەتمەندیی و جیاوازی و کێشەکانی بوونی کورد ئامادەییان هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لە ئەرک و پرسیارەکانی تەواوی رووناکبیرە جیهانییەکان. لێرەدا دەبێ بزانین، تەواوی گفتوگۆیەکانی هزرڤان و فەیلەسوفی ڕۆژئاوا، خوێندنەوە و دامەزراندنەوەی مێژووی پانتاییە هزریی و ڕۆشنبیرییەکانی سەرچاوەکانی خۆیەتی. کەواتە بە واتەی نیتشە، گەر ئەرکی فەیلەسوفی تازە هاوڕانی ئەو رمە بێت کە فەیلەسوفانی پێشتر ئەنجامیان دابێت، ئەوە ئەرکی رووناکبیری تازەباوی جودا، ئەفراندن و دامەزراندنەوەی ئەو ئاراستە ڕۆشنبیرییە رەسەنەی کوردیە، کە بەرهەمی تێڕامانی ماڵی کوردیە. بەڵام ئەو روانینە رەسەنە لە جەم رووناکبیری باڵادەستی ئەمڕۆ و دوێنی کورد، یان بە واتای مەسعوود محەمەد، بۆ ئەو "رووناکبیرە زار قەڵەبالغە"ی ئێستای کورد، سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی کوردی لە مەعریفە بەدەرە و دەبێ فەرامۆشبکرێن.

بەهەمەحاڵ، جێگەی سەرنجە، هەر لەگەڵ زاڵبوونی بیرکەی چەپەەی و سۆسیالیزم، ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییە رەسەنە، یان کۆنسێرڤەتیڤەی کورد، کە ئاماژەم پێکرد، بە مەری "کۆنەپەرستی" و "نامۆدێرن"ی گۆشەگیرکران لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا. ئەوەندە بەسە، بۆ نموونە ئاماژە بە بەرهەمەکانی مەسعوود محەمەد بکەین، کە پێ بایەختترین سەرچاوەی کوردین، کەچی ئەمڕۆ ئەو رووناکبیرە زار قەڵەبالغەی کوردی، نەک هەر ناینasێت، بەکو ئەو رووناکبیر دەسەڵاتە سیاسییەی ئەمڕۆ، وەڵای ئەو هەموو " بۆنە" ، "فیستیڤاڵ" و "خەڵات" بەخشینە، کە بۆ مەبەست و ملکەچکردنی رووناکبیرە زار قەڵەباڵغەکان و پرسیارێکی بۆ نموودی ڕۆشنبیریی و کولتووری تەرخانی دەکەن، بە یادی نییە بوارێک بۆ بەرهەمە رزدارەکانی ئەو تەرزە رووناکبیرەی کورد بەهخسێنێ. لێرەوە هەکاری ئەو فەرامۆشکارییە ڕۆشنبیریەی ئەو دەسەڵاتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆی کورد، بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا دەردەکەوێت، کە بە نیازی گەورەکردنی حیزبەکانییان رووناکبیر و کولتووری رووکەش قوتدەکەنەوە.

لێرەوە دەبێ بگەیینەوە لای رەفیق حیلمی، کە وەک نموونەی رووناکبیری وریا، لە یادداشتنامەکەیدا جەخت لەسەر خودویستی و ساویلکەیی کورد دەکاتەوە. بەڵام رەفیق حیلمی لە پێناوی خەونە کوردیەکەی لە کارەکەی دەردەکرێ و بێ بەسەر بردنی ژیان "زن و زیوی ژنەکەی دەفرۆشێت".
کەواتە ئەگەر ئەمڕۆ دەمێاستی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد، بە هەموو خێ بە جودا دانانەکانییەوە، بە بەرژەوەندخواز و گەندەڵ بناسرێنەوە، کەچی ئەو تەرزە رووناکبیرەی کە ناومان بردن، لە نموونەی ئیدیالی واقیعیدا بەرجەستە دەبنەوە.
دواجار بێ ئەوەی ئارەستە مێژوویەکانی کورد لەو زمان و ڕەوانبێژی شیرزە باڵادەستەی کورد سەرەتای دابڕانێک بگرێتە بەر، ئەرکی رووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد،ڕاڤە کردن و پرسیارکرنە لە بونیاتی ئاوەزی کوردی و دامەزراندنەوەی سەرچاوە کێنینەکانی ماڵی کوردیە.

زستانی 2004
STOCKHOLM-NESWED

تێبینی:

بێ زیاتر زانین سەبارەت بە چەپێیی راستێی-کێنپارێزی، کتێبی: ڕەیدار لاشێن، گەلە ئایدیێلێژیای سیاسی هاوچەرخ، وەرگێانی بێ کوردی، ئاسێس کەمال، یارمەتیدەر بوو.
(*) ئەو وتارەی کاک فاروق ڕەفیق لە یەکێک لە ژمارەکانی مانگی 11ی 20044، لە هاووێاتی بێاو کراوەتەوە. لەوێدا چێمسکی وێنای هزرڤانێکی ئەمریکی زێدە لە پێویست وەردەگرێت. هەبەت من نیازم نییە ئاستی لایەنی زانستی زمانی چێمسکی ڕەتبکەمەوە، بەڵام پێم وایە ئەو شێوازە بە ئەفسانەکردنە، جێگەی پرسیارە.
بێ زیاتر زانیاری سەبارەت بە رووناکبیر و بیرێکەی کێنپارێزی خێماڵی کوردی، کتێبی: ڕەفیق حیلمی، یادداشت هەرسێ بەرگ.
بێ زیاتر ئاگاداری ڕەسنییەتی روانگە هزرییەکانی مەسعوود محەمەد بڕوانە: کتێبی، مرێف و دەوروبەر، دوو بەرگ، کتێبی، لە پەرێشییەکانی ژیان، حاجی قادری کێیی، گەشتی ژیانم، چەپکێک لە گوێزاری نالی و کتێبگەلی دیکەی وی.

[بێ خوێندنەوەی ئەم بابەتە بێ پیدیئێف کلیکی ئێرە بکێن ....]

پێشەنگی شانۆی نامۆ و ئەفسوونی ڕۆژهەڵات … نووسینی : د. محەمەد جەلال – ئامادەکردنی : ڕێباز محەمەد جەزا

ئارتۆ فڕخوازێکی نەجیبی ئەو مامۆستایە بوو کەناوی " ئەلفرێد جاری" یە، لەساڵی 1926دا بەهاوکاری " ڕۆجیە ڤیتراك – Roger Vitrac " هەستا بەدامەزراندنی "شانۆی ئەلفرێدجاری " کە لەم شانۆیەوە "بیر" ە پێشەنگەکانی ئارتۆ دەربارەی شانۆ تەقینەوە . هەروەها یەکێکە لە ژێدەرە گرنگەکانی شانۆی هاوچەرخ لەپاڵ ئەزموونەکانی" ئەلفرێد جاری" دا، توێژەران باوەڕیان وایە بەهۆی بیرو بۆچونەکانی ئەلفرێدجاریەوەو بیرە " مبعپرە – پەرش و بڵاوە " کانی و توێژینەوە چاکسازیەکانیەوە بەرەو تیۆری شانۆی "دێڕەقی – قسوە "چوو کە لەناو کتێبی "المسرح و قرینە – شانۆو گریمانە" کەی ساڵی" 1938ز "بڵاو بۆوە .

کەسێتی ئارتۆ ئارەزوو دەجوڵێنێت بۆ توێژینەوەو بەدواداچوون ، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینەسەر ئەولایەنەی کە لەخاڵێکدا کۆکیکن لەسەری ئەویش پاشماوەی شانۆی ڕۆژهەاتە لەشانۆکەی ئارتۆدا و پەرش بۆ دیاردە غەیبیە "میتافیزیکیەکان " و ڕێگا جادوییەکانی لای گەلانی سەرەتایی و لە دەخەکانی "هەوەس و جادووگەری " ئەو جیهانە ناماقوڵەی کەکاریگەری دانا لەسەر جەستەو ڕۆحی . ژێدەرە فکری و فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆجیەکانی کردووە بە "شانۆی دێڕەقی " وەکو لە معجمی ئادابی فەرەنسی ساڵی 1968 دا هاتووە کە ئالودەبوون بە شانۆی "باو" لای ئەو بگۆڕەوەی توخم و ژێدەرە و هەیکەلی تیۆری دۆزینەوەی داهێنانی شانۆیە لەووی ڕۆحی و ژیانی . لەم کردەیەدا ئارتۆ یاخی بوو لە ڕێگاکانی شانۆی واقعی و سایکۆلۆجی و بنەماکانی شانۆو دەچێتە سەر ئەنترۆپۆلۆجیای ژیارە سەرەتاییەکانی پێچەوانەی "صفاو – ووون" ی ڕۆح و "السجیە – خوو" بارگاوی کردنیان بە شارستانی ئەوروپی و شانۆی ڕۆژئاوایی تا مامەڵە لەگەڵ ئەوتوخم و ژێدەرانەبکات کە پاشکۆ و لاوەکی و دوورن لەچەق کە ئارتۆ

بەپێچەوانەوە هەستا بە جیاکردنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو چەقەو منتیمیەکانی واقعی ماددی بەو سیفەتەی وەرگیراوێکی ڕاستەو خۆن و فڕێدانی بەرەو پەراوێزو ڕاکێشانی پەراوێزیی و لاوەکیانە بۆ چەقی " نواە – مەبەست" ی گوتاری شانۆی هاوچەرخ .

"تعلیل – پاساو" ی ئەو گۆڕانە چییە؟ کە دەبێتە شانۆیەکی ڕۆژئاوایی بەهۆز لەسەر بنەمای وشەی بابەتی شانۆیی کە شایانی تەقەنیەکان و خەیاڵەکان و جوانیەکانن ، هەروەها وشەکە دەربارەی چەمکی خۆبەدەستەوەدانی دەسەڵاتە بۆ جوڵە ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەهەمان کاتدا شانۆی دژەقی دەستبەردار دەبێت تاکۆتایی . لەبارەی وشەوە "هەردەقێك" و لەو ئاراستەیەوە بەرەو ئاراستەیەکی نوێ و تازە و وەزیفەیی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر توخمەکانی تردا بێت ، بەتایبەتی دەرهێنان ، لەوەدا جەخت بکاتە سەر توخمە درامیەکان "خودی سیفەتە شانۆییە پوختەکان " ، واتە لەووییەکی تەوە جەختکردنە سەر پێکهاتەکانی تری سەرتەختەی شانۆ ، بەتایبەتی مۆزیك و سەما و هونەری شێوەکاری و نواندنی بەدەنگ و گۆرانی و ووناکی و دیمەن . وە ئەو توخمانە تێکەدەکرێن بەشێوەیەکی قووڵی وا کە ئارتۆ ناوی دەنێت :" شاعیریەتی ووداو " کەهەمیشە گرنگترین ئامڕازی دەربڕینن لەشانۆدا .

ئەو توخمانەو تێکەڵکردنیان پێچەوانەی ئەو ڕادە گەورەیەی فەلسەفەی نمایشی شانۆییە لای ئارتۆ و جوانیە لەشانۆی "بالی" . ئەو جوانیانەی ناکرێت بەرگری سیحری بکەیت و بانگی بکەیت لەکاتێکە وە بۆکاتێکی تر ، ئارتۆ دەڵێت : "دوای بینینی یەکەم نمایشی شانۆیی گروپی بالی کە توشی سەرسامی کردین لە بەرامبەر چەمکە نامۆکانی شانۆ کە زۆربە ئینکاری لێدەکەن لەهەر سیفەتێکی شانۆییدا ، لەکاتێکدا جوانترین دەربڕینن لە شانۆی پوختە دا .

لەو ڕوانینەدا ئێمەی ئەوروپی عەقڵانین کەهەست بە " گفگفاتها –تەقەتەق " دەکەین لە هەموو شوێنێك، هەر لە چنینی جوڵە دەقیقەکاندا و لەگۆڕینی دەنگە هەمە جۆرو بۆ کۆتاییەکاندا ، لەم بارانی "الرنان – زرنگاندنەوە" یەدا کەدەبێتە دارستانێکی "شاسع – بەرفراوان " و هەروەها هاوشێوەیەی جوڵەکانی "ئەو زرنگاندنەوە "یەدا. ئەو جوڵانە ناگوزرتەوە بۆ " الصرخه –قیژە" یان دەنگ : هەمووشتێك بەتوافق و تێپەڕ بوون لەچەناگە نامۆ و ئارکەلۆژیەکانی فکردا ڕاستەو خۆ دەڕژن .

ئارتۆ لەو بۆچونەوە دەستپێدەکات کە ئەزموونی شانۆیی دادەمەزرێنێت

لە کەەکە بوونی ئەو تەم تومانەی شانی رۆژئاوا " وەکو ئەوەی کە ناو دەبرێت " و ململانێ دەکات لەگەڵ شانداا لەگەڵ واقع و داشتنەوەی بە زمانکی مردوو و توندکردنی زمانی شانیی و اکشانی چەندین زمانی تر لەپناو دامەزراندنی گوتاری داهنەرانە و ئەو زمانەش هەوڵ دەدات کە پاکژ بێت لەدەقی پیشەیی بگەینی زمانی ئیشارەت و جوڵە و جەستەو زمانك کەلە شانی رۆژهەاتی و گشتیەوە و لە شانی "البالی " بەتایبەتی کەیەکك لەتایبەتمەندیە درامیە پاکژەکانیەتی .

لە گرانیی ئسکیمییکانەوە ... و : نەژاد عزیز سورمێ

(1)
گرانی اوچییەکی پیر

ئەوێ منم ، لە بشایی ساناندا
بسەر چیای شختبەندەوە وستاوم
لە ناوەاستی تاریکاییدا
چاوەی هاتنی (ئاسك) دکەم
داخ دە بە دی پیر ؟

ساێ بە کوێ دەن ؟
ئاسکی دەم دوای زەردەپەێ دچتە کوێ ؟
گڵە !
بەی وك سردمی لاوی بمبینێ ،
ئودمی باسکم وننی با
تیری منیان داوت
تا ئەوی دوورخمەوە
چاوی گنجان دیبینن ؟
داخ (ئاسك)ی دەم
بە پیرکی پککوتە دتەوە ؟

(2)

گرانیی قاژ

هستن !
لە متبوونی درژی زستانە
بەدار بنەوە
کە چاوی سپەدەی تەدا قورس کردوون و
ئەویشی قورس کردووە ..
ژی ژیان ، لە ژهاتەوە هەدە
هستن برایان !
قاژ خریکە گرانیی دچە
هەر ئستا دستی پکرد
گوتان لە نییە ؟
هستن !
مەهن هاوین ا بکا
هستن !
بەر لەوەی زستان دابە
ئەوە لە سپەدەی ئاخاوتنی
گرانی باەدارانەوە
نابیسن ..؟

(3)
سترانی ترس

دوور گورگم دیتن
دوو گورگی گورەی سپی
لەم نزیك بوونەوە
بەدوای بەنمەوە بوون ..
بەام من هاتم
یەکیانم کوشت
ئەوی دی هات
بینیم ،
لە سارای بەفردا ادەکا
دەترسا
منیش دەترسام !
لە من
کە زانیم بەنم نەبووە ،
دستم کرد به گریان .

برادەر گیان … شیعر: ایرج جنتی عطائی … وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

بۆ هاوڕێی خۆشەویستم کاکە "سەران حاجی ڕەزا"، پێشکەشە
"""""""""""""""""""""""""""""""""

شیعر: ایرج جنتی عطائی
ئاواز : واروژان
گۆرانی: داریوش ئیقبالی
وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

"""""""""

برادەر گیان…
نازانی چۆن دڵتەنگم
نازانی..نازانی
برادەر گیان
گرفتاری کام کەست و نەفرەتم
نازانی دەربەدەر بوون
چۆن سەختە
وەکو لافاو
هەمیشە لەسەفەر بوون
برادەر گیان…نازانی
دەردی بێ میرات گیریی باوک
چۆن تاڵخە

دەم تەنگە برادەر گیان
برادەر گیان دەم تەنگە
بەم ژیانە بە ئومێدە
دەم تەنگە
بەم شەوانەی شکەتی و بێزاریی
بەم دووبارە بوونەوەیە
بە هودە ، دەم تەنگە

هەمیشە
هەمان غەم
و
هەمان دەرد
و
هەمان مەتەکە

دەم تەنگە برادەر گیان
برادەر گیان..دەم تەنگە
لە دووبارە بوونەوەی
بەرچاو نا ڕوونی
و
بە زەردەخەنەیی
دەم خەش نیە..برادەر گیان
چ تەنهاییەکی غەماویە
کە جگە لە من
هەمووان خەشبەخت و عاشق
عاشق و شادمانن
بە " سبەی " دەخەشم
کە شایەت سبەی
خەشبەختی من دەرکەوە
شەوی خەستە بوونی تەنهایم
.....وەلا بنە
شایەت سبەی
ژی عاشق بوون بە

دەم تەنگە برادەر گیان
برادەر گیان دەم تەنگە

"""""""""""""""""""""""""""""

نۆڤەمبەر 2018

چیرۆک بۆ منداڵان.. سالۆ مارکوژ .. نووسینی: ڕزا شوان

باپیرم زۆر خۆشمی دەوێ، هەموو شەوێک چیرۆکێکی خۆشی کوردیم بۆ دەگێڕێتەوە. شەوێکیان وتم: باپیرە گیان، ئەوە بۆ بۆ (سالۆ مارکوژ) ناوت دەبەن؟
وا دیاربوو باپیرم پرسیارەکەمی پێخۆشبوو، بزەخەندەیەکی کرد و دەستێکی بە سمێڵی سپییەکەیدا هێنا و وتی:" گوێ بگرە دیلان گیان، بۆت دەگێڕمەوە کە بۆ بەم ناوەوە بانگم دەکەن.
باپیرم: دیلان لە تەمەنی تەدا بووم واتە یانزە ساڵان بووم، ماڵمان لە دێی گۆگجێ لە ناوچەی شوان بوو، باوکم و هەرسێ برا گەورەکانم و گەنمچینی خوشکم، چوار ڕۆژ بوو خەریکی دروێنەی پارچەیەک گەنمی گەورەمان بوون.. منیش ڕۆژانە لە چێشتەنگاودا، باوشێک نانی گەرم و مەشکەیەک دەی تازەم بۆیان دەبرد.. لە ڕۆژی پێنجەمدا، وەکو ڕۆژانی پێشوو، دایکم باوشێک نانی گەرم و مەشکەیەک دەی خستە ناو هەگبەیەک و خستیە سەر پشتی گوێدرێژە بارکەمان و خۆشم سواری پشتی بووم، ماڵئاواییم لە دایکم کرد و کەوتمە ڕێ.

دروێنەکەمان بیست و پێنج خولەک لە دێیەکەمانەوە دوور بوو.. کەمتر لە سێ سەد مەترکەم مابوو، کە بگەمە شوێنی دروێنەکەمان.. لە پڕکەدا لە لای ڕاستی ڕێگاکەوە بڕوو ئاسکەیەکی جوان دەرپەڕی.. منیش لە کەڕ بەر خەم هەڵدایە خوارەوە، بە دوای ئاسکەکەدا ڕامکرد کە بیگرم.. ساتەیەکم دا و کەوتمە سەر بنجە داری کفری گەورە.. مارێکی گەورەی بەڵەک لە بن بنجە کفرەکەدا خەی لوول کردبوو، سەری هەڵبڕی، خۆشم نازانم چۆن لەو ساتەدا، ئەو غیرەتەم بە هات و بەو کوتوپڕی و خەرایی، بەبێ ترس، بە دەستی ڕاستم پێلاماری ناقەگەی مارەکەم دا و گرتم.. بە ئەوپەڕی توانا و هێزمەوە ملیم دەوشی.. مارەکە خەی ئاماند بە بامەوە.. گوشارێکی زۆری

خستە سەر باڵی راستم، لەم کاتەدا سێ جار بە دەنگێکی بەرز هاوارم بۆ باوکم کرد، کە فریام بکەون، گوێیان لە دەنگم بوو، بەڵام کردن هاتن.. مارەکە هێندە گوشاری خستبووە سەر باڵم، خۆریک بوو باڵم بشکێت، زەنگوێ زەنگوێ ئارەق لە دەموچاوم دەتکایەوە.. لە نەوان مردن و ژیاندا بووم.. بەردێکی گەورە لە بەردەمدا بوو، بە دەستی چەپم بەردێکی خڕم هەڵگرت و سەری مارەکەم خستە سەر بەردە گەورەکە، بە ئاوەی ناقۆگەی بەربدەم، بە بەردێکی نێو دەستی چەپم ، بە خێرایی و لە سەر یەک بە سەری مارەکەمدا دەکێشا.. سەریم هەڵا هەڵا کرد، شل بوو و باڵمی بەردا، هەمدایە سەر زەوی و لەی نەگەڵام، بە بەرد هەموو گیانیم شکاند لە جووڵە کەوت و تەپی.. لەم کاتەدا باوکم و براکانم و گوێچینی خوشکم گەیشتنە لام.. کە مارە تەپیوکیان بینی حەپەسان، باوکم لە باوەشی کردم و ماچی کردم. وتی:" کە بوا دەکات کە ئەم حەزیایە تە کوشتووبێتت.. هەر ئەم مارە گەورەیە بوو، لە ماوەی ئەم مانگەدا، بە مانگایەکی مام سمایل و بە مەکی مام ئەمریوە دا و هەردووکیانی کوشت. تا ئێستا چەند کەسێک ئەم مارەیان بینی بوو، بەڵام بیان نەکوژرا بوو. دەک دەستکانت خۆشبێ ساڵح گیان.. کەڵە ئازاکەم" ئینجا چاوێکیان بە مارەکە هەڵکەند و کردیانە بن خەڵوە.. پێکەوە بەرەو شوێنی دروێنەکەمان ڕێشتین.. باوکم شش قزناغ گەنمیشی کردە خەر کە ئەو مارە پووی نەدام.
ئەم هەواڵە لە دەی گەگجە و لە زەربەی دەیکانی ناو شوان بەاوبەوە، بەڵکو بە هەی خزمەکانیشمانەوە، ئەم هەواڵە گەیشتە شاری کەرکوکیش. لەو ڕۆژەوە خەڵکی بە (سالە مارکوژ) ناوم دەبەن"
کە باپیرەم چیرۆکەکەی تەواکرد، چەپڵەیەکی قایمم بۆی لێدا، وتم: دەستکانت خۆشبن باپیرە گیان، من لە ئەمەوە بە (ساحە قارەمان) ناوت دەبەم.
باپیرەم پێکەنی و وتی : تۆش وەکو باپیرت ئازابە.
وتم: باپیرە گیان منیش کوڕازای تەم، دەنیابە نەک سەری مار، بەڵکو سەری ئژدیهاش پان دەکەمەوە.

(*) تێبینی: ئەم چیرۆکە ڕووداوێکی ڕاستی نییە، بەڵکو لە داشتنی بیر و ئەندێشەی خەمە.. مار هەمای بەدکاری و ستەمکارییە.. مەبەستم هاندانی منداڵانە کە ئازابن.

(*) کفر: دارێکە لە داری مەرد دەچێ، بە زەری لە ناو خەدا شین دەبێ، بەنی خۆشە.
کەرکوک: ١٩٧٥

ئەدەبی منداڵان... وەرزش ... فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بە ئەوەی تەندروستبم
هەژانە وەرزش دەکەم
بەبازو جوڵەو یاری
جوانیی بەڵەشم دەدەم.

شادم کەوەرزش دەکەم
گەشاوەن چاوەکانم
جوان و هەک وبەهەزن
ئەسک وماسولکەکانم.

ئەوەی کەوەرزشکارە
گورجوگەڵە و ئازایە
هەمیشە تەندروستەو
خاوەن حەزو خولیایە

تاسوودەو دەخەشبم
لەماڵ و قوتابخانە
لەگەڵ هاوەڵکانی خەم
وەرزش دەکەم هەژانە.

ڕەخنەی بەراوکاریی: دوو ئاراستەی شیعریی لەکجودا … سەران محەمەد

لە دەوروبەری ناوەڕاستی ساڵی پاردا بوو، دوو دیوانە شیعریی چاپکران لە لایەن دوو شاعیری شار هەولێری شیعردۆست، کە ئەوانیش هەریەك لە (مرۆڤەك لە نزیکمانەوە)ی تەیب قادرو (بریندەکان گرانیمان پێدەبەخشن)ی غەمگین بەڕێی بوون.
هەرچەندە وەك زۆربەی چاپکراوەکانی تر تاڕادەیەك بەدەنگ تێپەڕین و وەك پێویست خوێندنەوەیان بۆ نەکرا، لە من دەموەت لێرەدا پێکهاتە سەرەکییەکانی شیعرەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەبوشنم و لەگەڵ خوێنەراندا بیانخەمە ژێر تیشکی تاووتوێکردنەوە.

وەڕای ئەوەی هاوبەشی لە نێوان شیعری نەوەکاندا دەبینرێت، لە هەمان کاتیشدا بەگومان جیاوازیش بوونیان دەبێت، ئەوەی من بە شێوەیەکی سەرەکی هەر لە سەرەتا خوێندنەوەی دەقەکانی هەردوو دیوانەکە هەستم پێکرد بە شێوەیەکی بەرچاو؛ جیاوازی چەقی شیعریی بوو لای هەر یەکەیان، نزار قەبانی ئاسا شاعیرمان غەمگین بەڕێی (خاتوون)دەکاتە چەقی شیعریی خۆی و وردەکارییەکانی ئەم دنیا پڕ نهێنی و سەرسوڕمانە دەنەخشێنێت بە وشە، پەیامێکی شیعریی تایبەت تێنیا بە خانمێك، ئەو خانمەی دنیای شاعیری داگیر کردووە.



هەرچی تەیب قادریش (مرۆڤ) دەکاتە چەقی هەموو قسیدکانی و پێچوپەناکانی ئەم بوونەوەرە ئاڵۆزە دەدوێنێت و پەلەنیان دەکات و جارانێکیش بەنموونەی و دەسگیریی و تەنانەت سەرکەنیان دەکات و جارانێك دەمانناسێنێت بە خەمان و هەروەها هەوڵی واڵاکردنی دەرگای مەعریفی و کردنەوەی نهێنی ناوازە لەو جیهانەدا بە شیعر دەنەخشێنێت.. ڕەنگە کەسێك بپرسێت خۆ (خاتوون) یش هەر مرۆڤە، ئیتر چ پەیوەست بەم جیاکاریە دەکات؟
لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ (خانم) بەشکی تایبەتە لە پێکهاتە جەراوجەرکانی مرۆڤ و لە نەوانیشیاندا تاکێك لە ناو ڕەگەزکی دیاریکراودا، بەڵام کاتێك گوتمان مرۆڤ بە شێوەیکی گشتگیر، ئەوا هەموو چین و توێژکان و ڕەگەزکان دەگرێتەوە، لەمبارەشدا دەخوازێت بونیاتەکان بە شێوەیکی بنەڕەتی گەانکاریان بەسەردا بێت.



جا بە ئەوەی بتوانێت چەند ساتێك لەگەڵ گیانی شاعیرکدا بەسەربەریت وا باشترە شیعرکانی بخوێنینەوە، تا ئاستی بیرکردنەوەو خەیاڵدانی ئەزموون بکەیت، تا خەمکانی لەکبەیت و تەزبیحکی سەدویەك دەنکیی لە بچنیتەوەو لە شەوکانی تەنیایدا بیانزمەریت و بیانێیتەوە، بەمجەرە کاتێك بەرکەوتنمان دەبێت لەگەڵ بەرهەمی شاعیرکدا زیاتر دیدو جیهانی ئەو؛ ڕاستگیانە خۆی لەبەردەمماندا نمایشدکات و

حەقیقەتە شاردراوەو ناخەکیەکانی دەردەکەون، بە زمانێك کە هەبژردراو و پاڤتەی شاعیرەکەیەتی، بە تەکنیکێك کە سیمای شیعری لا دەنوێنێت، منی خوێنەریش بە هەزنان لەو هەوڵە داهێنرانە دەبێت مافی خۆی پێبدەم بە خوێندنەوەی پۆیست.



لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا نابێت ئەو واقیعە تاڵەی شیعری هاوچەرخی کوردی لە یاد بکەین کە ئەمڕۆ پۆوی دەناهێنێت. لەڕدا پێمخۆشە ئاماژە بە وتەیەکی (ئەحمەد چاك) نووسیاری ڕۆژهەڵات بکەم سەبارەت ڕەوتی شیعری نوێ و هەندێك لەو سیمایانەی پێی دەناسرێتەوە، ئەو دەڵێت:

" پۆیستە ئاماژە بکەم کەێک وەرگرتن لە دەرەتانەکانی فەلسەفە و ئەدەبی پاشمەدێرن یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شەپۆلەی دواییە لە شێعری نوێی کوردیدا؛ واتە ناپێکهاتەیی(لەبری پێکهاتەی پتەو)، کارکردی زمان(لەبری وێنە)، تەنز و ئایرۆنی(لەبری ڕەش بینی)، شکاندنی سینتاکسی باو(لەبری زمانی تێکمە)، ڕۆژەییبوونی مانا، کەم مانایی و تەنانەت بێمانایی و نائایدۆلۆژیی بوون(لە بری مانای سەرەکی)، چەند دەنگیبوون (لەبری تاکدەنگی)، گەمەگەلی لەرادەبەدەریی زمانیی بە گرینگیدان بە پانتایی زمان، کەێک

وەرگرتن لە دەنگ و رەنگ .. چەند کێشیی، پارانیا و شیزفرینی و وتەزاگەلی نەهیی لێکراو، گومانکردن لە عەقڵانی بوونی جیهان و ... وای لەم شەپۆلە نوێیە کردووە کە رەخنەگران بەگومانەوە لێی دەوانن و مان و نەمانی کەوتووەتە محاقەوە'.
بەڵام خەشبەختانە رەنگە کەمتازر ئەم دوو پێتوکە شیعریێی باسیان لێوەدەکەین دووربن لەم پێتاگەلەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا ناتوانرێت تەواو لە سیما عەبەسیێکانی چەرخ دەقەکان ببوەردرێن، بە حوکمی کاردانەوەی (شوێنکات) لەسەر ناخی نووستوی تاکی دانەر.

خوێندنەوەی دوو کەڵەک شیعری جیاوازی دوو شاعیری هاوشاریی لەیەک کاتدا، دوو چەقی جیاوازی شیعریی لە نەخشەی هزری مندا کەشاو دەستنیشانکرد، لای غەمگین بەڵی (دولبەر) حەزنەکات شاعیر جارە بمرێت ل٢٠، (تەیب قادر)یش گەڵان لە دووی بزربوونی مرۆڤ نەیهێشت بمرێت و (گوتی: ژیان گرنگترە) ل١٦٨، ئەمەیە تەوەری سەرەکی لەکەینەوەکەمان و کەشفکردنی زمانی حەقیقی دەقەکان.

جا ئاشکرایە بە ئەوەی موخاتەبەی هەست و هەشی دولبەر بکەیت دەبێت بە زمانێکی رەمانسی بدوێیت، بە تایبەتی ئەو دولبەرەی بە هەشیاریێوە دەزانێت چۆن دەی شاعیر راگیر بکات و نیەتنجێنێت تا بیرکەی (گوللەیەک... ل١٠٢) لە ناو کەلەسەری شاعیر دەربکات و لەبیری بەرتەوە، لای (تەیب)یش گەر بتەوێت موخاتەبەی گیانە بزربووەکانی هەیکەلی ئادمیزاد بکەیت تاکو گیانی بەبەردا بتەوە، پەویستە بە زمانی لەژیك ئاوپرژێنی پارچە پەرت پەرتبووەکانی بکەیت وەك (دەست، چاو، قاچ، سەر ...ل١٤٠،٥٥،٥٤،٢٦) تاکو لە خاکەوە وەکو دار (هەرمە و هەنارو هەنجیر و قەخ...ل٧٤،٢٧،٢٦،٢٨) شینبێتەوە و گەشبێتەوە و رازاوەو خاوەن بەرهەم بێت.

گەر بە (برین) دەست پە بکەین ئەوا لای غەمگین هەمیشە ژنەك هەیە (برینەکان گەرانی پە دەڵێن)ل٤٦ و لەبارە زەر تەنگژاویەکانیشدا (دەی شاعیری پە کرد لە برینی تەڵ) ل١٠ جەرکی تایبەت لە برین بەڵام وشك نا!

هەرچی تەیبیشە لەسەرەتا لاپەڕەکاندا هەڤیدارەو (پەی خەشە برینەکان بە کەیار بن) ل٦ و لە دوالاپەڕەشدا هەر لەسەر ئەو قەناعەتە چەسپاو دەبێت و دەمێنێتەوەو زەرانبازیەکانی لە یاد ناکات لە لەدانی زەنگە مەترسیدارەکەو دەڵێت (برینەك دەیەوێت لەسەر دەموچاوی ژیاندا بخوێت) ل١٦٨
ئیدی لەرەوە با بزانین برین لای ئەم دوو شاعیرە چۆن دەکەوێتەوەو

ئایا دەتوانن ساڵۆ تیماری بکەن؟ یان هەر پەوی دەتلێنەوە و لەگەیدا ژیان دەکەن؟
* یەکەم/ مامەی ماتریالی و ئایدیالی لەگەڵ تەرمەکان:

خاڵی یەکەم کە جیاکاری دەخاتە نێوان ئەم دوو شاعیرەوە ئەویە هەریەکەیان عەوداڵ و وێڵی دنیایەکی جیاوازن، هەر لەم دیدگایەشەوە مامەیان لەگەڵ دەستواژەو وێنە شیعریەکان زیاتر قەناعەت و بایەخیان وردتر دەکاتەوە. غەمگین وا دیارە دیهەوەت خەمە ئێنتەلێژیەکان بە تەیب جێبهێڵت و خۆی لەو نائارامییە قوتار بکات، تا چیدی ڕەشبینی و دڵەڕاکێ دووری نەخێنەوە لە بیرکردنەوە و ژیان لە پانتاییە هزرییەکانی یارو (دوو گوێی ناو مەرکانەکانت دەستی مردنم بشکێنن) ل١١، ئیتر ئا لێرەدا من دەوەستم و چیدی نایەم، دەمەوێت سایەو مێنزڵێك ساز بکەم و دولبەر ببێتە چەقێك و من بەدەوریدا بسووڕێمەوە و رابمێنم لە سەزو جوانییەکانی، تەنانەت ئاگەر وەك لە یادکردنی کەشەو ناسەرەکانیش بێت، ڕامانەکانیشم لە جوانی یاردا فەنا بن و هەردووکمان ببینێ بوونێك: پاراو بە عەتری گوڵ دەناسکەکان، بەگەشمان بە ئەم دیدەی شاعیر ئەو کۆپلەیە کە دەڵێت:

تەنیا یەك تاڵ موی خەنەیی
لە ژوورەکەماندا جەماوەو
بەجەمانی کردووەتە پەنجەرەی شیعرو
منی پێ لە پەیڤی ڕەنگاوەڕەنگ کردووە ل٦٢

کەواتە دەردەکەوێت (تاڵ مویەك) هەرچەند (ماتریاڵ)ێکی گچکەش بێت و تەنانەت چاوی زەر کەسانیش نەبینن و هەستی پێ نەکەن، بەڵام چاوی شیعریی شاعیر لێرەدا زەر بەهێزەو هەر ئەم تاڵەیە دەیگەیەنێتەوە خەشنودی و ڕەشبینیەکانی کاڵ و کاڵتر دەکەنەوە.
بەڵام وا دەزانم نابێت باس لە شاعیر تەیب قادر بکرێت بە ناوهێنانی ئەلبەرکامە؛ بەوەی هزری کامە کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەسەر بایەخ و گرنگی مرۆڤ و ماناکانی لەم بوونە شەواو و جێنجاڵدا، لە هەوێی ئەوەی هیوا بە ئەو مرۆڤە تەکشکاو و پڕاوزخراوانە بگەێتەوە، بە پەنابردن بە چارەسەرە جیاوازەکان و لە نەوانیشیاندا میتافیزیکیەکان.
هەرچەندە عەبەس وەك لە ئەفسانەی سیزیفدا دیارە لە گۆشەی ژیانی کولەمەرگی خودی کامەوە سەرچاوەی گرتبێت و فەری کردبێت ژیان هیچ مانایەکی نییە، پاشتر سەردەکشێت بە یاخیبوون و ئەم پەیوەندیەی نێوان عەبەس و یاخییبوون بە ئاگایی دەبەستێتەوە و دایدەبڕێت لە

توندو تیژی، هەروەها بەرەنجام ناوی میانەوی بەسەردا دەسەپێنرێت.
بۆیە دەتوانین بڵێین لە باری (تێیب)دا مرۆڤکی ئایدیالی بزر لەپشت زربای کپلە و وێنە شیعریەکان هەست پێدەکەین و ئەویش دەبێتە چەق، بابەت و دیدگا شیعریەکان لە دەوریدا دەخولێنەوەو شاعیر لە دەزینەوێدا زەر جەنگی شاراوە بەرپادەکات و زەر دنیا دەستەوەو دنیای تر بونیاتدەنێتەوە، تاکو بەو گیانە حەقیقیەی مرۆڤ ئاشنا بێت کە پێناسەی مرۆڤبوونی لاکردووەو تەنانەت کەمەگای مرۆڤایەتیشی پێ ببوژێنێتەوە:
مرۆڤ بوومایە…
کاتژمێرکانم وەکو جەنتایەك پێ ئارامی دەکرد
داەکانم دەکردنە کەترو
نەمدەهشت هەق نابوت دەربکەوێت
مرۆڤ لە چەقەو خانوو و گوێ گەورەترە ل٧ -٨ -١١

هەروەها لە جیەکی تردا ئەو خەمە پێنگخواردووانەمان بە وێنا دەکات، کە پانتایی غوربەتی مرۆڤ بە هەیەوە فراوانتر دەبێت و ناسنامەی مرۆڤکان لە مرۆڤ دەستێنێتەوە، ئەویش دابەانی ئایدیالی حەقبژیێە لە پێکەری ماتریالی مرۆڤ، کە بە ئەو ناتوانین خودکی حەقیقی درك پێبکەین و لەگەیدا بژین، ئا بەمجەرەش ئەم بابەتە پێیوەستی دەکات بە قیرانکانی بووەوە:
رستە ساغکان،
لە ژەرەوەی زمانماندا حاڵیان باش نییەو
پێیان خۆش بێنە دەرەوەو
وێنەی ئەو مرۆڤانە بکەشن
کە ناتوانن ببنە مرۆڤ ل١٣٦

* دووەم/ ستایە و تەکنیك:
لە بارەی زمان و وشەسازیەوە دەکرێت بڵێین هەردوو شاعیر زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ کەرەسەی رەزانەی دەوروبەری خۆیان کردووەو سوودیان لە بینیون بە بونیاتی دەقکی شیعریی، دەتوانین بڵێین ئەو زاراوەو کەرەسە زمانەوانیانەی غەمگین بکاریهێناون زیاتر لەماندا چەتر دەبنەوەو دووبارە دەنەوە پشچاومان:
(دە، ژن، گوێ، عەشق، ئەڤین، گەرانی ، هەور، کافتریا، قاوە، شەو، تاریکی، ئاو، ترومبێل، گەپ، ژوور، موبەریدە، شەقام، کەان، خوێن، گوڵە، جەهەنم، دەرگا، پەنجەرە…).
هەرچی تێبیشە: (مرۆڤ، پیاو، ژیان، تەنیایی، تاریکی، کاتژمێر،

ماڵ، مەتبەخ ، دۆ، باران، هەور، سەبەر، دەست، هەیوان، حەوشە، گسك، ماڵ، پەنجەرە، دەرگا، گەڕەوی ، پەڕاو، کەتر، کەروێشك، زەرفی بەتاڵ، کاغەز، کراس، هەنجیر...)
گەر سەرنج بدەین دەبینین هەندێك لە زاراوە بەکارهاتووەکان تازەن و لە لایەن شاعیرانی تروە زەر بەکارنەهاتوون، لە باری تەیبدا وەکو: بتڵی غاز، غەسالە، قوتە ، پایسکیل، سەندە، چیمەنتە، باغە...
لای غەمگینیش : ترومبێل، موبەریدە، قەیتان، تەکسی، دەبلیو سی، فالینەی نیو قۆڵ و دەرپێ قوتە، مو، مەرکانە...
ئەمانە بوەریێکن و بە لادان لە ڕوتە گشتییەکەی زمانی شیعر دادەنرێن لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ تەرمەکاندا، بەڵام هەر هەندە بەس نییە، گەر نەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بینای دەقە شیعرییەکانمانی پێ پتەو و ناوازە بکەین؟ بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئیستێك لەسەر شێوازی شیعری هەردوو شاعیربکەین، ئایا هەر هەندە بەسە ئەم کەرەسانە بخەینە خزمەت و بەرپەی دولبەرو شیعرێکی ڕەمانسی ئاوهای لە فەراهەم بنێین تاکو یارمان دەخەش بکات و بشبێتە یادگارییەك و لە داهاتوودا وەکو ئەرشیفێکی شادمانی بگەڕێنەوە لای؟ وەك لە باری غەمگین دا هەوەی بە دراوە، لەمحاەشدا واقیع هەند دوەماند بووە بە کەرەسکانی، ئیدی سەر فەنتازیای نەپەرژێت؟ ئەمە ستایەکە دەمانباتەوە بە شێوازی شیعری هەنووکەیی و خەرا بە موراعاتکردنی کات و میزاجی خوێنەران، بە دەنەوایی کردنی عاشقەکان، ئەوە غەمگینە ەشایی چاوی دولبەر لە تاریکایی نائومێدی دەردەهێنێت و بەرگی ئومێدو هیوای دەکاتە بەرو لە چاوی ئەمدا دەبێتە ەگایەکی ڕووناکی سپیپێشی ژیان:

من
لەشبەنگی ڕەنگی چاوانی تەو
قووڵایی ئەقینەکی سپی
لە ژیانی خەمدا دەبینمەوە ل٧٧

تەنانەت ئاوێتەبوونی خود لە دولبەردا دەگاتە لوتکەو شاعیر وەك چۆن خەمکانی لە نزیکی ئەودا نامێنن، هەرواش شادیکانی لە بوونی ئەودا چڕ دەکەن:

کەتایی کەتاییەکان
کەتایی ئەقینی تەیە
مەرگی کتوپڕی دەمە لە جەستەدا ل٩٩

غەمگین ئاوهای گوت... بەڵام ئەم گەمە زمانەوانییە ستایەکی تەواو

جیاوازی بە تێیب بەخشیوە، ئەویش (تەکنیکی لێکدانی ناگونجاوەکانە) بە وەدیهێنانی وێنەیەکی زیهنی وەك داهێنانکی شیعریی و خزمەتکردنی مەسیجی شاراوەی دەق.
کتێبەکە دەکرێ لە هۆگای ئەم ئادرەسەوە داوا بکرێ cognelife@arcor.de . ٣٠% سی لە سەدی فرۆشی کتێبەکە بە منداڵانی بێ سەرپەرەستی هۆژەهەڵاتی کوردستان تەرخان دەکرێ و سی لە سەد دەدرێتە ئەو ناوەندانەی کتێبەکە دەفرۆشن. کتێبەکە لە هۆگای پەستەوە بە داواکار دەنێدرێ و بایی ١٠ ئیۆیۆیە.

برایم فەشی

مەلنامە ... عەبدولەحمان فەرهادی

چەلەکەیەکی چەماوان
لە دیدارێکی پڕ شکۆ
خاک زەردەکانی ملی
بە خێر بخشی،
خێر قەفتایە تیشکی دایە
لەبن پنچک و گزەن
هەلانیە بە خێی چەکا
جاویدان بێ تا هەتایە.

****
شینە شمقامێکی زۆلان
بە دیدارێکی لەگەڵ خۆر
دەوڕانکی کردە جێژوان،
هێژی ژوانێ
سپێدە زوو لەگەڵ ئۆلۆند
کلچووکێکی
لە چەقامیشە دروست کرد
کە ئاوی لە
دامێنی چیا هەڵدەمژت،
شینە شمقامێکی زۆلان
بەر لە ژوانێ
هەردوو چاوی جوانی پێ خشت.
****
تا پێگەسڵکەی هاوڕان
زەردەپەڕ بەخاک دەسپێرن
بە دەنووک و
شاپەڕی پڕ لە تیشکەوە
دەگەڕەوە نێو هۆلانێ،
خۆر لە شەرمان
ئاوا نابێ بەم زووانە.
****
ڕیشەیەکی تەریوەی
سەر کزەیەی دە پڕ لە خەم
سەرگەردان و دیدە پڕ نەم،
نزایەکی بۆ خۆر هەنارد،
خۆر ئاوارە
ووناکترین تیشکی خۆی لە
گڵکانەکانی زستانە
بە شنەی ئاوارە بۆ نارد،
دوای چەند ساتێ
ڕیشەیەی تەرەی هۆن بوو
بە باڵی تیشکی زستانە
بە باوەشێ بریقەوە
بە چەپکێ جریوەی تازە
گەیشتەوە نێو هۆلانە.
****

چ‌ڵەکەیەکی گەردەن زەرد
لە پنچکی ل‌‌ەوار‌
ویستی هـ‌ڵانەی‌ چ‌کا
لەودیو دوند‌
نقووم لە بـ‌ی مـ‌رغوزار‌
چەپک‌ پرشنگی لە خـ‌ر خواست،
خـ‌ر بە کزەبای ئـ‌وارە
گـ‌ڵمە تیشک‌کی نارنجی
لە کەزیی زەردەپەـ‌ بـ‌ نارد،
لەو ‌‌ژەوە
چ‌ڵەکە و خـ‌ر بوونە هاو‌‌،
کە چ‌ڵەکە هەموو ‌‌ژ‌
لەگەـ‌ تاریك و ‌ونی بەرەبەیانا
بای باـ‌ی خـ‌ی دەدا، ئینجا
خـ‌ر سەری لە کەل دەرد‌نا.
****
خا‌خا‌‌کەیەکی باـ‌ مەیلەو نارنجی
ئـ‌وارەی‌
بەنـ‌و باخی شیعرەکانما
گوزەری کرد
لەنـ‌و کووچەی د‌‌ەکانیا
بەدوای ناوی ت‌دا و‌‌ بوو،
کات‌ گەیشتە تـ‌پکی یەکەم پیتی،
هەر چوار پیتی ناوتی نەخشاند
بە خا‌ەکانی سەر باـ‌ی،
کە ل‌بـ‌وە
هەر لەو‌ دای لە شەققەی باـ‌
وەخت‌ لەسەر چ‌ی درەخت‌ نیشتەوە
بووبووە
ک‌تـ‌رە شینکەی بەهاری سا‌.

ئەم دوو شیعرەم خوێندەوە ... لەتیف بۆوار

زمان تاکە ئامرازی شاعیرە بۆ دەربڕین، چەندێك شاعیر هەستناسك بێت بەڵام گەر نەتوانێت بەسەر زمانی نووسینی شیعردا زاڵ بێت، ئەوا شیعرەکە لەق دەبێت و بگرە جارانێکیش لە ناوەراستی شیعردا شاعیر خۆی لێ ون دەبێت و یان دەگەڕێتەوە سەرەتا یان بە بارێکی تردا قەسیدەکە بەرەو تەواو بوون دەبات.
باشترە لەمبوارەدا پەیوەندی هەبێت لە نیوان بڕاوکارو شاعیردا بۆ رووبەڕووبونەوەو تەنانەت گوێینی هەندێك دەستەواژەو پێداجوونەوە.
لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە بۆ شیعری (سلێمانی) خوێنەر فریو دەخوات و بەر وێنەی سەرنجڕاکێش و ناسك دەکەوێت و دەڕێت زۆر شیعرێکی جوانە، بەڵام کە زیاتر بیخوێنیتەوە ناتەباییەکانیت بۆ رووونتر دەبێتەوە.
گەر سەرنج بدەین لە شیعری (سلێمانی) دەبینین شاعیر لە دوو کۆپلەدا توشی سەرلێتێکچوونی زمانەوانی بووەو هەرواش دەردەکەوێت لەو دوو کۆپلەیەدا تەواو مانا ناپێکێت.
کۆپلەی یەکەم:
سلێمانی لە سوچێکیا
مەستوورێکی خەوتووە
لەناو پێخەفی
ئاوازە خڕ لێنیشتووەکانیا
سەرنج/ لە ئاکامی تێگەشتنمەوە بۆ ئەم دەقە بۆم هەیە بپرسم ئایا (شاری سلێمانی لە سوچێکی خۆیدا مەستوورێکی خەوتووە؟) کە ئەمەیە مانای کۆپلە، ئەگەر واش بێت نەدەبوو وشەی سلێمانی دووبارە بکرێتەوە چونکە ناونیشانەکەی (سلێمانی)یە، بەڵام واش هەر پێکهاتەی رستەکە هەڵەیەو وشەی مەستوورێك دەبوو مەستووریەك بووایە، کەواتە کۆپلەکە ئاوها دادەڕژرێتەوە تا لە رووی زمانەوە دروست بێت:
لە سوچێکیا
لەناو پێخەفی
ئاوازە خڕ لێنیشتووەکانیا
مەستووریەکی خەوتووە
دووەم کۆپلە:
لەملاوە
ئینجانەیەکە پەنهانەکانی

پەه لە گۆی بئ سەبەر
ئەم کێپلەیەش ناتەبایی ماناو زمانیش دەخولقێنێت، چونکە یا دەبوو ئینجانەکە پەنهان بێت بە تەنیا، یان گوێەکان بێ سەبەر بوونایە، لەگەڵ ئەمەشدا جوانتر و گونجاوتر بوو لە رووی دروستی داڕشتنی زمانەوە بینووسیایە: ئینجانەیەکی پەنهانە.
ئەمە جگە لەوەی چەند واژەو وێنەیەکی ناگونجاو لەگەڵ یەکدا بەکارهاتوون بێ سڵەمانی کە بازدانی تێدا دەبینرێت لە کەرەسەیەکی شیعریەوە بێ یەکێکی تری پێچەوانە، وەك ئەوەی شاعیر سڵەمانی بەم شتانە دەچوێنێت:
مەستوور، کتێب، بنە توو، ئینجانە، سپێدە
بێ زیاتر خوێندنەوەی شیعرەکەی شاعیر لێرەدا دامناوەتەوە:
سڵەمانی
سڵەمانی لە سوچێکیا
مەستووڕکی خەوتووە
لەناو پێخەفی
ئاوازە خێ لێنیشتووەکانیا
لە سوچێکی تری
کتێبێکە بەردەوام دەنووسرێتەوە
لەناو خۆشیدا
بنە تووێەکی سوورە
تاجە گوێنەی خەمێکی دووری لەسەرە
لەملاوە
ئینجانەیەکە پەنهانەکانی
پەه لە گۆی بئ سەبەر
لەولاشەوە
سپێدەیەکە وەك دڵی ئاو خەماوە
باڵای سنەوبەرێکە
تا گەردنی بەرزی هەور
هەڵکشاوە
.....

لە هەمان کاتیشدا شیعرێکی ترمان پێشچاو دەکەوێت کە شیعرێکی جوان و تێکمەیە، لەسەرەتاوە تا کۆتایی شاعیرەکەی زانیویەتی چی بەکاردێنێت و دەیەوێت چی بڵێت، هەرچەندە نزیکە لە شێوازی شیعرەکانی (فروخ) بەڵام تەواو بێنی موعاناتەکانی شاعیرێکی کوردی مێینەی لێدێت، ئەو شیعرەش لە ژێر ناونیشانی (لە خۆتا وەرمگرەوە)یە، جێی دەستخۆشیە

تاکه سەرنجی زمانەوانی لەسەر ئەم شیعرە ئەم دۆەیە:
زاڵمانە چاو لە فرمێسکەکانت ئەبەستم
کە دەبوو ئاوها بووایە:
زاڵمانە چاو لە فرمێسکەکانت ئەنوقێنم. یان دادەخەم، چونکە کورد ئاوها دەڵێت.
تا نووسینێکی تر هەمووان شادمان و سەرکەوتوو بن.

لە (ماڵی باران)ەوە تا (خەیاڵی منارانە) گەشتێك بەنێو شیعرەکانی (ئەمین محەمەد)دا

نووسینی: زیاد ڕەشاد

یەکەم: کورتەیەك لە ژیانی

(حەمە ئەمین محەمەد ئیسماعیل) ناسراو بە (ئەمین محەمەد) لە ساڵی (1962) لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لە دایك بووە، تا ئامادەیی خوێندووە، جگە لە چاپکردنی دیوانێکی شیعری بۆ گەوران بەناوی (هەوڵست) لە ساڵی (1991)، هەروەها تا ئێستا شەش بەرهەمی بۆ منداڵان بە چاپ گەیاندووە ، کە سەرجەمیان شیعرن، بە ناوەکانی (ماڵی باران) لە ساڵی (2010)، (هاوڕێی نوێ) لە ساڵی (2011)، (خەونی چۆلەکە) و (هەنگە وردیلە)ش لە ساڵی (2011)، (گۆرانیی هەورەکان) و (خەیاڵی مناڕانە) لە ساڵی (2012). گەلێك لە هۆنراوەکانی (ئەمین محەمەد) ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بە گۆرانی بۆ منداڵانی کوردستان.

دووەم: بەرهەمەکانی

1- ماڵی باران

کۆشیعری (ماڵی باران) بە تیراژی هەزار دانە لە سلێمانی و لە ساڵی (2010) چاپ کراوە، سەرجەمی شیعرەکانی ئەم دیوانە لە ساڵی

(2009)دا نووسراون، (ماڵی باران) لە (22) دەقی شیعری پێکهاتووە، لەم بیست و دوو تێکستەدا تەنیا یەك شیعریان (10) بەگەیی و دووانیان (14) بەگەیین، ئەوانی دیکە پێنج دانەیان (8) بەگەیین و چوارده شیعریشیان بە کێشی (7) بەگەیی نووسراون. زۆربەی شیعرەکانیش کورتن، لە حەفت بەیت و هەشت بەیت پێکهاتوون.

2 – هاوڕێی نوێ
کێشیعری (هاوڕێی نوێ)، لە ساڵی (2011) چاپ کراوە و دە دەقی شیعریی لەخۆگرتووە، چوار شیعریان لەسەر کێشی (7) بەگەیی و شەش شیعریشیان لەسەر کێشی (14) بەگەیی واتە (7+7)ن، شیعرەکانی نێو کتێبی (هاوڕێی نوێ) لە هەردوو ساڵی (2008) و (2009) نووسراون.
3 – خەونی چۆلەکە
ئەم کێشیعرەش لە ساڵی (2011) چاپ کراوە، لە (22) تێکستی شیعریی پێکدێ و حەڤدە شیعریان لەسەر کێشی (7) بەگەیی و پێنج شیعریشیان لەسەر کێشی (8) بەگەیین، تەواوی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە لە ساڵی (2010)دا نووسراون.
4 – هەنگە وردیلە
کتێبی (هەنگە وردیلە) لە (6) شیعری منداڵانە پێکهاتووە و تایبەت بە منداڵانی باخچەی ساوایان نووسراوە، ئەم کتێبە لە ساڵی (2011) چاپ کراوە. لەو شەش شیعرەدا، سێ شیعریان لە کێشیعری (گۆرانیی هەورەکان)یشدا بۆ کراونەتەوە.
5 – گۆرانیی هەورەکان
کێشیعری (گۆرانیی هەورەکان) لە ساڵی (2012) چاپ کراوە، ئەم دیوانە (22) دەقی شیعریی تێدایە، کە شازدە شیعریان لەسەر کێشی (7) بەگەیی و چوار شیعریان لەسەر کێشی (8) بەگەیی و دوو شیعریشیان لەسەر کێشی (10) بەگەیی (5+5) هێنراونەتەوە.
6 – خەیاڵی منداڵانە
ئەم دیوانەش لە ساڵی (2012)دا بە چاپ گەیشتووە، (16) دەقی شیعریی تێدایە، لەو شیعرانە یازدەیان لەسەر کێشی (7) بەگەیی، دوو شیعریان لەسەر کێشی (8) بەگەیی، دوو شیعری دیکەیان لەسەر کێشی (14) بەگەیی (7+7) هێنراونەتەوە، هەروەها تاکە شیعرێکیان لەسەر کێشیش (16) بەگەیی (8+8) نووسراوە.

سێیەم: گەشتی شیعریی ئەمین محەمەد

ئەمین محەمەد لە شیعرەکانیدا هەموو دەم لە جۆگە و گەڵان و سەفەردایە، شیعرەکانی ئەو هەموو دەم باڵ دەگرن و دەفڕن، گەڵان و جۆگە و پیاسە و سەفەر نە تەنیا بۆ کێڵان و گەڵەك و شار و

سەرزەمینکی دیکەی ئەم دونیایە، بەکو گەان و سەفەری ئەمین محەمەد لەگەا منداانداا بە سەر لوتکەی شاخەکان و پشتی هەورەکان و چوونە لای مانگ و ئەستێرەیە، ێیشتنە بە نو ووبار و قووایی دەریا، قسەکردنە لەگەا هەور و هەم و خوە و تاقگە و شەپل و نمەی باران و کلووی بەفر و گڤەی با، ئەو بە منداان دەێ وەرن با هاوێی سوسکە و فیل و مەیموون و ورچ و هەنگ و پەپوولە بین.
زر دەم لەسەر زاری منداانەوە قسە دەکات و گەرەکییەتی لەگە خردا بدو و بچتە پشتی هەورەکانەوە:
وەرە خرەکە
ببە بە هاوەم
دەی دەی خراکە
وا من چاوەم
تا دەگاتە:
تا ئاسمانی بەرز،
پشتی هەورەکان
بەرەو خرنشین
ئەێن ئوواران
(ماڵی باران، ل6)

شیعرەکانی ئەمین دەیانەو گەشت بکەن بە نو قووایی دەریا و لەگە باندە ئاوییەکاندا بەناو ووباردا بێن:
بەناو ووباردا ئەەم
ئاوی زەریاکان ئەخم
وەك باندەی ناو ئاوم
لەسەر شەپل وەستاوم
(ماڵی باران، ل13)

ئەو لەگە ئاوی کانیدا هەدەقوی و دەبتە هەم و شانبەشانی (با) دەچتە سەر لوتکە بەرزەکان و تا تقی ئاسمان اناوەستێ، پاشان لەگە هەورەکاندا جارکی دی دتەوە لای منداان:
من ئاوی کانیم تەقیوم
لەژر زەوی هەقویوم
دە سەیرم کەن ئوەی منا
ونم وەکو چاوی قرژا
(ماڵی باران، ل14)
لەو شونانەش کە لەسەر زمانی میزەان و پەپوولە و هەنگیش بە منداان قسە دەکات، هەر ئارەزووی فین و سەفەر و ێیشتن دەکات،

ئەوەتا لەسەر زمانی میزەڵانەوە دەبژێ:
ووتی بەزارم لێرە
دەچم بێ لای ئەستێرە
(ماڵی باران، ل18)

هەروەها ئەمین محەمەد کە لە (فیل، سوسکە، چۆلەکە، توتکە، بۆقیلە، ورچەبەر، مشك، پشیلە، مریشکەسپی، هەنگ، پەپوولە، مەیموون، ماسی و تیمساح) دەدوێ، وێنەی شیعری ناوازەی ئەوتۆ پیشان دەدا، هەر دەڵێی وا مریشکەسپی و جوجەڵە وردیلەکانی لەبەردەمت وەستاون، هەر وەکوو ئەوە وایە مەیموونێکی جوانکیلە لەبەرچاوت بێ بە درەختدا هەڵبگەڕێ، یا سوسکەیەکی بەر و خنجیلانە ببینی، خۆی و بەچکەکانی بە جیکە جیك بڕۆن بە ڕێگادا، یا بۆقیلەیەك خۆی باسی زەلکاو و قیژەی خۆیمان بێ بکات، هەر وا دەزانی پەپوولە و هەنگ وا بە زمانی حاڵ لەگەڵ گوڵێکدا قسە دەکەن و داوای لێ دەکەن ماڵی باخیان پیشان بدات:
گوڵم لێ بوو بەیانی زوو
پەپوولە و هەنگ دوو بە دوو
دەیان پرسی لە گوڵێ
ڕێگای باخیان پێ بڵێ
(ماڵی باران، ل24)

ئەمین محەمەد لە شیعری (ماڵی باران)دا، کە یەکێك لە کۆشیعرەکانیشی بە ناوەوە کراوە، پێچەوانەی ڕەسا و نەریتی باو، ناڕێتە منداڵان با چاوەڕێ بین باران لە ئاسمانەوە بێتە خوارێ و چەتر هەڵدەین، ناڵێ کە باران باری، ئاو زۆر دەبێت و سوودی هەیە بۆ ووەك و گیاندار… بەڵکو داوا لە منداڵان دەکات لەگەڵیدا بچن بۆ ماڵی باران، دەستی (با) بگرن و بچن بۆ ئەو شوێنە بەرزەی ماڵی بەفر و تەرزە و بارانی لێیە:
ئاوەش وەرن منداڵان
دەچین بۆ ماڵی باران
بەفر و باران و تەرزە
ماڵیان لە شوێنی بەرزە
هەور ماڵی بارانە
دڵگیرە و فراوانە
دەی با دەست بگرین بە (با)
بەرەو ئاسمان بمانبا
لەگەڵ ئەودا دەگەڕین

(با) ڕووی لەکۆ بوو لەوێین
ئای خۆ دڵۆپەی باران
وا سەر گۆنامی تەزان
(ماڵی باران، ل16)

تۆمەتە و دوژمنایەتی و یەکدی خواردن و یەکتر قڕکردن و کەیف پێکنەهاتن، لە فەرهەنگی شیعریی ئەمین محەمەددا بوونی نییە، ئەو دەیەوێ هەمووان هاوڕێ و دڵسۆزی یەکتر بن، بەدەم یەکەوە بچن و سروودی خۆشەویستی بچڕن، هاوکاری یەکدی بکەن و نوقڵی تەبایی ببەشنەوە، لە شیعری (ژیان لە دارستاندا) لەسەر زمانی مارەوە، بە سمێرە و ڕووی و بەچکەکانی دەڵێ لێم مەترسن، دەبمە هاوڕێتان:
ماریش کاتێ ئەوەی بینی
وەستا لەبەر پێکەنینی
وتی بێ ترسان بەم شێوە؟!
هاتووم ببمە هاوڕێی ئێوە
(گێرانیی هەورەکان، ل4)

لە شیعری (ئاشتبوونەوە)دا، کارژۆلە لەگەڵ بڕچووی گورگ و ڕۆویدا، هەموو کێشەکانیان تێپەڕاندووە و پێکەوە دەژین و باسی مافی هاوسێیەتی و ئاشتی و تەبایی و دڵپاکی دەکەن:
کارژۆلەی بزنە کێوی
لای بڕچووی گورگ و ڕۆوی
وەستاون لەبەر دەرگا
لەبەردەم ماڵی گورگا
دەڵێن ئێمە سێ هاوڕێین
لەم دارستانە هاوسێین
بە ئاشتی و بە تەبایی
کەوتوینە بەزم و شایی
(خەونی چۆلەکە، ل3)

لەو مەملەکەتە قەشەنگەی ئەمین محەمەددا، گیانداران لە کاتی پرسیار و پێویستیدا یارمەتی یەکدی دەدەن، وەك لە شیعری (کەروێشکە گردیلە)دا، کەروێشکیك بڕچووەکەی بزر دەکات، بۆیە دەچێ لە سمێرە پرسیار دەکات، ئەویش دەڵێ لای ئێمەیە و لەگەڵ بڕچووی من پێکەوەن. هەروەها لە شیعری (ژیان لە ئەستێرەیەکی تردا) خەون بەوەوە دەبینێ کە گورگ و مەڕ ببن بە هاوڕێ، مشك و پشیلەش لەباتی شەڕ، دیلانێ بکەن:
گورگ و مەڕ دەبن بە هاوڕێ

ئەو شوانە و ئەم دەلەوە□□!
پشیلە □ەشە و مشکە بۆرە!
دیلانە دەکەن بە نۆرە؟!
(خەونی چۆلەکە، ل18)

هەروەها ئەو لە شیعرەکانی (قازە سپی)، (بوکە□ەکانم)، (تابلۆی ئاشتی)، (فیلۆکی بچکۆلانە)، (گەمەی پشیلە و مشك)، (هاوڕ□یەتی) و (تینوێتی)…دا، لەسەر زاری منداڵ و بووکە□ە و گیاندارانەوە، ئەوە پاتە دەکاتەوە، کە گەرەکیەتی قاز و توتکە، جوچکە و پشیلە، چۆلەکە و □□وی، ورچ و توتکە سپی، فیل و چۆلەکە، مشك و پشیلە… ببن بە هاوڕ□ و هاودەم و هاوکاری یەکتری و بە خۆشەویستی و تەبایی پێکەوە بژین و یاری بکەن و □□ز لە مافی یەکتری بگرن و □□سای دیموکراسی پەیڕەو بکەن.
ئەگەر فایەق بێکەس لە شیعری (شێر و مار)دا، کە کۆڵ هاوار بۆ باوکی دەبات تا لە مار ڕزگاری بکات، باوکی مارەکە لەتوپەت بکات، وەك دە□□:

کۆڵ دەستی کرد بە هاوار
باوکەکەی کرد خەبەردار
کەوتە فریای دەستوبرد
مارەکەی لەتوپەت کرد

ئەمەو ئەگەر لە زۆرێك لە شیعری ئەوسا و ئێستای منداڵاندا، مار و دوپشك و قەلەڕەش و □□وی… هێمای خراپە و شەڕانگێزی و فێڵ و دووڕوویی بن، بەڵام ئەمین محەمەد پێچەوانەی ئەو گوتارە باوە، تەنانەت لە شیعری (بوکە سوورە)دا کە مارێك دەیەوێت هێرش بۆ زەڕنەقووتەکان بێنێ و بیانفڕێنێ، ئەو نایەت قسە بە مار بڵێ یان لەتوپەتی بکات، یا هەڕەشەی لێ بکات، بەڵکو تەنیا بۆ پاراستنی زەڕنەقووتەکان بە دارێك مارەکە لەسەر درەختەکە دێنێتە خوارێ:

خۆم زانیم بوکە سوورە
لە بۆچووەکانی دوورە
کە بینیم پەشۆکاون
لە هۆلانە خزاون
وتم ها، چی ڕوێداوە
بۆ جریووەتان نەماوە؟
وتیان ئەها، ئەو مارە
هاتووەتە سەر ئەم دارە
دەیەوێت هێرش بێنێ
زەڕنەقوتە بفڕێنێ

منیش خۆرا سەر کەوتم
بۆ لایان بەرەکەوتم
ئیتر یەکسەر بە دارێ
مارەکەم هێنا خوارێ
(خەونی چۆلەکە، ل13)

شاعیر دەزانێ منداڵان بەگشتی ئەگەر بە گیاندارێکیش نامۆ بن یا لێشی بترسێن، بە باسکردن و ناوهێنان و لێ نزیك بوونەوە و هاوڕێیەتیکردنیان، ئەو ترس و نامۆییە دەڕەوێتەوە، بۆیە باسی گیانداران و قسەکردن لەسەر زمانی گیانداران، پانتاییەکی گەورەی لە دەقەکانی ئەمین محەمەددا گرتووە و لەپاڵ گیانداری ماڵیدا، لەگەڵ کۆییەکانیشدا هاوڕێیەتی پەیدا کردووە، وەکوو چۆن باسی باڵدارەکان دەکات، گیاندارە ئاوییەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بۆیە ناو و قسە و بەسەرهاتی (چۆلەکە، فیل، سەگ، سوسکە، مەیموون، پەپوولە، هەنگ، مریشك، ورچ، مشك، پشیلە، بۆق، ئاسك، سمێرە، ڕێوی، مار، کێتر، بەرخ، قاز، ماسی، تووتی، پەڕەسۆلکە، گورگ، بزن و کارژۆڵە)ی نووسیوە و بە منداڵانی ئاشنا کردوون.
ئەمین محەمەد لەو شوێنانەش کە زەمی گیاندارێك یا حاڵەتێك دەکات ئەوەندە بە نەرم و هێمنی ناسکەگلەییەکی لێ دەکات، وەکوو ئەوە وایە مامۆستایەك بە فڕڕخوازێکی خۆشەویستی خۆی بڵێ ئاای وا نابێ…
ئەها بە توتکەکەی دەڵێ:
توتکە گوێ قوتەی جرپن
بۆچی دەوەیت بە من
(ماڵی باران، ل10)

یا کە وەسفی مەیموونەکەی دەکات، بە تەنزەوە بە لاسار و چەتوونی ناو دەبا و دەڵێ:
وەرن سەیری ئەم مەیمونە
چەندە لاسار و چەتوونە
هەر خەریکی ئاو ئاوێنە
زۆر حەزی لە بازبازێنە
(ماڵی باران، ل19)

دیسان بە گاڵتەوە بە ورچەبۆر دەڵێ چاوچنۆك و تۆرنەخۆر، پاشان هەر خۆی بەوە وەسفی دەکات کە خاوەنی دیمەنێکی دڵگیرە:
هەی هەی وا هات ورچە بۆر
چاوچنۆکی تۆر نەخۆر
لانەی هەنگ ئەشوێنێ

هەنگوینی ئەچێنێ
تا دەگاتە:
سەیری ئەو ورچە پیرە
دیمەنی چەند دڵگیرە...
(ماڵی باران، ل26)

هەروەها لە شیعری (گەمەی پشیلە و مشك)یش، نەرمەگلەییەك لە پشیلە دەکات و بە (پشەی کەڵ) ناوی دێنێ، کەچی لە دێرەکانی دیکەی شیعرەکەدا، بە (پشە چاوشین) گاسی دەکات. کە زۆر لە گورگ تووە دەبێ و پێی ناخۆشە ئازاری کەروێشکەکەی بدات، دیسان وەك ئەوەی شێخی لەگەڵ بوونەوەرێکی بزۆك بکات، دەڵێ:
گورگی چەپەڵ و نەوسن
واز بێنە لە هاوڕێی من
هەستە کەروێشکە ئاکە
ئێستا هەڵکی چاکی
(خەیاڵی منارانە، ل5)

بەشی زۆری دیکەی شیعرەکانی لە وەسفی ئەو گیاندارانەی بوونەتە کاراکتەری نێو شیعرەکانی بە (چاو بزی گوێ قوتیلە)، (کەروێشکە خەپان)، (چەنەباز)، (بزێو) و (وردیلە)ی ناویان هاتووە.
بەشی زۆری شیعرەکانی ئەمین محەمەد وەربگێڕدرێنە سەر هەر زمانێکی دونیا، دیاری و دڵستی منداڵانن و چێژی لێ دەبینن و لەگەڵ وشە و ڕستەکانیدا ئاوێتە دەبن، هەموو ئەو کەرەستە و وشە و دەستەواژانەی ئەو بەکاری دێنێ، چۆن بۆ منداڵێکی کوردستان جێگەی بایەخ و تێڕامانن، ئەوهاش منداڵانی نەتەوەی دیکە دەتوانن ئەو چێژ و سوود و کاریگەری و بایەخە ببینن، لێ بەشێکی شیعرەکانی شاعیر، تایبەتن بە منداڵانی کوردستان و تەنیا بۆ خۆشەویستی خەڵك و خاك و ئاڵا و نیشتمانی کوردەواری نووسیویەتی، چونکە خۆزگەی ئەو و هەمووان ئەوەیە کوردستان ئازاد بووایە، چونکە خەون بەوەوە دەبینێ، خۆری ئازادی لە هەر چوار پارچەی وڵات هەبێت، خۆڕك تیشك و پرشنگی دوایی نەیەت و هیچ پەڕەهەورێك نەتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ، خەون بەوەوە دەبینێ ببێتە مامۆستا و سۆراخی ناو و نەخشەی کوردستان بکات:
چاوم گێڕا بەسەریانا
بە دوای ناوی کوردستانا
هەر لە نەخشەکە ئامابووم
بە دیاریيەوە حەپەساببووم

دەمووت نیشتمانم کۆیە!
بۆ نایبینم لەهیچ جێیە؟!
(خەونی چۆلەکە، ل19)

ئەو وەختێ باسی کۆلارەکەیشی بۆ منداڵان دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە جوانییەکەی لەوەدایە کە هۆنگی کۆلارەکەی وەکوو هۆنگەکانی پەرچەمی کوردستان لە زەرد و کەسك و سپی و سۆر پێکهاتوون. دەمێ لەگەڵ بابەنۆئێلیش دەئاخفێت، لە وەڵامی ئەوەی کە بۆچی نەخشەی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهاندا دیار نییە، بە بابەنۆئێل دەڵێ گۆم لێ بگرە من کوردم و کوردستانیم، نیشتمانم دابەشی سەر وڵاتان کراوە:

وردگەڕاوم لەسەر نەخشە
تێم نەبینیوە بمبەخشە
وڵاتی تۆ ناوی چییە؟
ئەی بۆ ناونیشانی نییە؟
بابە نۆئێل گۆ بگرە لێم
تا پێت بڵێم کێم و لەکوێم
کوردم خەڵکی کوردستانم
دابەشی سەر وڵاتانم
(گۆرانیی هەورەکان، ل6)

ئەمین محەمەد لە شیعرەکانیدا، بە دەگمەن نەبێ هێگەی ئەوەی بەخۆی نەداوە بە منداڵان بڵێ وا بکەن و وا بڵێن و ئەم کارە مەکەن و هەڵەفتارتان پێویستە وابێ و هتد… وەك لە ناوەڕۆکی زۆرێك لەو شیعرانەی ئەوسا و ئێستا بۆ منداڵان نووسراون بەو زمان و شێوازە منداڵ دەدوێنن، تەنانەت ئەو شیعرانەیشی کە دەکەونە نێو خانەی شیعری پەروەردەیی و فێرکارییەوە، زمانێکی ناڕاستەوخۆی تێکەڵا بە ئەندێشە و خەیاڵ و یاریی منداڵانەی بەکار هێناوە. ئەو بە منداڵان دەبێژێ تا خۆر ئاوا نەبێت ئەستێرە دەرناکەوێت، قسەیان بۆ دەکات سوودی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت چەندە پێویستە لەم چەرخەدا، لە چێژ و بایەخی تەندروستیی شیر و گوێز دەدوێ، لەبارەی ئەوەوە دەنووسێ کە یاسا چەندە پێویستە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ. باسی سوێی ژیانی بۆق، هەڵهێنانی جوچکە، چێکردنی هێلانە لەلایەن چۆلەکە، سروشتی ژیانی تووتی، هۆنگ و شێوەی شەمامە و هتد… دەکات، بەڵام نایکاتە فەرمانکردن و وەعزدان و وانەی بیرکاری و زانست. ئەوەتا لە شیعری (ئاوی کانی)دا لەسەر زاری ئاوەوە باس لەوە دەکات کە لە ژێر زەویدا هەڵقوڵاوە و کە تیشکی خۆریش لێی دەدا، دەبێتە هەڵم و

دەبێتە هەور، دوایی جارێکی دی دێتەوە:
من ئاوی کانیم تەقیوم
لە ژێر زەی هەڤوێیوم
دە سەیرم کەن ئێوەی منان
ونم وەك چاوی قرژان
هاوڕێی کێگە و باخچەی شارم
من بۆچوی دەریا و ووبارم
کە تیشکی خۆر گەرمم دەکا
دەبم بە هەڵم و با دەمبا
دەچمە ناو هەورێکی سپی
ملی ڕێ دەگرین بە کپی
ورد، ورد، دەڕێین بە ئاسمانا
بەسەر لوتکەی بەرز و جوانا
کاتێ هەور دەگرمێنێ
بە لێزمە دامدەبارێنێ
دەبم بە لافاو لەو کێوە
دەگەڕێمەوە لای ئێوە
(ماڵی باران، ل14)

ئەمین محەمەد لە گەشتی شیعرەکانیدا لەگەڵ منداڵانی هاوڕێی، لای لە وەرزش کردووەتەوە و شیعری بۆ ڕۆژی جیهانیی منداڵان و ڕۆژی جەژن و یادی لەدایکبوون و سەری ساڵی نوێ گوتووە، هەروەها خۆشەویستیی دایك و شاری سنە و جوانیی کتێبخانە و دونیای مۆسیقا و کۆلارە و بووکەشووشە… بە وشەی ناسکی ئەوتۆ لێیان دواوە دەیان هۆندە لەکن منداڵ خۆشەویستتری کردوون، هەروەها بۆ جوانیی سروشتی کوردستان و دیمەنی باخ و خوێەی تاقگە و هاژەی ووبار و بڕندایی شاخ و ناسکی پەلکەزێڕینە… شیعری قەشەنگی نووسیوە. پێی خۆشە منداڵان هاوڕێی هونەر و شیعر و گۆرانی بن، بە بایەخەوە باسی نیگار و فڕچە و بۆیە و ڕەنگ و دەفتەری وێنە و پیشانگا دەکات، وێنەی خۆر دەکێشێت کە ڕەنگی زەردی زێڕینە و پرشنگ دەدات و تیشکەکانی پەرش و بڵاون، لە بۆیە و پەڕۆکی سپی وێنەیەکی پاك و بێگەرد دروست دەکات و لە پیشانگا هەیدەواس، نیگاری درەختێك دەکێشێت کە با دەیلەرێنێتەوە و پاساری بۆ لای دەفڕن و دەیکەن بە هێلانە، جوجەڵە و پشیلە پێکەوە دەخاتە تابلۆیەك و دەخوازێ بۆ کێشە و هەرا بن و بە ئاشتی بژیێن.

خوێندن و چوونە قوتابخانە و ڕۆژگرتن لە مامۆستا و خۆشویستنی هاوڕێی وانە و کەلوپەلی قوتابی لای ئەمین محەمەد پێگەی تایبەتییان هەیە و

بۆیە هەموو دەم بە تام و چێژەوە باسی زوو لە خەو هەستانی سبەینان و خۆگۆڕین بۆ چوونە فێرگە و جانتا بە شان دادان و چەتر هەڵگرتن و ڕاوەستان لە گۆڕەپان و نووسینی دارا و بەشداری کردن لە چالاکیی خوێندنگە دەکات، لە بەشێکی شیعری (ئامادەکاری)دا دەڵێ:

ئامادەم خۆم گۆڕیوە
پێلی یەکم بۆیوە
جانتاکەم هەڵدەگرم زوو
جا دەچم بۆ پێلی دوو
دەفتەری وێنەم پێیە
لەگەڵ دەستەیەك بۆیە…
(گۆرانیی هەورەکان، ل20)

ئەو ئەگەرچی لە ژیانیدا کاری مامۆستایەتی نەکردووە، بەڵام لە شیعرەکانیدا زۆر بە هەست و ڕۆح و سایکۆلۆژیای منداڵ ئاشنایە و دووریش نییە وەکوو باوکێك کە خاوەنی چەند منداڵێکە، لەنزیکەوە بیشیاندا لیلێ، یارەمەتیدەر بووبن بۆ ئەوەی لە جیهانی منداڵان نزیکتر بکەوێتەوە، خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی نەشاردووەتەوە کە هەر شیعرێك بنووسێ سەرەتا بە (لیلێ)ی کیژی پیشان دەدا، وەك دەڵێ: "بەر لە بۆاوکردنەوەی هەموو شیعرەکانم بۆ (لیلێ)ی کچم دەخوێنمەوە، ئەوەی ئەو بەلایەوە قورس بێ گۆڕانکاری تێدا دەکەم، چونکە بە بۆچوونی من، منداڵ باشترین فلتەر و تاقیگەیە".
هەر لەبەر ئەوەش دەبینین لە زۆرێك لە شیعرەکانی (ئەمین)دا، (لیلێ) بووەتە کاراکتەری نێو دەقەکان، وەك لە شیعری (حەوزی مەلە)دا دەڵێ:

وەرە سەیری کە (لیلێ)
دیاریم هێناوە بۆ تۆ
حەوزی مەلەم هێناوە
وا لە حەوشە دامناوە
(خەیاڵی منارانە، ل4)

هەروەها لە شیعرەکانی (چۆلەکە)شدا دەڵێ:

چووە ناو دارستانێ
ڕۆژێ لیلێ بە خەیاڵ
بۆ گرتنی چۆلەکە
دوور کەوتبوەوە لە ماڵ
(هاوڕێی نوێ، ل8)

هەموو شیعرەکانی ئەمین بۆ منداڵی کچ و کوڕ نووسراون، تەنیا چەند

شیعرێکی نەبێ، کە یەکێکیان تایبەتە بە منداڵی کچ و باسی قردێلە لەسەردان و گوارە لە گۆکردن و پابوج لە پێکردن و ملوانکە و نینۆك بەیەکردنی تێدایە:

دایکم گوێچکەی بێ سمیوم
جوتێ گوارەی بێ کڕیوم
پاپوجێکم لە پێدایە
لەم شارەدا بێ هاوتایە
جانتاکەشم دەکەمە شان
پێ لە تەوقە و ملوانکەی جوان...
(ماڵی باران، ل15)

شیعرێکی دیکەی بە ناوی (بوکەڵەکانم)، ئەویشیان زێتر بێ منداڵی کچ دەست دەدات، کە لە سەر زاری منداڵێکەوە دەڵێ:

دوو بوکەڵەم هێناون
بەرامبەر یەك دامناون
یەکێکیان ورچە بارە
چاوی وەك تیشکی خارە
ئەویتر توتکە سپی
بە بێ دەنگی و بە کپی...
(خەونی چۆلەکە، ل21)

لە بەرانبەریشدا شیعرێکی دیکەی هەیە زێتر مارك و تایبەتمەندیی منداڵانی کوڕانی پێوە دیارە، چونکە باسی یاریی دوو گێڵی دەکات، کە یارییەکە پتر تایبەتە بە کوڕان:

پاشان دەبووین بە دوو بەش
بێ یەك مەبەستی هاوبەش
ئەویش یاری کردنبوو
تۆپ بەرەو گۆڵ کردنبوو...
(ماڵی باران، ل28)

منداڵ لە هەر دۆخ و ژینگە و شوێنێك بێ، هەر منداڵە و کێمەڵ حەز و خولیای هەیە کە جۆرێیە لە هی گەوران، زمان و سروشت و سایکۆلۆژیای خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لە هەندێ بابەتدا هۆنگە منداڵانی شار لە لادێ جوێ بن، یا ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی لەبەردەستیانە وەکوو یەك نەبن، یا ئەو ژینگە و دەوروبەرەی کە لێی گەورە دەبن و پێدەگەن هاوچەشن نەبێ، بۆیە وەك لە پاڵ دەقی تایبەت بە منداڵی کوڕ و دەقی تایبەت بە منداڵی کچ، دەقی وایشمان هەیە _کە زۆربەیان وان_ بێ هەردوو هۆگەز دەستدەدەن، بە هەمان شێوە

ئەگەر زۆربەی ئەو دەقانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن بەشی خەڵکی گوند و شاری تێدا بێ، ئەوا بەشێکیان پتر مۆرك و تایبەتمەندیی گوندییانە یا شارییانەیان پێوە دیارە، تێکستەکانی ئەمین محەمەدیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نیین، چونکە زۆرینەی شیعرەکانی چۆن بۆ منداڵانی شارن، بە هەمان شێوەش ڕوویان لە منداڵی گوندە، چەندە باسی ژینگە و دێخ و کەشی شارن، ئەوهاش لە هی لادێ دەدوێن، چەند شیعرێکی کەمی نەبێت خوێنەر زۆرتر وا هەست دەکات تایبەت بۆ منداڵی شار گوترابن، یا زۆتر تایبەت بن بۆ منداڵی گوند، بۆ نموونە لە شیعری (چۆلەکە)دا باسی دارستان دەکات، لە شیعری (پەلکەزێڕینە)شدا ئەو شوێن و سروشت و ژینگەیەی لێی دەدوێ گوندییانەیە نەك شاری:

لە وەرزی بەهارانا
لەناو سروشتی جوانا
تیشکی زێڕین و باران
تێکەڵ دەبن لە ئاسمان
(خەیاڵی منداڵانە، ل3)

لە شیعری (شەمامە)شدا دیسان شوێنی ڕوداوی نێو دەقەکە (بۆستان)ە، کە شتێکی سەیری لێیە و ناوی شەمامەیە، ئەمەو لە چەند شیعرێکی کەمی دیکەدا کە باسی کێڵگە و دارستان و ژینگە و کەشوهەوای گوندی تێدایە، کە ئەوانەش بە منداڵی شار نامێ نیین، تەواوی شیعرەکانی دیکەی شاعیر بۆ منداڵانی دەشت و شار گونجاو و ئاسانن، تەنانەت ئەگەر باسی شار و باخچە و یارییەکانی شاریش بکات، وشە و زاراوە و بۆگە و وێنەیەکی تێدا نادزیتەوە لەکن منداڵانی گوند قورس و نامۆ بێت.

چوارەم: زمان و فۆرمی شیعری ئەمین محەمەد

هەرچەندە ئەو بەر لەوەی شیعر بۆ منداڵان بنووسێ، شیعری ئازادی بۆ گەوران نووسیوە، بۆیە خاڵەکانی لەسەر کێش و سەروایەك کە بۆ منداڵ لەبار و گونجاو بێ هەنگە سەرەتا بۆ ئەو قورس بووبێ، لەم بارەوە مامۆستا حسێن بەفرین دەڵێ: "بەڵام ئەو بۆ ئەوەی بەو دنیایە رابێت (زۆر زانی یەکی) بەکارهێنا بوو ئەویش ئەوە بوو بۆ وەستانەوەی ئەو پەلکێشیو سەرکێشی یەی لەسەری ڕاهاتبوو سەرەتا بەوەها (کێشو سەروا)یەك (کە دواتر ئەیبینن) خۆی هێور ئەکردەوەو خۆی ڕام ئەکرد تا لەوێوە خوویەك بۆ خۆی دابین بکات، واتە هەر لە سەرەتاوە چوونە سەر (جووت کێشو جووت سەروا) بۆ ئەو نەئەهاتو گران بوو بەکو سەرەتا بەم جۆرە دەرگای کردەوە:

کاتێ باران ئەبارێ
چەترەکەم خۆشەویستە
لەسەر سەرم ڕای ئەگرم
چونکە ئەوم پێویستە
لە چەند شیعرێکدا (ئەمین) درێژەی بەو شێوازی (کۆشو سەروا)یەدا تا دواتر وردە وردە لەسەر جووت کێش و جووت سەروا ڕاهات".
زمانی شاعیر کوردییەکی پەتی و ڕەوانە، ڕستەی کورت و مانادار بەکار دێنێ، دەگەڵت کام پەیڤ ناسك و شیرینە دەیئاخنێتە نێو شیعرەکانی، هەر بەیت و کۆپلەیەکی ئەو، وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی ڕوون و جوانن، مەگەر ئەو وشە زۆر باوانەی کە لە زمانانی دیکەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی و ئێستا وەکوو وشەیەکی کوردی لە نووسین و ئاخاوتندا بەکار دێن، دەنا شاعیر هیچ وشەیەکی ناکوردی لە سەرجەمی شیعرەکانیدا نابینرێن. بە تێکڕایی وشەگەلی (خەون و خەیاڵ و هاوڕێیەتی و گەشت و خۆشەویستی…) لە تێکستەکانیدا بەردەوام پاتە دەبنەوە، هەروەها لە گەلێك شوێنیشدا دەستەواژەی (خلەخل، گۆوگاڵ، باسکەوباسك، باعەباع، قاقا، بەخ بەخ، جیك جیك، ورد ورد، هەی هەی..، هاها…) دەدا بە گوێی خوێنەردا و لاسایی دەنگی منداڵ و گیانداران دەکاتەوە:
ها، ها لەسەر سەهۆڵا
لە دارستانی چۆڵا
شانی بێ ئەلەقێنێ
ئەوا و خۆی ئەخلیسکێنێ
(ماڵی باران، 26)

ئەو کە دەیەوێت وێنەیەك بە وشە بکێشێت، لەو کامڕامانە پێفیشناڵ و بەئەزموونە دەچێ، هەم کامڕاکەی ورد و ئاڕگینایە، هەم خۆی دەزانێ کام گۆشە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ڕەسمی ئەو دیمەنە بگرێ و لە بەر چاو و زەینی تەماشاکەردا بمێنێتەوە و کاریگەر بێ، ڕەنگە دەزینەوە و بەکارهێنانی وشەی ناسك و قەشەنگ و مۆسیقی سانا بێ، وەلێ بەکاربردنی لە شوێنی خۆیدا و دانانی لە ڕستەی گونجاودا و پڕدانی ڕیتم و ئاوازێکی شاعیرانە لە دەست ئەمین محەمەد و ئەوانە دێت، کە لەگەڵ شیعر و جوانی و خەیاڵی منداڵانەدا دەژیێن، با ببینین لەم شیعرەدا چۆن وەسفی تاقگە دەکات و وێنەی کەف و خۆڕە و هاژە و جریوە دەگرێ و بە سەیرکردنی گەڵای تەڕ و پرژەی ئاو خوێنەر سەرسام دەکات:
ئەوەتام لە باخێکا
لە دامێنی شاخێکا

جێگەیەك ئاوی سازگار
وەكو تاقگە دێتە خوار
كەفی سپی وەك زیوە
وەرد، چاوم تێبڕیوە
خۆڵ و هاژە و جریوە
دەنگیان لێ هەڵبڕیوە
گەڵای تەڕ و پرژەی ئاو
سەرسامیان كردووم تەواو
(خەونی چڵەكە، ل8)

هەرچەندە تا ئاستێكی زۆر ڕێتم و ئاوازی شیعرەكانی ئەمین محەمەد خۆش و سووك و منداڵانەن، لێ هەندێ جار لێرە و لەوێ، بەهۆی تەواو نەچاو نەكردنی كێشی نیوە دێرەكان، هەر ئەوەتا خوێنەر هەستی پێدەكات سووكە لەنگییەك دروست دەبێ، ئەوەتا لەشیعری (بێقیلە)دا، كە بە كێشی حەفت بڕگەیی نووسراوە، كەچی لە نیوە دێری سێیەمدا دەبێتە هەشت بڕگە:
هەرچەند بە بەچكە ماسی
سەرەتا منتان ناسی
بەڵام سەرمەكوتەم ناوە
ماڵم لەناو زەلكاوە
(ماڵی باران، ل30)

هەروەها لە شیعری (هاوڕێیەتی)شدا، كە شیعرەكە لەسەر كێشی حەفت بڕگەیی نووسراوە، بەڵام نیوە دێری شەشەم بە تەنیا لە هەشت بڕگە پێكدێ:
كێترەكەمم هێناوە
لای پشیلەكە دامناوە
دەڕۆم میوانە لای تۆ
ئاگاداری بە مەیخۆ
بۆ تۆ دەزانیت من چیم
خۆ من پشیلەی ڕاستی نیم
(گۆرانیی هەورەكان، ل18)

وەك دەبینین تەنیا لەو نیوە دێرەی كە دەڵێ (خۆ من پشیلەی ڕاستی نیم) لە هەشت بڕگە پێكدێت.
ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕێنووسیشەوە هەبێت، ئەمین محەمەد هەوڵی داوە، سەر لە منداڵ نەشێوێنێ و زێتر پەیڕەوی ئەو ڕێنووسە بكات، كە لەكن زۆرینەی خوێندەواری كوردەوە پەیڕەو دەكرێ و زۆریش خۆی

پاراستووه لەوەی دوو شەواز یا پتر لە جۆرێك نێنووس بەکار بێنێ، خۆ ئەگەر وردتر لەگەڵ بابەتی نێنووسدا مامەڵەی کردبا باشتر و جوانتر دەبوو. لە خوارەوە بەشێك لەو کەڵکن و ناتەواوییانەی لە بواری نێنووسدا، کە لە کێشیرەکانی ئەمین محەمەددا بەر چاو دەکەون، دەخەینە ڕوو:
لە شیعری (خەونی چۆلەکە)دا، بۆ هەردوو وشەی (جریوە) و (بینیوە) دوو (و)ی نووسیوە:
دەستی کرد بە جریووە
وتی خەونم بینیووە
(خەونی چۆلەکە، ل9)

لە شیعری (بۆچوە پشیلە)دا، بۆ وشەی (ون) دوو (و)ی نووسیوە، وەك دەڵێ:
بۆ خۆت لێ وون کردووە
لێرە بەجێت هێشتووە؟
(خەونی چۆلەکە، ل7)
هەر لەو شیعرەدا،(بۆچوو)ی بە (بۆچو) نووسیوە! هەروەها لە شیعری (پەڕەسێلکە)دا، بۆ وشەی (سوور) یەك (و)ی نووسیوە، بەڵام بۆ (دوور) دوو (و)ی بەکار هێناوە:
خنجیلانەی گەردن سور
جار جارێك دەفڕێ بۆ دوور
(خەونی چۆلەکە، ل7)

لە هەمان دەمدا لە شیعری (بوکە سوورە)دا، (بووك)ی بە (بوك) نووسیوە، کە چی بۆ (سوور) تەواوی بەکار هێناوە و دوو (و)ی نووسیوە، هەر لەو شیعرەدا دیسان (جریوە)ی بە (جریووە) نووسیوە! هەروەها بۆ (دەنووك، سووك) یەك (و)ی بەکار هێناوە و بە (دەنوك، سوك)ی نووسیوە، کەچی لە شوێنی دیکەدا، (دەنووك)ی بەکار هێناوە، ئەمجارە (بچووك)ی بە (بچوك) نووسیوە. لە دوو نیوە دێری بەدوای یەکداهاتوودا بۆ(چەتوون) دوو (و)ی بەکار هێناوە، کەچی بۆ (مەیموون) یەك (و)ی نووسیوە! هەروەها بۆ (بیوتایە، زیوین) دوو (و)ی بەکار هێناوە و نووسیویەتی (بیووتایە، زیووین)!
دەستەواژەکانی (جوان بوو) و (ئاسان بوو) بە (جوانبوو) و (ئاسانبوو) نووسیوە، (کردن بوو) و (بردن بوو)ی کردووەتە (کردنبوو) و (بردنبوو)، کەچی وشەکانی (کۆیە) و (جێیە) و (نوێیە) و (پێیە) (برسیە) و (نیە) و (ئاسایە) و (لاسایە) و (لێیە) و (لەوێیە) و (چاوەڕێیە)ی، بە (کۆ یە) و (جێ یە) و (نوێ یە) و (پێ

یە) و (برسی یە) و (نی یە) و (ئاسایی یە) و (لاسایی یە) و (لێ یە) و (لەوێ یە) و (چاوەڕێ یە) نووسیوە! هەروەها (ئاشتیخواز)ی بە (ئاشتی خواز) نووسیوە و (پەلکەزێینە)ی کردووەتە (پەلکە زێینە)، کەچی بێ (هەنگاوەنگ) و (گورجوگۆ بم)، هاتووە (هەنگاو هەنگ) و (گورج و گۆبم)ی نووسیوە! خۆزگە بێ (ئاسکە بچکۆلە) باعەباعی بەکار نەهێنایە، چونکە (باعەباع) بێ مەبەست بەکار دێت.

وشەنامەی شیعرەکانی ئەمین محەمەد هەموو ئەو وشانەن کە سەر بە فەرهەنگی منداڵانن، زۆر دەگمەن نەبێ وشەیەك نادۆزیتەوە کە تێگەیشتنی بێ زارەکان قورس و نامۆ بێ، جار جارە نەبێ هەندێ وشەی وەکو (چەخماخە، خەڕەك...)ی نووسیوە، کە منداڵ یا منداڵانی هەموو ئەو ناوچانەی بە کرمانجیی خواروو دەئاخفن، باش لێی تێناگەن.

لە هەندێ شوێنیش بێ یەکخستنی سەروای شیعرەکانی، خۆی ناچار کردووە هەندێ وشە بەکار بێنێ، ئەم وشانە هەرچەندە لەپێناو جوانکاری و ئاوازداریی شیعرەکان بەکارهاتوون، لێ هەندێ جار لەسەر حسێبی مانا و هەوانیی زمانن، بێ نموونە لە شیعری (فریاگوزار)دا دەڵێ:

منیش جارێك لە جاران
بوم بە فریاگوزاران
بەسواری پشتی کەشتی
دەریا گەڕام بە گشتی
(خەیاڵی منداڵانە، ل21)

ووشەی لێرەدا تەنێ بێ ئەوەی وشەیەکی هاوسەروای (جاران) بدۆزێتەوە، وشەی (فریاگوزاران)ی بەکار هێناوە، دەنا کورد دەڵێ (بووم بە فریاگوزار) نەك (بووم بە فریاگوزاران). لە شیعری (مریشکە سپی)شدا، کە دێتە سەر باسی یەکێك لە جوجەکان، لەبری ئەوەی بڵێ (شیرینە) دەڵێ (شیرینن)، بێ ئەوەی هاوسەروا بێ لەگەڵ (بیبینن):

یەکێکیان پەڕ لە پێ یە
زۆر جوانە حەزم لێ یە
بەدیاریەوە وەستاوم
ون نابێ لەبەر چاوم
ئەوەش وەرن بیبینن
چەندە جوان و شیرینن
(ماڵی باران، ل25)

ئەنجام

ئەمین محەمەد کە نەوەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری (1991)ە و دوای

نزیکەی بیست ساڵ لە ئاپەڕین وەکوو قەڵەمێکی بەگوێی ئەدەبی منداڵان دەرکەوتووە و بەردەوامە، ئاستە سەردەمی دەستدانە نووسینی ئەمین محەمەد نە لە سەردەمی (زێوەر) و (بێخود) دەچێ، کە تازە بناغەی ئەدەبی منداڵانی کورد دەکەوتە سەر پێ، نە هاوشێوەی سەردەمی (گۆران) و (کاکەی فەللاح) و (فەرەیدوون عەلی ئەمین)ە، کە دەکاتە قۆناغی دوای چلەکانی سەدەی ئابردوو، نە وەکوو وەختی نووسینی (لەتیف هەمەت) و (مستەم باجەلان)ە، بەڵکو ئەو شاعیری دوای ئاپەڕینە و دروستتر زۆتر لە بیست ساڵ دوای ئاپەڕین خێی دەکات بە دونیای منداڵاندا، وەك ڕوونیشە سەردەمی پاش ئاپەڕین، سەردەمی هاتنەدی ئازادی و چاپ و پەخش و میدیا بوو، ئاپەڕین دەروازەیەك بوو بۆ کرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوە و دەست بەکاربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئامێکخراو و سەنتەری تایبەت بە منداڵان و دەرچوونی ژمارەیەکی زۆریش لە گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان، لە هەمان دەمدا تێکەڵاوی و هاتوچێی دەرەوە و هاوردەکردنی کتێب و سەرچاوەی تازەی گەلانی دیکە… هەروەها بەهێی تێکەڵاوی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و دامەزرانی چەند نێوەندی ئەکادیمی و زانستی و زانەوانی، هەموو ئەوانە وای کرد نووسەرانی دوای ئاپەڕین بە زمان و شێواز و ڕوئیای تازەوە بنووسن، لەنێویشیاندا شیعر و ئەدەبی منداڵان گۆڕانکاری و پێشڤەچوونێکی زۆری لەڕووی چەندایەتی بەخێوە دی، لە ڕووی چۆنایەتیشەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەمانە هەموو یارمەتیدەر بوون تا ئەمین محەمەد وەك دەنگێك لە دونیای ئەدەبی منداڵانی کورد جودا لە نەوەی پێش ئاپەڕین بەدەربکەوێت، ئەو لەنێو جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکی زۆری نووسین و بڵاوکراوەی منداڵان دەرکەوتووە، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو دەم وەك دەنگێکی جیاواز و تایبەت دەربکەوێت، لەو چەند بەرهەمەی کە لە چەند ساڵێکی کەمدا چاپی کردوون دەیەوێ وەك هاوڕێ و دۆست و ئەویندارێك مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکات و بۆ ئەوە دەکۆشێت لە بەکاربردنی هەر وشە و ڕستە و پەرەگرافێکدا، خزمەت بە منداڵ و ئەدەبی منداڵان و وشە و شیعر و جوانی بکات.

شاعیر لە ساڵی (2008)ەوە دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعری منداڵان کردووە، لەو شەش دیوانە شیعرەی بڵاوی کردووەتەوە، نزیکەی بە هەموویان (100) تێکستی شیعری دەبن و بەشێکیان کراونەتە گۆرانی، بە سەیرکردن لە فۆرمی شیعرەکانی ئەمین محەمەد، دەردەکەوێت کە بە کوردییەکی پوخت و پاراو دەنووسێت، چەند وشە و واژەیەکی کەم نەبێ دەنا هەر منداڵێك کە بە شێوەزاری کرمانجیی خواروو دەنووسێت و دەپەیڤێت بە سانایی تێدەگات. سەرجەمی

شیعرەکانی لەسەر کێشی پەنجەی خەماڵین و بەشی زۆریشیان لەسەر کێشی حەفت بگەیین، هیچ شیعرێکی ئازادیشی نەنووسیوە.

سەبارەت بە قافیەش، ئەمین محەمەد پتر جووت قافیەی بەکارهێناوە. شیعرەکانی وی کورتن و هیچ شیعری درێژی نییە منداڵ وەرس بکات و توانای خوێندنەوەی نەبێ. دەربارەی ناوونیشانیش، جگە لە شیعرەکانی (گەمەی مشك و پشیلە، پشیلەیەك دەیەوێ بفڕێت، ژیان لە ئەستێرەیەکی تردا) هەموو شیعرەکانی دیکەی ئەمین محەمەد هەر وەك ناوونیشانی دیوانەکانی کورتن و زۆربەیان لە یەك وشە یان دوو وشە پێکهاتوون، هیچێك لە ناوونیشانەکان بە ناوەڕۆکی شیعرەکان نامێ نیین و دروست گوزارشت لە وشە و وێنەکانی نێو شیعرەکان دەکەن. هەموو شیعرەکانی ئەمین بەرواری نووسینیان بەسەرەوەیە، لێ لەوەدا لەگەڵ شاعیرانی پێشوو هاوشێوەیە کە شیعرەکانی جودا نەکردووەتەوە بۆ چ ئاستێکی تەمەن گونجاون، ئەگەرچی ئەو شیعرانەی کە لە (هەنگە وردیلە)دا بڵاوی کردوونەتەوە، هەم وەك خێی ئاماژەی پێداون، هەم بە خوێندنەوەی پەیام و ناوەرۆکی شیعرەکان دەردەکەێت بۆ منداڵانی باخچەی نووسیوە.
ئەمین محەمەد وەك زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی پێش خێی و هاوسەردەمی خێی سەرەتا بە شیعری گەوران دەستی پێکردووە، پاشان هاتووەتە سەر بوار و بابەتی منداڵان. گوتاری شیعریی ئەم شاعیرە دووڕە لە ئامێژگاری و وەعزدان بۆ منداڵ، ئەو نەك هەر هاوڕێی پەپوولە و چۆلەکە و کەرۆشکە، بەڵکو مار و گورگ و ورچیش ناهەنجێنێ و وادەکات منداڵ خێشیانی بوێت.

پەروەردەکردنی منداڵان بۆ ئازایەتی ئەدەبی ... رزا شوان

بەگومان هەموو دایکان و باوکان ئاواتەخوازی ئەوەن، کە منداڵەخۆشەویستەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا، ئازا و بوێر و دڵڕبن، بەوا و متمانەیان بۆ تواناکانی خێیان هەبێت؛ بۆ ئەوپەڕی ئازادی و ئازایەتیشەوە، بۆ بێ ترس و شەرم، گوزارشت لە هزر و لە راو لە راز و نیازە پاکەکانیان و لە بەچوونەکانی خێیان بکەن.

ئازایەتی ئەدەبی، خەستەتکی گرنگ و جوانە لە خەستەتە ئەرنیەکانی هەر مرۆڤک. خەستەتکی زەر پەویستە و بەشکی سەرکیە لە سیمای کەسایەتی مرۆف، بەکو بە بەبەشتی بنیاتنانی کەسایەتیەکی بەهەز و هاوسەنگ و رەوشت ئاسایی دەزانرێت.
لەم پەودانگەوە، پەویستە لەسەر دایکان و باوکانی خەشویست، هەر لە منداڵیەوە منداڵکانیان لەسەر ئەم خەستەتە گرنگ و پەویستیە رابهێنن و پەروەردەیان بکەن. تا لە هەموو قۆناغکانی ژیانی داهاتوویاندا، بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بەسەر ترس و شەرم و دڵەڕاوکێدا زاڵبن، تا بە ئۆپەڵەی ئازایەتی و بوێریەوە رووبەڕووی ئەو کێشە و هەڵوەست و بەرەنگاریانە ببنەوە کە دێنە رێیان. ئازادانە و ئازایەتیانە بەیاری راست و دروست بدەن، بە دامان و رامان گوزارشت لە بیرکەکانیان بکەن.

ئازایەتی ئەدەبی، کارەکی هاوسەنگە، پەیوەندیەکی تەکەڵی و بەهێزی لەگەڵ ئازایەتی جەستەیی هەیە.. بەڵکو هەردووکیان بە تەواکەری یەکتری دادەنرێن.
ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، ئەوەیە کە بەوایان بە خۆیان هەبێت، ئازا و بوێربن، بە ئازایەتی و بە وردبەرزییەوە، بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و داناییەوە، بەرپەچی هەر هەڵوەستەکی دژوار و نەرێنی بدەنەوە کە رووبەڕووی دەبنەوە.. سەرسەختانەش داکۆکی لە باوەڕەکانیان و لە مافەکانیان بکەن و سازشیان لەسەر نەکەن، ملکەچی رای سەپێنراوی کەسانی تریش نەبن.
پەویستە ئەوەش بزانین، کە ئازایەتی ئەدەبی، ملهوڕی و لەخۆبایی و خەسپاندن و هەمیشە خۆبەڕاست زانین ناگەیەنێت. پەویستە ئازایەتیەکی گونجاوبێت، هەڵە نەکەن و سنوور نەبەزێنن و هەستی کەسانی تر بریندار نەکەن و پشڵی ئازادی و مافەکانیشیان نەکەن، ڕێزیان بە دابنێن و بە کەمیان نەزانن.. ئازایەتی ئەدەبی، ئەوە ناگەیەنێت کە لە ئاستی ڕاستیەکاندا، کەڵەقی و نکووڵی بنوێنن، تەنیا هەر قسە و ڕا و بیرکەکانی خۆیان بە ڕاست و دروست بزانن. ڕاو و بیرکە جیاوازەکانی کەسانی تر ڕەتبکەنەوە.

ئازایەتی ئەدەبی تا ڕادەیەک خەستەتکی بەماویە، لە هەمان کاتیشدا خەستەتکی وەرگیراوە. منداڵان لە دایکان و باوکان و لە کەسانی تریش ئەم خەستەتە وەردەگرن. دەکرێت لە هەڵوەستەکانی ڕۆژانەدا، بە پێی قۆناغکانی تەمەنی منداڵان، هەندی هەندی منداڵان لەسەر خەستەتی ئازایەتی ئەدەبی ڕابهێنرێن. تا ببێت بە

بەشێک و بە بەهایەکی بەرزی چەسپاو لە ژیانی کەسایەتییاندا.. دایکان و باوکان و مامۆستاکان رۆڵێکی گرنگ و کارتێکەر و بەرچاویان هەیە، لە هاندان و لە رواندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دەروونی منداڵەکانیاندا. بە نموونە: بە ئامادەبوونی دایکان و باوکان، یا بەبێ ئامادەبوونیان، ئەو بەزانن کە بە چ شێوازێک منداڵەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی نائاشنا و نامۆدا دەکەن.. چۆن بە بە ترس و شەرمکردن و لەووهاتن، لەگەڵ کەسانی نامۆدا دەدوێن.. یا لە ئاهەنگی یادی ساڵڕۆژی جەژنی لە دایکبوونیاندا، سەرنجیان بدەن و بزانن، کە چۆن پێشوازی و بەخێرهاتنی هاوڕێ بانکراوەکانییان دەکەن، چۆن بە بە شەرم و شڕۆژان قسەدەکەن و گوزارشت لە دڵخۆشی و شادی خۆیان دەکەن، بە چ شێوازێکی شیرین و شایستەش سوپاسی ئامادەبوونی هاوڕێکانیان دەکەن.. یا لە پێلی خوێندندا، یا لە کاتی ریزبوونی ڕۆژانەی پێش دەستپێکردنی وانەکان لە قوتابخانەکاندا، ئایە منداڵەکانتان ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەیە، کە بەبێ شەرم هەنراوێک، یا پارچە پەخشانێک، یا چالاکییەک بە دەنگێکی بەرز و بە شێوازێکی فانتازی، لە بەردەم مامۆستاکانیان و هاوڕێکانیاندا پێشکەش بکەن.. منداڵان لە ڕێی ئەم هەوەستانە و لە هاوشێوەی ئەم هەوەستانەوە، دەتوانن ئازایەتی ئەدەبی خۆیان دەربخەن و سەرنجی کەسانی تر بۆ لای خۆیان رابکێشن.. زۆر لە منداڵان هەن، کە گەلی بیرۆکە و رای جوان لە ناخیاندا هەن، بەڵام ئەو ئازایی و ئازایەتییە ئەدەبییەیان نییە، کە بە قسەکردن دەریان ببڕن.

بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ئەم بوارە، ئەوەیان سەلماندووە کە هەکاری شەرم و ترس و نەبوونی ئازایەتی ئەدەبیی منداڵان، دایکان و باوکانیانن. ئەمەش بە کۆنەکی پەروەردە دەزانرێت. هەیەکەشی ئەوەیە کە دایکان و باوکان، زیادەڕۆن لە چاودێری و لە پاراستنی منداڵەکانیان، هەمیشە بە دوایانەوەن، بواری ئەوەیان نادەنی کە پشت بە خۆیان ببەستن. هەموو شتەکیان لەکردوون بە بۆ و ئەوە ناتوانن، ئەوە هەشتا منداڵن، قسەکەن و قەوقەپ، دەمتان داخەن.. بەم شێوە نادروستانە تاریقیان دەکەنەوە.
(یەنامات) دەڵێ"تا تەمەنی سیانزە ساڵیم، وامدەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە ـ یە"

دایکان و باوکان، لە منداڵەکانت بگەرێن، با دەمیان دانەخەن و بۆ ئازادی و ئازایەتی گوزارشت لە ناخی دەروونیان و لە حەز و راز و نیازەکانیان و لە را و بیرۆکە و لە بۆچوونەکانیان بکەن،

ئاگادار هۆشیان کرد، لێیان تووڕەبن و چاوتان لێیان زەق مەکەن و سەرکوەریان مەکەن، تاریقیان مەکەنەوە.. بە داخەوە کە هەندێ لە دایکان و باوکان شانازی بەوەوە دەکەن، کە منداڵەکانیان ناوەرن لە ئاستیاندا فزەبکەن، یا چاویان هەڵبڕنن. ئەمە ڕەفتارێکی هەڵەیە و ئەنجامەکی خراپی لێدەکەوێتەوە.

گەر بتانەوێت منداڵەکانت بە ئازایەتی ئەدەبی پەروەردە بکەن، پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پەروەردەیان بکەن، پشت بە بنەما دەستوورییەکان و بەرنامەیەکی داڕێژراوی سیستەماتیک ببەستن، کە شیاو و گونجاوبن لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵاندا. پێویستە دایکان و باوکان، هەست بەوە بکەن، کە منداڵەکانیان هەر لە منداڵییەوە، ڕەنگدانەوەی شەرم و بەدەنگی و لەرووناهاتنیان پێوە دیارە.. بەشێکی زەریان ئازایەتی گوزارشتکردن و دەربڕینی حەز و نیاز و ڕازەکانیان نین.. ئاگادار هەر وابمێننەوە، کە گەورەشبن ئەم خەسڵەتە نەرێنیانە دەبن بە بەشێک لە ژیانیان.

کە مامۆستا بووم لە قوتابخانەیەکی شاری کەرکوکی کوردستانی، وانەی ماتماتیکم بە پێڵی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی دەوتەوە ـ دوور لە خەڵکەشان ـــ هەموو ساڵێک سەرپەرشتیاری ماتماتیک لە بەیوبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، داوی لێدەکردم کە وانەیەکی نموونەیی بە مامۆستایانی ماتماتیکی قوتابخانەکانی کەرکوک بڵێمەوە. زۆر بە ئاسایی و سەرکەوتوویەوە دەموتەوە.. جارێکیان بە سەرپەرشتیارەکەم وت، ئەمساڵ داوا لە مامۆستایەکی تر بکە با وانەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێتەوە، با هەر من نەبم، سەرپەرشتیارەکەمان وتی:" بەڵێ، دوام لە زیاتر لە پێنجا مامۆستا ماتماتیک کردووە، لە وەڵامدا پێیان وتم، بە ڕاستی ئەمە شەرم دەکەین و ناتوانین لە بەردەم ئەو هەموو مامۆستایانەدا، بە سەرکەوتوویی وانەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێینەوە، داوای لێبووردنیان لێکردم" من هەکاری نەبوونی ئازایەتی ئەدەبیی ئەو مامۆستایانە و بە هەزاران گەورەی تریش بە تاڤی منداڵییان دەگەنمەوە، ئەبابێیان لە ئاستەی دایکان و باوکان و مامۆستاکانیانن، دەبوایە زوو هەستیان بەم خەسڵەتە نەرێنییە بکردایە و بە ڕاهێنان و بە یارمەتیدانی پەویست چارەسەریان بکردایە و نەیان هێشتبایە ببێت بە ترس و شەرمکردن و بە دیاردەیەکی نەخوازراوی چەسپاو لە کەسایەتی و ژیانیاندا.

ئازایەتی ئەدەبیش، خەسڵەتێک نییە، کە بە ئاسانی و تەنیا بە قسەی ڕووت بڵێتەدی، وەک ئەوەی کە دایکان و باواکان بە منداڵەکانیان بڵێن "دەبێ ئازایەتیتان هەبێت" خەسڵەتێکیش نییە کە بتوانن، لە ماوەی چەند مانگێک یا ساڵێکدا ئەم خەسڵەتە لە دڕوونی منداڵەکانتان بوونن.. بەڵکو بە ڕاندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دڕوونی منداڵەکانتان، پێویستیتان بە ئارامی و قوربانیدان هەیە.. چونکە پەروەردەکردنکی ڕاست و دروست کاتکی زۆر دەخایەنێت و پێویستی بە پشوودرێژی و درێژدان هەیە.

(ئەرستە) دەڵێ"ڕەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە"
بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا، باس لە گرنگترین ڕەگاکانی گەشەکردنی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا دەکەین.. بەو هیوایەی کە دایکان و باوکان سوودیان لێوەربگرن:
١ـ دایکان و باوکان ئاوێنەی منداڵەکانیان، پێویستە هەموو دایک و باوکێک نموونەبن لە ئازایەتی ئەدەبیدا و ببن بە پشتڕاست بە منداڵەکانیان، چونکە منداڵان چاولێکەرن و لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، بە تایبەتیش ڕەفتار و کردارەکانی دایکان و باوکانیان.

(وین دایەر) دەڵێ:"منداڵەکانتان دەخوێننەوە هەموو ئەو کردارانەی کە لە ژیانتاندا دەیانکەن.. نەک لەو قسانەی کە دەیانکەن"
٢ـ چیرۆکی ڕاستکی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، پێویستە دایکان و باوکان ئەو چیرۆکانە بە منداڵەکانیان بگێڕنەوە یا بخوێننەوە، کە باس لە ئازایەتی ئەدەبی و ئازایەتی جەستەیی دەکەن، بە تایبەتیش ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانەکانیان منداڵان.

٣ـ ڕاستگۆیی خەسڵەتێکی گرنگی ئازایەتی ئەدەبییە، پێویستە دایکان و باوکان هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانیان بە ڕاستگۆیی پەروەردەبکەن و ڕایان بهێنن و فێریان بکەن کە ڕاستگۆیی یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە جوانەکانی کەسایەتی مرۆڤ، فێریان بکەن کە ئازایەتی ئەویان هەبێت کە دان بە هەڵەکانیاندا بنێن.. گەر کچۆڵەیەک قاپێکی لە دەست بەربێوە و شکا و کەس چاوی لێنەبوو، بە دایکی بڵێت ئەو قاپە لە دەستی من بەربێوە و شکا.. پێویستە دایکی سوپاسی بکات و هانی بدات، کە کچۆڵەکەی ڕاستگۆیە،

هیوای ئۆشی بۆ بخوازێت کە هەمیشە راستگۆیت.. چونکە ئەم منداڵە ئازایەتی ئەدەبی هەیە و لەوش ناترسێت کە سزای راستگۆییەکەی چیدەبێت با ببێت.

٤ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بۆ هەموو شێوازێک هانی منداڵەکانیان و قوتابیەکانیان بدەن، کە بۆ ئۆپەڕەی ئازادی و ئازایەتی گوزارشت لە هزر و خەیاڵ و لۆ را و لۆ بیرکەی و لۆ بۆچوونەکانی خۆیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن گاڵتە دەرفەت و بواریان بۆ بڕەخسێنن.. بۆ نموونە لە (وانەی داهێنان) دا، پێویستە مامۆستای زمانی کوردی، هانی قوتابیانی پۆلەکەی بدات، کە داهێنەکانیان لە بەردەم هاوڕێکانیاندا بخوێننەوە، تا شەرمیان بشکێ و لەسەر ئازایەتی ئەدەبی ڕابهێن.
٥ـ بۆشداریکردنی منداڵان لە تیپی سروود و موزیک و گۆرانی قوتابخانەدا بۆ تایبەتیش ئەو منداڵانەی شەرم دەکەن، تا شەرمیان نەمێنێت و ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەبێت کە خۆیان دەربخەن و لە بەردەم هاوڕێکانیاندا بۆ شەرم و شۆڕان بتوانن گۆرانی بڵێن.

٦ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان ئەوە بزانن، کە کردارەکان کاریگەرترن لە قسەکان، ئەم ڕاستییەش بووە بە چەمکێکی گرنگی پەروەردەی نوێی منداڵان.
٧ـ هەرگیز نابێت گاڵتە و تەفیسی بە قسەکانی منداڵان بکرێن و ڕووشکێنیان بکەن. تا نەترس و شەرم نەکەن و خۆیان بە لاواز و بە تواناونەزانن.. هانیان بدەن تا بە ئازایەتی تواناکانی خۆیان لە بەردەمی کەسانی تردا دەربڕن. لە هەڵە و شکستیش نەترس، لە ڕێی هەڵە و شکستییەوە، دەتوانن ڕێگای ڕاستی و سەرکەوتن بدۆزنەوە.
٨ـ منداڵان زۆر جار ناتوانن لە خۆیانەوە بەهرەی ئازایەتی ئەدەبی لە دەروبەریانەوە وەربگرن. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە ئۆپەڕەی توانایانەوە یارمەتییان بدەن و ئاراستەیان بکەن تا زاڵبن بەسەر ئەم کێشەیەدا و پشت بە خۆیان ببەستن.

٩ـ بەوا بەخۆبوون، پێویستی و خەسڵەتکی گرنگی کەسایەتییە، پاڵنەر و هاندەریشە بۆ درێژەپێدان و سەرکەوتن.. ئەو منداڵانەی کە بەوایکی تەواویان بۆ خۆیان هەیە، بۆ گۆشبینەوە پشت بە خۆیان دەبەستن، بۆ ئاسایی و ئاسانی و بۆ بۆ شەرم و ترس، دەتوانن لە بەردەمی منداڵانی تردا، گوزارشت لە را و لە باوە و

بیرکەکانیان بکەن.
١٠ــ بە هاندان و گەشەکردنی بەهرەی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، پێویستە ساڵانە لە وەرزی دووەمی خوێندندا لە لایەن بەڕێوەبەرێتی چالاکییەکانی قوتابخانەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەکان و شارۆچکەکانە "پێشبڕکێی ئەدەبی" بە خوێندنەوەی " هەنراوە و چیرۆک و پەخشان" بە قوتابیانی قوتابخانەکان سازبکەن، لە لایەن منداڵانی بەهرەمەندی ئەم بوارانەوە پێشکەش بکرێن.. خەڵاتی جوانیش بە هەموو منداڵە بەشداربووەکان پێشکەش بکرێن.. ئەم پێشبڕکێیانە ڕووحی ملمانێی و وتووێژ ئەدەبی لە نێوان منداڵاندا دەوروژێنن، منداڵانی بەهرەمەند بە هەڵی دەزانن کە بەهرە و ئازایەتی و توانا ئەدەبییەکانی خۆیان دەربخەن.

١١ــ "بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری منداڵان" کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانە، دەتوانێت ساڵانە " پێشبڕکێ ئەدەبی بە منداڵانی کوردستان" بە منداڵانی بەهرەمەند لە بواری "ئەدەبی منداڵان" دا سازبکات، پێویستە لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە، چەند منداڵێک بە ئەم پێشبڕکێیانە بانگ بکرێن.. خەڵاتی جوانیش پێشکەش بە هەموو منداڵە بەشداربووکان بکرێن.. بە داخەوە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان، تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆیان بە بەهرە و بە چالاکییەکانی منداڵانی کوردستان نەداون.. ئەویان لەبەرچاو نەگرتوون کە منداڵانی ئەمڕۆمان هیوای داهاتووی کوردستانن.. کە منداڵان بەشکن لە ئەمڕۆ و هەموو داهاتووشن.
١١ــ ڕاگەیاندنکان و میدیاکانی کوردستان، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە هاندان و لە گەشەکردنی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، پێویستە کەناڵە تایبەتییەکانی منداڵان بایەخێکی زیاتر بە چالاکییەکانی منداڵان بدەن.. چونکە هەشتا لە ئاستی پێویستدا نین.
١٣ــ شانۆ بوارێکی گرنگە، بە هاندان و ڕاهێنانی منداڵان بە ئازایەتی ئەدەبی و بە ڕواندنەوەی ترس و شەرمیان. زۆربەی منداڵان حەزیان بە نواندن هەیە. لە ڕێی نواندنەوە دەتوانن تواناکانیان دەربخەن و ئازایەتی ئەدەبی و جەستەییان پێشان بدەن.

١٤ــ من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ــ ٢٠١٩) دا، لە هەڵەبجە کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دهۆک و هەڵەبجە،

چەند کەسێکی ئەدەبی بە قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شارەکانیان، بە چالاکی ئەدەبی منداڵان سازبکەن، هەر جارەی کەمتر لە منداڵانی بەهرەمەند، هەنراوە و چیرۆک و پەخشان پێشکەش بکەن.. گەر بیانووت ئەمە کارێکی گران نییە.

رەزا شوان
نەرویج: ٣١ی/ سێپتەمبەر/ ٢٠١٨

پانتایی بە پەنابەرێکی کورد لەکدەخرێت

بەشی لەکەینەوەکانی تایبەت بە بابەتە کەلتوورییەکانی زانکۆی ماڵبەرنی ئوستڕالی ، پانتایکی تایبەتی بە پەنابەرێکی کورد بەشێوەی ئۆنلاین لەکخست.
ئەو پەنابەرە کوردە کە ناوی بەهرۆز بوچانییە، خاوەنی چەندین کاری فیلمسازی و نوسینە لەبارەی دۆخی پەنابەران لە کەمپەکانی دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیا و ناورۆ کە کارەکانی لەسەر ئاستی ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێت. کارەکانیشی هەنگدانەوەی ژیانی ڕابردووی و گوزەرانی خراپی خۆی و پەنابەرانە لەو دوورگانە.
بوچانی، لەو پانتاییەدا لە پاڵ باسکردنی کارەکانی خۆی، تیشکی خستە سەر دۆخی خراپی پەنابەران لە کەمپەکانی دوورگەی مانوس و ناورۆ.
پەنابەرانی دوورگەی مانوس و ناورۆ ئەو کەسانەن کە پێشتر ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوستڕالیا بکەن بەڵام دەستگیر کراون و هەوانەی ئەو کەمپانە کراون و بەپێی یاساکانی کەچی ئوستڕالیا، هەرگیز لە ئوستڕالیا نیشتەجێ ناکرێن.

زمانی دایکم … عوسمان محەممەد هەورامی

دایەی بەسەز و خۆشبەخت
ئەخەی ، زمانەکەی تە
لە نوقمی ترش و شیرین
بەچەژتر و خۆشتر
لە خونچەی گوڵزاری ژین
بەنخۆشتر و گەشترە ،
کە بەزمانی تە ئەدوێم
گەشەئەکەم و ئەبەم :
ئەمە زمانی کوردییە
پڕ لە گەشە و شادییە ،
دایەگیان ، بەم زمانە
گەزبگەز باڵئەکەم
دیاریگەشەی ئاسمانە

عوسمان محەممەد هەورامی

بونیادی دەلالی و شیمانەیی دال لە (شیعری نوێی کوردی) دا … عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

پێشەکی:

بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی بونیادی دەلالی (بە کێی بیروڕا جیاوازەکانەوە) بەرهەمهێنانی دەلالەتی -حەقیقی و شیمانەیی- دەگرێتەوە، جا چ پەیوەندی بە سروشتی کەمەڵایەتییەوە، یان بە سروشتی تاکی رۆشنبیر و کەسەکانەوە هەبێت… هەبەتە لێرەدا لە رووی ئەدەبییەوە قسە لە بەرهەمێنانەوەی دەلالەت دەکەم، بەڵام لە بیرمان

نەچێ فیکری مرۆیی لێکدانەبڕاوە، بۆیە دەشێ بەشێك لەو قسەکردنە، قسەکردنیش بێت لە رووی بیرکارییەوە، دەمەوێ بڵێم شیکردنەوەی (حەقیقەت) وەك زاراوە لە رووی بیرکارییەوە بە تەواوی ئەو راستییە دەگوترێت، کە وردبینیکراوە و حەقیقەتە مەعریفییەکان دەگەیەنێت. لە بیرکارییدا دالی حەقیقی هەموو رێگایەك بێ کۆمەڵەی بەشەکان و کۆمەڵەی ژمارە راستییەکان خۆش دەکات… بەڵام (شیمانەیی) لە رووی بیرکارییەوە هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان (سفر و یەك)ەوە، تیۆری شیمانەیی ئەوە نییە، کە خۆی بسەپێنێ، بەڵکو ئەوەیە، کە هەڵبژاردن دەخاتە پێشەوە… یەکەمیان جەخت لە یەقین و دیار (Certain) دەکات… دووەمیان پشت بە ڕێکەوت و نادیار (Chance) دەبەستێت.

لە فەلسەفەدا چەمکی (ڕاڤەکردن) و (حەقیقەت) دەچنە نێو یەکترەوە، لە زمانی گریکیدا حەقیقەت "ئەلیسیا- alethia" وشەیەکە بە مانا حەرفییەکەی واتای "پەردە لادان" دێت، بەڵام ڕاڤەکردن واتە ڕێگادان بە حەقیقەت بێ ئەوەی بدوێت، یان لە ڕێگای پەردەپۆشین و پەردەنەپۆشین بە کردەی کەشفکردن ڕابێتەوە.
هەموو ئەوانەی قسەیان لە دەستەواژەی بونیادی دەلالی کردووە، ڕێکخستنی مانا و کەشفکردنی مانایان خستۆتە پێشەوە، وەك چۆن رووە جیاوازەکانی ماناشیان بە هەند هەڵگرتووە! بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت، هەموو قسەکردنێك لە دەستەواژەی بونیادی دەلالی، دەچێتە سەر قسەکردن لە تەئویلی دەلالی ((تەئویلی دەلالی کردەیەکە ڕێگا بە خوێنەر دەدا هێلی دەلالی دەق بخاتە روو)) بەڵام مانا چییە؟ مانا ئەو (پەیوەندییە) دوو سەرەیە، کە لە نێوان وێنەی هێشەکی و وشەدا دروست دەبێت. بەڵام ڕەنگە پرسیار ئەوە بێ ئایا سنور و جۆری ئەو پەیوەندییە چەندە و چییە و چۆنە، ئایا لە هەموو رووەکانی دنیایین، دەلالەتی زانستی و ڕاستی ئەو پەیوەندییە چەندە، ئایا دەشێ ئەو پەیوەندییە گشتگیر بکرێت، ئایا ئەو پەیوەندییە لە هەموو زمانەکان وەك یەکە، ئەو پەیوەندییانە بە درۆژایی مێژوو قسەی لێدەکرێت، یان بەپێی گەشەکردنی زمان دەگۆڕێ…؟

بە دیوەکەی دیکە بەرهەمهێنانی بونیادی دەلالی جۆرێکە لە (دانان) و (بەیادهێنانەوە) و (ڕێکخستن)! کەواتە بێ تێگەیشتن لەو دەستەواژەیە پێویستە بێ دیدی (سوسێر) و ئاستی گوزارشتکردن و ئاستی ناوەڕۆك و مانای بەرهەمهاتوو بگەیەنەوە، ئەو دیدە سوسێرییەش پەیوەندی بە هاوسەنگی نێوان گوزارشتکردن و ناوەڕۆك و بەرهەمهێنانی دەلالەت و جمگەکانی بە یەکەوە بەستنەوەی

دەلالەتەکانەوە هەیە، وەك چۆن لە لایەکی دیکەش پەیوەندی بە جیاوازییەکانی ئاستی گوزارشتکردن و مانای وشە بەیەکەوە بەستراوەکان و چۆنێتی بەیەکەوە بەستنەوەوە دەکات. هەموو ئەوانەش لە رووی سیمیاییەوە ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە دانان و بەیادهێنانەوە و ڕکخستن پەیوەندی بە ئاستی (گوزارشتکردن) و (ناوەڕۆك) و (کەشفکردنی مانا)وە دەکات.

مەرج نییە بیرکردنەوەی نوێ وەك پێویست پرسیاری نوێ دابهێنێ، بەڵام دەشێ بە ڕێبازی نوێ، پرسیارە کۆنەکان لێکبدەینەوە، لێرەدا پرسی مانا وەك پرسێکی کۆن هەر تەنها بە وشەوە گرێ نەدراوە، هەر تەنها بە قسەکەرەوە بەند نییە، هەر تەنها بە مانای ئامادەوە بەند نییە، هەر تەنها بە گوێگرەوە نالکێ، دروست بوونی پەیوەندی مانای ئامادە هەر تەنها بە ئاستی گوزارشتکردن و ئاستی زمانی گوزارشتکردنەوە نالکێ… بە دیوێکی دیکەدا پرسی مانا پرسی هاوژیانی و کەشفکردنی دەلالەتە؟!

لە نێوان وشە و دەلالەتەکانی وشەدا پەیوەندییەکی سروشتی بوونی نییە، وشە و رستە ڕەمزن! چ مانای ئامادە، چ مانای خەیاڵکراو و شیمانەیی شتێك لە دەرەوەی خەیان دیاری دەکەن، دەلالەت لە شتێك دەکەن: بۆ نموونە (دوکەڵ) دەلالەت لە ئاگر دەکات… (دڵی پڕکراو بە تیر) دەلالەت لە ئەڤین دەکات و زۆتریش… وەك دەبینین دەلالەت کارێکە دەکەوێتە نێوان دال و مەدلول، دەلالەت بایەخ بە دراسەکردنی نیشانەکان و شتەکان و هەبوونەکان دەدات، بایەخ بە کێی ئەو شتانە دەدات، کە لەگەیاندا ژیاوە، بایەخ بە کێی ئەو شتانە دەدات، کە لەگەیاندا دەژی، بایەخ بە کێی ئەو شتانە دەدات، کە ئەویدیکەی جیاواز دەیبینێ؟! ڕەنگە وشە شتێك بگەیەنێت، لە ژێر سێبەری پەیوەندییەکانی ئێمە، کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، ڕەنگە وشە شتێك بێ، نەکەوتە ژێر سێبەری پەیوەندییەکانی وەرگرەوە، ئەوەی دوای ئێمە بیری لێدەکەنەوە، یان بیری لێناکەینەوە، دەمەوێ بڵێم مانای ئامادە ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان من و ئەو و لە نێوان شتەکانەوە هەیە، بەو مانایەش بونیادی دەلالی (دنیای حەقیقی مانا) دنیای چەسپاو… نیشان دەدات، لە پشت هەموو ئەوانەش ڕێشنبیرییەك ئامادەیە، کە بەرەو پرنسیب و یاسا و ڕێساکان هەنگاو دەنێت! بەڵام شیمانەیی دال (هاوژیانی مانا) وێنا دەکات، دنیای جولاو… لە پشت هەموو ئەوانەش ڕێشنبیرییەك ئامادەیە، کە بەرەو دەق و دەقی کراوە دەبێتەوە، کە بەرەو ئەویدیکەی جیاواز دەبێتەوە! دنیای حەقیقی مانا لە سەر ڕکخستنی مانای ئامادە وەستاوە، شیمانەیی دال و دەقی

کراوە لە سەر خەیاڵی کەشفکردن، بەڵام رووە جیاوازەکانی مانای ئامادە وەستاو و مانای کەشفکراو پەیوەندی راستەوخۆی بە ئەویدیکەی خۆنەرەوە هەیە...

ئیشکالیەتی مانا

لە نێوان ڕێکخستنی مانای ئامادە و خەیاڵی کەشفکرندا

(سوکرات) پێناسەی بیرکردنەوە دەکات، بەڵام (ئەفلاتوون) بیرکردنەوە لە واقیعی هەستپێکراو جیا دەکاتەوە. ئەو قسەیە پێماندەڵێت فیکری مرۆیی لە ئەفلاتوونەوە ئیشکالیەتی مانای بێ بەجێماوە... ئەفلاتوون، سوکرات، سۆفستاییەکان پێیانوابوو پەیوەندی نێوان گوتن و ماناکانی گوتن پەیوەندییەکی خودی و سروشتییە! واتە گوتن راستەوخۆ لە مشکدا تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەخاتەوە... بەڵام ئەرستێ بیرکردنەوەی ئەفلاتوون ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە پەیوەندی نێوان گوتن و ماناکانی گوتن پیشەیی و تەرمئامێزە، ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ماناکانی ڕێککەوتوون، وەك چۆن سوکرات دەڵێ راستە هەندێ گوتن پەیوەندیەکی سروشتی بە ماناوە هەیە، بەڵام هەندێکیان وا نیین، بەڵکو خەڵکانێك مانای تایبەتی پێدەبەخشن و ئەو مانا تایبەتییانە دەچەسپێن و دووبارە دەبنەوە... لە کۆی ئەو قسەکردنانەوە دەتوانم بڵێم مانا فیکرەیەکە یان چییەتییەکە یان پرنسیبی تێگەیشتنێکە، کە وەك یەك لە واقیع یان فیکرێکەوە سەرچاوە دەگرێت. بیریاری ئەڵمانی (شلیرماخەر) هەوڵستێکی کلاسیکیانەی بەرانبەر هیرمینۆتیکا هەیە، پێیوایە دەق لە ناوەندێکی زمانەوانی پێکهاتووە و فیکری دانەر بێ خۆنەر دەگوازێتەوە، لە ڕووی زمانەوە دەلالەت لە تەواوی زمان دەکات، لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە دەلالەت لە فیکری خودی داهێنەر دەکات! پەیوەندی ئەو دووانە پەیوەندییەکی جەدەلییە. وەك دیارە هەوڵدەدات قسە لە دوو ڕوو بکات، یەکەمیان بابەتی، کە سەر بە زمانە و تێگەیشتنی هاوبەش دەسازێنێ، دووەمیان خودی، کە تایبەتمەندی دانەر دەخاتە ڕوو. بەڵام تێوانینی نوێ بۆ دەق ئەو شێوە بیرکردنەوە کلاسیکییە تێدەپەڕێنێ و بونیادگەراکانیش دەخاتە لاوە و پێیوایە ماناکانی دەق نە پەیوەندی بە دانەرەوە هەیە و نە بە خۆنەرەوە، بەڵکو لە نێوان دانەر و خۆنەردا دەجوڵێتەوە، لە نێوان دانەر و خۆنەردا زمان پەیوەندییەکان ڕێکدەخات، وەك ئەوەی پرۆژەیەك بێ بێ ژیان لە خوێندنەوەدا بێتە بەرهەم و لە خۆنەردا خۆی واڵا بکات.

(فریگە و هێسرل و ڕاسل) لە سەر هەمان بیرکردنەوەی ئەفلاتوون، یان بەڵای کەمی لە وێناکردنی بوونی بابەتخوازیانە نزیك بوونەوە و

پێیانوابوو مانا بابەتخوازی و ئایدیالییە، مانا هەیە و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی عەقڵییەوە نییە! واتە پەیوەندی بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و بەجێهێنانەوە نییە، وەك چۆن پەیوەندی بە نیشانە زمانەوانییەکانەوە نییە. بێ نموونە (نیازخوازی) هێسرل پەیوەندی بە بابەتگەرایی ماناوە هەیە نەك عەقڵ، هێسرل هەرگیز قبووڵی فیکرەی (فرە مانایی) نەکردووە… بە کورتی هەموو ئەوانە پێماندەڵێن مانا هەیە و ئامادەیە و پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەیە، لە ڕێگای ئەو تێگەیشتنەوە هێسرل دەڵێ: هەموو ئاگامەندییەك دەرککردنی تایبەت بەخۆی هەیە…
سیستمی زمانەوانی سیستمێکی داخراوە! زمان هەموو پەیوەندییەکانی دەکەوێتە ناوەوەی خۆیەوە، وەك بونیادگەراکان نازیان بەو تێزەوە دەکرد، بێگومان هەموو ئەوانە مانای ئامادە و ڕێکخستنی مانای ئامادە ئاسان نیشان دەدەن، من لە بەر حەقیقەتی ئەو داخرانە نییە، دنیای ڕێکخستن وەك دنیایەکی داخراو دەبینم، ڕاستە هەموو ڕێکخستنێك گرنگیەکی زۆری بە نسبەت ریتم و ناوکۆیی و تێگەیشتنەوە هەیە. من لە بەر ئەوە نییە، دنیای ڕێکخستن وەك دنیایەکی داخراو دەبینم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زمان دەژی و گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت و بەردەوام لە ناوکۆیی و خەیاڵی ڕێکخستنی نوێ خۆی دەبینێتەوە…

بۆوایەك هەیە، پێیوایە (تێگەیشتن) و (مانا) هەردووکیان عەقڵ بەرهەمیان دەهێنێ. هەردووکیان وێنەی عەقڵییەن، بەڵام لە نوانیاندا دەلالەت دەگێڕێ، یان دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرس… قسەیەك هەیە، مانا بە گوتراوەوە دەلکێنێ و تێگەیشتن لە عەقڵەوە بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە تێگەیشتن لە مانا دابڕاوە، ئەوە بەو مانایە نییە، کە بۆوامان بە یەك جۆر لە تێگەیشتن هەبێت، بە هیچ جۆرێك بەو مانایە نییە، کە مانا لە عەقڵ دوورە. ئەگەر قسە لە مانای وشەیەك یان ڕستەیەك یان دەقێك بکەین، ئەوە هەر دەبێ لە چوارچێوەی مەدلولی پەیوەست بە دالەوە بخوێینەوە، کەواتە وەك (پۆل ریکۆر) دەڵێ، مانا پەیوەندییەکی ناوەکی لە نێو دەقدا دروست دەکات. بەڵام (نیشانە) و (مانا) دوو بەشی بەیەکەوە پەیوەست نین، وەك دال و مەدلول، بەڵکو سەر بە دوو کایەی تیۆری جیاوازن، بە پرنسیبی جیاواز هەڵدەسن و وەسفی جیاوازییان هەیە، دیارە تێگەیشتنی وەستاو زمان زێتر وەك ڕێسا و یاسا تەماشا دەکات، نەك وەك بوونێکی زیندوو، وەك جولە و کردە… بە گشتی کۆی قسەکان لە بارەی ڕێسا و یاسای زمان و مانای چەسپاوەوە پێماندەڵێت مانا (بە مێژوو) ئابۆوقە دراوە، بەڵام دەبێ بزانین

مانا بەردەوام نوێ دەبێتەوە، داهێنان ئابووقە نادرێت، داهێنان زەمەنەکان تێکدەشکێنێ!

بەهای وشە لە رێگای پەیوەندی وشەکە بە کەمەڵ وشەی دیکەوە دەردەکەوێت … مانا ناکەوێتە دەرەوەی شتەکانەوە، داهێنان ناکەوێتە دەرەوەی شتەکانەوە! تەئویلگەرەکان دەڵێن هیچ مانایەك لە دەرەوەی تەئویلەوە بوونی نییە، چ لە رێگای ناوکییەکی زانستییەوە بێ، یان کەسییەوە، واتە مانا یان لە رێی تەئویلی ناوکییەوەیە، یان بیروڕای فەردی و خودییەوە هەیە. بەڵام داهێنان گەڕانەوە نییە بۆ مەبەستی شاراوەی دانەر، گەڕانەوە نییە بۆ بونیادی دەلالی و دنیای مانای حەقیقی میسالی، بەڵکو بە دواداچوونی بزاڤە لەبننەهاتووەکانی مانایە و گەڕانە بە دوای ژیان و خوێنەر و مانای جیاواز… تەئویلکردن واتە بەخشکردنی ئامرازی نوێ لە نێوان مرۆڤ و دنیا، خوێنەر و دەق، ئەو ئامرازە نوێیەی کە گوتار دەیخاتە ڕوو… مانا خێی لە نێوان کەمەڵێك سیفەتدا دەبینێتەوە، وەك مانای شاراوە، ناوەکی، دیار، نادیار، حەرفی، دەرووونی… بۆیە مەسەلەی پێناسەکردن زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

لێرەدا پرسیار من ئەوەیە، دەشێ لە کێی ئەو ئیشکالییەتانەوە مانا لە پێناسەیەکی جێگیردا ئابووقە بدەین؟ ئایا ئەوەندە بەسە مامەڵەیەکی کلتوری، مێژوویی، حدسی، زمانەوانی، سایکۆلۆجی… لەگەڵ مانادا بکەین، یان بیر لەوە بکەینەوە، کە زمان دەژی و نوێ دەبێتەوە… ڕاستە هەتا ئێستا زانستی زمانەوانی لە ڕووی سیمیۆلۆجیا و تەئویلەوە ئەرکی زۆری کێشاوە، بەڵام هیچ قسەیەکی بۆ ڕاستەکردنەوەی ئیشکالییەتەکانی مانا و بەرجەستەکردنی داهێنان نەکردووە؟

ستراتیژی دانەر/ شاعیر
لە نێوان ڕێکخستن و کەشفکردندا

لێرەدا دوو تێگەیشتن بۆ مانا لای (دانەر/ شاعیر) دەخەمە بەر چاو: تێگەیشتنی یەکەم، پەیوەندی بە ئاستی زمانی- فەرهەنگی (مُعجمی- lexicon) -واتە مانای چەسپاو (ئامادە) و ڕێکخستنەوە هەیە و مێژووی مانامان پێدەناسێنێ، هەبەتە بە گشتی پەیوەندییەکانی ئاستی زمانی فەرهەنگی لەوەوە بەرەو گوتار دەبێتەوە، کە پێوایە مانای ئامادە جگە لە یارییەکی پاشکۆئامێزی ناوەکی شتێکی دیکە نییە، یەکەی فەرهەنگی بە درێژایی مێژوو مانای جێراوجێر لەخۆ کۆ دەکاتەوە، هەر زەمەنەی دەکەوێتە سەر حەقیقەتی مانایەك، وەك چۆن

بە درێژایی مێژوو دەکەوێتە سەر جیاوازی ماناکانیشەوە. لێرەوە جیاوازی ڕێکخستنی مانا و ڕێکخستنی جیاوازی زۆرترین مانای ئامادە دەستەبەر دەکات، جیاوازی ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی مانای ئامادە (دانەر/ شاعیر)ی جیاواز دەدزێتەوە، وەك چۆن (خوێنەر/وەرگر)ی جیاواز بەدوای جیاوازی ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی مانای ئامادەدا دەگەڕێت، واتە وەك چۆن لە هەر قۆناغێکدا (دانەر/ شاعیر)ی جیاواز بەدوای ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی بوونیاندا دەگەڕێن، تا بەهایەك بێ (بوونی ڕێکخراو)ی خۆیان بەجێ بهێنن. یان ئامادەیی ڕێکخراو بەجێ بهێنن، بە هەمان شێوە لە هەر قۆناغێکدا (خوێنەر/وەرگر)ی جیاوازیش بەو مانایە مانای ئامادەی ڕێکخراو، (خوێنەر/وەرگر- دانەر/ شاعیر)ی ڕێکخراومان بێ کەشف دەکات، (خوێنەر/وەرگر- دانەر/ شاعیر)ی ڕێکخراو ڕێگا بە مانای ئامادەی ڕێکخراو دەدات، بێ ئەوەی بدوێت.

بەڵام تێگەیشتنی دووەم، بێ مانا بە گشتی لە شیکردنەوەی کەشفکردن و دەلالەتی مانای خەیاڵکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك ئەوەی نزیکترین و نوێترین یەکەی گوتار پێکبهێنێت، کەشفکردن و مانای خەیاڵکراو بێ قۆناغ و سەرچاوەی یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی مانا ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەمیشە ڕووە جیاوازەکانی مانا واتا دەکات، ڕووی جیاوازی مانا زۆرترین سەربەخێیی هەیە، ئەوە سەربەخێیی مانای خەیاڵکراوە (دانەر/ شاعیر)ی سەربەخێ دەدزێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش (خوێنەر/وەرگر)ی سەربەخێ هەمیشە بەدوای ڕووە جیاوازەکانی مانای کەشفکراودا دەگەڕێت، ڕووە جیاوازەکانی مانا، کەشفکردنی مانایە، کەواتە دانەر/ شاعیری سەربەخێ بەدوای مانای کەشفکراوی بوونیدا دەگەڕێت، تا بەهایەك بێ (بوونی گریمانەکراو)ی بەجێ بهێنێت. یان ئامادەیی گریمانەکراو بەجێ بهێنێت، بە هەمان شێوە (خوێنەر/وەرگر)ی جیاوازیش. ئەو تێگەیشتنەی کەشفکردنی مانا ڕەفتاری تەئویلی لە نێو دەقدا ڕێکدەخات. بەو مانایەش دەق کەمەڵك (دال)ە و دەبێ لە دەرەوەی قۆناغ و سەرچاوەی یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی ماناوە لەلایەن خوێنەر/وەرگر کەشف بکرێت، (دانەر/ شاعیر)ی سەربەخێ لە حاڵەتی نوسیندا بە هەمان پرسەدا تێدەپەڕێت. ئەو کاتەش دەق بوونی هەیە، کە دەخوێنرێتەوە و خوێنەر بە شەهوەتی خوێندنەوە و نوسەر بە شەهوەتی نوسین دەگات! هیچ دەقێك بێ بوونی خوێنەر بوونی نییە، بەو مانایەش دەلالەت لەسەر زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە ڕێکخستنی دال و لە خەیاڵکردنی شەهوەتدا دەژیت. لە کێی ئەو قسانەدا هەوڵدەدەم ئەو دوو تێگەیشتنە لە سێ جۆر خوێندنەوە بێ (مانا) کورت بکەمەوە: خوێندنەوەی یەکەم پەیوەندی بە زمانی

فەرهەنگی و مانای چەسپاو و ئامادەوە هەیە. خوێندنەوەی دووەم پەیوەندی بە شیمانەیی مانای نوسەرەوە هەیە. خوێندنەوەی سێیەم دەکەوێتە سەر خوێنەری جیاوازەوە.

ئەگەر دەق فەزایەك بێ بێ ئاوێتەبوون، ئەگەر دەق تانێپێی نێوان تێگەیشتنی فەرهەنگی و تێگەیشتنی شیمانیی و خوێنەر بێت، ئەوە لە ئاسێی خوێندنەوەی (ریکێر)دا خوێندنەوە و تەئویلەکان لە دنیای مانای داخراوی ئایدیالیدا گیر ناخێن، بەڵکو بە سەر ژیانێکی واقیا و نوێدا دەکرێنەوە! ئەو قسەیەی کە من لە رێگای ریکێرەوە رێکمخستووە لەوێوە دێت، کە ریکێر پێیوایە زمان رەنگدانەوەی هەموو ئەوانەشە کە پێش دەق و دوای دەق دەکەون! کەواتە زمان هەر تەنها رەنگدانەوەی هەبوون نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی گشتگیرە و پەیوەندی خەیاڵکردنی من و ئەویدیکەیە بە هەموو دنیا، زمان یارییەکە هەمووان تێیدا هاوبەشین، جگە لە زمان شتێکی دیکە بێ گوزارشتکردن لە خێماندا نادزینەوە، جگە لە زمان شتێکی دیکە بێ هەناسەدان نادزینەوە، جگە لە زمان شتێکی دیکە بێ پەیوەندی و هاوژیانی نادزینەوە، بێیە کردەی تەئویلکردن لە رێگای زمانەوە دووبارە ئەفراندن دەگەیەنێت. هەر لە رێگای دووبارە ئەفراندنەوە درك بە ئەزموونەکانی ژیان و خوێنەرە جیاوازەکان دەکەین.

شیعری کوردی

ماناکانی (رێکخستن) و دەلالەتەکانی (کەشفکردن) و (خوێنەری جیاواز) لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەم قسە لە شێوەی رێکخستنی (مانای ئامادە و چەسپاو) و شێوەی کەشفکردنی (مانای نائامادە و خەیاڵی نوسەر) و (مانای ئامادە و نائامادە و خوێنەری جیاواز) لە شیعری نوێی کوردی و دوای راپەڕینی 1991ی کوردستانی باشور و بەشێك لەو شیعرەی کوردستانی رۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر (شەپۆلی حجم) و (شەپۆلی زمان) بکەم…
پرسیاری سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەوانە ئەوەیە، ئایا شیعر تەنها رێکخستنی مانای چەسپاو و ئامادەیە لە دووتوێی یاسا و رێساکانی زماندا، بە دیوەکەی دیکە ئایا شیعر رەتکردنەوەی یاسا و رێساکانی زمان و شێواندنی مانای ئامادەیە، مانای ئامادە و نائامادە و خوێنەری جیاواز دەکەوێتە کوێی شیعری کوردییەوە، بە دیوەکەی دیکە ئایا شاعیری کوردی بەشێك لە کێشەکانی ژیانی کوردی لە شیعرەکانیدا هەڵگرتووە، ئایا شیعری کوردی لە پێشبینی و خەیاڵی تاکی کوردی و خەیاڵی ئەویدیکەی جیاواز دەدوێ؟
قسەکردن لە چەمکی (رێکخستن) لە رووی زمانەوە چەسپان و دنیایی

دەگەیەنێت، بە دیوێکی دیکە دەشێ چەمکی ڕەکخستن بەو مانایە بێت، کە هەر یەك لە ئێمە بە عەقڵ و ئاگامەندییەوە بە دوای ڕێسا و یاساکانی زمانەوە بین، هەر یەك لە ئێمە لە سەر مێژوو و شێوەی تایبەتی (خۆی) قسان دەکات…

ئەگەر چەمکی ڕەکخستن قسەکردن بێ لە سەر شتی تایبەتی و شێوەی تایبەتی ئەو شیعرەی کە دوایی هاتووە! ئەوە چەمکی خەیاڵ و کەشفکردن لەگەڵ هەموو ئەو پرسانە دژ دەکەوێتەوە، کە تێیدا مانای چەسپاو ئامادە خۆی بەسەر شیمانەیی ئێستا و ئێستای زیندوودا دەسەپێنێت، وەك چۆن دژ بە هەموو ئەو قسەکردنانەشە، کە پێشتر سەرەتا و کۆتایان زانراوە، کەواتە بەشێك لە خەیاڵ و کەشفکردن لە سەرەتا و کۆتایی نەزانراوەوە سەرچاوە دەگرێت! وەك چۆن بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە ڕووە جیاوازەکانی مانا و ڕووە جیاوازەکانی ڕەکخستن و خوێنەری جیاوازەوە هەیە… هەر چۆنێ بێت هەمیشە کار و (دەقی ئەدەبی) تەجاوزی دەست بێ بردنە تیۆرییەکان دەکات، بەڵام ئایا تیۆرە ئەدەبییەکان ئەو حەقیقەتە دەرك دەکەن؟ هەڵبەتە ئەو پرسیارە وەڵامی ناوەکی خۆی هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داهێنانەوە هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕێبازە ئەدەبییەکان بەرهەمهێنەرن و پانتاییەکی مەعریفی بەرفرەوانیان هەیە و مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ کار و دەقی ئەدەبی و خوێنەری جیاوازدا دەکەن…
بە گشتی زمان وەك بابەتی حەقیقی و کردەیی هەمووان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، لە کۆی ئەو هاوگونجانەدا دەتوانم ئاماژە بە (سۆ هێل) لە شاعیرانی شیعری نوێی کوردی باشور و دوای ڕاپەڕین و بەشێك لە شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵات بدەم، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو پێلینکردنە جگە لە گریمانەکردن شتێکی دیکە بێت، بەبێ ئەوەی پشت بە تیۆرێکی دیاریکراوی ئەدەبی ببەستێت، بەبێ ئەوەی چەمکی (داهێنان) وەك بنەمای قسەکانم بێ بەراوردکردنی ئەو پێلینکردن و بەدواداچوونە بە کار بهێنم؟!

هێلی یەکەم

بە گشتی (هێلی یەکەم) کۆی ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە، کە بۆچوونیان بە دەست بێ بردنی مانای ئامادە هەیە، لە میانی مانا نوێیەکان و لە دەرەوەی مانای ڕووت و ڕەهادا! وەك چۆن هەوڵدەدەن لە ڕەکخستنی ماناوە هاوسەنگی نێوان (ئاستی گوزارشتکردن و ڕیتمی ڕستە) لە لایەك و (ڕیتمی وشە و مانای چەسپاو) لە لایەکی دیکە بپارێزن، یان زمان شێوەی ئاسایی بپارێزن، واتە هاوسەنگی نێوان خود و گوتراو لە توێی زمان و مێژووی مانادا بپارێزن، بێ ئەوەی جوانی شیعر و جوانی

ئامادە بە یەکەوە بگونجێنن! هەموو ئەوانە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی و یاسا و ڕێساکانی زمان و جوانی ئامادە دەکەن، هەموو ئەوانە پێیانوایە بە پلەی یەکەم شیعری جوان پەیوەندی بە ئاکاری جوان و وشەی جوان و گوتراوی جوان و خەیاڵی جوان و مانای ڕەوان و ڕیتمی ڕەوانەوە هەیە… هەموو ئەوانە دەکەونە نێوان مشتومڕی گوتن و ماناوە! بێ ئەوەی لە ڕێگای خودەوە بە گوتراو بگەن، بێ ئەوەی لە ڕێگای عەقڵەوە بە مانا بگەن، واتە لە ڕێگای مێژووی گوتراوەوە بە مانای ئامادە بگەن، لە ڕێگای کێی مانا و گوتراوەوە بە جوانی و خەیاڵی شیعری بگەن، لە ڕێگای تێگەیشتنەوە بە دەلالەتە نوێیەکانی مانا بگەن، بە دیوەکەی دیکە لای هەموو ئەوانە حەقیقەتی مانا هەمیشە لە ئامادەیی ئێستای مانادایە، بەو مانایەش ڕۆشنایی مانا لە ڕۆشنایی ئێستای مانا دانەبڕاوە، لەوێشەوە ڕێگا بێ حەقیقەتی ئامادە خۆش دەکەن، بێ ئەوەی بدوێ…
وەك دەردەکەوێت هێزی خێیان لە مانای ئامادە و ڕەکخستنی خوددا دەبیننەوە، پرسیار لەوە ناکەن عەقڵ، گوتراو بونیاد دەنێت، یان گوتراو، عەقڵ دروست دەکات؟! پرسیار لە تێگەیشتن و مانا ناکەن، پرسیار لە جیاوازی و دنیابینی جیاواز ناکەن، پرسیار ناکەن وشەی شیعریی چۆن دروست دەبێت، جیاوازی لە نێوان ڕەوانی و ڕاهاتن و شیمانەیی چییە؟!

هێلی دووەم

(هێلی دووەم) زۆربەیان لەسەر بنەواببوون بە نائاگامەندی (نەست) و پێشخستنی ناوکێیی و فەرامۆشکردنی خود لە یەکەوە نزیکن، بەڵام نەك بەو مانایە کە گەیانەوە بێ نائاگامەندی و نەست گەیانەوە بێ بێ (فرۆید) بەڵکو بەو مانایە کە نائاگامەندی و نەست پێش زمان دەکەوێت، وەك چۆن لای (لاکان) جێگای گفتوگۆیە… لەوێوە شاعیرانی هێلی دووەم هەوڵی کەشفکردنی مانا و هەوڵی (دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا) دەدەن، ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی بێ خوێنەران واڵا دەکەن، شێوەی ستوونی بە زمان دەبەخشن، ئەوەش جێکەوتەی وشە و پەیوەندییەکانی و ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی دەخاتە نێو گەشەکردنی وشە و گەشەکردنی ناوکییەوە، وەك چۆن بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هێلی دووەم خێیان بە (کۆتایی نەزانراو) دەسپێرن، خێیان بە (دنیابینی جیاوازی مرۆیی)ەوە دەسپێرن، بە پلەی یەکەم میکانیزمی خەیاڵ بە بزوێنەری شیعری دادەنێن، لە ڕێگای یاخی بوونی مەعریفییەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی شیمانەیی شیعری و کەشفکردنی جوانی و پەیوەندییە

کراوەکانی ژیان دەدەن، هیچ سنورێك بۆ مانا و جوانی و چێژ قبوڵ ناکەن، هەموو سنوردانانێك بۆ توانای لە بنەماتووی مرۆڤ رەتدەکەنەوە، هەموو ئەگەرەکان بۆ جیاوازی مانا دەهێنن، هەموو ئەگەرەکان بۆ تەماشاکردنی دنیا بە کراوەیی جێدەهێڵن، بە دیوەکەی دیکە هەموو ئەوانە ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی خۆی دابمەزرێنێ…
وەك دەردەکەوێت هێزی خەیان لە نائاگامەندی و پێشخستنی ناوکەیی و فەرامۆشکردنی خوددا هەڵدەگرنەوە، بەڵام پرسیار لە بارەی بنەما جیاوازەکانی مەعریفە و ئاستی کلتور و پێشکەوتنەکانی ئەویدیکەی مرۆڤایەتی… وەڵام نادەنەوە، قسەکردنی جیاوازی ئەویدیکە لە بارەی عەقڵ و تێگەیشتن و درککردن فەرامۆش دەکەن!

هێلی سێیەم

(هێلی سێیەم) تەواو پێچەوانەی هێلی یەکەم بیر دەکەنەوە، (هەموو ئاوەڵدانەوەیەك بۆ مۆژووی مانا و ڕەکخستنی خود ڕەتدەکەنەوە)، (هەموو یاسا و ڕێساکانی زمان و ڕەسەنایەتی ڕەشدەکەنەوە) بەو مانایەش تەواوی ڕابردووی مرۆڤایەتی بە ئاوەڵدانەوە بۆ میتافیزیکا دادەنێن! هەموو بایەخی نائاگامەندی و نەست لە لایەك و پێشخستنی ناوکەیی لە لایەکی دیکە بە خەمی خەیان نازانن، (هەموو سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە وەلا دەنێن) بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیشانەی هەڵەمەکییەوە، تێکدانی پەیوەندی نێوان وشەکان مانای باو تێکبشکێنن و بگەنە کورتبڕی، شیمانەیی سەربەخۆ فەراهەم بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای پەیوەندی ڕێکنەخراوەوە گوزارشتکردنێکی یاخی و ئاسێیەکی دیکەی چاوەڕوانی گەشە پێبدەن، وەك ریزم لە نێو زماندا بیر لە زمان دەکەنەوە، لە ڕێگای خەیاڵ و وێنەوە بە جوانی لەناکاو و لە ڕێگای شیمانەیی نکۆکەرەوە بە مانای نائامادە و ئەویدیکەی خۆنەر دەگەن، بە گشتی هەمووان بە پلەی یەکەم ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی وەك شیمانەیی بدوێت…
واتە هێزی خەیان لە تێکشکاندنی مانا و کورتبڕی و بەرهەمهێنانەوەی نیشانە و شیمانەیی سەربەخۆدا دەبینەوە، لای ئەوان شیعر دەنگە، بەڵام ئەسڵ و دەق لە ناوچووە! بیر لەوە ناکەنەوە نەگونجان و بۆ مانایی هیچ پەیوەندییەکی مرۆیی ناخولقێنێ، ئەگەرچی هەڵگری جۆرێك لە یاخی بوونیش بێت، مەرج نییە هەمیشە یاخی بوون جوانی کەشف بکات، ئەگەرچی یاخی بوون بێت بە ڕووی باودا، بیر لەوە ناکەنەوە کۆی فیکری مرۆڤایەتی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، بیر لە بەهای پەیوەندی و خۆشەویستی و هاوڕێتی و سۆزی مرۆیانە ناکەنەوە،

چارەنووسی بۆ یادەوەرییەن.

هۆلی یەکەم
لە نێوان (گوتن / مانا)دا

وشە یان هەر یەکەیەکی زمانەوانی لە دوو بنەما پێکهاتووە و لە یەك جیا نابنەوە، ئەویش گوتن و مانایە! مانا و گوتراویش لە مشتومڕی جیاوازی خڕیان ناکەون. گوتن رووە مەتریالەکەی مانایە، ماناش رووە هەستییەکەی گوتن پێکدەهێنێ.
مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، مانا و گوتن پەیوەندی بە هەڵنانی بەهای هونەری دەربڕینەوە هەیە، بەشێکی گەورەی بەهای هونەری دەربڕینیش تێگەیشتن دەینەخشێنێ؟! چەمکی تێگەیشتن هەمیشە پشت بە فاکتە حەقیقییە مرۆییەکان دەبەستێت. بەهای تێگەیشتن لە شێوازی دەربڕینی دەلالەتخوازانەوە نزیکمان دەکاتەوە!
لە بارەی ئەو مشتومڕەوە هەندێك پێیانوایە پێشخستنی گوتن بەسەر مانادا جوانی و پوختی و پتەوی لێدەکەوێتەوە، بەهای ئەدەبی بەرزتر نیشان دەدات، شێوازی هونەری جوانتر دەستەبەر دەکات، هەمیشە داڕشتنی ئەدەبی و حەقیقەتی دەربڕین بە پوختی و پتەوی و گوتنی جوانەوە پەیوەست دەکەن، هەر لەوێشەوە بە مانای جوان و پتەو و روون و حەقیقی دەگەن، هەر لەوێشەوە بە ریتمی جوانی دەربڕین دەگەن، هەموو ئەوانەش پشت بە کەمەێك پاڵنەر دەبەستن، پاڵنەری دەروونی، سیاسی، نەتەوەیی…
هەندێکی دیکە لە رەخنەگران لە مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، پێیانوایە جوانی گوتن و جوانی مانا لە بەیەکەوە بوونیاندایە، پێکەوە ئاستە بەرزەکانی رەوانبێژی دەنوسنەوە و تەرازوویەك بۆ بەهای هونەری دەسازێنن، پێیانوایە شیعر لە رێگای ئەو بەیەکەوەبوونەیان باڵا دەکات و لە لێکترازانیشیان نزمی دەنوێنێ، گوتنی جوان، جوانی مانای لێدەکەوێتەوە، وەك چۆن گوتنی ناشیرین مانای دزێو بەرهەم دەهێنێ! رەوانی مانا ریتمی رەوانی لێدەکەوێتەوە و ناڕەوانی تەمومژ…

ئەو پێکەوە بوونە ئەگەرچی لە یەکێتی و ئاوێتەبوونی گوتن و مانا نزیکە، بەڵام جیاوازی خڕیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە یەکێتی گوتن و مانادا، گوتن جەستەیە و مانا ڕۆح، جەستە و ڕۆح لێکجیابوونەوەیان مەحاڵە… لایەنگرانی یەکێتی و ئاوێتەبوونی گوتن و مانا، پێیانوایە هەموو گوتنێکی جوان، مانای جوانی لەخۆدا هەڵگرتووە، گوتنی پتەو، راستی مانا دەنوێنێ… هەبەتە پێچەوانەش

راستە! دەتوانم بڵێم هەموو ئەو قسانەی لە بارەی یەکێتی گوتن و ماناوە دەکرێت، بەهای یەکبوونی شێوە و ناوەڕۆکمان بیر دەخاتەوە، وەك ئەوەی گوتن فڕێم بۆ و مانا فیکر…
بەشێکی دیکە لە رەخنەگران لە مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، بەرگری لە چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا دەکەن و پێیانوایە نهێنی پەیوەندییەکانیان بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، هەرگیز پەیوەندی بە وەووژانی یەکەك بە سەر ئەویدیکەوە نییە، بەکو ڕێسا و یاسای زمانەوانی بەڕێوەی دەبات و دەکەوێتە نێوان پرنسیب و ڕێبازی تایبەت بە زانستی زمان و دانان و ڕێکخستنەوەوە… دواجار هەمیشە پرسەی ڕێکخستن پەیوەندی نێوان گوتن و مانا دەگەیەنێت…

بەمجۆرە دەتوانم بڵێم هەندێك لەو شاعیرانەی شیعری نوێی کوردی (کە من ناویان بە هێلی یەکەم دەبەم) هەوڵدەدەن لە ڕێکخستندا پەیوەندی نوێ و بەرفرەوان لە نێوان مانا و مانا، جوانی و مانا، ریتم و ناوکێیی دروست بکەن، زۆربەیان دوای وشەی شیعریی و رستەی شیعریی و ریتمی ناوکێیی دەکەون! هەندێکیان لادانی مانا بە وەوژانی هەستییەوە دەبەستنەوە، بەڵام بە گشتی لە پێناو مانەوە لە سەر ڕێکخستنی (مانا/ جوانی)ی چەسپاو و ئامادە، لە سەر (شیعری دنیایی) کار دەکەن. بۆ نموونە دەتوانم وێای کەمەڵك جیاوازی و وێای مشتومڕی نێوان گوتن و مانا، دەشێ بۆ دیاریکردنی (هێلی یەکەم) چوار نموونەتان پێبناسێنم:

نموونەی یەکەم

نموونەی یەکەم لە شاعیران، ئەوانەن کە (جوانی گوتن و ریتمی ناوکێیی بەیەکەوە کێ دەکەنەوە) جوانی گوتن و ریتمی ناوکێیی بە هەستی نەتەوایەتی و دەروونی و سیاسی موتوربە دەکەن، پەردە لەسەر گوتنی حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەدەنەوە، لەوانە: شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، جەلال مەلەکشا، ژیلە حوسێنی…

نموونەی دووەم

بەڵام نموونەی دووەم، لە (هێلی یەکەم)دا لە نێوان تێگەیشتن و مانادا، شیعرگەرایی لە خودگەرایی و ناوەڕۆکگەراییدا دەبینەوە، بۆ چەسپاندنی بیرکەی تێگەیشتن لەسەر خودی تێگەیشتن، بۆ (چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا) بۆ گواستنەوە لە حیکایەتێکەوە بۆ گەیشتن بە ریتمی حیکایەتێکی دیکە، بە مانایەکی دیکە ڕێگاکانی گوتراو تاقی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە دەروونی خێیان

بگەن، یان هەموو ئەو تێگەیشتنانە لە فەزایەکی شیعری دووبارە دەکەنەوە، فەزایەك کە لەگەڵ هۆشیاری شیعری و ریتمی شیعری دێتەوە، فەزایەك کە دەکەوێتە نێوان پرنسیب و زمانی شیعری و دانان و ڕێکخستنەوەوە... نموونەی دووەم لە چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا، وەک جیاوازییان: کەریم دەشتی، جەمال غەمبار، نەزەند بەگیخانی، چەمان هەردی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، فەرەیدوونی ئەرشەدی...

نموونەی سێیەم

نموونەی سێیەمی (هەڵبژاردەی یەکەم)ی شاعیران، ئەوانەن کە هێزی گوزارشتکردن و هەستی لیریکی و وەووژانی سۆز بە کەرەسەی باڵایی جوانی و ڕەوانی و ناسکی دادەنێن، هەوڵدەدەن ریتمێکی دەروونی و مرۆڤدۆستی لە بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی خوێنەردا بچێنن، هەوڵدەدەن فەزای چێژ و ژیاندۆستی فرەوانتر نیشان بدەن، هەوڵدەدەن دەرگای خەیاڵێکی نزیك لە سیحر بۆ مرۆڤایەتی واڵا بکەن، شاعیرانی (یەکێتی گوتن و مانای گوتن) شاعیرانی نموونەی سێیەم، جوانی گوتن و جوانی مانا ئاوێتەی ریتمی بیرکردنەوە دەکەن، حەقیقەتی گوتن تێکەڵ حەقیقەتی نەگوتن دەکەن... لە نموونەی ئەو شاعیرانە: دلشاد عەبدوڵا، جەلال بەرزنجی، بەختیار عەلی، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل بەرزنجی، هیوا قادر...

نموونەی چوارەم

نموونەی چوارەم، لە (هەڵبژاردەی یەکەم)، شاعیرانی چێژی (گوتن بەسەر مانادا)، جەستە بە سەر ناوەڕۆکدا زاڵ دەکەن، لە ڕێگای چێژی گوتنەوە خۆیان لە مانا دەخشێنن، ئەو شاعیرانەی جەستەگەرایی و چێژی ئیرۆتیکی و ئاگامەندی سۆزداری پێشدەخەن، بەڵام مەبەستم ئەوانە نییە، کە ئیرۆتیکا و وەووژانی سۆکسی تێکەڵ بە یەك دەکەن؟! بەڵکو مەبەستم ئەوانەیە، کە دنیا لە دوو دیدی جیاوازی نێر و مێدا تەماشا دەکەن، بەڵام خۆیان لە بە بازاڕکردنی هەست و بێنرخکردنی جەستە و حەزی ڕووت دەپارێزن، هەمیشە حەقیقەتی چەپێنراو پێش حەقیقەتی گوتراو دەخەن، هەمیشە چێژی گوتنی نەگوتراو پێش دەخەن و پێیانوایە ئەوە چێژی گوتنی نەگوتراوە چێژی مانای لێدەکەوێتەوە، هەمیشە جوانی جەستە و ریتمی جەستە لە مانای کرچ و کاڵ دەپارێن، هەمیشە پێیانوایە ئەوە گوتنی جوانە، شێوازی هونەری جوانتر دەستەبەر دەکات، ئەوە گوتنی جوانە، ریتمی جوان و چێژ دەنەخشێنێ... نموونەی شاعیرانی گوتن بەسەر مانادا، قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، ژوان ئاوارە...

شاعیرانی جوانی گوتن و ریتمی ناوکیی

دەتوانم بڵێم نموونەی یەکەم، ئەو شاعیرانەی (جوانی گوتن و ریتمی ناوکیی بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە)، ئەو شاعیرانەی جوانی گوتن و هەستی نەتەوایەتی و سیاسی کۆیان دەکاتەوە و گوتن و ریتمی تێگەیشتن بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە! هەمیشە هێزی شیعری لە گوتن و پەیامی شیعریدا هەڵدەگرنەوە، لە ڕێگای جوانگوتنەوە لە مێژووی مانا نزیك دەبنەوە، پارێزگاری لە جوانی گوتن و مانای ئامادە دەکەن، بەهای ئەدەبی لە گوتنی جوان و ریتمی مانادا دەبیننەوە…
دەتوانم بڵێم دالی حەقیقی لای (لەتیف هەمەت) تێکەڵکردنی هەستی تاکگەرایی و هەستی نەتەوایەتییە! بەڵام هێزی شیعری لای (عەبدوڵا پەشێو) لە ڕەوانی ریتمی گوتن و بەرزکردنەوەی دروشمی شیعری ڕەخنەکاریدا خۆی دەبینێتەوە! جیاوازی نێوان (شەرکۆ بێکەس) و (ڕەفیق سابیر) لە تەماشاکردنی ژیان و تەماشاکردنی نەتەوە وەك بابەتی سەرەکی شیعریدا خۆی دەبینێتەوە، شەرکۆ بێکەس کۆی مێژووی نەتەوە و حیکایەتەکانی نەتەوە و ژانوژواری نەتەوە وەك بنەمای شیعری بەکار دەهێنێت… بەڵام ڕەفیق سابیر گۆشەیەك لە زامە قوواڵەکانی نەتەوە و خەمە بچوکەکانی نەتەوە وەك بنەمای شیعر چاو لێدەکات، لە گۆشەنیگایەکەوە حیکایەتەکانی تاکی کوردی دەگێڕێتەوە… جیاوازی نێوان (مەلەکشا) و (ژیلا حوسێنی) جیاوازی پەیامگەرایی و سێزگەراییە، جیاوازی نێوان ماناگەری و ئاوازگەراییە، جیاوازی نێوان شێوشگەرایی و دەروونگەراییە… بە گشتی هەموو ئەوانەی لەسەر ئەو هێڵە ڕێچکەیان گرتووە، کە (مێژووی وشە بە پتەوی مانا)وە دەلکێنن، گوتن و ریتم موتوربەی ڕووداوی مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سیاسی دەکەن، بیر لە بەدوایەکداهاتن و کۆتاییەکانی داڵە گشتییەکان دەکەنەوە… بەڵام ئەوەی لەتیف هەمەت لەو هێڵە جیا دەکاتەوە هێزی تاکگەراییە… ئەوەی عەبدوڵا پەشێو لەو هێڵە جیا دەکاتەوە شیعرییەتی دروشمگەراییە….
(ڕەفیق سابیر) لە لاوکی هەڵەبجەدا دەڵێت:
با کەژاوەی لە گۆ بێت
یان لە پەلکە زێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگڕێت
ئەمشەو پاشای ئەقینە.

شاعیرانی جێگیرکردنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا

نموونەی دووەم، ئەو شاعیرانە هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە، کە وشەیەك بەرجەستە بکەن، گوتنێك بخەنەوە، کە تەواو تەعبیر لە ناخی

ئەوان بکات، شاعیرانی (چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا) گوزارشتکردنی وشە و خود، ریتم و تێگەیشتن… پێیانوایە هەموو گوتنێکی خودگەرایی جگە لەوەی هەڵگری حەقیقەتە، هەڵگری بەهای چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا، ریتم و تێگەیشتنە، ئەوە هێزی سەپاوی خودگەراییە، هۆشیاری و پتەوی مانا و ساغەمی مانای لەخۆدا هەڵگرتووە، جوانی بیرکردنەوە تەعبیر لەگوتنی جوان دەکات… بەڵام جیاوازی (حەمە عومەر عوسمان) جگە لە گەڵانەوە بێ ناخ، لە هێزی لیریکییەوە دەردەکەوێت! هەوڵنی شیعری حەمە عومەر عوسمان خەمە تایبەتییەکانە، بێ ئەوەی تێکەڵی خەمە نەتەوەییەکانیان بکات! بەو مانایەش نموونەی دووەم، ئەو شاعیرانەن، کە گوتن و مانا بە جۆگیربوونی شیعرگەرایی و خودگەرایی و ناوەڕۆکگەراییەوە دەلکێنن، فۆرم و ناوەڕۆك بە یەك چاو تەماشا دەکەن، دالی حەقیقی لای ئەوان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بەیەکەوە بەستنەوەی خەمە تایبەت و گشتییەکانە… بڕوانە: ڕۆژ هەڵەبجەیی لە شیعری، تا کۆتایی هەڵبڕ… کوژانەوەی ژنۆك بە تەنهایی..!! دەڵێت:

من خەونەکانم شلۆ بووە لەسەرەتاوە تا کۆتایی…
وا چاکە پەپوولە، کە دەروشی نووڕە، چرا بکوژێ،
چونکە تەریقەتی چرا،
مەرگی پەپوولەیە لە کۆتایی…
وا چاکە شەمشەمەکوێرە لە تونێلی نوتەکا،
تاریکی ئاو بنێ…
چونکە لەنوونی نوتەکا دەزوولەیەك مۆمی نووستوو،
مەرگی شەمشەمەیە لە کۆتایی…!!
سلێمانی 29/9/2009

شاعیرانی یەکێتی گوتن و یەکێتی مانا

نموونەی سێیەم، ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە ئاگامەندی دەروونییەوە هەستی لیریکی و سۆزی شیعری بە ویستی یەکێتی گوتن و دەروونەوە گرێ دەدەن و ویستی گوتن بە خۆشەویستی مانا و چێژەوە دەلکێنن، شاعیرانی (یەکێتی گوتن و یەکێتی مانا) پێماندەڵێن جەوهەری ئاگامەندی بە گوتنی جوان و ماناکانی خۆشەویستییەوە بەندە، تایبەتمەندی جوانی مرۆڤ لە ژیاندستییەوە سەرچاوە دەگرێ، مرۆڤ دەژی بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو یەکێتی گوتن و ماناوە بنێت… شاعیرانی جوانی گوتن و جوانی مانا، پێیانوایە ئەوە وشەی شیعرییە هەستی شیعری دەبەخشێت، بایەخ بە وشەی شیعری و مانای شیعری و ریتمی شیعری دەدەن، بەهای هونەری شیعر لە ئاوێتەبوونی هەستی وشە و ویستی مانا و ریتمی تێگەشتندا هەڵدەگرنەوە، هەڵبژاردنی دالی حەقیقی لای ئەوان لە سۆز و جوانی و تەماشاکردنی خەمە کەسییەکانی

ژیانداید… بونیادی شیعری (بەختیار عەلی) و (دلشاد عەبدوڵا) لە هێزی گوزارشتکردن و قووڵی دنیابینیدا دەردەکەوێت… بەڵام دەتوانم بڵێم (جەلال بەرزنجی) و (هیوا قادر) هەر یەك بە ڕەنگ و دنیابینی و هەستی شیعری و مەعریفەی شیعری تایبەتی خۆیەوە، هەوڵی گرتنی حیکایەتە بچوکەکانی ژیان دەدەن! هێزی جەلال بەرزنجی لە هەستی شیعریدایە، هێزی هیوا قادر لە هەڵبژاردنی گۆشەنیگای شیعریدا دەردەکەوێت… کەچی جیاوازی نێوان (ئیسماعیل بەرزنجی) و (دلاوەر قەرەداغی) لە چەسپاندنی پەیوەندی نێوان ریتم و مانادا خۆی دەبینێتەوە، ئیسماعیل بەرزنجی خەمی مانا پێش دەخات و لە پشت هەموو شیعرێکی بونیادێکی حیکایی دەنەخشێنێ! دلاوەر قەرەداغی لە خەمی ریتمدایە و شیعر لە سەما نزیك دەکاتەوە…

بڕوانە ئیسماعیل بەرزنجی دەڵێت:

ژن و پیاوێکی چاخی بەردین بووین
بە گژ و گیا عەورەتی خۆمان دادەپێشی
لە بنیادەمی ئەشکەوتەکەی تەنیشتمان دەترسایین
لە شەڕێك سەردەکەوتین و
لە چواران دەماندڕاند
حەسرەتمان دەکرێشت و
بڕیاریمان هەڵدەمژی
لە ناکاو بەکڕێ یەئسی وجودییانەوە
تێکدەئاڵاین
(پەست، وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان- کۆمەڵە شیعر، ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2007، ل30-31)
شاعیرانی چڕی گوتن بەسەر چڕی مانادا
هەندێك لە شاعیرانی چڕی گوتن (زاڵکردنی گوتن بەسەر مانادا)، نموونەی چوارەم، شاعیرانی جەستەناسی و جوتبوونی ڕۆحی و جەستەیی، هەندێك لە شاعیرانی چۆنێتی ئەزموونکردنی ژیان و ئازادی و چڕی ژیان، شاعیرانی هەڵگیرسانی گوتن و ئیرتیکا و گوتن و خۆشبەختی، ئەو شاعیرانەی کە جوانگوتن و ئیرتیکا و ژیاندۆستی پێش دەخەن… پێیانوایە ئەوە پێشخستنی جوانی گوتن و ریتمی گوتنە ڕەهەندێکی جوان بە مانا و ڕەهەندێکی مەعریفی قووڵتر و جوانتر بە ژیان و دەڵالەتی جیاواز دەدات، ئەوە پێشخستنی باڵایی گوتنە ماناکانی نێوان نێر و مێ، جەستە و ڕۆح جوانتر نیشان دەدات… پێیانوایە بەهای شیعرگەرایی بە پێشخستنی ئاستە بەرزەکانی جوانی گوتن و ئاگامەندی تێگەیشتن و چڕی ژیانەوە دەڵکێ، بەهای مرۆڤ، بەهای

ژیان لە بەیەکگەیشتنی جوانی نێر و مێدا دەبوژێتەوە، جوانی مرۆڤایەتی لە بەهاکانی مرۆڤدا خێی دەبینێتەوە، چۆژی ژیان لە هاوگونجانی جیاوازییەکاندایە، هەمیشە هەوڵی تەواو یەکبوونی تێگەیشتن و ئاگامەندی، جوانی و چۆژ، جەستە و ڕۆح... دەدەن! دڵسۆز حەمە لە بەشێك لە قەسیدە (وێنەکانی ژنێتی)دا دەڵێت:

لە ماڵێکدا
ستیان لەبەر ناکەم
بەپێی پەتی دەسوڕمەوە
بۆیە هەر دەرگای ماڵم ترازا
دوو کەرۆشکی سپی بچووك
لە پەناوەکانمەوە ڕادەکەن
دوو کۆتری سپیش لە ملی بلوزەکەم
دەدەن لە شەقەی باڵ و
لە ماڵەکەمدا دێن دەچن.

سایتی دەنگەکان، دڵسۆز حەمە، فێبریوەری ٢٠١٢.

هێلی دووەم
کەشفکردن/ دامەزراندن

شاعیرانی (هێلی دووەم) لە شیعری نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینی 1991ی کوردستانی باشور و بەشێك لەو شیعرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر (شەپۆلی حجم) و (شەپۆلی زمان)... بە گشتی ئەو شاعیرانە نایانەوێ خۆیان بسەپێنن، هەوڵدەدەن شیمانەیی شیعری بنوێنن، لە نێوان کەشفکردن و دامەزراندن، هەوڵی بەدەستهێنانی چۆژی شیعری دەدەن، لە نێوان ڕاڤەکردن و بەجێهێنان، جوانی بەرز دەکەنەوە، لە نێوان ڕێکەوت و یەقین، هەوڵی بونیادنانی شیعرییەت دەدەن و ڕێگا بۆ بیروڕای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز و مەعریفەی جیاواز خۆش دەکەن!

شاعیرانی هێلی دووەم هەوڵی کەشفکردنی مانا و هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا، هەوڵی بە دەستهێنانی ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی دەدەن، بەو مانایەش پەیوەندییەکی ناوکۆیی دەخەنە نێو گەشەکردنی زمان و ئاستی شیعرییەتی زمان و پەیوەندییە دەلالییەکانەوە، وەك چۆن پرۆسەی نوسینی شیعری بە داڕژان وکۆتایی نەزانراوەوە دەسپێرن، بونیادی شیعری بە دنیابینی جیاواز و چۆژی جیاواز و ریتمی جیاوازی ژیانەوە دەبەستنەوە، هێزی خەیاڵ بە بزوێنەری شیعری دادەنێن...

هەندێکیان لە ڕێگای لادانی مانای وشە و گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی باوی شیعری هەوڵی بەرجەستەکردنی مانا و ڕووە جیاوازەکانی جوانی و ئەگەرەکانی دەق دەدەن، نموونە: بەرژ ئاکرەیی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، هەرێ کوردە… هەندێکیان لە ڕێگای ڕاڤەکردن و ڕوانینی مەعریفییەوە چڕ بەرهەم دەهێنن، نموونە: هاشم سەراج، ڕەزا عەلی پوور… بەڵام هەندێکیان لە ڕێگای لادانی چڕەوە هەوڵی وەوژانی هەست و خرۆشانی چەپێنراوەکان دەدەن، بە مانایەکی دیکە تێگەیشتنی چڕ وەك بنەمای ڕاڤەکردنی هەست و خرۆشانی چەپێنراوەکان دەنوسنەوە، بۆ نموونە: زانا خەلیل، لازۆ… هەندێکیان لە ڕێگای گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی حیکایەتەوە هەوڵی وەوژانی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی دیکە بۆ تێگەیشتن دەسازێنن، بۆ نموونە: ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی… (هەبەتە هەر هەموویان بە کەمەڵ جیاوازییەوە).

شاعیرانی (هەڵی دووەم) کەمەڵ ئەگەر بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەهەخسێنن، کەمەڵ ئەگەر بۆ چڕ بە کراوەیی دەهێنەوە، کەمەڵ ئەگەر بۆ گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی دەخەنە ڕوو… کەمێکیان قسەکردنی جیاواز لە بارەی مانا و تێگەیشتن، ڕاڤەکردن و چڕ فەرامۆش دەکەن! وەك چۆن هەندێکیان ئاستی گوزارشتکردن لە ئاڵاستەکردنی ئیرۆتیکادا کورت دەکەنەوە… نموونەی شاعیرانی هەڵی دووەم بە کەمەڵ جیاوازییەوە پێکهاتووە لە: هاشم سەراج، ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، بەرژ ئاکرەیی، ڕەزا عەلی پوور، زانا خەلیل، لازۆ، هەرێ کوردە…
وەك گوتمان خەیاڵ و کەشفکردن سەرەتا و کۆتایی زانراوی نییە، بە دیوەکەی دیکەش خەیاڵ و کەشفکردن ڕووە جیاوازەکانی مانا و ڕووە جیاوازەکانی ئاسۆی چاوەڕوانی دەکاتەوە… وەك چۆن پەیوەندی نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا لە بەدواداچوون و گەڕان و خوێندنەوەی بەردەوامی سەردەمەوە بە دەست دێت، مەعریفە و خەیاڵ و چڕ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و تێگەیشتنی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام شیمانەیی شیعری، شیمانەییەکی مەرجدارە بە شیعرییەتەوە، شیمانەیی شیعری نە نکۆیکردنە، نە جەختکردن، وەك چۆن خاڵی لە شیمانەیی سەربەخۆی هەڵی سێیەمیش جیا دەکاتەوە، چونکە شیمانەیی سەربەخۆ مەرج نییە بەرەو شیعرییەت بچێت، دەشێ بەرەو هیچ شتێ نەبێ و نەهلیستییەت بەرهەم بهێنێ، وەك بە دیوەکەی دیکە دەشێ بەرەو جەختکردنی شیعرییەت بڕۆیت! هەبەتە دەستنیشانکردنی نێوان شیمانەیی مەرجدار و شیمانەیی سەربەخۆ خاڵی جیابوونەوەی هەڵی دووەمە لە سێیەم.

زانا خەلیل لە بەشێك لە شیعری (ژیان لە ناو کۆتاییەکاندا) دەڵێت:

کۆتایی بە خۆت بهێنە
وەك ئەوەی لە مۆژە کۆتایيت پێهاتبێ
لە ناو کۆتاییەکان ژیانێ بژی
وەك ئەوەی کۆتایيت پێ نایە
برادەرە ئەسمەرەکانم دەڵێن
ئاوا کۆتاییت بە خۆت هێناوە
وەك ئەوەی لە مۆژە دنیا کۆتایی پێهاتبێ
برادەرە کۆتایی پێهاتووەکانم دەڵێن
بێ هێندە لە ناو کۆتاییەکاندا دەژی
وەك ئەوەی کە هەرگیز کۆتاییت پێنێ
لە کۆمەڵە شیعری "چوونە دەرەوەیەك نەماوە، بێ هاتنە ژوورەوە" لە بڵاوکراوەکانی گروپی کلتوری و هونەری هاڤی، 2012، هەولێر، ل10.

هێلی سێیەم
یاخیبوون و جیاوازی

(هێلی سێیەم) لە رێگای شیمانەیی نکۆکەر و تێکشکاندنی پەیوەندییە باوەکان و لە سەر بنەمای هاوشێوەیی دەنگی و دووبارەکردنەوەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە نیشانە (sign- یان ئاماژەی) سەربەخۆکانی شیعریی دەگەن، بەڵام نەك بەو مانایەی کە شتێك بگەیەنێت، بەڵکو بەو مانایەی بە هیچ شتێك نەگات، نەك بە مانای سڕبوونی فیکر و دەلالەت، بەڵکو دەشێ هەر سڕبوونی دەلالەتیش نەبێ، بەڵکو دەلالەت تێیدا گاڵتەجارانە و درزنانە بکەوێتەوە…
لە نێو (فۆرمالیستەکانی رووس- شکلۆفسکی) پێیوایە زمانی شیعری زمانێکە مانا رەتدەکاتەوە. شاعیرانی هێلی سێیەم لە رێگای وێنەوە، شیمانەیی سەربەخۆ، بێ ئەویدیکەی خۆنەر فەراهەم دەکەن، لە رێگای شیمانەییەوە شیمانەیی بەرهەم دەهێننەوە… ئاوێ لەوەش دەدەنەوە کە لە بەرهەمهێنانەوەی شیمانەییدا لۆجیکی مانای تەقلیدی بێ دەرککردن دادمان نادات، چونکە جیهان بەو جۆرەی (ئەمێ) هەیە، ملکەچی رێکخستن و پێلینکردن نابێت، شیعر بەو جۆرەی ئەوان وێنای دەکەن بێ (گوتن و مانا، دڵزینەوە و دامەزراندن) سەر شێ ناکات، هیچ رێگایەکی دیکەمان نییە، جگە لەوەی دەستبەرداری هەموو ئەوانە بین، کە بە گوێرەی "گوتن" و "مانا"، "دڵزینەوە" و "دامەزراندن" لە شیعر دەوانێت، مەسەلە بنەڕەتییەکەش لای (هێلی سێیەم) رزگارکردنی شیعر نییە، بەڵکو ئاڕاستەکردنی فیکرە بەرەو چەمکێکی تازە، کە بە گوێرەی دەربڕینی خۆی نە "شیعرە" و نە "پەخشان"…

بەکو نیشانەیە، بەکو ریزمە، بەکو دەنگکی فرە رەهەندە، کە هەزاران دەنگی لەخۆ گرتووە…

لای بەشکی زۆر لە شاعیرانی هەلی سێیەم دەقی شیعری بە پلەی یەکەم بونیادکی دەنگی هەیە! ئەوەش گەانەوەیە بۆ (جاکبسون) و فۆرمالیستەکانی رووس، کە پێیانوابوو شیعر لە سەر بنەمای هاوشوەیی و دووبارەکردنەوە کار دەکات… شیعر بونیادکی دەنگی هەیە، بۆ نموونە لای بەشك لە شاعیرانی کوردستانی رۆژهەات، کە دەکەونە بەر (شەپلی حجم) و (شەپلی زمان) و زۆر جوانیش لە دەقەکانی (شوعەیب میرزایی)دا دەبینرێت… بەام لای هەندێ لە شاعیرانی هەلی سێیەم، بە شوەیەکی بەرفرەوانتر شیعر بە دەنگکی فرە رەهەند دادەنێن، نە رابردووی هەیە، نە بۆای بە داهاتوو هەیە، چارەنووسی بۆ یادەوەرییە…

شیعر دەنگکی فرە رەهەندە لە هەلکاری دەچێت، نەك نەخشەی لەبەر گیراو، جوگرافیایە، نەك مۆزوو، گەشت و کچە، نەك مانەوە و نیشتەجێبوون… هەموو ئەو قسانە بۆ (دەلەز) و مانا دەلەزییەکەی دەمانگەێنێتەوە، کە هەموو ئەوانە بە ریزەم دادەنێت، ریزەم ئەوەیە لە نێو شتەکاندا بیر لە شتەکان بکاتەوە، شیعریش لای هەندێ لە شاعیرانی هەلی سێیەم ئەوەیە لە نێو زماندا بیر لە زمان بکاتەوە… بەشك لە شاعیرانی هەلی سێیەم بۆایان بە رەگ نییە، بەکو بۆایان بە رەگە تۆەە، بۆایان بە پنت نییە، بەکو بۆایان بە هەلە… لەو شاعیرانەش نموونەی (ساح سوزەنی) و بەشك لە شاعیرانی کوردستانی رۆژهەات و بەشك لە ئەزموونی (یوونسی رەزایی)… هەندکیان هەوەدەن لە رگای خەیاێ و وێنەوە بە جوانی و لە رگای شیمانەیی نکەرەوە بە مانای نائامادە بگەن… بۆ نموونە سەباح رەنجدەر، سەاح جەلال… هەندکیان هەوەدەن وێناکردنی باو بۆ مانا سەرەوژر بکەن و بگەنە کورتبڕی و لەوەوە شیمانەیی سەربەخۆ بۆ شیعر فەراهەم بکەن… بۆ نموونە: عەباس عەبدوەا یوسف و …

من وەك خوێنەرك لەو خوێندنەوەیەدا هەوەدەم لە راڤەکردنی نیشانە و سەرچاوەکانی نیشانەوە بە بابەتی نیشانە و ئاماژەکانی نیشانە و جیاوازییەکانی بگەم… چونکە نیشانەکان رگایان بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆش کردووە و مرۆڤ بە ئەویدیکەی جیاواز دەگەیەنن، ئەوە نیشانەکانن لە ژیانی رۆژانەماندا کێ ئەو مانایانەمان پێدەبەخشن، وەك ئەوەی گەردوون پشنیاری کردوون، وەك ئەوەی سیستم ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەش بە جیاوازییەکانی خۆمانەوە

دەنازین و خەمان بە خاوەنی نیشانە شیمانییەکان دادەنێین، ئەگەرچی لەو بارەوە نیشانە زمانییەکان تەنیا نیین، بەڵام بایەخی خۆیان هەیە، بێ نموونە لای محەمەد باوەکر…

کەواتە زمان بە پلەی یەکەم بە سیستمی سیمیاییەوە (semiotics) بەندە، کە توانای لەخۆگرتنی هەموو سیستمە جۆراوجۆرەکانی نیشانەی هەیە، لێرەدا گوزارشتکردن لە زمان، گوزارشتکردنە لە بەیەکەوەگەیاندن… (پێرس) پێیوایە بونیادنانی تیۆری سیمیۆلۆجی بە گشتی کار بێ نیشانەکان دەکات، نیشانە شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە بێ نیشانە زمانەوانییەکان یەکەم شوێن نییە.
شیعر هیچ لەوانە بە هەند هەڵناگرێ، بەڵکو مەسەلەیەکی ئیبداعییە و ئیبداعیش سەربەخۆیی دەگەیەنێت و شتگەرایی قبوڵ نییە! دەمەوێ بڵێم زمان لە سیمیاییدا توانای ئەوەی هەیە کە هەموو ئەو سیستمانەش لەخۆ بگرێ کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ گوزارشت لە خۆیان ناکەن و نیشانەی ئەبستراکتین و هەر تەنها ئاماژە بە دەلالەتەکانیان دەکەن و لە زمانێکدا دەتوێنەوە کە گوزارشت لەوان دەکات و ئەوان لەخۆ دەگرێت! بە مانایەکی دیکە زمان لای هەندێکیان ریشەیان دەچێتەوە سەر بڵمانایی، ریشەیان دەچێتەوە سەر پووچەڵکردنەوەی دال، بەو مانایەش ئەوەی شیعرەکە پێشکەشی دەکات، پەسەندکردنی ئەو پەیامەیە کە لە لایەن خوێنەر/ وەرگرەوە دروست دەبێ، ئەو پەیامە لە نێوان وەرگر و شاعیرەوە رووبەڕی بڵێك لەو گومان و گریمانەیە کە بەرانبەر ئەو واقیعە دروست دەبێت، کە شیعرەکە دەچێتە ناوییەوە، کە وەرگر و شاعیر دەچنە ناوییەوە، هەموو ئەوەش روو لەخۆبوونێکە کە کورت ناکرێتەوە بێ هیچ شتێك، ئەو رازە بنەڕەتییە نوستوە هەمیشە بە شێوەیەکی رووڵەخۆ ئەو پەیوەندییە بنچینەییەی نێوان کەسەکانی نێو واقیعێکی دیاریکراو رادەگەیەنێت… (ئەنوەر مەسیفی 1952- 2005) لە بەشێك لە قەسیدەی (جلوبەرگ و جمکەکان) دەڵێت:

سەر قەبری لێدەدا
ئەفسانەش غار دەداتە درەختی
پەلك بە کرێ
بزنی ناو ژوورەکەم لە سەرمایە
باێندە گێشتی بەردا
ئەفسانە غار دەدا
زەوی لای راستی شکا
لکە هەنجیری پاش کێران
تای ردێنی من

سه بەلەمی هەسکی برد
ئاو شکا
بەلەم ڕەیی
ردەن لە ناو کاولان
لا سییەکم کەونە دیوار
خەڵی پشتان بەرد
قەژی نەخشان گیا
ژنی زگ پڕ باران
لەشکر
لە
مووی
بن
کەوشان
لە کۆمەڵە شیعری (جلوبەرگ و جمکەکان) ساڵی 1990.

دەخی شاعیرانی شەپۆلی سێیەم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دەخڵەك هەیە، کە وەك (بەدریار) دەڵێ لە جیاتی کاڵا نیشانە بەرهەم دەهێنێ! دەخڵەك کە چیتر کاڵا بۆ پێکردنەوەی پێویستییەکان نییە، بەڵکو زنجیرەیەکی ناکۆتایی بۆ ئامانجە! هەر کالایەك نیشانەیە بۆ کالایەکی دیکە، بەدیلێکی بەتاڵە بۆ کاڵایەکی دیکە، دالێکە بۆ دالێکی دیکە و مەدلول لەناوچووە… ئەسڕ و دەق لە ناوچووە، نیشانە شوێنی گرتۆتەوە، ئێمە لە جیهانی نیشانەدا دەژین، لە جیهانێکدا دەژین زانیاری زۆرە، بەڵام مانا کەمترین ئامادەیی هەیە، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین وەك بەدریار دەڵێت ئیتر نیشانەکان بۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراو، بۆ سەرچاوەی مانا ناگەڕێنەوە، پێشاك و ریکلام و چیتر سەرچاوەی مانایان نییە… بەشێك لە نموونەی شاعیرانی هەڵی سێیەم، وەك ای جیاوازییان: عەباس عەبدوڵا یوسف، ئەنوەر مەسیفی، محەمەد باوەکر، سەباح رەنجدەر، سەاح جەلال، ساڵح سوزەنی، شوعەیب میرزایی…

بە کورتی:

لە شیعری نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینی 1991ی کوردستانی باشور و بەشێك لەو شیعرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر شەپۆلی حجم و شەپۆلی زمان… بونیادی دەلالی دەلالەت لە بەرهەمهێنانی دەلالەتی - حەقیقی و شیمانەیی- دەکات، حەقیقەت تەواوی ئەو راستییەیە، کە وردبینیکراوە. بەڵام شیمانەیی ئەوە نییە کە خێی دەسەپێنێ، بەڵکو ئەوەیە، کە هەبژاردن دەخاتە پێشەوە، شیمانەیش بە دوو جۆر قسەی

لێکراوە، یەکەمیان شیمانەیی نوسەر، دووەمیان شیمانەیی ئەویدیکەی خوێنەر... هەموو ئەوەش ڕێکخستنی مانای چەسپاو و کەشفکردنی مانای نائامادە و خەیاڵی نوسەر و مانای نائامادە و خەیاڵی ئەویدیکەی جیاواز دێنێتە بەرهەم...

ڕێکخستنی مانای چەسپاو و ئامادە پەیوەندی بە زمانی فەرهەنگیدایە و لەوێوە بەرەو گوتار دەبێتەوە، کە پێیوایە مانای ئامادە و چەسپاو جگە لە یارییەکی پاشکۆئامێزی ناوەکی شتێکی دیکە نییە. بەڵام مانای نائامادە لە دەلالەتی مانای خەیاڵکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك ئەوەی نزیکترین و نوێترین یەکەی گوتار پێکبهێنێت. بێ بە دەستهێنانی مانای ئامادە و کەشفکردنی مانای نائامادە و خەیاڵی پێویستمان بە پرسەی دانان و بەیادهێنانەوە و ڕێکخستن هەیە.

چەمکی ڕێکخستن لە ڕووی زمانەوە چەسپان و دنیایی دەگەیەنێت. چەمکی خەیاڵ و کەشفکردن لەگەڵ پرسەی ڕێکخستن و بەیادهێنانەوە دژ دەکەوێتەوە، چونکە لە چەمکی ڕێکخستندا مانای چەسپاو و ئامادە خێی بەسەر شیمانەیی ئێستا و ئێستای زیندوودا دەسەپێت. بەڵام خەیاڵ و کەشفکردن لە سەرەتا و کۆتایی نەزانراوەوە سەرچاوە دەگرێت. بەشێکی دیکەی خەیاڵ و کەشفکردن پەیوەندی بە ڕووە جیاوازەکانی مانا و ئەویدیکەی جیاوازەوە هەیە... لە سەر ئەو بنەمایە سێ هێل لە شاعیرانی دوای ڕاپەڕین و شیعری نوێی کوردی باشور و بەشێك لە شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستنیشان دەکەم: هێلی یەکەم ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە، کە هەوڵدەدەن لە ڕێکخستنی ماناوە هاوسەنگی نێوان ئاستی گوزارشتکردن و ریتمی رستە لە لایەك و ریتمی وشە و مانای ئامادە لە لایەکی دیکە بپارێزن، هەوڵدەدەن شێوەی ئاسایی زمان بپارێزن، بێ ئەوەی جوانی شیعر و جوانی ئامادە بە یەکەوە بگونجێنن! هەموو ئەوانە ڕێگا بێ حەقیقەت خۆش دەکەن، بێ ئەوەی بدوێ... بە کورتی هەموو هێزی خۆیان لە مانای ئامادە و ڕێکخستنی خوددا دەبینەوە.

چوار نموونەتان لە هێلی یەکەم پێدەناسێنم: نموونەی یەکەم ئەو شاعیرانەن کە جوانی گوتن و ریتمی ناوکۆیی بە هەستی نەتەوایەتی و دەروونی و سیاسی موتوربە دەکەن، پەردە لەسەر گوتنی حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەدەنەوە، لەوانە: شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، جەلال مەلەکشا، ژیلە حوسێنی...
نموونەی دووەم، لە نێوان تێگەیشتن و مانادا، شیعرگەرایی لە خودگەرایی و ناوەڕۆکگەراییدا دەبینەوە، بیر لە چەسپاندنی پەیوەندی نێوان گوتن و مانا دەکەنەوە، بێ گواستنەوە لە

حیکایەتێکەوە بۆ گەیشتن بە ریتمی حیکایەتێکی دیکە … نموونەکان وەک جیاوازییان: کەریم دەشتی، جەمال غەمبار، نەزەند بەگیخانی، چەمان هەردی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، فەرەیدوونی ئەرشەدی…
نموونەی سێیەمی شاعیران، ئەوانەن کە هێزی گوزارشتکردن و هەستی لیریکی و وەووژانی سۆز بە کەرەسەی بەرزی جوانی و ڕەوانی و ناسکی دادەنێن. شاعیرانی یەکێتی گوتن و مانای گوتن جوانی گوتن و جوانی مانا ئاوێتەی ریتمی بیرکردنەوە دەکەن، حەقیقەتی گوتن تێکەڵ حەقیقەتی نەگوتن دەکەن… لە نموونەی ئەو شاعیرانە: دلشاد عەبدوڵا، جەلال بەرزنجی، بەختیار عەلی، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل بەرزنجی، هیوا قادر…
نموونەی چوارەم، نموونەی گوتن بەسەر مانادا، ئەو شاعیرانەی جەستەگەرایی و چڕی ئیرۆتیکی و ئاگامەندی سۆزداری پێشدەخەن. نموونە: قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، ژوان ئاوارە…

هێلی دووەم هەوڵی کەشفکردنی مانا و هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و مرۆڤ، وشە و دنیا دەدەن، ئاسێیەکی دیکەی چاوەڕوانی بۆ خوێنەران واتا دەکەن، شێوەی ستوونی بە زمان دەبەخشن، خەیان بە کۆتایی نەزانراو دەسپێرن، خەیان بە دنیابینی جیاوازی نوسینەوە دەسپێرن، میکانیزمی خەیاڵ بە بزوێنەری شیعری دادەنێن. هەموو ئەوانە ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی گەشە بکات… بە کورتی هەموو هێزی خەیان لە نائاگامەندی و پێشخستنی ناوکۆیی و فەرامۆشکردنی خۆددا هەڵدەگرنەوە: نموونەی شاعیرانی هێلی دووەم بە کەمەوە جیاوازییەوە پێکهاتووە لە: هاشم سەراج، ئەحمەدی مەلا، کامبیزی کەریمی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، بەرۆژ ئاکرەیی، ڕەزا عەلی پوور، زانا خەلیل، لازە، هێرۆ کوردە…

هێلی سێیەم تەواو پێچەوانەی هێلی یەکەم بیر دەکەنەوە، هەموو ئاوەڵدانەوەیەك بۆ مۆژووی مانا و ڕێکخستن ڕەتدەکەنەوە، هەموو یاسا و ڕێساکانی زمان و ڕەسەنایەتی ڕەشدەکەنەوە! هەموو سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە وەلا دەنێن، وەك ریزەم لە نێوان زماندا بیر لە زمان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیشانەی هەڵەمەکییەوە، تێکدانی پەیوەندی نێوان وشەکان مانای باو تێکبشکێنن و شیمانەیی سەربەخۆ فەراهەم بکەن، گوزارشتکردنێکی یاخی و ئاسێیەکی دیکەی چاوەڕوانی بۆ ئەویدیکەی خوێنەر و ئەویدیکەی جیاواز دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خەیاڵ و وێنەوە بە جوانی لەناکاو و لە ڕێگای شیمانەیی

نکۆکەرەوە بە مانای نائامادە و ئەویدیکەی جیاواز بگەن، ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی وەك شیمانەیی بدوێت، چارەنووسی بۆ یادەوەرییەن... لای شاعیرانی هەڵبژاردەی سێیەم ئەسڵ و دەق لە ناوچووە، نیشانە شوێنی گرتۆتەوە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ گوزارشت لە خۆیان ناکەن و نیشانەی ئەبستراکتین... بە کورتی هەموو هێزی خۆیان لە تێکشکاندنی مانا و شیمانەیی سەربەخۆ و بۆ سەرچاوەیی و بەرهەمهێنانی نیشانە و کورتبینیدا دەبینەوە... نموونەی شاعیران: عەباس عەبدوڵا یوسف، ئەنوەر مەسیفی، محەمەد باوەکر، سەباح رەنجدەر، سەباح جەلال، سالح سوزەنی، شوعەیب میرزایی...

کورد و ئیسلامی سیاسی و گرەوەکانی ئایندە تایبەتمەندی پێوەندی کورد بە ئایینی ئیسلامەوە

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە ...
نۆڤەمبەر 2، 2018
http://dengekan.com/doc/2006/11/november2.htm

---

(1)

تیشک خستنەسەر بابەتی هەستیاری کورد و ئیسلامی سیاسی لە خۆیدا پێویستی بە پەردە هەڵدانەوەی هەیە لەسەر ئەو بنچینە مێژوویی و ئەو بارودۆخەی کە ئیسلامی سیاسی تێدا هاتەئاراوە.

گومانیش لەوەدا نییە کە کورد بە هۆی ئەو چەوساندنە نەتەوەییەی کە لەلایەن حکومەتە جیاوازەکانی عێراق و ناوچەکەوە لێیکرا، پتر بیری بەلای دۆزەنەتەوەییەکەیدا دەڕۆیشت، هەرچەندە دەشبێت ئاماژە بە تایبەتمەندی پێوەندی و مامەڵەی کورد لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا

بدرێت، کە ئەمەش لە بەشێکی تری ئەم لێکۆینەوەدا تیشکی دەخەینەسەر.
بەڵام ئەوەی لەم بەشەی یەکەمدا گرنگە تیشک بخەینە سەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا و، پاشان خوێندنەوەی کاریگەرییان بەسەر گەلی کورد و بزافی رزگاریخوازی.

هەموو بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئیسلام وەک بزافێکی سیاسی، بۆ رابەری بزافی ئیخوان ئەلموسلمین"حەسەن ئەلبەننا"ی دەگەڕێنێتەوە. ئەلبەننا کە لە سەردەمی سیستەمی پاشایەتیدا لە میسردا ژیاو، هەر لەو سەردەمەشدا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە تیرۆرکرا، توانی بنچینەیەکی بەهێز بۆ بیرکەی ئیسلامی سیاسی دابنێت، ئەو بیرکەیە توانی کەڵک لە بارودۆخی ئەو کاتەی میسر وەربگرێت و، بابەتی داگیرکردنی بەریتانیا بۆ ئەو وڵاتە وەک بنەمایەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی رێکخستنی لەناو کۆمەڵگەی میسریدا، بە باشی بەکار هێنا. هەبەتە، ئەو گەندەڵییە سیاسییە ـ ئیدارییەی کە میسر تێیدا تێدەپەڕی، بووە هۆکارێکی ئەکتیفی تری کە یارمەتی پتر پەل هاویشتنی ئەو بزافە بکات.

لێرەشدا، دەبێت ئاماژە بە بابەتێکی بنچینەیی بدەین، کە ئەویش کاریگەری ئەزموونی سیاسی میسرییە بە هەموو باڵە جیاوازەکانییەوە بەسەر وڵاتانی ناوچەکە ئیدی چ لە رووی باڵە نەتەوەیی یان ئایینی یاخود رۆشنبیریی و هونەرییەکانییەوە.
هەبەتە قسەکردن لە رێ و کاریگەری جەمال عەبدولناسر و کودەتا سەربازییەکەی لە 23ی تەموزی 1952، بەسەر گەلانی ناوچەکە، بە هەمان شێوە پەلکێشمان دەکات بۆ قسەکردن لەسەر رێ و کاریگەری حەسەن بەننا"پاشان سەید قوتب"و بزافی ئیخوان ئەلموسلمین بە هەمان شێوەی بەڵام بە ئاراستەیەکی فیکری ـ سیاسی جیاوازتر.

هەبەتە، بڕاوبوونەوەی هەزری ئیخوان موسلمین کە لەسەر پرەنسیپەکانی مەزهەبی سوننی پێکهاتووە، ئەو وڵاتانەی گرتەوە کە پەیڕەکارانی ئەو مەزهەبەی تێدا باڵادەستن، چونکە لە ئێران کە مەزهەبی شیعە باڵادەستە، کاریگەری ئیسلام وەک هێزێکی سیاسی ئەگەرچی لە سەردەمی شا قاجاریەکان بەر لە رەزاشاش دەرکەوت لە میانەی ئەو فەتواییەی ئایەتوڵڵا"شیرازی"لەدژی تنباکۆ هاوردە لە روسیاوە دەریکرد، بەڵام بەرجەستەبوونی وەک هێزێکی سیاسی خاوەن تایبەتمەندی خۆی هێدی هێدی لە سەردەمی حوکمڕانی رەزاشادا چڕووەوە، بەتایبەتی کاتێک دژایەتییەکەی ئەوتۆی ئایەتوڵڵا"مودەڕیسی"لەدژی بابەتی دامەزڕێنی حیجاب کە

رەزاشا"هاوکات لەگەڵ تورکیادا" دەستی دابوویە وەک سەرەتایەک بۆ بنچینە دانان بۆ ئێرانێکی عیلمانی.

ئەم دوو فەتوا"سیاسییە"کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر هەزر و بۆچوونی ئایەتوواڵا خومەینی هەبوو و، رەنگدانەوەکەی لە فەتوا ناوداڕەکەی لەدژی ئەو مافە یاساییەی کە محمەدڕەزاشا بەخشی بەو ئەمریکایانەی تاوانێک لە ئێراندا دەکەن و دادگاکانی ئێران ناتوانێت سزایان بدات، دەرکەوت. بەڵام، ئایەتوڵلا خومەینی بەمەش نەوەستا، بەکو پەرەیدا بە تێواننەکانی بۆ بنەماکانی ئایینی ئیسلامی و کتێبە ناوداڕەکەی"حکومەتی ئیسلامی"دەرکرد کە تیایدا ڕێگەی خۆش دەکرد بۆ خستنەڕووی ئیسلام وەک ئەڵتەرناتیفێک لە بەرامبەر رژێمی شادا.

هەبەتە، ئەو نشووستیانەی کە ئیخوان ئەلموسلمین لە وڵاتانی عەرەبیدا بە گشتی و لە میسردا بەتایبەتی ڕووبەڕووی بوونەوە، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بزافە پتر گۆشەگیر بێت بەتایبەتی کاتێک جەمال عەبدولناسر توانی بەهۆکە لەژێر پێی ئیخوان رابکێشێت بە لەسەداڕەدانی ڕابەرەکەیان"سەید قوتب"بەبۆ ئەوەی کاردانەوەیەکی ئەوتۆ لە شەقامی میسریدا ڕووبدات. ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە باڵی نەتەوەیی عەرەب پتر بەهێز تر و کاریگەرتر بێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا و، دەشتوانین لەسەداڕەدانی سەید قوتب بە کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا دابنێین.

بەڵام، ئەو ڕسواییە گەورەیەی کە ئەزموونی نەتەوەیی ناسری و پاشان بەعسی ڕووبەڕووی بوونەوە لە جەنگی6ی حوزەیرانی1967، و جەنگی گەردەلوولی بیابان و پاشان جەنگی ئازادکردنی عێراق، بووە هۆی ئەوەی کە بزافی نەتەوەخوازی عەرەبی تووشی نەهامەتییەکی بۆ وێنەبێت لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا و، بووە هۆی ئەوەی کە پەیتا پەیتا گۆڕەپانەجەماوەری"یەکەی چۆڵ بکات.

ئەم کارەش هاوتەریب بوو لەگەڵ سەرکەوتنی بزافێکی دیکەدا کە کەمەڵە هەلومەرجێکی ناوچەیی و جیهانی بوونە هۆی دەرکەوتنی، ئەم بزافەش بزافی ئیسلامی سیاسی بوو کە لە ئەفغانستانەوە وەک کارتێکی سیاسی ـ سەربازی لەدژی هەژموونی یەکێتی سۆڤییەتی جاران لە ناوچەکەدا بەکارهێنرا و، هەر لەوێشەوە کەمەکەمە شوێن پێی خۆی لە وڵاتە جیاوازەکانی ناوچەکەدا کردەوە. بێگومان سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و کۆتایی هاتن بە رژێمی شا، گۆڕ و تینێکی بەهێزتری بەو بزافە بەخشی و، بووە هۆی ئەوەی کە یارمەتی بدات بەر

لە کاتی پێویستی خۆی بەرجەستە ببێت.

هەبەتە لێرەشدا، نابێت چاو بپۆشین لە ململانێ و رکابەری هەژموونی سیاسی و فیکری نێوان وڵاتانی رۆژاوا بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤییەتی جاران.

چونکە بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەک و دیکە پەندی بەو بابتەوە هەبووە و، هەروەک چۆن مایکل کێبلاند لە کتێبی"یاری نەتەوەکان"جەخت لەسەر رۆڵی وڵاتانی رۆژاوا لە رووداوە جیاوازەکانی وڵاتەکانی ناوچەکە دەکات، بە هەمان شێوە ناتوانرێت چاو بپۆشرێت لە رۆڵی ناڕاستەوخۆی خودی واشینتۆن لە سەرخستنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و، بەر لەوەش رۆڵی راستەوخۆی لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی"موجاهیدە"ئەفغانی و عەرەبەکان لەدژی سوپای سۆڤییەتی لە ئەفغانستان. رۆکخراوە سیاسییە ـ سەربازییەکانی ئەفغانی و پەرەنسیپەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی بوونە هەوێنی چەبوونەوەی قۆناغی دووەمی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، کە هێدی هێدی کاریگەری لە تونس و جەزائیر و میسر و سعودییە و عێراق و هەندێک وڵاتی کەنداوی فارس دەرکەوت.

ئالەم هەل و مەرجەدا، بزافی رزگاریخوازی کورد بە سەختترین قۆناغی ململانێکردنیدا لەگەڵ رژێمە جیاوازەکانی ناوچەکە بە گشتی و عێراق بەتایبەتی، تێدەپەڕی. هەر لەو کاتەدا، هیچ جێرە هەواڵ یان گوزارشتێک لە کوردستاندا نەبوو لەبارەی کاریگەری ئەو"رابوون"ە ئیسلامییەی کە لە ناوچەکەدا باسیان دەکرد. بەڵام ئەم کارە تاسەر نەبوو، چونکە لە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر سەرەتای قۆناغی دووەمی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا و، بە هۆی فاکتەری"جیوسیاسی"یەوە، ئەو ئیسلامی سیاسی وەک دیفاکتۆیەک بەسەر بزافی رزگاریخوازی کورددا سەپندرا و، رۆڵی ئێران"بە هۆی جەنگی عێراق ـ ئێران" بە شێوەیەکی تایبەتی یەکجار دیاربوو لەم بابەتەدا.

(2)

بەر لە باسکردنی تەوەری سەرەکی باسەکەمان، واتە کورد و ئیسلامی سیاسی، زۆر گرنگە کە تیشک بخەینەسەر پێوەندی خودی گەلی کورد بە ئایینی ئیسلامەوە و، شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵیدا، چونکە جێری ئەو پێوەندییە شتەکان پتر روون دەکاتەوە و، بنەڕەتی بابەتەکە

شیدەکاتەوە.
ئەوەی کە رووبەرووی ئاشکراشە، گەلی کورد بە یەکێک لەو گەلانە دادەنرێت کە زۆر بە رۆژ و حورمەتێکی تایبەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامدا کردووە و، هەمیشە پێگەیەکی یەکجار تایبەتی بۆ ئەو ئایینە داناوە و، لە سەروو هەموو شتێکی دیکەوە داینـاوە. گەلی و کورد تەنانەت زانا ئاینییەکانیشی هەرگیز بیریان لە بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام نەکردۆتەوە بۆ هەندێک مەبەست و ئامانجی سیاسی یان رەگەزی، ئەوان ئایینیان بە بابەتێک زانیوە کە تەنها بەرجەستەکاری پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەزدانیدا.

هەر لێرەشەوە، ئەو ململانێی دەسەڵاتەی کە لە رۆگەی ئایینی ئیسلامەوە ئەنجامدرا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، زۆر بە رووبی و ئاشکرایی لە ناو گەلانی ناوچەکەدا دەردەکەوێت.
ئەگەر بڕوانینە دوورگەی عەرەب کە ئایینی ئیسلامی تێدا دەرکەوت، ئەوا ململانێکردنێکی سەختی هەژموون و دەسەڵات لە ناو چەند باڵێکی هێزایەتی عەرەبدا دەبینین، هەر لەسەرتاشەوە، کاتێک پێغەمبەری ئیسلام کۆچی دوایی کرد، ململانێی دەسەڵات لە"سەقیفەی قەسی کۆی ساعیدە"دا دەستی پێکرد لە نێوان "موهاجیرین" و "ئەنسار"دا، کە هەروەک لە سەرچاوە مێژوویییەکاندا دەگێڕدرێتەوە، بە هۆی هەڵگردنی شمشێرەکەی"عومەی کۆی خەتاب"ەوە پێستی جێنشینی پێغەمبەر بۆ ئەبو بەکری سدیق یەکلایی کرایەوە.

هەرچەندە دوابەدوای دانانی ئەبوبەکر بۆ ئەو پێستە، عەلی کۆی ئەبی تالیب بۆ ماوەی شەش مانگ رازی نەبوو ملکەچی ئەو کارەبێت و، وەک زۆر سەرچاوەی مێژوویی باس دەکەن، عەلی دەسەڵاتی سەرەکی بە مافی رەوای خۆی دەزانی.
هەبەتە ئەم هەوڵستەی عەلی لە مەسەلەی دانانی جێنشینێک بۆ پێغەمبەر، بووە هەوێنی درووستبوونی مەزهەبی شیعە لە دوای خۆی، کە ئەویش درێژەدانبوو بە چیرۆکی ململانێکردن لەسەر دەسەڵات بە ناوی ئیسلامەوە.

بەڵام، لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم "عوسمانی کۆی عەففان"ەوە، هەژموونی بنەماڵەی ئەمەوی پەیتا پەیتا دەرکەوت و، رۆژ لە دوای رۆژ توانا و دەسەڵاتی "والی"شام موعاوییە کوری ئەبی سوفیان بەهێزتر دەبوو و، بە تیرار کردنی عەلی کۆی ئەبی تالیب لەسەر دەستی"عەبدولڕەحمانی کۆی مولجیم"، بوار بۆ موعاوییە رەخسا کە دەوڵەتی ئەمەوی پێکبهێنێت کە هەروەک زۆرینەی مێژووناوس و لێکۆڵەرەوانەکان باسی دەکەن، دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەب بوو بە

ناوەڕۆکی ئیسلامی.

نازانم باسی چی هەنجبەر بکەم. ئاخر شەهیدبوون بە جێی خۆی، بەڵام گرنگی نەدان بەو شاعیرە چۆساوە پەروەرە، بەو مامۆستا جوانمەرگە داخەکەی گەورەیە لاسەردەمان،سەربارى هەموو خەمان لادان لە هەبازەکەی و هەنانەکایەی جارێ بەناو دەسەڵاتدارییەکی سەقەتی شڵ و گڵ کە شایەنی ئەوجارە قوربانییە نییە. هەنجبەرێک لە پەناویدا شەهید ببێ و ئەوەی لاشین بێ!، زۆر بەداخەوەم کەو ادەم.
جگەلەمانەش بە چاپ گەیاندنی دیوانەکەشی دیوانی جەمیل هەنجبەر لەساڵی ١٩٩٥دەخشکەر نەبوو ،چونکە :
ـــ زۆر بە خراپی چاپکراوە و هەڵەیەکی زۆر ی چاپی تێدایە..
– سەرەڕای ئەوەش بەگژ و وشەی لە لابردراوە و نوقاتیان (خاڵیان)……
لەجێی هەندێک وشە داناوە و دەسنووسەکیان یان پەنخوێنراوەتەوە یان بەئینقاست وایان خوێندەتەوە، کەلەنرخی تێکستەکانی کەمکردەتەوە .

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم ئەگەر من دەست نووسەکەیم بخوێندباوە هیچ هەڵەیەک ڕووی نەدەدا چونکە دەسخەتی ئەو ورد بوو، منیش شارەزای خەتی ئەو بووم چون لە مناڵییەوە بەیەکەوە بووین،بەڵام ئەو ناکەکیەی هەندە دەڵەش خستیانە نێوان ئەمەوە،واتە مام و برازاوە،وای کرد خەڵکانێکی تر ببنە خاوەن و برایەکان پەراوێز بخرێین، کە ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە،دیوانەکەی وا بەخراپی چاک بکرێت. ئەگەر دەسخەتەکانی کەلای هاوژینەکەیەتی بڵاورد بکرێ لەگەڵ دیوانەکەی بگومان هەڵەکان چاک دەکرێنەوە. بەڵام ویستوویانە لە کۆی خەیانی بکەنەوە و ئەو بشایانەش کە ناوی مارکس ،لینین ، ماو ،..هتد لە دەستنووسەکەیدا هەبوون لەی لابراون ،بە هەر نیازێک بێ بەخیانەت لە گەیاندنی ئەمانەتی ئەدەبی دەژمەردرێ.

لێرەدا پەویستە ئەوە بڵێم خەڵکی کوردستان بە جیاوازی حیزبایەتی هەنجبەریان خۆشویستووە و بە باشە باسیان کردووە. لاوسی و شۆش ساڵەی دوای شەهیدبوونیشی خەڵکەکی زۆر لە هەشنبیران و شاعیران هەنجبەریان بە هاوڵەی خەیان ناساندووە نازانم ئەو هەزاران هاوڵەیەی چۆن هەبووە و ناسیوە؟ . بەڵاستی سەرسامم پێت براشەهیدە سەربەندەکەم،ڕەحمەت شاد کاکە هەند بەرز و پاکبووی خەڵکەکی زۆر نان و پیازی پەوەخواردی دژایەتی ئەمەشیان کرد، دەیانوت کەس نابێتە

هەنجبەر ، بەهام بەهای من نەیاندەویست هەنجبەرچ ناوی و چ هەگرانی بیروباوەڕکەی و ڕەبازکەی لە گەڵپانکە هەبن تاخیان تەنیا بن تەواتەنی تەدابکەن، بەهام خۆشویستی جەماوەر و کاراکتەرە بە هەزکەی هەی بەو کەسە نەخشانە نەدا کە ئەو شاعیرە شەهیدە بچووک بکەنەوە و کەس وکارکەشی بشکێنن.
بەهاستی من بە تەواوەتی و بەپاکتیکی بینیم خەڵکی ئەمەلە ململانێی سیاسیدا زیندوو کوژی مردوو پەرستن!.

سوپاسی کاک عەبدولا مەشخەڵیش دەکەم کە هەوڵی بەدەرخستنەوە و هەنانە پێشەوەی کاراکتەری هەنجبەری هادیکا و شاعیری کرکار و چەوساوەکانی هەبەژاردووە و قەڵەمی مەردایەتی لە هەماڵیو..تا هەشنایی بخاتە سەر ژیانی هەنجبەر و شیعرەکانی شەهید. من هەسەنگاندن و نرخاندنی شیعرەکانیشی بە هاوەڵ هەخنەگر و تەژنەرەکان بەجێ دەهێلم. داوای لەبووردنیش دەکەم گەر وەک پەویست مەبەستەکانم نەگەیاندبێ.

خوات لێگەڵبێ براوهاوەڵ ئازیزەکەم
ئەی مامەستا کەنەدەروجەربازەکەم
ناوجوان و هەوەستە پێ شانازیکەت
بوویتەئەلگەو وەردی زمانی میللەتەکەت

بەم چەند دێرە کەتایی بەم وەهامە دەنم :

هەنجبەر بێ ئەوشەهید بوو
تاداگیرکەر لەرێ لاچێ
چی زوەمی بورجوازی هەیە
بنەژرێ و لەقوەڵ هاچێ!
تانان و یەکسانی پەکەا
لە کوردستان دەستبەربێ
نەک ئاغای کەن بەهی تازە
بگەڕێن گەل قوڵ بەسەربێ!

هەولێر
٢٠١٦-١١-٢٨

تێبینی : ئەم دیدارە تایبەت بە کتێبی (جەمیل هەنجبەر ئەو شاعیرەی هەژە بە تەکشان نەژیا!) سازدراوە.

کچەکانی بەر پەنجەرە ... مەلەک محەمەد

ناوی کتێب: کچەکانی بەر پەنجەرە
نووسەر: مەلەک محەمەد
ساڵی بڵاوبونەوە: 2018



بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

شاعیری رووسی فیدەر سفارۆفسکی: دەڤن تۆ هشتا خشت دەوەم

و: نەژاد عزیز سورمێ
-————————

دڤن :
تۆ ،
هشتا خشت دەوەم
کێ – لێ ماڵ نابم –
تۆ تەلەفۆنم بۆ دکەی
بۆ ئاوەی تەم بگەی ،

کتێبەکانم دەخوێنیتەوە ..
هەندێ جار چاودێریم دەکەی و
دڵنیان ئەوان
لە چێشتخانەیەکی براشتنی بەهاراندا
دوور لە شار ..
منیان لەگەڵ تەدا دیوە ..
تەنانەت
لە کۆنگرەی (پاریس)یش
منیان دیوە
لەگەڵت بووم ..
.....
.....
هەر چەندە
من و تۆ
ساڵەهای ساڵە
قسەمان لەگەڵ یەك نەکردووە
.....
.....
دەتوانە بزانی بۆ ؟
چونکە تۆ
لە هەڵدا بۆ (ڕیگا)
تەزماڵ تەزماڵ بووی
پەرت و بڵاوبوویەوە
لە بارستەیەکدا تەکەڵ بووی ..
قژت
گۆشتت
ئێسقانت
تەنانەت سێریشت
تەکشکا ..
.....
بۆی
من لە هەوەڵسمی
بە خاك سپاردن بووم و
بە چەپکە گوڵ دامپۆشی
.....
.....
بەڵام

ڕاستییەکی دی هەیە
بۆنی تۆ
هەشتا
لە ماڵەکەماندا ماوە ..
.....
.....
کە بەیانیان زوو
دەچمە ئاشپەزخانە
ئامانان دەبینم
سەرلەبەریان شڕاون ..
دیسان
شیرینی هەمووی خوراوە .

-_____

بڕوانە :
http://ns1.almothaqaf.com/b/c3/916561

باران خەناوکەی خوێناوە … ستار ئەحمەد

چەندین ساڵە
باران دێت و
هەور دەڕوات
مانگ داوی تیشك گرێ دەدات
خاك ردێنی درێژ دەبێ
تەور ملی دەبێتەوە
گوێ چاوانی دەیزوێنێ و
دڵك باڵای بەلادا دێت
چیا دەبێتە بەقرو خوێن
سەحرا دەگری
کەللە سەر لەناخیا دەڕوێ
خاك دەبێتە ئێسك پروسك

باران دێت و
رووەمەتی خاك لەئاو دەنێ
خۆر دەکاتە گەردانەی ڕۆژ
ئەستێرە لەگۆی خۆر ئەدات
با دەکاتە هەناسەی شەو
درەخت دەخاتە هەڵپەڕکێ
ڕووبار بەستە بێ مەل دەڕێ
کەچی هێشتا
خۆن لەنیگای زەمین دەتکێ
باران لە مرێ تووڕەیە
ڕەنگە لافاوێ بهێنێ
لەجیاتی گەردی ڕۆژگارو
جەستەی مەییوی ساتەکان
چیهان هەموو بخنکێنێ
باران لەئێمە تووڕەیە
بارگەی خەم و وەیشوومەیە
دەزانێت بەیەك تینووین و
کینەی دڵمان نابڕێتەوە
خوێن دەکەینە مەزەی شەوو
ڕووناکی زیندە چاڵ دەکەین
تاریکی بێ دوارۆژ دەدرووین
قومێ باران
ناکەینە بەراتی خاك و
بەسەر بریننی یەکترا رادەبوورین
بۆیە بارا ن
ئەمجارە یەکجار وەسە
لەبارین و
لەهاتن و گەانەوەو
بیرەوەری
تەنانەت ئەستێرەو ئاسمان
لەداخی ئێمە هەوەری

ستار ئەحمەد

کچان پانۆرامای ژان و ژیان ... ماریە پاکنەهاد

ژن و پیاو ئەو بوونەوەرن کە بە پێ چەنیەتی هەستوکەوتیان داب و نەریتەکانیان دەر ئەخەن و مانای پێ ئەبەخشن. کاتێ رووبەڕووی ئەبینەوە، کە پێناسەیەکی گیشتیمان بە دەست ئەدا. بەڵام کاتێک کە بە وردی لە ژیانی هەر تاکێک ئەکۆڵینەوە، بەمان دەرئەکەوێ لە ناخی نەریتە گیشتیەکاندا هەر تاکەکیش هەڵگری تایبەتمەندیەکە کە لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگای جیا دەکاتەوە.

ماوەی چەندین ساڵە کە باس لە کێشەکانی ژنان ئەکرێ و لە لایەن شارەزایانی بواری ژنانەوە دەستنیشان ئەکرێن و قسەیان لە سەر ئەکرێ. بە هەمووان ئاشکرایە کە کێشەکانی ژنان، کێشەی سەرەکی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و تا ئەو کێشەگەلێش چارەسەر نەکرێن، ناتوانین باس لە ئازادی کۆمەڵگا بکەین.

جیا لەمانە ئەزانین کە زۆربەی نەهامەتیەکانی ژنان هەر لە بنەڕەتەوە بە هەی سیستمی زاڵی کۆمەڵگاوە واتە سیستمی پیاوسالار خوقاون. ئەگەر سەیری ئیستە و ڕابردووی خەمان بکەین، ئەبینین کە ڕەگەزی تاوان، کوشتن، دەستدرێژی و تووندوتیژی، خە سووتاندن، لەشفرۆشی، خەتەنە کردن و ئیعتیاد و دیان خەساری دیکە بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونداید و بریندکان نەک بە پێ پەویست سارێژ نابنەوە بەڵکوو قووڵ و قووڵتر ئەبن.

کاتێ کە دینی ئیسلام هاتە نێو کۆمەڵگای ئینسانیەوە سوننەتە دواکەوتووکانی نەزانین، واتە جاهلیەت، سەبارەت بە مافی ژن، لە نێو خەیدا گوم و گەڵ کرد. مافی خاوەن دەسەڵات لە ناو براء، ئەوەی کە مافی خەیان بوو زۆر و بە سەختی ئەیانتوانی بە دەستی بهێن. خەڵکی خەیان لە نەزانین ئەدا و قەبووڵیان ناکرد کە پیاو و ژن پێکەوە بەرابەرن و هیچکامیان بە سەر ئەوی‌تریانە مافی جیاوازی و فەرکردنی نییە.

خودایش پییان وتی: "ئن ئکرمکم عند الله ئتقیکم". (بە راستی چاکترینی ئەوە لە لای خودا، خواناسترینتانە). فەرهەنگ و داب و نەریتکی دیکە کە لەگەڵ بناغە و ئاسەی دینەدا یەک ناگرن، ئەم

باوەڕە نادروستەیە سەبارەت بە تەڵاق و جیایی و ژن هێنانی دووان و سیان و چوار، بۆ ئەوەی هیچ مەرجێکی مرۆڤایەتی لەبەرچاو بگیرێت، بە شوو دان و ژن هێنانی کچان و کوڕان بە زەرەمی و گۆڕە بچووک کردنیان، پێش چاو خستنی شەرع و دین لە کێشەی ژن بۆ ژندا، کەین و فرۆشتنی ژنان، ژن لە جیاتی خوێن، توند و تیژی دژ بە ژنان، لێدان و بە حورمەتی و کە کردنەوە و کونترۆڵی بە ئەندازەی ژنان، هەموویان چیرۆکی نابەرابەری فەرهەنگێکە لە ئێران و کوردستاندا کە پێویست بە ڕاچاو کردنی هەمووڵایەنەی ژیانی ژنانی ئێران و کوردەواری هەیە. لە هەر ڕوانگەیەوە کە بیری لێ بکەینەوە، ژن ئەیتوانی ڕووبەڕووبەڕووی پشکۆتن بێت؛ بەڵام بە داخەوە کۆمەڵگای پیاوسالاری بوو بە مانع سەر ڕێگای پشکۆتنی ژنانی هونەرمەند و پڕ هونەر و ڕۆشنبیر، بۆ تایبەت ژنانی شاعیر.

و بە ڕاستی کە بە بۆنەی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی تایبەت کا لە کۆمەڵگا و وڵاتی ئێمەدا بوو، ژنانی شاعیر دڕفەت و مەیدانێ بە وڕوخستنی هونەر و شیعرکانی خۆیان نەئەدەزیەوە. هەمیشە دەبوایە لە پشتی پەردە و لە کونجی ماڵدا شاراوە بوایەن. بە هەی داب و نەریتکانی نەو کۆمەڵگا، ژنان نەیانئەتوانی و نەئەبوا! بە گوێ کردنی هەست و هونەریان دڕفەتێک بدەست بهێنن. هەمیشە پێنووس لە دەستی پیاوان بوو و ژنیش چاوەوانی دەستی نیزامی پیاوسالارانە بوو.
لە نیزامی پیاوسالارانە تا پێش شەشی سەنەتی لە ئەروپادا بابەتە گرینگکان لای ژنان، زیندوو مانەوە بوو، بە تەواوی ژیانیان و خەوێست بوونیان و مناڵ بوونیان(بە تایبەت کوڕ بوونیان)، هەر وەکوو فردوسی ئەڵێ: "زنان را بود در جهان یک هنر، نشینند و زایند شیران نر".

هەروەها ئێم شاعیرە لە بەرابەر ژنێک کە ترسی دابووە بەر خۆی و لە عیشقێکی قەدەغە قسەی کردوو، کارێک کە پیاوان هەمیشە تەیدا ئازاد بوون، وەها تووڕە ئەبە کە ژن و ئەژدیها وەک یەک دائەنێ: "زن و اژدها هردو در خاک به جهان پاک از هر ناپاک به".
پاش شەشی سەنەتی، هەرچەند پیاوان و ژنان لە ئێراندا لە ژێر فشاری جیهانی، پێیان بە مەدەرنیزم دانا بەڵام هەرگیز دڵیان پێ نەدا و لە پاشمله خەریک ململانی کردن لەگەڵ مەدەرنیزمدا بوون، لەگەڵ هاتنی کتێبخانە و زەر کردن بە دەرس خوێندن، کچانی لاو لەگەڵ مەدەرنیزمدا ئاشنا بوون، فەری زانیاری و عیلمی ڕژ بوون بەڵام سونەت خوازکان هەمیشە لە مەدەرنیزم ئەترسان.

کۆمەڵگای باوکسالاری: کوشتنی ژنان بە ناو ناموووسەوە

کوشتن بە ناوی ناموووسەوە نەریتێکی خۆکیە کە ڕەگ و ریشەی لە سیستمی باوکسالاریدا هەیە. هەندێک مرۆڤناس پێیان وایە کە سیستمی باوکسالاری لەگەڵ سیستمی موڵکایەتیدا بە دونیا هات. واتە کاتێک پیاو بە مانووی خۆی پێویستی بووە بوو کە پارچە زەوییەک بکاتە هی خۆی و بیکات، ژنیش بوو بە یەکێک لەو شتانەی کە بوو بە موڵکی پیاو و مافەکانی زەوت کرا.
لە سیستمی باوکسالاریدا ئەوە پیاوە کە بڕیار ئەدات لەسەر ئەو بڕها و نەریتانە کە پێویستە لە کۆمەڵگادا چاودێری
پێ بکرێن. زۆربەی نەریتەکانی کۆمەڵگای باوکسالاریش بە قازانجی پیاوانە.

بە گیشتی باس لە کێشەکانی ژنان کرا بەڵام ئەو کێشەی کە زۆرتر ئەبێتە هۆی مەترسی کۆمەڵگا و مرۆڤکان، کێشەی خۆکوژی و خۆ سووتاندنی ژنانە.
خۆکوژی کردار یان هەڵسوکەوتێکی وشیارانەیە کە مرۆڤ بە سەینەوەی جەستەی خۆی بە کاری ئەبات. خۆکوژی وەک خۆسار و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بە ئەژمار دێ کە ئەبێتە هۆی لاواز بوونی هێزی چالاکی کۆمەڵگا و تێندرووستی مرۆڤ و کۆمەڵگا ئەخاتە مەترسییەوە.

هۆکارە جۆر بە جۆرەکانی وەک دڕوونناسی، بیولۆژی و کۆمەڵایەتی لە کەم کردنەوە یان پەیدا نەبوونی ئەم خۆسارە کۆمەڵایەتییە ڕۆڵی تایبەت ئەگێڕن. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ساڵانە لە پەرەندی لەگەڵ دیاردەی خۆکوژی بەردەوامن، ئەم خۆسارە کۆمەڵایەتییە کە بەشێکی کوردستانی لە خۆی گردووە و تێندرووستی مرۆڤکان و کۆمەڵگای کوردی خستووە مەترسییەوە، سەزدەهەمین هۆکاری مردن لە جیهانە و هەروەها سەزدەهەمین هۆکاری مردنی خەڵکانی تەمەن (پانزدە تا سی وچوار) ساڵە. بەیە خۆسارناسان و پسپۆڕانی بواری خۆسارە کۆمەڵایەتییەکان گرینگی پێ ئەدەن و بەردەوام لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی لەسەر ئەکەن.

زۆربەی کۆمەڵناسان خەسارە کۆمەڵایەتییەکان خۆکوژی بە سێ دەستە دابەش ئەکەن؛

⋆ هۆکاری خەسارناسی(نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و نەخۆشیە نەفسیەکان).

⋆ هۆکاری ئابووری(دەتوانین لەم پەیوەندیەدا ئاماژە بە بێکاری،

کێشەی ئابووری و لە دەست چوونی پێگەی کۆمەڵایەتی بەم هۆیەوە بکەین).

⋆ هۆکارە سەزداریەکان(شکێست لە بواری خوێندن، شکست لە خێشەویستی، لە دەست دان و مردنی یەکێک لە ئەندامانی نزیکی بنەماڵە، شەڕ و تێکهەڵچوونی ئەندامانی بنەماڵە کە زۆر جار تووند و تیژی لێ دەکەوێتەوە).

بە داخەوە بە هۆی بوونی سیستەمێکی پیاو سالاری لە کوردستان کە داب و نەریتی دواکەوتوانە خۆی خستۆتە ناو هەموو قوژبنێکی ژیانی تاکەکەسییەوە ژنان دەکەونە بەر تووندترین شەواڵەکانی توند و تیژی و هەر بەو پێەو و دوای بێ هیوا بوون لە ژیان دەست دەدەنە کردەوەی خۆکوژی و لە ئاکامدا جەستەی خۆیان دەسڕنەوە.

یەکێک لەو دیاردە مەترسیدارانەی لە کوردستان باوە و ژنانی کورد بێ سڕینەوەی جەستەی خۆیان کەڵکی لێ وەرئەگرن ئاگرە.

بۆچی ئاگر؟!

عەتا نەهایی ئۆڵە: "لە خۆوە نییە کە خۆکوژی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە زۆری خۆسووتاندنە. کاتێک وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا بە زۆری کێشەیەکە کە لە جەستەیەوە سەرچاوە ئەگرێ. جەستە لەم کۆمەڵگانەدا دیارترین نیشانەی ژن بوونی ژنەو نمایشی ژنانەیی ئەکات. هەموو ئەو تاوانانە کە بەرامبەری ئەکرێ بە هۆی جەستەوەیەتی.

کاتێک ژن بیر لەوە ئەکاتەوە وەرگرتن و وەرنەگرتنەکانی لە لایەن کۆمەڵەوە، بە تایبەت لە لایەن رەگەزی بەرامبەریەوە، وەرگرتن و وەرنەگرتنە لەبەر جەستە، ئەوسا زیاتر لە هۆی هەڵبژاردنی ئاگر بێ خۆکوژی و نەفرەت کردنی لە جەستەو ناحەز کردنی جەستەی ئەگەین.

لەم جۆرە کۆمەڵگانەی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا، مرۆڤ بەر لە مرۆڤ بوونی ژن یان پیاوە. بە زمانێکیتر ئەوە ژن بوون یان پیاو بوونی مرۆڤە، کە بەر لە تواناکانی جۆگە و ئاست و رادەی مرۆڤ بوونی لە کۆمەڵگادا دیاری ئەکات.

ژن یان پیاو بوون وەک سەرەکیترین فاکتەری شوناس بێ وەرگرتن و بێ دیاری کردنی جۆگەی کۆمەڵایەتییە. هەڵبژاردنی ئاگر بێ خۆکوژی ژنان جگە لەمانەش هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی تایبەتیترە کە پەیوەندی بە

خودی هەبژردراوەکە، واتە ئاگرو، تایبەتمەندیە دیار و شاراوەکانی و دەوری (ئاگر) لە ژیانی بەرهەست و نابەرهەستی مرۆڤ و بە گشتی پەیوەندی بە سەرجەمی ئەو مانایانەوە هەیە کە ئاگر لە ناخ و جەوهەری خۆیدا هەیگرتوون".

باشلار رەنگە یەکەم کەس بێ بە پێچەوانەی کەسانێکی وەک فرۆید کە لە دەروون شیکاری مرۆڤەکان ئەفکرن و ئەکۆنەوە، لە دەروون و شیکاری شتەکان (چوار شتی سەرەکی، ئاو – با – خاک و ئاگر) بە تایبەت ئاگر ئەکۆلیتەوە و لە کتێبێکدا بە ناوی "دەروون شیکاری ئاگر" لێدوانێکی تۆر و تەسەل لە سەر ئەو بابەتە پێشکەش ئەکات.

ئەم ئەدیب و فەیلەسووفە فەرانسەییە لە سەرەتای بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەم شێوە لە ئاگر ئەدوێ: "ئاگر دیاردەیەکی شازا کە توانای شەرح و گۆڕانەوەی هەموو شتێکی هەیە. ئەگەر ژیان نمایشی هەموو ئەو شتانە ئەکات کە گورج و بەپەلە ئەگۆڕێن، ئەوە ئاگرە کە ئەتوانێ گۆڕانی گورج و بەپەلەی ئەو شتانە بگۆڕێتەوە… ئاگر وەک بوونێکی ئەوپەڕی گیاندارو ئێجگار زیندوو، لە لایەکەوە شەخسی و خۆیی و دەروونییە، لە ناخی جەوهەرەوە سەرهەڵئەداو لە شێوەی عەشق دەرئەکەوێ. ئاگر شاراوە و کۆ وەک نەفرەت و قین ئەخزێتە دەروونی شتەکانەوە. لە ناو هەموو دیاردەکاندا ئاگر تەنیا دیاردەیەکە ئەتوانێ زۆر بە ئاشکرا دوو جۆرە ئیعتباری دژبەیەک وەربگرێ. واتە هەم نمایشی خێر بکات هەم شەڕ.

لە بەهەشتدا بدرەوشێتەوەو لە دۆزەخدا بسووتێنێ…" بەم بۆچوونە دوو رووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئاگر، لەسەرەتای بوونیەوە تا ئێستا، رووبەڕوو بوونەوەیەکی دوو پۆ و هەستی مرۆڤ بەرامبەر بە ئاگر هەستێکی دژوارە.

ئاگر لە لایەکەوە تین و گەرماو رووناکی بۆاو ئەکاتەوە، رەمز و هێمای پاککردنەوەو سڕینەوەی هەموو خەوشێکە، مەیلی جنسی و سێکس و سۆزو عاتفە ئەبزوێنێ. (بە تایبەت لە لای ژنان، چونکە ئاگر بە پێچەوانەی ئاو نەرە) لە لایەکیترەوە ئەسووتێنی (لەش ئەسووتێنێ کە خەوشی گیانە) مرۆڤ لە لایەکەوە حەزی لێئەکات و بەرەو پیری ئەچێ، لە لایەکیترەوە لێی ئەترسێ و لێی دوور ئەکەوێتەوە. ئەم دوو بەها دژوازەی ئاگر لە لای مرۆڤ، یەکەمیان سەرچاوەی مەعریفەتی زەینی و تاکە کەسیدایە و دووهەمیان لە مەعریفەت و تێگەیشتنی عەینی و تەجرەبەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە ئەگرێ.

لە کۆتایی دا دەبێ بڕۆن دەبێ ژنان جەستەیان لا پیرۆز بێ و لە جیاتی سرینەوەی جەستەی خۆیان هەوڵ بێ لابردنی یاسا هەڵواردن ئامێزەکانی کۆمەڵگا بدەن و بێ دەستەبەری مافەکانیان خەبات بکەن و نەهێڵن کۆمەڵگای کوردی بە هۆی خۆکوژی ئەوانەوە وەک کۆمەڵگایەکی نەریتی و دواکەوتوو سەیری بکرێ و دیاردەیەکی نالەبار بە ناو خۆکوژی لە کۆمەڵگاکەمان بنبڕ بکەین.

سنێ
ماریە پاکنەهاد

•

تیرۆر... مرۆڤ و کاڵا !! ... جوتیار

یەکێك پێ لە ئەنگیزەترین بابەتەکانی ئێستاو لە پانتایی میدیا و دیبلۆماسیەتی جیهانیدا بابەتی تیرۆری (جمال خاشقچی) یە، ئەو کەیسە پێویستی بە ئیستێکی ئامانگیر هەیە بێ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە شێوەی کەتواریەکەی خۆیدا خوێندنەوەیەکی دروست و فرەڕەهەندی بۆی هەبێت.!!
خاشقچی ئەگەرچی لە ئامان و تێواننیدا خۆی پەروەردەی خوێندنگەیەکی هزریی کۆنەپارێز و پانئیسلامییە کە بەشێکە لە پشتیوانی تیرۆرو پاکتاوی سیاسی، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئازادیخواز و ڕۆشنبیران کە هەوڵستە لەسەر جۆری تیرۆر و پاکتاوی جەستەدی ئەو ژنامەنوسە بکەن، چونکە ئەو وەك ڕۆژنامەنوسێکی ڕەخنەگر بە دەستەڵات، بوو بە قوربانی و ناچار بە ئاکردنکرا لە عەرەبستانی سعودیەوە بێ ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکاو لە دوایشدا لە کونسوڵخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ پارچەپارچە کرا و بە هەمەجیترین شیوازی پاکتاوکردن تیرۆرکرا، ئەو شێوازە لە تیرۆر کە خاشقچی وەك دژبەرو ڕۆژنامەنوسێك ڕووبەڕوی بویەوەو ژیانی لەسەر دانا ، دەچێتە سەر پەڕەگرافی مژووی (تیرۆری سیاسی دەوڵەتیی) بە جۆرێکی نامرۆڤانەو نا هاوتا لە دێندەیی دەستەڵات و بە پلان و

بەرنامەیەکی ئامادەبۆکراو بە ئاگاداری دادپەروەرانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاواو سیستەمی ئابوری چاوچنۆکانەی نیولیبڕالیزمی سەرمایەداری بە ڕابەرایەتی (ترامپ) و هاوشێوەکانی.
من خۆم لەو باسە نادەم کە بۆچی خاشقچی بەو شێوەیە تیرۆرکرا، چونکە خەڵکانی شارەزاتر هەن کە دەتوانن ئەم باسە بکەن بە بابەتی ڕۆژو ووتوێژو
بەدواداچوونی میدیایی.

ئەوەی کە من مەبەستمە لەو چەند کێپلە نوسینەدا بیڵێم، گەرمبوونی ئەو هەموو ژمارەی ملیاردانەیە کە لە نێوان زلهێزەکاندا لە پەیوەست بەو کەیسەوە قسەی لێدەکرێت، بەشێکی زۆری سەرچاوە مێدیایەکان ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە دەستەڵاتدارانی ئەرەبستانی سعودیە بەخشێکی هێجگار مەزن و قەبەی خستوەتە بەردەم (ترامپ و ئۆردوگان) بۆ داپۆشین و بە لاڕێدابردنی کەیسی (خاشقچی) و هەواندنەوەی ئەو گومان و فێکەسانەی لەسەر شازادە موحەمەدە لە بابەتی ئەو تیرۆرەدا!، چونکە بۆ دەستەڵاتدارانی سعودیەش ئەوە ڕوونبۆتەوە کە ئیتر شازادە موحەمەد ناتواندرێت لەوە پتر پەنابدرێت لە بەرامبەر ئەو دەستێوەردانە خەجاڵەتئامێزەی کەمەی نێودەوڵەتیی لە پەیوەست بە کەیسی (خاشقچی)دا، ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە هەریەکە لە وڵاتە لیبراڵ\دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا بایی خۆی کێشش دەکات پشکێکی ئەگەر بچوکیش بێت لەو کێکە چەورو شیرنەی کە لە بازاری تیرۆری (خاشقچی)دا لە لایەن دەستەڵاتدارانی سعودیەوە خراوەتە سەر مێز بۆ خۆی ببات، وەك لەسەر زاری سیاسەتمەدارە ئاشتیانەکان ڕوون دەردەکەوێ و دەیانەوێ لە دوو وڵستگەی جیاوازدا لە بە بازاربوونی ئەو مژارەدا سودێکی ئابوریان پێبگا.

دەوڵەتی ئەمان، یەکێك لەو بازارە گەرمو گوڕانەیە کە هەمیشە چاوچنۆکی خۆی بە ناوی ئەفسونی دیموکراسی لە بەرامبەر وڵاتانی هەژار و جیهانی سێیەمدا لەگەڵ دەستەڵاتدارانیان فراوان کردۆتەوەو هەردەم پەیرەوی سیاسەتێکی کۆنەپارێزی و ناکۆکیان لە هەڵسوکەوتیاندا پەیڕەوکردووە ، ئەوان بۆنی چەوری و قەڵەوی ئەو کێکەی کە سعودیەکان بۆ بەدەنگکردنی کەمەگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر کەیسی (خاشقچی)دا لەسەر مێزی دیموکراسیەت دایان ناوە بە باشی کردوە، وە دەزانن هەوڵستەکانیان دەتوانێت شتکیان بۆ بەدەست بخات ئەگەر فشارە سیناریۆئامێزەکانیان لە ڕوی سیاسیەوە کەمێك گەرمتر بکەن لە بەرامبەر سعودیەدا، کاتێك لە ڕاگەیاندنە فەرمیەکانیاندا داوای ڕوونکردنەوەی بڕواپێکراوی پتر و هێکاری

لێژیکیانەتر دەکەن بۆ ئەو جۆری کوشتارە کە لە دەزگەیەکی فەرمی دیبلۆماسیی دەوڵەتدا پەرپاکراوە بە جۆرێکیش کە لە دەرەوەی دەستەڵاتی پاوانخوازی دەوڵەتە تیرۆریستەکەیە.

هەوڵستی ئەمانیەکان لە بابەتی جۆراوجۆردا جێگای سەرنجە، هەروەکو چۆن لە کەیسی ڕۆژنامەنوس(عادل یگیت) لە بەرامبەر تورکیاو ئۆردوگاندا نیشانیدا، ئەو بەرخوردە بۆ دەوڵەتێکی وەك و ئەمانیا کەڵ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بانگەشەی سەرتاپی بۆ دیموکراسیەت و ئازادی مافەکانی مرۆڤ دەکات، جێگای پرسیار و تەماناکی وردە.

ئەوەی کە جێگای سەرنجێکی قوڵە لە بابەتی ئەو کەیسەی (خاشقچی) دا تاکە فشار لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرامبەر بە سعودیە کە ووە بە مەدیا دەردەکەوێت تەنها گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئیتر چەك بە سعودیە نافرۆشن، وەك ئەوەی (خاشقچی) پەاوی ئەو بەندەرییە بێت کە بۆ فرۆشتنی چەك لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاواو سعودیەدا واژوو کرابێت و ئێستاش دڵنیرابێت!!، ئەڕ بەاست هەموو هەوستە بەهێزەکەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە هەەشە لە دەوڵەتی شازادەکان بکەن بە نەفرۆشتنی چەك؟!

چ بۆ ەوشتیەکە ئەوەی کە لەو ڕۆژگارەدا ووبەوی مرۆڤ دەبێتەوە، بەاست پێویستە چەند ڕۆژنامەنوس و نوسەر و چالاکوانی تر کەلەپاجە بکرێن بۆ ئەوەی ڕۆژئاوای باوکی دیموکراسیەت و دایکی مافەکانی مرۆڤ هەنارەکردنی ماست و پەنیر بۆ وڵاتانی دیکتاتۆر و سەرکوتگەر ابگرێ؟! ، چ گەەلاوژەیەکی بۆزەوەرە سیاسەتکردن لەو جیهانەی سەرمایەداریدا !!، لێرەوەێ درك بەوە دەکەین کە چەندە کێمەی مرۆڤایەتی پێویستی بە مارکس و تەوانینەکانیەتی تا چیتر ئینسان لەبەرامبەر(کاو شومەك)دا مامەەی پێوەنەکرێ و بۆنرختر نەکرێ.

نەها تووم ئاسمان بنوسمەوە، من

خۆکی زۆوییم

"زۆوی پلاستیک" یەکەمین کتێبی شیعری "دیار لەتیف"ی شاعیرە، کە ماوەی نۆ ساڵە کاری لەسەر دەکات و ئێستا لە چاپخانەیە و، بەمزووانە بڵاو دەکرێتەوە.
دیار لەتیف، دەڵێت: شیعر لای من، جگە لەوەی زانست نییە، ژیانە و، تەنانەت لە سەرووی هونەریشەوەیە، تاقیکردنەوە و دەرهاویشتنی بزاوتی گەرمی ڕۆح، لەوەش زۆرتر، فەندەمێنتاڵێتکە و، دژ بە ڕەگ و ڕیشەی خود، جەنگ بەرپا دەکات، لە هەمانکاتدا بەریەککەوتنی ژەهری ناخودئاگایە و، دڵشکرێ خودئاگاییش بێت.

ئەم شاعیرە، زیاتر لەسەر یەکەم کتێبی خۆی قسەکات و، دەڵێت، "لەم دەرچەوە کە باس لە زۆوییەک دەکەم، ئازاری نووسینی لە خۆدا هەڵگرتووە، چوونکە خاوەن واقیعەک نەبووم و، هەمیشە ویستوومە زیاتر مامەڵەم لەگەڵ ئەفسانەسازیدابێت، ئەو ئاوێتەکردنە لە شیعردا بە من، بووەتە خولیا و بوونیادنانەوەی خۆن، خۆنکی لەدەستچوو، هاوکات خۆنکی ڕوونەدراویش.

دیار لەتیف ماوەی نۆ ساڵە، کار لەسەر یەکەم کتێبی دەکات و، دەڵێت: هەوڵمداوە زۆوییەکی پاراو بنووسمەوە، کەمترین درێغیشم نەکردووە، بەگەی ئەوەی نۆ ساڵە پاسەوانیم.

لای دیار لەتیف، بە شیعرکردنی ژیان کارێکی ئاسان نییە، "ئاسان نییە نەخۆشی و ئازار و برسێتی و مەراق و سوژە و دەردەسەری نێک بنووسرێتەوە، بەکوو بشکرێتە تەکنیک و شیعرییەت"
دیار، دەڵێت: "شیعر، شەشە بە ئاماژینی جیهانی کەن و داڕیزیو، بنیاتنانی سەردەمی تازەیە، لەگەڵ ئەوەش بەرجەستەکردنی خۆشەویستییە، لەهەر کوێیەک سکگوشین و ترس و پەرشانی هەبێت، بونیادی دادخورپێت و بەدەنگ دێت."
دەشنووسێت، "شیعر تەنیا بریقەی زمانەوانی نییە، ئاوکردنی چرکەساتەکانیش، ویستە بە ئاشکراکردن و دەستلەدان لە بینراو و نەبینراو، تەکەبوونە بە ئازادییەکی ڕۆها و، شکاندنی بەربەست و نەریتەکانە، ئامێیە شیعری دڕوشاو."
"نەهاتووم ئاسمان بنووسمەوە، من خۆکی زۆوییم"
ئەم شاعیرە، پێیوایە: دەستبردن بە شیعر، لە جیهانێکدا، پێ لەو لە کارەسات، مانایەکمان پێدەدات کە شیعر نەمردووە و، بە دەساتە لە نووسینەوەی دونیا و ساڵکان، بگرە تەنیا ئەرکی ئارایشتی نییە و،

لە توانایدا ژیانووس و مرۆڤنووس بێت، شیعر کاتێک مردووە، کە جووڵەی نووسینەوەی نەمێنێت.

دیار لەتیف ساڵی ١٩٨٩ لە شارچکەی کفری لەدایک بووە، دەرچووی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانییە، بە دەقی شیعری بەشداری چەند فێستیڤاڵێکی ئەدەبی کردووە و، خەڵاتی یەکەم تا سێیەمی دەستبەرکردووە.
جگە لە کارکردنی لە یەکەمین کتێبی، هاوکات لە چەندین سایت و ڕۆژنامە و گۆڤار کاریکردووە و ستوونی هەبووە.

دیدار لەگەڵ سوهەیلا مەهەمی خانمە شاعیری کوردی سنەیی

ئامادەکردنی: جەلال هەرێنی
_____

سوهەیلا خانمێکە خاوەن وشەی جوان،هەستێکی ئەدەبی و خوێنەرێکی جدی، خامەی قەڵەمەکەی پڕە لەهنراوەی جوان،ئەو لەدەقەکاندا دەمانباتە نێو خەیاڵە پڕ لەڕەنگاکانی خەی ئەگەر شارەزا نەبیت< هەنگە لەیەکێك لەڕەنگاکان ون بیت.
خانمێك خۆشەویستی لەگەڵ دەق و قەڵەم و وشە دەکات و شەوانەش ئاوەزانی خەیاڵەکانی دەبێت بۆ ئەوەی هەنراوەیەکی تر لەدایک بێت.
سوهەیلا مەهەمی خانمە شاعیری کوردی سنەیی...

جەلال هەرێنی: چۆن ووشە بەکاردەهێنیت لەهەنراوەدا، واتە گرنگی ووشە لە رستەدا چیە؟

وەڵام/ هەر بۆ شۆڕ کە وشەکانی جیاواز لە شیعری نوێدا بەڕێنی هاتنەوە لە نێو دەقدا پیان درا لە زەرینەی شەوازەکانی هاوچەرخی سونەتی و کلاسیکیشدا نوێگەرای کرا و هەر بەم شەوازە نوێگەرای لەوەش کرا. لەم چەشنە نووسینەدا هیچ وشەیەک لە خۆیدا شاعیرانە نییە و هەر وشە و پێکهاتەی تەرکیبات بە گۆڕانکاری لە خۆیدا دانرێ

لە شیعردا و ڕەگەزی شاعیرانەیەک لە خۆی بنوێنن.

ئەم وشکانە لە چێشنی شۆڕزار و ناوچەیی دەکرێتە بەر تاکوو دەستەواژەی ئەدەبی و چەمک و ئیدیومیشی دەتوانین ئاماژە بکەین. زۆربەی شاعیرانی سەردەم لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە لە شاعیرانی کۆن خەیان جیاواز کردووە واتە وشەگەلێک ئەستا لە نێو کەمەگا و جیهانی سەردەمدا بە کار دەچێ لە سەردەمی کۆن هەر نەبووە و ئەستا شیعری هاوچەرخ ئاوەی دەوە بە پێ ڕۆژبوونەوەی لە وشەی نێو کۆک وەربگرێ بە هاکەشانی بەردەنگ بە خۆی. پێکهاتی زمانی لە راستییدا لە گەڵ فاکتەرەکانی دیکەی زماندا وەکوو پێوەندی وشکان و ئاهەنگی نوتەکان و حەرفەکان و بە گشتی بارهێنانی من لە وشە و دەستەواژەکان و بارهێنانێک کە ئەوان لە شیعردا هەیانە و شەوازێک کە ئەوان لە قەڵەمدا تا سینگی لاپەڕە هەیانە و مەودای بەدی هاتنی وشە لە فیکری مندا و پێگەی لە هەستەدا زمانی شیعرن.

جەلال هەرزنی: تاچەند گرنگی بەخاڵ بەندی دەیت لە دارشتنی دەرکاندا، واتە گرنگی خاڵبەندی بە هەنراوە چیە؟

وەڵام/ پل والری ئەڵێت: شیعر بە سەما وێنا دەکات و نەسریش واتە دەقی ساکار بە پیاسەیەکی عادی، پیاسەی عادی شوێنکی دیاری کراوی هەیە بەڵام شیعر وەکوو سەما شوێنکی دیاری کراوی نییە و بگرە ئەگەر سەماەبەستەکی دیاری کراو بێت کومەدیایە، واتە شیعر لە خۆیدا شوێنی مەبەستە نەک بە شوێنکی دیاریکراودا بڕوا.
لایەنگرانی شیعر بڕوایان هەیە کرداری شیعر لە هەڵوەشاندنی زمانداییە لە نووسینەکانمدا واتە دەقی شیعر خاڵ بەندی شتەکە کە خەدی زمان کردوویەتی ئەوە نییە کە من بە نییەتی داڕژراو ئەو کارە بکەم هەنگاو دوای ئەوە شیعرەکەم نووسی هەندێک دەستکاری بکەم بەڵام شیعر لە خۆی خەیدا زمان لە سەمایەکی شێتانەدا دەڕوا و هەنگاو بوستە و دیسان لە تەقتیعەکی دیکەدا دەسپێبکاتەوە وبە شک پولینبەندی لە دەقی شیعریدا ناچێتە ریزی دژە باودا و چوار چەوکان دژی شیعری هاوچەرخدان بەڵام داشتنی شیعر ئەوەیە کە زمانی شاعیر دیاری دەکات و لە داشتنەوەدایە کە کاتی خوێندنەوەی دەقیکی شیعری دەتوانین بە ناوی سوبژە ئاماژەبکەین. لایەنگرانی هەخنەی نوێ هاوچەرخدا پێکهاتەی شیعر وەکوو شەوازێک نازانن کە ناوەکیان تە کردبێت. ئەوە دیاردەیەک ئەزانن لە گەڵ هوودانی هاتنی شیعر هوودەدا. هەر بەم بوونیەدا لەکەینەوەی شیعر جیا لە ناوەڕۆک لەکەینەوەیەکی نابڕجێ. زمان پێکهاتەیەکە لە وشە و

هۆدو و ستە و چۆنییەتی پەیوەندی نێوان ئێواندایە ەەی بەرچاوی هەیە لە فورم و داشتنەوەدا.

جەلال هەرێنی: کاریگەری هونراوەی نیشتیمانی لەچیدایە؟

وەڵام/ لە چاخی کۆنارکاندا کە کۆمەڵگەکان و هەز و تیرە پێکهاتن و هەر کام لەوانە بوون بە خاوەنی زمان و شوێنی خۆیان و بەربەرە کلتووری خۆیانیاندا بوو و وەکوو ئەگناسی بو دایک کە فۆری زمانی تایبەت دەبوون نیشتمانیش بە بە جێگا و شوێنکی پیرۆز هەروەها زمان تاک لە بە باوەی و دڕدۆهنەت و دەبەتە خاوەنی هەزکی باوەڕ پێ کراو. واتە چەمکێکی پێناسەی کەسەکان نیشتمانە و بەتایبەتی نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو خوونی نیشتمانکی سەربەخۆ و یەکگرتوو دەبینن ، شیعر زمانی هەست و سۆز و نیشتمان بە وێنای دایک مێژووکی رووونی هەیە لە دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەت شیعردا هەر بەم بوونەوەکاتک هونراوەیکی نیشتمانی خەنەوەی بە دەکرێ هەستی بەردەنگ داگیر دەکات

جەلال هەرێنی: پەوایە تە کاریگەری دەقی کڵاسیکت لەسەربەت،یان دەتەوێت لەرەهەندی هونراوەی سەردەم کار بکەیت؟

وەڵام/ شاعیری گەورە ئەرانی و بونیاتنەری شیعری نوێ لە ئەراندا دەەەت" ئەدەبیات و وێژەیی ئەمە دەبە لە هەموو چەمکەکەوە بگەدرێت بابەتی نەو کیفایەت ناکات و پەرەپەدان بە ناوەوکیش بە شێوەی نوێ تەواو نییە، ئەگەریش کەش و سەروا بگەەین و دەە و ستە کورت و درێژ بکردرێ ئەمانە شیعر نوێ ناکاتەوە بە گشتی دەبە چوونیەتی کارەکە بگەەین و ئەو شێوازی رافە و رەوایتی لە جیهانی زانستی و شعووری مرۆڤکانە بە شیعر بدەین. تاکوو ئەم شێوە بیرکردنەوە نەبە هیچ شتێک روو نادات بە گشتی نووسینی دەقی شیعری مێژوویکی هەیە دوور و درێژ بە شێوازگەلی جەرواجەر لە سەر شیعر کار کراوە و شێوازکەلی شیعری تاقی کراوەتەوە لەبەرا شیعری کلاسیک وەکوو مێژینەیکی رووناک و بەرز خوی نواندەوە و شاعیرانی ئەستایش هتر لە سەر ئەو بنچینە ەواون کە دەبە خزمەتی خۆیان بە زمان و ئەدەبیات بە شێوەی ئەمرۆژی پەرە پێ بدەن و بە نوێ کردنەوەی زمان دەستی زانستیانە و شاعیرانەی خۆیان وەگەە بخەن. هەر بەم بوونەوە منیش هەوڵی خەم ئەدەم هاوکات کە هەموو شێوازکی شیعری تاقی دەکەمەوە زەر چەژ لە شیعری شاعیرانی نوێخواز دەبەم و هەوڵ ئەدەم منیش کەسێک لەوان بم.

جەلال هەرێنی: چی سوهێلی کرد بە شاعیر؟

وەڵام/ گەورەیەک دەستت بە شاعیر بوون تێیا وشە شیاو نییە ئەزموونی وشە و دەزگای پەکەوە دەتکاتە شاعیر ئەمە وتەیەکی ناستە دەبە بەڵم هەر لە مێژە واتە منداڵی زور چێژم لە وشەی نێو کتێبەکان وەردەگرت حەزم بە لە بەینی وشەکان خەم ون بکەم لە مەشکی خەمدا هەموو کایەکانم لە کۆ وشەکاندا دەکرد زور چێژم لە ڕەمان و ئەو دەستە سیحراویەانەم دەگرت کە دوایی بە شیعر لە گەڵیاندا اشنا بووم.

جەلال هەرێنی: لە هەنراوەکاندا، هەست بەتەنهای مرۆڤ دەکرێت ، تە پێت وایە تەنهایی کاریگەری چیە ؟

وەڵام/ تەنیایی بە من هەموو شتێکە، تەنیایی بەو واتا نالەم کە خەم دوور بکەمەوە لە کەمەگا بەکوو تەنیایی من پە و قەرەباغە لە وشە و کتێب و شیعر واتە جیهانێکی جوان و ئازاوە بەڵام لە شیعردا کە دنووسم قەڵەمکی ژنانە دەردەکەوێت مێژووی ژن بوون لە ناو کلتوور و نەریتی دواکەوتوودا و جیهانێکی ژن ئازاردا، قەڵەمێک زمانی ئەو یاسا و کلتوورە داسپاوانەی کە بە سەر ئازادی ژندا هەیە هاوار دەکات و بە گشتی لە جیهانی بە دەستاتی و ئەو ئازارانەی مرۆڤ دەدوە و ئاگەر جگە لەویش بێت شیعر نییە.

جەلال هەرێنی: زمانی نوسینی دەق لای تە زەر جار لەزمانی ئافرەتێک دەردەچیت بە زمانی پیاو ،ئایا هەستت پێکردوە؟

وەڵام/ پولینبەندی شیعر خۆی دەچێتە چوارچێوەکانەوە و سنور کە شیعر هەڵگری ئەوە نییە دیارە لە مێژە هەندێک کەس زمانی شیعریان بە ژن و پیاو جیا کردووتەوە و شیعریشیان بە کار هێناوە بە شرۆڤەی چاو و بروی خۆشەویستی و فیراق و تاد بە پە روودەوەکانی جیهان و بە تایبەت ناوچەی جوغرافیایی و هەزر و بیر نووسەری هاوچەرخ دەقکانیش گەیانکاریان بە خویاندا بینیوە هەرچەند من وەک ژنێک هەوە ئەدەم لە بەرا وەکوو مرۆڤێک باس لە ژیان و ئازارەکانی ژیان بکەم بەڵام هەوڵی ئەوەیشەم بەرچاوە لە دەقەکانمدا ئاماژە بە ئەو جیهانەی کە ئازار دەهێنێتە پێشی ژن بە زمانی شیعرم بنووسم.

جەلال هەرێنی: خۆشەویستی لای تە پێناسەیەکی دیاریکراوی هەیە؟

وەڵام/ " خۆشەویستی" ئاگەر واتای گرەدراو بێت شتێکی بەهوودەیە

چۆن ئەمە لە هەمووی ژیان لاواز دەکات و بەرەو فەنابوون دەمانبات زۆربەی خەڵک ئەو گرفتراو بوونە لە گەڵ خۆشویستی بە هەڵە دەگرن بەڵام خۆشویستی شتێکە کە دەبێتە هۆی بە هەڵز کردن و شاد بوونی مرۆڤ.خۆشویستی دەبێ ببێتە گۆشەی هەزر و جیسم و ڕۆح ئەگەر ئەو واتایەی نەبوو ئەوە شتێکی جگە لە خۆشویستیە و بە هەڵە تێگەیشتووە خۆشویستی لە لای منەوە شیعرە نووسینە و خوێندنە و گۆشە کردنە لە ئەماندا ئەوەی لە فەنا بوون دەمپارێزی شیعرە و خۆشویستی منە

جەلال هەڕێنی : ئەگەر بکرێت پرۆفایلی بۆ بڵێزت بنوسیت

من سوهێلا مەهەمی لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست لەدایکبووم, واتە باوکم شاعیرە و هەر لەکاتی منداڵیمدا بۆشەی جوان و دەقی جوان ئاشنابووم، دە؛ڕە بەم هەر لەمنداڵیمەوە گوێچکەم بەتێکستی ئەدەبی ئاودراوە بەتایبەت ئەو ساتانەی باوکم شیعری مامۆستایانی گۆرەی کوردی دەخوێندەوە دەبووە هەی خەیاڵاتی جوان لەمشکمدا.

بەردەبەردە قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کرد کەبەهەی ئەوەی زمانی زاڵ زمانی فارسی بوو لەناوەندەکانی خوێندندامنیش شیعرەکانم بەزمانی فارسی بوو, بەڵام هەر لەخوێوتی خەمدا بوو کەهێندەجار بەمامۆستایانی ئەدەبیات پێشانم دەدا وهیچکات هەوڵی بۆ کردنەویانم نەدەدا لەسەر کێش و سەروا و ئەوان باسمان دەکرد, بەڵام ماوەیەکی زۆر لە ئەدەب بەهەی هێندی کێشەی ژیان دواکەوتم .. ئەوەی بەهونەر و ئەدەبیات ئاشنا بێت دەزانێ ئەوانەی دەست بە قەڵەم دەبێن ئەستەم دەستبەرداری ئەو ڕێگا بن بەهۆ و تێکۆشانی خەم دەستم کرد بە فێربوونی زمانی کوردی و دەستم کرد بە نووسینی شیعر بەکوردی واتە بەزمانی دایک لەکێ و کەبوونەوە ئەدەبییەکاندا بەشداریم کردووە و زۆربەی شیعرەکانم لەگۆڤارەکانی ڕۆژهەڵات و هێندە ڕۆژنامەی باشوریش بۆ بووتەوە وەکوو ئەزموونی ئەوانم هەیە ئەستایش لە بواری کەمێناسی لەزانکەدا دەخوێنم و کەمێک شیعرەکم بەم زووانە لەچاپ دەدرێت.

تابلۆ پێیامی شۆکاران … سەروین دەروێش

زیاتر لە بیست نیگارکێش هەن، نەیانتوانی تابلۆی ژیانی خۆیان بێنگ بکەن لە پاش مائاوایی کردنیان لە ژیان نرخی یەک تابلۆ لە تابلۆکانیان گەیشت بە یەک ملیۆن دۆلار، کورد گوتەنی زیندو کوژی مردوو پەرست، وا دیارئاو دەردە هەر لەناو ئەمدا نیە، لەوانیە ئەم دیاریدەیە چەند هەکارێکی لە پشتەوە بێت، تابلۆکان بە تێپەڕبوونی کات وەک ئاسەوارێکی کۆن بناسرێن وەک پەرجوو دووبارە بوونەوەیان نەبێت، ئەمەش وا دەکات دەگمەن بەن و نرخیان بەرز بێتەوە، لە ئەنجامی ئەمە تابلۆکان بە تەمەنتر دەبن لە تەمەنی نیگارکێشەکە.

کلاد مۆنێت ٩٥ تابلۆی هەبوو، ئەگەست ئینوار خاوەنی ٧٩تابلۆ بوو، ئادگار دیگاس٣٤ تابلۆ، پۆل جەزانی٢٧تابلۆ وکامیل بیسارۆ ٢٦ ، هەنری مانیەس٢٥

و ٢٤تابلۆی ئەمیدەۆ مەدی گلیانی و٢٤تابلۆی ڤان کوخ لەردا تەنها ئاماژە بە تابلۆکانی ڤان کوخ دەکەم و بەداخەوە تا لەژیان بوو تەنها توانی بە بیست دۆلار یەک تابلۆ بفرۆشێت، لەکاتێکدا دوای کۆچ کردنی لەم ژیانە پڕ گاتە جاێە لە مەزادێکدا نرخی تابلۆ بەناو بانگەکەی (زنجیرە گوڵە بەفڕۆکان) بە چل ملیۆن دۆلار فرۆشرا، هەروەها ملیاردێری یابانی ریە سایتە تابلۆی (دکتۆر گاشە)ی بە هەشتاو سێ ملیۆن دۆلار کڕی و لە ئاسپاردێیەک دا داوای ئەوەی کرد لە دوای مردنی لەگەڵی بنێژرێت ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٦ سایتە مائاوایی لە ژیان کردوو لەو ساوە تابلۆکێش دیار نەما، تابلۆی (ئینجانە) بە شەست و یەک ملیۆن دۆلار فرۆشرا، لە ئاستیدا هەموو ئەوانە پێشکێک بوو بە ئەوەی بتوانم وەڵامی پرسیارێک وەرگرم کە مەشکمی جێنجاڵ کردبوو، لە کەمەڵێک نیگار کێشی دەست و پێنجە ئەفسوناوی بەناوبانگ کە جوانی و سەزو نەستیان لە ناخیانەوە گواستەوە بە سەر تابلۆکانیان بە گەیشتن بە ئیستاتیکا و کەمال…

پرسیارم لەم هونەرمەندە ناوازانە ئەوبوو:
بە بۆیارتان دا ببن بە ئارتەست و هەست بە چی دەکەن لەکاتی وێنە کێشان؟

ئاراس کەریم دەڵێ:

هونە ر زەر گە ورە یە، من لە و باوەدام هونە ر لە ناخی مرۆڤ کانە، هە ڤقواوی ناخ و دە رون و حە زکی تایبەتە، هە رکە س بە جۆرێک کاردە کات، بە پێی تە مە ن و ڕە گە زیش کە سە کان ناخی خەیان دە ر ئە بڕن لە پیشاندانی تابلۆکانیان جا بە هە ر جۆرێک بێت، وەزەر جاریش هەکار هە یە تا بتگە یەنێ بە و ئاواتە، من کاتێک وێنەیەک دەکێشم پە دە بم لە و خە یاڵە ی لە ناخمدا دروست ئە بێت، وە زەر شتی تر هە ن کە یارمە تیم ئەدەن لە کاتی وێنە کێشاندا بە نمونە زەر جار تە نهایی وانە یە کی باشت پێ ئە بە خشێ یاخود ئەو میوزیکەی کە تە پڕت خۆشە ئە بێت بە هاندەر.

جالە سەیفەدین:

سەروین خان وێنە کێشان دەربارەی هەروک چۆن جەنابت هەستەکانت لە نوسینەکانت دەردەبڕیت،ڕەنگبە ئەمە لەجیاتی ئەو زمانی ئاخاوتنە بە فرچە و قەڵەمەکانمان و تەنی ڕەنگەکان بدوێین

ڕەسول ئەحمەد:

وێنەکێشان لای من گەڵانێ بە دوای جوانیی و مشتوماڵ کردنی هەستی جوانییە کە وێنەیەک دەکێشم دوای وێنەکێشان زیاتر هەست بە جوانیی ڕەنگ و هەڵەکان دەکەم کەواتە هونەر تاودان و بەهەز کردنی هەستەکانە .

هەشمەند موفەق:

بەڵێ وەبەری کوردش ئارت گروپە دەڵێ:
هونەرمەندبوون زەر ئاسانە.. لەگەڵ ئەوەشدا زەر قورسە…
ئەتوانی بە هەوەدان ببیتە هونەرمەند بەمەرجێ ڕەحی هونەری لە دەتا بوونی..
وە زەر قورسە لەبەر ئەوەی ئەبێ لەهەموو لایەنکەوە قوربانی بە بدەیت.....
ڕەسم کردن هەستکی زەر خۆشی هەیە لەهەمان کاتدا هەستکی زەر ناخۆشی هەیە،بەنمونە کاتێ وێنە ئەکێشی لەهەموو کەس زیاتر هەست بە جوانی و بەهای شتەکان ئەکەیت و بەشوێکی جیاوازتر لە خۆکی ناسکی و ڕەنگ و شێوە و فۆڕمی شتەکان هەست پێ ئەکەی ...
بەڵام زەریش ناخۆشە لەبەر ئەوەی لەزەر خۆک زیاتر هەست بە حەقیقەتەکان ئەکەی.. چۆن جوانیەکان ئەبینی بەهەمان شێوە ناشرینی

و ناخۆشی و نەهامەتیەکان ئەبینی. لەخۆکی زیاتر هەست بە موعانات ئەکەیت و لە خۆکی زیاتر ئازارەکانت دوور و قوڵ ئەبنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا وێنەکێشان نیشاندانی هەموو جوانیەکان و هەست و سۆزە، ئێشتوانم بڵێیم بەمن وێنەکێشان مانای بەردەوامی ژیانە.

ئاڤان ئەبوو بەکر:

کێشانی وێنە بەهرەیە و ئەوێش وادەکات خۆشویستیم بە هونەر دروست ببێت و هەوڵی بە بدەم و ناتوانم وازی لێبهێنم وێنە کێشان وام لە ئەکات تەنیا بم ئەو کاتانەی خەریکی کێشانی تابلۆیەک دەبم لە دونیا دوور دەکەوموە ،هەموو هەستەکانم تەکەڵە بە ڕەنگ ئەکات و دەخۆشم ئەکات.

پەسەند. ج .جەلال:

کاتێک دەخۆش بم وێنە دەکێشم،کاتێک بەدەنگ بم وێنە دەکێشم کە دەگریم وێنە دەکێشم حەز بە ڕەنگ کردن دەکەم.

ساڤان:

هەموو مرۆڤێک هونەر مەندە قسەم و فرچەو کاغەز بخە بەردەم هەر منداڵێک پێیەوە مەشغوڵ دەبێت ئەوانەی کە ئەبن بە هونەر مەند ئەوانەن کە ئەو حەزە منداڵیان نامرێت و ئەوانەی لە تەمەنێکی گەورە دەست پێ دەکەن ئەو حەزیان تەدا زیندو دەبێتەوە وێنە کێشان بە من خاڵی کردنەوەی ئەو وزەیەی کە کە ناخمدا هەیەو دەربڕینی ئەو هەستانەیە کە نایەتە گۆ وە گۆیاندنی بیرکەیەکە بە شێوەی بینراو هیوادارم هەموو مرۆڤێک جارێک لە هونەر بکات بە خولیا چونکە هونەر پێویستە بە مرۆڤ بوونەوە، پێش هەر شتێکی تر.

میوان مەولوود هونەری وێنە کێشان ئەو حەزیە کە ناخ و کەسایەتی وهەر پەیامێک کە هونەر مەندەکە پێیەتی و دەتوانێت بیگەیەنێت کە زەر جار ناتوانێت بە قسە کردن یان بە کردار دەری ببڕێت وە هونەر مەند دەتوانێت لە ڕێگای نیگارکانەوە بە بیگەیەنێت...

ڕێناس موراد:

ەموی چەن مانگێکە دەستم کردوە بە وێنە کێشان بەڵام تاکە شتە کە لەگەڵیا ئاسودەم کە دەست بە وێنەکێشان ئەکەم ئەمە ناو دنیایەکی

تر

ژان عومەر:

من وەك خودی خۆم لە منداڵیە وە حەزی وینە کیشانم هەر هەبوو . بۆیە ئێو حەزەکانم گەورە بوو زیاتر ئارەزوی فیربونم دەکرد و زیاتر هەوڵدەدەم ناخی کارەکان بە چەندین کاتژمێر خەریکی وینە کردن دەبم بە بێ ئەوەی هەست بە ماندی بون بکەم وەهەستێشتنی کات بکەم
وینە کردن بوەتە بە شێکی زۆر لە ژیانم کە هەمیشە ئارامیم پێدەبەخشێ وینە کردن لە لام بووەتە زمانی گفتوگۆ کە بۆ هەڵوێستەکانمەوە دە توانم باسی خۆشی و ناخۆشیەکانم بکەم.

عەلی میم یوسف:

لەم کارەی نەخشاندنووونیگارکێشیدا مرۆڤ زۆر جار ئەوە بەدەست دێنێ کەلە قەناعەکانی بۆچی ماوە بەدەستی نەهێناوە
وە بەدیوێکی تریش مرۆڤ کەسایەتی دووەمی خۆی دەدەزێنێتەوە بۆ کارەهونەرییەکەی وە کەسایەتیە کانی تر لە بوارەکانیتر شتێکی ترە.
دەربەینی ئەو هونەرمەندانە بە هونەرەکەیان کاریگەری زۆری لەسەرم جێهێشت تێگەیشتم کە هەر شۆڕشگێرێک لە پێنجەرەیەکەوە دەیوانێتە ئەم جیهانە فراوانە،ئەوان بە رامبەر بۆچوانی خەیان بەدەستەوە دەدەن و لەگەڵ ئەوشدا براون،وەک ئەوەی لە شێک بە دەاوی بگەڕێنەوە بۆ بەام بە وانەو حیکمەتێکەوە…

بەرەو خەیاڵێکی جوان بڕۆ دەکەون،
کاتێک پەیامی ئەو بەهرەمەندانە لە کارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە تەدەگەین کە هونەر پەروەردەکردنی هەست و جوانی و خەیاڵە…
وەک چۆن هەمیشە دوای خواردنەوەی قاوە چیرۆکێک لە فینجان بە جێدەمینێ، هونەرمەندی شۆڕشگاریش لە تابلۆکانیان سەربردەو گەڕانەوەو نهێنیەکان لە نیگارەکانیان نیشانەی پرسیار بە ئەمەی خولیای جوانی بۆچی دەهەژن.

سەروین دەروێش

گمەگمی شەو … کەژاڵ ءەلی

لە دیوەخان
لە مزگەوت
لە سەنگەر
لەسەر کورسی،
لەهەر کوێ؛
هەمیشە شەو.

،هەمیلی تفەنگێك دەنمەوە
؛فیشەکێك دەنەمە بەر ئاشتی،
فیشەك فرمیسکی تفە نگە بە کەتری برین.

ە،تفە نگێك دەەسم
ەلوولەکەی دەنەمە سەر نەرمەی ەانی با؛
ەبا بایدا،
ەتفە نگ تە شی بە رخودانە بۆ یاخی بوون.

ە،قە وانێك بەتاڵ دەکەمەوە لە مانا،
ەپەی دەکەم لە کلتووری خەشویستی؛
بە هەمیشە ،
بە داهاتوو.

ەدە سرەژێك دەهۆنمە وە
هەر دنکەی لە یاقووتی زامێك،
ەدە یکە م بە ملوانکە یەکی درەژ درەژ؛
ەبە ئازادی..

کەژاڵ ءەلی

ئەم شەعرانەم خوەندەوە … لەتیف

بەوار

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە وتەیەکی نەجات نوری بکەم دەربارەی هەکاری وەرانبوونی شیعری هاوچەرخی کوردی لە وتەیەکدا دەڵێت: (وەکو چۆن سانێك لەمەوبەر دەیان کەس خوویان دابووە شیعر نووسین، بەبێ هیچ بنەمایەکی ئەدەبی سەدان شیعری خراپ و ناکامڵیان خستە بەردەم خوێنەران، ئەم گروپە خۆیان لێبووە بە پاڵەوان و گوێیان بە هیچ کەس نەدەدا و ئاوڕکیان لە رەخنە و ئەو قسەوباسانە نەدەدایەوە کە دەربارەی شیعرەکانیان دەکرا، تا بوونە هەکاری داڕزانی شیعر و سەدان خوێنەریان لە شیعر تێران و دوورخستەوە).

ئەمە حەقیقەتێکەو ئەوانەی موتابەعەی دنیای وێران و شڵەوی ئەدەبیاتی کوردی بکەن بە ڕوونی هەستی پێدەکەن، بەڵام ئەی چی بێین سەبارەت ئەو شاعیرانەی یان هەر لە بازنە کۆنەکانی شیعری خۆیاندا دەخولێنەوەو وەختانێك خوێنەرانێکیان هەبووە؟

دەبێ ئەوەش بگوترێت کە محەمەد عومەر عوسمان زۆر بوێرانە و وەك ئارسەر رامبۆ دوای ئەوەی زانی ئەوەی پێی بوو بێ شیعر وتی و ئیتر هیچی تری نەنووسی، چونکە نەیویست لە بەهای ئەو جوانی و داهێنان و شەوازە دانسقەی خۆی دابەزێنێت.

بەڵام هەندێك جار شاعیرانێك هەن هەر دەبێت بنووسن و نایانەوێت لە جۆرەی شیعریی بوەستن ئەگەر ئەو جۆرانەش لە بەهای کارە پێشووەکانیان کەم بکاتەوەو دابەزێنێت، خۆ شیعر وەك وتاری ڕۆژنامەگەری نییە کە پێنووست بەدەستەوەگرت یەکسەر بنووسیت، بەکو زەمینەو خەیاڵ و سوبێکت و ئیلهام و کاتی دیاری کراوی گیان و خەیاڵ دەخوازێت.

کاتێك بێ نموونە باسی شیعرەکانی ئێستای جەلال بەرزنجی دەکەین حەماسەتی کەسانێك دەجوڵێت و دەڵێن ئەو سەردەمانێك جێی ئیلهامی ئێمە بووەو شیعری جوانی نووسیوە، هاوڕاتانم بەڵام ئێمە ئێستا باسی ئەو کاتە ناکەین، لەسەر کارەکانی ئەم دواییەی دەوەستین کە چۆن زمان تیایدا سادە دەبێتەوەو زۆر لە خۆکردنی پێوە دیار دەبێت بێ دەربڕین، کە بەدەر لە هەوڵی جوانکاریی زمان و هونەرەکانی شیعرو نوێبوونەی وێنەی نایابی شیعریی دەنووسێت.

با دیقەت بدەین لە((نێ شیعری کورت...)ی ئەم شاعیرەو ببینین چۆن زمانی ڕۆژانە زاڵ دەبێت بەسەر بابەتە سواوەکانی ناو کۆمەڵگاداو دوور دەکەوێتەوە لە زمانی باڵای شیعر:

.....

کاکی سیاسیش،

هەروا لەسەر پشتی، نەتەوەیەکی دابەش بوو
لە ئاشی حزب لە دەکات
.....
ئەمە وەڵامی ئەوەی کە زمانێکی سادەی نێو خەڵکە، هەرواش بابەتێکی کۆنی وتارەکانی ساڵانی نەوەدەکانە نەك زمانی شیعری پێ ئیستاتیکاو داهێنان و نوێبوونەوە، ئایا شاعیر تاقەتی خەماندووکردنی نەبووە بۆ دۆزینەوەی خوازەی نوێ بۆ دەربڕین؟ یان لەسەردەمی خۆرادا ئەو دروشمە لە میدیاکان و لای نووسەران پەیەو دەکرێت کە دەڵێت (وتەی خوت بڵێ و بڵێ).
یان لە کێپلەیەکی تردا زۆر سادە ئاوات بە بستێ زەوی دەخوازێت و ناوی شیعری بەسەردا دەبڕێت و دەڵێت:
.....
بۆ سەروەری،
لە سەر پارچە عاردێک بژیم
ئاوێ خوێنی باکیشم بووم
بردیێ ژەر گڵ
.....
نازانم وشەی (باکیشم) هەڵەی تایپە کە دەبوو (باوکیشم)بێت، یان مەبەستی لە وشەی (باك)ـە، وەک دەگوترێت (بۆ باك لە شتێك)، بە هەرحاڵ ئەم شێوازە لە دەربڕین و ئەو وشەسازییە رەق و یەکدیویەدا و بابەتە سواوانە هیچ خزمەت بە رەوتی خودی هەوڵەکانی شاعیر ناکەن لە کۆن و نوێدا.
*** *** ***
دووەم شیعر کە دەمەوێت لەسەری بوەستم ؛ شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی)یە، کە بە پێچەوانەی شیعرە کۆنەکانی شاعیر لەم شیعرەدا زۆر زمانێکی سادە بەکاردەهێنێت و هیچ لێکدانەوەیەکی تر لە پشت دالەکانی دەقەوە نییە جگە لەو مانا راستەوخۆیەی شاعیر لەم شیعرەدا کە(غەریبی شۆن دەکات)، کەواتە نامێ بوونەکە نابەرجەستە نییە، یان فیکریی نییە، ئەگەر جاران وێنە شیعرەکانی تازە بوون و بابەتەکان جیاوازو پێ جورئەت و سەرنجڕاکێش بوون، ئەوا لێرەدا زمان نزیك دەبێتەوە لە زمانی بەکارهێنانی رۆژانە، بۆ نموونە شاعیر لەوێ بیری خزم و کەسوکار دەکات و راستەوخۆ دەڵێت:
.....
لەم وڵاتە
بچکۆلانە، کاسبەدا
کە نازانێ دانیشتن و
سەیران و

تەمبەڵی چییە،
خزمم نییە..
.....
جارێکی تر بە زمانێکی ناشیعریی؛ بابەتی سیاسی تێکەڵی دەق دەبێت و تیایدا بەهای ئیستاتیکاو رەوانبێژی دەق بە هێند ناگیرێت و دەڵێت:
.....
وەاتی منیش مەلیکی هەبوو
خۆ ئەگەر چی
ئەو بێ تاج بوو
بێ دەولەت بوو
بەلام مەلیکی کوردستانی ناو بوو
ئەو شێخ مەحمەدی حەفید بوو
.....
لێرەدا بێ تێگەشتن و ڕاچوون بە قوڵایی دەقدا خوێنەر پێویستی بە خۆ ماندووکردن نییەو خۆی لەبەردەم هیچ پرسیارێکی دەسەوسانکارو تییمی تازەو دیوی شاراوەی دەق دا نابینێتەوە تا بڵێت ئەمە هەوڵێکی جیاوازی شاعیرەو توانیویەتی برەو بە شێوازو جیاکاریەکانی شێعری خۆی بدات لە ئێستادا ، ئەو راستەوخۆ دەریدەبڕیت و دەیڵێت کە:
بیری شێخی چڵی، ئەوەنی خانەقین، چاڤی لاند، ڕواسی قەندیل، پارکی ئازادی، باباگورگور، گێکەند، سەرچنار، هەناری هەڵەبجەو ....
دەکات و رانەهاتنی لە گەڵ دڵخی تازەدا وای لێدەکات بڵێت:
.....
لەم وەاتە ترش و تاڵ و مانەدا.
درەختی غەریبی هەر غەریبی دەگرێت.
.....
ئەمە ئەگەر هەر شتێک دەربخات ئەوەمان پێ دەڵێت کە چەندێك ڕازو ئاسوودەیی و مافەکان لە کلتووری یەکەمدا بێ هاوڕەگەزەکانی فەراهەم هاتبوون، کەچی گەر سەرنج لە دەقە کۆنەکانی شاعیر بدەین دەبینین بە پێچەوانەوە ئەو دەیەوێت هەبێت لەو ناڕەواییانەی گوشاری دەروونی ئادەمیزاد لەو ژینگەیەدا زیاتر دەکەن:
لە شیعری (بەرد باشترە) ئاوها دێتە دووان:
 .....
ئەمەوێ بەعەشق بڕۆم خودا حافیز
بەرد باشترێکە لەمرۆڤ
.....
هەروەها لە جێیەکی تریشدا دەڵێت:

.....
من دەبێ خۆم بسمیل بکەم
ئاوی دەریاکان دەڕژم بەسەر خۆما و
دەڵێم خوایە
وسڵی نیشتمانپەروەرییم دەردەکەم!
.....
لە کۆتایی ئەم بەشەدا حەز دەکەم ئاماژە بەو چاوپێکەوتنە ڕاشکاوەی شاعیر بکەم لە ڕۆژنامەی (ڕۆژان) کە چەند بابەتێکی جوان زەق دەکاتەوەو تیشك دەخاتە سەر هەندێك لە ڕاستییە کان ئەگەر تاڕیش بن بە نموونە تیایدا دەڵێت:
(شاعیر ئەبێ سەیری دڵی خوێنەرەکانی بکا و لە خۆی بپرسێ ئایا شێعرەکەم گەیشتووە؟ کە نەگەیشتووە خواحافیز، واز ئێهێنم لێم بوارێ، نە خۆم هیلاك ئەکەم و نە گوێگرەکانم).
هەروەها لە جێگایەکی تری هەمان چاوپێکەوتندا سەبارەت هەی ئاوەدانەوەیەکی باشی خوێنەران لە شیعرەکانی پێشووی دەڵێت:
(من هەمیشە لە خۆم ئەپرسم ئەوانەی کە شێعری منیان وەرگێڕاوە و لە شێعرم گوێ ئەگرن بە دوای چیا ئەگەڕێن؟ خۆ شاعیری لە من باشتر زۆر هەیە. لام وایە کە ئەوان بە دوای هەستی ژنانە ئەگەڕێن ئەگینا شاعیری زۆر ناسك خەیاڵتر و باشترمان زۆرە).
.....
سەیەم شیعر کە دەمەوێت لەسەری بووەستم شیعری (سەبەرەکەت پەیت کە)یە، باسم لەوە نییەڕ چۆن بابەتی ڕۆژنامەنووسی تاقەتی شیعریی ئەم شاعیرەی پروکاندووە، چۆن زمانی شیعریشی نزیك کردووەتەوە لە وتاری ڕۆژنامەگەریی، ئەوەی مەبەستمە بە شێوەیەکی شاوەی بە ناخی ئەم شیعرەدا ڕەبچین تا درۆکردنەوە ناپێویستە ئاسۆییەکانی بدۆزینەوە.
لە خوێندنەوەی وردی ئەم شیعرەدا درك بە نەبوونی ستراتیژییەتی بونیادی تێکمەی دەق دەکەین کە چۆن شاعیر تووشی تێکەڵکردن و گەڵانەوە بێ سەرەتاو لە سەرەتاش بێ کۆتایی بووە، چەندان دێڕ لەو شیعرەدا زیادن و هیچ خزمەت بە هونەری لایەنە شێعریەکان ناکەن، بگرە جارانێك زمان دەگۆڕێت بە زمانی وتاری ڕۆژنامەگەریی وەك ئەوەی شاعیر دەڵێت:
کەچی دەماغ بەرزەکان
هەموو شەوێك ئاهەنگ دەگێڕن/
ئەم شێوازە ڕاستەوخۆییەی دەربڕین ملی شیعر دەشکێنێت و سەرپێی مامەڵەی شاعیر لەگەڵ زاراوەکاندا دەردەخات لە کاتی خوێندنەوەدا، هەروەها بازدان لە سەبجێکت و وێنە شیعری جوداوە بێ یەکی تر بە

رووني پەلەپروسكەی شاعير بە تەواوكردنی ئەم شيعرەوە دەبينرێت، جگە لەوەی لە خۆ دووانی چەندان جارەی راستەوخۆ كەشی گشتی شيعرەكەی وێران كردووەو بە لابردنی هەمووشيان هيچ كاريگەرييەك لە شيعرەكەدا رووندادات، بگرە پوختەتری دەكات وەك ئەوانەی شاعير دەڵێت:

من ئێستا وەكو جاران نيم/

.....

واناكەم لە خەياڵمدا شتێك ون بێ

.....

من دەوڵەمەندترين ماڵم لە مێرانە

.....

هەروەها هەر بەو شێوەی دەقەكانی تری ئەم نووسينە، ئەم دەقەش بەرەو يەك ئاراستەيی مانا دەچێت و ئەوەی شاعير وا دەزانێت جياوازييەكەو گرێدانێكی مانايە بەس بەكارهێنانی وشەی (بە سێبەر) ە، كە بۆ كەسی مردوو بەكاردێت، بەڵام لە راستيدا ئەم هێمايە تازە نييەو لە ناوەڕاستەكانی سەدەی رابردووەوە لە فيلم و ڕۆمانەكاندا بەكارهاتووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زۆرێی بەكارهێنانی وشەی (سێبەر)ە لەم دەقەدا كە دەگاتە هەشت كەڕەت.

لێرەدا بيری وتارێكی ڕۆژنامەگەريی شاعيرم كەوتەوە كە لەم دواييەدا دەربارەی رەخنە خوێندمەوە و هەستمكرد لێی تێناگەم ، ئيتر ئايا لەبەرئەوەيە نەتوانراوە وەك پێويست خاڵی مەبەست دابەشكرێت و رووون بكرێتەوە؟ ياخود تەرجەمەی حەرفييە؟ يان هەر ئەوەندەيە تێگەيشتنی شاعير بۆ رەخنە كە لە وتاری (رەخنەو ئەويتر)دا دەربارەی رەخنە دەنووسێت : (بريتييە لە پشكنين و جياكردنەوە لە رووی تيۆرييەوە... رەخنە چەمكێكە بۆ هەر بابەت و چەمكێك لە هەموو بارەكاندا كە زياتر لە مانايەك رەهەندێك وەربگرێت و لە رەهايەتی دوور بخرێتەوە، ئەمەش بريتييە لە فشاری دوو لايەنەی هەموو هەرەمە كۆمەڵايەتييەكان لە سەر يەكتر، لە لايەكی ترەوە پاسيڤی گشتی و كورتبينييەكە لە دۆخێكدا كە درك بە ناجۆری بابەت دەكرێت كە حاڵەتی نيگەتيڤ دروستدەكات)

گەر زياتر لەم دەقە بدوێين، دەبينين بەركەوتنمان دەبێت بۆ هەڵەی زمان و ماناش بەم جۆرە:

1- لە وشەكانی كيشوەری ئاسيادا وشاتی زۆر پشكەوتووی تێدايە وەك يابان و چين و ماليزياو سنگافورە، هەروەها بەرەو گەشەكردنی تێدايە وەك ئەندەنوسياو كۆرياو وشاتەكانی كەنداو و ... هەروەها دواكەوتووشی تێدايە وەك بەنگلاديش و بۆرماو...تاد، كە هەموويان خاوەنی يەك كەلتورو جۆرە بيركردنەوە نين.

کەچی شاعیر گشتگیرییەك دەکات بۆ هەموو وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئاسیاو هەموو کەلتورەکان بەیەکچاو دەبینێت و دەیانکاتە رەمزی خۆدەرخستن و خۆ نمایشکردن، کە ئەمەش هەڵەیە و لەگەڵ واقیعدا یەکناگرێتەوە:

.....

ئەگەر وەکو ئاسیاییەکان
لە ڕۆژگیراندا نمایشی خۆم بکەم و خۆم بدوێنم
پرسیاری ناماقوڵ ناکەم لە مۆژووی خۆم

.....

2- هەڵەیەکی تری زمانیی لەم شیعرەدا ئەم دەڵەیە:

من هیچ موڵکێك شك نابەم جگە لەمانە/
ماڵێک بچووك و چەند کتێبکی بچووك و ...
مشتێ رازیانەی بچووك و چوارچێوەیەکی بچووك
یەك/ ڕازیانە خۆی بچووکە، ناکرێت بڵێین مشتێ ڕازیانەی بچووك،

بەکو دەبو بینوسیایە:

مشتێکی بچووك ڕازیانە

دوو/ لە ڕووی ماناو لۆژیکەوە وا لەگەڵ پەیامی ڕۆشنبیردا یەکی دەگرتەوە ئەگەر هەموو شتەکانی تری بچووك بوونایە، بەڵام دەبوو کتێبخانەو پەتووك و پێنووس و چاویلکەو شتەکانی تری زۆرو گەورە بوونایە.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوە بزانن تەنیا لە دیدگای شیعرەوە ئەم نووسینەم نووسیوەو هیچ کام لەو شاعیرە بەڕێزانەی لێرەدا لە شیعرەکانیان دواوم ناناسم و هیچ مەبەستێکی ترم نەبووە جگە لە خزمەتی خودی شیعر بەوەی لێی تێگەشتووم، ئیتر کاتیەتی هەموومان بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ نووسینەکاندا بکەین و بە دوای (ناو) نەکەوین، ئایا نووسەر ناودارە یان نا؟ گرنگ ناوەڕۆك و ڕەهەندەکانی نوێبوونەوەو داهێنانە.

من دەستخۆشی لە هەموو شاعیرەکان دەکەم و هیوادارم دوور لە عەقڵییەتی باو ؛ چەندایەتی واز لێبێنن و چۆنایەتی بڕەو پێبدەن، تا هیچ نەبێت ئاستی گەندەڵبوون لە بواری شیعردا دابەزێنین.

ئەم قسەیەش دەکەم نەدەبوو بمکردایە بەڵام لەبەر خوێنەری سادەو کەمئاست دەیڵێم کە ئەم نووسینە لە شکڵی هیچ شاعیرێك کەم ناکاتەوەو بە کەس ناڵێت کە شاعیر نییە، بەڵام قسەمان لەسەر خودی ئەم دەقانەیە، لە لایەکی تر ئەگەری هەیە هەر ئەو جۆرە لە خوێنەر بڵێن ئەی لە کێنەوە دوو ڕەوت نەبوون لە ناو شیعردا (شیعر بۆ ژیان) و (شیعر بۆ شیعر) دەی با ئەم شیعرانە وا دابنێن بۆ ژیانن، بۆیە زمانی سادەو ڕاستەوخۆیان بەکارهێناوەو زۆر ماندوو نەبوون بە

هونەرە شیعرییەکانەوە، منیش دەڵم؛ بەڵام لەو حاڵەتەدا تەمەنی شیعرەکان کورت دەبێت.
ئێستا گەشتوومەتە قەناعەتێك نزیك لە بڕچوونەکەی ئەرستۆ کە ئەو سەبارەت شارستانییەتەکان باس دەکات، بەڵام من تایبەتی دەکەم بە شیاعیرانەوە کە هەر ڕاست دەردەچێت ، ئەو دەڵێ :
شارستانییش وەك تەمەنی مرۆڤ بەرەو لاوازی و مردن دەچێت، وەك چۆن مرۆڤ سەرەتا منداڵەو پاشان هەرزەکارو دواتر گەنج و کامڵ و پاشان پیرو بێتواناو دواتریش دەمرێت.
جا ئەمە بۆ توانای شیعر نووسینی باشی شاعیرانیش هەر ڕاستە، زۆربەی شاعیران قۆناغێك بووە توانیویانە زۆر باش بنووسن، بەڵام زۆر کەم شاعیر هەن لە سەراپای ژیانیاندا بتوانن بە هەمان جوانی و بەرزی و توانای لوتکەیانەوە شیعر بنووسن.

جۆهەر نامیق سالم ئاوای وت: پێکەکە تیرۆریست نییە و مالکی شکری خوارد

هەرجارەو وتارێك لە ئەرشیفی دەنگکانەوە ... 11/2007
-

بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە کلیکی ئێرە بکەن ....

شۆڕشی شین یا سور: هێ

هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی ٢٠١٨... لایەن/ قارەمان مەمەند

هەڵبژاردنەکانی وەرزی ناوەڕاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- دەکرێ بە شۆڕشی شین یان سوور ناوبنرێ لەسەر بنەمانی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەوە. هەڵبژاردنەکە، بە ٣٥ ئەندامی سینات- ئەنجومەنی پیران، ٣٩ حاکمی ویلایەتەکان و ٤٣٥ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران. هەروەها لە کەی ٩٩ ئەنجومەنی یاسادان- نوێنەران و سینات لەسەرئاستی ویلایەتەکان ٨٩ دانیان هەدەبژێردرێنەوە، کە کەی هەمووی دەکاتە شەش هەزار و شەست و نە کورسی. هەروەها ١٥٧ پێژەی یاسایی لە ٣٤ ویلایەتدا دەخرێتە دەنگدانەوە، لە بوارەکانی باج، ماددە هەشبڕەکان، بیمەوی تەندروستی، پڕوگرامو مافە مەدەنی و سیاسیەکان و..هتد.

دیموکراتەکان دەیانەوێ کەنتڕۆڵی، سینات (ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا) بکەن، بە بەدەستهێنانی تەنها دوو کورسی تر بە ئەوەی ژمارەی کورسییەکانیان ببێت بە ٥١ کورسی، لە ڕووی مێژوویەوە لە ئەمریکا ڕووداوی ئەم زەحمەتە، چونکە چوارساڵە ئەو ڕوویناداوە و هەروەها کەماریەکان زەربەی کات سەرکەوتووبونە لەکەنترۆلکردنی سینات. دیموکراتەکان دەیانەوێ بە کەنتڕۆلکردنی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، ئاماژەی بە تەمپ لە ماوەی دوو کەتا ساڵی داهاتووی لە ئۆفیسەکەی دروست بکەن؛ چونکە ئەنجوومەنی پیرانی بە سەرکەی ئەمریکا زۆر گرینگە- لە پێسەی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوێدا، بە تایبەتی لە ڕەگای لیژنە گرینگەکانی، وەک لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکان و لیژنەی هەواگری – ئەم دوو لیژنەیە لە ئەستادا نزیکو هاریکاری تەمپن لە سیاسەتەکانیدا.

سەرەڕای هەموو ئەم ووردەکاری وپرسانەی کە هەڵبژاردنی بە دەکرێ لە سەرئاستی فیدڕالی و ویلایەتیکان و شارەکاندا، دواجار ئەم هەڵبژاردنە بە ڕیفراندەم لەسەر کارو ڕێژەی دەنگەکانی سەرکەی ئەمریاکا دادنرێ. هەروەک چۆن لە قوتابخانەکاندا خویندکاران هەڵسەندگاندن و تاقیکردنەوەی وەرزی و نیوەی ساڵیان بە ئەنجامەدەرێ، بەم چەشنە سەرکەی ئەمریکاش لەبەردەوم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە لە هەڵبژاردنەکانی وەرزی ناوەڕاستی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی ٢٠١٨دا.

ئەمریکییەکان، پێیان وایە کە کەمپەینگای ئەمریکی دووچاری کێشەیەکی قوڕ بووە و دابەاون لە یەکتری و کۆتونێتە ناو ململانێیەکی سیاسی و ڕاگەزی و چینایەتی وەها کە مەترسی لە سەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکانی ئەمریکا دروستکردووە. پرسە سیاسییەکان لە ئەنجامی ململانێی کەماری و دیموکراتەکان بە چڕ بەستن گەیشتووە. بەپێ هەموو پێشهاتەکان بەرەو ئاوەیە، کە ئەمریکییەکان زیاتربەلای دیموکراتەکان لەم هەڵبژاردنەکانی وەرزیەدا دەنگبەدەن، بە ئاراستەیی ئاوەی شەڕان لە واشینتەن دروستبکەن و تەکان بەر بە پێسەی سیاسی بدەن.
سەرەڕای ئاوەی لە کاتێکدا دەرفەتی کار هەشتا لە ئاستێکی بەرزدایەو ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە کە لە بەرژەوەندی هەموو چینەکان دایە.
لە ڕووی جۆگرافیەوە، دیموکراتەکان چاویان بەیوتە ئاوەی کە سەرجەم ئاو ٢٥ ناوچە کە لە ڕووی مەژووەوە کەماری بوون بەڵام دەنگیان بە هیلاری دا لە هەڵبژاردنی سەرکایەتی ساڵی ٢٠١٦، جارێکی تر دەنگ بدەنەوە بە دیموکراتەکان. هەروەها لە ناوچە دوورە دەست و شوێنکانی دوور لە سەنتەری شارە گەورەکان، ژمارەی ئافرەتی خوێندەوار و پێشکەوتن خواز بەهێزەیەکی بەرچاوە زیادیکردووە- ئاوان گرینگی بەو پرسانە دەدەن کە دیموکراتەکان کاری لەسەر دەکەن،وەک پەروەردە، کێبەرکان، پرسی لە باربردنی منداڵو بیمەی تەندروستی..هتد.

هەروەها ژمارەی ئاو ئافرەتانی لە هەموو ئاستەکانی فیدەالی و ویلایەتیەکان و شارەکاندا خەیان هەڵبژاردووە، ژمارەیەکی پەوانەیی و مەزنە لە ڕووی مەژووەوە، یەکەم جارە ئاوە ڕووبدا- ئەمە هەر لە قازانجی دیموکراتەکانە. چونکە بە یەکەم جار ڕاگەز و نەتاوەکانی تری ناو ئەمریکا ڕێژەیەکی بەرچاو لە نوێنەریان هەیە بە ئاو هەڵبژاردنە، بەتایبەتی دانیشتوانی ڕەشپێستەکان، لاتین، ئاسیایی- تەنانەت بەجۆرێک، چاوەڕواندەکرێ بە یەکەم جار خانمێکی موسڵمانی ئەمریکی ببێتە ئەندامی کۆنگرەس لە مەژووی ئەمریکا.
لە ئاهایە. جۆن کایسکی حاکمی ویلایەتەکە گەڕپانەکەی جێهێشتووە. لە تەکساس بیتەی دیموکرات بووە بە کابارێکی سەرەکی تەد کرۆز- بەهێزترین سیاسەتمەداری کەماریەکان لە ئەمریکادا، ئومێدی بردنەوەی لای دیموکراتەکان دروستکردووە- هەرچەندە لە ڕووی مەژووەوە، لە تەکساس، ئەمە مەحاڵە ڕووبدا. لە ویلایەتی ئیندیانا-

هەڵبژاردنەکان دوو کاژێر زووتر تەواودەبێ؛ دیموکراتەکان لە هەواڵی ئەو دان لەو ویلایەتەوە یەکەم تەپڵە سەرکەوتن لێبدەن.

لە پێنسلڤانیا، دیموکراتەکان لە هەوڵی بەدەستخستنی چوار تا شەش کورسیدان. هەروەها لە ویلایەتی نەوجەرسی بە ئومێدی بەدەستهێنانی چوار کورسی ترن. هەرچەندە لە ویلایەتی وسکانسن- کەماریيەکان زۆر بە هەزن لە ڕووی ڕیکخراوەی، پارە، دەنگ و چالاکی سیاسیەوە، بەڵام هێشتا چاوەڕێدەکرێ کە شتێکی چاوەڕوانەکراو ڕووبدا بە هەڵکشانی دەنگی دیموکراتەکان. سەرۆکی کاریگەری سکێت والکەری کەماری وحاکمی ویلایەتەکە لە سەر پرسی هەڵبژارن. لە ویلایەتی نیوهامشایەر، ململانییەکی سەخت هەیە لەنێوان کرێس پاپسی دیموکرات و ئێدی ئێدوارسی کەماری.

باوکم: کاک ئازاد، ئەمە مانگانەی ئەم مانگەتە.. دووبارەیانیش با دایکی منداڵەکانت بڵێن بۆ دووکانەکەم.. بۆ دەی خۆی جلوبەرگ بۆ تۆ و بۆ خۆی و بۆ هەرسێ منداڵەکەت هەڵبژێرێت.. ئەم نۆرەزەش میوانی ئەمان و پێکەوە دەچین بۆ سەیرانگای قەشقەڵی.
کاک ئازاد، لە خۆشیا قسەی بۆ ناکرا.. هەستا و بۆ باوەشی بۆ باوکمدا کرد.. زۆر سوپاسی کرد.. ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆیشت.
منیش چووم باوەشم بۆ باوکمدا کرد و تۆر ئەملاو و ئەولایم ماچکرد و وتم: بابۆ گیان تەمەن زیاتر لە سەد ساڵ بێت.. چەند دەی کاک ئازادت خۆشکرد.. هەندەش دەی منت خۆشکرد.. چونکۆ کزەیی و خەمباری قەشەنگی هاوڕێم، خەمکی گەورەبوون.
بۆ بۆیانی کۆ چووم بۆ قوتابخانە، بینیم قەشەنگ لە بەردەم دەرگای قوتابخانەکەماندا وەستاوە و چاوەڕێی منی دەکرد.. کۆ منی بینی رای کرد و باوەشی لێدام.. چاوەکانیشی پەبەوون لە ئەسرین.. وامزانی کۆ دەگری: قەشەنگ گیان بۆ دەگری؟
قەشەنگ: لە خۆشیا دەگریم، ئەمە ئەمشەو لە خۆشیا کەسمان خەومان لێنەکەوتووە، دایکم زیاتر لە پانزە رکات نوێژی کرد و نزای خێری بۆ کردن.. ئەمەتان رزگارکرد.
ئەمساڵ من و قەشەنگ، لە پێلی شەشەم داین، زیاتر لە هاوڕێ، خەمان بۆ خوشکی دەسەز و شیرینی یەکتری دەزانین.

ڕەزا شوان:
نۆرویج : ٤ی/ نۆڤەمبەر/ ٢٠١٨

ژینگۆ پارێزم ... ڕەستەم خامۆش

ژینگۆ پارێـــــزم دەســـــزی خاکم
پەروەردەی دەستی سۆ کەسی پاکم
ئاوانیش دایـــو بابـــو مامـــستا
هەر سەکیان بـــ من ووناکن ئەستا

ژینگۆ پارێـــــزم شەیدای سروشتم
پـــاک و خاوێـــنم جـــوانـــ ڕەوشتم
شـــارم پیس ناکەم بەزبـ و خاشاک
لـــ نـو دەمـایـــ خۆشویستی خاک

ژینگۆ پارێـــــزم مـــن جوانیم دەو
من دەستی ژینم شارم خۆش دەو
وەاتی شیرین کوردستانـــی خـــم
خۆشـویستـ لام نیشتمانـــی خـــم

ڕەستەم خامۆش

دانیـــل دیفیـــرت و چـــارەکەسەدەیەک لـــە پـــاڵ فۆکـ دا ... دیدار مەسیفی

لـ ئەرشیفی دەنگۆکانەو
٢٠٠٧-١١-٤
_____

ڕە

هەر کاتێک ناوی پەتای ئەیدز دێت ڕێ و ناوی ئەو پیاوە بە ویقارەشی لە تەکدا دەنوسرێت کە تەمەنیکی درێژی لە وەستان لە بەرامبەر ئەم ترسە جیهانیە تەرخان کردووە و چەندین ریکخراوی جیهانی پێکهێناوە. ئەو پیاوە ئەفەندییە ژیرەی کە لەوانەیە لای زۆرینەی خەڵک تەنها بە گوێگرتن لە ووشەی ئەیدز و زانینیان بەم پەیوەندیەێ درێژەی کە لەگەڵ فۆکێدا هەیبووە، ئەو نموونەیەکیش بێت بۆ بڕشەرمی و سەرلێشێواني ئینسانی بیرمەند.

ئەو پرۆفیسۆرە کۆمەڵناسەێ بە ویقارە لە تەمەنێکی زوودا دەستی دا کتێب و بە باڵای پلە ئەکادیمییەکاندا هەڵگەڕا، بەڵام سەرباری ئەم هەموو کار و کردەوەێ گەورەانەی کە لە تەمەنیدا ئەنجامی داون، ئەو زۆر کەم خەم و کەم تەرخەم بووە لە خۆبەدەرخستن لە چاو ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە باکوری ئەفریقیا و ڕۆژهەاتی ناوەڕاستدا کار و کتێبەکانی دەستە خۆشەویستەکەی ئەویان سانسۆر کراو وەردەگێڕا سەر زمانەکانی خۆیان وە یان ئەوانەی نوسینەکانی فۆکۆیان بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی دەخوێندەوە و لە کۆ و کۆبوونەوە و نوسینەکاندا ناوی فۆکۆ ببوو بە وێردی سەر زوبانیان. ئەوان هەموویان لە دانیێل دیفیرت گەرمتر و زیاتر لە قسە کردن و جل لەبەرکردن و لە وەستان لە بەردەم کامیرادا خۆیان وەک فۆکۆ نیشان دەدا. بۆئەوەی هیچیان شێلگیرانە بە نزیک سنووڕک دا بچن کە فۆکۆ لە سەریدا تاق و تەنیا بە سەر و قوونی ڕووتەوە جوێنی بە هەر شتێک دەدا کە ناوی دسپلین و دەسەاتە!

دانیێل دیفیرت لە تەمەنێکی گەنجدا ببوە دەستی فۆکۆ و بەتەمەن دە ساڵ لە ئەو بچووکتر بوو، بەڵام ئەو هەر لە سەرەتاوە بەر لەوەی ببێت بەم پیاوە بە ویقارە کەسێکی گورج و شۆشگێڕ بوو و کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەکانی فۆکۆ دانا. بۆیە لەوانەبوو ئەگەر دیفیرت لە ژیانی فۆکۆ دا نەبووایە، کتێبەکانی ئەو کەمتر بۆنی شۆش و ریفۆمیان لێدەهات. هەروەها فۆکۆ لە بوونی دیفیرت لە پاێیدا وەک پاڵەوانێکی سەر پەتی سێرک هەردەم هەستی بە لەنگەرگرتنێکی زیاتر دەکرد بە تایبەت کاتێک دووچاری ڕەخنەی تووند دەبووەوە لە لایەن فەیلەسوفانی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر وەک سارتەر و دێ پۆڤوار و ئالتوسیر، یان ئەوانەی بیرمەندی راستڕەو بوون و تیورەکانی فۆکۆیان لەسەر شۆرشی ئیسلامی ئێران کردبووە چەکی گەورە بۆ ئەوەی بچن بە گژ هەموو لێکدانەوەکانی دیکەی فۆکۆ کە سەبارەت داپۆسین و دەسەات و سێکس هەیبوون.

دانیێل دیفیرت هەردەم لە پاێ دەستەکەی دا دەوەستا کاتێک دژ بە

فکر و رەخنەگرانی دەچوون روو پەڕی رۆژنامە فەرەنسییەکانیان بە هەواڵێک دادەپۆشی کە گەورەترین پارادۆکسە لە ژیانی ئەو فەیلەسوفە سەر رووتە. لە هەر وەستانێکی ئەودا لە بەرگری گەلان ئەوان دەچوون دانیشتەکەی فکریان دەهێناوە گۆڕی کە لەگەڵ خومەینیدا کردبووی ئەو کاتەی لە پاریس پەنابەر بوو، وە هەردەم بە رەخنە فکریان سەرکۆنە دەکرد کاتێک ئەو شۆرشەی ئەو رۆژگارێک بەرگری لێکردبوو لە دەسەڵاتدا بە دەرزەن چەپ و کورد لە سێدارە دەدات. ئەوان فکریان بەوە تاوانبار دەکرد کەوا هاوسۆزی ئیسلامە.

بەر لەم تەنگژەیەشدا لە ژیانی فکر، دانیێل دیفیرت هەرگیز هاوپشتی و هاوسۆزی دە ساڵ پێشووتری فکری لە یاد نەدەچوەوە کاتێک پێستی سەرێک بەشی فەلسەفە لە زانکۆی کلیمنت-فیرراند لەبەر ئەو جێدەهێڵت بۆ ئەوەی دواتر کوردی ئاسا دوای شاگردەکەی کەوێت.

لە تونس سێ ساڵ پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، دیفیرت لە زانکۆ دەرس دەڵێتەوە و فکرەش هەموو کاتی بۆ نوسینێک تەرخان دەکات بە ناوی ئەرکیەلژیای مەعریفەت.

دانیێل دیفیرت بە درۆژایی ئەو چارەکە سەدەیەی کە لە پاڵ ناودارترین فەیلەسوفی سەردەم ژیا، بۆ ئارەزووێکی ناپەسند ئامادەبوو هەموو تواناکانی خۆی بخاتە پەراوێز و لە سێبەردا گەورەترین خزمەت بە دەست و خۆشەویستەکەی میشێل فکر بکات. دواتریش کاتێک دەبینێت دەستەکەی لە بەر چاوی ئەو دەبێتە قوربانی نەخۆشیێک کە سەرەڕای ئەوەی مەرگێکی مسۆگەری بە دواوەیە، بریتیە لە کابوسێکی پێ لە شەرمەزاریش، بە تایبەت ئەو سەردەمی کە فکری تێدا مرد، دانیێل دیفیرت چۆن تەواوی ژیانی خۆی بۆ فکر تەرخان کرد کە لە ژیاندا بوو، دوایی مەرگی ئەویش بەر لە هەموو کەسێک چوو لە بەرامبەر ئەم پەتا جیهانیە هەنووکەیەدا وەستا و هەستا بە پکهێنانی یەکەمین رکخراو لە جیهاندا بۆ بنبڕ کردنی ئەیدز. دانیێل دیفیرت هشتا لە ژیاندایە و تاوەکو ئێستاش کەسێکی کارایە لەم بوارەدا، هەر کاتێک باس لە ئەیدز بکرێت ئەو یەکەمین کەسە پرسی پێدەکرێت ئەوەی لێرەش لە دواییدا بۆ ئەو نوسینە دەمینێتەوە ئەوەیە کە ئایا کاتێک رۆشنبیر باس لە فکر دەکات، دەبێت چۆن باس لە پەیوەندییە نەخوازراوە بکات کە ئەو بۆ چارەکە سەدەیەک لەگەڵ دانیێل دیفیرتدا هەیبووە، وە یان چۆن ووتە زیندووەکانی دەستە سەر رووت و مردووەکەی ئەو بخوێنێتەوە کە دەڵێت "دەبێت لە یەک کاتدا هەم رەچاوی سکسی بۆ سنوور، و هەم رەچاوی دەسەڵاتی بۆ پادشا بکەین"!

دیدار مەسیفی

dmasifi289@yahoo.ca

شیعری باوەشکەکانی مژوو- نەژاد عەزیز سورمێ ... ئازاد گەلاەیی

چ کاتێك شیعری هەوەستدار لە شاعیر وەردەگیرێت، شیعر یا بەری واقیعێکی ترسناکە. یا بەری خەیاڵێکی بە پیتە ئەگەر شاعیر لە بەری خەیاڵ کاریکرد. ئەوا بێ هیچ بەڵێ و نەخێرێك ئاراستەکەی بەرەو ناخی خۆی دەبات و خوێنەر یا ئەوی دی بۆی نییە لەگەڵی بکەوێتە گفتوگۆ و مشتومڕی لێپرسینەوەوە.
لەبەر ئەوەی خەیاڵی خۆی سەرومێ لە شیعرەکەدا تەوزیف کردووە و وەك سەرەتاو کۆتایی لەسەری وەستاوە ئەمەش زیاتر ئەو شاعیرانە بەری دەچنن کە کار لە تەسسەوف و ئەشقی فەردی دەکەن. بەڵام ئەگەر شاعیر هاتوو کاری لە کارەساتێکی چارەنووسسازی نەتەوەیەك، واتە گشتی کرد ئەوا بێ هیچ بەڵێ و نەخێرێك خوێنەریش دێتە ناوەوەو بەرپرسیاریێتی لە شاعیر دەوێ.

شەی بەرنەفرەت کەوتووی براکوژی نێوان یەکێتی و پارتی ێوودواوێکی ئێجگار قێزەونی نێوان ئەم دووبارە سیاسییەو تەواوی مژووی کوردەو شیعریشی بێ نووسراوە.
هەندێك لە شاعیران دووربەدوور وەك بەرپرسیاریییەتێکی نەتەوەیی و برینێکی خوێن لەبەرڵێیی لێی دواون و شەیان وەك مەبدەئێکی مرۆقایەتی تاوانبار کردووە. لەم هەوەستەدا شیعری هەوەستدا لە شاعیری بەرپرسیار وەردەگیرێت.
لەم دوو هێزەدا دوو سەرکردە فەرمانی ئاراستەکانی شەیان لێوەردەگیرا. بەرێزان (مام جەلال تاەبانی و کاك مەسعود بارزانی) بوون.

شاعیر (نەژاد عەزیز سورمێ) کە شیعری (باوەشکەکانی مژوو)ی

نووسیوه، شیعرێکه بۆزاری لە شەڕ دەربڕیوەو سەرەکانی شەڕی تاوانبارکردووە. ناشکرێ وەك لایەنگرێك وەربگیرێت، چونکە ووی دەمی لە گشتییە. بە حەسرەت و دادەوە هاواری خوێنی گەرمی کوژراوانی لە هەڵدەستێت.
شاعیر ئەو کاتەی ئەو شیعرەی نووسیوە. سکرتێری رۆژنامەوانی بەڕێز (کاك مەسعود بارزانی) بووە، لە یەك شوێن لەگەڵی ژیاوەو دەژیا، هەموو فەرمانێکی لێوەردەگرت. دەبوو سات لە دوای سات دەنگوباسی بەرەکانی شەڕ سەرکەوتن یا شکستی لایەك لە لایەکان وەك هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی بە کەسی مەبەست بگەیەنێ لەگەڵ هەواڵ گەیاندنداشیعری (باوەشکەکانی مۆژوو)ی نووسیوە.

ئەم جۆرە شیعرە بە هیچ جۆرێك لە شاعیر وەرناگیرێت لەم جێگا هەستیارەدا شیعری لەم جۆرە، یانی (دووفاقی). ئەو کاتە وەك شیعرێکی ڕەسەن لە شاعیر وەردەگیرا. ئەگەر لە ژووری بیاردان و بەردەوامبوونی شەڕ بهاتبایە دەرەوەو دەرگای لە دوای خۆی بە تووندی دابخستبووایە و موچەی موفتو زۆر شتی تری بخستبووایە ژێر پێی شیعری ڕەسەنەوە. لەم کردارەدا شیعرەکەی لێوەردەگیرا.
شیعری (باوەشکەکانی مۆژوو) شیعری (دووفاقی)یە. شیعری هەڵوەستدار نییەو مانەوەو چینەکردنە لەسەر خەزێنە.
شاعیری ڕەسەن دەبێ شیعر شەهیدی بکات. شاعیرانی ملکەچی دەسەڵاتیش هێندەی گردێکە یەکیش دیوان چاپ بکەن مۆژوو وەریانناگرێت و دەستەوئەژنێ دەمێننەوە، هیچ شتێکیش لە خوێنەر ناشاردرێتەوە.

3/11/2018

پڕوردکردنی منداڵان بۆ ئازایەتی ئەدەبی … ڕزا شوان

بەگومان هەموو دایکان و باوکان ئاواتخوازی ئەوەن، کە منداڵەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا، ئازا و بوێر و دڵڕبن، بەوا و متمانەیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت؛ بە ئەوپەڕی ئازادی و ئازایەتیشەوە، بێ بێ ترس و شەرم، گوزارشت لە هزر و لە

راو لە راز و نیازە پاکەکانیان و لە بەچوونەکانی خۆیان بکەن.

ئازایەتی ئەدەبی، خەستەتەکی گرنگ و جوانە لە خەستەتە ئەرێنییەکانی هەر مرۆڤێک. خەستەتەکی زۆر پێویستە و بەشێکی سەرەکییە لە سیمای کەسایەتی مرۆڤ، بەڵکو بە بەبەشتی بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێز و هاوسەنگ و ڕۆشت ئاسایی دەزانرێت.
لەم پێودانگەوە، پێویستە لەسەر دایکان و باوکانی خۆشەویست، هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانیان لەسەر ئەم خەستەتە گرنگ و پێویستییە رابهێنن و پەروەردەیان بکەن. تا لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی داهاتوویاندا، بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بەسەر ترس و شەرم و دوودڵی زاڵبن، تا بە ئۆپەڕەی ئازایەتی و بوێرییەوە ڕووبەڕووی ئاڵۆز کێشە و هەڵوەست و بەرەنگاریانە ببنەوە کە دێنە ڕێیان. ئازادانە و ئازایەتییانە بیاری ڕاست و دروست بدەن، بە دامان و ڕامان گوزارشت لە بیرەکانیان بکەن.

ئازایەتی ئەدەبی، کارەکی هاوسەنگە، پێوەندییەکی تەکەنگی و بەهێزی لەگەڵ ئازایەتی جەستەییدا هەیە.. بەڵکو هەردووکیان بە تەواکەری یەکتری دادەنرێن.
ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، ئەوەیە کە بەوایان بە خۆیان هەبێت، ئازا و بوێربن، بە ئازایەتی و بە وردبەرزییەوە، بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و دانایەوە، بڕپەچی هەر هەڵوەستەکی دژوار و نەرێنی بدەنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.. سەرسەختانەش داکەکی لە باوەڕەکانیان و لە مافەکانیان بکەن و سازشیان لەسەرنەکەن، ملکەچی ڕای سەپێنراوی کەسانی تریش نەبن.

پێویستە ئەوەش بزانین، کە ئازایەتی ئەدەبی، ملهەوڕی و لەخۆبایی و خۆسەپاندن و هەمیشە خۆبەڕاست زانین ناگەیەنێت. پێویستە ئازایەتییەکی گونجاوبێت، هەڵە نەکەن و سنوور نەبەزێنن و هەستی کەسانی تر بریندارنەکەن و پشڵی ئازادی و مافەکانیشیان نەکەن، ڕێزیان بە دابنێن و بە کەمیان نەزانن.. ئازایەتی ئەدەبی، ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕاستی ڕاستییەکاندا، کەلەقی و نکووڵی بنوێنن، تەنیا هەر قسە و ڕا و بیرەکانی خۆیان بە ڕاست و دروست بزانن. ڕاو و بیرەکە جیاوازەکانی کەسانی تر ڕێتبکەنەوە.
ئازایەتی ئەدەبی تا ڕادەیەک خەستەتەکی بەماویە، لە هەمان کاتیشدا خەستەتەکی وەرگیراوە. منداڵان لە دایکان و باوکان و لە کەسانی ترەوە ئەم خەستەتە وەردەگرن.

دەکرێت لە هۆستەکانی رۆژانەدا، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی مندالان، هەندی هەندی مندالان لەسەر خەستی ئازایەتی ئەدەبی رابهێنرێن. تا ببێت بە بشک و بە بەهایەکی بەرزی چەسپاو لە ژیانی کەسایەتییاندا.. دایکان و باوکان و مامۆستاکان رۆڵێکی گرنگ و کارتێکەر و بڕچاویان هەیە، لە هاندان و لە رواندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دڕوونی منداڵەکانیاندا. بە نموونە: بە ئامادەبوونی دایکان و باوکان، یا بەبێ ئامادەبوونیان، ئەو بزانن کە بە چ شێوازێک منداڵەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی نائاشنا و نامۆدا دەکەن.. چۆن بە بە ترس و شەرمکردن و لەووهاتن، لەگەڵ کەسانی نامۆدا دەدوێن.. یا لە ئاهەنگی یادی ساڵڕۆژی جژنی لە دایکبوونیاندا، سەرنجیان بدەن و بزانن، کە چۆن پێشوازی و بەخێرهاتنی هاوڕێ بانکراوەکانییان دەکەن، چۆن بە بە شەرم و شڕۆژان قسەدەکەن و گوزارشت لە دڵخۆشی و شادی خۆیان دەکەن، بە چ شێوازێکی شیرین و شایستەش سوپاسی ئامادەبوونی هاوڕێکانیان دەکەن.. یا لە پاڵی خوێندنداە، یا لە کاتی ریزبوونی رۆژانەی پێش دەستپێکردنی وانەکان لە قوتابخانەکاندا، ئایە منداڵەکانتان ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەیە، کە بەبێ شەرم هەنراوێک، یا پارچە پەخشانێک، یا چالاکییەک بە دەنگێکی بەرز و بە شێوازێکی فانتازی، لە بەردەم مامۆستاکانیان و هاوڕێکانیاندا پێشکەش بکەن.. منداڵان لە ڕەی ئەم هەوڵستانە و لە هاوشێوەی ئەم هەوڵستانەوە، دەتوانن ئازایەتی ئەدەبی خۆیان دەربخەن و سەرنجی کەسانی تر بە لای خۆیان رابکێشن.. زۆر لە منداڵان هەن، کە گەلی بیرکە و ڕای جوان لە ناخیاندا هەن، بەڵام ئەو ئازایی و ئازایەتییە ئەدەبییەیان نییە، کە بە قسەکردن دەریان ببڕن.

بشکی زۆری توژینەوەکانی ئەم بوارە، ئەوەیان سەلماندووە کە هەکاری شەرم و ترس و نەبوونی ئازایەتی ئەدەبیی منداڵان، دایکان و باوکانیانن. ئەمەش بە کەڵەنکی پەروەردە دەزانرێت. هەیەکەشی ئەوەیە کە دایکان و باوکان، زیادەڕۆن لە چاودێری و لە پاراستنی منداڵەکانیان، هەمیشە بە دوایانەوەن، بواری ئەوەیان نادەنی کە پشت بە خۆیان ببەستن. هەموو شتەکیان لەکردوون بە بقە و ئەوە ناتوانن، ئەوە هەشتا منداڵن، قسەمەکەن و قەوقەپ، دەمتان داخەن.. بەم شێوە نادروستانە تاریقیان دەکەنەوە.
(یەنامات) دەڵێ"تا تەمەنی سیانزە ساڵیم، وامەزانی کە ناوم ـ دەمت داخە ـ یە"

دایکان و باوکان، لە منداڵەکانت بگەڕێن، با دەمیان دانەخەن و

بە ئازادی و ئازایەتی گوزارشت لە ناخی دڕوونیان و لە حەز و راز و نیازەکانیان و لە راو بیرکە و لە بەچوونەکانیان بکەن، ئەگەر هەڕەشیان کرد، لەیان تووڕەبن و چاوتان لەیان زەق مەکەن و سەرکوەریان مەکەن، تەریقیان مەکەنەوە.. بە داخەوە کە هەندە لە دایکان و باوکان شانازی بەوەوە دەکەن، کە منداڵەکانیان ناوەرن لە ئاستیاندا فزبکەن، یا چاویان هەڵبڕنن. ئەمە ڕەفتارێکی هەڵەیە و ئەنجامەکی خراپی لێدەکەوێتەوە.

گەر بتانەوێت منداڵەکانت بە ئازایەتی ئەدەبی پەروەردە بکەن، پەیوستە بە شێوەیەکی راست و دروست پەروەردەیان بکەن، پشت بە بنەما دەستوورییەکان و بەرنامەیەکی داڕێژراوی سیستەماتیک ببەستن، کە شیاو و گونجاوبن لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵاندا. پەیوستە دایکان و باوکان، هەست بەوە بکەن، کە منداڵەکانیان هەر لە منداڵییەوە، ڕێنگەدانەوەی شەرم و بەدەنگی و لەرووەنەهاتنیان پێوە دیارە.. بەشکی زەریان ئازایەتی گوزارشتکردن و دەربەینی حەز و نیاز و رازەکانیان نین.. ئەگەر هەر وابمێننەوە، کە گوێرشبن ئەم خەسڵەتە نەرێنییانە دەبن بە بەشک لە ژیانیان.

کە مامەستا بووم لە قوتابخانەیەکی شاری کەرکوکی کوردستانی، وانەی ماتماتیکم بە پلەی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی دەوتەوە ـ دوور لە خەڵکەشان ـــ هەموو ساڵێک سەرپەرشتیاری ماتماتیک لە بەیوبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، داوی لێدەکردم کە وانەیەکی نموونەیی بە مامەستایانی ماتماتیکی قوتابخانەکانی کەرکوک بڵێمەوە. زەر بە ئاسایی و سەرکەوتوویەوە دەموتەوە.. جارێکیان بە سەرپەرشتیارەکەم وت، ئەمساڵ داوا لە مامەستایەکی تر بکە با وانەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێتەوە، با هەر من نەبم، سەرپەرشتیارەکەمان وتی:" بەوابکە، دوام لە زیاتر لە پێنجا مامەستا ماتماتیک کردووە، لە وەڵامدا پێیان وتم، بە راستی ئەمە شەرم دەکەین و ناتوانین لە بەردەم ئەو هەموو مامەستایانەدا، بە سەرکەوتوویی وانەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێینەوە، داوای لێبوواردنیان لێکردم" من هەکاری نەبوونی ئازایەتی ئەدەبیی ئەو مامەستایانە و بە هەزاران گەورەی تریش بە تاقی منداڵییان دەگەڵنمەوە، ئەبایان لە ئەستەی دایکان و باوکان و مامەستاکانیانن، دەبوایە زوو هەستیان بەم خەسڵەتە نەرێنییە بکردایە و بە راهێنان و بە یارمەتیدانی پەیست چارەسەریان بکردایە و نەیان هێشتبایە ببێت بە ترس و شەرمکردن و بە دیاردەیەکی نەخوازراوی چەسپاو لە کەسایەتی و ژیانیاندا.

ئازایەتی ئەدەبیش، خەسڵەتێک نییە، کە بە ئاسانی و تەنیا بە قسەی ڕووت بڵێتەدی، وەک ئەوەی کە دایکان و باواکان بە منداڵەکانیان بڵێن "دەبێ ئازایەتیتان هەبێت" خەسڵەتێکیش نییە کە بتوانن، لە ماوەی چەند مانگێک یا ساڵێکدا ئەم خەسڵەتە لە دڕوونی منداڵەکانتان بوونسنن.. بەڵکو بە ڕاندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دڕوونی منداڵەکانتان، پێویستیتان بە ئارامی و قوربانیدان هەیە.. چونکە پەروەردەکردنێکی ڕاست و دروست کاتێکی زۆر دەخایەنێت و پێویستی بە پشوودرێژی و درێژدان هەیە.

(ئەرستە) دەڵێ"ڕەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە"
بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا، باس لە گرنگترین ڕێگاکانی گەشەکردنی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا دەکەین.. بەو هیوایەی کە دایکان و باوکان سوودیان لێوەربگرن:
١ـ دایکان و باوکان ئاوێنەی منداڵەکانیان، پێویستە هەموو دایک و باوکێک نموونەبن لە ئازایەتی ئەدەبیدا و ببن بە پشتڕاست بە منداڵەکانیان، چونکە منداڵان چاولێکەرن و لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، بە تایبەتیش ڕەفتار و کردارەکانی دایکان و باوکانیان.
(وین دایەر) دەڵێ:"منداڵەکانتان دەڕوانێنە هەموو ئەو کردارانەی کە لە ژیانتاندا دەیانکەن.. نەک لەو قسانەی کە دەیانکەن"
٢ـ چیرۆکی ڕەمزی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، پێویستە دایکان و باوکان ئەو چیرۆکانە بە منداڵەکانیان بگێڕنەوە یا بخوێننەوە، کە باس لە ئازایەتی ئەدەبی و ئازایەتی جەستەیی دەکەن، بە تایبەتیش ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانەکانیان منداڵانن.
٣ـ ڕاستگۆیی خەسڵەتێکی گرنگی ئازایەتی ئەدەبییە، پێویستە دایکان و باوکان هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانیان بە ڕاستگۆیی پەروەردەبکەن و ڕایان بهێنن و فێریان بکەن کە ڕاستگۆیی یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە جوانەکانی کەسایەتی مرۆڤ، فێریان بکەن کە ئازایەتی ئەویان هەبێت کە دان بە هەڵەکانیاندا بنێن.. گەر کچۆڵەیەک قاپێکی لە دەست بەربێوە و شکا و کەس چاوی لێنەبوو، بە دایکی بڵێت ئەو قاپە لە دەستی من بەربێوە و شکا.. پێویستە دایکی سوپاسی بکات و هانی بدات، کە کچۆڵەکەی ڕاستگۆیە، هیوای ئەوەشی بە بخوازێت کە هەمیشە ڕاستگۆبێت.. چونکە ئەم

منداڵ ئازایەتی ئەدەبی هەیە و لەوەش ناترسێت کە سزای راستگۆییەکەی چیدەبێت با ببێت.

٤ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە هەموو شێوازێک هانی منداڵەکانیان و قوتابیەکانیان بدەن، کە بە ئۆپۆزسیۆنی ئازادی و ئازایەوە گوزارشت لە هەزر و خەیاڵ و لە را و لە بیرکەوە و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن. بە ئەم مەبەستەش دەتوانن گاڵتە دەرفەت و بواریان بە بەخسەنن.. بە نموونە لە (وانەی داشتن) دا، پێویستە مامۆستای زمانی کوردی، هانی قوتابیانی پۆلەکەی بدات، کە داشتنەکانیان لە بارەم هاوڕەکانیاندا بخوێننەوە، تا شەرمیان بشکێ و لەسەر ئازایەتی ئەدەبی رابەن.
٥ـ بەشداریکردنی منداڵان لە تیپی سروود و موزیک و گۆرانی قوتابخانەدا بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی شەرم دەکەن، تا شەرمیان نەمێنێت و ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەبێت کە خۆیان دەربخەن و لە بارەم هاوڕەکانیاندا بە شەرم و شڕۆژان بتوانن گۆرانی بڵێن.
٦ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان ئاوەبزانن، کە کردارەکان کاریگەرترن لە قسەکان، ئەم راستییەش بووە بە چەمکێکی گرنگی پەروەردەی نوێی منداڵان.
٧ـ هەرگیز نابێت گاڵتە و تەڤیسی بە قسەکانی منداڵان بکرێن و رووشکێنیان بکەن. تا نەترس و شەرم نەکەن و خۆیان بە لاواز و بە توانا نەزانن.. هانیان بدەن تا بە ئازایەتی تواناکانی خۆیان لە بارەمی کەسانی تردا دەربڕن. لە هەڵە و شکستیش نەترس، لە ڕێی هەڵە و شکستیەوە، دەتوانن ڕێگای راستی و سەرکەوتن بدۆزنەوە.
٨ـ منداڵان زۆر جار ناتوانن لە خەیانەوە بەهرەی ئازایەتی ئەدەبی لە دەوروبەریانەوە وەربگرن. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە ئۆپۆزسیۆنی توانایانەوە یارمەتییان بدەن و ئاراستەیان بکەن تا زاڵبن بەسەر ئەم کۆشیدا و پشت بە خۆیان ببەستن.
٩ـ بەوابەخبوون، پێویستی و خۆگونجکی گرنگی کەسایەتییە، پاڵنەر و هاندەریشە بە درۆژەدان و سەرکەوتن.. ئەو منداڵانەی کە بەوایکی تەواویان بە خۆیان هەیە، بە گۆشبینیەوە پشت بە خۆیان دەبەستن، بە ئاسایی و ئاسانی و بە بە شەرم و ترس، دەتوانن لە بارەمی منداڵانی تردا، گوزارشت لە را و لە باوڕ و بیرکەکانیان بکەن.

١٠ــ بۆ هاندان و گۆشکردنی بەهرەی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، پێویستە ساڵانە لە وەرزی دووەمی خوێندندا لە لایەن بەڕێوەبەرێتی چالاکییەکانی قوتابخانەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەکان و شارۆچکەکانە "پێشبرکێی ئەدەبی" بۆ خوێندنەوەی " هێنراوە و چیرۆک و پۆخشان" بۆ قوتابیانی قوتابخانەکان سازبکرێن، لە لایەن منداڵانی بەهرەمەندی ئەم بوارانەوە پێشکەش بکرێن.. خەڵاتی جوانیش بۆ هەموو منداڵە بەشداربووەکان پێشکەش بکرێن.. ئەم پێشبڕکێیانە ڕووحی ملمانێی و وتووێژ ئەدەبی لە نێوان منداڵاندا دەوروژێنن، منداڵانی بەهرەمەند بۆ هێلی دەزانن کە بەهرە و ئازایەتی و توانا ئەدەبییەکانی خۆیان دەردەبڕن.
١١ــ "بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری منداڵان" کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانە، دەتوانێت ساڵانە " پێشبڕکێ ئەدەبی بۆ منداڵانی کوردستان" بۆ منداڵانی بەهرەمەند لە بواری "ئەدەبی منداڵان" دا سازبکات، پێویستە لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە، چەند منداڵێک بۆ ئەم پێشبڕکێیانە بانگ بکرێن.. خەڵاتی جوانیش پێشکەش بە هەموو منداڵە بەشداربووکان بکرێن.. بۆ داخەوە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان، تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ بەهرە و بۆ چالاکییەکانی منداڵانی کوردستان نەداون.. ئەویان لەبەرچاو نەگرتوون کە منداڵانی ئەمڕۆمان هیوای داهاتووی کوردستانن.. کە منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و هەموو داهاتووشن.

١١ــ ڕاگەیاندنەکان و میدیاکانی کوردستان، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە هاندان و لە گۆشکردنی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا، پێویستە کەناڵە تایبەتییەکانی منداڵان بایەخێکی زیاتر بە چالاکییەکانی منداڵان بدەن.. چونکە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین.
١٣ــ شانۆ بوارێکی گرنگە، بۆ هاندان و ڕاهێنانی منداڵان بۆ ئازایەتی ئەدەبی و بۆ ڕەواندنەوەی ترس و شەرمیان. زۆربەی منداڵان حەزیان بە نواندن هەیە. لە ڕێی نواندنەوە دەتوانن تواناکانیان دەربخەن و ئازایەتی ئەدەبی و جەستەییان پێشان بدەن.
١٤ــ من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ــ ٢٠١٩) دا، لە هەڵە کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دهۆک و هەڵەبجە،
چەند کۆڕێکی ئەدەبی بۆ قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شارەکانیان، بۆ چالاکی ئەدەبی منداڵان سازبکرێن، هەر جارەی

کۆمەڵێک لە منداڵانی بەرەمەند، هەنراوە و چیرۆک و پەخشان پشکنین بکەن.. گەر بیانووت ئەمە کارێکی گران نییە.

رزا شوان
نۆرویج: ٣١ی/ سێپتەمبەر/ ٢٠١٨

پەروەردە و دیموکراسی -1- ... جميل حمداوي ... وەرگێڕ: جیهاد موحەمەد

بەشی یەکەم:

پەیوەندی پەروەردە بە دیموکراسیەوە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، بە جۆرێک، کە ناتوانرێت قسە لەسەر فێربوون و ئازادییە تایبەت و گشتییەکان بکرێت لە حاڵەتی نەبوونی دیموکراسی راستەقینەی هەنراو لەسەر بنەمای یەکسانیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەوابوون بە جیاوازییەکان و دانان بە پلۆرالیزمدا.
هەروەها ناتوانرێت قسە لەسەر دیموکراسی بکرێت لە حاڵەتی نەبوونی پەروەردەیەکی راستەقینە و فێربوونێک، کە بونیادنەراو و ئامانجگیر و چییەتیەکی باش و داهێنەرانە و بەرهەمهێنەری چوست و چالاکیی و رزلێنان لە بەهرە و بایەخدان بە چالاکیە پەروەردیەکان و هەروەها ڕزلێنان لە فێرخواز و فێرکارەکان نەبێت؛ کە سەرقاڵی دەزینەوە و بە دواداگەڕان و کەشینەوەی کرداریی و زانستیی نەبێت. لێرەوە دەبینین کە پەروەردە و دیموکراسی وەک پارەی نەختینەیی پەیوەستن بە یەکترەوە، پەروەردە بە دیموکراسی نابێت و دیموکراسیش بە پەروەردە نابێت.

لە ئەمڕۆی کۆمەڵگە ڕۆژهەاتییەکاندا هەر پەویستیترین پەروەردەیەکی دیموکراسیانەیە، کە هاوڵاتییبوون و مافەکانی مرۆڤ تیایدا بەرتەسکبوونەوە و دادپەروەری بە جۆرێک لە کەمبوونەوەدایە، کە خرێکە بە تەواوەتی نامێنێت. پەروەردەی دیموکراسییانە لە پێناوی ئامادەکردن و گەشەی نەوە نوێکانمادایە

تا ئەوپەڕی نوێی مرۆڤ و ئاکار دیموکراسییانەی وایان لێ بکات بەرهەم بتوانن ئیدارەیەکی وردی وڵات و کۆمەڵگە لەسەر دیدگایەکی ڕوونی فراژووتن و داهێنان و ئەفراندنی دیموکراسییانەی بونیادنراوی هەست بە بەرپرسیارێتیی و دیسپلین و هاوکاتییبوون و ماف بکەن؛ ئازادی و گەشەنکاری و دروستکردنی دەوڵەت و نەتەوە لەسەر پێوەری داهێنان و بەرهەمهێنان و ئەفراندن و فراژووتن و گەشەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە پێگە و ئاستی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و نەتەوە گەشەکردووەکان لە ڕووی شارستانیی و زانستیی و تەکنەلۆژییەوە دەبێت.
کێواتە، پڕۆگرام چییە؟ ئەی کۆنسێپتی دیموکراسی چییە؟ پێوەندی پڕۆگرام و دیموکراسی چییە؟ ئەو ئاستەنگ و تەنگژانە چیین، کە دەبنە ڕێگر لەبەردم بە کردەییکردن و مەشقکردنی پڕۆگرامێکی دیموکراسییانەدا؟ لەم تەوژمەوێدا هەوێدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

١/ کۆنسێپتی پڕۆگرام:

پڕۆگرام کردەیەکی پڕۆگرامدایی و پوختەکردن و چاکردن و مەڕاڵی و ئاکاریە بە ئامانجی پێگەیشتن و گەشەکردنی منداڵ و فێرخواز بە پێگەیشتن و گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی دروست و ساغڵەم. پڕۆگرام هاوبەشی دەکات لە پاراستنی داب و نەریت و نەرمە کۆمەڵایەتییەکان، پڕۆگرام هەوڵێکی شڵگیرانەیە بە پێکهێنان و بەرهەمهێنانی هاوکاتییەکی باش، هەروەها کار دەکات لە پێناوی گەیینی کۆمەڵ بەرەو باشتر و پێشکەوتووتر لە ڕێگای دیموکراتیزەکردن و بە کولتووریکردنی دیموکراسیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی نەوان مرۆڤەکان. پڕۆگرام سەرلەنوێ بونیادێکی مەڕاڵی و ئاکاری کۆمەڵگە دادەڕێژتەوە و پێگەی بەرزدەکاتەوە بە گەیشتن بە ئاستی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و شارستانێتە مرۆییە بەرزەکان.
پڕۆگرامی جددی هەوڵ ئەدات بە پێوەستبوونی تاک بە کۆمەڵگەوە، ئەویش بە گونجاندن و ڕاهاتن و سەرکەوتن و گەشەنکاری تیایدا، هەروەها هەوڵ ئەدا بە:"پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ و پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتییەکانی. واتا پێکهێنانی سەربەخۆیی بیر و ئەندێشە و مەڕاڵی تاک، ڕەزگرتنی ئەم سەربەخۆییەش لە لایەن ئەوانی ترەوە لەسەر بنەمای هەمان مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا تا سەربەخۆیی ببێت بە پێوەرێک بە هەموو تاکەکان وەک یەک."

بە هەرحاڵ، پڕۆگرام ئامازەکە بە بەدیهێنانی داهێنان و ئەفراندن و بەدواداگەڕان و دڵزینەوە و ڕاڤەکردن و کنەکردن و کێشەنەوە و بە

دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە؛ چەقبەستن لەسەر ئازادی و دەستپێشخەری تاکی ئازاد لە هەرچ جۆرە گفتوگۆکردنی مەبەستدار و ڕەخنەگرتنی بونیادنەر و دیالۆگی دروست لە پێناوی بونیادنانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و بە ئاگا و هاوبەشیکار لە تازەگەری و ڕەگەخشکردن بە دژکۆتنی وزەی تاک و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر و داهێنەر و دژبڕوەی تیۆری تەکنیکیی و کردەیی و زانیارییەکان.
دکتۆر محەمەد لبیب نجیحی دەڵێت:"ماددام ئامانجی بنەڕەتی پڕۆژەی گۆشەی بیر و ئەندێشە و بۆکارهێنانی زیرەکییە، کەواتە پڕۆژە لە پێناوی ئازادییەکانی مرۆڤدا کار دەکات. جەختکردنەوە لەسەر گۆشەی منداڵ، واتا جەختکردنەوە لەسەر سینەوەی ئاستەنگەکانی بەردەمی توانا هۆشاریەکانی منداڵ، هەڕەشەخۆشکردن و دڕفەت و بواردان پێیی تا بتوانێت کارا بێت و توانا شاراوەکانی و ئاوەژینگەی تیایدا دژی بەکاری بهێنێت بۆ ئاوەی کە خۆی دەیخوازێت. کۆمەڵگەی سەربەخۆ ئاو کۆمەڵگەیەی کە تاکەکانی هاوبەشی بکەن لە پڕۆسەندنی و ئاراستەکردنی بەرەو گەشانکارییە پێیوست و پێشکەوتووەکان."

کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە ئازد بن و هەست بە ئازادی بکەن کەواتە پڕۆژەی هاوبەشیی کردووە لە کرانەوە و پێشکەوتنیدا. مەبەستمان لە کۆمەڵگەی کراوە ئاو کۆمەڵگەیەیە کە ڕەگەی گۆشە و پڕۆسەندنی بە کراوەتاوە و خراوەتە سەرپەی بەرەوپێشچوون، واتا واقیعی مەوجودی تێپەڕاندووە. کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرەش ئاو کۆمەڵگەیەیە کە بە جۆرێک خەی ڕەکخستووە توانای بەدیهێنانی هەموو کاروبار و مەسەلەیەکی مرۆیی هەیە. کۆمەڵگەیەکە قبووەی گەشانکریەکان دەکات و وەک ئامازێک بۆکاریان دەهێنێت بە سەرکۆتن بەسەر گەندەڵی و داڕزاندا، زیرەکی و هاوە هەروزیەکان لە نەوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەموویان دەبنە گۆشە و پێشکەوتنی مرۆڤ و مرۆڤبوون.
جگە لەمانەش پڕۆژەی بەدیهێنەری کۆمەڵێک ئەرکی کرەکییە وەک فەبوون، ڕەشنبیربوون، پاڤژبوون، پاەاوتنبوون و ڕزگاریی بیر و هزر و ئەندێشە لە کۆتوبەندەکان و ئەفسانە و حیکایەتە ساختەکان و جادوگەریی و، پێوەستبوون بە مرۆڤایەتیی و زانست و ئاسە ووناک و نموونەییەکانەوە.

۲/ کۆنسێپتی دیموکراسی:

ئاوە ئاشکرایە، کە دیموکراسی بە واتا پەدراوەکانی واتا حوکمی گەل لە لایەن خودی گەل خۆیەوە، بە واتایەکی تر حوکمی زۆرینە دوای پرسی هەڵبژاردن و دەنگدان و جیاکردنەوە و پاکردنەوەی دەنگەکان.

دیموکراسی بەرامبەر و دژی حوکمی دیکتاتۆری و حوکمی ئۆتۆکراسییە، کە هەردووکیان حوکمی زوڵم و ستەم و هەژموونی دەسەڵاتێکی نائاسایی. دیموکراسی چەقبەستن و چاودانە لەسەر یاسا و ماف و ئازادیەکان و دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤ بە بنەماگرتنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی یەکسانی ئاستەقینە لە نێوان ڕەگەز و توخمەکاندا. گرنگترین بنەمای دیموکراسی هەست بە بەرپرسیارێتی و پێوستبوون پێیەوە و، ڕەزگرتن لە سیستم و بایەخدانی زیاتر بە لایەنی زانست و زانین بەسەر لایەنی هەز و تووندووتیژییدا.

دیموکراسی کارا و ئاستەقینەن بەم جۆرە دادەمەزرێت: "مامەڵەی دیموکراسیانە لە نێوان دامەزراوەکانی پاراستن و ڕەزگرتنی مافەکان و جیاجیکردنیان بەو یاسا و دامەزراوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەت و ماف و یاسادا هەن. ئاوەژوکردنەوەی ئاشکرایە کە ڕەزگرتن لە مافەکان و جیاجیکردنی ئەرکەکان نایەتە دی بە بەووتی تاکی ئازاد و سەربەخۆ. دیموکراسی مەسەلەیەکی ووکەش و شکڵیی نییە، هەندێ ئاوەژوی کە فەرهەنگ و مامەڵەیە؛ تێگەیشتن و قبووڵکردنە بە ئا و بچوونە جیاوازەکان؛ یەکسانی و دادپەروەری و ویژدانگەرایی و هاوبەشیکردنەکی سیاسیانە و بەیاردانی (تاک)ە لەسەر چارەنووسی خێی و هەڵبژاردەی خێی؛ هەروەها ئۆفەرزکردنی دەسەڵاتخوازییە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا؛ دیموکراسی ئەڵقە و سبەینێ بەدیهێنانی زیاتر و زیاتری ڕەزی تاکەکان و تواناکانیانە.

نابەت دیموکراسی و ڕەفتاری دیموکراسییە بەوە دابنرێت، کە دامەزراوەی دیموکراسیی لە ئارادایە، یان یەکێک بەت لە سیاسەتە نگەڵەکان، بەڵکو پێویستە وا تەماشای بکرێت وەک پێویستییەکی مرۆیی کە پرنسیپەکانی لە نێوان مرۆڤەکان و ئامانجە جیاوازەکان و دانان بە جیاوازییەکان تا مرۆڤەکان بتوانن زاڵ بن بەسەر هەڵچوون و تووندڕەویەکانیاندا و دووركەوتنەوە لە هەموو بەیارێکی تاکلایەنە و خێیی."
کەواتە، دیموکراسی بەدیهێنەری بەختەوەریی مرۆڤەکانە، دڵنیابوونیانە لە ژیانێکی سەروەرانە، زەرکردنی دەرفەت و بواری کارکردنە، پێکردنەوەی حەز و ئارەزووە خەسکیەکانیەتی وەک خواردن و خواردنەوە و سێکسکردن، شکاندنی تینوێتی زانست و زانین و هونەریی و کولتوریە، دەربازبوونی لە کێشەیی و چنگی هەژاریی و دواکەوتوویی و پشکۆتن بەرەو جیهانێکی زیاتر جێگیر و دڵنیایی پە لە ژیانی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و هاوبەشیکردن لە داهێنان و ئۆفاندن و بەخشین.

٣/ کەشکردن بە پەروەردەیەکی دیموکراسییانە:

کەشکردنەکی فرە هەس بە گەیشتن بە پەروەردەیەکی دیموکراسییانە، گرنگترینی ئەو کەشکردنانە کتێبەکەی جۆن دیویە، بە ناونیشانی"پەروەردە و دیموکراسیی" کە لە ساڵی ١٩١٦ی زایینییدا بڵاوکرایەوە، کەی ئەم کتێبە بناس لە فەلسەفەی پەروەردە و جێبەجێکردنی دەکات، کە هەریەکە لە میشێل و فراند میڵی سەرپەرشیان کردووە. هەروەها کتێبگەلێکی زۆر و نووسینکی فرە دەربارەی پەروەردە و دیموکراسی نووسراون، وەک کتێبەکەی ئافانزینی لە ژێر ناوی:"دەگما و تازەگەری لە پەروەردەی فرگکاندا" کە بەشی سێیەمی لە ژێر ناوی:"پەروەردەی نوێ و دیموکراسییدایە".

٤/ جێکەوتەی دیموکراسی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا:

هەرچ کەسێک تەماشایەکی خۆرای گشتی دامەزراوە فەرکاریی و پەروەردەییەکان بکات تووشی سەرسوڕمانکی بەهێز دەبێت؛ چونکە ئەم دامەزراوانە گەڕاون بە ئەردوگای سەربازیی، تۆزی لە دیسپلین و ڕاهێزگرتن لە یاسا و سیستمی دامەزراوە، تەنانەت دەرگاکانیان لەسەر شێوازی دەرگای بەندیخانە شاراوەکانە، لە بەردەمی دەرگاکانیاندا حەرەسێک بە پۆشاکی فەرمییەوە وەک پۆشاکی سەربازی ڕاوەستاوە، تەماشایەکی کورتی بە دەستەوە گرتووە وەک حەرەسی عەمبارەکان، بە ترساندنی چڕ و ئاسۆی پاشەڕۆژ، ئەمەش لە پێناوی سەپاندنی سیستمەکەدا، ئەگەر پەویست بکات ئەوە تەماکەی و هێزی تووندووتیژیی بەکار دەهێنێت چ تووندووتیژی جەستەیی یان دەروونیی.

هەکاری ئەم واقیعە پەروەردە خراپە لە سیستمکی پەروەردەی ئۆتۆکراسییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پشت دەبەستێت بە زمانی سەرکوتکردن و ڕق و کینە و ترسان وەک دیکتاتۆریەتی سەربازی وایە، کە هیچ شتەک نازانێت جگە لە بەکارهێنانی تووندوتیژی و تەمەکردن و تەقاندن؛ پەروەردەیەکی لەم شێوەیە لەتەمەنی ناسکی منداڵدا دەروونکی خراپ و نەخۆش و نەگەتیف و هەستکردن بە ڕق و کینە و ترس دروست دەکات، هەروەها لاوازی و بێ توانایی لە سەرچەتیی و خەیاڵ و داهێنان و ئەفراندن دەکوژێت و تەنگەیشتن و نەزانین دەربارەی دیموکراسی ڕاستەقینە و یەکسانی کۆمەڵایەتی بەربڵاو دەکات.

ئەنجامی ئەم فشارە سیاسییەش دەرکەوتنی نەوەیەکی تازە پەگەیشتووی لاوانە، کە یاخی دەبن و هەڵدەگەڕێنەوە لە خۆزان و فەرگە و کۆمەگە، هەگبری مشخێڵی شەرشکی نەگەتیف دەبن کە پڵاماردان و

هەشکردن بە سەر دامودەزگا خزمەتگوزاریيەکانی وەک شکاندنی بڕی ئاوی خواردنەوە و وەرانکردنی هەڵی کارەبا و هووناکییەکانی سەر شەقام و کاولکردنی دامەزراوە فەرگەییەکان و هووخانی دار و دیواری فەرگەکانی خەیانە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە خوێندن و دامەزراوە فەرگەییە زیندانئاساکانیان، لە دواجاریشدا مامەستایانیش فەرگەکان بەجێدەهێن، هەرچی لە فەرگەکاندا بێت هەمووی هەدەتەکە بە هەکاری ئیدارییەکی لاوازی دەڕەق و ئاسایەکی تاریک و مردوو.

هەرچ وەاتێک هەڵگری ئەم شێوازە لە پڕوەردە بێت، ئاسایەکی داخراو و تاریک چارەنووسی لاوان و کەی کەمەڵگەکەیەتی، فەرگەکان دەبن بە شانیەکی تراژیدی و ململانێی نەوەکان، بە هەموو شێوەیەک فەرگەکان هەڵگری جیاوازییە چینایەتیەکان دەبن و میراتگریی و بەماوەیی بەرهەم دەهێنێنەوە، وەک هەردوو بیرمەندە(بییر بوردیە و باسڕن دەلەڕن:"لەم فەرگانەدا بە تەواوەتی جیاوازییە چینایەتییەکان دەردەکەون، منااانی چینە دەوەمەند و ئەرستەکراتیەکان خوێندن و فەربوونی تایبەتیان دەبێت و دەبن بە خاوەنی(بەوانامەی زانین و زانست و زانیاری) لەم جۆرە سیستمی پڕوەردە و سیستمە سیاسیانەدا گرنگی و بایەخ زیاتر بە چینی سەردەست و دەوەمەند دەدرێت، ئەوەی ئەم دوو بیرمەندە دەریدەبڕن، ئەوەیە کە تەواو پڕوەردەی دیموکراسی ناکەکە بەم پڕوەردە باوە.

لە سیستمی سیاسی نا دیموکراسیدا، سیستمی پڕوەردە نادیموکراسە و تەنها لە هاڕە و بەرژەوەندی چینی دەوەمەند و ئەرستەکرات دایە، فەربوونی گشتی و تایبەتی و بیریی و هزریی و پیشەییەکان هیچ نین جگە لە گوزارشتێک کە جیاوازییە کەمەایەتیەکان دەیسەپێنێت و دامەزراوە پڕوەردەییەکان دەگەڕێت بە کەش و ژینگەیەکی جیاکاری زمان و هەگەزپەرستیی و شۆنێک کە دەبێت بە ئاشی هاینی کەمەایەتی و ململانێ چینایەتیەکان. ئەگەر(ئەمیل دەرکایم) لە دیدگایەکی پارێزگاریيەوە شیکاری دەکات بە سیستمی پڕوەردە، بەام (ئەلتەسەر) پێیوایە کە تەکنیک و زانین و زانست لە فەرگەکاندا پەیوستە بە هەموو وەک یەک بێت، دەنا پەوەندیە کەمەایەتیەکان بە جۆرێک دەبن کە حوکمی چینێکی کەمینە بەسەر هەموو کەمەگەدا دەسەپێنێت.

سیستمی فەرگە و پڕوەردە ئامڕازێکی ئایدەلۆژیی دەوەتیە، سوود دەگەیەنێت بە بەردەوامی و بەماوەیی پەوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەگەی ئامادەباشی خوێندن و فەربوونەوە کە گونجاو و تەبا بێت لەگەڵ دابەشکردنی کار و جیاوازییە چینایەتیەکاندا، هەروەها لە

ڕەگەی سەپاندنی ئایدۆلۆژیە باوە بۆرژوەندەخوازییەکەی چینی سەردەستدا. ئاراستە هەبووەکانی نێو فۆرگە ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بەسەر چینەکاندا، بە مەبەستی مانەوەی پەوەندیە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان".

لەبەر ئەوەی کە فۆرگە لیبراڵیەکان، فۆرگەی چینایەتی و نادیموکراسن، لە دەوڵەتی دواکەوتوو و ستەمگەردا سیاسەتی دواکەوتوو و کۆلۆنیالیزم دەچەسپێنێت و هەژاریی و کەمدەستیی دەهێنێتەوە و دەیکات بە بەماوەیی کۆمەڵایەتی، ئیڤان ئیلیتش داوای نەهێشتنی ئەم جۆرە فۆرگە چینایەتیە نادیموکراسییانە دەکات لە کتێبی"کۆمەڵگەی بێ فۆرگە". تیۆری مردنی فۆرگە بە پێی(کەی ئافانزینی) لە ڕاستیدا تیۆرێکە:"لە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەو فاکتەرە جیۆگرافیانەدا بوو کە دەوریان دابوو، بە ئەوەی بیکات بە تیۆرییەکی گونجاو و باش بۆ وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیی، کە بە تەواوەتی نامۆ بوو بە لەژیکی پەروەردەی ڕۆژئاوایی، بە تایبەتی هەندێک پرسیار دەنێ پێشەوە لەسەر ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە، کە وای بە دەچێت کە تەنها لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا جێبەجێ دەکرێت، ئەم ڕایەی ئیلیتش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێت فۆرگە گونجاوە بە سەردەم و قۆناغی پیشەسازیی و کۆلۆپوری تایبەت بە خۆیەتی، پەویستە لە وڵاتانی دواکەوتوودا بسڕێتەوە و چونکە زەرورەتی بوونی نییە، سینەوەی و لابردنی دەبێت بکرێت بە مەرجێک بە سینەوە و لابردنی کۆلۆنیالیزم و سەرکەوتنی یەجگاری بەسەریاندا، هەندێک جار داوا دەکات بە تەواوەتی ئەم جۆرە لە فۆرگەی ڕۆژئاویی بسڕێتەوە و باویان نەماوە.

بە هەرحاڵ، واقیعی نادیموکراسیی لە فۆرگە پەروەردەییەکانماندا بە هەکاری نەبوونی دیموکراسی و نەبوونی فەلسەفەی ئیداری و نەبوونی فەرهەنگی مافی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە.

0/ جۆرەکانی پەروەردەی دیموکراسیی:

دەتوانرێت قسە بکرێت لەسەر چەندین جۆری دیموکراسی لە بواری پەروەردە و فیربووندا، بەڵام لێم سە جۆرەدا کورتی دەکەینەوە:
١/ پەروەردەکردن و فێرکردنی دیموکراسییانە:
مەبەست لە پەروەردەکردن و فێرکردنی دیموکراسییانە، ئەوەیە، کە فێرخواز مافی تەواوی هەیە بە پێدانی پەروەردە و فێربوون بە سوود وەرگرتن لە هەموو ڕەگاکانی پەروەردە و فێربوون، پەویستە فێرخوازان هەموویان وەک یەک پەروەردەکرێن و فیرکرێن و

زۆینەخشیی پڕوڕدەکردن و فڕبووونیان وەک یەک بخڕتە بڕدەست و ز بە بەخسەڕەت. پڕۆیستە مامۆستایان و ڕاهێنەران بە یاسا و ڕێسایەکی یەکسانانە ڕێگەی پێداگیرکی دیموکراسییانە لە ئێستە بگڕن، هیچ جڕە جیاوازیەکی چینایەتی و هەڵاواردن لە پڕوڕدەکردن و فڕکردندا لە ئارادا نەبێت. هەموو فڕخوازن یەک جڕ پێشاکیان لەبڕدا بێت، هەروەها فڕخوازن وانەی یاسایی وەڕبگرن بە ئاوەی فڕی مافەکانی خۆیان بن و بتوانن بە گوڕەی یاسا و ڕێنماییە دیموکراسییەکان بڕگری لە مافی خۆیان بکەن.

۲/ فڕبووونی دیموکراسییانە:

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان هەوڵی دیموکراتیزەکردنی فڕبووون و فڕخوازیی دەدەن، لە میانەی گشتگیرکردنی بڕنامەکان و یەکبوونی پڕۆگرام و سیستمی خوێندن و بیارەکان لەگەڵ ئاوەی فڕە جڕ و فڕە شێوە و ناوەڕۆکن. هەروەها بە خەماڵییکردنی فڕبووون و ناچاریکردن و بە پێویستکردنی لەسەر هەموو منداڵێک تا دەوڵەت بتوانێت نەخوێندەواری و نەزانین و هەژاریی و دواکەوتووی تێپەڕێنێت. فڕبووون و فڕخوازیی کەمەگە دەگوڕێت و دیموکراسی ڕاستەقینە بەدی دەهێنێت. فڕخواز لە فەڕگەی دیموکراسی و دامەزراوە دیموکراسییەکاندا فڕی دیموکراسیی دەبێت و ڕادەت لەگەڵ ژینگە پە لە ئازادییەکانیدا. کاتێک باس لە دیموکراسی فڕبووون دەکەین، مەبەستمان ئاوەیە کە فڕبووون خەسڵەتێکی میللیگەرایی هەیە کە هەموو کەسێک سوودی لە وەردەگرێت بێ بە هیچ هەڵاواردن و جیاکارییەک، فەڕگەی دیموکراسیی کراوەیە بە ڕووی هەژار و دەوڵەمەندا بە ڕێگەیەکی دادپڕوەرانە و یەکسانیانە بوار دەڕەخسێنێت بە هەموو لایەک.
پرنیسپەکانی یەکبوونی پڕۆگرامەکانی خوێندن و سیستمی خوێندن کە بوون بە نیشانەی حیزبە میللیگەرایەکان و دروشمێکی دڕوشاوەی هەموو بیارە سیاسییە نیشتیمانیپەکان پێویستە هەڵنەوشێنرێتەوە" ئەو واقیعە دەوڵەمەند و فڕەیەی کە لە ئارادایە، ئەو هەموو مڕج و ئامڕە بەردەستانە بە گەڵانکاری نوێ پێویستە هەڵنەوشێنرێتەوە، کە کرانەوە بە ڕووی هەموو جیاوازییە چینایەتیی و نەتەوەییەکان و جیاکاریی و ڕەگەزپڕستییەکان دەکات بە زەروڕەت...
بە هاوبەشیکردنەکی گشتگیری پێویستە بڕبەست دانڕێت لەبڕدم هەموو کێشەو ئاستەنگەکانی کرانەوە زەروریپەکەدا. بەم جڕە، هەموو دەوڵەتێک هەوڵەکی شڵگیرانە دەدات بە جێگیرکردنی ژینگەی

دیموکراسی لە دامەزراوە پەروەردەیەکانیدا لە هەگبەی دەرکردنی کەمەک یاداشتی وەزاری و بەیارگەلێکی حکومیی و یاساگەلێکەوە بۆ ئاوەی فێرکردن و پەروەردەکردن بگاتە پلەیەکی بەرزی دیموکراسییانە، بەڵام کاتێک کەمەگە نادیموکراس بوو، ئازادییەکانی تاک بەرتەسکرابوونەوە، دەسەڵاتی سیاسی ستەمگەر بوو، ئاوە ماحاڵە فێرکردن و پەروەردەکردن دیموکراتیزە بکرێت.

٣/ دیموکراسی فێربوون:

هیچ کەمەگەیەک ناتوانێت ببێت بە کەمەگەیەکی دیموکراسی و بەوای بە ئازادیە تایبەت و گشتییەکان هەبێت و بەوای بە مافی مرۆڤ و هەبێت و پێویست بێت بە لێژیکی قبووڵکردنی جیاوازیەکان و قبووڵکردنی لێبوردەیی و تەلەرانس ئاگەر لەسەر دیموکراسییەکی ئاستەقینە خای ئانەهێنابێت و نەیکردبێت بە کولتوور و هەنگی نەدابەتاوە لە هەسوکەوت و هەفتاری تاکەکانیدا.
هەبێت ئاشکرایە، کە ئەردوگایەکی سەربازیی و داپڵەسین و قەڵبوون ناتوانێت هیچ بەرهەم بهێنێت جگە لە ئامرازەکانی چەوساندنەوە و بیریی سینەوە و پاکتاوکردن و تووندووتیژیی و حەز و ئارەزوو لە حوکمی دیکتاتۆریەت و بەربەریەت.
تەنها بە پەروەردە دەتوانین لە دیموکراسیی تێبگەین و بیکەین بە دروشم و فەرهەنگ.
شاراوە نییە لای هیچ کەسێک:"بوونی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردن دەورێکی سەرەکی دەبینێت، بە کرانەوەی ژیان و ژینگەی سیاسی کەمەگە بە چەسپاندنی کەمەک پرنسیپ و بەهای مسۆگەرزادە بە ئابووونی کەمەگە و تازەگەرێتی لە ئووی سیاسییەوە؛ دەوری فەرگە، تەنها کورت نابێتەوە لە چوارچێوە ناوخۆییەکیدا، بەڵکو کاریگەرییەکانی ئەم چوارچێوە تەدەپەڕێنێت، لە ئاستیدا کاریگەریە بنەڕەتییەکەی ئەوەیە کە چوارچێوەی خای تەدەپەڕێنێت؛ چونکە پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پلەرالیزمی سیاسیی، هەموویان بەهاگەلێکن بە پەروەردە و پڕۆگرامە دیموکراسییەکانی بە دەست دێن؛ پەگەیشتن و گەورەبوونی تاک لەسەر ئاەو بەهایانە هەگەچارییەکی دروست و ئاستەتانێت بە گەیشتن بە هاوبەشییەکی کارای سیاسیانە لە بڕیاردان و حوکمەانی کەمەگەدا. بیرمان نەچێت، ئامژە بدەین بەوەی کە فەرگە دەورێکی باش دەبینێت لە دروستکردنی پەرلەمانی منداانەدا: کەواتە پەروەردە یەکەم ئامرازە بە فێربوونی دیموکراسیی و سەپاندنی دیموکراسی وەک واقیعێکی زەروریی بە پاراستنی مرۆڤ و مافەکانی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ.

ئاراستەکردنی نادروست و پەکانی هەڵە ... ئارام ئازاد

یادی مژووویی دەوڵەتان کە شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتەکە پێکدەنێت وەک ئەلبووومی وێنەکانی خەزانێکن کە نەوە بە نەوە دەگوازرێتەوە کەواتە دەوڵەت لە تاک دەچێ ، هەمیشە حەزی بە یادگارییە کۆنەکانە چونکە لە یادکردنەوە خۆشکاندا هەمووان بیریان دەکەوێتەوە و ناخۆشکان هەر زوو لە خەیاڵ و هزران دەنرێتە لاوە ، سەبارەت بەوە لویس کارڵ دەنووسێ (ئەو یادەی تەنیا بەرەو دواوە کاردەکات ، یەکێکە لە جۆرە خراپەکانی یاد).

یادکردنەوە لای تاکیش هەمان تیژر بەکاردێنێ ، هەمیشە بەرەو دواوە هەنگاوناننەوەک بەرەو ئایندەیەکی رووونتر کە رەنگە ئەم ڕەنگدانەوەی ئەو ناوچە جوگرافیە بێ کە وەاتەکەی تێدا بەرجەستەیە یا ئەوەیە خەیاڵی مرۆڤ هەمیشە حەزی بە بینینی رابردوو خۆشکان کردووە و ناخۆشکان هیچ کاتێک بەشێک نەبوون لە ژیانی ئەووە ، ئەم حاڵەتە ڕەخنەگرێکی لاواز دروست دەکا ، وا دەکا جوان و ناشیرین بەیەکەوە بسوتێن ، نەوانین لە ئایندە و خۆ بەندکردن بە ڕابردوو سەرتایەک دەبێ بۆ نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتی.

لە دەوڵەتدا هاووەاتی هەمیشە هێزی ژمارە یەکە و کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دادگایی و ئابووریی و ...هتد لە پێناو هێزی ژمارە یەک کار دەکەن ، هەر کاتێک کە یەکێک لەو بەهایانە لە ڕەگ لای دا ژمارە یەک دەتوانێ سزای بدا بە ڕادەربڕین و شەرعیەت پێنەدانی بۆ چوار ساڵی ئایندە ، بەڵام ئایا ئەم سزایەکی ڕەوایە و کاریگەرە ؟ ئەوەتا لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی بەشداری نەکردن و ڕا دەربڕین دەنگی یەکەمی بەدەستهێنا ، کە ئەمەش ترپکەی بەزاری هاووەاتی دەردەبڕێ لەو هەزانەی کە کایەکان بەگوێ دەبێن تا ئەرە مافی هاووەاتی بوونەکی ئاساییە ، ئەوەی ئاسایی نیە ئەوەیە هاووەاتی لەسەیرکردنی وەاتانی تریان بوانێتە وەاتەکەی و ئاستی خۆشگوزەرانی هاووەاتیانی وەاتەکی لە بابەتی بەلجیکا بەراورد بکا بە ئاستی گوزەرانی خۆی ، ئەم نا واقیع بینە دەنێتە ئاراوە ، چونکە ئەو لەگەوتە جوگرافیەی وەاتەکی

لە بابەتی بەلجیکای تەدایە زەر جیاوازە لەگەڵ لەکەوتی جوگرافی کوردستان ، هەنگە داهات و سامانی کوردستان زەر زیاتر بە بەهام ئەو زنجیرەی لە ملی کوردو خاکەکەی دایە لە هەر خاکەکی تری دنیادا بە حاڵیان باشتر نابە و بگرە ئەگەر خراپتریش نەبن هەر باش بەیە ، کە هەخنە دگیرە دەبە هەچاوی هەکاری سەرهەدانی شکست یا هەڵە لە بەکارهەنانی ئەو دەسەاتانە بکرێت کە ئایا سیاسەتکی هەڵە پەیەو دەکرە؟ یا ئایا هەزی ئابووری وەات ئەو هەزە نەماوە کە پشتی پێ ببەسترێ؟ ، ئایا دادگاکان سەربەخۆ نین چیتر؟ ئایا لایەنە کەمەایەتیەکان وەک جاران نین ؟ هەموو ئەو پرسیارانە و دیەهای تر هەزی ژمارە یەک لەکاتی نەچوون بە دەنگدان و هادەرنەبین هەناویەتیە ئاراوە و ئەو بەشاییەی کە بە تەما بوو بەم جۆرە پێی بکاتەوە نەک هەر پێی نەکردەوە بەکو خزمەتی چاکیشی کردن ئەوەتا ئەو هەزانەی کە بە دەنگی کەمتر کەبرکێیان لەسەر هەمان ژمارەی کورسی دەکرد هەر چوونەوە بە پەرلەمان و ئایندەی هەزی ژمارە یەک کە وەک سزایەک نەچوو بە دەنگدان دوبارەوە لە دەستی هەمان کەسانی چوار ساڵی هابردوو دەبە ، بەیە ئاراستەکردنی هەزی ژمارە یەک نادروست بوو و پەکانەکەی هەڵە و بە بەرهەم بوو .

وانەی چەلەکەکان ... عەلی حەمەشید

هەر کە چەلەکەکانی دەبینی هەژانە پوش دەهەنن و بە ماندوبوون هەوەدەدن بە دروستکردنی هەلانەیەک تا تەدا بحەوێنەوە و هەلکەی تەدا بکەن و بەچووی زەرنەقوتە هەبهەنن.کار و هەوڵەکانی خەی بیردەکەوتەوە .

زەر جار دەیوت چەلەکە بەو بچوکییە لە هەوەدایە بە ئاسودەیی و بەسەربردنی ژیان بەخشی و بەجریوە جریو و دەنگەخۆشکەیشی دڵی ئەمە خۆش دەکات ،ئەی بەچی منیش هەوڵی زیاتر نەدەم و هەوڵەکانم بە دابینکردنی پاشەژەکی هوون نەبێت؟بەچی وانەیەک لە چەلەکەکانەوە فێر نەبم؟ئەمانە وتە و بیرکردنەوەکانی دارای بچکۆلە بوون،پشتر زەرترینی کاتەکانی بە یاریکردن لەگەڵ هاوەکانی و گوان و

تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و ئایپاد بەسەر دەبرد، بۆیە لە قوتابخانە هەمیشە نمرەی کەمی دەهێنا و مامۆستاکانیشی گلەییان لێی هەبوو. ئیتر کوتە خۆ و بە بۆوا بەخێبوونکی زۆرەوە بۆیاری دا کە هەموو ئەو کارانە کەم بکاتەوە و لەمودوا زیاتر خۆی بە کێشکردنەوە ماندوو بکات.

بڕدەوام بوو لەسەر ئەو کارە بۆیە هەستی کرد کە ڕۆژانە هەنگاوکانی بڕەو سەرکەوتن و ئاسودەیی دەبەن و ڕۆزامەندی مامۆستاکانیش لێی و دەستخۆشی کردنیان بوو بە گەورەترین پاڵپشت و هاندەر بۆی...دارای بچکۆلە دوای ئەوەی کە بووە قوتابیێکی کارا و هاوکاری هاوڕێکانیشی دەکرد..زۆر جار لەبەر خۆیەوە دەیوت وا باشە هەمیشە مرۆڤ کار و هەوڵکانی ئامانجداربن و لەگەڵ سەرنجدان و وردبوونەوەی ورد بە دەوروبەر ، بەخێداچوونەوەیشی هەبێت..

٢/٢/٢٠١٨

موژدە ... سەردار جاف

تە خەرەندی کام شکۆفەی
لە چ دەروازەی باخچەیەك
حەیرانەکەی سەرزارانی
رووحی پەریت
بە تەوراتی مەسیحایی پێ بێن بووە
لە کام شەنگەگۆی باغان
لە ترۆپکی و
ئەو سەرکز و بێ دەرەتان
بێت لە کار بوو
جوانی بە سیمات بەخشیووە
کام خوای ئاکار
لە بازاڕی بێ تەریقەت ، سەرگەردانە
کەچی بێ خۆی
پاکی بە ناخت بەخشیووە
کام سنەوبەری باڵا دوند

نوێبوونەوەی فێداوە و لە خەمزەدەی ڕۆژگاردایە
باڵای بە باڵات تەنیووە
چرپت لە کام باغی ئیرەم چەحڕی دابەستووە و
بە دەم ڕۆوە
دڵی چەنی وەکو منی پێ بڕیووە
ئەم سادەیی و بەرائەتەت
خەرسکی یە
یا بێ زەمەنێ خەمڕیووە

ئەمانیا
2018 / 10 / 29

شەشی کورد لە دیدگا و یادەوەریکانی پێشمەرگە و کوڕە شەهید و پزیشک د.فایق محەمەد گوڵپی دا

ن.ئالان کەمال

دکتەر فایق گوڵپی ، لە پەرتوکی (کە لەڕوە سەیری ژیانی خۆم دەکەم) بەرگی یەکەم ، باس لە یادەوەریکانی قۆناغی ژیانی خۆی و هاوڕێکانی دەکات لەسەردەمی مانایەوە ، تاکو سەردەمی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی ، کە هەم وەک پزیشک و هەم وەک ئەندامێکی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و خەزانێکی شەهید و قوربانی لە ڕێگەی کورد و کوردستاندا ، ئاگاداری زۆرێک لە و ڕووداو و میژووانە بووە و کاریگەی نەرێی لەسەر هزرو خەباتی بە داهاتوو تا ئەم چرکە ساتەش بەسەرەوە جەهەشتووە

ئەم پەرتووکی نووسەر زەر گرنگە زەرینەی تاکی کورد بیخوینێتەوە ، تاکو بزانیت کورد و شەشکەی چەند پڕخەوات بوون و ، چەندیش کۆشە شەخسیەکان بوون بە ئایدەلۆجیای حزبی و کاریگەری لەسەر شەش و

خەباتەکی رزگاری کردنی گەلی کورد هەبووە

دکتەر هەرچەندە بە پیشە دکتەر بووە لە ناو شۆشدا ، بەڵام هەمیشە زیاتر وەک سیاسیەکی بەرهەڵستکار وغەدر لێکرا و موتەعەسب بینراوە و لەلاینە بەرپرسە باکانی ئێو حیزبەوە بووتە جێگەی گومان و ڕەخنە و گازندە کردنیان

هەوونتر بەڵین پزیشک و سیاسیەکی دژە با و بووە لە قەناغەکانی کارو خەباتیدا و ، وەک هەندیک وابەستەی رازی کردنی دڵی مەسولەکانی ناوشۆش نەبووە ، بە ویژدان و دڵسکی سافەوە کار و چالاکیەکانی خۆی بڕەو پێ داوە و بێ باک بووە لە دەم و فەقی بەرپرسەکان لە ستایش و پیاهەڵدان

پەرتوکەکە چیرەکی گەڵانەوەی سەردەمی مندالی خۆی و شەهید کردنی محەمەد گوڵپی باوکی و دواتر غەدر و ناهەقی کەس و خزمە نزیکەکانیان ، دواتر باس لە میژوو و قەناغەکانی خوێندنی کولە مەرگی خۆی و براکانی و چوونی بە کۆلیژی پزیشکی زانکۆ موسڵ و کارو چالاکیەکانی وەک ئەندامێکی نهێنی ێیکخراوی کۆمۆنیستانی کوردستان لەناو شاردا و، لەلایەکی ترەوە شەهید کردنی برایەکی کە پشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ، لە شۆی براکاندا بە دەستی هێزەکانی ینک . دواتر باس لە قەناغی کار کردن وەک پزیشک و دە ڕەقی بەعس لە دامو دەزگاکاندا وای کرد ئیتر دکتەر کارو خزمەتکەی بگوازێتەوە بە شاخ و وەک پشمەرگەیەکی دکتەر سەدان بریندار و نەخۆش لە مردن رزگار بکات ، باس لە ناهەقی بەرپرسەکان دەکات کە بەرامبەرخۆی و هاوڕێکانی و پشمەرگە کراوە و ، دواتر چیرەکی شۆی براکان و کۆشە ناوخۆکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە شاخ لە نێوان بەرپرسەکان و ، دروست بوونی ئاڵۆزی شۆش و پەرچەکردارەکانی ئێو سەردەمە و دەست پێکردنی تیرۆری جۆستەی و فیکری لە شاخ و شار

ئەم پەرتوکەی نووسەر بە ئێوەی ئاشنا بیت بە ڕابردووی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێم و حوکمڕانیەکەیان لات کارەکی ناوازە نەبێت ، دەکرێ سوودی تێواو لەم پەرتووکە وەربگریت

دیارە پەرتووکەکە چاپ و بڵاوگی یەکەمیەتی، بۆیە دەکرا پیاداچوونەوەی بە بکرایە پێش لە چاپدان تاوەکو وەک بەڵگە و وەسائیقی سەردەمیانە ، لەکەڵەوان سوودی تێواوی لە ببینن . هەندێک بابەت دووبارە کراوەتەوە یان تەکەڵە بۆیەکتر کراوە ، کە

ئەم لێوانەیە بۆ کەسانێک بیانووت وەک ئەرشیف و بۆگۆ ئەم پەرتووکەی نووسەر بۆکاری بهێنن زیاتر ماندوویان بکات ، دەکرا میژووی رووداوەکان زیاتر باس بکرایە بۆ پێی توانا ، جا شەرت نیە رەژو مانگ بۆ دەقیقی ئاگەر بیرەوەریەکان فەوتابوون ، ئەیتوانی بۆ دیاری کردنی فەان وەرز و ، فەان ساڵ کە تاڵادێیەک دەبێت بۆ کارەکی ئەرشیفی و میژووی زیاتر

نووسەر هەندێک جار لە باسی کەسانی خائین یان تاونبار بۆ کارەک و ڕووشتەکی دوور لە ئەخلاقی شۆشگەرانەی بەرپرسەک یان پێشمەرگەیەک باس دەکات ، خەی لە ناوی ئەو کەسە دەپارێزێت و ئاشنای ناکات بۆ خوێنەر، دیارە لێوانێ نووسەر لەرەدا بۆ زەقنەکردنەوەی کێشەی کەمایەتی و کێشە لاوکیە شەخسیەکان خەی لە درکاندنی ناوەکان پاراستبێت ، بەڵام بەخوێنەرەکی ئەم سەردەمە دەبێتە جۆگەی گوومان و سەرنج دان لەسەریان و ناوی شاردنەوە ی کەسایەتیەکان زەر جار گرنگی و مسداقیەتی زیاتر دەدات بۆ باسەکان
نووسەر لە باسی ئەنفال دا باسی ئەو شەرگانە دەکات کە خەی بینیویەتی و وەک شایەد حاڵەک بەمان دەگێڕێتەوە.... باسی جاش و جێش دەکات کە چۆن بەڕێحمانە خەڵکی بۆ دیفاعی گوند نشینەکانیان قەتل و عام کردووە تاکو بۆکارهێنانی چەندین جۆری چەکی کەمەڵە کوژ بۆزیاتر کوشنی بۆ کەمەڵە

هەندێک جار باسی هاوکاری جاشەکان دەکات لە کاتی شکاندنی هیز پێشمەرگەو خەڵکی گوند نشینەکاندا ، کە ئەمەش بەخەی بۆگۆی ئەوێ لە کاتێکدا کە تۆ چەکت بۆ دوژمن هەڵگرتووەو بووی بۆ نەکەریان، بەس هەستێک هەیە لەناختدا و ئازارت دەدات ، زەر جار تۆڵە لە دوژمنی خاک و نەتەوەکەت دەکەیتەوە و، پەنا بۆهاوکاری شەرگەو هاوزمانانی خەت دەبەیت

نووسەر لە هەرشێکی جاشەکاندا بۆ سەر هاوڵێکانیان وەها باسەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە :
دوانیوەڕۆیەک لە نەخۆشخانەی خەتەوە . سەردانی بارەگای مەڵبەدم کرد، کە گەیشتمە سەر دەگاکە، ئوتەمبیلێکی گەورەی پێشمەرگە(زیلی سەربازی) لەبەردەممدا وەستا، کەسێک لە پشتی ئوتەمبیلەکەوە دابەزی، سەیرم کرد دکتەر دەشادی هاوڵێمە. یەکسەر ئەملاو لایم ماج کرد، زەرم پەمخۆش بوو کە شەهید نەبووە، دوای چاک وچۆنیەکی گەرم هەواڵی دکتەر جەلالم لە پرسی ؟ ووتی ئەویش ماوە و شەهید نەبووە ...، ئنجا دکتەر دەشاد وا باسی خەیانی کرد :
ووتی: ڕەژی یەکەمی ئەنفال ، من و دکتەر جەلال و دکتەر ئاسۆ ، لە

هەزی پەشمەرگە دابەاین، جاشکان لەمان نزیک بوونەوە دەوریان گرتین ، کاک دکتەر ئاسۆ ئەو دیمەنەی بینی خەی بە ئانگیرا و دەستی دایە دەمانچەکەی و فیشەکەکی بەخەیەوە ناو خەی شەهید کرد ! جاشکان کە بینیان دکتەر ئاسۆ خەی کوشت ، بەزییان پەمانا هاتەوە و ، ووتیان: خەتان مەکوژن، وەرنە لای ئەمە ژیانتان ئەپارەزین. ووتی بەوامان پە نادەکردن ، بەرپرسی جاشکان سوەندی بە گۆی (مەلا مستەفا) ! خوارد ، ووتی :
ئەگەر خەتان بدەن بەدەستەوە دەتانپارەزین و دەتانرینەوە بە لای پەشمەرگە.

د.دەشاد ووتی: ئەمەش بەوامان پی کردن، چوونە لایان، لەلای بەرپەرسکان سوپا و جەیشی عەراقی ئەمەیان وەک جاش ناسان ، لەو کاتەوە ئەمە لە ەبیەی جاشکاندا ماینەوە تاکو ناوچەکە ئارام بووە و ئنجا ئەمەیان دەرکردو ەوانیان کردین تاکو گەیشتینەوە لای هەزی پەشمەرگە...

دەست لە کوشتنت هەنا گرم! ... هیوا سەعید

(1)
ماندوبوم ئەوەندەی تە بکوژم،
تە نامری!

لە مەیخانەکان
بە سەرخەشی تەم کوشت
نەمردی.

لە باوەشی ساردی سەزانییەکان
بە ەوتی تەم کوشت
نەمردی.

لە ماەی خوا چومە دەرە،
لاپەە پیرەزەکانم سوتاند،

بە بەباوەی تەم کوشت
نەمردی.

بە یاسای هەمو شتێک
دو کۆتایی هەیە: یان دۆڕان، یان بردنەوە.
ئەم شتە بە یاسایەکی تر
کەوتومەتە نێوان دو دۆڕان
یان لەبەردەمت چەک بدەم،
یان خۆم بکوژم
تە نامری!

(2)
شەی ئەمە لەسەر یەکلابونەوەیە
من بە بیانوی نەبونت، هەوەی کوشتنی تە دەدەم
تە بە پاساوی هەبونت، خۆریکی لێناوبردنی منی
لەم مەیدانە یەکێکمان چەک نەدا
شتێکە دەبێتە هەقیقەت!

(3)
مادام چەکدادان هەر خەکوشتنە بە بچوکی
با شتێکە بەردەوام بێ..
ئەم شتە ژیانیشە!

(4)
ئەوە بە ناشیرینکردنی ئەم شتە
ژیانتان پیس کرد
کارەکتان ناوناوە دادوەری
جارێک ئەم چەک دەدا، ئەو سواری پشتی دەبە
جارێکی تر ئەو چەک دەدا، ئەم سواری پشتی دەبێتەوە
ئەوە چ کەربازاییەکە،
حەزتان لەم سواربون و هاتنەخوارەوەیە!

(5)
کاتێک جگە لەم ژیانە پیس و مردندا
هەبژاردنێکی تر نەماوە
من دەچم لە بەرزاییەکان بە ئازاری ئەوە دەمرم،
ئەوەش لە نزماییەکان بە شێتبونی من پێبکەنن..

(6)

ئەم خەکوشتنەم ناوبنێن
هەڵبژاردنێکی تر بێ ژیان!

هیوا سەعید

مەترسە! ... هێلین بەهمنی

بەهەڵە بەوات
بەهەڵە ناوت نەبات
وای لێبکە سەیرت نەکات
پرچت بەردەوەو قەراغی لێوت بەو سوراوەی
کە حەزت لێیە تەخی کەوە
بەهەڵە لێوەکانت نوقمی زەردەخەنە بن
بە ناهەقی دەخشبی!
بە فەر نابی دەخشبوون تەنها کەسێک نیە!
دەڵێک نیە
ناوێک نیە
ئاشقێک نیە!
دەخشبون تایبەت خانم
بەهەڵە بژیت
بەهەڵە با تەنها بن
خشبەختیت بچوک مەکەوە
مەڵە وانیە
ئەوانیە دەیبینم
دەخشیت هێندە بچوک کردەتەوە
لە دڵی ئەودا دات ناوە!
بە ناوی ئەودا لکاوە!
بە هەڵی ئەودا هەڵژاوە
کەی کەوە
دەت پەویستی پێتە
ئەمە دەبە فەر بین
هەموومان
خشویستنەکی خەمان قەرزارین

هەندە هەست بە خەت بکە
بزانە
تە ئەتوانی
ئەوەی نەت توانیوە ئەنجامی بدەیت!
بیرت نەچێ
خۆشویستنەکی خەت قەرزاری .

هەلین بەهمنی

پرسی شەش – بەشی دووەم ... کاوە جەلال

بەشی دووەم

1

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا ئەو تێزەمان وەک زەمینەی سەرجەم نووسینەکە دانا، کە "چەپ"-کانی کورد هەر ئەوەندەیان پێکراوە کە بنەما کرێکییەکەی ئیسلامی سوننی لە وەرگرتنی هزرە شەشگەریەکانی جیهاندا، وەک مارکسیزم و وجودیەت، بگەبخەنەوە، واتا چۆن بەدوییەکەی بیابان سووک و ئاسان دەبەت بە موسەمانی خەبەختکردوو بە داواکارییەکانی خودا، بە هەمان شێوە چەپەکانی کورد دەبن بە خەباتگەی چەپ، بەبێ ئەوەی ڕەخنەیانە کاریان لەوەدا کردبەت کە چۆن مەئریفەی مارکسیستی و بەمەش چۆن کەسەتیی مارکسیستی دەنە گەڕە، کەواتە بەبێ ئەوەی هەویان دابەت "هەستی هەژاو"ی خەیان بە سەسیالیزم، کارەکتەری خەڕەکییانەی خەیان، بەڕە تەنانەت هەڕەپەکانیان بە جیاکردنەوەی خە لە "ئەوانیدی" و بەمەش خەدەرخستنیان لە هەستی کەمنرخیی کەسەتییەوە و هتد، بهەنن بە ژێر پرسیار. ئەوجا بە نموونەی کەنکرەت، واتا ئەستێرە کەریم، پەشانمان دا کە هەوەستوەرگرتنی ئاشکرا بەرانبەر تراديسیۆن، ئەوەش بە ئاگایی هەبوونی خەوە لەنەو جیهاندا، یەکەم بنەمای شەشگەتییە، پاشان بە نموونەی تەگەی مرۆڤی ڕەسەنی کەمەایەتی لای سارتر مرۆڤی سوننەتیی دۆڤرەکەمان بە نموونەی گەنجی ناگەنج وەک ناسەراست

هەماڵی.

2

پەیوەند بە کوردەکانەوە یەک جار شەشی کەمایەتی لە مژووی ئەوان و هەزەکانی دیکەی ئەراندا ەووی داوە کە زەردەشت (نزیکەی لە نەوان سەدەی دەیەم و حەوتەمی پ.ز.) هەیگیرساند. ئەو دەمە چەندین ئایینی سروشتی لەنەو هەزە جیاکانی ئەراندا بەاو بوون و جادوگەریی سەروەر بوو، هەروەها کەچەرەتی بریتی بوو لە شەوەی بەربەاوی ژیانی کەمایەتی. ئەستاش ئەم پەیامهەنە ناوچەی ئەران لە کەچەرەتییەوە دەپەنەتەوە ەووەو یەکتاپەرستی و نیشتەجبوون و کشتیاری.

مەرکەکی شەشگەانەی ئەم جیهانبینییە ئایینییە ئەویە کە زەردەشت جەخت لە بەیاری ئازادی تاکەکەس دەکات، واتا لەوە کە چەن تاکەکەس ئازادانە بەیار بە کردار دەدات. مرەف لە ەەوتی هزرینەدا بەی دەلوەت خودا وەک سەرەتا و کەتایی گەردوون بناسەت. مرەف بە چاوی زەین دەرکی خودا دەکات – خودا وەک سەرچاوەی چاکە لە جیهاندا (بەوانە یەسنای 31، 8). ئەوجا کاتەک خودا لەش و ژیان، هەش و ویژدان دەئافرەنەت، هاوکات لەتەکیاندا ئاوەز بە مرەف دەدات، تاکو هەر کەسەک بەو ەەیەدا بەوات کە ئەو خەی هەیبەژاردووە (بەوانە یەسنای 31، 11).

سەرەنجام زانایانی ئایین فەتوا دەدەن بە حەلالکردنی ژن و مالی ئەو کەسانە کە بە بەوای حوکمدار دژی ئایین و وەتەکەی وەستانەتەوە یان لە هەندەران بەدیار "غەیرەدینەوە" دانیشتوون، هەروەها بیار دەدەن بە کوشتنی ئەو کەسانە کە گیا لەنەو وەتەکەیاندا سیخوڕی بە کافرەکان دەکەن. تەنیا هاوکارێکی حوکمدار لەنەو دانیشتوانی دیوەخاندا – کە هەر "وەک ماموری اجرای ئەم فتوا ناحەقانە بە و هەموو ئەباە و گوناحی ئەمانە لەسەر ئەو بە" (لا 54) – دەپرسێت، کە داخۆ ئەوانەی وەاتیان جەهشتووە، لەوە بوونایە و بەرگری شەرعییان لە خۆیان بکردایە، هەشتا ئەمان هەر لەسەر فەتواکەیان سوور بوونایە! مەلاکان لە وەامدا دەبەژن، کە بەرگری ئەو جۆرە کەسانە شەرعی نیە.

هەژاری دیل لەنەو ئەدەکەیدا ئاگای لە خۆی نەماوە و ئارامی لەهەگیراوە، دەخوازێت هەبکوتێتە سەر دانیشتوان و دەست بنێتە بینی مەلاکان و ئەوانی دی، لە نەخۆر ئەمەی پەناکرێت، بەکو هانا بە خودا دەبات و لە ئەم دەپرسێت، کە "ئەمە چ دە و دەروون و وجدانێکە"، ئەمە چ جۆرە پەیەوکردنێکی شەریعەتە و چەن توانییان ئەم بیار و فەتوایانە بدەن؟ ئاخر ئەو کەسانە کە هەاتوون و خەیان لە شاەاو و چەوساندنەوەی دەسەاتدارانی ئەو وەاتە ەزگار کردووە، بەو هەیوە بەر شاەاوکی دیکەی ئەوپەی "بەوجدان" دەکەون: مەلاکان فەتوا دەدەن بە "حەاەکردن"ی ژن و ماییان. داماوکانی بەردەستیشیان، کە نایانەوێت لەگەیاندا دەست بدەنە کوشتن و زەرداری، لەناویان دەبەن، ئەوەش بە ئارەزووی ستەمکارێک، کە بە ئاشکرا لە بەردەم دانیشتواندا "لە سەد هەزار و دوسەد هەزار" دەدوێت، لەرەشدا ئاشکرایە کە ئەم بەە پارە زەڕی "لە مالی ئەم موسەمانانە پەکەوە ناوە و ئەم عالەمەی خستەتە سەر ساجی عەلی، بوە بە باعسی چەند هەزاران مەخلوق …" (56)

"وتم (ای خالق، ای منتقم ای قهار، ای عالم الغیوب) تە چی لەمانە ئەکەیت، ئەمانە لە رەژی خەیدا چەن حسابیان ئەبینی (…)؟ (…) تە بەچی هەر ئەستا ئەمانە بەناخی عەردا نابەیتە خوارەوە و حەقی ئەم میللەتە قوبەسەرەیان لە ناسەنی (…)؟

ەوانیم هیچ شتەک نیە و هیچ پەیدا نەبوو، منیش هەروا وەستام، لە جگەی خەم وشک بو بوم، ئەوان هەر قسە ئەکەن، منیش لەبەر خەموە

هەر ئێستا پەرت.. پەرت.. پەرت ئەمە چی بوو من دیم، من لە کوردم، ئەمە خۆیان نا؟" (لا 57)
بەدووی مەلاکاندا پەردە دەگێڕێت. ئەستا سێ کەسی دی دێن بۆ لای حوکمدار و پێشنیاری بۆ دەکەن، کە پێویستە دەوڵەتکەیان هاوکاریی تورکان بکات. بۆ بەرای ئەمان، دەسەڵاتداریەکەی ئەو وەتە تەنیا بەم هاوکارییە فەرمی دەوڵەت وەردەگرێت. ئاخر تورکان گەورە و خاوەنی گەلەکەیانن، هەروەها هەردوو لایان موسڵمانن و لەبەر ئەم هەیە گەلی ئەمان لەتەک ئینگلیزدا هەڵناکات، جگە لەوە ئینگلیز فێڵباز و دوای چەند ساڵێک چیوی سواڵ دەداتە دەستیان.
حوکمدار هیچ لاریەکی لەم پێشنیارە نییە و هەیان پەدەدات نوێنەرێک بۆ لای تورکان بنێرن، تاکو موزاکەرە و گفتوگۆیان لەتەکدا بکەن، هاوکات گفتی ئەویان لێوەربگرن کە ڕێگە و دامودەزگا بۆ حوکمداریەکەیان دابنێن.

بەدووی ئەماندا سێ کەسی دی دێن بۆ لای حوکمدار و لەوە دەچێت سەربازی و بازرگان بن. بۆ بەرای ئەمان باری ژیانی ئەو گەلە گەڵانی بەسەردا نایەت، گەر ئینگلیز دەستی نەگرێت و پشتیوانیی نەکات. گەلەکەیان لە لایەنی خۆیەوە هیچی بۆ پێکنایەت، چونکە خاوەنی پیشەسازی و بازرگانیی گەشاوە نییە، لە لە بنەتدا هەر ئەم کایە ئابووریانەن کە یارمەتیی گەلەکەیان دەدەن بۆ ژیانێکی باشتر بگات. بۆیە گەلەکەیان بەبێ پشتیوانی کاری مەیسەر نابێت. گەر هیوایەک هەبێت، ئەوە ئینگلیزە.
حوکمدار هیچ لاریەکی لەم پێشنیارەی ئەمانیش نییە، ڕەیان پەدەدات چەند نوێنەرێک بۆ لای ئینگلیزەکان لە بەغدا بنێرن، تاکو گفتوگۆیان لەتەکدا بکەن.
تاقمی چوارەم کە بەدووی ئەماندا دێنە نێو دیوەخانەوە، جیاوازن لە هەموو ئەوانەی پێشوو. ئەمان تفەنگبەشانن و بەغەبەب و هەرا خەیان بۆ دیوەخانی حوکمداردا دەکەن، ئەوجا ئایدگەیەنن کە نە تورک و نە ئینگلیزیان دەوێت، بەڵکو دەیانەوێت تەنیا خەیان لە وەتەکەیاندا سەروەر بن و دەستی غەریبیان بە سەرەوە نەبێت.
حوکمدار هیچ لاریەکی لەم داواکارییەی ئەمانیش نییە و پێی ڕەزامەندە. لە ئایا حوکمدار خەی چیی دەوێت؟ کاتێک دەوری چەکراوە و بۆ تەنیا لەنێو دەستوپێوەندەکانی خەیدا ماوەتەوە، هەڵوەستی خەی ئاشکرا دەکات:

"ئەم قسانە هەموو بۆ لامەوە پێشمن و گاڵتەم پێیان دێت، من بۆچی خەم بۆ ئەم خەڵکە توشی ئازێت و دەردی سەری بکەم، ئەوی قازانج و

خۆری خەمی تیا نەبێ نایکەم، من هەتا پارەیەکی زۆر نەخەمە سەر یەک و لە بابەت ئیشوکاری خەموو دەم ڕاحەت نەبێ، ئەمانە هیچیان ناکەم، هەر کەسێک بێت بە هەوەسی خۆی، بە قازانج و کاروباری خۆی قسەیەک بکات، بڵچی من شتم، منالم، هەروا شوێنیان بکەوم و بە قسەیان بکەم. ئەگەر لەم بگەڕێن هەتا ئیشی خۆم، وەک خۆم ئەیزانم جێبەجێ بکەم، ئەوا باشە، ئەگینا من خۆم ئەزانم چی ئەکەم …" (لا 71)

هەژاری شایەتی ئەم بەزمە لەنێو ئەدەکەیدا وەماوە و نازانێت لە کوێیە، کە ئیدی کەنتڕۆڵی بەسەر خەیدا نامێنێت و دەداتە قاقای پێکەنین. لە چ قاقایەکی پێکەنین! ئەوەش بەسە کە ببێت بە بەڵگەی سیخوڕیەکەی:

"ئیتر دوژمن ئیمانت بێ، هەر ئەوەندەم زانی سەگ و گورگی جەهەنەم، پێنج شەش ڕایان کەشام لە پیلکانەکان بردمیانە خوارەوە بە حەوشەکە. شەویش کردبووی بە سایقە (…) سەرمایەکی وایە تف هەڵدەی ئەیبەستە! ڕووم کردە عاسمان وتم: خوایە تۆ لەسەر حەقی، ئەمانە بەناحەق وا لە من دەکەن! بەڵام هیچ سوودی نەبوو …" (لا 73)

2

ریالێتییەکی کەمەایەتی و سیاسیی شەواو، هاوکات پێناسازی، کە چەند بەرژەوەندییەکی جیاواز لە نێویدا دژایەتییەکدی دەکەن. لە نەخشی ئەم ریالێتییە چەک و مشکی و جامانەی پیاوانن، کە سەروەرانە وەک سیمبۆلی دەسەڵات بەنێو کەمەدا دەشکێنرێنەوە. چەکدارە چوستەکانی دەوڵەت مرۆڤکوژ و ڕووتێنەرەوە و ساختەچین، لە ئەم بیچمانە تاکە گەرەنتیی مانەوەی ئەو دەسەڵاتدارییەن، هەر بۆیە حوکمدارەکیان و سەروەرانی دی دەرفەتیان پێدەدەن خۆیان بە گیرفانی هاوڵاتیان دەوەمەند بکەن. هەروەها نوێنەرانی فەرمیی ئایین لە بەشی سەرەوەی هیرارشیەکەدان، ئاسەی کزی پەیوەندیی نوێ ترساندووەتی، بۆیە وەک ئێندامی چالاکی ئەو هیرارشییە سیاسی و کەمەایەتییە ئامادەن ڕێنوماکانی ئایین بخەنە گەڕ، تاکو ئەو دەسەڵاتدارییە لە مەترسی بپارێزن.

لە ئەم قەوارە سیاسییە تەنیا بە ڕواڵەت هەکخراوە، لە بنەڕەتدا ناهەکخراوەکی درزدارە و هاوکات بەرژەوەندییە جووداکان درزەکانی بەرینتر دەکەن. ئاخر نوێنەرانی ئەو بەرژەوەندییانە هیچ بنەمایەکی بەهەوبردنی ژیانی کەمەایەتی و سیاسییان نییە، بەڵکو لاواز و دەستەوستان چاویان لە دەستی بەخشندەی ئەم هەز یان ئەو هەزی بیانییە، تاکو هەکخراوەکی بەرگەگیراویان بە بنیاتبنێت.

بیانییەکان هەمیشە گەورە و سەروەریان بووە، ئەمانیش خۆیان "ئاقڵن" و ئەم ڕاستییە لەیادناکەن، بۆیە وەک پچووکیان هانایان بۆ دەبەن. ڕەنگە بزانن کە هەزەکی ئەوتۆیان نیە، چونکە تەنیا ئەو کەس و تاقمانە هەزدارن کە خاوەنی چەکن، چەکدارانیش بەزەری ئەو بەڕەوانەن کە خۆیان بۆ غەدەبە و هەرا و شەڕانگێزانە بۆنەو مافی سادە و کەشکەکانی وەتداد دەکەن. دەسەڵاتداران دەبێت لەزی ئەم شەڕانگێزانە بگرن، چونکە نەشیاوە بتوانن بەبێ ئەوان دەسەڵاتیان مسۆگەر بکەن.
سەیر و سەمەرە لەڕدا ئەوەیە، کە نوێنەرانی بەرژەوەندیە جوداکان، واتا بازرگان و ئەفسەرەکان، زانایانی ئایین و چەکدارە بەدەبەکان، سەرباری جیاوازییان لە ئەقڵیەت و ڕەفتاردا، شادمانن بە بوونی حوکمدارەکیان و تەنانەت دەسەڵاتی ناڕەوای ئۆیان ناساندووە.

لە ئایا ئەم دەسەڵاتدارە خۆی چیی دەوێت؟ ئەم "کابرا"یە پێش هەموو شتێک "ڕەویەکی فەڕەباز" و چاوبرسیێ و تەنیا خەریکی کەکردنەوەی سامانە، بەڵام تەنانەت بە مافی خۆی دەزانێت دەست بە گیرفانی هاوڵاتیان بگرێت، ئەوجا کە دژی بەرژەوەندیە خۆیەکانی بووەستێتەوە، ئەوا یەکسەر بە تەمەتی سیخوڕی لەناوی دەبات. بەگومان ئەم دەسەڵاتدارە شیمانەکانی ڕووتاندنەوە و موڵکداگیرکردنی وەک هێل بە نەخساون و لە خوارەوە بە لوتکەی هیرارشییەکە هەزنابێت، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە (هەر بۆیە ئەم پایەگایەی وەرگیراوە) خۆی قەوارەیەکی دەسەڵات بووە، هاوکات هەر لە سەرەتاوە، پێش بوونی بە حوکمداری ئەو وەاتە، بە لایەوە ئاسایی و ڕەوا بووە کە دەست بە گیرفانی خەڵک بگرێت و موڵک و سامانیان داگیر بکات. ئەوجا لە بەشی ژێرەوەی ئەو هیرارشییە کەمەایەتی-سیاسییەدا هەژارانی لاواز و ڕووتەنراوە خۆیان دەبینەوە: کەرامەتشکێنراوەکان، بابەتەکانی نوکتە و پێپەکەنین، کە داما و بەتوانا چاوەڕوانی میهرەبانیی خودا دەکەن. ئەمان ژیانێکی پەمەینەتی و نامرۆڤیانە بەسەر دەبەن، هەزیان بە خەهشتنەوە تەنیا لە قادیرێکی (ناقادیرەوە) وەردەگرن، لە ئەم قادیرە پشتی تێکردوون – ئاخر تەڵەی هەژاران لە حوکمداری زەردار و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئەو وەاتە ناسەنەت، نەخێر، لەوە دەچێت کە ئەم قادیرە تەنیا خودای دەسەڵاتداران بێت.

ئەمە لەنەو "لە خوما"ی جەمیل سائیبدا داشتنێکی "پەنەنراوی" هەمەکەتیی کەمەایەتیمان هەیە. چیرۆکەکە دەسەڵاتدارانی ئەو وەاتە

و ئامرازەکانیان فەرز دەکات. بەدادی و بەویژدانی و بەخودایی، هەڵەشەی داڕزانی یەکجارەکی لەو وڵاتە دەکەن. نووسەر لە خودایەتیی ئەزەلییەوە، هاوکات خۆگرەداو بە بنەما مێرالییەکانی ئەم خودایەتییەوە، چیرۆکەکی هونەریی دەنووسێت کە لە نەویدا بەدادی و بەویژدانیی دەسەڵاتداران لە لایەک، داماوی و بێچارەیی هەژاران لە لایەکی دی، خەیان دەبینێوە. کەواتە مەبەستی جەمیل سائیب دیلەمای ئەو کەمەڵە، یان ڕاستتر ببڕژین، دیلەمای نوێنەرانی ئەو کەمەڵە نییە کە لە لاوازییانەوە ناچارن بەیارمەتی بە هەزە سەروەرە بیانییەکان بدەن، بەڵکو مەبەستی نووسەر لە کرۆکەوە ژیرکەوتنی داد و ماف و ویژدانە.

جەمیل سائیب بە داشتنی چیرۆکی "لە خۆما" من-فۆرم-ی هەڵبژاردووە. نووسەر بە ڕستەی "خوا بە خێری بگەڕێ" خوێنەر دەگەڕێت، هەر وەک بڕیین لای خێی دایدەنێت و خوێنەکەی بە دەگەڕێتەوە. ئەم شێوە ئەدەبییە، کە جەمیل سائیب بە داشتنی "لە خۆما" بەکاریهێناوە، بڕیتییە لە "حیکایەتخوانی" کە لە تراديسیۆنی ئەدەبیی وەرگرتووە و هاوکات لە شێوە خێیەکیدا، وەک ئەدەبەکی نوێ، لە تراديسیۆنی دوورخستەتەوە. چۆن حیکایەتخوان لەنێو دانیشتوانێکدا حیکایەتێک دەگێڕێتەوە و بە "هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو" سەرەتا دەگرێت، بە هەمان شێوە جەمیل سائیب بە ڕستەی "خوا بە خێری بگەڕێ" دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات. لە ئێوە چیرۆکەکی ئەفرێنراوی خێیە کە ئەو دەیگێڕێتەوە، چونکە نووسەر، سەرەڕای بەکارهێنانی شێوەی حیکایەتخوانی، ڕاستەوخۆ "من"ی دەردەبڕێت، واتا بیری لەوە نەکردەتەوە کە بە نموونە حیکایەتێکی هاوشێوەی "خورشید و خاوەر" بگێڕێتەوە و هەوە بدات بە دانانی پێندی جیاواز هەشی خوێنەر بە هزرین ببزوێنێت.

دوورخستنەوەی هونەریانەی "لە خۆما" لە تراديسیۆن بەوەدا ڕوونددەبێتەوە، کە حیکایەتخوانی بریتییە لە ئێپیک (ملحەمە) و دەشێت چەند دە ساڵێک لە ماوەی دوو یان سێ سەدەی گێڕانەوەدا ڕێت ببن، لە "لە خۆما" فۆرمێکی کاتداری داخراوی هەیە و جەمیل سائیب کاتەکەی زۆر گونجاو دیاری کردووە: ڕۆژێک و شەوێک ڕێبەینی کاروان بە بە هیچ چەشێوەیەک هەتا سەر سنووری وڵاتی مەبەست، ئەمەش بە داشتنەکی کورت؛ ئەوجا لەسەر سنوورەوە ڕۆژێک ڕاگەبەینی پەمەترسی، هەتا کاروان لە تاریکیی ئێوارەدا بە کەنار شاری مەبەست دەگات؛ چیرۆکەکە لەڕەوە بەرەو هەڵچوونی پتر دەڕوات؛ دوای شەوێک مەترسیەکانی کابرای هەژار پتر پەرەدەسێنن؛ ئەم بەشە کەمێک لە

قـنـاغی ئـبـیـنـکـە درێـژتـر؛ ئـوجـا کـشـکـێ رۆژی داهـاتوو لـە ماوەیـکی کـەمتردا لـە شـوێـک ئـالـزتر دەبـتـەوە، چـیـرۆکـێ بـەرەو هـەڵچوونی پـتر دەڕوات و هـەژار لـە مـاڵی حوکمدار دیل دەکرێت؛ ئـەم بـەشـە درێـژترین بـەشـە و هـەر لـەڕەش خـوێـنـکـە، واتـا چـیـرۆکـێـکـە بـە دوا هـەڵچوونی باری هـەژاری دیـلـکـراو و ئـەشـکـنـجـەدانی، کـۆتـایی دێـت.
بـە هـەر حـاڵ، چـیـرۆکی "لـە خـۆمـا" سـتـروکـتـوری زیـنـدەخـوی پـێـدراوە. بـەیـە ئـەم جـۆرە چـیـرۆکـە لـە بـەراورد بـە شـوازێـکـانی بـەدیـهـێـنـانی ئـەدەبـیـی ئـەو سـەردەمـە نـوێـیـە، واتـا: سـوودی خـێـیـی لـە فـۆرمـە ئـەدەبـیـیـکـانی تـرادیـسـیـۆن و وەرگـێـڕیـنـیـان لـە بـەرهـەمـکـی نـوێـدا.

پـرسـیـارێـک پـێـوەنـد بـەم چـیـرۆکـەوە ئـەوێـیـە کـە بـۆچـی جـەمـیـل سـائـیـب "خـۆن"ـێـکـی وەک داشـتـنـی چـیـرۆکـێـکـی هـەڵبـژاردووە؟ سـەرەتـا ئـەوە ئـاشـکـرایـە کـە جـەمـیـل سـائـیـب هـەنـدێ هـەڵشـن هـەڵفـتـاری حوکمـدار و دەسـتـوپـێـوەنـدە سـادیسـتـێـکـانی ئـەوی داشـتـووە، کـە ئـیـدی نـاتـوانـیـن بـبـژێـن، گـەیـا ئـەو وێـسـتـوویـەتـی بـە گـەڵـانـەوەی خـوێـنـێـک مـەبـەسـتـی خـێ بـشـارێـتـەوە. ئـەمـە بـە ڕاسـتـی وەڵـامـێـکـی ئـەبـزوردە، چـونـکـە چـیـرۆکـنـووس زۆر هـەڵشـن هـەوڵـەسـتـی خـێ دیـاری کـردووە، ئـەو هـەڵشـنـیـەش تـەنـانـەت زۆر خـوێـنـڕی بـە حوکمـێـکـی یـەکـلایـەنـی بـردووە، کـە گـەیـا هـەڵـدانـەوەی چـیـێـتـیـی شـێـخ مـەحـمـودی ئـوزورپـاتـۆر (مـوڵـکـداگـیـرکـەر) مـەبـەسـتـی ئـەو بـووە.

ئـەمـە گـرۆکـە بـە وەڵـامـی ئـەو پـرسـیـارەی سـەرەوە سـەرلـەنـوێ لـە مـەتـیـقـی جـەمـیـل سـائـیـب بـەوانـیـنـەوە. وەک لـە سـەرەوە گـوتـمـان، مـەتـیـقـی ئـەو لـە نـووسـیـنـی ئـەم چـیـرۆکـەدا ئـەوێـیـە کـە تـەنـیـنـەوەی بـەدادی و بـەویـژدانی لـە ژیـنـگـەی خـێـیـدا دەربـخـات، ئـەمـەشـی خسـتـەتـە ئـەسـتـۆی دەسـەڵـاتـدارانـی ئـەو وەڵـاتـە. لـەم ڕوانـگـەیـەوە ئـاشـکـرایـە، کـە لـەبـەر ئـەوەی تـەنـیـا خـوێـن سـەرجـەم سـنـووری کـات و فـەزای جـیـهـانـی هـەڵـدەوەشـێـنـتـەوە، ئـەوا دیـلـکـردنـی کـابـرای هـەژار لـە ئـەدەبـیـاتـی مـاڵـی حوکمـداردا هـیـچ پـرسـیـارێـکـی لـەگـێـکـی سـەبـارەت بـەوە نـاهـێـنـێـت کـە بـۆچـی جـەمـیـل سـائـیـب کـابـرای هـەژار لـەو جـێـیـە دەگـێـرسـێـنـێـتـەوە. ئـاخـر ئـاشـکـرایـە گـەر وەڵـاتـێـک پـاسـەوانـی سـنـوور و چـەکـدار و مـەئـمـوری هـەبـێـت، ئـەوجـا حوکمـدارێـک لـە لـوتـکـەی قـەوارە سـیـاسـیـیـەکـەیـدا خـێ بـبـیـنـێـتـەوە، ئـەوا بـە سـانـایـی دەشـێـت گـریـمـانـەی ئـەوەش بـکـرێـت کـە لـەو وەڵـاتـەدا، یـان لـە پـایـتـەخـتـی ئـەو وەڵـاتـەدا لایـەنـی کـەم گـرتـووخـانـەیـێـک هـەیـە و چـەکـدارەکـانـیـش دەبـێـت هـەژاری دیـلـکـراو بـە ئـەوە بـڕن. لـە بـەر گـیـرسـانـدنـەوەی کـابـرای هـەژار لـەو ئـەدەبـە پـێـنـجـەرە دارەی مـاڵـی حوکمـدار دەرفـەت دەخـسـێـت کـە ئـەو لـەوەوە نـێـک تـەنـیـا گـوێـی لـە ئـاخـافـتـنـەکـانـی دەسـەڵـاتـداران بـێـت، بـەڵـکـو تـەنـانـەت دەتـوانـێـت لـە پـێـنـجـەرەکـانـیـەوە بـیـیـان بـیـنـێـت. ئـەمـە چـاکـتـریـن

ەیە بۆ فۆرمکردنی حوکمدار و نوێنەرانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە خەیان بە نوێنەری گەل دەزانن.

لە ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، کە جەمیل سائیب لە چیرۆکە هونەرییەکانیدا یەکلایەنییە، وەک چۆن هەندێک قەدیمی لە ئەقڵییەتی کوردیی پێنەکەری مەژووەوە دەبەژن، کە گەیا ئەو کینەی لە حوکمدارییەکەی شێخ مەحمودی مۆکداگیرکەر هەڵگرتووە. لە بنەڕەتدا جیهانی سیاسی لە ڕوانگەی هەموو نووسەرێکی یان هونەرمەندێکی ،،ئاستەقینە،،وە تەنیا جیهانی بەرژەوەندییە، جیهانی ماچ و پاشقوڵ، واتا ئەو جیهانەیە کە نەشیاوە هیچ نووسەرێکی یان هونەرمەندێکی مەزن بتوانێت بە سەندنی ڕازامەندیی دەرەکی بیەازنێتەوە. ئازاندنەوەی پیوەندییەکانی دەسەڵات، ستایشکردنی زەرداران وەک پاڵەوانی گەل، کردنی زەردارە مردووەکانی ئابووردوو بە نەمر، لە بنەڕەتدا کاری نووسەرانی ئاستنزمە کە گەر بەرهەمی بەو چەشنەیان تەنانەت لە ڕووی ئەدەبییەوە سەرکەوتوو بێت، سەرەڕای ئەوە تەنیا شایانی ئەوە دەبێت ناوی ئەدەبی نزمی لە بنرێت.

نووسەرێکی مەزنی وەک جەمیل سائیب نەشیاوە بتوانێت پێوەندییە سیاسییەکان بەازنێتەوە، بە نموونە هەوەستێک "بە خاتری گەلەکەی" (!) وەربگرێت "تاکو بگانە بەو گەلەی خۆش نەکات" (!!)، ئەوجا زەرداران و مۆکداگیرکەران بکات بە پاڵەوانی گەل، بەمەش کیچێکی (Kitsch) سادەی سەر بە ئەدەبی نزم بهێنێتە ئاراوە، واتا پەخشانیانە هەستی هەئاوساو بهێنێتەوە و زەرداران بکات بە "نەمر"! نەخێر، کینی پسیکەلۆژیانە جەمیل سائیبی نەتەنیوە، بەکو ئەو لە وەاتێکی تەنراودا بە بەدادی و بەویژدانی، خوازیاری داد و ویژدانە. ئەو لە داشتنی چیرۆکێکیدا هەمن و ئارامە و ئاستەوخۆ بەدووی ستەی "خوا بەخێری بگەڕێ"دا سەرتای چیرۆکەکەی دەدات، لە بەبەهەڕچوون و داچوونی پسیکەلۆژیانە (ئەو ڕەوشانەی لەدەربچێت کە نووسەری هەش لە جیهان دابەاو هانا بە ئاسمان دەبات) و هەروەها بەبەوشەسازیی پلاستیکی. هەشی بابەت فەرمەنێر و زمانی ئیالی هەژانە "ی ئەو سەردەمە" بە شێوەیەک یەکدییان تەنیوە کە ئیدی نزیکەی نەشیاوە لە یەکدی جیابکرێنەوە.

لە جەمال بابان کە بە بەاوکردنەوەی چیرۆکی "لە خۆما" کارێکی مەزنی ئەنجامداوە، خەی لە کارکردنی ئەدەبی هەقورتاندووە و دەبەژێت: خۆنبین دەبووایە لە خۆنەکەی بەدار ببوایتەوە! ئەم جارە هەوەست وەرگرتنە زەر جەی سەرنجە. پرسیارێکی کرێکی لەم پێوەندییەدا ئەوەیە، کە ئایا ئاقڵکارێک یان تەنانەت هەخنەگرێکی

ئەدەبی چەقێکی بەسەر ئەفراندنی ئەدەبیی نووسەرێکەوە هەیە؟ ئایا چۆن هاڤکارێک یان هەڵخەڵگرێک دەورەت بە نووسەرێک یان هونەرمەندێک ببڕێت، کە گەرەکە ئەم یان ئەو هەیە بگرێتە بەر و ئەم یان ئەو ئەنجام بخاتەوە؟ ئەمە لە بنەڕەتدا خەڵقورتاندنێکی زۆر نابەجێیە لە کارکردنی ئەدەبی و هونەری. لە بنەڕەتدا هەڵفتارێکی یاساغە.

بەگومان ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینین، کە کەسان هەن و بە نموونە هونەردەست نین، کەچی دەچن بە پێشانگە، ئەوجا ووتەدات کە لەوە دەبن بە مایەی سەغڵەتی بە هونەرمەندەکە: "ئەرە کاکە ئەو هەموو هەنگە مەرەت بە بەکارهێناوە؟"؛ یان ووتەدات کە مرۆڤ نە خوێنەرە و نە لە ناخییەوە بزواوە بە کەشفی خۆپگەیاندن، کە ئیدی بتوانێت پەیوەندییەکی هەڵخەڵیی لەتەک کایەی نووسینی هەزری و ئەدەبیدا بهێنێتە گۆڕێ، بە کورتی، مرۆڤی بەم چەشنە کە گەر تەنانەت بەوانامەدار بێت، هەشتا هەر کەسێکی سادەی کەمەایەتییە، کەچی لە خەیاوە لەسەر نووسین یان تەنانەت فەلسەفە دەتە گۆ! گومانی تێدا نییە کە پەویستە ئەم جەرە سنووربەندە خەیانە لە هوانگەی ئێستێتیکی و ئەدەبناسی و هونەرناسییەوە وەڵامبدرێنەوە. جگە لەوە ئەم جەرە سنووربەندانە لە بنەڕەتدا کێشەی لایەنکانی وەرگرتنی ئەدەب و هونەرن، وەرگرتنیش ئەخلاقێکی تایبەت ی وەرگر (لەوانەر، خوێنەر) پەویست دەکات کە مەرکە کرێکییەکەی ئاگایێکی هەڵخەڵیی نەویکییانەی وەرگرانە بەرانبەر لایەنی ئەفراندنی ئەدەبی و هونەری وەک لایەنێی بەرهەمهێنان، ئەوەش بەبێ بەدئاکاری خەڵقورتاندن لە پرسەی بەرهەمهێنان. لە مەسەلەکە بەڵاستی ستەم دەبێت، گەر ئەو جەرە ئەقییەتە ناوبراوەی سەرەوە بە چالاکی لە بواری توژینەوە، هاڤکردن یان هەڵخەڵیی ئەدەب و هونەردا دیاربدات. لەم جەرە هەوەستدا بەڵاستی کەمایەسیی ئێستێتیکی و مەئریفەی ئەدەبی و هونەریی کەسەکە دەردەکەون.

جگە لەوە گەر نووسەراوەک ئەدەب نەبووە، ئەوا هەرگیز ناببێت بە ئەبژەکتی هاڤکردن یان هەڵخەڵگرتن. ئاخر هەڵخەڵ لە نائەدەب ناگیرێت! تەنیا ئەدەب، وەک نووسینی هونەرییانە بەدیهاتوو، بەڵێی فەرمی خەیاوە دەئاخڤێت. بەمەش یەخێی خوێنەر / توژەر دەگرێت و ئادەرنە واتەنی داوای لە دەکات مەتەڵەکێی نەوی هەبهێنێت! جەمال بابان دەیەوێت بڵێ دەربەینە ببژێت کە چیرۆکی "لە خۆما" تەواو نەبووە! ئەمە ناڕاستیی ئەم جەرە تەوانینەمان لەسەرەوە بە دەرخستنی فەرمە کاتدارە داخراوەکەی "لە خۆما" پشاندا و بەیە

ووی تێناکەینەوە.

جەمال بابان هاوکات پێناسەیەکی ئەوروپیانەی بە "لە خۆما" وەرگرتووە. ئەو دەبژێت، گەیا ئەم چیرکە سەر بە ڕیالیزمی ڕەخنەیی. لەم پێوەندییەدا بڕاوردێک بە ئیحسان فوئاد، کە "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جافی بەاوکردەتەوە، پتر نزیکمان دەخاتە لە شێوەی پێوەندیی قەدیمییەکان بە ئەدەب و هونەرەوە، چونکە ئەو بەرزەش هەمان پێناسەی بە "مەسەلەی ویژدان" بەکارهێناوە. ئەمە لەڕوە دەگەین بەو تێوانینە، کە ئەو جۆرە خواستنەی ڕەبازە ئەدەبییە ئەوروپییەکان بە گشتی هەوەستێکی هەشکییە لەنەو قەدیمییەکاندا، جگە لەوە نەشیاو نییە کە لەژێر کاریگەریی ئەو مارکسییەتە هەڵەمکییەدا (نەک هەزری مارکس!) نەهاتبێتە ئاراوە کە لە ئیراق باو بوو. بە هەر حاڵ، ساغکردنەوەی کەشێیکی بەم چەشنە بابەتی ئەم نووسینە نییە، بەڵکو هینی کەسکە کە لەبارەی مەژووی ئەدەب و هونەر دەنووسێت.

لەڕدا ئەوەندە دەبژین، کە دەبێت جیهانبینیی نووسەر یان هونەرمەند بە هەر پێناسەیەکی ئەدەبەکەی یان هونەرەکەی ڕەچاو بکرێت. جەمیل سائیب لە داشتنی چیرکە هونەرییەکەیدا لە هەزکی خاوەنی ئەزەلی و بنەما مەرالییەکانی ئەو هەزەوە سەرچاوەی گرتووە. ئارامیی مێتافیزیکی و نائارامیی جیهانی مەژووییی، جیهانی هەزری جەمیل سائیبن، ژەرکەوتنی چاکە و سەروەریی خراپە کەشەی ئەون، بە ئەم پرسەش گەرەکە بیر لە تێگەیەکی گونجاو بە هەزری ئەو بکرێتەوە. لە بنەڕەتدا گەرەکە جەمیل سائیب بخرێتەوە نەو تراديسیۆنە ئەدەبییەکەی مەلای جزیری و خانی و هاوشێوەیان، ئەوجا گەرەکە بە ئەم تراديسیۆنە ئەدەبییە ناوەکی تایبەتیی کوردیی پابەند بە جیهانبینیی هەزانقان و نووسەرەکانەوە "هەبهەنجرێت"، نەک لاسایکەرەوانە تیگەی "کلاسیک"ی ئەوروپیانەی بە بخوازرێت و بەزەر بەسەر نووسینە ئەدەبییەکانی ئەو تراديسیۆنەدا بسەپێنرێت.

-_____

سەرچاوە:
جەمیل سائیب. لەخۆما. پێشکێشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان. بەغدا، ساڵی 1975.

تێبینی

– ئەم نووسینە یەکێکە لە بابەتەکانی نووسەر لە کتێبی "لەتەک

فەنەمەنە ئەدەبییەکاندا”، بیر و هوشیاری، سلەمانی 2006.
نووسینەکە لەم شێوەیەی بەردەستدا کاری تەداکراوەتەوە و سەرلەبەر گۆڕاوە.
– وەک ئەمانەتی ئەدەبی سیتاتەکان (ئیقتیباسەکان) وەک خۆیان دراونەتەوە.
ک.ج.

ڕۆمان … لە ئۆکتۆبەردا کوژرام … نیهاد جامی

“ڕۆمان”

لە ئۆکتۆبەردا کوژرام
نیهاد جامی …



بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کلیکی ئێرە بکەن ….

ڕۆخنەو ململانێ … تاهیر ڕەحیم

هەموو کەمەگایەک لەسەر دوو بنەما گۆشە دەکات. یەکەکیان ڕۆخنەیە ئەوی تری ململانێیە.
ڕۆخنەو ململانێ لە کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پیشەسازی، بازرگانی و پەروەردەییەکان.

لە کۆمەڵگا پیشکەوتووەکان، بە نمونە ئەمانیەک نادزیتەوە سەنای حکومەت بکات، هەموو ڕۆخنە دەگرن.
کاتێک حکومەت شتێکی باش دەکات پێویست ناکات دەستخۆشی لێبکرێت، چونکە یەکەم ئەوە ئەرکی حکومەتە دووهەم لە گیرفانی سەرۆک و وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان خەرجی پرۆژەکان دەرناهێنراوە.

گەر کەسێک لە پارەی خۆی تەختەرەشێک بە قوتابخانە بکەیان قەرەوێلەیەک بە نۆخشخانە بکەیت، بگومان جگای دەستخۆشی و باسکردنە. خەبەرخشانە بەو کارە هەستاوە. هەروەها ئامانج لەسەناو باسکردن بە ئەوپەیە نموونەیان زەربەت. بەداخەوە لەناو دەسەاتێکی گەندەڵ و تێکشکاوی وەک هەرێم، ژمارەی گەندەڵکاران چەندە زیادبکات، ئەوەندە ژمارەی خەبەرخشکان کەمدەکات. چوونکە کەشە هەر لە گەندەڵیەکە نیە، بەڵکو خەڵک متمانەو ئومێد لەدەستدەدات.

حکومەتێکی وەک هەرێمی کوردستان کەتەواوی جەستەی لە گەندەڵی و لە شکستدا نوقم بووە، بە دەبەت ستایش بکرێ؟ میللەتی وشیار ڕۆخنە دەگرێ نەک ستایش.
دووهەم ململانێ لەنێوان کایەکانی ژیان دەبەتە هەی ئەوەی کە باشترو بەرەو پێشەوە بچوات، لەئەوروپا تەنانەت ململانێی لەنێوان نۆخشخانەکان، زانکەکان و قوتابخانەکانیشدا هەیە.
کە ململانێ لە نێوان بازرگانەکان هەبوو، دەبەتە هەی ئەوەی هەر بازرگانەک شت و مەکی باشترو هەرزان بهێنێ بە ئەوەی زوو ساخبەتەوە، نموونەیەکی سادە تر، لەگەرەکێک گەر یەک سوپەرمارکەتی لەبەت، ئەوە بە ئارەزووی خۆی نرخ لەسەر شمەکەکانی دیاری دەکات. شت و مەکی هەرزان و خراپ دەهێنێ. چوونکە سوپەرمارکەتێکی تر نیە ململانێی بازاڕی لەگەڵ بکات. خەکییش ناچارن بیکڕن.

بەڵام گەر چەند دوکانێکی لەبەت، بگومان هەموو هەوڵی ئەوەدات نرخەکان گونجاوبەت بە ئەوەی زەرترین کەس لای ئەو بازاڕی بکڕن. ئەمە پیی دەڵێن بازاڕی ئازاد...
بەڵام لە کوردستان نەک بازاڕی ئازاد نیە بەڵکو بازاڕ لەلایەن چەند بازرگانێکەوە کە هەمۆیان سەر بەو دوو بنەماڵەن قەرغکراوە. هەر ئەوەش هەموو جارە ململانێیەکی کوشتوە. قەرغکردنی بازاڕ دەبەتە هەی ئەوانەی شارەزایی و توانیان لە بوراکدا هەیە، بواری ئەوەیان نەبەت تواناکانیان بخەنە گەڕ. واتا بازرگانی و بوارەکانی تریش لەنێوان دەستێکی گەندەڵدا قەتیس دەبەت.

ئەم دوو بنەماڵەیە چوونکە بەرژەوندیە بازرگانیەکانیان پێکەوەیە،

لەبەر ئەوە بەناچاری لەباری سیاسیشەوە پێکەوەدەبن. چوونکە لاوازی بنەماڵەیەکیان دەبێتە هۆی لاوازی ئەوی تریان جا گەر لەهەندێک هەوەستە هەندێک جیاوازیان هەبێت بەڵام لە کۆتایدا بەرژەوەندیەکانیان وادەخوازێت پێکەوە بن.
لە دوایی ١٦ ئۆکتۆبەرو رادەستکردنی نیوەی خاکی باشوری کوردستان بە حکومەتی عێراق، دوایی ئەو هەموو سوکایەتیە بەیەکتری، هەشتا پێکەوە کار دەکەن و پلان دادەنێن. لەبەر ئەوەی خواستی بەرژەوەندیە ئابوریەکان وا دەخوازێت.
نەبوونی ململانێ بووتە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو بنەماڵەیە ٢٧ ساڵ تەنها شکست و گەندەڵی بە خەڵکی کوردستان تەمار بکەن.

کۆتایی دونیا 1916 … ڕیچارد هەڵزنبەك …. و : نەژاد عزیز سورمێ

کار لەم دونیایەدا
بەم بارە کەوتووەتەوە ،
مانگا بەسەر دارتەڵی تەلەفۆنەوە
چوارمشقی دانیشتووە شترەنج دەکا ..
باڵدار ،
لەژێر تەنووری
سەماکەرێ ئیسپانیەکاندا
وەك شێپوورژەنی
بنکەی سەرکردایەتی
بە خەمگینی دەخوێنێ ..
دەسکی زەنگ ،
بە درێژایی ڕۆژ دەلەرێتەوە ..
ئا ئەوەیە کێگەی وەنەوشە
کە موختاری بەڕێز باسی دەکا ،
کاتێ چاوەکی لە دەست دا ..
تەنێ فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوە دەتوانێ

مەتەکە لە دیوەخان دەربکا ..
بەڵام هەموو سەندەکانی ئاو کار ناکەن !

ئای هەی سەنیا !
گشتیان ،
لەباتی منداڵان ،
پەیان داوەتە
بووکەڵەکەی سلیلەز و
ڕەیشتوون هوتاف بکەشن :
خوا پاشا بپارێزە !
یانەی یەکتاپەرستان هەموویان
بەسەر کەشتی (مایربیر)ـەوەن
کەچی تەنیا کەشتییەوان
هەندە شت لە ئاوازی (دە) دەزانە ..

من ئەتەسی توەکاری ،
لە پەنجەی پەم دەکەشمەوە ..
کەچی خەرا
توەژینەوەیەکی بەڵاستی دەست پە دەکا
(ماسی)تان دیوە
بەدرێژایی دوو ڕۆژی ڕابردوو
بە پارچە پارچەیی
لەپەش ئەپیرادا وەستاوە ؟

ئاە ..
ئاە ئیبلیسە بە ترسەکان !
ئاە .. ئاە .. هەنگەوان !
ئەزبەرکەری دە ڕاسپاردەکە و
کەوانەی هوس هوس ..
هەروا بو وو
کە ئەمە نازانە
(هەمیرەس)ی باوکمان چی نووسیوە ..
من شە و ئاشتی دەگرم
لە کاتەکدا جل وبەرگی زانکەم پەشیوە
بەڵام گەلاس دەکەم ..
کەس نازانە ئەمە
ئەگەر سبەینە نەبە
ئەوان بە لەپی دەست لە کات دەدەن

ئەگەر کەسیان دەمارێکی بەهەزی هەبێ
مووی کلکی
ئەتەمبیلێکی بارهەڵگر دەرکەشێ
ئەو سەردەمێکی ناوازەیە .
مامۆستایانی زیندەوەرزانی
لە کەڵگەدا کەدەبنەوە و
بە لەپی دەستیان ،
پەلکەزێرینە دەگەڵنەوە ..
جادووگەری مەزنیش
تەماتە لەسەر نەوچەوانی دادەنێ ..
جارێکی دی سەردانی قەڵا دەکەی و
بە بیابانە فراوانەکاندا دەسووڕیەوە
ئاسك هاوار هاواریەتی و
ئەسپ قیت دەبێتەوە
) ئا ئەوەیە جیهانی ئەمە
ئەمەش هەشتا وەختی ماوە (.

(*)ریچارد هەلزنیك : یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی بزاڤی دادا .
بڕِوانە : طۆظاری (الشعر 69) ذمارة 3 تەممووزی 1969 ضاثخانەی دەزطای (الجمهورية) بەغدا .

زمان و ناکامی سیاسیی ... محەمەد تەها حوسێن

پشانگەی نەودەوەتی کتێبی هەولێر سەرەای ئەوەی ژوانگەیەکی بەیەکگەیشتنی خوێنەر و کتێب و خوێنەر و نووسەران و نووسەران و کتێب و نووسەرانە لە نێوان خێیاندا، بازاڕێکی ڕەشنبیری و کولتووڕە جوداکانە، پشانگەی هەولێر خەریکە وەك دابەکی ڕەشنبیری و نەریتێکی کولتووری لە نێواندا دەچەسپێ. من ناچمە سەر لایەنە ئابووری و هەسەنگاندنە بازاڕیە بزنسییەکەی بەقەد ئەوەی هەرچەنێك و هەرچییەك بێ ئەم دیاردە ڕەشنبیرییە ئەرێنییە وەك جەزنێك بێ

کتێب و نووسەران و خوێنەران دەرکەوتووە و دەردەکەوێ.
ڕۆژانە لەوێ بووم، نزیکەی (20) کتێبم کڕی، لە بابەتی سایکۆلۆژی و ئەدەبی و فەلسەفی و زمان، دوو کتێبی زۆر گرنگم لە بواری زمان و سیاسەتی زمان و بایەخی زمان وەك توخمێکی بنچینەیی لە پێکهێنانی نەتەوە و گەل و دەوڵەت و هەر قەوارەیەکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دڵزینەوە.

زمان هەر بەتەنها بوار یا بابەتێکی لینگویستیك و فیلۆلۆژی و کۆمەڵایەتی نییە، بەقەد ئەوەی بە بابەتێکی زۆر سایکۆلۆژی و دواتر سیاسیی و نەتەوەیی دەزانرێ، هیچ ڕێچکە و ڕێبازێکی دەروونی خۆی لە بایەخی زمان نە لای تاك و نە لای خێزان و نە لای کۆمەڵگە و نە لای نەتەوە و دەوڵەت نەدزیوەتەوە، زمان بابەتێکی هەرە لە پێشی دەروونزانییە، هەر لە دەروونشیکارییەوە تاوەکو دوا میتۆد کە سایکۆلۆژیای گەشەسەندنە(داریونیزمی دەروونی) و لە گەیشیدا پێزەتیف سایکۆلۆژیی. سایکۆلۆژیا بەر لە هایدگەر زمانی بە (ماڵی وجوود) زانیوە، سیگمۆند فرۆید بە میتۆدی بەدوایەکداچوونی وشەکانWord association دەچووە نێو قوواڵیی نەستی تاك و مێژووی ژیانی دەروونی ئەو، ئەم میتۆدە لە ڕۆگەی زمانەوە کاری خۆی دەکات و شڕۆبوونەوەشی بۆ تاریکایی نەست کە ئەمبارێکی پڕاوپڕی زانیارییە شاردراوە و چەپاوەکانە هەر چوونە نێو زمان و دڵزینەوەی نەزانراوەکانی هێشە.

ژان پیاژێ بە گەشەی مەعریفی لای منداڵ و قۆناغەکانی سەروو تردا زمانی وەك بونیادێکی هەرە چالاکی نەخشە مەعریفییەکانی مرۆڤ دەزانی، لای ئەو زمان بەستراوەی ناسین و زانینە، لە ئۆبیستیمۆلۆژیاکەی خۆیدا کە ناوی "پێکهاتەیی" لێناوە پیت و وشەکانی زمانن وردە وردە دەبن بە بونیادە مەعریفییەکان و زەخیرەی زانینی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان دەبەن.
دواتر لای جاك لاکان زمان جێگەی نەست دەگرێتەوە و بەتەواوی مرۆڤ لە نێو زماندا هەڵدەسووڕێت و هەر لە نێو ئەویشدا گەشە دەکات و دەناسرێت، زمان سیستمێکی ئاڕاستەزی سیمبولیکییە و بە وریاییەکی زۆرەوە لەوێدا وێنە جوداکانی لە هەڵوەست و زەمەن و قۆناغە جوداکان پارێزراون و لە هەلی جیاجیاشدا دەردەکەونەوە.

زمان ئەگەر کەرەستەی بونیاتنانی مرۆڤ یا تاك بێ و دەرکەوتی بەرخوردی بەردەوامی تاك و کۆمەڵ بێ لەگەڵ شوێن لە زەمەنی جیاجیادا و هەم زەمەنەکان و هەمیش شوێنەکان لە ڕووی تایبەتمەندییە جوداکانی نێوانیاندا لەیەکتر نەچن، چۆن چۆنی زمان

لە هاوکێشەی درووستکردنی مرۆڤ و پێگەیاندنیدا وەلاوە دەنرێت؟، بایەخی زمان هەر بەتەنها لە مافە کولتوورییە سەرەتاییەکان کورت ناکرێتەوە بەقەد ئەوەی وەك ئاماژەم بۆ کرد لە بونیادی سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی تاك و گروپ و کۆمەڵگەکاندا دەبێتە بنەما یا بنچینەی یەکەم لە نێوان دوو بنەمای ترکە مرۆووی هاوبەش و خاکی هاوبەشن.

مرۆوو لە بابەتی نەتەوە یا گەل یا کۆمەڵگەدا هەهەندی زەمەنمان بۆ دەردەخا کە لای خۆیەوە نوێنەرایەتی جولە و چالاکییەکانی تاکەکان دەکات و کولتوور بەرهەمدێنێ، خاکیش هەهەندی شوێن دەستنیشان دەکات و دەبێتە ئەو ژینگەیەی کولتوور لەوێدا دەچێنرێت و پێبەپێ بە خزمەتکردن و ئاودانی نەشونما دەکات.
کولتوور وەك هەهەندی زەمەن و خاکیش وەك هەهەندی شوێن لەکارلێکی نێوانیاندا زمانێکی تایبەت بە خۆیان دێننە ئارا لەهەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا زمانی دایك یا زمانی هەسەنی پێدەڵێن، بەبێ زمان ئەم کارلێکە لە نێوان زەمەن و شوێن هێوونادات، چون نە زەمەن بێ زمان مرۆوو دەنووسێتەوە و نە شوێنیش بێ زمان دەبێ بە وێنەی جودا جودا و لە زەین و هۆشی تاکەکاندا دەچەسپێن.

زمانی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەك کولتوورەکەیەتی، بەخۆو نەکردنی زمان بەهۆاکردنی کولتووری بۆ ئەوەی ببێ بە نێچیرێکی سانا بۆ کولتووری بەهێزەکانی دەوروبەری، زمان سەرمایەیەکی سیمبولیکی کولتوورییە و نەتەوە و کۆمەڵە ئیتنیکییەکان لە ڕێگەی هەر سیمبولێکەوە وێنەیەکی خستێتە سەر ئەم کولتووری، هەما و ئاماژەکانی کولتوور لە دەرەوەی جوگرافیای خۆیانەوە نەهاتوون، ئەگەر هاتبیشن سانا دەناسرێنەوە، بەیەکگەیشتنی کولتووریەکان دەبێ بە سیاسەتێکی زماننناسانە و زمانزانانە بەڕوە بچێ و هاوسەنگی لەپەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی نێوان نوێنەدە سیاسییەکان بپارێزێ، نەپاراستنی هاوسەنگیی شکست و پاشەکشەیەکی کولتوورییە کولتوورێکی بەهێز بەرانبەر بەهێزێك دەیگرێتە بەر.

نەنرخاندنی زمانی کوردی و بەکەمناسینی لەبەرانبەر هەر زمانێکی دیکەی دنیا بەتایبەت زمانی ئینگلیزی کە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئەم هەرێمە بەدبەخت و بەستە زمانەی خۆمان زەق بۆتەوە، کەوتنە تەیەکی کوشندەیە و کارەکتەرە بەرپرسەکانی نێو ئەم دوو ئۆرگانە وەك دوو ئۆرگانی دژ بەرانبەر زمانی کوردیی کەوتوونەتە کار و بە بێیار و ڕێنمایی کەڵەگایی زمانی ئینگلیزی ڕادەگەیەنن و زمانی خۆمان کە نزیکەی 30 ملیۆن کەس پێی دەدوێن بە شایانی بەکارهێنانی ئەکادیمی نازانن.

ڕاستە زمانی کوردی ستانداریزە نەکراوە و هیچ هەوڵێکی سیاسیش لەو سیاسییە ناکامڵانە نابینرێ بۆ ئەوەی وەك تۆخمێکی بنەما لە پێکهاتنی ستاتوویەکی باوەڕپێکراوی نوودەوڵەتیی دەربخرێ، بەڵام کوردیی زمانێکی بەرگریکار بووە لە مانەوەی خۆیی و تاوەکو ئێستا بە بۆونی قەوارەی سیاسیی هەر لەنێو قەوارە و جوگرافیای ئەتنیکی خۆماندا ماوەتەوە و نەکەوتووە.

زمانی زیندوو و بەرقەراری وەها نەك توانای ئەوەی نییە هاوڕێ بۆ لەگەڵ پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆ، بەڵکو توانای هەرچی وردەکاریی ئەکادیمی و تۆژینەوەی لە بوارە هەرە هەستیار و زانستییەکان هەیە، من ئەگەر کێشەیەك لە کێمەگەکەی خۆمدا ڕوویدابێت و لە هەرچی دنیا هەیە شتی وا دەرنەکەوتبێ چ پێویستیم بە چوارچێوەیەکی تیۆرییە دڕندەکی لەم کێشەیە تیا نییە بیخەمە ڕوو؟ کێشەیەکی کێمەایەتی ئەگەر تەنها لای خۆمان دەرکەوتبێ چ پێویستم بە پێوەرە خۆرئاواییەکانە بۆ ئەوەی دیاردەیەکی کوردیم بۆ بپێون؟..... تاد.

زمانەکان هەموویان پێیانە لە وشە و هەر وشەش نوێنەری شتێکە لە جوگرافیای بوونی ئەو شتانەدا، ئەگەر لە ڕووی زانستی و تەکنەلۆژیشەوە نەیتوانیبێ هیچی بخاتە سەر مانای ئەوە نییە بیمرێنیت و بیخەیتە ڕیزی زمانە مردووەکانەوە، مردنی زمان لە ئەنجامی دڕندانە کولتووریەکانەوە دێتە ئارا و کولتووری کوردیی ئەگەر چی نوێنەرایەتی سایکەلۆژییەتێکی نەتەوەیی دەستەپاچە دەکات و نەیتوانیوە بچێتە نێو هزرینی زانستی و گەشەی تەکنیکی و عەقلانییەوە و تاوەکو ئێستا ڕەفتارە هەڕوونی و سۆزداریەکانمان بۆ دەنووستەوە، بەڵام ئەو دێخە ئیجازە بە هیچ کەس و گرووپێك نادا وەك چۆن لە ڕووی سیاسیەوە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دا، کولتووریش بکەن بە قوربانی شکستە سیاسیی و دیبلۆماتیکییەکانیان.

زمانی کوردی پەرتەوازەیە و بە باش بەوەنەبردنی سیاسی و کێمەایەتی و ململانێی گرووپگەل و ناوچەگەرییەوە نیشانەکانی شکست و چۆکدادان و شڕبوونەوەی بەرەو هەدەر بە ئاشکرا لێوەدەرکەوتووە، کلکایەتی سیاسیی بۆ نێوەندە سیاسییە زلهێزەکان کلکایەتی کولتووریشی بۆ ئەوان لێکەوتەوە و بە خڕایی وا زلزمانەکان زمانمان دەبەنەوە نێو دەممان و وردەوردە دەیبڕن.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە زمانی کوردی لە دەستووری عیراقیدا کە باشترینی خراپەکانی ناوچەکەمانە وەك ڕەسمیی چەسپیوە و مەرکێکی دەستووری و سیاسیانەی لەسەر ئاستی دنیا پێوە لکاوە، کەچی

کاراکتەرە حزبیە کوردییەکان بە گەانەوە بۆ سەر سایکۆلۆژیای هۆزگەری و ماباتیی خۆیان ئەو زمانە تەنها لە ئاستی جل و بەرگ و نمایشی خۆبادان و نەریتیانە دا دەبینن و ئەو مانایەیان نەداوەتە توانای جوڵە و پشکنینی لە هەرچی بواری ژیاندا هەبۆ.

• ئەم بابەتە لە زنجیرەی بابەتەکانی سەر زمان و بایەخی زمانە لە دەرکەوتنی کولتووریدا.

هونەر چییە؟ ... کاوە جەلال

هونەر لە فراوانترین واتادا چالاکییەکی مرۆڤە کە بەرهەمێک دەخاتەوە. ئەم چالاکییە هونەرییە بە کوردی ناو دەنرێت "وەستایەتی". ئەمە هەروەها دەتوانین لە نووسینەکانی پلاتۆن و ئەریستۆتلیسدا دیدی گریکەکان بە هونەر بخوێنینەوە. ئەوان لە "تێشنە"ی، واتا لە هونەری پاپەسازی، پزیشکی، جەنگ، بیناسازی و هتد دەدوان، کەواتە مەبەستی ئەوان وەستایەتییە بە دروستکردنی بابەتێک یان ئەنجامدانی پیشەیەکی وەک پزیشکی بە شێوەیەکی هونەری. وشە ئەڵمانییەکەی هونەر (Kunst) لە توانستەوە (Können) وەرگیراوە و واتاکەی بریتییە لە: توانست بە سەروەربوون بەسەر کارەکدا.

گەر لە واتایەکی تەسکدا لە تێگەی هونەر بڕوانین، ئەوا دەبێت تێگەی وەستایەتی یان توانست پتر رووبکەینەوە، چونکە کێشەکە لەم پێوەندیدا دروستکردنی بابەتە زێرووریەکانی ژیان نییە، وەک خانوو، پەتاو، پۆشاک و هتد، بەڵکو دروستکردنی بابەتگەلی ئەوتۆیە کە کاریگەرییەکی خێیی (واتا: ئەستێتیکی) دەنوێنن یان گەرەکە بینوێنن. هونەر لەم حاڵەتدا ناچێتە خزمەتی مەبەستێکی دەرکییەوە، بەڵکو مەبەستەکەی لەنەو خۆیدایە، بەواتایەکی دی، ئەو خۆی مەبەستە.
لە ئەم دیاریکردنە درشتەی سەرەوە تەنیا تا رادەیەک لە تێگەی هونەر نزیکمان دەخاتەوە. بۆ تێگەیشتنی وردتر لە هونەر پێویستە پاڵەزی ئەم چالاکییە خەمبەستە دیاربهێنین. لە زەرینەی ئەستێتیکەکاندا دەتوانین بخوێنینەوە کە هونەر چالاکییەکی

ئافرێنەرانەی مرۆڤ و ئامێرکیانە سەرهەڵدەدات. هونەر گرنگترین دەسوێڕە بۆ خۆدەربڕین. بە هەر حاڵ، هونەر شتێکی ڕیالە، کەواتە بوونێکی سەربەخۆی لە هونەرمەند هەیە.

مەرکی سەرکیی کاری هونەری، لە بەراورد بە بابەتە زەرووریەکانی ژیان، ئەوەیە کە دەبێت "جوان" بێت، جوانیش ئەوەیە کە مرۆڤ هەستسام دەکات، کەواتە ئەو کارە ڕۆژانەیی نییە یان جیاوازە لە شتە ئاساییەکانی ژیان. جگە لەمە کاتێک لە پیشەی دەستیدا کەرەسەی دەرەکی (خشت و گڵ) وەردەگیرێت و بەئامێرەوە بابەتێک (خانوویەک) دروست دەکرێت، واتا بەدیدەهێنرێت، ئەوا لە حاڵەتی کاری هونەریدا بەدیهێنانمان نییە، بەڵکو "دانوە"مان هەیە، لە ئەوە کە هونەرمەند دەیداتەوە، بەرهەم نییە، بەڵکو "ناوەرۆک"ی داشتنە، کە وەک خانوو نییە و لە شتەکەوە دروستبکرێت، بەڵکو "لێنەو شتەکدا" دیاردەهێنرێت، کەواتە پرسیارەکە ئەوە نییە کە "لە چییەوە" ئیشەکی هونەری دروست بکرێت، بەڵکو ئەوەیە کە "لە چیدا"، واتا لە چ مەدیەمێکدا، ئەو ناوەرۆکە دەدرێتەوە.

بەگومان ئەوە فەرمە کە لە هونەردا هەستسامی دەخاتەوە نێک ناوەرۆک. بە تێوانینی فریدریش شیلەر نابێت لە کارێکی هونەریی جواندا ناوەرۆک هیچ ڕۆڵێک، لە دەبێت فەرم هەموو ڕۆڵێک بگێڕێت. ئاخر، وەک شیلەر دەبێژێت، تەنیا بەهۆی فەرمەوە کاردەکرێتە سەر سەرجەمێتیی مرۆڤ، بە پێچەوانەوە ناوەرۆک تەنیا کاریگەری لەسەر تاکە هەزی مرۆڤ دەنوێنێت. ناوەرۆک، جا چەند مەزن و هەمەلایەنی بێت، هەردەم بە شێوەیەکی سنووردار کاردەکاتە سەر هەست، لە مرۆڤ تەنیا لە فەرم دەتوانێت چاوەڕوانی گەیشتن بە ئازادیی ئاستەقینەی ئێستێتیکی بکات.

هونەر پێش هەموو شتێک لە خزمەتی هونەرمەندایە، ئاخر ئەوە هونەرمەندە کە بە خۆدەربڕینی ئافرێنەرانە بە ئازادی دەگات: ئەو لە ئافراندندا شوێن ئامانجێکی ناخەکی دەکەوێت، ئەم ئامانجە بە موئانات کاری تێکراوە، پاشان ئەو بە کارە هونەرییەکەی ساتاردبێت و بە باڵاترین فەرمی ئازادی دەگات. بەدووی ئەمەدا، وەک ساتاربوونی لاوەکی، ناساندنی (ئیئترافی) کارەکەی لە لایەن کەسانی دیکەوە واتا وەردەگرێت، ئەویش بەوە کە ئەوان ئامادەچاوی هونەرەکەی دەکەن، یان سەرسامیی خۆیانی بە دەردەبڕن، یان دەیکڕن. بەگومان لەبەر ئەوەی هونەر تواناێ ووونکردنەوەی هەیە و پێی دەکرێت قووڵترین پرسە موئاناتاوییەکانی مرۆڤ دەربڕێت، ئەوا هونەر لە خزمەتی کامەگەشدایە. هونەر دەتوانێت مرۆڤ پێبگەیەنێت، دەتوانێت

لای وەرگر (ڕەسیپیەنت) هەوەستی ڕەخنەیی بەداربکاتەوە.

کارە هونەرییەکان بەگوێرەی هەز و بڕدەوامیی کاریگەرییە ئیستەتیکییەکیان دەنرخێنرێن، واتا چەندێتیی نزم یان بەرزیان پەدەردرێت. ئەو جوانیی و ڕەسەنێتیی و یەکجارەکێتییە کە دیاریکەری تەمەنی هونەرەکانە، بە پێچەوانەوە ناوەرۆکگەلی کەکراوە و بەپاە یەکەوە دانراو، کارەکە کە بەگومان ئاماژە بە خواستی خەدەبیبن دەدات، لە تێیدا هاوکات نابووننی توانای فەرماندن، کەواتە ناهونەرمەندێتی، دەردەکەوێت. یان با ئەمە بە زمانی ئەیستێتلیس دەربڕین: ئەو کارە نیشانەیە بە لاوازیی زەین، لەرەشدا کەسی بابەت خەڕەوە جارە "تێگەی گشتێتی"، واتا تێگەی فەرمی نییە. لەم ڕوانگەیەوە کەس هەوە دەدات هەستی هەژاو بەبە پێگەیشتنی زەینیی بکات بە هونەر، لە ئەوە کە ئەو دەیخاتەوە، هونەر نییە، چونکە فەرماندن هەمیشە لەنەو پێکەوە کارابووننی زەین و هەستدا ڕووەدات.

ئەمە بەم شێوەیە لە حاڵەتی کاریگەریی هونەردا دەکەوێنە بڕدەم پرسیاری نرخاندنی هونەر، واتا لەڕەدا لای وەرگری هونەرین. لە زەحمەتە بتوانین لەم پێیوەندییەدا بە پەوەرەکی ئەبژەکتیڤی بگەین. هونەر، جا شێوەسازی، موزیک، هەنراوە یان شانۆ بێت، بە هەندەک کەس جوانە گەر ڕووە لە هەست بکات، بە هەندەکی دی جوانە گەر ڕووە لە زەین بکات. ئاشکرایە مرۆڤەکی سادە هیچ لە هونەری ئەبستراکت حاڵی نابێت. جگە لەمە کەسانی هەشئاوڵا و هەستمەند هەن و هونەرەک بە جوان دادەنێن کە هاوکات ڕووە لە زەین و هەست دەکات. گوتەی دەبژێت: ئەوە کە جوانە، گەرەکە شارەزا بینرخێنێت، لە ئەوە کە ڕازەنراوەتەوە، تەنیا بە ئاپورە دەئاخڤێت.
لە پرسیاری زەرتر لە بڕدەمماندا زیندەبنەوە: ئایا لاسایکردنەوەی هونەری گەلانی دی هونەرە؟ ئاخر ئاشکرایە کە لاسایی لە ڕەمەکی سپەنتانی مرۆڤەوە هەنقوڵاوە، بەکو پشنموونیەکی هەیە و کەسی لاسایکەرەوە، بە نموونە گەرانیبێژ، لە جیهانەکەی خەیدا کپیی دەکات.

جگە لەمە لە سەردەمە داڕاوکاندا دەکەوێنە بڕدەم پرسیاری چەندێتیی هونەر. ئایا هونەر لەم جەرە سەردەماندا پێی دەکرێت بەختیاری یان هەستی شادی دابەژێت؟ لە بنەڕەتدا هەنینەوەی هەستی شادی لەم سەردەماندا نیشانەی ناڕاستگۆیی، هەر بۆیە بەهەی ناڕاستگۆییەوە دەبێت بە کیچ، بەڵکو تەنانەت فەلکلەر (بە نموونە شایی) دەبێت بە دیاردەیەکی ناجوان، چونکە ئەو کەسە کە لەنەویدا دەست دەگرێت، لە ناخەوە نامۆیە بە ڕیتمە کرکیەکانی هەر شایەک،

بەیە خوازیارانی فەلکلار وەک کەسانی سادە و چژشەواو هانا بە سادەترین جۆری شایی دەبەن کە "شایی چەپی"یە. پەدچەت لە سەردەمە داژاوەکاندا تەنیا شانۆ گوزراشت لە دەخی مرۆڤ و بەیشبوونی بەها کەمەایەتییەکان بکات. بەم شێوەیە هونەر لە سەردەمە داژاوەکاندا دەکەوتە بەردەم ئەرکی ئاز، تەنانەت خەیشی ئاز دەبەت.

بە دیدی ئادەرنە نابەت بە هیچ شێوەیەک لە بدرەت کە هونەر کەمەایەتییانە بکاربهنرەت و نامە بکرەت، بە پچەوانەوە هونەر دەبەت دەکەک بەت لە چاوی جیهانکدا کە پچە بە ەووی خەیدا هەدەواسەت. لە بنەەتدا ئەم پچەیەی داکەوتی کەمەایەتییە کە هونەرمەند بەری دەکەوەت، ئەوجا لەبەر ئەوەی ناتوانەت هیچ ئیجرایەک بەرانبەری بنوەنەت، ئیدی تووشی موئانات دەبەت. هونەر وەک شتەکی زیادە، وەک ئوتەنوم پەویستە هەوەستی دژبەری خەی بەرانبەر کەمەگە بپارزەت، چونکە تەنیا بەم شێوەیە بە دلوەت پەیوەندییە یالەکان بخاتە ژەر پرسیارەوە.

Adorno, Theodor W.: Gesammelte Schriften. Band 7: Ästhetische Theorie. 6. Auflage. Frankfurt am Main 1996.

Kuhr, Rudolf. Was ist Kunst. http://www.humanistische-aktion.homepage.t-online.de/kunst.htm

Schiller, Friedrich: Über die ästhetische Erziehung des Menschen

---

خەاتی نەبلی نادیە و رەخنە ناڕواکان بەسەر نادیە و کەمەگەی ئەزدیان … شاخەوان

شەش

نادیە لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لە ١٥ سێپتەمبەری ٢٠١٤ دا لە گوندەکەی خۆیان کەجە لەلایەن داعشەوە دەستگیردەکرێ و بەکۆیلە دەکرێ، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤ رزگار دەبێ، لە سەرەتای ٢٠١٥ دا وەک پەنابەر دەگاتە ئەڵمانیا، لەساڵی ٢٠١٦ دا ٣ خاڵاتی مەزن (بالوزی نیازباشی یوئین، مەدالیای مافەکانی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین) بەدەست دەهێنێ، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا لە ساڵی ٢٠١٨ دا خاڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەست دەهێنێ.

لە کورتەی پیشەکیەکەدا چاڵاکی و کاریگەری نادیەمان بۆ بڵگاوە بە دەردەکەوێت. دیارە خەباتی نادیە بریتی بووە لە خەباتی ئاو لە ناساندنی تاوانی گەلکوژی ئێزدیان و هەروەها ئازایەتی نادیە لە دەرچوونی لە قاوغی قوربانییبوونەوە بۆ خەبات دژ بە تاوانباران، ناساندنی دەندەیی تاوانەکە بە جیهان و هەوڵدان بۆ دانپێنانی وەکو تاوانی گەلکوژی، هەروەها چوونی بۆ ئاستەکی جیهانی و لەوەدا خەباتکردن بۆ هەموو قوربانیانی تاوانی دەستدرێژی کە لە زەربەی بارەکاندا لە کاتی شەردا و لە بوونی تاوانی جەنگ و پاکتاو و گەلکوژیدا رووددەن، بەنمونەی وەکو دەستدرێژیەکانی تاوانی گەلکوژی دارفور، تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و گەلکوژی لە یوگوسلاڤیای کەندا، لە شەڕی ئێتنی ناوخۆی کەنگەدا، تاوانی گەلکوژی رواندا و هتد. دیارە خەلاتەکە لەپای خەباتی نادیە بۆ قوربانیانی تاوانی دەستدرێژی لە شەڕدا و ئاوەش جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەروەکو خەباتی د.

دەنیس مەکویکە بەهەمان شێوە بۆ ڕزگارکردنی قوربانیانی دەستدرێژییە لە شەڕی نێوان وڵات و گروپە ئێتنیەکاندا. سەبارەت بە د. دەنیس پەیوستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئاو دکتۆرە تائێستا بۆ هەزاران نەشتەرگەری بۆ قوربانیانی دەستدرێژی کردووە و جگەلەوە هاوڕێی داوە لەباری دەروونیدا یارمەتیان بدات. تەنانەت لە کاتی بەخشینەوەی خەڵاتەکەدا ئاو خەریکی نەشتەرگەری بووە. ئاو قوربانیانەی د. دەنیس نەشتەری کردوون بەتایبەتی قوربانی شەڕی ئێتنیانەی کەنگەن.

نادیە موراد کە خەڵکی قوربانیەکی دەستی داعش ١٨ کەسی لە خێزانەکەی بووەتە قوربانی، هەندەکیان لە کچ و ژنەکان بەکۆیلەکراون، هەندەکیان کوژراون، دیارە پیاوەکان هەمویان گولەبارانکران.

نادیە خەی یەکەک بووە لە کچە ئێزدیە بەکێلەکراوەکان، دەستدرێژی کراوەتەسەر و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەداندا بووە. دواتر دوای نزیکەی ٣ مانگ کێلەیی خەی ڕزگار کردووە.

جگەلەو خەباتە پێشتر نادیە موراد لە ساڵی ٢٠١٦ دا لایەن یوئینەوە وەکو بالوێزی نیازباشی داندرا و هەروەها مەدالیای مافەکانی مرۆڤی هاڤل و مەدالیای ساخاڕفی بە ئازادی دەربڕین بەدەستهێناوە. بەدەستهێنانی ئەو پایەیە و خەباتانە بەگومان نادیە دەبێنە ئاستەکی بەرزی جیهانی، کە ئێرکی سەرشانی ئەو و خەباتی ئەو دەبێنە ئاستەکی جیهانی و زۆر بەرفراوانتر. بەمجۆرە بەشەکی گرنگی خەباتی نادیە لەسەرتاوە هەوڵەک بووە بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی بەکێلەکران و دەستدرێژیان کرایە سەر و لەبازارە ئیسلامیەکانی داعشدا هەرزانفرۆش کران، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو لایەنەی خەباتی ئەو گرنگی زیاتر وەردەگرێ و دەبێتە جیهانی، چون کەشەکە کەشێەکی جیهانیە و بەرفراوانە.

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە ٣ ی ئەگستی ٢٠١٤ دا لەبەرچاوی هەمووان جیهادیە ئیسلامیەکانی داعش بە پشتبەستن بەدین و باوەیان هەلمەتی لەناوبردنی ئێزدیانیان دەستپێکرد و ئەنجامدا. بەر لە هەرشەکەی داعش دەسەلاتداران پەراوێزیانکردبوون و کەمەگەیەکی پشتگوێخراوبوون، ئەوەی سەر بە پارتی نەبوایە و سەر بەلایەنیتر بوایە پەراوێز و دژایەتی دەکرا، پارتی هەمان کاتی بەحزبیکردن و گەندەڵ و ناکوردستانی لەوەش پیادەدەکرد، کەمەگە خرابووە ژێر چنگ و چەپۆکی حزبی پشووتەنگی سەرۆک. ئەوان وەکو کەمەگەیەکی تایبەت هیچیان بە نەکرا و گرنگیان پێنەدرا و لەبیرکراوبوون.

لە کاتی هەرشەکەدا هەزەکانی پارتی کە گوایە هێزی بەرگری و پارێزگاری ئەو بوون رایانکرد و ئێزدیەکانیان بە ئیسلامیەکانی داعش جێ هیشت، هەروەکو ئاوارە ئێزدیەکان گوتیان "فرێشتیانن". دیتمان دەستدرێژیان کرایەسەر و کوشتوبڕ کران. شوێن هەبوو چەند ڕۆژ و هەفتە دوای هەرشی شەنگال ئەوجا داگیرکرا وەکو گوندەکەی نادیە گوندی کەجە کە لەلایەن داعشەوە دەوری درابوو و لە ١٥ سپتەمبەردا دەستی بەسەردا گیرا و خەڵکەکەی بەر شاڵاوی تاوانی گەلکوژی کەوتن. هیچ هەزەک بەهانایانەوە نەچوو. بەیە دەکرێ بڵێین کورد و جیهان پشتیان تێکردن.

ئێزدیەکان ئێستا چ وەکو تاک یا کەمەگە لە ئازار و تراومای تاوانەکاندا دەژین، چیرۆکە جەرگبڕەکان ئاسمانی بیر و هۆشیانی

داگیرکردووە و لە زامی تەنیایی و بێکەسیدا دەتلێنەوە. دەستات و کۆمەڵگای موسوڵمانی دەوریان لە ئازار و داخوازیکانی ئەوان ناگەن، قوربانیە رزگاربووەکان هەندێکیان لە ژێر هەڕەشەی لێناوچوونەدان، گەلێکیان نائومێدانە چاوەڕێی کۆتایی و نەمان دەکەن، لای زۆریان دوای نەمانی خۆشەویستان و دوای ئەو هەموو تیرەر و تاوانە درندانەیە ژیان هیچ واتایەکی نەماوە. دیل و بێکەڵکراوەکان هەر رۆژی مردنێک بەچاوی خۆیان دەبینن و خۆزگەی نەمان دەخوازن، کەسێ هوشیار و بێئاگاکان لەوانە نادیە لە خەمی رزگارکردنی ئەوانیترن و خەبات دەکەن. زۆر لە دایکەکان چاوەڕێی هەواڵی کچ و کوڕە وونبووەکانیانن و لە هەریسەنتی هیوای دوورەدەستدا دەژوانن...

گومان لەوەدا نییە کەوا زۆرینەی ئێزدیەکان لە باشوری کوردستاندا دۆژین، ئەوان کەمینەیەکی خاوەن ئایین و کەلتووری تایبەت بە خۆیانن، بەدرێژایی مێژوو بوونەتە قوربانی دەستی جوداکاری ئایینی و نەتەوەیی و چەندینجار بەڕووی تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە و کوشتوبڕ کراون، دواجار لە 2014 دا ئیسلامیستەکانی داعش تاوانی گەلکوژیان بە دڕندانەترین شێوە دژیان ئەنجامدا. ئێزدیەکان خۆیان دەڵین ئەوان تائێستا ٧٤ جار بەڕووی "فەرمان" واتە قڕکردن بوونەتەوە.

خەلاتکرنی نادیە ساڕێژی زامی ئەوان بگومان ناکا هەروەکو مەبەستی خەباتکەش ئەوە نییە، چون کەشی ئەوان زۆر بەرفراوانتر و سەختترە، بەڵام بە جۆرە لە جۆرەکان بە کۆمەڵگای ئێزدی دانپێنانێکە بە ئازارەکانی کۆمەڵگای لەبیرکراوی ئێزدیان و بوونی ئەو کۆمەڵگە بەشخوراو و قوربانییە. گومان لەوەدا نییە کەوا هەوڵەکانی نادیە ڕەلی گرنگی لە ناساندنی کۆمەڵگەکە و تاوانەکەدا وەکو تاوانی گەلکوژی بینی.

وەکو دیتمان دووەمی لە دانپێنان لە خەباتەکە و ڕەنجی نادیەدا بەجۆرە لە جۆرەکان لە لاپەرە کۆمەلایەتیەکاندا خرایە ڕوو، هەندە بە ئەوەی ئاگاداری هیچ خەباتێکی نادیە بن هەرشیان کردەسەر و ناوناتۆریان بە هەڵبەست، هەندە لەبەر ڕەتکردنەوەی کوردبوونی ئێزدیەکان هەرشیان کردنەسەر. بەکورتی بەپێی ئەوەی نوسەران ڕەخنەکان هەندێکیان لە بێئاگایی بوو، هەندێکیان لە دیدی ئەتنۆناسیونالیستانەی کورتبینەوە بوو، وە هەندێکیان لە دیدێکی حزبیانەوە بوو، هەندە لە دیدێکی ئیسلامیانەوە بوو. دیارە دوای بەرزبوونەوەی نادیە مۆراد وەکو ئەستێرەیەکی ئەو کۆمەڵگە

بەشخوراوە، ئەو رەخنە و هەرشانە خرانەروو.

پیشتر نادیە موراد لەلایەن دەسەلاتی هەرێم (پارتی کە لەو دۆخەدا دەسەلاتدارە) گرنگی پێندراوە و دژایەتیشی کراوە. پارتی هەوێدا ئێندامی پارتی و پەرلەمان ڤیان دەخیل بەرزکاتەوە و سەرنجەکان بۆ لای ئەو راکێش بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. بۆیە هێندە لە رەخنەکان شون لەو دیدە حزبیەوە بۆجارە لە جەرەکان هەڵدەگرێت.
رەخنەی ئیسلامیستەکان کلاسیکیە و گوتنەکان سەرچاوە لەو فاکتەوە دەگرن، کە ئیسلامیەکان ئەوان وەکو کافر سەیر دەکەن و نکۆلی لە مافە ئایینی و کەلتوریەکانیان دەکەن، تووندرەوەکانیان لەناوبردنیان بەرەوا دەزانن. داعش کە ڕێکخراوێکی ئیسلامیستی تووندرەوە لەناوبردنی کەمەگەی ئێزدی بە ئەرک دەزانێ و هەر لەو ڕوانگەیەوەش تاوانی گەلکوژی ئەنجامدا. لەراستیدا ئەو تێگەیشتنە نەرێنیە کاریگەری لەسەر کەمەلگەی موسوڵمانیش بەدیاری هەیە، هەروەکو زۆر لە موسوڵمانان تێگەیشتن و سەیرکی نەرێنیان بەرامبەر بە مرۆڤ و کەمەگەی ئێزدیان هەیە.

رەخنە ئیتنۆناسیونالیستیەکان بە جۆرە لە جۆرەکان نکۆلی لە دانپێنان بە نادیە و کەمەگەی ئێزدیان دەکات. دەگوترێ "ئەوان خەیان بە کورد نازانن"، "نادیە چی بە کورد کردووە؟!"، "ئەوان حاشا لە کوردبوونی خەیان دەکەن"! هتد. بەکورتی داوا لە نادیە و ئێزدیەکان دەکەن ناسنامەی نەتەوەیی خەیان ساغ کەنەوە و ئایا ئەوان سەر بە ئەمەن یان ئەوان! بەکورتی ئەوان تەنها ئەو کاتە کەمەگەی ئێزدیان لاپەسندە، ئەگەر ئەوان خەیان بە کورد دابنێن و خەیان لە کورد جیانەکەنەوە.

بەپێی مێژوو گەلی ئێزدی هەرگیز حاشایان لە زمان و کەلتوری خەیان نەکردووە. باشترە رەخنەگران بچن گوێیان لەبگرن و سەیری کەلتور و نەتوالی ئایینیان بکەن! مانەویان دوای دەیان هەلمەتی لەناوبردن بە درێژایی مێژووی بوونیان توانای خۆاگری ئەوان دەسەلمێنێ. ئەوان لە نەو گورگاندا ژیاون و درێژیان بە مانەوەی خەیاندا داوە. ئێزدیەکان وەکو کەمەگەیەکی ئێتنی خاوەن ئایین و دابونەریتی تایبەت بەخەیان، خەیان سەرپشکن لەوەی وابەستەی نەتەوەیان چیبێ. ئێزدین یا کوردن؟ ئەوە پرسیارێکە ئەوان لە وەڵامیدا سەرپشکن. پێناسەی نەتەوەیی تەنها و تەنها مافی ئێزدیەکان خەیانە، مافی کورد یا عەرەب یا کەسیتر نییە ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ئەواندا بسەپێنێ. لە سەردەمی ئێمەی بەعسدا ئێزدیەکان هەمووی بەعەرەب نوسرابوون و نکۆلی لە ناسنامەی

نەتەوەییان کرابوو، هەروەکو ئێزدیەکان کەوتبوونەژێر سیاسەتی بەعەربکردن و تواندنەوە لە پرسیەکی پلانبەداندراوی پاکتاوی رەگەزیدا. سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ئێزدیەکاندا بەهەرجۆرێک بێت دەچیتە خانەی چەوساندنەوە و پاکتاوی رەگەزی. هەروەها هەر جوداکارییەکی ئایینی یا نەتەوەیی پشتڵی مافەکانی مرۆڤ. بەیە گرنگە دەرک بکرێت کەوا کۆمەڵگەی ئێزدی هەموو مافێکی کەلتووری و رامیاریان هەیە و پێویستە ئەو کەمینەیە بپارێزرێن، دان بە مافی کەلتووری و رامیاریاندا بندرێت، هاوکاریان لە ئاوەدانکردنەوە، گەشەسەندن و کرانەوەدا بکرێت، پێویستە خەڵکی کوردستان بە چاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە سەیری ئەو کۆمەڵگە بێشخوراو و خەڵاگرە لەمژینەیە بکەن، شانازی بە جودایی و تایبەتمەندیەکانی ئەوان بکەن، باوەشی میهرەبانیان بە بکەنەوە و خۆشیان بوێن.

لە کۆتاییدا پیویستە بگوترێت، خەباتی نادیە خەباتێکی بەرزی مرۆڤایەتیە لە ئاستی کوردستان و ئێراق و هەرێم و جیهاندا. خەباتی چاکوانانی مافی مرۆڤ و تاوانی گەلکوژی چ لە ئاستی کوردستاندا یا جیهاندا لەگەڵ خەباتکەی ئەودا لەیەک ناچکەی خەبات دەکەنەوە. خەباتی نادیە وەکو خەباتی هەر چالاکوانێکی مافی مرۆڤ بە جیهانێکی ڕەواتر و باشترە.

ژمارەیەک لەو ڤیدیۆکلیپانەی کە ئاماژە بە چالاکیەکانی نادیە مورادە، تاوانکارییەکانی داعش و ئازاری قوربانیان دەکەن لە خوارەوە دەیانبینن.

Nadia Murad speaking to BBC HARDtalk in 2016

Amal Clooney Criticizes World Response To Yazidi Genocide | NBC News

الفتاة الأيزيدية نادية مراد: "داعش يغتصبون السيدات بعد الصلاة .. وقتلوا 700 شاب في ساعتين
https://www.youtube.com/watch?v=FhjV2aDlo9Q

Nadia Murad: Eine Jesidin kämpft für Menschenrechte

ISIS Survivor Nadia Murad Becomes UN Goodwill Ambassador | NBC News

The Interview: Yazidi former sex slave Nadia Murad recalls IS (group hell in Iraq (2016

Nadia’s Story: Yazidi survivor calls for international protection

Nobel Peace Prize shared by Nadia Murad, anti-rape activist l Al Jazeera English

Nobel Peace Prize laureate 2018 Nadia Murad, Efforts to end sexual violence as a weapon in war

Nobel peace prize 2018 winners: who are Denis Mukwege and ?Nadia Murad

Yazidi Girls: Prisoners of ISIS

شۆنمێ شینکانی شۆ … ناڤ حسێن

تێ دەپێ شۆنمکی
بسەر لووی گوڵکی شینەوە
شین دەچیەوە
زەردەخەنەی باخچەکانیش
بە تیشکی سەر هوخساری تێ دەبریسکێنەوە
هەندجاریش / نەرم نەرم
بسەر هووی پەنجەرەیەک دێتە خوارێ
کە بە پەردەیەکی شین داپۆشراوە
لە دیوی ژوورەوەش
نەوەسێ ژنکی ناموراد
بە ژەرکراسکی تەنکەوە
لسەر سیسمکی هاکشاوە
مەمکی داگیرساندووە و شیعر دەخوێنتەوە

تۆ تریفەی مانگەکی شینی
لە نێو تاریکی شەو و
بەسەر تاشەبەردەکانی تەمەنم
دەدرەوشێیەوە
بە بوونی تۆ
هەموو / شەونمە شادومانییەکانی شەو
نیگای سنەوبەرەکان / شەپۆلی دەریاکان
هەڵشماڵی بنارەکان / شین دەچنەوە
تۆ /
کتێبی خەونەکانمت پێ بارانی شین و
دەفتەری شیعرەکانم پێ شیعری شین و
بوخچەی ئارەزووەکانیشمت
پێ وردە کانیاوی شین کردووە
لە شەوێکی شین شینی پاییزیش
وەکو شیلە
شل شل
دەڕژێتە نێو پەدەشتی
خەیاڵە شینەکانی من
شەونمی شین و شەوی شین
تاقگەی شین و توانەوەی شین
عەشقی شین و شیعری شین
شین و شین و شین
شین وەک دەریا
شین وەک ئاگر
شین وەک خودا
تۆ تۆنێکی لە شەوە شینەکاندا
هەڵحی ئەستێرە دوورەکان و
شەونمە ئیرەسییەکان و
پەپوولە یاخییەکان
بە هەڵحی من دەبەستییەوە
تۆ قەڵەمێکی
هەوری نێو شەوە شینەکانت
لەخەت لوولداوە
بە مەرەکەبی بارانە شینەکانیش
شیعری عاشقانە
لەسەر ڕووی ڕووبارەکان و دەریاکان
دەنووسییەوە

گۆڵ گیانم
تۆ دڵۆپۆ شۆونمکی سەر گەنای
خونچەیەکی شینی شەبەنگی
نەو تەمە سپییەکانیت
لەسەرەتای سەرەتاکانەوە هاتوویت
بەنەو کەتایی کەتاییەکانیش / تۆپۆیویت
کاتژمێرکان بە هەناسەی تۆ بەدار دەبنەوە
زەمانیش درێژە بە وەرز و سەدەکانی خەیدەدات
تۆ سومبولێکی سەرمەدیت
دەبیت بە باران و تۆکڵە بەخاک دەبییەوە
دەبیت بەخاک و خڵت بە بەفر ەووت دەکەیتەوە
هەموو بەرەبەیانێکیش
ئۆوکاتانەی
پرشنگی خۆرەتاو
لەوی لە لەوە شینەکانت دەخشێنە
وەرزە تاریکەکانی عەشق و
ئشکەوتە تاریکەکانی تەنیایی و
بەهەشتە تاریکەکانی مردن
ەوونای دەکەیتەوە
مەمکەڵە گەرمەکانیشت
شەوە شینەکانی
نەو قەسیدە درێژەکانی غوربەتم
گەرم دەکەنەوە
وەک شلکە ەواسکی ناسکیش
سەرگەنای
زورگە وشکهەاتووەکانی خەیاەم و
نەو دەمی
کەگەی ئارەزووەکانم / تەدەکەیتەوە ...!

ئابی ۲۰۱۸

ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕەمانی : دواوەستگەم باکوورە … جەلال بەرزنجی

هەڵچنی کتێب
جەلال بەرزنجی

همنگوای دەیت"پێش ئەوەی ڕمانکانم، چاپ بکەم (٢٠٠) جارپاکنووس و هەڵبیان بە دەکەم. زۆر لە نووسەران، هەڵبژی خراپی نووسینکانیانن، منیش یەکێکم لەوانە، بۆیە هەق وایە، ئەو ریکردنی همنگوای بشکنم، بەڵام نازانم لە بڕ چ هۆکارێک،ئەوە هەشتا رووی نەداوە؟ بۆیەیش،کە کتێبکانم چاپ دەکەم، لە هەژی چاپ بەدەر نیین.

هەر چەندە پێش جاپکردنی ڕمانی (دوا وەستگەم باکوورە) هەڵبژم هەبوو،بەڵام هەشتا، هەڵکان بنبڕ نەکراون، جگە لەوەش لە کاتی گواستنەوەی ئەو فەنتی کتێبکی پە نووسرابوو، بە ئەوەی، پەی چاپکرا، زۆر وشە پچڕ پچڕ بووین. داوای لێبوردن لەو خوێنەرانە دەکەم ،کەوا لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە تشی هەوەستە بووینە،بە بە دەنگی و پشی فراوانی،ئەرکی چاک کردنەوەی هەڵکانیان لە زەینیاندا لە ئەستە گرت.

لە بەر زۆر هەڵکان، هەر زوو، فرشتنی ڕمانکەم لە کتێبفرشکان راگرت، دوای هەڵچنیکی ورد، بەم زوانە، ڕمانکەم بە تایتلی(گشت بە ڕگەی خون) لە مالە وفای باو دەبیتەوە.

پەیقی سەربەستی؛ ژنان و کەمەگا … نووسینی: زانکۆ یاری

بە مەبەستی پاراستن و ڕزگرتن لە کرامەت و مافە سروشتییەکانی

مرۆڤ و لە پەناو گۆشەساندنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، لە پانتاییی جوگرافیا جەراوجۆرەکانی دونیا هەوە و تەقەلای زۆر دراوە، وەکوو سەرهەڵدانی هەندێک لە شێوش و خەباتە مەزنەکانی مێژوو لە پەناوی ئازادی مرۆڤ و یەکسانی هەموو مرۆڤەکان. هەروەها لە مافێکی سەرەتایی، کە لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤدا وەك ئاسەی یەکەمی ئەو بەیاننامەیە هاتووە کە: "گشت مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایك دەبن و بەرانبەر لە نرخ و پایە و مافدا…". (Universal Declaration of Human Rights) هەروەها کەمەڵگایەک کە ئامانجی پێشکەوتن بێ، دەبێ ووناکبیران و بیرمەندانی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و بنەمایی لەوە تێبگەن کە ئازادی ژنان، هەمان ئازادیی تەواوی مرۆڤایەتییە و لە هەموو بوارەکاندا ڕێگای پێشکەوتنی ژنان خۆش بکەن و هاندەر بن بۆ ئەوەی میللەت بگەنە لووتکەی دادوەری. دەرەنجامی پەیڤی ئازادیی ژنانیش ئەوەیە کە ئەوان بتوانن بگەنە مافە ڕەواکانیان لە کەمەڵگا.

ڕێنسانس (Renaissance)، ئەو شەڕشە هەموو لایەنەی کە لە ماوەی سێ سەدەدا ئەروپای گرتەوە و لە ئاکامدا توانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی کاریگەریی بەرچاوی هەبێ، توانی کاریگەری قووڵی لەسەر ڕەوانینی مرۆڤ سەبارەت بە کولتوور، زانست، کەمەڵگا، ئایین و سروشت ببێ و لە ئاکامیشدا ڕەوانگەی مرۆڤ سەبارەت بە مرۆڤ، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هات. بە سەرهەڵدانی ڕێنسانس لە شاری فلۆرانسی ئیتالیادا ڕێگەی ژن لە گۆڕەپانی خەباتدا پێی نایە قۆناغێکی نوێ. گەر ئاورێکی خێرا لە وێنای ژن لە کولتوور و ئەدەبی سەردەمی ڕێنیسانس تاکوو ئێستا بدەینەوە، دەبینین لە نیگارەکانی سەردەمی ڕێنیسانسدا کە درێژکراوەی ئەنتیکە بووە، ڕەگەزی ژن لە بونەوەرێکی پاک، ژێردەست و ملکەچەوە گۆڕاوە بۆ ژنێکی تر. ژنێک کە دەتوانێت پابەند نەبێ بە ڕەوە خوازراوەکان کە کەمەڵگا بۆی دیاری دەکات، ژنێک کە دەتوانێت خۆی بنووسێتەوە و شێعر، ڕەمان، مووزیک و هونەر بەرهەم بهێنێ.

بەڵام ڕەنگدانەوەی نەرمی دژە ژنان بە درێژایی مێژوو هەندێک هەڵس و کەوتی ژنانی مەزن نیشان داوە و هەندێکی تری خستۆتە دەرەوەی مەڕاقەوە و کاریکردووە بۆ بەرهەمهێنانی وێنایەکی نزم بۆ پێگەیان. لە زۆر کولتووردا سیفاتی مرۆڤانە و بەهێز دراونەتە پاڵ پیاوان و ژنان پێگەیەکی نزمیان پێبەخشراوە. بەڵام زۆرجار دەکەوتنە بەر بۆ وێژدانیی کەمەڵایەتی. هێرۆها تراديسیۆنی نووسینی پیاوانە، زیندووکردنەوە و ڕاگرتنی پیاوگەرایی بوو؛ سەرەڕای ئەمەش ژن وەک

بونەوەرێکی لاواز و بێدەسەڵات لە کولتوور و ئەدەبدا وێناکراوە و کورتکردنەوەی ژن تەنیا بۆ تێرکردنی حەز و ئیرۆتیکی پیاو بووە. ئەم گرنگیدانە بە ڕەهە خوازراوەکان، جۆرێک لە حەزی ماسکۆلین لای کۆمەڵگا زۆق دەکاتەوە و لە بەرهەمی کلاسیکدا بەردەوام بەرهەمهێنەرەوەی ئایدیۆلۆژیی باوکسالارانە بووە. لەو سەردەمەدا نووسەرانی تێکست زۆربەیان پیاو بوون و ئێدی نووسینە ترادیسیۆنال و ستیریۆتایپەکان کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر ڕەلی ژن لە کۆمەڵگا.

لە ژیانی مرۆڤدا، بێشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان ئۆرکێکی پۆیست و پیرۆزە و نەبوونی؛ بۆ مانای پڕاوڕزخستنی نیوەی کۆمەڵە. دەور و ڕۆڵی ژن بۆ دامەزراندنی پێوەندیی تۆندوتۆڵ، لە نێوان بزوتنەوەکانی دیمۆکراسی خوازی لە لایەک و ویست و داخوازییەکانی ژنان لە پێناوی خەبات و وەدەستهێنانی مافە سروشتی و مرۆڤایەتییەکاندا لە لایەکی تر یەکێکە لە پایەختترین هۆکارەکانی بێشداریی ژنان لە دیسکۆرسی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک. زۆرجار لە لای هزرڤانان بیرمەندان، سەدەی بیستەم سەدەی گێشتاندن چەکەرەکردن و هەروەها بەڕەوەبردنی مافەکانی مرۆڤ بووە و توانیوە وەرچەرخانێکی مەزن لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانیدا بەدیهێنێت گەڵە.

لە وڵاتانی گێشتاندووەدا، بێشداریکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. جوڵانەوەی سیاسی ژنان لە کۆمەڵگای ڕۆژاوادا، توانیویەتی ڕۆگای خۆی بدۆزێتەوە. لەو بوارەدا بۆ هەوڵ و تەقالای زۆر، بزوتنەوەکیان بۆ ڕەو ڕۆگایەکی درووست کاناڵیزە کراوە. لە ئازادییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان چۆڕی تەواویان وەرگرتووە و توانیویانە بە خەباتی بێ وچان، تاکوو ڕادەیەکی باش مافی ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن. بەڵام کاتێک کە فەمینیستەکان دەنگ هەڵدەبڕن و دژەن ژن دەبێ ئازاد بێ، باشتر ئەوەیە پرسیاریان لە بکەی؛ بۆی دەبێ لە چ شتێک ئازاد بێ؟ کەمتر کەسێک هەیە لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا (International Women's Day)، وەامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە مەبەست لە ئازادی ژن چییە؟ لە کوێی جیهاندا دەتوانین وێنەی ژنێکی ئازاد بدۆزینەوە؟ ژنێک کە بۆ دۆزینەوەی بژێوی لە قەراخی شەقامەکان لەژێر چاوی حیزی هەندێک لە پیاوان دەستفڕۆشی بکا، یان ژنێک کە بۆ پارەیەکی مەمرۆوبژی دەبێ لە کارگا یان ڕۆکخراوێکدا کار بکا، ئازادی ژن دەبێ چ واتایەکی هەبێ؟ ئەو کاتەش کە باس لە ئازادیی ژن دەکرێ، وڵاتانی گێشتاندووی کاپیتالیستی (Capitalism)، پتر لە هەمووان دە بە

ژنانی لە پاشکەوتووی جیهانی سێهەم و چوارەم دەسووتێنن کە مرۆڤ دەکەوێتە بیری گوتەیەکی بەنرخی فارسی کە دەڵێ: دایەنی دەستزتر لە دایک!.

بەڵام بە گوتەیەکی کوردی، دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە و ئەمەش زۆر ڕاستە؛ چونکوو دەبێ ئەوەش بزانین کە لە سەدەی هەژدە بەملاوە، جەستەی ژن ووبەرەک بووە بۆ سیکسوالیزەکردن، دەربڕین، چەوسانەوە و بەکاڵاکردن. سەرەڕای ئازادبوونی ژن لە زۆر ڕووەوە، وێناکردنی جەستە و فێتیشایزکردنی و بەکاڵاکردنی ژن وەکوو سیمایەکی دیاری کەمەڵگا بووە، ئەو ژنانەش کە لەم وێناکردنەدا جێگایان نەدەبووە بە ژنی کەتوو-خراپ (Fallen women) ناوزەد دەکران.

دونیای ئەوڕۆ گەواهی پێشێلکارییەکی سیستەماتیك و بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ کە لەسەر دەستی دەسەاتێ دیکتاتۆر و تۆتالیتەرەکانی دەخوڕێ. بۆ نموونە: بووونی دیاردەگەلێکی ئابووبەرانە وەک خانەی گەندەڵی بەشوێیەکی دیار و نادیار لە پشکەوتووترین وڵاتانی کاپیتالیستی و کڵک وەرگرتنی ئابووبەرانە لە پووپاگەندەی بازەرگانی، هەموو دەرخەری ئەوەن هەتاکوو ئەو کاتەی کە سیستەمی کاپیتالیستی بوونی هەیە، پێیقدان لەمڕ ئازادیی مرۆڤ بۆ تایبەت ئازادیی ژن، گاڵتەجاڕیە… بەڵام لە بەر زۆر هۆکاری سیاسی-کۆمەڵایەتی دەتوانین بڵێین ڕۆژهەاتی ناڤین (Middle East) نەخشە و چەوسانەوە و پەراوێزخستنی ژنان لەوێدا لە هەموو بوارەکاندا، مۆژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

کەمەڵگای سوونەتی و لە حاڵ گۆشکردنی ئەمە، بە هەنانی شتی پووپووچ و بە بنەما و دەمارگرژی بۆ جێ، دەسەاتی پیاوسالاری و یاسا توندوتیژە ئایینییەکان و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوتی ژنان، لە گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بۆ بەش کراون و هەروەها بەرەو چارەنووسکی نادیار دەباتە پێش. لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، چەمکی ئازادی واتای تایبەتی خۆی هەیە و بە جۆرێک پیاوسالاری نەریتی بە سەریدا زاڵ بووە. دەوری ژنان لە ڕۆژهەاتی ناڤین، بەتایبەت لە مۆژووی ئێراندا جێگای باسی زۆرە. خەباتی ژن بە وەدەسهێنانی مافی ڕەوا و بەرانبەر لەگەڵ پیاو، لە سەردەمی مەشروتەدا وردەوردە شێوەیکی نوێ بە خۆیەوە گرت و زۆر بوونە ئازایانە لە گۆڕەپانی خەباتدا بوون. لە سەردەمی ڕەزاشادا،لەدوای هاتنە سەر کورسیی حوکم، هەندێک ئاڵوگۆڕی پێکهێنا، بەڵام ژنان نەیانتوانی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن و هەر وەک هاووڵاتیی پلە دوو سەیر دەکران!

لە کوردستان، بەتایبەت لە ئاوایيەکاندا، بە ەای زەر کەمەناسی کورد و غیرە کورد، توژەری سیاسی و مژووەس؛ بە شانازییەوە، ژنی کورد لە چاو ژنانی نەتەوەکانی دراوسێ وەک فارس، تورک و عەرب بە درژایی مژوو ئازادتر بووە و ئەوەش دگەتەوە بە بارودخی جوگرافیای کوردستان، خباتی دوور و درژی کورد و ژیانی کچەری و کوستان و گرمن. چونکوو جگە لە بخوکردنی منداڵ و کاری قورسی ناو ماڵ، لە برهەمهێنان و ئاژەداری و کشتوکاڵدا، کە بناخەی ئابووری کوردستانن، شان بە شانی پیاوان کاریان کردووە. بەشداریی ژنی کورد لە کەمەگادا، بتە هەی ئەوەیکە وەک پێویست کەسایەتیی خەی نیشان بدا و هەر بەو پێیشش مافی ئامادبوونی لە کۆ و کبوونەوە کەمەایەتییەکاندا بووە. کەمەگای کوردی لە مژەوە باوەی بە ئازادی و پاراستنی مافی ژنان بە وەدهێنانی مافە سروشتی و مرۆقایەتییەکانی هبووە.

هەروەها لە ئەدەبیاتی کوردی و نووسراوەکانیشدا ژنان پگەیەکی بەرزیان هەیە و بە دروستی مامەیان لەگە کراوە. کچانی خزانی کوردپەروەر پابەندبوونە بە کدی مراەوە و تاکوو ادەیەک پتر لە نەتەوەکانیتر لە مافی کولتووری، ئابووری، سیاسی و کومەایەتیی برانبر لەگە پیاو کەکیان وەرگرتووە.

بەام ئەوەی گوتمان بەو مانایە نییە کە ژنانی کورد بە هەموو مافەکانیان گەیشتوون و زەمیان لەسەر هگیراوە؛ استییەکەی ئەوەیە لەگە ئەو هەموو هەوە و تەقالایەی کە ووناکبیران، زانایان و دەسزانی کەمەگای کوردی بە بنبەرکردنی ئەو داب و نەریتە ناحەزە کەمەایەتییانە کە دبنە هەی پشلکردنی مافی ژنان، ئەستاش کە سەرەتای هەزارەی سهەمە، ژنان هەموو بەشوەیکی تر دچەوسنەوە.. لە برانبەر کەمەگا و گیروگرفتەکانی، چەکی ژنی کورد، لەژیک و دیالەگ و عەقانییەتە، ئەرکی سەرشانیانە و دەبە چەکی خپەروەردەکردن و بەرزکردنەوەی پلەی زانست بدەستەوە بگرن و بە خباتی زگاری و گیشتن بە مافە سروشتی و مرۆقایەتییەکان تە بکشن. چونکوو لە سروشت و خوقاندا، لە باری توانای حی و بیرکردنەوەدا، جیاوازیان لەگە پیاو نییە.

بیروبچوونی پیاوسالاری و هەندک داب و نەریتی کن و دواکەوتوون کە دبنە هەی دروستکردنی جیاوازییەکان و نە سروشت و یزدان، هیچ لایان جیاوازیان بە ژن و پیاو دانناوە. بە هیوای ئەوەیکە؛ ەژەک کە ژنان لە پناوی خبات بە وەدهێنانی مافە مرۆقایەتییەکاندا و سروشتییەکاندا و لە پناوی مافی برانبەر سەرکەوتوو بن و زەمی

مرۆڤ بە مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بنبڕ بکرێ و لە هیچ شوێنێك هیچ چەشنە پەشێلکارییەکی مافی مرۆڤ نەبینین، و دونیا بەو ئاواتە لەمژینەی خۆی: "ئازادی ژیان، بە تەواوی مرۆڤکان"، پڕ بدات.

-_____

لە زەوینی گەمەکانی منداڵیدا
چنرا بە دەنگ گۆڤەکی جوان
تارایان دا لە دەور سەری و
دەستیان نایە دەستی پیاوێک
دواتر ئەو گۆڤە منداڵە
بوو بە گۆڤەکی وەحزی نێو گوندان... «شەکیلا مەحموودی»

-_____

سەرچاوەکان:

1-ئەنتەنی، گیدنزو (2009). حەسەن ئەحمەد مستەفا، "کۆمەڵناسی"، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
2-شەرکە، دوکتەر بەلەچ (1990). کێشەی کورد، حەمە حەمەباقی کردویە بە کوردی، تەبریز، چاپخانەی هەزایی.
3-مەدیحە سۆفی (2016). ئەمڕۆی ژنی کورد و هەهەندەکانی ئازادی، ئەڵمانیا.
4-لازاریف، م. س و دیگران، (1386). تاریخ کردستان، مترجمین کامران ایمن ڕوە، منصور صدقی. تهران، فروغ.
5-درویشپور، مهرداد (2001). (جامعەشناس). چالشگری زنان علیه مرادن،استکهلم-سوئد، جامعەشناس. نشر باران.
6-میرزایی، ملکیان، (1387). محمد؛ نگاهی به وچعیت اجتماعی زنان، تاریخ دسترسی به مقاله: 20/4/97، درس اینترنتی: Org/farpages/articles/roozna13850601.htm.
7-جاسبی، عبدالله؛ (1379)، زن در گستره اجتماع، تهران: انتشارات دفتر فرهنگ، چاپ اول.

-____

(این مطلب در هفتەنامه فرهنگی-اجتماعی دەنگی کوردستان، سال چهارم، شماره 68، مرداد 1397 به چاپ رسیده است.)

بۆچی دۆخی سیاسی کوردستان لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە؟ … ئاسۆ کمال

ناسیونالیزمی کورد لەبڕئاوەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شۆڕەی عەشیرەتگەری و ناوچەگەریدا دەتەمەیدان و لە هەنگاوی زمان و خوێندنی هاسمی کوردیەوە فەرهەنگێک شکە پێدەدا کە ناتوانێ هەموو بەشەکانی سەران و بادینان هاوئاهەنگ بکا و کۆشەی ناوخۆی بزوتنەوە سیاسیەکەشی لە شۆڕەی جەلالی و مەلایدا زیاتر ئەم خاسەتی بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری و ناوچەگەریە تێخ دەکاتەوە. لە دوای ١٩٩١یشەوە هەرچەند دیفاکتۆ سەربەخۆ دەبێ لە ڕژەمی بەعس، بەڵام نە لە باری ئابوریەوە توانای سەربەخۆی دەبێ و نە لەباری سیاسیشەوە دەتوانێ یەک ئیدارە بێت و بەم شێوەیە دوو هاشنبیری ناوچەگەری لەلایەن دوو حزبی چەکدارەوە دەبێتە ناسنامەی دانیشتوانی کوردستان. لە ٢٠٠٣ەوە ئاوگەکی گرنگ لە باری ئابوریەوە هەودا و نەوت دەبێ بە بنەمایەکی ئیمکانی سەربەخۆبون و هەکوتنی ستراتیژی دەساەش حکومەتی هەرێم دەکاتە ئەمری واقیع. بەڵام هیچ ئاوگەکی یەشیی لە ئیدارەی سیاسی و یاسایدا هونادات و دەستور و پەرلەمان و دەزگاکان وەک خێان ناکارا و ناجەگیر و ژێردەستەی سیستەمی میلیشیایی دوو ئیدارەی حزبی دەمێنێتەوە. هەم سیاسەتی نەودەوەتی و دژایەتیەکانی ئێران و تورکیا و هەم بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریەکانی هەردوو حزبی دەساەتدار و پەیوەندیە پاشکەیەکانی یەکەتی بە ئێران و پارتی بە تورکیا قابیی مانەوەی کوردستان لەعێراقدا دەسپێنن.

حزبە دەساەتدارەکانی ناسیونالیزمی کورد لەو چوارچیوە سیاسی و نەودەوەتیەی تایدا کاردەکا بەرژەوەندیەکانی لە ئاستی لەکاە و ناوچەکانی سەوز و زێرددا لە پاراستنی سیستەمەکی میلیشیایی عەشیرەتی و بنەماییەوە بەیودچە کە لە پێناو پاراستنی ئەم دەساەتە هەرەمیە ولەژێر فشاری دەرەوەدا پەویستی بە جۆرێک هێکەوتنە لە ئاستی کوردستاندا، بەڵام ئەمە نە سیستەمەکی سیاسی جەگیرە نە خاوەنی بەرنامەیەکی دەوەتی و ستراتیژیە. ئەم پەویستیانەی دەساەتە ناوچەگەریەیە کە پلەی هاوئاهەنگی لە نێو ناسیونالیزمی کورددا دروست دەکات، نەک وەک ئەوانەی پییان وایە کە یەکەتی و پارتی ناسیونالیست نین هەربەیە هاوئاهەنگیان نیە و دژ

بۆیەک دۆستن و لەگەڵ هەزی دژەکیدا یەک دەکەون لەدژی یەکتر. بورژوازی کوردیش ئەم حزبە ناسیونالیستانەی وەک نوێنەری سەرەکی خۆی لەم سێ دەیەدا قبوڵکردوە و هیچ بزوتنەوەیەکی تری بورژوازی نەیتوانیوە هەڕەقیبی بێت و بتوانێ دەخی کوردستان بگەڕێ وئایندەیەکی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەی قەومی بخاتە ڕوو.

نەبونی بەرنامە وئاسۆیەکیش بۆ چنینەتی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و ئابوری سەربەخۆ لە بەغداد وای کردوە کە ناسیونالیزمی کورد لە بنەبستدا بمێنێتەوە و نەتوانێ شەرعیەتی خۆی لەلایەنگای ئایدیا و ڤیژن و سیاسەت و فەرهەنگیکی دەوڵەتیەوە جێگیر بکا و هەمیشە ئایندەی ئەم دەسەڵاتداریەتیە نادیارە ، هەربۆیە پەویستی بە سەرکوتی بە پەردەیان تەخکردنەوەی سنورە ناوچەیی و عەشیرەتی و حزبیەکانی زیاترە بە درێژدان بە مانەوەی دەسەڵاتە لەکاریەکانی. ئەم شێواز و سیستەمی بەڕێوەبردنە لە بواری بەرهەمهێنان و فرەشتنی نەوت و بازرگانی و وەرگرتنی گومرگی سنورەکان و بودجە لە دەوڵەتی عێراق ، یا خود لە بواری سیاسەت و پەرلەمان و یاسا و پەروەردە و هتد.. دەبینرێ.

هەکاری ١٦ ئۆکتۆبەر و ٣١ ئاب و ئەم سیاسەت و تاکتیکە دژ بەیەکی یەکێتی وپارتی و شێ و ململانێی ناوخۆیان و ێکنەکەوتنی ستراتیژیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمانە ناسیونالیزمێکی بە دەوڵەتن و هەزێکی لەکاڵی و ناوچەگەری میلیشیایین کە بەرژەوەندی داهات و دەسەڵاتی ناوچەکانیان لەپێش دەخ و چارەنوسی کوردستان و خەڵکەکەیەوە.

ئارنست گیللنەر دەڵێ دەخی کورد و سەمایەکان شازن لەمەی دنیادا بەوەی کە وەک نەتەوەیەکی قەبیلەیین ، کە هەندەکات لەناوخۆدا وەک قەبیلەیە هەرچەند ڕوو بە جیهانی دەرەوە وەک قەومیەت دەردەکەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٨٣دا کتێبێکی بەناوی "نەتەوە و ناسیونالیزم"ەوە دەرکردوە و کە لە چەند جێگایەکدا ئاماژە بە کورد دەکا. ئەو دەڵێ " ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکا نەک بە پێچەوانەوە".

ناسیونالیزمی کورد نەتەوەی کوردی دروستکردوە بەڵام بەوەی نەیتیوانیوە و ستراتیژی نەبوە ببە بەدەوڵەت ئەم پرسیە هەروا بە ناکامی ماوەتەوە. دەخی ئێستای کوردستانیش کە نزیک بە سێ دەیە دەسەڵاتی دیفاکتۆی کوردی هەیە نەیتوانیوە ئەو پرسیە کامە بکا و قەوارەیەکی سیاسی مەدێرنی دەوڵەتی دروست بکا و قابیلی عەشیرەتگەری و بنەماڵەیی و ناوچەگەری سەپێنراوە بەسەر دەخی کەمایەتی و

سیاسی کوردستاندا و ڕەگەی گرتوە لە گۆشەکردنی و کامەبونی بەرەو کەمڕەگەیەکی مەدەرن و دوورە تەکی مەدەرن. ئەمانە ڕەنگدانەوەی لاسەر ئابوری و خوێندن و ڕۆشنبیری و ناسنامە و خەباتی چینایەتی داناوە و دەخەکی سەخت و چەقبەستوی دروست کردوە.

ئاسۆکمال

چیرۆک- چاوانی ئەبەق ... نووسینی: حەمە هیوا

زەربەی کات بیری دەکردەوە و لە خەی دەپرسی ئایە کۆتایی بونی هەیە؟ نەستی ئەو هەرزەکارە هوبارەک بوو لە پرسیار،گشت کاتەک لاسەر ئەو ئایدیایە بو،کە سەراسیمەیی نابەت بەرامبەر هیچ فیلاسوفەک یاخوود هەر پەرتوکەک،هەر بایە دەیویست خەی لەجیک ببەستەت بە هەمو ئەو ڕستانەی کە نیشانەی پرسیاری لە تەکەوە بوون.
لەو گۆڕەکەی ئەو هەرزەکارە و دایکە پەککەوتووکەی لە دژیان،ئارایشتگایەک هەبوو،سە کچ خاوەندارەتیان دەکرد،تەمەنیان لە سەروو بیست سالە دەبوو.
ئەو هەرزکارە دەمەک بوو بەیاری ئەوەی دابوو بەبە ئەوەی باوەری بە هیچ ئایندەک بەت بژی،لە کوتانی هاوتەمەنی خەی نەدچوو،لەو ڕژەوەی باوکی لە جەنگ کوژرا،بەیاری دا ببەتە جگرەوەی باوکی بە دایکی.

لە کەنارکەیاندا چەند فرۆشگایەک هەبو،بازاڕەکی چکۆڵەش هەبوو،چەندەها پشتەفرۆشی لەبوو،جلکی ئافرەتانە و کچانەیان دەفرۆشت،هاوکات مەیخانەیەکیش لەوەدا بونی هەبوو.
ئەوەی مایەی سەرسورمان بو گشت ڕۆژەک کاتەک هەتاو سەری دەردەنا ئەو ئارایشتگایە بەر لە هەمو فرۆشیارەکان دەکرایەوە،زەر جار خەڵکیان هەراسان دەکرد بە هاوارکردن و بانگەشتکردنی لاوە تازە هەرزەکار بوەکان،سەرنجی هەمو کورە باغبوەکانیان بە خۆیان ڕادەکێشا.

ئەو هەرزەکارە ناوی عەلی ڕەزا بوو، خاوەن دایکەکی پەککەوتە و گۆچان بەدەست و داماو بوو،گشت بەیانیەک دایکی بە خۆتویی خاوەن

دەکردەوە و پاشماوەکەی دەسری، بە هەکاری ئەوەی دایکی سانسەری جەستەیی لەدەست دابوو و بە ئاشکرا میز و پیسایی دەکرد بە ژێر خەیدا، بەڵام عەلی ڕازا هیچکات نەیدەهێنا بەسەر خەیدا و ئامادەگی ئەوەی تێدا دەبینرا تاوەکو کەتا نەفەس یارمەتیدەر بە بە دایکی.
ئەوەی کە عەلی ڕازای ناڕەحەت و بێزار کردبوو ئەو سەە کچەی ئارایشتگا بون،گشت ڕۆژێک ئاژاوەیان پێ دەفرۆشت و تانەیان لێ دەدا، بەهەرجۆرێک بوایە عەلیرەزا خەی لەوان دەدزیەوە.

موجاهید ئەو کوڕە بوو،کە لە قەناغی ناوەندیدا لە مەدرەسە لەگەڵ عەلیرەزا هاوپۆل بوو،کوڕێکی دەستکورت و بێ نەوا بوو،هەفتانە سەری لە عەلیرەزا دەدا و بە قەرز بڕە پارەیەکی کەمی لەوەردەگرت.لە ڕاستیدا موجاهید لە نانەواخانەیەک کاری دەکرد،بەڵام خەی بەبەش نەدەکرد لە کاری پاکردنەوەی پێاو،لە هەمبەر هەمو ئەمانە کچە مامەکانی کاتێک دەیان بینی سوکایەتیان پێ دەکرد و لە دوروە تیری رقیان بە دەهاوەشت.
ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی وەرزی زستان لە مانگی دوو موجاهید دەیوەت بەواتە کار بە جلکە چەکنەکانی،گەرچی ترسی ئەوەی لە نیشتوە کچە مامەکانی بیبینن و دوبارە تەشقەڵەی پێ بکەن،ڕەگی ناچاری دایدەگرت و دەچێت.

لەوکاتەدا کە لە ماڵ وەڕەدەکەوت بارانێکی بە ئەندازە خەرا دەبارێت و لەگەڵ خەیدا تۆفان و تەرزە دەهێنێت.لەوکاتەدا دو کچە مامەکەی دەردەکەون و یەکەکیان کە ناوی ئیمانە،پانتۆڵێکی ڕەشی تەسک و بلوزێکی مەری قەکورت و چاکەتێکی سوری پۆشیوە،قەپچەی بلوزەکەشی کردبوە تا مەمکەکانی دەرکەون و دێی لاوەکانی پێ ببا.
ئەوی تر ناوی نەدیە و تەنوریەکی مەری کورت و گەرویەکی درێژی ڕەشی لەبەرکردوە،لەگەڵ ژێر کراسێک و بلوزێکی یەخەدار.

ئامەزا نەگبەتەکیان بەسەر دەکەنوە بە جوێنی ناشرین،نەدی سمتە خەکانی خەی بە موجاهید نمایش دەکات و بە چاوێکی سوکایەتیەوە لێی دەوانێت و دەڵێت:چیە حەزت لە نیە؟!ناتەوە بێی هەرسێکمان کاتێکی خەش ببینە سەر؟موجاهید پێبوە لە رق چاوانی ئاگرێکی جەهەنمیان لە دەبارێت،ئیمانیش لەولاوە دەست دەخاتە بەینی مەمکانی و دەڵێت:وەرە داماو لەگەڵ ئەمە وەرە،ئەمە بە خەایی خەمانت پێ دەدەین وەرە گەمژەی سوک و ڕیسوا.لەوکاتەدا عەلیرەزا وەک کابوسێک دێت و بە هەمو هێزی خەیوە شەپازلەیێک دەدات لە ئیمان و پاکێشی دەنیێت بە نەدیەوە و دەستی موجاهید ڕادەکێشێ و دەیبات بەرەو ماڵی

خەیان.

ڕۆگادا دوبارە توشی کچانی ئارایشتگاکە دەبنەوە، یەکێک لەو سێ کچە کە چاویلکەیەکی ڕەنگی شینیی ئاسمانی لە چاو دایە،جاڕ دەدات بە کچەکانی تر کە عەلیرەزا و موجاهید هاتون،لەو کاتەدا بە شۆیەکی چاوەڕوانکراوانە عەلیرەزا شاڵاوی بۆ دەبات و بە مستکێک دەکەشێت بە سەریدا،خۆی و موجاهید دەرگەنە ناو ئارایشتگاکە و دو کچەکەی تر دەبینین کە تەنها جلی ژێرەوەیان لەبەردایە و بە جەستەی ڕووتەوە لەی دانیشتوون.
کاتێک کە ئەو دو لاوە دەبینین بە دەنگی ترسەوە هاوڕێکەن و هەردەستنە سەر پێ،یەکێکیان دەست بە ڕومەتی عەلیرەزا دەبات،لەوکاتەدا عەلی ڕەزا شەقێک دەکەشێت بە دەستیدا و لە خۆی دوری دەخاتەوە.

کچەکەی تر قاچی دەلەرزێت و دەیەوێت بە هەر ڕێگایەک بێت هابکا و هەربێت،لەوکاتەدا عەلیرەزا دەستی هاوکەشێت بە چاوانی ئەو دو کچە لاسارە و بە چاوێکی ڕقاویەوە پێیان دەڵێت:ئەوەی کچان وان چێژ لەوە دەبینین گشت نەرەکانی ئەم زەمینە ببن بە کۆیلەتان،شانازی دەکەن بەوەی هەمو کوان و پیاوان بنێ بینی هانتانەوە و ئەو شتە بکەن کە زەرترین چێژ دەبەخشێت،هاوکات ئەم چێژە کاتیش بە ئەرزشترین شتە لە دونیادا.
ئەوە کایەکی بە بەها و هیچن،دەتان دەدەن بە کوەک،کە لە پێناوتان هەمو شەو و ڕۆژ دەبەخشێت لە پێناوتان شەونوخونی دەکا لە پێناوتان گیان بەخت دەکات،کچی بە زویی پڕاوێزی دەخۆن و دەچنە باوەشی دێیەها و سەدەهای تر.پارچەیەک گشتان هەیە و زەرینەی نەرەکان برسیتانن،بەڵام لە کاتی خاڵیبونەوە هیچ ئەرزشتان نامێنێ و ئەوەی بەتان دەمێنێتەوە داوێنێ پیسکانتانە.

هەردوو کچەکە فرمێسک لە چاوانیان دەهاتە خوارێ بە بیستنی ئەم گوتانە کە وەک فیشەکێک وابوو بۆیان،عەلیرەزا بە گوەدانە گریانی ئەوان بەردەوامی بە قسەکانی دا و گوتی:دەمهەوێت بەر لە ڕەیشتنم ئەوەتان پێ بڵێم،ئەوە شادن بەوەی کە چەندەها کوە و پیاوی خانەدان دواتان کەوتون،دەشە خاوەن بۆنی گرانبەهان بن دەشێت پێشتەی ناوازە بپێشن،بەڵام هەمو ئەمانە هیچن،ئەوانە ئەوەیان تا ئەو کاتە دەوێت تا تێریان دەکەن،پاشان دەرتان دەکەن و ئەوێش دەبن بە هیچترین مەینەی سەر زەمین و وەکو سەگێکی بە خاوەنتان لێدێت
ئەوە ناتوانن بەرگەی ئەو کوە هەژار و لەقوماوانە بگرن کە پێ بە دە ئەوەیان خۆشدەوێت و بە بینینتان هەمو هەنگاوێکی دژوار

دەبن، دەموەست ئەو بزانن هەر ئەو کوێ پشتە دەاوانن کە بە هاستی پتان دەن تا ئەبد دەموی، بە گودانە هیچ شتک ئەویان دەوت، بە شەویک ئەویان دەوت گەر ئەو دونیاش بونی هەبت ژیانتان لگێ بگوزەرنن.
کەواتە هەمەخەتن بەوانی بە چند ساتک شادومانتان دەکن بە پشکشکردنی دیاری گران بەها و پشاکی مەدرنە، دەخشی ئەو لای ئەو کوانیە کە دتان لایان گەورترین ئامانتە و دەخشکردنی ئەو بە پیشی هەمیشیی دەزانن.
چونە دەرە لە ئارایشتگاکە و بەرەو مالی عەلیرزا کوتنە ێ، بەام لە کاتی چونە ژورەوەیان بینیان کە دایکی عەلیرزا هەناسە نادات و ئیدی بە ئەبد کچی دوایی کردو.

نووسینی: حەمە هیوا

وەاتی من … بەختیار محەمەد

لە وەاتی من
جاشەکان قارەمانن
قارەمانەکان دشداماون
شەشگەەکان کرچین
چەقکشەکان وەزیرن.
لە وەاتی من
گەمژەکان ەوناکبیرن
ەوناکبیرەکان گەمژەن.
لە وەاتی من
حزب کەعبەیە و
سەرکردەش خوایە.
لە وەاتی من
ئازادی لە مەیموون دەچ
خەك گاتەی پ دەکەن.
لە وەاتی من
حەقیقەت وەك قەحپە
ئەگەر نەکوژر

شاربەدەر دەکرێ.
لە وڵاتی من
داگیرکەر دەستە و
دەست دوژمن.
لە وڵاتی من
سەنگەر گۆرینەوە
وەك پەرینەوەیە لە پردی جگەرێ.
لە وڵاتی من
هەموو درزنەکان
بەهەشتیین و
هەموو ڕاستگۆکانیش
جەهەنەمیی.
لە وڵاتی من
هیچ شتێك تامی نەماوە
جگە لە درۆکردن نەبێ:
شەرەف لەخاچ دراوە و
بێ شەرەفییش ئیمپراتۆرە.
لە وڵاتی من
مێگەلی ڕەشنبیر
لەناو مێرگی گەندەڵیدا دەلەوەڕن و
لەبەردەم پادشاکان
بێ شاباشی زڕ
قوونی قەڵەمەکانیان
بادەدەن و
لەبەردەم سەرۆکیشدا
کڕنووش بێ بتی پارە دەبەن.
لە وڵاتی من
چێشتخانە زانکۆیە و
زانکۆکانیش سکرابخانە.
لە وڵاتی من
ئازادی
لە تەی گەورەی بەرپرسێك
دەچێ و
هزریش لە فسکی
بێنناخۆش.
لە وڵاتی من
خوا لە شەیتان دەچێ و

شەیتانیش لە خوا.
لە وڵاتی من
جەنگ ئاشتییە و
ئاشتیش جەنگ.
لە وڵاتی من
لەوەتی هەیە
عەشق لە مەرگ دەچێ و
مەرگیش لە عەشق.
لە وڵاتی من
هەموو شتێك درۆیە
تەنها درۆ خۆی نەبێ
کە لە کۆشکی دەسەڵاتدا
پادشایە.

بەختیار محەمەد

---

١٦ ئۆکتۆبەر لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی شکستخواردووکان...!... موزەفەر عەبدوڵا

هەڵکەوتی ١٦ ئۆکتۆبەری ئەم مانگە ساڵێک تێپەڕی بەسەر هودا وەکی کارەساتباردا کە بوو هۆی کوشتنو بریندارکردنو ئاوارە بونی سەدانو هەزاران کەسی بێتاوان. جگە لەوەش بوو هۆی لەدەستدانی زیاتر لە نیوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبەکانی ئەم بزوتنەوە شکستخواردووی کوردایەتی یە.
ئەو بزوتنەوە شکستخواردووی کە پارتی و بارزانیەکان و، یەکێتی و تاڵەبانی یەکان ، بە هەنگی زەردوسوز هاوڕی دەکەن لەگەڵ کەمەڵک لایەنی هەنگاو هەنگی تر. هەروەها هەریەکەشیان خاوەنی میلیشایی خۆیانن بەهێزی چەکو چێگەریش خۆیان سەپاندوە بەسەر جەماوەری چەوساوەو هەوڵە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان.

بەگومان ئەم هودا وەش بەشێک بوو لە ئاکامی کەمەڵک ئاوگۆی سیاسی

و سەربازی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی کە بوونە هۆی گۆڕینی هەز هاوسەنگی لە ناوچەکەو ناوخۆو ،هاوکات سەرلەنشیوایی و پەرتەوازەیی و پیلانگێڕی لایەنگرانی ناو ئێم بزوتنەوە شکستخواردوە .ئێم هەلومەرجەش لە رویەکەوە وایکرد پارتی و بارزانی بە پاشەکشە بەنیاردکانی لە بە غداو هاوکات لایەنگرانی ناو بزوتنەوە شکستخواردوەکەیان دەسبەریت بە پرسی دەنگدانو هەرای سەربەخۆیی کە دەمەکە مافیکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە بەڵام ئامانە زیاتر بە پیلانگێڕی بەکاریان هینا .لە بەرامبەریشدا تاقمی باڵادەستی ناو یەکێتی دەستیان برد بە ڕیسواترین شێوازو دەستەکەکردن و ڕەکەوتن لەگەڵ نیاردکاتی یەکانی پارتی و بارزانی.
بەم شێوەیە ئێم ڕەواڵەش وەک هەموو ڕەواڵەکانی تر ،بە تایبەتی ڕەواڵەی ٣١ ئابی ٩٦ وەک تەقەیەک لە پارتی و باڵادەستی یەکان تا ئەمڕۆ ،بوو لاپەڕەیەکی تر لە مێژویی پڕ ڕیسوایی بزوتنەوەی شکستخواردوی کوردایەتی .

دیارە ئەمەش یەکەم ڕەواڵەی پیلانگێڕیو ملشکاندنی یەکتر نی یە لەم مێژوەیان .بەڵکو لە نیوەی پەنجاکان بەدواوە کە ئێم بزوتنەوەیە باڵای کردوە چەندین ڕەواڵەی وایان لە مێژوی خۆیان تومار کردوە.ڕەواڵەی ساڵی ٦٦ کە دوای چەند ساڵ لە ململانێکانیان بە تەقینەوە گەیشت بوو خاڵی دابەش بونی یەکجاری خەڵکی و ناوچەگەری کە بەناوکانیانەوە دیار بون . پاشان ڕەواڵەکانی ٧٥ و ٨٣ و ٩٤ و ٩٦ هەمو ئەمروداوانە بریتین لە لاپەڕە پیلانگێڕانەی یەکانو ملشکاندنەکانی یەکتر.هەموشی لە پەناوی ڕەکەوتن لەگەڵ دەسەاتی بەغداو گەیشتن بە بەشیك لە دەسەاتی سیاسی و سەرمایە لە کوردستاندا.

ئەستاش کە ساڵەک بەسەر ڕەواڵەی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا تێپەڕ دەبێت سەرانی ئێم حزبانەی بزوتنەوەی شکستخواردویی کوردایەتی لە پاڵ ڕیزەک لە نوسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوس و ئەکادیمی موچەخۆری گەندەڵ وەای تاوانبار کردن و سوکایەتی کردنی شەخسی بە یەکتر هاوکات خەریکی تەوردا تاشینن بە ئێم ڕەواڵە ڕیسوایە بە ناوی خیانەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کوردایەتی و میژویی. وەدیانەوێت بیکەنە مێژویی هەمو خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و ڕەوتو لایەنە چەپو ئازادیخوازەکانیش.
لە کاتیکدا هەمولایەک دەزانیت کە ئەمە نە یەکەم ڕەواڵەو نە دوا ڕەوایش دەبێت لە مێژویی ئێم بزوتنەوە شکست خواردوەدا.
دیارە زەر هەکاری سیاسی و میژویی و زاتی و مەوزوعی هەیە کە

بونەتە شکستیخواردنی ئەم بزوتنەوەی کوردایەتی یە.
زۆر بە کورتی ئەو هەڵکارانەش ئەوەیە کە کاتێک ئەم بزوتنەوەیە سەری هەڵداو باڵای کرد هەڵومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی سەرمایەداری لە ئاستی دونیا بە تایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان جۆرێک لە جێگیری دووجەمسەری بەخۆیەوە گرتبوو.
ئیتر ئەم جوڵانەوەیە هیچ ئاسۆو ئامانجو بەدیلێکی پێشکەوتووی لەبەردەمدا نەمابوو وەک بە بزوتنەوە ناسیونالیستی یەکانی پیش جەنگی جیهانی یەکەمو، بە تایبەتی سەدەی نۆزدە ،کە هەبون.
ئەم بزوتنەوەیە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە نەیدەتوانی یەک بزوتنەوەی ناسیونالیستی پێشکەوتو بیت بە تواناوەی فەرمە سیاسی یەکانی دەورانی فیودالیو خێڵەکیانە لە فەرمی یەک نەتەوەو نیشتیمانو ئابووری و ئامانجی سیاسی و کەلتووری هاوبەش .بە پیچەوانەوە لە زەمەنەکدا وەستاو پاشان ڕووتی پاشەوپاشگەرانەوەی دەست پێکرد. ئەو چەند دەیەیە کە ڕێکخراوەو دەستە سیاسی یەکانی بەرژوا ناسیونالسیتی یەکان لە پارتی دیموکراتدا توانەوە ئیتر لە کۆتایی پەنجاکانەوە ڕووتی لەتبونو پەرشو بڵاوی دەستی پێکرد و لە مەلایی و جەلالیدا بەرجەستە بووە.لەوکاتەوە ئیتر هەر لایەکیان زیاتر بە تەنها لەهەوڵی ئەوەدابون بەهەر نرخێک بوە دووڕووتی بەرژوازی عیراق بیان کاتە دەسەڵاتدار لە کوردستان.بەڵام چینی بەرژواز ناسیونالیستی عیراق دوای دەیان ساڵ لە شەڕو کوشتارو گفتوگۆ تەنها حوکمی زاتی ساڵی ١٩٧٤ پێدان ئەویش لاوازترین لابەڵی بزوتنەوەکە کە تاقمی حزبی دیموقرات و شەرشگیری کوردستان کەبونەوەو ئەم دەرفەتەی قۆزتەوە وەک هاوکارێکی ڕژیمی فاشی بەعش کەمەڵگای کوردستانی بەڕێوە دەبرد.

بەم شێوەیە هیچ یەک لە دوو باڵە سەرەکی یەی کوردایەتی سەرەرای هەر ساتوسەودایەک لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا بەڵام هەر نەگەیشتنە دەسەڵات. تا لە سەرەتای نەوەتەکان و، لە هەلومەرجێکی پێ وەرچەرخانو ئاوگۆی جیهانی دا کە لە کۆتایی دوو جەمسەری و پێویستی دابەشکردنەوەی هەمەلایەنەی جیهان بوو ئیتر ئەم حزبانە دەرفەتیان بە ڕەخسا بگەنە دەسەڵات لە سەرەتای نەوەتەکان .

ئەو ئاوگۆو وەرچەرخانەش چونکە زۆر ناوەڕۆک کۆنەپەرستانو دژی ئیسانی بوو بە ڕابەری گەورە زلهێزی ئیمپریالی ئەمریکا تەنها ڕەوتو لایەنی زۆر کۆنەپەرستی بزوتنەوەی شکسخواردوی وەک ئەمانە دەیتوانی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی .
ئەمە ئیتر زۆر بە کورتی مێژویی سەرهەڵدانو بڵاکردنو بە دەسەڵاتی

گەیشتنی ناسیونالیزمی کورد- کوردایەتی – و حزبەکانیتی لە کوردستانی عێراق .بەیە ئیتر نابێت جەماوەری ئازادیخواز نە خۆش باوەڕ و نە هیچ چاوەڕوانی یەکان لەمانە هەبێت بە بەدیهێنانی ماف وئازادی یەکانیان. چونکە ئەمانە دەمەکە شکستیان خواردوە.

ئەمانە ئێستا بە مانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و خزمەکی و ناوچەگەری خیانو گردو کەکردنەوەی پارەو سەرمایە بە دزی و گەندەڵی ئامادەن دژیان جار خراپتر ملی یەکتر بشکێنن بەهاوکاری وپشت بەستن بە کۆنەپەرستترین و دژی ئینسانی ترین دەوڵەتو ژەمیی دونیا.وە هەمو ئەم ڕوداوە کارەساتبارانەو ملشکاندنەی یەکتر ناو بنن خیانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی میژویی لە کاتکدا خیان هەکاریکی سەرکین بە قەوارەنەگرتنی ئەو یەک نەتەوەو نیشتیمان وزمان و کەلتور ی وەک ناسیونالیزمەکانی دەورانی ڕێنیسانس کەلە ئەوروپاوە دەستی پێکرد.
لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئەمە دەڵێین ١٦ ئۆکتۆبەر تەنها لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی بزوتنەوەی شکستخواردوکان بە سەرکەوتو دەڵاویانەوە. جا با هەر سەرانو بیرمەندو مێژونوس و ئەکادیمی و نوسەرانیان خۆریکی تێرداتاشینی خیانەتی نیشتیمانی ونەتەوەیی مێژویی بن.

ئەگەر تا پیش ١٦ ئۆکتۆبەر یەکێتی و تاڕبانی یەکان بە پارتی و بارزانی یەکانیان دەوت ڕوداوی ٣١ ئابی ٩٦ خیانەتی نیشتیمانی ونەتەوەیی بوو ئەوە ئێستا پارتی و بارزانی یەکان بە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ یەکێتی دەڵێن خیانەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کوردایەتی مێژویی.
جا گرینگ ترین دەرسو تاقی کردنەوە لەم ڕوداوانە بە نیسبەت کریکارانو خەلکی ستەمدیدەو بەڕی ئازادیخوازیەوە پێویستە ئەوە بزانێت کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی ڕیزی چینایەتی خیان ڕێکخۆن بەرامبەر حزبەکانی ناو ئەم بزوتنەوە شکستخواردوە تا لەوە زیاتر نەبنە قوربانی و کۆتایی بە دەسەڵاتیان بنن.هەر ئەمەش تاکە ڕێگایە بە بەدیهێنانی هەمو مافو ئازادی یە ئابوری و سیاسی یەکانی خۆک خی.

١٨-١٠-٢١
موزەفەر عەبدوڵا

کەمنیش هاتم سنوور لێرە بوو … جەلال بەرزنجی

هەمووجارێک،
کە باوکم،
لە گەڵ چەند بازرگانێک؛
بۆ مافور،دەچوونە سەقز،
دایکم دەیگوت؛
“لە سنوورئاگاداری خۆتان بن”
“بۆشۆ لێی دەدەین” ئەو وەڵامی باوکم بوو.
دارکەران،
هەمیشە،
چەند کیلۆمەترێک،
دوورلە سنوور،
دار دەکەن.
شوان،
راوچی ،
لە سنوور دەسڵەمێنەوە.
کە هاتم سنوور لێرە بوو.
پێش باپیرم،
باپیرە گەورەم،
سنوور،هەر ئەوها تاپو بوو.
سنووركان،
زۆر دەبن
بەڵام من هەر بە سنوورم.
لەو سنووراندی چیان،
پەناهەندە، ئاسکە.
لە پەدەشت،
کاڵەی ئەدی داسە.
لەدارستان،
سمۆرەیە.
لەئاو،

بەڵەمە .
ئەوسنوورەی دواجار،
بەمانەوەم ،
لەمدا،
سیمی خەدارەبوو.
پەناهەندەکانی پێش من،
جێی پێینەوەی سەختە زەلامیان خەش کردوە،
هەرچوومە ناوی،
هەستم دەکرد،
باهندێکم،
لە قەفەز دەردەپەم.
لە نەشئەی خۆشی پێینەوە دەژیام.
پاسەوانەکانی سنوور،
ئەوانەی لە کەنەوە لێیان دەترسم.
دەوریان دام
بە دەستی کەلەبچە کراو
سنوور داش کرام..
ژیانم لە دەورو بەری کەچ و
بەینی سنوورەکان دەخولێتەوە
ئێستاش،
راناوەستاوم.
وام لە ئاسمان،
لە ژێر شینایی
بە چوونە سەر عاردی،
دەبەت سنووری هەور ببەم.

جەلال بەرزنجی
٢٠١٨
کەنەدا

نووسەر سەران ئازاد لە وەڵام بە دەنگەکان سەبارەت بە کارە مارکس

ئەم چاوپێکەوتنە بەشێکە لە مەڵەفی " مارکس لە ئێستادا" کە فریای بە چاپکردن نەگەشت لەگەڵ چاوپێکەوتنەکانی تردا...
کتێبی مارکس لە ئێستادا لە کوردستان لەم لەم کتێبخانانەی خوارەوە دەست دەکەوێت:
کتێبخانەی (جۆزوانی خوێندەر و ئەندێش) لەشاری کەرکوک، چەمچەماڵ – کتێبخانەی چەرموو، سلەمانی کتێبخانەی ئەندێش دەستدەکەوێت
https://dengekan.info/archives/7490
گەران
-_____

سەرنجێک بە خوێنەران
من پاش و پێشم بە پرسیارەکانی کاک گەران کردووە. هەکاری ئەوە دەگەڵنمەوە بە بە پێشنگزانینی هەندێک پرسیار. لە هەمان کاتدا، پرسیار هەیە، کە تێکەڵم کردوون، چونکە پێم وایە بە وەڵامدانەوەکەی من، هەم وا گونجاوتر بووە، هەمیش بەو شێوەیە زیاتر یارمەتیدەرە بە خوێنەر.

دەنگەکان:

لە دەخی ئێستادا چۆن مارکس بخوێنینەوە؟ چۆن مارکس لەناو ئەو چوارچێوەی ئەو راڤە ئایدیۆلۆژییە و تێگەیشتنە دەگماییە دەربهێنین کە لە تاکە رەهەندێکی ئایدیۆلۆژییدا کورتکراوەتەوە؟ ئایا بەادەستی گوتاری مارکسیزم بەسەر ژیاریی خۆرئاواوە کۆتایی هاتووە یاخود ئەو گوتارە بەشێوازی جیاواز بوونی هەیە؟

سەران ئازاد:

من بۆچوونم وایە، کە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستیمان بەوەیە بزانین لە کوێدا دەست بە خوێندنەوەی (کارڵ مارکس) بکەین. دەزینەوەی دەستپێک لە فەلسەفەی (مارکس) گرنگ و جێوهەرییە. دوای ئەو دەزینەوەیە و تیشک خستنە سەر هزری (مارکس)، باوەڕ دەکەم ئەوە

لە خۆیدا بەشێک لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت دابین بکات.
دیارە بەر لە ئەمە، (مارکس) خۆی باسی کۆشەی دەستپێک لە هەر بوارێکی زانستیدا دەکات و دەڵێت: "دەستپێکەکان لە زانستدا هەمیشە قورسن". دەستپێک بە تەنیا خاڵی دەستپێکردن نییە، چونکە خاڵی دەستپێکردن واتە ئەمە دەزانین لە چییەوە دەست پێ دەکەین و ئاڕاستەی باسەکەمان بۆ کوێ دەڕوات. بەڵام ئەو هاوکێشەیە بۆ فەلسەفەی (مارکس) و هەر فیلەسووفێکی گەورەی تر دەست نادات، چونکە ڕەگوڕیشەی هەر بابەتێکی فەلسەفی لەو شوێنەدا نییە، کە باسی لێوە دەکرێت و دەست دەکرێت بە شیکردنەوەی، ئەوێش لەبەر ئەوەی، کە هەر بابەتێکی فەلسەفی وابەستە و پەیوەندیدارە بە بابەتەکانی پێش و پاش خۆی.

بۆیە دیاریکردنی دەستپێک بۆ فەلسەفەی (مارکس) ووبەووی هەمان کێشەی مێتۆدیمان دەکاتەوە، چونکە ئەو دەستپێکە نادیارە، یان بە واتایەکی تر کێشدارە و بیروڕای دژ بە یەکی لە خۆ گرتووە، بە تایبەت، کە باسەکەمان پەیوەندیی بە یەکێک لە کێشدارترین فیلەسووفەکانی دنیاوە هەیە، کە (مارکس)ە و بە چەندین شیکردنەوەی جیاواز ماماڵەی لەگەڵ کراوە. بۆیە سەرەتا هەر باسکردنێکی پەیوەندیدار بە (مارکس)ەوە پێویستە لەو شوێنە دەست پێ بکات، کە پەمان بەێت لە کوێوە دەست بە (مارکس) دەکەین و لە چ وێستگە و گۆشەنیگایەکەوە باس لە (کارل مارکس) دەکرێت. ئەگەرنا، هەوڵەکان توانای تێپەڕاندنی ئەو چوارچێوەیان نابێت، کە هەشتبیرانی ووکاش لە بارەی (مارکس)ەوە دروستیان کردووە. ئەو چوارچێوەیەی، کە پێی وایە هەر کەسێک باسی (مارکس)ی کرد، (چ بە باش و چ بە خراپ!)، ئەوا مانای وایە لە قووڵایی فەلسەفەی (مارکس) تێگەیشتووە. من یەکەم کەسم، کە ددان بەوەدا دەنێم ئەو باوەڕەم هەبوو لەو کاتەی دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە کوردەکان، بەڵام لە دوایدا دەمە سەر ئەو باسەی، کە چۆن ئەو وەهمە وردە وردە تێکشکا.

لێرەدا من پێنا بە بۆچوونەکانی (بۆب جیسپ- Bob Jessop) دەبەم، کە یەکێکە لە ڕەخنەگر و ئەکادیمیستە دیارەکانی جیهانی ئەمەمان. خۆشبەختانە لە مانگی ئابی ساڵی 2016، بواری ئەوەم هەبووە لە یەکێک لە وانەکانی بەشدار بەم، کە لە زانکۆی (ڕۆسکیلدە)ی (دانمارک) لە کۆرسی (بەئامیاریکردنەوەی سەرمایەداری-Repoliticing Capitalism) پێشکەشی کرد. ئەو بەشکی گەورەی وانەکەی، کە ماوەی سێ کاتژمێری خایاند، بە دەزینەوەی دەستپێک لە فەلسەفەی (مارکس) تەرخان کرد. لە دیدی ئەودا، دەستپێک بە فەلسەفەی (مارکس) یەکەک

لە خاک هەر گرنگکان، چونکە ئەو فەیلەسووفە خاوەن کەمێک بەرهەمی جیاوازە و کەکردنەوەی هەموو بەرهەمەکان لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەودا، نزیکمان ناکاتەوە لە متمانەکی زانستیانە بە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە فەلسەفەی (مارکس).

یەکەم کتێب، کە پێویستە لێرەوە دەست پێ نەکەین و بیرکانی (کارل مارکس)ی تێدا سنووردار نەکەین، (مانفێستۆی کۆمۆنیسم)ە. ئەو جارە تەنامانە هووبەووی پرسیارمان دەکاتەوە، چونکە ئەو بەرهەمەی (کارل مارکس) و (فریدریچ ئەنگڵس) بوو بە ئایدیۆلۆگیا و بانگەشنامەی چەندین بزوتنەوەی ئایدیۆلۆگی و هزری. لێرەدا من ناموەت باسی ئەو جارە بزوتنەوە و پێوەندییان بە فەلسەفەی (مارکس)ەوە بکەم، تەنیا بە دیدەکی ڕەخنەگرانە لەو باسە دەڕوانم. خاڵی ڕەخنەگرانە لەوەی، کە بە گونجاو نییە لە کتێبی (مانیفێستۆی کۆمۆنیسم) دەست پێ بکەین ئەویە، کە یەکەم مانیفێستۆ یان مانیفێستنامە ژانرایەکی ئەدەبییە و لە شێوەی بانگەشتنامە دایە. لەو کاتەشدا هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی بوونی نەبوو.

بونیادی ئەو پارچە نووسینە لە ڕووی ستایشەوە بەهێز و لە ڕووی خوێندنەوەی زانستیانە لاواز. ئەو بەرهەمە بانگەشەیەکی ستراتیجانەی جوهەرییە (strategic essentialism). ئەو بانگەشەیەی پێداگری لەسەر بەدیهێنانی ئامانجی گرووپ و بزوتنەوەکان دەکات. هەر بۆیە ئەو جارە بەرهەمە ڕەگەخشکەری ئەو جارە بانگەشەیەی بزوتنەوە کۆمۆنیست و مارکسیەکان هەبووە و لە هەمان کاتدا ئەو بەرهەمە بەردەوامی پێداگری لەسەر گرنگیەکەی کراوە. لە لایەکەوە کورتە و ئاسانە بە خوێندنەوە، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی خوێندنەوەی زانستیانە لاوازە و زیاتر لایەنی ستایشی تێدا بەهێزە، بە ئاسانی توانای کەکردنەوەی گرووپ و بزوتنەوەی جیاوازی هەیە. بۆیە دەستپێکردن لەو بەرهەمە دەستپێکەکی فەلسەفی و ڕەخنەگرانە نییە. یەکێک دەشێت پاش ئەوەی خوێندنەوەیەکی قووڵ بە بەرهەمەکانی (مارکس) و چەمکە جەراوجەرەکانی بکات، لە دوایدا ئەر بەرهەمە بخوێنێتەوە، چونکە خودی ئەو بەرهەمە ڕەنگدانەوە و بانگەشتمانەیە بە چەمک و ئەو کێشە مێژوویی و فەلسەفانەی، کە (کارل مارکس) بە کورتی ئاماژەی بە کردووە. لە ڕووی مێژووییشەوە، نووسینی (مانیفێستۆی کۆمۆنیسم) دەکەوێتە پێش نووسینی شاکارە گەورە ڕەخنەییەکەی، کە (سەرمایە)یە. لە هەمان کاتدا، نووسینی ئەو بەرهەمە دەکەوێتە پێش زانبوونی مادی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

بەرهەمکی تر، کە بە دانانی وەکو دەستپێک نزیکمان ناکاتەوە لە

فەلسەفەی (ماركس)، نووسینی (پارچەنووسینی ئابووری و فەلسەفی 1844 -Economic and Philosophic Manuscript of 1844)، لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەمە کەمێک یاداشتی ئەو فەیلەسووفەن و کاتێکیش خەی لە ژیاندا بوو، بە چاپی نەگەیاندوون. ئەو یاداشتانە زیاتر لە کتێبی (سەرمایە) خراونەتە چوارچێوەیکی فەلسەفی، کە تێیدا (ماركس) بە مێتۆدی فەلسەفیانەی خەی ڕۆخنە لە کۆپیتاڵیزم دەگرێت و ڕووبەڕووی شیکردنەوە و لێکدانەوەی فەلسەفی دەکات. کۆشەی مێتۆدی ئەو بەرهەمە لەوە دایە، کە زۆر کۆشەی ئابووری و ئامیاری بە تێرمی فەلسەفی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لە هەمان کاتدا، یەکێکی تر لە کۆشکان ئەوەیە، کە کۆپییە نووسراوەکە ئاماژ و ناڕۆشنە، بەیە کە چاپ و بڵاویش کراوەتەوە بە گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکس و تێرمانە کراوە، کە (ماركس) بە کاری هێناون. جگە لەو دوو بەرهەمە، پارچە نووسینی (پێشەکی 1859 -Preface 1859)، ڕووبەڕووی هەمان کۆشەی مێتۆدیمان دەکاتەوە کاتێک دەماندەوێت لەوەوە دەست بە خوێندنەوەی (ماركس) بکەین.

کەواتە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ چۆن بتوانین ئەو کۆشەیەی (ماركس) خەی باسی کردووە چارەسەر بکەین و بیکەین بە خاڵی دەستپێک؟ لە ساڵی 1857دا، تێکچوونێکی ئابووری و بازرگانی گەورە کەمێک شاری گەورەی جیهانی ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری کردەوە. ئەو تێکچوونە یەکەم قەیرانی ئابووری جیهانی بوو، چونکە لەو کاتەدا بوو، کە تازە ئابووری نەودەوڵەتی یان جیهانی گۆشەی بە خۆوە بینی. سەرچاوەی ئەو قەیرانە لە (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) سەری هەڵدا و کەمێک شاری تری پیشەسازی و ئابووری جیهانی گرتەوە، لەوانە (لەندەن)، (لیڤەرپول)، (گلاسگۆو) لە (بەریتانیا)، (پاریس) لە (فەڕانسا)، (هامبەرگ) و (لایپزیگ) لە (ئەڵمانیا)، (ڤیەنیا) لە (نەمسا)، (ئەمستردام) لە (هەڵەندا) و (کۆپنهاگن) لە (دانمارک).

ئەو قەیرانە کاریگەری گەورەی لەسەر جووڵەی پیشەسازی و هێزی کار (labour power)ی کرێکارەکان هەبوو. شکستی بە زیاتر لە هەزار بانکی گەورەی (ئەمریکا) هێنا. بەدام هەشتا ئەوە گرنگییەکەی نییە، بەڵکو لە دوای ئەو قەیرانەوە، سەرمایەداری گۆشە دەکات و دەبێت بە دیفاتکەی ئابووری جیهان. ڕەنگە یەکێک بپرسێت چی وای لە (ماركس) کرد هێندە سەرنج بخاتە سەر ئەو ڕووداوە ئابووریە جیهانییە. بەر لە هەر شتێک، دەخی ژیانی (ماركس) لەو کاتەدا لەو پێی خراپیدا بوو. ئەوە بە ئاشکرا لە کەمێک نامەی بە (ئەنگلس)ی هاوڕێ و هاوپێنووسی دیارە و تێنانێت ئاماژ بەوە دەدات، کە هیچ

کاتێک لە ژیانیدا هەندێ لە ڕووخانی ئابووریدا نەبووە. ئەو بە ماوەی دە ساڵ بژێوی خۆی لەسەر نووسینی وتارنامەوانی پەیدا دەکرد. بەشێکی ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تریبون- The New York Tribune) بڵاو کردووەتەوە. خراپبوونی دۆخی ژیانی زەمینەی گۆڕانی بە بیرکردنەوە و نووسینەکانی تری خۆش کرد، چونکە وەک خۆی ئاماژەی پێ دەدات، ئەڕێ دەبێتە دەستپێک. ئەو دەستپێکەی بە دوایدا دەگەڕاین، دەتوانین لەڕادا بیدۆزینەوە. دەستپێکی ئەو لە خەباتەشی ناخۆشی و سەختی ژیانی خۆیەوە سەری هەڵدا. ژیانی (کارڵ مارکس) زۆر شتمان لە بارەی فەلسەفەکەیەوە پێ دەڵێت.

بە (مارکس)، ئەو قۆناغانە سەرەتای سەرهەڵدانکی نوێی مەدەلی ئامیاری و ئابووری جیهانێ، کە پەیوەندیی بە دەستکەات و پارەوە هەیە. حکومەت و ئامیارقانەکان ڕۆڵی دەستکەات و بانکەکان ڕۆڵی پارە دەگێڕن. قۆناغی لەو شێوەیە دروستکراون و پەیوەندییان بە بڕدوامیدان بە کەشی قۆناغ و سوێی پارەوە هەیە. لەو کاتە دایە، کە (مارکس) دەست دەکات بە نووسینی کتێبی (ڕەخنە لە ئابووری ئامیاری). لەوێدا ئاماژە بەوە دەدات، کە توخزێنەوەکەی دەبێت لە لەکەینەوە لە شمەک (Commodity) دەست پێ بکات. لە بەشی چوارەمی کتێبی (سەرمایە)، کە لە ژێر ناونیشانی (دامەزراوەی گشتی سەرمایە)یە، یەکەم هەستە بەو شێوەیە دەست پێ دەکات: (سوێی شمەکەکان خاڵی دەستپێکی سەرمایەیە. بەرهەمهێنانی شمەکەکان و سوێی گەشەی فەرمەکانیان، یان بڕەن بازرگانی لە پێشبیرکانی مڕوونە، کە لەژێریدا سەرمایە سەر هەڵ دەدات، یەک دەگرن.)
بە پێچەوانەی چەمکی (کەمنیسم)، چەمکی شمەک یان شتومەک دەبێت بە خاڵی دەستپێک، چونکە لای (مارکس)، کێشە و دژکان (contradictions)ی سەرمایەداری لە شمەکەوە دەست پێ دەکات. شمەک خەسڵەتی بەکارهێنان (use) و بەها (value)ی هەیە. بە نموونە ئاتوون هەم بە کار دێت و هەم بەهای هەیە، بەڵام بەهای ئاتوون وەکو شمەک ئاوگەڵی (exchange)ی پێ دەکرێت. بەیە هەر شمەکەک، کە خاوەن خەسڵەتی بەکارهێنان-بەها بوو، دەتوانێت بە شمەکەکی تر، کە خاوەن خەسڵەتی بەکارهێنان-بەهای هەیە، بگۆڕێتەوە.

لەڕادا شمەک دوو هاوکێشەی جیاوازی هەیە. یەکەمیان ئەوەی (مارکس) پێی دەڵێت (شمەک – پارە – شمەک Commodity – Money – Commodity/)، واتە شمەکەکمان هەیە، کە خاوەن بەهای ئاوگەڵە و بە پارە بەهاکەی دیاری دەکرێت، بەڵام ئامانجی پارەش بە دەستخستی شمەکی ترە. (مارکس) بەو هاوکێشەیە دەڵێت هاوکێشەی سادە یان سرووشتی، واتە

ئەو کرداری ئاڵوگۆڕە سەرتاپاییە و بە پێکردنەوەی پێداویستییەکانە، وەک خۆی دەبێت (فرێشتن لە پێناو کڕیندا). هاوکێشەی دووەمیان هاوکێشەی کۆپیتالیسمە و بەو شێوەیە؛ (پارە – شمەک – پارە/ Money – Commodity – Money). جیاوازیی ئەو هاوکێشەیە لەگەڵ هاوکێشەی یەکەم گەورە و جەوهەرییە، چونکە ئۆگەر لە یەکەمیاندا بەکارهێنانی شمەک و بەهای پارە بە بەردەوامیدانە بە سوودی ژیان و ئاڵوگۆڕی، ئەوا لە دووەمیاندا ئامانج لەو ئاڵوگۆڕە پارەیە. یەکەم ئەمە پارەمان هەیە و دەیدەین بە شمەکێک و دواتر دووبارە ئەو شمەکە دەکەینەوە بە پارە، وەکو خۆی پێی دەبێت (کەین لە پێناو فرێشتندا).

(مارکس) پێی وایە هەر بە تەنیا گەیانی ئەو سوودە سەرهەڵدانی سەرمایەداریە. هەر لەو هاوکێشەیدا، شمەک ون دەبێت، چونکە ئامانجەکە دەبێت بە پارە بە پارە، کە شمەک تەنیا بابەتی ئەو هاوکێشەیە. (مارکس) لە هەمان ئەو بەشەی ئاماژەمان پێی دا، بەو شێوەیە ووتی دەکاتەوە: (ئۆگەر من 2000 پێند (کە دەکاتە یەک تەن) لەکەم بە سەد پاوەند دەست کەوت و هەمان ئەو 2000 پێندە بە 110 پاوەند بفرێشم، ئەوا مانای وایە من 100 پاوەندم بە 110 پاوەند گەیوەتەوە، پارە بە پارە). دیارە (مارکس) پێی وایە هەر شتێک بەهاکەی پارە بێت، پارەیە، بە نموونە لە یەکێی بانکی هەر کەسێک، لە جیاتی پارەی دەستی، ئەمە پارەی ژمارەییمان هەیە. بانک پێمان دەڵێت یان پێشان دەدات، کە چەند پارە لەسەر یەکێی بانکیی ئەمەیە. بە (مارکس) هەموو فەرمانکانی پارە، پارەن، گرنگ نییە دەستی بێت یان ژمارەیی مادام بەهای پارەی هەیە.

بەرهەمهێنانی ئەو شمەکە و گەیەنەوەی بە پارە پێویستی بە کەمێک پێسەسە. مادام ئەمە شمەک بە پارە بە کار دەهێنین، ئەوا هێزی کاریش هەمان ئامانجی دەبێت. لەو دەخەدا، پارە دەبێت بە کرێ (wage). ئەو کرێکارەی ئیش دەکات، نرخ لەسەر تواناکەی خۆی بەرانبەر بە کرێ دادەنێت. هێزی کار (labour power) تاکە سەرچاوەیە بە بەهای زیادە (surplus value) و هەکاری جێگرەوەی بەرهەمهێنان (substitutable factor of production). مادام لەردا ئامانج کەینی پارەیە بە پارە، لە پێناو بەهای زیادە یان قازانج، ئەوا هەموو هاوکێشەکانی تر لە چوارچێوەی ئەو سوودا دەتوێنەوە. هێزی کار، کە هێزێکی مرۆییە دەبێت بە ئامانجی سەرمایەداری و لە پێناو گەشەدان بە خۆی، بە کاری دەهێنێت. ترسناکیی سەرمایەداری هەڕەشاندنەوەی هەموو بونیادە کۆمەڵایەتی و مرۆڤیی (social and

historic constructions)کان. هەزی کاری کرێکاران دەبێت بە داینامیکی بەردەوامیدانی بەرهەمهێنان و نرخ و بەهای ئەو هێزەش لە بەکارهێنانی دایە، نەک لە هەبوونی.

کەواتە دەستپێکردن لە کتێبی (سەرمایە) و (ڕەخنە لە ئابووری سیاسی) زۆر دەروازەی گرنگ و بنچینەیمان بۆ دەکەنەوە. خوێندنەوەی ئەو دوو کتێبە هێزی ئەوەمان پێ دەبەخشن فەلسەفەی (مارکس) بە قووڵایییەکەی خۆیەوە بناسین، نەک بە تەنیا لە چوارچێوەی کەمێک بانگەشە. دەستپێکردنی خوێندنەوەی هەر فیلەسووفێک و هزرێکی قووڵ لەو شوێنە دەست پێ دەکات، کە چەمکە بنچینەییەکانی ئەو فیلەسووفە یان هزرەی لەسەر دامەزراوە. بە (مارکس) کۆلتووور و نەریتی سەرمایەداری کۆشە گەورە و بنچینەییەکەیە و لەوەوە خوێندنەوە بە دنیا و مێژوو دەکات. یەکێک لەو فیلەسووفانەی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرگری لەو بۆچوونە دەکات، (سلاڤۆی ژیژێک)ە. لە پێشکی کتێبی (توندوتیژی)، (ژیژێک) ئاماژە بە نامەیەکی (مارکس) بە (ئەنگڵس) لە ساڵی 1870 دەدات، بەم شێوەیە (ژیژێک) شیکاری کردووە: "نامەکەی (مارکس) دەربەینی ترسە خەستکەیەتی؛ ئایا شۆشگێڕان ناتوانن بە دوو ساڵێك چاوەڕێ بکەن؟ ئەو هێشتا (سەرمایە)ی تەواو نەکردووە."

(مارکس) لەو فیلەسووفانە نییە ئەمە بۆچوونکانیان بخوێنێنەوە. بۆچوونکانی (مارکس) هەر بۆچوون نین، بەڵکو کارەستی توێژینەوە و خوێندنن. بۆچوونکان هێندە ئاسان نییە بە ئەوەی بتوانین بەڵێن باوەڕمان پێیەتی یان نا، چونکە فەلسەفەی ئەو لە دەرەوەی باوەڕە. بەڵکو، هزری (مارکس) وا دەخوازێت ئەمە خاوەن توانای توێژینەوە و ڕەخنەگرتن بین. هەر خەی لە کەتاییی یەکەم پێشکی کتێبی (سەرمایە) دەڵێت، "هەر بۆچوونێک، کە لەسەر ڕەخنەی زانستیانە بونیاد نراوە، بەخەرهاتنی دەکەم." لەڕەدا، وەک هەر فیلەسووفێک (مارکس) بانگەشەی ئەوە ناکات، کە ڕەخنە فەلسەفییەکانی ڕەهان، بەڵکو بکراوەیی وەکو بابەتێک بە توێژینەوە و ڕەخنەی زانستیانە دەیهەڵێتەوە. کتێبی (سەرمایە) دابەینی (مارکس)ە لە زەربەی ئەو خوێندنەوانەی بە (مارکسی ئایدیالەگی) دەکرێت. فەلسەفەی (مارکس) فەلسەفەیەکە، کە توانای گەڕانی گەورەی مێژوویی و جیهانی هەبووە و هەیە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو زەمینەیەکی گەورەی بە ڕەخنە و فەلسەفەی ئابووری دامەزراندووە.

دەنگەکان:

2- ئایا بواری ڕەشنبیریی و سیاسییمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە ڕاگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟
4. ئایا توانای فەلسەفەی مارکسیزم لە گۆڕینی کۆمەڵگادا کۆتایی هات، یاخود ئەوە هەر مارکسیزمە کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە؟

سۆران ئازاد

من لێرەدا وەڵامی پرسیاری چوارەمیشتان دەدەمەوە بە ئاوڕێکخراویەک بە بەچوونەکانم دابەزرێنم. جگە لەوە هەوڵ دەدەم لە چەند ڕوانگەیەکەوە لە ئامادەیی مارکس لە کۆمەڵگەی کوردی بڕوانم. سەرەتا پرسیارەکەی تۆ ئاڕاستەیەکی هووی لە نووندی ڕەشنبیریی کوردیێ و ئاڕاستەکەی تری نووندی سیاسی. بەڵێ سەرەتا پێویست دەکات بزانین نووندی ڕەشنبیریی ئەمڕۆ چییە و کێن ئاوانەی نوونەرایەتی دەکەن، ئینجا دەتوانین لەوە تێبگەین ئایا ئاو نووندە توانای ماملەکردنی لەگەڵ هزر و فەلسەفەی (مارکس) هەبووە تاکو بڵێین پێویستی پێی نەماوە. لێرەشەوە دەزینەوەی دەستپەکەکیش بۆ ئەو باسە قوناغی خودی نووندی ڕەشنبیریی کوردی ئاماژە و نازانین باس لە کامە نووند و کامە ڕەشنبیرەکانی دەکەین. یەکەم ئەمە بەرهەمی ئەو نووسەر و ڕەشنبیرانەمان لەبەر دەستدا نییە تاکو بزانین پێویستیان بە (مارکس) ماوە یان نا.

دەگمەن ئەو بەرهەمە فەلسەفیانەی بە دیدەکی ڕەخنەگرانەوە لە بارەی (مارکس)ەوە نووسراون. نەک لە بارەی (مارکس)، بەڵکو هەر فیلەسووفێکی ترەوە. زۆر نابەت (د. محەمەد کەمال) تەواوی هەوڵەکانی خۆی خستەتە کار بۆ دروستکردنی زەمینە. وەکو تر، نووندی ڕەشنبیریی کوردی نووندی حوکمدانی پێیامبەرانەیە. ڕەشنبیری ئەمە ڕەشنبیری هەموو شت زانە و خۆی دەخاتە ناو هەموو بوارەکەوە وەک ئەوەی شارەزاییەکی بواری تەواوی لە هەموو بوارەکان هەبێت.

بەر لە هەر فیلەسووفێک، (ئیمانوێل کانت) مەترسی ئەو دیاردە ڕەشنبریییەی بۆ دیاری کردووین. لە پشتکی نووسراوی (بناغەدانان بۆ مەتافیزیکی ڕەوشتەکان)، (کانت) ئەوانەی، کە خۆیان بە (بیرمەندە سەربەستەکان) ناو دەبەن، بەم شێوەیە ئاگادار دەکاتەوە، "ئەوانەی بە دوای تێرکردنی ئارەزووی ئاستی جەماوەرەوەن، بەڵایانەوە بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی، کە [بابەتی] ئەزموونی لە تێنیش هەشتکی بە تێکڕای کارتێک لە هەموو جۆرەکانی تر، کە خۆشیان سەریان لە

دەرناچێت، بفرۆشن و بە خۆشیان بژین ‘بیرمەندە سەربەخۆکان’، بە ئەوانیشی خۆیان بە بەشی تایبەتی هۆشکیی فەلسەفە تەرخان کردووە بژین ‘وشکەکان’.

ئایا وەکو سەرجەم، شتەکان بە کەسی شارەزا باشتر پێش نادەکەوتن، ئەگەر هاتباو ‘بیرمەندە سەربەخۆکان’ ئاگادار بکرنەوە بە ئەوەی هەر لە خۆوە دوو بەرهەم، کە زەر لە یەکتر و لە شێوە ماموکردن لەگەڵیاندا جیاوازن، هەڵنەگرن؟”. نەوەندی ڕۆشنبیری کوردی پێیتی لەوانەی، خۆیان بە بیرمەند یان نووسەری ئازاد و سەربەخۆ ناو دەبەن و دەست بە هەموو بوارە جیاوازەکانی هزر دەبەن. هەر (کانت) لە پێشەکی ئەو نووسراوەدا، پێ لەسەر ئەو دادەگرێت، کە “لە هەر شوێنێک کارەکان بە وردی دابەش و لە یەکتر جیا نەکرابێتنەوە، لەو شوێنەدا هەر کەسەو وەستای هەموو-شت-زانە و هەر لەو شوێنەدا بوارەکان لەو پێی دواکەوتووبدا دەمێننەوە.” بەچوونی (کانت) بە دڕخی ڕۆشنبیری و کەلتووری ئەمە پێناسەکی تەواوە. لە نەوەندی ئەمەدا هەر کەسەو دەست بە هەموو شتێک دەبات و ئازادانەش حوکم دەفرۆشێت.

(بەختیار عەلی) یەکێک لە نموونەکان بە وەها تێگەیشتنەکمان بە فراهەم دەکات. لە بابەتی (خۆگەلکردن وەکو ستراتیژ) لە بارەی (مارکس)ەوە دەڵێت: “مارکس لە گەشبینە دەگمەنەکانی مێژووی فەلسەفەیە، بەڵام هیچ ڕۆشبینێک لە مێژووی سیاسەت و فیکردا وەک ئەم گەشبینە تاقانە و ناوازەیەی مێژووی فیکر «مارکس» زەوی پێنەکرد لە دیکتاتەریەت و زیندان و جینۆساید و ترس.” لەرەدا (بەختیار عەلی) نە لە پێش ئەم پەرەگرافە و نە لە بەشەکانی تردا، پەمان نایەت گەشبینیی (مارکس) لە کوە دایە و بۆچی دنیای پە کردووە لە دیکاتەریەت، زیندان، جینۆساید و ترس! ئایا ئەو چوارانە (مارکس) دروستی کردوون و لە پێش ئەودا بوونیان نەبووە؟ ئەی ئەستا، کە دیکتاتەریەت، زیندان، جینۆساید و ترسمان هەیە، بەرهەمی (مارکس)ن؟ دکتاتەریەتی پادشایانی کەنداو هەیی (مارکس)ە؟ زیندانەکانی دنیا (مارکس) نەخشەی بە کێشاون؟ جینۆسایدی (جولەکەکان)، (ئەنفال) و بۆم دوایش (یەزیدیەکان) بانگەشەی (مارکس)ن؟

(بەختیار عەلی) بەوە ناوەستێت و دەنووسێت: “دەگەڵەوە سەر هێستکەی مارکس کە دەڵێت «کاری فیلەسوفان تا ئێستا تەفسیری دونیا بووە، ئێدی کاتێتی بیگۆڕن». ئەمە ئەو هێستیەیە کە بەڵزتان {سیروان عەبدول} و هەموو ئەکتیفیستە سیاسییەکان و پڕاتیفیستە

لیبرالەکانیش لە خەرمانەکانی باوەڕیان پێیەتی. لە ژێر باڵی ئەم رستەیەوە هەموو دیکتاتۆرییەتکانی سەدەی بیست هاتنەدەر. " من لە کاتی خۆیدا نامۆیەکم بە (بەختیار عەلی) نووسی و هەر لە سایتەکەی ئەوەدا (دەنگەکان) بەاوم کردووەتەوە و خوێنەر دەتوانێت لەوەدا بیخوێنێتەوە. بە پێویستی دەزانم ئەو سەرنجەی ئەو کاتە لە بارەی ئەو حوکمە ووکەش و هەڵوێستەی نووسیومە، جارێکی تر لێرە دایدنێمەوە، کە بەو شێوەیە:
"یەکێک بیەوێت (مارکس) لە نەوەندی هۆشنبیری کوردییەوە بناسێت، دەتوانێت چی لەو حوکمە ووکەشانە فڕ بێت؟ ئایا ئەو جۆرە حوکمانە هیچی کەسکەن، نەک بەڵکو بەڵای (مارکس)ەوە چووبێت، چونکە ئەو زمانە هەرگیز ناگاتە ئاستی باسکردنی ئەو فەیلەسووفە، بەڵام هەر بەڵای فیکرەوە چووبێت و بە هەژێیەکی زێر کەمیش بێت جیاوازیی لەگەڵ ئەو کەلتوورە پێ لە حوکمی سواو و هەڵەیە دروست کردبێت؟ وەڵامەکە نەخێرە.

زمانی نووسەرێکی قووڵ و داهێنەر هیچ کاتێک لەو ئاستەدا لە دنیا و فیکر ناوانێت."
جگە لەو بڕچوونە، بەو مێتۆدی (بەختیار عەلی) و هاوبیرەکانی، وەکو بەشێکی زۆری مامۆستایانی ئایینی بێت، (کاڵ مارکس) بەپرسیاریەتی تەواوی تاوانکانی دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش بە یەک هەستە. ئەو بڕچوونە نەک لە ووی لێگیکیشەوە، بەڵکو لە ووی مێژوویشەوە، ناتەواوە. بە هەنانەوەی ئەو نموونەیەی (بەختیار عەلی)، کە نوێنەرایەتی نەوەندێکی گەورەی هۆشنبیریی کوردی دەکات، لەوە تێدەگەین، کە بیری (مارکس) نەک هەر لەو نەوەندەدا نەبووە و نییە، بەڵکو بە هۆتکردنی ئەو فەیلەسووفە، هۆشنبیرانمان پەنایان بە هەموو جۆرە حوکمێکی ووکەش و سواو بردووە. لێرەدا پێویستی نەدەکرد هۆشنبیرانمان ئەو ئەرکە سەختە بگرنە بەر مادام مەلاکان دەمکە (مارکس) بەو شێوەیە خستووەتە بەردەم دادگای حوکمکانیان.

بەڵگەی ئامادەیی هەر فیکرێک زمانە. ئەگەر بە ئاستی زمان و هەشیاریی خەمان بگەینەوە، دەرکەوتکانی ئامادەیی (مارکس) لە هەشیاری ئەمەدا نائامادەن و نین. لە زمان و هەشیاری ئەمەدا گرنگی و قوڵسایی هەر بیرێک لەوە دایە، کە چەندە دەتوانێت باوەڕکانمان پتەوتر و بەهێزتر بکەن. کەم نین ئەوانەی لەژێر کاریگەری هەژموونی هۆتی ئایدۆلۆگیای کەمۆنیستی، دووبارە لە وەهمی باوەڕکەوە بە وەهمی باوەڕکی تر بازیان داوە.

بەیە هەر زوو بەشکی زۆری ئەوانە، لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی و بلۆکی کۆمۆنیسم لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆجیا یان گۆڕانەوە بە باوەڕە کۆلتووری و ئاینییەکیان، یان وەکو شونکەوتوانی بەسەزی کۆمۆنیسم لە نامۆیی و گۆشەگیرییەکی قوولدا، بە هیوای زیندووبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی وەها هێوتک، مانەوە. یەکێک لە کۆشکانی ئەو بزوتنەوانە ئەوە بووە، کە وەکو پێیامبەر مامۆستایان لەگەڵ (مارکس) کردووە. وەژیانە هەموو قسە و بۆچوونکانی مارکس وەرگیراوە و باوەڕکی هووتی لە بەرهەم هێندراوە. پابەندبوون بە فەرکاریەکانی مارکس وەکو پانەبدبوون بووە دەقە ئاینییەکان. هەزی ئەو بزوتنەوانە لە ناوەوەی کۆمەڵگە سەرچاوەی نەگرتبوو تاوکو بتوانێت گەڵانی پێشڕەوی دروست بکات. بەیە بۆچوونکانی لە زەر شت کورت کرابوویەوە.

یەکێک لەو نەریتانەی ئەو بزوتنەوانە، یان بەین ئەوانەی خەیان لەژەر چەتری فەلسەفەی (مارکس) پەناسە دەکرد، هەمان ئەو چەمکە بوو، کە لە پەخنەی ئەدەبی ئیمپریالیزم بە (لۆگیکی دووانەیی ئیمپریالیسم- binary logic of imperialism) ناسراوە. (لۆگیکی دووانەیی ئیمپریالیسم) ئاماژەیە بەو لۆگیکە کۆلتووریەی دەوڵەتی (داگیرکەر) دژ بە دەوڵەت و کۆلتووری (داگیرکراو) بە کاری دەهێنا، بە نموونە داگیرکەر پێشکەوتووە، خاوەن شارستانییە، باڵادەستە، هەڵبژەردەوی خوایە، داگیرکراو دواکەوتووە، وەحشیگەرە، شایەن بە ئازادی نییە، نەفرەت لە کراوە و زەری تر.

لای پێشنبیری کۆمۆنیستی هەمان لۆگیک بەرانبەر بە کۆمەڵگەی کوردی پەیڕەو کراوە. کۆمەڵگە کۆنەپەرست، ژن چەوسێنەر، نائازادیخواز، دواکەوتووە، بەنام کۆمۆنیسم ئازادیخواز، تازەگەر، یەکسانخواز و پێشکەوتووە. دەبینین وەک چەن ئایین بەربەستی زەر گۆڕی بە ئازادی و یەکسانی ڕەگەزی هەیە، ئاوا ئەو بزوتنەوانە سەرنجی زەریان لەسەر ژن وەک بابەت نەک خە هەبووە. ئەوە بەبە ئەوەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنمان بە کۆلتوور و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی هەبێت. شێپەلی ئەو بزوتنەوانە دژ بە هەموو بەها کۆمەڵایەتیکان بووە و سەرجەمی بونیادی کۆمەڵگەی بەلاوە نا بە خەزگەی ئەوەی کۆمۆنیسم هەزی ڕزگارکەرە. گوژمی ئەو جەرە بزوتنەوانە زوو دامرکایەوە، چونکە هەزکەی لە کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتبوو و خاوەن تێگەیشتن بە بونیادی کۆمەڵایەتی و کۆلتووری نەبوو.

یەکێکی تر لە هەکارکان ئەوەیە، کە ئەو ژینگە و پاشخانەی (مارکس)

فەلسەفەی خۆی لەسەر دامەزراندووە، لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا ئامادەیی نەبووە. (ماركس) فەیلەسووفێکە لەسەرووی هەموو بەربەستەکان، لەوانە جیاوازی نەژاد، ئایین، نەتەوە و ڕەگەز قسە دەکات و پێژەکەی گشتگیرە. بە هەمان شێوەیش، ڕۆخنەکانی (ماركس) نەک بە تەنیا ئاماژەن نین بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵکو باسن لە وەرگەڕانی ڕووتی مێژووی مرۆڤایەتی لە دەرئەنجامی گۆڕان و گواستنەوە لە شێوەی بەرهەمهێنان و چالاکی ئابووری. ئەو گۆڕان و گواستنەوانە کاریگەریی گەورەی لە وەرگەڕانی چالاکییە مرۆییەکان هەبووە، تەنانەت لە دابەشبوونی چینایەتی، نەژادی و ئاینیش. بەڵام ڕۆخنەکانی (ماركس) گشتگیرن، بەڵام زەمینەی لە دایکبوونی ڕۆخنەکانی (ماركس) لە نەریتە فەلسەفییەکانی پێش خۆی جیا ناکرێتەوە. بە ئاگابوون لەو زەمینە، هەڵومەرج و پاشخانەی فەلسەفەی (ماركس) تێیدا سەری هەڵدا، تێگەیشتنەکی ناتەواومان پێ دەبەخشێت.

بە گشتی، بەر لەوەی باس لە بەلاوەنانی (ماركس) و تێزەکانی بکرێت، ئەمە پێویستە باس لە هەژاری و کەمتوانایی نووندی ڕۆشنبریی خەمان بکەین. تا زەمینە بۆ ڕۆخنە و دامەزراندنی پێژەی فەلسەفیانە دروست نەبێت، بەیار نییە بەو مێتەدە کرچوکاڵانە، کە یان ستایشین، یان نەفرەتی لە (ماركس) و هەر فیلەسووفێکی تر تێ بگەین. ئەوە ئاستی گۆشەی هۆشیاری ئەمەیە، کە ئاماژەی گەڕان دیاری دەکات. ئەمە ناکرێت چاوەڕێی گەڕان لە هیچ فەلسەفەیەک بکەین، بەڵکو ئەوە ئەمەین، کە بەیار دەدەین هۆشیاری ئەمە چ ئاماژەیەک وەربگرێت و چ گەڕانێک بەرهەم بهێنێت.

دەنگەکان:

3- پاش ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزم و وەرکەوتنی تێزی "کۆتایی مێژوو" لە لایەن فوکۆیاما و هاوڕاکانییەوە، ئایا ئەو بانگەشەیە واتای مردنی ماركسی فەلسەفیی بوو؟ یان مەبەستی ئەو ماركسە بە ئایدیالێزییکراوەیە کە کۆتایی هات؟

سۆران ئازاد:

وەڵامەکەی من ئەوەیە، کە هیچ یەکێکیان. هەکار بە ئەوە ئەوەیە، کە بیری فەلسەفی لە چوارچێوەی دوالیزمدا بەیار و حوکمی لەسەر نادرێت. نەریتی دوالیزم یان دووانەیی، خەسارمەندییەکی گەورەی لە هەزی تێگەیشتنی فەلسەفیانەی هۆشیاری مرۆڤ داوە. ئەمە کاتێک

دەتوانین ئازادانە بیرکەی فەلسەفی لەگەڵ بدەینەوە، کە لە هەمیشەی پشبیر و پاشبیرکانی حوکم و بیاردان دووریان بخەینەوە. هەر بیرکەیەک خاوەن خەسڵەتکی پەی ناتەواوە لە خۆیدا. ئەو پەیە ناتەواویە دەرئەنجامی بڕیککەوتن و تێکەڵبوونە لەگەڵ پشبیر و پاشبیرکانی دوای خۆی. بەو پەیە بەت، بیری فەلسەفی هەمیشە کراوەیە؛ شایەن بەوەیە لەگەڵ پێکهاتە و کارەستەی نوێ یەک بگرێت و لە پێکهاتەی پشووی خۆشیەوە دابەزێندرێت.

ڕەگی سەرچاوەی بەچوونەکەی (فۆکویاما)، دیدی فیلسووفی ئەڵمانی (هیگڵ)ە لە بارەی مێژوو. ئەگەر پێش (هیگڵ) خوێندنەوەی مێژوو خۆی لە دابەشبوونی زنجیرەیی ڕووداو و ساتەکاندا بینیوەتەوە، ئەوا لای (هیگڵ) ئەو تێگەیشتنە ڕووبەڕووی هەڕەشانەدەوە دەبێتەوە، کە لە کتێبی (فەلسەفەی مێژوو) بەچوونەکانی خۆیی تێدا دامەزراندووە. لە دیدی (هیگڵ) گرنگیی فەلسەفەی مێژوو لەوەدا نییە لە چ ساتەکەوە بە چ ساتەکی تر دەمانبات، بەڵکو تێپەڕاندنی سەردەمکی هەشیاریە بە سەردەمکی تر، یان گەیانی پاڵادایمکانی گۆشکردنی هەشیاریە بە بە دەستهێنانی ئازادی. هەر لە هەمان کتێبدا، (هیگڵ) ئاماژە بە دەستکەوتنی ئازادی دەکات و لەوەدا مێژوو دێگات بە کامڵیی خۆی.

یەکەم تەوژمەوەی (فۆکویاما) لەو بارەیەوە لەژێر ناونیشانی (کۆتاییی مێژوو؟) لە ساڵی 1989 لە گۆڤاری (The National Interest) بڵاو کرایەوە. (فۆکویاما) هەوڵی داوە ئەو بەچوونەی (هیگڵ) بە پشکەوتنکانی خۆرئاوا لەژێر سایەی دیمکراسی و زاڵبوونی هەژموونی لیبەرالیزم، کە وەک خۆی ئاماژەی پێ دەدات، خۆریکە دەبێت بە تاکە مۆدێلی چارەسەر بە تەواوی ناکۆکیەکان، بکار بهێنێت. وەک خۆی دەنووسێت: "ئەوەی ئەمە دەیبینین بە تەنیا کۆتایی شەڕی سارد یان تێپەڕین بەناو کاتکی تایبەتی مێژووی دوای شەڕ نییە، بەڵکو کۆتایی مێژوو خۆیەتی؛ واتە خاڵی کۆتای گۆشەسەندنی ئایدیۆلۆگیی مرۆڤ و بە گەردوونیبوونی دیمکراسیی لیبەراڵ وەک کۆتا فۆرمی حوکمانیی مرۆڤ." زمانی (فۆکویاما) زۆر گۆشبینانەیە. ئەو وای دەبینی، کە تارمایی دیمکراسیی لیبەراڵ خۆریکە تەواوی جیهان دەگرێتەوە.

بەر لەهەر شتێک پێویستە ئەوە بڵێم کە من ڕاوبۆچونم لەسەر ئەو کارەساتەو پیویستی بونی کەسانی وەک نادیە دابو تا ببنە پێیامبەرو نوێنەری دەنگی ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەو کارەساتە لە وتارێکی ٣ ساڵ لەمەوبەر بەناوی کە دەبێتە ئێننا فرانکی شەنگاڵ کە هەشتا خودی نادیە موردا وەک پێیامبەرێکی ئەمرە دەرنەکەوتبو . ئەوکات لە برگەی سەرەتاوە نوسیبوم کە : زەر جار لە ڕەواوە گەورەکاندا، جا چ ڕاپەرین و شۆڕشەکان بیت کە ئومێدو هیواو ویستی گەورە بە مرۆڤەکان دەبەخشێت بە گەڕانکاریو وەرچەرخان ، یا خود کارەساتە مرۆڤیی یەکان بێت کە بە ئومێدی و بە هیوای و بە توانایی بەدوادا دێت ،کەسانێک دەبن بە قارەمان و مێژوویی ئەو ڕەواوانە دەنوسنەوەو دەگەڕنەوە کە بە واقعی لەگەڵیدا ژیاون.وە هەرگیز بە خەیاڵی خەیاندا نەهاتبێت ئەم کەسانە دەبنە ئەم پێیامبەرو قارەمانە میژوویینە.
بە نمونە لە دەورانی سیستەمی کۆیلایەتی کە پێشبینی ئەوەی کردوە کە سپارتاکس دەبێتە پێیامبەرو قارەمانی خەباتی ئازادی بە کۆیلەکان .

یاخود لە میژویی نوێدا کە پێشوەخت پێشبینی کردوە کە ماندیلا ناوێک دەبێتە هێماو پێیامبەرو قارەمانی خەباتی دژی ڕەگەزپەرستی لە هەمو ئەفریقا..!
یاخود کە پێش بینی ئەوە دەکرد کچەمناڵێکی وەک ئێننا فرانک کە لە ترسی فاشی یەکان لە چاپخانەکەی باوکی دوو ساڵ خەیان شاردەوە بەڵام بە نوسینەوەیاداشتە ڕۆژانەیی یەکانی توانی لاپەڕەکی گەورە لە مێژووی ستەمو چەوسانەوەی ئەو دەورانەی ئاشکرا بکات .و وەک دوای کارەساتەکەش ببێتە یەکیك لە هیماو پێیامبەرە قارەمانەکانی ئەو کارەساتە...!
یان کە پێشبینی دەکرد لاوێکی وەک محمد بوعەزیزی کاسبکاری هەژار لە دژی ستەمو چەوسانەوەی دەسەاتی بن علی لە تونس ئاگر لە جەستەی خەی بەرداو ئەو ڕەواوەش بێتە مشخێڵی چەند ڕاپەرینی گەورە لە چەند وواڵات و چەند دەسەاتی سیاسی سەرکوتگەر بەوخەنەت..!

ئەمانەو دەیان نمونەی زیندویی تری سیاسی و مێژویی دەکرێت وەک

بەگژ ئاماژەی پێ بکەین لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە بە نادیە موراد‌کی گومناو بوو بە پێامبەر‌کی جیهانی دەنگی راستەقینەی خەڵکی قوربانی کار‌ساتی شەنگال.

جا ئەوانەی ناوەڵە‌کی روداوەکان و دەرکەوتنی پێامبەرو رابەرو قار‌مانەکانی کە لە بەتەی ئەو کەشەو ململانێ یانەوە دەنێ دەرەو کر‌کی پێامەکیان نابینن ئەوە تەنها لە روانگەی ئایدیەلەژیایەکی رووتی خیانەوەرووداوو ململانی و کار‌کتەکانی وەهەدەسنگێنن . جا ئەوانە یان خاوەن ئایدیەلەژیایەکی فاشستین یاخود زەر دەمارگیرانە لەو ئایدیەلەژیایە گەیشتون .
کاتێک هەر کەسێکی ئیسلامی یاخود بەهەر پلەیەک بروای بە ئاینی ئیسلام بێت بەڵام بەهەی ئەوەی نادیە موراد سەربەباوەری دینی ئەو نی یەو سوکایەتی و بەریزی ئەخلاقی و شەخسی پێ دەکات ئەوە جگە لە دەمارگیرێکی فاشی هیچی تر نی یە.

کاتێک کوردزمانێک کە بەو هەیەی نادیە موراد بە کوردی قسەی نەکردوە یاخود ناسنامەی کوردایەتی بە خەی دانەتاشیوە و بگرە بەوای بە ناسنامەیەکی ترە و سوکایەتی و بە ڕیزی ئەخلاقی پێ دەکەن ئەوە ئەو کەسانە بەگومانە خاوەن باوەڕێکی دەمارگیری قەومی فاشین.
نادیە موراد پەویستە ئازاد بێت لەوەی بە چ زمانێک قسە دەکاتو بیروباوەری چی یە .

هیچ کەس مافی ئەوەی نی یە بە بەهانەی زمان و بیروباوەرو کەلتور ،و تەنانەت هەتا بە ئەو خەباتەی وەرگرتوە بە ڕیزی پێبکات. بەڕیزی کردن بە نادیە موراد بەڕیزی کردنو سوکایەتی کردنە بە خودی کار‌ساتی شەنگال و قوربانی یەکانی .
ئەو لەبەر زمان و بیروباوەرو کەلتور نەبەتەپێامبەرو قار‌مانی ئەو کار‌ساتە نەخیر هەرگیز...! بەگومانە ئەوانە هەکار‌ێک بونە بە کەیلەو قوربانی بونەکەی .بەڵام ئەوەی ئەوی کردوە بە پێامبەرو قار‌مانی ئەو روداوەکار‌ساتبار‌ە بە پلەی سەرەکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو خاوەن ئیرادەو ئامادەیی و قوربانی ئازادانەیە لە پێناوی گەیاندنی کر‌کی ئەو کار‌ساتە بە ڕای گشتی ئازادیخوازی جیهان .

بەیە ئەگەر لەم گەشە نیگایەوە سەرنجی کار‌ساتو قوربانی یەکانی خەڵکی شەنگال و خودی ێێ و ئەرکو پێامەکەی نادیە موراد بدەین ئەوە بەو ڕایە دەگەین کە ئەو بەڕێ ئەمێ لە نەو دەیان هەزار کەسی قوربانی ،و تەنانەت ئەوانەی لەناو ێیزەکانی حزبەکانی کوردایەتیو خەڵکیەکاندان و خاوەن بەوانامەو سیاسەتمەدارن، بەڵام نادیە بێت

هەماو پەیامبەرو قارەمانی ئەو خەڵکە قوربانی یە.
بەڵێ ئەوەی ئەم قوربانی یەی کردە پەیامبەرو قارەمانی کارەساتی شەنگال تەنها ئیرادەو ئامادەیی و عەزمو جەزمی ئینسانی خەی بوو.خەڵگەر هەر کەس و لایەن و دەزگاو دەوڵەتیکەش لە پشتی ئەو ڕوداوە هەر مەبەستو بەرژەوەندیکییان هەبێت ، کە بیگومانە زەریان هەیانە ،ئەوە هیچ لە پەگەو ڕەچەو ئەرک و پەیامکەی نادیە کەم ناکاتەوەو نابێت کەم بکریتەوە.

٢٠١٨-١٠-١٤
موزەفەر عەبدوڵا
_____-

تیبینی. :
ئەم بابەتەی پەرس و ڕای هەفتانە لە بەاوکراوەی ژمارە٣٨ ی بەپەشەوەدا بلاوکراوەتەوە کە١٥_١٠_١٨ دەرچوە.

وارە مە .. ڕەستەم خامەش

وارە مە

وارە مە گەلەک جوانە
ناقە وە کوردستانە

وارە مە جهە ژینە
قەشەنگ و پە ئەقینە

وارە مە باخە گوڵا
خەشتەقی لبەر دلا

وارە مە زەر شیرینە
هەمی دەما ڕەنگینە

ڕەستەم خامەش

مەکسیم گۆرگی – تێژینەوە لەمەڕ ژیان و داهێنانەکانی … وەرگێڕانی: خالەبەکر

لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە – 2005

.....

بۆشی یەکەم.....

مەکسیم گۆرگی لە28ی ئاداری1868لەنیجنی نوفغورد وەك هەموو لەدایك بوویەك چاوەکانی بەدنیا هەڵهێناوە.ساڵی1872ش مەکسیم سافاتیشی باوکی بەهۆی نەخۆشی کولێراوە"ئاوەڵە"دەمرێت و ماڵئاوایی لەدەکات_بارەفاسیلفنای دایکیشی بەهۆی مردنی هاوسەرەکەیەوە"باوکی گۆرگی"دەگەڕێتەوە کن ماڵی باوانی"فاسیلفیتش کاشرین"لە نیجنی نوفغورد.باپیرەی گۆرگی لەو دەمەدا خاوەنی کارگەگەیەکی بۆیاخ بوو. ژیانی دایکی گۆرگی لە ماڵی باوانیدا هێندەی نەخایاند، هەر زۆر زوو ماڵ ئاوایی لەژیان و گۆرگی کرد. کاشیرینی باپیرەش بژێوی گۆرگی گرتە ئەستۆی خۆی بەگوێرەی ئەو خواستو ویستەی کەخۆی پێی قایل بوو، خستیە ژێر ڕکێفی خوێندن، ئاکولینائیفانوفاکاشیرینای دایە گەورەی هەوڵ و تەقەلاو کۆششی خۆی خستە گەڕ لەپێناو پەروەردەکردنیدا. ژیان و دەرامەت و گوزەرانی باپیرەی ڕووی لەسەختی کرد لە لەتەك دایە گەورەیدا هەستی بەئاسوودەیی دەکرد هەستی بەوەش دەکرد کە ئافرەتکی ژیرو ووریاو. خۆش گوفتارکی بە هاوتایە لەتەك ئەمانەشداخۆش نوادکی میللی بوو شارەزاییەکی تەواویشی لەمەڕ ئەفسانەوگۆرانی وحیکایەت خوانیدا هەبوو، بەهۆشمەندیەوە ئەمانەی بە کوەزاکەی باس دەکردو دەگۆڕایەوە.

پاشان بە ماوەی چەند ساڵك گۆرگی لەپێناو دابین کردنی بژێودا شوێن گۆڕکەی لەشوێنکەوە بە شوێنکی تر دەکرد،ئەو کارو پیشانەی چنگی دەکەوت بەتەواوەتی لەسەر هیچیان سەقامگیرو جێگیر نەدەبوو، دەمێك کاری دەرگاوانیی دەکرد، دەمێك بە شەوان پاسەوانی دەکرد،

دەمێك دەبووبەنانەوا، دەمێك لەویزگەی شەمەنەفەردا دەبوو بەبارهەگر،هەموو هاتووچۆیەکیشی لەنێوان " نیجنی و قازان دا"بوو، لەقازان یشەوە بێ بنکەکانی ناوە ماسی لەسەر ێخ و کەنارەکانی دەریای خەزەر، لەنێوان بەرداشی بارودۆخی ئەم ژیانە سەخت و ناهەموارەدا کەسایەتی گەرگی ێووی لە بەهێز بوون وپتەو بوون کرد، تاوەکو لەبەتەی کەسایەتیەکی بەهێزدا خۆی بینیەوە، رۆژ بەێژ شارەزایی و هەسو کەوتی بەرەو هەوراز گەشەی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەتەك جەماوەردا، ساڵی1884بەرەو قازان ێی گرتەبەر ئەمەش هاندەرێك بوو بێ گەرگی کە تێکەڵ بەلاوانی ێشنفکروشێشگێ ببێت، هۆدی هۆدیش خۆی لەتەك ئەدەبی شێشگێیدا قاڵ بووکرد، سەرەڕای ئەوەش ساڵی 1891بێ یەکەمین جار بەپێ سەرتاسەری ێوسیای تەی کرد، هەر لە"فێگا"ی پان و بەرینەوە پاشان بەرەو "نیجنی وتسارتسین"ملی نا، کەپێشتر بە"ستالینگراد" ناوزەند دەکرا، پاشان بەرەو ناوچەی"دۆن" ێی گرتەبەر پاشان سەرلەنوێ ووەو ناوچەکانی "دۆن و ئۆکرانیا و باسارابیا"ێی گرتەبەرتا گەیشتە کەنارەکانی "دانۆب"، پاش ئەم گەشتەش ێخەکانی دەریای ەشی هەموو تەیکرد، ئنجا بەرەو "ئۆدیسا"ملی نا، "قەرەم و کۆبان " و ناوچەی" تفیر" ی جۆهێشت تاوەکو بەناوچە شاخاویەکانا گەیشتە"تەفلیس"ی پایتەختی جۆرجیا. لەم هەموو ێ کردنانەدا نکۆی لە کار کردن نەکردو پاشگەز نەبۆوە، لەکێگەو ێگەو بانەکاندا سەپانی و بارهەگری بێ جوتیارەکان دەکرد ، ئەم گەشتەش لە لای گەرگی بووە هۆی ئەوەی کەرەسەیەکی بەسوودو چۆوپێی داهێنانی لەلا دروست و گەاڵە ببێت. هێندەش بەسە ئەگەر بێت و بێین بەرهەمەکانی گەرگی هەر لە "ماکسارجۆدراو، گلگامش و،ئیزرغیلی پیرەو، ویملیان بیلای و، دەرەنجامەکان و ، چەندینی تریش لەو شۆوەیە، کەلەژیانی گەرگی دا بوون بە بنەمایەك لەو گەشتەدا، ئەو گەشتەش لە بەهاری 1891وە تاوەکو کۆتایی پایزی خایاند .

ئەمانەش وای لەگەرگی کرد کە ژینبەندی منایی و هەرزەکاری خۆی لە یەکێ لە هەرە بەرهەمە سەرکەوتوەکانیدا لەزنجیرە چەرکی"منایی" لەساڵی1913، وەهەروەها چیرکی "لەنێوان خەکانا"ساڵی1916، وەچیرکی"کۆبەندەکانم"ساڵی1923بەرجەستە بکات. ئەم چیرکانەش بوونە هۆکارو بنەمایەکی سەرەکی بێ پێناسە کردن و ناساندنی پشکەوتنی ئەدەبی گەرگی، بەهای بێ هاوتای بەگەرگی لاو و هەقواوی نێو گەل و جەماوەر بەخشی. جگە لەمەش گەرگی لە چیرکە درێژەکانیدا سەرەڕای گرنگی بەتابلێ هەمیشەییەکانی ژیانی منداڵی،ژیانی ێوسیای سەدەی نۆزدەهەمی ئەو سەردەمەشی دەخستە نێو تابلێ ئەدەبیەکانیەوە، بەشێوەیەکی ێاستگیانە لەتەك ژیان و بارودۆخی هەژارو بێ

دەرامەتەکانی ئەو دەمەدا مامەڵەی دەکرد، ئەو هەژارو بێ دەرامەتانەی کە نێوی نابوون "پاڵەوانە ساکارەکان" .

چالاکی و جموجۆڵی گەرگی لە شۆڕشدا.

لەو دەمەدا کە گەرگی لە"قازان" بوو واتە لە ساڵی 1884دا،کە بەزێدو بنکەی ئیشکردنی(وەکوکار) دەزانی، ترس و گومانێکی سەبارەت بەکێبونەوەکانی هەڤقە ڕۆشنبیریییەکانی لاوانی شۆڕشگێڕی شارەکە لا دروست بوو بوو ،ئەوە بووە هۆی ئەوەی کەپێوپاگەندەیەکی شۆڕشگێڕی لە نێو جوتیارەکانی ناوچەی "ڤۆگادا" لەساڵی 1888 بڵاوبکاتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە "نیجنی نوفغورد" ساڵی 1889گەرگی بێ یەکەم جار دەستگیر بکرێت بەگومانی ئەوەی کە کەسێکی گەرەشێوێن و ئاژاوەگێڕە، پاشان خرایە ژێر چاودێریی ووردی پۆلیسەوە، پاش ئەم ڕوداوەش گەرگی لە10ی کانونی دووهەمی1905 بەیاننامەیەکی شۆڕشگێڕی بڵاوکردەوە کە ناوەرۆکەکەی هاندانی جەماوەر بوو بە بڕەودان بە ناپەین و بەرپاکردنی شۆڕش و نەهێشتن و کۆتایی پێهێنانی حوکمڕانی دەسەڵاتی"نیقۆلای دووەم"،چونکە بەفەرمانی ئەو لە 9ی کانونی دووهەمدا دارو دەستەکەی بەتەقەکردن بەرەنگاری خۆپیشاندانێکی جەماوەری هێمنانەو ئاشتی خوازانە بوونەوە. ئاکامیش بووە هۆی ئەوەی دەسەلاتدارانی قەیسەر گەرگی بگرێت و مەحکومی بکات و لەقەڵای "بترۆبافلسکایا" زیندانی بکات. ئەم کاردانەوەیەی قەیسەر دەربڕینێکی توندی جەماوەری نێو ڕوسیاو جەماوەری ئۆروپاشی گرتەوە، قەیسەریش لە حەنای تەوژمی ئەم ناڕەزاییەدا بەرگەی نەگرت و بەرگری پێنەکراو ناچارکرا گەرگی ئازاد بکات .

جموجۆڵ و چالاکیەکان وای لە گەرگی کردبوو کەنەزانێت سرەوتن چیە، لەمسکۆ لەدەماودەمی بەرپابوونی شۆڕشی 1905شوقەکەی ببوو بەبنکەی دابینکردنی چەکو تەقەمەنی سەرەڕای دروستکردنی قومبەلەی دەستیش تیایدا بێ کرێکارانی شۆڕشگێڕ، هەوڵ و کۆششیش هەمیشە بەردەوام بوو بێ کێینی زیاتر چەك و تەقەمەنی، هەر لەو دەمەشدا لە "بترسبەرگ" بێ یەکەم جار چاوی بە لێنین کەوت ، وە لەساڵی1906وە تاوەکو ساڵی 1913لە مەنفاو دەربەدەریدا ژیان و گوزەرانی بە سەر دەبرد بەبێ ئەوەی بتوانێت و توانای هەبێت بگەڕێتەوە بێ ڕوسیا، ئەوە بوو لە ژێر جەخت و ڕای گشتی نێو دەوڵەتیدا لە31ی کانونی یەکەمی1913دا دەسەڵاتی قەیسەر دادگایی کردنی گەرگی ڕاگرت و هەڵیپەسارد.

گەرگی و ئکتۆبەر.

گۆرگی هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆشی ئکتۆبەرەوە هەموو هەوڵ و کۆششکی خۆی لە پێناو یارمەتی و هاریکاری کردنی دەسەڵاتی سۆڤێتی و خۆقاندن و بەرپا کردنی شۆشکی سۆسیالیستی نوێ خستە گەڕ، هەستا بەدامەزراندنی لیژنەیەك بۆ هاریکاری کردنی زانایان و پسپۆران و شارەزایان لە پێناو بنیات نانی بنکەیەکی "ئەدەبی جیهانی"بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە، وەهەروەها گۆڤارێکیشی بەناو نیشانی "کارگەران" بڵاو کردەوە.

وەئەو دەمەی گۆرگی ژیانی لە مەنفادا ئەگوزەران و بەسەردەبرد پەیوەندیەکی توندو تۆ و ئێجگار پتەوی بە دەڤەرو ووڵاتەکەیەوە هەبوو، وە رۆژ بە رۆژ عەوداڵ و پەرۆشی هەواڵ و دەنگ و باس و وەدوا چوون و چۆنێتی پێشکەوتن و بەرەو پێشچونی نوسەرە لاوەکان بوو.لە هەمان کاتیشدا گۆرگی لە مەنفا بوو بە نوێنەری ڕۆشنبیری وڵاتی سۆڤێت، وە لە هەمان کاتیشدا بوو بەدوژمنی سەرسەختی سەرەکیی کۆنخوازو دوژمنانی شۆش لە هەر چیزەو شوەیەك بووبن.

***

[بۆ خوێندنەوەی بەشی دووەم کلیکی ئێرە بکەن .....]

سەرچاوە:دراسات ادبیە دکتۆر جلیل کمال الدین چاپی یەکەم ساڵی 1985 ل111،114

ناوەی گروپێك لە ژنانی کورد لەهەموو شوێنکی جیهانەوە بۆ نادیۆ موراد

بۆ بەرێز نادیە موراد سەفیری نیەت باشی و کەرامەتی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، براوەی خەاتی نۆبۆ بۆ ئاشتی.
ژنانی کورد دەست خۆشیت لێت دەکەن و شانازی بە دەستەکەوتەکانتەوە دەکەن.

سەرەتا ئەمە، ئەوانەی لەخوارەوە ئیمزامان کردووە، لە ناخیدەوە پیرۆزبایت لێدەکەین. پیرۆزبایی بەخشینی خەاتی نۆبڵ بە ئاشتی و لەو بڕوایەداین کە ئەم خەاتە دانپێدانانێکی گەورەیە و پێواپێ شایستەی ئەوەیە. هەروەها پیرۆزبایی لە لیژنەی خەاتی نۆبڵ دەکەین کە لەکاتی خۆیدا بڕیارێکی حەکیمانەی داوە بەبەخشینی ئەم خەاتە بە نادیە موراد. ئەمە خۆشحاڵین بەوەی بەڕێزتان لەگەڵ کەسێکی وەك دکتۆر دانیس موك وگەدا خەاتەکە بەشدەکەن. دکتۆر دانیس بە پسانەوە تەمەنی خۆی لەدژی بەکارهێنانی تووندوتیژی سێکسوالی بەسەربردووەڵ، کە وەك چەکێك لەجەنگەکاندا لایەنەکان لەدژی یەکتر بەکاریدەهێنن.
ئەمە ستایشی ئازایەتیە مەزنەکەت دەکەین کە بە ترس چیرۆکی خۆت و چیرۆکی ژنانی کوردی ئێزیدیت بە جیهان گەیاندوە، دیارە بەمەش تەنها چیرۆکی ژنانی ئێزیدیت هێنایە بەر باس و ئاشکراکردن، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا تیشکت خستە سەر ئازار و چەوساندنەوەی میلیۆنەها ژن لەسەر ئەم زەویە. ئەوە تەنها تاوانەکانی داعش و هەرشە سێکسوالیە فروانەکانیانتان بە سەر ژنان ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ڕەشنایەکی وەهات خستە سەر ئەم بابەتە، کە لەوەو پێش کاری وەها نەکراوە، بەجۆرێك ئەم بابەتەت هێناتە سەر ئاستی نۆونەتەوەیی.
سەرەڕای هەموو تایبەك و لەدەستدان و ئێش و ئازارێك کە بەدەستی دەوڵەتی ئیسلامی چەشتوتە، کە ئازارێکی خەیاڵنەکردەیە، تۆ هەر ڕاشکاوانە وەستایت و شکۆدارتر مایتەوە. تۆ سمبول و ئایدیالی هیوابەخشینیت بە ژمارەیەکی بێ شومار لەژنان لەجیهاندا. ژنانێك کە ڕەژانە و بەردەوام دەفڕێندرێن و بازرگانیان پێوەدەکرێت، دەستدرێژیان دەکرێتە سەر ، تووندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت و دەکوژرێن.
ئەم چالاکیە ناوازەیەی ئەوە هیوای بەخشی بەو ژنانەی تاوانیان دەرهەق کراوە، ئەوانەی هیواخوازکردەوە کە تاوانبارانی تووندوتیژی دژی ژنان سزای خۆیان وەربگرن. ئەم چالاکیە ناوازەیەی ئەوە حکومەتەکانی جیهانی دووبارە خستە بەردەم ئەرك و لێپسراوێتی خۆیان، بەوەی مەسەلەی تووندوتیژی و دەستدرێژی بە سەر ژنان بەهەند وەربگرن و لەڕێگەی یاساوە تاوانباران سزا بدەن.
ئەوە بەم دەنگ بەرزکردنەوەتان بوونە ئیلهامبەخش بە ژنانی دیکە، کە دەنگیان لەدژی تاوانبارانی جەنگ بەرزبکەنەوە. تۆ مۆدێلێکی باڵا و جەنگاوەرێکی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤیت.
دووبارە ئەمە سڵاو لەو ئازایەتیەت دەکەین و پیرۆزبایی گەرمی خۆمانت ئاڕاستە دەکەین. سڵاو لە خەباتی بەردەوامی پێشمەندیت و

جێگەی شانازی ئێمەیت. ئێمە سەرسامین بە ئازایەتی و خەباتت، دووبارە پیرۆز بێت.

دڵسۆزی و خوشکایەتیمان قبوڵ بکە.
گروپێك لە ژنانی کورد لەهەموو شوێنێکی جیهانەوە.
11 ئێ کتێبەری 20018

ئیمزاکان:

1. Dr. Soraya Falah: Researcher California States University Northridge,USA
2. Houzan Mahmoud: Cofounder of Culture Project-UK
3. Shikofeh Ghobadi: Sweden
4. Poshya Kakil: Artist & Architect-USA
5. Bayan Salman: Writer and novelist-France
6. Dr. Nessar Yousif Hussein: Phd in Law-France
7. Narmin Osman Hassan: Member of the leadership of Patriotic Union of Kurdistan
8. Adalat Omar: Writer & researcher of Genocide-South Kurdistan
9. Susan Shahab Nuri: Former member of Kurdistan parliament
10. Lanja Xawe-Southern Kurdistan
11. Dashni Murad: Singer-Kurdistan
12. Chinar Binavi: KHRW,CA
13. Rukin Isik: Doctoral candidate in Gender Studies-USA
14. Berin Altin: Sociology Ph.d Student-University of Nottingham
15. Golala Arya: Chemistry Professor Fairfax Virginia USA
16. Sara Mohammed: Never forget Pella & Fadima Organisation-Sweden
17. Simin Chaichi,Writer and Poet, Iran Shikofeh Ghobadi
18. Kaziwa Salih, Ph.d candidate-Canada
19. Shahla Yar: Norway
20. Koral Noori: Journalist-Kurdistan
21. Lanja Abdulla: Southern Kurdistan
22. Lazo Azad: United Kingdom
23. Renas Babakir: Kurdistan
24. Hana Qader: Counselor-Canada

25. Kazhal Ali: Writer and poet-Switzerland
26. Nicola Ashraf Shali: Lecturer-Univeristy of Sulaymania-Kurdistan
27. Shene Awaz: Student-South Kurdistan
28. Dr. Shawnm Yahia: Socilogist-Kurdistan
29. Bayan Hamasaed: Teacher-Kurdistan
30. Bayan Ahmed Saeed: Artist and poet-Kurdistan
31. Dr. Basma Mohammed Mustafa: Commissioner at the High commission of human rights in Iraq.
32. Trifa Amin: Manager-Kurdish/German Centre in Nuremberg & KNK member-Germany
33. Shara Taher: Writer and Social Psychologist-Sweden
34. Avan Anwar: Artist-Australia
35. Avan Omar: Artist-The Netherlands
36. Kurda Khalaf Saeed: University Nurse and health supervisor in Kirkuk Governorate-South Kurdistan
37. Shahen Sabir: Writer and Journalist-South Kurdistan
38. Dr. Srwa Asaad Sabir: Humanities College- Hawler-Kurdistan
39. Nian Hamaamin Ahmed: Manger of Heart Foundation hospital-Kurdistan
40. Bayan Nasih: Sociologist and acitivst against honour based violence-Sweden
41. Sozan mama: Poet and Teacher-London-UK
42. Sargul Mirzaye: Women’s rights activist-East Kurdistan
43. Taban Garmyani: Journalist and women’s rights activist-Kurdistan
44. Tara Jaff: Musician-UK
45. Shara Baban: Artist-Kurdistan
46. Hîvron Turanli, Artist/Life Coach, Montreal-Canada
47. Nigar Omar: Lawyer and member of the management committee of Democratic organisations. Kurdistan
48. Sola Samira: Kurdistan
49. Suna Alan: Singer-United Kingdom
50. Viyan Mayi: Film maker-Kurdistan
51. Sara Hama Salih: Student-Kurdistan
52. Lavin Nawal: South Kurdistan
53. Sakar K.Zereen: Doctoral Student in Sociology: Berlin-

Germany
54. Tanya Nuri: London-UK
55. Naz Ali Awla: Software engineer & artist-South Kurdistan
56. Sara Majed: teacher-South Kurdistan
57. Aven Aziz: Behaviourist-Sweden
58. Rozhgar Mahmoud Mustafa: Artist-South Kurdistan
59. Rojin Sharifi: Peshmarga – Mahabad-East Kurdistan.
60. Tishka Marsene: Sweden
61. Kner Abdula: Writer-South Kurdistan
62. Zhino Mohammed: Journalist-South Kurdistan
63. Sidiqa Mohamedi: Teacher-Sweden
64. Nahyeh Khoshkalam: Germany
65. Khanda Rashad: Activist-South Kurdistan
66. Roza Huseein: Writer-Norway
67. Shilan Fuad: Interpreter, translator and independent researcher
68. Khanda Hameed: Writer-South Kurdistan
69. Baran Hussein: Writer-Sweden
70. Rezan Betula Fatime: Artist-France
71. Darya Salah: Germany
72. Amira Mohammed: Writer and researcher-South Kurdistan
73. Sara Omar: author from Denmark
74. Cklara Moradian: MSW candidate, California
75. Ava Homa: author and journalist. Los Angeles.
76. Suzan Salim: Operations Manager at the Education department-Sweden
77. Sahar Dinarvand: Women’s rights activists From London-UK
78. Leslie Ladd, California-USA
79. Evin Baysal, Rojava
80. Rojan Feyz,vocalist, California-USA
81. Ghomri Rostampour: Director of Empower The Immigrant Woman in Maine USA
82. Marmar Stewart: U.S
83. Evin Cheikosman: U.S (from Rojava)
84. Shobo Shali: Technology & Managment Expert- Kurdistan Parliament
85. Soraya Mofty: California, Kurdish (Hewrami) language

project.
86. Victoria Azad: professor- Sweeden
87. Shukriya kurdistani: PhD student in international security & foreign policy, UN employee
88. Avan Jaff: Journalist, Kurdistan
89. Tajzan Sharif :London-UK
90. Yasmine DarwishHaket: California-USA
91. Negin Vatani: Sweeden
92. Valintina Nasimi: Political scientist and Nurse, Stockholm, Sweden
93. Hanna Jaff: Founder at We Are One and Founder at Jaff Foundation, Mexico and U.S
94. Zhawen Shalli: Poet and Journalist-USA
95. Amal Jalal: Kurdistan
96. Choman Hardi, The American University of Iraq – Sulaimani and Bloodaxe
97. Dr. Pary Karadaghi,President at Kurdish Human Rights Watch and Postdoctoral Fellow at Georgetown University Hospital
98. Sa Omer, Marketing Consultant at Caritas Czech Republic - Iraq
99. Trifa Shakely, lawyer and writer from Sweden Stockholm
100. Rabia Elyasi: Eskilstuna Sweden
101. Chalank Yahya: Tunisia
102. Hauzhin Samiei: Stavanger- Norway
103. Shne Khalid Abdullah: MD,U.S
104. Sarah Jahangiry: Oslo – Norway
105. Ilham Osman: Stockholm – Sweden
106. Kwestan Fotohi: Germany
107. Kobra Karimi: psychologist
108. Pakshan Ahmadi: City staff, Oslo Norway
109. Leyla Mohamadi: Stockholm –Sweden
110. Peri Shakely: Swedish Council for Higher Education
111. Amineh Kakabaveh: Member of Swidish Parliament
112. Bêrîvan Doskî: Diplomat & president PEN Kurd
113. Mahabad Qaradaghi: Poet and Writer:, Hawler, Kurdistan
114. Gülbahar Kavcu, musician, Turkey
115. Dr Zeynep Kurban, UK

116. Sakina Teyna, Musician & Refugee Advisor, Austria
117. Mahin Alimoradi. Ottawa. Canada
118. Deleveen Sharif, Eskilstuna, Sweden
119. Halima Ebrahimi Australia
120. Arez Mohamadi, Sweden
121. Kwestan Muhamad, Kurdistan
122. Shahin Bahman Sultani , Finland
123. Hilia Sadegh Vaziri, French
124. Forogh Rasoulpour, Norway
125. Mahin Shokrolahpoor, French
126. Ronak Muradrasouli
127. Pahsahan Muradrasouli
128. Zamand Muradrasouli
129. Shirin Muradrasouli
130. Vanawsha Muradrasouli
131. Laylia Muradrasouli
132. Shler Muradrasouli
133. Hanna Tayeri
134. Sanna Tayeri
135. Mamam Hazhar Ibrahim
136. Binai Diye Mohmoud, Stockholm
137. Fatma Qadri, Koya, Kurdistan
138. Roya Hosseini, Australia
139. Frozan Karimizad, Norway
140. Shahla Rasoulnejad, Sweden
141. Shukrya Kuristnai, PhD student, New York
142. Bahar Rajabi, Hawler
143. Nahid Husseini: Writer and poet
144. Kamila Nousodi: Artist
145. Shahla Ilbegy Asli: Sweden
146. Kwestan Jafari
147. Azadeh Zarei: Sweden
148. Seyan Sharafi , USA
149. Dalile Rostami, Sweden
150. Parwa Ali, Member of Kurdish Parliament-Kurdistan
151. Golala pishnman, Sverige
152. Mastane Gomohammadi, Finland

153. Fuzie Khatmi, Sverige
154. Bahare Musleh, Iran
155. Golbax Bahrami, Kurdistan
156. Zeinab Elkhanizadeh, Sverige
157. Zhean Najmadden, Sweden
158. Shownem Rahmini, Sweden
159. Leyli Hassanpour, Norway
160. Rojda Sjöö, Sweden
161. Nisti Stêrk, producent, Actor Sweden
162. Khadija Rostami, Sweden
163. Hana Ghadershenas Hataw Abdolahi, Germany
164. Bahar Munzir Osman, kurdistan
165. Bahia Haidari, Stockholm, Sweden
166. Kwestan Davodi, Sweden
167. Jamila Hassankali, Sweden
168. Mahin Alimoradi
169. Shirin Jalali, Sweden
170. Parvin Ardalan, Sweden
171. Gona Taba
172. Shena Amini, Canada S
173. hahla Parvizy, Sweden
174. Arazu Ghaderi, Sweden
175. Pary Kamangar, Norway
176. Fariba Mohamadi, Germanی
177. Kajal Noori: Political activist- Holand
178. Jina Totaghajy, Sweden
179. Shokhan Ghader, Austria
180. Roupak Muradrasouli, Sweden
181. Amanj Kurdistani, Swedn
182. Chiman Soleimini, -Norway
183. Maryam Fathi: Spain
184. Truska Khizri: Norway
185. Peri Rashidian: Norway S
186. Hola Qadri, Sweden
187. Chnoor Mehrparvar, Norway
188. Fariba Nasrollahy, Norway
189. Daroon Saied, Darbandixan, Kurdistan

190. Mastura Soltani, Sweden
191. Rojin Ashrafi, Sweden
192. Marjam Massudi, Germany
193. Kejal Karimi, Norway
194. Fariba Rashidi
195. Sabri Bahmani, Germany
196. Vafa Mamle, Sweden
197. Parvin Khalandi, Finland
198. Jila Hassanpour, Norway
199. Zohre Sharifi, Sweden
200. Rufia Ramazanali Abassi, Sweden
201. Tara Mhmoud, Sweden
202. Asmar Memari, Sweden
203. Badri Tawhidi, Sweden
204. Soraya Satouri, Sweden
205. Ronak Shwani, Sweden
206. Dilan Azizi Muradi, Hawler, Kurdistan
207. Leyla Aliar, Sweden
208. Leyla Soltanpanah, Norway
209. Hamide Khedri, Sweden
210. Evin Hanna, Sweden
211. Leyla Khanlandi Raada Palani, norway
212. Kobra Karimi, Sweden
213. Shahin Shahlai, Sweden
214. Seyran Duran: President of Kurdish women’s association-Sweden
215. Jila Mostajer, Kurdistan
216. Sermin Bosarslan, Sweden
217. Sargul Shabazi Halima Rasuli, Sweden
218. Simin Nasrollahi, Finland
219. Bahar Hosseini, Germany
220. Sozan Fahi, Sweden
221. Kwestan Gadani, Norway
222. Leyla Mohamadi, Sweden
223. Shahla Dabaghi, Sweden
224. Laeh Nahid
225. Dlniya Rahimzada: Kurdistan

226. Chinar Hussein
227. Roya Nahid
228. Marmar Stewart
229. Dilkhwaz Ahmad
230. Jamile Rahimi: Sweden
231. Nishtiman Taheri: Sweden
232. Rewas Ahmad Banixelani: Writer -Sweden
233. Essmat (Asema)Sophie -Author-Norway
234. Farzaneh Razabi: Germany
235. Traci Fahimi: Professor political Science Irvine Valley College, Ca
236. Chinar Binavi: KHRW,CA
237. Roza Gergerî, Musician, Georgia
238. Roya Nahid California
239. Shirin Enrahemi: Sweden
240. Solmaz Dorudi Stockholm-Sweden
241. Parvin Shslmashi: Sweden
242. Tara Mbegi: Stockholm Sweden
243. Elham Zangana: Stockholm
244. Nesrin Wali: Stockholm-Sweden
245. Najiba Mahmud , journalist , Stockholm-Sweden
246. Rezan Garib: Stockholm-Sweden
247. Zhala Tawfiq: Scientist-USA
248. Shilan Ahmed: Stockholm-Sweden
249. Dilsoz Abdulla
250. Nazanin Hassan: Sweden
251. Narmin Abdulrahman: Sweden
252. Zhala Hassan: Teacher-Kurdistan
253. Nigar Kader: Sweden
254. Gulaleh Samie
255. Lida Darai, Business woman
256. Dr. Galawez Karadaghi: Phd nuclear physics, math instructor nominated for US presidential award for excellence in teaching
257. Kanny Ahmadi: businesswoman

Chnoor HamaAli: Activist-Kurdistan .258

259. Ashti Ahmed Ismail: teacher and journalist-Kurdistan
260. Awat Hisamaldin Taib: representative of Zardashtis in the ministry of Religious affairs.
261. Sara Sardar: Jouranlist and activist-Kurdistan
262. Bahar Abbasi: East Kurdistan
263. Lisa Calan, film director, Turkey
264. Elmas Hesib – former Adviser- Ministry of Culture and Youth- Southern Kurdistan
265. Evar Ebrahim – MP- Kurdistan Parliament
266. Dr. Niaz Baban- Dentist-Southern Kurdistan
267. Shler Arif- Restauran Manager- Southern Kurdistan
268. Reem Baban- former diplomatic staff- Southern Kurdistan
269. Pary Fayeghi Sweden
270. Suzan Ahmed, site supervisor preschool
271. Shler Bapiri, Norway
272. Kazhal Draxshani, Norway

مەحاڤ … بەختیار محەمەد

تۆ کچی ((مەحاڤ)) بووی،
کەچی من خۆشم ویستی.
ئەی کچی عیشقی مەحاڤ،
ئێرە مەملەکەتی عیشقی مەحاڤەکانە.
من لەناو دڵزەخی ((مەحاڤ)) یشەوەڤ تۆم ناسی.
ئێمە لێرە لە نێو ((مەحاڤ)) ی دڵەکانیشدا دەژین،
ئەو دڵانەی لەسەر پردی ((مەحاڤ)) دا قەت پێك ناگەن.
تۆ دڵێکی سافیلکەی ((مەحاڤ)) ی و
منیش دڵێکی عاشقی وێرانە
ئای گوێم چی بکەم؟
من ساڤانێکی زێرە
لە بیابانی مەحاڤدا
قەت لە سەرابی خۆشەویستی تۆ نەگەیەشتم.
ئێستاش هەر لەوساوە،

وەك دڕوانەیەك
لە بیابانی خۆشەویستی ((مەحاڤ)) دا
لێت دەگەڕێم.
من لە دڕزەخی مەحاڤەوە سەفەری دڕزەخی مەحاڤم کرد.
ئێستاش خۆم ناناسمەوە:
ئاخۆ من عاشق بووم،
یانیش گەیدەیەکی ناو وێاتی مەحاڤ؟

بەختیار محەمەد

بڕژان … ئومێد قڕانی

١.خۆر
گیرفانێکانی لێپاتێی
ڕووناکی خاڵی دەبن

تارمایی ڕوانینەکان
لە برژانگەکانی ڕەگێ دەشێتەوە،
وەکو پرسی دڕنگ کەوتووی بێگانەیەکیت
لە نەوەی ڕەشبادا بێ هەتڵەک
خەت و جانتایەک نیگەرانی
لە نەوخۆنەکانی سبەی دەنووی .

(بەسەر ترسی-ئیستا- بێ دەنگ کەوتووی،
چەندین پرسیاری ڕەنگاو ڕەنگ
لە دڕەکانی مەشکت گەشت و ڕەو دەکەن).

٢.ژیان
بەسەر خاچی ئابردووەوە
باڵەکانی ئاخستووە

لەنیو پێراسوی مەژووت
شانمداوە بەسوپایەکی بەفرین،
بێ نەختێک گەرانی غەمگینەوە

بۆ نەختێک تلاوێی ناو ئاگر و دوکەڵەوە
بۆ نەختێک کەخێی ئاودووکاری
خۆو و گەرمی ناونوێنەکەتەوە
لێوەدا داستانێک تاوان
بۆو گوناهانێی من دەم چنین
دیکەمێنت کراوە.

*بەرژان : نەوان بەداری و خۆو، بیرە خۆو

ئومێد قەرەنی

ئەمریکانیزم و هەژموونی منداڵەلەنـــــدەنیەکان ... ئیســـماعیل حەمەئەمین

ئەمریکا هیچ ناکات لە ئێراق جگە لەسوستماتیك کردنی گەندەڵی نەبێت، بەمانای کەسە گەندەڵەکان دەباتە شوێنە هەستیارەکانی وەك وەزارەت و حکومەت و سەرکایەتیەکان. بەمەش ئەمریکانیزم تەنها دەموچاوەکان دەگۆڕێت، چونکە ئەوان لە نەشتەرگەری دەموچاودا، چ لەوێاتی خێیاندا و چ لەدەرەوەدا دەستێکی باڵایان هەیە!

گابرێل گارسیا مارکێز لە ڕۆمانی (سەد ساڵ لە گۆشەگیری) لەزاری یەکێك لەپاڵەوانە سەرەکیەکانی ڕۆمانەکەی (کۆلۆنێل ئێرلیانۆ بێندیا) دەڵێت؛ ((سەیری ئەم گووە بکە تێیکەوتووین، تەنها لەبەرئەوەی ئێوارەیەك گرینگۆیەکمان دەعوەتکرد بۆ ماڵی خۆمان بۆئەوەی مۆزی تایبەتی ناوچەکەمان بخوات، ئاوا کەوتینە ناو ئەم هەموو گووە وە ...*١))...لەئەمریکای لاتیندا کە دەڵێن ؛ (گرینگۆ) ئەوا مەبەسەتیان ئەمریکی سپیە.

بەمشێوەیە لەو زەمەنەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆرە لە میسرەوە بووە پیاوی ئەمریکا و لە ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆدەتای ڕووخانی حکومەتی ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم و شیوعیەکان،

ئیدی ئەمریکا لەڕگەی بەعسیەکان و سەدامەوە هاتە ناو شانی ووداوەکان ٢، لەو کاتەوە ئەم (گرینگیەمان) دەعوەتکردووە بۆئەوەی بێت مزی ناوچەکەمان بخوات. هەربۆیە گەمەکانی گرینگ ئەمجارە تەنها بۆ هەشووەڕ مزك یان دووان نییە، بەکو بۆ کێی کڕگەکانی ناوچەکەیە. لێرەوە و لەم گرینگیەوە قسەدەکەین و باس لەکێی ناوچەکە دەکەین و باسی دوا گەمەی دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا.

بڕگومان من وەها چاوەڕواندەکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیراق هەمنیەکی کاتی بەخێیەوە ببینێت، بەڵام تێبینی ئەوە بکەن لە ملیارەها دۆلاری سامانی ئەم وڵاتە تەنها کەمتر لە سەدا یەك بەر خەڵکی ئەم ناوچەیە دەکەوێت...پارادۆکسەکە لەوەدایە خەڵکی ناوچەکە بەم هەمنیەش ڕازین، بەڵام ئەمەش بەردەوام نابێت. ئیدی دووبارە قەیران و دووبارە هەمنی و دووبارە قەیران، دەبێتە شێوازی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەناوچەکەدا. بەمەش گروپە ئیتینی و نەتەوەییەکان و مەزهەبیەکان و حزبە سیاسیەکان هەمیشە بەنیگەرانی و گومانەوە، لە ترسی لەناوچوونی شوناسی خێیان و ژیانیان، لەناوخێیاندا گڕشەگیردەبن. بەمەش متمانە بەیەکتری لەناوچەکەدا هەمیشە لەقەیراندا دەبێت، تاوەکو ئەو کاتەی (گرینگ) دێت و قەیرانەکان چارەسەر دەکات. بڕگومان وەهای چارەسەر دەکات کە قەیرانێکی دیکە لەهەناویدا بخەوێت. ئاوەها گرینگکان قەیران لەناو هەناوی خەسڵەتە کولتوریەکان و ئاین و مەزهەب و بیروڕای خەڵکەکاندا بەرهەمدەهێنن.

لەڕاستیدا ئەم جۆرەیەی دوایی هەڵبژاردنەکانی ئیراقی ٢٠١٨ و هەرێمی کوردستان و نیشاندانی ئەوەی؛ گوایە ئەمریکا و ئیران لەزرانبازیدان! جگە لە گەمەیەك نەبێت هیچیتر نەبوو، جگە لەوەهمڵك نەبێت هیچیتر نییە. ماکرگ و حاجی سولەیمانی لەسەر یەك سفرە و لەسەر یەك مز گەمە دەکەن و هەشتا ئەمریکا و ئیران لەبەرژەوەندییە گەورەکاندا هاوبەشن. هەربۆیە من بۆوام بە کڵبکێی مەکرگ و حاجی سولەیمانی نەبووە، چونکە گەمەکە تەنها گەمەی ئەمریکانیزمە. بەمانایەکی دیکە، ئەم حکومەتە نوێیە؛ نە حکومەتی چارەسەری گەندەڵی دەبێت و نە چارەسەری کێشەی کەرکوکە و نەچارەسەری فیدرالیەتی هەرێمە...چ حکومەتی نوێی داهاتوویی ئیراق و چ حکومەتی نوێیی هەرێم جگە لە گۆڕینی دەموچاوەکان نەبێت، هیچیتر نین.

ئەم هیلاکیەی (گرینگکان) بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی حکومەتی ئیراق

و هەرێم، بۆ ئەوەیە هەموو گرێبەست و پارەکان بۆ سۆ و دوو لەگەڵ کۆمپانیاکانی خۆیاندا بۆ بەربەست ئیمزابکرێت و بۆ بەربەست پارە بڕوات بەرەو ئەمریکا. تێبینی بکەن کۆمپانیاکانی ئەوروپا (جگە لەبریتانیا نەبێت) کەمترین شانسیان بەرکەوتووە. بۆئەمەش پێویستە ئیراق بۆ ماوەیەك ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەمەش کاتی دەبێت، بەمانای نیمچە ئارامی پێ قەیرانی بچوك و هەندێك جار خوێناوی بەردەکی ناوچەکە دەگرێت.

ئەمریکانیزم باش دەزانێت لەگەڵ (ئارامی تەواو) دا ئەو هەستە لەناو کۆمەڵگەدا بینادەبێت، بەوەی دیموکراتیەت دەبێت فروانتر بکرێت و ئازادیە کەسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بگاتە ئاستێکی باڵا. مرۆڤ کە ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەوسا خۆشگوزەرانی و ژینگەپاراستنی زۆدەتری دەوێت، ئەمە سروشتی مرۆڤە و سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە کە نایەوێت لەناو هەژاری و دوکەڵی جەنگ و دوکەڵی کارگەی سەرمایەداراندا بژی، بۆگومان ئەمەش مەترسیە بۆ سەر سیاسەتی نیولیبرالیزم لەناوچەکەدا کە لە مۆدێلی ئەمریکانیزمدا خۆی بەرجەستە دەکات.

بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپای یەکگرتوودا مۆدێلی ئەمریکی ناشرینترین مۆدێلی حوکمڕانی کۆمەڵگەیە، نە بیمەی کۆمەڵایەتی لەئەمریکا بوونی هەیە و نە کاژێری کارکردن بەیاسا وەها ڕێکخراوە کە بەهاکانی مافی کرێکار و کارمەندی تێدا ڕەچاو بکرێت. چینێك تەواو لەسەرەوە و چینی ناوەڕاستیش ئیدارەی سەرمایەی مادی و ڕەمزی چینی سەرمایەدار دەکات و کۆمەڵگەش لەناو هەژاری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزپەرستی و پارانۆیگرافیەت و شمەکخۆریدا وەك کێلە بۆ ئەم سوستەمە کاردەکەن...مرۆڤ لەئەمریکا دوانزە کاژێر کاردەکات، هەفتەی یەك ڕۆژ پشووی هەیە. بەگشتی مرۆڤ لە ڕۆژدا هاتوچۆی بخەیتە سەر، ڕۆژی زیاتر لە شازدە کاژێر کاردەکات. ساڵی هەفتەیەك یان پێنج ڕۆژت هەیە مۆڵەتی بۆ پارەت هەیە. لەهەندێك کۆمپانیا و شوێنی تر ئەم ڕۆژەیە زیاد و کەم دەکات، بەڵام بەگشتی وەك مۆدێلی ئەمانی یان سویدی یان بریتانی و فەرەنسی و هۆڵەندی نییە، کە کۆتایی هەفتە پشوو بێت و ساڵی چوار تاوەکو پێنج هەفتەت مۆڵەتت هەبێت. لەزۆر وڵاتی ئەوروپی مانگی دوانزە لە کریسمیس دەبێ مووچە وەردەگریت.

بەم بەراوردە بچوکەی ئەمریکانیزم لەوڵاتی خۆشیدا مۆدێلێکی خراپە، بۆ نمونە گەر نەخۆش بکەوێت پارەی ئەو ڕۆژەت دەبڕدرێت، زۆرجار نیوەشەو لەدەرگات دەدەن و کۆمپانیاکە دەیانەوێت بزانن

بەهەقەت لەماڵەوەیت و نەرسکت بۆ دەنەرن نەك بۆئەوەی ئاگای لێت بێت، بەکو بۆئەوەی بزانن کحولت خواردۆتەوە، لەماڵیت یان نا، درێدەکەیت یان نا؟!...ماڵمانی (پۆست ئۆفیس) ی نوسەری ئەمریکی (چارلس بۆکۆفسکی) کە خۆی زیاتر لە بیست ساڵ کرێکار بووە، باس لەو ژیانە شەوی کرێکاران دەکات لە ئەمریکا کە تاوەکو ئەمڕۆ گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەمە جگە لەوەی کەرتی تەندروستی گرانترین کەرتە، بۆ بچوکترین نەخۆشی دەبێت پارە بدەیت، پارەیەکی خەیاڵی و تاقەتپڕوکێن...هاوڕێ ئەمریکایەکانمان؛ چ هاوڕێ کوردە ئەمریکایەنمان و چ هاوڕێ ئەمریکاییە ئینگلیز زمانەکانمان کە هەندێکیان پڕۆفیسۆرن لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و یەکێکیتریان ئەدەبی ئینگلیزی و خاوەنی چەندەها کتێبن. یان هەندێکی تریان زیاتر لە چل ساڵە لە سەندیکای کرێکاراندا کاردەکەن، چیرۆکی سەیر سەیریان دەربارەی گیرۆدەبوونی ئەمریکایەکان بەدەست کەرتی تەندروستییەوە بۆ گۆڕاوینەتەوە.

گەر لەسەر جادە ئۆتۆمبێل لێتبدات و شۆفێرە نەناسراو بێت و ببڕێت بۆ بەشی فریاکەوتن، دوایی لیستێکی پشتشکێنی پارەت بۆ دەنەرن و دەچیتە ژێر قەرزەوە، بەمانای دەوڵەت تێچوونی ڕووداوە نەخوازراوەکانیش ناگرێتە ئەستۆ. تەنانەت زۆر نەخۆشی لەپڕ کە دەبڕێن بۆ خەستەخانە چارەسەر ناکرێن بەتەواوەتی، هەندێکیان دەمرن چونکە تێچوونی چارەسەریان بۆ دابین ناکرێت. (باراك ئۆباما) هەوڵیدا ڕیفۆرمێکی بچوك بکات لەم بوارەدا، بەڵام (دۆناڵد ترامپ) کە هاتە کۆشکی سپی نەك هەر گاڵتەی پێکرد، بەکو کۆی بیاڵەکانی ئۆبامای هەڵوەشاندەوە. خۆ هەموو کەسێك بچێتە ناو میترۆی نیۆرکەوە (وەك نمونە) دەبینێت شتێك نییە پێی بڵێین کەرتی گشتی و خزمەتگوزاری گشتی، وەك ئەوەی لەئەوروپا دەیبینین. ئاوەها تۆ وەك مرۆڤ فڕێدەدرێیتە ناو ئەم سوستەمەوە و بەم شێوە ژیانەش دەڵێن؛ خەونی ئەمریکی – ئەمریکان دریم!

بەدیوێکی تردا، ئەمریکانیزم نایەوێت مۆدێلی دیکە لە دەرەوەی خۆی هەبێت و بەمەترسی تێدەگات لەسەر بوونی خۆی، هەربۆیە لەگەڵ ئەوروپادا هەمیشە لە ململانێدایە بۆئەوەی دەوڵەتی کۆمەڵایەتی و سوستەمی سۆسیال و بیمەی کۆمەڵایەتی هەبوونەشنەوە، وەها بکەن مرۆڤ گەر کاری نەبێت بکەوێتە سەر جادە وبەمەش پاڵ بەخەڵکەوە بنێن وەك کۆیلە کاربکەن. ئەو شتەی لێ بستێننەوە کە پێدەڵێن هەبژاردنی کار و پیشە و بیمەی بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی. ئەم مۆدێلە وەنەبێت دزەی نەکردبێتە ئەوروپاوە لەڕێگەی حزبە لیبرال و

کۆنزەرەقاتیقەکانەوە، بەڕام چەپ و سۆسیال دیموکرات و سەوزەکان بەردەوامن لەدژایەتیکردنی. ئەمریکا نایەوێت دونیا سوستمێکی وەك ئەمانیای هەبێت کە ملیۆنەك و چوار سەد هەزار پەناهەندەی لەماوەی ساڵێکدا وەرگرت و پارەی ژیان و تەندروستی و خواردنیان بۆ دابینەدەکات. ئەمریکانیزم ئاوەها وەك نەخشیەك کە لە جەستەی کاپیتالزمی وەحشیەوە هاتۆتە دەرەوە، دەیەوێت دونیا و ژنیگەش پیس بکات. هەر بۆیە تاوەکو ئۆستاش ئیمزای لەسەر (پەیماننامەی کیۆتۆ) نەکردووە کە دەوڵەتان لەژێر یاسای ژینگەپارێزی ڕێکدەخات.

لێرەوە گەر کورد لەووی ناچاریەوە مەجبوریش بێت مامەڵە لەگەڵ ئەمریکادا بکات، ئەوا نابێت بە تەواوەتی هەموو وەرەقەکانی بخاتە سەر مێزی قوماری گرینگەکان، نابێت وەاتەکەی خۆی پێ بکات لە زانکۆی بریتانی و ئەمریکایی و قوتابخانەی بێگانە تایبەت. نابێت بوودجەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی کەمبکاتەوە. دەنا دوایی چۆن ئەمریکای لاتینیان گووشی، ئاوەهاش کوردستانت بە گوشراوی بۆ جێدێڵن. ئەمریکای لاتین کاتێك مێز و مەتاتی هەبوو پێی بوو لە کۆمپانیا و کارگە و بواژنەوە، بەڵام کە مێز و مەتات نرخی نەما، وەرانەیان بۆ بەجێهشتن. گابرێل گارسیا مارکێز لەسەر زاری پاڵەوانی سەرەکی (پایز پاتریارکدا) دەڵێت؛ تەنانەت دەریای گەورەیان پارچە پارچە کرد و خستیانە سندوقەوە و بردیان، ئۆستا جگە لە سارایەکی بۆ سنوور هیچیتر نییە...
ئاوەها ئەمریکایەکان کۆمەگەیەکی وەرانت بۆ جێدێڵن و سەری هەموو ئەوانەش دەخۆن کە بوونە دارەستیان. نزکترین نمونە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بوو کەدەیگووت؛ من بەسەر پشتی دەبابەیەکی ئەمریکی هاتوومەتە سەر حوکم...هەر بۆیە تاوەکو دواساتەکانی لەسێدارەدانی بۆوای وەهابوو، ئەمریکایەکانی هاوڕێی لە بەندیخانە دەردەهێنن و دەسەڵاتی پێ دەبەخشنەوە. ٣

لەم گۆشە نیگایەوە ئەمریکانزم هەمیشە پشتگیری ئەو حزب و کەسایەتیانە دەکەن کە بۆ ویژادن و هەستمردوون و لەهەموو کاتێکدا دەتوانن بارودۆخەکان پێبکەن لەقەیران و خوێن، و خەڵك برسی بکەن. بگومان ئیسلامی سیاسی (شیعی و سونی) و ژەمەکانی وەك ئێران و تورکیا وسوریا وحزبە ئیسلامیەکانی دیکەش لەناو هەمان هاوکێشەی ئەمریکانیزمدان و فاکتەری قەیرانن. ئەمریکا بوونیان بە پێویست دەزانێت، تەنها کار دەیکات ئەوەیە جارجارە سنووردارییان دەکات.
لێرەوە هەموو گروپێکی چەپی ڕاستەقینە و هەموو گروپێکی ڕۆشنبیران لە دەرەوەی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی کاربکەن و بنوسن و بیرۆای

خۆیان دەربڕن، بەر فشار و گەمارۆی هێزە لۆکالیەکان دەبنەوە و دەنگیان خەفە دەکرێت و فەرامۆشدەکرێن و لەپستی حکومی و پەلەمانی و وەزیفی شیاو بەخۆیان دووردەخرێنەوە. لەباری دیکەداشدا بوونی مەعنەوەی و فیزیکیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

بڕگومان ئەمریکا هەمیشە لەڕگەی ئەو بودجەیەی تەرخانی کردووە بۆ ڕێکخراوە مەدەنی NGO و میدیاکاران، فیگوری نیولیبرال و میدیاکاری بەتاڵ و سیاسی سوپەر ستار دروستدەکات. زانکۆی ئەمریکی و زانکۆ تایبەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشکن لەو سیاسەتەی کە چینکی ئۆرستۆکرات لە لۆکالەکاندا دروستدەکەن، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵسوکەوتی ئەمریکانی و لایڤ ستایلی ئەمریکی و تەڕوانینی نیولیبرالیزمانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بڕگومان ئەم تۆڕە ئۆرستۆکراتە، ئەمریکەن لایڤ ستایلی و ماگدۆنالزییە، لەداهاتوودا پشتگیری دەکرێن بۆ وەگرتنی پلەست و پلە و وەزیفەکان لە کایە لۆکالیەکاندا، بەڕایەکی ترن بۆ ڕۆخشکردنی دزینی سامانی کۆمەڵگەکان. هەر بۆیە سەیر نییە چ لەهەولێر و چ لەسلێمانی ئەمریکا و بریتانیا زانکۆکانی خۆیان کردۆتەوە، هەر یەکەو لەژێر ناوێکدا ئەمیان بەناوی زانکۆی کوردستان و ئەویتریان زانکۆی ئەمریکی.

ئاوەها لەڕگەی ئەم میدیاکار و ڕاوێژکارە ئەکادیمیست و ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگە مەدەنی NGO و زانکۆی ئەمریکی و ڕاپۆرتنوسی سەفارەتەکان، ئەمریکا دەم و لووت و گوێچکەی خۆی دەخاتە ناو ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی سامانی گەورەی سەر زەوی و ژێر زەوین. ئاوا بە پلەی یەکەم سەفارەت و کارمەندەکانیان لەپشت مەکینەی دروستکردنی قەیرانەوە وەستاون، و بەپلەی دووەەم ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی NGO و خۆرخوازیەکان. هەموو ئەمانە ئەرکی سەرەکیان ڕاپۆرتنوسینە لەمەڕ خەڵکی ناوچەکە و چۆنێتی بیرکردنەوەیان و سیاسەت و حزبە سیاسیەکان و کولتور و ئاین و جۆرەی سیاسی و حەزەکانیان. وورەکاری وەها لەڕاپۆرتەکانیادایە کە ئەقڵی خەڵکی لۆکالی ناوچەکە مەزندەی ناکات. بڕگومان لەسەر بنەمای هەزارەها ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ئەم ڕاپۆرتنوسە مۆدێرنانە، سیاسەتی بردنی قووتی خەڵکی ناوچەکە پیادەکرێت.

بەمجۆرە ئەمریکا قەیران بۆ میللەتان دەخوڵقێنت، ئەویش لەڕگەی جوڵاندنی ئەم حزب و فیگورانەوە کە لەهەموو شوێنکدا بە تەزکیەی سەفارەت و بڕگانەکان لەحزب و ڕێکخراوەکاندا دانراون، بۆ هیچ نا،

تەنها بۆئەوەی پارەی زیاتر بۆقاسەی ئەمریکی پەمپ بدرێت. کە قەیرانەکانیش دەگەنە خاڵێك پەمپی پارەکە لە کار بخات، خۆیان دەبنە فریادەس، بگومان ئەمە سروشتی ئەمریکانیزمە ئەمەش بەگشتی ناوی (یکۆلۆنیالیزەکردنە – recolonisation) بەمانای دووبارە کۆلۆنیالیزەکردنی وڵاتانە.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ وەك مۆدێلێك کە لەسەردەمی کۆلۆنیالی بریتانی و فەڕەنسی و ئیتاڵی هەبوو، پارەو سەرباز و خوێنی تێدەچوو. شێوش و هەگەڕانەوە و قەیرانی ناوخۆی بۆ حکومەتانی داگیرکەر دروستەکرد. تەنانەت مۆدێلی (پۆست کۆلۆنیال) یان (دوای داگیرکردن) چیتر بەکەڵکی فراوانبوونی بازاڕ وبازاڕی جیهانگیری و گڵۆبالیزم نایەت.

لە مۆدێلی پۆست کۆلۆنیالدا دیکتاتۆرکی وەك سەدام، ژێمی شای ئێران و قەزافی و حافز ئەسەد و…هتد پشتگیریدەکران، ئەوانیش بەخۆیان و سوپا گەورە ترسناك و بە پشتگیریی ئەمریکاوە، دەبوونە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. نابێت ئەوە ڕوداوە لەبیر بکەین کە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر لە هەشتاکاندا کاتێك دەوڵەتانی ئۆپێك نرخی نەوتیان لەبازاڕی جیهانیدا بەرزکردەوە و بڕسەی ئەمریکا قەیرانی تێکەوت، دەوڵەتی سعودیە هەناردەی نەوتی خۆی زیادکرد و نرخەکری بەرز نەبۆوە، لەولاشەوە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر نەك هەر پابەند نەبوو بە بڕیاڕی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، بەکو لەژێرەوە وەك ڕاپێتە نهێنیەکان باسیدەکەن، نەوتی خاوی بە بەلاش بۆ ئەمریکاییەکان پەمپداو…بەڵام ئەم دیکتاتۆرە پۆست کۆلۆنیالانە جارجارە شێت دەبن و سوپاکانیان لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەکاردێنن و ململانێ دەستپێدەکەن…هەربۆیە میتۆدی نوێی ئەمریکا لێدانی ئەم ژێمە پۆست کۆلۆنیالانەی ڕژهەلاتی ناوەڕاست بوو، لەڕێگەی پشتگیریکردنی (بەهاری عەرەبی) و خەتی ئیسلامی سیاسی لەناو هەژموونە نوێیەدا. ئامانج وەك دەیبنین کێی ناوچەکە لە یەمەنەوە بیگرە تاوەکو کەندا و سوریا و ئێراق و ئێران و تورکیا و لیبیا و میسر لەژێر مەترسی ئەم گروپانەدا دەژیت و گیرۆدەی ئیسلامی سیاسیە. خەڵکی ناوچەکە لەنێوان ژێمێکی گەندەڵ و ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی و شێواز ئیسلامی دڕش داماوە. بەم میتۆدە، لەنێوان دیکتاتۆر و ئیسلامیزمدا، ئەمریکانیزم هەناسەی بزواتی چەپ و بزواتی کرێکاری دەخنکێنێت و خەونەکانی ئازادی میللەتان دەخنکێنێت و بەلاڕێدا دەبات.

لەووی مۆدێلی نەتەوەیی و نیشتمانی پۆست کۆلۆنیالەوە کە لە

قەواڕە بەزڕ سەپاوەکانی وەك ئڕاق و ئڕان و سوریا بوونیان هەیە، ئەوا ئامانجی ئەمریکانیزم ئڕستا ئەوەیە دەوڵەتچکەی پارچە پارچە دروستبن، نەك بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆبوونیان، نەخڕ، بەکو بۆ قووڵکردنەوەی لۆکالیزم و کردنی ئاین و کولتور بە شوناسی سیاسی و تیژکردنەوەیان لەدژی یەکتری.

بۆ نمونە؛ ئەمریکا لە سێپتمبەری ٢٠١٧ دژی ئیفراندێمی هەڕەم بوو، نەك لەبەرئەوەی چینی سیاسی کوردی دەسەڵاتداری بەدڵ نەبوو، نەخڕ، چونکە ئەو ئیفراندێمە هەرکەسێك لەپشتیەوە بێت، ئەوا بنەماتراديتسیۆنەکانی و نەریتەگەرایی نەتەوەیەکانی کوردی زیندووەکردەوە، شوناسێکی نەتەوەیی کوردیی بۆ سەربەخۆیی و کوردبوونی دەکردە بەگەنامەیەکی مۆژوویی. ئەمەش لەگەڵ ئەو مەدلەلە لاوازە نییە کە ئەمریکانیزم نەخشەی بۆ کێشاوە. بەمانای مەدلی ئەوان ئاستە دانپێدانانە بە سەربەخۆییەکەی هەڕەم و پاراستنی شوناسی لۆکالی و نەتەوەیی، بەڵام دەبێت قەوارەی سەربەخۆی لاواز و پێ نیگەرانی بین و ئاسۆگەی دیکەی لەخۆدا هەڵنەگرتبێت. هەر بۆیە دوو جۆرەی کرد یەکەم؛ پاڵپشتی هێزە مەزهەبیەکانی شیعەی کرد. دووهەم ؛ تەوژمێکی دژە سەربەخۆیبوونی لەناو خەڵکی کوردستاندا خۆی دروستکرد. ڕۆشنبیر و میدیاکارەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ دروستکردنی ئەو کەش و هەوایە. زیرەکیەکەی لەوەدا بوو پەلاماری تەوژمی پۆپۆلیستیان دا لە کوردستاندا و کۆی ئەکتیی سەربەخۆییان پابەندکردەوە بە ئەزموونی خراپی حوکمی بیست و حەوت ساڵەی هەڕەم. بەمەش وەك هەوڵری ژەهرڵك وەها بوو زەربەی ڕۆشنبیر و سیاسی ئەم هەویرەیان خوارد، بۆئەوەی مۆژووگەرایانە لە پرسەی دروستبوونی ڕۆحی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی خۆیان بڵوانن.

مەبەست لەم نمونەیە هەڵسەنگاندنی کردەی ئیفراندێم نییە، بەکو تێگەیشتنە لەوەی کە ئەمریکانیزم لەگەڵ هیچ ئەکتێك نییە ئەگە مۆژوویە قووڵەکانی شوناسی نەتەوە و کولتور بجوڵێنێت، لەگەڵ هیچ ئەکتێك نییە نەوەیەکی تر بۆن ڕەخنە لە (ئەکتە نەتەوەییەکان) بگرن و ئەو بەشە ناتەواوەی تەواوبکەن. لەگەڵ هیچ جۆرەیەکدا نین کولتوری ناوچەکە بخاتە بەردەم هەڵبژاردن و ململانێیە دروستەکانی خۆیەوە. بۆ زیاتر پشتگیری ئەم بۆ چوونە دەبێت لێرەدا ئاماژە بە ئیفڕمی (دکتۆر موسەدەق) بکەین لەدژی گەندەڵیەکانی شای ئڕان و دەرئەنجام شای دەرپەڕاند. دکتۆر موسەدەق دەیویست گەلانی ئڕان خۆیان نەوتی خۆیان بفرۆشن و شوناسە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی خۆیان لەنێو خۆیاندا بۆ کاریگەری دەرەکی

یەکلایبکەنەوە. بەڕام لەساڵی ١٩٥٣ دا سیای ئەمریکی، کۆدەتایەکی بۆ ڕووخست و فۆیاندایە زیندانەوە، وەك چۆن ئەمریکاییەکان دوای چەندەها ساڵ دانیان بەوەدا نا، کە کۆدەتاکەی هێنانەوەی شای ئێران دەزگای سیای لەپشتەوە بووە

لە ئێستاشدا هەمان گەمە دژینەکەیە ، بەڕام بە میتۆد و پلانی نوێیەوە، ئەویش تیژکردنەوەی شوناسی گروپە مەزهەبی و تایفی و نەتەوەییەکانە، و پێکردنیانە لەنیگەرانی و بۆ متمانەیی لە نێواندا. کردنی شوناسە کولتوریی و ئاینیەکانە بە دیسکۆرسێکی سیاسی، بەجۆرێك دژایەتی یەکتر بکەن، چونکە نیو لیبرالیزم لەڕووگەی بیرمەندە ساختەکانیانەوە لەو بڕوایەدان؛ کە کولتورەکان لەدژی یەکتر لەزڕانبازیدان. وەك چۆن چەمکی (ململانێیی شارستانیەکان) ی هێنایە ئاراوە، کە لەڕاستیدا قسەیەکی بڕمانا نەبێت، هیچیتر نییە. چونکە شارستانیەتیەکان یەکتری تەواو دەکەن، کولتورەکان یەکتری تەواو دەکەن، موزیکی میللەتان یەکتری تەواو دەکەن. کولتوری خواردن و بازرگانی و پیشەی دەستی ژیانی شارستانی نەك لەزڕانبازیدا نین، بەڵکو بەبێ یەکتری و لەگەڵ یەکتردا نەبێت توانای بەردەوامیان نییە. بەڕام ئەوە ئەمریکانیزمە لە دوورگەیەکی دوورەوە دێت و دەیەوێت کولتورەکان بکاتە دۆدرنج لەیەکتری و سیاسەتی دژایەتی کولتورەکان و دژایەتی شوناسی نەتەوەیی لەناوچەکەدا پیادە دەکەن.

گرینگۆکان لەڕووگەی سیاسیەکانی ناو حزبە لۆکالی و ڕووکخراو و بەناو کەسایەتی و بەناو ڕاوێژکارەکانەوە دژنە نێوان ئەم پارچە پارچەییە پێست کۆلۆنیالیەوە و کاریان لەسەر دەکەن. وەك لە بەهاری عەرەبیدا بینیمان دیکتاتۆرەکان ڕووبشتن، بەڕام بۆ نمونە (لیبیا) بۆتە چەندەها ناوچەی دژ بەیەك ، سوریا لەسەر زەوی پەرتبووە و ئێراقی دوای سەدامیش هەر بەناو یەکگرتووە و لەداهاتوودا ئێران و تورکیاش یەکگرتوویی بەزەبریان هەڕەشەتەوە. بەمەش گروپ و نەتەوەکانی ناوچەکە چۆن پێشتر لەقەیرانی خۆناویدا بوون، ئاوەها دیسانەوە لە مۆدێلی تازەی نیولیبرالیزمدا دەکەونە ناو قەیرانی خۆناوی نوێوە.

لەناو ئەم فەوزای ئێستای ناوچەکەدا، فیگورێکی پێست مۆدێرن و ئەمریکانی وەك (مەلیك سەلمان) ی گەنج لە سعودیە لەناو خانەوادەی (ئال – سعود) پەیدا دەبێت و هەژموونی تراديتسیۆنی نەوەی کۆن ئادەماڵێت. بەڕام دەبێت تێبینی ئەوە بکەین ڕاستە بە پڕپاگەندیستی و هەرای مۆدێرنبوون و عەلمانیبوون دەستپێکرد، بەڕام بەگشتی انکاری

کەم و تەنها لەفڕمدا نیشتەتەوە، چونکە هێشتا سەربڕین و دەست بڕین و فڕاندن و ئازادی بیرووڕا وەك خۆیەتی. بگومان ئەمریکانیزم لەوەش زیاتر ڕۆگە نادات (بنەما وەهابیەکانی) ئەم ژەمە بگۆڕێت کە بگومان خزمەت بە سیاسەتی نیو لیبرالیزم دەکات لەناوچەکەدا، بەمانای ئەوەندە دەگۆڕێن کە تەنها بەشی نەشتەرگەری جوانی ستایل ئەمریکایی بکات.

بەمشێوەیە نەریتە کۆنەکانی عەرەبایەتی و کوردایەتی و ئیسلامەتی و شۆرشگێڕی تەقلیدی دەگۆڕێت بە فۆرمێکی تر کە لەگەڵ ئەمریکانیزم و شێوەکانی سیاسەتدا بگونجێت. ئاوەها لەم شێوە نمایشە ئەمریکانیەدا، فیگوری سیاسی لەناوچەکەدا وەك (سوپەرستار) یان لێدێت چێن لەپێ بەناوبانگ دەبن ئاوەهاش لەپێ دەبن بەهەڵم و هیچ بەجێناهێڵن. وەك هەمبەگەری مەگدۆنالزیان لێ دێت تەنها تامی هامبەرگەری ڕاستەقینە دەدات و تامەکەی وەهمیە و تێربوونیش تەنها بە کاتێکی کورتە. ئاوەها سیاسی ئەم ناوچانە، دەبنە کڕکارە هەرزانەکانی ناو مەتبەخی ماگدۆنالزی نیولیبرال، بە مژوو و بە بەها، چێن پەیدا دەبن ئاوەها وندەبن.

میتۆدی نوێی ئەمریکانیزم و لیبرالیزمی نوێی ئەم مەتبەخی مەگدۆنالزە لەڕگەی سەفیرەکانیان و ڕاپۆرتنوسەکانیانەوە، حکومەت و حزب و کەسەکان دەجوڵێنن، پۆپۆلیزم و ئیسلامیزم و مەزهەبیەت تیژدەکەنەوە، گەندەڵەکان بەبەرگی تەکنۆقرات و بەشێوازی یاسایکردنی گەندەڵی جارێکتر نمایشدەکەنەوە. ئاوەها لەم کەرنەڤاڵە نیولیبرالیەتدا سەرمایەداری لەپێ دەبن بەسیاسی و مەلای واعیزی سەر شاشە دەردەکەون و دەبنە ئەندام پەڵەمان و منداڵی سەکردەکانیش کە لە ئەوروپا و ئەمریکا گەورەبوون دڵنەوە ناو وڵات و گەمەی خۆیان دەکەن.
لەدەر زەماندا بریتانیا وەك هێزێکی ئیمپریالی تەقیلدی، خەڵکیان دەنارەدە ناو شۆشەکان و ئەوانە دەبوون بەپاڵەوان و سەرکردە و ووداوەکانیان ئاڕاستەدەکرد. ئەمانە ئەم پیاوی بریتانی و هەندێك جار ئەمریکایانە دوای مردنیشیان لە یادەوەری میللەتاندا ماونەتەوە وەك شۆرشگێڕ، بەڵام هەر کاتێك زانیوویانە خەریکە دەبن بە هەمزێك و نەوەی داهاتوو بە گەڵان بەدووی سیاسەتێکی نوێ و شوناسێکی بەکاریدێنن، ئەوا ئەرشیفەکانیان ئاشکرا کردووە. بەڵام لەم سەدەی بیست و یەکەدا و پێست مەدێرن و گۆبالیزەیشنەدا چیتر ئەم مەدێلە درژخایەنە پێویست نەماوە. چونکە لەهەشتاکانەوە ئەمریکانیزم میتۆدی دیکەی تاقیکردۆتەوە وەك دروستکردنی ئەفغان

عەرەب و قاعیدە لەڕگەی عەبدوڵا عەزام و ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهری و موخابەراتی پاکستانەوە. بەڕام کاتێك ئەمانەش دەبن بەگرفت، بنەمای گەمەکە دەگۆڕدرێت، ئەمریکانیزم مۆدێلی خواردنی سەفەری یان بڕین مۆدێلی ماگدۆنالز پەیڕەو دەکات، دێت و ئیسلامیزم لەو خەتە ئیخوانییە نەریتگەراییە و عەزامی و سەیدقوتبی و حەسەن بەنیاییەی دەردەهێنێت و دەیکاتە قاپی سەفەری و ماگدۆنالیزەی دەکات.

چۆن ئەمە دەکات؟ بۆ ئەوەی لەم ماگدۆنالیزەیە تێبگەین نمونەی پیاوێکی شەرمنی وەك (ئەبوبەکر بەغدادی) وەردەگرین کە ئەمریکاییەکان باش دەیانزانی ئەم پیاوە شەرمن و بێدەنگە، دەستە ڕاستی (ئەبوموسەعەب زەرقاوی) ئەمیری قاعیدە بوو لە ئێراق، کەچی لەزیندان دەیهێننە دەرەوە و دوایش دەیکەن بەسەرکردەیەکی ئیسلامی جیهادی تووندڕەو لە باشووری ئێراق و شتێك دادەمەزرێنێت بەناوی داعش و دژایەتی خۆی بۆ ڕوونکخراوی قاعیدە ڕادەگەیەنێت. بەمەش ئەمریکانیزم وێنەی جیهادیەکان دەگۆڕێت لە جیهادیستی تەقلیدییەوە بۆ جیهادیستی ئەمریکان ستایل. بەمشێوەیە دەرکەوتنی (ئەبوبەکر بەغدادی) بە کاتژمێرێکی دەستی (ئۆمێگا) ی شەش هەزار دۆلاریەوە لە مزگەوتێکی موسڵدا، و بەم ڕەمزە لایف ستایل ئەمریکانیەوە سەرەتای ستایلێکی نوێ و بێ پێردەڕ لەناو ڕەوتە جیهادییە نوێیەکاندا بانگەشە دەکات، ئەمریکانیزم دەیەوێت بەم وێنەیە، لە وێنەی پیاوە کۆنەکەی خۆی (بن لادن) ڕزگاری بێت.

ڕاستە خانەوادەی (بن لادن) لەگەڵ خانەوادەی (جۆرج دەبلیو بوش) لە بازرگانی نەوتدا شەریك بوون، بەڕام کاتێك پیاوە ئیسلامییە، سعودیە ئەفغان عەرەبە دروستکراوەکەی سیای ئەمریکی هەدەگەڕتەوە لە ئەمریکا و لەسەر شاشەکان دەردەکەوێت، ئەو بە جلێکی سادەو کڵاشنکۆفێکی شان و دەوو دەستی سادەوە دەردەکەوێت. ئەم وێنەیە وێنەی (ئوسامە بن لادن) ی ملیۆنەرە کە نایەوێت وەك ملیۆنەرێك دەربکەوێت، کەچی ئەبوبەکری بەغدادی لەڕچەکدا هەژار دێت و ئەم نەریتە جیهادییە ئایدۆلۆژییە خاکییە دەگۆڕێت بە پیاوێکی هەژار کە وەك (بیزنس مان) بە کاتژمێری ئۆمیگای شەش هەزار دۆلاریەوە و دونیایەك بادی گاردەوە لەمزگەوتێك دەردەکەوێت. جلەکانی گرانبەها و گرتەی کامڕاکەی لەکامڕا هەرە بەرزە (Full HD) و نەك کڵاشینکۆفی خۆی پێ نییە، بەکو لەجیاتی کڵاشینکۆف زوو زوو بەمەبەستەوە کاتژمێرەکەی دەردەخات. بەمەرجێك (ئوسامە بن لادن) هەمیشە کڵاشینکۆفەکەی وەها دادەنا کە بەرچاو بێت.

ئاوەها وێنەکانی ئەمریکانیزم دەبینین لەنێوان دووپیاوی سیای ئەمریکدا، دوو وێنەی شێی ئەمریکی جیاوازمان نیشاندەدەن؛ ئەوەی هەشتاکانی سەدەی بیست و ئەوەی دووهەزار و چواردەی سەدەی بیست و یەك. وێنەی شێشگێی تەقیلدی و شێشگێری سەفەری، سمبولی ئەویان کێاشینکێفە و ئەویتریان کاتژمێری ئێمیگای شەش هەزار دێلاری. بەم شێوەیە بەغدادی سەرەتای ئێرایەکی دیکەی ئەمریکانیزمی لەناو ێەوتە جیهادیەکاندا بانگەشەکرد. بەو کاتژمێرە ئێمیگا و گرتە ڤیدوێیەکی هەای کوالێتیەوە لەموسێ، سەرەتای گێانی گەمەکە لەئاسێگەدا دەرکەوتێ. بەجێرێك، کە قاعیدەی (ئەیمەن زەواهیری) لەدژی ئەم وێنە نوێیەی ێەوتە جیهادیهی ئێراق بوون، چونکە ئەوان وەك فیگوری دروستکراوی سیای ئەمریکی و درێژبووونەوەی ئەفغان عەرەب، هەستیانکرد چیتر بەکەێکی ئەم سەردەمە نەماون و بەسەرچوون…

ئاوەها داعش وەك سوپەرستار وەهابوون چێن پەیدابوون ئاوەها ێێیشتن، بەمەرجێك قاعیدە سەر بە نەوە نەریتگەراییە ئیسلامیزمەکە بوو، بەێام دەبێت ئەوەش بێێین، سەرەێای لاوازبوونی وزەی عەسکەری قاعیدە، هێشتا ێەگە مێژوویی و ئایدێلێژیەکەی کاردەکات و تەنها خواوەندەکان دەزانن ئەمریکا بێ کەی هەێیگرتوون! داعش بەپێچەوانەوە مێدێلە مەگدێنالزەکەی ئیسلامی سیاسی بوو، زێر زوو سەرف بوو.

بێئەوەی زیاتر لە مێدێلی ئەمریکانیزم و گەمەکەی تێبگەین لەناوچەکەدا لە نمونەی داعش دەرناچین و ئاوێك دەدینەوە، بەوەی چێن لەماوەی چوار ێێژدا، بەمانای لە ٦ حوزەیران تاوەکو ١٠ ی حوزەیران (یونیو) ٢٠١٤ داعش شاری موسێیان داگیرکرد. پرسیارەکە تاوەکو ئەمێێ ئەوەیە؛ چێن ئەم هەموو سوپایە بەرامبەر چەند کێاشنیکێف بەشانێك هەێاتن؟! بەێام دەرئەنجامەکان دیاربوو، بەوەی ئەم داگیرکردن و کشانەوە بەپەلەیە لە موسێ، وێاتانی کەنداو و تورکیا و ئێرانیشی هەژاند. ئیدی هەزارەها گرێبەستی کێینی چەك لەگەێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئیمزاکرا و چەکی ئەمریکی کە ئێستا بەکەێکی ئەمریکایەکان نەماون و سەد قات لەوە نوێتریان هەیە، ناوچەکەی تەنیوەتەوەێ. ئەمریکا وەك ئەو تلیاك فرێشە وایە کەسەرەتا تلیاکت بە خێایی دەداتێ بەێام کە موعتاد بوویت بەگران و سەد قات پێتدەفرێشتەوە…بەمجێرە چەکی ئەمریکی لەێێگەی تورکیا و قەتەرەوە لەسەرێکەوە درا بەداعش، لەسەرێکی ترەوە بە کورد و سوپای ئێراقی.

بەمجێرە لەترسی بێاوبوونەوەی چەکی ئەمریکی لەناوچەکە، دەوێەتانی

کەنداو و تورکیاش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی سەربازی خۆیان، ووردە ووردە کەوتنە کێبڕکێی چەکی نوێی ئەمریکی. بەمجۆرە دەخیلەکان بەتاڵدەبوونەوە، بەتایبەت تورکیا کەوتە تەڕەی ئەو فڕۆکە جەنگی و سوپادا ڕۆژ بەڕۆژ بەتاڵ و بەتاڵتر دەبۆتەوە. ئێستاش لەلایەك ئەمریکا گەمارۆی ئابووری خستۆتە سەر تورکیا و لەلایەکیش سوستەمی بەرگری ڕۆکێتی لە کەنداو کشاندۆتەوە، بەمانای گەمارۆی سەربازی خستۆتە سەر کەنداو وبەئاشکرا داوای پاڕەدەکەن و تورکیاش لەبەردەم ناچاربوونەدایە، بەمجۆرە ئەمریکا بەری داگیرکردنی موسڵ بەهەواشی و لەسەرخۆ دەچنێتەوە.

دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، بەتایبەت بۆ ئەو بزواتە سیاسیە لێکالانەی دژی گەندەڵی کاردەکەن، کە ئەمریکا و ئەمریکانیزم هەرگیز دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران نین، بەڵکو ئەوانە بۆ سیاسەتی نیولیبرالیزم وەك ئەو مریشکە وەهان کە هێلکەی ئاڵتونیان بۆ دەکەن و هەمیشە داڕدە و پشتگیریان دەکەن. بچوکترین نمونە؛ هەر لە ئێراقدا و تەنانەت پێش شەڕی داعش وەزیری بەرگری ئێراقی پێشوو (عبد القادر العبيدي) ، بەپێی لێدوانی ئەندام پەڕلەمانی پێشووی ئێراق (هاشم الدراجی) کە لە لیژنەی پەڕلەمانی بەدواداچوونداا بووە دەڵێت؛ جەنابی وەزیر (دە ملیار دۆلار) ی بۆ چەند گرێبەستێك ئیمزا کردووە کە لەبنەڕەتدا شتومەکە سەربازییەکان هەندێکیان نرخیان چل هەزار دۆلارە بەقازانجەوە، کەچی ملیۆنەها دۆلاری بۆ سەرفکراوە! یەك فڕۆکەی جەنگی نرخی دووسەد هەزار دۆلار بووە، کەچی جەنابی وەزیر بەدوانزە ملیۆن دۆلار کڕیویەتی! دوایش جەنابی وەزیر سەفەر دەکات بۆ ئەمریکا و لەپۆ ونەبێت. دوایی دەردەکەوێت کە لە ئەمریکا پاڕێداوەتەوە و نەشتەرگەری دەموچاوی خۆی کردووە!٤...ئاوەها بەڕۆزان ئەمریکانیزم کاردەکات، دەموچاوەکان وەك وەزیری پێشووی ئێراق دەگۆڕێت! بەمشێوەیە گەندەڵی لەڕۆگەی ئەمریکانیزمەوە هەندێکی گۆڕاو و یاسایی وەردەگرێت.

جۆرەیەکی تری ئەمریکانیزم لە کوردستانی باشوور بەمجۆرەیە، بەوەی دەیەوێت لە بەها نەریتەگراییەکانی شێشی تەقلیدیی کوردیی بدات کە لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە درۆژ دەبۆتەوە، بەمانای دەیەوێت پیرەکانی شێش فڕێبداتە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتەوە. بگومان لەڕۆگەی چین و توژێکی نوێ، کە لەهەناوی هەمان چین و توژی شێشەوە لەدایکبوون. ئەمانە منداڵە ئەمریکی و لەندەنیەکانی سەرکردە زیندوو و مردووەکانی شێشی کوردین.

ڕاستە ئەم منداڵانە لە دەموچاودا جیاوازن، لەبەرگ و زمانزانین و ستایلی ژیانی ڕۆژاوایدا جیاوازان، بەڵام لە جەوهەردا کوتومت کۆپی نەوەی پێش خۆیانن. لەسەر بنەمای ئەم کۆنسێپتە ئەمریکانییەی سەرەتاکانی گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاسۆگەدا خۆی دەرخستووە؛ ئەویش لەڕگەی ڕامایینی نەوەی کۆنی شێشە کە لە دەسەڵاتدان، بەنەوەی تازەی مۆدێرنی لەدایکبووی هەمان نەوە، بەڵام سەد دەر سەد پڕ ئەمریکایی.

ئاوەها چ لە زانی زەرد و لە زانی سەوز و مۆر، لەڕگەی پشتگیرکردنی هەژموونی ئەمریکانیزم لە ناو حزب و بزواتەکاندا، ئەم چینە و توێژە پیرانەی شێشی کوردی تەقلیدی، لەڕگەی منداڵە ئەمریکی و لەندەنیەکانەوە ڕادەماڵرێن و پڕگەی سەرۆك و جێگری سکرتێری گشتی و ڕۆکخەری گشتی گەر لانەبرێن ئەوا تەواو کاڵدەبنەوە و هەمزی دەکرێن. تەنانەت لەناو کۆنزەرڤاتیڤترین حزبی کوردی وێنەی سەرۆك تەواو کاڵدەبێتەوە بە هەژموونی نەوەیەکی ئەمریکی و پڕ ئەمریکیەکەی. لە ناو سۆسیال دیموکراتی کوردیدا ئەو نەوەیەی لە لەندەن گەورە بووون، هەمان ئەرك جێبەجێدەکەن و سیاسەتی ماگدەنالیزەکردنی یەکێتی ووردەوورده دەستێپێکردووە. لەناو گۆڕانیشدا منداڵە لەندەنیەکان دەمەکە هەموو سامانی گۆڕانیان بەتاپێی هەش لەبندەستدایە و بەو ئاستەیە کاردەکەن، کە نەوە کۆنەکەی باوکیان دەربکەن. تەنانەت کە وەفدە ئەمریکی بگانەکان دێن، سەرەتا لەگەڵ ئەم دوو منداڵە لەندەنیەدا کاڵدەبنەوە، وەك چۆن لەناو یەکێتیشدا هەمان چیرۆکە. لە پارتیشدا بەهەمان شێوەیە.

لەکۆتایدا، من وای بۆ دەچم ساڵی داهاتوو، ساڵی کۆنگرە حزبیەکان بێت، تێدا نەوەی کۆن، چ لەناو پارتی و چ لەناو گۆڕان و چ لەناو یەکێتیدا ماڵئاوایی بکەن. بەمەش سەردەم و ئێرایەك کۆتایی پێدێت. لەژێر ئەم چەترەدا دەموچاوی بیزنسمانی سیاسی نیو لیبرالی نوێ، وەك چۆن لە سەرۆکی نەوەی نوێدا بەرجەستەیە، لەدایکدەبن و لەژێر چەتری منداڵە لەندەنیەکاندا کەشکی نوێی سیاسی دەستپێدەکات، کە کەش و هەوای ئەمریکانیزمە لەناوچەکە.

ڕاستە هەندێك سەرمایە و پڕۆژە دەجووێت، بەڵام کۆی کوردستان دەبێتە پڕۆژەیەك بۆ کەرتی تایبەتبوون و فرۆشتنی ئاسمان و زەوی و ئیرادە و کردنی خەڵکی کوردستان بە کۆیلەی کارگەیەکی گەورە و کرێچی و پاسەوانی چینێکی نوێیی سەرمایەداری وەحشی ڕۆژهەاتی. بۆ ئەمەش سیاسەت لەیەکەم هەنگاودا بە ئاستەی (ماگدەنالیزەکردنی کوردبوون) هەنگاو دەنێت. بەمانای بەشمەکخۆرکردنی شوناس و کولتور

و بەها کوردیی و دیموکراتی و ئازادییەکانە. بە بێ بەهاکردنی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی و شوناسی کوردبوون و توانەی لەئێراقبووندا دەستپێدەکات.

بەمجۆرە ئەمریکانیزم گەمە نوێیەکەی خۆی دەکات، ئەویش فێدانی قەیرانێکی دیکەی ترسناکە بێ ناو شوناسە نەتەوەیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتیەکانمان. ئەمریکانیزم شێی دەوێت، کەنەڤاڵی خۆی دەوێت، هەربۆیە ئیرای ئەمریکانیزم لەڕگەی منداڵە لەندەنی و ئەمریکانیەکانی نەوەی سەرك و سەرکردەکان دەستپێدەکات و شێیە هەرزانەکەی ماگدەنالیزەبوونی کوردبوون وەك ئەنفالێکی ڕۆحی بەرکمان پێدەگرێت.

_____

پەراوێزەکان؛

١. One Hundred Years of Solitude – Chapter 12*

٢. بێ زیاتر دەربارەی پشتگیری سیای ئەمریکی لە سەدام لە ١٩٦٣ فەرموون لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەی ئیندیپێندێنتی بریتانی؛
https://www.independent.co.uk/news/world/revealed-how-the-west-set-saddam-on-the-bloody-road-to-power-1258618.html

هەروەها؛ چۆن سیای ئەمریکی سەدامی خستە ناو دەسەڵاتەوە – هارتفێرد ئەرشیف؛
http://www.hartford-hwp.com/archives/51/217.html

هەروەها ئەم لینکە؛ پگەی هەواڵە مێژوویەکان –
https://historynewsnetwork.org/article/1066

٣. دەربارەی دانپێدانانی سیای ئەمریکی کە لەپشت کۆدەتاکەی ١٩٥٣ ئێرانەوە بوون فەرموون لەگەڵ گاردیان؛
https://www.theguardian.com/world/2013/aug/19/cia-admits-role-1953-iranian-coup

٤. https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=75761&T.
چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە کەباسی ونبوونی (عەبدولقادر عوبیدی) وەزیری پێشوی بەرگری ئێراق دەکەن لە ئەمریکا
ڕۆژنامەی (الوطن)؛
https://www.alwatanvoice.com/arabic/news/2012/08/18/309555.htm

ۆژنامەی (الحیاه) ؛ http://www.alhayat.com/article/1555176

ئەمبابەتە لە کولتور مەگەزین بۆتەوە؛
/http://cultureproject.org.uk/kurdish

پاکیزەی شنگال... دۆزەخی هەمیشەی کچ و ژنانی ئێزدییەکان ... یاسین برایم

(پاکیزەی شنگال... دۆزەخی هەمیشەی کچ و ژنانی ئێزدییەکان)

یاسین برایم _ ڕواندز

-_____

لە خوێندنەوەی هەر ژانرێکی ئەدەبی ، پێویستی بە سەلیقەو تێڕامان و قووڵبوونەوە و دۆزینەوەی وێنە و کێد ومانا و واتای نێو دێرەکانە ولە هەمانکاتدا ، کردنەوەی دەرگایەکی تری بە ئاشنابوون بە جوانی و دونیای نێو دەقەکان. بۆئەمەش خوێنەر ، دەبێت خاوەن دیدەیەکی ڕەخنەیی و ئەزموونی بێت و بەردەوام لە جیهانی ئەدەبدا نزیك بێت وخەریکی خوێندنەوە و خوێنبییرکردن و توانەوە و ووچوون بێت بە نێو دونیا گەورەکەی ئەدەب . جا قسەکردن لە سەر هەر ژانرێکی ئەم ئەدەبە ، دەیان تیێر و تێبازو قوتابخانە و دید و بۆچوونی (کۆن و تازە) ، دەبنە کلیك و دەروازە بۆ کردنەوەی دەقەکان .

هەموو ئەمانە بەرهەمی مرۆڤن و بۆئەمەش دەکرێت ، لەگێشەنیگایەکەوە و بە تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆمان ، شتێك لەو جیهانە هەڵبنجین و ڕاو بۆچوونی خۆمان بخەینە ڕوو ، ئەمەش بۆ بابەتکی ئەوها ، ئاوێك لە ڕووداو و نمونەی نێو ڕۆمانی (پاکیزەی شنگال)(1) دەدەینەوە . ئازارو خەمەکانی کچ و ژنانی ئێزدیی نێو ڕۆمانەکە ، بەدیدەیەکی مرۆڤدۆستانە وخەمخۆرانە ، ئاشنایان ببین و هەڵگری خەم

و ئازارەکانی ئەوان بین ، بۆئەوەی ئەم تاوانە قیزوەنە، لە بیر تاکەکانی کۆمەڵگە بە زیندووی بمێنێتەوە و لە بەرچاوان بێت.

ڕۆمانێك ، تژی لە کارەسات و هاوار و خەم و فۆمسکۆشتن. خوێناوی لە خوێنی بێتاوانان و هەش لەلایەن هێزی تاریکپەرست و شمشێر بەدەست. شەڕی ناشیرینکردنی هەموو جوانییەکان و لەکەدارکردن وسوکایەتیکردن بە بەهایەکانی مرۆڤ. وێرانکردن وسڕینەوەی سومبلە ئایینییەکان و مزگەوت و پەرستگەو کەنیسەکان وگڕی پیاو چاکان و تەنانەت تەقاندنەوەی گڕی پڕغەمبەران و ماڵی خواش! لە لایەن ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری خودا دەزانن. جا هێزێك ئەمە کار و کردەوەی بێت ، دڵندەیی و بێبەزەیی ئەوانە دەردەخات ، کە چ هێزێکی ترسناك و پیس و قین لە دڵن. دەبینین سەرجەم مافەکانی مرۆڤ ، پێچەوانە جێبەجێدەکرێت. مافی منداڵ و ژن و بەساڵاچوان و ئاژەڵان و دارو درەختیش لە ژێرخانەی سفر خێ دەدزێتەوە. لە جێبەجێکردنی فەرمانێکی خودا (بەقسەی ئەوان) ، سەدان فەرمانی خودا پێشێل دەکرێت. ڕۆمانێك ، پێ لە وشەی غەمناك ودڕی خوێناوی و وێنە و چیڕۆکی ناخەژن.

گڕانەوەی مێژووێکی ناشیرینی ئەم سەدەیە ، کە تێدا نەتەوەی ژێردەست وئایین و مەزهەبەکان و دووچاری چەوسانەوەو هەگەزپەرستی وسڕینەوە ولە ناوبردن دەبنەوە. تاوانگەڵێك لە پێش چاوی هەموو وڵاتان و گەلانی دونیا ئەنجامەدرێت. تا نەهێش بە چەندین شێواز و ڕێگا و ئایدیا و دەستە و هێزی دەمارگیرو نەتەوەپەرست و تەوژمی سیاسیی و ئایینی توندەو و بەرگی جێراوجێر، درێژە بەم مێژووە هەش و قیزەوەنە دەدەن. کارەساتی شنگال و ئێزدییەکان لەم ڕۆمانە ڕەنگیداوەتەوە . چەندین لایەن و هەهەندی ئاڵوزو جیاواز لە خ دەگرێت. لە هەر گۆشەنیگایەکەوە، بۆوانینە بنیات و داشتن وکاکێ و کڕکێی بابەتەکانی ڕۆمانەکە. قسەو باس و وردبینی قووڵ وشڕۆڤەکردنێکی تێروتەسەڵی دەوێت.. ڕۆمانێکە ، مێژوو ، سیاسەت ، ئایین ، کۆمەڵایەتی ، دەروونناسی و ئایدیا و فکری تۆندرەو و نادادی وچەوسانەوەی مرۆڤ و ژێردەستی و زوڵم و ستەمی ناهەواو دەیان ڕووداو و دیاردەی ناشیرین وتاوانی بەکۆمەڵ و سەیر ، لە نێو ڕۆمانەکە خۆیان نمایش دەکەن. هەر ئەم تاوانانە بووە وای لە (سەلیم بەرەکات)(*)ی ڕۆماننوسی گەورە کردوە ، ئازارو چەوساندنەوەی ئێزدییەکان بکاتە هەوێنی ڕۆمان و پێشانی جیهان بدات.

لە ڕۆمانی (پاکیزەی شنگال) ، ئاە وخەم و کۆژانی سەدان منداڵ و کچ

و ژنی تەدایە. پاکی و فریشتەیی ئەوانەیە کە هەزەکی پیس و دڕندە و لە بەهاو ەوشتی مرۆڤ بوون، دایان دەماڵن و دەیانکەن بە کویلە. دەنگی خۆاگری و بوێری و چاونەترسی ئەو کچ و ژنانەیە کە بە (نا)یەکانیان. ملکەچی حەزو داواکاری ئەو هەزە نابنەوەو (مەرگ) بە شانازییەوە هەڵدەبژێرن ، نەك دیلی و ژێردەستی. ئەم ەماڵە ، ژان و ئازاری ژنە دوو گیانەکانە. خەمی منداڵی بێ لانەو بێ سەرپەرشتیارە. دەنگ و هەناسەی دایکە جەرگ سووتاوەکانە. فرمێسك و گریانی ژنە مەردکوژ وکچە بە زەر فرۆشراوەکانە. ماڵێك پڕە لە تاوان و چەوسانەوە و خوێن و فرمێسکی مرۆڤە بێتاوانەکانی دەڤەری شنگالە.

بەیاردەرکردن

هەزەك ، پیشەی خوێندشتن و سووتان و گرتن و کوشتن بێت. بێ ئەمەش هەمیشە بەیار بەدەستن و هەرچی بیانەوێت دەیکەن و شەرعییەت بەکارەکانیان دەدەن ، تا هەزو ترس لە نێو خەڵك بڕاوبکاتەوە. بەیار و یاسا و فەرمانە بە پەلە و تونەدکانیان ، ژیانی خەڵك دەکەنە دۆزەخ. کاتێك دەڤەرێکی زەر دەکەوێتە ژێردەستیان و هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی دەگرن و ئازاریان دەدەن. ئەمی رو گەورەکانیان ئەوها فەرمان بە چەکدارەکانیان دەکەن. کە بەچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بکەن ، کە لە ژێرَدەستی ئەوان دان. چۆن فەرمانی کوشتن وگرتن و فرۆشتنیان دەدەن .
" هەر کافرێك لەمانە ، بووە مایەی زەڵەزەڵە و دەنگەدەنگ بیکوژن، ئەو منداڵەی دەگری و کپ نابێتەوە پەلی بگرن و بەدیوارەکەیدا بدەن… کچە وشەکەرەکان لە ولایەتی موسڵ بنێرن…. ئەو منداڵانەی نێرینەن بیانخەسێنن، تاکو لەسەر بێ جاهێڵەکان لە بەتەمەنەکانیان جیابکەنەوە و بێ ماڵەکانی خەلیفە و موجاهید ئەمری خودا گەورە نەبن، ئەوانە کۆیلەی ئێوەن، بە پێی شەریعەتی ئیسلامی دەسکەوتەکانیان ، ژنە لە نێو خۆتاندا دابەش بکەن، ئەوانەی دەمێننەوە بێ فرۆشتن بێ بازاڕیان بنێرن….ل262"
بە پێی ئەو لێکدانەرەوشارەزایانەِی لەسەر (داعش) ئەنجامیان داوە ، ئەو زانییاریانەیان پشت ڕاستکردۆتەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی داعش ، لە ناوبردن و سڕینەوەی یەکجارەکی ئێزدییەکان و ئایینەکەیان بووە ، بۆئەمەش ئەوەی لە دەستان هات کردیان. بەڵام خەونەکانیان نەچووە سەر.

خەساندن

کرداری خەساندن بۆ ئاژەڵە نێرینەکانی وەکو (جوانەگا و گا و کەر و ئەسپ) بەکاردێت بە مەبەستی بەهێزبوونی جەستەو سوود وەرگرتن لە کاروباری جووتکردن و بارهەڵگرتن . ئەگەر ئەمە بۆ ئاژەڵ ئازاربەخش بێت. ئەی بۆمرۆڤ چ تاوانێکی گەورەیە ، نێرینەکان بخەسێندرێن و لە پیاوەتیی و شەهوەت و وەچەیان بکەن.دەسەڵاتدارو شارستانیەت و نەتەوە زلهێزەکان . مێژووێکی هەشیان لەم کارە تۆمار کردووە. پاشا و میرو سوڵتان و خەلیفە و والی و بازرگان و پارەبەدەست و شمشێربەدەستەکان . لە کێشك و تەلار و حەرمسەراکانی(2) خێیان، سوپایەکی زێریان لەم خەساوانە هەبووە، بۆمەبەستی تایبەتی خێیان. ئەگەر بۆ سەردەمی کۆیلایەتی ئەمە هەوا بێت ، هەرچەندە هەواش نییە. کەچی لە سەردەمی ئێستادا ، ئەمە تاوانێکە لەخشبووونیان بۆ نییە ، بە بۆ هیچ هۆکارێك کۆمەڵك منداڵ ، بخەسەندرێن. لەم ڕۆمانە ، دیمەنی بەکۆمەڵخەساندنی تێدایە ، بۆ ئەوەی تا مردن ، دیل و ڕەزیلی دەستی ئەوان بن!
" … ئەو منداڵانەی نێرینەن بیانخەسێنن، تاکو لەسەر بۆ ئەمری خودا گەورە نەبن، ئەوانە کۆیلەی ئێوەن… ل262"

خەتەنەکردن

کارێکی سووك و قیزەوەن ، کە مرۆڤ لە باسکردندا شەرم دەکات، کەچی ئەوان پاکییەتی ئافرەت لەو سونەتکردنە دەبینەوە. دەستدرێژی بکەنە سەرکچان و ژنان و خەتەنەکردنیان بە کارێکی پیرۆز بزانن ، وەك جیهاد سەیربکەن. ئەوانەی لە سەربڕین رزگاریان بووە و نارەی بنبڕینیان دێتە سەر!. ئایا ئەمە کاری پیاو وکەسانی ئایینییە ، دەست و پەنجەی لێ هەڵدەکەن و ڕوو دەکەنە نێو گەیان. دەبۆ ئەو چەقۆ بە دەستانە، پرسیاریان لە خێیان کردووە، ئاخۆ دایك و خۆشك و کچی خێیان خەتەنەکراوە وخێیان خەتەنەی دەکەن؟ یا جورئەت و ئازایەتیان تێدایە ، دەرپێ لە خوشك و دایکی خێیان بڕنە خوارو خەتەنەیان بکەن؟! ئەی خەتەنەکردن و کوشتنی شەهوەت و حەزی ئەم هەموو کچ و ژنانە لە پێناوچی!! خۆ ئەوان بەخۆکەرو هەڵپەڕاوی ئەوان نین ، تا ئەم کارە بکەن. لەڕەشدا باس و گۆڕانەوەی ئەوانە دەخەینە ڕوو ، کە هەموو مرۆڤایەتی شەرمەزار دەکات.
" لە خەتەنەکردنی دوو مانگ لەمەوبەری ، هەربەتەنیا ئەو خەتەنە نەکرا، گەڵ ژنی لادێی دیلی دیکەشیان لە گەڵ ئەو دا خەتەنەکرد…. ل258"
" تۆ ئێزدییەکی قەحبەی کافری… بۆیار دراوە خەتەنەت بکەین، ئەو پنتکە زیادەیەت ببڕن. سوپاسی خودا بکە کە ناتسووتێنین و

هەڵتناواسین. ل266″
” بەسەزمانە … باسی بۆکردم چۆن بە زۆر لاقە کراوە لە لایەن ئەمیرێکی شیشانییەوە… دواجار هەلاتبوو، بەڕام گرتیان و بردیانەوە…. بەزۆر و بەشێوەیەکی سەرەتایی و دڕندانە خەتەنەیان کردبوو…. ل196″

لاقەکردن و سوکایەتیی پێکردن پیشەی هەمیشەیان ، بڕوانە ئەو کیژو ژنانە ، لاقەدەکەیت وخەتەنەی دەکەیت و وەك قەحپە سەیری دەکەیت دواتر وشەی کافربوونی دەدەیە پاڵ . ئەوجا سوپاسی ئەوان بکەیت کە (نەیانسووتاندووە و هەڵیاننەواسیووە). ئایا ئەم سوکایەتییە ، گەورەترین کوشتن نییە ، ڕۆح و کەسایەتی بۆ هەتا هەتایە پارچە پارچە دەکەیت! بە ڕۆژ سوکایەتیی و بەشەویش ، خۆیان بە قوربانی ناو گەڵیان دەکەن . بە کافرو قەحپە ناویان دەبەن ! لەلایەکی تریش پێشبرکێ دەکەن لە سەر کچ و ژنەکان لە خۆیان مارەدەکەن و کە تێردەبن و دەیفرۆشنەوە بە هاوڕێیەکی خۆیان و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی یەکێکی تردەدەن.. لەوانەیە جوانترین پێناسە بۆ هەوشت و کار و کردەوەی ئەو دەستەیە ، هەر ئەوە بێت ئافرەتێك بەم شێوەیە باسی دەکات.

” لەم دونیایەدا لە کوشتن و گان وگوللە و پارە وسامان بەولاوە، هیچی دیکە نازانێت…. ل186″
سووکایەتیی و مردنی هەمیشەیی
کچ و ژنانی ئیزدیی بەوە ناسراون ، خاوەن هەوشتی بەرز و داوێنپاکی و بوێری و ڕاستگۆن. پابەندی ئایینی خۆیانن و لە یاساو ڕێسایەکانی خۆیان لانادەن و پێگەو بەهاو کەسایەتیی خۆیان هەیە. ئەمانە بە ئاسانی ئایینی خۆیان ناگۆڕن ، تووشی کوشتن و هەڵواسین دەبن ، یان بە زۆری ئایینەکەیان پێدەگۆڕن و سووکایەتییان پێدەکەن. لەوانەیە دیمەنی ئەو هەرزەکارو کیژۆڵە ئیزدییانە ، ئەوەندە ئازارهۆن و خەمهێنەر بێت ، هەر لە ڕۆژیی دوایی بچێت ، کاتێ نایانەوێت ئایینەکەیان بگۆڕن ، لەبەرچاوی خەڵك (نموبازار) ، بە ووتی دارکاری دەکرێن و پرچیان دەتراشن و هەتکیان دەکەن. بەڵام ئەوان سوورن لە سەر ئایینە پیرۆزەکەی خۆیان و بەرگەی هەموو سووکایەتییکیش دەگرن.. ئەم ڕووداوە ، هەر لە ڕووداوەکانی کۆمەکوژی جووەکان دەچێت کە زمان ناتوانێت بگێڕتەوە و چاو توانای بینین نییە ، چونکە ئەوەندە قیزەونە.

“ئێمبڵەکە لە لە ناوەڕاستی بازاڕەکە ڕاوەستا و چوار چەکداری لێ دابەزین، لە پشتی پیکابەکە شەش کیژۆڵەی ڕووتو قووت ، تەمەنیان

نزیکی یەکە ، هەردەمی جمکن و لە یەك هەحمەوە دەرچوون. لە شەرم و ئابووی خەیاندا هەر ئەوە نییە بتونەوە... هەموو بە یەك زنجیر بەستراونەتەوە... ل35″

" روخسار ئاوەییەنەکە چووە ناو پیکابەکەوە ، یەکە یەکە دەستی لە سمتیان دەدا، وەك گرانی هەسەنگنێ، بە شێوەیەکی شەرمەزارانە و بێئابرووانە ئەوەی دەکرد، بزەی سەرکەوتنی دەخستە سەر لێوی، بەوەشەوە نەوەستا نووکی دارەکەی بە کەمی یەکێ لە کچەکاندا کرد... ل41″

" کە قامچییەکەیان بەرزدەکردەوە ، شونەکەی گورجێ خونی لێ دەچڕا، کە قامچییەکەیان دادەهێنایەوە، پریشی خونی جەستەیان بەملاوبەولادا دەپرژا، سێیەم کچی ێیزی یەکەم سەری لاربووەوە و لە هاوارکردن کەوت، پەستی بووبووە نەخشەیەك لە خوێن ولە ناو گەێیشیەوە میز بە ێان وقاچیا هاتە خوارەوە. ل42″

بوێری کیژ و ژنان هەمیشە سوورن لە سەر ئایینی خەیان ، دەزانن لە لایەن ئایینێکی تر ئەم سوکایەتییەیان پێدەکرێت. ئەوان خەڵاگرن ، لەبەردەم راسپاردەو بێیارو یاساکانی ئەوان (نا) دەڵێن. بەڵام ئەوان بێتاوانن لە بەردەم هێزێکی وا ، کە دیلی دەستی ئەوان و ئەوانیش دڵخی ناکەن لە لێدان و ئازار و کوشتن و ملکەچکردنیان بە زۆرەملێی .. کەچی ئەوان مردنیان پێخەشترە ، بە سەربەرزی و شکێیی دەزانن ، نەك مل بێداواکارییە سەپێندراوەکانی ئەوان دابدەن.. بێ ئەمەش نمونەی ئازایەتی و هەوێستجوانی ئەوان دەبیندرێت. مەرگ هەدەبژێرن، نەك ژینی ژێردەستی و چەوساندنەوە.

" لەشەرمی نامووسی خەمدا خەریکە دەمرم، هیچم ناوێت لە مردن بەولاوە...بەناوی دینەوە بە قەحبە بووم... هەموو ڕۆژێك جاشێك بە ناوی دینەوە لاقەم دەکات... هەرچی پاکی و خاونی لە جەستەمدا هەبوو هەموویان مژی و پێیان کردووم لە ژار... ل309″

بوێری ئەو کیژیانە زۆرن ، نایەنەوێت بە زۆر وەك دەسکەوتی شەێ و لەلایەن ئەو هێزە دەستدرێژیان بکرێتە سەر ، یان لە ڕێگای مارەکردنێکی ناچاری و بچنە باوەشی دوژمنەکانیان ، نەخاسمە کەسانێك پیر و گەورەی وەك باوکیان بێ تێرکردنی حەزو ئارەزوویان بەردەبنە گیانی ئەم کچ و ژنە دیل و داماوانە. نمونەی وەها زۆرن ، لەم ڕۆمانە پەنجە بێ ئەو کیژڵەیە دەبەین، کە گوندەکەیان تووشی سەربڕین و کۆشتارگەی مەزن هاتووە،

"کچێکی تازە هەڵچووی دانیشتووی گوندی (کوجو)خێی کوشت، کە زانیی وەکو دەسکەوتی شەێ بە ئەمیرکیان بەخشیوە... ئازایانە خێی خنکاند...ل339″(**)

رووداوه سەیرەکان

رووداو و هەواڵی سەیرلە سەر کار و کردەوەکانیان گومان لێ بووە ، یان لە گرتەی (قیدیۆ و ئینتەرنێت)، هەواڵی پێ شك و جەرگبڕمان پێش چاو هاتووە. لەم ڕۆژانەش ، شتی وا زۆرە ، کاتێك کەسێك ، کارێك ئەنجامدەدات کە بەدڵی ئەوان نییە ، تووشی سزای توند دەبێتەوە ، کارێك پێش هاتنی ئەوان ئاسایی بووە، هیچ شەرم و تاوان و ناشیرین نەبووە. بەڵام ئەوان کاری وا نیشانی بکەری کارەکان دەدەن ، زۆر قیزەونترە.. منارێك لە سەر گۆرانی عەرەبی و پانتۆڵا و جگەرە و مەی و نوژنەکردن.. بە قامچی و دار وپەت ، دڕەخی بۆدروست دەکەن…
"گەنجێ بە هۆی تاوانی جگەرەکێشانەوە لە یەکێ لە چایخانەکان پێستی بەدەم قامچیەوە دادەماڵرێ ، دوو ڕیشداریش هەریەکە و سەرکی پەتەکەیان گرتووە ، دارەکەش بۆ شکاندنی قاچی گەنجێکی دیکەیە، چونکی تاوانێکی گەورەی کردووە و پانتۆڵی جینزی لە پێدا بووە… هەینی ڕابردوو ژنکیان هەواسی، چونکی ملکەچی مێردە مجاهیدەکەی نەبووە. … ل66"
لەسەر مەیخواردنەوەش ، بە نەعل و پێاو لە مەیخۆران دەدەن ، گوایە فەرموودەی پێغەمبەری لە سەر جێبەجێدەکەن.
" ئەمە مەیخۆرە ، نەفرەتی خودای لێ بێت و شەرمەزاری بکات… بە نەعل و لقی دارخورما لە مەیخۆران بدەین… ل69"

دەستدرێژیکردنە سەر ژنان

هەر شونێك لە لایەن ئەو هێزە داگیرکرابێت و دەستیان بەسەرداگرتبێت ، ئەگەر بۆ کاتژمێرکیش بێت ، کارەسات و تاوانی خوناویان ئەنجام داوە ، کوشتن و هەفاندن کاری سەرەکییان بووە، کچ و ئافرەتە بە شووەکان وبگرە پیرەکانیش، وەك دەسکەوت و خەڵات و پاداشتی سەرکەوتنیان هەپێش خۆیان داون . دەستدرێژیان کردونەتە سەریان و لاقەیان کردوون. تەنانەت بەزۆری و زۆرداری لە بەرچاوی خێزان و باوك و براکانیان یان دایکیان! دەستیان بۆ بردوون و جەستەی پاکیان پۆ ژەهر وپیسایی وشەهوەتی بۆگەنی خۆیان کردووە.. کچانیان بە دیاری بۆ گەورەکانیان بردوون و ئەوانیش وەك گورگی هار، چنگیان لە جەستەی ناسکیان گیرکردووە .

زۆریشیان لە بەرچاویان هاوسەرەکانیان کوشتوون و سەریان بڕیوون. یان لەدایکیان جیاکردونەتەوە و بۆ کرین و فرۆشتن و بازرگانی پێکردن ڕەوانەی شونێنی تایبەت بە خۆیان کردوون. بۆئەمە کچ و ژنانی

ئیزدیی و مەسیحی بە بیانووی ئایینی جیاواز و کافربوونیان هەرچی خوا پێی ناخۆشە ، لە بەرامبەریان ئەنجامی دەدەن.. چیرۆکی ئەو دەستدرێژیانە ئەوەندە زۆرن ، هەموو کتێبان و گەڕەك و گوند و شار و ئاردوگایەك ، چیرۆکگەلی وا ، سەیرو قیزەوەن و سووك و ویژدانهەژێن و توقینیان تێدا ئەنجامدراوە.. مرۆڤ لە بیستن و بینین و گێڕانەوە ، شەرمەزار دەبێت.. مێژوکی هەش و تاریك و خوێناویی و پڕکارەساتە کە تێدا ژنان قوربانی گەورەن!لەسەر زاری ئەو ژنە دێزەخدیوانە ، ئەوها باسی تاوانەکان دەکەن…

"خەڵکێکی زۆریان کوشت ، بە بێ هۆ، دەستدرێژیان کردە کچ و کچێەکان و ژنە بەشووەکان. ل25"

" لە پێش چاوی باوك و برایانەوە دەستدرێژییان کردێتە سەر کچەکان، ئەمە لە سەرەتای داگیرکردنەکەدا ڕووی دا ، ئیسلامی درندە نازانین لە کام بیابانەوە پەیدا بوون… ل58"

" زۆر بە ئاسانی هاوسەرەکەمیان کوشت، لەبەر ئەوەی دووگیان بووم و مانگی خۆم بوو، وازیان لێ هێنام… ل74"

" هاوسەرەکەمیان سەربڕی، بە بەرچاومەوە، وەکو بەرخ سەریان لە لەشی جیاکردەوە… ل76"

بازرگانی کردن بە کچ و ژنان

یەکێك لە هەرە ناشیرینەکانی ئەو هێزە تاریکپەرستە ، بازرگانیکردن بە کچ و ژنان و فرۆشتنیان بە دەست و لایەنگر و کریارەکانی خۆیان. بۆئەمەش بازاڕێکی گەورەیان بۆخۆیان دروستکرد و کەوتنە مامەلەکردن بە جەستەی ژنان و فرۆشتنیان بە نرخێکی هەرزان. ئەمەش جۆرێکە لە سوکایەتییکردن بە مرۆڤ . ئەمە ئەو کارە کرین و فرۆشتنی دیل و کەنیزەکان لە چیرۆکەکانی (هەزارو یەك شەوە)(***) دەبینن کە چەندین سەدە ئەم بازرگانیکردنە ڕوویداوە. بەڵام بە سەردەمی ئێستا و لەلایەن ئەو هێزەوە ئەو پەری سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی مرۆڤ و ئایین ونەتەوەکان دەکرێت.. هێشتاش ژمارەیەکی زۆری ئەو ژن و کیژانە بەم شێوەیە بێ سەرو شوێن کراون و چارەنووسیان نادیارە. هەندێکی تریش ئەوەندە دەستاو دەستیان پێکراوە لەو شار بێ شارێکی تر گواستراوەتەوە ، وەك دەسکەوتی شەڕ مامەڵەی پێوەکراوە.. ئەو هێزەی لە پێناو خودا دەجەنگێت ، دیویکی تری بازرگانیکردن و پەیداکردنی پارەو سامان وماڵە. هەرچی حەزیان کردووە و ویستوویانە بێ دەستکەوتنی خەون و حەزو سامانەکانیان.

بێ ماندوو بوون بە ناوی مجاهید و ئەمیر و خەلیفە بۆخۆیان دەستەبەر کردووە. بۆئەمەش هەمیشە بەدوای کچ و ژنانی جوان وناسك

گەاون و لە دەوری خیان کەکردونەتەوە. یان لە نو خیان وەك دیاری و بەخشیش دەستاودەستیان پەوەکردوون. یان لە رگای دەلالەکانیانەوە بە پارەیەکی کەم هەرزانفرش کراوون.
"هەموو ژنە ئزدییەکان ، کەنیزەی دیلن . زربەیان لە موسا و ەقەقە و حەلەب و فەلوجە فرشران... هەر داعشك بەشی خی لە ژنە کەنیزە دیلەکاندا هەیە، دەتوانت بیانهیتەوە لە گە خیدا ، دەشتوان بیانفرشتەوە بە هەرکەسك بیەوت ، تا شت پارەی دەسکەوت... ل54"
" ژن و کچە دیلەکان دەفرشن، یان بەسەر موجاهیدەکاندا وەکو دیاری دابەشیان دەکەن، ... ل152"
خیانەت
کارەساتەکە ، هەر ئەوە نییە دەقەرك ، دەکەوتە دەستی هزکی بگانە ودەندە. ئەوی لە خەیای خەکەکە بە ئاسانی باوەناکرت و ناچتە مشکیان ، چن ئەوها بە ساناهی و بەو شوە بەرفراوانە هەموویان وەك مەك بدرنە دەستی ئەم گەلەگورگانە. پشت لە خاك و خەکەکە بکرت و بەرگرییەکی ئەوها نەکرت کە شانازیی پەوە بکەن.. ئەمەش بە جرك لە فرشتن و بازرگانیکردن بە پیرزیەکانیان دەزانن.. هەموان پشتی تدەکەن . ئەم کەمەکوژیە دووبارە دەبتەوە، کە لە لایەن دەسەات و نەتەوە و هز و دەمارگیری ئایینی لە ابردوو بەرامبەر بە ئزدییەکان ئەنجامدراوە. بیە ئەم ەخنەیە بە ئاشکرا لە دەمی کەسایەتییەکانی نو رمانەکە دەبیسترت ، کە ئەمە بە خیانەت و فرشتن بە هزکی دندە لە قەمی دەدەن.

" سەگەکانی حکومەت و دەسەات و حزبەکان بە تەنیا جیانهشتین... ل57) "
تەنانەت پرسیارەکە ئاراستەی هزە کوردییەکان و پشمەرگەش دەکرتەوە کە بەو شوەیە نەبووە شایەنی باسکردن بت . چونکە دەقەرکی بەرفراوان ئەوەها بدرتە ئەو هزەیە کە بەرگریکردن و شەکردن وەك پویست نەبووە.
"هەموویان ئمەیان خەتاند...حکومەت فرشتینی ، پشمەرگەش ئمەی فرشت...من هەموو کەسوکارەکەم لە دەست دا و کەسیان نەمان... ل229"
جا خودی کارەساتەکە ئەوەندە مەزنە ، مژووی مرقایەتی شەرمەزار دەبت . کە بچی ئەمە بە ئاسانی ووبدا. بئەمەش پرسیارگەلك ، روبەرووی ئەوانە دەبتەوە . کە کەمتەرخەم بوون لەم کارەساتە گەورە و جیهانەژنە. کە تدا مرق هەست بە شەرمەزاری دەکات. چونکە ئزدییەکان زەرەمەندی یەکەم بوون و خاك وئایین و بنەماەو

خۆزانەکانیان، بوونە قوربانی ئەو شەڕە نەگبەتییە، کە ئەوان بۆتاوان وهەرچی تاوانی ناشیرینەو نەخوازراوە بەرامبەریان دەکرێت. بڕینێکە ساڕێژبوونی نییە لە مژووی ئێزدییەکان.

" لە هەرماێیکی ئێزدیدا، کوژراوێك و دەربەدەرێك و ونبوویەك و دیلێك هەیە... ل75"

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم ڕمانە ، مرۆڤ هەست بە گەورەترین کێژان دەکات. چەوسانەوەو زوڵم و ستەمی و دەستدرێژی و سێنەوەی ناسنامەی نەتەوەو ئایینی ومەزهەبی . بێبەهاکردنی مرۆڤ بە بگوێدان بە تەمەن و ڕەگەز و شکاندنی شکۆ و پیرۆزیەکانیان. ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕ و ترسناك ، کە تێدا کۆمەکوژیەك نیشانی جیهان دەدات ، دادگایەکان لە ئاستیدا شەرمەزاردەبن و مافەکانی مرۆڤیش لەم بارەیەوە تەنها دەبنە قسەو برگە و ڕستەی سواوی نێو بەیاننامەو مانشێتی ڕۆژنامە و تیڤییەکان. ئەم ڕمانە کۆی بەگەو ڕووداو و مەرگ وئازاری بکۆتایی دەڤەری ئێزدییەکانە ، ئاوێنەیەکی ڕاستی ئەو مژووەیە ، کە کچ و ژنان ، لە دۆزەخی هەمیشەیدا ، دەنگی ئازارو هاواری بۆتاوانیان دێت. بڕینێکی قووڵەو ساڕێژ نابێت وخوێنی لێ دەچڕێت . ئازارەکانی ئەم ڕمانەش ، نە هەر بەنووسینێکی بچووك ، بەکو دەیان فیلم ناتوانرێت مشتێك لە خەروارێکی ڕووداوەکان بخەنە ڕوو.

سەرچاوە و پەراوێز :

1. پاکیزەی شنگال، وارید بەدر السالم، وەرگێڕانی : ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، 2018 ، سلیمانی. چاپ و پەخشی سەردەم .
* ڕمانی(سەلیم بەرەکات) بە ناوی (سبایا شنگال)ە.
2. ئافرەت لەودیو پەردەی حەرەمسەراکانەوە ، حەسەن ئازاد، و: وریا قانیع ، چاپی یەکەم ، 2007، هەولێر.
**. کۆج : گوندێکی ئیزیدی نشینە و (23) کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شنگالە. (داعش) ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو گوندەی کۆمەکوژکرد و ژمارەیەکیش بە دیل گرتن و ماڵ و موڵکیشان بە تاڵان بردن. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر گوندی (کۆج) و ڕووداوەکە بڕوانە : کتێبی (جینۆسایدی ئێزدییەکان … کۆج)، داود مراد خەتاری ، وەرگێڕان و ئامادەکردن : تەها سلێمان ، چاپی یەکەم ، 2015.
* * * هەزار و یەك شەوە ، لە لایەن (جەوهەر مەحمود داراغا) وەگێڕاوە بۆ کوردی ولە ناوەندی هونەری وێنەگرتن ئەندێشە، بە

چواربەرگ، چاپ کراوە. چەندین سەدەیە ئەم چیڕۆکانە دەگێڕدرێنەوەو بەشی زۆری چیرۆکەکانیش باس لە بوونی کرین و فرشتنی ژمارەیەکی زۆری کەنیزەو خزمەتکاروکویلە کراون

تێبینی : لە هەفتەنامەی (ریگای کوردستان) ، ژ (1143) بەشی یەکەم ، ژ (1144) بەشی دووەم ، بڵاوکراوەتەوە.

بۆچی کەم ئاوی لە توێژینەوە ئاتی ناوین دا، دەبێتە مایەی شۆڕ و هەرا … لە ئەنجامدانیدا: هەڵە بەرزنجەیی

بۆچی کەم ئاوی لە توێژینەوە ئاتی ناوین دا، دەبێتە مایەی شۆڕ و هەرا.
جەنگ و ووبەووبوونەوە لە توێژینەوە ئاتی ناوین دا. دەتوانێت خراپتریش لە هەنووکەدا ئاو ببێتەکی گرنگ دەبینێ لە زۆر بەت.
شۆڕ لە پێناوە هەر تکە ئاوێک دا
نووسینی :Christian Böhme,Berlin
Thomas Seibert, Istanbu

لە ئەنجامدانیدا: هەڵە بەرزنجەیی

-_____

توێژینەوە ئاتی ناوین،6% ی دانیشتوانی جیهان پێک دێنن،لە 1% توێژی ئاوی خواردنەوەی لێیە. توێژینەوە ئاتی ناوین و باکووری ئەفریقا لە قاقە و وشکترین ناوچەکانی گەی زەوین. قاتووقی ئاو، لەم دەڤەردا بەردەوام هەرا و کێشی ناوخێیی و دەرەکی گەرم دەکات.

بە بارودۆخی دژوار و ناخۆشی کەم ئاوی، هەکار زۆرن لەوانە:
ـ گۆڕانی ئاو و هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە هاوین دا تا پلەی 50، کە ساڵی پار لە کوت باندە بە هەی گەرماوە کوتوونەتە

سەر زەوی بە مردوویی. هەندێ لە زانستکاران ترسی ئەوەیان هەیە، چەند ناوچەیەکی کەنداوی فارسی لە کەمتر لە ١٠ ساڵی داهاتوودا، کەس نەتوانێ تێیاندا بژی. ساڵانەکە سەردەمی وشکبوونەوەی بەردەوام هەووی لەم ناوچەیە کردووە. لە ئیسرائیل چەند جێگە و هۆبارێکی ئەملاولای هەوباری ئەردەن وشکبوون، لەبەرئەوەی 5 ساڵە باران کەمتر دەبارێ لە جاران و هەتا بێت باران بارین هەوو لە نەمان دەکات. فاکتەکی تری ئەم بارودۆخە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکەیە بە ڕێژەی 2% ساڵانە. ئەمەش زیاتر بە شارکانەوە دیارە،کە هەتا بێت خۆڵەک هەوو لە ناوەندەکان دەکات.
ئاوی تینیوویەتی ملیۆنەها قاتی خۆڵکی نادرێت. بەم جۆرە لە ئێستادا ئاو لە زەر شێ و هەرای ڕێژەیاتی ناوەڕاست دا، ڕۆی گرنگ دەگێڕێ. بەنداوەکانی سووریا و عێراق ئامانجێکی گرنگی داعش بوون، بە دەست بەسەرا گرتنیان لە مەیدانی شەڕدا. هەزی تەقینەوەی کەشۆ و هەراکان لەسەر ئاو 3 هەوباری ڕێژەیاتێ، کە لە وڵاتانی دراوسێوە هێدەقوڕێن و دێن. ئەمەش وا دەکات شەڕی دابەشکاری/ ئاودابەشکردن، سەرهەڵبدات. نیل لە قوڵایی ناوەوەی ئەفریکاوە دەژێتە میسرەوە. دیجلە و فورات سەرچاوەیان، وا لە تورکیا (لەڕاستیدا سەرچاوەی دیجلە و فورات لە کوردستانێ و نووسەرانی ئەم بابەتە نیان ویستووە، ئاماژەی پێ بدەن و باسکی شەڕی کورد و دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بکەن ــ و). لە توژینەوەیەکدا لەمە کەم ئاویی لە جیهان دا، بانکی جیهانی هاتە سەر بیارێک، دەوڵەتانی ناوچەکە دەبێت زیاتر پێکەوە کار بکەن، تاوەکو" ئاسایشی ئاو" زیاتر بکەن. ئایا ئەمە جێبەجێ دەبێت؟.

تورکیا،عێراق، سووریا تورکیا



تورکیا جیا لەو وەتانەی دراوسێی باشووریی، بە بڕاورد لە ئاودا وەتەکی دەوڵەمەندە. تورکیا بڕبڕستی ئاوی تۆوراتی هەردوو دیجلە و فورات دەکات، کە بڕەو باشوور دەڕۆن، لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورەی بەنداوەوە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێنادەڕۆ،(گاپ – و) بە بیانووی بەدەستهێنانی سەرچاوەی وزە و ئامانجی ئاودێری وەات و دەروبڕیەوە ئاو گل دەداتەوە. سووریا و عێراق دێیان ساڵە گازندە و هاواریانە لە سیاسەتی تۆندوتیژی ئێنقەرە. گومان لە تورکیا دەکرێ، بیەوێ چکە چکە ئاو بە دراوسێکانی بڕ بداتەوە. ئێنقەرە بڕدەوام ئەو تەماتانەی ئاڕاستەی دەکرێ ڕەتدەکاتەوە. بە کەتاییهێنان بە گازندەیی درواسێکان. لە هەنوکەدا بەنداوی Ilisu لەسەر ڕووباری دیجلە، لە ناوچەی خواروووی ڕۆژهەڵاتی باتمان هەرای ناوەتەوە، کاربەدەستانی تورکیا سەرەتای مانگی6 دەستتیان بەکارکردن، حەوزەکانی پشت بەنداوە زبەلاحەکە پڕ بکەنەوە. دوای هەفتەیەک ئەم کارە ڕاگیرا، لەبەرئەوەی بەهەی کەمبوونەوەی ئاوەوە، ناڕەزایی تۆندی بەغدا بەرز بۆوە.

ئیلیسو، لەناوخەی تورکیاش دا مشتومڕی لەسەرە، چونکە دەبێتە هۆکاری شارەکی دەرینی وەک حەسەنکەف(شارەکی دەرینی کوردستانە – و) و نزیکەی ٢٠٠ گوند و ناوچەی تریش ببن بەژێر ئاوەوە. پارێزەرانی ڕۆژئاوا، لەم پڕۆژە گەورە ملیاردییەدا، خەیان لەم پڕۆژەیە کشانەوە. بەهام مەسەلەکە بە عێراق زۆر لە پارە زیاترە. ئەم وەتە

3/4 سە لەسەر چواری پێداویستی ئاوی خواردنەوەی لەو ئاوانە بەدەست دێنن، کە لەپشت سنوورەکانەوەیەتی. وەک دیجلە و فوراتیش سەر بەم سەرچاوانەیە – بەپێی قسەی عێراق تورکیا لەرێش ئاو دەگرێتەوە. لە ئابووردووا عێراق توانای ئاکشانی 30 ملیارد مەتر سێجا ئاوی لە دیجلەوە هەبووە. وەزیری ئاو حسن النجیب لە سایی ئابووردودا بە رۆژنامەی"Independent"بەریتانی وتووە. ئەو لە ئەمدا خشحاڵە، ئەگەر 16 ملیارد ئاو بێتە وەاتەکایەوە.

کێشەی کەم ئاوی ئێستکی گرنگی بینی لە سووریادا لە سایی 2011 دا، کاتێ ئاپەینەن دژ بە سەرەک بەشار ئەسەد سەری هەدا، چونکە زنجیرەیەک خراپی لە بەروبووم، دەیان هەزار کەسی لە خەک لە گوندەوە دەرپەاند و چوونە شار. کە ژمارەی زۆری بێکاریی هێندەی تەشەوان و تێکەوپێکەی کرد. لەشەی ناوخدا بەردەوام ئاو بەمبەست وەک چەک بەکارهێناوە، نێتەوە یەکگرتووەکان ئەخنەی لە ڕژمی ئەسەد گرت، ئەو ناوچانەی کە لەلایەن یاخیبوونەکانەوە، کەنترۆڵ کرابوون، لە ڕژئاوای باکووری دیمەشق بەمباران کرد و سەرچاوەی ئاوی لە 5,5 ملیۆن مرۆڤ بەماویەک خاپوور کرد. هەروەها ئاپەیوکانیش لەوە سە ناکەنەوە، ئاوی ئەو ناوچانە بگرنەوە،کە لەلایەن ڕژیمەوە بۆمبەوە دەبرێن. بەهەی ئەم هەرا و کێشانەوە ژێرخانی وەات زیانی زۆری پێ گەیشتووە. کەنال و دامووەزگای پێمپی ئاودێرهێنان تێکشکاون و سایانکە ناتوانن بڕیەکان چاک بکەنەوە.

میسر/ سوودان/ ئەسیۆپیا



Auch im bitterarmen Jemen ist sauberes Trinkwasser Mangelware.Foto:Abduljabbar Zeyad/Reuters

پرۆژەیەکی زۆبەلاح دەوری 1500کم لە باشووری دەوڵەتکەی، وای

کردووە وەاتی میسر ترسی ژیانیان لا دروست بەت. ئیسیەپیا دەیەوە لەم ساەەدا گەورە بەنداوی لەدایکبوونەوەی ئیسیەبیا تەواو بکات. پرۆژەیەک بەهای 5 ملیارد دەلار لەسەر ەووباری نیلی شین، کە دەبەتە هەی ئەوەی بەرهەمی وزەی وەاتانی ئەفریقا دووقات بکات. میسر 95% زیاتر پشتی بە ئاوی نیل بەستووە، لەم بەنداوە ئەفریقاییەدا مەترسی لەسەر مەرگی خەی دەبینەتەوە. نیوەی زیاتری ئاوی میسر لە نیلی شینەوە دەت کە لەسودان لەگەە نیلی سپیدا تەکەە بە یەک دەبنەوە. هەکاری هەراکە ئەوەیە ئیسیەبیا گەرەکەتی بەزووترین کات بەنداوی ئاوەکان پە بکاتەوە. حکومەتی ئەدیس ئەبابا،دەیەوە زەر بە خەرایی پرۆژەکە بخاتە کارەوە، تاوەکو بەپەی توانا دەست بە بەرهەمهەنانی سەرچاوەی وزە بکات. میسر هەوەدەدات ئەم پرەسەیە درێژە بکەشە. ئەگەر بەت و ئەم پرۆژەیەی ئیسیەبیا بەنداوی ئاوەکە، بەتە هەی کەمبوونەوەی تەنها 2% لە ئاوی میسر، دەتوانە 80.000 هەزار هیکتار زەوی کشتوکاە وشک بکات، ئەمەش هەەشەئامەز و ترسناکە.

لە لایەکی ترەوە دەوەەتی سودانی درواسەی ئەسیوپیا، خەشحاەی خەی بە اەەوی ئەم پرۆژەیە بەنداوە دەربەی، کە بە هەیەوە لافاوی ەووباری نیل بەربەست دەبەت. لەسەرو ئەمانەشەوە سوودان دەیەوە ئەلەتریکی زیادەی ئیسیەپیا لەسەرچاوەی وزە ئاویەکان بکرە. تەنانەت ئەگەری کەشەیەکی سەربازی لە نەوان میسرو ئیسیەبیا، لەکاتی خەیدا لەسەر پرۆژەی بەنداوەکە دەرکەوت. لە دیدارەکی لەوتکەدا لە مانگی 6 ئەمساە دا, عبدالفتاح سیسی و سەرەک وەزیرانی ئیسیەبیا ئابی ئەحمەد, بەفەرمی چوونە شەەکەوە. بەەام گرژیەکان لەسەر ئەم پرۆژە بەنداوە نابەتەوە. پەش چەند حەفتەیەک سەرەک ئەندازیارانی ئەم بەنداوە، Simegnew Bekele، لە لایەن کەسەکی نەناسراوەوە بە گوولەیەک کوژرا.

غەززا/ ئیسرائیل



Verseucht. Wer bei Gaza-Stadt ins Wasser geht, riskiert seine Gesundheit.Foto: Amir Cohen/Reuters

کە لەلای شاری غەززا بچێتە ناو ئاوەوە، سەرکەشی بە تەندروستی و لە خراپترین دۆخ دا تەنانەت بە ژیانی خۆیشی دەکات. لەوە دەریای سپی ناوەڕاست پیس و ژاراویکراوە. هەمان شت بۆ کەناری دەریاچەکە، کە وا باشترە دایک و باوک نەهێڵن منداڵەکانیان لەوە یاری بکەن. لە بارەکی تردا ئۆگۆری تووشبووون بە نەخۆشی/ درم لەو ناوە هەیە. ئەمەش شتی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نییە. مەزەندە دەکرێ ،ەڕزانێ 100.000 مەتر سەجا لە ئاوەڕۆ و چەکاو بژێتە ڕێنگە ناو دەریاوە یاخود ڕوون نییە بچێتە ژێر زەوییەوە ــ پیسی و بۆگەنی ئاوەکی زۆر بە دانیشتوان دروست دەکات. ئەمە تاکە مەترسی نییە.کە پەیوەندی هەبێت بە ئاوی نایابەوە. بەم شێوەیە ئاوی ژێر زەوی بەردەست لە ڕووی جۆرێتی و چەندایەتییەوە بەش ناکات. بەڵێ ژمارەی زیادی دانیشتوانی ئیسرائیل و میسر و ناوچەکانی کەنار دەریای چە بەدانیشتوان، کە ژمارەیان نزیکەی2 ملیۆنە مشوریان بخوات.
بەپێی بیروڕای شارەزایان و پسپۆران 95% ئاوی بەڵوعە، بە بەکاربردنی مرۆڤ گونجاو نییە/ نۆگونجاوە. پیس و ژەهراوی بووە. سنووری بەهای ڕۆکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ نیترات و کلۆریدا بۆ چێی و فراوانی تەدەپۆڕێندرۆن. ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە:

بۆ نموونە، هیچ دیار نییە و ڕوون نەکراوەتەوە، ئاوی پیس و چەکاو ،خۆڵ و خاشاک ، پڕین و دەرمانی نەهێشتنی جۆجانەوەر دەچنە ئاوی خواردنەوە_ بەڵام دامودەزگا و ئامێری پاڵاوتن و پاککەرەوە نییە. 3

جەنگ لە 10 ساڵی ڕابووردووەدا، گورزی کوشندەی لەو ژێرخانە ئابووریەی هەیە و لەبەردەستدایە داوە. کەم ئاوی کارساتکی گۆڕیە، ئیسرائیل ساڵانە چەندین ملیۆن مەتر سێجا ئاو فڕاهەم دەکات و هەشتا هەزار بڕش ناکات. پەویستە ئاوی سوێر لەخۆکەی پاک بکرێتەوە و دامودەزگای ئەم کارەش زەرگرانە و تەچووێکی/ خەرجی زۆری دەوێت، کارەبای چە و کەرەسەی بیناکردن، لەو کێنار دەریایە زەرزەحمەت چنگ دەکەون. حکومەتی ئورشەلیم دەترسێ، دەسەڵاتدارانی حەماس سوودی خراپ لەو ڕەوانکردنانە بە ئامانجی خۆیان وەرگرن، بە نموونە لە ڕێگای دروستکردنی تونێلی هەرش بردنەوە.

سەرباری ئەمانەش بڕدەوام کەمبوونەوەی بارانیش ڕێگرێکی تر،کە ئاوی ژێر زەوی لەناوچەکەدا زیاد بکات. لەمانەش زیاتر ئەو ئاوەی هەیە، بە گوێدانە هیچ شتێک تاڵان دەکرێ و ئاوی دەریا دزێ دەکاتە ناو بەندەوکانی پاشکەوتکردنەوە. جێی سەرسوڕمان نییە، کە نێتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی هۆشداریی دەدەن،کەرتی غەززا لە دوو ساڵی ئایندەدا دەست نادات بە ژیان.

ئەو گرفتارییەی غەززا لە هەنووکەدا، ئیسرائیلیشی گرتەوە. ئاوەڕۆی پیسی و چەکاوی کێناری دەریا،لە ڕێگای دەریای ناوەڕاستەوە بەرەو ڕووی دەوڵەتی جولەکە کەوتەتە ڕێ. لەبەردەم ئەمەدا مرۆ هەوڵ دەدات بە نموونە لە ڕێگای بەربەستەوە خەی بپارێزێ. دەرئەنجام دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە هاوڵاتی، شوێنکی سەرەکی و بەرایی داگیرکردووە و بڕشکە لە بنەماکانی ئاسایش. ئیسرائیل دەستکەوت و قازانجی زۆری هەیە: ئەگەر کارەکە ئەوە بێت ،کاریگەرانە ئاو بکاربهێنن، وا سوپاس بە بوونی زانیاریی و شارەزایی و ئەزموونی Knowhows تەکنیکیی زۆر، کە دەیان ساڵە لە ئیسرائیل لەبەردەستدایە وئیسرائیل یەکێکە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان. بەهاوکاری ئەو ئاوەی لە خۆ پاک دەکرێتەوە، دەتوانرێ بڕشکی زۆری پێداویستییەکان فڕاهەم بکرێ، بەبێ نەک لە بواری کشتوکاڵ دا.

لە دەستگا و ئامێری لەم چێشنەش،وەک ئامانجکی بەهێزی پێلامارداركانە. لەبەرئەوەیە دەوڵەتی جولەکە هەروەها پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستێ. ڕووباری ئوردەن و جلیلکی گۆڕێ دەگەڕن لەم بوارەدا. بگومان بەهەی کەم بارانییەوە دەریاچەکەش ئاوی کەمە وشک دەکات. دوورگەی بچووک بچووک دروست بووە. لە هەموو لایەکی ڕووباری ئوردەنەوە بڕدەوام شێی دابڕشکردن لەگەڵ وڵاتی ئوردەن هەیە. شانشینی ئوردەن یەکێکە لە وڵاتە هەرە هەژارەکانی دنیا لەئاوادا و بڕدەوام ڕێخنە لە ئیسرائیل دەگرێ، کە

بە شێرمانە خزمەتی خەی دەکات لەسەر حسابی ئێردەن.

ئێران



Das war mal ein Fluss im Iran. Doch vom Zayandeh ist bei Isfahan ist nichts geblieben außer Geröll.Foto: Atta Kenare/AFP

هووبارەکان کە ئاویان پێدا نەڕوا، کێشگەیەک، کە کەس داوای نەکات، لەبەرئەوەی لە بیابانێکی بەردەڵانی دەچێ ئاوی ژێر زەوی خۆیاویە. زۆیوزاری وشکبووی دوورە دەست کەدەست نادەن بە نیشتەجێبوون و بەهەی تەنادوە/ڕەشەبای توندەوە،ئادەماێدرێ ــ کەمئاوی ئێران هوون و ئاشکرایە و لە تەواوی وڵات دا هەستی پێ دەکرێ و بەرچاوە. ئەمەش زیان و کاریگەریی گەورەی هەیە. هەکاری تەنگژەکە هەمەلایەنە و زەربەی کات سروشت بەرپرسیار نییە، بەڵکو ئەو مرۆڤەی کە سەرچاوە پێویستەکان لە بەکاربردنی سەرچاوە سرووشتیەکان بەڕەوە دەبات. ئەم وڵاتە، کە دانیشتوانەکەی لە شەشی 1979 ژمارەکەی 2 قات زیادی کردووە بە 80 ملیۆن زەر دوورە لە بارودۆخی ئەکۆلۆگیەوە. لەگەڵ ئەمەدا مەسەلەکە لەبەرەو هوونە، سانایەکە ئێران بەدەست وشکبوونەوەی بەردەوامەوە دەناڵێنێ. باران نابارێ و پلەی گەرما بەنزیکەی 2 پلە بەرزتر بەتەوە. بەم بارودۆخە وڵات نزیکەی 50% ئاوی سەر هووی زەوی لەدەست داوە. بەڵێ لەبری ئەوەی دەست بەئاوەوە بگرن، ئیسرافی پەوەدەکەن.

ئەمە بەتایبەت بە ئەو شارانەیە کە بەردەوام گەورە دەبن. 70%

ئێرانییەکان لە ئەمڕۆدا، لە ناوەندی شارێ پشکۆتووکان دا دەژین. وا پێدەچێ تینوویتییان بڕی پێنەگیری و نەشکێ. لە بڕئاوەی دامودەستگاکان ناتوانن پێداویستییەکان دابین بکەن، خەڵکی خۆیان ئاو دەردەنن،واتە بیر لە دەدەن. کە بەمەش ئاوی ژێرزەوی پاشکەوتکراو بەتاڵ دەبێتەوە. کشتوکاڵ بەتەواوی هیچ سوودی نەماوە 90% ئاو بە کێگە و باخەکان بەکاردێت،جوتیارەکان بە مەبەست دەستیان بە ئاودەرهێنان و بیر لێدان دەگات. لە شوێنی دیکە ئاوە نییە. پێویستە کارخانە کشتوکاڵییەکان دایببخەن، دەیان هەزار کەس ترسیان لەسەر بوونیان بە دروست بووە.

لەم ماوەی دواییەدا دووبارە بەزموهەرا سەری هەڵداوە، خەڵک توڕەن لە پرسی گەندەڵی و گازندەیی دەکەن، خاوەن زەویوزارە گەورە بەدەسەڵاتەکان ئاویان هەیە و دەری دەنن بە کاروباری خۆیان و هیچ بە هاوڵاتی ئاسایی نامینێتەوە. خراپ بەکارهێنان و سەرنەکەوتنی کشتوکاڵ و ئۆقرەتی خزمەتی خەڵکردن، دەمکە حکومەتی سەرقاڵ کردووە. سەرۆک حسن ڕوحانی شێوەی لەدژی کەمئاوی کردەتە شا کاری خۆی و بە دروشمی کەمکردنەوەی ئاوبەکارهێنان. هەبەت ئەم گرفتارییە هاوکات هەکاری سیاسی هەیە: سزاکانی ئەمریکا.

بەرامبەر بەمە ئێران هەوشوێنی توند دەگرێتەبەر بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی خۆی. خەراکی وەک گەنم دەبەت لەناوخۆی وڵات بەرهەم بهێنرێ ئەمش پێویستە بەوەی دەوڵەتی دانەوێڵەی جوتیاران بەنرخێک بکڕێ، کە لەسەرووی نرخی بازاڕی جیهانییەوە بێت. ئەمش وا لە جوتیار دەکات زیاتر لە پێویست دەست بەئاوەوە بگرێ. ئەوە تەنگژەکە ئاڵەزتر دەکات، پرۆتێستەکان هەتا بێت کەمکەمتر دەبن. ئەمش کتومت ئامانجی هەوونی ئاگایەندراوی سزاکانی ئەمریکایە. واشینتۆن دەیەوێت چەک بە ئێران دابدات، بەئاوەی مەلاکان ناچار بکات بێنە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەو وێنەیی و بەزاریەی لە ئاکامی کەم ئاویەوە دێ، دەناڵد ترامپی وەک دژەپاڵەوانی ژەم داناوە- ئەو نیارەکەی لاواز دەکات.

سەرچاوە: هەژنامەی تاگێ شپیگلی ڕۆژی ٢٢/٩/٢٠١٨
https://www.tagesspiegel.de%2Fpolitik%2Fwasserknappheit-warum-die-wassernot-im-nahen-osten-zu-konflikten-fuehrt%2F23097300.html

شیعر… یان کیمیاگەریی وشە … سۆران محەمەد

ئەگەر بڵێین شیعر سیحرە بە وشە، ئەوا هەموو دەقێکی شیعریی ئەمڕۆی کوردی کە لەسەرووپێی ڕۆژنامەو گۆڤارو پەڕتووکەکاندا… چاو هەدەنن، جۆرێك لە خاڵی بەهێزیی و ئیستاتیکای داهێنەرانەیان تێدا دەبینرێتەوە، بەڵام هەموشیان ناتوانن کەمەندکێشی گیانمان بکەن بۆرو جیهانە تایبەتەکەی خۆیان و لە ئاکامیشدا ڕامان و لێیادنەکردنمان لا دروست بکەن و سەدایەکی درۆژخایەن لە ناخماندا جێبهێڵن، یان وەك پێویست چەشەی گیانییمان پێبدەن.

شیعر وەك ئاوێی وەك پێناسە کلاسیکیەکەی بەهرێیەکی نابەرجەستەو ئایدیالیستییە، لەهەمان کاتیشدا بە پێی لێکدانەوە مەدرنەکان بریتییە لە تەکنیك و کار لەسەرکردن و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت لەناو زمانی گشتیدا.
بە پێی هەنگاوە خێراکانی کەلتووری مرۆڤایەتی کار لەوە دەرچووە نووسینی شیعری باش تەنیا دەربڕینی کەف و کوڵی ناخ بێت و ئیلهامی ساتوەختێك بێت و بەپەلە و بە پێداچوونەوەو دیراسکردن و تەئامان و دووبارە ڕاشتنەوەو پێکەوە بەستنی زنجیرەی بیرکە فرەهەندەکانی ناوی، تەنیا وەك ئارەزوویەك بنووسرێت و بڵاوبکرێتەوە، ئاستێ شتەکان و کەسەکان لە ژێر سێبەری ناوەکانیاندا دەژین، کە ئەمڕۆ هەنگێ ببێتە پێدانی پاسپارتی بڵاوکردنەوەی زەر لەو بەرهەمانە گەر وەك پێویستیش پێنەگەشتبن! بەڵام لە ئاکامدا بە سەلیقەیی و بەزاریمان لا جێدەن و ڕەنگە هەی ئەمڕۆ بێت وەك پێویست کاردانەوە لای خوێنەرو هەڵخنەگران دروست نەکات و وەك پێویست نەمانجوێنن.

بە نموونە کاتێك لە ماوەی مانگێکدا چەندان هەنراوەی شاعیرێك دێتە پێشچاومان، یەکسەر ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین کە دەبێت چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێت و چ داهێنانێکی جیاوازیان لە خۆ گرتبێت؟ بۆیە لە ئەنجامی لێکچوونەکاندا وا دەزانرێت تەنیا هەریەك شیعر دەخوێنرێتەوە. ئەمە وەك ئاوێی لە ئاستی هونەریی دەقەکان کەم دەکاتەوە، دەشبێتە پێوەرێکی نەرێنی بە پاشەڕۆژی هەڵسەنگاندنی

کەی بەرهەمەکان و دنیای ئافراندن و بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە.

لە هەمانکاتیشدا بە نموونە کە دەقی شاعیرێکی جیهانی وەك ئەکتاڤیۆ پاز یان بەدلێر یاخود مالارمێ و ڕامبۆ و تی ئێس ئیلیەت و ئێدگار ئەلان پۆ و... تاد دەخوێنیەوە وا دەزانیت لەبەردەم تابلۆیەکی نوێ و سەرنجڕاکێشی نیگارکێشێکی کارامەدا وەستاویت (بە وشە) و تا لێی وردتربیتەوە زیاتر چەشەو لەکدانەوەو تامەزرۆییت لا دروست دەکات، هەست دەکەیت مامۆستا لەگەڵ داهێنانێکی سەنگین و بەویقاردا دەکەیت کە دەیەوێت بە زمانێکی هونەریی ناڕاستەوخۆ زۆرشتی فەرامۆشکراوت پێ بڵێت و لەگەڵ گیانتا بدوێت، هەر بۆ نموونە کاتێك بەراوردی دەقێکی لەرکام کرد کە لەیەکەم ساڵی بە شاعیر بوونیدا نووسیبووی و بەراوردم کرد بە دەقێکی تری کە دوای پانزە ساڵ نووسیبووی جیاوازییەکی زۆرم لە ناوان ئاستیاندا بەدی کرد، بەڵام ئێستا لەرکا لەرکایە بە هەموو دەقەکانیەوە، دەقەکانی سەرەتا و ئەوانی دواتریش، بەڵێ ئێستا باشتر وایە (کە لە دنیای نوێی تەڕە کەمەایەتیەکاندا دەژین) خەمان لەم کێشەیە دەرباز بکەین بۆ پاڵە نەکردن لە بەاوکردنەوە و زیاتر قوبوونەوە بە ڕەگ و ڕیشەکانی داهێنانی دەقی شیعریدا و ئەنجا بیخەینە بەر دیدەی خوێنەران، پرسیارێ گونجاویش بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوەیە لە خەمان بپرسین ئایا شتێکی تازەمان کردووە؟.

لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە شاعیری واشمان هەیە لەساڵێکدا دەنگە دوو دەقی شیعریی بنووسێت و ببینین بەاویان بکاتەوە.

گەر چاو بخشێنین بە دەوروبەرماندا تێنانێت لەیاساکانی سروشتیشدا ئەمە دەبینینەوە؛ بە نموونە ئاژەڵێکی بە بەهای وەك پاندا لە ساڵێکدا تەنیا ڕەنگە یەك بەچکەی ببێت، ئەویش (گەر بیبێت) بەڵام بە نموونە بۆق بە جارێك سەدان گەرا دادەنێت. یان گەر تەماشای کانزاکان بکەین دەبینین زۆر بە هەی ئەو سیفەتە دگمەنانەی هەیەتی زەر ئێستەم دەبینرێتەوەو بەهایەکی زۆری هەیە، لە کاتێکدا ئاسن زۆرو زەبەندەیەو هەرزانەو بە ئاسانی چنگ دەکەوێت.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی سەرنجمداوە لە لای هەندێك شاعیر کە بە هەند وەرنەگیراوە و وایکردووە دەقەکانی سەرساممان نەکات و نەمانجوڵێنت بریتییە لە کێشەی (سواویی کەرەسەی سەرەکی و بەکارهاتووی ناو شیعرەکەدا)،کە ڕەنگە خێی هەستی پێنەکردبێت، چونکە نوبوونەوە خاڵێکی زەر کاریگەرە، جا ئەگەر لای منی خوێنەر

کەرەسەکە (کە زاراوە سەرەکییەکانی ناو دەقەکەیە) لای شاعیرانی تر زۆر بەکارهاتبێت ئەوا بمانەوێت یان نا لە پێنتی بەهای ئەو شیعرە کەمدەکاتەوە، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ زۆر بوارو چەمك و دەستەواژەو کێشەی نوێ هاتوونەتە ناو ژیان و فەرهەنگی مرۆڤی مۆدێرنەوە.

ئەو ماوە بڕەم خۆشنبیرکردن و ئۆزمووندە جیاوازکانی ژیان سەنگێکی بە بەهان بە دروستبوونی هەوێنی شیعرو دەوڵەمەندکردنی بەرهەمی شیعریی باش و دڵنیاشم وەك چۆن جێ پەنجەی هیچمان بەیەك ناکات، ئاوهاش دنیابینی و لێکدانەوەو چێژ جوداکانمان بەیەك ناکات و بەم هەموو نگیشەوە ژیان جوانتر دەبێت.
بە نموونە شاعیر هەیە زیاتر کار لەسەر نوێبوونەوەی رەگەزی خەیاڵ دەکات، هەشە نەگوتراوە گەرمەکانی ڕیالیزم، هەیە سۆز جوانەری سەرەکی دەقەکەیەتی، لای هەندێکیش یەکەکانی زمان، بە هەندەك زیاتر باری هزر گرنگە لە شیعرداو بە هەندێکی تریش بابەت، لای هەندێکی تر فۆرم و جوانکاریی زمانەوانی.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی بڕین هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی شیعر تێکەڵ دەبن و بەرەنجام رەگەزێکی نوێمان پێدەبەخشن و تەواوکاریش لە هەر لایەنێکیاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی کۆی ئەو شیعرە بەرز بکاتەوەو لە یادەوەریماندا نەسڕدرێتەوە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا پێشکەوتنی شیعر خوازیاری بوونی جەماوەری ڕاستەقینەی شیعرە، مەبەستم لەو جەماوەرەیە کە لەکاتی ئامادەبوونی کۆمەڵە شیعریەکاندا تەنیا گوێت لە دەنگی هەناسەکانیان دەبێت.

کتێبی: سارا تیسدێل ژنە شاعیری ئەمریکی … وەرگێڕانی: ناڵە حەسەن



بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

فەزیحەی گۆڤاری (شیعر) ... تاهیر سیوەیل

هاوڕێکەم وتی : ئەوەی خوێنەری کورد مەبنە مەڕ، دەرگای مێشک و بیرکردنەوەتان دامەخەن و سەر بە هەموو جەهالەتێك مەلەقێنن.
وتم: بۆچی خۆرە چی قەوماوە؟
وتی : ئەی فەزیحەتی دنیای بە ناو ڕۆشنبیران ئازارت نادات؟
وتم: وەکو چی؟
وتی: جا پێویست بە نموونە دەکات؟ تۆ بەس ژمارە حەوتی گۆڤاری بەناو شیعر بخوێنەوە، بزانە چی لەو دەڤەرەدا دەگوزەرێت بە ناوی شیعرەوە؟
وتم: چی دەگوزەرێت؟
وتی: جگە لە بابەتە وەرگێڕدراوەکانی کە زۆربەی زۆری ڕووبەرەکەی داگیرکردووە، چەند کاڤامێك سەرو بنی قسەیان سیستەمە، ئەگەر سیسەم لە ژیانی خەڵك دەربڕنێت هەر دەژی، دەچێت لەسەر عەرز دەخەوێت، بەڵام سیستەم لە ناو ئەو نووسینانەدا دەربڕنیت هیچی نامینێتەوە! ئەو سیستەمەی تەواو بە مانای دژە گەندەڵی دێت!
وتم : ببورە ئەمەی ناحاڵی وا بە ئاسانی تێناگەین، بۆزەحمەت وەکو موز بۆمان پاك بکە.
وتی: بەختیار عەلی مێشکیانی شتوەتەوە بە وشەی سیستەم، شیعرێك بە شیعر دادەنێن دەبێت دژی سیستەم بێت، بۆ ئەوەی بزانن سیستەم چییە؟ بەختیار بیستوچوار جار لەو نووسینەیدا وشەی سیستمی چەندبارە کردووەتەوە، وڵرای ئەوەی بەختیار لە هەموو بوارێکدا دەنووسێت بەڵام شاعیر نیە، ئەوەی بە ناوی شیعرەوە نووسیونی دروشمی قەبە

قەبەیە، بۆیە سەرەنجام وازی لە شیعر هێناو رووی کردە شتی تر.

وتم : سیستەم باشە یا خراپ؟
وتی: ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت، دژە سیستەمە چونکە دەسەلاتی دوو بنەماڵەی مافیا هەموو شتێکیان قۆرخ کردووەو بە راست و چەوتا دەخۆن و دەدزن و دەکوژن و دەچەوسێننەوە، گەر یاسا و ئیدارەی ئۆکوپێك ببوایە جێیان نەدەبووەوە، چونکە ئەوەیە ماناو کاری سیستەم، وەك لە پێناسە جیهانییەکەیدا هاتووە (سیستەم کۆمەڵك توخمی کاریگەر و پێکەوەپەیوەستە بەشێوەیەکی ئۆکوپێك یەکەیەکی تەواو فەراهەم دێنێت).
وتم: هەر ئەوەندە؟
وتی: نا، ئەو سێ برادەرەی تریش ناوکێی نووسینەکانیان بە وشەی سیستم تەنیوەتەوە ، جا گەر ئێوەی مەبەست خوێنەری گۆڤارەکانی وەکو (کەلەن) و (شیعر)و لاپەڕە ئەدەبیەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی تر کە کەسی بێ ئاست و ناحاڵی بەیوەیان دەبات ئەوا نەوەیەکی ناحاڵیتان لێدەردەچێت.
وتم: جا بە رای تۆ رەخنە نابێت بوونی ببێت؟
وتی: ئەوەی بە ناوی رەخنەوە دەگوزەرێت مەهزەلەیەکە لەو گۆڕەپانەدا، نووسینی ئەو سێ برادەرە کە نووسیویانە دوورو نزیك پەیوەندی بە رەخنەو لایەنەکانی شیعرییەتەوە نییە، بەس قسە لەسەر مەعناکانی شیعر دەکەن بەوەی لێی تێدەگەن، ئەگەر مەعناکان دژە سیستەم نەبێت لای ئەوان رەفزە، ئەگینا بێ نموونە ئەو شاعیرە لیریکیە سادەنووسەی رەخنەی لێگیراوە، نەك هەر شیعرەکانی وێرانن و شایستەی رەخنەیە بەکو لە زەنگاوی بێگەنیدا ڕزیوە، سەردەمانێك لە گۆڤارێك کاری دەکرد، بە گۆڤارێکی تریان دەگوت ئێوە بابەتی ئەمە بێاوبکەنەوەو ئەمەش بابەتی ئێوە بێاودەکەینەوە تا پاداشتەکانیش هەر بۆ خۆیان بێت، چونکە ئەو کاتە پاداشتەکان بە دۆلار دایاندەنا.
باسی رەخنەی چی دەکەیت؟ برادەرێکی تر زۆربەی کتێبە عەرەبیە رەخنەییەکان تەرجومە دەکات و بەناوی خۆیەوە بڵاویان دەکاتەوە، ئاکان و کارەکانیان کۆپی دەکات و رۆژانە دایاندەنێت و زۆربەی نووسینەکانی پێ پێ دەکاتەوەو هەموانیش بە مامۆستای رەخنەگر بانگی دەکەن، بێ ئەوەی خووی خۆی خاوەنی هیچ دیدگیەکی رەخنەیی بێت و شتێکی جیاوازمان بێ بدزێتەوە.

وتم: ئەی چارچیە؟
وتی: ئێوە پێویستتان بە شۆشە، یەکەمجار شۆشی فیکری و مەعریفی بەسەر ئەو بت و فیگارە ساختانەی پانتایی رۆشنبیریی کوردییان

داگیرکردووە و عەقڵی خوینەریان سڕ کردووە، لە هەردوو زنانەکەدا باش دەلەوەڕێن، ئەمەش تاکە مەبەستیانە، نەك هۆش و مرۆڤ و گۆڕانکاریی..
وتم: بابڵێنەوە سەر سیستەم ، ئایا بەگەت هەیە لە ناو نووسینەکانەوە؟
وتی: بەڵێ.. هەر بۆ نموونە لە ناو نووسینی ئەو چوار برادەرەدا :
1/ مامۆستاکەیان دەنووسێت:
سیستم لە جەوهەردا لەسەر دەرکردن و سیستماتیزەکردن….دروست بووە شاعیران هەوڵدەدەن شیعر لە سیستم ڕزگار بکەن.
دەتوانێت هەمیشە لەدەرەوەی سیستم بێت و ئاماژە بۆ دەرەوەی سیستم بکات.
2/ یەکێکیان دەنووسێت:
ئایا ئەم خودە شەڕ لەگەڵ سیستمدا دەکات.
ئەمەش بە دیوێکدا دەچێتەوە خزمەتی سیستم…….. دەبیتە نوێنەری سیستم ….
3/ یەکێکی تریشیان (کە زۆر لە مامۆستاکە زیاتر وشەی سیستمی لەو نووسینەدا بەکارهێناوە کە 78 جاران، دەڵێت:
سیستم دژی وێنەی ڕاستەقینەیە. سیستەم دەڵێت ژیان هەر ئەمەیە.
بوونی شیعر ئەوەیە سیستم تووشی داخوران و ناکۆکی دەکات.
4/ ئەو برادەرەی تریش دەنووسێت:
کە لە ناوسیستمدا دەبنە دیل……نۆکەیی سیستم بەرهەمیاندەهێنیت.
چەشەو حەزی سەپێنراوی سیستم دەوێت، ئەو سیاقەی سیستم بۆ مرۆڤی کوردی دروستکردووە…سیاقی داخراوی سیستمدا…
وتم : ئەم هەموو خەفەتە بە ئێمە هەناگیرێت، نەختێ دڵیشمان خۆشکە.
وتی: من شاعیر نیم، بەس وشەی سیستم گۆڕی کردم، کە خەوتم هەر ئەم وێنانەمان دەکرد، بەشکوم ئاوازێکی بۆ دابنێیت بیەکینە مارشی دەزگاکانیان:
__سیستەم__
سیس/تەم
سەرین/سوتا
لەسەر سیستەمێ
سیستەماتیك
سڕ بووووو
ssssssssss sssssssssss
ساتمەم دەداو
هەناسە سست

سمتیش سیس
سیسرکرکان
سرته سرتیان بوو
سانتیمە سیستەمم سەند
تا سەر ببە سرت
سەرسەریەکانی دەسەەاتیش
بەرەو شاری سرت

محمد پەغەمبەری خۆ ... مەحمود عەبدوەها

زۆرینەی ئاینەکان لەناو خۆکان سەریان هەداوە،خۆکانیش کانگای ئەفسانەکانن،هەربۆیە ئاینەکان وەامدەرەوەی پۆیستییە ەحیەکانی کەمەگای خۆکین،چەندە کەمەگایەک خۆکی بت هەندە لەئاین نزیک دەبتەوە و بە پۆچەوانەشەوە. بۆتاکیش هەروایە.لەبەئەوە تا زیاتر ئاین وەامی پۆیستە دەرونیەکانی تەبت تش هەندە لەخۆ و مەنتالتەکەی نزیکیت و بە پۆچەوانەشەوە.
چەندە کەمەگا لەشارستانی نزیک بت هەندە لەئاین دوردەکەوت و بە پۆچەوانەشەوە ...تش هەر وەها...
ئەوە گاتجاییە،کەدەن مرۆف بە بە ئاین ناژیت...مرۆڤک کە بتەواوی مانا ەشنبیر بت بەبە خودا دژیت،و لەگە پرەنسیپە اخلاقیەکانی ئاینیش هەدەکات ، بەام مرۆف ناکاتە قوربانی ئاین ئاین بەمرۆف نەک بەپۆچەوانەوە.

ئاینی ئیسلامیش لەناو خۆ سەرهەدەدات و وەامی کۆشکانی کەمەگەیەکی خۆکی دەداتەوە.
هەرچی هاوێتیی جەبار فەرمانە، شوان جەعفەر باش دەزانێ کە ئەو پەیوەندی بە منەوە کرد، نەك بۆ بەژن و باڵا و چاوەجوانەکانم یان بۆ نووسینی پێ بەهرە بەتواناکانم، بەڵکێ پێویستی بەوە بوو خزمەتێکی سیاسیی بکەم. کە زانی هیچی دەست ناکەوێ بە دوو پیکابی پێ لە پێشمەرگەی چەکدارەوە هەڵەشەی لێ کردم. سەرەڕای ئەوەش هیچی دەست نەکەوت.


بەرامبەر بەو هەموو توانجانەی شوان جەعفەر لە من و لە کەسانی تری گرتووە، لێرە ئەگەر یەك بە یەك وەڵامیان بدەمەوە لاپەڕەی زێری دەوێ. بۆیە، لە کۆتاییدا تەنیا یەك پرسیار دەکەم: ئایا دەبێ کێ گەندەڵ بێ، ئەو کەسەی کە سەرەڕای دە پانزە ساڵی بێکاری دەبێ بە خاوەن چەند موڵکێك لە ناوجەرگەی پاریس و لە کوردستان، یان ئەو کەسەی کە پاش چل و شەش ساڵی مامۆستایەتی جووتە موڵکی قەڵەمکە بۆ نووسین و چەکوشکە بۆ پەیکەرتاشی؟
هەکەوت حەکیم
پرۆفیسۆری موتەمەسس لە زانکۆی پاریس

شیعرێکی (کوردی) و شیعرێکی (عەرەبی) و ئاماژەیەك … کەریم

بامەنی

کە تاڵاوی خوارد
کە تاڵاوی خو
کە تاڵاو
کە تاڵ
کە ت
ک
شیعری: نەژاد عەزیز سورمە

***


القصيدة التي تأكل نفسها

إنهم لا يجيئون، لا في القصائد ولا في كلمات السفر
إنهم لا يجيئون، لا في القصائد ولا في كلمات
إنهم لا يجيئون، لا في القصائد ولا في
إنهم لا يجيئون، لا في القصائد ولا
إنهم لا يجيئون، لا في القصائد
إنهم لا يجيئون، لا في
إنهم لا يجيئون، لا
إنهم لا يجيئون
إنهم لا
إنهم

١٩٦٦

شیعری (فازیل عەزاوی)

شیعرە کوردییەکە وەك شێواز تەواو لە شیعرە عەرەبییەکە وەرگیراوە، لاسایکردنەوەیەکی ناستە و ناستە. بەڵام وەکو مانا و فەزای شیعرییەت زۆر لە شیعرە عەرەبیەکە بەهێزتر و کاریگەرترە. ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك زۆر ئاساییە سوودی (مانا) و (شێواز) لە یەکتری وەربگرن و بەیەك کاریگەربن و لەیەك نزیك ببنەوە، بەڵام لە سنووری سوود وەرگرتن و ئاوگێی جواناسی دابێت. جا نازانم شاعیرە کوردەکە (نەژاد عەزیز سورمێ) لە بیری چووە ئاماژە بە وەرگرتنی شێوازەکە بدات یا خێی لێ لاداوە.

شاعیر (سەباح ھەنجەر) کە برادەرێکی نزیکی شاعیر (نەژاد عەزیز سورمێ)ە. لە کتێبی چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە، کە ساڵی 2017 لە دەزگای سەردەم چاپکراوە. لەسەر ئەم شیعرەی نووسیوە و بردوویەتییە ئاسمانی درەوشاوەی حەوتەم. نازانێ بەم وەرگرتنەی نەزانیوە یا چاوپێشی لێ کردووە.
ئەم ئاماژەیە تەنیا وەك ناونکردنەوەیەکە و بەس، بە هیوای سوود وەرگرتن.

ژن ... سەردار جاف

لەو دیو وەرزی زستانەوە
باڵا ئنووی بەفر پێشە
هەناسەیەك چرپەی گەرم
بە گوێزاری ئەرخەوانیم
کە دەسپێرێ
دەبێتە قردێلەی لێکە
لەو دیوی کلوە بەفرەوە
پەنجە ئێیوەکانی شەڕە تێپەڕی
بە نێو لەپم
ئادەبوورێ
لەو دیو کزە بای تەزیوا
ئێشکەنێکی کێنە و شەقیوە

شلەژان سەراپا جەستەی
وا پێشیوە و روحی منی لێ تەنیوە
ئا ئەوەیە
شمشاڵ مەمەری نێو پەنجەم
ناسکێ پێ لە ئەوین و
هێشتا ژنە
خەی بێ ئەوین
نەگۆیوە

سەردار جاف
ئەمانیا
2018 / 10 / 7

زەنگیانەی ئاویی بێشی هێشتم … فەتاح حەسەن

(قیروسیا)
گەر تێ نەیەیت
بۆی ڕژ ئاوابێ؟
بۆی جگە بژێتە روبار و
روباریش دەریا؟؟
ئەگەر ڕژ ئاوا نەبوو
جگە نەژایە روبار و
روباریش دەریا..
دەتەش مەیە.

(کفری عیشق)
لەژوانەکدا
بە ئەفسونی جوانی چاو ، تەر نەبێ
,لوت پەنەبە لەبانی ڕشە ڕەحانەی پەرچەم
بە ماچ دەمولەو لە گە نەکەوێ
گوێ پەنەبە بە چرپە و ڕاز

لەسەر مەمان هەردوو دەست شل نابێ
کفری عیشقە .. ئەو دیدارە،
ناوی بنرێت.. ژوان.

(جانانە)
ئەوی بەمەی مەست نابێ، دەبێ حاڵی جانانبێ
ئەوی جانانبێ، دەبێ لە مەیخانە وەدەربێ
لەدەر زەمانە، مەیخانە هەواری مەستانە
مزگەوت و خانەقاش، عەزیزم، لەبە جانانە.

(پەك)
خەمی تەنهاییە کە، خەم لە تەنیایی پەك دەخەم.
یان
خەمی بێ تەییە، کە مەیلی پەکی تەنها دەکەم ؟

(بەدبەختیی)
ئەو ساتانەی
مەی و پەستیی دەمگرێ
لەبەختی کەچم
یەکەمیان زوو بەرم دەیات
دوەمیان درەنگ..

(بولبول)
بولبول هەر دەخوێنێ ..
ئاوازی سەرچێی
پەکەری باخەکێ
وەڵێ ئاوازی تیابەندی ..
پەاوپەی جیهانەکێ.

(ڤ و خەشەویستیی)
خەشەویستی ..
کلیلی دەرگای خەشیەکانێ
ڤیش .. نەهامەتیی.
مرۆڤ زیاتر
پەویستی بێ خەشەویستییە
نەوەك ڤ..
تەوی خەشەویستی
لەسەر دەکی رەقتر لەبەرد

شین دەبێ
وەڵێ تەوی رق ..
لەدڵێ کرمەکاندا نەبێ نابێ.

(سپێ)
بە تەیی، هەندێ
تینیوەتی شکاندنی
پشیلەیەک لە روبار
جاسم دەکات
وانەزانی بی تە ناژیم .
_____

جاسم – وەسف ، بەتاقەت، قاسم، بەتابوشت

فەتاح حەسەن
دانیمارك / ڤالبی
2018

شەشەك لە مەترسیدایە ... نووسینی: ئەدوارد هانت

شەشەك لە مەترسیدایە
نووسینی: ئەدوارد هانت
و: گەران عەبدوڵا

-_____
شەش لە ژنەکاوا لەسەر بنەمای دژە سەرمایەداری و بەدەستهێنانی مافی ئەتۆمی بێ کورد و دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان دروست بوو، ئێستا لەبەرانبەر ترسی لە ناوچوونداید. هەنگە ئیدارەی ترامپ پشتی لێبکات.

-____

لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، کوردەکان ئابەرایەتی هێزەکانی سوریایی دیموکرات (SDF) دەکەن بۆ تێکشکاندنی دووایین سەنگەرەکانی دەوڵاتی ئیسلامی بە شێوەیەکی یەکجاری. ئەم هەوڵە بە ئۆپەراسیۆنی گەمارۆ دەناسرێت و بە کۆمەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەچێتە ڕێوە.
بە پێی وتەبێژی ئەمریکیکان، هێزەکانی سوریایی دیموکرات هەستان بە پاککردنەوەی ناوچەکانی باغۆز و دڵشیشە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سوریا، وە ئێستاش دووایین بەش لە دۆڵەکانی ئوباری فوراتی ناوەڕاست پاکدەکەنەوە.
بەپێی وتەکانی سین ئایان کۆنێنگی ئەمریکی لە ١٨ی سپتامبەر: "سەرکەوتنی هێزەکانی سوریایی دیموکرات لەو ناوچانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتر داعش هیچ ناوچەیەکی لەبەردەستدا نەماوە."

شەڤانە کوردەکانی سوریا ناوەڕۆکی سەرەکی هێزەکانی سوریایی دیموکرات پێکدەهێنن، وە لای چەپی جیهانی ناسراون. لەچەند ساڵی ڕابردوودا، ئابەرایەتی شۆڕشگێڕی کۆمەڵایەتی بەرچاویان لە ڕۆژئاوادا کرد، لە بەشی باکوری سوریا. تێدەکۆشن بۆ بنیاتنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی، ناوچەیەکی دژە سەرمایەداری کە تێیدا کورد بەهرەمەند بێت لە مافی چارەی خۆنووسین و تێکشکاندنی ئەو سیستمەی کەلەسەر بنەمای هەڵاواردنی جنسی دامەزراوە.
ئامانجەکانی شۆڕشی کورد لە سوریا وایان لێدەکات دەستێکی قبوڵکراو نەبن لای ئەمریکا. سەرباری ئەوەی بەرپرسە ئەمریکیکان چەندین جار ئاماژەیان بە هێزەکانی سوریایی دیموکرات کردووە وەك هێزێکی کاریگەر دژ بە داعش لە سوریا، لەگەڵ ئەوەشدا واشنتن دژە دیدی خۆی نەشاردۆتەوە لەبەرانبەر شۆڕشی ڕۆژئاوا.
لە کۆتایی ئەمساڵەدا (٢٠١٧) ئیدارەی ئەمریکا گۆڕپی سەوزی بۆ دەوڵەتی تورکیا هەڵکرد بۆ تێکشکاندن و داگیرکردنی عەفرین، یەکێك لە سێ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا.
لەم ماوانەی دووایشدا ئەمریکا فشاری بۆ سەرکردە سەربازیکانی کورد دەهێنا بۆ ئەوەی مەنبەج چۆڵبکەن، ئەو ناوچەیەی هێزەکانی سوریایی دیموکرات لە ٢٠١٦ لە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامییان پاکیانکردەوە.

ڕۆشن نییە چۆن سەرۆك ترامپ بیر لە هەموو ئەوانە دەکاتەوە، لە کاتێکدا ستایشی کورد دەکات وەك: " شەڕکەرێکی باش، خەڵکێکی زۆر زۆر باش" بەڵام پێشتر هیچ نیگەرانییەکی پیشان نەدا بەرانبەر بە چارەنووسیان.
ئەو قیەمەی ترامپ بەرجەستەی دەکا – سەرمایەداری ئەمریکا،

دەسەڵاتێکی پلۆتۆکراتیک، دژە ژن – بەدنیاییەوە دژی هەموو قییەمەکانی ڕۆژئاوایە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا چەختیان لەوە کردەوە کەوا بەردەوام دەبن لە یارمەتیدانی هێزەکانی سوریایی دیموکرات، هەروەها وەزیری بەرگری جەیمس مەتیس لەمانگی حوزەیرانی ڕابردوو بەڕێنیدا: " بە ئاسانی ئەم ڕێکخراوە وەلا نانێین، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی تێکشکان و ڕێگرە لەسەر هەڕەشەکانی."
لە دانیشتنێکی کۆنگرێسدا لەهەمان مانگدا سیناتۆری مارینلاند "کریس ڤان هۆڵەن" پرسیاری لە وەزیری دەرەوە مایك پۆمپیۆ کرد "بەڕێن دەدەی لەوەی لەلایەن تورکیا و هێجەب تەیب ئەردۆغانەوە نەکەوێتە بەر هەڕەشەو کوردەکانی سوریا بە گورگان خوارد نەدەیت؟" وەڵامی دایەوە " بەهیچ شێوەیەك مەبەستێکی ئیداری نییە بۆ فڕۆدانی ئۆبجێکتێکی زەردی گەورە."
هەروەها مانگی ڕابردوو ئیدارەی ترامپ بڕیارەکەی پێشووی سەرکۆکی پێچەوانەکردەوە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا.

ترامپ بەردەوامە لە ڕاڤاییەکانی و بەوەش زەرەك لە چاودێران دەیانەوێت بزانن پاشتر چیدەکات. کوردەکان لە سوریا بەردەوامن لەوەی نەك هەر پێداگرن لەسەر ئازادکردنی ناوچەکانیان بە شێوەیەکی یەکجاری لە ژێر دەستی داعش، بەڵکو بۆ بەسەرنجام گەیاندنی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەیان لە ڕۆژئاوا.
ماشێنی جەنگی زلهێزەکان کە کاران لە ناوچەکە ئەوە دیاریدەکەن چ شانسێك کراوەیە لە پێش کوردەکانی سوریا. سەرکۆکی سوریا بەڕێنی دەستبەسەرداگرتنەوەی ڕۆژئاوای دا. سەرکۆکی تورکیا هێجەب تەیب ئەردۆگان چەندین جارو بەردەوام هەڕەشەی ئەوەی کردووە کەوا ئەو ئەزموونە تووندڕەوەی کورد دەوخێنێت. یارمەتیکانی ئەمریکاش لە باشترین حاڵەتی خۆیدا هەمیشە مەرجدار بووە، بەردەوام لە ترسکی گەورەدایە لە لایەن ئیمپراتۆرییەتی ئەمریکاوە.

سەرکەوتنەکان و شکستەکان

ئەزموونی عەفرین و مەنبەج ناڕاستگۆیی ئیدارەی ترامپیان بۆ کوردەکان دەرخست.
لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا بە هێزامەندی ئەمریکا هێرشیان کردەسەر عەفرین و ئەو کانتۆنەیان وێرانکرد تا مانگی ئازار و بوونە مایەی کۆچی بە کۆمەڵ.
نزیکەی پێنج سەد کەس لە خەڵکی سیڤیل و هەشتسەد کەس لە شەڤانانی

کورد بوونه قوربانی ئەو هێرشەی تورکیا.
زیاتر لە سەدان هەزار کەس لەو ناوچەیە دەربەدەر بوون و تاکێتایی مانگی ئەیار ١٣٤٠٠٠ هەزار کەس بە ئاوارەیی مانەوە. ئەوانەی لە عەفرین ماونەتەوە ووبەووی کاری دێندانە دەبنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیەوە کە لە لایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێن.

کوردەکانی سوریا ووبەووی بەرنگارییەکی گەورە دەبنەوە لە منبەج، پاش ئەو هەڕەشانەی ئەردۆغان بێ بەردەوامبونی هێرشەکانی لە عەفرینەوە بێ منبەج. بەرپرسە ئەمریکێکان و تورکەکان ڕێك کەوتوون لەسەر ئەوەی شەقانە کوردەکان لەو ناوچانە بکشێنەوە.
لەجیاتی بەرگریکردن لە کوردەکانی سوریا، کەچی بەرپرسە ئەمریکێکان بێیاری ئارام کردنەوە دەدەن و بێیارە هێزەکانی ئەمریکاو تورکیا ئێشکگری هاوبەشیان هەبێت لەو ناوچەیە.
ڕێککەوتن شکستێکی گەورەیە بێ شۆڕش لە ڕۆژئاوا. پاش دەرکردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە منبەج، کوردەکانی سوریا بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش ئیدارەی ناوچەکەیان کرد، ئەمریکێکان خۆیان ستایشی ئەو بەڕێوەبردنانێ دەکێن.
پاش سەردانەکەی جۆن ڕۆد لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە لە مانگی تەموزدا بێ منبەج باسی لەوەکرد کە چۆن ئازادانەو بێترس بە ناو کۆمانەکاندا سوڕاوەتەوە کە پێشتر لە بن دەسەڵاتی داعش دا بووێ. ڕۆد لەو بارەوە وتی: " بەڕاستی ئەوەی بینیم بێ وێنە بوو."

سیناتۆری نیو هامپشیر جانی شاهین، کە هەمان ئەزمونی هەبوو لە دووایین سەردانیکردنی بێ ئەو ناوچەیە، وەزیری دەرەوەی ئاگادار کردۆتەوە کە: "چەندە سەرسامە بە کارەکانی هێزی سوریایی دیموکرات، وە ئەو ناوچەیە بەتەواوی ئارامە."

پاڵنەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

هەرچەندە ئیدارەی ترامپ ئارەزووی لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کوردی سوریایی دەکرد لەعەفرین و منبەج، لەگەڵ ئەوەشدا بێیاریدا، گرنگە پارێزگاری لە هەندێك لایەنی هاوبەشیان بکات لەگەڵ هێزەکانی سوریایی دیموکرات.
سوپای ئەمریکی لەگەڵ هێزەکانی سوریایی دیموکرات بە هاوبەشی دەستیان گرت بەسەر باکوری خۆرهەڵاتی سوریادا کە خاوەنی گەورەترین چاڵە نەوتە لەو وڵاتەدا. نزیکەی هەزاران سەربازی ئەمریکی لە بنکە سەربازێکانی هەموو ئەو ناوچانەدا بێاو بونەتەوە.

بەردەوام بەرپرسە ئەمریکەکان باس لە گرنگی مانەوەی هێزە سەربازەکانیان دەکەن لەو ناوچەیە بۆ دنیا بوونیان لە ڕوخانی دەوڵەتی ئیسلامی. بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەناوی بریت ماکگورك وتی: " ئێمە جارێك هەر لە سوریا دەمێنینەوە و چەق دەکەینە سەر نەمانی داعش بەیەکجاری." پاش مانگێك جارێکی تر و بەرپرسێکی تر بە ناوی جەیمس جەفری جەختی لە مانەوەیان کردەوە و وتی: " ئێمە پەلەمان نییە لە جێهێشتنی سوریا."

ئەمریکەکان بەسوود وەرگرتن لەو بارودۆخە بە دوای مەرامی سیاسی تەرەوەن. وەکوو سەرەتا هێزە سەربازەکانیان بەکار دنن بۆ فشار خستنە سەر سەرکی سوریا بەشار ئەسەد، هەروەها ناڕەحەتی درووستکردن بۆ یارمەتکانی ئێران و ڕوسیا بۆ حکومەتی سوری.
ژمارەیەك لە بەرپرسە کن و نوێەکانی ئەمریکا دەڵن هەنگە بتوانیین ئامانجەکانمان لە سوریادا بێنینە دی – گۆڕانی دەسەات – وەکوو بەرپرسێکی پێشوتری ئەمریکی بەناوی ئەنتۆنی بلینکن وتی: " ئەگەر بتوانن ڕوسیا لە سوریا دووربخەنەوە کە پشتیوانیکەرێکی زۆر مەحکەمە بۆ ئەسەد، ئەوە مزندە دکرێت بۆشار لەدەسەات وڵابنرێت" .
لە مانگی ئاب دا بەرپرسی باڵای بنکە سەربازەکانی ئەمریکا CENTCOM جۆزێف ڤۆتێڵ وتی: " تەوەگلانی ئەمریکا لە سوریا پەیوەندیەکی زۆری بە ڕوسەکانەوە هەیە، ئەمەش بەشکە لە نمایشی زلهێزەکان لە ناوچەکانی جێنفوزی یەکتر.

ئێرانیش ڕۆڵی هەیە لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، وەك بەشێك لە بەرپرسەکانی ئیدارەی ترامپ ئاماژەیان پێداوە.
لە مانگی حوزەیران دەیقد ساتەرفیێد بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە کۆنگرێسی ڕاگەیاند کەوا " هێزەسەربازەکانی ئەمریکا، سوریا جێناهێڵن، ئەگەر ئێران پێشتر ئەو وڵاتە جێنەهێڵێت. هەر بۆیارێکی تایبەت بە مانەوەی هێزەسەربازەکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی سوریادا. A- ئەوە بۆیاری سەرکایەتیە. B- ئەو بۆیارەش بە شێوەیەکی باوە پەیوەندی بە دەرچونی ئێرانەوە هەیە لە سوریا."
پاش مانگێك لەو قسانەی سەرەوە، وەزیری دەرەوە مایك پێمپیۆ بەهەمان شێوە نامەیەکی پەیوەندیداری لەو بارەوە ئاراستەی کۆنگرێس کرد و تیایدا باسی لەوە کرد کەوا سەرۆك ترامپ بڕیای کۆتایی خێداوە سەبارەت بە سوریا، لەوەی "بونی ئێران لە سوریا خاڵکی بنەڕەتیە بۆ ئێمە، لەگەڵ ڕۆزگرتن لە چۆنیەتی چوارچێوەی کارەکانی US لە سوریادا." پێمپیۆ ئەوەشی وتی: " من باوای تەواوم هەیە کە

ئەم بڕیارە بەمشێوەیەی خۆی دەمێنێتەوە.”

کەواتە یارمەتییە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سوریایی دیموکرات لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە، ئەگەر بەرپرسە ئەمریکییەکان ڕێگای تریان دژییەوە بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان، ئەوە بەدڵنیاییەوە پشت لە کورد دەکەن. پاش هەموو شتێك بەرپرسە ئەمریکییەکان بە شێوەیەکی بڕاو پێیان وایە SDF “کار بۆ ئێمە دەکەن و چاو ساغیمان دەکەن.” ئەمە قسەی جەنەراڵ ێیموند تۆماس بوو سەرۆکی هێزە تایبەتێکانی ئەمریکا.

پرسیاری گەورە

سەرباری ئەوەی ئیدارەی ترامپ لەم کاتەدا بڕیاری مانەوەیان داوە لە سوریادا، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ کوردەکانی سوریا؟
بۆ چەند مانگێك کێمەڕێك لە بەرپرسانی ئێستا و پێشوو گفتووگۆیان لەسەر ئەوە بوو کەوا کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندی لەگەڵ کورد ببڕین و تەرکیز بخەینەوە سەر پەیوەندێکان لەگەڵ تورکیا، هاوپەیمان لە ناتۆ.
لەگەڵ ئەوەی تورکیا و US پەیوەندێکانیان بە شێوەیەکی زۆر تێکچووە بەتایبەت لەم ساڵانەی دووایدا و بەتایبەت پاش ئەوەی بەرپرسە تورکەکان ئەمریکایان تاوانبار کرد بەوەی دەستی هەبووە لە کودەتا کەی تەموزی ٢٠١٦ دا دژ بە سەرۆك ئەردۆگان، بۆیە ئیدارەی ترامپ قورسی زۆر دەبینێت لە زیندووکردنەوەی پەیوەندێکان. لە مانگی ئابیشدا ئیدارەی ترامپ سزای ئابوری و تەعریفەی گومرکی زیاتری خستە سەر تورکیا، کە بووە هۆکاری قوبوونەوەی زیاتری ئەزمە ئابورێکانی ئەو وڵاتە.

لە هەمان کاتدا، پەیوەندییە شەژاوەکەی نێوان ئەم دوو وڵاتە ڕێگر نەبوو لە کاری هاوبەشی سەربازی ئەم دوو دەسەڵاتە. لە ئێستادا بەشێوەیەکی هاوبەش کار دەکەن لە پارێزگای ئەدلەب بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی دەسەڵاتی حکومەتی سوری، کە نزیکەی ٣ملیۆن لە خەڵکی سیڤیل و ٣٠ هەزار چەکداری تووندڕەوی دژ بە ئەسەد لەو پارێزگایە گەمارۆ دراون. لەم ماوەیەشدا سەرۆك ترامپ وتی: ” تورکیا بەشێوەیەکی گشتی زۆر یارمەتی داین لەم بارو دۆخەدا.”

لەم دووایانەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕیاری دامەزراندنی دبلۆماتکاری پێشو جەیمس جەفری دا وەك نوێنەرێکی تایبەت سەبارەت

بە بارودۆخی سوریا، ئەمەلە خێدا هەگری پەیامێك بوو بۆ تورکیا کەوا ئەمریکا خوازیاری کاری هاوبەشە لەگەڵ حکومەتی تورکیا سەبارەت بە بارودۆخی سوریا. سانی ڕابردوو جەفری بانگەوازی پەیوەندییەکی گەرمتری دەکرد لەگەڵ تورکیا. لە کانونی یەکەمیش بە کێنگرێسی وت: ” پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا بۆ ئەمە بۆاوەیە.” داوای لەڵ هاوپیشەکانیشی دەکرد: ” ئەم پەیوەندییە مەپچڕێنن.”

هەروەها جەفری ئاماژەی بەوە دەکرد کەوا پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کوردەکان، نزیکبونەوەمان لە ترکیا قورستر دەکات. هەروەها باسی لەوەدەکرد کەوا بەرپرسە تورکەکان سەیری شۆڕش لە ڕۆژئاوا دەکەن وەك پرۆژەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK کە ڕێکخراوێکی کرێکاری تووندڕەوە و دەیەیەکە حکومەتی تورکی شەڕی دەکات. هەروەها وتی: “ زۆر بەڕە بڕێ هەیە لەلایەن تورکەکانەوە لێو بارێو.”

بەتەماشاکردنی بارودۆخەکە، کورد لەسوریا ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار بۆتەوە، ئەوە سەرباری هەڕەشە جڕبەجڕەکانی تر لەسەر وجودیان. هەرچەندە بەرپرسە ئەمریکەکان تا ئێستا بەردەوامن لە یارمەتیدانیان، بەڵام ئەوەی دەمێنتەوە بیبینین فشارەکانی تورکیا یان لایەنەکانی تڕە لەسەر ئەمریکا کە وابکات چوار چێوەی کارەکانی ئەمریکا بگۆڕێت.
بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمریکا پشت لە کوردەکان بکات، نەك هەر قوربانی بە پاڵەوانەکانی شەڕی دژە دەوڵەتی ئیسلامی دەدات، بەکو شۆڕش لە ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە، بە ئومێدترین ئەزمونی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرچاوە:
https://www.jacobinmag.com/2018/10/rojava-isis-syrian-kurds-united-states-military

---

1194ساڵ جینۆسایدی ئێزیدیەکان

و نەبەکەی نادیە مورادعەلی مەحمود محەمەد

کاتێك 4 ساڵ لەمەوپێش رێکخراوەکانی ژنانی عێراقی و ئەمریکا پشتیوان, دەستکرا بە هەڵمەتی نەبَەی ئاشتی بە نادیە, هەوڵەکە سادەو ساکار هاتنە پێش چاو, وەڵە هاتە دی, نایشارمەوە پێشتر 12 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ خۆنم بەوەو دەبینی خەباتەکە بە لەیلا زانا بێت و بە هەوڵەکانمان چۆ پێشبەکەوە" یەکەم هەوڵی کوردان بوو", لە ئێستا کە بەخشرا بە نادیە زیاتر دە خۆش بووم, وەك خەزانێ گەورە مرۆڤایەتیەکە, خەباتەکە وەناو بو بە 1194 ساڵ جینۆسایدی بەردەوامی ئیزیدیەکان و 74 فەرمان لە دژیان, ئەوانەی هاواریان لە هێستاوە بەهەی ئەوەی نادیە نیوتووە کوردم, هیچ ئەرکەکی ئەخلاقیان لە ئاست 1194 ساڵ جینۆسایدی بەردەوامی ئیزیدیەکان نەنواندووە, بەیە هاوارەکەی ئەمریان بەنرخە.

لەو 72 فەرمانەی پێشوو (پێش 2003), پیاوانی موسڵمانی کورد لە ژێر پەرچەمی ئایندا بەشداریان لە کەی تاوانەکاندا کردووە, هەندك جاریش خۆیان سەرکردایەتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان کردووە, لە مێژووشدا هەندکیان بە پاڵەوانی ئەفسوناوی و قارەمانی نەتەوەیی بەمەکەشەوە هەژمار کراون, پیاوە کوردە ناسیونالست وئیسلامیە سونیەکانیش تا ئێستا شانازییان پێوە دەکەن, هەرچەندە ئەوان لە مێژوودا تاوانبارن بە ئەنجامدانی جینۆساید, لە فەرمانی 74 یشدا وەك نادیە لە یەکەم دیداریدا گەڵایەوە " گەنجێکی تەلەعفەری و کوردێکی سەرانی و عەرەبێکی سوری" بەیەکەمجار لە موسڵ پەلاماریان داوە, واتا لە فەرمانی 74 یشدا کوردە سەرانیەکەی بارگاوی بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی ئامادەیە و چالاکانە بەشدارە لە تاوان, کچێکی ئیزیدی لە لایەك کراوە بە کەنیزك, کوێکی کوردی سەرانی ئیسلامی لە لایەکی دیکەی چیرەکەکە, قوربانی و تاوانکار کوردن, یەکیان کوردی ئیزیدی ئەوی دی کوردی ئیسلامی سونی, ئەمش سەرزەنشتی قوربانییەکە دەکەین و داوای لێبوردن لە هەمبەر تاوانی تاوانبارەکە ناکەین.

لە دوا فەرمانی 74ی ڕۆژی یەك شەمە ڕەشەکەی 3ی ئەگستسی ساڵی 2014 دا, کە بە سەرکردایەتی پیاوانی ئیسلامی تووندەوی عەرەبی سونە مەزهەب و بە بەشداری پیاوانی دێیان نەتەوەی دیکەی ئیسلامی سیاسی سونی ئەنجامدرا, لە ژێر ناوی سوپای داعش, لە بەشی زۆری پیاوانی

کورد نەك ئەمجارە پێچەوانەی جارانی پێشوو, بەشەك نین لە پرسەكە و ئەكتەری چالاك نین لە تاوانەكە, داگیر كەری گەلی عەلی بەگ و بەردەشە نین, بگرە بە هەمەتی هەموو ئەزیدین قەناغێكی نوێ دەنێنە پێشەوە, پێچەوانەی فەرمانكانی پێشوو, دەستە بژێرێك بەرەو روی تەواوی رابردووە رەشكە دەبنەوە و زەربەش شانازی بە نادیە موراد كەیانەوە دەكەن, یەك شەمە ەشكەی نادیە دەبێتە دوا فەرمان و دوا كەمەكوژی ئەزیدیەكان و دادگاییكردنی كەی تاوانكانی پێشوو , سەرجەم فەرمانكانی رابردوو لە ئاوێنەی یاداوەریدا زیندو دەكاتەوە, دەیانكات بە بەشكی بزلەكراو لە مژوو , مژوو لەردا پێچەوانە دەبێتەوە , 3ی ئاب لە تاوانەوە دگەرێت بە دادگای مژووی تاوانە هاوچەشنەكانی رابردوو, دادگاییكردنی 72 فەرمانی رابردوو كە لە ژێر ناوی ئاێندا ئەنجامدراوە و پیاوانی كوردیش لە بەشكی تاكە قارەمان و تاكە تاوانبارن و لە بەشكانی دیكە ماشینی تاوانەكەن, بەخشینی نەبەی ئاشتیش بە نادیە موراد رابردووی پە تراژیدی ئەزیدیەكانی كردە دادگایەكی نەو نەتەوەیی.

لە فتواكانی ئەحمەدی كوێ حەنبەل((780-855 م ەوە , تا فتواكانی لەیسی سەرقەندی و مەسعودی و ئەبو سعودی عەمادی بەم هەموو پلەو پایە ئاینییەیاوە (“خگیب المفسرین” شیخ الإسلام, مفتی القسگنگینیە,) كە ئەزیدیەكانی بە لە كافر كافرتر لە جوو و كریستان و ... ناو زەد كردبوو, فتوای كوشتنی پیاوان و بە كنیزەك كردنی ژنانی وەك نادیە موراەكانی دەردەكرد, هەموو ئەوانەی بە فتواو فەرمان بەشداری جینەسایدی ئەزیدیەكانیان لە مژوودا كرد, جارێكی دیكە لەبەردەم ئاوێنەی تاوانكانی داعش خرانەوە ناو قەفەسی دادگای مژوو و ویژدانەوە, ئیتر لەرەوە عەمادی شێخ الئیسلامی ئومەیەك نیە لای ئەمە, بەڵكە فتوا دەری تاوانێكی مژووییە بەردەوامە بە زیاتر لە دوو سەدە و تاوانباری جینەسایدە,و قوربانیەكەشی سومبلی ئاشتیخوازی جیهانە, سەدان فەرمان لە بەر رەشنایی فتواكەیدا دەردەچێت و پێكهاتەیەك هەوێی سینەوەی لە بنچەوە دەدرێت, ئەوێی داعش كردی, عەمادی درێژ ماوەترین موفتی ئاستانە چوار سەدو نیو لەموپش بەیاردەری بوو, بەرامبەر بە ئەزیدیەكان بە تاوانكاری زیاترەو دەقانتر لەوێی ئەمە جبەجكرا .

قە كردنی ئەزیدیەكان لە سالی 224ی كچیەوە, لە سەردەمی خلیفە موعتەسەمی عەباسیەوە دەستی پێكرد, وەلە فتوای ئەبو سعودی عەمادی لە سالی 1560 ی زاینی رەوایەتی ئاینی و پیرۆزی پە بەخشی لە پێششی

ئایندا, ئەم فتوایە بووە هۆنی دڵیان فەرمانی مەرگ هەموو ڕشتر و دەقتر لە 3-8-2014, چەترینیان فەرمانکانی قەکردنکانی سەدەی نۆزدە بوو , سەدەیەکی پڕ نەهامەتی و تاوان بوو بە ئۆزیدیەکان , ئەم فەرمانانە تەنها خەلیفە و پاشا عەرەب و تورکەکان پێی هەڵنەستان ,لە ساڵانی 1832 و 1834 پاشای کەرکی ڕواندز و فەرمانی بەدرخان بەگ لە ساڵی 1844 دا لە ناو فەرمانڕەوزی بەڕێکاندان, لە موسڵیش دوای 3ی ئاب پیاوانی کورد ئاگر بە لاوازیش بەت شوێن پێی پاشای کەرکو بەدرخان بەگ هەڵدەگرنەوە, ئەمجارە کچێکی دەبەتە قوربانی ترسی لە گەلانەوەی تاوانکە نیە و دەبەتە حکایەتخوانی, ئەو تاوانە لە پیرەزیەوە دەکاتە ناشرینترین , حکایەتخوانی ئەمجارەمان بەشان و باڵی میرو بەگ و شا و خەلیفەکاندا هەڵنادات, بگرە لە ئاوەڵنای تاوانکانی موسڵمانە سونیە تەلەعفەری و کوردە سەرانیە سونیەکەو عەرەبە سوریە سونەکەو یەک مەژووی 1194 ساڵەی رابردوو دادگایی دەکات, زاکیارەکان لە ویژدانەدا دەژنەتەوەو مرۆڤایەتی بەرەو ڕوی مەژویەکی ڕەش دەکاتەوە, دەبەتە حکایەتخوانی زیاتر لە هەزارەیەکی پڕ لە تاوان, حکایەتێك هەزاران چیرەکی ناو پەرتووکە پیرەزکانی رابردوو ناشرینە کات, حکایەتەکەی ئەو پیرەزیەکان وردو خاش دەکات و مەژوو سەرەو واژوو دەکاتەوە, ئەو حکایەتەی ژنانی ئەنفال نەیانتوانی ببنە سوارچاکی لەو دیو پەردەکانەوە چیرەکەکانی خەیان لە ترسی داب و نەرەت بە شاراوەیی و کزی گەیاندەوە.

دەبەت نەبەکەی نادیە بەبەتە هەکارێك بە پەداچونەوە بە مەژووی 1194 ساڵەی رابردوو, بەیە لە بەر ڕشنایی و ئاوەڵنای تاوانکانی داعشدا, دەبەت بە پەگەی کەسایەتی ئەو کەسایەتیاندا بچینەوەو لە دادگای مەژوودا دادگایی بکرێنەوە, راستە هەر مرۆڤێك لە مەژوودا مرۆڤکان بە شەوازەك دەیخوێننەوە, وەلە تاوان بە تاوانی دەمێنەتەوە, تاوانکار لە سزا نابەت رزگاری بەت, دەبەت پەگەی راستقینەی خەی پەبەخشرێتەوە لە گەیشدا بەت, نابەت گەلکانیان بەبەتە شوێنی پیاوچاکان و دڵنەوایی نزای لەقوماوان کە تاوانکاری ئەنجامدەری جینسایدە , هەموو هەماکانی گۆڕە نیشاندانی ئەو تاوانکارانە لە مەژوو و یاداوەری گەلدا پەویستە تەك بشکێنرێت .
دیارە نادیە ئاگر نەفیسی کەهنەوەرد بە یەکەمجار چیرەکەکەی بە جیهان نەناساندایە, وەای ئازایەتی خەی کە یەکەم ژنە حکایەتخوانی ئۆزیدی بوو, ئەوا ئێستەم بوو بتوانێت بەبەتە خاوەند گۆرەترین حکایەتی تاوانلێکراو.

نادیە لە بازنەی قوربانی دەستدرێژی دەرچوو, کاتێك شووی کرد,دوای وەرگرتنی نەبە ئەرکی قورستر لە جاران, خەبات بۆ داکۆکی لە مانەوەی ئێزیدی و بەرەو روبونەوەی کەمکۆژی لەسەر بنچینەی ئاینی و نەتەوایەتی, خەبات بۆ کەمکایەکی ئێزیدی پێشکەوتنخوازی کراوە , بەرەو رووبونەوەی داب و نەرێتی کۆنەخوازی ئێزیدی, بەرەو روبونەوەی جینۆساید ورۆزگرتن لە یاداوەری قوربانیانی جینۆساید لە جیهان بۆ گتشی و ئێزیدی بۆ تایبەتی, پشتیوانی لە مافی گەلان و کەمایەتی ئاینی و مافی ژنان وەك سومبلێکی جیهانی خەباتی ئەوی قورستر کردووە, ئەو بۆ ئەوەی گەورەتر بێت پەویستە خەباتەکەی ببەخشێتە قوربانیانی ژنانی ئێزیدی لە 1194 ساڵی رابردوو, مەنمەنتەك بۆ ئەندازەی گەورەیی قوربانیانی 1194 ساڵ جینۆسایدی بەردەوامی پێ دروست بکات.

عەلی مەحمود محەمەد

خەباتی درێژی ژنانی ئێزیدی لە دوای جینۆسایدی ٢٠١٤ی فەرهاد شاکەلی

دوو سەعات لەمەوپێش، چاوم لە ئاگەیاندنی ئاستوخێی کەمیتەی نەبەل بوو، کە خەباتی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٨ دەدرێتە (دینیز موکوگە)ی خەڵکی کەنگە و خاتوو (نادیا مورادی)ی "ئێزدامی کەمینەی یەزیدی لە باکووری عیراق". تا دوایین چرکەی ئاگەیاندنەکەم بینی و گوێ لە بوو، نە خەڵاتدەرەکان و نە ئەو هەموو ژنامەوان و میدیاکارانەی لەوێ ئاوەستابوون بە هووماکردنی هوودواوەکە و هێندێ پرسیاریشیان لە خانمی پێشکەشکار کرد، بە یەک تاکە وشەیش ناوی کوردبوونی نادیا مورادیان نەهێنا و نەیانگوت خەڵکی کوردستانە.
ئەم جارە هەوەستە بە من شتێکی تازە نییە و دەمکە لە میکانیزمی هووالەتکارانە و چەواشکارانەی ئەم ژنلێنان و خەباتکردنە درێ و ساختەکارانە تێگەیشتووم. ئەم پاییزە دەبێتە چل ساڵی هەك کە من لە سوێد دژیم. لەم چل ساڵەدا سیونە (٣٩) جار پێشکێشکردنی خەباتی ئەدەبییات و چل (٤٠) جاریش خەباتکانی دیکەم بینیوە و تا ئادیەك ئاگاداری یارییەکانی پشت پەردەی بەیارەکانی کەمیتەی نەبەلیش

بووم، کە لێرە و لەوێ لە ڕۆژنامەوان و میدیاکاری چوختی و بەڵسەوێ ئاشکرا دەکرێن. بۆیە وتم (٣٩) جار خۆاتی ئەدەبییات، چونکە ئەمسا خۆاتی ئەدەبییات نادرێ. ئەکادیمیای سوەدی ئاوڕووی خۆیان و خۆاتەکەیشیان برد، کاتێ ئەوێ ئاشکرا کرا کە مەردی ئێندامێکی ئەکادیمیای سوەدی، پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ ژنی بەشێک لە ئێندامانی ئەکادیمیادا هەبووە و ئێنجامی ئەم پەیوەندییانە چی بووە.

من لە دەورەی پەم خەشە کە خاتوو (نادیا موراد) خۆاتەکەی وەرگرت و پیرۆزبایی لێ دەکەم. نادیا و ئازارکانی نادیا و سەدان و هەزارانی دیکەی وەک نادیا، شایانی ئەوێن دۆیان و سەدان خۆات وەربگرن و ڕێزیان بگیرێت و خەم و خەفەت و ئازارکانیان بە خۆکی ئەم دنیایە و بە مرۆقایەتی تەمار بکرێن. بۆیە دەبێ لای مرۆق هۆشیارکان و ڕووناکبیران و بۆیاردەر و سیاسەتمەدار و خۆکانی دیکەیش ئەوە ڕوون بێت، کە خۆاتی نەبەل، چ هیی ئاشتی و چ هیی ئەدەبییات، بە فیلتەری سیاسەتێکی دزێو و ناشیرین و گومانلێکراو تەدەپۆڵێت و هیچ پەیوەندییەکی بە داهێنان، یا بە چێوسانەوە و بەدبەختییەوە نییە. باسی خۆاتکانی دیکەی نەبەل، فیزیا و کیمیا و پزیشکی و ئابووری، ناکەم، چونکە وەک ئەم دووەی باسم کردن، ئاگاداری ئێوانێ نیم.

کەمیتەی نەبەل بە نادیا موراد دەڵێ "ئێندامی کەمینەی یەزیدی لە باکووری عیراق". ئێوان لە من و تۆ چاکتر دەزانن و ئاگادارن کە نادیا کوردە و خۆکی کوردستانە. ئێوان زۆر چاک ئاگادارن کە نادیا و سەدانی وەک نادیا بە هەوە و کەششی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕزگار کراون. بۆیە بەرژەوەندیی ڕۆژاوا ئێوێیە هەمیشە جۆختی یەزیدیبوون بکات، بە کوردستانیش بگوترێ باکووری عیراق. لەم بوارەدا دەبوو خزمانی یەزیدی خۆیان، بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا، بە هەموو ئێوانێی باسیان دەکێن، یا قسەیان لەگەڵ دەکێن یا ڕێزیان دەگرن، بڵێن: تۆ مافی ئێوەت نییە بۆیاری ناسنامەی ئەمە بدەیت. ئەمە کوردین، ئایینەکەمان یەزیدییە و "وڵاتە مە کوردستانە". کەمیتەی نەبەل لە کورد و کوردستانیبوونی نادیا خان خۆی گەل دەکات، کەچی لێوەدا هیچ هەڵە ناکات کە لە جێی (شنگال) بڵێ (سنجار)، چونکە ئەمیان ئێو شێوەیە کە عیراقی عەرەبی پێی خۆشە و دژێوە بیستپێنجەت. (داعش) دژیوستە بە زۆر و بە هەڕەشە و سووکایەتی نادیا خان و هەزاران نادیای دیکە واز لە دین و ئایینی خۆیان بهێنن، ڕۆژاوایش دژمانێوە بە خۆاتکردن و بە بەرتیل بەرگی

جوانی کوردبوونیان لە بیر دابکەنن.

هەر لەم دیرفەتدا دەبێ ئاوێشتی هەوون بکەمەوە کە میدیاکارانی کوردستان، زیر جار خوێنەر و بیسەر و بینەر چاوەشێ دەکەن، ئەوانەی کە ئینگلیزی یا زمانەکانی دیکەی ئورپا نازانن، و بە شێوەیەک قسە و لێدوانی هەبەر و سیاسەتمەدارانی هەژاوا دەگوێزنەوە کە لەگەل هاستیدا ناگونجێت. دیان جار گوم لە بووە و بینیومە، کە کابرای هەژاوایی وتوویەتی (Northern Iraq)، کەچی ئەمان بە (کوردستان) تەرجەمەی دەکەن. تەنانەی بیرانبەر سیاسەتمەدار و بیرپرسانی عیراقیش هەر ئاوا (شیرمن و سیلار)ن. کابرای عیراق دەڵێ (الاقلیم)، بەڵام ئەمان کە تەرجەمەی دەکەن، دەڵێن (هەرێمی کوردستان).

ئەستا کە یەکەمین جار لە مێژوودا کوردێک خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێت، دەبێ کورد لەوە زیرتر و وریاتر و هاستگەتر بن، کە کەسانێک زیرد و سوور و کەسکی هەژاوایان بکرێتە سیر. دەبێ هاستوەوان بە هەژاوا بڵێن، یەزیدی کوردن و یەزیدیخان کوردستانە. نابێ لەوە بترسن و سڵ بکەنەوە کە "دەستەکانیان!" لێیان زویر ببن. هەوناکبیرانیش دەبێ ئەو هاستییەیان لا هەوون بێت کە خەڵاتی نۆبێل، لە ٣٠-٣٥ ساڵی هابووردووەدا، زیر جار، وەک هەگایەک و وەک کیرەستەیەک بە ناوزاندن و دژایەتیکردنی ئیسلام بە کار دەبرێت، نەک بە هەڵگرتنی داهێنانی ئەدەبی یا خەبات لە پێناوی ئاشتیدا. زیر جار بینیومانە کە مرۆڤکوژ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ بەخشراوە و کەلکە نووسەر خەڵاتی ئەدەبییات. هەژاوا ئاگەر شەڵی ئیسلام و موسڵمانان دەکات، با بچێت خەی بیکات، نەک کورد بە کار بهێنێت و دواییش بە گورگانخواردی بدات. لە شەڵی (داعش)دا هەزاران تەکۆشەر و خەباتگەڕ و قارەمانی کورد کوژران و بریندار کران، بەڵام هەژاوا پاداشتی کوردیان بەوە دایەوە کە دژی گشتپرسی هاوستان و داگیرکردنی نیوەی خاکی کوردستانیان پێ ئاسایی بوو.

هەر ئەم هەژاوایە و هەر ئەم کەمیتەی نۆبێلە، ساڵی ١٩٨٨، کە هەڵەبجە ژاربارن کرا و (ئەنفال)ی بەدناو هووی دا و هەزاران کچ و ژنی کورد دیل کران و هەرچی خراپە بەسەریان هێنرا، یەک وشەیان لە دەم دەرنەچوو، نەوەک سەدام حوسەینی دەست و خۆشەویستیان زویر ببێت. نە ئەوسایش و نە ئەستایش نیانهشت هاستیی ئەو کارەساتانە ئاشکرا بکرێت، چونکە ئەودەم ئەویش ئاشکرا دەبوو کە خیان هاوبەش و هاوکرداری ئەو تاوانانە بوون.

نادیا خانمی بەرز و خۆشەویست! لە دەوڵەتی پیرۆزبایی لێ تێ و لە نزیکەوە کورد و لە کوردستانی نیشتمانی هەموومان دەکەم. تێ زڕار لە خەباتی نەبەزل گەورەتریت و زڕار لە سیاسەتی ئەژاوا پیرۆزتریت. ئازارکانی تێ، ئازاری هەموو مرۆڤایەتین و بەشکن لە مژووی مینەت و چەوسانەوە و ژێردەستیی مرۆڤ لە سڕانسەری مژوودا. تکایشت لێ دەکەم: ئەو ئەوارەیی کە خەباتکێ وەردەگریت و ئاخاوتن پێشکەش دەکەیت، بە کوردی قسە بکێ و زڕار ەوون و ئاشکرا بێ: ئەز کوردم و وڵاتێ من کوردستانە.
بڕینی نزیکەوە کورد و نیشتمانکەی، نە بە خەباتی نەبەل و نە بەرەن و دەستایەتیی ئەژاوا ساەژ دەبەت. ئەم جارەیش، ئەم نووسینەم بە وتێ جوانکەی سەکرات، فیلەسەفی گەورەی یونانی، دەبەمەوە، کە فەرموویەتی: "خۆت بناسە: Know Thyself!".

فەرهاد شاکەلی
زانستگەی ئوپسالا
سوێد، ٥-١٠-٢٠١٨

کتێبی: ڕەخنە لە ئیدیۆلۆژیا … سمکۆ محەمەد

ناوی کتێب : ڕەخنە لە ئیدیۆلۆژیا. لێکۆڵینەوە لە چەمکی ئیدیۆلۆژیا و ڕۆشنبیری
بابەت : لێکۆڵینەوە
نووسەر: سمکۆ محەمەد



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….



چەپکێک شیعری نیکۆلاس کاتانێ
شاعیری ئەمانیی – کەنەدیی

تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان (مەشخەڵ)

پایز

چ حەپەساندێک بوو
من و خەڵک
بەیەکەوە لەهەمان ژووری زیندانا
دەمانتوانی بوونمان هەبێ

*
گەڵا زەردەکان لە بەدەنگیدا ئادەمانەدرێن.
*
من ژمارە نەوەد و چوارم.
*
خائینەکان دەبووایە میللەتەکانیان بپارێزن و
قارەمانانەکانیش دەبووایە بیانفەوتێنن.
*
باڵندەکە ئەگاتە
پشت چاوەکانم و
ئەبینێ چۆڵ و هۆڵە.
*
گردەکانی دەوروبەر
لە ترساندا گرمۆڵە بوونێ
*
گەردوون
بەردەوامی خۆی هەڵناوەشێنێتەوە
لەبەر دزەوی مرۆڤ
*
من زەرجار
لە وشەکانم پەشیمان دەبمەوە
بەڵام هەرگیز لە بڕەنگییەکانم نا.
*
ئێستا تاکە گەڵایەک بەقەد دارەکەوە نییە.
*
تەنها نهێلیستەکان دەیبڕنەوە چونکە بە نیازی هیچن.
*
من باڵندەی زیندانم.
*
بە ئەوەی مەزن بی، ئەبە بە هەڵە حاڵی بووبی.
*
کە منداڵ بووم کەس نەدەمرد
بەڵام ئێستا مردن بەردەوام ڕوودەدا.
*
واقیع داهێنانی ئارەزوو و لە ئێندازە بەدەرمانە.
*
بڕەنگی لەتیرەر باڵا دەستترە.

*
گەڵاکان گوێمن و
گوێم لێ دێگرن
*
هیچ ناڕەوایەک لە دڕی ئەبسوردێکەوە تا بێگانەترین تاوان.
*
من دژێم و تاجی پاشایەتیشم ناوێ.
*
ئەوەی لێرە مرد بێناوە.
*
من بەردەوام هەڵەم کرد
بێ ئەوەی ببم بەخێم.
*
شێو و ڕۆژ
زەرانبازییەک لە پێناو دەسەڵاتدا.
*
من خەریکی لابردنی جاڵجاڵۆکەی مردووم لەسەر
لێوی پەنجەرەیەکێ.
*
چونکە مردن ناچارییەکی حاشاهەڵنەگرە
مرۆڤ چارەنووسی بێ شکستە.
*
کۆتاییەکان ئەنجام نین.
*

زستان

زەمەن لە نێو بەدەنگیدا عاسی بووە.
*
قەڵەکانم ماندوو بوون
لێوەی وەکو باڵ خەو بنوێنن.
*
دەتوانم دەم وەربگرمەوە؟
*
ئەڕە ئێو شوێنێیە کە هەموو فڕۆکانی
خەکوزی تیا فڕ دەبی.
*

شەشکان تاجیان خستە سەر تاوانباران.
*
هیچ شتێک لە زیندان لە هوشیاری
بە تاوانێک ناخشتر نییە.
*
ئامانجێکی تایبەت ببەخشە بە ژیان
ژیان یەکسەر مانای خۆی لەدەست دەدات.
*
مانگی ئاسمان وەکو ئاوێنەکە شکاوە.
*
کەس ناتوانە خۆی بە لایەکدا بخات
چونکە هەموو کەس هەم ڕاستن و هەمیش هەڵەن.
*
چونکە هەموو فڕە دەکەین
بۆیە لە یەکتر دەبووڕین.
*
ئەگەر مردم
تەنیا مەکەنەوە.
*
ئەگەر ژیری لە خەوندا بوایە
چیم لە خەوتن پەدەدزرا.
*

بەهار

ئایا هێوناکی دەرگای هەیە؟
*
گوێ لە نەو بەسەی ئاگردا دەبێتە بەهار.
*
نوێژکەرەکان بە دەراوەکان نزا دەکەن.
*
پەپوولەیەکی ڕەش
خەری داپۆشی.
*
جارێک چەند جیهانێک هەبووە
لە نێوان وشەکان و نائامادەییدا.
*

لە چاوەوانی گوللە بارانکردن دام.
*
چ ئەلتەرناتیفێکم هەیە،
پاش تاریکی؟
*
من لە کوێم؟ ئایا من بەدارم؟
*
بەردەوام نیشتمانی خۆنەکانم
دروست دەکەم.
*
هیچ شتێک لە بیرەکە ترسناکتر نییە
وەختە تەنها ئەومان هەبە.
*
پەموابە باخچەیەک هەیە
ناوی باخچەی خۆشەویستییە
گەر وایە،
منی تێدا نیم.
*
هەندجار سەلامەتترە
دەست و پێ لە زنجیردا بێ
نەک ئازاد بی.
*
خۆنەکانیش کەلی قەبرن.
*
بە بێ مەرگ
ژگاری نایەتە دی.
*
ئەگەر بێ وەفا بیت بێ ڕاستی
ئەوێ ون بوویتە.
*
بوون بە قوربانی، تراژیدیایە
بوون بە مرۆڤیش تراژیدیایەکی ترە.
*

هەرگیز ناتوانم ببم بە شتێک
خەم نەبم
نا ئومێدیشم لەوێی ببم بە خەم.

*

خەر دەدروشتەوە
وەک ئەوەی مردن هەر نەبە.
*

چاوەوانی بە کۆتایی هاتنی چاوەوانی
خەی جەرگە لە چاوەوانی.
*

هاوین

شەن ئەو گەورانە مەکەوە
کە چاو برسین.
*

مەشک ئەو یادەوەریانە هەدەگرە
کە دە ناتوانە هەیان بگرە.
*

لەر هیچ ئەلتەرناتیڤکی تر نییە
جگە لە خەشەویستی یان مەرگ.
*

هیوا لە زانیاری ناتەواوەوە
پەیدا دەبە.
*

تەنها کەسک لەوانیە ببەت بە شەیتان
بەهام کەمەلە کەسک پەکەوە دەبن بە بەربەری.
*

گوەم لە هاوارە لاوازکەیەتی.
*

سەرکەوتن بە بە ئەخلاق چی دەگەنە؟
*

گرنگترین ەاستی فەرمان دەرکردنە
هەموو کەسک دەیەوە فەرمان بدا.
*

پرسیار ئەوە نییە ئایا بەوامان بە خوا هەیە
بەکو ئەوەیە ئایا خوا بەوای بە ئەمە هەیە؟
*

سەرما لە گوەی چیمەنتەوە دەوە.
*

مەشک قەت ەەنمایی دە ناکات

بۆم لێ تاواندا دڵبنێ هاوڕێی یەکتر.
*
ئایا هیچ و پووچ دەتوانێ بەخشندە بێ؟
*
هەموو مرۆڤ بۆ هەتا هەتا دژمنت و
بۆ هەتا هەتا دەمرێت.
*
وەک دەریاچەیەکی مردوو
تاریکی پڕچامیەوە.
*

پایز

هەورەکان مژووویان نییە.
*
پایز لووتکەی گڵا مردووەکان و
شکستخواردووەکانە.
*
من لەرم
تا چەندین شکستی خوات پێبڵم.
*
یان دڵبە یەکترمان خۆش بوێ
یان بمرین.
*
من و درەختەکان
زوو ووت دڵبینەوە.
*
هەتاو لەسەر دیوارەکە توایەوە و
تیشکەکانی لی دەچڕێ.
*
گومم لێ دەنگی شۆن پەکانمە
بۆ بۆوچان بۆ شۆنمەوەن.
*
ئایا دیوارەکان دەتوانن بمخنن؟
*
تۆ بۆی ئەمە دواین خۆنم بێ؟
*

نیکۆلاس کاتانەی لە ساڵی ١٩٢٦ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. خوێندنی پزیشکی و فەلسەفەی لە زانکۆی کلوج ناپەکا لە ئەڵمانیا خوێندووە. لە ساڵی ١٩٦٢ دکتۆرا و دوای شەش ساڵ دەبێتە هاوڕاتیی کەنەدی. لەساڵی ١٩٦٢ تا ساڵی ١٩٧٠ وەکو رادیۆلۆجیستێک(شارەزا لە بواری بەکارهێنانی تیشک) لە مۆنتریاڵ و فدریکتن کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠ وە بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشتی کردووە و ماڵی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا داناوە. کاتانەی بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی دەنووسێت و زیاتر لە سی کتێبی بڵاو کردۆتەوە.

نیکۆلاس ئەندامی یانەی: پێن" و ئەندامی کۆمەڵەی نوونتەوەیی شیعرە لە بەریتانیا و ئەندامی ناشناڵ جیوگرافی ئەمریکییە و ئەندامی ئەکادیمیای شاعیرانی نوونتەوەیی مەدرەسەی هیندییە و هەروەها ئەندامی ئێس پی ئاڵ ئەڵمانییە.
ئەدەب و شیعری ئەڵمانی لەووی مەژوویەوە کەنترین دەقیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٢١ کە بارشۆف نووسیویەتی. کلتووری ئەڵمانی بۆ چەی لەژیر کاریگەری کەنیسەی ئەرسەدەکس بووە. یەکەمین کتێب لە ئەڵمانیا کە کتێبکی ئایینی بوو لە ساڵی ١٥٠٨ چاپکراوە. پاش ئەو مژووە ئینجیل و گەلە کتێبی ئایینی تر چاپکران. بەڵام وەک ئەدەب یەکەمین کتێبی ئەدەبی (شیعر) لە ساڵی ١٦٧٣ چاپکراوە و بووە بە سەرەتای بزووتنەوەی شیعری ئەڵمانی.

لە سەدەی هەژدەهەم خاکی ئەڵمانیا کەوتە چنگ دەسەاتی عوسمانییەکان و ئەوانیش تەنها ئاگایان بە کلتووری یۆنانی دەدا و لەرەوە کلتووری یۆنانی هەژموونی خۆی بەسەر ئەدەبی ئەڵمانیدا زاڵ کرد و بووە هۆی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی ئەڵمانی. دوای بڵاوبوونەوەی بیری ناسیونالیستی لە ئەورووپا، ئەڵمانییەکانیش کەوتنە خۆ و ئەو ئایدۆلۆجییەیان گرتە دەست لەپێناو دەوڵەتی خۆیاندا. لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەدەبی ئەڵمانی گەیشتە چەپەپەی خۆی کە بە قۆناغی زێرین ناو دەبرێ. ئەڵمانیا جگە لەوەی ژانری ئەڵمان تیایدا گەشە دەکا، گەلە بەهرەمەندی تری تیا هەڵدەکەوە لەوانە کە ئاگیان دەبە لە بنیادنانی بزووتنەوە ئەدەبیی و هونەرییەکانی خەرئاوا..دوای ئەم پلەیە لە گەشە ئیتر ئەڵمانیا تەکەڵە بە کلتووری خەرئاوا دەبە. دوای جەنگی جیهانی دووەمیش ئەڵمانیا بیروباوەڕی ستالینیزم و دەسەاتی کەمۆنیستی ئەو وڵاتە کاریگەری ئاستوخێیان دەبە لە گەشە و سەرهەڵدانی ئەدەبی کەمۆنیستی ئەڵمانی. ئەدەب و شیعری هاوچەرخی ئەڵمانی لە کاروانی گەشەی شیعر و ئەدەبی جیهانی دانەبڕاوە و

شاعیران و نووسەرانیان لە داهێنان بەردەوامن.

نیکۆس کاتانەی شاعیر لەم شیعرانەدا شیعر-یادەوەری یان یادەوەری شیعریی ئەزموونی ژیانی زیندان و دووبارە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی سەردەمی گەنجی شاعیرە کە لە زیندانەکانی ھەمانیادا دەست بەسەر بووە، کە ئەو کات لایەن ھوسیاوە داگیر کرابوو. سەجار بە ھەکەوت دەیھێننەوە دەرەوە تا ئیعدامی بکەن، بەڵام کاتانەی یەکەک بوو لەو دوو سەد زیندانییەی کە لە ئیعدامکردن ڕزگاری بوو. دوای ئازاد کردنی نیکۆس لە یادەوەری خۆیدا بڕیەکەوتنی خۆی وەک زیندانییەکی سەدەی بیستەم ھەناوەتە ئاراوە. تێکستەکان بڕاوردی دوو دەنگی جیاوازن کە بە ئیقتباسی شیعری شاعیرانی تر و قسەی نەستاق خۆی پێ دەکاتەوە. کاتانەی ژانرە کۆنەکان تێک دەشکێنێت و داوامان لە دەکات بە پێچەوانەوە بیان خوێنینەوە ھەروەک چۆن ھاست و ھاست دەیخوێنینەوە، بە دەزینەوەی درێی مرۆڤایەتی لە کەلەنێی کەمەگەی ئەمەدا. وەک کاتانەی خۆی دانی پیادا ناوە ھیچ شکۆ و ھێزێک لە زیندان وەک خۆی گوزارشتی لێکردووە، بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک گیانەوەی شکێیە بە ڕوحی مرۆڤ.

نیکۆس کاتانەی وەک لە نامەیەکیدا بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ناردووە دەنووسێ " تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک" ھەم یادەوەرییە و ھەمیش شیعرە" ھەروەھا سینسیا مئسینجەر لە کۆتایی کتێبەکەدا کە وەک پاشکۆیێک دانراوە دەنووسێت " من پێشنیار دەکەم کە ئەم تێبینییانە وەک شیعرێکی دریژ بخوێنرێنەوە." ھەروەھا دەنووسێت " ئێستا و دوایی تێکستەکان لەگەڵ فرەیز و ستە ئاماژەن بە بەدەنگی، بێگومان بەدەنگیش یانی مەرگ". دواجار لە میانی تێکستەکانەوە دەبینین شیعری جوان و نووسینی جوان خۆیان نمایش دەکەن. وەک سینسیا دەڵێ " شاعیر قورتەرین مینەتی لە جیھاندا ئەزموون کردووە و بەردەوامیشە لە گیان بەدوای ڕاستیدا.

تێبینییەکانی وەرگێڕ :
١- تێبینییەکانی سەر دیواری زیندانێک کتێبێکی کشیعرە و من تەنھا ئەم چەند شیعرانەم لە ھەڵبژاردووە و وەرگێڕاوە.
٢- شیعرەکان زەر زەر کورتن و ھەندێکیان دێرێک یان چەند وشەیەکن.

سەرچاوەکان :

Notes on a Prison Wall -1

Nicholas Catanoy
Vancouver, Canada 1994
2- http://49thshelf.com/Books/N/Notes-on-a-Prison-Wall
3- http://ronsdalepress.com/authors/nicholas-catanoy/
4- http://en.wikipedia.org/wiki/Romanian_literature

میـــزاج و کەســـایەتی … هـــاور خالـید

کاتێک بەبێ هیچ هۆکارێک کەسێک یان کەسایەتی کەسیک پەسند دەکەیت یان دەکەویتە ژێر کاریگەری وکەسایەتی ئەو یان بە پێچەوانەکەی هەفزی کەسایەتییەکەی دەکەیت، ئەمە واتای ئەوەیە تۆ هێشتا دڵخی سروشتی هەبزت تێنەپەڕاندووە، هێشتا نمونەیەکی جۆرایەتی ناکاملی داروینیـت، هێشتـا لـە ئەشکەوتـە چاوبەسـتەکەی ئەفلاتونـدا گیـرت خواردووە، هێشتا لە باری کەسایەتی ئید (ئەو)یکی فرۆیدیت، لە کۆتاییدا تۆ (داسمان)ی هایدگەریت.

مرۆڤی میزاجی ناتوانیت خاوەن کەسایەتی و شوناسی خۆی بیت، هەمیشە کاریگەر وەرگرە و هەستیارە، خاوەنی کەسایەتیەکی شلۆق و ناجیگیرە، چونکە حوکمەکانی لەسەر بنەمای سۆز و هەڵچوون سەرچاوە دەگرن، زۆر جار پێوەر و ئەنجام و داتاکانی هەڵەن، گشت لەسەر بنەمای بەش پێوانە دەکات، بەدوای وردترین بەشی بەشەکاندا دەگەڕێت، خۆی لە نموونە زەق و ئاشکرا و بەرجەستەکان لادەدات، بەگشتی زۆرجار کەسی ئایدیالی و پێزەتیف دەردەکەون، بەڵام لەوێوە ئەمەش ووندەبێتەوە کە هەموو کات ئەمانە دژە سیستەم و هاوژنین، هەمیشە پشت بەو گریمانەیە دەبەستن کە دەکرێت کەمینە ڕاست و لەسەر حەق بێت، بۆیە زۆرجار توشی فاشیزمی فیکری و ئایدیاڵجی دێن.

لە ڕوخسارو ئاکاری ڕواڵەتدا هەنگە نەرم و ڕەزدار بن، بەڵام هەمیشە ویست و حەزی ئەوەیان تیایە کە بەم نەرمیە فیکرێکی هەق و توند و وشك و تاك لایەنە بچەسپینن، زۆر جاریش دەکەونە پارادۆکس، تەنانەت هەندیك جار حەساسیەتیان بە هەندیك وشەو چەمک و

دەستەواژەش هەیە، لەسەر ئاستی تیۆریدا دەشێت وا پیشانبدەن کە باوەڕیان بەهەموو پرەنسیپە ئەخلاقیە یونیڤیرسالە و بالاکان هەیە، بەڵام لە واقیعدا ویستی خۆسەپێنی و خۆپەسندییان هەیە، بۆیە زۆرجار دەکەونە پارادۆکس لەگەڵ خۆیاندا دووچاری کێشەی لۆجیکی و ئەخلاقی و دەبل مۆرالی دێن. هەموو ئەو خەسڵەتانەش کاریگەرییان بەسەر چۆنایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە دەبێت، بەشێوەیەک کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەوانیتردا بگونجێنن و هارمۆنیەک لە پەیوەندییەکانیاندا دروستبکەن.

تەنانەت لە ئاستە بابەتیەکەیدا ئەوانەی کە خەریکی کارکردنن لەبواڕە ئەکادیمی و کولتووری و هۆشیاریی و مرۆییەکاندا، لە کۆتایدا
ئەوەی دەیزانن وەکو ئامراز بەکاری دێنن یان خۆ خەریکی سەفسەتەکردن دەکەن، یان بەدیار هەستە تایبەتیەکانی خۆیەوە دادەنیشێت بۆ ڕاوکردنی یان چنینەوەی چەند دەسکە شیعرێك.
سەرەڕای هەموو ئەمانەش مادام مرۆڤ بوونێکی هۆشیارو ئاگامەندە ئەوا لە دیوە مەعنەوییەکەیەوە بوونێکە پڕکهاتووە لە هەست و نەست و باری سایکۆلۆجی و غەریزەی سروشتی، ئەوا میزاجی بوون شتێکی سروشتیەو هەم حەتمییە، شێوەیەک لە دیالێکتیک هەیە پێی دەگوترێت دیالێکتیکی نێوان خودو بابەت، بەپێی ئەم دیالێکتیکە بابەت و ووداوەکانی ناو جیهانی دەرەوەی من کار لەسەر ناخ و دەروونی من دەکەن وە بەهەمانشێوە من کاریگەریم هەیە لەسەر جیهانی دەرەوە، چۆنم بوێت وەها لێیان دەدوێم و ئاراستەیان دەکەم لەداهاتوودا، بۆ نموونە، کاتێک کە مۆژوونوسێکی نەتەوەیی مۆژووی نەتەوەکەی دەنووسێتەوە، لەبەر ئەوەی بە کامێ هەست و ئیحساسەوە سەر بەهەمان نەتەوەیە ئەوا ناتوانێت سەت لە سەت بابەتی بوون و بڵایەنی خۆی بپارێزێ، لەو شوێنانەی کە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی نەبێت هەنگە خۆی لە هەندێ ووداو لابدات و هەندیکی تر بشێوێنێت بۆ ووڵنکردنەوەی زیاتر نموونەیەکی تر، زانای بواری زانستە سروشتییەکان کە ئیش لەسەر دیاردەی بۆ گیان، ئاو و هەواو بەردو هتد.. دەکات، لەبەر ئەوە هەر لەسەرەتاوە میتۆدەکەی میتۆدی چەندایەتی ووتە ئەوا ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نیوان (خود{زاناکە}/ بابەت{h2o}بەنمونە) کە پێشتر باسمانکرد لەدۆخی سفردایە، واتە هیچ کامیان کار ناکەنە سەر ئەویتریان.

ئێستا ئەو پرسیارەی کە ووبەرووماندەبێتەوە، سنوری دۆخە ئاسایی و سروشتییەکەی میزاج تا کوێیە؟ تا کوێ مرۆڤ دەتوانیت بابەتی و

بابەتیبوون لە دەست نەدات؟
هەر کاتێک مرۆڤ توانی هەڵکارو بەڵگەیەکی دروست و لۆجیکی بۆ پەسندکردنی بابەتیک بهێنێتەوە ئەوکات دۆخی میزاجی تێپەڕاندووە، بۆ نموونە کەسێک کە حەز بە هەنگی سوور دەکات لەبەر ئەوەی هەماو هەمزی حیزبە کۆمۆنیستەکانە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کەسێک تر کە خۆشی نازانێت بۆ هەنگی سوور لای خۆشەویستە، دۆخێک کە هەڵکاریکی هەیە لەبنەمادا خەسڵەتی بابەتی بوون و مەبدەئی بوونی تێدایە.

هاورێ خالید

مانیفێستێك بۆ لەبیرچوونەوە … نەژاد عزیز سورمێ

سێبەر و سێبەر
بە دوای نیگار
بە دوای چاودێرانی ئاگر ..
هەوری ئاسندار ..
ژنانی گوێ قوڵاخ
بە جەوهەری کوڕی ئاهەنراو
بە دوای دەنگی پڵی
هەخشی بەجەماو
لەو ڕۆیانەی ،
شارستانەتی شەڕ و
شەڕی شارستانەتی
تیا بەرپایە …
*
ئادەمیگەلی
دەست بە بەردی ئەشکەوتان گوراو ..
چاو بە بەفری کوێستان ڕشتوو ..
ئاسمان
بارانی لێ گرتنەوە
خۆیان لە سرەوتنی کڵرایی

دره‌خته ‌ووته‌كان و
كه‌ناری
چ‌م و ‌ووباره نه‌قشبه‌ستووه‌كان
بینییه‌وه ..

ئه‌نكید‌
ه‌شتا له جه‌نگه‌ستانه ..
ته‌خت هه‌نه‌نراوه
گه‌لگامشی له‌سه‌ر دانیش‌ ..
مه‌یخانه ئاوا نه‌كراون
له كونجه تاره‌كانیاندا
بچ‌ته خه‌وه‌تی ئاره‌زووه‌كانی ،
له ناو شكارته ه‌چووه‌كان
‌‌ له پاكیزان ده‌گر‌ ..
*
بوار‌كی سه‌خت
چ‌له‌كه شه‌كه‌ت
وه‌ك ئه‌و عاریفانه‌ی
د‌ك به گو‌ ده‌بینن ،
به گ‌‌ایی‌ه به‌ردینه‌كانه‌وه وه‌ربوون
به‌روبووم‌ی ئاسمان
ببه‌نه‌وه ه‌‌للانه ،
و‌رانه‌ی‌ جن‌یگای
هه‌موومانی پ‌وه‌یه ..
له یاده‌وه‌ریماندا
به ئ‌شی ئه‌شكه‌نجه‌دان ده‌چ‌
له ‌‌ژ‌كی س‌ه‌دا ..
له گه‌‌انه‌وه ب‌ خود
هه‌نگاوی یه‌كه‌می ل‌ ها‌وشترا
یه‌كه‌مین بزه‌ی تیا پشكووت
چاوشار‌ك ،
ب‌ س‌و‌ك
ژیانی ه‌نا و
ژیانی برد ..
ستران‌كی ته‌واو نه‌كراو ..
ئه‌فسوون‌كی با‌ كراوه ..
به‌سه‌ر ‌ه‌هایی

کاتە پسۆکە وەسەکاندا
دەفڕ .. ناگەڕێتەوە ..
*
هەمان کرد
لە نانمان زیاتر ویست
هەمان کرد پەمان گوتن
نەتانهێشت خۆشمان بوێن ..
هەمان کرد
بە مەوسیمی
چاوغایەنیی ، بە چاندیی ، ژەهراوی
نووشتاینەوە ..
هەمان کرد
نوێژمان ،
بە کەبارێکی ناوەخت دا ..

شەپۆلی نوور
قژی کیژە گۆشەگیرەکانی
مەستتر دەردەخست
سێبەری ژیارێکی بەرەواژ بوو
شەبەنگی بە ژاوەژاو بەخشی ..
دەنگی لە بێدەنگی خواست ..
هەمان کرد
وەنەوشەی تەلانانمان ڕاوەشاند ..
لە ئاوی لەڕمان دا ،
لە بەڕ ڕازاوەکان نەپەڕینەوە ..
هەمان کرد
هەوڵمان دا ،
نووزەی گجوولە بەرەڵاکان
تێکەڵ بە چینکە و پرووشەی
چۆلەکان بکەین ..
هەمان کرد ..
*

مانیومێنتێك
بۆ هەوری ئاسندار
بۆ ژنانی گوڵ قوڕاخ
بۆ خۆخواردنەوە

بۆ باران ،
لە پاشماوەی
پێکە بە دزی خوراوەکان هەڵدەنێین ..
سەمفۆنیای شێتایەتییە ،
پرچی پیرۆزگریی ئادەکێشین
نووزەی
تووتکە هەتیوکەوتووەکانمان
دێتە دەست ..
ئاوریشم ،
پێڵای پێ خوار دەکرێتەوە ..
ئێوارە بە شەتاوێکی تۆزاوی دووگیانە
ئاگر جەنازەی بەفری لە کێڵ ناوە ..
ووبارە کۆیەکان
یان ،
لە چاوی کوژاوەمان گرتووە ..
خوانی شەو
سرووتیی هەڵە و گەردەلوولە ..
شەهدی مۆژوو
بە ئاوێنە تۆخەکاندا دێتە خوار
چۆلەکە
گۆرانییە بەردینەکان بەرنادەن !
خاکی پیر
کە جەستەی درزبردووی خۆناوی
لە خۆرکی بریندار دەچێ
بە ئامێزی لەرزکی
هەشەبای لە باوەش گرتووە ..
چۆلەکە
گۆرانییە بەردینەکان جێناهێڵن !
*
ئای گۆلی نەدیتراو و نەبیستراو!
هەواری غەریبی !
بانیژەی ئەستێران !
چاوت لێیە .. ؟
بەدنیهادی دەبینی ،
درەخشان
دوور لە دێ
نزیك لە خۆنی بەفیدراو

لە ودمی ون بوون
لە چ سرەوتنکی ئارامدایە ؟
کەخەکانی ئومێد
چن هەدەدرنە خەرەندەکانی
نستالیژیا ؟
ووتتر دەبنەوە گوەگەنم
چلتر دەبنەوە خەرمان ؟
پەراوزك ،
بێ خدزینەوە لە ئش
خدزینەوە لەو فرمسکانەی
شوەی شەونم دەدەن .. نامنێ ؟
*
بە پشبینییەك ،
تەنیا عاشقان
پەی پێ دەبەن
بدەنگی ،
بە بەنگکشی و
خەوی زاو و
سزانییە سەربەاوەکانی
کووچە و شەقامان دەشکنر ..
نووزەیەکی مەست
بەسەر لمی کەناردا کەوتووە ..
باران
کە لە شەی ئاژاوەدا کشاوەتەوە ،
مسیقای خەمباری
بەسەر هەواری دڕین و
ئەو چلەکانە پەخش ئەکا
لە گاییە بەردینەکان
پرووشە دەکەن .

کانوونی یەکەم 2017

هاوسنعەت ... پشکۆ ناکام

پەرشۆ : هەلۆ..... .
ئینزۆ : بەڵێ فەرموو گوێم لێتە.. .
پەرشۆ : کاکە ئینزۆ وەکی بڕیی کویت..! ئەوارت دەپرسم، ئەوە لە ئەو... تەلەفۆنت لێ دەکەم کە پیرۆز بایەکی گەرمت لێ بکەم کە بویتە پارەمانتار ، چونکە هەر وەک بەختت دەزانی کە ئەمن و تۆ یەک سنعاتمان هەنە کە هەوەش "گەحدە" یە ، بۆیە ئەمن پێم وایت باش لە یەک دەگەین و عورمەتمان لە یەکتر هەیە ، ئەڕۆ بە خودای..
ئینزۆ : مەمنون کاکە پەرشۆ گیان ، پیرۆزبایی لێ جێنابیشت ..بەڵێ استی زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم کە جێنابیشت وەک هاو گەعدە بە من بوویت
بە پارلەمانتار ، خەڵک تاقەتی لێ ئەهلی کتێب و سیاسەت چوە، گەر چی لە دوو لیستی جیاوازین بەڵام ئەمە کارێک ناکاتە سەر ئەمە ، ....
دەمێک بوو ئەم میللەتە دوو هونەرمەندی وەک من و تۆی نەکردەتە نوێنەری خۆی تا بە گەعدە دیفاعی لێ بکەین..من و تۆ ئەتوانین کە هەموویان بنینە هەڵپەکە..
پەرشۆ : هەی زارت خۆش ، ئەعمەتی خودادت لێ بێت بە خۆی دەمە بوو خەلیفە فەرموو بوی " با بە خۆیان هەڵپەڕن " دیارە قەسدی لەوێیە...
ئینزۆ : قوربان ئەوەشت لێ بیر نەچێ ئەمە ئەتوانین یاک ێیزی گەل لێ یە
یەک ێیزی شایەرکانەوە دەست پێ بکەین...یەک و دوو ، دەی بکوتە ، ئیتر خەڵک بە قاوەیی و مەرو پرتەقاییەوە شان لێ شانی ی یەک ئەیەن و دواتر ئەبە بە سەر..
پەرشۆ: بە قەبری ئەعمەتی وایە.. ئەمن لێ خەم بەرنامەی ئەوهام دانایە
هەر بە عەیرانی کوردستان وەکی بەهەشتی لێ دەکەم، بە خودای
ئینزۆ : براشت بکەشەی کارەبا چارسەرکی زۆر باشم لێ گیرفا...ببورە لێ مشکایە...
پەرشۆ : رەعکەم ، ئەتە چت دایە لێ ئاو و کارەبا و مەم و هەو تە و ..... تەشقەڵەیە، وەک ئەمن بەختت لێ خزمەت عیزبەکەی خۆت بە و بەس..کارەبا و محاش و هەو شتانە ئیشی عیزبن نەک ئەمن و تۆ ، ئەمە لەپارلەمان کارمان دست بەرزکرنەوەیە ، بڕۆن بە لاق لاقیش هەردەبین..ئەی ئەو محاشە زەریفە کو وەردەگرین..؟ کە عیزب گەتی

ماست ەشە دەبە هەموو برەین ئەشهەدو بابەکەم ئەوهایە، هەند
ەشە بە هەموو حالەمی سپی نابەتەوە..ئەدی کو بابی خەم.....
ئینزە : تەواوە سەد لە سەد لە گەەتام ، ئەی منیش حیزب نەبوایە ..
چەن ئەگەشتمە شەش ملیەنی مانگانە ، ئەوەیە مالی مفت ..هاهاها
...بەسەری هەردووکمان جاری وا هەبوو لە یەک مانگا بە چوار شایی و
پەنج شەش گەعدە لە پەل و پەل ئەکەوتم و قوگیشم ئەنووسا ئەنجا
ئەگەر شەش حەوت وەرقەیەکم دەستکەوتایە..
پەرشە : هەو زەمانە ەەشت ، عالی عازر ئەمن و تە نوەنەری دوو
عیزبین
لە پارلەمان ،،دەبە بە یەک ەیزیی شایەرکان ، یەک ەیزی هەموو
عیزبەکان نیشانی دەست و ناعەز بدەین..
ئینزە : قسەکانت زەر جوانە قسەی دەی منیشە ، زەرم پەخەش بوو.
گوەم
لە دەنگت بوو ، ئەستا ئەبە بەەم ، ناسیاوەکم ژنی هەناوە بانگ
کراوم
هەرچەنە قوگیشم تەواو نیە ،ئەچم و یەک دوو سەعاتە مەجلیسەکە
گەرم ئەکەم...باشە شتەکی تیایە...
پەرشە : گەلەک مەمنون عەیاتم ،،وەکی برەی ئەمنیش دەبە بەەم ،
یاریەکی خەش هەنە دەبە وەک موحەلیق نەقری بکەم ،، بەس نیە عیزب
ئەم هاوار هاوارەی لە کەر کردمەوە..بەە بابی خەم تا یەکەم گەعدەی
پارلەمان لە ئەمانەتی خودایا بیت.....

چیەرەک بە منداەان.. مشکەکەی زیەرەک ... نووسینی: رەزا شوان

رەژەک پشیلەیەکی زل، راوی مشکەکی نا، تا بیکرەت و بیخوات.. مشکەکە تەوانی خەی لە پشیلەکە دەربازبکات.. بەەام لەپە مشکەکە رووبەووی مارەکی گەورە بەوە.. زانە کە مارەکەش دەیەوەت بیخوات.. لە دەی خەیدا وتی: گەر زوو نەکەومە خەم ئەم مارە دەمخوات.. کوتوپە بیرەکەیەکی باشی بە هات، تا لە مارەکەش خەی رزگاربکات.

مشکەکە: مارێ گیان، دڵزانم کە برسیتە و دڵتاوە بمخۆیت.. بۆنام من لەشم زۆر دەخورا.. دەرمانێکی ژەهراویم لە لەشم داوە.. ئێگەر ئێستا بمخۆیت.. بە هۆی ئەم دەرمانەوە، ژەهراوی دەبیت و دەمریت.. مۆڵەتم بدەری تا سبەینێ، خۆم پاک دەشۆرم و، دەمەوێ بە ئێرە.. بە پاکی بمخۆ با ژەهراوی نەبیت.
مارەکە: من ئێستا برسیمە و خۆم پێ ناگیرێت.
مشکەکە: کەواتە باش گوێم لێبگرە، من نەخێرێکی قۆڵۆ و چەورت پێشان دەدەم.. سەیری دوای خۆتاوە بکە، لە پاڵ ئەو کولانە مریشکانەدا، بەچووە کەروشکێکی خرپن یاری دەکات.. خۆرا بۆ تا رای نەکردووە، بیگرە و بیخۆ.. خوت مەستی گێشتی کەروشک بکە.
(مارەکە بەوای بە قسەی مشکەکە کرد.. بەرەو کولانێ مریشکەکان کشا…)
مشکەکە بە چاوتروکانێک لەو شوێنە دوورکەوتاوە.. لە دوورەوە دەیەوانی.. تا بزانێت لە نەوان مارەکە چی روودەدات.

مارەکە لە پاڵ کولانەی مریشکەکاندا، روویکردە پشیلە زلەکە بەوە.
پشیلەکە و مارەکە بەرەنگاری یەکتری بوونەوە.. میاو میاو و فیشکە فیشک دەستی پێکرد.. پێلاماری یەکتریان دا، بوو بە شەڕی پشیلە و مار.
مشکەکەش لە دوورەوە، لەبەر خۆیەوە وتی: کامیان لەم شەڕدا تیابچن، بە من مایەی دڵخۆشییە.. خوای دەکرد هەردووکیان یەکتریان دەکوشت.

ڕزا شوان
کەرکوک: ١٩٨٥

پەنابەرێکی کورد خەڵاتێکی نۆدەوەیەتی وەردەگرێت

پەنابەرە کوردەکەی دوورگەی مانوس کە ناسراوە بە بەهرز بوچانی

خەڵاتی (ئەننا پۆلیتکۆفسکایە) ی وەرگرت بۆ ساڵی 2018. خەڵاتکردنی ئەم پەنابەرە لە بەرامبەر کار و چالاکییەکانی دژت کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەو دورگەیە ئەنجامی داوە و بەبەردەوامی گرفت و نەهامەتییەکانی پەنابەرانی لە نوسینەکانیدا باس دەکاتەوە.
بوچانی، لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی چەندین ساڵە لە کەمپەکانی دوورگەی مانوس دەستبەسەرە.

پەنابەرانی دوورگەی ناورۆ و مانوسی پاپانیوگینیا ئەو کەسانەن کە پشتر ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن و هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەجێ ناکرێن.
خەڵاتی (ئەننا پۆلیتکۆفسکایە) خەڵاتکی ساڵانەیە کە بەناوی ڕۆژنامەنوس ئەننا پۆلیتکۆفسکایە ناونراوە کە لە ساڵی 2006 دا کوژراوە لە بەرامبەر بڕدەنگنەبوونی لەسەر کارە ڕۆژنامەنووسییەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنامەی گاردیان

ئامادەکردنی: هێژار

شیعری منارێان / دوو هۆنراوەی فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

پەلی یەکەمین

منداڵی پەلی یەکین
بەیەک ئازاو زیرەکین
هەرکەدەچینە ناوپەل
دادەنیشین گورجوگۆڵ
پەرتووکمان دەردەهێنین
چونکە وانەدەخوێنین
چاوەڕێین مامۆستامان
بێخەندە دەتەلامان

بەیاری وگفتی شیرین
دەمانخاتە پێکەنین
هیوادەبخشێ پەمان
هەتا ڕووناکبێ ژیان
لەگەڵ زانیاری بەسوود
ئینجا گەرانی وسروود.

پێنوس وپەڕاو

بومەتە هاوڕێی پەڕاو
دەیپارێزم وەکو چاو
تیا دەنووسم ژمارە
بەم پێنووسە نازدارە
پێنووسەکەم خۆشدەوێ
لەبەرچاوم ناکەوێ
پێی دەکێشم وێنەی جوان
سەوزایی وشاخ وئاسمان
پەڕاو هاوڕێی ژینمە
پێنووس وزەو تینمە
بەیە ئاوا چالاکم
لەنزانین بەباکم.

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

قوتابخانە ...هونراوە بۆ منالان... ڕستەم خامۆش

قوتابخانە چەند خۆشە
ڕووناکی بیرو هۆشە
یەکەم شوێنی فێربوونە
جێگای بەرەو پێش چوونە

قوتابخانە هەموو کات

ژیانمان ڕۆشن دەکات
لانەی هەزاران ئاوات
ئایندەی گەشی وەک


ماڵی زانستێ ئاوە
بەیانێ زەرم خەش دەوە
لێ بیرمەڕۆژو شەوە
لێ بەرچاوم ناکەوە

ڕەستەم خامەش

وشەکانیش بریندارن … نوێتری کتێبی شیعری گۆران ڕۆئوف

ناونیشانی نوێترین کتێبی شیعریی گۆران ڕۆئوف ە کە لەلایەن ماڵی وەفایەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە کۆمەڵێک شیعر لە خۆدەگرێت، کە سەرجەمیان لەووی تەکنیک و زمان و فەزا و جیهانبینیی و کارەستەی شیعرییەوە هەڵنجراوی ئەم زەمەنەن، زەمەنێک کە بەنی جەنگ و تەنیایی و برین و پارچە پارچەبوونی ڕۆحی مرۆڤی لەدەت..

جێی ئاماژەیە ئەم کتێبە لە بەرگێکی قەشەنگدایە و لە دووتوێی ۱۳۰ لاپەڕەدایە، هاوکات گۆران ڕۆئوف جیا لەم کتێبە خاوەنی چەندین کتێبی دیکەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە وەک: ڕاستییە درزنەکان، ڕۆمان ۲۰۰۹. عەشق نائومێدییەکی خۆش، شیعر، ۲۰۱۳ خانەی ڕۆنان، قەفەزێک لە ناخی باڵندەیەکدا، چیرۆک، ۲۰۱۶، چاپ و پەخشی سەردەم.



کتێبی – ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا ... سمکۆ محەمەد

ناسیۆنالیزم لەمژوودا ئەو نموونەیە نەبووە کە ئەستا لەفۆمکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت، سەرباری هەموو ئەو پێناسانەی کە بۆ نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست دەکرێت و رەوایەتی دراوە بە ناسیۆنالیزم و سەرهەدانی بزووتنەوەیەك لەژێر ئەو عینوانەدا خەباتی نەتەوەیەی بکرێت، ئەستا هەم چەمکەکە کەوتە بەر رەخنەی فکری و هەم بەکارهێنانی لە ئاستی بزووتنەوەی جەماوەری و سیاسی و چەکداریدا مەترسی تێدایە، دونیاش سێ لەو جوانەوەیە دەکات کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان خەریکن کاری تووندڕەوی پێدەکەن، بۆیە بە هەموو لایەك خەریکن تێگەیشتنی نوێی مۆدێرنی بۆ دروستدەکەن و ئیستاتیکای سیاسی پێدەدەن، تاکو کێشەی دیکە لەپەنام ئەم چەمکەدا سەرهەڵنەدات...



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ....



کەی ئاوا نەبووین؟ … ساڵح حەسەنزادە

ئەم ناوونیشانە؛ دوادڵی دەقێکە بە ناوی شیعرەوە لە ژمارە (106)ی هەفتەنامەی (ئاژانس)و لەسەر رووپەڕی دوو لاپەڕەی (16-17)ی قەوارە گەورەی رۆژنامە باوکراوەتەوە، شاڵاو حەبیبە لە ژێر ناونیشانی (ئینجیلی خۆشویستن) بابەتێکی باوکردووەتەوە لە فۆرمی شیعردا، بەڵام چەندێك شەن و کەوم کرد هیچ تام و بۆنێکی دەقی شیعرییم لێنەکرد، رەنگە ئەویش هۆکاری خۆی هەبێت کە لەم نووسینەدا حەز دەکەم زیاتر ئەو گۆشە نیگایانە بخەمە روو و تاووتوێیان بکەم کە

وای لە من کرد بە ڕاشکاوی ئەو بڕیارە بدەم.
گومانی تێدا نییە کە لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی دەقێکی ئەدەبی وەك شیعر لە دایك دەبێت، لەوانە دەربڕینی مەراقە پەنگخواردووەکانی ناوەوەو دامرکاندنەوەی هەڵچوونەکان لەو ڕوانگەیەوە، هەروەهاش لای هەندێك بۆ ئارەزوو و حەز وەك هەر خولیایەکی تر دەنووسرێت، لای بەشێکی کەمیش وەك بەئاکام گەیاندنی ئەفراندنێکی جودا، بەڵام ئەگەر لەڕوی کاری ڕۆژنامەگەریەوە دەقێکی کرچ وکاڵ بنووسرێت ئەوە بابەتێکی ترە..
لێرەدا وەك سەرە قەڵەمێك حەز دەکەم بابەتی لێدوانەکەم دابەشی چەند تەوەرەیەك بکەم:

***زمانی شیعر:**

لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن هەندێك لاوەوە دەقگەلێکی زۆر سادە بەرهەمدەهێنرێت و بە زمانێکی ڕۆژانە دەخرێتە بەر نیگای خوێنەران، ڕەنگە ئاسانکاری بێت بۆ تێگەشتنی هەندێك خوێنەر، بەس لەوڵاشەوە نزمکردنەوەی هەموو هونەرە جوراوجۆرە زمانەوانییەکانی شیعرە و بگرە فەرامۆشکردنیشیانە.
لە ڕاستیدا لەو دەقە 170 دێڕییەی شاڵاو حەبیبەدا کە ئاسۆیی بە نموونە دوای نموونە درێژ دەبێتەوە بەر شیعرییەت نەکەوتم لە ڕستەکاندا و هەستم کرد هەر قسەی ڕۆژانە دەخوێنمەوە، جا جێی خۆیەتی بپرسین ئایا نووسینی شیعر ئەوەندە ئاسانە؟
بۆ ئاماژەدان بە نموونە لەم بارەیەوە، ئەو لەو دەقەدا دەڵێت:
کاتێك بە هەزاران نامەت بۆ دەنووسم و
بە قسەی قۆڵ وەڵامم دەدەیتەوە
یان دەڵێت:
چونکە پێت وایە تەنیایت و پێشت وایە تەنانەت دەسپەڕ ناکەیت
*
هێندەش بە پەلەپروسکێ ئەم نووسیەنت داڕژراوە تەنانەت هەڵەچنی ڕێزمانی بۆ نەکراوە وهەروا بەو هەڵانەوە خراونەتە بەر چاوی خوێنەران کە لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەکیان دەکەم:
ئەو دەڵێت:
ئەگەر تەرمی گەریلاو شەرڤانانم تۆ بە گەڕەکەکاندا رایبکێشیت
ڕاستیەکەی دەبوو ئاوها بنووسرایە:
ئەگەر تەرمی گەیلاو شەڤانان بە گەڕەکەکاندا رابکێشیت

***بابەتی دەق:**

وەك چۆن ئەو نووسینە لە فۆرمی شیعر داماڕاو بوو وەکو تۆن و وشەسازی و ڕەوانبێژی، هەرواش وەك بابەت بەر زۆر خاڵی ناڕوونکی گرێ‌ڕەوەی دەق دەکەوین.. گەر لە خوێندنەوەکانەوە مانای تازەو هونەری نوێ شتێکمان فێر نەکات، یان دڵمان فراوان وئاسودە نەکات و چێژی ئەدەبی هەست پێنەکەین دەپرسین کوا ئیستاتیکا، کوا جیاوازیەکانی دەق؟ ئایا هەر مەبەست لاپەرە ڕەش کردنەوەیە یان دڵ ڕەش کردنەوەش؟ دەتوانم بڵێم لەم دەقەدا ئاکارگەلێکی قێزەون ڕیزکراون و تێیدا لەسەر زمانی دانەر دانپێدانانێکی مەترسیدار دەبیستین کە هەموو جوانیەکانی پێشتر لە زیهنی خوێنەردا بوونیان بووە، ڕەش و ناشرین دەبن و لە کۆتایشدا پەشیمان دەبینەوە لە خوێندنەوەو کات بەسەربردن لەگەڵ ئەو جۆرە نووسینانەدا:
وەك ئاماژەیەك ئەمە چەند نموونەیەکە لەو ڕووەوە:

تۆم لەبەر بێئەخلاقییەکانت خۆش دەوێت

*

چونکە دەبینم کاتەکانتم پێ پێ دەکەیتەوە
من تۆم خۆش دەوێت

*

ئەگەرچی فشەکەر چەپەڵ گەمژەیت
بەڵام من تۆم خۆشدەوێت

*

شەرمەزارم
کە هێشتا نەمتوانیوە ئەوەندە سەخیف بم
تۆم زیاتر خۆش بوێت

*

دەبێت کەمتر دەسپەڵ بکەم
بەڵام زۆرتر دەیکەم..... و زۆر نموونەی تر

*** تەئویلەکانی خوێنەر:**

لە جۆری نووسینی یەك دیویدا خوێنەر زۆر ماندوو نابێت بگەڕێت بە دوای داهێنان و دڵزینەوەی هەندێك خاڵی سەرنج ڕاکێش و گرنگ تا بۆ ئەوانەی درکیان پێنەکردووە باس بکرێن.
ڕەنگە ئەزموونی هەر کەسێك لە ئێگزایل بە جۆرێکی جیاواز بێت، بەڵام بۆ هەندێك خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفیرە نوێیەدا جۆرێك کارەکتەری پێدەبەخشێت، بە تایبەتی لە ژینگەیەکی بێگانداو کارکردنیش لە میدیای تاکەڕەنگ و تاکەڕەوت ، زۆرجاریش نامۆبوون بە بەها پێشینەییەکانی خود.

لای زۆرێك وایە كە پەیامی ئینجیل ملكەچ بوونە بۆ هەموو ستەم و زوڵمیك و بگرە چەپڵە بۆلێدان و خۆشویستنیەتی، مەگەر ئەوە نییە خۆشەویستی لەوێدا هەموو شتێكە، كەواتە ئەو خۆشەویستیە بەر جەلادیش دەكەوێت، بەڵام ئەوەی هەرگیز لەم دەقەدا باس نەكراوە ئەوەیە گەر خود ببێتە بەشێك لە سیستەمی جەلادبووندا و ئاوهاش خۆ بە قوربانی دابنرێت! ئەمە كارەساتە گەورەكەیە، ئەمەیە خاڵی نەگەیانەوەی رۆشنبیر و جیابوونەوەی لە مەعریفەتی ئاستەقینە ، بەڵام لە لایەكی تریشەوە دانپیانانێكی راشكاوانەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی قەیرانەكاندا بەشێك لە مرۆڤایەتیان لەدەستدا.
هەر ئەوە ماوە بڵێم : دەقی وا كرچوكاڵ پەیەی فەرهەنگی رۆژنامەو گۆڤارەكانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە، گەر شتێك مابێت بۆنی فەرهەنگی راستەقینەی لێبێت!
هەر بەم جۆرەش ئەو بەم كۆپلەیە دەرگا لەسەر ئەو جیهانە بگەنە پێوەدەدات:
خۆم سەرخۆش دەكەم و
تۆم خۆش دەوێت
بەڵام من كە ی ئاوا بووم؟
شاڵاو تۆ كەی ئاوا بووێت؟

كتێبی شیعری، جن بۆ خۆیم دەبا … سەلام عومەر

نووسەر: سەلام عومەر
پێت چنین: زەمەند سەلام
دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك: هێرش مەغدید
هەڵچن: محەمەد چۆمانی
چاپخانەی:
نرخ: 4000
تیراژ: 500 دانە
چاپی یەكەم 2018

لە بەڵاوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان-هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(98)ی ساڵی 2018 پێدراوە



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ....

دیوان ... شیعری: سمکۆ محەمەد

(لەگوڵدانا تەنها لەشی ژن دەبینرێت)
(ئۆدیس)
لەکونی دڕگاکان و
لەدرزی پەنجەرەکانەوە دەموانی
ژنان لەنێوان بەماڵی فەرمان و
مەکری کراس پێڵاو پێکەیاندا
گەمیان لەگەڵ ئیبلیس دەکرد و
بەگوزانێك بڕی پێکەرەکانیان دەتاشی و
لەتەبەکی جگارەی پیاوەکانیاندا ئارەزووی خەیان دەبینی
بەدەستێك دەیاننوسی نوور و
بەدەستەکەی دیکە. چەقۆیان لەمانگ دەگرت
دەیانووت سەفای شەو نەبێ ... ڕۆژ ئەماسکی بەحیکمەتێ
شریخەیەك کە قوڕقوشمی پێ دتونرایەوە
ون بن لەژێر شەڕکاتێ بێ شووماڕکان دە یووت ..
لەژێر پەرچەمێ بەپیت لکێنراوەکان
لەنێو تاق و کەلێن و قژتەکان
ئەوێ کە ئیشتیاقی مەلەکووت نیین
ئەو شەمعدانێ کریستالیانێ بێ ناشکێنن
ئەوێ کە لەخواوەندکانەوە دوورن
لەتەرانی تاووس بێ دەترسن
ئەوێ کە لەهناسەی دایکتان و ترسنۆکی باوکتان نەگەیشتوون
لەنێو ئەو دیوە ساردو سانەدا چی دەکەن

ئەو کە لەدەمژمەرکدا بەسەر دەیان قۆناغ و تەوری رەنگاورەنگدا
باز دەدەن
مەینەتیتان لەژێر باڵی کام باڵندەدا
لەبەیانی کام وەرزد مەمیا کراوە
ونبن … تاوەس نەبووم
لەگەمژەیی خەم و سالاری پیاوان
گەرنورکن ئیلاهیانە لەتیشکی ئاقیق دروست بوون
چاوبەستم کەن
گەر بەسەی چەخماخە شەکەی باپیرمن
دەمنادەمك هەدەن
نەخشی توەم بسوتنن
گەر لە کەشکەلانی فەلەکدا سەمادەکەن
دەمژمەرکەم بشکنن و وێنەکەم هەگرن بە هوودنە
ئەو هوودنەیەی زەندەقی چووە لەدەان
من … کە دەاوم
حەزناکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن بەزاری خەتان پەیڤەك بە (با) بدرکەنن
ئەوە کە مەخلوقەکن روحتان زوقمەو دەتان بەستەك
بە ئەەن زەمانەك بەرلەئەستا فریشتە بووین
پاشلەك مەرجانی سپی و
نەخشەیەك بووین لەئومەد
بە ئەەن زینەتی میوەجاتی بەهەشت و مامزگەلەکی بەناز بووین
چاوەکانمان شوشە بەندەك بوون لەئاو
دەخیلە هیچ مەەن
شتەك بدرکەنن ساتە قەشمەیەکانی روخسارتان گەشاوەترکا
بارەحی منیشی پە مەحف بەت
قە هەمالن.. قەی سپی
هەرچی سەروەتی رەحم هەیە لەم بستەنن
هەرچی دەبەن لەسە پارچە کەمتر نەبە
لەسەد دەنك
لەسەد رەنگ
لەسەد نمرە
لەسەد پەە
لەسەد ترپە
لەسەد گەشە کەمتر نەبە
تاانم کەن و بیر لەتاقانەییم مەکەنەوە
کە خەریکی (ئاو) دەیبا

نامەوە لەنووری ئەودا بتوەمەوە
حەزدەکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن توو جوانیتان شتێك بە ئاو بدرکێنن
بە کلۆ بەفرەکانی حیکایەت و
جامە شیرەکانی ئەفسانە
کە من نازانم کامیان بوو حەسرەتەکانمیان سووتاند
مەیلی سەزانیەکان بوو لەئینجانەکان تەرا
یامەیلی کیلە پاترا و شەهریار بوو
لەپاکەت و شوشەی سەر شەستەکاندا گەڵا
بیاتریس
مەم بەدەستەکەی میهر لەم بوورە
ناتوانم وەکو ئامادەم سەوکت لەتەکدا لەت کەم
ناتوانم شەوێك ژوورەکەت ئاوا کەم و ستیانەکەت لەتکەم
بچە چەرچەفەکەت بە بەماڵەکانەوە بئاڵێنە
هاشەی دەنگی شەیتانەکان لەگەنات بسەوە
لەوانێك لەتەم پێکە
منیش دەنووم بە هەمیشە .....

سمکە محەمەد

هەمیشە تەنها گۆی منی ... کارازان تەنها

{0}

هەموو گوڵەکانی باخەکەم
دیپەرتی باخەکانی
تر ئەکەم
بەس تە بەتەنها
ببە گۆی
من

{1}
تۆ ئەگەر دڵی من بیت !؟
ئەی دڵم ئیستا هی کێیە …؟!
.
{2}
تۆ { دڵی } منت نەبرد
بۆیە ناتوانم لە { بیرت بکەم} .’
.
{3}
ئەگەر بە زیندووی لە بیریان کردی
ئەوا بە مردووی بیرت دەکەن …!!!!
.
{4}
.
دێیشم دە ربھێنن نامرم چونکە یارم هەشتا دە ژی ,,,?
.
{5}
یەکەم مرۆڤم کە دوو دڵم هەیە !
بەڵام بە بۆ یەکێکیان دە مرم ?
.
{6}
هەزار دۆ لە گیانم دا بۆت ؟
بە بۆ تۆ ؛
هەست بە لێدانی هیچیان ناکەم !
.
{7}
.
خۆشە ویستی ناشرینە کانیش ! جوان دە کات …

{8}
تۆ دڵم ، بوویتایە ، سەت ساڵ من ژادە وە ستام …؟
تاکو . تۆ . لە لێدان …. نەوە ستی ،،،!!!
.……
{9}
خەکی . بە ڕا وە ستانی دێیان ، دە مرن .؟
منیش . بە وە ستانی دلی ، تۆ . ، دە مرم !!!

{10}
تخوا مه ھ ه دت . ناساغ بت ؟؟؟
به خودا. تاقه تی . چوونم نییه …
. ب لای ، دکتر ..!!!
{11}
پت سه یر نه بت … که ده مبینی !، هه ده په م ، ؟
چونکی دم . وه ک / ته پ ./ لده دات ، که ، ت ، ده بینت …
!!!

karzan tanha

پاکیزەکەی شنگال ئەو خونەی کەکا نابتەوە… سەدیق سەعید واندزی

لەبەرەبەیانکی زووداً، لەگە هەھاتنی یەکەم گزنگی خری ئەم بەیانییە،لەشکری جەھالەت، لەشکری خن وسەربین، پەلاماری شنگال دەدەن. ئیدی چیکە دتەزنەکەلرەوەدەست پدەکات. ئەوان کەبەدرژایی مژوو، بماوەی هەفتاو س جارفەرمانی قکردن و لەنوبردنیان دراوە،ئەمجارەشیان لەسەردەستی یشدارەکانی داعش، نەوەی خن ژەکانی دونە، پەلامارەدرن.تەنھا لەسنگەی ئەوەی وەك ئەوان موسمان نین و ئایینکی دیکەی جیاوازیان ھەیە.

نەھامەتییەکان، تراژیدیاو کارەساتەکان، لرەوەدەستپدەکەن. لرەوە، سەربین وئەتککردن، کوشتنی منداو پیروپەککەوتە، دەست پ ئەکات.ئەوان بەناوی ئایین و لەپەراوزی جبەجکردنی بنەما شەرعییەکانی ئیسلام، ھەرچی لەدەستیان ھات دەرھەق بە کریڤەکانیان کرد. ئەوان وننەیەکییان لەئایین نیشانی ئەوان و دونیاشدا کەمرڤ بەامان وگومانکی قوەوە بپرست بەاست ئایینی ئیسلام ئەمەیە؟ کە(دینی ئەوان دەبینیت، ھەرچی دینی دنیا ھەیە نەفرەتی لدەکەی ولەبەرچاوت دەکەوت. ئەمە قسەی یەکك لە کارەکتەرەکانی ناومانی(پاکیزەکەی شنگال)ە.

ئەم ڕەمانە،کە لەسەروبەندی کارەساتی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکانی شنگال و دەشتی نەینەوا لەسەردەستی بەربەرییەکانی داعش نووسراوە، گۆڕانەوەی سەرگوزشتەی هەمووئەو ژووداوو کارەساتە تراژیدیانەیە کەلەشنگال ڕوویانداوە. ڕەمانەکە، لەچەند بەشێکی جیاواز پێکهاتووەو لەهەریەك لەوبەشانەش، لەسەردەمی کارەکتەرێك کەبۆوام وایە کەسایەتی ڕاستە قینەن، ژووداوەکان دەگۆڕنەوە. ئیدی چیڕۆکەکان جیاوازن، ئازارو ژانەکان قووڵن، بەڵام ئەوەی هاوبەشە ئێزیدییەکانن. واتەبۆئەوەی داعش ڕەوایەتی سەربێنت پێبدات، بەسەبۆ ئەوەی ئێزیدی بیت.

هەگەڕاوەوکافر بیت وەك ئەوەی ئەوان وێنای دەکەن.لەڕەمانەکەدا، قوربانییەکان لەهەرتەمەنێك بن تەنانەت منداڵی ساواش، هەرناووشوناسکییان هەبێت، هەرچییەك و هەرچۆنێك بن، گرنگ نییە، تەنها ئێزیدی بن بەسە بۆ ئەوەی داعش بیانکوژێت.دڵشاد کەیەکێکە لەئێزیدییە بەزۆربە موسڵمان کراوەکان لەکاتێکدا(خوای گەورە دەڵێت: لااکراه فی الدین)،بۆتە پڕلیسی بەناو دەوڵەتی خەلافەت. ئەرکی چاودێریکردنی شوێن وبازارە.

ئەو وەك هەموو موسڵمانێك دەچێتە نوێژەکانی کۆمەڵ،هەینییان لەوتاری هەفتە ئامادە دەبێت، بەڵام شەویش لەماڵەوە سرووتە ئایینییەکانی تایبەت بەئێزیدییەکانی ئەنجام دەدات ونزا لەمەلەك تاوس دەکات. ئەو وەك خۆی دەڵێت: (نیوە موسڵمان و نیوە ئێزیدییە) بەڵام لە بنەڕەتدا هەشتا بیروهۆشی هەرلەلای لالشە. مرۆڤ کەبەزۆرئایینەکەی گۆڕدرا، بە چ دڵ و دەروونێك ئایینی نوێ وەردەگرێت؟سەربەست بەرلەهاتنی داعش ئەندازیاری کشتوکاڵ بووە، کەئەوکارەساتە دەبینێت، ژووەکاتە چیاوژیانی گۆشەگیروتەنهایی دەکاتە دوا چارەنووسی خۆی.کچێکی چواردە ساڵانی بۆ دایکی کەوتۆتە دەست داعش. وەك کەنیزەك کێین فرۆشتنی پێدەکەن.

سەربەست هەمیشە لەخەیاڵی هاتنەوەی کچەکەی دایە، بەڵام دەشزانێت مەحاڵە.هەموو هەینییەك دوای نوێژ، ژنوەسمکی کوشتن بەناوی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام، لەدەست بێین، سەرپەاندن، فڕۆدان لەباڵەخانەی بەرزەوە،جەلدە لێدان، بەڕووەدەچێت. کچەکان ژووتدەکەنەوەو بەبەرچاوی هەمووانەوە نمایش دەکرێن. ئەوان ناچار دەکرێن ئەو دیمەنە دڵتەزێنانە ببینن ودواتریش بەتاسەیەکی قووڵەوە بپرسن، خودایەئەمە چۆن دەبێت؟ حاجی خان، کەسایەتی ئەفغانی و خوێنڕژ،نووسراوی دیوانی خەلافەت بەزمانی عەرەبی بۆ هەمووان دەخوێنێتەوە.ئەوك کەهەزاران کیلۆمەتری بڕیوەوە بەناوی گوایە

جیهاد لەپناو خواداوە هاتووە، هەموو هەینییەك فەرمانی کوشتنی ئزیدییەك دەردەکات.عیدی ترلدەر، کەیەکێکە لەجوانترین و سەرنجراکشترین و هاوکات غەمگینترین کارەکتەری مانەکە،بەدیار دیمەنەکانی کوشتن وسەربڕینی هاوشوناسەکانی ادەمنت.

ەنگە ئەوبەوشتییەی خی پرسیاری ئەوەبکات، چن دەبت لەپای ئایینکی جیاوازەوە ئەو هەموو مرقە سەربڕدرن و بفرشرن و سوکایەتییان پبکرت؟عیدێ هەرچی ق هەیە لەدی دەگرت، تالە دەرفەتکدا بەگچانەکەی دەستی بەسەری حاجی خانی بەناو موجاهیدی ئەفغانی وخونژدەکشت ودەیکوژت. دواجاریش لە قەفەزکدا هەولدەدەن عیدبسووتنن، وەلێ وحی ئەوبەرز دەبتەوەولەچاون وندەبت.خاعەقدال، دوای ئەوەی ناچاری دەکەن بەزربتە موسمان وبەتگەیشتنی خیان لەئزیدییایەتی پاك بتەوە، ئەوەتی دەکاتەوەئایینی خی بگت وببتە موسمان،بیە لەباخانەیەکی بەرزفی دەدەنەخوارەوەوخونی تکەی خاك و خی شنگال دەبت.هقیداردوای ئەوەی بەزرلاقەدەکرت، خی دەکوژت.ئەونایەوت مندالکی داعش بنتە دنیاوە، کەدواتر چکەی یشدارەکانی خیان بگرت. جەلادەکانی داعش هەرچی دندەییە دەیکەن. ئەوان سەدان و هەزاران کچی وەك: گور و نیشتمان و ئالین و نارین وچەندانی تروەك کا دەفرشن وکین و فرشتنیان پدەکەن.

ئەوان ئزیدییەکان لەسەرمناڕە و باخانەکان فدەدەنە خوارەوە، سەریان دەتاشن و بەووتی بەکوچەو کانەکانی شاردەیانگن.تەنانەت منداڵە بچووك و شیرەخرەکانیش دەخەسنن، بئەوەی لەپشتییانەوە چیدی ئزیدییەکی ترنتە دنیاوە،بەام ئازاری هەمووئەمانە بەقەد ئازاری ئەوهەستە نابت کەپیان دەن کافری پیس. کافربوون لەوانگەی موجاهیدە بەربەرییەکاندا، ئەوپاساوەیە کەەوایەتی دەداتە هەمووشتك. ئەومافەیان پدەدات کەهەرچی تاوانە بەرامبەریان بکەن. وەك ئەوەی کەبینیمان.داعش هەرچییەکی لەدەست هات بەرامبەر بەئزیدییەکان کردی. ئەوان خاك و خی شنگالییان ورانکرد. ئەوان شنگالییان ب هەتایە ووخاند، بەام ناتوانن شنگالی نودی عیدو سەربەست ودشادو عەقدال ورانبکەن. ئەم مانە دپکی بچووکە لەدەریایەکی گەورەی تاوان بەرامبەر بەئزیدییەکان.

خونەرکەئەو مانە دەخونتەوە، غەمگینییەکی قوو دایدەگرت کەبچی دەب مرقەکان بەوشوەیە لەپای ئایینکی جیاواز ئەتك بکرن. خونەر بەدرژایی ئەومانە، لەگە کارەکتەرەکان و

هەمووئەو بریانە دەژیت کەتیرۆرستانی داعش، خستیانە جەستەی کچانی ئێزیدی. وەك خوێنەرێك کە هاوسۆزی ئەوان وخەم بەئازارەکانیان دەخۆم لەسەنگەی ئەوە نییە، کە ئەوان ئێزیدین، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەمرۆڤن. ئیدی چ شوناسێکی ئایینی و نەتەوەییان هەیە، کێشە نییە.

مرۆڤ شێك دەیگرێت کەلە سەردەمی ئەوهەموو پێشکەوتن و زانینەدا،لەسەردەمی تەکنەلۆژیا و گلۆبالیزمدا، هێزێکی بەربەری وخوێنڕژی لەوشێوەیەو تائەو سنووڕە دڕندەیە هەبێت، کەهەموو خەون وماناو بەهاکانی ژیای خێی لە کوشتنی هاوڕەگەزەکەیدا ببینێتەوە. داعش کەلافی ئیسلام وجیهادکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام لێدەدات، وێنەیەکی لەئایین پیشانی دنیا وئێزیدییەکاندا، کە بەسەرسوڕمانەوە بپرسن ئەوە چ جۆرە ئایینێکە. یاخود دواجاربگەنە ئەو بڕوایەی بڕۆن: کەدینی ئەوان دەبینی هەرچی دینی دنیاهەیە لەبەرچاوت دەکەوێت. دواجار دەمەوێت ئاماژە بەوەبدەم کەلەخوێنەوەی ئەوڕۆمانە بوومەوە، ڕۆمانی(جەنگ هیچ ڕووخسارێکی ژنانەی نییە)م بیرکەوتەوە.

هیوا قادرکەوەرگێڕی ڕۆمانەکەیە لەپێشەکیدادەڵێت: ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەخەتەرناکترین کتێب کەئەستەمە خوێنەربتوانێ هەموچیڕۆکەکانی بخوێنێتەوەو لەگەڵ ئازاری ئەوژنانە بژیت. وەلێ کاتێ پاکیزەکەی شنگالم خوێندەوە، تێگەیشتم کەناوبراو، چ حوکمێکی سەرپێی وەهای داوە. ئاخرهەرخوێنەرێك بەبڕوای من پاکیزەکەی شنگال بخوێنێتەوە، دەگاتە ئەودەرەنجامەی کەوائازاری ژنانی ئێزیدی هەزاران جارقورتروبەسوتترەلەئازاری ژنانی جەنگی جیهانی دووەم کەلەڕۆمانی جەنگ هیچ ڕووخسارێکی ژنانەی نییە، بەرجەستە کراوە.هیوادارم خوێنەران هەردووڕۆمانەکە بخوێننەوە…

*پەراوێز/ پاکیزەکەی شنگال/ ڕۆمان/ نووسینی(وارید بدرسالم)/ وەرگێڕانی(ئەحمەد محمد ئیسماعیل) بڵاوکراوەی سەردەم 2018.

*لە ڕۆژنامەی(ڕۆژگای کوردستان) ژمارە(1139)ی ڕۆژی 5-9-2018بڵاوکراوەتەوە….

شکسپیر هەردەم نەمرە ... بەختیار محەمەد

شکسپیری مەزن لە دەقی شانۆیی (هاملەت) دا، لەسەر زاری کەسایەتی (هاملەت) دا، کە باسی ((ئامانجی تەمسیلکردن)) دەکا، دەڵێ: ((با هونەر ئاوێنەی ژیان بێ...)).(1) هەنگە ئەم قسەیە قسەیەکی باو بێ، زۆر کەس لە پێش شکسپیر و لە پاش ئەویشدا کردبێتیان؛ بەڵام، کە کەسێکی وەك شکسپیر دەیڵێ، ئەوە واتا و دەلالەتی قووڵی ئەدەبی و فیکری و هونەری خۆی هەیە. لە ڕاستیشدا شکسپیر بۆیە نەمرە، چونکە ئەدەبەکەی (هونەرەکەی) ئاوێنەی ژیانە: ئاوێنەیەکی باڵای هونەری، نەك ئاوێنەیەکی شکاوی تەخ. شکسپیر، ژیان (ڕاستی مرۆڤ) دەخاتە ناو چوارچێوەی زەینی ئەدەبەوە (هونەرەوە)، هەربۆیەش هەمیشە داهێنەرێکی نەمرە.

ئەمەش پێمان وایە، کە هەمیشە ئەدەبی (هونەری) هەسەن توند ژیان لە باوەش دەگرێ: هەر هونەرێك (ئەدەبێك)، کە خۆی لە ژیان و ووداوە مرۆییەکان دوور خستەوە، ئەوە زوو دەمرێ: ڕاستی داهێنەر لەناو جەرگەی ووداوەکانی ژیاندا لە دایك دەبێ؛ کە شکسپیر دەخوێنیتەوە، ئەوا لە چوارچێوەی زمانی ئەدەبدا ووداوە تراژیدییەکانی مرۆووت بۆ دەگێڕێتەوە: مرۆووی ژیانی سیاسی و چارەنووسی تراژیدیی ژیانی کەسایەتییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی وەك قەیسەر و ئۆگستس و ئەنتۆنیۆ و... هتد؛ لەبەر ڕۆشنایی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم مرۆووەشدا، باسی سروشتی مرۆڤ و واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی سەردەمەکەی (کۆمەڵگەکانی ئەوروپا) و هەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆقایەتی دەکا. لای شکسپیر مرۆڤ وەك خۆی دەردەکەوێ و نیشان دەدرێ، نەك لە چوارچێوەی حەز و خەونە ئایدیاڵیزییەکان؛ ئەو باسی گەندەڵی چینی سیاسی دەکا و باسی ویستی شەڕانگێزیی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی دەکا و ئەمە بە سەرچاوەیەکی تراژیدیای ژیانی کۆمەڵگەکان (بنەماڵەی پادشاکان، بە نموونە بنەماڵەی هاملەت) دادەنێ.

بەهەرحاڵ کەم شاعیری ئەمە هەیە بایەخ بە مرۆوو، سیاسەت، فیکر، فەلسەفە... (جگە لە ئەدەب و هونەر) بدا. شیعری (ئەدەبی) زۆربەی شاعیرانی ئەمە ڕێزکردنی وشەن لە چوارچێوەی گوتارێکی سادەدا و هیچ مانا و دەلالەتێکی مرۆیی گەورەیان لە پشتەوە نییە. هەندێکیان بەردەوام بە سادەیی (بە ناوەڕۆکێکی بەتاڵ) باسی چەمکی ئیستاتیکا

دەکەن. شکسپیر هەر لە دەقی (هاملێت) دا لەسەر زاری پادشای مامی (هاملێت) دا دەڵێ: ((وشەی خاڵی لە فیکر و هزر هەرگیز ناگاتە ئاسمان)).(2) ئەم شاعیرانەی (ئەدیبانەی) ئێمە بۆ ئاگان لەوەی، کە ئیستاتیکا (ئیستاتیکای نەمر = وشە و دەربڕین و شێواز و فۆرمی هونەریی جوان)، هەرگیز دابڕاو نییە لە واتا و دەلالەتە قووڵ و گەورە مرۆییەکان (لە ئەدەبدا دەبێ جەوهەری مرۆڤ بدوێ، ئەو جەوهەرەی هەموو دەمامکێکی درزنانە تووڕ هەڵدەدا و حەقیقەتی مرۆڤ وەك خۆی نیشان دەدا.

وەزیفەی ئەدەب ئەوە نییە شەرم بکا، بەکو دەبێ لە کوێ حەرام هەبێ، لەوێدا دەنگی بێ شەرمی هەبڕێ. داهێنان نابێ بترسێ و شەرم بکا، بەکو دەبێ وەك قاچاخچییەك سنووورە حەرامەکان ببەزێنێ و ببڕێ. بەم واتایە هەر ئەدەبێك قاچاخچی نەبوو، ناتوانێ بێ جوگرافیای نوێ گەشت بکا). جوانی لە وشەدا بە بێ مانا (مانای گەورە و قووڵ) لە دایك نابێ. کێ هەیە لە دەقەکانی شکسپیر وشە بە وشە تێ نەگا (بێ ئەوەی هیچ گرێ و گێڕ و تەم و مژێکیان هەبێ؛ هەندێك جار ئەو تەمومژە هەمزییەی، کە لە دەربڕین و ڕستە شیعرییەکانیشی هەبێ، ئەوە دەلالەت لە واتای جیوەیی فرەوانی فرەهەند دەکا)، بەڵام چونکە دەقەکانی – لەگەڵ ئاستی هونەری بەرزدا – واتا و دەربڕینی مرۆیی قووڵیان هەیە، ئەوە پێنج شەش سەدەیە هەخنەگر و ڕاڤەکارانی فیکر و ئەدەبی بە خۆیەوە خەریك و سەرقاڵ کردووە و هەردەم و لە هەموو سەردەم و شوێنکی جوداوازی ئەم جیهانەدا، شکسپیرکی (ئەدەبکی شکسپیریی) تازە لە دایك دەبێ.

_____

پەراوێز

1- ولیم شیکسبیر, هاملت, ت: صلاح نیازی (دار المدى للثقافة والنشر, الطبعة الاولى: 2008), ص 166.
2 – هەمان ژێدەر، ل 191

بەختیار محەمەد

کورتە چیۆکی..ئالووده. … یاسین برایم

_ بۆ … تا مەیدانی (ئیمام خومەینی) مەوەستە) !
_ لەوێ ، لە یەکێك لە بازاڕەکان، میوانخانەکان زۆرن.
ئەوە ئاسانترین ناونیشانی بوو ، بە ئەمەی دا..
وامانکرد…
جێگای حەوانەوە و خەوتنمان پەیدا کرد ، جانتاو کەل و پەلمان دانا. وەختی ئێوارە دابەزیمە نێو بازاڕ. کە تا درەنگانی شەو جمەی دێ. منیش لە سەر ئەو کورسییە دارە دانیشتم ، کە لە سەر شۆستەی شەقامەکە دانرابوو. سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد (دەهات و دەچوون). پشیلەیەکی لەێو لاواز ، لەبەردەم خواردنگەی بەرامبەرمان، لە ورتکە نان و پاشماوەی خواردن دەگەڕا. ماندوو و برسی و تووك پیس و بە چرك، رەنگی قاوەیی گرت بوو ، زوو زوو زمانی دەلێسیەوە . نازانم ! بۆچی منیش ، خۆم وەك ئەو پشیلەیە هاتە بەرچاو . (ماندوو و برسی) ، حەزم لە خواردن و نانی بۆخۆ نەدەکرد. بۆ ئەو خواردنێك هەبوایە و دەمی پێ بگات و بیخوات.. بۆمنیش خواردن زۆر ، حەزی خواردن کەم. هەرلەو خەیاڵەدا بووم .. پیرەمێردێکی لاواز و ڕیشدار، پشت کووەو سەرو پرچ ئالۆز. کۆمەڵە کارتۆنێکی لە بن هەنگڵی بوو ، لە تەنیشت دوکانەکە دانیشت. دوو خولەکی نەبرد ، لە سەرکارتۆنەکان درێژ بوو ، پێلاوەکانی خستە ژێر سەری و خۆی وەکهێناوە. چاوەکانیش زەق زەق بوو ، بەدەستی ڕاستیش ، زوو زوو خۆی دەخوراند.
زۆری نەبرد ، پیاوێکی درێژی ڕەقەڵەی کێاو لەسەر و جگەرە بەدەست.. دوو سێجار هات و چوو. دەیوانیە پێش خۆی و هیچ قسەیەکیش نەدەکرد. بۆهەزو خەمگین ، پێاوێکی کۆنی بەسەر پێیان وەکردبوو ، خشەخشی دەهات. سەری بە سەر زبڵدانەکەی تەنیشت شۆستەکە شۆرکردەوە ، خەیاڵم بۆ ئەوە چوو، ئەویش کارتۆن کۆبکاتەوە و وەکو پیرەمێردی بەرامبەرم لە سەر پاێبکەوێت. شتێکی چنگ کەوت و بۆدەمی برد. نەمزانی چ بوو خواردی و بۆ ئەو بەری جادە پەیەوە…
گەڕەکی ماتۆرەکانی شەقام، هێیان کردم.
کۆچەریش لەوکاتە پەیدا بوو :
_ وەرە ، دوام بکەوە.
بەیەکەوە ڕێشتین ، هەر ئەو بازاڕەی ئێمەی لێ بووین ، لە کۆانێکی تەسك، چووینە ژوور. بەدەستی چەپ چەند هەنگاوێکمان نا.
_ ئێرە مەیدانی ئەو کەسانەن کە ئالووەن!

لە دوای نانی ئێوارە ، لێرە پەیدا دەبن ، تا دێت زۆرتردەبن ، من یەکەم جار لە نزیکەوە ئەو جۆرە کەسە تووشبووانە ببینم. پێشتر دەمبیست یان دەمخوێندەوە، کە ئەم وێاتە پێە لەو جۆرە مرۆڤانە ، ئەمەم بە زیادەڕۆیی دەزانی. یان بە درۆ و بوختانێکی سیاسییانە..
_ بۆوانە ، ئەو ژنەش هەوە.!!
لێرە خەریکی کاری خۆیانن. وەستاوون ، دانیشتوون… لە پێش دەرگا ، دیوار ، شێستەکە ، دۆن و دەچن … دوو دوو ، سێ سێ، سەردەکەن بە یەکەوە ، ژمارەکان زۆر دەبن ، کەم دەبن.. گەنج و پیر ، ەش و لاواز و ەنگ مردوو ، وەك مرووڵە بە هەموو لایەك دەخوێنەوە . بەیام هۆمن و بێدەنگ ، بێهۆز و بێەنگ، برسی و تینوو ، تەمبەڵا و ماندوو ، جلو بەرگ پیسو چڕکن. داماو و بێکەڵك ، ناشیرین لای خەڵك. بینینی ئەمانە ، ماندوو و خەمباری کردم. وەك بێی باوەڕ بەمە نەکەم ، کە دەبینم . وامدەزانی لە دیار فیلمێکی سینەمایی ، ئەوانەی (تارمایی و ترس) وەستاوم. چەند خولەکێك لە نزیك ، لە دوور، سەیری ئەمانەم دەکرد. نازانم بۆچی هەستم بە ترس و شەرمەزاریی دەکرد..
بە بێدەنگی هەردووکمان شۆنەکەمان جێهێشت.
شەو ، خەو نەچووە چاوم . خەیاڵم ئاسوودە نەبوو . خۆم و پشیلە و ئەو مرۆڤە ئالوودانە ، لە بەرچاوم ، سێگۆشەیەکی ەشی دروستدەکرد. پرسیارێکم دەکرد و دەیان بەرسڤ خۆی ئامادە دەکرد. خەیاڵی منیش ، ئەوەندە ئالوودەی ئەو مرۆڤانە بوو ، ەش بوو ! ەش وەك مۆژووی ەشی ئەو پایتەختە پیرو گەورەیە ، ئالوودە بە کوشتنی مرۆڤ و نەتەوە جیاوازەکان. کە تێدا تاکەکان ، لە ژیانێکی گۆشەگیر و دەستەمۆ و شۆواو و داماو ، بە چاویلکەیەکی ەش، لە بازنێکی ەش ، بۆ(نان و کار) دەسوێنەوە. تا دێ ژیان و ئازاری مرۆڤەکان زۆرتر دەبن و سوپای ئالوودەکانیش گەورەتر ، ژیانیش وەك مەندیلەی گەورە بەرپرسانی وێات ەشتر.
ئیدی منیش خەیاڵ و خەوم ، بە خەون و خەیاڵ و ئالوودەکان سپارد.. منیش بۆ چەند ساتێك بوومە میوانی ئەوان وئالوودەی خەیاڵ بووم وخەیاڵم ئاَوودە بوو ، ئالوودەیەکی خراپ !

12/ 8 / 2018 تاران
یاسین برایم _ ڕواندز
تێبینی : لە هەفتەنامەی (ڕۆگای کوردستان) ، ژمارە(1142) ، لە ێکەوتی 25 /9 / 2018 دابەزیووە.

پێغەمبەری من ژنێکی دەستێ نگینە... بە ئاو ئازادی ئەنوسێ ... چنوور نامیق

شووشەیەك رۆشنایيم پێیە
كراسێك لە رەنگی سێبەر
پیاوێك لە خێڵی فریشتەكان
بۆم ئەگەڕێ
ژنێك بیری بارانەكەی خەوەت ئەكا
تەزبیحێك گوناهەكانم ئەژمێرێ و
بۆنی پەنجەكانم ئەكات
وێسگەی مەراقێك رامئەگرێ
وێنەی دوو كچە جوانەكەی دونێ كوژران
دڵی خوای بێزار كردووە
ئەیلول تەرمی فریشتەیە و
جێیەك
ساتێك
ئارامییەكی تیا نییە
باسی كوشتنی تیا نەبێ
كوشتنی نەسلی فریشتە بێكەسەكان

پیاێیەك نوورم بەدەستەوەیە
جار جار
نیگام ئەخواتەوە
پیاوێك لە خێڵی فریشتەكان
بۆم ئەگەڕێ
پیاوێكی دەست بەتەسبیحی چل دانەیی
هەر رۆژەو یاسایەكی عەشق
ئەكاتە ملوانكەیەك بۆ تەرمی كچێكی كوژراو
چۆڵ ئازادی و
پیاێیەك لە نوری خودام پێیە و نیازم نییە راوەستم
تا زەمینێكی دوور لێرە

زەمینێك دوور لە كوشتاری ئاسكە كچ و
وشەی زامدار
من هەقم بە پێغەمبەری ئەوانەوە نییە
ئەوندەش ساقییەكی كاڤام نیم
تا نەزانم
كام لە میوەكانی بەرچنەكەی دەستی ئادەم خەتاوە
پێغەمبەری من ژنێكی دەستەنگینە
لە جێی پێنوس
بە ئاو ئازادی ئەنوسێ
پێغەمبەرم ساقییەكی بە جەماوە
گوڵێك نەما
میهرەبانی لە دەستی ئەو نەخواتەوە
ئەو ژنێكی دەست سپییە
دەستی بە بینی گوڵەكان سوور نییە
ئەو ئەزانێت كامە پەنجە بۆنی سۆوی گەنیو ئەدا
كام ئازارە بەرائەتی مانگەشەوی لێ كردووە…
پێغەمبەری من جیاوازە
روحی كچێكی كوژراوە
لە ژێر هەر بەردێكی وڵات
ژووانگەیەك ماچی سووری شاردووەتەوە
لە بەر دەرگای هەر مزگەوتێك
راپەرتی دەیان كچی كوژراوی ریز كردووە…
پێغەمبەرم ساقییەكی بە جەماوە
گوڵێك نەما
میهرەبانی لە دەستی ئەو نەخواتەوە…

1-10-2018

هۆگبەی زانین… پرۆیەكی

فەلسەفی لایەن : د. ساماە مانیی

زانیاری پەویست سەبارەت بە نوسینی ‘هەگبەی زانین’

‘هەگبەی زانین’ پرۆژەیەکی نوسینی فەلسەفەیە بە زمانی کوردی کە لە سێ کتێب پێکهاتووە وناوەرۆکەکەی تاووتوێکردنی پرسی ‘زانین’ لە فەلسەفەدا، نوسەری ‘هەگبەی زانین’ ژنەکی کوردە: د. ساماە مانیی.

کتێبی یەکەمی ‘هەگبەی زانین’، تایتڵەکەی بەم جۆرەیە: هەگبەی زانین :کتێبی یەکەم؛ پیستیمۆلۆجی کلاسیک.
ئەم کتێبە لە سەرەتای مانگی سێ وە نەردراوە بە چاپخانەی سەردەم لە سلێمانی بە بڵاوکردنەوە.

کتێبی دووەمی ‘هەگبەی زانین’ ماوەی کەمتر لە مانگێک نەردراوە بە چاپخانەی مەخەک لە ناوچەی سەران و وا بڵاودەکرێتەوە. هەردوو کتێبی یەکەم و دووەمی هەگبەی زانین لە پێشانگای کتێب لە هەولێر دەبن، لە ١٠ ی مانگی ئێکتۆبەری ئەمساڵ، واتە کەمتر لە دوو هەفتەیەکیتر.
کتێبی سێیەمی ‘هەگبەی زانین’ بەم زوانە دەنەرێت بە دەزگاکانی چاپ و بڵاو کردنەوە لە کوردستان و سەبارەت بە ژن و فەلسەفەیە.

هەگبەی زانین
نوسینی: د. ساماە مانیی

دکتۆرا لە فەلسەفەدا، پرۆگرامی فەلسەفە بەزمانی ئینگلیزی، ئەورۆپا.
بەکالۆریەس و ماجیستێر لە فەلسەفەدا، زانکۆی لەندەن.
دووسالە مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆیەکی هەرێمی کوردستانی باشووردا.
ئەندامی هەمیشەیی کۆمەڵەی فیلسوفەکانە لە بەریتانیا.
ئەندامی لێکۆڵینەوەی بابەتی فەلسەفەیە لە بەریتانیا.
ئەندامی کۆمەڵەی فیلسوفە ژنەکانە لە بەریتانیا.
تێکستە فەلسەفیەکانی بە زمانی ئینگلیزی لە ئەورۆپا بڵاودەکاتەوە.

ئەو هێشتە فەلسەفیانەی کە لەکۆمینەوەی تیادا کردوون و گرنگیان پێ دەدات ئەمانەن:
فەلسەفەی زانست و لۆجیک، فەلسەفەی زەین وئاگایی و مەشک، فەلسەفەی زمان و مانا، فەلسەفەی پیستیمۆلۆجی کلاسیک و سۆشیال پیستیمۆلۆجی، فەلسەفەی جەندەر و کۆمەڵایەتی.

گەرچی زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانێت بەڵام هەموو خوێندنی زانکۆیی و ئەکادیمی لە فەلسەفەدا بە زمانی ئینگلیزی بووە و تەنیا لە بەریتانیا و ئەورووپا بووە. لە بەریتانیا پێشینەی فەلسەفیی لە پانتایی فەلسەفەی ئەنالیتیکدا بووە، پاشان بەمەستی فروانکردنی زەمینەی فەلسەفی خۆی، هەوڵی کردووە جیاکانی ئەورووپا بە گشتی و لەوە فەلسەفەی کۆنتینانتاڵی خستە سەر زەمینەی فیکریی خۆی. هەر لەبەر ئەمشە نوسینی 'هەگبەی زانین' لە هەردوو پێشینەی ئەنالیتیک و کۆنتینانتاڵ ئاماستە دەکات سەبارەت بە پرسی زانین، هەروەهاش هەندێک تێڕی لە سەسیەلۆجی و سایکۆلۆجی دەهێنێتە سەرباس، هەموو ئەمانە پێکەوە لەسەر زانین ئاماستە دەکات و لە هەگبەی زانین دا تاووتوێ دەکرێن. هەر لە ١٩٩٣ وە هەتا ئێستا و بەردەوام -تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە کوردستان مامەستای فەلسەفە بووە- دانەبڕاوە لە بازنەی فەلسەفی و دیبەیتەکانی فەلسەفە لە ئەورووپا بەگشتی، بەشێک بووە لە دیبەیت و باسە گرنگەکانی فەلسەفە لە کۆ و کۆنفرانسەکاندا لە بەریتانیا بە تایبەتی.

زانیاری لەسەر 'هەگبەی زانین' بە گشتی ؛ هەرسە کتێبەکەی:

هەر سێ کتێبەکەی 'هەگبەی زانین' ئاراستەی چەند جۆرێک لە خوێنەری کوردە :چ لە کوردستان بن یان لە هەندەران، چ لە زانکۆ بن یان سەربەخۆ لە ماڵەوە بخوێنەوە:

(یەکەم) ئەو هاوشێوانەی گەر لە کوردستان بن یا لە هەندەران دەخوێنەوە و تینووی تێگەیشتنن لە فەلسەفە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنیان ناگونجێت بە وەرگرتن لە زانکۆکان یا لەبەر ئەوەی کە ئیشدەکەن و کاتیان نیە بە ئەوەی لە زانکۆکاندا بخوێنن، یا بەهەر هەیەکیتر دوورخراونەتەوە و دووركەوتوونەتەوە لە خوێندنی فەلسەفەی ئەکادیمی. 'هەگبەی زانین' دەکرێت وەک کەرسەکی ئەکادیمی فەلسەفە لە ماڵەوە بخوێنرێتەوە.
(دووەم) ئەو هاوشێوە ئەکادیمیانەی کە لە کوردستان و لە هەندەران لە زانکۆکاندا لە بواری فەلسەفەدا دەخوێنن، 'هەگبەی زانین' وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی زۆر بەسوودە لە خوێندن وتێگەیشتنیاندا.

لەبەر ئەمانەیە کە ‘هەگبەی زانین’ لەگەڵ ئەوەدا کە هوون و کورت و پوخت نوسراوە ئاستی بەرزی ئەکادیمی خۆی پاراستووە.
هەموو باسکان و ئارگیومێنتکان و سەرنجکان لە هەرسێ کتێبکانی ‘هەگبەی زانین’دا؛ گەرچی کورت و پوخت و هوون نوسراون، بەڵام ئاستی بەرزی فەلسەفەی ئەکادیمیان پاراستووە و هاوتا و سەردەمن لەگەڵ ئاستی فەلسەفەی زانکەکانی بەریتانیا و ئەمریکا و ئەو ووتانەی کە بە ئینگلیزی دەدوێن و دەخوێنن و دیبەیت دەکەن لەسەر هووی زەویدا. بەیە هەر یەک لە سێ کتێبکەی ‘هەگبەی زانین’ دەکرێت لە ماڵەوە وەک کەرسەکی فەلسەفە بخوێنرێت. هەرئەمەشە کە مەبەستکە بەتەواوی دەپکێت؛ هەنانی دیبەتکانی ناو زانکە بەریتانی وئەمریکی و کیشوەرانی ئینگلیز زمان دەگەیەنێتە ناو ماڵەکانی کوردستان و زانکەکانی کوردستانەوە؛ کە هووبرکی گەورەی سەرزەوی و لەگەیدا و گرنگتر لەمە هووبرکی گرنگی بواری فەلسەفەیە.

زانیاری تایبەت بە کتێبی یەکەم و کتێبی دووەمی ‘هەگبەی زانین’ کە ئەم یەک دوو هەفتەیە پێکەوە بڵاودەکرێنەوە.

کتێبی یەکەم، تایتڵکەی ئەمەیە: هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم ؛ خوێندنەوەی پیستیمۆلۆجی؛ پیستیمۆلۆجی کلاسیک.
لەم کتێبی یەکەمەی ‘ هەگبەی زانین’ دا؛ ئەو ئارگیومێنتانەی کە هەناومنەتە سەر باسکردن و هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردەیەکن لە دیبەت و سەرنج و پرسیار و باسە فەلسەفیە کلاسیکیەکەی ناو سێ بەشی فەلسەفە: پیستیمۆلۆجی ، لۆجیک و مێتەدۆلۆجی ، فەلسەفەی زانست. زۆربەی ئەو ئارگیومێنتە فەلسەفیانەی کە پەیوەندیان بە زانینەوە هەیە لە فەلسەفەدا لەم کتێبی یەکەمەی ‘هەگبەی زانین’دا هەنراونەتە سەر باس . کتێبی یەکەمی ‘هەگبەی زانین’ ، دەچێتە خانەی پیستیمۆلۆجی کلاسیکەوە ، تایتڵکەی واتە ناونیشانکەی بەم جۆرەیە:

مەبەست لە ‘پیستیمۆلۆجی کلاسیک’ لەبەر ئەوە نیە ئەم کتێبە خۆی قەتیس کردبێت بە سەردەمی فەلسەفەی یۆنانی دێرینەوە کە بە فەلسەفەی کلاسیک ناودەبرێت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، زیاتر خۆی لەگەڵ فەلسەفەی ئێستا هاوشانکردوە. هەروەهاش خۆی قەتیس نەکردوە بە یەک بەشی فەلسەفەوە بەڵکوو زەمینەکەی لە سێ بەشی فەلسەفەدایە: فەلسەفەی زانست، لۆجیک و مێتەدۆلۆجی، پیستیمۆلۆجی پێکەوە. لەبەر ئەمانە خوێندنەوەیەکی بە چڕ و هوون دەبێت، مەبەستی دەرخستنی ئارگیومێنتە چڕ وپڕەکانی فەلسەفەیە و تاووتوکردنیانە سەبارەت بە ‘زانین’ لە هەگبەیەکی کورت و پوخت دا.

کتێبی دووەمی هەگبەی زانین، تایتڵکەی ئەمیە: هەگبەی زانین: کتێبی دووەم؛ سۆشیال پیستیمۆلۆجی.

بابەتی ئەم کتێبیان کە کتێبی دووەمی 'هەگبەی زانین'ە، تەواوانینکی جیاوازە بە بەروارد بە کتێبی یەکەمی ئەم پڕۆژە نووسینەم. 'سۆشیال پیستیمۆلۆجی' بابەتی تەواوانینی ئەم کتێبیە سەبارەت بە 'زانین'، هەوتەکی نوێی فەلسەفیە بە بەراورد بە هەوت و بەشەکانیتری فەلسەفە، لە هەخنەگرتنی پیستیمۆلۆجی کلاسیک زەمینەی خۆی دروستکردوە، زەرجاریش وەکو جەگرەوەی پیستیمۆلۆجی کلاسیک دەکەوتە بەرچاو. کاریگەرییەکان لەسەر دروستبوونی ئەم هەوتە گەورە و نوێیە زۆرن، تەنها لە چەند دێڕی ئابووردودا زەمینەی ئەم هەوتە هاتکایەوە و خۆی وەکو بەشێک لە لەکەینەوەی فەلسەفی سەبارەت بە زانین و تاکی بیرکەرەوە ناساند، تاکی بیرکەرەوەی خستە ناو ژینگەی بکەمەیبوون و کەمەگەی بیرکەرەوەکان.
لەم کتێبەی دووەمی 'هەگبەی زانین'دا بەستەم: یەکەم هەندێک ئارگیومەنت لە دەرەوەی بواری فەلسەفە، لە ئارگیومەنتەکانی ناو بوارەکانی وەکو سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی، ئەوانیان کە پێوەندییان بە بابەتی بیرکردنەوەی تاک و کەمەگە هەیە بەتام مەسەلەی پەرسەپشن و کۆگنەتیڤی دژوارئەوەی هەردوو پرسی پەرسەپشن و کۆگنەتیڤ پرسی فەلسەفیشن، دەهێنمە ناو باسکەوە. دووەم: هەندێک لە ئارگیومەنتەکانی فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵ ئاماژەکەم لەسەر پرسی زانین، لەبەر پێوەندییان بە بابەتی ئەم کتێبەوە؛ کە سۆشیال پیستیمۆلۆجیە. واتە ئەم کتێبە تا ڕادەیەک هەندێک بواریتری دەرەوەی فەلسەفە لەگەڵ دوو بڕی فەلسەفەدا کەدەکاتەوە: فەلسەفەی ئەنالەتیک و فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵ.

شەکەتتر لەجادە ... سوهەیلا مەهەمی

بەخەڵکدا نووستوم و
دەستم لە پرچی خەونە زیوانەکانتە
قاوەکان قامکم دەکڕژن

چاوی شەوم قەپووت دەچن
مەگەر زەردەپەڕ ناگاتە من؟
چەندەم بێ تۆ درێژ
دەڕوا
هەر بێ شێخی
بەم هەموو تاریکییە
چاوم چڵن دەتروکێ و دڵم ناوەستێ
ئەلزایمەر
هەڵدەمژێ رووناکی
رووناك کچێك بوو
بەشی بریندەکانی
کورت بوو
ملپێچە شینەکەی
بە فەرشی سووری ڕێگاکەیدا
لە زمانی ڕەشی دیوارەکاندا
یادەوەری بەرد باراندی
ڕێگا درێژ دەبێتەوە
چاوم پێ ناکات لە شەقەی باڵی سپێدە
دارستان وەهمێکە
لە بروسکەی قاقای تەوەر
ژنێك بە عادەتی عەسرەکانی
ئاواتێك دەدا لە گزنگی ئێوارە
لە ناوەندی وشە ماندووەکانیدا
لێچ دەخەنە تووڕی ئاو
کچانی شین
ئاوا دەبێ ئاواتەکانیان
لە بەبەی شیعرەکانمدا
خەونی ڕێبواران بێ ئاسمان دەبات
ئوتوبووسێکی بەرزەخی
لە کەش و هەوایەکی خوارتر لە
مردن
عادەتەکانمان ئاسایی ئەچێ
لاواز بەشکە
لە ژیان
وەکوو نیش/تمان
دەبمە مرچە کێ دەکەمەوە
زستانەکانی هێلانە

ژمارەی پێشاوەکانی ئەم ناوە
چەندەم تلیقاننەوە
مەمکی بێدەنگی لە دەم
دەنێ خەم و
زام هەڵدەمژێ
پێستم ئەستوورتر رادێ
پەرستارێك بەخییەکانی لە بیردەچێ
لەتێك سپیایی
ون دەبێ لە حەوشەی خوێنەکانمان
کە تفمان کردەوە
ئێمە جەغزی قاغەی فڕینیین و
هەریمی دووکەڵ
بێبەهەی زەردی کێبەری،
لاپەڕەکانی سەردەمم
دەستەمۆی خەونە زڕاوەکان
داکەوتین
زیەڕقانی جوغرافیای چاوەڕوانی
ئاقرەیەکانی لێ ون کردووم
دێکی ئازار چاو لە قاچ
دادەگرێ
پەنجەرە لێڕەکانی ئەم ناوە
رکابەری بێ بەرامبەری تراژیدیاکانن
ئەو شەبەقدانەوەی دووری جادەکان
دێتەنگییەکە هەرمانی
شەکەتتر لە جادە.

سوهەیلا مێهەمی

جادووگەری سیاسی! ... جەلال قادر

(A Taxi Driver’s Series (8

_____

لەبەردەم پارکی تاکسیەکانی هوتێلێک چاوەڕوانی موسافرەکم دەکرد. زۆرم برسی بوو. ئاڕەزووی خواردنی سەلاتەکی بە هەنارم دەکرد. بیرم لەوەش دەکردەوە کە لەژیاندا ئاواتم بوو ببم بە چێشتلێنەر. ڕێستورانێکم هەبێت خۆشترین خواردنی تیا بفرۆشم. بە بیچووونی من چێشتلێنانش هونەرە.
مرۆڤ ئاگاڕ ببێت بە پزیشک یان ئەندازیار یان سەرۆک لەدواجار حەز بەچێشتی خۆشدەکات.
بەڵام لەبەرئەوەی ڕستورانش کارێکی ئاسان نییە، هەردەم ترساوم خەم لەم بزنسە بدەم.
موسافرەکەم دەرگای کردەوە وناوی خۆی پێوتم. منیش فەرمووم لێکرد. لە کورسیەکەی تەنیشتمەوە دانیشت. وتی : ئەژیکی خۆشە.
+ هەموو ئەژیکان خۆشن ئاگاڕ مرۆڤ دڵی خۆشبێت.
ئەو ناونیشانەی ئەو بۆی دەچوو هێڵی کۆنفراسی حزبەکان بوو.
+ ئەمە کونفراسی حزبی هەیە؟
_ نەخێر…فاڵ گرتنەوەمان هەیە..
+ فاڵ دەگرێتەوە..
_ بەڵێ من ناو لەپی دەست دەخوێنمەوە.
دەستی ڕاستم بە درێژکرد و وتم فەرموو…
لەناو جانتاکەی زێڕبینێکی دەرکرد و لایتێکی لەناو دەستم داو کەوتە خوێندنەوەی:
_ سەرەتا تە زەر برسییتە…
+ بەچی دەزانیت؟
_ کە مرۆڤ برسی بێت پێستەی دەستی دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی پێویستی بە ڤیتامیناکان دەبێت…دواجار تە کەسێکی ماندووی بە ناچاری کاری تاکسی دەکەیت…بە بۆای من تە دەبوو لە چێشتخانەیەک کار بکەیت…. بەڵام هەرگیز ئەم کارێت ئەنجام نەداوە لەبەرئەوەی چێشت لێنان و کابانیت وەک پیشەیەک هەڵنەبژاردوە. هەروات زانیوە ئاگاڕ ببیت بە مامۆستا باشترە لەوەی ببیت بە کابان…تە لە ژیانتا پێچاوپێچ و سەرلێشێواوە ژیاویت..
سەرم سووماببوو ئەم موسافرە چۆن دەتوانێت مشکم بخوێنێتەوە. لەم پرسی : بەڵگەت چییە؟
_ خەتەکانی ناو دەستت خوار و پچڕپچڕن…بەڵام ناتوانم هەموو نهێنییەکانی خوێندنەوەی دەستت بە بدرکێنم. کەچی دەتوانم پێت بڵێم لە خۆشویستیا فشەێت هەناوە…لە ڕووی کەمالایەتیا لە پێوەندییەکان دەترسیت.
+ ئەوەی تە دەیلێیت هەمووی ڕاستە…ئایە دەتوانیت ئایندەش بخوێنیتەوە.

زۆر بینەکەی خستە گیرفانی چاکەتەکەی... بە ساتێك بەدەنگ بوو... لە بەردەم بەنزیخانەیەک تێپەرین.
من سەیری گۆچی بەنزینەکەم کرد...لە نیوە کەمتر بوو. لە دڵی خۆم وتم : ئەوارن هەرزانتر دەبێت...تانکییەکەم پڕ دەکەم.
موسافرە فاڵچییەکە ئاوڕێکی لەمدایوە و وتی : چاوەڕوانی ئەوارە نرخی بەنزین هەرزانتربێت؟
شەکی کردم.
+ تۆ شێتم دەکەیت...چۆن ئەم هەموو زانیارییەت کۆکردەتوە کە مەشکی مرۆڤ بخوێنیتەوە؟
_ بەو شێوەیە قورس نییە...چاوم لێبوو، کاتێ بەنزیخانەکەت بینی، سەیری نرخی بەنزینت کرد...
تا گەیشتینە بەردەم هۆڵی کۆنفراسەکە بەدەنگ بووم. پاشان ئەم بەدەنگییەم شکاند و لێمپرسی :
ئایە دەچیت ناو لێپی بڕپرسەکان دەخوێنیتەوە؟
_ نەخێر...دەچم ئاپەرتی ناو لێپی دەستی تۆ بەوان دەدەم.
+ بۆ چی ناو لێپی دەستی من ئەوەندە گرنگە..
_ ئەوارە سەیری هەواڵەکان بکەێ بزانێ کاندیدەکان باسی چیدەکەن...بۆ ئەوەی تۆ بچیت دەنگیان بۆ بدەیت.
هەرچەندە من حەز بە دەنگدان و هەڵبژاردن ناکەم چونکە دەزانم بۆ گۆڕانی حزبێک هیچ لە بەرنامە و سیستەمی دەوڵەت ناگۆڕێت. بۆلام لەبەرئەوەی ئەم موسافرەم وەک سحرباز بوو ناچار ئەوارە لە تاڵەفزیۆنەوە گوێم بۆ هەواڵەکان گرت.
لە چاوپێکەوتنێکا یەکێ لە کاندیدەکان دەیگووت : پێویستە ..نرخی بەنزین داگرین...شوفێری تاکسییەکان شەوڕۆژ کاردەکەن بەشێکی زۆری داهاتەکەیان بۆ بەنزین دەچێت. ئەگەر بەنزین هەرزان بێت شوفێرەکان دەتوانن کاژمێری کار کەمتر کەنەوە و کرێ موسافیرەکانش هەرزانتربێت.
شەو پشئەوەی بنووم بیرم لەوە دکردەوە کە ئەمجارییان بچم بۆ دەنگدان...بەڵکو ئەمجارییان کاندیدە نوێکان بتوانن خۆشگوزەرانمان بکەن و بەنزینش هەرزان کەن.

ئایا ئەو هەموو خەباتوخورماتەی کە بە پەیستت دەزانی بە خەت وەک سیاسی یەک بە چی فرەشتت؟

٢٠١٨-٩-٣٠
هەموز فەرەبدوڵا

_____

گەلانەوەی ڕیسوایینەی سەرکی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری – دکتەر بەرهەم سالح – بە ناو ماڵی گەورەکەی مامی گەورەی ، بە دزی هەمو هاودیدەکانی یەوە، لە ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردودا بوو یەکێک لە ڕووداوە هەرە گەورەو سەرنجڕاکیش و گاڵتەجاری یەکان .ئەم ڕووداوە لە بەتەی هەراوهوریاو بێنەنی دەزنانەو هەڕەشەی زمان بڕین ئەوەندەی تر بو بە بێگە بە سڵماندنی دەنگدانو هەڵپژاردنی
ی. پەرڵەمانکەیان کە گاڵتەجاری یە.

ئەم هەواڵە هاودیدەکانی بەرهەم سالح و تانانەت زەربەی نوسەرە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیش ، کە لە ڕوانگەی چینایەتیەوە ناڕوانن بە کەمێگای کوردستان و دەسەاتی سیاسی و کێشەو ململانێکانی، وەک هەورە تریشەی ئاسمانی سامان وابوو بەیانو توشی شۆکی کردن.
بە تایبەتی ئەم سەرکی هاوپەیمانی یە نوە یە کە بە پیاوە لیبرالو عاقلەکەی ناو یەکێتی هەژماردەکراو، گوایە زەر جێگای متمانەی مامی گەورەی بوو، لە قسەکانی چەند ڕۆژ لەموبەری هەمیشە جێختی لەوە دەکردەوە کە ئەو لە دژی قەرغکردنی دەسەاتو نادیموکراسی بون و ناعەدڵەتی لە دابەشکردنی سەروەتو سامانی ووڵات لە لایەن بنەماڵەوە ، هاتتە دەرەوەو دەیەویت لە ێگای پەکهەنانی ئەم هاوپەیمانی یە دیموکراسی و دادپەروەریەوە ئەو ئامانجانە بەدی بەنێت.

ەو چەندین جار لە وەامی چاوپەکەوتنەکان و لەدوانەکانیدا جێختی لەوە دەکردەوە کە ئەو خاوەنی حیاو حورماتەو هەرگیر بە پلەوپایەو پول و سەرمایە ناگەتەوە ناو یەکێتی.
بەیەی ئێستا دوای ئەم چاوشارکە دەاو گاڵتەجاری یە هەمو لایەک

هەڤێتی لەی بپرسین ئەرێ دکتەر بەرهەم ئەو هەمو حزب و حورمەتەی کە بە پێویستت دەزانی بە خەت وەک سیاسی یەک بە چی فرێشتت...؟!
بە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەو دانی ئاوبەچون و هەڵوەستمان لەسەر ئەم پرسە کە بەتەواوەکی گەورەو گرم وا پێویست دەکات چەند ئاستی یەک ڕوشن کەینەوە کە هەکاری ئەم چاوشارکە دەئاو گاڤتەجاییە.

بەڵای من بەر لەهەر شتێک هەکاری سەرکی بە ئەم تەواوە دگەڵتەوە بە ناوەکی جوانەوەی کوردایەتی و دەستەوتاقمە چەتەگەری یە خەڵکی و بنەماڵەیی یە دزو گندەڵ و سەرکوتگەری یەکان لەم هەلومەرجەی کە سی ساڵ بەردەوامە.
ئاستی یەکەی ئەویە کە هەمو ئەو حزب و حورمەتەی کە سەرانی گەورەو بچوکی ئەم جوانەوەیەو دەستەوتاقمکانی شانازنی پێوە دکەن لە نزیک بە یەک سەدەی ڕابردودا بەستراوەتەوە بە پلەو پایەو پول و سەرمایەو پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەوە.

ئاشتی و ململانێ و شەڕی ئەمانە هیچ کات لە پێناوی ئازادی زرینەی جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان و مافەکانیان نی یەو نەبوە.
هەر بەیەش پێیەو کردنی هەر جۆرە کارو هەڵوەستەک لە دژی یەکترو ملشکاندنی یەکتروپاراستنی بەرژەوەندی یەکانیان لە ئاوی سیاسی و شەخسی یەوە بە ئاسایی دەزانن.
هەکارەکی تر بەندە بەو کەشەو ململانێیانەی ناو یەکیتی یەوە کە دەمەکە هەیە. بە تایبەتی دوای مردنی مامی گەورەیان ، جەلال تاڵەبانی .ئەم کەشەو ململانێ یە لەسەر ئەو بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسی یانە گەیشتەتە ئەو ئادیەیە کەسانی وەک بەرهەم ئەم چاوشارکی دەئاو گاڤتەجای یە بکات.
هیچ گومان لەوەدانی یە کە یەکێتی وەکو نەوەی یەکەمی جولانەوەی کوردایەتی ،ماویەکە گەیشتوتە قۆناغێک تا بە تەواوی یان هەڵوەشیتەوە یان بە کردەوەو فەرمی ببێتە هەزبکی سیاسی خەڵکی و بنەماڵەیی وەک پارتی .

تاڵەبانی باوک تا مرد نەیتوانی ئەم ستراتیژە یەک لا بکاتەوەو ئاستوخە بە بە قەیدو شەرت بە کردەوەو بە فەرمی هەمو دەسەاتی سیاسی و ئابوری و کەمەایەتی خەی ئادەستی خەزان و کوەو بنەماڵەکەی بکات. بەیە کار گەیشتە ئەمرە دەیان باەو سەدان لابان و پێنجەی بە ئاشکرا تیا دروست بێت.
ئیستا ئیتر شەرە لەسەر پلەوپایەو پێست وپول و سەرمایە.وە هەنانە پشەوەی مامی بچوک کە قوبادە بە یەک لا کردنەوەی ئەو ململانی و

شۆڕش بۆ قازانجی باڵادەستی بنەماڵەی تاڵەبانی وەک پارتی و بارزانی .

هەڵگرتنی کۆنگرەکەیان نیشکۆ باڵو لاباڵەکان ببنەوە ئەوە ئیتر ئەم شتە زۆر هەور دەبیتەوەو مامی بچوک لەسەر عەرشی کورسی پاشایەتی یەکەی مامی گەورە لە دەباشان دادەنیشێت.دوای ئەوە ئیترئەو کاتە بەیار دەدات کە کە و کە چی و چی هەبێت و نەبێت لە پلەوپایەو پستو پول وسەرمایەیە.
هەڵکارێکی تر ی دوای ئەمە پێویستە بە خودی ئەم سیاستەمدارە لیبرالە عەقل غەربی یە کە بەشی زۆری ژیانی لاوێتی لە ووڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا بەسەر بردوە. وەک دەڵێن سەری کردوە بەناو زەریك لە داڵانەکانی دەزگا جاسوسی یەکانی ئەو ووڵاتانە بە تایبەتی ئەمریکا.
ئەم سیاستەمدارە خاوەن حیزب و حکومەتە هەر لەسەرەتای نەوەتەکانەوە لەگەڵ مامی گەورەیدا زۆر پێویستیان بە یەک بوو . هەر بۆیەش لە پەکەدا لە هەواڵەتی سیاستەمدارێکی لیبرال و ناوەڕۆک قەومی و خەڵکی هاتە گۆڕپانی سیاسی یەوە. بەڵام ئێستا دەرکەوت کە هەمو بیرو کارو کەلتوری سیاسی دونیای لیبرالیزمی لە هەلومەرجی کوردستاندا بەم چاوشارکی دەڵاو گاڵتەجاری یەوە ببەستێتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نی یە کە لە سایەی دەسەڵاتی سی ساڵەی چینی لەمپەن بەرژوازی و جوانەوە کوردایەتی یەکەی و دەستەو تاقمەکانی ناوەڕۆکی ئەم سیاستەمدارانە کە دەیانەویت بە پروپاگەندەنی لیبرالیزم و سۆسیال دیموکراسی خەڵک تەفرە بدەن هەر دەردەکەوێت .
لە لەویکەوە ئەمیان لە نزانی یەوە نی یە بەکەو لە درک کردنیانەویە بە ناوەڕۆکی جوانەوەو دەسەڵاتی دەستەو تاقمەکانیان لەم هەلومەرجەدا .
چونکە هەروەک چۆن خودی هەمو چینەکە بۆتە لەمپەن بەهەمان شێواز هەوتو باکانی بۆتە لەمپەن لیبرالو لەمپەن سۆسیال دیموکرات و…هتد .تەنانەت چەپی کۆن و نەریتی – تقلیدی – سەردەمی دونیای دوجەمسەری کە دەمکە توشی شک و سەرە گیژە بوە، وەک توژێکی وردە بۆرژوا، بونەتە زونا ژۆن و پاشکۆی ئەم چینەو جوانەو باو لاباو دەسەڵاتە دزو گەندەڵ و میلیشایی یەکەی .

ئاخر کوا لە دونیای سیستەمی دیموکراسی واقعی لیبرالی و سۆسیال دیموکراسی ڕۆژئاوا لە ئەمریکاو ئەوروپاوە تا ئوسترالیا سیاستەمدارێک هەبو وەک ئەم سیاستەمدارە هەموحیاو حورمەتی خوی وا بە ئاسانی و ئاشکرا هەڕاج فرێش بکات تەنها بە ئەوەی ببێتە

کاندیدیک بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار. پۆستێک کە نەک تاقمێ ئیسلامی و تایفی و قەومی و قەبیلەی یەکانی عەرەب گاڵتەی پێ دەکەن تەنانەت هەمو خەڵکی کوردستان و خودی سەرانی قەومی کورد گاڵتەی پێدەکەن.
ئاخر لە سیستەمی دونیای ئۆژاوا کە بینوێتی سیاسەتمەدارەکی لیبرال بێ بە ئاشکرا کردنی جیاوازی فکری و سیاسیەکانی واز لە حزبەکەی بهێنێت و حزبێکی ترلە چەند هەفتەو مانگ پێکبهێنێت و پاشان بچێتەوە ناو حزبی یەکەم . هاوکات پاشقول لە هاودێدەکانیشی بگرێت.

ئەمە بەس لە پیاوە لیبرال و عەقڵ ئۆژاوایی یەکەی ناو دونیای سیاسەتی کوردایەتی ئودەدات.
ئجا وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا ئەمە هەر ئاکامو بەرهنجامی ئەو ململانێ شوم و دواکەوتوە یەیە کە دەیان ساڵە پارتی و یەکێتی وەک باوکو کۆی جولانەوەی کوردایەتی ئەنجامیان داوە.

ئەوەتەی جوڵانەوەی کوردایەتی هەیە ، بە تایبەتی لەو کاتەوە دوو شەق بوە لە نیوەی پەنجاکان بەدواوە بەتە مەلایی و جەلالی، دەیان دیاردەو گەمەی وا کەمیدی و تراژیدیان تۆمار کردوە کە هەمیشەش خەڵکی کرێکارو زەحمەتیکیش باجەکەیان داوە.
ئکاتێک ٦٦ و ٧٠ و ٧٥ و ٨٣ و٩٤ و ٩٦ و ٢٠١٦ دەیان و سەدان روداوی تر لەنێوان ئەم مەژوەدا هەبەت و بەشێک بەت لە مەژوی جوڵانەوەی کوردایەتی وتاقمە خەڵکی وبنەماڵیی یەکانی ئەوە ئیتر چاوشارکێ دەداوە ێیسواو گاڵتەجاری یەکەی ئەم سیاسەتمەدارە بە حەیاو حورمەتە لیبرالەش دەبەتە ئودواکی ناو مەژووی ئەم جوڵانەوەیە.
ئبەیە خەڵکی بە گشتی ، بە تایبەتی هاودێدەکانی ئەم سیاسەتمەدارە بە حەیاو حورمەتە هەقیانە بپرسن ئەری ئەو هەمو حەیاو حورمەتەی کە بە پۆیستت دەزانی بە خەت وەک ئینسانێکی سیاسی بە چی فرەشتت...؟!

ئەوەتا مەکەشی ئونو ئاشکاو هەر ئەوەیە کە بەو کورسی یە لەرزیوەی سەرۆک کۆماری عیراق فرەشتی کە دەمکە لە پشتەوە خەی بە قاچەکانی یەوە هەڵواسیوە.
ئبەەام پۆیستە ئەم سیاسەتمەدارە بە ئواەت لیبرالەو هەمو سیاسەتمەدارانی تری کوردایەتی باش بزانن کە لە کەمەگای چینایەتی کوردستانداو بونی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی دا هەر زوو لە ناوەەکی سیاسەتو کردەوەو بانگشەکانیان تەدەگەن وهەمیشە دەیان دەدەنە بەر ێخنەو ناەزایەتی و ێیسوایان دەکەن.
ئجا پۆیستە ئەم ئوداوە گاەجاییەش ببەتە بەگەو ئەزمونەکی تر تا جەماوەری ئازادیخواز بەشداری گاەتجاری هەبزاردنی بەناو

پەرلەمانکەیان نکن و هەمو سیاستو کارو کردەوو
هەویستکانیان یسوا
بکن.
. . .

تبینی :
ئم نوسینە لە ژمارە ٣٧ باوکراوەی بە پشوودا
باوکراوتوە

رۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان ... ئاری زندینی

زر جاران یان زر ووتار دەنووسرت یان دەبینرت و بینراوە بە شوەی بابەتی نانووسرت چەمك و پەیامی گشتی تەواو نادات بە دەستەوە بەتایبەت ئەو باس و بابەتانەی پزانیاریینە و مژوون جا بابەتی ئەدەب یا رۆژنامەگەری یا شیعر یا هونەر بە گشتی کە سووچی نووسەرانە لەبەر نەبوونی زانیاری و فەرامشی و کاری سەرپی و یانیش هەندك جار تەمبویش رلی هەیە لە کارەکانیان ! ئەگەر نا بەرهەم و بابەتك هی میللەتی خت بت نابت پی نەزانی یان فەرامشی بکەیت یان تەمبەی بکەیت, نوسەرورشنبیر دەبت هەموو کەلن و قوژبنی مژووی میللەتی خی بزانە و شارەزا بت تا دوا هەناسە دواتر گوناحی نییە! چونکە جار هەیە لەبەر بە ئاگایی نووسەر جرك لە بزربوون و سەرلشوان و شواندنی مژووی میللەتەکەمان لای خەمخران و خونەران و نەوەی داهاتوو دەبینرت, بە نموونە گەر ئستا باسی رۆژنامەگەری کوردی بکرت زیاتر سترس و لد لەسەر باشوری کوردستان و رۆژهەاتی کوردستانە بە شوەیەکی کەمتر باسی کوردستانی باکور دەکرت ئەمەش بە بچوونی من لە بەر نەبوونی زانیاری و نا شارەزایی هەندکەکیش لەبەر تەمبەی.

لرەدا کتبك بەنموونە دەهنمەوە کە پزانیاریە بە مژووی رۆژنامەگەری کوردی چونکە مژوو هی یەك کەس و هی یەك سەردەم نییە

بەکو کەلتوورو مژووی میللەتە ئەویش کتبی (رۆژنامەگەریا دەڤەرا بە هدینان لە 1950 تا 2005) لە نووسینی (وەسفی حەسەن دنی) کە لە سالی (2006) لە هەولێر چاپکراوە, ئەم بەرهەمە پ زانیاریە بۆ مژووی رۆژنامەگەری کوردی (115) سەدوپانزدە رۆژنامەوگۆڤاروبەلاڤك دەبینرت و باوکراوەتەوە کەلە دەڤەری بادینان لە (دهك و ئامدی وزاخ و ئاکر) کە نووسەران و رشنبیرانی ئەم دەڤەرە دەستکی بایان بینیوە بۆ خزمەتی بواری رۆژنامەگەری کوردی رشنبیری لەم دەڤەرە بۆیە پویستە نووسەران ورشنبیران و خونەران لە دووروونزیك ئاگاداری ئەم بەرهەمە بن بۆ زیاتر شارەزابوون و پزانیاری بۆ بابەت و بەرهەمەکانیان هەر چ نەبت ئاگاداری ئەم بەرهەمە بن. هەندك نموونە لە رۆژنامەوگۆڤاروبەلاڤکانەی کەلەم کتبە پیشاندراوەو باوبتەوە وەك (ئکر , بیاڤ , دەنگ کوردستان , رەوشەن , چیا , هڤی , لاوان , بەهدینان , خابوور , بتان , خالخالك, نەورز , استە , چەپەر , لالش , مەتین , پەیڤ , پەیڤ , ئەڤر , ڤینا نو , چریسك و نوو ژین , زاخ , چەندانیتر).

من، مانگایکی تنیام... کتبکی نوی شاعیر و وەرگ خاتوو شنە نووری

کتبکی نوی شاعیر و وەرگ خاتوو "شنە نووری"یە و لە لایەن مالی وەفاییەوە چاپ و باو دەکرتەوە.. ئەم کتبە کی ئەو شیعرە ورد و مرۆڤانەن کە لەمسانەدا شنە نووسیوتی و لەم کتبەدا باو کراوەتەوە…

پشەکی ئەم کتبە: شرزاد حەسەن، نوسیوتی و تیایدا دەربارەی ئەم شیعرانە دە:

تووبوونی «شنە» هرگیز بۆ تنها هی خی نیە، لە شیعر و داستان و مان و چیرک و شاندا ئاوی ددوت بۆ تنها خودی نووسر و شاعیر نیە، بکوو ئم نونر و دماست و زمانحالی هاوگز و

هاوتەمەن و هاودەردەکانی نەوەی خۆیتی کە لە هەمان جوگرافیادا کە بوونەتەوە.
ئەم شیعرانە خۆون-ئامێزن، دنەمان دەدەن و دەمانوروژێنن، پێی دە و ڕۆح دەکەنن و غەمگینمان دەکەن، لەژێر پەردەیەکی تەنکەوە چێشنەک لە هاواری ئیرەتیکییانە و سزیارانە لەمانەوە دیارە، کە پتر ئیرەتێکی کوژراوە، کە بە دیوی ئەودیودا داوایەکی شەرمنانەی لە خە گرتووە کە ئەو ئیرەتیکایە شایستەی زیندووکردنەوەیە، بە گشتی شیعری هەر حەوت کەشوهەرەکە یان ستایشێکی ئاهەنگسازانەی ئیرەتیکایە و هەلگوتنە بە جوانی و خۆشەویستی «ئیرەس»، یانیش لاوانەوە و شیوەنە بە مەرگی ئیرەتیکا و کوشتنی ئیرەس و زاڵبوونی «تاناتەس»: خوداوەندی مەرگ. سەرباری ئەم ئاوازە غەمهێنەی کە لە هەندێک لە شیعرەکانیدا گوێبیستی دەبین، هاوکاتیش شنە شاعیرێکی درەوشاوە و ڕۆشن و شادومانە، پڕ لە ڕێناهی و پێشنگ و ئاهەنگساز و سروشتپەرستە و ستایشی ئەو جوانییە کەوییە دەکات کە لە چواردەوری خۆی هەستی پێدەکات، شاراوە و بزرە و کەسانێکی کەم خۆی ئاسا دەیبینن، بەڵام ئەم قرچێک و دەستگرەوە و چاونووقاو نییە، بەڵکو تا ئەوپەڕی مەستبوون و شەیدایی بانگمان دەکات کە دەگەڵ ئەودا سەرمەست و سەرگەرمی ئەو هەموو جوانییە بین کە ئەرک و ڕەنجی بەهوودە وای کردووە بەباک بین و نابینا بین بەرامبەر بە جوانی پەنهان.

ئەم کتێبە بەم زوانە لەمانی وەفایی بەاوەکرێتەوە

مەرگ.. هەندێ ناشیرین نیە !! … شیعر : مەولود ئیبراهیم حەسەن

بەمانی خەم ناکەومەوە
ئەو شەقامەی دەچیتەوە گەڵکی ئێمە
لە سەر نەخشە نەماوە.
ژمارەی دەرختی موبایلەکانم
لە تەکە بووەو
کەوی(ئیمەیل)کەم

ناکۆتۆ بڕچاوم،
(پاسڕد)کەم..
بەستوویەتی
هیچ ڕێگایەک
ناچیتۆ مایی
(فەیسبوک)کەم.
ئەو نامانەی دەیانناڕم
دڕێ ێ تەنیا لە کاتی تەنگەتاوی دا !!)
ژیان هەندێ شڕێغ ڕەم نیە بڕەم
کەس نیە بڵەد بێت !
ئەو دەنگانەی دەیانبیسم
بەم شیناکرێنەوە.
(موو)ی هه ر(ئەسپە)ک دەسوتێنم
هاژە ی باڕێ هاتنیان لە ئاسمانەوە نایەت .
هه ر(ئەنگوستیلە)یەک بادەدەم
گرمەی(دەو)ک ناڕێ:لە خزمەتم !
هه ر(کاو)ک لەسەر دەنەم ،
بزرنابم !!
بەماڕێ خەم ناکۆمەوە ،
گڕێکەکان
چەند لە یەک دەچن ،
شارەکان
چەند لە یەک دەچن ،
ئەستێرەکان
چەند لە یەک دەچن !
شەو بڕێژ ئاوسە
ڕێژ بە شەو.
کات..
تام و بۆن و ڕەنگی لەدەست داوە.
من کەی و لە کوێندەرەوە هاتووم ؟
بەچی و بەرەو کوێندەر دڕێم ؟
ەابردووم نەماوە
ئەستام ناناسمەوە
داهاتووم
لەوە ناچە بێت !
شەقامەکانی ئەم ژیانە
چەند بە هەمان

جەستەم (دارە بزمار)انە
بریندم هەموی دووبەدەرە
ئەو بریندانە ئازارم نادەن
ئەو تیرانەی لەدوورەوە دەن
زەر بە ژانن
هیچ(ئەف)ەک
نابە بە(کەد)ی
کردنەوەی دەرگای هیچ ئەشکەوتەک
کە (دو)ی ئومێدی تێدا پەنهانە .
چراکەی ڕۆژم ناسوتێ
شەو هەناسەی لە ژیان بڕیوە
ئەستێرە لە سووچ کەوتووە
ساڵ بە وەرزە
بەری هیچ درەختەک پڕ ناگات
تاریکی بە چڕە کووز کووزکە
زەمەن لە زەمەن بوون کەوتووە
چ سەرو سیمایەکی پێداکردووە مرۆڤ!
گڵپی هەموو یاساکان کوژاوەتەوە
(گەدە) بە تەمای هاتن نیە
کەس نە ماوە چاوە ڕێی بکا`ت!
ئەوەی ئێستەمە
مردن نیە ،
نەمانی هەماکانی ژیانە
لە شڤامکانی مەرگ
بوون دەزەخە
نەبوون بە هەشت
لە نەو ئەم نە بوونی ژینە
بە هەشتکم دەزیوەتەوە
بەهەشت چ غەریبستانکە
ژیان تێدا زەر ئێستەمە .
دەتانبینم فریشتەکانی ئازار
هەربەرگەک لە بەرکەن
بە هەر ڕزمانەک بدوێن
لە هەر دەم و
لە هەر ڕلایەکەوە بێن،
من بە ئازارکانم دەتاناسمەوە .
ڕوحم جە قامچی ئەوەی بەسەرەوەیە

جەستەم نا ..
ئەوەی ئازارم دەدات
مردن نیە
بریندەکانی جەستە نیە
ئەو تیرانەن کە بەرەو روحم دەن.
هەموو بەیانیەک من ناگەمە (زانکۆ)
هەموو ئەوارێیەک بە(ماڵ) ناکەومەوە !
چرایەکم دەست کەوتووە
ەوناکیەکەی دەخەمە باخەم
لە جیاتی(گلگامش)
(گیای نەمریی) دە گەنمە شاری (ئوروک) .
نهێنی مانەوەم دەزیوتەوە
مەرگی(ئەنکیدە)ی روحی خەم دیوە
دەمیکە کرم لە لوتم دەتە دەرەوە
مەرگ هەندە ناشرین نیە
کە گلگامش باسی دەکات .
جوانیەکانی ژیان
لە دەمی ژنە مە یفرشکە ببیسە،
ئەوەی نەمریی بەدەست هێنا
(ماری گیاخەر) نەبوو
ئازارەکانی من بوون.
(ئەشتار) تەواوی ژین
من لە(بندونیایە) بەند دەکات ،
هیچ (نەورەزو سەرسا)ەکم نیە
بە ەزگار بوون !
ئەو چرایە نەبوایە لە نەو دە
من زەمانێک بوو کوژابوومەوە،
هەکانی نەمریی
ئازارەکانی منن
نەک گیای ژەر دەریا
ئەوە ئاوازی شمشاڵی ئەشقە
سرە بە مەەکان دەگرە
بە سەرکەوتن بە(پەیژەی مەرگ)
(کراسی ئاسودەیی) ..منی لە بەرکردووە
ەشەبا دەستی پێی ناگا
من نهێنی ژیانم دەزیەوە
ئاوی ژیان…نا

نەمریی ئەو نەبوو
گلگامش بەدوای دا دەگەڕا،
ژیان ئەو بوو(ژنە مێفرەش)کە باسی دەکرد .
نەمریی ئەو بوو(میرمح)
نەچێتە سەر (گرێ هه ی هایە)
ژیان ئەو بوو میرمح
هه ر(سێ سەو)ە کە ببەخشێ
من تەنیا سەوکم بەدەستەوە ماوە
ئاسودەیی ئەوەیە
ئەو سەوە ش ببەخشم .
بەنی کەس وکارو ماڵ و شارو وڵاتی خۆم دەکەم
پێویستە بەسەر
گردی هه ی هایە کەوم
بە کەس وکار
بەهه شت ئیتر تامی نەما
پێویست بە خەکوشتن ناکات
ساڵانەکە بەیاری مەرگمان دراوە
بەیاری جاری دووەم !
ئیتر جەستەم گۆڕێ نایبێ
(کراسی ئاسودەیی).. منی لە بەرکردووە .
(سیزیف) ئەستا شاخ دەنێتە ژێربەردەکە
(دەنکیشەت) شێوی با ناکات و
ئاکشاوە سەری بە شمشێرە ئەلماسەکەی کردووە
(نیقاپەش) ئەستاش
کەس نیە جلەوی ئەسپەکەی بە بگرێ !
سەرەک هۆزای تاج بەت ،
ئەوە سەری (مەستوورە)یە .
(ئەحمەد پاشا ..)
لە (گەرماو)ە جوانەکەی (عەبدال خان)..
دەی پەبوو لە ترس !!
تەپەکانی (وەستا ئەجەب)..
بە فرمانی پاشای گەورە
ڕوویان لە هه رچوار کەنارە،
هه وارە کوردان دوورە ، ترک خائینە..
لە(هه ڵەبجە) ژەهر ڕشێنە
لە گەرمیان منداڵ چاندنە ..
لە(شنگال) چەقە بە ملان ئاناگات ،

لە (کۆبانی) بەرەڤانی ..بە کۆلخانە !
لە (سنە) پەت خوێنی لێدەتکە ،
لە (ڕۆبەسکی) شەهید قەتارەی بەستووە .
(ئژدیها) بەری ئاوی گرتووە لە عەفرین ،
لە دوورەوە چرایەک کز کز دەسوتێ
دەنگێک هە تا دێ نزیک دەبیتەوە
هە واڵی گەیشتنی (هە واڵ) بڕووێ !!

پەراوێزی هە ندێک ناوو وشە :
– گرێ هە ی هایە: گردی هە ی هایە ئەوگردێیە لەنیو ئەو بە هە شتە دایە کەمیرمح پاڵەوانی گەلان بەدوای نەمریدا لە ئەفسانەیەکی برا ئیزدیەکان پاش گەلانیکی زۆر بەدەستی دەنێ و لێم بە هە شتە هە رچی دێ بیخوازێ هە یە و دەتوانێ بیکاو بیخوا ،بەڵام تەنیا نابێ سەر ئێم گردێ بکەوێ! دواجار سەر ئێم گردێ دەکەوێ، گرد لە خۆی بەرز دەبێتەوە ..هەندێ بەرز دەبێتەوە ، پاش هە زاران ساڵ و لە دووری هە زاران کیلەمەتر بەنی کەس و کاری دەکاو ماڵ و شارو وڵاتی خۆی دەبینێ وغەریبی هە ڵدەستێ و بە هە
– شت بە جیددلی و دڵگەلتەو ئەو وڵات و شارو ماڵی کە کەس ناینناسێتەوە .
– موو و ئەسپ : لە زۆر لە ئەفسانە کوردیەکان لە پاداشتی چاکەیەک کە پاڵەوان لە گەڵ ئەسپی باڵداروسەر مرۆڤ دەیکات ، سێ داوێ موو دەدات بە پاڵەوان و لە کاتی تەنگانە پاڵەوان مووەکان دەسوتێنێ و ئاویش دەس بەجێ دەگەڕێ هاواری .
-ئەنگوستیلە : ئەمەش هە ردیاری دەوێ و لە کاتی پێویست پاڵەوان بایدەداو دەو یەکسەر دەگاتە لای و دەڵێ : فەرموو لە خزمەتم.
-کەاو: ..مەبەست کەاوی سەخرە جنێ ، ئەو کەاوێ بە پیی ئەفسانەکان هە رکەسێک بیکاتە سەر کەس نایبینێ
-دارە بزماران :لەکوردەواری زۆر داری پیرۆزهە ن و بە بەوای خەڵک مرازان ئادا دەکەن ، زۆرتر کچ و کوڕی گەنج بە ژن هێنان و شوکردن بزماریک لە دارەکە دەکوتن و چاوەڕێی کرانەوەی بەخت دەکەن، لە زۆر ناوچەی کوردستان ئێم جۆرە دارانە هە ن و بزمارەڕۆکراون .
-ئەف : لە ئەفسانەی کوردیش هە ندێک وشە هە ن هێزی کاری گەریان هە یەو لە کاتی گوتنیان کاردانەوە ووو دەدەن ، وەک ئەوەی پاڵەوان دەڵی : ئەف . لە پر دەویک پەیدا دەبیت و دەڵی : ئەمرکە . هێندێ هە یە ئەمە لە خەڵا ووودەدات
گەدە :پاڵەوانی گرنگترین شانۆگەری (سامەئیل بەکت)ە و هێمای چاوەڕوانی کە سێکە کە نایەت .

.گیایی نەمریی گلگامش، : ئەو گیایەبوو گلگامش لە ژێر دەریا هێنای و دەیوەست لە شاری ئەرووک بیچێنێ و هه موو خەڵکی ئەرووک بیخون و نەمر ببن .گلگامس پاشا پاڵەوانیکی دوولە سێ بەش خوداوەندبوو لە هه زارەی سێیەمی پێش زاین حاکمی شاری ئەرووک بوو.
پەیژەی مەرگ : لە چەرک و بەسەر هاتکی کوردەواریداولە ئاشق بوونی کوڵە شوان بە کچی ئاغاکەی ، شوانێ هونەرمەندکی شمشاڵ ژەنی وای لێدەردەچێ ، کە دەتوانی بە شمشاڵ قسە لە گەڵ مەڕکانی بکات و بە هه موو ئادان و لە وەڕاندن و خەکردنەوەیەک شمساڵ بەکاربێنێ . دواجار ئاغا کچەکەی نادات بە شوان و داوی لێدەکات بە شمشاڵ مەڕکانی سەر کەشکی چەند قاتێ بخات ..شوانێ بە ئەشقەوە شمشاڵ دەژەنێ و بانگی مەڕکان دەکات بە سەر بان و سەر پەیژەی دار بکەون !مەڕکان یەک یەک سەرە دەگرن و سەر پەیژەدەکەون بەرەو شوانەی ئاشق ..لەوەاوە ئاغا پایەی چروکی لە پەیژەکە قایم کردووە هه ڕەمەکی دەگاتە پەیژە چروکەکە بەردەبێتەوەو دەکەوێتە بنی دەڵە کە ..کە شوانێ سەیردەکات هیچ مەڕەک ناگاتە لای ئەو سەرسام دەبێت ، ئاغا پێی دەڵێ نەتتوانی مەڕکان بانگ بکەیتە لای خۆت .شوانێ کە سەیردەکات مەڕکان هه موو کەوتوونەتە نیو دەڕەکەو مردوون..ئەوەش لە وبانێ خۆ هه ڵدەدرە و دەمرە کە کچە ش ئەمە دەبینێ ئەوەش خۆ هه ڵداوەتە نێو دەڕەکەو دەگاتە شوانەی ئاشق و هونەرمەند و ئەوەش وەک ئەوان دەمرە . ،
-ئەنکیدێ : ئەو کەوێ بوو خوداوەندانی سەمەر بە نەدیمیی گلگامش ئەفراندیان و دواجار بوون بە برای گیای بە گیانی .
-ماری گیاخەر : ئەو مارە بوو ..ئەو گیایەی خوارد کە گلگامش بە زەحمەتی زەر لە ژێر دەریا هێنابووی ، باوەڕ وایە کە مار بە خواردنی ئەم گیایە نەمریی بەدەس هێناوە .
-ئەشتار،عەشتار : خوداوەندی ژن ودەسە ڵاتدارو ئاشق بە دەمموزی، لە داستانی –دەمموزی و ئەشتار-سەمەریدا.
-بن دنیایە: جیهانی ژەرەوە لە ئەفسانە سەمەریکان ، ئەو جیهانەیە کە دەمموزی شەش مانگ تەدا دەس بە سەرە .
-نەورەزو سەری ساڵ :ەڕەژی هاتنە دەرەوەی دەممـوزی لە جیهـانی ژیرەوەو بن دنیایە دەکاتە ەڕەژیەکەمی سەری ساڵی سەمەری و دەکاتە ەڕەژی نەورەزی ئەمە . هه ر ئەمەش کە.(مەلای جزیری) لە شیعرەکدا دەفەرموو : نەورەزو سەری سالە دلا .
کراسی ئاسودەیی : شیعرەکی دی ئەمەیە و هه رلە فەیسبوکەکەم باوە بووە تەوە .
ژنە مەیفرەش : ئەوژنەبوو کە گلگامش لە ەڕگای گەڕان بە دوای گیای نەمریدا توشی بوو، لە مە یخانەیەکدا کاری دەکرد، کە زانی گلگامش

بەدوای گیایی نەمریدا دەگەڕێ ، زانی کارەکی بەهودەدەکات کەوتە ئامۆژگاری کردنی و گوتی : گلگامش بۆ دەست بە سەری منداڵی کەت دابینەو دەستی ژنە خۆشەویستەکەت بگرێ بەختیاری لێ وەندەرێ .
-سێ سێو : ئەو سێوانە بوون لە بە هەشتی پەریان دایان بە(میر مح) بە ئەوەی هەتا ئەو سێوانەی لابە نەمرێ ، بەڵام : میرمح بە سەزی مرۆڤ بوون دواجار هەر سێ سێو دەدەنێ و دەمرێ .
-سیزیف : سیسیفەس بە پێی ئەفسانە ئەغریقیەکان یەکێ لە پیاوە هەر فێلبازەکان بوو، توانی خوداوەندی مردن ثاناتەس لە خشتە بەرێ ، بەم هۆیە خوداوەندی گەورە زیوس لێی تووڕە بوو ، بۆیە سزای دا کە بەردێکی گەورە بگەیەنێتە سەر لوتکە ، هەموو جارێک کە بەردەکەی دەگەیاندە نزیک لوتکە بەرد غلۆردەبووەوە..بە هوی بەردەوامی ئەم هەنان و بردنە بووە هەمای عەزابدانی هەمیشەیی .
– دەنکیشێت :پیاوێکی لەسەو لاوازی تەمەن پەنجا ساڵەیە، بە هۆی خوێندنەوەی زۆر زۆر نە هەناوە و بەزەریش کتێبی سوارچاکان دە خوێنێتەوە و دەیەوە هەژگاری ئەوان بژێنیتەوە ، لەسەدەی شانزە دا دەژێ و لە ئیسپانیا ،لەخەی دەگەڕێ و خودە دەکاتە سەرو زرە دەپۆشە و ئیسپیکی لێ پەیدا دەکات و کەنە شمشیرێکی ژەنگاوی باوانی دەگرێتە دەست و دەچیتە شەڕی – ئاشی با – یان .دەیەوە یارمەتی هەژارو هەتیوان بدات .ئێستا ئەو پیاوە نموونەی پاڵەوانی خەیاڵ پڵاوی لە واقیع دابڕاوە .
-نیقاپۆش ؛ ژنە پاڵەوانێکی نەسو ئەفسانەی کوردیو بە دوای پیاوێکدا دەگەڕێ کە لە بەردەمی ئەشکەوت جلەوی ئەسپەکەی بە بگرێ و ئەویش بچێتە شەڕی دیوان و تەپەی براکەی لە چل دێوان بکاتەوە .
-مەستوورە : ژنە شاعیرو مێژوونووسی کوردە مەستوورە ، ژنەکە لە ماڵباتی ئەردەلانیەکانو زەرەش لەهاتووە ، لە شەعرەکدا باسی خەی دەکات ودەنووسە : ئەو سەڕی هیژای تاجە .
– ئەحمەد پاشای عوسمانی – گەرماو –عەبدال خان :ئەحمەد پاشای عوسمانی لە ساڵی ١٦٠٥ دا سەردانی شاری بەدلیس دەکات کە عەبدال خانی کورد تێدا حاکم دەبێت ، لەو سەردانە عەبداڵ خان پیشوازیەکی شاهانە لە ئەحمەدپاشا دەکات و شارە پیشکەوتووەکەی خەی پیشان دەدات ، یەکە لە و پێشکەوتنانە گەرمای بەدلیس دەبیت ، ئەحمەد پاشا کە گەرماوە کە دەبینە سەرسام دەبێت و دەست بە ئاسمان هەڵدەبەی و دپاڕێتەوە و دەڵێ : خودایە گەرماوەکی ئاوا لە ئێستە مبەڵ هەبوایە چی دەبوو !!؟ دواجار ئەحمەد پاشا نە چوو گەرماوەکی ئاوا لە ئێستەمبەڵ دروست بکات لەشکری هەنا و شارەکەی وەران کرد !!
– تۆپ – وەستا ئەجەب : پاشای ئەواندز پاشای گەورە کە بەتەمای

دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بوو، لەگەڵ محەمەد عەلی پاشای میسر هەککەوت بوو بۆئەم مەبەستە ، هەر ربەیە دێزانی پێویستی بە لەشکری بە هێزو چەکدار دەبێت بۆ ئەم مەبەستە وەستا ڕەجەبی هێناو چەکی پی دروستکرد ..ئێستاش ئەو تۆپانە نمونەیان ماوە لە ڕواندزو لە بەغدا .

– هە لەبجە و شنگال وکەبانێ و سنە: شارو دێی هە ڕچوار ئاڵی کوردستانن و هەمای شارو دێی غەدر لێکراوو وێرانکراون بەدست داگیر کەران و کارەساتی گەورەی تێیاندا ڕووی داوە.

-ئێزدیها : لە ئەفسانە کوردیەکان زەر جار ئێزدیها بەری ئاو لە شارێک دەگرێ و ئاو بەرنادات و هەر ڕۆژی دەبێ کچێکی جوان و ئازاوە بە سنیەک خواردنی زەرەوەی بە بەرن ،..ئەوسا کەمێک ئاو بەردەدات ، تادواجار پاڵەوانی چەرکەی ئەفسانەییەکە دەیکوژێ .

هە ولێر -٩/٢٠١٨

فیلمە سینەماییەکانی پێشبڕکێی سەرکی سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سلێمانی دیاریکران

مەنسوور جیهانی

فیلمە سینەماییەکانی بەشی پێشبڕکێی سەرکی "سینەمای جیهان" واتە بەرهەمە نەونەوتەوییەکانی سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی دیاریکران.

ناوی 16 فیلمی بەندی سینەمایی بەشی پێشبڕکێی سەرکی "سینەمای جیهان" واتە بەرهەمە نەونەوتەوییەکان لە سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی Slemani دیاریکران، کە بریتین لە: فیلمی سینەمایی "سێ ڕخ" واتە "سێ سیما" Three Faces لە دەرهێنانی "جەعفەر پەناهی" Jafar Panahi لە وڵاتی ئێران،

فیلمی سینەمایی "بدون تاریخ، بدون امزا" واتە "بێ مێژوو، بێ واژە" No Date، No Sign لە دەرهێنانی "وەحید جەلیلوەند" Vahid Jalilvand لە وەاتی ئێران، فیلمی سینەمایی "گوڵ نسا" GOLNESA لە دەرهێنانی "ستار چەمەنی گوڵ" Sattar Chamani Gol لە وەاتی ئێران، فیلمی سینەمایی "ئۆپەیی هەورەکان" Beyond The Clouds لە دەرهێنانی "مەجید مەجیدی" Majid Majidi لە وەاتی هیندستان، فیلمی سینەمایی "دزەکانی دووکان" Shoplifters لە دەرهێنانی "هیرەکازە کورئیدا" Hirokazu Kore-eda لە وەاتی ژاپۆن، فیلمی سینەمایی "داری هەرمیێ وەحشیێکە" The Wild Pear Tree لە دەرهێنانی "نووری بیلگێ جەیلان" Nuri Bilge Ceylan لە وەاتی تورکیا، فیلمی سینەمایی "ماگ" MUG لە دەرهێنانی "ماگورزاتا سزوموسکا" Małgorzata Szumowska لە وەاتی پۆڵەندا، فیلمی سینەمایی "خراپی پوکی تۆکیۆ" BAD POETRY TOKYO لە دەرهێنانی "ئانشول چەهان" Anshul Chauhan لە وەاتی ژاپۆن، فیلمی سینەمایی "سێ چوارەم" 3/4 لە دەرهێنانی "ایلیان موتیف" Ilian Metev لە وەاتی هەنگاریا، فیلمی سینەمایی "وەرگێڕ" THE INTERPRETER لە دەرهێنانی "ماتین شلیک" Martin Šulík بەرهەمی هاوبەشی وەاتانی ئسلۆڤاکیا، کەماری چەک و ئوستوالیا، فیلمی سینەمایی "هەتاو" THE SOWER لە دەرهێنانی "مارینێ فرانسیس" Marine Francen لە وەاتی فڕانسا، فیلمی سینەمایی "ژیانی بەوڕەی ندا کدیک" The Chaotic Life of Nada Kadic لە دەرهێنانی "مارتا هرنایز پیدال" Marta Hernaiz Pidal لە وەاتی ئیسپانیا، فیلمی سینەمایی "شیری بەبر" TIGER MILK لە دەرهێنانی "ئوتە ویلەند" Ute Wieland لە وەاتی ئیسپانیا، فیلمی سینەمایی "یەکێک لەم ڕۆژانە" ONE OF THESE DAYS لە دەرهێنانی "نەدیم تابەت" Nadim Tabet لە وەاتی لوبنان، فیلمی سینەمایی "14 تەرمە" July 14 لە دەرهێنانی "هاشم ئایدەمیر" Hashim Aydemir لە وەاتی تورکیا و هەروەها فیلمی سینەمایی "کچانی هەتاو" Girls of the Sun لە دەرهێنانی "ئیڤا هەسن" Eva Husson لە وەاتی فڕانسا.

سەیمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی لە لایەن کەمپانیای سنەمایی "مەستی فیلم" بە بەڕێوەبەرایەتی "فوئاد جەلال" بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی،
"مەلا بەختیار" سەرکی بەشی پشتیوانی ئەم فێستیڤاڵە و لە کەسایەتیێ بەرچاوێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، "دانەر عومەر فارس" بەڕێوەبەری هونەریی و "لینا ڕەزا" بەڕێوەبەریی بەرنامەدانانی فێستیڤاڵ و هەروەها بە یارمەتی "نێچیرڤان بارزانی"

سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و دایرەی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی پاریزگای سلێمانی و بە نمایشی کۆمەڵێک فیلم لە سینەماکارانی وڵاتانی جەراوجێری جیهان، لەوانە: بەرهەمی ساڵەکانی 2017 و 2018 لە دوو بەشی پێشبڕکێی "سینەمای جیهان" (نوودوەتی) لەوانە: بەرهەمە بینەرە سینەمایی و کورتە فیلمەکانی دیکۆمێنتاریی، ئەنیمەیشن و ئەزموونی و بەشی پێشبڕکێی "سینەمای کوردی" لەوانە: بەرهەمە بینەرە سینەمایی و کورتە فیلمەکانی دیکۆمێنتاریی، ئەنیمەیشن و ئەزموونی و هەروەها کردنەوەی ڤەرکشۆپی پسپۆڕانەی سینەمایی و چەندین کۆ و کۆبوونەوەی پسپۆڕانە لە ڕۆژانی 10 تا 16ی ئۆکتۆبەری 2018 لە 5 هۆڵی "سیتی سینەما"، سینەما "سالم" و تەلاری "هونەر" لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

لە لایەن ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم فیستیڤاڵەوە 14 خەڵات، لەوانە: لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە بینەرەکانی "سینەمای جیهان" و "سینەمای کوردی" خەڵاتەکانی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان، باشترین سیناریۆ، باشترین بەڕێوەبەریی وێنەگرتن، باشترین مونتاژ و خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی دادوەران بە هەڵبژێردراوان پێشکەش دەکرێت و لە بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمەکانی "سینەمای جیهان" و "سینەمای کوردی"یشدا خەڵاتەکانی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان و خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی دادوەران بە براوەکان دەبەخشرێت. لە لایەن کۆمپانیای سینەمایی "مەستی فیلم"یش خەڵاتێک بۆ باشترین سیناریۆ پێشکەش دەکرێت و بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کۆمپانیا سینەماییە، ئەم پێڕایە لە ساڵی داهاتوودا دەکرێتە فیلم و هەروەها 4 خەڵاتی تایبەت لە لایەن کۆمپانیای سینەمایی "مەستی فیلم" بە 4 کەسایەتیی ناودار پێشکەش دەکرێت.

هەر لەم خولەی فێستیڤاڵیشدا، خەڵاتی سینەماکاری کۆچکردووی کورد "تەها کەریمی" بکە لە مانگی خەرمانانی ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی بە هۆی هەوداوی تەرمبێلەوە کۆچی دوایی کرد، لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە فیلمسازێک پێشکەش دەکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر:
/http://www.slemanifest.com/world-cinema

بۆ بەڕایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نوودوەتی فیلمی سلێمانی.

کەلارێ ... ن. ریزان فەتاح

کەلارێ کەلارێ
بەرزێ لە ئاسمان دیارێ

لە کاخەز و دەزوو و داو
دروست دەکەم ناو بە ناو

هەرچەندە بە بای
کەچی دەفڕێ وەک دای

بە منداڵ و گەورانێ
مایەی خۆشی هەمووانێ

دەی منداڵە جوانەکان
وردیلە و خنجیلەکان

چی کەلارێ دەفڕێنن؟
بە ئاسمان دەیگەڕێنن

ئەوەی بزانێ چییە
هەنراوەم بۆی دیاریە

****

دوو هەنـــراوێ بە منـاڵـــان ... فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ساڵی تازەی خوێندن

ساڵی تازەی خوێندن

چاوودێمان ڕۆشنە
ئەمسایش هەروەکو پار
نەغمەکەوتە سەرزار
لەهەمووڵا خۆشیە
سروودوگۆرانییە
دیاریێ خەندەی منا
بەخوەندنی تازەی سا
مامۆستا: ئەمەی منا
نەمامی تازەی ئەمسا
ئامادەین بەدەوگیان
زاخاودەی هەست وبیرمان
پەمان بەخشی بەدیاری
چەپکە گوڵی زانیاری
تابەڕۆشنایی خوێندن
بەدەست بنین سەرکەوتن .

-_____

پەرتووک

بە پەرتووک ڕۆشنبیرم
باشترین هاوڕێی ژینم
پڕ لەچیرۆکی خۆش
ڕووناک دەکات بیروهۆش
هاوڕێیەکی هەمنە
هەروەکو خۆر ڕۆشنە
ڕێی ڕاستم نیشان دەدات
داهاتووم ڕۆشن دەکات
ژین بە پەرتووک ڕەنگینە
هەردەم لەلام سەنگینە
بە جوانی ڕەکیان دەخەم
لەناو پەرتووکخانەکەم.

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

دوو هەنراوە بە منالان بە بۆنەی سالی نوێی خوێندنەوە ... عەلی حەمەشید بەرزنجی

سالی تازەی خوێندن

ئەمەی خوێندکار بە بەواوە
هەنگاو دانەین بە سەرکەوتن
گشت وەستاوین لە پێشوازی
بە سالێکی تازەی خوێندن
...
دەی با هەموو بڕۆن بدەین
بە داهاتوو کەشش بکەین
بەخوێندن و بە زانیاری
کورستانمان پێشتر بخەین
...
٢٠١٨/٩/١٧

.....

یەکەم ڕۆژی قوتابخانە

منداڵان هەموو
سەر لە بەیانی
شەقامی شاریان
پڕ کرد لە جوانی
...
پڵ پڵ ڕەنگایان
دەبەی و تەکڕە بوون
هەر لە پێپوڵە و
خونچەی گوڵ دەچوون
...
وەک تابلۆیەکی
دڵگیر و شیرین
دەچوون بە خوێندن
دەم بە پێکەنین

عەلی حەمەشید بەرزنجی

جەنگ/تیرۆری جیهانگیری ئیمپریالیستەکان و رژێم و ئۆرکی رۆکخراوە مەدەنیەکانیان!

نووسینی: سەلام عەبدوللا

رۆکەوت نیە لە سەردەمی جیهانگیری سەرمایەی دارایی و بازار سەپاندنی بژاردە ئابووریەکەی(لیبرالیزمی نوێ) دوو دیاردەی لەبەرچاو بەجیهانی دەبن(1-رووتە تیرۆریستە ئیسلامیەکان لە رۆژهەلاتی ناوین دەستی بالایان دەبێت و بە(هەرشە لە ئاسایشی جیهانی)باسدەکرێت. سوپاس بە نعوم چۆمسکی و چەندین ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکی کە بە ئاشکرا رایانگەیاند(قاعیدە و داعش بەرهەمی سیاستی ئەمریکییە. 2- رۆکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) و پێکەوە جیهان بەرەو نائارامی و عەسکەرتاری و جەنگ و تیرۆر دەبەن. من بە پێکەنین ناوێم(ململانی ئەمە لەسەر ئاستی جیهان لەگەڵ 500کەس کە بەنیان یان نەبوونیان هیچ لە ژیان ناگۆڕێت. ئەو مرۆڤخۆرانە پێویستیان بە ئەمایە نەک ئەمە بەوان، بەناوی ئەوان توانیویانە خەیان بە باشترین و چێترین شێوەی دەسکەوت و ئابووری و سیاستی دیکتاتۆری خەیان رۆکبخەن و ئەمەش لەناو پڕتەوازی، پڕاوەزخستنی یەکتر، بەرچاوتاریکی و نەزانی، هاوپەیمانی خەفرۆشانە ئەگلەینەوە).

لەچوارچێوەی(Think-Thank)ی هاوبەشی هەردوو حزبی(کۆماری و دیموکرات)ئەمریکا، رۆناڵد ریگان لە 1983ندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی(NED- نید)یان وەک رۆکخراوەکی ناحکومی و کۆمەگەی مەدەنی سەربەخۆ دامەزراند. کۆنگرەسی ئەمریکی ومڵیاردەر(جۆرج سۆرۆس) لە چوارچێوەی ئۆرک و نەخشەکانی سیاستی وەزارەتی دەرەوە(cia)، خەرجییەکانی بە ربەی 100ملیون دۆلار دابیندەکات. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم رۆکخراوە" بە پشتیوانیکردنی رۆکخراوە

دیموکراسییەکان لە جیهانە شانبەشانی ئەم ڕێکخراوە، ڕێکخراوی(وەکالەتی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی-USAID-
)و(Freedom Hause)لە 90 وڵات چالاکن.

بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوانە بریتین لە(ئێندامانی کۆن و نوێی کۆنگریس، وەزارەتی دەرەوە، ئەنجومەنی چاودێری کۆمپانیەکان وەک-ئیکسون، بۆینگ، فۆرت…هتد)و بەرپرسیارێتیەکیان لەنێوان حکومەت، کۆمپانیا زلهێزەکان و ڕێکخراوە ناحکومیکان دەگەڕێنن. بە نموونە ئێستا ئەنجومەنی(نید) کە بە(سپەنسەری شەشی ڕەنگەکان)ناودەبرێت بریتین لە:
• پڕۆفیسەر فۆکۆیاما(نووسەر، سیاسەتمەدار و ئابووریناس- کۆتایی مێژوو-)
• ئەلیوت ئەبرامز(جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە ئیدارەی بوش بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین.)
• مادلین ئەلبرایت(وەزیری پێشووی دەرەوی ئەمریکا)
• مویسیس نەعیم(وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڤەنزویلا لە 2005-2006
• ڕۆبەرت زۆلیگ(جێگری سەرۆکی گروپی گەدمان سایکس)
(نید) لە پشت ڕێکخراوە ناحکومەییەکان(ngo) و حزبە"ئۆپۆزیتسیون"کانی شیشان، لیبیا، سوریا، ئۆکراین، ڤەنزویلا، یەمەن، ئیران، هەنگ کەنگ، تبت، روسیا، کوبا، ئۆکوادۆر، هایتی و پۆلیقیا بە پارە، ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، ڕاپۆرت، کۆنفرانس، خولی فێرکردن و وەرگ شۆپکانیان ڕاوەستاوە.
لەم بارەیەوە چی دەوترێت:
میشیل شوسودوفسکی(پڕۆفیسور لە زانکۆ اوتاوا لە کەنەدا) دەڵێت:
ئەو پارەیە ڕەگەزەکە لە ڕەگەزەکانی دروستکردنی ئۆپۆزیتسیون.
هەروا لە ساڵی 2003، ڕۆند پاول(ئێندامی حزبی کۆماری ئەمریکا)چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە بە(نایاسایی)ناوبرد.
– ئیڤ مورالیس(سەرۆک حکومەتی پۆلیقیا) پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوان ڕێکخراوەی خۆپیشاندانەکە و سەفارەتی ئەمریکی. هەروا پاشان حکومەت و کرێکارانی کۆرتی کشتوکاڵی توانیان پاش بەرنامەی هاریکاری دارایی لە پێناو دیموکراسی، کۆمپانیای(کیمونکس)ی ئەمریکی شاربەدەر بکەن
– ڕۆژنامەیەکی ئۆکوادۆر دونووسێت: 4 ڕێکخراو ناحکومی بە بڕی 1.8ملیون دۆلار سوودمەندبوون.
– لە پاش بومەلەرزەکەی هایتی ساڵی2010، سەرۆکی حکومەتکەی(ئەرستید) دەبینێت زەربەی هاوکارییەکان بە حکومەتکەی، دەوات بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئۆپۆزیتسیون!

– لە 2013 پارەی هەردوو رێکخراوە ئەمریکییەکە بە وەتانی ئەمریکای لاتین گەیشتە 60 ملیون دۆلار.
– بڕیارپرسەکانی(وەکالەتی گەشەپێدان نیودەوڵەتی) تاوانبارن بە دەستوەردانی سیاسی لە وەتێک خاوەن سەروەری و لەوانە دەستوەردانی بڕەوبڕی ناوچەکە(مارک فایرستاین). بە بۆچوونی ئیڤا کولینجیر(ڕۆژنامەنووسی فەنزوێلی) فایرستاین لەساڵی2013چاوی بە کەسایەتیکانی ئۆپۆزیتسیونە راستڕەوکان وەک ماریا کۆرینا ماتشادۆ، خۆلیو بۆرخیس و ڕامۆن و سیاسەتمەداری ستراتیژی خوان خوسێ ڕیندون بە داشتنی پلانی هەڵوەشاندنی حکومەتی فەنزوێلا.
– لە لیبیا ڕێکخراوەکانی ngoو ڕاپۆرتکارانی کەمەگەی مەدەنی لە مانگی2/2011دەستیانکرد بە دروستکردنی نائارامی: بە مەبەستی ڕوخاندنی قەزافی، بەنهێنی چەک بە چەکدارکردنی ئۆپۆزیتسیون دەنێردرا. ڕێکخراوگەلی جیهانی وەک(ICC) بە بەکارهێنانی زانیارییەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانیان بەکارهێنا بە ژەهراویکردنی ڕای گشتی و هەر لەم کاتەشدا ناتە دەستی بە خۆئامادەکردن دەکرد بۆ بەردومانکردنی بڕفراوان وەاتەکە. هەر کە بەردمانکردنەکە دەستی پێکرد، کەماندۆ تایبەتەکانیش ئۆرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد. بەم شێوەیە(هێزی لیڤیاتانی)و(سیستەمەکانی ئەدمینیستراتۆر)دەستبەدەست کارەکانی یەکتر تەواودەکەن.
– دەستوەردان لە هەڵبژاردنی ڕوسیا. پشتیوانیکردنی(Golos) ی ڕوسی. ئاگەر وەاتەک دەست لە هەڵبژاردنی ئەمریکا تەوەردات، ئەوا لەوانەیە کەسەکان بۆ لەسێدارەدان یان زیندانی هەتاهەتایی سزابدرێت یان هەرشی چەکداری بەسەر ئەو وەاتە بکەن!
– پشتیوانیکردنی ڕێکخراوەکانی ngoلە میسر وەک 6ئاپرل، ئانتسار قازی و بزووتنەوەی لاوان لە یەمەن، ناوەندی مافی مرۆڤ لە بەحرەین0لە 1983دامەزراو بە پارە پشتیوانیان کرد).
– پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ڕاستڕەوکانی ئۆکراین لە (Maidan)ی کیف،
– پشتیوانیکردنی ngo لە بورما.
– هەوڵی نائارامی لە مۆلایو.
– هەوڵی دا "بۆهاری عەرەبی" لە روسیای سپی بەرگای ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەستپێبکات ودەستاتی ئالکسندەر لوکاشینکو بروخێنن.
– پشتیکوانیکردنی تیرۆریستەکانی شیشان لە قەوقاز

– ویکیلیکس بڕووسکەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باوکردەوە کە باس لە چاکییەکانی وەکالەتی گەشەپێدان نیودەوڵەتی دەکات لە فەنزویلا و لەوانە گەشەپێدانی ستراتیژی دژ بە حکومەتی فەنزوێلا و

دووپـــاتی ئەو هاریکـــاری دارایی دەکـــات بۆ بەهێـــزکردنی خێپیشاندانەکانی ساڵی 2009.
• دانـبیتەن(بەرهەوبەری پێیوەندییە نیودەوڵەتییەکـان لە ناوەنـدی ئابووری و سیاسەت-CEPR- لە واشینتون دەڵێت: پارێکان لە ئەمریکای لاتین بۆ سەندیکای کرێکاران لە فەنزویلا(CTV) ڕەیشت کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە کودەتاکەی 2002 و ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانە کە ئاژاوە لە وەاتەکەیان دەنێنەوە.
• دژایەتیکردنی شوعییەت و هەزی چەپ بە گشتی و بەکردەوە لە دژی دەسەاتی ساندنیست لە نیکاراگوا.
• لە 1984-1985پشتیوانیکردنی ڕێکخراوی خوێندکاری راستڕەو و ئەنتی کۆمونیست لە فەرەنسا(Unionnational inter-univsitaire) بە بڕی 575.000دۆلار و (بڕڕی ناسیونال)راستڕەو. بەهۆی ئاشکراکردنی ئەم هاریکارییە لایەن ڕۆژنامەی(لیبرلتسیون) ڕێکخراوی (نید)هۆدی هۆدی پشتیوانیکردنەکەی راگرت.
• دژ بە وەاتی چین، پشتیوانیکردنی دالای لاما(هاوڕی میگویل سیرانو-سەرۆکی حزبی ناسیونال سۆسیالیزمی شیلی-) و ناڕازایەتییەکانی تبتییەکان لەناو لە دەرەوەی تیبت کردو دەکەن. لەم چوارچێوەیە پشتیوانی(ICT- کەمپەینی جیهانی بۆ تبت ساڵی 1988لە واشنتون دامەزرا). دکتەر میشائیل پرسبەری لە پەیمانگەی هودسن سەبارەت بە ناڕازایەتیەکان لە چین وتی: هەمووی تاوانی ئەمریکا نیە، بەڵام راستە بەشی زۆری تاونی ئەمریکایە).
•
• پشتیوانیکردنی وەاتەکیان لە بزووتنەوە تیرڕیستەکانی جیهان، بە نموونە: مارام غەندیل(سەفیری بریتانی لە ئەنگۆلا دەنووسێت(سافیمبی دەندیەکە، بەهۆی شەهوەتی بۆ دەسەات، نەهامەتیەکی گەورەی بۆ گەلەکەی هێنا)، بەڵام ئەمریکا پشتیوانی(جۆناس سافمبی) کرد لە جەنگ دژی نیلسون ماندیلا؛، پشتیوانی قاعیدە، تالبان، حکومەتی سعودیەی عەڕەبی و وەاتانی کەنداو(گەنداو)، حکومەتی فاشیستی بینۆشیت، کۆنتراکانی نیکاراگوا…هتد.
• غراهام فرلر(کارمەند لە بەشتی شیکاری ئەستخباراتی ئەمریکی دەڵێ: بەوام وایە ئەمریکا داهێنەری سەرەکی داعشە) و بەهەمان شێوە(نەعوم چەمسکی وای وت)، ژەنەرال ویسلی کلارک و سەرەکی هاوپەیمانی ناتۆ لە1997-2000 لە کەناڵی cnnوتی: (ئەمە داعشمان دروستکرد بۆ لەناوبردنی حزب اللە)، هیلاری کلنتون(ئەمە موجاهیدەکانمان دروستکرد بۆ بەکارهێنانیان لە جەنگکان)، سیناتەر(راند پاول)یش لە کفتوگۆی سی ئین ئین وتی: ئەمە چەکدارکرد).

• ولیام بلوم(مێژوونووسی ئەمریکی لێبواری کاری موخابەراتی)لە کتێبەکەی(الدولە المارقە)، دەنووسێت: پاش ئابرووبردنەکەی(ووترغیت) سی ئای ئی ناچار بوو کار(قیزەونەکانی) بە رێکخراوکی نوێ بسپێرێت، رێکخراوێک دەنگکی(جوانی) هەبێت و ناویان لێنا(ێندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی-نید) و بیرکەکە ئەو بوو، ێندوقەکە بە ئاشکرا ئەو کارانە ئەنجام بدات کە(سی.ئای.ئی) لە دژیان سایی رابردوودا بۆ نهێنی ئەنجامیانی دەدا. بۆچوونی بلوم(ئەم رێکخراوە لە 1980دەستی باکای هەبوو لە ئیرانغیت). نووسەر بۆچوونی ئاڵن ڤاینشتاین-یەکەم سەرۆک و بەشداربوو لە دامەزرانەیNED-دەهێنێتەوە: (زۆربەی ئەو کارانە کە ئیمرۆ ئەنجامی دەدەین، وەکالەتی ئەستخباراتی ئەمریکی پێش 25ساڵ ئەنجامیانی دەدا).
• پشتیوانی 90 رێکخراوی ناحکومی لە میسر لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مانکی4/2011 بە بڕی 14ملیون دۆلار
• پشتیوانیکردنی ژەنەرال سووری (ریاز ئەسعەد)و مەشقکردنی جەماعەتەکەی لەسەر زەوی تورکیا.
هاوکاتی ئەمریک ولیام بلوم دەنووسێت: ئەگەر من سەرکی ئەمریکابم، لە ماوەی چوار رۆژ سنورم بە تیرۆر دادەنا:
• یەکەم رۆژ داوای لێبوردنم لە بەرپرسانکان و هەتیوەکان و ملیونان مرۆڤی تر دەکرد کە بەهۆی ئیمبراتۆریەتی ئەمریکا ئاستی بژێویان گەیشتە ئاوپێی هەژاری.
• دووهەم رۆژ رایدەگەیەنم کە دەستوەردانی ئەمریکا لە جیهان کۆتاییهات و ئیسرائیل چیتر 51ئەستێرەی ئاڵای ئەمریکا نیە، بەڵکو وەاتێکی دەرکیە.
• لە رۆژی سێهەم بودجەی سەربازی بە رێژەی 90%کەمدەکرد و ئەم بڕە پارەیە وەک قەرەبووکردنی قوربانیانی ئەمریکا لە جیهان خەرجدەکرد.
• چوارەم رۆژ تیرۆرم دەکەن.
ئەمریکا-ناتۆ بەرگای ngoبشێوی لە جیهان دروستدەکەن و خزمەت بە جەنگ و تیرۆر و سەرلەنوێ دابەشکردنی جیهان دەکەن بەناو"دیموکراسی و مافی مرۆڤ"، بەڵام هەروا بیان بەسەر نەچووە و موقامەتکی ئینسانی و مەزن روبەرووبیان دەبێتەوە بە نموونە لە ئەمریکای لاتین بەهۆی هوشیاری هاوکاتیان و بەهێزی بەرەی چەپ و شوعیەکان شکستیان پێهێناوە. ئایا بۆچی رێکخراوە ناحکومیەکان ، "ئۆپۆزیتسیون" و رۆژنامە و گۆڤارە"سەربەخۆ"کانی کوردستان لەبەرامبەر ئەو راستیانە بەدەنگن؟ ئایا ئەو بەدەنگیە پێیوەندی نیە بە خەرجی؟ ئایا ئەو بەرزانە راستی بە خەڵک دەگەیەنن یان خەڵک جەواشەدەکەن؟! ئایا بەشێک نین لە تیرۆر و گەندەڵی و زوڵمی

چۆسەنەران؟!

پەیامنێرانی بێسنوور :

لەو پەیامنێرانی بێسنوور وەك رێكخراوێكی" بڵاین" بۆ رۆژنامەنووسان دەناسرێت، بەڵام بەراستێ بڵاینن و تاقە خەمیان ئازادی كاری رۆژنامەگەریە؟
لە وتارێكی (یان مایەر) لە سایتی (ئەمریكا 21 رۆژی 4/5/2010)هاتووە: لە رابردوودا رێكخراوێ ناحكومیەكان وەك رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور و رێكخراوی مافی مرۆڤی ئەمریكی(HRW) پێش هەموو شتێك هەرش بە حكومەتێ پێشكەوتنخوازەكان دەكەن، بەڵام هەمان كات لەبەردەم پێشلكردنی مافی مرۆڤ لەلایەن حكومەتێ هاوپەیمانەكانی رۆژئاوا وەك كۆلەمبیا، مەكسیكۆ و توركیا بێ وریایی وە هەڵویست دەردەبڕێت. ئەم رێكخراوێ بە دوژمنانی ئازادی میدیا دەژمێت(دەندێ)، بە نموونێ لە كۆلەمبیا بە سەرۆك ئۆلڤارێ ئۆروبی نا، بەڵكو بە چەكدارێ شوعیەكان(FARC) دەژمێت(دەندێ)و بەدەنگی هەندێ بژێرێت لەبارەی بارودۆخی كارساتئامێزی سیسیوئیكۆنامی زەربەی خەڵكی وڵاتەكە.)
ئەم رێكخراوێ وەك زەربەی رێكخراوەكانی"كۆمەڵگەی مەدەنی" لە وڵاتێ جەربەجەرەكان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا یان ملیاردەرەكانەوە وەك (جەرج سۆرۆس)وە بە مەرجی خزمەتكردنی ئامانجەكانیان پشتیوانی دەكرێن. سۆرۆس بە نموونێ وەك لە رۆژنامەی(فرایتاگ) هاتووە: ملیاردەر سۆرۆس بۆرگەای جامبازی دارایی‌وە لە دژی وڵاتاندا، دەوەڵەمەندو بەناوبانگ بوو.لە1992 كاتی كێبرێكی لەگەل (فوند) كرد، ئۆژنەی بانقی بریتانیای شكاند و نزیكەی یەك ملیارد دەلاری قازانج كرد. ئەو بەڵ پارەیە لە گیرفانی هاوڵاتی بریتانی دەركرا…هەروا لەگەل رێبی(رووسی)یش بەهەمان شێوە…سۆرۆس لەپشت بەناوە" شەرشە رەنگاەكان بوو وەك شەشی گوڵاە لە جەرجیا، شەشی پرتەقاڵی لە ئۆكرانیا و شەشی نەرگس لە قیرغستان) و ئەمرۆش وەك چالاكترین و گەورەترین كەسایەتی بە دوژمنایەتی رووسیا دەژمەردرێت.
پیتر شۆل-لاتور لە كتێبەكەی (Russland im , 2007)بە وردی باسی پەیوەندی سۆرۆس و رێكخراوی گۆشپەدانی ئەمریكی یان دەزگای نیشتمانی دیموكراسی دەكات و چۆن پێكەوە ملیونان دەلاریان تەرخان كرد بە فشاری راگەیاندن و بە ملیونەها بەیاننامە، نامیلكەیان بڵاوكردەوە و خەرجی كەنالی تەلەفزیزیون و رادیو یان بە خولی فێركردنی ناوەندی هەرشی چەكدارانەلەلایەن خودی (جەرج

سەرس)ورەکخراوەکی(Open Society Fundation- دەزگای کۆمەگی کراوە).
لە بەدواچووەکی رۆژنامەی(یونگە ڤێت) کە لە ڤیکیپیدیا بەاوکراوەتەوە لۆژرناوی(کە دارایی پەیامنەرانی بەسنوور دابیندەکات؟ سەرس و پشسازی چەك؟ هاتووە: پەیامنەرانی بەسنوور لەلایەن موەتی ملیاردەری ئەمریکی(جەرج سەرس)وە پشتیوانی دارایی دەکرێت، بە ملیونان دەلار پشتیوانی لە سەندیکای سەلیدارنەی پەلەنی دەکرد و بەهەمان شێوە رەکخراوی(NED)ئەم کارەی دەکرد. هەروا پشتیوانی لە لایەن لەلایەن خاوەن چەکسازی فەرەنسی سیرجی داسولت و کەمپانیای فیفیندی و ملیاردەر فرانکسەس پینوالت دەکرا .

ئەم رەکخراوە (DED) لە رەساکانی هەل قەستنەوەی بەنەکان دەرنەچووە. بەهەی سیاسەتی شەئنگیزی ناتە لە دژایەتیکردنی رووسیا و وەك بەشەك لە هەوڵی زیندووکردنەوەی جەنگی سارد و گەرمکردنی بازاڕی چەکسازی و کەشوهەوای ملیتاریستی لە دنیا، بەبەنەی وەرزشکاری لە(سەشی)ساڵی 2014، هاوشانی رەکخراوی مافی مرۆڤی ئەمریکی دەستیان کرد بە هەرش لە سەر رووسیا و بە(خراپترین بارودۆخی مافی مرۆڤ لە رووسیا لە دەیان ساڵی رابردوو)وەسفکرد) رۆژنامەی 0.لەی مەند دیبلەماتی)فەرەنسی لە مانشەکی مانکی 7/2007نووسیوەتی(دارایی پەیامنەرانی بەسنوور لەلایەن- نیەد، سی.ئای.ئەی-و حکومەتی ئەمریکییەوە دابیندەکرێت) هەر لەو وتارەشدا ئاماژە بە پرسیارەکی گەڤاری(Blauer Bote Magazin)دەکرێت(ئایا پەیامنەرانی بەسنوور بەشەکی نەپچراون لە هەزی رۆژنامەنووسانی ناتە؟) و لە سایتی (ترەند ئەنلاین)یش وتارەکی نووسەر(ernard Schmid)لە مانگی 6/2016بەاوکروەتەوە و تەدا هاتووە: سەرەکی پەیامنەرانی بەسنوور (رەبیرت مینراد)لە 2014بە پشتیوانی حزبی رەگەزپەرەست(بەرەی ناسیونال) هەبژەردرا و بوو بە پارەزەری شاری(beziers). لە 27،28 و29/5/2016 حزب و نزیکەی 2000ئەندامی لایەنە راستەوەکانی فەرەنسا لەم شارە کەبوونەوە بە کارکردن لەسەر بەرنامەی 51خاڵ بە دامەزراندنی بزووتنەوەکی نوە بەناو(متمانەت هەبەت بە داواکردنی مافەکانت). لە خاڵە گرنگەکانیان بە نموونە(هەوشاندنی 2رەگەزنامەیی بەجگە لە هاوڵاتیە ئەروپییەکان و هەوشاندنی مافی بەیەکگەیشتنی ئەندامانی خەزانە پەنابەرەکان، قەدەغەکردین مافی مانگرتن، درێژکردنی کاتی کارکردن و دواخستنی تەمەنی خانەنشینی لە 62ساڵ خزمەت بە 65ساڵ خزمەت، کار و خانوو یەکەمجار بە فەرەنسییەکان، …هتد.

دیارە ساڵی 2007، ساڵکی ڕەش بووە بە ڕکخراوی(پەیامنەرانی بێسنوور). ئیلکە گرەس و ئیکارد زیکر لە 3/2/2007 وتارە بەناودکنەوە بەناوی(ئەرکی بگەوچاندن: پەیامنەرانی بێسنوور پارە لە ئەمریکا وەردەگرن) لە ڕۆژنامەی (یونگە ڤێت، 1/8/2007)و دەنووسن: لە شەوی27/5/2007کەناڵی کەرتی تایبەتی(RCTV)لە پەخشکردن ڕاگیرا، نوێنەرانی ڕکخراوی پاریسی بە پاراستنی مافی مرۆڤ(پەیامنەرانی بێسنوور)لە نووسینگەی کەناڵەکە لە کاراکاس بوون)
ئەم دوو نووسەرە بە ڕوونی خزمەتکاری پەیامنەرانی بێسنوور بە سیاسەتی ئەمریکی و هەزە ڕاستڕەو و کۆنەپارێستکان ڕوونتر دکەنەوە: (بەجگە لە فەنزویلا، کوبا لە فکەسی ئەم ڕکخراوەیە: کوبا بە گوڕەی ڕاپۆرتکەیان لە 2007ی ئەم ڕکخراوە پاریسیە دەنووسن>>دووهەم زیندانە بە ڕۆژنامەنووسان لە جیهان<ستەپ، ستەپ!

ئەمڕە هەواڵک لە سایتی ئاوێنە و ڤیدیوێک لە یوتوبم بینی، تێدا ڕکخراوی(ستوپ دژە گندەڵی بە هاوکاری ڕکخراوی ئەمریکیNED) بەبڕنی بەناوکردنی دوا ڕاپۆرتی ساڵانەی پڕۆژەکەیان(بەهەڵزکردنی لەپرسینەوەو دەسەاتی یاسا لە هەرێمی کوردستان)، خەاتیان دابشکرد. وەک لە هەواڵکە هاتووە(لەنێو 22میدیای لەسەر دەسیەی گندەڵی، ئاوێنە بە پلەی یەکەم دیاریکردووە.). لەڕە دووبارە پرسیار هەیە: کە لە پشت سەرنووسەری گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕکخراوە مەدەنیەکان ڕاوەستاوە؟ ڕۆژنامەنووسەکان چی دەکەن لەلای قونسولی ئەمریکی لە کاتکدا ڕۆژنامەنووسە ئەمریکیەکان و ئەمنستی ئینترناسیونال و چەندی ڕکخراوی تر حکومەتی ئەمریکی بە پێشلکاری مافی ئازادی ڕۆژنامەگەری و تاک تەمەتبارەکەن؟! بە نموونە(وەزارەتی دادی ئەمریکی جاسووسی لەسەر پەیوەندییە تەلەفەنیەکانی ئاژانسی AP دەکەن-14/5/2013) بەچی هیچ ڕخنەیەک ئاراستەی سیاسەتی تیرەریستی هاوپەیمانان ناکەن بەنام خەریك دوورگەیەکن(کەریای باکوور)کە دەیان ساڵە خەڵك هیچ هەواڵکی نازانێت؟ بەچی باسی ڕەبی ئەمریکی ناکەن لە دامەزراندن و بەهەڵزکردنی قاعیدە و داعش بەنام وەک(…) دەرژێنەوە بەسەر شوعیەکان؟!

بەهەی جەهڵەوە بەت یان بە هوشیاری، زەرەك لە ڕۆژنامەنووس، نووسەر و ڕکخراوکانی کەمەگەی مەدەنی کاری جەواشکاری قیزەون دەکەن و(خەرجی وەردەگرن)لە ڕکخراوگەلکی گندەڵ، ئاژاوەچی کە جەنگ و تیرەر لەجیهان بەاودکەنەوە و هەرگیز بەلایەن نین و ڕکخراوی

ئەمریکی(National Endowment for Democracy)کە کورتکراوەکەی(NED)ە وەك نموونە دەهێنمەوە و چەن بۆشکە لە (تینك-تانك) و پاشان رێکخراوێك لە چوارچێوەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دژایەتی کۆمونیزم دەکات:
ئەگەر ستافەر سەبەری (سی ئای ئەی)یە، ئەوا NED رووی یاسایی و دارایییەکەیە. ئەگەر هەر کەسێك گومانی هەبوو لەوەی کە ئاژاوەکان لە فینزویلا ئەمریکای لەپشتەوەیە، ئەستا ئەو گومانە رەویەوە: گەورەترین ئاژانسی جیهانی(AP- لە 1848وە دامەزراوەو ئەستا 280 نووسینگەی هەیە لە جیهان) بەگەی بەاوکردەوە لەسەر ئەوەی وەزارەتی دەرەوەو و(NED) لە ساڵی 2013 بڕی 7،6ملیۆن دۆلار بە گروپە ئۆپۆزیتسیونەکانی فینزویلایان خەرجکردووە. دوو کەسایەتی گەورەی ئۆپۆزیتسیون(لیونارد لەپیتس و ماریا کۆرینا ماچودا) لە فێبروەری رابردوو لە هەمووان زیاتر بانگەوازیان بە توندوتیژی دەکرد بە ئەوەی دەسەاتی مادورە بوخێنن, پێویەندی بە جاسوسەتی بە ئەمریکاوە هەیە. NEDو ئاژانسی جیهانی ئەمریکی بە گشپێدان(USAID) بە پارەکیان گیاندەتە حزبی(Primero Justici)و حزبی(Voluntad Popular) و رێکخراو ناحکومی(Sumate).
لە وتارەکەی رۆژنامەی گرانمای حزبی شوعی کوبا بەناوی(ئەمریکا خەرجی توندوتیژیەکان لە فەنزویلا دەدات) ئەم زانیاریەش هاتووە: (حکومەتی پاڵیفی رێکخراوی گشپێدانی ئەمریکی(USAID) لە وەاتەکەی دەرکرد بەهۆی کارکردنی بە لەناوبردنی حکومەت و هاوکات حکومەتی ئیکوادەریش پشتیوانی دارایی رێکخراوی ناوبراوی قەدەغەکرد بە پێژەکان لە وەاتەکەی.

رێکخراوی(ئوساید) لەلایەن جۆن کەنەدی لە ساڵی 1961 دامەزرا و دەستی هەبوو لە کارە تێکدەرانەکانی جۆرجیا لەسەردەمی شیڤرنادزەو هاتنە سەرکاری میشائیل شکاشڤیلی لە سالی 2004و نینا بۆردژانادیس وەك سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی لەم دۆژانە بەم دەرکەوت : رێکخراوی (WADI)یش لەگەل(ئوساید) کاردەکەن و خەرجی وەردەگرن، بەمەرجێك سوور دەزانن سەرچاوەی ئەم رێکخراوە کێیە و وبۆچی کاردەکەن .
NED چییە و کێ دایمەزراندووە و سەرکی بووە؟
بە مەبەستی لەناوبردنی"ئیمبراتۆریەتی شێ- مەبەستیان یەکێتی سوڤێت" وەك خاڵی دەستپێکی دژگا هەواگریەکان(cia ئەمریکی و IM16 ی بریتانی و ASAS ی ستڕالی)، رۆناڵد ریگان لە 1982 رێکخراویی(NED) ی دامەزراند و لە لەندەنەوە رایگەیاند. ئەم رێکخراوە هەر کەمێکی یاسایی ئەمریکی نیە یان تەنها ئامڕکی وکالەتی هەواگەری مڕکزی، بەکو دژگایەکی هاوبەش

لەبەرژەوەندی هاوکاری ئوسترالیا و بەریتانیاش کاردەکات، بەیەکەوە ریگان لە لەندەنەوە راگەیاند.
بە ئاوەژووی راستی ئەم راستیە بشاردرێتەوە، رەکخراوەکە داوای لە هاوپەیمانەکانی کرد رەکخراوی هاوشێوەی خۆی دامەزرێنن، بەم شێوەیە دەوڵەتی کەنەدی لە 1988 رەکخراوی(ناوەندی ماف و دیموکراسی)دامەزراند و کار لەسەر هایتی دەکرد و پاشان بایەخی بە ئەفغانستان دا. بەهەمان شێوە بریتانیا لە 1991 دەزگای(ویستمنستر بۆ دیموکراسی)دامەزراند و بواری کارکردنی بە ئەروپای رۆژهەڵات تەرخانکرد.
کاتێ کۆنگرەسی ئەمریکی لە 22/11/1983دەنگی بە دامەزراندی(نید)دا، نیانزانی پێشتر بە نهێنی بوونی هەبووە بە گوێرەی رێنمایەکانی سەرکایەتی. ئەم بڕگەنامەیە فەرمانی لابردنی نهێنی باش دوو دەیە لەسەر دەرکرا و کاروباری"دیبلۆماسی گشتی" رەکدەخست.

نووسەری فەرەنسی(تیری میسان- بەرپرسی سایتی ڤۆلتیر-) لە وتاری(نید رووخساری یاسایی cia)ە، پرسیار دەکان:
ئایا دەکرێت هنری کیسنجەر بەرێوبەری(NED) نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی بێت؟
کاروبارەکان بەو شەفافییەتە نەبوو، چونکە هەموو کارمەندە گەورەکان کە پلەی ناوەندیان هەبوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکی، بەرێوبەری (نید) بوون، بە نموونە وەك(هنری کیسنجەر، فران کارلوتشی، بیرژنسکی، بول وولف ویتز) کە بە گومان وەك کەسایەتیگەلی خەباگەری ئیدیال لە پەناوی دیموکراسی نارەنە مژووەوە، بەکو وەك شێتانگەلی توندوتیژی.
دارایی(نید) بە جیا گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، چونکە رێنمایی وەردەگرێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی قەومی بە جێبەجێکردنی ئۆپیراتسیونی بەرفراوان لەنوان ئاژانسە هەواگریە جیاوازەکان و پارەکان لە(ئاژانسی یارمەتی جیهانی)دەگوزێتەوە بەبێ ئاوەی ئاو بێ پارانە لە حیسابەکەی دەربکەوێت تا نەخرێتە چوارچێوەی حکومی.
هەروا (نید) پارە لە cia وەردەگرێت پاش ئاوەی بەرگای کارتی تایبەتەوە سپی دەکرێتەوە لەلایەن دەزگای سمیت ریتشاردسون، دەزگای جۆن م. اولاین یان دەزگای هاری برادلی.
بە نموونە ئەمریکا نزیکەی یەك ملیارد دەلاری خەرج کردووە لەسەر حزبە سیاسیی و کۆمەڵکان لە وڵاتکی بچووك وەك کە دانیشتوانکەی 4 ملیون کەس تێناپەڕێنێت وەك لوبنان. وەزارەتی دەرەوە و(نید)نیوەی ئاو پارەیە کە تەرخانکرابوو بە لوبنان خەرج کرد و نیوەکەی تریشی cia بەنهێنی خەرجی کرد.

لە ساڵی 2003 و بە بۆنەی 20ساڵە دامەزراندنەوە، نید هەستا بە پیشاندانی سیاسی گشتی چالاکیەکانی و دەرکەوت خەرجی زیاتر لە 6000 ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەلاتی لە وڵاتانی جیهان لە ئێستگرتووە و دامەزراندنی چەندین دەزگا و ڕێکخراو بە خێی گەیاندووە وەك سەندیکای(سەلیدارنە) لە پۆلۆنیا، میساقی 77 لە چیکسلۆڤاکیا و اتبور لە سربیا و رادیوی 92 و ڕۆژنامەی ازلوبوجنج لە یوگسلافیای جاران و زنجیرەیەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی"سەربەخۆ" لە عیراق.
NED رووی تری ڕوخساری موخابەراتی ئەمریکیە بە لەناوبردنی شوعیەت لە کیشوەری ئاسیا. ئەمە تەمەتەك نیە بخرێتە ئێستەی ئەم ڕێکخراوە، کردەوە و ڕەفتار و پەیوەندی و ئەرکەکانی پیشانی دەدات بەشکی ترسناکە لە سەپاندنی وەحشیگەری لە جیهان:
– ڕێکخراوی فەرەنسی UNI کۆنەپارێستە کە لە دژی بزووتنەوەی خوێندکاران لە 1968دامەزرا، پشتیوانی دیکتاتۆر و گەندەڵکانی ئەفریقای دەکرد. ساڵانە بە نموونە لە 1984-1985بۆی 575هەزار دۆلار لە نید وەرگرت. ئەم زانیاریە لە ڕۆژنامەیی(لیبراتسیون) بەاوکرایەوەو کۆتایی بەو گەندەیی هێنرا. نید لە دژی بەشداری حزبی شوعی فەرەنسی لە حوکمەانی بە ملیونان دۆلار پشتیوانی لە ناسیونال فرەند و ئەوانی تر کرد.
– لەسەرەتای هەشتاکاندا تینك تانکی شەرەگیزی و فراوانخوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو. ئەرکە سینترالەکەی بریتی بوو لە هەرشکردن بە سەر حکومەتە مارکسیەکانی ئەمریکای لاتین وەك حکومەتی ئیل سلڤادۆر و حکومەتی ساندنستیەکان لە نیکاراگوا و هاوکات پشتیوانی لە حزبی کرستیانە دیموکراتەکان لە شیلی کرد کە کودەتای ژەنەڕاڵ بینوشیتی لەکەوتەوە.
– لە پشکنینی نووسینگەی نید لە قاهیرە بەگەنامەی زەریان دەستکەوت بە ئەوەی (ئەخوان موسلمین) لە "شۆشی مەیدان" دەساتە بەدەست بگرێت. ئایا هەندە حزب و ڕێکخراوی ئیسلامی لە کوردستانیش بە ڕەگای نیدەوە لە خزمەتی ستراتیژی ئەمریکا کاردەکەن؟
تیبینی وتارەکەی بەم ڕستەیە کۆتایی پێدەهێنێت: (ئەو توانا بەسنوورانە بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە ژێردەستی-نید-هەیە نەك ڕەگە نادەن بە پشتیوانی دیموکراسی، بەکو کاردەکەن ئەگەر لە هەرکوە هەبێت، ژەهرای بکەن.)
لە هەرەمی کوردستان و عیراق چەندین ڕێکخراو کاری جاسووسەتی و دژایەتی شوعیەت دەکەن(پێشی دوو ڕۆژ برادەرێکم وتی بەشداری خولێکم کردووە، لەسەرەتای داتاشاوەکیان وێنەی داس و چەکوش لەگەل کەلەسەری مرۆڤ پیشاندەدەن!) بەڵام بە خودی نید وەك پاشماوەیەکی جەنکی سارد، ڕێکخراوێکی هەیە بەناوی(سەنتەری ئەمریکی بە هاوپشتی

کرێکارانی جیهان(ACILS)!
ئایا وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ئاگاداری ڕاپۆرتی(نید)ێ و چالاکییەکانی بڵاوەی ئاسایی بێیە لە ئاستیاندا بەدەنگن؟ ئایا نووسینگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەخێیان بەرهەمی(نید)ن؟ ئایا ڕاپۆرتی (نید) پشتڵکردنی سەروەری وڵات نیە؟ یان وڵات بە ئاگاداری حزبەکان کراوە بە خراکی گورگەکە و هیچ ناڵێن و ناکەن؟ ئایا حەق نیە داوا لە یەك بە یەکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارە"سەربەخۆکان" بکەین: خەرجییەکیان کە دابینی دەکات؟!(ئەبە خێیان سەرچاوە دارایییەکانیا ئاشکرا بکەن)
حەقیقەتەکمان لەبەرچاوە: سوپای ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر لە هەرێم چالاکن و تازە"ڕێگە"بە دامەزراندنی 5 بنکەی سەربازی دراوە، کەمپانیای ئیکسون مۆبیل و شیڤرۆن و شەریکەکانیان و (بی پی)بریتانی و گلوبالی فەرەنسی و هاوشوەکانیان ساڵانەکە بست بە بستی وڵات دەپشکنێنن و بەرهەمیان هەیەو بانقی جیهانی و صندوقی دراوی جیهانیش فەرمانی خێیان دەردەکەن و حکومەتی هەرێمیش یەك بە یەکیان لە دژی ئەمە جەبهە دەکات، بەیە بارودۆخەکەمان بەم ئاستە وەرانکراوە. (نید) بەشکی ترسناکە لەو بەرنامەیە و باڵی دیبلۆماتی و سوپای تەکدانە و ئەوانەی بەناوی(دژایەتی گەندەڵی و ئازادی ڕۆژنامەگەری) وەك ڕێکخراوی (ستەپ) و هاوشوەکانی خەرجی گیرفانیان لەی وەردەگرن و ئەو ڕۆژنامە و نووسەرانە دەیاننناسن و بەدەنگیان هەڵبژاردووە و ئەوانەی دەڵێنە خزمەتی(معالی قونسلی ئەمریکی)، پێیان خۆشبێت یا نا، بەشکن لە بەرنامەی تیرۆر و جەنگ و ماوەرانی ئیمپریالیستەکان!
کەواتە:
– ستوپ (NED) و هاوشوەکانی لە کوردستان و عیراق
– ستوپ کەمپانییەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان و عیراق!
– ستوپ سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان لە کوردستان وعیراق!
– ستوپ بانقی جیهانی و صندوقی دراوی جیهانی لە کوردستان و عیراق!
سوسیالیزم(شوعییەت) یان بەربەریییەت…بەهەزبەت خۆباتی شوعی و چەپ لە کوردستان و عیراق!
ژیانی عەدالەتی ئاشتی و ئازادی عەدالەتی کەمالایەتی خۆیە نیە!

سەرچاوەکان

-1
http://www.granma.cu/idiomas/aleman/unser-amerika/4sept-Vereinigte%20Staaten.html

2- تیری میسان: صندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی نید" رووی یاسایی وەکالەتی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکایە
3- Die CIA und ihr menschliches Antliz
4- Geheime Dieste Im Irak
5- "greater middle east', Bernhard Schmid
6- Die USA nehmen mit Milionen Dollar jaerich massiv Einfluss auf die medien, weltweit.

بڵوێژدانی کەمپانیای کانیبال: ستراتفۆر-Stratfor)وەك نموونە
لە 1996 یەکەك بەناوی(جورج فریدمان) کەمپانیایەکی تایبەتی بەناوی(ستراتفۆر)لە بواری لێکۆڵینەوە، هەواڵ و جیوپۆلیتیك و ئاسایش و پشتڕاستکردنەوەی جیۆپۆلەتیك و کێشکان لە جیهان دادەمەزرێنێت. ناوەکەی لە لێکدانی چەند پیتێکی یەکەمی دوو وشە بەکارهێناوە(Strategic Forecasting) کە مانای(پێشبینی ستراتیژی)یە. پسپۆرەکانی بریتین لە پۆلەتۆلەگ، ئیکۆنۆمیست و پسپۆرانی ئاسایش کە بەرگەی"هەواڵگر"و سەرچاوە نهێنییەکانیەوە لە هەموو جیهان هەڵدەویست و راوێژکاری و پێشنبیەکانی بەاودەکاتەوە. گۆڤاری (Barrons) لە 2010 بە سەبەری cia ناوی برد. ئەوەی لێژەر بڵێی ئەم تینك تانکە بوو، لە 2012 پلاتفۆرمی ویکیلیکس هەنایە سەر بڵێ: 5ملیون ئیمیلی ئەم دەزگایە بەاوکردەوە.
پەردە لەسەر رووی جۆرج فریدمان و دەزگاکەی لادرا و ئەمەش پەیامی دامەزرێنەری ستراتفۆردە بە شێوازی کارو ئەرکەکانی لە نووسینگیدا بە هاوکارێکی لە فینزویلا لە 6/دیستەمبەر/2011: ئاگەر سەرچاوەکە بەهاداربوو، دەبە بیهێنیتە ژێر رکەفی خۆت. هەنانە ژێر رکەف واتە، کۆنترۆکردنی سەرچاوەکە بە شێوەی دارایی، سیکسی یان دەروونی تا ئەو خاڵە کە ئامادەبت لەگەڵت رکبکەوێت.).
کەمپانیەکەی فریدمان لەسەر نهێنیکان دەژێ. نزیکەی 30 هەزار کەیاری هەیە و لەناویاندا سەر بە سوپای ئەمریکا، مەنیجەری صندوقی هیگیدێ، سیاسەتمەداری گەورە و کەمپانیای باناسیونالی هەیە. هەکاری بەخشینی دارایی بە ئەم کەمپانیە تا ئێستا نادیار بوو، بەڵام ئێستا ئیدی (هاکەر)کان چوونە ناو تۆری کەمپانیاکە و هەموو شتەکیان خستە بەرچاو: کۆنتڕۆڵی دەروونی سەرچاوەکانی زانیاری، گەیاندنی زانیاری لە ڕژهەڵاتی ناوین و جاسوسیکاری بە کەمپانیای کیمیاوی(Dow Chemical).
لەبارەی بەاوکردنی زانیاریەکانی کەمپانیاکە، فریدمان وەامی هیچ پرسیارێك نەاداتەوە، چونکە وەامدانیان دووبارە تاوانباری دەکەنەوە. بە نموونە: ستراتفۆر چ جۆرە پەیوەندییەکی هەبوو لەگەڵ سەفارەتکانی ئەمریکا؟ جگەرکەی(فرید بورتون) بەخۆی جاسوسی

دەزگای ئاسایشی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە. کەمپانیا گەلە وەك (داو شیمیکال) و (کۆکا کۆلا) راوێژ لەم کەمپانیایە وەردەگرن، چونکە وەك دەزگای ئاسایش کاردەکەن بەڵام وەك دەزگای ئاسایش کۆنتڕۆڵ ناکرێت.
فریدمان تەماتی ئەوەی سەبارەی cia، ڕەتدەکاتەوە.
فریدمان کە خاوەن دەزگای پیشبینی جیوپۆلەتکی دوارۆژە لە جیهان و لە کتێبەکەی ساڵی 1991(جەنگی داهاتوو لەگەڵ ژاپۆن-430لاپەڕە)و کتێبی(100 ساڵی داهاتوو) پێشبینیەکانی نووسیوە لەبارەی جەنگی ئەمریکا لەگەڵ پۆلەندا، تورکیا، بەڵام نەیتوانی پێشبینی هاککردنی کەمپانیەکەی بکات!
لە گفتوگۆیەکی ((Der Aktionaerلەگەڵ فریدمان بە ڕوونی بانگەواز بە ڕەگەزپەرەستی دەکات دژ بە پەنابەران، لەمەشدا بە میتۆدی(جەنگی کلتورەکان)و باسی جیاوازی کلتوور دەکات و ئەم گومانە دەخاتەو : فەرموو چۆن ئەم وڵاتە-ئەمانیا-پڕکێشە بە هۆی تۆندەوبن بە نموونەی وەك پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین.)
لە درێژەی قسەکانی: هەمیشە ئینتگراتسیونی بیانیەکان بە ئەروپا کێشە بووە...پرسیارە زەر گرنگەکە ئەمەیە: چۆن یەکێك دەبێتە ئەڵمان یان ئەروپی. ئەمە زەر سەختە).
هەروا چۆندین بەچووونی تر کە لە نەخوێندەوارەکی ئاوایی دووردەستەکانی گەرمیانیش نایبیستی.
لە ڤیدیۆیەك(لە یوتوب بەناوی پێشێلکردنی مافی چاپدان، کوژراوەتەوە) دیك براند-بەڕێوبەری بەرنامەی هاوبەش لە ئەنجومەنی شیکاگۆ بە کاروباری جیهانگیری پێشوازی لە فریدمان دەکات. لەم گفتوگۆیە فریدمان نموونەی قیزەونترین سیاسەتی ڕەناڵد ریگان بەهێند وەردەگرێت و دەڵێت: ئەو سیاسەتە کە من وەسیەتی ڕەناڵد ریگانم کرد، لە عیراق و ئیران بکاریهێنا. ریگان پشتیوانی لە هەردوو لایەنی جەنگەکەی دەکرد کە لە(1980-1988)و دژ بە یەکتری بجەنگن.
بە ڕسواکردنی پلانە دژە ئازادی ئینسانییەکانی ستراتفور، هەر یەك لە چالاکوانی ئەنانیمەس(بارێت بەاون)بە 5ساڵ زیندانی و چالاکوانی ئەکوپی(جیرمی هاموند) بە 10 زیندانی لەلایەن دادگاکانی ئەمریکا مەحکومکران. لە کوردستان کە چاوساغی بە تینك-تانکی ستراتفەر دەکات؟ کە پێشتر چاوساغی بە ئینتەرپرایز دەکرد؟!
ئەگەر دەتانەوێت بە کرامەت و سەربەرزی بژین، پشت لەهەموویان بکەن، خەفرۆشی و خیانەت و ستەمکار بە مسۆلینکی ئاسایی، وێژدانفرۆشی جەگای"شانازی"، بەیە تاقە یەك ڕێگایە هەیە: شوعییەت

و شۆڕ ژیان و کاری هەڕەوەزی بکەن بە مافی خەتان!
پرسیار: هەموومان دژ بە وەحشیگەری داعش لە فەرەنسا ناڕازایەتیمان دەرخست، بەڵام بۆچی لە 1ی وەحشیگەری فەرەنسا لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی هیچ ناڵێین؟ لە لاپەڕە نهێنیەکانی cia و هەواڵگری بریتانی لە بارەی سالانی 1947-1963 بارەوکرانەوە
سکەندالێك بە نموونەی حزبێکی نەرویژی!
حزبی کرێکارانی نەرویژ خۆی بە نوێنەری کرێکارانی وڵاتەکەی دەزانێت، بەڵام سەرکەکەی(یانس ستۆلتنبێرگ)کە پێشتر سەرکۆزیرانی ولاتەکەی بووە، ئێستا سەرکەی(هاوپەیمانی ناتۆ)یە کە دەزگایەکی سەربازی جیهانییە و دەستی لە میلیتاریزەکردنی جیهان و کوشتنی مەدەنی و بەرپاکردنی جەنگی ئیمپریالیستی لە چەندین وڵاتانی دنیا هەیە.
ئەم حزبە ڕێکخراوێکی هەیە بەناو(فریاگوتنی میللی نەرویژ) و لە دوو خاڵی سەرەکیدا لە سایتەکەیان، خۆیان بە خوێنەران دەناسێنن و دەنووسن، ئەمە:
– ڕێکخراوێکی بزووتنەوەی کرێکارانین بە هاوپشتی مرۆیی
– ڕێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆین.
زۆر ئاسایی دەبوو ئاگاڕ بەرپرسانی ئەم حزبە ببن بە سەرەکی بزووتنەوەی ئاشتی یان ژینگەپارێزی و ڕێکخراوێکی جیهانی ئانتی فاشیست، بەڵام نەك ناتۆ کە دوژمنی سەرسەختە دژ بە کرێکاران و گەلانی ژێردەستەی جیهان بە کرێکارانی نەرویژەوە!
ئەمە سکەندالە و ئابرووچوونێکی گەورەیە بە کرێکارانی نەرویژ و بە گشتی بە خەڵکی ئاشتیخوازی نەوریژ.
دەبە دەستەکارکەشانی شتۆلتنبێرگ و مەحکومکردنی هەڵوێستی ئەم حزبە ببێت بە داواکاری ڕێکخراوی فرایاکەوتنی میللەتی نەرویژ!
خەڵکی نەرویژ پێویستی بە هاوپەیمانی ناتۆ نیە!
(ڕەش-بیرکانی) کەسا نەسترا لە کوردستان!
(پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمریکی و مایکل روبن وەك نموونە)
لەبەر ئەوەی زۆر کەس هەیە خەیان لە مرۆڤی ئەروپی و ئەمریکی، کەمتر دەزانن، بۆیە دەبینین حزب و ڕێکخراو وکەسانی گەندەڵ و تاوانباری ئەو وڵاتانە وەك ئازادیخواز و لایەنگری داپڕوڕی بە خەڵکی نگبەتی وڵاتەکەم دەفرۆشنەوە و مایکل ڕۆبن و پەیمانگەی ئینترپرایزی ئەمریکی نموونەیەکیانە. ئایا پەیمانگەی ئانترپرایز کێن و چیان کردووەو چی دەکەن؟

دەزگای کۆنراد ئەدەنەوەر

ڕێکخراوی(Konrad adenauer Stiftung) لە هەرێم چالاکە. ئەم ڕێکخراوە ڕۆلی سەرەکی هەبوو لە هاتنە حکومەتی (موریسیو ماکری) لە ئەرژەنتین . لە 5 /ئەیلول هانز بورتینک لە زاری سەرەکی پیشیوی ئەم دەزگایە لە 2003 وتی : ئەم پیاوە دەبێتە سەرەکی ئەرژەنتین . من شانازی دەکەم کە دەزگاکمان هەر لە سەرەتاوە لەم پرۆسەیە بەشداری کردووە .) .
دەزگای کۆنراد ئەدناوەر پشتیوانی لە حزب و لایەنە ڕاسیست و ئۆنتی کۆمۆنیستەکانی ئۆکرانیا دەکات ، بە نموونە پشتیوانی لە(فیتالی کلیتشکۆ)دەکات کە بە ئاشکرا (سلاوی هیتلەری)یانە دەکات .
ئەلمانیا بەرگای ئەم جۆرە ڕێکخراوانەو شانبەشانی دەزگای هەواگری(BND)و ئینیستیتوتی (غۆتە)وە بەشداری لە تیرۆر و دامەزراندنی حکومەتە دیکتاتۆر و فاشیستەکان دەکات ، بە نموونە: شانبەشانی CIA ، ڕێکخراوێکی خوێناوی هەبوو لە کودەتای بینوشیت لە شیلی . ئەم دەزگایە نووسینگەی هەیە لە سلێمانی .
وتارێکی مایکل ڕۆبن بە خێرایی خوێنرایەوە
لە وتارێکی ناوبراو بە خێپیشاندەرانی ئازادیخوازی سلیمانی، هاتووە(ئەمریکا پێویستە لە دەستاتدارانی ئەو زۆر تووڕە بن...ئەمە ئەمەمان کرد بە دەستبەرکردنی حوکمی یاسا و دادپەروەری).
لەبەر ئەوەی ڕۆبن پێیوایە ئەمە بێئاگاین لە ناعەدالەتی، هێزاری و گەندەڵی و لانەوازی و قەرزاری هاوڵاتیێکانی ئەمریکا، بۆیە هاتووە وەک ڕزگارکەرێک قسەمان بە دەکات. حکومەتی ئەمریکی و پێیمانگەی ئینترپرایز بەهەی چەندین جەنگ و پشتیوانیکردنی حکومەت و ڕێکخراوە تیرۆریست و دیکتاتۆرییەکان و پشێلکردنی جانەمەی نەتەوە یەکگرتووە، بە گەندەڵی و تاوان، تاوانبارن و پشی هەموو شتێک خیانەت لە پێیامەکەی ئیبراهیم لینکۆلن دەکەن! ڕۆبن و پێیکانگەکەی دەبە بە زووترین کات بە بەردەم دادگا ڕاپێچ بکرێن!
گەندەڵی و تاوانکاری پێیمانگەی ئینترپرایزی ئەمریکی
هەشتا ڕاپۆرتەکەی کەشوهەوای جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەاونەکرابووەو، لەبی پیشسازی بۆ پارێیان تۆرخان کرد بە لەکۆڕان تا ڕاپۆرتی ناباراو بە هۆی بخەنەو. وەک(گاردیان) ئیمە لە کۆتایی دیداری پسپۆڕان لە پاریس بەاویکرەو> پێیمانگەی کۆنپارێزی ئەمریکی(ئینترپرایز) 10هەزار دۆلار و نرخی هاتووچوو بە هەر زانایێک دەدەن بە بەرگرتن بە ڕاپۆرتی ناباراو< لە درۆی وتارەکە هاتووە: ئینترپرایز یەکەکە لە(تینک تانک)ێ کاریگەرەکانی کۆنپارێزە نوکانە کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە جەنگی عیراق.... کۆمپانیای نەوتی(ExxonMobl) سپۆنسەری ئەم پێیمانکەیە و بە ئەو مەبەستە 1،6ملیون دۆلاریان بە خەرجکردووە. قسەکەرەکی کۆمپانیاکە

بە پێی راپرسێتی لێژنەی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی سیویەکەمین خولی فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مرمندانی ئێران، "ئەبولفەزل جەلیلی" کە دەرهێنانی فیلم گەلێکی زری بە مرمندانان ئەنجام داوە؛ سەبارەت بە سازدانی ئەمپیادی فیلمسازی مرمندانان کە لە بەشی لاوەکیی سیویەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مرمندانی ئیسفەهان بەڕێوەدەچێت، گوتی: زاتی بەڕێوەچوونی ئەمپیادی فیلمسازی بۆ میرمندانان باشە، بەڵام دەبێ دەرکەوتی ئەم خولانە هەستەنگاندنی بۆ بکرێت.

جەلیلی کە پێی وایە لەو بارودۆخەی ئێستادا هیچ چەشنە فکرکاریی تیرێک یا بەکردەوەیی سینەما بەکەڵک نابێت، مەگەر ئەوەی کە لە سێبەری ئەودا مرمندانان ئەخلاق و ناسیاوەتی پێکەوە فکر بن، رایگەیاند: بە بۆای من، ئەوەی کە سینەمای ئەمڕۆ پێویستی پێیەتی، زیاتر لە فکرکاری، ئەخلاق و ناسیاوەتی پەیدا کردنە کە من هیوا دەخوازم وەها رووداوێک لە ئەمپیادی فیلمسازیشدا کە تایبەتە بە مرمندانان بێتە ئاراوە.

دەرهێنەری فیلمی "گال" رایگەیاند: بەم پێناسەیە بەڕێوەچوونی ئەمپیادی فیلمسازیی مرمندالان ئەگەر لە پێناو جێکەوتنی بابەت و ناوەرۆکی سینەما بە مانای ژیان بەخشین لە چوارچێوەی هونەری وێنەییدا بێت، بەکەڵک دەبێت. هەر لەم پێناوەدا دەبێ بۆ پەیدا کردنی باشترین و بەکەڵکترین کەسەکان بۆ سینەما لە شوێنە

جەراوجەرەکانی ئێران بەهرەکان بدەزرێتەوە.

جەلیلی لە درێژەدا جەختی کردەوە: هەبەت ئەم دەزینەوەی بەهرانە کاری یەک خول یا دوو خول لە بەڕێوەچوونی رووداوێکی سینەمایی نیە؛ بەکوو کاتێکی زۆر دەخایەنێت بۆ ئەوەی کە بتوانرێت لە ناوچە جەراوجەرەکانی وڵاتەوە باشترینەکان هەبژێردرێت، هەر بەم هۆیەشە کە لە درێژایی هەمووی ئەم ساڵانە بۆ وێنە هەرگیز یەک ئەکتەر یا دەرهێنەری تورکەمەن یا بەلووچ کە سامانەکانی خۆماڵی و فەرهەنگیی خۆی بە خەڵکی بناسێنێت، نەمانبووە و من ئیومێد دەخوازم ئەم ئەرکە گرینگە لە ڕێگای ئێەمپیادی فیلمسازیی مەرمندانەوە کە لە سەرەتای ڕێگایە، ڕوو بدات.

"ئەبولفەزل جەلیلی" لە کۆتایی قسەکانیدا بە ئاماژەدان بەو بابەتەی کە دەبێ خەبات و ڕەزمی سینەما بە مەرمندانەن و تامەزرۆیانی هاتنە ناو ئەم پیشەیە فێر بکرێت، گوتی: ڕوانگەی زۆربەی بینەرانی دەرەوەی بەستێنی سینەما بۆ ئەم هونەر و پیشەیە، بەزم و خۆشیی ئەم پیشەیەیە، لە حاڵێکدا وەها نیە و سینەما بە تەواوەتی ڕەزم و خەباتە؛ خەباتێک کە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی شیاو و گونجاو هەوڵ دەدات. هەر لەم ڕووەشەوە لە کۆڕەکانی فێرکاریدا وەکوو ئێەمپیادی فیلمسازی دەبێ خەباتی سینەما فێری مەرمندانەن بکرێت.

فوئاد حسێن و مەدام ماریا مۆنتیسێری

https://www.awene.com/2018/09/24/102532/

سێیری ئەخلاقی سیاسیی بکەن چەند قەزەون و دابەزیوە! لەسەر کاندیدکردنی فوئاد حسێین بۆ سەرۆکی کۆماری عێراق لە لایەن پارتیەوە، یەکێتی و شیعەکان هاواریان لێ هەستاوە لەسەر ئەوەی هاوسەری ئەم زاتە جولەکەیە، نابێت نا موسڵمان ببێت بە خانمی یەکەمی عێراق. ئەم جۆرە قسانە، ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن ئەوەمان پێ دەڵێت کە عێراق و کوردستان نوقمی ڕەگەزپەرستی و ئایین و

مەزهەب پەرستییە، کاندیدکردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی هەرچ پۆستێک بۆ دەبێت شوناسی ئاگرزیی و ئایینی هاوسەر و کەسوکاریشی بۆ بکرێت بە پۆمپەر!. ئەمە لە فەشەلی سیاسیی لە عێراق و کوردستاندا زیاتر هیچی تر نییە.

پۆمپەری سەرکی کۆماری عێراق، ئەبێت لەسەر پۆمپەری تەکنۆکراتی و زمانزانی و شارەزایی و خاوەن مەرام و پرنسیپی عەدالەتخوازی و یەکسانخوازی و دیموکراتخوازی و باوەڕبوون بە پێکەوەژیانی عێراقیەکان بێ بە جیاوازی و دوور لە ئاگرزپەرستی و ئایینپەرستی هەبژێردرێت، نەک لەسەر ئاوەی هاوسەرکەی جولەکەیە یان مەسیحیە. پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەمان پۆمپەر سەقەتکە و درکدنیش وەکامی یەکێتی و شیعەکان لە ئاگەی پەرلەمانتارکی پشوویەوە دەداتەوە!، ئەم پەرلەمانتارەی پارتی دەڵێت:"ژنی فوئاد حسێن جولەکە نییە، بەڵکو مەسیحیکی هەندیە و لە بنەماڵەی مەدام ماریا مۆنتیسۆریە!

چەند پاساوی یەکێتی و شیعەکان جگەی گاتەجاییە، زۆر لاوە زیاتر بەرپەرچدانەوەکەی پارتی و پەرلەمانتارکیان جگەی گاتەجاییی و پێکەنینە. پارتی و پەرلەمانتارکیان هەر لەسەر پۆمپەری گاڵتەوە بە ئابوردوو، گاڵتەوە بە بنەماڵەیی بەرگری لە فوئاد حسێن دەکەن و، بە هاوسەرکەیدا هەڵدەدەن کە گوایە لە بنەماڵەی پەروەردە ناسکی بە ناوبانگی ئۆروپیی وەک مارایا مۆنتیسۆریە.

مەدام ماریا مۆنتیسۆری لە ساڵی ١٨٧٠ هاتۆتە دنیاوە، کە ئاڵنگە هاوسەری دکتۆر فوئاد ئاگەر لاو بنەماڵەیش بێت ببێت بە کچە زا، یان کوڕە زا زای مەدام مۆنتیسۆری، ئاخر دەبێت ئاوە چ پەیوەندییەکی بە کەسایەتی هاوسەری ئەم بەڵگەوە هەبێت. عەقڵیەتی ئەمانە ئاوەیە کە"گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە" کە بە هیچ شێوەیک ئاوە وانیە. لە خوارەوە کۆرتەیەک لەسەر مەدام ماریا مۆنتیسۆری دادنێم

مەدام ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori، بەخۆکەر و ئاهێنەر و فەیلەسووف و پزیشکەکی ئیتالیە، لە ١٨٧٠ هاتۆتە دنیاوە، ئەم ئێستێرە گەشە و زانا مەزنە یەکەم ژن بووە لە بواری پزیشکیدا لە وڵاتی خۆیدا سەرکەوتنکی گەورەی بەدەست هێناوە. ئەم زانایە

قوتابخانەیەکی تایبەتی کردووەتەوە بۆ ئەو منداڵانەی لە ڕووی عەقڵییەوە دواکەوتوو بوون، بۆ جۆرێک منداڵە شڵت و دواکەوتووکانی ڕاهێناوە و پەروەردەی کردوون، کە لە منداڵە ئاساییەکان پێشکەوتووتر بوون، ئەم زانایە دەڵێت: "لە کاتێکدا کە خەڵکی زۆر سەرسامن بە پەروەردەکردنەکەی من، کە چۆن منداڵە دواکەوتووکانم پێش خستووە و توانیومە زۆر بەسەر نەخشییە دەروونی و عەقڵییەکانیاندا، منیش پێم سەیرە. بۆچی هەمان ڕێگەی من ناگرنە بەر بۆ پەروەردەکردنی منداڵە ئاساییەکان، کە زۆر پێشدەکەون و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێن". واتە پەروەدەکردنەکەی ئەم زانایە بۆ هەردوو حاڵەتی ئاسایی و نائاسایی لەبارە. بەرتراند ڕەسڵ وەک فەیلەسوو و زانایەکی پەروەردەیی زۆر ئاماژە بەم پەروەردەیەی مەدام مۆنتیسۆری دەدات و سەرسامە پێی.

سەگەشێیەک ... ناڵە حەسەن

من لانەو سەگەشێیەکی
ڕەنگ خاڵەشی هاتمە دنیا
هەر لانەو ئەم سەگەشێیەدا
بە یەکەمینجار
چاوم بە ڕووناکییەکی تاریک کەوت
چاوم بە بنمیچێکی گزیری و
ژوورێکی پڕ دەلاقە و
تاقیسکەیەکی بڵند و
فانۆسکی کز و
ئاوێنەیەکی درژ و
چاوم بە سندوقێکی ڕەنگاوڕەنگ کەوت
هەر لانەو ئەم سەگەشێیەدا زمانم هاتە گۆ
فڕی ئاوبووم بەم (نا)
لانەو ئەم سەگەشێیەدا
خەمی نان و ئازارەکانم
بوون بە یەکەمین مامۆستام
کتێبیش بوو بە نزیکترین هاوڕێم
ئازادیش منی بە شیعر ئاشناکرد

لە کتێبخانەوە فڕی ئاوە بووم
هەمیشە خۆن ببینم
ماماستاکەشم فڕیکردم
بۆدوای خۆنکانمدا بۆم
لە قوژبنەکەشم فڕی ئاوە بووم
ببم بە خەم و هەموودەم هەر خەم بم
هەر خەم بم و
ملکەچی هیچ هەزکی ئاسمانی و
هیچ پاشا و گەدا و کوێخایەک نەبم
لەنێو ئەم سەگشێدا
عەشق فڕی ئاوی کردم
بەسەر پشتی مەرگ بازبدەم و نەکەوم
بەنێو کەنانە پڕچاوپڕچکانی
گەردەلوول و هەشبا و تۆفان
تێپەڕم و نەکەوم
بەنێو ئەقیانووسی
نائومێدی و تەنیایی و عەبەسیەتدا
بپەڕمەوە و نەکەوم
لە کاتی دەرگا لەسەرخۆداخستن و
لەنێو خەیاڵە شووەکانی خۆکوشتنیش
شیعر دەستم دەگرێت و
بە چرپەوە پێمدەڵێت
(ئەی شاعیرە هۆزەهاتییەکە
هەسەوە
خەرتاو فڕشی نارنجی بە ئاخستوویت
بەردەوامبە / تە لەودیو سنوورەکانی مردنیت ...!)
هەر لەنێو ئەم سەگشێدا
فڕی ئاوە بووم
خەم و خۆنکان و
مرۆڤ و ماسییەکان و
ئومێد و ئاوێنەکان و
پاییز و پەپوولەکان و
باران و باڵندەکان و
نەسیم و نەرگزەکان و
شەپەل وشووەکان و
بروسکە و باخچەکان و
هەواس و هووبارەکان و

سۆ و سنۆوبەرەکان و
هەموو شتەجوانەکانم خۆشبوێن
ئەم سەگەشەیەی من
گەشەیەکی بە نوونی نیشتیمان و
گەشەیەکیتری بە میمی مرۆڤ و
دواهەمین گەشەشی
بە ئای ئازادی / دەورەدراوە
نوون نوون نوون
میم میم میم
ئا ئا ئا
نیشتیمان / مرۆڤ / ئازادی
مرۆڤ / ئازادی / نیشتیمان
ئازادی / نیشتیمان / مرۆڤ
هەمیشە وا هەستدەکەم
من بە /
نیشتیمان و مرۆڤ و ئازادی
هاتووەتە دنیا
هەربەیە لەوتەی هەم
عاشقی ئازادی و نیشتیمان و مرۆڤم
لەوتەی هەم
هەر بە /
مرۆڤ و ئازادی و نیشتیمان
دەنووسم
چونکە هەر لە ئەزەلەوە
من پەکهاتە و من هاوکێشە و
من شنەبای / ئامانجەکی سەرکەشم …!

حوزەیرانی ۲۰۱۷

پزیشکەکی کورد دەبەتە داهێنەر

و گەشەپێدەری چارەسەری جۆرێکی شێرپەنجە … !!

بەرایی …

لە رابردوو دا، هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان ، پسپۆران و زانایانی جیهان لەم هەوڵانەدا بەشدار بوون و، کوردیش بێبەش نییە لەکارکردن لە بواری چارەسەر سازیی و، ئەمەش سەدان ساڵە پشتەوە دەست پێدەکات کە کورد لە بواری گیا دەرمانی دەستێکی باڵای هەبووە، و سەدان دەستخەت و بەڵگەی گیا دەرمانی زانایانی کوردمان بەردەستە، هەتاوەکو دەگاتە پزیشکی نوێ و هەوڵی پەرەپێدانی چارەسەرە دێزراوەکان یان هەوڵی داهێنانی ڕێگە و چارەسەری نوێ، یەکێك لەو پزیشکە کوردانە لێرە باسی دەکەین ، بەڕێز ((دکتۆر کازم فاروق قەرەداغی)) یە کە لە بواری چارەسەر کردنی جۆرێکی شێرپەنجە دا توانیوویەتی ڕێڵکی باش ببینێت و کارەکەی ببێتە سەرچاوە و ڕیبەری بۆ پزیشکانی بوارەکە و لە ((دەستووری کار guidelines)) ی ساڵی ((2017ز)) دا، پەرەپێدان و داهێنانەکەی بۆاوکراوەتەوە، ئەم ڕیبەری و دەستووری کارە guidelines بەناوی ((نەخۆشی کۆلۆن و ڕێکە و کۆم Colorectal Disease))ـە کە لە بابەتی ((ڕیبەری بەڕیوەبردنی شێرپەنجەی کۆلۆن ، ڕێکە و کۆم 2017 – شێرپەنجەی کۆم Guidelines for the Management of Cancer of the Colon, Rectum and Anus(2017) – Anal Cancer))دا بۆاوکراوەتەوە.

پزیشکە کوردەکە کێیە … ؟

ئەو پزیشکە کوردەی چارەسەرییەکەی چووە نێو کتیبی ((ڕیبەری شێرپەنجەی کۆلۆن و ڕێکە ی 2017)) ناوی ((کازم فاروق نامیق))ـە و، بە دکتۆر ((کازم قەرەداغی)) ناسراوە، لە دایك بووی ساڵی ((1986ز)) ، لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پزیشکی گشتی تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پزیشکی وەرگرتووە، پاشان بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی بڕمینگهام لە وڵاتی بەریتانیا بەدەست هێناوە و، ئەم داهێنان و گەشەپێدانەی لە ماستەرنامەکەیدا بەدەست هێناوە. ئێستا لە نەخۆشخانەی ((هیوا)) لە شاری ((سلێمانی)) وەك پسپۆری شێرپەنجە کاردەکات و ، سەر قاڵی چارەسەر کردنی گرێیە

شێرپەنجەییەکانە. هەنووکە خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی سلێمانی، گەنجێکی لێهاتوو و دڵسۆزە بۆ نەخۆشەکانی و بەردەوام سەر قاڵی خوێندنەوە و بە دووا دا چوونی وردە لە بوارەکەی خۆیی دا. هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

ڕیبەری شێرپەنجەی کۆلۆن و ڕێکە و کۆم

ئەم ڕێبەرییە لە لایەن ((کۆمەڵەی کۆڵۆپرۆکتۆلۆژی (1) بەریتانیای گەورە و ئیرلەندا Association of Coloproctology of Great Britain & Ireland)) پەسەند دەکرێت و چاپ و باڵاودکرێتەوە و، دەخرێتە بەردەست پزیشکانی بوارەکە لە سەرانسەری جیهاندا، دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1990ز کە یەکەم سەرۆکی ڕێکخراوەکەجۆرج ئێتێس بوو، بەڵام کار و چالاکی فراوان و داهێنەرانەی ئەم ڕێکخراوو و کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2000ز، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نەخۆشییەکانی کۆڵۆن و ڕێکە Journal of Colorectal Disease دەگەڕێتەوە بۆ مانگی یەکی ساڵی 1999ز و ، لە ئێستا دا ئەم گۆڤارە یەکەمین و پێشەنگترینی بوارەکەیە لە ئەورووپا و وڵاتانی جیهان (2). شێرپەنجەی کۆلۆن و ڕێکە Colorectal Cancer باوترین جۆری شێرپەنجەیە لە دووای شێرپەنجەی مەمك Breast Cancer و شێرپەنجەی سییەکان Lungs Cancer لە وڵاتی بەریتانیا، کە ساڵانە دەور و بەری 40.000 هەزار تووشبووی نوێ هەیە و تۆمارەدکرێت ، کە دووەمین جۆری باوی شێرپەنجەیە کە هۆکاری مردنە (3).
گەشەپێدانە نوێیەکانی New Developments چارەسەرکردنی Treatment ی نەخۆشی تووشبوو بە شێرپەنجەی ((کۆلۆن، ڕێکە و کۆم Colorectal Cancer)) لە ژمارە 19 ی گۆڤاری ((نەخۆشی کۆلۆن و ڕێکە و کۆم Colorectal Disease)) دا باڵاوکراوەتەوە و یەکێك لەو گەشەپێدانەش بەرهەمی بیر و مانوو بوونی دکتۆر کازم قەرەداغی یە.

گەشەپێدانەکەی پزیشکە کوردەکە

بۆ بینینی گەشەپێدان و داهێنانەکەی دکتۆر کازم قەرەداغی ، بڕوانە لاپەرە ((85)) ی گۆڤاری ((نەخۆشی کۆلۆن و ڕێکە و کۆم Colorectal Disease Journal))، کە لە بابەت و بەشی ((ڕیبەری بەڕیوەبردنی شێرپەنجەی کۆلۆن ، ڕێکە و کۆم 2017 – شێرپەنجەی کۆم Guidelines for the Management of Cancer of the Colon, Rectum and Anus(2017) – Anal Cancer))دا باڵاوکراوەتەوە، لە ژێر کورتە

ناونیشانی ((1.4.8 نەشتەرگەریی Surgery 8.4.1))، هەروەها لە ریزی سەرچاوەکان و لە لاپەرە 96 دا ئاماژە بە کارەکەی دکتۆر کازم دراوە و ناونیشانی گەشەپێدان و داهێنانەکەی و جۆر و ساڵی کارەکە و هاوکارەکانی خراوەتە ڕوو. (4)

_____

سەرچاوە و پەراوێزەکان :

1-کۆلۆپرۆکتۆلۆژی Coloproctology لقێکە لە زانستی چارەسەر لەگەڵ زانستی نەخۆشییەکان Pathology ی کۆلۆن Colon ، ڕێکە Rectum و کۆم Anus ، هەروەها نەشتەرگەری کۆلۆرێکتاڵ Colorectal Surgery ، نەشتەر گەری کۆلۆن و ڕێکە Colorectal Surgery پسپۆرییەکە لەناو پرۆکتۆلۆجی Proctology دا.

2-بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :
https://www.acpgbi.org.uk/about/history/
3-بروانە لاپەرە 5 ی گۆڤاری نەخۆشییەکانی کۆلۆم و ڕێکە Colorectal Desease ، ژمارە 19 ی ساڵی 2017.
4- بروانە لاپەرە 85 و 96 ی گۆڤاری نەخۆشییەکانی کۆلۆم و ڕێکە Colorectal Desease ، ژمارە 19 ی ساڵی 2017.
5-سوود ئەژماری تایبەتی دکتۆر کازم قەرەداغی وەرگیراوە لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووم، بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ژیاننامەکەی.

هێمن مەلا کەریم بەرزەنجی

ئێژمێری عاشقە هەژارەکان ... عەبدولوەهاب بەیاتی ... و : نەژاد عزیز سورمێ

(1)
جیهان
بێ گۆف و شیعر و

شەش و کچ و مەرگ
ژەوت دەکەین .
بە شەکەتی
لە شەستەی مەژوودا دەکەوین
لە کانگەی خەوز و
بنمیچی سەهەدا
سیس دەبین ..
بە پەوە دەمرین .
لە غەریبیماندا دەمرین
لە لە نەوە
لە منداڵدانی شەو و
باڵەای چیاکانی زەوی
لە دایك دەبینەوە .
تاجی ئەشکەنجەی تەتکردنەوەمان
لەسەر ناوە و
گەچانی خەرمان هەڵگرتووە ..
سپەدە ،
بە شەوی درێژی جیهان
ژەوت دەکەین
بە مردوویەتی
دەریا
بە شارەکانی ئایندەی دوور
تەی دەکەین ..
ئاڵەای یاخی بوونی
تیا هەڵدەکەین
بە زیندوویی
لە بەندیخانەکانیدا دەمرین
شکەیەك بە مەژوو دروست دەکەین .

(2)
زامەکانمان لە هاوار کەوتن
بوو بە شارەك و هووبارەك
لە سەفەری مەرگدا
بەدوای کەنارەکدا دەگەڕێ ..
بەردەکی ڕەش ،
لە مەملەکەتی وەرانەدا
باران دەیشواتەوە و

ئومێدێك
لە لەواری بەهیوایی
ئادەمزادە دوا بەاوەكان
پەنای گرتووە و
قەرەجێك
بەسەر ئەسپی خەمباریيەوە
بەدوای نوور
بە دوای عایشە
لە شارەكانی ئایندەی دووردا
زەمین دەپۆە ..
لە غوربەتیدا دەمرێ
لە جارێكی دی
منداڵێكی بێ ئەسپ
لە دایك دەبێتەوە ،
زراو ژاو
لە شەو و ڕۆژ و
لە یەك بەدوای یەك هاتنی
ڕۆژگار و وەرزەكاندا
دەستی بە بژنی چیای زەوی
درێژ دەكا و
ووتیی خۆتوویشی
لە خۆتی ئاگری ڕۆژهەڵات و
زەردەپەڕی كوژاوە
بەسەر لووتكەی چیاو باناندا و
دەنگی گە بووی
سنگی كەشتیی
كەشتیيەوانە مردووەكان و
گیای ئەشكەوتەكانی نوور و
دوورگەكانی یاقووت دەدەفە ..

(3)
ماهی گریان ، بە بولبولێك
بە وەختێ
كە هەڵدە و ڕادەكا و
نەخشەی تاوان
لە بەرد ئاگر
لە دەفتەرە شینەكانی منداڵیدا

دەکەشێ ،
بە هیوای لە گەڵتراو
بە شەشی ڕووباران
لە نامەیپاندا و تەنیایی پردان
بە مردوویی
دەریا تەی دەکەین ..
لە بەندەرکەوە بە بەندەرکی دی
دەنێنین و
کەشتییان دەسووتێنین
هەرچی بووە و دەبێ : نەبووە !
(4)
گوڵی سوور
لە باخچەی زستاندا
چی بە بولبول دەڵێ ؟
(5)
لە خەوندا
باوەشی پێداکردم ،
جەستەی تادارمی
بە گوڵ داپۆشی
گوڵەکانی ماچ کرد ..
هەستم کرد
خاك سیمای بە نوور داپۆشیوە و
بۆنی ڕوویدا
دەستی بەرەو باخچەی من هات و
گوڵەکان
لە ئاگریدا سووتان و
باڵداری
لە خەو بیدارکردنەوە و
نمۆی بارانی سوور و
بووەلەرزە و بڕووسکە .
(6)
ئاگرپەرستانی ئەم چاخە
لە غوربەتییاندا دەگرین
ئەستێرە دەرنەکەوت
لە دز و نەجیبزادە و
شاعیرانی
خەونی بەکردراو دەرکەوتن ..

شمشێریان
لە تەرمی منداڵان و
هەژارانی
شارێ برسییەکاندا چەقاند
شایەدنامەی مردووان و
کتێبێ پیرۆزکانییان هەڵگرتایەوە ..
(7)
نوور لە کوێوە دێ ؟
کە ئەمە
لە هەموو سەردەمێکدا
بەرداش بووین
لە ریز بەستندا
کت و پێوەند
بە کت پێوەند دەگرێنەوە ..
زەردار بە زەردارمان دەفرۆشێ ..
پاشا بە پاشا ..
بەڵام ئەمە
خۆاگر دەمێنینەوە
بە پێوە دەمرین ..
بە پێوە دەریا تێی دەکەین ،
بە شارەکانی دووری ئایندە
جیهان
بە مەرگ و شۆش و کەچ
زەوت دەکەین ..
لە غوربەتماندا دەمرین ..
بەهام
لە نوێوە لە دایك دەبینەوە ..
لە نوێوە دەداری دەکەین ..
لە نوێوە ێت دەکەینەوە ..
لە نوێوە
شۆش بەرپا دەکەینەوە و
لە نوێوە دەکەوینە تۆی
پاشا و زەرداران .
لە مەیدانی شۆی خۆکی تر
سەردەبەدرین
گوللە بە دوژمن و برا وەدەنین
زامەکانمان

بەسەر هەنییەمانەوە هەڵدەگرین و
مردووەکان ، بە مژوو بە ناو
دەنژین ..
بە زیندوویی لە گۆڕکانییان
نیشتەجێ دەبین .
کاروانی مەزن
لە مەرگەوە بە لە دایك بوون
دەست پێ دەکەینەوە
لە هەموو چاخەکانی
هەز و ەوناهییەوە
هەواسراو بە داوی
هیوای ەش ،
لە چاوەوانی ئاگر و تەفاندا
دەمێنینەوە .

(8)
هەژارانی جیهانی تابانکراو
یەکگرن !
هەژارانی جیهانی تابانکراو !

(*) لة كؤشيعرى (قصائد حب على بوابات العالم السبع)
بلآوكردنةوةى (دار الشروق) ، 1985 ضاثى دووةم ، ل 28 .

یەفراندەمکەی دونەکەتان باش .....شاخەوان سەنگاوی

ەک ٢٥/٩ سالەکی تەواو تەپەڵ دەبێت بەسەر ئەو یەفراندەمەی کە سەرانی سیاسی کوردی باشووری سەربەخۆیان دەدا بە گوێی ئەمەی هاولاتی ئەم هەرەمە، بێ بە ئەوەی خاوەندارانی یان ئەوانە خۆیان بە خاوەنی ریفراندەم دەناسان هیچ خوێندنەوەیەکی زانستیانەی پێشوەختە بە سەرجەم پێشهات و کاریگەریە نەوخۆیی ودەرەکیەکان نەکردبە و یان بایەخیان بە دەرئەنجامەکانی نەدابێت. وەک ئەوەی چاو بەستیان

لەکرابێت لە بینینی ئەو گەپە سورانەی کە لە لایەن ئەمریکا وئەوروپا وبگرە جیهان بەتایبەتی تر ئێران وتورکیا بەروومانداو بەرزدەکرایەوە.
کەچی لە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی چەند مەترێکی ستێیجەکان و هەنگاو هەنگی مایکەکانی بەردەمیان ئەوانی خستبووە دیانیایکی پڕ لە خەون و خەیاڵ، وەک ئەوەی جیهان گوێ بیستی دەنگەکانی ئەوان نەبێت پڕ بەدەنگیان هاوار دەکردوو بانگی سەربەخۆیی و دروستکردنی پەیوەندیەکی دروستی دواسەیتیان دەکرد لە گەڵ عێراقدا، وە بگرە هەندجار هەندە شاگەشکەبوون کە خەیانیان لە بووبوو بە پاڵەوانێکی بەهاوتای جیهان دەیانگووت " ئەمە مایەیی مەترسی نین بە هیچ یەک لە دراوسێکانمان" کە ئەم بە خۆی مایەیی گاڵتەجاڕی بوو چونکە سەرانی سیاسی ئەم کوردستانە لەوە نەگەیشتبوون گەر دەروازەکانی عێراق نەک تورکیا و ئێرانمان بە سردا دابخرێت ئەوا ئەوەی سیاسیش نەک هاوڵاتیەکی بە دەسەلات جل وبەرگ نیە بی پێشن.
ئەزانن بۆ؟ چونکە ئەوە لە ماوەی چارەکە سەدیەک لە حکومداریتان سەرجەم سەکتەرەکانی ئەم هەرێمەتان ئیفلیج کردووە. هەر بۆیە قسە زۆرە لە سەر دەرئەنجامەکانی ریفراندەم بکرێت وبگرە بە دڵیان توێژینەوەش تەواو نابێت نەک وتارێک و دووان.

بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئەویە کە سەرانی سیاسی کوردستان بەتایبەتی تر پارتی و یەکێتی ئەگەر بەئەقڵەکی دەوڵەتمداریەوە بە مەبەستی سەرپێخستنی دەسی هەوای کوردی و گەیاندنی بەکەناری ئارامی لە ماوەی حکومەانی ئەواندا، بچنە گفتوگۆوە ئەوا هەر خەیان دەتوانن ئەنجامەکانی ریفراندەم بکەن بەکارتێک بەهەز هەمیشە ئامادەگی هەبە لە سەر مێزی گفتوگۆکانیان لە گەڵ ناوەندی تاقدراودا بۆ ئامانجی کە ئەنجامەکانی ریفراندەم گەورەترین ئەنجام و دەسکەوت بە خەڵکی کوردستان وەدەستخات نەک پشک پشکەنەی حیزبی و باڵ باڵنە، ئەگەر ئەوە حکومەتداری دەکەن!

شاخەوان سەنگاوی
shaxewan.saed@gmail.com

بەشێکی تر لە شیعرەکانی براتیگان … سەران محەمەد

پرۆفایل:

ڕیچارد گاری براتیگان (٣٠/١/١٩٣٥ -١٤ /٩/ ١٩٨٤) نووسەری ئەمریکی، خاوەنی ١٠ پۆتووکی هەنراوەو ١١ ڕۆمان و ١ پۆتووکی کورتە چیرۆک، هەروەها پەخشانیشی نووسیوە. لە (تاکەما)ی واشینگتۆن لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٥٦ چووتە سانفراسیسکۆ، هەر لەو ساڵانەشدا خەی لە دنیای نووسین و داهێناندا بینیەوە و بڕەو جیهانیبوون هەنگاوی نا، لە ١٤ی سیبتەمبەری ١٩٨٤ بڕیووداوی خەکوژی کۆتایی بە ژیانی خەی هێنا.
وەك ئەوەی سەر بە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم ناوزەد دەکرێت، ئەم نووسەران، خوێنەران، هونەرمەندان، میوسیکژەنان ئیلهام لە کارەکانی ڕیچارد براتیگان وەردەگرن و کارەکانی پەرچڤی سەر زیاد لە بیست زمان کراون.

دوا ڕۆمانی (ژنەکی بە بەخت) لەساڵی ٢٠٠٠دا لە چاپدرا.
لە بەرواری ٨/٦/ ١٩٥٧ و لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا هاوسەرگیریی لەگەڵ (ڤەرجینیا دیەن ئاددەر) کردو لە ٢٥/٣/ ١٩٦٠ تەنیا منداڵکیان بوو بە ناوی (ئیانت ئیلیزابێت براتیگان) و لە ٢٧/٧/١٩٧٠ دەستبەرداری یەك بوون لەگەڵ هاوسەرەکەی. دووەم هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەکیکۆ نیشیزاوا یەشیمورا)ی ژاپۆنیك یابانی لە ١٢/١/ ١٩٧٧ کردو لە پاش چەند ساڵێك و لە ١٢/١١/١٩٨٠ دەستبەرداری یەك بوون.

باشترین ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٦٧دا چاپکرد بە ناوی (ڕاوکردنی ماسیەخاتوونە لە ئەمریکا).
لەم دەرفەتەدا پێم خۆش بوو چەند کارێکی تری ئەم شاعیرە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی و لە ماڵپەڕی دەنگەکانەوە ببێتە میوانی خوێنەرانی شەیدا و هەوادارانی شیعر(جەماوەری شیعر). کە بە بۆای من ئێستا شیعر لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە خوێنەرانی جدی و ڕاستەقینە هەیە، کە مەخابن لە ڕۆماندا ئەو جۆرە خوێنەرە زۆر دەگمەنن، بۆیە شیعر باڵێکی لە دەستداوەو هەر ئەو خوێنەرانەشن دەستیان دەبێت لە چاودێری و بۆیاردان بە سەر شیعرداو هەرواش ئاراستەی دەکەن و هۆکارو پاڵنەرێکی بەرەو پێشچوونی دەبن..

بەشێکی تر لە شیعرەکانی براتیگان:

-٧-
(تکایە)
بیر لە من دەکەیەوە
هێندەی
من بیر لە تۆ
دەکەمەوە؟

-٨-
(رەمیەو جۆلیت)
گەر تۆ بمری بۆم،
منیش دەمرم بۆت
گەڵکانیشمان وەك دوو خۆشەویست دەبن
پێشاکەکانیان بشێن پێکەوە
لە ناو جلشۆر
گەر تۆ سابون بێنی
من بلیچ دێنم

-٩-
(تای شاخەکە)
لە پارکەکەوە چووم بۆ شاخە تادارەکە
ئەو لە ناوەندی شوشەیەکی چوارگۆشەی دەوروبەردا بوو
لای گوڵە سوورەکان و نافورەکە، شاخەکە
لە شەوی ئاسپی دەریایی و لافیتەی سووردا بوو
گەرم بووین و مردین

-١٠-
(شیعرێ جوانەکە)
من دەچمە سەر جێ لە لەس ئەنجلیس
بیر لە تۆ دەکەمەوە

-١١-
(١٥%)
خانمەکە دایەوە شت
لە پیاوەکان وەرگرێ
بڕەام ناتوانێ
چونکە ئەو١٥%

جوانتر نییە

-١٢-
(کەاوەکەی کافکا)
لەگەڵ بارینی باراندا
نەشتەرگەریانە بەسەر سەربانەکەدا،
من قاپە ئایسکریمم خوارد
وەك کەاوەکەی کافکا بوو

-١٣-
(من لەسەدەی بیست دەژیم)
من لەسەدەی بیست دەژیم
تەش لەرە درۆز بووی لە تەنیشتم. تە
کاتە نووستیت شادمان نەبووی
ناتوانم هیچ لەوبارەوە بکەم
بەهیوام. رووخسارت
زەر جوانە کە ناتوانم بوەستم
لە وەسفکردنی. و هیچ شتەکی تر
ناتوانم بکەم تا دەخەشت بکات کاتەك
تە نووستویت

-١٤-
(با سەفەرکەین بۆ ماڵە نوێیەکەی ئەمریکا)

لەوێدا دەرگا هەن
دەیانەوێ ئازاد بن
لە گیرەکانیان
تا بفڕن لەگەڵ هەورە چڕەکان.

لەوێدا پەنجەرە هەن
دەیانەوێت بەربن
لە چوارچێوەکانیان
تا لەگەڵ ئاسکەکان ڕاکەن
بۆ مەرگەکانی پشت وڵات.

لەوێدا دیوارەکان هەن
دەیانەوێت دەروخول بدەن
لەگەڵ چیاکان
لە نێوان تەپوتۆزی

بەیانییەکی زوو.

لەوەدا زەمینەکان هەن
دەیانەوێ هەرسی بکەن
کەلوپەلی ماڵەکەیان و
بیانکەنە گوێ و درەخت.

سەربان هەیە لەوەدا
دەیەوێ
سەفەر بکا بۆ لەنجەولار
لەگەڵ ئەستێرەکان
لە ناو
بازنەکانی تاریکی.

شیعرەکان بە زمانی رەسەنی شاعیر

(7)
Please
Do you think of me
as often
as I think
of you?
(8)
Romeo & Jolliet
If you will die for me,
I will die for you
and our graves will be like two lovers washing
their clothes together
in a laundromat
If you will bring the soap
I will bring the bleach.
(9)
(The Fever Monument)
I walked across the park to the fever monument.
It was in the center of a glass square surrounded
by red flowers and fountains. The monument
was in the shape of a sea horse and the plaque read
We got hot and died.

(10)

The Beautiful Poem

I go to bed in Los Angeles thinking
about you.

(11)

15%

she tries to get things
out of men
that she can’t get
because she’s not
15% prettier

(12)

Kafka’s Hat

With the rain falling
surgically against the roof,
I ate a dish of ice cream
that looked like Kafka’s hat.

I Live In The Twentieth Century

(13)

I live in the Twentieth Century

I live in the Twentieth Century
and you lie here beside me. You
were unhappy when you fell asleep.
There was nothing I could do about
it. I felt hopeless. Your face
is so beautiful that I cannot stop
to describe it, and there’s nothing
I can do to make you happy while
you sleep.

(14)

Let’s Voyage Into The New American House

There are doors
that want to be free
from their hinges to
.fly with perfect clouds

There are windows
that want to be
released from their
frames to run with
the deer through
.back country meadows

There are walls
that want to prowl
with the mountains
through the early
.morning dusk

There are floors
that want to digest
their furniture into
.flowers and trees

There are roofs
that want to travel
gracefully with
the stars through
circles of darkness.
****
Richard Brautigan

دایەگــك لەگــەڵ عەبــدوڵا سەڵاح دا … ئەدیب نادر

لە پاڵا لەتیف هەمەت و فەهمی کاکەیی دا عەبدوڵا سەڵاح یەکك بوو لەوانەی کە بەگرنگییەکی زۆرەوە لە نەوەکەی ئەمەی دەوانی, بە شێوەیەکی سروشتییانە لەگەیدا پیاسەمان دەکرد, لە چاخانە دادەنیشتین, کاتکی فرە پکەوە باس و خواسی خوێندنەوە و

داهێنانمان تاوتوێ دەکرد, ئەو لە پێکهاتەی نەوەکەی پاش خۆی
□□□کی پێبایەخی بینیووە و هەمیشە یەکێك بووە لەو چیرۆکنووسە
دانسقانەی نێو هەوتی چیرۆکی مەدەرن و هاوچەرخی ئێمە کە شێواز و
تایبەتمەندێتی جیای نووسینی خۆی هەبووە و یەکێکیش بووە لەو
کەسانەی خاوەنی فەزایەکی مەعریفی و □□شنبیرییەکی پەلوپۆ هاوێژ و
ئینسایکڵۆپیدی بووە و ئیشکی بڕادەی لە پرسەی تێراندن بۆ
هونەری چیرۆك و ڕۆمان و هونەری شێوەکاریش کردووە و خەریکی
زاراوەسازی بووە و جگە لەوە هەر کاتێکیشی بۆ هەخسابێت ئەوا
زارەکییانەیش لەگەڵ هەوادارانیدا تێیهەڵچووە و لە کایەکانی
ئەدەب و تەکنیکەکانی نووسین و دنیابینیی چیرۆك نووسیی خۆی دواوە
و داهێنانەکانیشی بەرهەمی نەوەی پاش خۆی هەنگ□□ژ کردووە و
بەرهەستانە لە فەزای چیرۆکی ئەم سەروبەندەدا ئامادەییان هەیە.
ئەو پتر لە نیوسەدە سەروکاری لەگەڵ هونەری کورتە چیرۆکدا کردووە
و مامەڵەی لە تەك هەموو جۆرە تەکنیکەکانی ئەم ژانرەدا هەبووە و
زۆرجار کردوونی بە کاراکتەری سەرەکیی ئەفراندنەکانی و هێندە
لێیان قووڵبۆتەوە و شارەزایی لێیان پەیدا کردووە, زاتی ئەوە
دەکەین بڵێین هەندێك چیرۆکی خۆی هەر تەنها لەبەر ئەوە نووسیووە
هەتا بیکات بە هۆوبەرێك بۆ پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی گ□□انەوە و
پشتگوێ خستنی ئەوەی چیرۆك خۆی تەکنیکە تایبەتمەندەکانی خۆی لە
ژیانەوە هەڵدەبژێرێت و حەوەجە و پێداویستیی بە کام یەك لەو
تەکنیکانە بێت لەگەڵیا خۆیدا پەلکێشیان دەکات و پراکتیزەیان دەکات
و دەیانکاتە بەشێك لە جەستەی هونەری گ□□انەوە, نەك ئەو ببێتە
بەشێك لە جەستەی ئەوان! سیما دیارەکانی ئەدەبەکەی ئەو هێما,
خوازە, دەمامك, مۆنتاجی سینەمایی, تێکشکاندنی کات و..جگە لەوە,
ئەو زمانەیش کە هەر هیچ نەبێ ناسنامە ئەدەبییەکەی پێ بەرجەستەترە
و زۆرجار بە میتازمان ناوزەدی دەکات, تەقریبەن لە زمانی هەموو
کەسێك تایبەتمەندتر و تاکمەندترە و کەسیش بەقەدەر ئەو زمانەکەی
لە فەرهەنگی زمانە گشتییەکەمان جودا نابێتەوە و شەقڵا بە
پێکهاتەیەکی زمانیی تاکەوانە نادات. چیرۆکەکانی ئەو جیهانێك
دەخوڵقێنن هاوکات هەم ڕیالیزمییە وهەم فانتازییشە و سەرسامان
دەکات و پەیامی ئینسانییانەیان لێوەردەگرین. باکگراوەندی
ڕاستەقینەی کاراکتەرەکانیشی خودی ژیان خۆین. ئەو جورئەت و
بوێریە بۆهاوتایەی کە لە سەردەمێکدا ئەو بابەتە گەورانەی
موتوربەی دەق دەکرد لەلای کەم نووسەردا بوونیان هەبوو, کێ بەر لەو
پاکتاوی نەژادیی و تەعریب کردنی کەرکووکی کردووە بە دەق و دەمی
لە پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکانەوە داوە؟ ئەو قەڵەمە بۆگومان
جگە لە خۆنی پاکیزە و بۆگەردی پێشمەرگەیەك چی تێ و پاراوی

کردووه و ژیانی پەبەخشیووه تاکو ئەو سەبجەکتانە لە تانوپۆی تەکستەکانیدا داڕێژدە بدات! لەم دیمانەیەشدا, کە لە ماڵی دوکتۆر کارای کۆی مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج, لە گوندی ئەماڵانی هەولێر, بە ئامادەیی هاوڕێی شاعیر سەباح هەنجدەر- کە بگومان بە هاوبەشییەکەی دیمانەکەی دەوڵەمەندتر کرد- لە بەرواری 5ی حوزەیرانی 2013دا سازدراوە, وەڵامدانەوەکانی مامۆستا سەراجیش بەڵاستی گوزارشتێکی ڕاستەقینە و کاڵا بەقەد باڵای ئەو خەریك بوونە جیددییەی ئەوە بە نووسینی چیرۆك و هەوڵدان بۆ بەرفراوانتر کردنی ڕەهەندەکانی ئەو هونەرەی, کە لە ڕاستیدا بایەخ و بەهاکانی بە هیچ کلۆجێك لە بایەخ و بەهاکانی ڕۆمان کەمتر نییە.

ئەدیب نادر: عەبدولڕەحمان مونیف دەڵێت: کورتە چیرۆك ڕەگەزێکی ئۆرگانیکییە لە بونیادی ڕۆماندا, ئەی ئیتر بۆچی تەرکیز هەر لە سەر ڕۆمانە و کورتە چیرۆك کەمتر جێبایەخی نووسەرەکانە, بە خەماڵی و بیانیشەوە؟

عەبدوڵڵا سەراج: بەڵێ, بە پێچەوانەی ئەمەوە, هەندێ براەر, بە تایبەتی یەکەم ڕۆمانم کە دەرچوو- هەڵکشان بەرەو لووتکە- ڕەخنەیان لێگرت, کە پێکهاتووە لە چیرۆکی کورت و چیرۆکی کورتن و لێکم داونەتەوە, بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەندێکیانم, فیعلەن خۆی هەر بۆ ڕۆمان نووسیوومە, هەندێکیانیشم هەر بە جیاجیا بۆاوکردنەوە, ئەوجا, ڕاستە هەیە, لە هەموو ڕۆمانەکانمدا دەتوانم چیرۆکی کورت جیا بکەمەوە, خۆی ڕەخنەگرێکی ئەوروپیش دەڵێت باشترین ڕۆمان ئەمڕۆ ئەوەیە پێکهاتبێ لە لێکدانی دەیان چیرۆك, یان تێهەڵکێشی هونەرییانەی کورتە چیرۆکەکان و هەرە شارت شارت ستۆرییەکان, یانی چیرۆکە هەرە هەرە کورتەکان بێ, بەڵام هەر یەکە, ڕۆمان ئامانجی جیایە و کورتە چیرۆکیش لێرە ئامانجی جیایە, هەر یەکەیان بە جۆرێك شت دەبینێ.

ئەدیب نادر: ڕاستە. بەڵام بۆچی بە شێوەیەکی گشتی لێرەش و لە ئەوروپایش, بۆ نموونە, سەیر دەکەی زیاتر تەرکیز دەخرێتە سەر ڕۆمان و ڕۆمان زیاتر دەبێتە جێ بایەخی نووسەران؟

عەبدوڵڵا سەراج: ئەوە وابزانم قسەیەکی دوکتۆر جابر عەسفوورە دەڵێ – الروایه دیوان العرب- وەك چۆن جاران دەیانووت شیعر دیوانی عەرەبە, فیعلەن, ئێستا ڕۆمان بۆتە سەنگی مەحەکی ئەدیب, کە ڕۆمانی نووسی دەڵێن موعجەبن پێی, بۆ؟ چونکە سەردەمەکە ئاڵۆزە و سەردەمەکە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووە و پێویستی بە ڕۆمان هەیە.

بەڵام ڕۆمانگەلێك, نەك ڕۆمانگەلە ڕۆمانسییە قەدیمەکانی زەمانی…

ئەدیب نادر: فرووسییەت و..

عەبدوڵا سەاج: سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و تەنانەت سەدەی بیستیش ئێستا کێن بووە. دەتوانم ئاماژە بە عەرەبەکان بکەم, چونکە لای ئێمە هێشتا تەمەنی کورتە, نەجیب مەحفووز, ئەمەی سعوودییەکە کە تێ ناوت هێنا, ئەوەی کە- شەرقی متەوەسیتی- هەیە
ئەدیب نادر: عەبدولڕەحمان مونیف..
عەبدوڵا سەاج: ئەمانە, هەموو, ئا عەبدولڕەحمانی مونیف, ئەمانە هەموو بوونەتە کلاسیکی ڕۆمان, ئێستا خوێنەری نوێ بۆی ناخوێنرێتەوە, ئێستا ئیدی سینەماکاران کەڵك و سوود لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن وەکو مێژووی ئەدەب.

ئەدیب نادر: ەنگە من عەبدولڕەحمان مونیف هێشتا بە کلاسیك نەزانم, چونکە بێ نموونە یوسف ئەلسەباعی و…

عەبدوڵا سەاج: ئەوان جیان, ئەوانە هونەرین و بەام سیاسین..ئەو هونەری تۆرە لە یوسف ئەلسەباعی و حیلمی موراد و نازانم کێ و کێ و ئەوانە و زۆری کەیش هەیە, لە مێژووی میسر و سوریا و ئەمانە, بەام ئەوەی بڕۆ هونەریی و باشبن و ئەوەی دەرکەوتووە, عەبدولڕەحمانی مونیف و نەجیب مەحفووزە و بڕجگە لە..

ئەدیب نادر: تەیب ساڕح و ئەوانە..
عەبدوڵا سەاج: نەوەی تازەیش هەیە ئیبراهیم ئەسان و نازانم کێ..

ئەدیب نادر: حەیدەر حەیدەر و..
عەبدوڵا سەاج: یووسف ئەلقەعید و ئەمانە و لە لیبییەکانیش پەیدابووە و بەتایبەتیش ڕۆمان و چیرۆکی باشیش کەوتە مەغریب.

ئەدیب نادر: ئەوەی کورتە چیرۆکەکانت بخوێنێتەوە بەتایبەتی یەکەم کۆچیرۆکت- لاکۆشە ڕووناکەکان- هەست دەکات شێوەیەکی فۆتۆگرافیانە بەسەر شێوازی نووسینی چیرۆکەکانتدا زاڵە, یانی لەپای چی, بۆچی شێوەیەکی فۆتۆگرافییانە زاڵە, ئایا دەتەوێ بە شێوەیەکی فۆتۆگرافییانە ژیانمان پیشانبدەیت یان چی؟

عەبدوڵا سەاج: دەتوانم ئەمە بەمشێوەیە وەام بدەمەوە, یەك, چونکە ەگەزی دەربڕین خۆی وێنادەرە, وێنەیە. دوویش دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی خۆم لە هونەری شێوەکارییدا ئەوەم, هەوڵدەدەم وێنە دروست بکەم, لە گۆشە نیگایەکی ژێر بینینەوە, یا لە سەرووی بینینەوە, یان شتێکدا ئەوانە هەست بەوە دەکەیت کە وێنەی تیایە, بەڵام هەستیش دەکەیت لێچووانندنەکانم- تەشبیهەکانم- دایمە هەوڵم داوە نائاسایی بن, باو نەبن. ژێر کەس تێبینییان کردووە, ژێر کەس هەخنەشیان لێگرتووە, بەتایبەتی زاهیر ڕەژبەیانی ئاماژەی بەوانە کردووە و هەخنەی لێگرتوون, کەچی- دوکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- لە سێ بەشی ڕەژنامەکەی حزبی شیووعی وەڵامی دایەوە, ناوی چی بوو؟
سەباح هەنجدەر: ڕەگای کوردستان..
عەبدوڵڵا سەاج: ڕەگای کوردستان, لام ماوە, کە دەڵێ بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا سەاج لەوانەی تۆ هونەری ترن, ئەوانەی تۆ کلاسیکن..
ئەدیب نادر: من ئەوەم نەخوێندۆتەوە, بەڵام..
عەبدوڵڵا سەاج: بەڵام تەواوم نەکرد, وەڵامی وێنەکەم تەواو نەکرد, دەربڕین, یان داشتنی ڕستە خێی هونەری دەربڕینە, یانی چیرۆك هەواڵدەریی نییە وەکو خەبەرێك بێت, یا هەواڵداو دروست بکەیت, یان جۆکات باس بکەیت, یان کەسایەتی دروست بکەیت, پێش هەموو شتێك چۆنێتیی دەربڕینی ئەو هەست و شتانەیە کە لەو شتەدا دەتەوێ بیڵێیت کە چیرۆکە, یان ڕەمانە, یان هەر شتێکی کەیە..
ئەدیب نادر: ڕاستە. ئێستا پرسیارێکی زێر گرینگ, لە کۆچیرۆکی دووەمتەوە, لە(مردوو خەون نابینێ)وە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە شەپۆلی هۆش بەکار دەهێنیت, شەپۆلی هۆشت بەکارهێناوە, ئایا ئەم تەکنیکە زێر بەشێوەیەکی ئاگایانە دەربڕی ئەوەیە کە مرۆڤی ئێمە, مرۆڤی کورد, بە ڕادەیەکی هێندە بە نسکۆی حەفتاوپێنج کارتۆکراو بوو, کە تووشی حاڵەتی کەرتبوون و پارچەپارچە بوون ببوو, ئایا تۆ لەسایەی ئەو بیرکردنەوەیەوە کە بینیت خەڵکی ئێمە دوای نسکۆ وایان لێهاتووە, ئەو تەکنیکە زێر گرنگەت بەکار هێنا؟
عەبدوڵڵا سەاج: بەڵێ, ئەوەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت ئەوە کاریگەریی هەیە, دوو خوێندنەوە, بەتایبەتی خوێندنەوەی شەستەکان و حەفتاکان و ئەوانە, زێر ئەدەبی وجوودییم دەخوێندەوە, لە کامی و سارتەر و ئەوانە. ئەوانە هەموو دەروونی ئینسانی کەرتبوو و ئەمانە باس دەکەن, هەتا دیداری وابزانم یەکەمی چیرۆکی کوردی نا, دیداری دووەمی چیرۆکی کوردی لە هەولێر, کە لە زانکۆ گیرا, ئەو برادەرانەی کە ئێستایش مەوجوودن, حەمەسەعید حەسەن و هەووف حەسەن و ئەمانە, هەستان و وتیان نمایندەی عەبەسییەت و وجوودییەت عەبدوڵڵا سەاجە..ئاوا بەئاشکرا لەناو خەڵکەکەنمایندەی عەبەسییەت نەبووم, پەرتبوونی ئینسان وەکو ئاماژەت بۆ کرد, کە ئازار هاتە پێشەوە ئەو خەڵکە لەو سەغڵەتیی و گوشار و بۆ ئازادییە

دەرپەڕین و بەشێوەیەکی شێتانە و نامەئلووف و بێهەدەفانە دەستی ئازادییان گرت..وەکو ئێستایش دەیبینین لەپاش ڕاپەڕینەوە هەندێ دیموکراتییەت هەیە, بەڵام دیموکراتییەتێکی بێ پێژە و بێ بەرنامەیە, ئاوها شتەکانی ئێمە بە کتوپڕیی دروست بوونە, جا وەکو وتت, ڕاستە من تەعبیرم لەو ئینسانە داهێزراوانە کردووە, ئەو ئینسانانەی کە هەست دەکەن مافیان خوراوە و..
ئەدیب نادر: شکستیان هێنا دوای حەفتاوپێنج و هەر کەسێك هەستی بەوە دەکرد ئەوە شکستی تاکانەی خۆیەتی, ئەو نوشووستییە گەورەیەی بەسەر کورددا هات..
عەبدوڵڵا سەراج: بەڵێ, ئەوەشمان لەبیر نەچێت, ئاماژەت بە کێمەڵە چیرۆکی- لاکێشە ڕووناکەکان- کرد, کە هەر بەو بۆنەیەوە کراوەتە فەرهەنسیی و لەلایەن کاك محەمەد ئیسماعیلەوە لە پاریسیش بڵاوکراوەتەوە, ئەوە..
ئەدیب نادر: ئیسماعیل دەرۆش..
عەبدوڵڵا سەراج: یەکەم بەرهەمی نووسینەکانمە, تێ وتت لە دووەمدا ئینتیباقی کردووە, نابێ هەموو شتێك, هەر یەکە و دەبێ لە زەمەن و کاتی خۆی باس بکرێ.
سەباح هەنجەر: مامۆستا ئەو شەپۆلی هێشە کە لە کێمەڵە چیرۆکی دووەمت بەکارت هێنا, پێشتر ئیشارەتت دا کە زەمەنی شەستەکان گرنگیت بە خوێندنەوەی ئەدەبی وجوودی داوە, ئەوجا ئیشکردنی کێمەڵە چیرۆکی دووەمت- مردوو خەون نابینێ- بە کاریگەریی, یان بە ڕوئیای خوێندنەوەی شەستەکانی ئەدەبی وجوودی نووسیت, یان دوای نسکۆ, کە کورد داهێزرا و..بە کاریگەریی کامەیان؟
عەبدوڵڵا سەراج: هەردوو باڵەکە کاریگەریی بەسەرما هەبوو, بەڵام وەکو..پەنگاوەی ئەدەبی وجوودی لەمنا, وە ئەو ئەدەبە وجوودییە و ئەو داهێزرانەی کە لە کورددا دیم, هەموو تێکەڵا بووە.
سەباح هەنجەر: باشە مامۆستا مادام ئەوە هەبوو, پێشتر لە شەستەکان ئەدەبی وجوودی لە ژیانت هەبوو, لە کێمەڵە چیرۆکی یەکەمت ئەو هێڵە دەرنەکەوتووە, لە کێمەڵە چیرۆکی دووەمت دەردەکەوێ کە دەکەوێتە دوای نسکۆ, کەواتە نسکۆی شێشی کورد بۆتە خاڵی دەستپێك بۆ نووسینەکە زیاتر لەوەی خوێندنەوەکە باکگراوەندی بێ و..
عەبدوڵڵا سەراج: هەرەس, هەرەسی ئینسانی کورد, هەر وەکو هەرەسەکانی سارتەرە کە لە شانەوە- الغپیان- دا باسی دەکات, ئا, بەڵێ ئەوانە هەیە, بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا, هەرەسی کورد, نائومێدیی ئینسانی کورد, کە خەباتی کرد و لە ئاخرا کەوتە دەست چەند کەسێك, چەند لایەنێك, چەند حیزبێکەوە کە نەیانتوانی بەڵێوەی بەرن, بەرەو نغرۆیان بردن, بەرەو خەرەندیان برد. ئەوانە

ڕوویانداوە.. بەڵام ئاماژە بە شتێکی کە بکەم, کەم هەخنەگر ئاماژەی پێداوە, کە تۆ دەڵێی کەمەڵە چیرۆکی یەکەم و دووەم و سێیەم, مومکینە چیرۆك هەبێ لە کەمەڵەی سێیەمدایە و هی زەمانی یەکەمە و یەکەمی تێدایە هی زەمانی سێیەمە.. بەگوێرەی کاتەکە من چاپم کرد..
ئەدیب نادر: بڕگومان, ئەو سێ کەمەڵە چیرۆکەت..
عەبدوڵا سەواج: من ئاماژەم بە هینەکانی کردووە, تاریخەکانی..
ئەدیب نادر: هەتا- بارام ناوێك هەبوو- ئەوانە هەتاکو ساڵی حەفتاونێ نووسیووتن, هەر سێ کەمەڵە چیرۆکەکەت, ئەزموونی تۆ مامۆستا..
عەبدوڵا سەواج: ئەمە لە کاتی خۆیدا کە بڕاو دەکرانەوە, ناڵێم وەکو کتێب, وەکو چیرۆك, دەنگیان دایەوە, من سێ چوار چیرۆکم نووسیبوو, کە چووم بەسەر کۆڵکی چل پەنجا کەسییدا, ئەبینم مامۆستا- هەمنی- شاعیر لەوێ بوو, کە زانی و وتیان ئەوە عەبدوڵا سەواجە, هەموو بڕەنگ دانیشتبوون, وتی وەرە لای من دانیشە, یانی- هەمن- تەنها یەك دوو چیرۆکی منی خوێندبووەوە, پێمی زانیبوو, بەس وتی ئەبێ زمانەکەت بەهێزتر بکەیت.
ئەدیب نادر: مامۆستا ئەزموونی تۆ لە ئەزموونێکی گرنگترت هەیە لە چیرۆکنووسین..
سەباح هەنجەر: هونەری تۆ.
عەبدوڵا سەواج: هەستی پێدەکەم.
ئەدیب نادر: بەڵای تۆ..
عەبدوڵا سەواج: جیاواز تۆ..
ئەدیب نادر: جیاوازتری..
سەباح هەنجەر: جیاوازتر و هونەری تریشە..
ئەدیب نادر: بەڵای تۆ بڵچی هەڵوێستەی جیددی لەسەردا نەکراوە, بڵچی نەبێتە جێی مشتومڕی هەخنەگران و لێکۆڵەران, بۆ..
عەبدوڵا سەواج: ئەوە گرفتی هەخنەی کوردییە, یان گرفتی مێژووی ئەدەبی کوردییە بەگشتیی..لە پێنج کەچیرۆکدا, شەشەمیش ئەوانەی پێنجەکەیە و زائیدەن ئەوانەی لەدوای ئاپەڕین نووسیوومن, بابڵێین شەش کەچیرۆك, تەنها زاهیر ئازبەیانی- خوا لێی خۆش بێ- لایەکی لێکردوونەتەوە, لایەکی ڕووکەش-سەتحی- بەڵام ئەوەی کە چاپی کرد, ئەوە نییە کە دایە من خوێندمەوە, من گلەییم لێکرد, وتم: تۆ وتووتە عەبدوڵا سەواج بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەدەبی تازەی فەهەنسیی بێت, یانی ئاگاداری ئامانی نوێ بێت, دەستی بە نووسینی ئامان و چیرۆکی نوێ کردووە, ئەمانەت بێ نەنووسیووە, نازانم, هەندێ بەگەی نالۆژیکی هەنایەوە, وتی دەقەکەم دا بە مەهاباد قەرەداغی و بزر

بوو..نووسیوومەوە و..وتم نا لە بۆچوونەکانت پەشیمان بوویتەتەوە, هەتا من حەز دەکەم لێرە ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکەم, کە زۆر هۆخنەگرمانەکانی منیان بە یەکەم میتافیزیکمان داناوە لە ئەدەبی کوردیدا, ئەوە مامۆستا- سابیر هۆشید- لە شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا بۆاویکردەوە و لە کتێبەکانیشیدا, دوکتۆر- فوئاد هۆشید- یش هەر هەمان شتی وتووە, بەڵام دوکتۆر- فوئاد هۆشید- ئاماژەیەکی کەی کردووە, وتوویەتی عەبدوڵا سەاج لە حەفتاکانیشدا میتاچیرۆکی نووسیووە, چۆن دەڵێی- مابعد الروایە, میتافیزیکمان- میتا چیرۆکیشی نووسیووە و ناو نیشانیشی هێناوە و وابزانم لە دیمانەکەیدا کە کردوویەتی, یان ئەو دیراسەیەی کە بۆ ئەوە پێشکەشی کردووە پلەی زانستی پێوەربگرێ..
ئەدیب نادر: لەسەر هەمان تەوەری هۆخنە دەڵێین مامۆستا, تۆ هەموو لایەن و تەکنیکەکانی گێڕانەوەت لە کورتە چیرۆکەکانتدا بەکارهێناوە..
عەبدوڵا سەاج: بە وشیاریشەوە..
ئەدیب نادر: بە وشیارییەوە و زۆر بە ئاگاوە, بۆچی, هەر لەسەر هۆخنە قسە دەکەین, بۆچی نەبۆتە سەرمەشق بۆ هەندێ هۆخنەی پراکتیکی..بۆچی..یانی هۆخنەی پراکتیکی ئێمە..
عەبدوڵا سەاج: نەك هەر بۆ من نەکراوە, بۆ چوار کەسیش نەکراوە, کوا فەرموون لە حەفتاکانەوە…
ئەدیب نادر: ئاخر ئێمە لێرەدا باس لە گرنگی ئەزموونەکان دەکەین, مامۆستا ئێمە گرنگی ئەزموونی تۆ..
سەباح هۆنجەر: گرنگترین ئەزموونمان دەدەیتێ..
عەبدوڵا سەاج: ئێمە بیست سااڵمان هەیە, لە حەفتاکانەوە بۆ نەوەدەکان, بەڵێن بۆ ئاپەڕین, ئەوەنە, بابڵێین لە ئازارەوە بۆ ئاپەڕین, ئەوە بیست سااڵکە, کوا چ کتێبێك, پەرتووکێك, نەك لەسەر چیرۆك, باسی چیرۆك بکات, لەسەر چیرۆکی کۆ, کۆ نووسراوە, تەنیا لێرە و لەوێ نەبێ, ئەویش شارچێتیی تیایە و برادەرچێتیی و نازانم چی چێتیی تری تیایە..
ئەدیب نادر: مامۆستا تۆ خۆت ئەزموونەکەی خۆت لەناو ئەزموونەکانی تردا چۆن دەبینیت؟
عەبدوڵا سەاج: من خۆم..بە..بگومان دەزانم جیام, ئەوجا ئەوەی دەمنووسی و خەڵك قبووڵی نەدەکرد, دەمزانی دەساڵی کە زۆر چاك قبووڵا دەکرێ, ئەمە, مامۆستا- نەوزاد ئەحمەد- ئەمەی وتووە, وتوویەتی ئێمە لە هەشتاکان قبووڵمان نەدەکرد, کەچی عەبدوڵا سەاج دەساڵا پێش ئێمە کەوتبوو. ئەمە تۆمارە و لای من هەیە.
سەباح هۆنجەر: مامۆستا چیرۆکی نەوەی پێش خۆت, بەڵێن ئەوانەی کە

موحەمەد مەحمود مەولوود مەم و شێخ مارف بەرزنجی و ئەوانەی لە پێش تۆ چیرۆکیان نووسیبوو, ئەتوو…
عەبدوڵڵا سەڵاح: مستەفا سالح کەریمیش هەبوو, هووف حەسەنیش هەبوو, کاکە مەمیش هەبوو, بەڵام ئەو سێ کەسەی ئاماژەت پێکردن ئەوانە لووتکەن.
سەباح هەنجدەر: مامۆستا, ئەتوو لە ئەزموونی خۆت, ئەزموونی چیرۆکنووسیت, نەك ئەزموونی ڕۆمانت, لە چیرۆکدا, چیرۆکی کوردی, چیرۆکنووسی کوردی, هیچ هونەرێکی چیرۆك لەوان فێر بووییت؟
عەبدوڵڵا سەڵاح: نەخێر هیچیان لێ فێر نەبووم. ئەگەر چیرۆکی پێش خۆمم دەخوێندەوە, یا هەر شتێکی کەلەپووریی و ئەوانە هەر بێ ئەوە بوو زمانەکەم بەقووەت بکەم, ئەگینا دەمزانی ئەمانە هونەر, مەبەستم گشتیانە, نەك هەر ئەو سێ کەسە, ئەوانە هونەریان پێ نییە, تازەگەرییان پێ نییە, بەس دەمویست زمانەکەم بەقووەت بکەم, ئەمە هەتا عەبدوڵڵا ئاگرینیش دەگرێتەوە.
سەباح هەنجدەر: یانی ئەتوو درێژکراوەی چیرۆکی کوردیت, گۆڕانکاری چیرۆکی کوردیت.
ئەدیب نادر: یانی گۆڕانکارییت لەناو چیرۆکی کوردیدا کردووە.
عەبدوڵڵا سەڵاح: وەڵاهی هەست دەکەم ئەو زمانەی من پێییم دەنووسی و بڕاوم دەکردەوە, بووە بە..وە بە شایەدی خوالێخۆشبوو شەهید موحەمەد مەحمەد ئەمین کە لە- بیری نۆ- دا وتوویە و ئاماژەی پێکردووە, کە چیرۆکەکانی منی پێش هینەکانی حوسێن عارف و کاکە مەم خستووە و بە دەمیش پێمی وتووە, وتوویەتی زۆر موعجەبم بە تەکنیکەکانت…
سەباح هەنجدەر: مامۆستا من لە چیرۆکی کوردی ئەو تەوژمەی لە حەفتاکان دروست بوو, ڕوانگە, یانی ئەوانەی خۆیان بە نوێکەرەوەی چیرۆکی کوردی دەزانن, کەچی ئەو گرووپەی ڕوانگە هیچیان لە ڕووی چیرۆکەوە نوێکەرەوە نەبوون, نوێکەرەوە لە توو لە لەتیف حامید و لە سەدرەددین عارف و لە ئەحمەد شاکەلی و ئەوانەوە دروست بوو, ئەوە گۆڕانێك بوو, گۆڕانێك بوو زۆر جیاواز, یانی هەست بە گۆڕانی کەشوهەواکانی دەکرا..
عەبدوڵڵا سەڵاح: هەبەتا من, وەکو جەنابت وتت, لایەنی چیرۆك باس دەکەم, باسی شیعر ناکەم, وتت ئەحمەد, ئەحمەد شاکەلی لە نووسین وەستا, لەتیف حامید زۆر سەرەتایەکی بەهێز بوو, لە هەموومان بەهێزتر بوو, بەداخەوە, خوالێخۆشبێ نەما, ئەوانەی کە…
سەباح هەنجدەر: سەدرەددین عارف..
عەبدوڵڵا سەڵاح: سەدرەددین عارفیش لە نووسین وەستا. بەڵێ وەستا. ئێستایش مەوجوودە, وەستا. ئێ, من و کێی کەت ئیشارە کرد؟

سەباح ھەنجدەر: لەتیف حامید و سەدرەددین و ئەوانە..
عەبدوڵا سەاج: لەتیف حامید ئیشارەتم پێکرد, بەس لە دەرەوەی ڕوانگە, چونکە دوو قسەی مەشهوور هەیە, هەردووکی باس دەکەم,- لەتیف هەمەت- قسەیەکی هەیە دەڵێ داوایان لێکرد بچێتە ناو و بەشداری بکات لە ڕوانگەدا, وتی ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەنەهێنا, ئەوە قسەکەی ئەوە, بەڵام قسەکەی من ئەوە بوو لێمیان داوا دەکرد بچمە ناویان, پێشمیان وت, ئەوەی مەوجوودە سەلام محەمەد مەوجوودە, وتی وەرە, وتم بۆ تەنزیمی مافیاتان داناوە بۆمە ناو تەنزیمەوە و بتناسێنم بە حوسێن عارف و ئەم و ئەو و..ئێ وتم من ئەوانە دەناسم, بەهەرحاڵا, وتم من خۆم بە سەرووی ڕوانگە دەزانم, یانی خۆم بە نوێکار دەزانم, ئەوە ناڵێن نوێکاریی, تەکنیك, ئێ من خۆم بە نوێکار دەزانم, ئەوانەی ئەوە ئەوەتا بڵاوی دەکەنەوە, زۆر نوێکان نا, بەڵام ئەوە هەر بەنیسبەتەوە, ئاماژەت بۆ یەکێك بکردایە چیرۆکی باشی نووسی, ئەگەرچی شاعیریش بوو, ئەویش- سەاح شوانە-, چەند چیرۆکێکی چاکی بۆ ئەو سەردەمە نووسی, چیرۆکەکانی بەهێز بوون, وابزانم ئێستا لە کۆچیرۆکێکدا خۆکراونەتەوە. بەڵێ..
ئەدیب نادر: مامۆستا تۆ..
عەبدوڵا سەاج: لەو سیانەی کە ئاماژەت پێکردن, حەز دەکەم نەختێ تەفسیر بدەم, لەسەر ئەوەی کاك ھەنجدەر وتی, لەبەر ئەوەی سێ لووتکەی باس کرد, مارف بەرزنجی, موحەڵەم محەمەد ئەمین, خوالێخۆشبێ, هەروەها مەم, هەریەکەیان خەسڵەت و جیاوازییەکی هەیە, بەڵام هونەریترینیان لای من, هەر چەندە زوو لە نووسین وەستا, محەڵەم محەمەد ئەمینە, مەم و بەرزنجی زیاتر لایەنی سیاسییان بەدەستەوە بوو, هەروەکو چۆن- ئیبراهیم ئەحمەد- کە شتی دەنووسی, چیرۆکی دەنووسی و ڕۆمانی دەنووسی, مەبەستی ڕۆمان نووسین و هونەر نووسین و چیرۆك نووسین نەبوو, لە پاڵا سیاسەت کردن مەبەستی کوردایەتی کردن بوو, هینەکانی مارفیش سیاسەت کردن بوو, هەروەها مەمیش, بەڵام هەر چەندە- مەحەڵەم محەمەد ئەمین- کۆنە سیاسەتمەدار بوو, بەڵام سیاسەتی نەدەکرد, بۆیە دەڵم هونەری تۆرە, بەڵام بەداخەوە زۆر زوو وەستا..
ئەدیب نادر: مامۆستا زمانت زۆر چۆ کردۆتەوە لەناو چیرۆکەکاندا, یان با بڵێین زمانت هێندە بە شێوەیەکی ئیکۆنۆمییانە-کورتگەرا و ئابووریییانە-
عەبدوڵا سەاج: وشەم داتاشیووە..
ئەدیب نادر: بەکارهێناوە, بەکاربردووە, لە هەندێ شوێندا, خۆنەر هەست بەوە دەکات سەروکار لەگەڵا وشە لێکترێەکان- کەلیماتی موتەقاتیعە- دا دەکات, یانی وەکو ئەوەی مەسەلەن تۆ شتت زۆر باس

کردووه, یان بازی زرت داوه, بەای تۆ بۆ ئەوەی ئەم هەستە ووندا خۆنەر پۆیستە چی بکات, یان خۆت ئەگەر خۆنەر هەستکی وای هەبۆت ئەم هەستەی بۆچی دەگۆیتەوە؟
عەبدوڵا سەاج: تێبینییەکی جوانە. ڕاستە, نووسینەکانم بەتایبەتی چاندووە, یا چۆە, تەشبیهەکانم, لۆچووانەکانم ئاسایی نین. بۆ نموونە, ناڵم: ئاسمان شینە, دەڵم: ئاسمان شووشەیەك مەرەکەبی شینە, ئا بەم جۆرە, لە جادەکە تۆپەی, نەموتووە تۆپەی, وتوومە جادەکەی سەربی. من لە چیرۆکدا مەبەستمە و لە زۆر, لە چەند دیدار و ئەمانەشدا ئاماژەم بەوە کردووە و دووبارەی دەکەمەوە, کە من سەندەویچی حازر بە خۆنەر نادەم, چۆن بە چیرۆك ماندوو دەبم, ئیبداع دەکەم, دەئافرێنم, دەبۆ ئەویش ماندوو بۆ لەگەڵما بۆ ئەوەی هەست بە چێژەکەم بکات, شتکی ئاسانی بدەمێ وەکو ئاماژەت دا, کەوابۆ وەکو چیرۆکەکانی یووسف ئەلسەباعی و ئەمانە دەنووسم..بە ئاسانی لەو سەرەوە کە دێیتەوە هیچت لا نامێنێ. بەڵام کە خۆی ماندوو کرد و لەو دەربۆینە تۆگەیشت, زۆر ..ئا..تەجرەبەیەکی کەت بۆ بگۆڕمەوە..
سەباح ەنجدەر: سەرنجکی بچووکم هەیە لەو..
عەبدوڵا سەاج: لە ڕاپەڕینەکەدا کابرایەکم لەگەڵا بوو, ناوەکەییم لەبیر نییە, کەرکووکی بوو, ێیشی درێژ بوو, گەنجۆ بوو, ئاوا لە مەهاباد لە ئوتێل بووین بەیەکەوە, وتی مامۆستا من لە تۆ تێناگەم, عەینەن ئەم پرسیارەی تۆی کرد, منیش کتێبەکانم پێبوو, وتم باشە کام چیرۆك تێناگەی؟ چیرۆککی ئیشارەت کرد, وتم بۆت دەخوێنمەوە, بۆیم خوێندەوە و دەستم کردە شەرح کردنی, ئەمە بوو, وتی ئای مامۆستا خۆ من وا تێنەگەیشتم, سەیرم کرد لەزەتکی یەکجار خۆش تۆگەیشت, ئەوەیە, من دەمەوێ خۆنەر ماندوو بۆ..
ئەدیب نادر: من ئاماژەم بەوە نەدا کە من لێی تێناگەم مامۆستا, من دەڵم, خۆنەر لە پڕۆکا چیرۆك دەخوێنێتەوە , هەست بەوە دەکا لە پڕۆکا تۆ دەڵێی فڕان کەس مرد, دوای ئەوە شتی تر باس دەکەی, دوای ئەوە شتی تر, شتی تر, شتی تر, شتی تر..
عەبدوڵا سەاج: ئاخر ئەوە مێنتاژی سینەماییە..
ئەدیب نادر: ئا مەبەستم, مەبەستم, یانی..
عەبدوڵا سەاج: بەس شتکی کەیش هەیە, بەس پێشەکی مامۆستا دەبۆ ئاماژە بدەین چ خۆنەرك؟ خۆنەر هەیە هاکەزاییە هەر بۆ کات کوشتن, هەیە هەر حەز دەکا بخوێنێتەوە, خۆنەریش هەیە قووڵدەبێتەوە..با من شتکی جوانت بۆ بگۆڕمەوە..خۆنەری سی ساڵا, چل ساڵا لەمەوپێشم هەیە, ئێستا لە جادە دەمگرێ دەڵ فڕانت نووسی..ئەو ێژە وەستا بووم, ئەمە خۆشە بیگۆڕمەوە, وەکو

چیرۆکیشە, وتم لەناو بازاڕی شێخەکا وەستابووم, سەوزە و مەوزە و شتێك, گەیەك بوو, وتم کاکە ئەمە چییە؟ وتی ئەمە نازانی چییە؟ وتم نەخێر, وتی ئەمە جەرجیرە, بۆ ئەوە باشە, بۆ سێکس باشە, گوتم دەی بۆ سەرەتانیش باشە, ئینجا گوتم دەمەوێ, چەنی بە چەنە؟ وەك تەجروبە, گوتی بۆ شەکرەیش باشە, گوتم شەکرەم هەیە, کە ویستم ئاوا بکەم پارەکە دەرکەم, لەبان شانمەوە دینارێك شکڕایەوە, ئاوڕم دایەوە, وتم کاکە ناتناسم تۆ کێیت؟ وتی من یەکێکم لە خوێنەرەکانت, ئەی سەلمانی پاك ئاوها و ئاوهات کرد, باشە من باشتکت پێ بڵێم, بەخودا لە- عەتا قەرەداغی- باشتر لە هەمانەکە تۆگەیشتبوو, – عەتا- وا دەزانێ سەلمان هینە, زارایە, زەردەشتە, کەچی ئەو وتی مامۆستا باسی سەلمان پاك دەکەیت, یانی خوێنەر هەیە ئاوها بەدوایا دەگەڕێت..
ئەدیب نادر: بڵگومان..
عەبدوڵا سەاج: ئەو سایەقەی کە کتێبەکانی بڕم هێنا, تەلەبەشم بووە وتی مامۆستا چیرۆکێکتم لەبیرە, کابرایەك, فەللاحێك هەیە دارهەنجیرێکی هەیە بەرناگرێ و دوایی خوێن دەخاتە بەری و بەر دەدا و ئەوە شتەکەی سیاسییە و ئەوەیە و ئەوەیە. وتم ئەوە لە هەوڵر خوێندمەوە و هەتا- عەلاددین سوجادی- هەستا چەپڵەی بڕم لێدا و وتی کاك- عەبدوڵا- لێی تۆگەیشتم چی دەڵێی..ئاوهای وت.
سەباح هەنجدەر: پەیین.. چیرۆکی پەیین..
عەبدوڵا سەاج: ئا..مەبەستم ئەوەیە..
سەباح هەنجدەر: بەس مامۆستا من سەرنجێکی ترم هەیە..
سەباح هەنجدەر: لەو چۆکردنەوەی زمانە هەست ناکەم گرتەی سینەمایی بێت, یان کەلیمات موتەقاتیعە بێت, ئەمن هەست دەکەم..
ئەدیب نادر: من نازانم..
سەباح هەنجدەر: عەفوەن, نا نا وەکو هونەر, وەکو هونەر..
ئەدیب نادر: وەکو ئەوە ئینسان لێی تێدەگا, بۆ نموونە, لەبەر ئەوەی پچڕ پچڕە..
سەباح هەنجدەر: هەست بەوە دەکەم..
عەبدوڵا سەاج: ئێستا من پچڕ پچڕەکەشت وەڕام دەدەمەوە.
سەباج هەنجدەر: ئا, دەزانم..ئەوجا هەست دەکەم ئەو چۆکردنەوەیە ووناکیی شێوەکارییە, یانی شێوەکاریی لەیەك خاڵدا هەنگەکانی چۆ دەکاتەوە, یان هەست دەکەم ئەو هونەری چۆ کردنەوەیەی زمان لە کنە توو زیاتر هونەرێکی تەشکیلییە, شێوەکارییە..
عەبدوڵا سەاج: ئەوە زۆر کەس هەیە باس دەکات, تەنانەت لەو پیشانگایەی لە هەوڵر کردمەوە- جەلیل کاکەوەیس- یادی بەخێر, حەزم دەکرد لێرە بوایە, گوتی وەڵا ئەمە, ئەمانە هەمووی

خوەندوومانەتەوە, ئەم ەسمانە لە چیرەکەکانتدا هەیە, هەر بەاستی واشەئا..باسی شتەکتان نەکرد, بە ئەو پچە پچەییەی تە, بەین پچە پچەی, لە شتەکەوە یەکسەر دەچمە سەر شتەکی تر, شتەك هەیە پەی دەەن..

ئەدیب نادر: با باسم کرد مامەستا..

عەبدوەا سەاج: نازانم, هەتا ئەستا زاراوەی بە کوردی بە نەدزراوەتەوە..ئەوە پەی دەەن تەداعی..تەداعییەکا نیش سە جەرن, من کردوومەتە چوار جەر, لە کتەبی, ئەوەی کە لە- بەرەو ئاستانەی ەمانی نو- و ئالەرەیشدا زەر باسی زەمەن و جەکات هەیە, لەبەر ئەوە ئیشارەتی زەر نادەم, بەس لەسەر زاراوەی تەداعی دەوەستم, تەداعی لەفزی..تەداعی چییە؟ دەە ئینسان تەداعی کرد..زەر کەس باس دەکات, لە چیرەکەکەیدا تەداعی هەیە, نازانە تەداعی چییە, لە کتەبەکانمدا ەوونم کردەتەوە, تەداعی ئەو حاەتەیە بەینی بیرکردنەوەت لە مەشکتدا بیر دەکەیتەوە و خەریکە ستە دروست بکەیت هەشتا دروست نەبووە, لەبەر ئەوەی دەەی سبەی دەچمە بازا, نەختەکی کە دەەی, ئا ئەم گەپە بەقووەتە, ئاووەدەیتەوە و دەەی ئەر ئەم دەرگایە بە وا پانە؟ سەیر دەکەی پەیوەندییان بە یەکەوە نییە, ئەمە تەداعییە, پەش ئەوەی..

ئەدیب نادر: ئەو پچە پچەییە هەیە..

عەبدوەا سەاج: ئەوە تەداعییە, شت شت ادەکەشە, لەفز لەفز ادەکەشە, وەنە وەنە ادەکەشە, ستە ستە ادەکەشە, مەسیقا مەسیقا ادەکەشە, هەموو شتەك..

ئەدیب نادر: بیرکردنەوەت لەژیکییانە نییە..

عەبدوەا سەاج: بەە..

ئەدیب نادر: یانی بە لەژیکەك شتەکان نابەسترە بە یەکەوە..

عەبدوەا سەاج: ئەمە زەر بە تەفسیلی لە پەیقستان هەیە و لە کتەبەکانی کەیشمدا زەر بە دوورودرەژی باسی ئەم شتانەم کردووە, با درەژەی نەدەمە..

ئەدیب نادر: باشە مامەستا تە بە کورتە چیرەك شرەتت پەیداکردووە, سەرباری نووسینی چەندین ەمانیش کەچی هەشتایش هەر قورسایی نووسەربوونت چیرەك هەگرەتی, ئەمە بەچی دەگەیتەوە, بەچی هەر وەکو چیرەکنووسەك زیاتر ناسراوی و..ئاماژەت پە دەدرەت؟

عەبدوەا سەاج: ئا زەر جوانە..هەر پەرە برادەرەك, شیڤان شرزاد, پەیقستانی هەخستووە و قسەی لەسەر کردووە بە بە ئەوەی بیخونەتەوە چی تیایە و چی تیا نییە, دەە ئەزموونەکی نوە, کیتابەکی نوی عەبدوەا سەاجە, دوو ئاگایان لە هیچ نییە..

ئەدیب نادر: مەبەستت ئەوەیە بەبێ ئەوەی کتێبەکە بخوێنیتەوە
ڕانانی بۆ کردووە؟
عەبدوڵا سەڵاح: ئا, بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە, بیستوویەتی عەبدوڵا
سەڵاح, نازانێ من کێم, چەند کتێبم هەیە, بیستوویەتی عەبدوڵا
سەڵاح چیرۆکنووسە, دەڵێ چیرۆکنووس عەبدوڵا سەڵاح, باشە من ئەوە
دەکەم بە داوەر, من شەش کۆچیرۆك و یانزە ڕۆمانم هەیە, دەبێ
ڕۆماننووس بم, یا چیرۆکنووس بم؟ خۆ عەیب نییە چیرۆکنووس بم.
ئەدیب نادر: نا نا خۆ ئەوە..
عەبدوڵا سەڵاح: من لە دیمانەیەکی کەشیدا..
سەباح ەنجدەر: بەس مامۆستا نووسەر بە کتێب, بە ژمارەی کتێب
نابێتە داهێنەر, بە داهێنان دەبێتە داهێنەر, مەرج نییە بۆن
ژمارەی ڕۆمانت زیاد بێ وەکو ڕۆماننووسێکی داهێنەر تەماشا بکرێی,
چیرۆکت پشتگوێ بخرێ..
عەبدوڵا سەڵاح: من باسی ئیبداعم نەکردووە..
سەباح ەنجدەر: بێ نموونە ئەمن خوێنەرێکی وردی تەمە, یانی هەر چی
شتێك لە ژیانی تەدا نووسرابێ ئەمن خوێندیتمەوە, ئۆستایش"ئیبراهیم
شەراوی", لەوانەیە تاکو ئۆستا ئەمن پانزەجار خوێندبێتمەوە,
عەبدوڵا سەڵاح: ئەوە.. ئەوە..
سەباح ەنجدەر: کاتژمێری..
عەبدوڵا سەڵاح: هەشت و نیوی بەیانی- هەشت و نیوی شەو..
سەباح ەنجدەر: چیرۆکی پاسکیل, یان چیرۆکی..
عەبدوڵا سەڵاح: پەیین..
سەباح ەنجدەر: پەیین..
ئەدیب نادر: پەیکەر..
سەباح ەنجدەر: یان پەیکەر, یان ئەوەی دێ, دایکەکە ڕانکوچۆغەیەك
بێ کوڕەکەی دەکات کە پێشمەرگەیە, دواتر یەکێك دێت خەبەری شەهید
بوونی دەهێنێ..
عەبدوڵا سەڵاح: بەڵێ..
سەباح ەنجدەر: یا بڕیار..
عەبدوڵا سەڵاح: یەکەم سێ چیرۆکمە ئەوە..ڕاوەگورگ..
سەباح ەنجدەر: یا چیرۆکی بڕیار,
عەبدوڵا سەڵاح: بڕیار..
سەباح ەنجدەر: ئەوانە, ئەوانە چیرۆکی..
ئەدیب نادر: ئەی ئەو چیرۆکە ناوی چییە کە سایقەکە مناڵێك لەناو
ئۆتۆمبێلەکەی بەجێهێڵراوە؟
سەباح ەنجدەر: مەڵێتکە..
ئەدیب نادر: مەڵێتکە..یانی..

عەبدوڵا سەراج: هەموو ئەمانەی کە وتتان چیرۆکی کەشی تیایە, یانی وەکو چرا دەدرەوشێنەوە لە چیرۆکی حەفتاکان بێ نەوەتەکان..
سەباح هەنجدەر: ئێ جوانە, جوانە..
عەبدوڵا سەراج: ڕاستە, زۆر تەواوە..
ئەدیب نادر: بەڵام بۆچی بە ڕۆمانەکانت نەناسراوی, شارەتت بە چیرۆکەکانەوەیە؟ ئایا لەبەر ئەوەی تێ بە چیرۆك دەستت پێکردووە, یاخود لەبەر ئەوەی..
عەبدوڵا سەراج: ئا..ئا..چونکە..
ئەدیب نادر: گرانی و قورسایی چیرۆکەکانت گەورەترن؟
عەبدوڵا سەراج: لەکاتێکدا ئەو چیرۆکانە نووسراون ئەدەبی کوردی, یا چیرۆکی کوردی بەرگرییش بوو چەکیش بوو بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس, لەبەر ئەوە براەرێك, کە شتێکم دەنووسی, بێ نموونە هەئووف حەسەن دەیگوت: دەزانم چی دەڵێی, جەلیل کاکەوەیس ڕۆژێك وتی: تێگەیشتم بڕیار مەبەستت کێیە, یانی بەزۆر خەڵك دەکەن بە بەعسی..یانی شت, بەرگرییمان دەکرد, ئەدەبمان دەنووسی, خوێنەری باشیشمان هەبوو, ئەنا خوێنەر کەم بوو بەس خوێنەری..دەتوانم بڵێم خوێنەری داهێنەرمان هەبوو..ئێستا خوێنەر نییە, دەبینم شاعیرە پێنج شەش کیتابی هەیە, دەڵێم مەقالێکم نووسی لە فڕان شوێن..خوێندتەوە؟ دەڵێ نەٕ , ئەی ئاخر کتێبمت خوێندەوە؟… یا مامۆستایەکی زانکۆ, ناونابەم, هەتا ئێستا دوو جار لێمی داواکردووە چەند کتێبت هەیە؟ ناو کتێبەکان و ڕۆمانەکانم نازانێ, کەچی مامۆستای..دەتوانم بڵێم مامۆستای ڕۆمانیشە..ناوی کتێبەکانم نازانن..
سەباح هەنجدەر: بەس کاك ئەدیب, یانی لە ڕووی..
عەبدوڵا سەراج: یانی هەژارییەکی ڕۆشنبیرییە ئەمڕۆ نەبێتەوە..
ئەدیب نادر: نا, مامۆستا خوێنەری گرنگ هەیە, ئێمە وەکو خوێنەری..
عەبدوڵا سەراج: کەم…کەم…
ئەدیب نادر: ئێمە وەکو خوێنەری گرنگ, بێ نموونە لێرەدا ئاماژەم بە خوێنەر و ئەوانە دا, ئەو خوێنەرانە گرنگن بێ ئێمە تاکو ئیشیان بێ بکەین, ئەم پرسیارەی کە کردم, کە باسی کەلیماتی موتەقاتیعە و ئەوانەم کرد, مەبەستم ئەو خوێنەرەیە, چی بکات بێ ئەوەی بەو شێوەیە چێژ وەرگرێت لە نووسینەکانی تێ, لە دەقەکانی تێ..
عەبدوڵا سەراج: بەوردیی بخوێنێتەوە, خوێنەری ئەمڕۆ دەبێ هەبژێرێ, چونکە ئەوەنە شت لە بازاڕ هەیە دەبێ نووسەرەکان بناسێ و پێشتر شارەزایی لەسەریان هەبێ, هەبژێرێ..
ئەدیب نادر: باشە مامۆستا..
عەبدوڵا سەراج: بەڵێ فەرموو..
ئەدیب نادر: بەڵای تێ بۆچی هەتا ئێستا نووسەرانی نەوەکەی ئێوە

قسەیەکیان نییە دەربارەی ئەزموونی نەوەکەی دوای خۆیان؟ ئایا لەوەوە دێ کە شانازی بەوانەوە ناکەن کە درۆژە بەو هونەرە دەدەن کە ئێوە چەشکێنی بوون؟..هەتا ئێستا بێ نموونە هەسەنگاندن نییە لای نەوەکەی ئێوە بێ نەوەی دوای ئێوە..

عەبدوڵا سەاج: ئا..نەوەی تازەتر..

ئەدیب نادر: بەڵێ نەوەی تازەتر..هی دوای خۆتان, کە بێ نموونە هەگری هەمان ئاڵای کورتە چیرۆك و بابڵێین ئەو..

عەبدوڵا سەاج: ئەوە..مەرج نییە هەسەنگاندن, چیرۆکنووس, یان ڕۆمانووس هی پاش خۆی هەبسەنگێنێ, ئەوە ئیشی ڕەخنەیە, بەڵام من هەمیشە پێش..- ڕوو دەکاتە سەباح ڕەنجدەر- پێشتم وتووە وەکو ئاماژەم دا, وتم ئەو سۆکوچکەیە هەیە, برایم ئەحمەد هەیە بە نموونە, ئەگەر دەسااڵن بڵێینە دواوە, ئەوا زۆر ناو هەیە, ناویان بزر نییە, پاش ئەمەیش نەوە هەیە, بەڵام ناڵێم هەمووی, بەڵام سەتا حەفتای نەوەی دوای نەوەد بێ دووهەزار, ئەم دە ساڵە, من حوکمێکی تەواو ناتوانم بدەم, چونکە لە دەرەوەم و زۆر ناخوێنمەوە و بارودۆخی تەمەن و چاوم, ناتوانم بڵیارێکی ڕاست بدەم, بەڵام حەتمەن نەوەیەك پەیا بوونە, هەن, بەڵام زۆری خراپیشی تێکەڵاوی نەوەی تازە بووە, وەکو بڵێین بۆتە کێشە و قەیرانی چیرۆکی کوردی, کە کاك- جەلیل- ئاخ و داخێتی بەدەست ئەو زۆر بڵاوییەوە, ئەوەش بۆچی دەگەڕێتەوە؟ زۆروبۆریی ڕۆژنامە, وەرزنامە, حەفتەنامە, گۆڤار, هەریەکە دەیەوێ هینەکەی..بارگاویی بکات بە چیرۆك و بە شت, چاك و خراپ هەر پێی کات..ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکە.. ڕەخنەیش..

سەباح ڕەنجدەر: بەس مامۆستا لەوەی..

عەبدوڵا سەاج: هۆکارێکی کەیش ڕەخنەیە, ڕەخنە لاناکاتەوە, چاك و خراپ…

ئەدیب نادر: مامۆستا وەکو درۆژەدان..

سەباح ڕەنجدەر: کاك ئەدیب وتی هەسەنگاندن نییە, بەڵام ئەتو لە یەکدوو, لە زیاتر لە یەکدوو چاوپێکەوتنی خۆت

ئەدیب نادر: من باسی ئەوەم کرد ئەزموونی دوای خۆتان..

سەباح ڕەنجدەر: ئا..لە ئەزموونی دوای خۆت سۆ کەس هەڵدەبژێری, لەو سۆ کەسە تێناپەڕێ..

عەبدوڵا سەاج: توخوا پێم بڵێ کێ و کێیە..

سەباح ڕەنجدەر: جەلیل کاکەوەیس, غەفوور ساڵح عەبدوڵا, شێرزاد حەسەن..

عەبدوڵا سەاج: ئا..سەاح عومەریش..

سەباح ڕەنجدەر: لە دوو سۆ چاوپێکەوتنت هەر تەرکیز لەسەر ئەو ناوانە دەکەیت..

عەبدوڵا سەراج: بەڵێ, ئەوانە, ئەوانە, ئەوانە وەکو..ئەوانە پێش ئاپەرین خوێندوومنەتەوە, ئەو, ئەو, ئەوانەی نەوەی دوای ئەوان, زۆر شارەزا نیم لێیان, حەتمەن ئێستا جەماعەتێ پەیا بوونە من ناوەکان ناتوانم لەبیرم بێ, بەتایبەتی لە کاروان, لە ئامان, چیرۆکیانم خوێندۆتەوە. بەس ناتوانم ناوەکان بڵێم ئێستا..
سەباح ئەنجەر: با بڵێین مامۆستا لەو نەوە نوێیەی کە باسیان دەکەین کاك ئەدیب نادر چیرۆکی جوانی هەیە, کاروان کاکەسوور چیرۆکی جوانی هەیە,
عەبدوڵا سەراج: ئا..بەڵێ ئەوانە..
سەباح ئەنجەر: عەتا محەمەد چیرۆکی جوانی هەیە,
عەبدوڵا سەراج: تاك و تەرا ئەوانەم خوێندووەتەوە..
سەباح ئەنجەر: ئارامی کاکەی فەلاح چیرۆکی جوانی هەیە,
عەبدوڵا سەراج: بەڵێ ئەوانە هەیانە..
سەباح ئەنجەر: نازانم تا چەند شارەزای..
ئەدیب نادر: دانا فایق..سیامەند هادی..
عەبدوڵا سەراج: کێ…
سەباح ئەنجەر: دانا فایق..سیامەند هادی..
عەبدوڵا سەراج: بەڵێ بەڵێ..
ئەدیب نادر: توانا ئەمین..
سەباح ئەنجەر: تا چەند ئەمانەت خوێندۆتەوە, هەستت بەوەی کردووە جیاوازیت..
عەبدوڵا سەراج: بەخوا پێشتر..
سەباح ئەنجەر: جیاوازیت, لەگەڵا خوێندنەوەی ئەوانە هەستت کردووە جیاوازییەك لەگەڵا تێ هەیە؟
عەبدوڵا سەراج: ئەمانەم خوێندۆتەوە بەگشتیی وەکو ئاماژەت دا بە ناوەکان.. لە گۆڤاری هەنار, ئامان, جاران لە کاروان, ئەوانەم خوێندۆتەوە تاك و تەرا, بەڵام وەکو وتم تەمەن, مەسەلەی تەندروستی چاوم, دووری وڵات و دەست نەکەوتن, ئاخر چاوم وای لێم کردووە ناتوانم ئەنتەرنێت تەماشا بکەم..
سەباح ئەنجەر: نا مامۆستا..
عەبدوڵا سەراج: یا ئەو گۆڤارانەم پێناگا..
سەباح ئەنجەر: یانی لەو تاك و تەرایانەی خوێندیتتەوە, هەستت کردووە ئەزموونی ئەوان جیاوازییەکی هەیە لەگەڵا ئەزموونی ئێوە؟
عەبدوڵا سەراج: ئا..تا ئادەیەك..
سەباح ئەنجەر: ئەو جیاوازییە چییە؟
عەبدوڵا سەراج: ئەو جیاوازییە ئەوەیە کە ئەوان زۆرتر دەیانەوێ زاتییەتی خۆیان دروست بکەن, زاتییەتی خۆیان..ئێمەگەلیش, نەوەی

ئەمەیش, هەوەمان دەدا میللەت و گەل بنووسین, تا ئادەیەك..بێ..
ئەدیب نادر: یانی..با بڵێین ئەوە بابەتگەرایانە زیاتر بۆ دەڵێیشتن..
عەبدوڵا سەاج: بەڵێ, وەکو پێشتر ئاماژەم دا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە سیاسەتیان دەکرد, ئەمەیش تا ئادەیەك بەربەرەکانی حیزبی بەعسمان دەکرد زەبرمان لێدەوەشاند و دەمانویست..هەست دەکەیت..سەیر دەکەی پەیینم وتووە بە هەزار ئاووز..لە..لە حەرامەکان, چی پێ دەڵێن, لە تابۆکانم داوە, لە تابۆی ئایینیی بێ, سێکسیی بێ, سیاسیی بێ داومە..بەڵام هەر وەکو لە چاوپێکەوتنێکمدا دەڵێم, لە بۆشاییەکەوە, خشکەیانە لێم داون, بێ ئەوەی یەکەم بتوانم بڵاوی بکەمەوە و بیگەیەنمە خەڵك, دووەمیش زەرەری بێم نەبێ..بەڵێ..بەڵام نەوەی ئێمە وەکو کاك سەباح وتی ئەگەر لە ئێمە جیاوازتر نەبێ و ئێمە تێنەپەڕێنێ کەواتە نەوە نین..
سەباح ئەنجەر: ئێ جوانە..
عەبدوڵا سەاج: دەبێ ئێمە تێپەڕێنن و حەزیش دەکەم تێمپەڕێنن..
سەباح ئەنجەر: وەڵا ئەوە ئاستگیرییە…
ئەدیب نادر: مامۆستا ئەو حەزە, ئەو حەزە لەوەوە..
عەبدوڵا سەاج: زۆر حەز دەکەم تێمپەڕێنن و بڵێن عەبدوڵا سەاج مودێلی کێنە, بەڵام ئۆستایش ئەخنەگر هەیە دەڵێ ئەوە ماون, تۆش ماوی لە گۆڕەپانەکەدا, ئەوەش کەم نییە بۆم..پەنجا ساڵە, ئەو برادەرە دەنووسێ نزیکەی پەنجا ساڵە, نزیکەی نییە, پەنجا و پێنج ساڵە لە نووسیندام..
ئەدیب نادر: مامۆستا بابەتی چیرۆکەکانت, تەنانەت بابەتە ئاساییەکانیش زۆر ناڕوونن, تەمومژێکی چڕ دەوریان دەدات, ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە, لە بەکارهێنانی زمانێکی چڕوپڕی سیمبۆلییەوەیە, یان..
عەبدوڵا سەاج: سیمبۆڵی و هونەری..
ئەدیب نادر: یان لەوەوەیە کە بابەتێکی دیاریکراو تیایاندا بوونی نییە و کردارێك, یاخود تەنها شەقڵا و گۆڕانەوەیەکی هونەرییانە هەوڵی بەرجەستەکردنی دەق دەدات؟
عەبدوڵا سەاج: ئەوەی یەکەم بۆچوونی تێ زۆر ئاستە, چۆکردنەوە و سیمبۆڵاندن و ئەمانە, دووەم خۆشاردنەوە لە چاوی سانسۆر و قەیچی, مەقەستی سانسۆر, ئەوە وات لێدەکات تێ بیچڵێنی و مۆنتاج بکەیت بێ ئەوەی شتەکانت بگەیەنی..من ئووداوێکی جوانی مێژوویی دەگێڕمەوە, ڕۆژکیان- هەڵکشان بەرەو لووتکە- یەکەم ڕۆمانم بوو, زۆر تاخیر بوو, چوار ساڵێك تاخیر بوو, یانی شەست و چوار تەسلیمم کردووە تاکو..لە کتێبەکە نووسراوە..

ئەدیب نادر: هەشتاوچوار..
عەبدوڵا سەاج: هەشتاوچوار..هەشتاونۆ چاپ بوو, هەر بە عەکسیش تاخیریان کرد..ئەوە لێی گەڕێن..ژێکیان چووم بۆ لای- موسڵیح جەلالی- کە بەڕێوبەری گشتیی بوو ئەو وەختە, بە حوکمی ئەوەی دەمناسی کەرکووکییە و کۆن شیووعی بوو, دەمناسی, کە شیووعی بوو بۆاوکراوەی دەدا پێم, ئەو وەختە من مارکسیی و شتی وابووم سایی پەنجاکان, بە حوکمی ئەوەی کەرکووکییە و ئەوە, خزمێکی جەلالیشمان هەیە, ئەوە یانی نزیك بووم لێی, چوومە لای گلەیی لێبکەم بۆچی کتێبەکەم دەرناچێ..دەق قسەی ئەو دەگەڕمەوە, وابزانم لە چاوپێکەوتنێکدا کە هەنگە کاك سەباح لەبیری بێ وتوومە لە شوێنێکدا, وتی کاك عەبدوڵا باش جنۆومان پێدەدەی, ئەمانشێیتەوە- یانی مەبەستی حیزبی بەعس بوو- بەڵام وا جوان دەیێیت هەم نە تێ زەرەرمەند دەبی, نە ئێمەیش..یانی دەتوانین بڵاوی بکەینەوە, یانی ئەوە لێرە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خۆشاردنەوەش هەیە لە سانسەر..دەشمتوانی بڵاوی نەکەمەوە, بەڵام من دەمەوێ بڵاوبێتەوە, لەوسەروبەندەدا دەمتوانی لەوە توندتر و باشتریش بینووسم, بەڵام بڵاونەدەبووەوە, دەمگوت, وەکو دەڵێن, زەرەر لە نیوەشدا بگەڕێتەوە باشترە..بۆیە مەبەستم بوو شتەکە (بگەیەنم), بۆ نموونە باسی هەڵەبجەم کردووە, لە کاتی زەمانی هەڵەبجە من بڵاوم کردووە کە هەڵەبجە شەهید کراوە کە حوکمەت و ڕەقابەی حوکمەت پێی نەزانیووە, کابرایەك, ژنەکەی دەڵێ مێش خواردمانی, دەڵێ دەرمانی مێش نییە, دەگەڵێ بۆ دەرمانی مێش, نەماوە و قات بووە, دەڵێ کچێ ئافرەت وەڵا دووکاندار پێمی وت بڵێمە ئەو شارەیش خەڵك نەبوو لێی بپرسم, دەرمان مێش نەماوە, یانی هەڵەبجە ئیبادە کراوە, ئەوە بڵاوم کردەوە, ئێ ئەگەر بە ڕەمز نەمگوتایە چۆن بڵاو دەکرایەوە, هەر هەڵدەواسرام..
ئەدیب نادر: مامۆستا وتمان چۆپێیی زمان و سیمبۆیی زمان و..
عەبدوڵا سەاج: مەبەستیشی تیایە..
ئەدیب نادر: بابەت, یاخود لەبەر ئەوەی کە بەڕاستیی بابەتێکی دیاریکراو..
عەبدوڵا سەاج: ئا..دەمەوێ زمانێکی تازە دروست بکەم.
ئەدیب نادر: بەڵێ, ڕاستە من ستایشی ئەوە زۆر دەکەم..یاخود لەبەر ئەوەی کە بابەتێکی دیاریکراو بوونی نییە لەناو چیرۆکەکانتدا؟
عەبدوڵا سەاج: چۆن بابەت نییە؟ من هیچ شتێکم نییە بابەتی دیاریکراوی تیا نەبێ, بەڵام..
ئەدیب نادر: بابەتێکی دیاریکراو نییە, بەڵکو کۆمەڵك شتە..
عەبدوڵا سەاج: بەڵێ, ئەوە مۆنتاجەکانە, ئەوە تازەگەرییەکەیە,

نوێگەرییەکەیە, ئەوە, وەکو وتم مانتاج و نوێگەرییەکە و دیزینەوەی زمانێکی شیعریی و ئەمانە هەموو وات لێدەکا تێ بچێنی زائیدەن ئەوەی کە وتم سانسارەکە کە چاوی زەقی هەمیشە لێمان بوو, ئەوجا سەرەڕای ئەوەی ئاماژەت پێکرد وەکو خۆت فەرموت خوێنەری بە ئەمەکی باشمان هەر هەبووە لە هەموو شارەکاندا..
ئەدیب نادر: ئەمە ڕەنگە پرسیارێکی تازك هەستیار بێت, هەندێك لە دەقی چیرۆکەکانت کردارێك دەیانهێنێتە دی. کردارێك دەیانهێنێتە دی, نەك بابەت..
عەبدوڵا سەاج: کردار, یانی چی؟
ئەدیب نادر: کردار, یانی کردەیەك دەیانهێنێتە دی, کردەی گۆڕانەوە, نەك بابەت, کردار بە تەنها بە بێ بابەت دەتوانێ چیرۆك بخوڵقێنێ, یان هەردووکیان دەتوانن پێکەوە چیرۆك بخوڵقێنن؟
عەبدوڵا سەاج: کاك ئەدیب نادری بەڕێز, هەتا ئێستا, کە لەو پەیڤستانەم وابزانم دوو سێ وتاری تیایە باسی چیرۆکی کوردی دەکەم, لێم بپرسیت ڕەمان چییە, ناتوانم پێناسەیەکی تەواوت بدەمێ, ناتوانم پێناسەیەکی تەواوی چیرۆکیشت بدەمێ, چونکە چیرۆك ئەو شتانەی هەمووی دەڵێ ئەوەشە و ئەوەش نییە, کرداڕە و کرداریش نییە, بابەتە, بێ بابەتیشە, چیرۆکێك دەنووسی بێ بابەتە, هوونەرە, شیعراندنە, یانی دەقەکە خۆی خۆی دەناسێنێ.. ئێستا ئەوەیش پەیابووە, سەیر دەکەی چیرۆك پەیابووە, من زۆریش لەگەڵا ئەوەدا نیم, نەك هەر شارت شارت ستۆریە, چیرۆکی زۆر زۆر کورتە, هەر بڕەم چی سێ جوملەیە, سێ ڕستەیە, بریتییە لە شەش وشە, بێ نموونە دەڵێ یەکیان بینی لە لەندەن, لە پاریس یەکتریان خۆشویست, لە مۆسکۆ, بێ نموونە, جیابوونەوە, ئەمە..وێنەیە, سەرهاتە, ڕووداوە, بەڵام من بە چیرۆکی نازانم..
ئەدیب نادر: ئا..کەواتە کردەی گۆڕانەوە و بابەت پێکەوە پێویستە, یان پێویست نییە بێ بەرجەستە کردنی دەق؟
عەبدوڵا سەاج: بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێ, ئەم هەموو پێناسانەی کە دەیکەین و هەر کەسێ, هەر ڕەخنەگرێ تەعریفی خۆی هەیە بۆی, بەگوێرەی قوتابخانەکان, لە هەموو سەردەمێکیش, یا دەساڵا جارێکیش پێناسەکان دەگۆڕێن, ئێمە مەبەستمان چیرۆکە, لە حەفتاکان کە دەماننووسی جیابوو لە هەشتاکان و نەوەدەکان جیایە و ئێستایش دوو هەزار و سیانزەیە جودایە, ئەگەر یەکێ بڵتو وەکو من بنووسێ, وەکو جەلیل کاکەوەیس بنووسێ, وەکو ئەدیب نادر بنووسێ, هیچی نەکردووە. دەبێ ئەمانە تێپەڕێنێ, تێپەڕێنێ, ئەوجا لە..
ئەدیب نادر: ئاخر..
عەبدوڵا سەاج: ڕەم دە بێ زەحمەت..زمان داشتن, لە وێنە دروست

کردن, وێنا ندن, لە گۆشەنیگای تایبەت, دوایی لە هەمووی هەموو تریش, دنیابینیی کەسەکەیە بەرامبەر بە گەردوون, بەرامبەر بە زەمەن, بەرامبەر بە خودا, بەرامبەر بە کۆمەڵ, بەرامبەر بە ئایین, بەرامبەر بەمانە دەبێ بچوونی هەبێ, ئەو نووسەرە, ئەگەر بچوونی نەبێ, چی دەڵێ؟ ئەوە..ئەوە بابەتەکەیە کە تۆ دەتەوێ بڵێی..

ئەدیب نادر: گرنگە..شتێکی تریش هەیە, بابڵێین کرداری چیرۆکیی و بابەت پێکەوە پێویست نییە بێ بەرجەستە بوون, بەرجەستە کردنی چیرۆك هەبەتا, یان بە جۆرێکی تر با بیڵێین, ئایا کۆمپۆزیشن, یاخود بابڵێین داشتنێکی ڕەتۆریکی, یاخود بەلاغی- هەوانبژییانە- دەتوانێ چیرۆکێکی جیاکارمان بێ بخوڵقێنێ؟

عەبدوڵا سەواج: بەڵێ ئەگەر..

ئەدیب نادر: یانی داشتن, داشتنێکی ڕەتۆریکییانە- هەوانبژییانە-, هەوانبژییانە بێ, یانی

عەبدوڵا سەواج: خۆی بێ هەوانبژیی نابێ..

ئەدیب نادر: هەوانبژییەك بێ تێیدا..

عەبدوڵا سەواج: ئێ ئێ هەوانبژیی تیا بێ, بەڵام وەکو وتمان دەبێ هەوانبژییەکەت نوێ بێ..

ئەدیب نادر: مەبەستم لە داشتن داشتنێکە کە

عەبدوڵا سەواج: مەبەست لەوەیە..وێنەکان جیا بێت, گۆشەنیگاکان جیا بن, بەڵام وەکو وتمان لەپاڵا ئەوەشەوە تەواوینێك هەبێ, دنیابینییەك هەبێ, دنیابینییەکی شەخشیی..

ئەدیب نادر: مامۆستا مەبەستم داشتنە, چونکە بەشێکی ووبەری چیرۆکی کوردی داشتنە, یانی..

عەبدوڵا سەواج: بەڵێ, بەڵای منەوە دەیان..من

ئەدیب نادر: سەرەنجام داشتن دەتوانێ چیرۆك دروست بکات؟

عەبدوڵا سەواج: دەیان چیرۆکم لەبار بردووە, لەبەر ئەوەی ڕۆگام, یان تەکنیکی ئەوتۆم نەبووە بیخەمە قاڵبەکەوە, بەلامەوە تەکنیك زۆر زەروورییە, هەر بابەتێکی بەهۆز چیرۆکێکی بەهێز دروست ناکات, دەبێ داشتنێکی, یان تەکنیك گەلێکی نوێ بێ, هەردوولا ئەگەر هاریکارییان کرد سەرکەوتوو دەبێ..

ئەدیب نادر: مامۆستا تۆ خۆت تەکنیکەکە هەڵدەبژێری, یان چیرۆکەکە خۆی هەڵیدەبژێرێ بە خۆی؟

عەبدوڵا سەواج: بەزۆری بابەتەکە هەڵیدەبژێرێ, بەڵام زۆرجاریش تەکنیکێك لە مۆشکمدا هەیە سەیر دەکەی بابەتێکی بێ دەگونجێ, بەڵام وەکو وتت بەزۆری ئەو هەڵیدەبژێرێ..

ئەدیب نادر: یانی چیرۆکەکە و بابەتەکە هەڵیدەبژێرێ؟

عەبدوڵا سەواج: بەڵێ, بەڵێ, ئەو هەڵیدەبژێرێ و من پێش ئەوەی

كه..
ئەديب نادر: چونكه من, يەكدوو براەر باسى تەكنيكيان كردووه لام, حەز ناكەم ناو بنم, زرجار كه سەبارەت به چيرك قسه دەكەين, دەن زر خەريكى تەكنيك و ئەو شتانەين, بەام من خم ام ئەوەيە كه بابەتەكه و چيركەكه خى تەكنيكى خى هەدەبژر..
عەبدوا سەاج: بگومان نووسين, نووسين خى بە گشتيى لە چيركەوە ب هەمووى هونەرى دەربينەكەيە, چن دەرى دەبى, تە دەتوانى..
ئەديب نادر: بە هونەرى دەربينە..
سەباح ەنجدەر: مامستا ئەديب, لە چيركى كوردى, ئەوەى ئەمن, يانى شارەزاييم لە چيركى كوردى هەب, كەم چيركنووسى كورد هەيە گرينگى بە تەكنيك بدات, زربەى هەرە زريان بايەخ بە فيكر و تەرح كردنى مانا دەدەن, ئەوەى كه گرنگيى بە تەكنيك داوە لە چيركى كورديدا, يەكەم كەسيان لەتيف حاميدە, دووەميان عەبدوا سەاجە, سييەميان سەاح شوانە, ئەوانى تر بەزرى ئيشيان لە مانا كردووە, لە گای ماناوە دەگەن بە تەكنيك, يا گشەنيگايەكى تەكنيكئامز, ئەوە جياوازە, بەام كه ئيشيان لە تەكنيك كردب, ئەو سييەنە, ئەويش بە پلەى جياجيا, لەگا ئەوەى بين دووانيان بەرهەم كەمن, بەام تەكنيكى زر پتەو و نويان تەوزيف كردووە, مامستا..
عەبدوا سەاج: ب ئەو سەردەمە..
سەباح ەنجدەر: بە, مامستا زياتر لە سەد چيركى نووسيووە..
عەبدوا سەاج: ك؟
سەباح ەنجدەر: ت, لەوانەيە تەكنيكت لەوان زياتر بەكار هنابن..
عەبدوا سەاج: زرتر بەكارم هناوە, بەام من حەز دەكەم نەختە بە ويژدان بين, تەكنيكى باش, نام لە هەموو چيركەكانى, بەام لە سەدا سى ب چلى چيركەكانى حوسن عارف تەكنيكى باشيان تدايە..بابەتم باس نەكردووە, حوسن عارفيش با لەياد نەكەين يەكەكە لە تەكنيككارە باشەكانى حەفتاكان, بەام بەردەوام نەبوو لە سەريان. (ووى لە سەباح ەنجدەرە) زيادە ب ئەو قسەكەى جەنابت, باسى نەوەى تازەى پاش خم, پاش خمى خم, يانى پاش خم جەليل و ئەوان دن, وەكو ئاماژەم بە چوار كەسەكە كردووە, ئاخر ئەو ديمانەيە دە, پانزە سا پشيش ئەنجام دراوە, بەام با بين ئەم نەوە تازەيەى عەتا محەمەد و ئەوان, ئەوانيش زرجار تەكنيك بەكار ناهنن, هەر يەكسەر هاكەزايى دەچنە ناو بابەتەكەوە..
سەباح ەنجدەر: بەام نموونە دوا چيركى ئەديب نادر..
عەبدوا سەاج: نموونەى باشيان هەيە, يەك هەبژاردەيان هەيە..

سەباح ەنجدەر: مامۆستا دوا چیرۆکی ئەو پیاوەم خوێندەوە, ئەدیب نادر چیرۆکەکە ناوی چی بوو؟ چی میمکە تەمین؟
ئەدیب نادر: من و ئەو و میمکە تەمین..
عەبدوڵا سەواج: کێ؟
ئەدیب نادر: من و ئەو و میمکە تەمین..
عەبدوڵا سەواج: ئا..
سەباح ەنجدەر: چیرۆکێکی زۆر تەکنیکییە, لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی زۆر مانایشە.
عەبدوڵا سەواج: چی چییە؟
سەباح ەنجدەر: چیرۆکێکی زۆر تەکنیکییە..
عەبدوڵا سەواج: تەکنیکیی تێگەیشتم, ئەوی کەی چییە؟
سەباح ەنجدەر: مانایشە مانایی..
ئەدیب نادر: یانی مانا بەخشە..
سەباح ەنجدەر: ئیشی لە مانایش کردووە..
عەبدوڵا سەواج: ئا..واتا..یانی؟
سەباح ەنجدەر: بەڵێ, ئیشی هەم لە واتا کردووە, هەم زۆر تەکنیکییشە,(ڕوو لە ئەدیب نادر)یانی لە کێی چیرۆکەکانی تۆ, ئەو چیرۆکەت لە هەموو چیرۆکەکانت زیاتر ئیشی لە تەکنیك کردووە.
عەبدوڵا سەواج: ئەمە زۆر گرنگییمان بە تەکنیك دا, زۆر چاکیشە باسیشمان کرد, بەڵام هەمووی لە کێی هەموودا خزمەت بە بڕچوون و دنیابینیی تۆ دەکات, من تۆ دەخوێنمەوە تەکنیکی جوانت بەکار هێنا, بەڵام لە پاڵا ئەو تەکنیکەوە چیت پێم وت؟ چ شتێکی تازەت پێم وت؟ چیت لا خوێقاندم؟ چ پرسیارێکت لام دروست کرد؟ ئەمەیش زۆر گرنگە.
سەباح ەنجدەر: ئاخر مامۆستا دوو ئاڵاستەیە, بەڵاستی تەکنیك ئاڵاستەی خێی هەیە, مانایش ئاڵاستەی خێی هەیە..
عەبدوڵا سەواج: ئاخر خۆ لە پێناوی ئەوەیە..
سەباح ەنجدەر: بەڵام هەردووکیان لە هەرەمێك دەگەنە یەك, هەرەمی بە دەقبوون, بە کامڵبوونی دەق, لەو هەرەمە دەگەن بەیەك..
عەبدوڵا سەواج: ئا..جوانسازیی..
سەباح ەنجدەر: بێ نموونە, زۆر چێژ لە مانا و واتای چیرۆکەکانی مارف خەزنەدار دەکەم..
عەبدوڵا سەواج: لە کێ؟
سەباح ەنجدەر: مارف خەزنەدار, لە واتا زۆر جوان ئیشی کردووە, بەڵام لە تەکنیك ئیشی نەکردووە, کەواتە وەکو چیرۆك..
عەبدوڵا سەواج: سەردەمی ئەو وابوو..
سەباح ەنجدەر: وەکو مانا بایەخی پێ دەدەم, بەڵام وەکو هونەر ناتوانم بایەخی پێ بدەم.

عەبدوڵا سەواج: ئ..كاك هەنجەر من پێشتر ئاماژەیەکم دا لە وەڵامێکی کاك ئەدیب نادردا وتم, ئەمە دەبێ بەرهەمی کەسانێك بخوێنینەوە وەکو ئاماژەت دا, مارف خەزنەدار, دەبێ بە سەردەمی پەنجاکان بیخوێنیتەوە, بۆ ئەو سەردەم و وەختە باش بوو, بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێ بە سەردەمی دوای سااڵی دووهەزار حیسابی بۆ بکەیت, ئەو کاتە..

سەباح هەنجەر: یەك سەرنجی زۆر بچووك, ئەدەب هەیە ئەدەبی هەموو سەردەمەکانە..

عەبدوڵا سەواج: هی سەردەمێکە, بەڵام سەردەمێك..

سەباح هەنجەر: ئەدەب هەیە ماماستا دەبێتە ئەدەبی هەموو سەردەمەکان,

عەبدوڵا سەواج: قەیناکە, بەڵام لە سەردەمی مارف خەزنەداردا مەبایەڵا نەبوو..

سەباح هەنجەر: ئەدەبیش هەیە بەس لە سەردەمی خۆیدا دەمێنێتەوە..

عەبدوڵا سەواج: ئینتەرنێت نەبوو, بەڵام تەکنیك هەبوو..

ئەدیب نادر: ماماستا ئێستا تۆ لە دونێ, یاخود ڕابردووی ئەدەبەکەماندا بوونێکی تەواوت هەیە و زۆر بەرجەستەشە, ئەمڕۆیش هەر هەیت و زۆر بەرجەستەیت, تۆ بە بابەت, یاخود بە تەکنیك دەچیتە ناو ئایینەدەی ئەدەبی کوردییەوە؟

عەبدوڵا سەواج: ئەوە بۆچوونێکی باشە و سوپاست دەکەم, بەڵام من ئاماژە بە وتەیەکی کاك هەنجەر دەدەم کە پێشتر باسی کرد, من, کە زۆر حەزیش ناکەم(من) لەناو کەوانەدا بەکاربهێنم, لە هەموو چیرۆکنووسان و ڕۆمانووسانیش زیاتر تیۆراندنم کردووە, ئەوە- پەیقستان-, ئەوە- با لە هونەر بگەین-, کە زانستی ئێستاتیکایە, بەشی دووەمی پەیقستان کە بە ناوی- یارستان- هەوە دەردەچێت و هەمووی تیۆراندنە سەبارەت بە ڕۆمان و چیرۆك و ئەمانە, کەم کەس هەیە لە چیرۆکنووسان, بۆ نموونە, تیۆرانەدنیان کردبێ, نەیانکردووە, موکری بگرە – خوالێخۆشبوو- , بەختیار عەلی بگرە, تیۆراندن ناکات, ئەمانەی کە هەن ناوەکان زۆرن با ناویان نەدەم, هەتا نەوەی تازەیش تیۆراندن ناکەن..

ئەدیب نادر: دەزانم تۆ لە هەموویان زیاتر خەریکی تیۆراندن و ئەو شتانەی, بەڵام تۆ وەکو بەکارهێنەر و پراکتیزەکەری تەکنیك دەچیتە ناو ئایینەدەی ئەدەبی کوردییەوە, دەچیتە ناو مێژووی چیرۆك و ڕۆمانی کوردییەوە, یاخود بابەتین بە بابەت, بابەتی..

عەبدوڵا سەواج: ئەوە دەهەمەوە بۆ حوکمی ئایینەدە و دواڕۆژ و هەخنەگران..

ئەدیب نادر: هیچی ترت نییە بیڵێیت؟ بۆ نموونە, سەبارەت بەو

قسانەی ئەمە کردمان و ئەو پرسیارانە و ئەگەر ئیزافەیەکیشت هەیە ئەوا..
عەبدوڵا سەاج: بەگومان, من دەمەوێ شتێ بڵێم, ەنگە هەرچییەکیش بڵێم هەشتا هەر کەم بێ, بەڵام من لە ڕمانی وابزانم- ەنگستان- ە وتوومە کتێب دەردەچێ و ماستەرنامە دەردەچێ و عەبدوڵا سەاج و تەکنیکی گڕانەوە, عەبدوڵا سەاج و تەکنیکەکان, یان عەبدوڵا سەاج و نازانم چی و چییەکان, بەڵام هیچ کەسێك خوێندنەوەی هزری منی نەکردووە, نەیوتووە عەبدوڵا سەاج لەمیانەی ئەم تەکنیکەوە چی دەڕێت؟ هیچتان نەوتووە, ئا وابزانم کاك جەلیل کاکەوەیس لە وتارێکدا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە, کە تیایدا دەڕ هەر چەندێ ەخنەگر زیرەکیش بێت, ناگاتە ئافەریدەکار, یانی ناگاتە خوێقێنەری دەق, چونکە تەنانەت ئەوەی من خۆیشم نووسیوومە نازانم لەسەری بە باشی بنووسم. وتم ئەزموونێکی تازەم کرد کە ئەدیبانی کە نەیانکردووە, هاتم خۆم لەسەر خۆمم نووسی, بێ نموونە, ئەزموونگەم بڵاوکردەوە, لە دوو بەش, پەنجا لاپەەیە و لە پەیڤستانیشدا هەیە, ئینجا هاتم باسی ڕمانەکانی خۆمم کرد, لەناو ڕمانەکانمدا, لەناو دەقەکانمدا چی باسی ڕمانم کردووە, باسم کردن, ئاخر ئەوە میتا ڕمانە, لەناو ڕماندا باسی ڕمان بکەیت. هەروەها پڕۆژەیەکی کەیشم بەدەستەوەیە, بە کاك ەنجدەرم وتووە, حازریشە, بەس ئەوە ماوە پاکنووسی بکەم, شێوەکاریی, هونەری شێوەکاریی لەناو چیرۆکەکانمدا, لە چیرۆك و بەرهەمەکانمدا, ئەوەش بەم زووانە ئینشاڵا بوارم هەبێت و دوکتۆرا ڕی نووسینم بدات, ئەویش بێ بڵاوکردنەوە دەنێرم..ئەمەیش ئەزموونێکی تازەیە, خۆت باسی خۆت بکەیت.
ئەدیب نادر: بەگومان زۆر سوپاست دەکەین و هیوادارین بەم کۆمەڵە پرسیارەمان سەبارەت بە ئەزموونەکەی تۆ هەندێ شتی تازەمان وروژاندبێ. زۆر زۆریش سوپاست دەکەین کە ئەو وەختەت پێمان بەخشی بێ ئەوەی بتوانین ئەم گفتوگۆیەت لەگەڵدا ئەنجام بدەین.
عەبدوڵا سەاج: بە پێچەوانەوە, من سوپاسی ئێوە دەکەم, زۆر زۆریش, ئێوە شایانی ئەوەن هەتاهەتایە ڕێزتان لێ بگیرێت و پرسیارەکانیشتان کە خۆشحاڵی کردم بەاستی نائاسایی بوون و زۆر باشیش بوون..
ئەدیب نادر: دووبارە سوپاس.

گەمەی شانۆ پرسیارێکی بەردەوامە بۆ دیمۆکراتیزەکردنی خوێندن … زاهیر عەبدوڵا

جێن دیوی ، هەمیشە خوێندن و دیموکراتیەتی بەیەکەوە گرێداوەتەوە. بەڵای ئەوەوە دیموکراتیەت تەنها شێوازی بڕیاردانێکی نیە، ئەو جۆرە لێوە دەکاتەوە ، کە دیموکراتیەت ئەوەیە کە دەبێت لە ناو مرۆڤکاندا دیالۆگ بەردەوام بێت، کە ئەزموونی جیاوازیان هەیە، دیوی لێوبارێوە دەنووسێت کە چۆن بیر گۆشەدەکات، هەروەها چۆن یاریکردن و بەدراماکردن ئەو هێل و مەرجەمان بۆ دەرخستنێت، لە حاڵەتێک کە دەخی ژیان بەرهەمم بهێنێتەوە، بە بەدەست هێنانی زانست و پیادەکردنی، یاری و بەدراماکردن کاریگەری لەسەر کردارمان دادەنێت و بڕیوەمان دەبات. بەهەمان شیوەش لێڵای بواڵ و فریر جۆرە لە نەهەشتنی چەوساندنەوە دەکەن لەبواری پەروەردەدا، بەڵام بەهامان میتۆدی جێن دیوی نا بەڵکە بە میتۆدێکی تر.

بواڵ بەهاوکاری فریر لەبارەی داگیرکردنی کلتوریەوە، بەزانیاریەکانی خۆی لەبارەی شانۆ مینبەرێکی بە دیالۆگ خوڵقاند، بینەر، بەشدار و خوێندکار بانگهەشت دەکات بۆ ئەوەی بڕپەرچی ئەو کلتوری داگیرکاریە بدەنەوە کە بەاوبەتەوە.
هەمیشە دیالۆگ سەنتەر لەڵای قیەنسکی، بواڵ و فرێری، هەرسێکیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دیالۆگ لەگەڵ ئەویتردا رووی دووەمی ئەو شتە دەبینیت کەبەدەستەوە گیراوە ئەویش پەیوەندی بە هەردووڵای خاوەن دیالۆگەوە هەیە، قیەجتسکی دەڵێت داهێنانی مرۆڤ ئەویە کە لە پرسەسی گۆرینی ئێستا داهاتوت بە مسۆگەر دەکات، هەروەها قیەجتسکی هەرووک بواڵ جەختە لە سەر پەتانسیالی یاریکردن دەکاتەوە.

فرێری دەنووسێت مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە لە ڕۆگەی بیرهێنانی زمانەوە، توژینەوە لە واقعیەتی راستقینەی خۆی دەکات، هەر لەو قابیلیەتەویە کە دەتوانێت کە پێ لە سەر ڕاستیەکان دابنێت، کە وادەکات، مرۆڤ کاریگەری دابنێ کە چۆن واقعی ئایندەی بخوڵقێنێ،

زمان ئامرازەکە بۆ پیادەکردنی کرداری ڕوونبێژی لە هەمانکاتیشدا ئایدیۆلۆژیکی گرنگە بۆ کرداری کۆمەڵایەتی. هەوڵدانی مرۆڤیش بۆ بەکردارکردنی ووشەکانێتی، کار بۆواتای کردەییکردنی ووشە دێت مەبەست لە ووشەش بیر و بیرکردنەوەی مرۆڤکانە ، کار جیاناکرێتەوە لە بیر، بۆکو کاریگەری لەسەر بیر هەیە، بیرکردنەوەکان ناگەنە ئەنجام ئەگەر پرسەی فەربوون ڕاستەقینەو زانستیانەو سەردەمیانە نەبێت، پرسەی زانستیانەو سەردەمیانەش ئەوەیە کە کەشکان و مەسەلەکان نمایشبکات و ئەنالیزیان بکات تا بەئاسانی بتوانرێت گۆڕانکاریان تیا بکرێت، ڕۆخنەگرتنەکان دەبێت بە داکۆتکی پراکتیکراو واتە هەوەست وەرگرتن. ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەو میتۆدی کە کەشکان دەستنیشان دەکات و نمایش دەکات خۆی لە خۆیدا بەرنامەیەکی دیالۆگکارانەیە.

ئەویش بە واتای ئەنالیزکردن و شیکاری واقیع بەدیدەکی ڕۆخنەگرانە. هەرکاتەکیش بە دیدو بەمیتۆدەکی ڕۆخنەگرانە باس و توێژینەوەکان دەکرێن، سوودی یەکجار گەورە بە پرسەی خوێندن دەگەیەنێت. ئەمە دەبێت ئەوە فیری خوێندکار بکەین لە ڕۆخنە بگرێت، گرنگ نیە چیە دەڵێت و لەگەڵ ئایدەلۆژیا و بیرو باوەڕی تە دەگونجێت یان نەء، گرنگ ڕۆخنە گرتنە، بەنموونە ئەگەر لەوانەی مێژوودا بین، کە وانەیەکی تەدایە باس لە شەڕشکانی شێخ مەحمود و بارزانی دەکات، دەبێت شیکاری خوێندکار و ئەنالیزی خوێندکار ئەوەبێت، کە چۆن ئەو سەردەمە دەخاتە ژێر ڕۆخنەی خۆیەوە، ژێر گومانی خۆیەوە، درامایپیداگیک، گەمەی سەکۆ و ڕوونکردنەوەی بۆهاکان، باشترین هاوکاریمان دەکات، تا بتوانیین ئامرازی و بیرکردنەوەی ڕۆخنەگرانە پێشکەش بە خوێندکاران بکەین. تە بیر بە خوێندکار دەکەیتەوە، نەک بیری پێ بهێنیتەوە، بیرکردنەوەش دەبێتە سەرجاوەی مەعریفە. خوێندکار فێری گومان دەکەیت، کە گومان لە واقیعی ڕابوردوو و ئێستای بکات، پەروەردە لەلای فرێرە پێدانی زانیاری نییە بۆکو دەستپێکردنی ئامرازاکانی بەدیهێنانی زانیاریە لە بارەی بوونی خۆمان و واقیعی ئەو هەل و مەرجەی تێیدا دەژین.

ئایا درامای هەو میتۆدەکی بکۆکە بە ئیدارەکردنی کێشەو ناکۆکیەکانی کە لە قوتابخانەکاندا ڕوودەدەن؟ ئایا درامای دەتوانێت، خوێندکاران فێری خۆشویستیەکی قوڵ بکات، خۆشویستنیش بە مانای فێرکردنی دیالۆگ چونکە لە کاتی ڕق و بە دژبەستیدا ناتوانین دیالۆگ بکەین، مەرجی یەکەمی دیالۆگ خۆشویستی و

قبوڵکردنی یەکتریە.

لەدرێژای ئەم باسەدا بەمان ڕوونبێتەوە کە چۆن پیداگۆگەکان لە خوێندگاکاندا، بە پاشخانی ڕەشنبیریان کار لەگەڵ کێش و هەواو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئیدارەی کێشکان لە خوێندگاکاندا دەکەن، هەموو خوێندگایەکیش ژینگەیەکی لەکالی و داکۆتیەکی سەر بەخۆی هەیە، کە دابە نیە لە داکۆوت و واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی کە تیدا دەژین. کارکردنیش ئەوەت بە ڕوون دەکاتەوە، کە چ میتۆدێک شیاوە بە کارکرن، ئەو پرسیاری کارکردنێش دوا جار ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەوە دراماێ کار لەگەڵ کێشکان دەکات، دەشبێت ئیدارەی کێشکان بەشێک بێت لە ئەرکی پیداگۆگەکان. پرسیار لەمەدا ئەوەیە، چۆن هێزی زانستی پیداگۆگەکان کاریگەری خۆی دادەنێت، کاتێک لەگەڵ کێشو ناکۆکیکاندا کار دەکەین؟ لە خوێندگاکاندا، بە ماماستاچ میتۆدێکی ئیدارەی کێشو ناککیکان سودمەندە؟ بە چ شیوەیەک ئیدارەکردنی کێشو ناکۆکیکان دەبێت بەشێک بێت لە ئەرکی پیداگۆگەکان.

لەبەر ئەوەیە کە باوەڕ وایە کە دراما وەک فەرمەکی دەبەرین پەیوستە لە خوێندنگاکاندا جێگایەکی زەر فراوانی هەبێت، ئەزموونی زەربەی پیداگۆگەکان و لەکەڵەروان لە پرسەی خوێندنی دراما لە ووتانی ڕەژئاوادا وای دەبینن، بەهەی بەدراماکردن و دراماتیزەکردنی جەرەها بارو دۆخ و حاڵەت، دەتوانرێت مەشک فراوانترو تێگەیشتن زیاتربکات، هەماهەنگی و سیمپاتی و سینگراوانی و بەخشندەیەی و بە مرۆڤ بوون پەیوستە بەهەموان. نموونەیەک بە ئەو دۆخە دەهێنینەوە، ئەویش دۆخی ناکۆکی و کێشەی قوتابخانەیە، لەکەڵەروانی پرسەی پەروەردەی زانستی دەڕوانێن خوێندنگا ئەو جێگایەیە کە هەمیشە پرسەی بەکۆمەڵایەتی (socialiserings processer) بوون تێدا ڕوودەدات . لە پرسەی بەکۆمەڵایەتی بوون ئەمە فەری نەرمەکان، دیاردەکان و زانیاری ئەو عورف و عادەتە دەبین کە لە کۆمەڵگادا ڕێگا پێدراوە.

بەگوومان لە خوێندگاکاندا حاڵەتی کێشو ناکۆکی شتێکە بەردەوام ڕووەدات، لە ووتانی ڕژ ئاوادا ناتوانرێت خۆی لە لابدرێت، بەڵام دەنیام کە کێشو ناکۆکیکان، لە کوردستاندا بنەبان دەکرێت و بگرە دەزگای خوێندنگا هەر ئاگاداری نیە و زهنیشی بۆی ناچێت، وە هەتا بەرکەوتن هەبێت، کێشو ناکۆکیش دروست دەبێت، ناکۆکیش ناکرێت تەنها لەیەک ڕووەوە سەیر بکرێت، تەنها وەک کێشەیەک بە بارە نێگەتیڤکەیدا بیبینین ، بەڵکو دەشێت ناکۆکی هێل و مەرجی

پشکۆتنیش هەبێت، بەڕام کاتێک ناکۆکی بۆ کێشەو گرفت و بە توانایی دەمێنێتەوە، کە ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرێنی مامەڵەی لەگەڵ نەکرین. باسکردنی کێشەو ناکۆکی لە قوتابخانەکاندا مەبەست ئەوەیە، کە خوێندنگا ژینگەو زەمینەکە کە خوێندکاران ئەوە بوارییان پێبدرێت کە فێری ئەوە بکرێن کە چۆن بەشێوەیەکی تێندروست، فێری ئیدارەکردنی کێشەکان بکرێن، بەشێوەیەکی مرۆڤ و دۆستانەو باش فێری ئەوە بکرێن کە لەگەڵ گرفت و ناکۆکیەکان مامەڵە بکەن.

لێکەڕاوان و پشپڕانی بواری پەروەردە باوەڕیان وایە دەبێت قوتابخانە زانستی ئیدارەی کێشەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکیەکان فێری خوێندکاران بکات، مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان پێویستی بەکارزانی، قابیلیەت و خودێکی ئەکتیڤ، ئەوش ئەرکی قوتابخانەیە، کە خوێندکاران مەشقی ئەو لێهاتووی و قابیلیەتبکەن وەک هەموو بابەتەکانی تری خوێندن، زانیاری لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکان و ئیدارەی کێشەکان سەرەتای ئەو لێوەشاوەیی و توانستەیە کە بتوانین لە جهیانی دەرەوەی خوێندگادا بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تێندروست بەکاربهێنرێت، هەروەک چۆن جێندەوی دەڕەت " دەبێت زانستەکان بەرینەوە دەرەوەی قوتابخانەکان" واتە زانست بە ژیانەوە ببەستینەوە. جێندیوی یەکێک لە سەرقافڵەی پراگماتیکی و خاوەنی قوتابخانەی پرۆگرەسیڤی بوو، ئەم بۆچوونە داوای دەکرد با منداڵان خۆیان دەرک بە ژیان و زانیارییەکان بکەن، چۆن دەست بەزانیارییەکان بگات،زانیارییەکانی خوێندنگاش دەبێت لە پێویستی و پرسیاری منداڵانەوە سەرجاوە بگرێ، بابەتەکان سەرجاوەی زانیاری منداڵان فراونتر بکات، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەتای سەدەی 1900 ندا بەهەی کەچی خێک و تەکلاوی کولتوورەکان، واقعێکی نوێ لە شێوسی پیشەسازی هاتە ئاراوە، دیوی دیویست ئەو گۆرانکاریەی دەرکەوتەی ئەمریکا لە پرسەی خوێندا ڕەنگ بداتەوە، نەک لە نەوان تەڕی پرسەی خوێندن و دەرکەوتەی پراکتیدا. بەشای دروست بێت. دیویست ئەو زەمینە بخوڵقێنێت کە خوێندکار گوزارشت لە گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگا و شرۆڤەی کۆمەڵگاکەی خۆی لە خوێندنگاکاندا بکات، بەوا تای پێکی لە تیەری پێکەی تری لە داکەوتی کۆمەڵگادا بێت.

یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی قوتابخانە ئەوەیە کە کاربکات بە چەسپاندنی بەها بنچینەیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگای لەسەر بنیاتنراوە، لەبەر ئەوە دەبێت و پێویستە خوێندکار فێری توانی تێگەیشتن لە غەمی ئەوانی تر بکرێت و هاوسۆز بێت بێیان. فێری کولتووری دیالۆگ بکرێت، خەسڵەتی کلتووری دیالۆگ لە

تووژینەوەی بابەتاکانەوە دەست پێدەکات، کە ئەرکی پیداگرکانە ئەو واقیعە شیتە بکەن، کە دەکەوتە نەوان خوێندکارو مامۆستاوە، خوێندنگا دەبێت دژایەتی و پڕپڕچدانەوەی هەموو مایلکی ئازاردان و هەراسانکردن ئەکتیف بکات. زیندەگی مرۆڤ، بە حورمەتی نەکردن، ئازادی تاکەکان، سەروەری مرۆڤ، بەهاو نرخی هەموو تاکێک، یەکسانی ژن و پیاو، سەیدارەتی، هاوکاری بە هیزکان و دووچاری گرفت هاتووکان هەموو ئەو بەهاو نرخانەیە کە قوتابخانە دەبێت بینای بکات و بیگوازێتەوە بە ناو ژیان.

هەرمامۆستایەک گەر ئەم چەند دێڕانە بخوێنێتەوە و پرسیار لە خۆی دەکات، یان وە پەویستە پرسیار لەخۆی بکات، ئەی باشە بۆچ میتەدێک باس لەم بەهایانە بکەین، تەک وەک مامۆستایەک میتەدەکەی تە جیاوازی لەگەڵ میتەدەکەی ئەوی تردا چییە؟ . من دڵنیام کە لە کوردستان زۆر بەکەمی یان هیچ نەبێ هیچ مامۆستایەک ئەم پرسیارەی بە مۆشکدا نەیەت، چونکە زۆربەی خوێندگاکان مامۆستاکان و تانەت سیاسەتی پەروەردەیی، تەنها گواستنەوەی زانیاری لە قوتونراوی مامۆستایە بە خوێندکارو، ئەویش کەپی زانیاری مامۆستا دەکاتەوە، بەهیچ شێوەیک خوێندکار زانیاری بەرهەم ناهێنێتەوە.

لە(یفراندەم)وە بە(کاندید)ی سەرۆک کۆماری دەوڵەتی کوردستانی؟! … گۆشتیار مەحمود

فرەنکلن دەلەنە ەزڤلت لەیاداشتی کتێبکەیدا دەڵێت:(لەسیاسەتدا هیچ شتێک بەبێ پلان نایەتکایەوە، ئەگەر هەرچیەک لەدووتوێ ی سیاسەتدا بەرکەوت ەوویدا ئەوا وەکو گرەوکردن وایە لە یاری مەیدانی قوماردا) .

بەگومان ئەوی لەوهەرەمە دەگوزەرێت شتێک نیە بەناوی سیاسەت! بەکو سەرمزی کابونەوکانیان تەنها مەیدانی قومارگەکانن کەلەبەرگی سیاسەتدا گرەوبازکان یاری لەسەرپست و پارە ئەکەن. بەجۆرێک لەیانسیبی براوکان زیانی شاهانە بەخەیان ونەوی

نەوەکانیان پێ مسۆگەربێت و لەهەر دەرفەتێکیشدا ئۆگرلێنەشوێتەوە بەدەردەکەوە سەرگەردان بێت کە باجی گرووبازدەرەکان بدات. سەیر لەوەدانیە گرووبازەکان بەناوی سیاسەت لەسەر بردنەوەی بیرەنوێتک و پستک نەتەوەیەک هەڵپەسێنن بۆ ئاهەنگی سەربڕینی ودروستکردنی دەوڵەتی کەماری کوردستان، ئەوە سیرەی گەلێک لەدوای ئەو هەموو مەژووی قوربانیدانی ئیستاش بەریتمی جاران لەهەڵپەرکێ و تێکقژقژانی حیزبەکوردیەکان لەهەڵپەیندابێت بچی؟! بەدیارکردنی سەرەکێک بێ ئەو دەوڵەتکوردی یەی کەروبارێک خوێنیان بەرشت؟ یان بێ کاندیدکردنی کەسێک بەسەرەکی ئەودەوڵەتی کەخاکیان پێ فرێشت؟

زەر سایی سەخت و مانگی پێ لێ نەهامەتی و هەژانی تاریک وتەنگەتاوی هەش بەسەر ئاسمان وخاک ونیشتیمانی کورد دا تەپەین...
زەر چیرەکی تراژیدی و بەسەرهاتی تاڵ ومەرگەساتی ناخەژن و کارەسات ودەردەسەری هەناوی نەتەوەی کوردی بەبرین و ئێش وئازارتەنین...
مەژوویەکی درێژلەسەرگەردانی گەلی کورد و تەمەنی سەدیەک لەقوربانیکاری بووبە بەرهەمی تێکقژقژانی حیزبایەتی و شارچیەتی و خڵ و عەشیرەتگەری تاکارگەیشتێ ئەوەی نەتەوەیەکی لەکەلوشاو و نەویەکی هیواپوکاو بەرجەستەبوون.

یەکترسینەوە و تەکەبازی سیاسی تائاستی خونەشتن بووە پۆڕی توانای سنوردارکرانی پاوانی دەشت وکۆڕوتکانی ئەم هەرەمە کەهەزاران خون وخەزگی باوک کوژراوەکانی لەگەناو پاشان تائاستی پاوانی مەیدانی یەکترقکردن زەر جار مەدالیای شانازی و نازناوی جوامێری پاداشت و ڕەمزی ناوناوبەنگی کوشتارگەی باوکوژراوەکان بوو...

دوای ئەو هەموو مەرگەسات و کارەساتانە گوجاندن وخیاپەاوی گرووبازەکان لەسەرتاختی شانۆگەری قومارگەکان دا بەدەنگی بەرز و زگی تێرەوە تافی خۆشگوزەرانی و خزمەتکردن بەسەر خەڵکی ڕەشوروت وبرسی و هەژاروندار دەخوەندرێتەوە کە کەخیان لەژیانی شاهانەیی و لە کەشکوتەلاربەرزەکانیانەوە لەو پەری خشگوزەرانیدا ژیانبەسەردەبن وبە بڕوودان بەمودای خشیکانیان بەشەرمانە بەسەر ئۆگرلە بەستەزمانە دەنێن! لەکاتێکدا کەندەانی سیاسیدەراوەکان نوقمی هەموو بەهایەکی خاڵی لەشەهامەت و کەرامەتی مرۆقایەتی دایە.

لە وەتانی دونیادا حیزب دروست دەبێت وەکو ئامرازی بنیاتنانی

ژیانێکی شایستەی بەهاونیشتیمانیەکانیان و وەکو فاکتەرێک بەدەربازبوون لە بارودۆخی سەخت وتەنگژەی سیاسی و ئابووری وولات بەلام لەم هەرەمەدا دوای تەمەنێکی دوورودرێژ هەشتا حیزبەکەیە و ئالیەتێکە بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی خێل و تاقم و گروپێک..لە وەاتانی جیهاندا حکومەت پێناگای نەتەوە و گەل و هاولاتیانە بۆ ئەوەی دوارۆژێکی رووناک بۆ نەوەکنیان مسۆگەربکات کەچگای شانازی باوباپیرانیان بێت بەلام لەم هەرەمەدا دوای سااڵنێک لەئەزموونی حوکمداری هەشتا حوکمەت هەر حکومەتکەیە و وەکو ئاخوری بەردەرگاوانەکانی سیاسیەکان وایە لەپێناو دەستکەوتێک و پلەو پۆستێک کەرامەت و شکۆی مرۆڤبوونیان پێ دەشکێنن..
لەمەملەکەتە ووشیارو پێشکەوتوەکانی جیهاندا سەرۆک لەپێگەی دەوڵەوت و وویلایەت و پەرلەمان و حکومەت و پارێزگادا کاردەکات تا هاولاتیانی بۆ شانازی و سەربەرزیەوە ژیانێکی شەرەفمەندانە بژین بەلام لە نیشتیمانی ئەمەدا لەتەواوی دامودەزگای حوکمی و حیزبیدا هەشتا سەرۆک هەرسەرۆکەیە و بەدیار سواڵ و دەرزەو دەستپانکردنەوەی نەخشەک و کرۆچیەک و کەمئەندەمک و لەقەوماوەک وویژدانمردووە و بینەرێکی زیندووە لەتەماشای ئەم دیمەنانە رۆژوشەوئەکاتەوە کەلەتەواوی دونیا بگەڕێی هەشتا ئەستەم نموونەیەک هاوشێوەی ئەوە ویژدانت نەهەژێنێت!!!

گەشتیار مەحمود
Gashtiar M. Hassan

دواڕۆژی کار ... هەڕەبەرزنجەیی

سەرنجێکی کورت:
ئەم بابەتە ئەمڕۆ لە گۆڤاری دەرشپیگلی ئاڵمانیدا بڵاوکراوەتەوە. بەگرنگم زانی پوختەکەی پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەم، تاوەکو سەرنجێک لەو گەنجانە بنجی و خەڵا و ئادیکاڵی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بازاڕی کارکردن و داخوازییەکانی خوێندن و فێربوون و سیستەمی خوگونجاندن لەگەڵ ئەم هەوتە ،دیاری بکرێت.
هەنگاو جارێ وەاتی ئەمە بەدوور بێت لەم شەشە گەورە، کە سااڵنێکە مشتوومڕێکی گەورەی لەسەر دەکرێت. ئایا ئەم گەشە و پەرەسەندنە بە

چاکە یاخود خراپی مرۆڤ دەشکێتەوە. لەئاستیدا وەک هەر دیاردەیەک ئەم گەشانەش دوو ڕووی هەیە. بە باوەڕی بەشکەی زۆری چاوردێ و هەڵخەڵگرانی ئەم کایەیە، گرنگ ئەوەیە پرسەندنەکە لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی بە مرۆڤ نەبێت،یاخود کەم بێت. دڵنیا مرۆڤایەتی بەناچاریش بێت،کەوتتە سەر سکەی ئەم هەڵمەت و شاڵاوەی بازە گەورەکانیبەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا و تازە مەحاڵە خۆ لە لادان و پاشەکشەکردن لێی.

هەولێر بەرزنجەیی ١٧/٩/٢٠١٧
****

The Future of Job / دواڕۆژی کار

ڕاپۆرتی کۆتایی « فۆرمی ئابووریی جیهانی» WEF، کە ئەمڕۆ 17.9.2018 ، بڕیار بکرایەوە باس لەوە دەکات، تاساڵی 2025، واتە 7 ساڵی تر، جیهانی کارکردنمان گەلانی گەورە و ڕادیکاڵی بەسەردا دێت، لەڕێگای خستنەکاری زیاتری ڕۆبۆتەوە، و مرۆڤی زۆر بێ کار دەبن. لەم ڕێگایەوە ملیۆنەها کار/Job، نامێنێ. بەواتایەکی تر ئەمە هەنگاوێکە بۆ لەکارخستنی مرۆڤ و ڕۆبۆتی لە بواری کارکردن دا، کە تائێستا هەستەوەرێنەر و بزوێنەری دەورانی کارکردن و ئابووریە.
لەئێستادا ٪71 کارکردن لە ڕێگای مرۆڤەوە بەڕێوەدەچێت. بەم شێوازە بەوات تا 2025 ڕێژەکە دادەبەزێ بۆ ٪48 . ئەو ٪52 تری لە لایەن ڕۆبۆتەوە ڕادەپەڕێنرێت. بەم پێیە بێت تا ساڵی 2025،75 ملیۆن شوێنی کارکردن نامێنێ بۆ مرۆڤ و ئامێری زیرەک جێگای دەگرێتەوە.

هەمان توێژینەوە باس لەوە دەکات، لە 5 ساڵی داهاتوودا 133 ملیۆن شوێنی کاری نوێ ساز دەدرێ کە خێراکی ڕاهێنەراوی تایبەت و پسپۆڕی گەرەکە بۆ بوارەکانی شیکاری داتاکان، زانستکاران، گەشەپەرەرانی بەرنامە نەرمەکان / سۆفتوێر، شارەزا و پسپۆڕانی بواری سۆسیال میدیاو بازرگانی ئەلەکترۆنی.
بۆ پێچەوانەشەوە لە بوارەکانی هاتووچۆ و بەڕێوەبردنی مارکتینگدا بەڕێوەبەری هەستەوەرێنەر و ئامێژگاریکەری مشتەریی زیاد دەکات. لە بەرامبەردا نووسینگەی کارکردن و هێزمارکردنی کار نامێنێ.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پرسیار لە 300 Menager/ بەڕێوەبەری کار و بەرپرس و خاوەن کارخانە کراوە کە نوێنەرایەتی 15 ملیۆن کارمەند و کرێکار دەکەن لە 20 وڵاتی پیشەسازیی و تازەپێشکەوتوودا . لەتەک

شرۆڤی تەواوی کارەکەدا 12 پرۆفیلی بەشی تایبەتی و 29 پرۆفیلی وەات و ناوچەشی لە خۆ گرتووە.
پرسیار ئەوەیە دیگتالیزەکردن و ئۆتۆماتیکردنی شوێنی کارکردن چەند زیانی هەیە؟ ئەمەش ساناکە مشتومڕی لەسەر هەیە. چەند گۆڕانکاری بەهەز و هادیکال لە کەمەگا و کارکردن دا دەکات.

٪ 50 خاوەن کارخانەکان باوەڕیان وایە تا ساڵی 2022 ژمارەی کرێکاریان کەمدەکاتەوە. ٪38 بە پێچەوانەوە ژمارەی خستنەکاری مرۆڤ زیاد بکەن و ٪28 هەردووکیان ئۆتۆماتیکردن و کارمەند زیاد بکەن
بەمەدا دەردەکەوێ کە داخوازی لەسەر تەکنەلۆژیا تا بەت زیاتر دەبەت لەو هاپرسیەی ساڵی 2016 ئەنجام دراوە. ٪85 کارخانەکانی ئەڵمانی هەتا 5 ساڵی داهاتوو ئۆتۆماتیکردنیان دەوێ٪83 کەسی شارەزا و هاهێنراویان دەوێت. خاوەن کارخانە و بەڕێوەبەرەکانی ئەڵمانیا پلانیان داناوە و دەیانەوێ تەکنەلۆژیای زیاتر بخەنە کارەوە. %91 دەیانەوێ تا 2022 سیستەمی گەورەی شیرۆڤی داتا بەکاربهێنێ و بەتە پشتنگی وەاتانی جیهان و پێش چین، یابان، ئەمریکا و هیندستان بکەوێتەوە. بەکارهێنانی زیری تەکنەلۆژی لە ئەڵمانیا%84 دەیانەوێ بە App Markt و % 79، گۆشەپێدانی مەکینەی/ ئامێری ئینتەلەگەنز / زیرەکەوە بێت. لەم بوارەدا فیلیپین و سەنگاپوور و رووسیا لە پشەوەن.بەڕێوەبەرێ ئەڵمانکام کەمتر پلانیان بە تەکنەلۆژی زیندوەریی %30 و ڕەبەتی شەوە مرۆڤ %28 و بەبەتی ژێر ئاو%22.
بەم شەویە ئەڵمانیا دیگیتالیزە دەبێت:

بەگومان پێرەسەندی خێرای تەکنەلۆژی هەروەها پەیوستی بە مرۆڤ کە مەکینەکان کار پێ بکات و گۆشیان پێ بدات.
توێژینەوەکە لەسەر ئاستی جیهان دەڕێ لە 5 ساڵی داهاتوودا %42، داواکاریی کاردکردن گەانی بەسەردا دێت.لەتەک مەرجە تەکنیکیەکانی کارکردنەوە، دەبێت کارمەند و کرێکارێک لە ئایندەدا، بەرنامە پڕگرامکردن و کارپێکردنی ڕەبەتیش بزانێ و سەری لە دەرکات. لە هەندێ کایەدا گەانکە گەورە و لە هەندێکی تردا بچووک دەبێت. بەئەوەی بەڕێوەبەر و خاوەن کارخانەکان، لەسەردەمی هاوچەرخی دینامیکی مەکینە و ئامازەکان دا، جیاواز و توانای کەبەرکێیان بمێنێ، دەبێت لە سامانی مرۆیان وەبەرهەمهێنان بکەن. دەنا هێز و توانای شەشی چوارەمی پیشسازی لەدەست دەدەن. ئەمە قسەی سەعدیە

زاهیدیە، بەڕێوەبەری ناوەندی ئابووری نوێ و کۆمەڵگای فەرمی ئابووریی جیهانییە.

بە ئەمەش 3 ستراتیژی جیاوازی یەکلاکەرەوە دەگەن:
– دامەزراندنی کارەندی نوێ بە توانا و لێزانی لە تەکنیکی دا.
– سەرلەبەر ئۆتۆماتیکردنی هێوتی کارکردن و پەرەپێدانی
– کرێکار و کارەندە کۆنەکان ڕاهێنانی نوێیان پێ بکرێت.

_____

سەرچاوە:
http:/./www.spiegel.de/wirtschaft/soziales/studie-weltwirtschaftsforum-maschinen-verrichten-bald-mehr-arbeit-als-menschen-a-1228108.html

---

بانگهێشتی ناشارستانییانەی بەربژەرکان … جیهاد موحەمەد

هەبەت، زۆرن ئەو بانگهێشتە ناشارستانییانە، تەنها لەسەر یەک دانیان ڕادەوستم و ڕای خۆمی لەسەر دەدەم، ئەویش پێکردنی شەقام و دار و دیواری ناوشارەکانە بە وێنە قەبەو زلەکانی بەربژەران.

لە کولتووری بانگهێشتکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا وا باوە و بووە بە کارێکی ئاسایی وێنە هەواسینی بەربژەرکان، لەوانەیە قبووڵ نەبێت ئەگەر بڵێین پەویست بە وێنە هەواسین ناکات، تەنها ناوەکان و ژمارەی لیست و ژمارەی بەربژەر بەسە لەگەڵ پەیام و بەرنامەکانیان، بەڵێ ئەمەش ناچار بە کارێکی ئاسایی وەردەگرین، بەڵام چۆن؟ لە ڕاستیدا وێنەی بەربژەر تەنها بە ناساندنی خودی بەربژەرە و هیچی تر، ناسینی بەربژەریش لە دەموچاوداییە نەک لە قەدوبادا، دەموچاو مرۆڤکانی پەدەناسرێتەوە نەک قەدوبا و گۆڕەی وێنەکان. دیارە ئەوەش ڕاستە گۆڕەی وێنەی دەموچاوەکان پەویستە بوجۆرێ بێت کە مەبەست لێیان بە تەواوەتی ناسینەوەی بەربژەرکان بێت، واتا گۆڕەی وێنەی دەموچاوەکانیش پەویست ناکات

لە سنوری خۆی تێپەڕێت. هەرچ بەرپرسێک توانیبێتی وێنەی دەموچاوی خۆی لە سنورەکدا بە گەورەیی نیشان بدات و نمایشی بکات کارەکی زۆر ئاسایی و ناشارستانیەتی پێوە دیار نییە لەم کولتوورەی ئەمەدا. بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری وێنە هەڵواسراوەکانی بەرپرسەکان بکەین زۆربەی زۆریان بە شێوازێکی ناشارستانییانە وێنەکانی خۆیان نمایش کردووە، ئەمەش جێگەی پرسیار و تێبینیە:

١/ ئەو بەرپرسە ژنانەی کە بە خۆگەیین و کراس و کەواو سوخمە و هەڵەکی ئاڵاو والا و جل و بەرگی گرانبەهاوە سەرتاپای لەش و لاری خۆیان نمایش کردووە، جوانکاری و میکیاژێکی زۆقیان کردووە، جێگەی پرسیارە؟ بە ئەم کارە دەکەیت؟ بە بەو جۆرە خۆت نمایش کردووە؟ تەی بەڵەز دەتەوێت بە وێنەکانت خەڵک بتناسێتەوە وەک بەرپرسێک بە پەرلەمان و دەنگ بە دەستبەهێنەت لە ناو ناسیبا و و دەستکانتا یان بە ئاهەنگ و سەیران و نمایشی جل و بەرگر خۆت ڕازاندەتەوە و خۆت نمایشکردووە لە چوارچێوەیەکی گەوەر و زەبلاحی چەند مەتریدا؟ لە کاتێکدا تەی بەڵەز دەتوێت ببیت بە نوێنەری خەڵک، حەتەمەن ئەو خەڵکەی تە دەتەوێت ببیت بە نوێنەریان و لە پەرلەماندا بەرگریان لە بکەیت، زەربەی زۆریان هەژار و نەبوون، ئەی نازانیت دەیان و سەدان کەچ و ژنی هەژاران هەیە، کە وێنەکەی تە دەبینەت خەرگە هەڵدەکەشێت جارێک بیتوانیایە جل و بەرگێکی وا ڕازاوە لەبەربکات! ئەی نازانیت ئەوە دەبێت بە ئاخ هەڵکەشانی دەیان لە ژن و کچە هەژارەکان! تە نمایشی جلوبەرگ دەکەیت یان دەتەوێت خۆت بناسێنەت بە خەڵک؟! ئەم دیاردەیە، بتەوێت یان نا دیاردەیەکی ناشارستانییە و لە جێگەی خۆیدا نییەو لە کۆسایەتیت کەم دەکاتەوە نەک زیادی دەکات. پەرلەمانتار دەبێت کەسانی سادە و ساکار و بێژدان و ژیر و وریا بن، بە دەموچاوەکی ئاسایەوە خەیان بناسێنن. ئەوەندەی جێستە و لەشولاری خۆت نمیاشکردووە، دەیەکەکی ئەوە نەتوانیەوە پەیام و بەرنامەیەکی جوانی ڕاستگەییانە بەدیت بەخەڵک. تەی ژن دەتەوێت لەمشدا هەر لاسای پیاوە بەرپرسەکان بکەیتەوە؟!

٢/ ئەو سەرەک لیست و بەرژەرە پیاوانەی لە چوارچێوەیەکی گەورە و زەبلاحدا خۆیان نمیاشکردووە، کە وێنەکانیان ئەوەندە گەورە و زەبلاحە چوارچێوەی ئاسنیان بە دروستکردوە و بە ئەسکەلە قایمیان کردووە بە دار و دیوار و سەر شەقام و شەشتەکانەوە، ئەم کارەتان یەجگار ناشرساتنییە، یەجگار کارەکی ناشیرین و نابەجێیە، ئەم کارەی تە، لای هەرچ کەسێکی بە ئاگا و هەشیار لە کۆسایەتیت کەم دەکاتەوە نەک کۆسایەتیت زیاد بکات.

تۆ لەم چوارچێوە زبڵاحی خۆت تیا نمایشکردووە و بستێک دەمت کردۆتەوە گوایە کەسێکی هووخۆشیت و دەستکیشت بەرزکردۆتەوە گوایە سڵام لە خەڵکی دەکەیت و کەسێکی ئاسایت، هیچ وانیە، ئاگەر واشبێت وێنەکێت ئاوەمان پێ دەڵێت کە تۆ دەربەستی ئاوە نایەیت لایەکی گەورە لە شەستکان کە هەڵەوی خەڵکیە بگریت، هیچ دەربەستی ئاوە نایەیت کە ئەم وێنەیی تۆ نمایشتکردوە بە واتای قەبەیی و گەورەیی و جێنتڵی لێش و لارت دێت، ئایا بە هاست بوون بە ئێندامی پەرلەمان بە قەبەیی و زلیە؟ ئایا بە هاست لە جیاتی ئاو وێنە گەورەیێت پەیامێکی ژیرانە و بەرنامەیکی ژیرانەی هاستگەیانێت هەبووایە باشتر نەبوو، ئایا بە هاست تەنها پیشاندانی دوموچاوت لە وێنەیەکی ئاسایدا جوانتر و شارستانیانەتر نەبوو.
ئەم وێنە گەورەیەی تۆ ئاوەمان پی دەڵێت، تۆ کەسایەتیەکی لاوازت هەیە، جگە لەوەش پەروەدەیەکی سەقەتێ بە منداڵ و مەردمنداڵ و گەنج و نەخوێندەوارەکان. ویژدان و عەقڵ و هاستگەیی مەرجە نەک وێنەی جوان و هازاوەی هەنگاو و هەنگ و گەورە و زبڵاح.

٣/ ئەی ئاوە لیست و قەوارەکان؟ لە پای چیی و لەسەر چ بنەمایەکی شارستانیانە و چ بنەمایەکی بەربژێری سەرکی حیزب و قەورەکێت کە هەندەکیان مردوون و هەندەکیشیان زیندوون، بۆ جۆرە نمایش دەکەیت؟ بۆ ناوەوە کە ئاو کەسایەتیە مردو یان زیندووانە کەسانی کاریزمایی و بە ویژدان و عەدالەتخواز و یەکسان خواز بوون؟ باشە ئاگەر واشبێت، دەتانوێت بە پیشاندانی مردووەکانتان خەڵبکەنە چاوی خەڵکیەوە، ئاوەی مرد لە گەڵ خەیدا چاکەکانی خەی برد، بە تۆ نیە بازرگانێتی بکەیت بە چاکەکانیانەوە، کاتێک ئەم دەکەیت، دەتوێت ناشیرینیەکانی ئەمڕۆی لیست و قەوارەکەی خۆتی پێ دابپۆشی، خەڵک بۆ هابوردووە ئاوە هەڵناسەنگێنێت، لەسەر کردەوە و هەڵوەستی ئەمڕۆتان هەڵتاندەسەنگێنێت. ئاو خاوەن لیست و حیزب و قەوارانەی کە زیندووشن لەسەر چ بنەمایەکی هەڵبژاردن و بەربژێریی و بانهگشتکردن وێنەی سەرکەکانتان لاو چوارچێوە گەورەیەدا هەڵواسیوە، ئایا خەڵک سەرکەکانتان ناناسێت؟ یان ئاوندە لاوازن، ئاوندە بە فکرن، ئاوندە ناشارستانیانە هەڵفتار دەکەن، نازانن کە ئەم دەبێت بە جێگەی گاڵتەکردنی خەڵکی و خەڵک بەم نمایشانە وەس و بێتاقەت دەبن.

ئایا نازانن بە دەیان و سەدان جار ساڵانە لەسەر شاشەی تەلەفزۆنەکانەوە خەڵک سەرکەکانتان ئاوندە دەبینێت کە بێتاقەت و وەس بوون، دەتانوێت هەڵبژاردنیش بکەن بە دیاردەیەکی ناشیرینتر

و جارێکی تر وەڵامی سەرکەکانتان پیشان بدەنەوە. بەم جل و بەرگ ڕازاوە و گرانبەها و دەموچاوە زەقانەوە دەتانەوێت جارێکی تر سەرکەکانتان نمایش بکەنەوە، کە خەڵک لەیان بێزارە و بە داگیرکەریان دەزانن. ئایا قەبایی سەرکەکانتان نیشانەی هێز نییە؟ هێزێک کە ئەوەی دەسەڵاتدار خەڵکی پێ دەتەقێنن، ئەوەی دەسەڵاتدار هەمیشە بە هێز ویستووتانە خەتان بسەپێنن، هێز نمایشکردن یەکەکە لە ناشیرینترین دیاردەی ناشارستانیانە.

جیهاد موحەمەد
٢٢/٩/٢٠١٨

کنەی سەرک کەماریی پارتی وەک دوا بزمار … چالاک ئاغجەلەری

ئەمەژانە لە هەموو کات زیاتر ڕاستی و دروستی خەتی سیاسی حزبەکانی کوردستان خەی نمایش دەکاتەوە کاتێکدا خەڵکی عێراق و دەوەتانی هەرەمی و دونیا لە چاوەڕوانی تروکانی ئەو هەڵکەیەن کە زادەیدوا هەڵبژاردنەکەی شەقامی عێراقی بوو.

لەڕە بەدوا دەبێت بە مەنتقی سیاسی و دونیا بینی لە پەیوەند بە مەعریفەی سیاسی بەرخود لەگەڵ ئاکتەدیبلەماسیەکانی ناخە بکەین(مەبەست لە ناخە بە تەواوی عێراقە) ، وەکو دەزانرێت و دەبینرێت عێراقیدوای ژەمەکەی بەعس بە سەرکایەتی سەدام حسین ، ووەاتگ هەموو پێکهاتەکانە بە تەواوی نەتەوە وئاینزا و ئەتنیکیکانەوە ئەمەش بە پاپشت بەو هێزە گەورەیەی ئەمریکا کە توانیتی ژەمەی بەعس بکاتبە مێژوو چیتر مەتەکەی سەدام و سەردارێتی لە گەڕپانی سیاسی بە ناوچەکە و دونیا ئەرزشی نەما و بە کەتا هات .
ئەمریکا دوا خاڵی پەناسەی ئەو هستیەی دانا کە گوزارشتی لە سەدام و ژەمەکەی دەکرد ، هاوکاتهەمان هێزیش دوا بیار لە چارەنوسی میللەتەکی ٣٠ بە ٤٠ ملیونی دەدات لە عێراقی نوێدا، هەرچەندووەاتانی دراوسێ بە تایبەت ئێران(دژە ئەمریکا) بە هەکاری هێزمووەن گەرای تائیفیەو دەخالەتکیبەرچاو لە ژیانی

سیاسی عێراق دەکات.

ئەم ووردە بینینە سیاسییەی لەسەرووی ئاماژەم پێکرد ڕاستیەکی پشچاوە تەنانەت بە نابینایش دەکوتێت بەرهەست ، کەواتە قسەکردن لەمێ ئەم جۆرە پرسانە دوور بەم ئاماژانە کامڵ نابێت.
لەرووی باس لەسەر پرسی دابەشکردنی دەسەاتە بەسەر پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراقدا، ئەوەی بەرکەوتیکورد سەرکی کەمارە، وەک دەزانین ئەم دەسەاتە لە عێراقی نوێدا دەسەاتکی تەشریفاتیە بەشوەیەکیگشتی ، دیارە بەخێی ئەم مەقامەش بەو مانایە نایەت هیچ دەسەاتکی سیادی و یاسای نبێت ئەمەش بەهەکاری ئەوەی هەندێک پرسی ئاسایشی نیستمانی دەبێت بەم فلتەردا بڕوات بە هەرچی خواستێک کەدوێتی عێراق نیازمەند بێت لە بەجێگەیاندنی، کەواتە ئەم دەسەاتە یاسای و سیاسیە هەربۆیە جێی بایخە و دەبێت کەسکی شیاو ئەو ئەرکەی پێ بسپێرێت ، هەروەها پێویستە بڕپژاردەکە بە ئەم پێستئاوتۆگرافی ڕەنگی سوزی دەسەاتی ئەمریکای لەسەر بێت، ئەمەش بە هەکاری ئەو هەژموونسیاسیەی ئەمریکا لە عێراق و نەوچەکەدا هەیەتی ، بە خێی ئەم تێپەاندنە بە هەر سێ سەرکایەتیەکە(سەرێک کەمار، وەزیران و پەرلەمان) ەاستە.

هەرچی پەیوەندی بە برا بەشی لەگەڵ عێراقی نوێدا هەیە پێستی سەرێک کەمارە ، لە ناو بەشکردنیدەسەاتکانیشدا بە هەرەمی کوردستان ، هەڵە سیاسیە گەورەکانی هەرەم کە پارتی دیموکرات و یەکێتینیشتمانی بە پێی ڕەکەوتنێک، ئەم پێستە بەرکەوتێی یەکێتی نیشتمانی بووە، هەرچەندە یەکێتی زۆر کەمتربە ئاراستە ئەرەنیەکەی بە پاداشت بەی گەاوتەوە لەکاتێکدا سەرکایەتی هەرەم بەر پڕاردەی پارتیدیموکرات بوو ، زۆر بە ئاراستەی ئەرەنی لە شیرینی ئەم پێستەی خوارد بە جۆرێک کردی بە حزبیقائید و گۆشەیەکی ئابوری زبەاحی بەرکەوتە بوو .
ئەم هەکارە و چەندین هەکاری هەرەمی و ناسەقامگیری عێراق و هەتەقینی هەزەکی ئیسلامی سیاسی لەشکۆی دەوڵەتدا کە ناوی داعش بوو ، گاپێکی سیاسی هەشتەوە کە مەسعود بارزانی وەک سەرکی هەرەم هاندا ئەو بەشاییەی بە ڕیفراندەم پێکردەوە ، لەکاتێکدا ئەمریکا ناوبراو و شونکەوتوانی بە ئاگاهێنایەوە لە دانانی ئەو ووشەیە، بەهەر حاڵ ئەنجامەکەیمان بینی کە تاوەکو چەند خێکی کوردستانزەرەمەند بوون بە ئەو هەنگاوەی نرا تایبەت بە پرسی ڕیفراندەم، هەر چەندە نوسەر بەبۆایەکیتەواوەوە ئەو هەڵەیە بە ڕاگوزەر وەنای سیاسی بە ناکات بەکو بە داشتنکی نهەنی و سیخوری

دەبینەتلەسەر دەستی بکەرەکانی، مەژووش خاڵ دەکاتە سەر هەڵەکان و بەسەریدا تێناپەڕێت.

پاشپشت بە پەرەگرافی پێشتروو ، ئەگەر فلاش باکێک لە قسە و باسەکانی بارزانی و پارتی بکەین بە هەرپرسێک لەگەڵ دووتنی ناوەند کە تاوەکو چەند ئینتیهازیانە هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانی دوژمنی و هەواستیئامێزیان دەکەن، بە تایبەت بە پرسی سەربەخۆیی کەمار، لەکاتێکدا دڵنیان لە پوچی و دڕاوی هەواکانیان بەبەم پرسە ، شێوەی ئەم هەڵە بانی نووت لە کوە بەت ئەوان لەوێن ، بەڵام بە ئاوەی باش تێبگەن کەکەرکوک و بانەکەی هەموو کەس لە سیحرەکەی ناگات !!!، بە تایبەت واقعی ئەمڕەی عێراق و زەمانیبووونی داعش و هەواە شکست خواردووەکەی سەرکی هەرەمی پێش ڕەفراندەم و سەرکی پارتی دوایەفراندەم ، بە وەڵامکان جیاواز بگەکان دەردەکەون، لە کەتاییدا تەدگەین پارتی دیموکراتی کوردستانکنەی چی دەکات.

کوردستانێکی بەهێز !؟کە پەوپاگەندەی پەرلەمانی بە دەکەن، یاخود ماچکردنی سواڵی دەسەات، پێشینانەاستیان ووتوە (پەتی درێ کورتە) ئەم کنەی دەسەاتەش بە سەرکەکماری دوا بزماری پارتیە بەتابوتی دڕەی دەواتی کوردی و ەیفراندەم تەکاوێکە کە پێش هەر کەسێ سەری سەرکایەتی هەرەمیخوارد.

زمان برین و تەەو شەرە کورسی ... ئەحمەد رەجەب

باسی کورسی سەرك كەمار زەر گەرمەو جگە لە سەوز (یەكێتی نیشتمانی كوردستان) و، زەرد (پارتی دیموكراتی كوردستان) كەسانی تریش خیان كاندید كردووە و، یەكك لەوانە، لە كەمەی ئسلامییە بە ناو سەلیم شوشكەیی و، ئەم كەسە لەلایەن ئاسایشی هەولەر داواكراوە، گوایە دەستی لە هەرشەكەی سەر پارزگاری هەولەر هەیەو، بەرهەم سالەح دوای تەران و پكهنانی لستك و، بەشداری هەپژاردنی عراقی كردو، ئەنجامەكەی بە دەێ نەبوو، لەم رژانەدا ئاشتكرایەو، وەك

جێگری سکرتیر بەشداری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کردو، لە کۆبرکێ لە گەڵ دوو کەسی تر بۆ سەرۆك کۆماری عێراق زۆرترین دەنگی هێناو، ئەوەی سەیرە کەسیك یەك دەنگی هێناوە (دیارە دەنگی خۆیەتی) سووڕە لە سەر خۆکاندیدکردن.

نهێنییەك لای پارتی هەیەو، نایدرکێنێ و، حەز بە بەرهەم سالەح ناکەن و، پێیانخۆشە فوئاد مەعسوم یان مەلا بەختیار ئەو پێستە وەربگرن و، ئەڵێن ئەگەر بەرهەم سالەح بمێنێتەوە وەك کاندیدی یەکێتی ، پارتیش کەسێکی ئامادەکردووەو بۆ ئەو پێستە، بە ڕوون و ئاشکرا دەستی دەرەکی لەو کێشمەکێشە هەیە و، زۆرانەکە لە نێوان ئەمریکاو ئێرانەو، ئەم ڕەفتارانە کاردانەوەی خراپی بە دووای خۆیەو، ودیسانەوە بەبێ پرسی گەڵی کوردستان بەرپرسان قەیرانێکی تر دروست ئەکەن.

ڕۆژگار شتی سەیرو سەمەرەی تیایە نەیاری دوێنی ئەبێتە خۆشەویستی ئەمڕۆ، مژووو هەموو شتێك دەرئەخات، مەلا بەختیار بەرپرسی مەبەندی یەکی یەکێتی بوو، بەنیازی شەر ڕاگرتن لە نێوانی یەکێتی و پارتی و حزبی سۆشیالیستی کوردستان بە هاوکاری هاوڕیانی حزبمان – حزبی شیوعی لە دێی قولەگیسکانی شارباژێر کۆبوونەوەیەکی هاوبەشکراو، بریاردرا شەر بوەستێت و، چیتر پێشمەرگە بە دەستی پێشمەرگە نەکوژرێت و، دوای چوار ڕۆژ یەکێتی گەمارۆیی بارەگاکانی هەردوو حزبیدا لە چاڵەخەزێنە و، مەلا بەختیار بە دەنگی بەرز لە ڕێی بێسیمەوە (لاسلکی) لە دێی حاجی مامەند هاواری ئەکردو هانی پێشمەرگەکانی ئەداو ئەیوت هێچیان نەماوە ، ئەم خائینانە دەرپەڕێنن و سنور بەدەریان بکەن.
دیکتاتۆرسەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی و ڕژێمە خوێنڕژەکەیان قاڵبوون لە بریتی زمان و گوێ ولووتی سەربازی هەڵاتوو لە بەرەکانی جەنگدا بەرامبەر بە ئێران و، ئەو سەربازانەی ڕایانکردبوو، خۆیان شاردبووە (فیرارەکان) و، بەرامبەر بەو کردەوە نامرۆڤانە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواو دیموکراسی نە هاتنە دەنگ و، ئەو کارە ریسوا بکەن.

بازاری هەڵبژاردن زۆر گەرمەوەو، لێرە ژنێك (کاندیدی) پارتی لە سەر ریبازی دیکتاتۆری ڕووڕەش سەدام حوسەێن باسی زمان بریتن و، لەوێ دوو سەرۆك ئیسلامی صلاح الدین بەهاء الدین و، یەکێك بەناو عەلمانی (عومەری سەید عەلی) باسی تۆپە سەندنەوە ئەکەن.
کاندیدەکەی پارتی لەگەڵ سەرۆکی لیستی پارتی (هێمن هەورامی) وەستا بوو کاتێ دێگەرمانە باسی زمان بریتی کردو، سەرۆکی لیست

نقەی لەوە نەهات و، دیارەبەوجۆرە رەفتارانە راهێنراون، لە سونگەی (هەڵپژاردن) کە لای ئەوان شەڕەو، پێویستە لە داهاتوو کەرەستەی شەرکردن لە بوتڵی ئاو بگوزرتەوە بۆ تۆپاو و شمشێرو پلایس و کەتەرو دەرنەفیس.

صلاح الدین بەهاء الدین وەك ئیخوانەکانی هاوشێوەی لە حەماسی فەلەستینی و تاقمەکەی محەمەد مورسی میسری و دواکەوتووەکانی تالیبان و پاکستان و عومەر ئەلبەشیری سودان بیر ئەکاتەوەو، مەگەر خۆی نەبووە، لە نامەکەی بۆ خەلیفەی دەراو نووسی (خوا بتانپارێزێت)، ئەو ئەردوکانە کە باکوری کوردستانی تەختکردو، خەڵکی سڤیلی بۆتاوانی کوشت و هەزاران ئاوارە بوون و، لە ئێستادا خاکی باشوری کوردستانی داگیرکردووەو، رووبەڕووی ئاشکرا ئەبێت هاتنمان بۆ ئەوەیە قەندیل بگرین (نەیخێی تاڵە)، بەڵام عومەری سەید عەلی بە نیازەوەك سومبولەکەی رەفتار بکات کە لە شەری پشتاشان وتی شیوعییەکان کەمیان ماوە بیانگرن و پەروباڵیان بکەن و، مژوو وەڵامی ئەو جورە بۆچوونە هەڵانە ئەداتەوە، شیوعییەکان ماون و قەت بنبر ناکرێن.

ڕۆژانی داهاتوو پرە لە رەفتاری نەشیاو پارتی و یەکێتی وەك خاوەنی کوردستان ئەیانەوێت هەڕەم بکەنە دەسکەلاو، شەری ئەم و ئەوی پێ بکەن و، کۆشەو ناکۆکی لە ناو هەردوو حزب هەیەو، درەنك یان زوو کودەتا بەرپا ئەبێت و، بارودۆخەکە ئەتەقێتەوە.

شیعرییەت، گەڕان بە دوای ڕەساکانی داهێنانەدا ... عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(1)

بە شێوەیەکی گشتی شیعرییەت لە سەر خوازەی زمانەوانی وەستاوە و کەشفی ڕەساکانی داهێنانی دەقە ئەدەبییەکان دەکات، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ ڕووەکانی دیکەی دەق پێنییە، یەکێك لە ڕووەکانی دەقیش ئاستی مەعریفە و بەشداریکردنی خوێنەرە جیاوازەکانە.

(2)
سەرچاوەکانی شیعرییەت گوتاری ئەدەبییە، بەڵام (میکائیل ریفاتێر) مەیلی بەرەو شێوازگەری دەچێ و شێوازگەری پێشدەخات و شیعرییەت رەتدەکاتەوە.

(3)
ڕۆلان بارت جیاوازی لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و دەقدا دەکات، پێیوایە بەرهەمی ئەدەبی دانەری حەقیقی بەرهەمی دەهێنێ، بەڵام دەق بەرهەمی ئەو خوێنەرەیە، کە لە ڕێگای خوێندنەوەوە ڕەهەندەکانی دەکاتەوە، لێرەوە ئەو قسەیەی بارت تێزی دەقی دانەر و دەقی خوێنەر دەخاتەوە… بەڵام تزیڤیتان تێدۆرۆف بابەتی شیعری لە بەرهەمی ئەدەبیدا نابینێتەوە، چونکە پێیوایە بەرهەمی ئەدەبی کارێکی ئامادەیە، بەڵام بابەتی شیعرییەت کارێکی شیمانەییە، بەو مانایەش کار کەمەکێ دەقی بێ کۆتایی بەرهەم دەهێنێ! خاڵی جیاوازی نێوان ژیرار ژینێت و بارت و تێدۆرۆف ئەوەیە ژینێت بۆای بەوە نییە دەقئاوەزانی بابەتی شیعرییەت بێت، واتە بابەتی جێبەجێکردن بێت، وەك بارت و تێدۆرۆف دەیبینن… کەواتە شیعرییەت زانستێ نییە، تاکو پشت بە بابەت ببەستێ، بەڵکو پێوانە و پێناسەیەکی نەگونجاو و هەندێجار نایەقینییە.

(4)
شیعرییەت و بەخششەکانی شیعرییەت هەر تەنها لە نێو خێدا نەماوەتەوە و بەشێوەیەکی بەرفرەوان بە نێو ژانرەکاندا باو بۆتەوە… شیعرییەت سنوورەکانی خێ تێپەاندووە و هەنگاوی بەرەو وێناکردنە دەروونی و کەمەایەتی و فەمەکانی دیکەی ژیان هاوشتووە؟! بەڵام ئامانجی شیعرییەت هیچ لەوانە نییە، بەڵکو دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بوارەکانە، واتە شیعرییەت گەیشتنە بە پەیوەندییە جیاوازەکانی شیعریی.
جیاوازی نێوان شیعرییەت و ئەدەبییەت ئەوەیە: ئەدەبییەت هاوتای شیعرییەتە و زۆر لێیەوە نزیکە، ئەدەبییەت لە دنیای تیۆری ڕەخنەی نوێدا لە شیعرییەت لە پێشترە… ئەدەبییەت واتە پەتیبوونی ئەدەب یان ئەوەی پێی دەڵێن شاعیری بوون.
لای (ڕۆمان یاکۆبسن) بابەتی زانستی ئەدەب قسەی زۆر لێکراوە، بەڵام ئەدەب نییە، بەڵکو بابەتی زانستی ئەدەب، ئەدەبییەتە… زاراوەی ئەدەبییەت پێوانەیەکی سیمیایی هەیە و تایبەتە بە دەقی ئەدەبییەوە… پێناسەی ئەدەبییەت لە تیۆری سیمیایی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستەکانی ڕووسدا جیاکردنەوەی

دەقی ئەدەبییە لە نا ئەدەبی!
زانستی ئەدەب لەگەڵ شیعرییەت هاوواتا دێتەوە، بە مانایەکی دیکە زانستی ئەدەب دیاریکردنی پێوانەیەکی رووتە بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب لە نائەدەب… بەڵام ژان کۆهین زاراوەی شیعرییەت لە نێوان دەلالەت و تەعبیرکردندا هەدەگرێتەوە، کۆهین شیعرییەت بە زانستی شیعر ناو دەبات، نەك زانستی ئەدەب! بە گشتی ڕۆژەی ئەدەبی بۆ ئەدەب، وەك ڕۆژەی زمانە بۆ گوتن وەك چۆن فردینارد دی سوسۆر قسەی لەدەکات، دواجار هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن ئەدەبییەت و شیعرییەت پێکەوە هاوبەشن و یەك ئامانجیان هەیە.

(5)
ژان کۆهین دەڵێ شیعرییەت زانستە، ئەوەش پەیوەندی بە هەمان ئەو پرنسیبەوە هەیە، کە زمان بە زانست دادەنێت، واتە پرنسیبی تەفسیرکردنی زمانە لە ڕێگای زمانەوە! بەو مانایەش جیاوازی نێوان شیعرییەت و زمانەوانی ئەوەیە کە شیعرییەت شێوەیەك لە شێوەکانی چارەسەرکردنی زمان و زمانەوانی کێی مەسەلە زمانییەکان دەگرێتەوە.
ژان کۆهین دەیەوێ شیعرییەت وەك زانست تەماشا بکەین، بۆ ئەوەش هەر دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ زمانەوانی زانستە، واتە ئەوەی بڕچوونە بنەڕەتییەکانی شیعرییەت دەگۆڕێ، پشت بە پرنسیبەکانی زمانەوانی دەبەستێت و بەردەوام بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەش چەمکی شیعرییەت بونیاد دەنرێتەوە… بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا زانست و ئەدەب چۆن بە نێو یەکدادەچن؟ چونکە زانست لە هەر بابەتێکدا بوونی هەبێت، سروشتی ئەو بابەتە لە خۆرسکییەوە بۆ هۆکارخوازی، لە هەڕەمەکی و پێشبینیکردنەوە بۆ ڕێکوپێکی دەگۆڕێت، جگە لەوەش زانست هەمیشە بابەت لە دەستوردانی دەرەکی دەپارێزێ.
ژان کۆهین پێیوایە تەماشاکردنی ئەمڕۆ بۆ هونەرە جوانەکان هەر تەنها لە سەر جوانی نەوەستاوە، تەماشاکردنی نوخوازانەی ئەمڕۆ بۆ جوانی خۆی لە کەشفکردنی حەقیقەتی زانستیدا دەبینێتەوە… شیعرییەت سیمایەکی زانستی لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئایا دەبێتە زانستی ئەدەب؟ هەر کاتێ لە ئەدەب دوور کەوتینەوە بەو وەسفەی واقیعێکە بۆ لەیەکنزیکبوونەوە، دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، ئەدەب بەردەوام لە سەر نزیکبوونەوە و تازەکردنەوەی کەمەڵك یاسا و ڕێساش کار دەکات، لە نێوان واقیعی ئەدەبی و یاسای زانستی زمانەوانیدا ئامانجی شیعرییەت یان ئەوەی یاکۆبسن بە زانستی ئەدەب ناو دەبرێت، دەلالەت لە کەشفکردنی لێکنزیکبوونەوەی تێوانینەکان و یاسا و ڕێسا تازەکان دەکات، نەك کۆتاییهێنان بە تێوانین و یاساکان! یاسا و ڕێساکانی زمان بەردەوام لە نوێبوونەوەدان و شیعرییەت بەردەوام لە

تێپەڕاندنی ئەو یاسا و ڕێسایانە خێی نوێ دەکاتەوە، کەواتە ئامانجی شیعرییەت کەشفکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانە نییە، بەڵکو کەشفکردن و وەبەرهێنانی بەردەوامە.

(6)

لە نێوان زانستی شیعریی و زانستی ئەدەبی، لە نێوان ژان کۆهین و یاکۆبسن، لە نێوان شیعر و پەخشان... پرسیار ئەوەیە ئایا شیعرییەت زانستی شیعرە، یان زانستی ئەدەب؟ ڕەنگە چارەسەر ئەوە بێت، کە شیعرییەت بە زانستی ئەدەب دابنێین، چونکە شیعرییەت لە شیعر و پەخشاندا بە دوای ڕێساکانی گوتاری ئەدەبیدا دەگەڕێت، لەبەر ئەوەی شیعر و پەخشان لە خەسڵەتی ئەدەبیدا هاوبەشن... بەڵام ئەو چارەسەرە حەتمی نییە، بەڵکو زەرووڕەت دەیسەپێنێ، چونکە شیعر و پەخشان کەمەڵێك جیاوازییان لە نێوان هەیە، ئەوەش دەمانخاتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە شیعرییەت زانستی ئەدەب نییە! بەڵکو چارەسەری گوتاری شیعری دەکات، بێ ئەوەی چارەسەری گوتاری پەخشان بکات؟! جیاوازی نێوان زانستی شیعریی و زانستی ئەدەبی ئەوەمان پێدەڵێت.
فۆرماڵیستەکانی ڕووس لە نێوان شیعر و پەخشان جیاوازی دەکەن، بەوەی پەخشان لە گەیاندن و فیکر و ئامانج دا دەبینن و شیعر هیچ لەوانە بە هەند هەڵناگرێ، شیعر لە گەیاندندا سەربەخۆیە، بەڵام ئامانجی یەکەمی پەخشان گەیاندنە... دەبێ لە پەخشاندا شتێ بگوترێ و وشەکان گوزارشت لە دەڵالەتە فیکرییەکان بکەن، بە پێچەوانەوە دەشێ فیکر و دەڵالەت لە شیعردا لە حاڵەتی سێبوونداا بێ و ناوکێیی شیعری لە ڕێگای دەڵالەتی وێنەی جیاواز بتەقێتەوە، بە دیوەکەی دیکە دەشێ شیعر لە دەرەوەی سێبوونی دەڵالەت، دەڵالەت تێیدا گاڵتەجارانە و درزنانە بکەوێتەوە! لە شیعردا وشە ئەڵتەرناتیفی هیچ شتێ نییە، بەهای سەربەخۆی هەیە و لە شتگەرایی دوورە. پەخشان لە جەماوەرەوە نزیك دەبێتەوە، بەڵام شیعر چێبوونەوەیە و جۆکەوتەی ئیستاتیکی هەیە، کەواتە جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان، ئەدەب و نائەدەب، جیاوازییەکی هونەرییە و دەکەوێتە بازنەی سیمیاییەوە (semiotics) لە دیدی (ژان مۆکارۆفسکی Mukarovsky) هونەر ئاماژە بە هیچ شتێکی دیاریکراو ناکات، ئەوەش هونەر لە ناهونەر جیا دەکاتەوە.

(7)

سەرەڕای چەمکی سەربەخۆیی، چەمکی گەیاندن وەزیفەیەکە لە وەزیفەکانی کاری هونەری، بەمجۆرە لەلایەك هونەرە و لە هەمان کاتدا گوتنە و گوزارشت لە هەوڵستێکی عەقڵی، یان فیکرەیەك، یان هەستێك دەکات. لە ڕاستیدا هەتا کارە فۆرمئاساکانیش خاوەنی بەهای گەیاندنی تایبەتن، بەڵام لە بابەتدا سەربەخۆن، بێ نموونە هێڵکاری

و ڕەنگ لە شێوەکاریدا دەشێ مانای شتێ بدات، بێ ئەوەی بابەتەکەی دیار بێ.
لەبەر ئەوەی لە کاری هونەرییدا خەیاڵ ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆیە نابێ کاری ئەدەبی بەهای وجودی هەبێ، بەو مانایەش کاری هونەری وەك وجودێکی واقیعی سەیری هیچ شتێ ناکات ، بەڵکو لە کاری هونەرییدا ئاماژە پێدراو هەر وەك خەیاڵ دەمێنێتەوە.

(8)
شیعرییەت هێزی شیعریی و درەوشانەوە لە دەقدا دەخاتە ڕوو، بەڵام شێوازگەری هێزی گوتن لە نوسیندا دەخاتە ڕوو، یان شێوازگەری خەسڵەتەکانی گوتن لە دەقدا دەنوێنێ، پەیوەندی نێوان خەسڵەتەکانی گوتن و هیزی شیعریی و درەوشانەوە بێ نموونە لای یاکۆبسن دەکەوێتە نێوان شێوازگەرییەکی ڕۆگاپێدراوی دیاریکراو و شیعرییەتێکی ڕۆگاپێدراو و دیاریکراوەوە… ئەگەر بەهای شێواز لەشێوازگەرییەکی ڕۆگاپێدراوی دیاریکراودا پەیوەندی بە چنینی گوزارشتکردنی گوتار لەلایەك و هێزی هەواڵ و هێزی ناوەڕۆك لەلایەکی دیکەوە هەبێت! ئەوە شیعرییەتی ڕۆگا پێدراو و دیاریکراو پەیوەندی بە چنینی شیعرییەت لەلایەك و هێزی درەوشانەوە لەلایەکی دیکەوە هەیە، دواجار دەتوانین بڵێین نزیکردنەوەی شیعرییەت و شێوازگەری لای یاکۆبسن لە پێکچووانی وشەی شێوازگەری و وشەی کارفرمای شیعریدایە، بەو مانایەش وەك چۆن شیعر وەزیفەیەکی دیاریکراوی نییە، بەدواداچوونی شێوازیش بەرەو دەرئەنجامێکی بنبەستمان دەبات، بە مانایەکی دیکە هەر دەقێك لە پێکهاتەی تایبەت و دەگمەنی خۆی هەناسە دەدات، کاریگەرییەکانی خۆی لە ڕۆگای ئەو پێکهاتە تایبەتەوە بە دەست دەهێنێ، هەر ئەو خاڵەیە شێوازگەری بەرەو چەندان جۆری جیاواز دەکاتەوە.

(9)
بە شێوەیەکی گشتی چەمکی شیعرییەت واتە گەیان بە دوای ڕێساکانی داهێنانداە، هەبەتە ڕێساکانی داهێنانیش بۆای بە یەك شێوە لە شیعرییەت نییە، بەڵکو خۆی لە شیعرییەتی جیاواز و بەشداریکردنی خوێنەری جیاوازدا دەبینێتەوە.
دنیای شیعرییەت لای تزفیتان تۆدۆرۆف دنیایەکی شەپۆلاوییە و ناشێ بیخەینە دووتوێی یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو و ئامادەوە! وەك چۆن تۆدۆرۆف قسە لە شیعرییەتی خوێندنەوە یان وەرگر دەکات، بەو مانایەش خودی شیعرییەت واتە جیاوازی لە وێناکردنی نهێنیئامێزی داهێنان و ڕێساکانی داهێنان، وەك لای ڕۆمان یاکۆبسن لە تیۆری

نوێنەراتیکردن و لای ژان کەهین لە تیۆری لادان و لای کەمال ئەبودیب لە تیۆری بۆشایی: مەسافەی گرژبوونەوەدا دەیبینین.

(10)

سەرەرای بەرفرەوانبوونی بازنەی زمانەوانی، بەڵام توێژینەوە لە بارەی شیعرییەتەوە سنورەکانی زمانەوانی و گیروگرفتەکانی دەستەواژە و چنینی رستە تێدەپەڕێنێ و بەرەو توێژینەوەی گوتە و رستەی فرە رەهەند و راڤەکردنی گوتار دەبێتەوە، بەمجۆرەش دەچێتە بازنەی تایبەتی سیمۆتیکاوە، کە لقێکە لە لقە بنەڕەتییەکانی زمان. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا پەیوەندی نێوان شیعرییەت و زمانەوانی، ملکەچکردنی شیعرییەتە بۆ زمانەوانی، ئایا شیعرییەت لە سەر زمانەوانی دەژی؟

ڕۆلان بارت کەشفی توانا بەرفرەوانەکانی زمانەوانی دەکات و دابڕانێ دەخاتە نێوان زمانەوانی و سیمۆتیکاوە، چونکە سیمۆتیکا وشە و دەستەواژە و رستە بۆ ئاستی گوتار دەگوازێتەوە، خودی ئەو مەسەلەیەش گواستنەوەیە لە توێژینەوەی زمانەوانییەوە بۆ توێژینەوەی سیمۆتیکای گوتار. ڕۆمان یاکۆبسن لە سەر ئەو بنەمایە جەخت لەو تێپەڕاندنە دەکاتەوە و دەڵێ ئەو ئامرازانەی کە توێژینەوە لە بارەی شیعرییەتەوە دەکەن، هەر تەنها لە سەر هونەری زمان ناژەردرێن، چونکە تیۆری دەلالەتخوازی لە شیعرییەتدا لە سەر بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی دال دەژی، بۆ ئەوەش ناشێ تەنها پشت بە زمان ببەستێت.

(11)

بۆگومان زمانەوانی لە دوالیزمی سوسێرییەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ نموونە: دوالیزمی گوتن و زمان. وەك دەزانین بوونی زمان لە نێو عەقڵی کێدا ئامادەیی هەیە، بەڵام گوتن کەسیی و هەستی دەکەوێتەوە. هەر ئەوەش دەبێتە بنەمای دوالیزمی شیعریی، کە ئەدەب و گوتنی ئەدەبییە… ئەدەب، لە دوالیزمی شیعرییدا جێگای زمان دەگرێتەوە لە دوالیزمی زمانەوانیدا، بەڵام گوتنی ئەدەبی جێگای گوتن دەگرێتەوە لە دوالیزمی زمانەوانیدا.

لە توێژینەوەی زمانەوانیدا دوالیزمی زمان و گوتن وەك پێویستی و قەمبازێك تەماشا دەکرێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو دوالیزمە وەك ڕۆمان یاکۆبسن و یاری تینیانۆف بۆی دەچن، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە! لێرەدا بە هیچ جۆرێك دابینی رستەی ئەدەبی بەرەو چارەسەرکی دروستمان ناکاتەوە، وەك دابینی زمان لە زمانەوانیدا! چونکە رستەی ئەدەبی لە ڕووی هونەرییەوە پەیوەندی بە رستەی ئەدەبی

دیکەوە هەیە، بۆیە هەموو دابڕانێ سیستمی بەهای هونەری دەشوێنێ و جگە لەوەش توانای بوونی یاسا و ڕێسا پێویستەکان دەستەوە.
ئەگەرچی تەدڕەف پێیوایە بابەتی زمانەوانی خودی زمانە و بابەتی شیعرییەت گوتارە، بەڵام زمانەوانی ڕێگا بۆ شیعرییەت خۆش دەکات، بابەتی خۆی دیاری بکات… چونکە هەردووکیان پشت بە یەک تێگەیشتن دەبەستن، هەردووکیان دەکەونە نێو چوارچێوەی سیمۆتیکا و سیستمی دالەوە! بە بڕوای تەدڕەف زمانەوانی هەر تەنها زانستی زمان نییە، بەڵکو شێوازێک لە بونیادی زمانەوانی بە نموونە: دەنگ و ڕێزمان و دەلالەت… بابەتی ئەون، جگە لەوەش ئەنترۆپۆلۆجیا و شیکردنەوەی دەروونی و فەلسەفەی زمانی لە سەر بابەتی ئەو بونیاد نراون، هەموو ئەوانەش لەگەڵ بواره مەعریفییەکانی دیکە هاوسەنگە، کە ئەدەب وەک بابەتی خۆیان دەبینن، لە سەر ئەو بنەمایە شیعرییەت بە تەنها ئەدەب وەک بابەتی خۆی تەماشا ناکات، شیعرییەت هەر تەنها بە زمانەوانییەوە پەیوەست نییە، شیعرییەت هەمان ڕێی زمانەوانی دەگرێتە و بە هەموو زانستەکانەوە پەیوەستە، تا دەگاتە زانستی ڕەوانبێژی و زانستی گوتار بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئەوانەش لە هەوڵی تەدڕەفەوە هاتە بەرهەم.

(12)
کاتێک شیعرییەت بە زانست دادەنێین، بە هەمان پرنسیبی زانستی زمان قسان دەکەین، ئەوەش پرنسیبی ڕاڤەکردنی زمانە بە زمان، بەو مانایەش شیعرییەت بە فۆرمی شیعرییەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام زمانەوانی یەک فۆرم لە زمان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو فۆرمەکانی زمان دەگرێتەوە! پرنسیبی ڕاڤەکردنی زمان بە زمان، شیعر بە شیعر، شوێنی زانستگەرایی و وەسفگەرایی دەگرێتەوە، ئەو پرنسیبە زمانی شیعر بە میتا زمان (metalinguistic) دەچوێنێ… دەشێ شیعر لە میتا زمان لە دایک ببێ، بەڵام میتا زمان بەهای جوانی پشتگوێ دەخات، ئەو شیعرییەتەی بەهای جوانی پشتگوێ بخات، وک تەدڕەف دەکەوێتە بەهودەییەوە.
کەهین جیاکاری لە نێوان بەکاربردنی شیعر و کردەی لێخوردبوونەوە دەکات، ئەو دوو لایە بە دوو لای دیکە دەبەستێتەوە، ئەویش جوانی و زانستە! بەکاربردن چیژە و لێخوردبوونەوە مەعریفەیە، ئەو دوو پرسەیەش پێویستە بە سەربەخۆییەکی ڕەها پرسیسە بکرێن.
کەهین بەکاربردن بە جوانی و چێژی جوانی دەبەستێتەوە و لێخوردبوونەوە بە زانست بۆ ئەوەی مەعریفەی زانستی بە دەست بهێنێ، بەڵام ئەو بەیەکەوە بەستنەوەیە گرنگ نییە، گرنگ بەنوێیەکداچوونی بەکاربردن و لێخوردبوونەوەیە، بەیەکداچوونی بەکاربردنی جوانی و

لێخوردبوونەوەی زانستی ئەوە دەسەلمێنێ کە یەکەمیان لە دووەمیان هەڵنجراوە! ئەوەش پێچەوانەی ئەو دیدە کۆنە دەوەستێ، کە تەنها بەهای جوانی بە پێوانەی بنەڕەتی کردەی راستییەکان و یاساکان دادەنێ.

(13)
فەرمالیستەکان شیعر وەك بونیادنانێکی تایبەت دیاری دەکەن، کە شێوەی ناوەکی لە تێکڕای پەیوەندی چێ و پێ هەڵچنراوە، ئەوان لە سەرەتادا جەختیان لە کێشی شیعری دەکردەوە و دواتر ڕۆلی سەرەکی بونیادی تیۆری شیعرییەت لە ڕێگای ریتمەوە دەستنیشان کرا… جگە لەوە بێ قسەکردن لە سەر زمانی ڕۆژانە و زمانی شیعری شکڵفسکی زمانی شیعری بە زمانێکی ئامانجخواز دادەنێ و زمانی ڕۆژانە دەخاتە دەرەوەی ئامانجخوازییەوە، پێیوایە زمانی ئامانجخواز لە ئاستی زمانی شیعرییەوە بێ ئاستی زمانی خوێندنەوە ئاسانتر دەگوازرێتەوە! بەم تێدڕڕف ئەو وەسفکردنەی شکڵفسکی بە ناەوا و نوودژ تەماشا دەکات، ئەو پێیوایە مامەڵەکردنی قوتابخانەی فەرمالیستەکان لەگەڵ دەقە، نەك ئەوەی دەقەکان چ لە خوێنەردا بەرهەم دەهێنن.
یاکبسن ئاماژە بە جیاوازی زمانی شیعری و زمانی هەڵچوونئامێز دەکات و دەڵێ شیعر دەشێ زمانی هەڵچوونئامێز بە کار بهێنێ، بەم بێ کاری پێویست! بەو مانایەش وەك یەك تەماشاکردنی زمانی هەڵچوونئامێز و زمانی شیعریی هەڵەیە، چونکە زمانی هەڵچوونئامێز ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم زمانی شیعری ئەرك بە هەند هەڵناگرێ.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

ریچارد گاری براتیگان نووسەرێکی تەنزئامێزی ناشاد …

سەران محەمەد

ڕیچارد گاری باتیگان (٣٠/١/١٩٣٥ – ١٤ /٩/ ١٩٨٤) نووسەری ئەمریکی، خاوەنی ١٠ پڕۆتووکی هەنراوەو ١١ ڕۆمان و ١ پڕۆتووکی کورتە چیرۆک، هەروەها پەخشانیشی نووسیوە. لە تاکەمای واشینگتۆن لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٥٦ چووتە سانفراسیسکۆ، هەر لەو ساڵانشدا خۆی لە دنیای نووسین و داهێناندا بینیوەتەوە و بەرەو جیهانیبوون هەنگاوی نا، مەخابن وەك هەندێك نووسیارو بیرمەندی دی لە ١٤ی سیبتەمبەری ١٩٨٤ بە هۆوداوی خۆکوژی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
وەك ئاوەژوی سەر بە ڕۆمانزی پۆستمۆدێرنیزم ناوزەد دەکرێت؛ ئەمە نووسەران، خوێنەران، هونەرمەندان، میوسیکژەنان ... ئیلهام لە کارەکانی ڕیچارد باتیگان وەردەگرن و کارەکانی پەرچڤی سەر زیاد لە بیست زمان کراون. دوا ڕۆمانی (ژنێکی بە بەخت) لەساڵی ٢٠٠٠دا لە چاپدرا. لە ٨/٦ /١٩٥٧ و لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا هاوسەرگیریی کرد لەگەڵ ڤەرجینیا دیەن ئاڵدەر کردو لە ٢٥/٣ /١٩٦٠ تەنیا منداڵەکیان بوو بە ناوی ئیانت ئیلیزابێت براتیگان و لە ٢٧/٧/١٩٧٠ دەستبەرداری یەك بوون لەگەڵ هاوسەرەکەی. دووەم هاوسەرگیری لەگەڵ ئەکیکۆ نیشیزاوا یەشیمورای ڕۆچێستەك یابانی لە ١/١٢ /١٩٧٧ کردو لە پاش چەند ساڵێك و لە ١٢/١١/١٩٨٠ دەسبەرداری یەك بوون.

برسەتی حزورەکی بەردەوامی هەبوو لای باتیگان لەسەرەتای لاوی و گەشەکردنیەوە، بە نموونە لە تەمەنی بیست ساڵیدا ئەو دەسگیرکرا چونکە بەردەکی گرتبووە پەنجەرەی پۆلیسخانەیەك. ئەواڤەی ئاوەی کردبوو کە بیە وای کردووە تا بچێتە زیندان و لەو بواری دەبێت و دەتوانێت بخوات، بەڵام لەبری زیندانەوانی نەخۆشخانەی ئەریگۆن کرا. لەوێ چارەسەری لەدانی کارەبایی بە کرا بە بیانوی توشبوونی حاڵەتی شیزۆفرینیای بەدگومانیی.

دیکنسن و ولیەم کارلس ویلیەمس کاریگەریان لەسەر بەرهەمەکانی باتیگان بووە، پەخشانەکانی زەر جار باڵای شێتەکەیی و سەمەرەدا دەچن، بەسەرهاتە سوریالیەکان، یان ئەو تێبینی و وەکچواندنانەی لەگەڵیەکدا بەرەنگاربونەوە نەگونجان و دوورکەوتنەوەیەکی گەورەیان لەخۆ دەگرت. بەڵام جارانەکی تریش سادەوئاسان بوون. ئەو حەزی دەکرد ڕۆمانەکان لەگەڵیەکدا بدورێت، درێژیی پەرەگرافی بەشەکان بەجۆرێك درێژدبوونەوە لە نەوان هاتن و چووندا لە نەوان داشتنێ لەناکاوەکان و ئاڕاستەکاوی سەزدارو وێناکردنی سادەی تێبینیکراوی ژیانی ڕۆژانە.

چەندەگەزەکی دیاری کراو لە بوونەوەران و شمەك لە نووسینەکانیدا دووبارە دەبوونەوە، وەك تەختەدارەکان، ماسیە خاتوونەکان، ووبارەکان .. چیرۆکەکانیشی پڕ بوون لە گەڵانکاریە سێرەکان: ناوەکان دەبوون بە کردار، مرۆڤەکان دەبوونە بیرۆکەکان، ناونیشانی پەرتووکەکان دەبوونە پیت.
دەڵێن وەك پۆیست نەوانی لەگەڵ ڕەخنەگراندا باش نەبووە، تەنانەت پاش مردنیشی وەك پۆیست تیشکی نەخراوەتە سەر لە لایەن ڕەخنەگرانەوە.

(ئەبەت کیت)ی ڕەخنەنووس دەڵێت: شیکاری ڕەخنەیی بە شێوازی بەراتیگان وای ڕاقەدەکەن کە بڕوای بە اتیگان وەك نووسەر لە شێوازی کاریگەری بەکارهێنانی زەرانبازی و گرژی نێوان واقیع و خەیاڵدایە.
باشترین ڕەمانی لە ساڵی ١٩٦٧دا چاپکرد بە ناوی (ڕاوکردنی ماسیەخاتوونە لە ئەمریکا) ، شایەنی باسە لە سەرەتای ساڵی 2017 دا وەرگەڕانی ئەم ڕەمانە لە لایەن بەڕێز (محەمەد مرادی) بە یەکەمجار لە ڕێی خانەی پەخشی ڕێنما بە کوردی بڵاوکرایەوە.
ڕۆژێك برادەرێك باسی گرنگی دەقەکانی ئەم شاعیرەی کردو چۆن کاریگەرییەکانی لەسەر هەندێك نووسەرو شاعیر جیهێشتووە، ئەو وەك شاعیرو خوێنەرێکی جیدی لە گرنگی ئەم دەقانەی ریچارد تێگەشتبوو، هەرچەندە لای وا بوو وەك پۆیست بەرهەمەکانی ئەم کەڵە نووسەرە بە کوردی نەکراون ، بۆیە پێم باش بوو لێرەدا چەند دەقێکی براتیگان بە کوردی بکەم.

گەر سەرنجێکی وردی دەقەکان بدەین دەبینین ریچارد کارێکی ناوازەی کردووەو پێش ئەو کەسانێکم نەدیوەتەوە ئەم شێوازەیان پەیرەو کردبێت و جورئەتی ئەو کارەیان کردبێت، ڕەنگە لەبەر ئەمەش بێت لەمێژاندا زۆرترین هەواداریی هەیە لەسەرانسەری جیهاندا.
جگێکێیەکی سەیر لە زاراوەو وشەکاندا هەیە لە سەرەتاو ناوەندو کۆتایی دەقەکاندا، جارانێك گوێ بە هیچ یاسایەك نەدراوە لە ناویاندا، جارانێکیش گاڵتەکردنە بە عەقڵی مرۆڤگەلێك، جارانێك سیفەتە دژەکان پێکەوە دەگونجێنێت، هەرچەندە شێوازی ئایرۆنیکی لەناو ئەم شیعرانەدا بزر نابن، بەڵام گاڵتەجارییەکی جوان و بێ ئازار دەبینرێتەوە.. هەڵقوڵاو لە نامەعقولی ژینی کەڵە نووسەرێکی بەدبەخت و ناکام.. نامەوێت چیدی لەسەر شیعرەکان بدوێم ئەو سپەیسە بێ خوێنەرانی هۆشمەند جێدێم:
بفەرمون لەگەڵ 7 دەقی ئێم شاعیرو نووسەرەدا:

(1)
- گەڵانەوەی ڕووبارەکان-

هەموو ڕووبارەکان دەچنە ناو دەریاکەوە
هەشتا دەریاکە پڕ نەبووە؛
بە شوێنەکە .. لە کوێوە ڕووبارەکان دێن،
بۆ ئەوە جارێکی تر دەگەڕێنەوە.

ئەمڕۆ باران دەبارێ
لە چیاکان.

بارانێکی گەرمی سەوز
لەگەڵ خۆشەویستی
لە گیرفانەکانیا
بە بەهار لەرێی،
و خەون نابینێت
بە مردنەوە.
ڕ
باڵندەکان مەسیقا دەرئەکەن
وەک دەمژمەرەکان چرکە دەکەن بە ئاستەم
لە سەر زەمین
لەوجێی منارەکان جاڕجاڕکەیان خۆشدەوێ،
لەیانگەڵ با بنووں
لە قژیاندا.

بارانێکی هەواش خرمەی دێت
لەسەر ڕووبارەکە

وەک تاوێک
پڕ بێت لە گوڵی سوورکراوە،
و لەگەڵ هەر دڵۆپێکی
بارانداا
ئەقیانووسەکە
جارێکی تر دەستپێدەکاتەوە

(2)
– تەنیا چونکە-

تەنیا لەبەر ئەوەی

خەک بیرتی خۆش دەوێت
مانای ئەو ناگەینێ
دەبێ هەرواش
لاشەتیان لا بێت

(3)

- بەلەمەک -

ئەو جوانە
بەگورگبووەکە بوو
لە جەنگەڵە شەڕنگەزەکەی.
ئەمە بردمان
بە کەرنەقاڵەکە
ئەو دەستی کرد
بە گریان
کاتێک چەرخو فەلەکەکەی بینی.
کارەبایی
ئەسرینی سەوزو سوور
هەڵوەرین بەسەر
ڕومەتە فەروودارەکانی.
ئەو بە
بەلەمەک دەچوو
لە دەرەوەی
ئاوی تاریک

(4)

- پیاو -

بە شەپقەکەوە
نزیکەی پێنج ئینچ بەرزتر
لە ماشێنی تەکسی

(5)

- نەشت -

ئەمە شەوە

(6)

- سانفرانسیسکۆ -

ئەم هەنراوەیە لەسەر زەرفی کاغەز دەزرایەوە

لە لایەن ڕیچارد براتیگان
لە شوێنی غەسالە لە سانفراسیسکۆ.
نووسەرێکی نەزانراو
.....
تێبینی: لە وەاتە ڕۆژاواییەکان دوکانی جل شۆرین هەیەو غەسالەی تیایە و خەڵکان پارەی تێدەکەن و جلەکانیان دەشوات، بێ نزیکردنەوەی لە تیگشتنی خۆنەر هەم ڕوونکردنەوەیەم نووسی، جونکە لای هەمە جارێ هەمە پەیدا نەبووە. (وەرگێڕ)

(7)
- بو، تا ئێبەد

دەستەمۆ وەك خۆ
لە بنەوی سەرەوە
من داگیرکراوم لەلایەن
هەموو ئەو بڕیارانەی
تیایدا ئێژیم بێ
تۆ

.....

* (تێبینی – بو- ناوی توتکە سەگەکەی ریچارد بوو) وەرگێڕ

ئیکەمینیستەکان نوێنەری زانستی بۆرژوازیین... نوسینی: ن.ف.ءبدوڵا (نجمەدین فارس)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن ...

دوو شیعری شاعیری ئەرمەنی ئۆهانیس گریکۆریان و : نەژاد عزیز سورمێ

(1)
دیموکراسی

ورچ پایسکل لێ دەخوێ
تووتی شیعر دەخوێنێتەوە
مەیموون چاوی حەز
لە خاتوونی ئاهەنگری دەتروکێنێ ..
پاڵەوان بە لەشسووکی
لە بەینی پەتاندا باز دەدا
پاشان
ناکاو
هەموو شتێك گۆڕا
ئێستا ،
ورچ شیعر دەخوێنێتەوە
تووتی پایسکل لێ دەخوێ
مەیموون
بەسەر پەتان
باز دەدەن ..
پاڵەوان
خۆکی ئاهەنگێرکەی دەکا
گاڵتەجار تێبینی کرد
شتێك لە شارێکەماندا گۆڕاوە
بە پێکەنینەوە
گەل بە پێکەنینەوە تێبنی کرد
شتێك گاڵتەجاڕی گۆڕیوە .

(2)
بە چرپە بدوێ

ژنێکەم پێم دڵێ
بە چرپێ بدوێ

تا منا□□کۆمان لە خۆو هە□نەستە
منیش
بەسەری پەنجەکانم دە□□م و
بە وریاییەوە
دەرگاکان دەکەمەوە و
پۆوی دەدەمەوە ..
کەکەی خۆم □ادەگرم
تا منداە□کۆمان لە خۆو هە□نەستە
کە لە خۆدا سەخافەتێك دەبینە ..
خەندەیەك دایدەگرە
یان لە ترسان
پەنجە بچکۆلەکانی دەبزوێنە ..

ژنەکەم دە□□
تەلەفزیۆن بکوژێنەوە
تا منداە□کۆمان لە خۆو هە□نەستە ..
منیش پێی دە□□م
ئەوە تا باسی شە□ دەکەن
بە شەوێکی چڕبەخش دەدوێن
دەمەوە گوێیان لە بگرم
ژنەکەم دە□□ باشە
گوێیان لە بگرە
بە□□ام پێیان بە□□
بە هێمنی بدوێن و
بە ئاشتی قسە بکەن
تا منداە□کۆمان خەبەری نەبێتەوە .

شاعیری ئەرمەنی ئۆهانیس گریکەریان

و : نەژاد عزیز سورمە

_____

ئاماژە

* ئۆهانیس گریکەریان: (1945 – 2013) شاعیر و □□خنەگر و وەرگ□□و کەسایەتی کۆمە□□ایەتی ئەرمینیا .کە زۆر لە شیعرەکانی بە زمانە جیاجیاکان وەرگ□□دراون .

بە شیعرەکان (دیموکراسی و بە چرپە بدوە) بڵوانە :

http://www.almothaqaf.com/b/c3/9227921
2-http://www.almothaqaf.com/b/c3/904389

پاشای مەغەل …شیعر : نزار قبانی … وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

پاشای مەغەل
میراتگری جزمە و قامچی
لە " ئەرتغەل " ی باپیر ،
تەکە هەموان بە ئەسپ
ئەبینی…
لە پەنجەرەکانی کۆشکەوە
جیاوازی نێوان خەڵک و ئەسپ
نابینی…
پاشای مەغەل
ئەی تووڕە لە ئەسپەکان ،
ئەی ترسنۆک بەرامبەر
چەکەرەکردنی بەستانەکان
پێش ئەوەی دەی خشبە
یاساوەکەتان ،
و
بمکوژە…
و
پێش ئەوەی شایەتە علوجەکان بڵن ،
ئەموو. ،
بە ژنە سک پڕەکەم
و
هەموو هاوڕەکانم
و
گەلە ژێر دەستەکەم ، دوو ووشە بڵێم

ئەمەو بەم :
من شاعیرکم
لە قوگما ، چەلەکەیکم هەگرتوە
..... نایفرۆشم
و
تەش ئەتاوە
چەلەکە لە قوگما ، دوور خەیتاوە
پاشای مەغەل. :
کەللە قەقی بەزەنەری لەشکرکان
تەکدەری دەریاکان
دروستکەری هەویری ئاسن
تەک شکەنەری بەرد
مناڵ خەر
ئەتککەری " کچەنی " یەکان
عەتر خەر
چەن سەرنجی ڕاکێشام
تە
و
پەلیس
و
سوپا
و..... یەک چەلەکە

شیعر : نزار قبانی
وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

زەنگیانەی ئاویی – ستی حەوتەم .... فەتاح حەسەن

(تە و مانگ)
گەر دەپرسیت
ئەمن جوانم یاوەکو مانگ ؟

درێ بە زارمدا نایت
تە دەبینم، مانگم لەبیر دەچێتەوە
مانگ دەبینم
ئێتم بەبیردێنێتەوە.

(کە دڵت .. کە)
پێش ئەوەی مۆسیقایەك، تەواو بە
پێ بەدەی خەم سەما دەکەم،
دی خەم ئاوەزانی، گۆرانییەك دەکەم
کە ڕەحم ئاسودە دەکا..
کە دڵت سبەی گۆبیستی
مۆسیقا و گۆرانی دەبم..کێ؟

(ڕوبار)
ببمە دەریا
جگە
لە ڕوبار یاخی دەبێ
ڕوباریش لە من،
مگەر ئێشکی خەم
ببێ ڕوبار و تێبەڕێ..

(لێشکری خەم)
سەرلێشکری سوپایەك بم
لە دنیادا سوپا نەبێ
شان بدات لە شانی
لێشکری خەم
هەرشم بە بنێ،
پێویستم بە هاوڕێیەك دەبێ
سەر بخەمە سەر شانی و
پێ بەدەی خەمبێ خەم بگریم .
(پێکەنین)
نەفرەت لە من ..
چەند بەدفڕەم
پێکەنینی خەم بە پولێك دەفرۆشم
تا لێتك تێدا بگرم.
ئێتش .. ئا، ئێتش
پێکەنینت بۆ ئێقەم دێ
هەقی خێتێ .. ئەمن گێلم

کە ئەو سەودایە دەکەم
نەفرەت لە من.

(کەنار دەریا)
ئێجگار ماندووم
پێویستم،
بە پشوێکی درێژ
لە کەنار دەریا نا
لەسەر سینەی تۆ.

فەتاح حەسەن
دانیمارك/ قالبی
2017

نامەیەکی کراوە بە مەسعود بارزانی سەرکی پارتی و نێچیرڤان بارزانی سەرکی ئێنجومەنی وەزیران

ئەم نامەیەی فیدراسیۆنی پەنابەران ئاراستەی بەرپرسانی زۆنی زۆردە کراوە بە هەکاری بەسەرو شوێنکردنی دوو منالە لەلایەن بەرپرسێکی پارتییەوە. بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن .....

شیعر بەمناڵان … هاتینەوە …. ڕەستەم خامۆش

هاتینـــەوە ، هاتیـــنەوە
بـە خوێندنگا هاتیـــنەوە

پشووی هاوین تەواوکرا
چرای خوێندن واهەڵکرا

شادبووینەوە بـە هاوڕێیان
بـە هاوپـێل و مامۆستایان

بـەڕەو بۆشک قوتابخانـە
بـــە ژیـانـمـان چـراخانـە

ئیـتـر خـوێـنـدن پیشمانـە
زانست فڕبـوون هیوامانـە

ڕەستەم خامۆش

سـەیـمین خـولی فـستیڤاڵی نـمـودەڕەتی فیلمـی سـلـمانی بـەڕەوەدچـت … مـنسوور جیهانی

سـەیـمین خولی فـستیڤاڵی نـمودەڕەتی فیلمی سلـمانی لـە ڕۆژانی 10 تا 16ی ئـۆکتـۆبـری 2018 لـە 5 هۆڵی سیتی سینـما لـە شاری سلـمانی لـە هـەرێمی کوردستان بـەڕەوەدچـت.

ڕەوەسمی ڕاگـەیاندنیی سـەیـمین خولی فـستیڤاڵی نـمودەڕەتی فیلمی سلـمانی و ڕۆژنـامـەنان و دـستخـشی لـە کـەمـلـک کـسایـەتی شاری سلـمانی کـە یارمـەتی دوو خولی پـێشووی ئـەم فـستیڤاڵـەیانداوە بـە بـشداریی

کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی پێشەنگی هەرەمی کورستان و هەروەها بەرپرسانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی، لەوانە: "فوئاد جەلال" بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی، "دانەر عومەر" بەڕێوەبەری هونەریی و "لینا ڕەزا" بەرنامەدارێژیی ئەم فێستیڤاڵە لە هوتێل "ئامادا" لە شاری سلێمانی لە هەرەمی کوردستان بەڕێوەچوو و مەلا بەختیار سەرکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی لەم بەرنامەیەدا گوتی: میوانە ئازیزەکان، پێ بە دڵی بەخێرهاتنتان دەکەین، ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی هەموو ئەوەی خۆشەویست و لە نێگای کەناڵەکانیشەوە بە گەلی کوردستان و ئای گشتیی رایدەگەیەنین کە تەواوی ئامادەکارییەکانی سیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی کراوە بە هەموو توانایەکەوە و بە ئەزموون وەرگرتن لە هەر دوو خولی پێشووی فێستیڤاڵ، کارەکانی خۆی دەستپێدەکات. ئومێدەوارین هەر وەکوو لە یەکەمین فێستیڤاڵەوە بەردەوام بین و ئەمە گیانماندە سیەمین فێستیڤاڵ وەکوو پەندی پێشینیانیش دەڵێت شەرتی پیاوەتی سەر جارە.

گوتیشی: بەگومان سەر فێستیڤاڵەکی دیکەش من لەگەڵیان دەبم و لە یەکەمین فێستیڤاڵیش هاوگەیاند کە تا شەشەمین خولیش هەر لە خزمەتیاندا دەبم، دەستخۆشی لە هەموو ئەو هونەرمەندانە دەکەین کە ئامادەکارییەکی تەواویان بە سیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی کردووە و هیوادارم پڕگرامی ئۆتۆیان ئامادەکردبێت و دەستەی هەڵبژاردنی فێستیڤاڵ فیلم گەلی ئۆتۆیان دەستەبژێر کردبێت و لە ڕەژانی فێستیڤاڵدا هونەردۆستان و سینمادۆستان رازی بن و لە سیەمین خولدا فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی لە خەم بەخسێت، تا خولی سیەم دەترسین بەڵام لە سیەم بەدواوە نەترساوین.

ئاوێشی خستووە: جێی خۆیەتی بە سیەمین خولی فێستیڤاڵ سوپاسی بە پایانی شەخسی خەم ئاراستەی برای بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی بکەم کە خەم تەکلیفم لەکرد پەیوەندیکانی سیەمین فێستیڤاڵ دابین بکات، هیمەتی کرد و لە ڕووی مادیەوە تەواوی پەیوەندیکانی دابینکرد. بەیە لە سیەمین فێستیڤاڵ، پەیوەست نابین جارەکی دیکە بینێ خزمەتی سەرمایەدارە کوردپەروەر، نیشتمان پەروەر و هونەرپەروەکانی کوردستان کە بەشکیان لەڕ ئامادەن و دیسانەوە لە ناخمەوە سوپاستان دەکەم بەشکی زەریان کە لەڕ دانیشتوون و هەندەکیشیان لەڕ نین، شەخسی خەم تەلەفوونم بە سەتا نەدونووەیان

کرد کە هاوکاری فەستیقاڵ بکەن، هەندێکیان لە تەوقوعی هەموومان زیاتر یارمەتیاندەین، هەندێکیشیان چەندیان لێداواکرا هیمەتیان کەرد و هەندێکیشیان دوو بڕانبەر لەوەی کە داوای لێکرابوو یارمەتیدەین. من هەندێک جار لە هەڵوەستی نەشیاو لە کەسێک یا دوو کەس دەبینم لەئاستیدا خەم پەناگیرەت.

گوتیشی: ئێنگە خەم شەخسی بە 100 سەرمایەدار تەلەفونم کردبەت بەداخەوە تەنها دوانیان کە لە سایەی ئاپڵاین و بە هیمەتی پێشمەرگە لە سایەی ئەزموونی دەسەاتی دیموکراسی کوردستان هیچیان نەبەت، ئێستا میلیۆنەرن، من باشیان دەناسم هیچیان نەبوو، لە ساجی عەلیەوە ئێستا ئەوان میلیۆنەرن، نێک میلیۆن دۆلار، 100 میلیۆن دۆلاریشیان هەیە، بەداخەوە چەووکی خەیان دەرخست و ئامادەنەبوون یارمەتیمان بدەن، یارمەتی وایان پێشنیار کرد کە پیاو شەرم دەکات باسی بکات. بەیە ئەو قسەیە دەکەم ئەوانە دەبوایە جوامەربن، هەر ئەوەندەیان پێدەکەم، بەداخەوە جوامەرنەبوون.

مەلا بەختیار لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: هەمووی ئەو برایانەی لەڕێن یارمەتیان داوین و ئەوانەی یارمەتیشیان نەداوین یا یارمەتیانداوین و لەڕێنین حەز دەکەم دەنیایان بکەم دوا دۆلار و دوا دیناری یارمەتییەک کە داویانە بە فەستیقاڵ، ئەوەندەی من ئاگاداربم هەموو خراوەتە خزمەتی داهێنانی ئەم فەستیقاڵەوە. و بە لەژنەیەک و بە چاودێرییەکی وردەوە سەرفکراوە. خەشتان دەبینن لە سێیەمین فەستیقاڵ کە ئەو توانای دارایییەکی زۆری دەوەت تاکوو بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئەمە تەنها بە عەشق، تەنها بە بەهرە، تەنها بە پڕەشی و تەنها بە خەبەخشینی فەستیقاڵ دەرکەوتووە و ئەم هەموو میوانداریە بە بە عەشق ئەنجامنادرێت.

گوتیشی: ئێستا کە سێیەمین فەستیقاڵ ئادگاینین خەشبەختانە شاری سلێمانی خەریکە پەرەی پێدەختی ڕۆشنبیری دەدات، چالاکییەکان لە هەموو بوارێکەوە بەردەوامن. لە مانگی 10 لە سلێمانی گەورەترین پانۆرامای هونەریی بە پێشکەوتنەکی زۆربەی هونەرمەندانی ئێران لە بەر دەرکی سەرا ئەنجامدەرێت، دەیبینن کە یەکەمین پانۆراما یا هونەری بەرجەستە یا خود پەیکەرەی جەراوجەر کە ئێنگە لەسەر ئاستی عەراقیش شتی وا ڕوونەدابێت و نەکرابێت و دانەهێنرابێت، زۆربەی هونەرمەندانی عەراق و عەرەب و مەسیحی و تورکمان و کلدانی کاریان تێداکردووە و بەشداریان تێداکرووە و دەیبینن کە دەبێت بە یەکێک لە شوێنە هونەرییەکانی کە ئەو شانازیی پێوەبکەن.

سەرکی بەردی پشتیوانی فەستیقاڵی نەوەوەتی فیلمی سلێمانی لە بەشکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: بە ئەوەش ئەمە تەکلیفمان لە برای خۆشەویست کاک "جەماڵ جەلال" کرد، تەاوی تیاچووی ئەم پڕۆژەیە ئەو ئەنجامی بدات. واهەست دەکەم سلێمانی خەریکە پڕ دەدات، پێتەختی سلێمانی کە لە سەرتاوە و لە سەیەمین فەستیقاڵی گەلاوێژ، یەکەمین بنکەی هەوناکبیری کە دروشمی بە پایتەخت کردنی ڕۆشنبیری سلێمانی بەرزکردەوە لە فەستیقاڵی گەلاوێژ بەرزمان کردەوە و زۆر هەوڵماندا لە دوای سەیەمین فەستیقاڵ هەتا ئەو ڕۆژەی جەنابی سەرۆک وەزیرانی کوردستان هاتە فەستیقاڵی گەلاوێژ و قەناعەتی کرد کە دەبێت بکرێتە پایتەخت، زۆر هەوڵماندا سەرۆک وەزیرەکانی دیکە ئامادەنەبوون ئەو بڕیارە بە سلێمانی بدەن. کە هەموویان بە ئاووهەوای سلێمانی گەورەبوون. سلێمانی نەبوایە کەس نەیدەزانی ئەوانە کێن.

ئەوێشی خستەوە: خۆشحاڵم کە توانیمان بە مژوو سلێمانی مافی خۆی وەربگرێت و بیکەین بە پایتەخت. ئەم پایتەختە بگومان چالاکییەکان دەخۆشکەرێن بۆ هەشتا زۆری ماوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و تەنانەت حکوومەتی عێراقیش حەقی وایە ئاوڕێکی گەورە لە پایتەختی ڕۆشنبیری سلێمانی بدات و بیکات بە پایتەختی ڕۆشنبیری هەموو عێراق. هەموو چالاکییەکانی ڕۆشنبیری لە عێراقدا لە ووی ئەدەبی و هونەریی و لە هەموو بارەکەوە حەقە سلێمانی لەبارترین شوێنە بە ئەوەی ئەو چالاکیانە لەسەر ئاستی و لە سلێمانی ئەنجامبدرێت و پشنیاریش دەکەم پەرلەمانی عێراق بیرلەوە بکاتەوە سلێمانی وەکوو پایتەختی ڕۆشنبیری هەموو عێراق حیسابی بە بکات.

گوتیشی: و بەو گەانەکی گەورە و قەناغەکی گەورەتر لە پایتەختبوونی سلێمانی و ڕۆشنبیری کوردستان دەچینە پشوە و بگومان ئەو کاتە هاوشانی ئەو هەوڵانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی گشتووگوزار و وەزارەتی تەندروستی دەیدات و سلێمانی بەتە یەکێک لە ناوەندەکانی سیاحەتی تەندروستی و سیاحەتی گشت و گوزار و ئێستا کە پایتەختی ڕەناکبیری کوردستانە ئەگەر بگات بە پایتەختی ڕەناکبیری عێراق بگومان ئەو کاتە هەم ئاسا چالاکییە هونەرییەکانی سەرانسەری عێراق لە بەسرەوە تاکوو زاخۆ دەتە ئەرە و پشکەوتنێکی گەورە بەدیدەنین.

مەلا بەختیار لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: من سوپاسی کاکە فوئاد، کەمپانیای مەستی فیلم، کاکە دانەر و لینا خان دەکەم و هەروەها هەموو ئەو خوشک برا ئازیزەی کە دەزانم سێ مانگە ڕۆژانە شەونخووننی

دڕژن و هیلاک دەبن بۆ ئەوەی سەیمین خولی فێستیڤاڵ نەوەدەوەتی فیلمی سلێمانی شایستەی شاری سلێمانی و شایستەی کوردستان بێت. و بە دڵنیاییەوە دەوترێ وابووە و دڵنیام کە شەشمین و حەوتەمین فێستیڤاڵ سلێمانی دەبێت بە ناوەندێکی گەورە بۆ فێستیڤاڵی سینەمایی لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر بە هەموومان هیمەت بکەین و دەبین بە پێشەنگی فێستیڤاڵە سینەماییەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کاتە دەبینن ئەکتەرە هەرە بەناوبانگەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕژهەڵاتی ناوەڕاست دێنە ئێم شارە و شانازیی بە هەمووتان دەکەن.

گوتیشی: لە کۆتاییدا من سوپاسی هەموو ئەو سەرمایەدارە نیشتمانپەروەر و ئازیزانە دەکەم کە ئێستا تێشریفیان لێرەیە و جێخت دەکەمەوە کە بە هیمەت کردن بە ئێم جۆرە پڕۆژانە و بە ئێم جۆرە داهێنانە یەکجار یەکجار کارەکی گەورەیە بە نێتەوەکەتان، بە هونەرمەندەکان و دەیان هەزار هونەردۆست، هەر کەسێک لە ماڵی خۆی لە شوێنی خۆی پەی خۆشە هونەر لە وڵاتەکەی گۆشە بکات. بەیە موڵکی دنیا و یەکێک لە بوارانەی کە دەبێت بەکاربێت بەڕاستی بواری بەهرە و بواری داهێنان. هیچ بوارێکیش لە بوارەکانی بەهرە و داهێنان بەقەت سینەما ناتوانێت شوناسی نێتەوەیی ئێمە، شوناسی دیموکراسی ئێمە و شوناسی سەربەرزی ئێمە بە هەموو جیهان بناسێنێت.

مەلا بەختیار لە کۆتایی ئاخاوتنەکەیدا ئاماژەی بەوەشکرد: سینەما یەگجار گرینگە، نەبین بە خاوەن سینەما، نابین بە نێتەوەیەک کە لە شارستانییەتی ئێم سەردەمدا بژیت. ببین بە خاوەن سینەما دەچینە ناو بازنەی شارستانییەتی ئەو سەردەمدا. زۆر سپاس بە هەموو لایەک و هیوادارم کە فێستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی سلێمانی بەردەوام بێت و شاری سلێمانی هەمیشە پێشەنگ بێت لە پێناوی بەهرە و بەهرەمەنداندا.


لە بۆشکەی دیکەی ئێم ڕاوەستەدا بە هەی پڕزانین و سوپاس و ڕێزلێنان لە بەڕانبەر ئەو کارە گەورەیەی سەرمایەدار و کەسایەتییەکانی سلێمانی بە دوو خولی پێشووی فێستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی سلێمانی بەخشیویانە، لە لایەن بەرپرسانی ئێم فێستیڤاڵەوە و هەروەها بەدەستی هونەرمەندانی پێشەنگی شاری سلێمانییەوە خەڵاتی تایبەتیان پێبەخشرا.

لە کۆتایی ئێم بەرنامەیەدا گرووپی موزیکی "لووە" بە ئاوازدانەری و بە دابەشکردن و بە سەرپەرستی "نزار زەوێی" و بە دەنگی "عوسمان میرۆیس" چەندین گۆرانی ڕەسەنی کوردییان پێشکەش کرد.

ئێوارەیەک بۆ چیرۆک خوێندنەوە لە شاری ئۆتاوا

پەگۆ سەکەیەک بۆ هەمووان؛ خۆشحاڵی لە وەرزی پایزدا میوانداری نووسەری بەڕێزی شاری ئۆتاوا بەڕێز(جەلال قادر) بکات، بۆ خوێندنەوەی تەنز و چیرۆک و قسەخۆشکانی ، لەگەڵ هەڵسەنگاندکی نووسینەکانی لە لایەن د.ڕەحیم سورخی و سیروان عەبدوڵا. گفتوگۆ و دەمەتەقێ و بەشداری و ئامادەیی هاوەندی کوردی لە ئۆتاوا و گاتینێ سەکەکێ گەرم و گوڕتر ئادەگرێت. بەهیوای دیدەنیتان لێ:

هەژی یەکشەممە هەکەوتی ٣٠ی سپتامبەری ٢٠١٨ لێ:
From 3:30pm-6:00pm
Amalgamated Transit Union Loc 279
.. C9-2212 Gladwin Cres, Ottawa



چیـــــرۆک بۆ منـــــداڵان.. دوو

چۆلەکە.. نووسینی: رێزا شوان

لە دێیەکی قەشەنگی کوردستاندا، لە وەرزی بەهاردا، لە نزیک کانی و چەمەک، لەسەر لقەکی دارگوێزەکی بەرز، دوو چۆلەکەی جوانی نێر و مێ یەکتریان ناسی.. بوون بە دوو هاوڕێ و بە دوو خۆشەویستی دەستەزز.. دوایش هاوسەرگیریان کرد. بە ئامادەبوونی هاوڕێکانی هەردووکیان، زۆماوەندێکی خۆشی هاوسەرگیریان گێڕا.
دوو چۆلەکەکە، لەسەر لقەکی بەرزی هەمان دارگوێزدا، کە بە یەکەمین جار یەکتریان لەسەری ناسی، بە پووش و بە چیلکە و بە پەڕی نەرم، هێلانەیەکی جوانیان دروستکرد. بە رێژ پشوویان تیادەدا، بۆشەوانیش تێیدا دەنووستن.
چۆلەکە مێیەکە سێ هێلکەی کرد، لەسەر هێلکەکانی هێنیشت، دوای چەند رۆژێک، هێلکەکانی هێهێنان، سێ زەنەقووتەی سوور و جوان، هاتنە دونیاوە. هەردوو چۆلەکەکە زۆر دڵخۆشبوون کە بوون بە دایک و بە باوک، بە خاوەنی سێ بچکەی جوان.
هەردوو چۆلەکەکە، کەوتنە بەخۆکردنی بچکەکانیان، بە نۆرە خواردنیان بە دەهەنان و چاودێری و ئاگاداریان دەکردن.. بچووکان رۆژ لە دوای رۆژ گەورە دەبوون، پەڕ و باڵیان دەرکرد، ڕاهێنانی فڕینیان دەکرد.. چەند جارێک دایک و باوکیان، لەگەڵ خۆیان بردیانیان و ترسیان دەرکردن، بە گەڵە شۆڕ و شت ئاشنایان کردن.. زانیاری و ڕێنمایی و ئەزموونی خۆیانیان پێبەخشین.

دایکە و باوکە چۆلەکە، دنیابوون کە بچوکانیان گەورەبوون و بوون بە لاو، دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بەوایان بە تواکانی خۆیان هێنا و خۆیان بژێنن.. بڕیانیانکرد لە بچکانیان کرد و پێیان وتن:
بچکە جوان و نازدارەکانمان، ئێوە بوون بە چۆلەکە و دەتوانن خۆتان بژێنن. ئێم هەڵانەیش هەر جێی ئەمەی لێدەبێتەوە.. لە ئەمەوە ئێوە ئازادن کە لەگەڵ کێدا هاوڕێتی بکەن. بەڵام پێویستە هاوڕێی و هاوسەری باش و دڵسۆز هەڵبژێرن.. پێشمان خۆش کە لە نزیکی خۆماندا هەڵانە دروستبکەن و بژین.
هەرسێ بچکە چۆلەکەکە، زۆر سوپاسی دایک و باوکیان کردن و ماچیانیان کردن و پێیان وتن: دایک و باوکی خۆشەویست و دڵسۆزمان، دنیابن کە پێداویی ڕێنماییە جوانەکانتان دەکەین، هەرگیزیش چاکەتان لەبیر ناکەین، زوو زووش سەردانیتان

دڵکەین، ئەم هەڵانەیش بە هەڵانەباوانی خەمانی دڵزانین..
ماڵئاوا ئەی دایک و باوکی بەڕێز و دڵسۆز و میهرەبانمان.

ڕزا شوان
سوید: ٢٠١٨